
# رشتەی مرواری ٢



عەلائەدین سەجادی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رشتەی مرواری

نووسەر:
**عەلائەدین سەجادی**

١٣٨٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**ناسنامەی پەرتووک**

کتێب: رشتەی مرواری

نووسەر: عەلائەدین سەجادی

ویراستار: فەخرەدین ئەویهەنگی

پیت لێدان: شایستە مەحموودی

دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ناسێح رەحمانی

دەرهێنانی هونەری بەرگ: ناسێح رەحمانی ۰۹۱۸۳۷۳۸۰۲۸

ئەژمار: ۱۵۰۰ دانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## پێرست

**بەرگی پێنجەم.. ........ ٦٠٩**
سەرەتا.. ........ ٦١١
گەنجی درەخشان. ........ ٦١٤
رشتەی مرواری... ........ ٦٤٩
رووداوەکانی رابووردوو.. ........ ٦٦٣
پەندی پیران.. ........ ٦٧٩
ولامی بێ ولام. ........ ٦٨٨
هەندیک لە داستانی ژن. ........ ٧٠٨
تاقگەی ئێلاخ. ........ ٧٢٣
تاقی کراوەکانی کوردی........ ٧٤١
**بەرگی شەشەم... ........ ٧٤٧**
پێشەکی. ........ ٧٤٩
تاقگەی ئێلاخ.... ........ ٧٥٢
لەباخی گولێک....... ........ ٧٨١
شەکراوی دەماخ. ........ ٧٩٤
قسەی نەستەق...... ........ ٨١٦
ڕووداوەکانی ڕابوردوو.. ........ ٨٢٦
ولامی بێ ولام...... ........ ٨٤٥
گەنجی درەخشان... ........ ٨٥١
**بەرگی حەوتەم..... ........ ٨٧١**
پێشەکی.. ........ ٨٧٣
شەکروا ی دەماخ.. ........ ٨٧٥
رشتەی مرواری... ........ ٩١٠
پیری و جوانی... ........ ٩٢٨
گەنجی درەخشان.. ........ ٩٣٥
رووداوەکانی رابردوو.. ........ ٩٥٦
بۆ مێژوو.. ........ ٩٧٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.mktaba.org
- شێخ بورهان... ......... ......... ......... ......... ......... ......... ٩٧٤
تاڤگەی ئێلاخ.. ......... ......... ......... ......... ......... ......... ......... ٩٧٦
**بەرگی هەشتەم.. ......... ......... ......... ......... ......... ......... ......... ٩٩١**
پێشەکی... ......... ......... ......... ......... ......... ......... ......... ٩٩٣
گەنجی درەخشان.. ......... ......... ......... ......... ......... ......... ٩٩٦
لە باخێ گولێک. ......... ......... ......... ......... ......... ......... ١٠٢٨
تاڤگەی ئێلاخ...... ......... ......... ......... ......... ......... ١٠٣٥
فەرهەنگی تەمەڵ : .. ......... ......... ......... ......... ......... ١٠٥٦
لەبارەی حاجی مەلارەحمانی شەرەفکەندیەوە ......... ......... ......... ١٠٦١
بەبنچەو باوک و دایک نییە ... ......... ......... ......... ......... ١٠٦٩
کلێشەی رژدی. ......... ......... ......... ......... ......... ......... ١٠٧٣
- پاقلەی میسر .. ......... ......... ......... ......... ......... ١٠٨٥
- گیسکەکەی هەیاس. ......... ......... ......... ......... ......... ١٠٩٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگی پێنجەم

٢٦٧٢ک - ١٩٧٢م

١٣٩٢ه

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرەتا

*لە هەر تەڵە ئاوازێک و لە هەر سازە نیازێک.*

ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە. ڕۆژ ئەڕواو مانگ دێت؛ مانگ ئەڕواو ساڵ دێتن. خۆزگە بەو ڕۆژانە کە هەر ڕۆژێکی وەکوو مانگێک بوو! ئای بۆ ئەو مانگانەی کە هەر مانگێکی وەکوو ساڵێک بوو! کورە چۆن قسەی وا ئەکەی؟ خۆ ئەڵێن ڕۆژی ناخۆشی بە مانگێکەو مانگێکی بەساڵێک.

ئەمە ئەڵێن بەڵام بە دینت ڕۆژانی منالی ڕۆژی ناخۆشی بوون؟ کە لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ وەکوو ساڵێک بوو. خۆ لە بەیانیەوە ئێواریٚ هەر نەدەهات.

ئۆ خوزگەت پێی بەوەی قسەی پار ئەگێڕیتەوە.

برا نە منالی و نە گەورەیی ڕۆژێک ئەگەر ئیشێکت تێدا کرد ئەوە گەلیٚ بە کەڵکترە لە ساڵێک کە هیچ ئیشێکی تێدا نەکەیت.

با بێینە سەر ڕشتەی مرواری. ئەمە بەرگی پێنجەمی ڕشتەی مروارییە لە بەر دەستایە. بەرگی یەکەم و دووەم لەساڵی ١٩٥٧دا چاپ کران. هی سێیەم لەساڵی ١٩٥٨دا. هی چوارەم لەساڵی ١٩٦٩دا. ئەمەیە پێنجەم کە بەر ساڵی ١٩٧٢کەوت.

تا ساڵی ١٩٧٢ گەلیٚ پەردە گۆڕاو گەلیٚ چەشنە دیوجامە هەڵداریەوە. لە ماوەی ئەم شانزە ساڵەدا ئاخۆ چەند جۆرە دەستکردی پیشەسازی هاتوتە پێشەوە؟ ئاخۆ چەند جۆرەشۆڕش گیرابیٚ؟ هەر یەکە شتێک. ئاخۆ چەند کەشتی بەربوبێتەوە بۆ مانگ و بۆ ئەستێرەکانی‌تر؟ کەچی خاڵۆی ڕێبوار ئەڵیٚ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


مامۆستا تازە ئەڵێ ئەوا رشتەی مرواری؟ و تازە ئەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ناوێک کە ناوی رشتەی مروارییەو شانزە ساڵ لەمەو پێشتر ئەم ناوە دانرا یا خوا ناو دار بێ و بە نازی دایک و باوک گەورە بێ.

یاخوا ئەو قەڵەمەو ئەو زمانەت نەرزێ و نەسوێ، قسەی خۆت بکەو بەردی خۆت بهاوێژە من بە تۆو تۆ بە خوا.

لەم رووەوە کە مامۆستاو تۆ وە یا من و تۆ هەر دووکمان لە نەتەوەیەکین کە کوردین، ئەوە گومانی تیا نییە هاوبەشین لە هەموو ئەو شتانەدا کە لە ژێر خێوەتی نەتەوایەتیدایە و منیش کەواتە لە گەڵتم بۆ ئەو قسانەت. بەڵام لە لایەکیترەوە رەنگبێ تۆزێ لە یەک دابڕێین، من ئەڵێم نەتەوە کاتێ پێی ئەخاتە مەیدانی نەتەوایەتییەوە کە زمانێک و ئەدەبێکی هەبێت. وە ئەدەبیش هەر ئەوە نییە کە نووسراو و هۆنراوەیەک بێ کەوتبێتە ژێر پەردەی مەعنایەکی رەقەوە؛ بەڵکوو بەشێکی زۆر لە ئەدەب، ئەو ئەدەبە فۆلکلۆریانەن کە بە زمانێکی سادەو ساویلکە وتراون و ئەوترن. ئەمانەن کە بە تەواوی زمانەکە دەر ئەبڕن و پتەوی ئەکەنەوە. ئەو زمانە ئاشکرا و بێپەردەیە نەیتە مەیدانەوە جەوهەری ئەدەبی راستەقینەی ئەو زمانە ناکەوێتە روو و دەرناکەوێ.

ئەگەر لە لاپەڕەی رابردووی مێژووی ئەم شتانەدا کە ئێستا ئێمە لە بارەی زمان و ئەدەبەوە پیشانی ئەدەین، بەرەبەرە لەو سەر دەمانەدا پیشان بدرانایە بێ گومان ئێستە ئازوخەیەکی زۆر تێرو تەسەڵمان ئەبوو بۆ ئەم زمانەی خۆمان و نەئەکەوتینە بەر پلاری ئەو توانج و رەخنانە کە تێمان و لێمان ئەگیرێ. بۆ راستی و ناراستی ئەم قسەیەش هەر ماوە ئەو سەرو ئەم سەری ئەم شانزە ساڵە بێنەرە پێشەوە لە سەری شانزە ساڵەوە ئەگەر یەکێ رشتەی مرواری چاو پێ بکەوتایە وەکوو فیشەکە شێتە ئەچوو بە عاسمانا؛ کەچی لەم سەری شانزە ساڵەکەوە دەمی بۆ ئەتەقێنێ.

دیسان ئەڵێمەوە کە من وەیا زانین بڕوای وایە ئەگەر ئێمەی کورد لە رۆژەکانی کۆنمانا دەستێکمان بۆ خۆمان ببردایە، ئێستە لەو پلانە تێپەڕیبووین و دوور نەبوو دەستێکیشمان بە کەشتیە ئاسمانیەکەوە بگرتایە.

کەوابوو برای برام وەکوو من سەرم لە رەخنە نەکردوتەوە تۆیش سەری لێ مەکەرەوە «ئەگەر لەکین، گشت چۆن یەکین». ئەم زمانە، زمانی ئێمەیە، ئەم ئەدەبە ئەدەبی ئێمەیە. وا مەزانە ئەم جۆرە شتانە تازە کوورەوە یا لە ناو نەتەوەکانی ترا نین، زۆر هەیە بەڵام ئەوان زووتر دەستیان دایەو زووتر پلەی «عەیبو شوورەیی»یان بڕی. ئێمەش ئەبێ لە سەر ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بڕوایە بین تا ئەدەبە ئاشکراکانمان زیندوو نەکەینەوە ناتوانین بە تەواوی بگەین بە جەوهەری ئەدەبی بناغەیی ئەدەب با رووخسارەکەشی جیا بێ بەرانبەر بە نەتەوە لە هەموو بناغەیەک بناغەترە، لە هەموو شۆڕشێک شۆڕشترە. هەر لە بەر ئەمە بوو منیش لەم ماوە تۆزێ پان و درێژەدا ئەم شۆڕشی ئەدەبیەم خستە ناوەوە.

ئا برا! تۆ دەنگ! هیچ دێتە بیرت ئەو ساڵە کە لە مێرگەکەی «هەوارەپان» بین مەشکەیە دۆمان بردبوو بەنانی هەرزنەوە خوا نەیوڕێ کردبوومان بە زلیاوپلیاوێک؟ ئێستەش هەر وابزانە سەر و ژوورەکەی هەوارەپانە بینی پێوەنێ و تا لەو پەڕیەوە دەرئەچی، وازی لێ نەیەنی ئەگەر جارجاریش قسە بکەی گەردەنت هەر ئازاوێ. تۆ خوا براڵە و تۆ خوا بووکی بەر کەندوان تۆیش گەردەن من ئازاکە ئەمە کوڕەی گوێ ئاگردانە تووتن و بریاگ و تووتن دزیاگ وەکۆی زوخاڵ وێ! با ئەم تۆ بدوێنێ و تۆیش ئەو بدوێنە.

ئیتر خوات لە گەڵ تۆ وەخێر و من وە سەلامەت! بەڵام نەک سەلامەتەکەی شێخ بابەعەلی.

عەلائەدین سەجادی - بەغدا

١٩٧١/١٠/٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەنجی درەخشان

- کاک هەزار گێڕایەوەو وتی:

جەهانگیر ئاغای دەوەشاری پیاوێکی جوان و کەڵەگەت و شۆخ و شەنگ بوو. ڕۆژێک ئەچێتە وورمێ لە سەر جادەیەکا سەیر ئەکا وا ئافرەتێکی پاشەل گەردەڵی دەرپێ تەنگی سمتپڕ لە پستان لە پێشیەوە ئەڕوا. ئەمیش شوێنی ئەکەوێ. لە پاش ماوەیەک لە پشتەوە دەستێک بۆ ئافرەتەکە ئەبا، ئافرەت ئەگەڕێتەوە ئەوی بشێ و نەشێ لەجنێودان لە فەزیعەت بە جەهانگیر ئاغا هیچ دریغی ناکا. ئەمیش هیچ دەنگ ناکا تا ئەو بە تەواوی ماندوو ئەبێ ئەمجا پێی ئەڵێ: «بەخوا دایکم تۆش هەقتە؛ من لە بەر قەرزاری و پەریشانێ خۆیشم نازانم چی ئەکەم».

- لە ناو مەنگورایەتیە ژنێک هەبوو شەمێی ناو بوو. ئای راست ئای درۆ شەمێ ناوی بە خراپ دەرچوو بوو. ڕۆژێک خزمەکانی شەمێ و بوختانکەرەکان بە تفەنگ ئەنیشنە ناو یەک و دەست ئەکەن بە کوشتاری یەک. شەمێ کەوا ئەزانێ هەڵدێت و رووبارێک ئەبێ لە رووبارەکە ئەپەڕێتەوە، لەو کاتەدا زەلامێکیش لەو بەر ئاوەکەوە دێت و گوێ لە تەق و هۆڕی تفەنگی ئاوایی ئەبێ. لە شەمێ ئەپرسێ: دایکم ئەم تەقەو کوشتارو هەرایە لە سەر چیەو بۆ چیە؟ شەمێش ئەڵێ: «بەخوا برام ئەوە هەمووی لە سەر شەمێیەو شەمێش ئاگای لە هیچ نییە».

- ئەحمەدی براحەمە بۆی گێڕامەوە وتی:

ئەوا لەو ناوچەی خۆمانەدا دنیا پەلپەل بوەتەوەو هەر کەسە لە ئاوازێک لێ ئەدا. خەڵکی بەرەبەرە بوەتەوە هەر بەرەیەک بیرو باوەڕێکی هەیە، زەمان حزب وحزب کاریە. وتی لە کۆڕێکا بووین کۆڕەکە هەر یەکە وەکوو تەڵی کەمان لە ئاوازێکی لێ ئەدا ئێمە لەو دەمەقرەو مشتومڕەدا بووین سەیرمان کرد کابرایەکی کوردی گالۆک بە دەست قەفی گالۆکەکەی خستبووە مەچەکیەوە هاتوو لە تەنیشتمانەوە دانیشت. ئێمە هەر لە دەمەقڕەی بەرەو بەرایەتی خۆمانا بووین ئەویش وا بە سۆز سەری شۆڕ کردۆتەوە بە خۆیا و گوێ لە قسەکانمان ئەگرێ. پاشان ڕوویان تێکرد و وتیان برا تۆ لەم ڕووەوە بۆچ قسەیەک ناکەی؟ وتی: برا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


قسەی چی بکەم؟ قسەی من لە سەر ئەم دەمەقرەو مشتومڕەی ئێوە وەکوو قسەی ژنەکەیە لە گەڵ کوڕەکەیا. وتیان ئەو قسەیە چۆن بوەو چیە؟

وتی: لەو وڵاتی لای ئێمەیە ژنێک هەبوو دوو مێردی کردبوو، هەر دووکیان مردبوون. مێردی سێیەمی کرد لەم مێردەی کوڕێکی بوو؛ ئەم مێردەشی مرد. ئیتر مێردی نەکردەوە دانیشت بە لای کوڕەکەیەوە گەورەی کرد و کوڕەبوو بە پیاو. کوڕەکەی ئەیزانی دایکی پێش باوکە جوانەمەرگەکەی ئەم دوو مێردیتری کردووە. ڕۆژێک هەروا دانیشتبوون دوو بەدوو کوڕەکە لێی ئەپرسێ: تۆخوا دایە لەو سێ مێردە کامیانت زیاتر بەدڵ بوو؟ دایکی هیچ دەنگی نەکرد. کوڕەکە لێی پرسیەوەو وتی: ڕۆڵە واز بێنە لە سەر شتێ وا مەڕۆ. کوڕەکە هەر وازی نەهێنا دایکەکە کە زانی هەر واز ناهێنێ وتی: «ڕۆڵە گوو بەگۆڕی هەر سێکیان». کوڕە واقی وڕما و وتی دایە بۆچی؟ وتی: «ڕۆڵە هەر کامیان ئەهاتن ئەوەندە لنگیان ئەگرتم بە شانەوەو بەرزیان ئەکردەوە لەوانەبوو هەر دوو گونیشیان تێخەن؛ لە هیچیان من خێرم نەدی».

ئەمەیە قسەی من دەمە قرەی لە سەر ئەم دەمەقڕەی ئێوە.

– دوو کچی سەرە لەو سەرە دانیشتبوون لە بەین خۆیانا دەردەدڵ و ڕازونیازی خۆیان بۆ یەک هەڵئەڕشت و ئەگێڕایەوە. یەکێکیان بەویکەیانی ئەوت: ئەرێ تۆ خوا کچێ بۆ مێرد ناکەی بە عەمەدی وەتمانی؟ ئەمیش وتی: «وەڵلا خوشکێ ئەگەر عەمەدی وەتمانی تۆزێ لاو چاکتر و نەختێ دەوڵەمەندتر و چکێ پۆشتەتر و پێچی وەجاخ زادەتر بوایە، مێردم پێدەکرد؛ بەلانی کەمەوە دەگەڵ ئەوەش کە ئەمانەی نیە هەر داواشی بکردمایە شووم پێدەکرد، بەڵام ناشوکری نەبێ لە عاستی من بوێتە دیواری قایمی چ قسان ناکا؟»

– ساڵێک لە ئەستەموول ئەوا عەبدولحەمید زۆر نییە نیشتۆتە سەر تەختەوە هەمهەمەیەکی گەورە ڕوویدا. هەرچی شاری ئەستەموول بوو هەمووی هەستا بوو، کۆڵان و جادە نەیئەکێشا. ڕوویان کردە بارگای شاهی و کۆشکی یولدز. یەکێک لە پێشەوە بانگی ئەکرد ئەتانەوی؟ ئەو حەشاماتە هەموو بە جارێ ئەیانوت: نامانەوێ.

لەم هەراو زەنایە کۆشکی پادشاهی و وەزیر و پیاوە گەورەکان هەموو شڵەژان. سەدریئەعزەم پێشیان کەوت و بە هەر جۆر بوو خۆیان گەیاندە کۆشکی یولدز. وەزیری جەنگ فەرمانی دەرکرد کە هێزی سەرباز کۆشکی ویلدز و دەورو بەری بارەگای

کتێبخانەی دیجیتاڵی

عەبدولحەمید بتەنێ. وا هەمهەمەش هەتا دێت ئەستوورتر ئەبێ. ورەو بارگای عەبدولحەمید ئەرۆن و لە سەر یەک لەسەر یەک ئەڵێن نامانەوێ.

دیارە ئەم هەمهەمەیە گەورەیەو ئەم نامانەوییە هەر ئەوەیە کە یەعنی عەبدولحەمیدمان ناوێ، بەلام هێشتا بە تەواویش هەر دەرنەکەتووە کە ئایا عەبدولحەمیدیان ناوێ یا سەدری‌ئەعزەمیان ناوێ. ئەوەندە دەرکەوتووە ئەم هەمهەمەیە لە دژی میری و کۆشکی یولدزە.

کابرایەکی باوەکۆچەکی هەر لە پێش عەبدولحەمیدەوە بە ژیانی پیری لەو تەمەن پان و درێژەیدا هیچ فێر نەبووبوو تەنها عەرەق خواردنەوە نەبێ؛ هەر چیەکی پەیدا ئەکرد ئەیدا بەعەرەق و ئەیخواردەوەو هیچیتر. ئەم کابرایەش وەکوو گای پیر هەر هاواری ئەکرد نامانەوێ.

دیمەنی ئەم کابرا پیرە بەمجۆرە بە تەواوی ترسێکی خستە بەر سەدری‌ئەعزەم‌و وەزیرەکانی کۆشکی یولدز؛ چونکە ئەمە ئەوەی ئەگەیاند کە بەیەک جار میللەت بە گەنج و پیریەوە جوولانەوەیەکی شۆڕشیان کەوتۆتە سەر ئەیانەوێ تەختی عەبدولحەمید تێکدەن. سەدری‌ئەعزەم ویستی قسەیەک لە گەڵ ئەم کابرایەدا بکا بەو ناوەوە کە پیرەو دنیای زۆر دیوە لەوانەیە ئەم کابرایە بتوانێ بە پەندو قسەی ئاقلانە بلاوە بە هەمهەمەکە بکا. بە هەر جۆر بوو ناردی کابرایان هێناو کابراش لەوان بە جۆشتر هەر ئەلێ نامانەوێ. لە ئەنجاما سەدری‌ئەعزەم وتی: «ئاخر کێتان ناوێ؟» کابرا وتی: «ئەو عەرەق فرۆشە باوەحیزە کە دوکانەکەی نزیکی منە نامانەوێ. عەرەقەکەی هیچ بەکەڵک نایە».

پاشان سەدری‌ئەعزەم بە وەزیری جەنگی وت: فەرمان دەرکە سەرباز بچنە شوێنی خۆیان؛ هیچ نیە، ئەمانە هەر یەکە لە ئاوازێ لێ ئەدەن. تەنها «نامانەوێ»یەکی پێ گرتوون هەر کەسە بە نیازی خۆی ئەو شتەی خۆی ئەیزانێ ئەوەی ناوێ.

- لەو وڵاتی هەولێرە شەخسێک هەیە «هۆمەرمەندان»ی پێ ئەڵێن، نەخۆشی و شتە ئەبەنە سەری و چاک ئەبێتەوە.

کچێک پیرە دایکێکی هەبوو زۆر نەخۆش بوو؛ کچەش فرە حەزی لە مێرد ئەکرد بە دایکەی وت: دایە با بتبەمە سەر هۆمەرمەندان بەڵکوو نەخۆشیەکەت چاک ئەبێتەوە. دایکیشی وتی: رۆڵە نەخۆشی من پیریە؛ پیری چاک بونەوەی نیە. کچە وتی: دایە تۆ ئەڵێی چی؟ هۆمەرمەندان هەموو نەخۆشیەک چاک ئەکاتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rapari.org

بە هەر جۆر بوو دایکی هەڵخڕان و بردی بۆ سەر هۆمەرمەندان. بردی لە ناو مەرقەدەکەدا پاڵی خست و خۆی بە دەور مەرقەدەکەدا دەستی کرد بە سوورانەوەو ئەیوت: «یا هۆمەرمەندان! دایکە پیرێکی بێکەسی بێدەرەتانم هەیە، زاوایەکی چاکی وەجاخزادەی بۆ بنێری با خزمەتی بکا».

دایکە گوێی لە پاڕانەوەکەی ئەم بوو وتی هەی وا و لێکراو تۆ خۆت مێردت ئەوێ و منت کردوە بە بەهانە یاڵڵا هەڵمگرە با بچینەوە.

- حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف بۆی گێڕامەوە وتی: سەید مەحموودی کوڕەزای مەولەوی بۆی گێڕامەوە وتی:

پیاوێکی تاوەگۆزی لای ئێمە کە ناوی حەمەمرا بوو بە کاروان ڕێی ئەکەوێتە هەڵەبجە، ئەمە یەکەم جارە کە ڕێی ئەکەوێتە شارەوە بە بەر دوکانی سەر تاشێکا تێئەپەڕێ ئەزانێ لەم شوێنەدا سەر ئەتاشن. ئەڵێ وەڵڵا سەر و ڕیشم هاتووە با بچم یەکجار لێرە بیتاشم و ئەو وەختە بچمەوە.

ئەچێتە دوکانەکە کابرای سەرتاش لە سەر ئەسکە ملی دائەنێ، خاولی ئەخاتە بەر بەرۆکیا و سەر و ریشێکی پوختی ئەتاشێ پاشان خاولی ڕائەوەشێنێ و ئەڵێ موبارەک بێ و حەمەمرادیش هەڵئەستێ و ئەڵێ: «خوا سواوت بنووسێ»و ملی ڕێ ئەگرێ و دێتەدەرەوە. کابرای سەرتاش ئەڵێ: بۆ کوێ؟ بێنەپارەی سەر تاشینەکە. ئەڵێ: پارەی چی؟ ئەی من نەموت خوا سواوت بنووسێ. کابرا ئەڵێ: خوا سواوت بنووسێ چی؟ بێنەپارەی سەرتاشینەکە. لەم قسەیەک و لەو قسەیەک ئەبێ بە شەڕیان و تێر لە یەک هەڵئەدەن.

سەی مەحموو وتی: حەمەمرا لە پاشا خۆی ئەم کارەساتەی گێڕایەوە وتی: وتم حەمەمرا ڕاست ڕاست کامتان سەر کەوتن؟ وتی: وەڵڵا سەی مەحموو ئەو لە شەق تێ هەڵدانا لە سەرەوە بوو بەڵام من لە لێدان و شەپازللەدا هەر فرەفرە لە سەرەوە بووم.

قسەی من لە سەر ئەمەیە.

ڕاستە لەو لادێیانەی کوردەواریدا یەکێک کافرمانێک ئەگرێ بەدەستەوە هەر کەسە دێت خۆی سەری خۆی ئەخووسێنێ و ئەویش سەری ئەتاشێ، پاشان ئەم کە هەڵئەستێ ئەڵێ: خوا سواوت بنووسێ. ئیتر پارەو مارە لە ناوا نیە. دیسان شاریش لە شەقا لە پێشن لادێی نازانێ شەق بوەشێنێ شەق هەر لە ناو ئەوانا باو نیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی

- ژنێکی گەلالی ژان ئەیگرێت و منالەکەی لێ نەئەبوەوە. مێردەکەی ئەچوو بە دەوریا هەڵئەقونی و هەر ئەیوت: قورعانەکەی بەوراغا تەقەڵی رانی شل بکەی. (بەوراغا ئاغای گەلالی بوو)

- کابرایەکی «تەڕەدەونی» ژنێکی هەبوو نەخۆش کەوتبوو. رۆژێک لە مزگەوت لێی ئەپرسن خالە حەمەسەن ژنەکەت چۆنە؟ ئەویش ئەلێ: نەخۆشیەکەی گرانە ئەمرێت. ئەلێن چۆن؟ قسەی وا بۆچ ئەکەی؟ چۆن ئەزانی ئەمرێ؟ ئەلێ: «کورە جاران بۆ توێکڵە شووتی گانی ئەدا ئێستە ناوەکەیم بۆ داناوە نایخوا. ئیتر چۆن نامرێ؟»

- شێخ قادری موهاجیر لە سولەیمانی لە وەختی خۆیا عەبدولحەمید لە ئەستەموول ئەنێری بەشوێنیا چەند جارێک هەر ناچێ. لە پاشا خەڵکی پێی ئەلێن بۆچ ناچیت؟ تۆ کە چویتە ئەوێ ئەچێتە مابەین شوێنی ئەو پیاوە گەورانە کە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە ئەچن لەوێ مێوان ئەبن. ئەویش ئەلێ: «کورە ناچم گوو بەم بەینچی و گوو بەو بەینچی».

**- لە داستانی مەلا حەمەمین**

پیاوێکی هەبوو لە سولەیمانی مەلا حەمەمینە شێتەیان پێ ئەوت. رۆژێک شێخ قادری حەفید لە گوندی تەنگیسەر پێی ئەلێ: مەلا حەمەمین ئەچین بۆ راو وەرە لە گەڵمانا. مەلا حەمەمینیش ئەلێ: باشە.

قسە دێ قسە ئەبرێ، ئەم مەلا حەمەمینە زۆر جنێو فرۆش بوو، شێخ قادریش خۆشی ئەویست زیاتر لە بەر جنێوەکانی. لبادێک ئەخەنە سەر ماینێک و مەلا حەمەمینی سوار ئەکەن.

مەلاحەمەمینیش سواری نازانێ ئەکەونە ئەو دەشتەو کەروێشکێک هەڵئەستێنن. راوچیەکان بە سواری و بە چوار نالە ئەکەونە سەر کەروێشک. ماینەکەی مەلاحەمەمینیش کە ئەبینێ ولاغەکانی‌تر کەوتنە غار، ئەمیش ئەکەوێتە لۆقە بەشوێنیانا. مەلا حەمەمین نازانێ جڵەوەکەی توند کاو بیگێرێتەوە باوەش ئەکا بە ملی ماینەکەدا و دەست ئەکات بە هاوار کردن. ئەلێ: کورە بێن بمگرنەوە کەوتمە خوارەوە. شێخ قادر ئەلێ: گوێ مەدەنێ.

مەلاحەمەمین لە بەر ئەوە کە باوەشی کردوە بە ملی ماینەکەداو کەوتووە بە سەر زکدا دەعبای ئەکەوێتەجوولە جوول و لەو وەختە ناهەموارەدا کە ئەخشێ لە لبادەکەدا راست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەبێتەوە. لە لایەکەوە پێی خۆشەو لە لایەکەوە ترسی هاتنەخوارەوەی هەیە. بەڵام توند خۆی ئەگرێ و ئەمجا بانگ ئەکا کورە شێخ قادری وا لێکراو مەرۆ «ارتفاعی ئالەتم بووە».

شێخ قادر هەر ئەڵێ بڕۆن گوێ مەدەنێ. بە نەرمەغار بڕۆن. کەروێشکیان لە بیر ئەچێتەوەو ئەپلکێن بە بەزمی مەلاحەمەمینەوە. زۆری پێ ناچێ مەلاحەمەمین بانگ ئەکا و ئەڵێ: «لا حول و لا قوە الا باللّە اشهد ان لا الە اللّەو اشهد ان محمدا رسول اللّە. شێخ قادری ناموبارەک انزالم بوەوە».

- هەر ئەم مەلاحەمەمینە مەلای تەنگیسەر ئەبێ کچێکی یەک ساڵانی ئەبێ. رۆژێک شێخ قادر ئەچێ کچەکەی ئەگرێ بە باوەشەوەو ماچی ئەکاتەوە پاشان ئەڵێ: «ئای ئای مەلاحەمەمین خۆ کچەکەت قوزی کردوە». مەلا حەمەمینیش ئەڵێ: «تۆ خوا بە راستە شێخ قادر؟» دەسا بەو قورعانەی خەتمم کردوە تا ئێستە نەمزانیوە؟

- مەلا مەحموودی حاجی عەلی هەبوو لە سولەیمانی. ئەم مەلا مەحمووە لە گەڵ خافاتم ناوێکا لە سەردەمی گەنجیدا دڵیان پێکەوە بوو، زەمان بۆی رێ نەخستن ببن بە هاوسەر. مەلا مەحموو ژنی هێناو خافاتمیش شووی کرد. دەوری گەنجی بە سەر چوو لە سەردەمی پیریدا مەلامەحموو ژنەکەی مرد و خافاتمیش مێردەکەی مرد. چارەنووس لەو سەردەمی ئیختیاریەدا کردنی بە هاوسەر. جا هەموو دەم کە مەلا مەحموو لە گەڵ خافاتما ئەکەوتنە گەمەو گاڵتەئەیوت: «ئای خافاتم ئەوەڵ شام و ئاخر شام».

- محەمەدعەلی کوردی کتێبی چیرۆکی «زادیچ»ی لە چاپ دابوو. یەکی بە دووسەد فلس بوو. ٣٥٠ دانەی لە بەغدا لە لای وەستا بەشیر موشیر دانابوو لە پاش ماوەیەکی زۆر چووە لای وتی با حسابێکی کتێبەکان بکەین. وەستا بەشیر وتی: چەند بوون؟

حەمەعەلی وتی:٣٥٠ دانە. وتی: ئەی مردووت مرێ! کەی ئەوە دەبوو؟ وتی: ئەی چەند بوو؟ ٢٥٠ وتی باشە با ئەوەندە بێ با حساب بکەین کوا کتێبەکان؟ وتی چووزانم هەندێکیان لێ فرۆشراوە. وتی: ئەوەی فرۆشراوە حەقی فرۆشتنەکەی هەڵبگرەو ئەویترم بدەرێ. وتی سەدی لێ فرۆشراوەو سەد و پەنجاکەی تریشی نازانم چی لێ هاتووە؟ وتی: باشە ئەو سەدە کە فرۆشراوە پارەی ئەوەم بدەرێ. وتی: سەدی دەی هی خۆمە. وتی باشە

کتێبخانەی دیجیتاڵی

ئەویترم بدەرێ. وەستا بەشیر تۆزێ راما و لە پاشا وتی: «تۆ لات وایە ئەم دوکانە بەترێ راگیراوە ئەویتریشی بۆ دوکانەکە».

- پیاوێک هەبوو لە سولەیمانی «سەی عەلی بسم اللّه»یان پێ ئەوت. بە بسم اللّه الرحمن الرحیم توورە ئەبوو. پێیان ئەوت خاڵە سەید قورعان پڕیەتی لە بسم اللّه تۆ بۆچ پێت ناخۆش نیە؟ بە تایبەتی هەموو رۆژێ خۆت لە نوێژا چەند جار ئەیخوێنی. ئەیوت: «باوکم ئەم بسم‌اللّەیانە ئەو بسم اللّەیە نییە کە هەیە. من بسم اللّەی خۆم ئەناسم باریکەو درێژ».

- جا ئەم سەی عەلیە جارێک قادراغا هەبوو پیاوێکی کەڵەگەتی زەلام سەی عەلیش بچکۆلەیەکی ریویلە بوو. لە سەر جادەکەی کانیسکان هەر لە سەر بسم اللّه ئەبێ بە شەڕیان. قادر ئاغا ئەیگرێ و ئەینێتە ژێرەوە بە لەقە دێت بە وێڕیا. سەی عەلیش لە ژێرەوە هاواری ئەکرد و بانگی ئەکرد: ئەرێ ئەوە گەوادێک و سەگبابێک و قەحبەبابێک نیە بێت لێکمان بکاتەوە.

- جارێک سەی عەلی بسمیللا لە سولەیمانی ژن دێنێت. شێخ لەتیفی شێخ مەحموو کەسەی عەلی خزمیشی بوو بۆی دەستەبەر ئەبێ کە تەدارەکی ئەم شایی و ئاهەنگەی بۆ بکا. شێخ لەتیف بێت و ئاهەنگی شایی بۆ سەی عەلی خزمە رێک بخا ئەبێ چۆن بێ؟ خانوویەکی باشی بۆ رێک ئەخا بە تایبەتی ئەو ژوورەی کە شەوێ زاواو بووک ئەچنە ناوی هەمووی ئاوێنەبەند ئەکا و سەی عەلی ئەبا بۆ سەیر کردنی. سەی عەلیش زۆری پێخۆش ئەبێ. پاش بانگی شێوان کە ئیتر سەی عەلی ناچێتە ئەوێ مەگەر کاتێ نەبێ کە بووک بچێتە ئەوێ و بچێتە لای بووک.

شێخ لەتیف ئەچێ دە، دوانزە «بسم اللّه الرحمن الرحیم» لە سەر پارچە کاغەزی گەورەو مقەبا ئەنووسێ و ئەیباتە ژوورەکە بە هەموو لایەکی ژوورەکەدا دایان ئەکوتێ تەنانەت بە بن میچەکەشا ئەکێشن و سویچەکەی لە دەرەوە ئەشارنەوە، ژوورەکەش پەنجەرەی تیا ئەبێ و بەر هەیوانی لە بەرا ئەبێ.

شەوێ درەنگ وەختێک بووک ئەبرێتە ژوورەوە پاش ماوەیەک سەی عەلیش ئەکەنە ژوورەوە. لە ژوورەکەدا تەنها چرایەکی بچکۆلە ئەبێت شێخ لەتیف و چەند کەسێک لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕێکانی خۆیان لە دەرەوە شاردۆتەوە. سەی عەلی لە ژوورەوە وردە وردە ئەکەوێتە خۆی و لەو کاتەدا کە ئەیەوێ خۆی رووت کاتەوە ئەمان لەم دیوەوە جارێ دەرگاکەی لێ دائەخەن. ئەمجا شێخ لەتیف دەست بەدوگمەی سویچەکەدا ئەنێ هەموو گڵۆپەکان لە ژوورەوە هەڵ ئەبن. سەی عەلی لەم شتە ناکاویە ئەحەپسێ پەلاماری دەرگا ئەدا دەرگا داخراوە سەیری دار و دیوار ئەکا هەمووی «بسم اللّه الرحمن الرحیم»ە، بە تەواوی شێت ئەبێ و نازانێ چی بکا؟ ئەوانیش لە دەرەوە دەست ئەکەن بە چەپڵەرێزان و بەیەک دەنگ بەدەم چەپڵەوە ئەڵێن:

هەی زاوا زاوا زاوا دەستی بگرەو بەدواوە

سەی عەلی دەست ئەکا بە جنێودان و بەکفر کردن. حەیتە ئەنیشێتەوە وەکوو پشیلەیە خرابێتە ژوورێکەوەو دەرگای لێ داخرابێ چۆن سەری لێ تێک ئەچێ و ئەشلەژێ ئەمیش وای لێ دێ. سەیری دار و دیوار ئەکا هەمووی بسم اللّهیە. لە شووشە پەنجەرەوە سەیری بەر هەیوان ئەکا قیامەت و چەپڵەرێزانە. ئەوەندەخۆی ئەدا بە دەرگا و پەنجەرەدا و ئەوەندە جنێو ئەدا هەتا بە تەواوی پەکی ئەکەوێ. لەو ناوەدا ئەکەوێ.

پاشان دەرگاکەی لێ ئەکەنەوەو یەکەو جار پەلاماری شێخ لەتیف ئەدا. شێخ لەتیف هەڵدێت. بەو جۆرە بە داخەوە ئەتلێتەوە تا بەیانی ئەچێ بۆ لای شێخ مەحموو بۆ شکات کردن و هەزار جنێو بە شێخ لەتیف ئەدا.

شێخ لەتیفیش ئاگای لێیە بەلام خۆی بەرچاو ناخا. شێخ مەحموودیش نازانێ پێبکەنێ یا دڵنەوایی سەی عەلی بکا. ئەمجا لە بەر ئەو ئەفەرمووێ ئا لەتیفم بۆ بانگ کەن. شێخ لەتیف دێنن و دەست ئەکا بە قسە وتن و پێی ئەڵێ هەی ناجسن چۆن دڵی خاڵە سەی عەلی عاجز ئەکەی؟ دە هەستە دەست بکەرە ملی و ئاشتی بکەرەوە. شێخ لەتیفیش بە خاڵە سەی عەلی گیان پەلاماری ئەدا و سەی عەلی رائەپسکێنێ. بەلام ئەم جۆشی داوە تونگە باوەشی پیا کردوەو ئەیگوشێ لەوانەیە هەموو پەراسوەکانی ورد بکا.

سەی عەلی تووڕەیی زەماوەنی لە تاو ژانی پەراسووی لە بیر ئەچێتەوە ئەڵێ: ناجسن بەرەلام کە پەراسووم شکا. شێخ لەتیف ئەڵێ: بە سەری ئەو شێخە تا ئاشت نەبیتەوە لە گەڵما بەرەلات ناکەم. سەی عەلیش لە ترسی شکانی پەراسوی ئەڵێ: ئاشت ئەبمەوە گوو بە چارەی ئەو کەسە لە گەڵ ئێوەدا قسە ئەکا. ئەمجا بەرەڵای ئەکا زیافەتیکیشی بۆ شیرینی خواردنی ئاشت بوونەوە بۆ ئەکا و شەوی دوایی بەراستی ئەیکەنە پەردەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مەلا مەحەمەدی دەربەندیخان چوو بوو بۆ حەج. کە هاتبووەوە قسەی حەجی بۆ مەحموو بەگی جاف ئەگێڕایەوە کە چۆن تەوافی کردوەو چۆن بە سۆز و عەزیەتێکی زۆر رەجمی شەیتانی کردوە. کە ئەگاتە سەر شەیتان مەحموو بەگ ئەڵێ: خوا بتگرێ گوایە دڵت خۆشە تۆ ئێشێکی چاکت کردوە؟ خواوەنتەعالا لە قورعانا لە پەنجا لاوە بەرینگاری شەیتان بووە ئیتر نازانم چاری کردوە یا نەیکردوە، ئێستە تۆ بۆچ ئەم دوژمنە گەورەیەت بۆ خۆت دروست کرد؟ بەدبەخت ئاخر تۆ منداڵداریت. مەلا محەمەد ئەڵێ: «کەواتە نەرەجم نەرەجم».

- عەلی رەسوولی روغزایی هەبوو پیاوی رەزابەگی جاف بوو. ئەم عەلی رەسوولە رۆژێک لە سەر حەوزەکەی کەلار دەست نوێژی ئەشۆرد لەو کاتەدا کە قاچی ئەشوا تڕێک ئەکەنێ. چاری نەما وتی: «جا وەرە پیاوەتی بۆ خوا بکە».

- لە ئاوایی بەیانلوو شایی ئەبێ دەنگی گەلێ لا ئەکەن. زۆڕناژەن و دەهۆڵ کوتی ئەو ناوەش ئەڕۆن. خۆت ئەیزانێ لە کاتی هەڵپەڕکێدا کابرای زۆڕناژەن لە کاتێکا کە یەکێ شاباش ئەکا لمۆزی بۆ بەرز ئەکاتەوەو دەمی زۆڕناکەی ئەکاتە ئاسمان و بۆی ئەقوقێنێ دەهۆڵدەرەکەش ئەوەندەیتر گەرمی ئەکا. ئەو لای بەیانلوو ولاتی نزیکی فورقانەش شێوە قسە کردنێکی جیاوازیان هەیە لەوانیتر. زوڕناژەنێکی ئەو ولاتی گێژەیە ئەچێ بە دەم شاییەوە ئەوا هەڵپەرکێش گەرمە.

سەمینی ئەمین هەبوو خەڵکی فورقان بوو ئەویش ئەچێ بۆ بەیانلوو بۆ ناو شایی و هەڵپەرکێ. کیژانی کلاو لار کلاو لار هەڵئەپەڕن. سەمینیش دەست ئەگرێ دەهۆڵ و زوڕنا دێتە بەردەمی کابرای زوڕناژەن دەمی زوڕناکەی ئەکاتە ئاسمان سەمین نیو روپیە دەردێنێ و ئەیدا بە دەهۆڵ کوتەکە کە بیکا بە شاباش. ئەڵێ: «بووشم هی کێیە؟» سەمین ئەڵێ: «بێژە سەمینی ئەمینی میرەی محەمەد خانزەی رۆژبەیانی فورقانی ماڵیان ها لە بان خانیەفورقان».

کابرای چاوەش ئەڵێ: «بگرە باوە سەگ! کوتە روپیەکەت ئەی پیچو پلووچە وە من نیەوتریت».

- مامۆستا مەلا کەریمی بیارە لە بابە رەسوولی دۆلاشی ئەگێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەولێ و ئەولەسەن هەبوون لە سنە برا بوون. خوشکێکیان هەبوو سانیەخانمی ناو بوو. ئەمانە کوڕ و کچی ئاحەمەمرا بوون. ئەم ئاحەمەمرا زاوی ماڵی ئاسەف دیوان بوو. ئاحەمەمرا عەمری خوای کردبوو ئەولێ کە برا گەورە بوو هەموو ماڵەکەی داگیر کردبوو بەشی ئەولەسەن و سانیەخانمی نەئەدا، گەلێ دەمەقرە لە ناویانا پەیدا بوو بوو، هیچ کەڵکی نەبوو. لە ئەنجاما رۆژی ئەولەسەن بە سانیەخانم ئەڵێ: «ئاباجی بێژە بە ئابرام مەرحوومی باوکم پووڵ و ماڵێکی بۆ بەجێ هێشتگین. سەر بێریتە سەر راسی حەساومان چەس پێمان دا ئەگەر نە تفەنگەکەی خوا بیامەرزی باوکم تێرم خۆراکێ باروتی تێ ئەکەم پۆخێ پەمگێچ ئەخەمە ناوی تەرەقەکیچ ئەنینەبان مەمکەکەی ئەیتەقێنین. سا ئیتر چی ئەوێ با بوێ زاڵەدار زاڵە ئەترەکێنێ فی النار حاملەحەمڵ ئەخا بەتون و تەوەس».

- ساڵێ ١٩٥٩ چەبیرەی مامۆستا کوردەکان بوو لە شەقلاوا. هەر چی مامۆستای کورد هەبوو لەوێ کۆ ببونەوە قسەیان لە کار و باری خوێندنی زمانی کوردییەوە ئەکرد لە قوتابخانەکانا. شەقلاوە هاوینە هەوارە زۆر کەس رووی تێئەکرد. حەمەرەشید بەگی کۆکز لە گەڵ شێخ عومەری دەکە بە ناوی رابواردن لە هاوینە هەواردا ئەوانیش چوو بوون بۆ ئەوێ. جێگا دەست نەئەکەوت.

مام رەسوو کاکۆ هەبوو چاخەنەیەکی هەبوو لە دۆڵەکەدا هەم چاخانەبوو هەم نوێنیشی هەبوو خەڵک لێی ئەنووستن. حەمە رەشید بەگ و ئەوان ئەچنە ئەوێ. مام رەسوویش پیاوێک بوو وەزیرێک و گزیرێکی بە لاوە وەکوو یەک وا بوو، کێ پارەی چای بە پوختی بدابوایە ئەوەی بە لاوە لە هەموو کەس پیاوتر بوو لە هەمان کاتا وەکوو ساویلکە بوو تووڕەش بوو.

حەمەرەشید بەگ سەری خستە سەری بەلام پارە چایشی ئەدایە. پێی وت: مام رەسوو من بەگزادەی جافم گوندەکانم هەموو لەم سەردەمەدا بە چەپلە داگیریان کردووەو لە دەستیان سەندم. مام رەسوویش ئەڵێ: جا ئێستە ئەتەوێ چبکەی؟ ئەویش ئەڵێ: وەڵلا هەر لە هاتوچوودام بۆ ئەوە وەریان بگرمەوە. ئەویش ئەڵێ: کوو وەریان دەگریتەوە؟ ئەمە سەردەمی جمهوریە. ئەویش ئەڵێ: دەسا هەزار جمهوری بێ هەر ئەبێ وەریان بگرمەوە. وەریان ئەگرمەوە لە داخی جمهوری و بە کوێرایی چاوی تۆ. مام رەسوو ئیتر تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: «هەروەها دە هەڕۆ هەر لۆ خۆت غارغارێنێ بکەو بزانم چت پێ دەکرێ؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی

- عومەر قەزاز هەبوو لە سولەیمانی لە کاتی خۆیا فرە شۆخ و شەنگ و لاو چاک بوو دەوری گەنجایەتی گۆڕیەوە بە دەوری پیری. کوێستانی سەر و ریشی لە خاڵ خاڵی دەرچوو بوو بوو بە کلۆری بەفر.

ئەم عومەر قەزازە جارێک ئەچێتە بەغدا. کە لە سولەیمانی دەرئەچێ سەری سپی ئەبێ کە ئەگەرێتەوە ئەو مووە سپیانە رەش ئەبنەوە،؛ تومەس ئەمە باوە لە بەغدا مووی سەر بۆیە ئەکەن، ئەویش وای کردوە. کوڕ و کاڵ رۆژی دائەنیشن و بلاوی ئەکەنەوە کە عومەر قەزاز سەری قیرتاو کردوە. ئەویش لە ئەنجاما ئەڵێ: «باوکم ئێوە دەخلتان چیە؟ من سەری خۆمەو گووی تێ ئەکەم».

- مەلا رەئوف بۆی گێڕامەوە وتی:

ئەحمەدی حاجی فەتاح لە سولەیمانی لە ماڵی خۆیا نازداری باوک و تاقانەی دایک بوو. کەوای شیرداخ و سەڵتەی ماوەت و چەفتەو مشکی ئەمانە هەمووی هەر لەو ئەوەشایەوە. لە سەفەر بەلکدا برا بۆ عەسکەری. لە شەڕێکا گوللەیەکی بەر ئەکەوێ ئەبێ بە هۆی تێک چوونی ئەقلی. کە گەڕایەوە بۆ سولەیمانی لە بەر ئەو تێکچوونی ئەقڵەی ئەو ناز و نیعمەتی پێشووە هەمووی زەمان پەردەی چەوسانەوەی بە سەرا هێنا و وای لێهات بە شەو لە خانەقای حاجی مەلا عەلی رۆژی ئەکردەوە.

مەلا سالحی مەلا زوبەیر لەوێ بوو. رۆژێک لە سەر شۆریا لە گەڵ مەلا سالح تێک ئەچن و دەری ئەکا و پێی ئەڵێ: بۆچ گەڕت بەم خانەقایە پێچاوەو بچۆرە شوێنێکی‌تر. ئەحمەد ئاغاش پێی ئەڵێ: «بڕۆ مردووت مرێ سەرت ئەڵێی سەری قومقومۆکە تا بوور ئاغاسیەکی وەکوو من نەبێ کێ لەم سوالکەر تیا تۆپیوخانەدا رۆژ ئەکاتەوە؟»

- ئەحەی نازێ هەبوو لە سولەیمانی مامەڵەی لە گەڵ ئەو شارەزوورەدا هەبوو. یەکێ لەو کەسانە کە ئەم شتی ئەدانێ مارف ناوێک بوو خەڵکی ئاوایی مستەفا. شکاتی لێ کردبوو هێنابووی بۆ سولەیمانی و بردبوی بۆ مەحکەمە. حاکم لە ئەحە ئەپرسێ دەعوات چیە لەم کابرایە؟ ئەڵێ قوربان پەنجا رۆپیەم لایەتی. ئەڵێ: تۆ ئەڵێی چی کابرا؟ ئەڵێ: قوربان درۆ دەکا و وەو سەی ساقە هیچی لام نییە.

ئەڵێ: ئەحە تۆ سەنەدت هەیە؟ ئەڵێ: «نەوەڵلا». ئەڵێ: کەواتە ئەتوانی سوێندی بدەی. ئەحەی ئەڵێ: «قوربان سوێندی چی؟ ئەم کابرایە نە نوێژ ئەکا نە هیچ، لە کوێ ئیمانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەسوێن هەیە؟» هەر خێرا مارف هەڵئەداتێ دەستی بەرز ئەکاتەوەو ئەڵێ: «ترحێو حاکم کێ نوێژ ناکا».

- دێ «کەولە» هەبوو لە ولاتی دیواندەرە، دێ «موشیردیوان»ی سنە بوو؛ لێی یاخی بوو هیچیان نەئەدایە. ئا حەمەعەلی هەبوو زاوتی موشیردیوان بوو، پیاوێکی تا ئەندازەیەک بەزەبر و زەنگ بوو. بەمشیر دیوانی وت: کە ئەو بنێرێ کەولەی وەکوو ماسی مەیوو بۆ لێ بکا. مشیر دیوانیش ناردی بەڵام کە ئەچێتە ئەوێ کەولەیی چەتوون بوون گوییان بەویش هەر نەداوە، بەڵکوو لەدییەکەش هەر دەریانکرد. ئا حەمەعەلیش کەوتۆتە تەقەو نازانێ چ بکا لە روویشی هەڵنایێ بەو جۆرە بگەڕێتەوە بۆ لای موشیردیوان؛ چونکە ئەو بە هەڕۆ گیفێکیترەوە هاتووە. ماوەیەکی باشی پێ ئەچێ و لە ئەنجاما ئەنووسێ بۆ موشیردیوان ئەڵێ: «سەروەرم تاجی سەرم ئاغای موشیری شارگەلم، کەولەم دامرکانگەسەوە وەلێ جێگا نیە تیا دانیشم. غولامت ئا حەمەعەلی».

- سەردەمێک لەو ولاتی گەرمیانە کورد و کارە ئەچوون بۆ دزی. خاوەن ماڵ، دزەکانی ئەناسی و ئەچوو شکاتی لێ ئەکردن، یا لە لای شەرع یا لە لای حاکم شەرع. دزی رائەکێشایە مەیدان و سوێندی ئەدان. ئەوانیش سوێندیان نەئەخوارد و ماڵەکەیان ئەدایە دواوە ئەو عەزیەتەیان بە هیچ دەرئەچوو.

مەلا تەقی هەبوو لەو دەشتی گەرمیانە پەنایان ئەبردە بەر ئەو چارێکیان بکا بۆ ئەوە ئەگەر جارێکیتر کە دزیان کرد بتوانن بیخۆن.

ئەمجا مەلا تەقی ئەیهێنا کابرای لە پاش دزی کردنەکە ئەخستە بێشکەیەکەوەو بە دەسترازە شەتەکی ئەدا و تۆزێ رای ئەژەند و پاشان ئەیکردەوەو ئەیوت: لەبێشکەکە وەرە دەرەوە. فێری ئەکرد ئەیوت کە بردتیان بۆ لای قازی سوێند بخۆ بڵێ: لەو رۆژەوە پێم لە بێشکە کەوتۆتە خوارەوە ئیتر نەخراومەتە بێشکە من دزیم نەکردوە.

ئەویش کە ئەیانبرد بۆ لای شەرع بەو جۆرە سوێندی ئەخوارد و شەرعیش بەرەڵای ئەکرد لای وا بوو بێشکەی منالیەتی و ئەمیش سوێندەکەی نە ئەکەوت.

هەروەها فێری ئەکرد لە کاتێکا کە ئەیبەن بۆ لای حاکم و سوێندی ئەوەی ئەدەن کە ئەو ماڵەی نەدزیوە، بۆقێ، چۆلەکەیێ گیانداریکی وا بخاتە باخەڵیەوە لە ژێر کەواو کراسەکەیەوە بە جۆرێک کە دیار نەبێ، لە کاتی سوێند خواردنا دەست بدا بە سەر سینگیا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بۆقەکەش لە ژێر دەستایە بڵێ: بەم قورعانە ئەم نەفسە بێت و ئاگای لەو دزیەنیە. ئەویش وای ئەکرد و بۆ خۆی بەرەلایان ئەکرد. نەفسەکەش چی بوو بۆقەکە بوو دیارە ئەو بۆقە ئاگای لەو دزیەنیە.

- جارێک مانگ گیرا بوو خەڵکی کۆ ببونەوە لە سەر بانەکان لە تەپڵ و تەنەکەیان ئەدا. کابرایەکی «رەشووبۆری» هەبوو فەتەی ناو بوو، بە لای ئاواییەکەدا تێپەڕێ. وتیان وەڵڵا ئەوەتا مانگ گیراوەو ئەمانەوێ بەربێ. کابرا سەرێکی بەرز کردەوەو سەیرێکی مانگەکەی کردو وتی: «کورە لێگەڕێن ئەو دەوێت باوکە ساڵ دوانزە مانگەی خوا جرتو فرتیەتی بەم لاو بەو لادا، دەمێ وەکوو دەمەداس، دەمێ وەکوو کاسەماس، دەمێ وەکوو قانگڵەی شکیاگ، دەمێ وەکوو دەواری لای بریاک، ئێژی جیکەنەی تێ گریاکە دیقەدیقەی ئەداوەو خەڵکە نەیئەزانی ئاخری رۆژێک لە کەڵێنێکا وەگیری تێرن. لێگەڕێن با بیخوا با بزانی عەلی کوڕی کێیە؟ لای وایەگشت شوێنێ هەوارەپانکەی ماڵی میمکە فاتمە هەر قولی قولی بکا».

- کابرایەک هەبوو لەو شارەزوورە پێیان ئەوت «ئافە» ئیشی هەر دزی کردن بوو. شەوێک قیڕ لە ماڵێکا ئەیگرن ئەیبەن بۆ لای مەلا حەسەنی مەلا قادری بیارە کە چێوی حوکومەتی بە دەستەو بوو. مەلا لێی ئەپرسێ: کابرا تۆ بۆچی چوویتە ئەو ماڵەوە؟ ئەڵێ: «وام زانی ماڵی خۆمانە». ئەڵێ: باشە کە ژنی خاوەن ماڵەکە دەرکەوت بۆچی چوویت لە پاڵ کەنوەکەدا خۆتت شاردەوە؟ ئەڵێ: «وەڵڵا قوربان وامزانی ژنەکەی خۆمە».

- ساڵێ ۱۹۳۷ بوو سەیعەلی بسمیللا لە سولەیمانی لە سەر بسمیللا لە گەڵ حاجی تۆفیقی پیرەمێردا تێکچوو بوو. پیرەمێرد رۆژنامەی ژینی هەر لە سولەیمانی دەر دەکرد. مەلا سدیقی نازەنینی حاکمی کوبرا بوو لە سولەیمانی. پیرەمێرد هەر جارەی هەڕەشەی ئەنارد بۆ سەیعەلی کە واز بێنێ لە جنێودان ئەگەینا خراپی پێ ئەکەم. سەیعەلیش ئەیوت چی لە دەست دێ ئەو زەندیقە درێغی نەکات. لە راستیشدا حاجی تۆفیق شەڕی بەو ئەفرۆشت.

پیرەمێرد لەم قسەی سەیعەلییە هەلی دەست کەوت هەستا چوو لە مەحکەمە شکاتی لە سەیعەلی کرد کە کافر بووە. جەمیل سائب خوشکەزای حاجی تۆفیق مدیری خەزێنەیە ئەحمەد موختاری هەولێری قازی سولەیمانیە کار بە دەستانی سەراش هەموویان سەریان لە موحاکمەیەکی وا ئەخورێ. بە هەموویانەوە قسەیان کرد بەیەک کە موحاکمەیەکی وەها بۆ ئاهەنگی رۆژێکی سولەیمانی پێویستە. رۆژی چواری نیسانیان دانا بە رۆژی موحاکمە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پسووڵە دروست کرا و بەو پسووڵانە بە پیرەمێرد و سەیعەلی راگەینرا کە رۆژی چواری مانگ حازری موحاکمەبن. حاجی تۆفیق چەند شایەتێکی پێکەوەناو کە سەیعەلی کفری کردووە لە گەڵ ئەوەشا ئەمانە هیچی وا نەبوون سەی عەلی هەر ئەو بوو لەوە تووڕە ئەبوو هەر وەخت کە حاجی تۆفیق ناوی ئەهێنا پێی ئەوت: «سەیعەلی بسمیللا» ئیتر حاجی تۆفیق ئەم قەوانەی بۆ دروست کرد.

رۆژی یەکی مانگ پیرەمێرد ناردی بە شوێن هەموو دەهۆڵ و زورنا ژەنەکانی سولەیمانیدا کە هەر لە ئێستەوە بە دەهۆڵ و زورناکوتان بکەونە ناو شار و بڵێن رۆژی چواری مانگ موحاکمەی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و سەیعەلی بسمیللایە لە سەرای سولەیمانی. بەمجۆرە دەهۆڵکوت کەوتنە ناو گەڕەکەکانی سولەیمانی ماوەی سێ رۆژ ئەمەیان وت، بەڵام پارەیەکی باشیشیان لە حاجی تۆفیق وەرگرت. سەیعەلی جاران تووڕە ئەبوو هەر لە بەر ئەوە بوو کە پیرەمێرد لە بەر خۆیەوە پێی ئەوت بسمیللا، ئێستە بسمیللا کەوتە دەم زورناژەن و هەموو منالی سولەیمانی.

رۆژی چواری مانگ ئەهلی دایەرەکان و خەڵکی سولەیمانی هەموو روویان کرد بۆ بەر دەرکی سەرا. دەرزیت هەڵبخستایە نەئەکەوتە سەر ئەرز. مەحکەمە دانیشت، مەلا سدیق لە سەرەوە قازی لەم لایەوە سەیعەلی خرایە قەفەزی تاوانبارانەوە، پۆلیس لەم لاو لەو لایەوە بە تفەنگەوە راوەستان. حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بە خۆی و شایەتەکانەوە راوەستاون. سەرۆکی مەحکەمە بەناوی خاوەن شکۆوە مەحکەمەی رەسمی بڵاو کردەوەو رووی کردە سەیعەلی کە ئەو حاجی تۆفیقە داوا ئەکا تۆ کافر بوویت تۆ ئەڵێی چی؟ [سەی عەلی]رەنگ لە روویا نەماو وتی: وا نیە من موسڵمانم «اشهد أن لا اله الا اللّەو اشهد ان محمدا رسول اللّە». رووی کردە حاجی تۆفیق وتی تۆ چی دەڵێی؟ وتی: «جەنابی سەرۆکی مەحکەمە ئەم سەیعەلی بسمیللایە بە منی وتووە زەندیق و ئەمانەش شایەتمن. زەندیقیش بۆ موسڵمان ناوترێ لە ئایینی ئیسلاما یەکێک موسڵمانێک بە کافر دەرکا خۆی کافر ئەبێ.

ئەمجا سەرۆک رووی کردە قازی و وتی بیر و باوەڕی ئێوە چییە. قازی وتی بەڵێ لە زەمانی ئەمەویەکانا کە ئەوترا زەندیق یانی کافر وە ئێستەش ئەو تاوانبارە -کە لەو قەفەسە دایە- شایەتیمانی هێنا مەعنای وایە لە کفرەکەی خۆی پەشیمان بووەتەوە.

ئەمجا ئیتر بیری مەحکەمە چۆنە بەمجۆرە حوکم ئەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووی کردە حاجی تۆفیق وتی تۆ ئەڵێی چی؟ وتی جەنابی حاکم ئەم پیاوە بە منی وتوە زەندیق و لێی خۆش نابم. لە گەڵ ئەوەشا پرس و رای مەحکەمە چۆنە من لەو پرس و رایە دەرناچم.

سەرۆک وتی رای مەحکەمە ئەوەیە کە ئاشت بەرەوە لە گەڵی و رێکەونەوە. حاجی تۆفیق وتی جەنابی سەرۆک من لەم رێگایەدا تووشی زیانێکی زۆر بووم، ئەبێ زیانەکەم بۆ بژێرێ. سەرۆک وتی مەحکەمە بە ناوی میهرەبانیەوە داوات لێ ئەکا کە ئاشت بینەوە. حاجی تۆفیق وتی لە سەر روو لێنانی مەحکەمە من لە گەڵی ئاشت ئەبمەوە و لێیخۆش ئەبم لە سەر ئەوە کە لە ئێستە بە دواوە هەر چەند وتم سەیعەلی بسمیللا، ئەم سەیعەلی بسمیللایە توورە نەبێ.

سەرۆک رووی کردە سەیعەلی وتی: تۆ ئەڵێی چی؟ سەیعەلی ملێکی لار کردەوەو وتی باشە هەر کە ئەو وتی باشە. بوو بە چەپڵەو هەرا و سەیعەلی لە قەفەس هاتە دەرەوەو حاجی تۆفیق چوو بە لایەوە دەستی خستە ناو دەستی و ئاشتی بووەوە لە گەڵیا.

ئەمجا پاش ئەو رۆژە پیرەمێرد بە دەم وازی نەهێنا، هەموو جار لە رۆژنامەکەیا بە نووسین «سەی عەلی بسمیللا»ی ئەنووسی و سەیعەلیش لە داخا وەختەبوو شەق بەرێ و هیچیشی پێ نەئەوترا. ئەم محاکمەو محاکمە کاریەش هەمووی بۆ گاڵتەبوو، ئەگەینا هیچ بناغەیەکی نەبوو.

– مەلا قادرێک هەبوو مەلای هەمزاغای بلباس بوو، گێڕایەوە وتی: ئەوا گەلێ جار لە نوێژ و قورئان خوێندنا ئایەتی «تتجافی جنوبهم عن المجاجع» ئەهاتە پێشەوەو ئەمخوێند. هەمزاغا هەموو جار پێی ئەوتم مەلا نان و جێگام پێداوی و لە سەر منەوە ئەژیت، کەچی تۆ ناوی جاف لە نوێژ و قورئانەکەتا دێنیت. وتی منیش وتم ئاغا ئەمە من نایڵێم قورئان قورئانی خوایە خۆ من دامنەناوە. ئاغا وتی مەلا من ئەمە نازانم ئەبێ ناوی ئێمەش هەبێ لە قورئاندا ئەگەینا ئەنجامی باش نابێ.

وتی بەم جۆرە ماوەیەک لە کێشەو بەرەدا بووین ئەو هەر ئەیوت و منیش خۆ هیچ ئەوەندەم زانی شەوێک زەلامێک کردی بە ژووراو خەنجەرێکی رووتی بە دەستەوەیە وتی هەمزاغا ئەڵێ: یا ئەم خەنجەرە یا ئەبێ ناوی ئێمەش لە نوێژ و قورئانا هەبێت. جاف چ رایەی ئەوەیان ئەکەوێ ناویان هەبێ و ئێمەش وەکوو کەندووان لەوێ بکەوین؟ کەچی نان و بەرگی تۆیش لە سەر ئێمەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahand.org

وتی ئیتر بە تەواوی من چوومە تاسەوەو تێگەیشتم کە کابرا بە ئاشکرا مرخی لێ خۆش کردووم وتم برا زۆر چاکەو خوا قادرە بە سەر هەموو شتێکا بەڵێ وەحی هەر بۆ پێغەمبەرە بەلام ئێمەش هەین.

رۆژی دوایی نوێژی شێوان بوو لە پاش سوورەی فاتحە ئەوەم وت: «تتبێباس دەنوکەم علی سەرنا لە ناوهم فی نوێژنا و نفوسهم فی دلـنا فەسەرەم بەرەشی بابەم یا لیتنا یا لیتنا نەبوو مایە لە ناویانا لانەم ککلبەم هەر ئەوەڕن بدورەم اللّە اکبر». کە لە نوێژ بووینەوە هەمزاغا هەستا هات بە لامەوە دەستی کردە ملم و وتی: مامۆستا بەو قورئانە ئێستا تەواوە هەموو جار لە نوێژی هەر ئەم ئایەتەمان لۆ بخوێنە.

بەڕێکەوت شەوی دوایی مەلا پیرۆتێکی خەڵکی ئەو بناری سەردەشتە هەبوو هاتە ئەوێ لە پاش بەینێک کە تۆزێ لامان چۆڵ بوو مەلا پیرۆت وتی مەلا قادر کەی ئەمە ئایەتە تۆ خوێندتەوە؟ وتم بەڵێ ئایەتە توورە بوو وتی چۆن؟ وتم: «دوێنێ شەوێ ئەم ئایەتە لە گەڵ خەنجەرێکا هاتە خوارەوە». دەستی کرد بە پێکەنین و کارەساتەکەم بۆ گێڕایەوە.

- حەمە بچکۆلی عەلیاغا لە پشدەر قسەی لە مەلا سلێمانی ماوەت ئەگێڕایەوە کە چۆن حەدیس ئەخوێنێتەوە؛ ئەیوت: «مامۆستا مەلا سلێمانی حەدیسان دەخوێنێتەوە ئەڵێ پێغەمبەری بۆ حەزرەتی حونبەری گێڕایەوە ئەویش بۆ حەزرەتی عەلی گێڕایەوە، ئەویش بۆ حەزرەتی حەسەنی گێڕایەوە، لەوێوە وردە وردە هاتە خوارێ تا گەیشتە سەر حەزرەتی سەحلەبەی لەوێوە هێنای لە مەجلیسی وەعزەکەیدا وەکوو رمبێ چەقاندی».

- ئۆبالی گێڕانەوەوی ئەم قسەیەش بە ئەستۆی کاک فوئاد عارف ئەو بۆی گێڕامەوە:

کابرایەکی گردەڵە هەبوو «لالەپاشا» یان پێ ئەوت. لە سەر رووبارەکەی «ئالیشە» راوەستابوو ئەیەویست لێی بپەڕێتەوە، بەلام نەیئەوێرا لێی بدا. لەو کاتەدا دوو کوری زەبەلاحی کەماڵەیی هاتن ئەوانیش ئەیانویست بپەڕنەوە چاویان کەوت بە کابرا گردەڵەکە وەستابوو وتیان: «گۆرانە ئەوە تۆ مەڵەوانی لێرە راوێستیاگی؟» وتی: ئا. وتیان نامانپەڕێنیتەوە یەکێ وەقەرانێ؟ وتی: با. ئینجا پێی وتن ئێوە بکەونە ئەم لاو ئەو لامەوە تا بتانگرم و بتانپەڕێنمەوە خۆی کەوتە ناوەڕاستیان. پشتێنەکەی هەر دووکیانی توونـد گرت و دایان لە ئاوەکە گەیشتنە نێرگەی ئاوەکە ئاو بە گوڕ بوو پێی کابرای کورتەڵەی لەزەوی بڕی بەلام لە بەر ئەوە ئەوان زەلام و بەهێزتر بوون ئاو زۆری بە سەریانا نەشکا ئەوەندە هەبوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرای کورتەڵە خۆی بەوانەوە گرتبووەوە کە ئەوان ئەیانبێنێ ئەم قاچی تاقمانە جووت ئەکا لەناو ئاوەکەدا ئەیانوت: «ئەها گردە کەوتە مەلە دەک دایک بۆت نەناڵێنێ».

- کابرایەکی «باشکی» حەمەوەیسی ناو بوو گەماڵێکی ئەبێ زۆری خۆش ئەوێ پێی ئەوت «سەبۆر». بەرخێکی لە رانەکە بۆ جیا ئەکاتەوەو بۆی دەستنێژ ئەکا. بەرخ زاوزێ ئەکا و ئەبن بە پانزە بیست سەر کوتوپڕ گەماڵەکە ئەتۆپێ. مامە وەیس زۆر بۆی دڵگران ئەبێ لە گەڵ ژنەکەیا کە پەخەی ناو ئەبێ پرسەی بۆ دائەنێن و شین و شەپۆریکی زۆری بۆ ئەکەن. پاش بڕانەوەی پرسە لە گەڵ پەخەی ژنیا ئەچن بۆ لای مەلا کە میراتەکەیان لێبەش کا. کارەسات لە مەلا تێئەگەیەنن مەلاش بەلایەوە نێچیریکی باشی دەست کەوتووە ئەڵێ: مامە حەمەوەیس شەش سەری بۆ تۆ مامە حەمەوەیسیش ئەڵێ: «ئەی وە قوروانی دەمت وم». چار سەریشی بۆ دایە پەخە. دایە پەخەش ئەڵێ: «ئەی بیم وەدەورتا». ئینجا چاوەڕێی ئەوەن کە ئەویتریشیان لێ بەشکا لە پاشا مەلا ئەڵێ ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ من.

مامە حەمەوەیس تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: «ئاخر مەلا بێفەڕە تۆ باوکی سەبۆر بوویت تۆ برای سەبۆر بوویت تۆچی سەبۆریت؟ لەم ناوەدا خۆت قوت کردگەسەوە دەمت ئێژی برینگی پەز بڕینەوەس ئێمە کەس و کاری سەبۆرین تۆ گوو خۆری کویت؟»

- حاجی مستەفا پاشا گێڕایەوە وتی:

ئەو ساڵە من ئەمیری حەج بووم لە عەرەفاتا تەواف ئەکەین قەرە باڵغیەکەی لەوەدا نییە گۆشت کەوتۆتە سەر گۆشت. سەیرم کرد وا کابرایەکی کوردی شارەزووری لای خۆمان لە بەر دەممەوەیە ئافرەتێکی کەتەی زلەی سەنگاڵی لە پێش کابراوەیەو سمتی بە تەواوی توند بووە لە بەری کابرا. لە تەوافیشا جگە لە جەنجاڵیەکە هەرکە لە عاستی خۆی و لە بەر خۆیەوە خەریکی دوعا کردن و پاڕانەوەیە. گوێم لێ بوو کابرای بەردەمم هەمو دوعاو پاڕانەوەکەی ئەوە بوو بە کوردی ئەیوت: «بینایی چاوان گشت جارێ خۆت فەرمووگتە هەر کە بچێ تەوافی ماڵی من بکا حۆریەکی پان و پۆڕی ئەدەمێ. ئێستە ئەم حۆریە قۆڕە کە تۆ لێرە داگتە وە من من چی لێ بکەم؟ ئەوە من جێگەم نییە تۆزێ قنگم بجووڵێنمەوە ئێستە چۆن ئیشی وام پێ ئەکرێ؟ ئاخر ناوێ تۆ خۆت نەختێکی لێ بزانی کە چ وەختێ وەختی حۆریە؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabani.org

- کابرایەک هەبوو خەڵکی ئەو شارەزووری دەشتی «موان»ە بوو، لە گەڵ مەلا و فەقێدا زۆر دانیشتبوو؛ هەموو جار گوێی لێبوو کە مەلا سوورەتی «والتین و الزیتون»ی ئەخوێند و پێخۆش بوو. ڕۆژێک ئەپرسێ لە مەلا و ئەڵێ: مامۆستا ئەوە والتین و الزیتون یانی چی؟ ئەویش ئەڵێ: برا ئەوە خوا سوێنی بەو دوانە خواردووە تین یانی هەنجیر و زیتونیش زەیتونە.

ئەم کابرایە ئەمە ئەگرێتە دڵ و جارێک ڕێی ئەکەوێتە ڕێژاو هەنجیری بۆ دێنن ئەخوا سەیر ئەکا زۆر خۆشە ئەڵێ: «بیم وە ساقەت بینایی چاوان! خاست لێ زانیگە وا سوێندت پێ خواردگە».

ماوەیەکی تری پێ ئەچێ لەو خوارە تووشی دارێک ئەبێ بەرێکی سەوزی خڕی پێوەیە ئەپرسێ ئەمە چییە؟ پێی ئەڵێن زەیتوونە. زۆر بە ئارەزووەوە پەلاماری ئەدا چەند دەنکێک لە دارەکە ئەکاتەوەو ئەیخاتە دەمی. ئەو زەیتوونەش دیارە هێشتا کاڵ و کرچ و نەگەیشتووە. سەیر ئەکا تاڵ و تفت و تیژە لەوانەیە دەمی هەڵاهەڵا ببێ ئەیتفێنێتەوەو ئەرێ بینایی چاوان!...

- ئەحەی کرنوو جارێک ڕێی ئەکەوێتە کەرکووک ئەچێتە مزگەوتەکەی ناو بازاڕ بۆ نوێژ کردن. ئەیەوێ دەستنوێژ بشوا ئاو نییە. مجەوەرەکە گۆزەلەیە ئاوی بۆ دێنێت دەستنوێژەکەی ئەشواو بۆ نوێژەکە نامێنێتەوە. ئەیەوێ بڕوا مجەوەرەکە سەری ڕێی پێی ئەگرێ ئەڵێ: کاکە بێنە پارەی ئاوەکە ئەویش ئەڵێ پارەی چی؟ من دەستنوێژم شۆردووە خۆ بەفراوم نەخواردۆتەوە. ئەڵێ: من ئەمانە نازانم ئاو لێرە بەپارەیە، بێنە پارەی ئاوەکە. ئەمیش هیچی پێ نامێنێ پشتی تێ ئەکا و تڕێکی بۆ ئەکەنێ ئەڵێ: «برا ئەوە خۆت و ئەوە دەستنوێژەکەت ئیتر بۆچ وازم لێ نایەنی».

- کابرایەکی مەنگوڕی زستان ئەبێ ئەچێتە سەر ئاو، دەست بە ئاو ئەگەیەنێ. لە پاشا دەست ئەکا بە دەستاوەکەدا و ئاو ئەدا بە خۆیەوە لەو وەختەدا کە ئاوەکە فڕێ ئەدا بۆ خۆی لە ترسی ساردی ئاوەکە خۆی بەرز ئەکاتەوەو ئاوەکەی لێ ناکەوێ ئەڵێ: «ئەی لە دایەلێت بەرم نەیگرت». چەند جارێک هەر ئاو ئەدا بە خۆیەوە خۆی بەرز ئەکاتەوەو نایگرێ ئاخر جار ئەڵێ: «هەر ئەوەیە ئەمجارەشت بۆ فڕێ ئەدەم گرتی‌گرتی نەیگرت بە گونی بارگیرەکیمەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- فەقێیەکی خەڵکی سیساوای خۆشناو هەبوو هەر ئەیخوێند و هیچ فێر نەئەبوو. پێیان وت کەوایە بۆچ واز ناهێنیێ؟ ئەویش وتی: «هەر دەخینم هەر دەخینم تا دەگەمە شەرح حەقایدان چمزانی چمزانی چمنەزانی دەگەڕێمەوە سەر حەواملان. دیسان هەر دەخینم هەر دەخینم تا دەگەمە شەرح حەقایدان چمزانی چمنەزانی دەگەڕێمەوە سەر حەواملان. ئەمجارەش هەر دەخینم هەر دەخینم تا دەگەمە شەرح حەقایدان چمزانی چمنەزانی بە ساقی کێرمەوە».

- حاجی ئێلخانی دیبوکری ئەیەوێ ئەسپێک بکرێ، بە عەلیاغای کوڕی ئەڵێ: عەلی رۆڵە ئەسپێکی باشم بۆ پەیدا کە بیکرم. عەلیاغاش خۆی ئەسپێکی باشی ئەبێ ئەڵێ چاک وایە بیفرۆشم بە باوکم. ئەسپەکە دێنن و ئەیگێڕن بە بەردەمی حاجی ئێلخانیدا حاجی ئەڵێ: غارێکیکەشی پێبکەن. کە کابرا ئاوزەنگی لێ ئەدا ئەسپە تڕێک ئەکەنێ. حاجی ئێلخانی ئەڵێ: «لایبەن لایبەن بە ریشی باوکی خاوەنیەوە».

- کابرایەکی کورد کوڕێکی هەبوو ناردبوویە فەقێیەتی. کابرا رۆژێک ئەچێ ئەبێ بە مێوانی فەقێکان. کوڕەکەی سووختە بوو، ئەبوایە خزمەتی فەقێکانی‌تری بکردایە. کابرا کە گەڕایەوە ماڵی خۆیان لێیان پرسی کوڕەکەت لە چیایە؟ وتی: «هەر دەنگی لێوە مەکەن ماشەڵڵا نان و چای ئەو گشت مەلا زل زلانە وە دەست ئەوە تا ئەو نەیژێ نان بخۆن و نانیان بۆ دانەنێ کەسیان رایەی ئەوەیان ناکەوێ نان بخۆن. ماشەڵڵا فرە زل بووگە».

- شێخ مەحمووی شێخ سەعید مەلیک بوو لە سولەیمانی. شێخ عەلیک هەبوو پێیان ئەوت شێخە لیەپەڕۆ لە مزگەوتی مەلا ئەمینی مام رۆستەم بوو. ئەویش بە ناوی شێخایەتیەوە جار جار ئەکەوتە قسە.

شەوێک شێخ مەحموو چەند کەسێکی لە گەڵا ئەبێ ئەچێتە مزگەوتەکە. زەلامەکان لە گەڵی ئەهلی جەماعەتەکە لە سەر سەکۆی مزگەوتەکە ئەبن، شێخ خۆی ئەچێتە ژوورەکەی شێخەلی کام لات ئێشی شلپ و کوت دایئەگرێ. ئەوەندەی لێ ئەدا نیوە مەرگی ئەکا و سەریشی ئەشکێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پاشا کە ئەو ئەڕوا شێخەلی دێتە دەرەوە خوێنەکە ئەشواتەوە. ئەهلی جەماعەتەکە پێی ئەڵێن: یا شێخ ئەوە مەلیک لە ژوورەوە بوو ئەو شلپ و کوتە چی بوو؟ ئەویش ئەڵێ: «شێخ بێ قەزا بێ لێم ناگەڕێ، خەریکی گاڵتەو چنگە پرچێ بووین ئەوەتە ئاخری سەریشم شکا. پێم وت ئیتر جارێکی‌تر من بێت و گاڵتە لە گەڵ تۆ ناکەم ئیتر مەیەرەوە».

- پیاوێکی کورد لەو سەرە مناڵە کوردێکی ڕاگرت لۆ ئەوە لە ماڵا ئیش و فرمانیان بۆ بکا. شەوێک پیاوەکە چوو بۆ ماڵی ئاشنایەکی، بە کوڕەکەی وت فانۆزەکەم بۆ هەڵگرە. ئەویش فانۆزەکەی هەڵگرت، بەڵام لە دوای ئاغایەوە ئەڕۆیشت. ئاغا پێی وت پێشکەوە کوڕەکە وتی: قوربان ڕایەم ناکەوێ پێشکەوم. ئاغا وتی ئەگەر پێش نەکەوی ڕووناک نابێ. خزمەتکارەکە وتی: ئاخر بۆ من بێ عەدەبییە پێش ئاغای خۆم کەوم. ئەویش وتی: ڕۆڵە مادام چرات بە دەستەوەیە ئەبێ پێشکەوی. خزمەتکاری خەڵکیش کە چرا ئەگرن بە دەستەوە لە پێش ئاغایانەوە ئەڕۆن. ئەمجا خزمەتکار ئیتر پێشکەوت.
بەیانی ئاغا وتی: ڕۆڵە ئەو سەبەتەیە هەڵگرە بچین بۆ بازاڕ هەندێ گۆشت و شت بکڕین. کوڕەکە سەبەتەکەی هەڵگرت و کەوتە پێش ئاغایەوە. ئاغا نەوی لە قۆڵی و وتی هەتیو پێش مەکەوە ئەبێ لە دواوە بڕۆی. هەتیوو وتی: ئەی شەوێ بۆچ وتت لە پێشەوە بڕۆ؟ وتی ئاخر شەوێ وا بوو ئێستە وایە. کوڕە هەر سەبەتەکەی دانا و وتی: «ئاغا بە دوعا پاشکەوەو پێشکەوە بە من ناکرێ»و لێ دا ڕۆیشت.

- ژنێک لە «چنگیان» هەبوو ناوی پوورە فاتە بوو؛ ئافرەتێکی زۆر لە خوا ترس و چاک بوو. خزمەتی فەقێەکانی زۆر بە دڵ ئەکرد و جلی بۆ ئەشتن، چێشتی بۆ ئەبردن بەو بۆنەوە پێیان ئەوت «دایکی فەقێان». لە گەڵ ئەمە قسە قوتیش بوو؛ جار جار ئەچوو سەری ئەخستە سەر فەقێەکان و گاڵتەی لە گەڵ ئەکردن ئەیوت: «فەقێ ژن ناهێنێ هەر کۆی ئەکاتەوە کۆی ئەکاتەوە لە ئاخرا ژنێک دێنێ بە شەوێک هەمووی ئەڕژێنێتە ناویەوە ئەبێ بە کوڕێکی سەر زلی چوار پەل ئەستوور ناوی ئەنێ مەلا عەبوللا».

- کابرایەکی کورد سەد قەران ئەخاتە باخەڵی و ئەچێتە بازاڕ بۆ کەر کڕین. لە ڕێگادا تووشی مەلاکەیان ئەبێ لێ ئەپرسێ بۆ کوێ ئەچی؟ ئەڵێ: ئەچم کەرێک ئەکڕم. مەلا ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.mbari.org

«بلێ ئینشائەڵلا». ئەویش ئەڵێ ماموستا ئینشائەڵلای بۆچییە پارەیە لە باخەڵمایەو کەریشە لە بازاڕایە ئیتر ئەم ئینشائەڵلایە بۆچییە؟

کابرا ئەڕوا هێشتا ناگاتە بازاڕ، گیرفانبڕ پارەکەی لێ ئەدزێ. ناچار بە شوێنەکەی خۆیا لووس و باریک ئەگەڕێتەوە. لە ڕێگادا تووشی ماموستا ئەبێتەوە، مەلا لێ ئەپرسێ ها برا کەرت کڕی؟ ئەڵێ: نە ئینشائەڵلا. ئەڵێ: بۆچی؟ ئەڵێ پارەم پێ نەبوو ئینشائەڵلا. ئەڵێ: ئەی پارەکەت چی لێهات؟ ئەڵێ: دزیان ئینشائەڵلا. ئەڵێ: ئاخر پێم نەوتی بڵێ ئینشائەڵلا. ئەڵێ: «گوو بە ڕیشی بابت ئینشائەڵلا، گوو بە گۆڕی بابم ئینشائەڵلا بۆ ئیشی کردم ئینشائەڵلا».

- مەلاکەی عازەبان لە مزگەوتا وەعزی ئەدا ئەیوت: ئافرەت کە منداڵی ئەبێ خواوەنتەعالا مەلایەکەیک ئەنێرێ شەرمی ئافرەتەکە زل ئەکاتەوە تا مناڵەکەی ئەبێ، ئەمجا مەلایەکەیکی‌تر ئەنێرێ شەرمەکەی ئەهێنێتەوە یەک و وەکوو خۆی لێ ئەکاتەوە. کوێخا ئەوڕەحمانی عازەبانی لەوێ ئەبێ هەر ڕاست ئەبێتەوەو ئەڵێ: «ماموستا بەو قورعانەی تۆ ناوتەتە سەر ڕانی ڕاستت مەلایەکەی دووهەم سەری نەکردووە بە ماڵی منا».

- مەلاکەی «کونەماسی» وەعزی ئەدا ئەیوت: هەر کەسە نانێ بدا لە ڕێگەی خوادا خوا حۆریەکی ئەداتێ سەری لە ڕۆژاوایەو پێی لە ڕۆژهەلات. عەزە کونەماسی هەبوو لە کۆڕەکەدا دانیشتبوو، هەڵیدایە وتی: «ماموستا ئێستە ئێمە واین لە ناوەڕاستی زەویدا ئەگەر نانێک بدەم لە ڕێگای خوادا و خوا حۆریەکەی وام بداتێ من ئەکەومە عاستی ناوکی. خۆ ئەگەر بمەوێ ماچێکی بکەم ئەبێ هەر شتێکم هەیەو نییە بیدەم بە هەقی کاروانا و شەش مانگەڕێ بەڕێ کەوم بۆ ئەوە بگەمە عاستی دەمی و ماچێکی بکەم. جگە لەوە ئاگام لە خوارە ناوکیشی ئەبڕێ کەچی بە سەر دێ. وەڵلا ماموستا نە ئەم نانە ئەدەم و نە ئەم ماچەم ئەوێ و نە ئەم هاتوچووی ڕێگایەش ئەکەم بەتووشی خۆمەوە.

- زیوەر ئەفەندی شاعر و مەلا سەعید ئەفەندی گەلێ جار لە بەر هەیوانەکەی مزگەوتی عرفانا لە سولەیمانی دائەنیشتن و بە قسەی ئەدەبی و باسی شعری مەولەوییەوە ڕایانئەبوارد. مجەورێکی مزگەوتەکە هەبوو گوێی لە قسەکانیان ئەبوو کە شعری مەولەوییان ئەخوێندەوە. ڕۆژێک بە زیوەر ئەفەندی ئەڵێ: ئەم مەولەوییە ئەم قسانە چییە وتونی «هەردەو بەردەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


مەردە»؟ زیوەر ئەفەندیش ئەڵێ: دە ئەگەر تۆ ئازای شعرێکی وا بڵێ. ئەویش ئەچێتەوە ژوورەکەی خۆی و لە پاش تۆزێک دێتەوە دەرەوە ئەڵێ: زیوەر ئەفەندی گوێت لێ بێ ئەوا شعرت بۆ ئەڵێم وەکوو مەولەوی. ئەڵێ: بڵێ ئەڵێ:

مشتێ هەلیلەکەفلەمەش کەردە هەر فیرەش مەیۆ جەشاخ وە هەردە

زیوەر ئیتر هیچی پێ ناوترێ.

- مەحموو بەگی رەزا بەگ لە کەلار لە کاتی خۆیا سەر خۆش ئەبێ. بە خەیالی سەرخۆشی تووڕە ئەبێ لە پیاوێکی کوردی جاف کە پیاویان ئەبێ. ئەم کابرایەش کە ئەزانێ وا مەحمووبەگ لە سەر هیچ لێی تووڕە بووەو جنێوی داوەتێ، بە نازی خزمەتکارییەوە بە روویا هەڵئەچێتەوە. لە بەیانیا بە کابرا ئەڵێن بابە ئەوە مەحموو بەگ سەرخۆش بوو بۆیە لێت تووڕە بوو ئەگەینا ئەو لە کەس تووڕە نابێ. ئیتر کابرا ئەچێتە لای و داوای لێبواردنی لێ ئەکا و ئەڵێ: «میرم وە قەورەکەی باوکت نەمزانیو لەو گووەکەت خواردگەسەوە. ئەوێ لێم نەگری».

- لەو بەر کێوە ئافرەتێک لە ناو کۆمەڵێکا مێوانی کرابوون دانیشتبوو. منالێکی هەبوو تازە فێری قسەکردن ئەبوو، منالەکەی لە باوەشیا دانابوو. شەرع شەرمی بۆ نییە ژنەکە یەکێکی دەنگ گەورەی پیاهێنا دەستی کرد بە لێدانی منالەکەو بە چەپۆک بەربووە سەروگوێلاکی منالی بەسە زمان. منال لە بەر گریان نەیپەرژایە سەر هیچیتر؛ دایکەش هەر وازی نەئەهێناو ئەیوت: هەتیو حەیای ئینسان ئەبەی. ئەوەندە زۆری لێدا تەنانەت ژنەکانیتر کەوتنە سەر ئەو بڕوایە کە ئەمە منالەکە بووە ئەم ترەی کەندووە، بە هەر جۆر بوو لە ژێر چنگیان دەرهێنا.

لە پاش تۆزێک سفرەی نان دانرا و هەموو نیشتنە سەر سفرەکە، ئافرەتەکە دڵی بە منالەکەی خۆی زۆر سوتا کەوا بە ناهەق ئەوەندەی لێداوە کەوتە دڵنەوایی کردن و ماچ کردنەوەی و دەست بە سەرا هێنانی و دەستی برد گرتگە گۆشتێکی سوور کراوەی لە بەر دەما دانا.

منالەکە لەم مێهرەبانیانەی داکی دڵی هاتەوە شوێنی خۆی و دەستی کرد بە خۆ شیرین کردن لە بەر چاو دایکەکەیەوە. ئەمجا بە دەنگی بەرز وتی: «دایەگیان ئەگەر ئەمجارەش بتری دیسان لێم ئەدەیتەوە؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حاجی سەعید مەلا حەسەنی علاف گێڕایەوە وتی:

حەسەن ئاغای قەرەنی هەبوو لە سولەیمانی لە ئاخر و ئۆخری ژیانیا هەموو دەم هەر لە مزگەوتی حاجی خان خەریکی نوێژ و تاعەت بوو. هەموو پاش نوێژێک وەکوو خەڵکی‌تر دەستی بەرز ئەکردەوەو دوعای ئەکرد. یەکێک لە دوعاکانی ئەوەبوو ئەیوت: «خوایە محە چاوشین هەیە پەستەکێکی لە بەرایە جامانەیەکی شڕی چڵکنی ئاڵاندووە لە مشکیە پیسەڵەیەکەوەو بەستوویە بە سەریەوە کە لە دەرگای مزگەوتەکە دەرئەچێ بەلای چەپا قاپی سێیەم نەهی چوارەم بەرانبەر بە ماڵی حاکمە سیاسیەکە ماڵی ئەوانە، لێت تێک نەچێ حەقی منی لێ بسێنە».

- مەلا محەمەدی چرچە قەلایی گێڕایەوە وتی:

ئەوا جەژنی قوربانە نۆبەنێکمان هەیە ویستمان بیکەین بە قوربانی. بە خێزانەکەم وت ئافرەت بەڵکوو قەسابێکی باشمان دەستکەوێ کە پێستەکەی ئەگروێ وای بگروێ کونی تێ نەکا بیکەن بە مەشکە بۆ خۆمان.

ئەویش وتی ئەیەڕۆ پیاوەکە شتی وا چۆن ئەبێ پێستەکەی هەڵگرین بۆ خۆمان؟ ئەمە قوربانییە ئەبێ هەمووی ببەشینەوە، گوناحە چۆن ئەبێ لێی هەڵبگرین. وتم ئافرەت: وس بە بە خوا ئەگەر هەموو گۆشتەکەشی بخۆین و تۆزێ لە کلکەکەی ببەشینەوە هێشتا خێری دوو قوربانی خەڵکی‌ترمان دەست ئەکەوێ. وتی: چۆن؟ هەر وا واقی وڕما. وتم: «ئافرەت خوا کەی بە خۆیەوە دیوە مەلا خێر بکا؟ سەرە کلکە نۆبەنێکی ئێمە ئێستە دوو گای قوربانی خەڵکی‌تر ئەخوا».

- هەژار گێڕایەوە وتی: پاش ئەوە کە ڕەزاشا لە ئێرانا هاتە سەر حوکم فەرمانی دەرکرد کە هەموو کەس ئەبێ کڵاوی پەهلەوی لە سەر کا. لە سەر ئەمە لە وڵاتی ئێرانا هەرا لە ناو مەلاکانا پەیدا بوو کە ئایا بە لە سەرکردنی کڵاوی پەهلەوی کافر ئەبن یا نابن؟

مەلا سەلیمێکی ژیی هەبوو لە سابلاخ ئەو هەر لە سەر ئەوەبوو کە هەرکە ئەم کڵاوە لە سەر کا کافر ئەبێ. هەندێ لە مەلایانیتریش بەر پەرچیان ئەدایەوەو ئەیانوت وا نییە. ئەویش ئەیوت: «ئەوا کڵاو پەهلەوی بۆ ئێوە ئەی بۆ تەقویمی بەخەڵی چ دەبێژن؟ بەویش هەر کافر نابن؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- مەلا عەبدولحەمیدی بانەیی یەکێک بوو لە موستەعدە هەرە خوێندەوارو چاکەکانی شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی لە سولەیمانی کە لە مزگەوتی «قامیشەکان» بوو. مەلا حەمەمینە شێتەش هەبوو هەر لە سولەیمانی، شەوێکی سێ شەنبە ئەم مەلا حەمەمینە ئەچێتە لای مەلا عەبدولحەمید لە قامیشان پێی ئەڵێ: مەلا عەبدولحەمید چایەکی بێ کلکم بۆ لێنێ. مەلا عەبدولحەمیدیش ئەڵێ: تۆ ئەقڵت نییە چای بێ کلکە یەعنی چی؟ ئەویش ئەڵێ: مەلا تۆ عەقڵت نییە چای بێ کلکە یەعنی هەر بۆ خۆم و خۆت بێ و کەسی بە سەرا نەیەت و کلکی لێی پەیدا نەبێ.

مەلا عەبدولحەمیدیش بە سوختەکەی ئەڵێ سەماوەرەکەیان بۆ تێخا چایەکەیان بۆ دروست بکا و خۆیشی بچێتە دەرەوە بۆ ئەوە هەر ئەمان بە تەنها بمێننەوە. سوختە چا ساز ئەکاو خۆی ئەچێتە دەرەوە. ئەمان لە ژوورەوە دەرگاکە دائەخەن، مەلا عەبدولحەمید دەست ئەبا بۆ ئیستکان کە چا تێکا تەق تەق لەو دیوەوە ئەدەن لە دەرگا. مەلا عەبدولحەمید هەڵئەستێ دەرگا ئەکاتەوە کە سەیر ئەکەن سێ چوار فەقێ مزگەوتی‌تر بە سەلاموعەلەیکم ئەکەن بە ژوورا. مەلا حەمەمین توورە ئەبێ ناوچەوانی ئەدا بە یەکا ئەیەوێ قسە بکا تەق سێ چوار فەقێ‌تریش دێن و ئەوانیش سەلام دائەکوتن. مەلا حەمەمین ئیتر ئاگری تێ بەر ئەبێ و ئەوەندەیتر شێت ئەبێ. ئەڵێ: دایکتان وا لێکەن ئەمە کەڵە هێرە وا کۆ بوونەتەوە هەر هەڵئەسێ ئەکا بە کەوشەکانیا و بۆی دەرئەپەڕێ. مەلا عەبدولحەمید هەڵئەستێ ئەیگرێ پێ ئەڵێ: مەلا دانیشە چایەکەت بخۆرەوە بۆ کوێ ئەچی؟ چا بۆ تۆ لێنراوە. ئەڵێ: قوزلقوڕت ئەخۆمەوە من وتم چای بێ کلکە ئێستە هەزار کلکی لێ پەیدا بوو. هەر چەندە مەلا عەبدولحەمید لێی ئەپاڕێتەوە کە تۆ دەخڵت چییە چەندە ئەخۆیتەوە بخۆرەوە، مەلا حەمەمین رازی نابێ و هەر ئەڵێ من وتوومە چای بێ‌کلکە، ئێستە ئەم ناجسنانە هەزار کلکیان لێ پەیدا کرد. بە بێ ئەوە پیاڵە چایەک بخواتەوە لێیدا رۆیشت.

- جوولەکەیەک هەبوو لە بوکان خواجە مووشێی ناو بوو. ئەم خواجە مووشێیە کچێکی هەبوو –بلامانی– هەموو کەس پێی فێر بووبوو؛ تەنانەت خواجە مووشێ خۆیشی ئەیزانی. لە ناکاو رۆژێک خەبەریان دا بە خواجە مووشە کە کچەکەت موسڵمان بووە. ئەویش هەندێ راماو پاشان وتی: «با بڕوا ئەو حیزە هەر بۆ ئیسلام باشە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– کابرایەکی قزلجەیی ناوی خۆی نابوو شاعر و برە شعرێکی دانابوو بردی بۆ شێخ رەزای تاڵەبانی کە پەسەندێکی بۆ لە سەر بنووسێ وە پێشی وت کە «رەعد»م کردووە بە ناوی شعر بۆ خۆم. شێخ رەزاش ئەم شعرەی لە باتی پەسەند بە سەر برە شعرەکەیەوە بۆ نووسێ:

ئەی ترت رەعد و تست رەشەبا هکرا ارسکم جدا وابا

– شێخ بابەعەلی تەکیەیی، مەلا عەزیزی مفتی سولەیمانی، شێخ حیسامەدینی عەوالان، سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکووک ئەمانە هاورێی دەوری کۆن و فەقێیەتی بوون. جارێک شێخ حیسامەدین لە عەوالانەوە دێت بۆ سولەیمانی بۆ دیدەنی شێخ بابەعەلی و مفتی. پێش چەند رۆژێک بڕیار ئەدەن بچن بۆ کەرکووک بۆ دیدەنی سەید ئەحمەد. ئەچن و حەفتەیەک لە لای سەید ئەحمەد ئەمێننەوە. سەیدیش رۆژ بە رۆژ خزمەتیان زیاتر ئەکا ئەمجا ئەکەونە سەر ئەوە کە بگەڕێنەوە، سەید ئەڵێ ئەم نیوەڕۆەش نانی نیوەڕۆ پێکەوە ئەخۆین و پاشان خواتان لە گەڵ؛ بەم جۆرە رازی ئەبن.

سەید ئەڵێ بۆ ئەو نیوەڕۆیە نانێکی زۆر نایاب دروست ئەکەن و ئەڵێ شوربایەکی بروێشیش لێ بنێن و بەلام پێش هەموو خواردنێک شۆرباکە بێنن و ئیتر بوەستن. نیوەڕۆ دێت و سفرە رائەخەن، قەرەوانەی شۆربای ساوەر لە سەر سفرەکە ریز ئەکرێ و ئیتر هیچیتر نایەنن. شێخ بابەعەلی و ئەوان هەر چاوەڕێ ئەکەن هیچیتر دیار نییە. سەیدیش ئەڵێ یا شێخ فەرموو نان بخۆن. شێخ بە ناچاری دەست بۆ نان و شۆربا درێژ ئەکا و کەوچکێکی لێ ئەکاتە دەمی سەیر ئەکا بێ خۆیشە. ئەوا سەی ئەحمەدیش لەو بەری سفرەکەوە دانیشتووە، بابەعەلی روو ئەکاتە مفتی وئەڵێ: «مفتی بەراستی سەید ئەحمەد تا ئێرە باشی هێنابوو، بەلام لێرەدا گووی تێکرد».

سەید گوێی لێ ئەبێ و هەموو مەجلس دەست ئەکەن بە پێکەنین. سەید ئەڵێ بابەعەلی مەبەستم ئەم قسەیە بوو کە بڵێت ئەمجا ئەمر ئەکا نانی تەواو دێنن.

– دیسان جارێکیکە هەر ئەم شێخ بابەعەلییە ئەچێ بۆ دیدەنی سەید ئەحمەد لە کەرکووک. کە ئەچێتە خانەقا ئیشی ئاودەستی ئەبێ. ئاودەستەکان بە تەنیشت یەکەوە بوون دیواری بەینەکەیان روخابوو، زەلام کە دابنیشتایە وەکوو لە دەشتا دابنیشتایە وابوو. بابەعەلی ئەچێتە سەر ئاودەستێک زۆری پێ ناچێ زەلامێک دێتە ئاودەستەکەی تەنیشتیەوە بەلام بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواوی لە یەک دیارن. شێخ بابەعەلی دەست ئەبا قوتو جگەرەکەیەک دەردێنێ و جگەرەیەک ئەدا بە کابرای تەنیشتی و پێی ئەڵێ: «بەخێر بی!»

ئەمان لەمەدا ئەبن یەکێکی‌تریش دێ لەو لایەوە دائەنیشی جگەرەیەکیش ئەدا بەو و بەخێرهاتنی ئەویش ئەکا. کابراکان واقیان وڕ ئەمێنێ. ئەڵێ: برا بۆچ واقتان وڕ ئەمێنێ؟ یەکێ لە دیوەخان سەید ئەحمەدا دابنیشێ ئەبێ جگەرەش بکێشێ و قسەش بکا خۆ لە سەر قەبران دانەنیشتوین».

ئیتر لەو ناوەدا ئەبێ بە هیلکەهیلک و فرت و هۆڕ. خەبەر ئەگا بە سەید. سەید ئەحمەد ئەڵێ: «ئەم بەزمە ئەبێ بەزمی بابەعەلی بێ ئەڵێ گورج عابخانەکان چاک بکەنەوە تا بابەعەلی دیواخانێکی‌تری بۆ رانەکێشاوین و دیرەکێکی‌تری نەداوەتە ژێر».

- کوڕێک هەبوو لەو بەر کێوە گەورە بووبوو. دەرو دراوسێ بە دایک و باوکەکەیان ئەوت بەسە ژنێکی بۆ بێنن و بۆی دانێن با ئیتر ئەوەندە قوتەقوت نەکا. کوڕەش گوێی لەم قسانە ئەبوو.

لە ئەنجاما کچێکیان بۆ دیەوەو بۆیان هێنا، شایی کرا و بۆیان کردە پەردەوەو کوڕیان کردە ژوورەوە. خەڵک بە تەمان کوڕ ببێ بە زاوا بێتە دەرەوە. کوڕ دیار نەبوو تا بەیانی. بەیانی هاتە دەرەوە هیچ قسەی نەکرد، کەس و کارەکەش هیچ دەنگیان لە گەڵ نەکرد هەتا شەوی دوایش هەر وەک شەوی پێشوو وا بوو هیچ دەنگ نەبوو. لە پاشا دایکەکەی چوو بە لایەوە وتی کوڕم ئەوە بۆچ هیچ دەنگت نییە؟

کوڕە وتی دەنگی چیم بێ؟ ئەوە نییە دەنگم لێوە دێت و قسەی ئەکەم؟ وتی کوڕم ئەوە نالێم، ئەڵێم بۆچ نابیت بە زاوا؟ ئەڵێ بۆچ نەبووم؟ ئەڵێ کوا؟ ئەڵێ ئەی ئەوە نییە ژنەکەتان هێناوەو داتان ناوە. دایکیشی ئەڵێ ئەی دامان ناوە ئاخر ئەبێ بچی بەلایەوە. کوڕەش ئەڵێ ئەی هەموو جار ئێوە نەتان ئەوت ژنێکی بۆ بێنن و بۆی دانێن، ئەوا داتانناوە ئیتر چی هەموو دەم سەیری ئەکەم دانیشتووە.

دایکەکە سەیری کرد ئەمانە هیچی کەڵک ناگرێ. کە شەو داهات پەلی کوڕەکەی گرت بردیە لای بووکەکەوە دەعباکەی کوڕەکەی گرت و خستیە سەر دوابڕاوی کچەکە وتی ئەوە بکە بەوەدا و خۆی هاتە دەرەوە. کوڕە لە پاشا ئەوەی کرد بەوەدا سەیری کرد خوێن پەیدا بوو. هەر هەستا دەرپێیەکەی دا بە شانیا گاڕامێک دانرابوو پەلاماری گاڕامی دا و بە هەڵەداوان هات بۆ لای دایکی و دەستی کرد بە جنێودان و گاڕمی بۆ بەرز کردەوەو وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


«دەویت باوک هەر ئیستە ئەتکوژم، کچی خەلکی بۆ خۆی دانیشتبوو تۆ هاتی وتت ئەوە بکە بەوەدا منیش وام کرد ئیستە کچ خەڵتانی خوێن بووگە تۆ بوویت وە سەوەوی ئەو قەتلە. هەر ئیستە تێن ئەمکوژن تا نەیانکوشتگم با تۆ بکوژم وا ئەو خوێنە ناهەقەت کرد وەریشمەوە».

دایکی زانی کوڕەکەی بوو بە زاوا هەرای کرد بۆ لای بووکێ و خەڵکیش کوڕەکەیان گرت. لە پاشا تییان گەیاند کە ئەوە هیچ نییەو شێوەی کوڕ بە زاوا بوون و ژن هێنان ئاوایە.

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

مەلا قادری دۆڵەچەوتی لە مزگەوتی ئێمە وتی: ئەوا رۆژێک تام لێهاتووە زۆر شپرزەم. چوومە سەر ئاودەستەکە دەستم داوەتە ژێر چەناکەم سەیرم کرد کابرایەکی شارەزووری هاتە دەستەکەی ئەو دیومەوە. دنیا پاش عەسر بوو، عەمەلەیی کردبوو پارەکەی وەرگرتبوو. ئەویش بەرەحەت لێی دانیشتبوو حسابی ئەکرد ئەیوت: چواردە پەنجایی ئەکاتە دە روپیە. شیرێکی پیا ئەهێناو ئەیوت نەوەڵلا پانزە پەنجایی ئەکاتە دە روپیە؛ شیرێکی‌تری پیا ئەهێنا. چوار روپیەی بۆ کراسی بلووری، شیرێکی‌تری پیا ئەهێنا.

وتی منیش لەم دیوەوە وتم: برا ئەویتری هەڵگرە بۆ سەراوی سوبحاناغا. وتی کابرا وتی: «کاورای شاری ئێژی جنۆکەی لێرەشا هەر واز نایەرن؟» هەر هەستا بەبێ ئەوە تارەت بگرێ لێیدا رۆیشت.

- لە سەردەمی خۆیا لە سولەیمانی جۆرە رابواردنێک هەبووە یەکێک لەوانە بووە کە دەستە دەستە و بەرەبەرە سەیرانیان ڕێک خستووەو چوون بۆ سەیران. یەکێک لەوانە سەیرانی «شەو کێڵ» بووە کە ئەچوون هەموو تفاقێکیان ئەبرد و شەو لەوێ ئەمانەوە. شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

جارێک توجارەکانی سولەیمانی لە بەهارا کۆ ئەبنەوە بنەو بارگە رێ ئەخەن و ئەچن بۆ «پیری شەوکێڵ». مەلا حەمەمینەشێتە هەبوو، ئەویش لە گەڵ خۆیان ئەبەن. پیری شەو کێڵیش دوورە بە شارەوە. ماکەرێک دێنن مەلا حەمەمین سواری ماکەرەکە ئەکەن، پێی ئەڵێن تۆ بە پێیان ناگەیتە سەر پیری شەوکێڵ سواری ئەم گوێدرێژە بە مەنجەڵێ ماستیش دێنن ئەڵێن ئەم مەنجەڵە ماستەش لە بەر دەمی خۆتا دانێ دەستی پێوە بگرە؛ وریا بە نەڕژێ. جار جار لە دواوە سووکە نەقیزەیەک بە کەرەکەوە ئەژەنن. کەر هەڵئەتیزێنێ لەوانەیە مەلا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


حەمەمین داکەوێ. پێی ئەڵێن مەلا حەمەمین بەمجۆرە تۆ ناگەیتە پیری شەوکێڵ ئەترسین داکەوی و مەنجەڵە ماستەکەش بڕژێ، چاک وایە داتبەستین بە سەر کەرەکەوە. مەلا حەمەمینیش ئەڵێ باشە.

ئەمجا گوریسێک دێنن شەتەکی ئەدەن بە سەر کەرەکەوە بە جۆرێک ئەگەر کەر خۆیشی بگەوزێنێتەوە مەلا حەمەمین هەر دانەکەوێ.

ماوەیەکی باش ئەڕۆن و نزیکەو هەوراز ئەبنەوە، مەلا حەمەمینیش بە سواری کەرەکەیەوە لە پێشەوەیە. ئەمجا دێنن نێرەکەرێکی رووتی تۆڕی بەهاری ئەخەنە دوای ماکەرەکەی لەمەڕ مەلاحەمەمین. نێرەکەر کە چاوی بە کەفەڵ و بن کلکی ماکەر ئەکەوێ بۆنێکی پێوە ئەکا حەیتەکەی یەرەق ئەبێ و بە بێ پەردە ئەپەڕێتە سەر ماکەر و لموزی توند ئەکا لە ناو شانی مەلا حەمەمین. مەلا حەمەمینیش بەسراوەتەوە ناتوانێ جوولە بکا، دەست ئەکا بە جنێودان و ئەڵێ: ئەم نێرەکەرە سەگبابە دوور خەنەوە، لە بەر زەڕەزەڕی نێرەکەر کەس گوێ بە قسەی مەلا حەمەمین نادا. نێرەکەریش لە بەر ئەوق و زەوق رێگای لێ تێک ئەچێ و وەکوو تێلا هەموو جار ئەیدا لە بن ران و پشتی مەلا حەمەمین. مەلا حەمەمینیش ناوێرێ دەست لە مەنجەڵە ماستەکە بەردا لای وایە ئەگەر دەستی لێ بەردا و ماست بڕژێ خوا غەزەبی لێ ئەگرێ. ئەمجا بە هەموو دەنگیەوە بانگ ئەکا: سەگبابینە بێن کێری ئەم نێرە کەرە بگرن با لە نوێژم نەبات.

- هەر شێخ محەمەد گێڕایەوە وتی:

جارێک حاجی مەلا شەریفی سەعاتچی بۆ نان خواردنی ئێوارە بانگی مەلا حەمەمینەشێتە ئەکاو پێکەوە ئەچنەوە نوێژی شێوان ئەبەنە مزگەوتی حاجی مەلا رەسووڵ. جەماعەت هەموو لە نوێژ و ورد و شتە ئەبنەوە مەلا حەمەمین هەر لێ نابێتەوە. حاجی مەلا شەریف ئەڵێ: مەلا حەمەمین خێراکە با بچینەوە. ئەڵێ مەلا حەمەمین هەستە با بڕۆین. ئەڵێ: سەبرکە جارێ پەلە مەکە. لە پاش بەینێکی‌تر حاجی مەلا شەریف دیسان ئەڵێ: مەلا حەمەمین چیت کرد؟ هەستە با بڕۆین درەنگە. مەلا حەمەمین ئەڵێ: «قوربان سەگبابەکە جارێ». لە ئەنجاما بە هەر جۆر بێ مەلا حەمەمین لە نوێژ و ئەوراد ئەبێتەوە هەڵئەستێ و لە گەڵی ئەچنەو بۆماڵەوە.

کە ئەچنەوە بۆ ماڵەوە حاجی مەلا شەریف لێ ئەپرسێ: مەلا حەمەمین! قوربانەکە یانێ چی و سەگبابەکە یانێ چی؟ ئەڵێ: «قوربان! سەگبابەکە بۆ ئەوە کە وازم لێ بێنێت و کەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.mibarn.org

هەڵسە هەڵسەم لێ دانیت. قوربانەکەش بۆ ئاشتیی دوایی بۆ ئەوە لە رووم هەڵبێت لە گەڵت بێمەوە».

- شێخ عومەری بیارە هێستریکی لە خانەقادا ئەبێ و ئەتۆپێ، لە پاش چەند ساڵێک پیاوێک خەڵکی هەورامانی تەخت دێت بۆ بیارە بۆ زیارەتی شێخ. شێخ لێی ئەپرسێ: «رۆلە تاتەت کەی عەمر خواش کەردەن؟» ئەویش ئەڵێ: «ساقەت بۆ! ئا ساڵە هەسەرەکەو شێخی بە رەحمەتو خوای شی، تاتەم تۆپا».

کابرا لە رووی هەڵنایە بڵێ ئەو ساڵە ئێسترەکەی شێخ تۆپی ئەو ساڵە باوکم مرد ناچار بەو جۆرە ئەڵێ.

- ناسرالدینشا خەیاتباشییەکی ئەبێ لە تاران ئەبێ بە ساقەی ت.، خەیاتەکانی سنە لە مزگەوتی «پیر عومەر» پرسەی بۆ دا ئەنێن. کابرایەکی کورتاندوریش پەستەکێک لە بەر ئەکا و سووژنێک ئەکا بە پەستەکەیا و کشتەکێک ئەخاتە ئەم لاو ئەو لای ملی و ئەچێ لە ژووری پرسەکەدا دائەنیشێ. یەکێ لە خەیاتەکان ئەمەی پێ ناخۆش ئەبێ پێی ئەڵێ هەستە بچووڕە دەرەوە. ئەویش ئەڵێ: «بنیشم بە سەکینەخانمی ژنتەوە! بوچە ئێمەگەل ئەهلی تەقەل نین؟»

- ئەم دوو قسەیە لە مەلا حەمەمینی کوڕی مەلا عەبدوڵلای مەریوانم وەرگرت.

ئەورەحمانی خامە لە سولەیمانی یەکێک ئەبینێ هەر پەلاماری ئەدا دەست ئەکاتە ملی و ماچی ئەکاتەوە و ئەڵێ: «بەقوربانت بم! سێ رۆژە لە سەر ئەم چەقی ڕێگایە راوەستاوم یەکێکی خەڵکی سولەیمانی بەرچاو ناکەوێ. وا ئێستە تۆ لە جێگای هەموو کەسەکانمی».

- وەکوو وترا شاری سولەیمانی رابواردنی سەیر سەیری تێدا بووە. خانەقای مەحمووی بەحەوز و باخەکەیەوە بە شۆخ و شەنگی لە مەلا ئەسعەد بەو لاوە بەو تەبیعەتی رابواردن و دڵتەڕیە کە لەو خانەقایەدا بووە سەردەمی رۆژێک لە رۆژانی رابواردوو دینێتەوە بیر. هەر شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

لە زەمانی مەلا خالدا لە خانەقا لە لێواری حەوزەکەوە بەڕو شتە رائەخرێ و دائەنیشن. لەو بەری حەوزەکەشەوە سەماوەر تێخراوەو چا ساز کراوە. ئێستکانە چا ئەخەنە سەر سینی

کتێبخانەی دیجیتاڵی

پاڵی پێوەئەنێ بە سەر ئاوەکەدا دێت بۆ ئەم بەر بۆ لای مەلاکان. کوتوپڕ لەو کاتەدا کە سینییەکە بە سەر ئاوەکەیەوە مارێک لە ناو حەوزەکە سەر دێنێتە دەرەوە. شێخ بابە عەلی ئەڵێ: ئای بریا لەم وەختەدا مشکێک هەبووایە بمانخستایەتە ناو ئەم حەوزە بمانزانیایە لە گەڵ ئەم مارەدا چی ئەکەن؟

مەلا زوبەیری باوکی مەلا سالحیش لەوێ ئەبێ کە ئەم مەلا زوبەیرە باپیری ئەم مەلا قادری بانگ بێژی ئێستەی خانەقای حاجی مەلا عەلی بووەو منی لێ بوو بووم بەخدری زیندە، دەست ئەبا قوتوە جگەرەکەی دەردێنێ و ئەڵێ: دەسا قوربان من هەموو وەختێ مشکێکی ئیحتایم پێیە. قوتو ئەکاتەوە مشک فرتە ئەکا و ئەکەوێتە سەر ئاوەکە ئەمجا مار و مشک لەو ناو ئاوەدا ئەیکەن بە شڵپ و هۆڕ و سینی و ئیستکان و چا بەو ناوەدا بڵاوەی لێ ئەکەن و ئەبێ بە سەیر.

- مەلا محەمەدی مەلا مستەفای کورد گێڕایەوە وتی:

لە سەردەمی حوکومەتی عوسمانیدا شێخێک هەبوو لە چنارە قەرزاری حوکومەتی بوو، کردبوویانە سەری و بە تەنگیان هێنابوو. ئەویش هانای بردە بەر حەمەپاشا و مەفرەزە بە شوێنیەوە. سەد لیرەی لە پاشا سەند بەقەرز و دای بە مەفرەزەکەو رزگاری بوو. ئەم قەرزەی دوا خست و هەر نەیهێنایەوە، پاشا کردیە سەری وتی: «براوە سەڵەف هانی وەرە وت بێریەوە». شێخە هەر گوێ نەدایەو نەیهێنایەوە، لە ئەنجاما پاشا ناردی گرتیان و هێنایان لە ژوورێکی تەنیشت ژوورەکەی خۆیا حەپسی کرد.

پاشا شەوێ لە گەڵ خێزانەکەیا دەستیان کرد بە گەمەو گاڵتەکردن نای بە ناوکیەوە وتی: «ئێژی کونی کەم؟» شێخە لەو دیوەوە گوێی لێ بوو بانگی کرد: «قوربان تازەکەی بۆ خۆت و کۆنەکەی بۆ من». پاشا وتی: «قوڕ وەسەر ئەقڵت تۆ بۆ خۆت لەوێ هەر لە ورگی خۆت بدە». ئیتر نازانم لە ئاخرا سەد لیرەکەی لێ سەندەوە یا نەیسەندەوە.

- ژنێک هەبوو لە کەرکووک لە بەر تەکیە، میمکە حەنیفی ناو بوو، زۆر پیر و پەرپووت بوو. بەم و بەو ئەژیا لێیان ئەپرسی میمکە حەنیف عومرت ؟ ئەیوت: «بە قوربانتان بم پێنج و حەو ساران».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی کەماڵەیی ئەچێتە سولەیمانی شەوێ لە ماڵی خانەخوێکەیا فرنی بۆ دائەنێن. کابرا بە ماستی تێئەگا قەت شتی وای نەدیبو فرنیش تازە تێکراوە زۆر گەرم بوو، ئەینێ بە سەرەوە هەر لە ناو دەمیەوە تا هەناوی هەموو ئەسووتێ لە روویشی هەڵنایە دەنگ بکا. ئەو شەوە هەر جینگڵ ئەدا، بەیانی ئەچێتەوە کە ئەگاتەوە ناو خێڵ و کورِ و کاڵ دەوری لێ ئەدەن و خەبەری شاری لێ ئەپرسن. ئەویش ئەڵێ: «برا هیچ لە شار نییە بەڵام چشتێکی چەرمگ هەس ئەگەر چاوتان پێکەوت دوو بست بەوری وەسەرەوە بوو برِوای پێ مەکەن. ئەو دەوێت باوکە مێیەو چووگەسە پێستی گورگەوە پیاو ئەسووتێنێ».

- ها تازە ئینگلیز هاتبوونە عراقەوە، زۆری پێنەچوو ئەیانویست «مەلیک فەیسەڵ»ی یەکەم ببێ بە پادشای عراق. بۆ ئەم ئیشە بیروڕای مەردمیان ئەویست و داوایان ئەکرد. ئینگلیزێکی زل هەبوو لە کەرکووک کردیە سەر خەڵکی وڵات کە لەم روەوە باوەڕی خۆیان دەربڕن ئایا مەلیک فەیسەڵیان ئەوێ بە شا یان نایانەوێ؟

مدیر ناحیەیەک هەبوو لە وڵاتی کەرکووک مەحموو ئەفەندیان پێی ئەوت. ئینگلیزەکە ئەویشی بانگ کرد و پێی وت تۆش قەڵەمڕەوی وڵاتی خۆت تاقی بکەوە. مەحموو ئەفەندی چوو پرس‌و ڕای هێنا و گەڕایەوە.

ئینگلیزەکە لێی پرسی: ها چۆن هاتویتەوە؟ وتی: «قوربان ئەیانەوێ». ئینگلیزەکە چاوێکی زیت کردەوەو وتی وەکوو بە سەرسامیەوە «ئەیانەوێ؟» مەحموو ئەفەندی کە سەیری چاوی کرد خێرا وتی: «قوربان نایانەوێ». ئینگلیزەکە دیسان چاوی زیت کردەوەو بەوە بە توورەییەوە وتی: «نایانەوێ؟» مەحموو ئەفەندی وتی: «قوربان ئەیانەوێ». چەند جارێک ئەم ئەیانەوێ و نایانەوییە هاتوو چووی کرد لە بەینیانا. مەحموو ئەفەندی سەیری کرد ئەمە کەڵک ناگرێ. لە پێشترا دو مەزبەتی دروست کردبوو یەکێ ئەیانەوێ یەکێ نایانەوێ. نایانەوێ لە گیرفانیا بوو ئەیانەوێ لە مستیابوو هەر دووکی دەرهێنا خستیە بەر دەستی و پەنجەی نایە سەر ئەیانەوێ وتی: «قوربان ئەمانە ئەیانەوێ»، پەنجەی خستە سەر ئەویتریشیان وتی: «قوربان ئەمانەش نایانەوێ؛ جا ئیتر فەرمانی خۆتانەو لەمە زیاتر ئیتر عەزیەتی ئێمەش مەدەن». ئەڵێ ئینگلیزەکە قاقا دەستی کرد بە پێکەنین و وتی: «بەراستی ئیش ئەوەیە کەتۆ کردووتەو ترِی منت برِی».

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahati.org

- شێخ مستەفای قەرەداغی لە متسەڕیفی کەوتبوو خەریکی محامات بوو. ڕۆژێک لە بەغدا لە کۆڕێکا دەردە دڵ ئەکا لە ئیشی حوکومەت کە ناڕوا. مەلا حەویزاغای کۆییش ئەو سەردەمە نائب بوو لە کۆڕەکەدا بوو، ڕوو ئەکاتە شێخ مستەفا ئەڵێ: «ئاخر قوربان ئەو سەردەمە کە جەنابت موتەسەڕف بویت لە هەولێر، ئێمەش هەر وامان ئەوت کەچی تۆ ئەتگرتین و لە بەندیخانەت توند ئەکردین».

شێخ مستەفاش ئەڵێ: «ئێستە ئەزانم کە ئەو وەختە ئێوە ڕاستتان ئەکرد».

- کابرایەکی ئەو خۆشناوە بارێ گۆزەو دیزە بار ئەکا و ئەیهێنێ بۆ هەولێر. لە قەراخ شار کابرایەکی باجگیری تووش ئەبێ و دارێک بە هەموو هێزی خۆی ئەدا بە لای بارەکەدا نیوەی ئەشکێنێ و ئەڵێ: «ئەم بارەت چییە؟» کابرای خۆشناویش ئەڵێ: «ئەگەر دارێکی تری پیا کێشی هیچ».

- مجەوەرێک لە «دێلێژە» هەبوو مام ڕەسوولی ناو بوو، شەوێک لە مزگەوت مەولوودی کرابوو هەموو دێلێژەیی کۆ بوونەوە. گەورە و بچووک هەر کە هەڵئەستا ئەیوت تو خوا مام ڕەسوول ڕەحمەت لە باوکت تۆزێ ئاوم بدەرێ، مام ڕەسوول ئەوەندە هەستا و دانیشتبووەو بە جارێ پەکی کەوتبوو. ئەمجا هەر کە بیوتایە مام ڕەسوول ڕەحمەت لە باوکت تۆزێ ئاو بدەرێ. ئەیوت: «لەعنەت لە باوکم و ئاوت نادەمێ».

- مەلا کەریمی بیارە گێڕایەوە وتی:

ئەوا لە سولەیمانی لە مزگەوتی بابەعەلیدا کۆڕێکین لە مەلاکانی بناری هەڵەبجە دانیشتوین. ئەوەندەمان زانی کابرایەکی ڕووتەڵە لە دوورەوە هات ڕووی کردە کۆڕەکە. شێخ نووری بابەعەلی وتی بە مەلاکانی بەری هەڵەبجەو بیارە ئێوە هەر ئەڵێن ئێمە بە هۆی شێخانی بیارەو تەوێڵەوە لە کەشف و کەرامەت تۆزێ تێگەیشتووین، ئێستە من نە لەو شێخانەم و نە هیچ لە گەڵ ئەوەدا کەرامەتێکیشتان بۆ ئەنوێنم. وتی وتمان چۆن؟ وتی: ئەم پیاوە وا لە دوورەوە دەرکەوت تەلاقی کەوتۆوەو تەلاقەکەشی چاک نابێتەوە.

وتی کابرا گەیشتە جێ و ڕووی کردە شێخ نووری وتی قوربان تەلاقم خواردووە و هاتووم بۆم چاک کەیتەوە. وتی وتووتە چی؟ وتی وتم هەر سێ تەلاقم کەوتبێ و بە هیچ شێخ و مەلایەک چاک نەبێتەوە. شێخ نووری وتی باوکم تەلاقت هیچی بە سەر هیچەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نەماوە، وەکوو خۆت وتوتە بە هیچ شێخ و مەلایەک چاک نابێتەوە. کابرا بە هەناسە ساردی هەستا لێیدا رۆیشت. وتی لە پاشا پرسیمان شێخ نووری ئەوا بە کەشف و کەرامەت زانیت ئەم کابرایە تەلاقی کەوتووە ئەی بە چیدا زانیت چاک نابێتەوە؟ وتی: «کەواکەی شڕ و تیلمە تیلمەبوو».

- مەلا حەمەمینەشێتە هەبوو وەختی خۆی لە سولەیمانی لە خانەقای مەولانا ژووریکیان دابوویە لەوێ ئەنووست. ژوورەکە قاپی نەبوو. حاجی فەقێ پێی ئەڵێ قاپیەکی بۆ دروست کەن من پارەکەی ئەدەم. مەلا حەمەمین ئەمەی زۆر پێخۆش ئەبێ هەر خێرا ئەچێ بۆ لای وەستا کەریمی دارتاش بۆ ئەوە قاپی بۆ دروست کا. وەستا کەریمیش ئەڵێ جا مەلا تۆ ئەندازەت نەهێناوە من چۆن قاپیت بۆ دروستکەم؟

مەلا حەمەمینیش ئەڵێ هەر ئێستا ئەچم ئەندازەکەت بۆ دێنم. ئەچێتەوە هەر چەند ئەکا نازانێ ئەندازەی ئەم دەرگایە چۆن بگرێ، ئەکەوێتە بیری کە بە باڵی خۆی ئەندازەکە بگرێ. هەر دوو باڵی رەپ ئەکا بەو جۆرە ئەندازەکە ئەگرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ لای وەستا کەریم.

لە ریگادا ئەکەوێتە چاڵێکەوە دەست ئەکا بە هاوار هاوار، پێ ئەزانن. یەکێک ئەیەوێ دەری بێنێ بە تەمایە بنەوێ لە پەلی ئەڵێ: «کورە نەکەی بنەوە لە ریشم با ئەندازەکەم لێ تێکنەچێ».

- مستەفا نەریمان گێڕایەوە وتی:

ساڵێک لەو گوێ سیروانە شوانێک لەو بەر ئاوەکە شوانێکی جافی بەرچاو ئەکەوێ. بانگ ئەکا هۆ هۆ شوان. ئەمیش ئەڵێ هۆ. ئەویتر لە بوارەکەوە بۆێ دێتە ئەم بەرەوە ئەڵێ: کوڕە شوانە تۆ نازانی من تاهای حەمەجانم چۆن ئێژی هۆ؟ وەکەلام ئێستە وەم تفەنگە ئەتکوژم. ئەویش ئەڵێ: برا کوشتنی گەرەک نییە بچۆرەوە ئەو بەر بانگ کە هۆ شوان منیش ئێژم «هۆ بەڵێ، هۆ بەڵێ ئیتر کوچکت لێ نەوارێ بۆچی ئەمکوژی؟»

- ئەحەی کڕنوو هەموومان ئەیناسین کە چۆن بووە. جارێک لەو شارەزوورە ژنێک منالێکی پێ ئەبێ هەر ئەگریێ و ژێر نابێتەوە. ئەحەی کڕنوو لەوێ ئەبێ پێی ئەڵێ: تو خوا خاڵەگیان ئەم منالەم بۆ بترسێنە بەڵکوو ژێر بێتەوە. خاڵە ئەحمەدیش چاوی قیچ ئەکاتەوەو روو ئەکاتە منالەکە ئەڵێ: «خوو لە قوزی دایکت بەم». ژنە ئەڵێ ئەی بێفەڕ! خاڵە بۆچی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


من وام وت؟ خاڵە حەمەدیش ئەڵێ: دایکم بۆچی من مەیموونم منالەکەت بۆ بترسێنم؟ منالێکە من بیترسێنم هەر ئەبێ وای بترسێنم پێی رازی نابێ ئەیکەمەوە بە شوێنی خۆیا.

- کابرایەک لەو بەر کێوە ژنێکی هێنابوو. ژنە لە پاش سێ مانگ خولامێکی تۆی بوو. پیاوە سەری سڕما وتی ئافرەت ئەمە چییە؟ ژنە وتی: پیاوەکە هیچی تێدانییەو وەرە تا حسابت بۆ بکەم. پیاوە وتی بەڵێ. ژنە وتی: ئەمە سێ مانگە شووم کردووە بە تۆ، بڵێ بەڵێ. وتی بەڵێ. ئەمەش سێ مانگە سکم پڕە، بڵێ بەڵێ. [وتی: بڵێ. ژنە وتی:] ئەمە نۆ مانگەکە. پیاوە وتی: وەڵڵا ئافرەت هیچ عەقڵم بەم وردە حسابە نەشکاوە.

- پیاوێک هەبوو مەلا مووسا و ژنێکی هەبوو خاخەجیجی ناو بوو. مەلا مووسا چوو بوو بۆ کاروان. لە پاش ماوەیەک کاغەزێکی بۆ خاخەجیجی خێزانی نووسی کە بەم زووانە ئەگەڕێمەوە بەرو. بەر ماڵ پاک کاتەوە. خاخەجیجیش وڵامی نامەکەی بەمجۆرە بۆ ناردوە:

بڵێن بە مەلا مووسا ئەو بەر و بەر دەرگا ئەو لێی ئەپرسێ
کردوومە بەو کاغەزە ئەو لێی ئەنووسێ
تا زووە بێتەوە هیچ لێی نەترسێ

- پیاوی هەبوو لەو شارەزوورە مارفی ناو بوو، هەر خەریکی گاو گۆتاڵ بوو. برایەکی هەبوو سەمینی ناو بوو. ئەم مارفە هەموو جار خەڵکی ئەترسان بە براکەی کەوا پیاو ماقوولی ماڵی شێخە. ڕۆژێک پێیان وت ئەرێ مارف سەمینی برات ئیشی چییەو بە چ جۆر لە ماڵی شێخ دایە؟ وتی: «خزمی خەزووری سەپانی لەتکە هەرمێ ماڵی شێخییە».

- کابرایەکی مایندۆڵی خۆی و کچەکەی و ژنەکەی زستان ئەبێ لە بەر بەفرو سەرماو سۆڵە ئەخزێنە ژوورەوە. ڕۆژێک ئاگریان کردبووەوە مەنجەڵێ بروێشی لە سەر بوو بە دەوریا دانیشتبوون. کچە مای بروێشەکەی ئەهێنایەوە کوتوپڕ پرشێک بروێش کەوتە سەر گۆنای کچەو زۆر عەزیەتی دا، وتی: «ئەی گووم تێکردی». باوکەکە دانیشتبوو هەڵیدایەوە وتی: «ئەی کێری کەرم بەقوزتا با، خۆ چێشتەکەت پیس کرد». دایکەکەش ڕووی کردە مێردەکەی وتی: «گووم کرد بەریشتا ئەوە بۆچ قوزی کچەکەمت دڕی؟» وەڵڵا لە سەر ئەمە ماڵ تێکچوو، ژلەژە کەوتە ئاوایی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مەلا حەمەمینەشێتە لە سولەیمانی جارێک کوڕ و کاڵ هەڵیئەخڕێنن و ئەیبەن بۆ کانی دۆمان. کە ئەگەنە ئەوێ ئەیانەوێ کەوشەکانی لێ بدزن بۆ ئەوە لەم رووەوە بەڵکوو سەیرانێکیان بۆ دروست ببێ. دارێک لەوێ ئەبێ ئەڵێن کێ ئەتوانێ بچێتە سەر ئەم دارە؟ خەڵکەکە یەکە یەکە ئەڵێن وەڵلا کەس ناتوانێ. ئەمانەش مەبەستیان ئەوەیە کە بەڵکوو مەلا حەمەمین بڵێ من ئەتوانم، ئەمجا بینێرنە سەر دارەکەو کەوشەکانی لێ بدزن.

سەرە دێتە سەر مەلا حەمەمین ئەڵێ دەسا وەڵلا من ئەتوانم. ئەڵێن: دە یاڵلا. ئەویش چاکی ئەکا بە لاداو کەوشەکانی دائەکەنێ و ئەیکا بە بەر پشتێنەکەیا و بە دارەکەدا هەڵئەزنێ. ئەڵێن ئەوە کەوشەکانت بۆ کوێ ئەبەی؟ ئەڵێ: «ئاخر نەوەک لەوێ ڕێگایەکم دەست کەوێ بۆ خانەقای مەولانا هەر لەوێ کەوشەکانم بکەمە پێم بڕۆمەوە ئیتر بۆچ بێمەوە خوارەوە».

- کابرایەک هەبوو لەو سەرشێوە مام وسووی ناو بوو. زۆر پیر و ئیفتادە بوو بوو. ژنێکی جوانی هەبوو عەنبەری ناو بوو. ڕۆژێک مانگی ڕەشەمێ بوو، مام وسوو سەیری کرد دوو پشیلە خەریکی گەمەو گاڵتەن؛ ئەمیش بایەکی تێکەوت بانگی کرد عەنبەر، عەنبەر خێرا وەرە. تا عەنبەر هات و خۆی ساز کرد مام وسوو بایەکی نیشتەوە، وتی: «عەنبەر هەڵیگرە بۆ مانگی ڕەشەمێی ساڵی دوایی».

- حەمە بەگی حاجی ڕەسووڵ بەگ گێڕایەوە وتی:

کابرایەک لە تاریەر هەموو ساڵێ کە عێل ئەڕوا بۆ کوێستان یا ئەگەڕێتەوە لە ناو دارو دەوەنەکانا خۆی دائەگرت جوانوو شتی لێ ئەدزین. ڕۆژێک خێڵ ئەڕواو هەر چەندە ئەکا دەرفەتی دەست ناکەوێ شتێک بدزێ، ئەیەوێ بگەڕێتەوە سەیر ئەکا وا لە دوای خێڵەکەوە پیرێژنێکی زۆر پیر گۆچانێکی بە دەستەوەیەوە هات. کابرای دزە ئەڵێ: خۆ من هیچم دەست نەکەوت با سەیرێ بکەم بۆ خۆم.

ئەچێ لە پشتەوە ئەڵێ «خوو»، لە گەڵ خوو کردن پیرێژن لە سەر گازی پشت ئەکەوێ و هیچ هەڵناسێتەوە. هەتیوەکە ئەڵێ وا چاکە بیگێم. ئەیگێ و لە پاشا لێی ئەپرسێ میمکە ئەوە ترسای؟ ئەڵێ: ئەرێ بەخوا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کابرا وتی ساڵی دوایی هەر لەو وەختەدا چوومەوە بۆ تاریەر تێفکریم پیرێژنەکە گۆچانێکی بە دەستەوەیەو بە ناو دەوەنەکانا ئەسوورێتەوە ئەڵێ: «خوو خووکەرەکەی پار بم وە قوروانت بێرەوە، بێرەوە میمکی خۆت بترسێنەرەوە».

## رشتەی مرواری

- ژنێکی هەورامی هەبوو ئاتەی ناو بوو، هاتە سەرو کاری مردن و گیانەلا. کوڕێکی مەلای هەبوو چووە سەری و دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنی و پێیوت دایە ئاگات لە خوا بێ. دایکەکەش پێی وت: «رۆڵە مەحەدم چێشەن ئاگام جەوی بۆ پاسە ئای ئاگاش جەمن بۆ».

- ئەحەی جاو هەبوو لە سولەیمانی پیاوێکی فەقیرۆکەو دەنگ بارێکێک بوو حەڵوای لە ناو تەبەقا ئەگێڕاو ئەیفرۆشت. هیچ عەزیەتی خۆیشی نەئەدا بە شێنەیی و لەسەر خۆ ئەچوو بە ڕێگەدا و لە ژێر لێوەوە بانگی ئەکرد حەڵوای نایاب.
ڕۆژی پیاوێکی خەڵکی ئەو دەشتی دزەییە ڕێی ئەکەوێتە سولەیمانی سواری ئەسپێک ئەبێ و بە تەنیشت ئەحەی جاوا تێئەپەڕێ. ئەحەی جاویش لە سەر کۆلانێک دانیشتووە لە بەر خۆیەوە حەڵوا ئەفرۆشی. کابرای دزەیی هەر بە سەر ئەسپەکەوە بانگی لێ ئەکا کە بایی نیو روپیە حەڵوای بداتێ. ئەحەش وردە وردە لە سەر خۆی ئەبزوێتەوە و هەر خنەخن ئەکا کابرا ئەڵێ: «کورە رابە رابە».
ئەحەی جاو لەمە تووڕە ئەبێ چونکە بە شێوەی سولەیمانی رابە ناوە بۆ رابعە، لای وایە ئەمە بە ناوەوە گاڵتەی پێ ئەکا پێ ئەڵێ: «کورەخۆت رابە، دایکت رابە، باوکت رابە». پاشان ئەحەی جاو تێئەگەیەنن کە ئەمە مەبەستی ئەوە نییە مەبەستی ئەوەیە کە یانی زوو کە. ئەحەش لە بەر خۆیەوە ئەڵێ: «جا بۆ ناڵێ خێراکە».

- کابرایەک هەبوو لە «کۆیسنجق» کەریمە گەوجیان پێ ئەوت. ئەم کەریمە گەوجە کوڕی حاجی مەلا ئەمینی کۆیی بوو. خەڵکوخوا سەریان ئەخستە سەری ئەیانوت کەریمە گەوج دنیا کێ ئەیخوا؟ ئەیوت: «کێ ئەیخوا! زمان لووسان تاس‌و لووسان بێ ئامووسان».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەک هەبوو لە سولەیمانی عەبە شێتیان پێ ئەوت. شێخ عومەری قەرەداغی -کە بە «ابن القرداغی» بە ناو بانگ بوو- هەموو جار پێی ئەوت: «عەبە شێت دوعای خێرم بۆ بکە». ئەویش ئەیوت: «یا شێخ هەر وەخت باست بکەن ئەکەویتەوە بیرم».

- حاجی مەلای جوانڕۆ ئەچێ بۆ ئەو دەشتی شیروانەیەو فەقییەکی تاڵشی لە گەڵ ئەبێ. لەو دەشتە تووشی شوانێکی جاف ئەبن. حاجی مەلا سەیر ئەکا ئەوا شوانە گالۆکێکی بە دەستەوەیەو کەرەکێکی خستۆتە لاشانی ریشی ماش و برنج بووە. بانگی لێ ئەکا: ئەرێ لالۆی شوانە لە کەیەوە شوانی؟ ئەویش ئەڵێ: مەلا ئەوەتی خۆمم ناسیگە هەر شوانم. حاجی مەلا بە فەقییەکە ئەڵێ ئێستە ئەم شوانە تاقی ئەکەمەوە چونکە ئەمە قەت ئاوەدانی نەدیوە. ئەڵێ: «لالۆی شوانە بە چیا ئەزانی خوا یەکەو دوو نییە؟ من ئەڵێم دووە.» شوانەش ئەڵێ: «مەلا من لە باوکمم بیستگە وتگیە خوا یەکە. باوکم لە باپیرمی بیستگە وتگیە خوا یەکە. باپیریشم لە باپیرە گەورەم هەر وەو جۆرە ئێستە وە کەلام خوا ئەگەر تۆ بێژی دووە دەکەمە ملت وەم گالۆکە سەرت وەک نێرکە تەشی لەو ناوەدا خول ئەخوا ئیتر بیوڕەوە».

حاجی مەلا وتی کە ئەمەم بیست دەستم کردە ملی و ناوچەوانم ماچ کرد و وتم ئیمانی تۆ لە هی من قایمترە.

- سلێمانی حەمەجانی روغزایی کچێکی شۆخ و شەنگی هەبوو زۆر کەس داوایان کردبوو نەیدابوو. لەوانە بوو ناوبانگی دەرکردبوو کە سلێمان ئەم کچەی نادا بەشوو، چونکە هەر کە ئەچووە خوازبێنی هەروا ئەگەڕایەوە دواوە. رۆژێک دەستەیەک لە کوێخای جاف لە گەرمیانەوە ئەچن بۆ خوازبێنی کچە بۆ یەکێ لە کورەکانی حاجی قادری روغزایی کە لە دایکەوە خزمایەتیان هەبوو لە گەڵ سلێمان خانا. رێ ئەکەون ئەم ریکەوتنەش ناوێکی دەرکرد کە چۆن سلێمان خان لە گەڵ ئەمانەدا ریکەوتووە؟ شوانێکی ماڵی سلێمان خان هەبوو لەو وەختەدا ئەویش لە دیواخان بوو لێیان پرسی: ئەرێ برا ئەمانە چۆن هاتن چۆن لە گەڵ سلێمان خان ریکەوتن؟ وتی: «بە خوا نازانم هەر ئەوەندە ئەزانم هاتن دانیشتن و قسەیان کرد و هەستان».

- لە دەوری شێخ رەزادا لە کۆڕێکا باسی قسەی کورتی پڕ مەعنا و شعری جوان ئەکرا وتیان ئەم شعرەی فردەوسی کە ئەڵێ:

پی مشورت مجلس اراستند نشستند و گفتند و برخاستند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر جوان و کورت و پڕ مەعنایە. شێخ ڕەزاش وتی وا نییە من لەوە کورتتر و جوانتر و پڕمەعناترم وتوە. وتیان کامەیە؟ وتی:

موختەسەر خۆشە قسە بردمە مەنزلگەهی خۆم    گرتم و خستم لێم بردو گونم کرد بە چوار

- لە زەمانی ئامانوڵلاخانی والیدا لە سنە پیاوێکی ڕەمشتی ئەچێتە لای پێی ئەڵێ: «قوربان بەراوی ئاوریز لە ڕەمشتا هی منەو ئێستە میرزا حەمەعەلی خانی زاوتی ئێوە ئیمساڵ لێ داگیر کردم. هاتووم ئەم شکاتەت لا ئەکەم». والیش ئەڵێ: لە کەیەوە ئەو زەویە بە دەستەوەیە؟ ئەڵێ: قوربان هەشتا ساڵێک ئەبێ بە دەست ئێمەوەیە. ئەڵێ: باشە هەشتا ساڵە بە دەست ئێوەوەیە با ساڵێکیش بە دەست زاوتەکەی ئێمەوە بێت.

ئەڵێ: قوربان کەواتە ئەم ماڵ و سامانەی ئێوەش کە چەند ساڵە بە دەست ئێوەوەیە با ساڵێکیش هەموو بۆ میرزا حەمەعەلی بێ. والی ئەڵێ: ئەم کابرایە بکەنە دەرەوەو لێیدەن. کابرا ئەڵێ: «بە دەردێکەوە هاتم بە دوو دەردەوە دەرچووم». والی ئەڵێ: بیگێڕنەوە ئەمجا فەرمانی دا کە زەویەکەی پێ بدەنەوەو کردیشی بە پیاو ماقووڵی خۆی.

- کابرایەکی بلباس هەبوو عەمەدی وەتمانی ناو بوو، لێیان پرسێ: ئەرێ مام عەمەد مام بایز لە لایەن دین و دیانەتەوە چۆن پیاوێکە؟ وتی: «بە خودای بابم خودای لێم هەڵناگرێ دیومە ڕۆژوان بخوا، بەلام نەمدیوە نوێژان بکا».

- ئەمە یەکێکە لە عبارەتی کوردی:

کاچوو ما دانی    ئادەی بزانم چۆنی ئەزانی؟

- پیرەژنێک لەو ولاتی قەندیلە مانگایەکی هەبوو. ساڵێک بەفرێکی زۆر باریبوو قەندیلی داپۆشیبوو. هیچ ڕەشایی بە دەرەوە نەبوو. پیرێژنە لە بەر بێ ئالیکی بۆ مانگاکەی حالی شڕبوو؛ جا ئەیوت: «خولایا بە سەدەقەی حومریت بم کێوی قەندیلی بکەی بە کاو مانگا لۆ کێم سەری ڕۆ تێکا بەلام بەخولای نایکەی بە قوربانت بم خولای».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حەمەی لاوە هەبوو ئەیوت: «غەیبەت دێت قورگت ئەگرێ، ئەگەر نەیکەی ئەتخنکێنێت».

خاران خوارزا مەزن کردن ماماں برازا بزر کردن

واتەخالەکان خوشکەزاکانی خۆیان زل کرد و بە گەورەیان کردن. مامەکان برازاکانی خۆیان ون کردن.

- پیاوێکم لابوو مام پیرداودمان پێ ئەوت. لە هەموو رویەکەوە بە راستی پیاوێکی سادەو ئەرامەندە بوو. رۆژێک لە قەوسی پایزا دانیشتبووین باسی رۆژ کورتی ئەکرد کە چۆن هیچی نەماوە بە جارێ کورت بوەتەوە. هەر یەکە لەم رووەوە قسەیەکی ئەکرد، وتم ها مام پیرداود تۆ چی ئەڵێی؟ وتی قوربان چی بڵێم؟ من هەر ئەوەندە ئەزانم هەر دەبێتە شەو رۆژ دادێت.
بە راستی من وا چووە دڵمەوە کە کەم وەسفی وا کورتی پڕ مەعنا کراوە.

- بارام بەگی ئەحمەد بەگی جاف وتی چوومە سنە چوومە لای ئایەتوڵڵا سەیرم کرد پشیلەیەکی تیسکنی زۆر جوانی کەللەزلی لە لابوو بە ئەندازەی دوو پشیلە هەبوو. لە بەردەمیا هەڵتووتابوو بە بست لێی جودا نەئەبووەوە. وتی: قوربان من پشیلەی وا گەورەو کەللەزلم نەدیوە. ئەویش وتی: «بەڵێ بارام بەگ کتکی ئایەتوڵڵا ئەشێ ئایەتوڵڵای کتکگەل بێ».

- لە گۆڕستانەکەی سەرگەت لە سەر کێلێک ئەم هۆنراوەیە نووسراوە:

ئەگەر مەزانی ئی بە چێش مەردەن نازەو ناخوونیش ئاو جزش کەردەن

- کابرایەکی کرمانجی ئەو دەشتی هەولێرە لە خزمێکی خۆی ئەپرسێ چ کەست لا هەیە؟ وتی: «کاکەو کاک نەبی، نەبیەپۆزەو پۆز بەراوە، غەزاییەو کامراوە، مندارەکانیشم لە دەورەیان وەستاوە».

- پیاوێکی خۆشناو دنیا زستان بوو هەر باران بوو شەوێ چووە دەرەوەو هاتەوە یەکێک لێی پرسێ: عاسمان کوونە؟ وتی: «وەڵڵا ئەبێ پشیلان لێستبیتیانەتەوە». مەبەستی ئەوە بوو کە ساماڵە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- عباس قولی سولتان برا گەورەی فەرەجوللابەگی ئەلمانەبوو. رۆژێک هەر دووکیان لە گەڵ زابتێکی ئێرانیدا ئەچنە دەرەوە بۆ گەڕان. ئەچنە سەر ئەرزێک فەرەجوللا بەگ قسە بۆ عباس قولی سولتان و زابتە ئێرانییەکە ئەکا ئەلێ: «قوربان! ئی ئەرزە موسەتەحە کە بە نەزەرو مبارکێت یاوو ئینە چەن سالا لەم یەزرع و لەم یەسمر بووە». عباس قولی سولتانیش ئەلێ: «فەرەجوللا ئی فلتە فلتە چێشەن مەواچی! واچە نەکالیان».

- فەرەجوللا بەگی ئەلمانە رۆژێک لە گەڵ ئاغا فەیزوللای دەبیرولمەمالک ئەچن بۆ لای عباس قولی سولتان. فەرەجوللا بەگ ئەیەوێ دەبیرولمەمالک بە عباس قولی سولتان بناسێنێ ئەلێ: «قوربان ئینە ئاغاو دەبیرولمەمالکا تەشریفش ئاوەردەن خزمەتو سولتانی عەرزش هەن». عباس قولی سولتانیش ئەلێ: « فەرەجوللا من ئی دەبیرولمەمالک و مەبیرولمەمالکە مەزانۆ. وە مەزانۆ چێش مەواچی؟ واچە ئا فەزێ ئامان».

- مەلا حسینی مەلا قادری بیارە لە هەڵەبجە لە پیاوێکی پرسێ: ئەرێ رەمەزانت گرت ئیمساڵ؟ ئەویش ئەلێ: «ئەرێ، نەژیم بۆ ساڵێکیکە».

- کوڕێک هەبوو ناوی دوابڕاو بوو. لە باوکی توورەبوو بوو هەموو جار قسەی خراپی پێ ئەوت. باوکەکەشی شکاتی لە لای خەڵک ئەکرد. خەڵکەکەش بە کوڕەکەیان ئەوت: بۆچ وای لە گەڵ ئەکەی؟ باوکتە ئەبێ خزمەتی بکەی و لە گەڵی چاک بێ. ئەویش وتی: حەقی کوڕ لە سەر باوک چییە؟. وتیان: «ناوێکی باش بنێ، خەتەنەی بکا، سەرەتا ژنێکی تۆزێ بنەماڵەش بێنێ بۆ ئەوە ئەولادەکەی باش بێ. پاش ئەمانە قورئانیشی پێ بخوێنێ.» کوڕەش وتی دە هیچ یەک لەمانەی لە گەڵ من نەکردووە. «ناوم دوابڕاوە، کێرم نەبڕاوە، دایکم تێهەڵدراوە، هیچیشم [پێنەخوێندراوە]».

ئەمجا خەڵکەکە وتیان بە باوکەکەی کەواتە وازی لێ بێنە.

- مەولوو لە بنەڕەتا خەڵکی سنەبوو عەبە پیزەش خەڵکی سولەیمانی بوو. رۆژێک لەسەر باسی ژن قسەیان ئەگێرێتە یەک. مەولوو ئەلێ: «بەهەشت بۆیە خۆشە چونکە ژنی تێدا نییە». عەبەش ئەلێ: «کە ژن لە جەحەنم دایە جەحەنم خۆشە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- جەماڵی جەمیل بەگ تەمەنی لە دەوری هەشت سالیدا ئەبێ. حەسەن بەگی جاف وتی لە وەختی خۆیا دەنگ و باس وابوو کە شوکری فەزلی شاعری هاو دەورەی شێخ رەزا نیرەمووک بووە. ئەم جەماله رۆژێک لە سولەیمانی ئەچێتە حەمامی مفتی سەیر ئەکا شوکری فەزلیش کە شێخ رەزا پێی وتووە «پورە شوکری» لە حەمامەوە پەشتەماڵێکی لە خۆیەوە ئالاندووە. لە بەینی پەشتەماڵەکەوە جەمال چاوی بە گەلو گونی شوکری فەزلی ئەکەوێ سەیر ئەکا کێری هەر بە قەد ناوکە خورمایەکە. ئەمیش منال ئەبێ شتی وای بە لاوە سەیر ئەبێ کە پیاوێکی وا زەلام کێری وا بچووکی هەبێ. ئەڵێ: «ئای ئای ئەم پیاوە کێری چەندە بچووکە». هەر کە ئەم ئەمە ئەڵێ شوکری فەزلیش جەمال ئەناسێ و بێ وەستان ئەڵێ: «رۆڵە بۆ منال گاین ئەوەندە بەسە».

- لە بلەسەن مەلایەک هەبوو مەلا وەلی ناو بوو، ژنێکی هەبوو «خاخازێ»ی ناو بوو. خاخازێ ئافرەتێکی سەر بە دەرەوەو قسەزان بوو. لە ماوەی ژیانیا مەلا وەلیش قورعانی پێ خوێندبوو. مەلا وەلیش خۆی قسەخۆش بوو. چاوێکیشی نەبوو. رۆژێک هەندێ فەقێ و مەلای ئەو دەورە ئەبن بە میوانیان. دیارە لە هەموو کۆڕێکا هەموو جۆرە قسەیەک ئەکرێ. لە سەری ئەو قسانەدا باسی کچ ئەکرێ کە بەلای مەزهەبی شافعییەوە چۆن وەکێ ئەیدا بە مێرد. لەمەوە قسەی لێ ئەبێتەوەو هەر یەکە ئەڵێ چ جۆرە کچێک باشە. سەرە دێتە سەر مەلا وەلی ئەویش ئەوەی بیزانێ ئەیڵێ. خاخازیش خەریکی ئیش و نان دروست کردنەو گوێی لە قسەکانی هەموویان ئەبێ. کە سەرە ئەگاتە سەر مەلا وەلی مێردی لە قسەکانی ئەو زیاتر توورە ئەبێ و ئیتر خۆی پێ ڕاناگیرێ. ئەڵێ: یەک چاوی بێفرە کەی وا ئەبێ؟ تۆ لە هەموویان نەزانتری. کچ ئەمانەیە: «کچی دەساڵان بیلبیلەی چاوان، کچی پانزە ساڵ دەسکە گوڵێکی ئاڵ، کچی کناچەی بیست ساڵی تەواو گۆشت و دوگێکەبۆ خاوەن حەساو، کچی سی ساڵان دایکی منالان، کچی چل ساڵان پیرێژنی ماڵان، کچی پەنجا ساڵ کوشتنیە حەلاڵ، کچی شەست ساڵی لەعنەتی لێ بێ لە خۆی و ماڵی». کە ئەم ئەمەی وت هەموویان ئیتر پەکیان ئەکەوێ.

- کابرایەکی لەک هەر خۆی هەڵئەکێشا کە پیاوێکی چاکە. ئەم لەکانەش دەستەیکن لە ئەترافی هەولێر؛ ئەو لەکانە نین کە کەریمخانی زەند لەوانە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا کابرایەکی کرمانجی هەولێری پێی وت: «ئەگەر چاکیت لەک نیت. ئەگەر لەکیت چاک نیت».

- پیاوێک هەبوو لە سنە ئامحەمەدی ناو بوو. شەڕی فەرامیرزا و هەورامییەکان دەستی پێکرد. فەرامیرزا سەرکەوت کە مەردم بە تەمای ئەوە نەبوون. ئەویش ئەیوت: «براگەل جەنگ چەند ئەندامێکی هەس لەشەکەی ئازاییە، دڵەکەی تەگبیرکردنە، چاوگەلی خۆ پاراستنە، باڵگەلی فەرمانبەردارییە، زوانەکەی فێڵ و تەڵەکەس، پێشڕەوەکەی نەرم و لە سەر خۆییە، راندەکەیچی سەر کەفتنە، هەر کەس ئەمانەی بوو لە جەنگا جەنگ ئەواتەوە».

- کابرایەک لەو سەر شیوی سەقزە ژنێکی هێنا و لە پاش سێ مانگ کوڕێکیان بوو. پیاوەکە لە ماڵ نەبوو، ژنەکە زەماوەندی گوێزەبانەی گێڕا. لەو وەختەدا پیاوە هاتەوەو لەم کارەساتە واقی وڕما وتی ئا سەبرکەن ئەمە چییە؟ رووی کردە ژنەکەی و وتی: چۆن لە پاش سێ مانگ مناڵ ئەبێت؟ ژنە وتی: پیاوەکە وا نییە تۆ نەتزانیوە وەرە تا حیسابت بۆ بکەم: «ناو جەژنان و دوای جەژنان و بەرە جەژنان ئەمە بۆ دۆ. گەلاوێژ و سەراوێژ ئەمە بۆ شۆ مانگی چلەو پێش چلە ئەمە نۆ. ئادەی تیەڵکە لۆتی چەقۆ». بەم جۆرە نۆ مانگی بۆ پڕکردەوە.

- مەلا مارفی کۆیی لەو موکریانە سەگێکی هەبوو زۆری خۆش ئەویست بۆ هەر کوێیەک بچوایە سەگەکەی بە شوێنەوە بوو. ئەم خۆی چی دەست کەوتایە بەشی ئەویشی ئەدا. بەکراغا هەبوو لە «قەباکەندی» رۆژێک پێی ئەڵێ مامۆستا ئەم سەگەت بۆچ ئەوەندە خۆش ئەوێ لە گەڵ ئەوەشا گڵاوە؟ ئەڵێ: «برام شەڕی خۆیم لێ لا ئەدا، شەڕی خەڵکم لێ، دوور ئەخاتەوە، لە سەر شتێکی زۆر کەم کلکە سووتێم بۆ ئەکا، بەیانی و ئێوارە پاسەوانیم ئەکا، لە ناو هەموو حەیوانێکا هەموو دەم لە گەڵمایە، لە هەموو کەس خۆشتری ئەوێم، دوو زمانیم لە گەڵ ناکا، لە پاشملە باسم ناکا».

بەکراغاش ئەڵێ: «بریا مامۆستا من ئەو سەگە بومایەو تۆ وەسفت بکردمایە وەیا تۆ ئەو کەسە بوویتایە کە ئەو وەسفانەی تیایە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- سۆفی مەحموو هەبوو مجەوری خانەقای مەحوی بوو لە سولەیمانی. راستی بە دەما نەئەهات. رۆژێک مەحوی ئەیگرێ ئەڵێ: سۆفی مەحموو تۆ قەت راستت کردووە؟ ئەویش ئەڵێ: قوربان ئەگەر ئەمەم بۆ راست نەژمێرێ ئەمووت نەء».

- مەلا یوسف هەبوو لەو سەرشیوی سەقزە ماشائەڵلا زۆر زۆر ناشیرین بوو. ژنیکیشی هەبوو مەلا ژن پیرۆزی ناو بوو. مەلا ژن پیرۆز لە جوانی و شۆخیدا لە هەموو سەرشیوی سەقز ناوی دەرکردبوو. لە گەڵ ئەم جوانیەشیا بۆ ئازایی و شازنی هەر بە پەنجە نیشان ئەدرا. مەلا یوسف هەر ئەوەندەی خۆش ئەویست مەگەر هەر مەلا ژن پیرۆزی لەو خۆشتر ویستایە مەلا ژن پیرۆزیش هەر نەخوێندەوار بوو.

مەلا ژن پیرۆزیش سەیری مەلا یوسفی مێردی ئەکا و چاوی لێ ناتروکێنێ. مەلا یوسف ئەڵێ مەلا ژن پیرۆز ئەوە بۆچ وا بە کوڵ سەیرم ئەکەی؟ مەلا ژن پیرۆز ئەڵێ: «باوکی محەمەد ئەزانم خوا هەر دووکمان ئەخاتە بەهەشت و لەوێشا هەر پێکەوە ئەبین». ئەڵێ چۆن؟ بە چیا ئەزانی؟ ئەڵێ: تۆ لە سەر شوکر کردنت بە من، منیش لە سەر سەبر کردنم بەتۆ. خوا جەزای شوکر و جەزای سەبر هەر دووکی ئەداتەوە.

- حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەی کۆیە ئەچێت بۆ بەغدا بە ناوبانگی مفتی زەهاویەوە بۆ چاو پێکەوتن و زیارەت کردنی. پاش ئەم دیدەنیە ئەگەڕێتەوە بۆ کۆیە. ئەمجا خەڵک لێی ئەپرسن: «قوربان تۆ مەلاتری یا مفتی زەهاوی؟» ئەویش ئەڵێ: «هەر دووکمان مەلاین ئەوەندە هەیە من شوێن کتێب ئەکەوم، مفتی زەهاوی کتێب شوێنی ئەو ئەکەوێ».

- ژن مووی درێژەو ئەقڵی کورتە.
- یەکێ ژنێکی هەبوو دوژمنێکی هەیە.
- باوەڕت بە ژنەکەت هەبێ ئەگەر دایکت چاوێری بکا.
- ئەگەر هەور چوو لۆ بادینان خۆ هەڵکوتە لۆ کادینان. ئەگەر چوو لۆ شارەزوور بچۆ لۆ ڕێگەی دوور.
- ئەگەر هەور چوو بۆ بانە بچۆرە یانە. ئەگەر چوو بۆ هەورامان بچۆ بۆ کاروان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


– شێخ قادری شێخ سعید لە گەڵ شێخ حەمەغەریبا کێشەیەکیان ئەبێ. شێخ حەمەغەریب لە سەر ملک شکات لە شێخ قادر ئەکا. لە ژووری مەحکەمە شێخ قادر تووڕە ئەبێ لە شێخ حەمەغەریب ئەڵێ ئێوە کەی پیاو بوون بەرانبەر بە ئێمە؟ باوک و باپیرتان هەر پیاو ئێمە بوون وا ئێستە تۆ هاتووی بەرانبەر بە من رائەوەستی.

شێخ حەمەغەریب ئەڵێ: «راست ئەکەی باوکم پیاوی باوکت بووەو باپیرم پیاوی باپیرت، چونکە ئەوان پیاو بوون؛ بەڵام ئێستە تۆ پیاو نیت و کەس نابێ بە پیاوت».

– ئەو جا «سەی ساق» لەو شارەزووره دۆمی تیا دا ئەنیشت. ئەم گوندەش هی وەسمان پاشای جاف بوو. وەسمان پاشا رۆژێک بە تایەر بەگی کوڕی ئەڵێ بچێ سەرانەو موڵکانەی سەی ساق بێنێت. ئەویش ئەمەی پێ ناخۆش ئەبێ و کاتێ کە ئەیەوێ لای وەسمان پاشا دەرچێ ئەڵێ:

من بە تاجی خوسرەوی و جامی جەهان بین گەف ئەکەم
تۆ بەمامووری سەرانەی دۆم و خەڕاتم ئەکەی

وەسمان پاشا کە گوێی لێ ئەبێ پێی ئەڵێ: «برا بگەڕێوە شاعری خۆت بۆ خۆت و سەی ساقی خۆم بۆ خۆم».

– مەلا محەمەدی «بەروێن» هەبوو کە بە مەلا قوەیسەن ناو بانگی دەرکردبوو. دەستی شاعری هەبوو، ئەگەڕا بە ناوی ئەو عەشرەتی فوایی و باوەجانیەدا. بچوایەتە دیواخانی هەر کوێخایەک کوێخا ژن لە بەر ئەوە نە وەک مەلا قوەیسەن بە شعر ناوو ناتۆرەیان لێ دەرێنێ خزمەتێکی زۆری ئەکرد.

رۆژێک ئەوا دەمە دەمی عەسرەو شەستە باران رەهێڵە ئەکا، ئەچێ بۆ بنکەیەکی باوەجانی. هەر لە دوورەوە لە ئاواییەوە چاویان پێ ئەکەوێ و ئەیناسن کە ئەمە مەلا قوەیسەنە. خەبەر ئەدەن بە ماڵی کوێخا کەوا مەلا قوەیسەن هات. کوێخا لە ماڵەوە نابێ، ژن لەرزی لێ دێ کە ئێستە نە نیوەڕۆیەو نە ئێوارە، هیچ حازر نییە چۆن مەلا قوەیسەن بەرێ کا؟ ئەگەر باشیش خزمەتی نەکا زمانەکەی شڕە لەوانەیە حەیایان بەرێت. تا ئەم خەریکی ئەم فیکر کردنەوەیە ئەبێ مەلا قوەیسەن لە دەرگای دەوارەوە سەر ئەکا بە ژوورا.

کوێخا ژن ئەچێ بە پێشوازیەوە عەباکەی لێ ئەستێنێ و ئەیکا بەسنگی دەوارەکەدا. ئاگردانێ ئاگر ئەکاتەوە حەو جۆشی ئەخاتەلاو هەر بە دەورەوەبەری مەلادا دێ و بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماریفەت نواندن مەلا لەوانە نییە شەوی بمێنێتەوە. کوێخاژن ئەچێ تەشبیەکی گەورە هەنگوین دینێ دوو چنگی چاکی کەرەی ئەخاتە سەر لە گەڵ دەستە بەریەک نانی هەورامیدا بۆی دائەنێ، پێی ئەڵێ: لە رێگاوە هاتووی دنیا سارد و بارانە رەنگبێ برسیت بێ جارێ تۆزێ لەم هەنگوین و کەرەیە بخەرە بەر دڵت بۆ ئێوارەش خرتێک ئەکوژینەوە. ئەشزانێ مەلا نامێنێتەوە بۆ ئێوارە بەلام ئەم هەموو ماستاو کردنە هەر بۆ ئەوەیە کە مەلا زەمیان نەکا.

مەلا لە بەر ئەوە برسی ئەبێ ئەوەندە هەنگوین و کەرە ئەخوا هەتا لە لووتی دێتەوەو هەنگوین ئەیگرێ، رەپ لێی رائەوەستێ. لە پاش ماوەیەک تۆزێ دێتەوە سەر خۆی و ئەڵێ عەباکەم بۆ بێنە ئەڕۆم. کوێخاژن ئەڵێ بە قوربان چۆن ئەڕۆیت؟ تۆ فەرموو بەرەکەتت هێناوە ئەبێ ئیمشەو لێرە بیت کوێخاش دێتەوە لەخزمەتتا ئەبێ. ئەڵێ عەباکەم بۆ بێنە ئەبێ بڕۆم ئەم شعرەش بدە بە کوێخا:

وە تیکەی هەنگوین پەنگی چنێمۆ    ئاوی چییەیی داوە گونێمۆ[1]

مەعناکەی ئەوەیە ئەڵێ: «بە پاروویەک هەنگوین هەناسەی لێ بڕیم ئاوی ساردی دا بە گونمەوە». ئەمەش ئیشارەیە بەوە ماین دێتە فاڵ بیانەوێ ئێستری بێ نێرەکەری ئەخەنە سەر جا ئەگەر ئەوە نێرەکەر زۆر لێ پەڕی دێنن ئاوی سارد ئەکەن بەکێر و گونیا بۆ ئەوە ئیتر لێی نەپەڕێ وا دیاربوو کوێخا ژن ئەم هەموو ماستاوەی بۆ مەلا قوەیسەن کرد هیچ کەڵکی نەبوو.

- دەنگ وایە مفتی زەهاوی وتوویە نالی ئەم هۆنراوەی:

ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقویەتی سەبەب دەکا
عارفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب ئەکا

بە منا وتووە. هەر وەها قسەکەی مفتی و هۆنراوەکەش جگە لە مەعناکەی خۆی ئەوەش ئەگەیەنێ کە مفتی خێل بووە.

- حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە بەینی لە گەڵ مفتی زەهاویدا زۆر خۆش ئەبێ. مفتی زەهاوی ناوی محەمەد و کوڕی ئەحمەدە؛ «٩٨» ساڵ ژیا. حاجی مەلا عەبدوڵلا ئەچێ بۆ زیارەتی دۆستی کۆنی مفتی زەهاوی. لە دیوەخانی مفتیدا دائەنیشن و گەلێ لە عالمەکانی

---
١- پەنگ: هەناسەیە. چییەیی: ساردی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەغدا لە دیواخانەکەدا ئەبن. حاجی مەلا دیت بە تەعریفیداو و وەسفی ئەکا. مفتیش لەو لاوە دانیشتووە سەری داخستووە ئەمجا حاجی مەلا باسی مەسائلی علمی ئەکا لە گەڵ تەعریفەکەی مفتیدا. بە مفتی زەهاوی ئەڵێن قوربان گوێت لە قسەکانی مەلا عەبدوڵلایە؟ مفتیش ئەڵێ: «من بۆ قسەکانی کاکەولا گوێم خێلە».

ئەمە گوزارشتێکە تەنها مفتی زەهاوی وتویەتی خێلی بۆ چاوە. چاو کە خێل بوو شتێک بە دوو شت ئەبینێ، ئەمیش ئەڵێ من بۆ قسەکانی حاجی مەلا ئەوەندە خۆشن بەلامەوە هەر قسەیەکی بە دوو قسە وەر ئەگرم.

- ئاڵتوون ئەفەندی هەبوو لە گاورەکانی سولەیمانی بوو. پیاوێکی بالا بەرزی باریکەلە کەوایەکی درێژی ئەکردە بەری قایشێکی باریکی ئەکرد بە پشتێن، سەدارەیەکی ئەکردە سەری، دەستی ئەخستە پشتیەوە و وردە وردە لە گەڕەکی گاورانەوە ئەچوو بۆ ناو بازاڕ. لێیان ئەپرسێ ئاڵتوون ئەفەندی ئەو ئایەتە لە قورعانا کە ئەفەرمووی «فالهمها فجورها و تقواها» مەعنای چییە؟ ئەویش بە بێ وەستان ئەیوت: «یانی هەڵمەتی بردوو فڕووجەکەی گرت و قووتی دا». ئەیانوت ئەی «الم تره کیف» مەعنای چییە؟ ئەیوت: «ئا» لەم تەڕە کەیفە».

- شێخ مستەفا تالەبانی هەبوو کە باسی خراپی یەکێکی بکردایە ئەیوت: «هەی تول بێ و شل بێ و کول بێ و لە دەرمالی کۆلی بێ».

- حاجی قادری روغزایی هەبوو ساڵێک ئەچێ بۆ حەج و لە رێگادا سواری حوشتر ئەبێ. پاشان باسی حوشتر ئەکا ئەیگرێتەوە و ئەڵێ:

کە چووم بۆ حەج لەو دەشتی عەرەبستانە غەزەوێکی خوایان هاورد و ناویان ناو حوشتر. حوشتر، حوشتر نەو تاوێریک وو؛ ملێکی پێچ و قەمچ. ئەو ساڵە چوو بوومە دیواخانەکەی سەی ئەحمەدی بابە رەسووڵ لە سولەیمانی شتێکیان بۆ هاورد پێیان ئەوت «نێرگەلە»، شتێکی پێچ پێچی پێوە بوو ئەتوت سوجەماری شارەزوورە. لە باتی ئەوە بکیفێنێ قۆرتە قۆرتی لێوە ئەهات. ملی ئەو حوشترەش لەو مارپێچە ئەچوو. لەباتی ئەوە قۆرتە قۆرتی لێوە بێ، بۆڕە بۆڕی لێوە ئەهات. هەر ئەوەندە بەرزوو ئەتوت چوار هەسوونت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خستگەسە سەریەک. کاورایەکی گولەکەی عەرەبی لە گەلاوو هەر لە گەل پێ ئەوت یخ خێرا پخی ئەکرد.

کاورا بە منی وت بێ سوارەوە. منیش چووم سواری بووم. ئەمجا کاورا پێی وتەوە «خیی» ئەوەندەم زانی حوشتر کەوتە جوولە بۆرەیەکی کرد لمۆزی توند کرد لە زەوی پاشەلی بەرز کردەوەو پاشان هەر دوو دەستی بە دوو جمگەوە قوت کردەوە. سەیرم کرد من کەوتمە شەک و شۆک وا خەریکم رووەو عاسمان ئەچم، وە قەورەکەی حەمە پاشا ئاگام لە خۆم بڕیا کە حوشتر راست بوەوە من لە بەینی زەوی و عاسمانا وەکو قوتەی مل نێرگە کاردووم لێهات. خێرا پەلامارمدا توند دەستم گرت وە کۆپانەکەیەوە. حوشتر ملی وا درێژ کەچی کلکی ئەتوت کلکی مار مێلکەی بڕیاگە.

ئێمە ماینە بۆرەمان هەس دەست و قاچی هەر یەکە کلاوەژنۆیەکیان هەس، کەچی ئەو دوا وڕاوە وەکوو بەرچیغی شکاو لە دوو لاوە دەست و قاچی ئەشکایەوە لەو سەرەوە وەکوو قەورەکەی باوە شاسوار کەوا بە سەر گردەکەوە، ئەویش شتێک وە سەر پشتیەوەو و کاورای فیقنەی عەرەب ئەیوت ئەمە دووگەکەیەسی. وتم کورە کوچکی تۆی لێ نەوارێ دووک وا لە دواوەخۆ هیچ نەوێ من مەڕە پەرەکەی خۆمانم دیگە دووکەکەی وە سەر قنگیا شۆڕ بووگەسەوە تۆ شێت بووگیت ئێژی ئەوە دووگیەسی. من فرەم وت و ئەو فرەی وت هیچ نەچوو وە گوێچکەیا.

دوو گوێ بچکۆلەی وەکوو گوێچکە مشکی هەبوو. کاوێژی ئەکرد وەکوو گا، کەچی پشقلی ئەکرد وەکوو بزن. ئەی بەردت لێ نەوارێ بۆ دەعبای وا.

خۆ لەو سەرەوە من زیڕەم کردو خوا بکا ئەوی دوژمنیشتە تووشی غەزەوی وا نەوێ. بۆچ ئەموێرا جیقە بکەم. کاورای فیقنەش هەر پێی ئەوتم خاڵە حاجی وا نزیک بووگیتەوە لە خوا. کە چوویتە کاوە بە تەواوی ئەچیتە ماڵی خوا. وتم ئۆ برا بەڵا لە خۆت و لەم نزیک بوونەوەو لە ماڵی خواتدا ئەگەر ئەم جارە رزگارم بوو لەم غەزەوی خوایە و بە ساغی گەیشتمەوە ژێر دەوارەکەی دەشتی شارەزوور، جاریکیکە من ویت و تۆوە بکەم گووی وا نەخۆمەوە.

- یەزیدیەکان ئەڵێن:

هەژدەی ئاداری مەلەکە زین هاتەخارێ، دەنگ کرن بهارێ، هەتا بیست و چهارێ سەری دارێ خەملێ بنی دارێ کەملی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دیسان ئەڵێن: ژنا جوان دەردی بێ دەرمان، نتێ کوشتن، نتێ بەردان.

- لە کوردەواری پیرێژنان کە بە شەو منالان ئەکەنە خەو ئەم رستانەی خوارەوە بە دەوریانا ئەخوێنن و فوویک ئەکەن بە دەوریانا کە دەستی پێ ئەکەن ئەڵێن:

یا سەی سەروەر، یا خواجەی قەمەر، بەشقی سلیمانی پێغەمبەر دەمی مار و چزووی عەقرەو بخەینە قەمەر، هەتا سبەینێ خۆری ئەکەوێتە سەر.

- لە شەوی معراجدا ژنە سەرەکان ئەم رستانە ئەخوێننەوە:

زەللەکە زەلیلەکە، کەمەر بەستەی خەلیلەکە، ئەمشەو شەوی نوورانە، رەسوولەڵلامێوانە، کلیلم دایە دەس جەبار، با محەمەدی نازدار.

- لەو ولاتی شێخان و بادینانە فەلەیەکی زۆر لەوێ دانیشتبوون هەموو گوندەکان هەر فەلە بوو. «مستواغا» هەبوو لەو دەورو بەری ئامێدیە. ئەم مستواغایە هەموو دەستەو عەشرەتەکەی هەر ئەوە بوو کە لە گوندەکەی خۆیا بوون، فەلەکانیش زیاتر لە سەد گوندیان هەبوو. مستواغا بەر بەرەکانێ ئەو هەموو فەلانەی ئەکرد هەر چەند پەلاماریان ئەدا هیچیان پێ نەئەکرا، ئەمیش کە پەلاماری ئەوانی ئەدا زیانێکی زۆری لێ ئەدان و کوشتارێکی فراوانی لێ ئەکردن. گەورەی ئەم فەلانەش «مارشەمعون» بوو.

گەلێ ساڵ ئەم دوژمنایەتیە درێژەی کێشا فەلە لە گەڵ مستواغادا هیچیان پێ نەکرا لە ئەنجاما مارشەمعون وتی ئێمە هەموو لەم ولاتەدا دانیشتووین ئەم شەڕ و ناکۆکیە تاکەی درێژە بکێشێ لە بەینمانا؟ چاکتر بۆ هەر دوولامان ئەوەیە ئاشتی بکەوێتە بەینمانەوە. هەستا بەخۆی و سەد سوارێکی فەلەوە هات بۆ مالی مستواغا و خزمەتێکی باش کران. لە پاش ماوەیەک والی موسڵ ناردی بە شوێن مستواغادا و پێ وت مادام مارشەمعون هاتووە بۆ لای تۆو ئاشتی کەوتۆتە بەینمانەوە، من حەز ئەکەم تۆیش بچێت سەرێ لەو بدەی و منیش دێم پێکەوە ئەچین بۆ ئەوە ئیتر ئەو دوژمنایەتیە بنەبڕ ببێ. مستواغاش وتی باشە.

ئەمانیش بە چەند سوارێکەوە لێیاندا رۆیشتن. کە مارشەمعون خەبەری زانی دیواخانێکی گەورەی هەبوو رازاندیەوەو پێشوازیەکی باشیشی کردن. مارشەمعون هەژدە کوڕی تفەنگ بە دەستی هەبوو مستواغا سەیری کرد هەژدە تفەنگی تەلێعە لە ناو دیواخانەکەدا بە دیوارا هەڵواسراون و هەر یەکە دوو قەتارە فیشەکیان بە سەرەوەیەو کوڕەکانیش لەو لاوە بەریزە دانیشتوون. وتی مارشەمعون ئەمانە رەنگبێ تفەنگێ ئەم کوڕانە بن؟ خوا هەر زیادیان کاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەمریان درێژ کا. مارشەمعون وتی: «بەڵێ ئاغا هی ئەوانە بریا هەژدە نەبوونایەو تەنها یەکێک بوونایەو یەکەکەش وەکوو تۆ بوایە».

- کاروانێکی «دەلۆ»یی لەو گەرمیانە ئەچن بە سەر سەید فەتاحی جەباریدا. کاروانەکە نۆ کەس ئەبن ئەڵێن: «سەید ئیمشەو بە نان و دان و گانەوە میوانتین».
ئەویش ئەڵێ: «نان هەیە دان هەیە بۆ ئەویتریش ئافرەتێکی دەلۆییمان لە مالایە نۆ لۆی بۆ ئێوەو لۆیەکی بۆ من».

- چەکی ژن لە کاتی خەما فرمێسکیە؛ لە خۆ پاراستنیا قیژە قیژیە؛ لە کاتی بەزینیا بێ دەنگیەتی؛ لەچەلەحانێدا پێ کەنینیە».

- مەلا ئەحمەدی لاسوور لە موکریان مەلایەکی بەناوبانگ و لە گەڵ ئەوەش بە هۆی شان و قۆڵی خۆیەوە ئەژیا، هیچ ئاتاجێکی بە نانی مەلایەتی ئەو ولاتە نەبوو.
حەریق شاعری بە ناو بانگ رۆژێک ئەم مەلا ئەحمەدی لاسوورە ئیشێکی پێ ئەبێ یەکێ ئەنێرێ بۆ لای کە ئیشەکەی بۆ بکا. بانگیشتنیشی بکا بۆ لای خۆی لە سەرەی ئەو شتانەدا کە ئەیداتێ «کالەک»یشی بداتێ؛ چونکە مەلای لاسوور بیستانە کالەکێکی نایابی هەبوو. جا کالەک بێت و هی موکریان بێ و مەلای لاسوور کردبێتی ئەبێ چۆن کالەکێک بێت؟ بەڵام حەریق کە دیت مەلا کالەکەکەی ناداتێ حەریقیش ئەمەی بۆ ئەنووسێ:

مەلا وەعدەی بە کالەکدا شکاندی    خەیالێکی لە دڵدا بوو گەیاندی
ئەگەر ئەمزانی کاری تۆیە لاسوور    بە لای رەشتا بەسووکی ئەمتراندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## ڕووداوەکانی ڕابووردوو

ساڵێ «١٩٣٢» بوو، بۆ یەکەمجار رادیۆ هاتە شاری سولەیمانی. ئەو چاخانەیە کە پێیان ئەوت چاخانەی «حەمە رەق» و شوێنەکەی لەم لای ئەسحابە سپی و لە سەر بازاڕی کورتاندورەکان بوو. جادەکەی مەڵکەندی لە سەرەوە ئەهات بە بەردەمیا و ئەچوو بۆ بازاڕ لە دواییدا. ماوەیەکیش ئەو چاخانەیە «مەجۆلی خامە»ی بە سەرەوە بوو. جا خاوەنی ئەو چاخانەیە یەکەم کەس بوو کە رادیۆی هێنایە شاری سولەیمانی و لە چاخانەکەی خۆیا داینا. لەو سەردەمەدا رادیۆ وەیا بڵێن ئێستگەی رادیۆ هەر بە ئێواران ئیشی ئەکرد. هەرا کەوتە سولەیمانیەوە کە شتێک هاتووە قسە ئەکا و لە رواڵەتا هیچ زەلامیش نییە.

هەر لە پاش بانگی شێوانەوە پیاوانی سولەیمانی لە مەڵکەندی و سەر شەقام، کانیسکان و سابوونکەران، دەرگەزێن و گوێژەوە بۆی ئەکشان بۆ ئەو چاخانەیە بۆ سەیر کردنی ئەم مۆجزەیە کە هاتووە؛ سا کێ پیاو وایە زووتر بچوایە جێگای خۆی بگرتایە نە کورسی چاخانە جێ ئەبووەوە نە سەر ئەرزەکە جێ ئەبووەوە، ئێقی ئەدایەوە بۆ سەرجادەکە. دەرزیت هەڵخستایە نەئەکەوتە زەوی.

مۆجزە ئەکەوتە کار و بە زمانی عەرەبی قسەی ئەکرد. خۆ کەس لێی تێنەئەگەیشت، بەلام دەنگێکی لێوە ئەهات. خەڵکەکە لەوە واقیان ورمابوو کە ئەم دەنگە چییە لەو دارە رەق و تەقەوە. یەکێ ئەیوت زەلامە لە ناویا قسە ئەکا، یەکێ ئەیوت ئەمە سحر و جادووە، زۆریش لە سەر ئەوە بوون کە ئەو قسەیە «میل»ە سوورەکە ئەیکا. ئەوە ئێستە من ئەڵێم میل ئەگەینا ئەو وەختە بە میل نەئەبرا بەڵکوو بە ماسی ناویان ئەبرد. ئاخر بڕیاری زۆرتری خەڵک هاتە سەر ئەوە کە ئەو دەنگە دەنگی ئەو ماسییە سوورەیەو ئەو ماسییە قسە ئەکا. ئەگەر لە ئێمەش ئەپرسێ ئێمەمانان لە سەر جادەکەش جێگامان نەئەبووەوە.

- ساڵێ «١٩٣٤» بوو کارەبا پێنج ساڵێک بوو هاتبووە سولەیمانی بەلام کەس ئاگای لە پانکەو مانکە نەبوو؛ بە تایبەتی ماڵان.

حاجی مەلا عارفی بستۆ چوو بوو بۆ بەغدا پانکەیەکی «مارللی» هەژدە ئینجی هێنا بوو. ئەوە یەکەمجار بوو پانکەی مێز بێتە سولەیمانیەوە. حاجی مەلا عارف ماڵەکەیان لە زوور خانەقای مەحوی و لە خوار مزگەوتی خومخانەوە بوو با بڵێن بە سەر جادەکەی ئەو وەختە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


حاجی مەلا عارف پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، خانووەکەی خانوو بەرەیەکی چاک بوو. حەوشەیەکی گەورە بە خشتی سوور فەرش کراو حەوزێک لە ناو حەوشەکەدا، خانووەکە دوو نهۆم بوو. هەموو ژوورەکان کەوتبوونە باکوری حەوزەکەوە. نهۆمی خوارەوە سەر تەنوور و ژووری زەخیرەو شتەبوو. نهۆمی سەرەوەش ژووری نووستن و دانیشتن و کەلەگی بوو. بەر هەیوانێک لە بەر کەلەگیەکەدا بوو ئەیروانی بە سەر حەوزەکەدا. بە چەند پێ پلیکانیەک لە حەوشەکەوە ئەچووە بەر هەیوانەکە.

دنیا هاوین بوو، حاجی مەلا عارف لە سەر پایەندازی وە یا بڵێین لە سەر شەرەفی ئەم پانکە ناوازەیە کە ئەو هێناویە بۆ ماڵی خۆیان، بانگێشتێکی نانخواردنی ئێوارەی کرد بۆ هەندێ لە دۆست و برادەرەکانی بۆ ئەوە پانکەیان چاوپێبکەوێ. خۆیشی پیاوێکی دڵ تەڕ و لە گەڵ دڵ تەڕیەکەشیا بە دەسەڵات بوو؛ ئەوانەی کە لە بیرم مابن.

ئەحەرەش و رەشەی مەلابرایم، ئەو وەختە حاجی نەبوون. حەمدی ئەفەندی چایچی، وەستا سالحی چایچی، دەرویش ئەحمەدی چایچی، وەستا ئەورەحمانی کەبابچی، وەستا ئەحمەدی حاجی سیفوڵلا، مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسووڵ، شێخ محەمەدی مەحوی، برایم خان، مەلا حەسەنی عەلاف، وەکوو بێتەوە یادم مەلا ئەسعەدی مەحوی وە ئەحمەدی کوڕی خۆی. ئەمانەو گەلێکی تریش بەڵام لە بیرم نەماون. دیارە منیش بووم.

ئەم دەستەیە نوێژی شێوان لە خانەقای مەحوی نوێژ کرا و پاشان چووین بۆ ماڵەوە. کە چووین سەیر ئەکەین کورسی بە سێ لای حەوزەکەدا دانراوە، لای دیواری رێگا نەبوو ئەو کورسیانە کە ئێستە پێ ئەڵێن قەنەفە کورسیەکان ئەوەندە زۆر بوون ئەم هەموو خەڵکە کە زیاتریش بوون هەموو جێیان بووەوە یەک دوو گوڵۆپ لە بەر هەیوانەکە ئەسووتا.

لە پاش ئەوە کە دانیشتین سەیرمان کرد شتێکی بن خڕی کەمەردار بە تەل لە بەردەمی هەیوانەکە دانراوە. سێ چوار پەڕی وەکوو گوێچکە تەنەکەی سپی کەوتۆتە ناو کەمە تەلەکەوەو لووتی تۆزێ رووەو سەر حەوزەکە شۆڕ کردۆتەوە. هەموومان لەو شتە بەلاجەوییە سەرسام ماین. حاجی مەلا عارف خۆی وتی پانکەکە ئەمەیە. ئەمجا وردەوردە بەقاڵدەرمەکانا سەرکەوت چوو بە لایەوە شتێکی وەکوو تەنافی بە دەورا پێچرابوو، لێ نەوی سەرەکەی لە شوێنێکیتر قایم کرد تومەز ئەمە سەری پلاکەکەی بوو کردی بە شوێنی پلاکی دیوارەکەداو لەو لاوە دەستی نا بە دوگمەیەکا. کوتوپڕ ئەم شتە بەلاجەویە کەوتە جوولەجووڵ و سووڕخواردن بەم لاو بەو لادا. ئەم عالەمە هەموو واقی وڕما و سەری لێ تێک چوو، هەندێکیان ئەترسان ئەوەندەمان زانی نەرمە بایەکی لێوە پەیدا بوو و هات بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووماندە. هەر ئەو نەرمە بایە ئەیدا لە سەر حەوزەکە ئاوەکە وردە شەپۆلی لێ پەیدا بوو گۆلۆپەکان بوون بە هەزار گۆلۆپ ئیتر نان و مانمان لە بیرچووەوە هەر خەریکی سەیر کردنی ئەم غەزەبی خوایە بووین. ئیجگار لەوە سەرمان سڕما بوو چۆن دەمێک بەولادا لا ئەکاتەوەو پاشان بەم لادا لە ئەنجاما حاجی مەلا عارف بە زۆر هەڵیساندین وتی نانەکەتان سارد بووەوە لە راستیدا نانێکی چاکی دروست کردبوو. یارەبی بە رەحمەت بێ حاجی مەلا عارف لە گەڵ مردووی حازری.

- ساڵێ ١٩٣٨ بوو لە گەڵ شێخ نووری بابەعەلی و یەکێکی‌تریش بوو چووین بۆ بەغدا. شێخ مەحموودی مەلک لە بەغدا بوو لە گەڕەکی «سلێخ» دائەنیشت، چووین بۆ زیارەتی. دیواخانەکەی چەند کەسێکی‌تری لێبوو ئەوان هەستان، ئێمە ماینەوە. لە فەلەستینەوە هێشویەکی دەنک درێژیان بە دیاری بۆ شێخ هێنابوو پێیان ئەوت مۆز. شێخ سەر و دەنکی داینێ بیخۆین. بە دەستیەوە داماین نەمانزانی چۆنی بخۆین و چۆن ئەخورێ. شێخ هەستی پێکرد خۆیشی دەنکێکی هێنا لە بەر چاومانەوە پاکی کردو خواردی وتی ئاوا ئەخورێ. ئێمەش دەستمان کرد بە پێکەنین وتمان یا شێخ بەخوا سولەیمانی تا ئێستە شتی وای نەدیووە.

خواو راسان لەو کاتەدا فەرەجی رەشان بە بەر چنەیەکی گەورەی رێواسەوە کردی بە ژوورا، بەلام ئێمە مۆزەکەمان خواردبوو دەستمان بە لێویشمانا هێنا بوو. بەرچنە رێواسی لەو لاوە دانا و هات دانیشت. شێخ چاک و چۆنی لە گەلا کرد و فەرمووی فەرەج ئەوە چیت هێناوە؟ وتی قوربان نەختێ رێواسە. شێخ وتی بیهێنن لەو کاتەدا کە بەرچنەکەیان هێنا دوو سێ عەرەب و هەندێ ئەفەندی و هەندێ عەگاڵ بە سەر لە شێخەکانی عەرەب پاش سەلام دانیشتن. شێخ لە رێواسەکەی بە دەستەوە بوو هەریەک سەر و رێواسیدا بە هەمووماں. کابرا عەرەبەکان تۆزێ سەیریان کرد و هەر بەو جۆرە بە توێکڵەوە بەربوونە خواردنی، ئەمجا ئێمە پاکمان کرد و خواردمان عەرەبەکان زۆر تەریق بوونەوە هەر ئەیانوت «شنو هڕا» بەلام [قسەی] خۆمان بێ ئێمە ئاقڵتر بووین، دەنکە مۆزێکیشی دابە فەرەج. فەرەجیش بە دەستیەوە داما بەلام ئێمە تازە فێر بووبووین پێمان وت.

- ساڵی ١٩٣٦ بوو لە چەقۆ و قایکەندە لە نزیکی «باخانە»وە «سمایلعوزەیری» خستبویان. حاجی قادری سمایلعوزەیری هەبوو گەورەی خێڵ بوو پیاوێکی چوار شانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەلـەگەتی رووممەت و نـاو سنگ پـان. دنیـا دەسـتی ساردی هـەبوون لـە ژێـر دەوارەکـەدا دانیشتبووین لە گوێ ئاگردانەکە بەرماڵـێکی دابوو بـە شـانیا. تەمـەنی ئـەو سـەردەمە هەشتا ئەبوو، هەروا شتی بۆ ئەگێڕامەوە یەکێ لەو شتانە باسی حەجەکەی خۆی بوو وتی: ئەو ساڵە لە وڵاتی سولەیمانی هەر من و حاجی برایماغای خەفاف چووین بۆ حەج. ئەو لە ناو شاری سولەیمانی و من لە دەرەوە. وتم چەند ساڵێک ئەبێ؟ وتی بەخوا نازانم چل پـەنجا ساڵـێک ئەبێت. یەکێ هەشت سەد لیرەی زەردی عوسمانیمان هەڵگرتبوو. کە دەرچووین لە شار بـە دەفو زکرو فیکرەوە رەوانە کراین. لە ناو کەس وکارمانا بوو بە شین و شـەپۆڕ و گریـان. بـە کاروان و بە سواری وڵاخیش رۆیشتین لە دەشتی عەرەبستانا بە سواری حووشتر ئەڕۆیشتین لە هەندێ شوێنا بە کـەژاوە ئـەچووین. لـە بـەحری سپی سـواری پـاپۆڕ بـووین، مەگـەر خـوا بیزانێ چەند شەوو چەند رۆژ لە پاپۆڕا بووین. گەیشتینە کەعبەی شەریف لە کاتی تەوافا لە ئیحراما بووین سەیرم ئەکرد گەلێ کەس سەیری سنگ و دەفەی شانی برایماغا ئەکەن. خـوا لەش و لارێکی پێ دابوو سپی سپی ئەتوت بلوورە. هەموو شکلێکی پیاوانەی تێدا دیـار بـوو خەڵکەکەی تر هەموو رەش و بێ فەڕ، ماشائەڵلا خوا چی دروست کردبوو. پاشان چووین بۆ مەدینەو گەڕاینەوە بۆ وڵات. قەتارەی حووشتر وەکوو ریزی مێروولە وابـوو. کـە گـەیشتینە سولەیمانی خەڵکێکی زۆر بە تەپڵ و دەف و بەیداخەوە هاتن بە پیرمانەوە. لـەو رۆژەوە کـە لە سولەمانی دەرچووین تا هاتینەوە هەشت مانگمان پێ چوو.

- ساڵێ «١٩٢٩» بوو پیاوێکم لە گەڵ بوو خالە شماری ناو بوو. پیری ریش سپی تۆپی نوورانی تەمەنی تەنگی بە حەفتا هەڵچنیبوو. کورتە باڵای بازۆڵە قەوی ئەتوت پاڵەوانە. لە راستیدا ئا لەو تەمەنەدا چوار گەنجی بە هێز چاریان نەئەکرد. لەو بەری سیروانەوە هاتین بۆ نەوسوو من هیچم نەئەزانی ئەیوت تۆ بڵێ من «نـساب سبیان» ئـەخوێنم وتم باشـە. نـازانم نساب سبیانیش چییە بەڵام کەوا و سەڵتەیەکم لە بەرایە وەکوو فەقێیەکی بچووک.

دیـارە کـاتی بـەهـارە، نەوسـوو هـەموو بـاخ و باخاتـە. ماوەیـەکی زۆر بـە نـاو باخـەکانا رۆیشتین لەو ناوەدا خەڵک هاتوو چوویان ئەکرد لە بەینی خۆیانا هـەر ئـەیانوت «سـان جـە باخەنی». وەخت پـاش عەسر بـوو هـیلاک بـووین لـە سـەر سـەوزەڵانیەک دانیـشتین. خالـە شامار سەبیلەکەی دەرهێنا سەبیلێکی تێکرد. بەڵام شلەژەی ناو باخ هەریەکە کە «سان» لە ناو باخایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەوەندەمان زانی سێ پیاوی کەڵەگەتی بالا بەرزی ناو شان پان دەرکەوتن رووەو لای ئێمە هاتن. هەر یەکە شەرواڵ و مراخانیەکی ماوتی سەوزی تازەیان لە بەرایە پشتێنی پەشمی عەجەمیان لە پشتایە هەر یەکە خەنجەرێکی دەسک سپی وا بە بەر پشتێنەکەیانەوە چەفتەو مشکییان بەستووە بە سەرەوە. سەرو و کوڵە باڵێکی هەورامیان بە شانەوەیە لە مەرەزی قاوەیی درووست کرابوو. هەر کە هاتن یەکێ لەو سیانە کوڵە باڵەکەی لە شانی خۆی کردەوە لە تەنیشت ئێمەوەخستیە سەر گیاکەو لە سەری دانیشت بە چوار مەشقی. ئێمەش لووتێکی وامان پیا نەهێنا. دووەکەی‌تریش لە بەرانبەریەوە بە پێوە راوەستان. دانیشتووەکە لە منی پرسی فەقێ بچکۆلەکە لە کوێوە هاتوون؟ وتمان لەو بەری سیروانەوە. وتی دەنگ و باسی عەجەمەکان چییە؟ وتمان ئەوا هەن. ئەو لە بارێکەوە پرسیاری ئەکرد ئێمەش بە هەموو ساویلکەییەک جوابمان ئەدایەوە. رۆژ درەنگ بوو هەستا رۆیشت. لە کاتی رۆیشتنا وتی کە هاتنە ناو دێ بچنە دیوەخانی سان.

ئەو رۆیشت و ئێمەش بە شوێن ئەوا هەستاین زۆر بە پەرۆش بووین بۆ بینینی سان. کابرایەک لەو نزیکە بێڵێکی بە دەستەوەبوو گۆلی ناو باخەکەی چاک ئەکرد، چاوی لێبوو کە ئەو پیاوە لای ئێمە دانیشت لێمان پرسی هەر ئەڵێن سان لە ناو باخە کوا خۆ دیار نییە؟ کابرا لە من مۆڕ بووەوە و هیچ سێ و دووی لێ نەکرد تفێکی لێ کردم و وتی: «یانەت وێران بۆ ئانە سان بیەن جەلات نیشتەبێ». تومەز ئەمە جافر سان بووەو ئێمە نەمانزانیووە. بەڵام بەلای ئەو کابرایەوە شتێکی زۆر زل بووە کە جافر سان لای رووتەڵەیەکی وەکوو ئێمەوە دانیشتووە تا ئەو وەختە شتی وای نەدیبوو.

چوینە ئاوایی و رووما‌ن کردە دیوەخان. دیوەخانەکە بەردەمەکەی حەوزێکی گەورە بوو هەموو سەر حەوزەکە دار و دارستان بوو. خۆر لە زەردەپە رشابوو. کۆشک و سەراکە لە کۆشک و سەرای وەکوو ئەڵێن خوسرەو پەروێزی ئەکرد. ئەو ناوە جمەی ئەهات لە کوڕانی کوڵەباڵ لە بەری هەورامی، هەموو تفەنگ بە شان. لەشکرێکی زۆی لێبوو ئێمەش ئاگامان لە هیچ نییە، رووما‌ن کردە دیوەخان. نەیانهێشت بچین، تومەز جافرسان خۆی چاوی لێیە. بانگی کرد لێیان گەڕێن. ئیتر رێگایان داین چووینە ژووری دیوەخانەکەوە. دوو لاکێشی زۆر گەورەو درێژ سەرەندازێک لە ناوەڕاستیانا. کە سەیرمان کرد ئەو پیاوە کە لە ناو باخەکەدا لە تەنیشتمانەوە دانیشت ئەوا لەوێدا لەو سەرسەرەوە بە چوار مشقی دانیشتووە وتی دانیشن. لە لای خوارەوە شوێن هەبوو دانیشتین. چونیەتی شوێنەکە سەرنجی راکێشام ئێجگار کە سەیرم کرد دوو منالی جوانکەلە جافرسان لە بەردەمی خۆیا دایناون بەم لاو بەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لای ژوورەکەدا هەر سەرەیەک چواردە کەسی لێ دانیشتبوو، هەموو پۆشتەو پەرداخ و غەرقی فیشەک. هەر یەکە تفەنگێکیان لە سەر کۆشیان دانابوو. ئەمانە کە دانیشتبوون بیست و دوویان کوڕەکانی خۆی بوون، شەشیان برازاو خزمی زۆر نزیکی بوون. لەو کوڕانە وەکوو کەریم بەگی خانەقا حەمەرەشی بەگی پاوە قادربەگی تەویلە لە خزمەکانیشی وەکوو ئەفراسیاوبەگی هانەگەرمەلە قسەو باسیان باس و خواسی عەسکەری ئێرانی بوو؛ تومەز ئەمە وەکوو موئتەمەر چەبیرەیەکی گرتووەو هەموو کوڕ و خزمە نزیکەکانی بانگ کردووەو قسە لەو شەڕە ئەکەن تا پێنج سەد تفەنگ بە دەستێکیش لەو ناوەدا هەبوو. شەوی کە نان هات هەر بە دوو کەس سینیەک هەموو برنج و مریشک و گۆشتی حەیوان بوو.

- هەتا سالانی ١٩٢٥ لە شارەکانی کوردەواری نرخی گرانی و هەرزانی خانوو بەوە دائەنرا کە ئەگەر نزیک بووایە لە مزگەوت و حەمام و بازاڕ، ئەو خانووە زۆر بە نرخ ئەبوو. لە سالانی ١٩٣٠دا ئەگەر یەکێک لە شاری سولەیمانی خانوویەکی بکڕیایە بە هەزار روپیە ئەو کەسە تەپڵی شایی لێداوە؛ هەر دوو روپیەش سەد وپەنجا فلس بوو.

- سالی ١٩٣٠ بوو کوڕێکم لە گەلا بوو فەقێ برایمی ناو بوو. دنیا هاوین بوو ڕێمان کەوتە «شەدەڵە». ئەو سەردەمە شەدەڵە ناوو ناوبانگێکی هەبوو. «شێخ عبدالکریم» لە شەدەڵەو حاجی شێخ عارف لە «سەرگەڵوو» دائەنیشتن. حەقەکان ناویان دەرکردبوو پارەیان سەندبوو بۆ ئەو بەری «زێ»و ولاتی کەرکووک و سولەیمانی، وە بەڵکوو ناوچەی پشدەر و مەرگەی داگیرکردبوو.

شەدەڵە خۆی رووبارو شیوێکی گەورەی هەبوو کەوتبووە جنوبی رووبارەکە. شیوەکە خانەقاکەی کەرت کردبوو لە گوندەکە. ئێمە چووینە تەکیەکەوە. تەکیە ژووری مزگەوتێکی گەورە بوو، بەرهەیوانێک بە بەریا کشابوو لە تەنیشت مزگەوت و بەرهەیوانەکەوە بە لای رۆژهەلاتەوە سەربانێک بوو ئەمانە هەموو بە خشتی کاڵ درووست کرا بوون؛ بەلام لە سەر شیوەی شارستان بەردەم و دەوروبەریشی هەموو دارستان و چڕبوو. سۆفیەکان هەموویان ریشیان درێژ بوو.

چێشتەنگاو بوو ئێمە رۆیشتین چووینە خانەقا شێخ لە ماڵەوە بوو. حاجی مەلا یوسفێکی سووورداشی هەبوو -کە لە سەردەمی عوسمانیدا قازی بوو- زەمان پشتی تێکردبوو کەوتبووە شەدەلە. پیاوێکی پیری ریش سپی نوورانی بوو ماڵەکەی لە گوندەکەدا بوو بەلام خۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


زۆرتر وەختێ لە خانەقادا رائەبوارد. ئەو پێی خۆش بوو کە ئێمە چووین. لە گەڵمان کەوتە قسەکردن و داخی دڵ هەڵڕشتن و نیوەڕۆ نانیان بۆ هێناین. سۆفیەکان لەو ناوەدا هەر هات و چوویان بوو بە چاوێکی وە نەبێ دۆستایەتییەوە سەیری ئێمەیان بکردایە هەر بەینێ نە بەینێ یەکێکیان مرقەیەکی لێوە ئەهات و یەکێکی‌تر وەیا چەند کەسێکی‌تر پێکەوە ئەیانوت «حەقە». سۆفیەکان گەنجیشیان تیاهەبوو، پیریشیان تیا هەبوو. بە دەوری خانەقادا سۆفی ئافرەتیشمان بەرچاو ئەکەوت.

کەوتە پاش نیوەڕۆو دەمە دەمی عەسر شلەژەیەک پەیدا بوو. سەیرمان کرد نزیکەی حەفتا سۆفیەکی مەرگەیی پەیدا بوون کە هاتبوون بۆ ماڵی شێخ. هەموو ریش دار ریش دار هەر کە گەیشتنە جێ بوو بەمرق و هۆڕ و جەزبەو هەرایەک ئەو سەری دیار نەبێتەوە. ئەوا ئێمەش لە بەر هەیوانەکە لە گەڵ حاجی مەلا یوسف دانیشتووین. ئەمانە کە هاتن بەرهەیوان و ژووری مزگەوتەکە پڕ بوو. سۆفی‌تریش لە ئاواییەوە هاتن. مەرگەییەکان رانک و چۆخەو پەستەکیان لە بەرا بوو بە دەم جەزبەوە جنێو وەکوو بارانی بەهار ئەبارێ کە یەکێکیان جنێوێکی ئەدا ئەوان هەموو ئەیانوت «حەقە».

ئێمە زۆر ئارەزووی چاو پێکەوتنی شێخمان بوو بەڵام شێخ هێشتا نەهاتبووە دەرەوە. قسەکردنی ئەو بەینەمان لە گەڵ حاجی مەلا یوسفدا ئەوەبوو کە چۆن توانیویەتی لە ناو ئەمانەدا دانیشتووەو دائەنیشی؟ حاجی مەلا بۆن کرووزەی لە جەرگ هەڵئەستا، زۆر زۆر دوژمنی ئەو کردەوانەی ئەوان بوو بەڵام ئەیوت زەمان و پێوەندی ماڵ و منداڵ منی لەم شەدەڵەیەدا بەند کردووە.

نوێژی عەسر هەر کەس کردی کردی هەر کەسیش نەیکرد ئەوا هیچ. سۆفییە مەرگەییەکان هەموو لە بەرێزە لە بەر هەیوانەکەدا دانیشتبوون سۆفی‌تریش و هی ئاواییش لە بەردەمی بەر هەیوانەکەدا راوەستابوون. ژنە سۆفیانی مەرگەیی لە گەڵ ژنانی‌ترا ئەوانیش لەو لاوە راوەستابوون. ئەمانە تێکڕا جەزبە گرتبوونی هەموو مرق و هۆڕیان بوو. حاجی مەلا ئەویش لەو سەرەوە دانیشتبوو من و فەقێ برایمیش تۆزێ لە لای ئەوە بەلای پشت بە قیبلەی هەیوانەکەوە بە تەنیشت یەکەوە کزۆڵەمان کردبوو. بە ڕاستی لەو دیمەنە ئەترساین و چاریشمان نەبوو.

لە ناو سۆفیە مەرگەییەکانا سۆفیەکی گردە پیاوی ریش درێژ هەبوو پێیان ئەوت «دیوانە حەبیب». ئەمە جەزبە گرتبووی و بە بەرهەیوانەکەدا و بە ناو خەڵکەکەدا ئەهات و ئەچوو جنێوی ئەدا. هەرکە جنێوێکی ئەدا ئەوانیتر هەموو ئەیانوت: حەقە. حاجی مەلا یوسف قوتو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


جگەرەکەی لە بەردەمی خۆیا دانابوو، دیوانە حەبیب چوو دوو جگەرەی لێهەڵگرت و هێنای بۆ ئێمەو وتی «ئم». لەو کاتەدا کە جگەرەکانی هەڵگرت حاجی مەلا یوسف سەیرێکی کرد و وتی: «تەماشا کە ئەم مەلعونە». پەنا بەخوا هەر کە ئەو ئەمەی وت چ قیامەتێک هەستا. شڵەژە کەوتە ناو سۆفیەکانەوە یەکێک وتی: کافر! ئەوە وەلییە تۆ چۆن پێی ئەڵێی مەلعون؟ یەکێ وتی: دایە لێت دەگێم هەر ئێستە ورگت دەدرم و پەلاماری خەنجەرەکەی دا. یەکێکی‌تر دەستی برد خەنجەرەکەی لە دەست سەند.

دیوانە حەبیبیش هەر هاتوو چوویەتی و ئەمرقێنێ و ئەڵێ حەقە. لەم لاشەوە ئێمە کە جگەرەکانی بۆ هێناین گوایە بەو نیازە کە ئەمە بە زۆر هێناویەو زۆریش حەرامەو ناشتوانین وەری نەگرین هەروا لە بەردەمی خۆمانا دامانابوو. دیوانەحەبیب لە هاتوو چووەکەیا چاوی پێکەوت چوو شقارتەی قوتوەکەی حاجی مەلا یوسفی هێنا و هاتە بەردەمان شقارتەی داگیران و وتی: ئم دایە لێتان دەگێم پێکەن حەقە. ئەمجا ئێمە ئیتر ئەویرین داینەگیرێنین؟ ئەوا جنێوێکیشمان لە سەر خوارد.

سۆفیەکان هەر خەریکی قسە وتن بوون بە حاجی مەلا یوسف. حاجی مەلا یوسفی هەژاریش چووەتە قولاخی خۆیەوە. یەکێ لە سۆفیەکان رووی کردە حاجی مەلا یوسف وتی: ئەهاو ئەهاو سەر سپیەی ریش پۆزە تۆ بە دیوانە حەبیب دەڵێی مەلعون؟ دیوانە حەبیب خوایە تۆ چۆن وا دەڵێی؟ دەستی کرد بەم قسانەو هەر نەیبرپیەوە. هەر چەند ئەو قسەیەکی ئەکرد هەموو سۆفیەکانی‌تر بە جاری ئەیانوت حەقە. ئەوەندەمان زانی دیوانە حەبیب چوو بە لای کابرای سۆفیەوە دەستی گرت و هەڵیساند چووە پشتیەوە شەقێکی زۆر نایابی تێهەڵدا، بەڵام شەق. کابرا وتی حەقە، بەشەق تێهەڵدان بردی تا بەردەمی حاجی مەلا یوسف کە شەقەکەی تێهەڵئەدا ئەو ئەیوت حەقەو ئەم ئەیوت: «دایە لێت دەگێم لۆ لە سەر من دەکەیتەوە؟» هەرچی ئەم ئەیوت ئەو هەر ئەیوت حەقە ئەمجا لەو لاوە بە کوت پێوەدان هێنایەوە بۆ ئەم سەرەو هەر چەند کوتی پێوە ئەدا ئەیوت: «دایە لێت دەگێم تۆ کوو لە سەر من وەجواب دییت؟» ئەویش ئەیوت حەقەو هەموو سۆفیەکانی‌تریش هەر ئەیانوت حەقە.

پاش ئەوە کە دیوانە حەبیب هەندی سەگ بە حەساری بەو کابرا سۆفیەکرد کتووپڕ لەو کاتەدا کابرایەک کەرێکی دابووە پێش بە لای بەرهەیوانەکەدا ئەرۆیشت. دیوانە حەبیب کە چاوی بە کەرەکە کەوت لە کۆڵ کابرا بووەوەو چوو بۆ لای کەرەکە و وتی: «ئەوا شێخی هات». کە ئەمەی وت هەموو سۆفیەکان وتیان حەقە. ئەمجا چوو بەلای کەرەوە و دەستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد بە شەق تێ هەڵدان و وتی: «دایە لێت دەگێم نوکە دێیت؟ ئەرێ وەڵڵا حەقە». هەموو سۆفیەکان وتیان حەقە.

شێخ عەبدولکەریم چایچییەکی هەبوو وا دێتەوە بیرم کە مەلا عەبدوڵڵای ناو بوو. سەعات نزیکی یانزەی ئێوارە بوو هات وتی بە ئێمە کە ئێستە شێخ تەشریف دێنێت دێم بەشوێنتانا. زۆری پێنەچوو هات وتی فەرموون بۆ لای شێخ. هەستاین لە دەرگای هەیوانەکەوە چووینە سەربانەکە هەموو بەڕەی تیا راخربوو، سەماوەرێکی زەردی هەشت تەرخان قۆرییەکی عەجەمی بەسەرەوە بوو. ئیستکانەکان لەناو سینیەکا لە بەردەمیا دانرابوون دوو سێ دۆشەکیش لەو سەرە راخرابوون کەسی لێ نەبوو هەر مەلا عەبدوڵڵا بەلای سەماوەرەکەوە راوەستابوو. ماڵی شێخ نووسابوو بە سەربانەوە. شێخ کە لە ماڵ ئەهاتە دەرەوە بۆ خانەقا لەوێوە سەر ئەکەوت ئێمە لەسەر بەڕەیەک لەم لای دۆشەکەکانەوە دانیشتین. ها زۆری پێ نەچوو شێخ دەرکەوت بە پێ پلیکانی ماڵەکەی خۆیانا سەرکەوت بۆ سەربانەکە. شوێنی سەربانەکە وابوو سێ لای بە دیواری ژووری خانەقا و بەرهەیوان گیرابوو، لایەکی چۆڵ بوو، ئەویش حەوشەی ماڵی شێخ بوو کە ئەهات کەسیتر بێجگە لە هی سەربان چاوی لێ نەئەبوو.

کە شێخ هات، ئێمە راست بووینەوە. شێخ عەبدولکەریم پیاوێکی کەڵەگەتی باڵا بەرزی ناو شان و سینگ پان تەمەنی ئەو سەردەمە چل تا چل و پێنج ساڵ ئەبوو. چاوو و برۆی گەورە ریشێکی رەشی قەترانی تەنگی بەناوکی هەڵچنی بوو. جوبیەکی قاوەیی ئاوەڵدامانی کردبوو بەسەر کەواو سەڵتەکەیا مێزەرێکی گەورەی سپی شێخانەی بەستبوو بەسەرەوە. بە راستی عینسانی وا جوان و بەدیمەن شایانم کەمجاریتر چاو پێکەوتۆتەوە.

هەر کە هات سەلامێکی کرد و چووە سەر دۆشەکەکەی سەرەوە دانیشت وتی: بەخێربێن فەقێینە. ئێمە ئیتر لە شوێنەکەی خۆمان دانیشتینەوە وتی: لەوێ دامەنیشن فەرموونە سەر دۆشەکەکە لە تەنیشت منەوە دانیشن. ئێمەش چووینە ئەو شوێنەو مەلا عەبدوڵڵا چای تێکرد هێنای بۆ هەر سێکمان. پاشان بە مەلاعەبدوڵڵای وت حاجی مەلا یوسفیش بانگ بکا. ئەویش هات دانیشت. سۆفی پێیان زانی کە شێخ لەماڵ دەرکەوتووەو هاتووە لەوێ دانیشتووە، بوو بە مرق و هۆڕ و هەرا پەلاماری سەربانیان ئەدا، بەلام رێگا نەبوو بێن. جنێویان بەدەم جەزبەوە ئەدا وەکوو گەلای دار. یەکێ ئەیوت دایە لێت دەگێم چما خۆت شاردیتەوە؟ یەکێ ئەیوت: ئۆ هۆریش کلکەکسۆک لە دینت بەم یەکێ ئەیوت چما

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرناچیت؟ هەر ئەبێ لە...ژنت بەرم. لەم جۆرە شتانە هەر زۆر زۆر. لەم وەختەدا ئەوەم هاتەوە بیر کە لە شوێنێکا سەگەڵ دەوری ماڵێک ئەدەن و ڕێگا نییە بچنە ژوورەوە بۆ کابرای غەریب بیخۆن هەر پەلاماری دار و دیوارەکە ئەدەن ئەوەشم بەلاوە وابوو.

شێخ ئەم هەموو شتانەی گوێ لێ ئەبوو سەری داخستبوو بەدەم سەرداخستنەوە وردە وردە قسەی بۆ ئێمە ئەکرد. ئەمانەی بەلاوە شتێکی وا نەبوو وای پیشان ئەدا کە ئەمانە جەزبەی سۆفێتی گرتوونی و ئاگایان لە خۆیان نییە.

من ئەو وەختە تۆزێ زیتەڵەو قسەقوت بووم، خۆمم پێ ڕانەگیرا وتم یا شێخ ئەمە چییە چ حاڵێکە؟ وتی: ڕۆڵە ئەمە لە حاڵی جەزبەدان. ئەو قسانە کە ئەیکەن ئاگایان لە خۆیان نییە. وتم یا شێخ ئەمە مەسەلەیەک کەس و دوو کەس نییە ئەمانە هەموو ئەو ڕێگایە کە گرتوویانە وەنەبێ ڕێگایەکی باش بێ. دوور نییە لە ئەنجاما خراپتر ببن. تۆ ئیشێکی وا بکە جڵەویان بگرەوە هەندێ قسەی کرد من هەر بۆم نەسەلماند.

کاتی بانگی شێوان هات بانگیاندا شێخ هەستا ڕووی کردە ژووری مزگەوتەکەو ئێمەش هەستاین. هەر کە دەرکەوت بۆ ژووری مزگەوت پەنا بەخوا بوو بە چ قیامەتێک؟ لە دەنگە دەنگی سۆفی و سۆفی ژن ئەو ناوە بوو بە ڕۆژی قیامەت.

ئەوەم لەبیر نەبوو بیڵێم پێشووتر هەر کەس هەر جنێوێکی ئەدا بە جارێ ئەوانیتر ئەیانوت حەقە. یەکێ تەقەی لە شتێکەوە بهێنایە بە جارێ سەد کەس ئەیوت حەقە. سەر لە ئێوارە بوو کەر ئەیزەڕان ئەیانوت حەقە. بەکورتی هەر کەس هەر شتێکی بکردایەو هەر شتێکی بوتایە ئەوانیتر ئەیانوت حەقە. یەکێک سەبیلی ئەکێشا یەکێکیتر ئەیدا بە ژێر دەستیا ئەیوت حەقە.

خێرا شێخ وتی قامەت بکەن. یەکێک قامەتی کرد و شێخ خۆی پێشنوێژی کرد. هەر کە ئەو وتی «اللّه اکبر» هەموویان وتیان حەقە. مزگەوتەکە گەورە بوو پڕ بوو، ئەمجا کە ئەوانیش نیەتیان هێنا لە نوێژەکەدا نیزامی نوێژ نەما. یەکێ لەو پەڕەوە مرقەیەکی ئەکرد یەکێ لەم پەڕەوە ئەیوت حەقە. هی وا هەبوو لە ڕیزێکی دواترەوە بوو شەقێکی لەوەی بەردەمی خۆی هەڵئەدا ئەیوت حەقە. سۆفیەک لە پشت شێخەوە بوو شەقێکی لە نوێژەکەدا لە شێخ هەڵدا هەموو ڕیزی پێشەوە کە چاویان لێبوو وتیان حەقە. ئەوانیتر کە گوییان لەمان بوو ئەوانیش بە جارێ وتیان حەقە.

بەمجۆرە نوێژی شێوان کراو شێخ گورج گەڕایەوە بۆ سەربانەکە. ئێمەش زوو گەڕاینەوە بەڵام من زۆر ئەترسام و زۆریش لەم کارەساتە دڵگران بوو بووم. ها خەیاڵ نەکەی شەقیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێ هەڵنەدابووم، بەڵام لە شەق تێهەڵدان ئەترسام. کە هاتینەوە وتم یا شێخ بەخوا ئەمەحاڵ نییە. شێخ ئەمجارە ئەوەی درکان وتی: «کاکە فەقێ لە دەست دەرچوون و چار ناکرێن».

نانیان هێنا نانمان خوارد نوێژی خەوتنانیشمان وەکوو نوێژی شێوان کرد. پاشان چووەوە بۆ ماڵەوە بە مەلا عبداللّەی چایچی وت: مەلا عەبدوڵلا ئاگات لەم فەقێیانە بێت. کە شێخ چووەوە مەلا عەبدوڵلا هات دانیشت و چاشی بۆ هێنا‌ینەوە. لە دەرەوە دەنگە دەنگی ژن و پیاو هەر زۆر زۆر بەر بووەوە وتم ئەوە چییە؟ مەلا عەبدوڵلا وتی ئەوە سۆفیەکان «شوغڵ» ئەکەن. شوغڵەکە ئەوە بوو ژن و پیاو تێکەڵ ئەبوون و های و هوویان ئەکرد گوایە ئەمە زکر ئەکەن بەڵام ئەوان پێیان ئەوت «شوغڵ».

ئەمجا هەندێ سەرم خستە سەر مەلا عەبدوڵلا ئەمە چۆن وا ئەبێ خۆ تۆ مەلایت کەی ئەمە بەچاو دینەوە دروستە؟ وتی: تۆ وا مەزانە ئەوە هەر بە دوو کەس کێوێک لە بەینیانایە، لەشی هیچیان ناکەوێ لە یکەیان و هیچیان گوێیان لە دەنگی ئەویکەیان نییە. حاجی مەلا یوسفی هەژاریش وەختەبوو شەق بەرێ. ئەو زوو هەستا بە هەر جۆر بوو چووەوە بۆ ماڵی خۆیان.ماینەوە ئێمەو مەلا عەبدوڵلا. مەلا عەبدوڵلا هەر لەو سەربانە جێگای بۆ چاک کردین بۆ نووستن، هەموو دەرکەی ئەم لاو ئەو لای داخست. سۆفی پەلاماریان ئەدایِن جار جار بە جنێو دانەوە بەڵام رێگا نەبوو بێن.

ئەڵێم نووستن بەڵام نووستنی چی ئەو شەوە تا بەیانی خەو بێت و نەچووەتە چاوی ئێمە هەم لەترسی پەلاماردانی ئەوان هەم لەدەنگی مرق و هۆڕیان. وەکوو بۆم دەرکەوت ئەگەر بەرپەلیان بکەوتینایە پارچە پارچەیان ئەکردین. چونکە ئێمە فەقێ بووین و ئەوان جەزبە گرتبوونی. ئەو شەوە دەنگی حەقە ئەچوو بە ئاسمانا. درزێک هەبوو بە دیوارەکە لەوێوە سەیرمان ئەکرد بەناوی زکر و جەزبەوە هەڵئەپەڕین و پەلاماری یەکیان ئەدا و ئەیانوت حەقە. سۆزیشیان بە دەمەوە ئەکرد چاوم پێکەوت پیاوی پیر و ژنی پیر روو بەرووی یەک دەستی یەکیان گرتبوو هەڵئەبەڕینەوە، بەو جۆرە زکریان ئەکرد و ئەیانوت حەقە. بەڵام شتیترم لێیانەوە نەدێ. لەناو ئەوانا وا بڵاو بوو ئەگەر ژن و پیاو لە باخەڵی یەکا بخەون کێو لە بەینیانایە. بەیانی پێش چا خواردن بەبێ ئەوە شێخمان چاو پێ بکەوێ شەدەڵەمان بەجێهێشت.

- ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٢٩بوو رێمان کەوتە «گلۆلان»؛ گلۆلان گوندێکە لە موکریان. شوێنی ئاواییەکە دەشت بوو لای سەرووی کێو بوو، دنیا سەوزەڵانی بوو مزگەوت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و حەوز و سەرا و مەدرەسەیەکی باشی لێبوو. مەلا وەهابی نجنەیی مامۆستا و مەلای ئەوێ بوو. سەر بە شێخانی تەوێڵەبوو. کوێخا سمایل هەر چەندە کوێخای گوندەکە بوو، بەڵام پیاوێکی بە دەسەڵات بوو، شانی ئەدا لە شانی ئاغا و بەگزادەکانی ئەو ناوە. دوو کوڕی منالی جوانکەلەی هەبوو لە دەورو بەری چواردە ساڵانا. ئێمە کە حەفتەیەک لەوێ ماینەوە لەگەڵ کوڕەکانا بووین بە رەفیقێکی تەواو. داخی گرانم ناوەکانم لەبیر چووەتەوە. گوندی گلۆلانیش زیاتر بوو ئەو وەختە لە سەد و پەنجا ماڵێک.

شایی بوو لە گلۆلان بەڵام چۆن شاییەک؟ شاییەک بێ هی بەگزادەی دێبوکری بێ، حەوت بووک لەو شاییەدا بگوێزرێتەوە ئەبێ چۆن بێ؟ حەوت بووکی ماڵە بەگزادە هەرچێ ئاغەوات و بەگزادەی دێبوکری، فەیزوڵلابەگی، مەنگوڕ، مامش هەبوو رژابوونە ئەو شاییە. ژنە بەگزادەو ژنە ئاغەواتی ئەمانە هەموو لە گلۆلان کۆبوونەوە. ژنانی مانگ روو، گشت پڕ حەیا و بە ئابڕوو. لە بناغەدا ئاوو هەوای موکریان بەردیش جوان ئەکا نەوەک ئینسان. ئەمجا جوانیی لە لەش و لار و روومەتی ئافرەتا خۆی دەرخا، ئافرەتیش هی موکریانی بێ هی بەگزادە بێ هی شادی و زەماوەن بێ ئەبێ چۆن بێ؟

ئەم ئافرەتە بە خەرمان لە گلۆلانا بەجلی تافتەو قەیفەی زەربەفتەوە کەوتبوون. پیاوانی بەگزادەی هەموو ئەو وڵاتە هەموو بە مراخانی و شەرواڵی ماوتی عەجەم پشتێنی شاڵی عەجەم، خەنجەری مستو و ماهی بە کەمەرەوە، شەدەو مشکی بەسەرەوە، تفەنگی جانبێزارو سێ تیر بەشانەوە، لەسەر ماینی عەرق لە رەختی زیوو زێڕەوە ئاخۆ ئەبێ چوون بووبێ؟ وەیا ئەم ئافرەتە نازدارە بەگزادانە بە کراسی کریشەی ئاوەڵدامانەوە بە پشتێنی پەشمی سەقزیانەوە بەسەر وپێچی سرکەیی وشکەوە بەسوخمەی کەمەرزێڕی تافتەوە، بەغەرەقی سەر و مل و سوخمەو کەمەر لە ئاڵتوونەوە بۆ سەر شایی حەو بووکی گلۆلان هاتبن و دەست بکەن بە چاوی مانگدا ئاخۆ ئەبێ چوون بووبن؟

ئەم حەوت بووکە دووی لە بەگزادەی دێبوکرییەوە لە گلۆلان ئەچوو بۆ فەیزوڵلابەگی، سێ لە فەیزوڵلابەگیەوە ئەهات بۆ گلۆلان، یەکێ لە مەنگوڕەوە یەکێ بۆ مامش ئەچوو.

چل رۆژ شایی بوو، چل رۆژ دەهۆڵ و زوڕناژەن لە سابلاخ و سەقز و مەراغە هاتبوون، چل رۆژ رمبازی سوارو تەقەی تفەنگچی بوو. چل رۆژ هەڵپەڕکێ و رەشبەڵەک بوو. ریزی هەڵپەڕکێ کوڕانی مشکی بە سەرو کچانی کریشە لەبەر کە ریزی لە کۆڕی رەشبەڵەکا ئەوەستا ئەتوت ئەستێرە زێڕینەی رۆخی ئاسمانە. زرینگەی تەوقە سەر و لاگیرەو شریخەی سەر دەسماڵی سەرچۆپیکێش کە تێکلاوی جیرەی پەنجە بە خەنەی پەنجەو شراوان ئەبوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەیدا لە دڵی فریشتەو ئەکەوتە خۆزگا بۆ ئەوە ئەویش نەفسی ببوایەو بهاتایتە ریز. بەڵام نەئەهات هەر سەیری ئەکرد. سەیری چاومەستان سەیری کڵاو لاران، سەیری بەگزادەو خانمی دیاران، سەیری شاییەکەی چل رۆژی گلۆلان.

نەوەک تەنها ئاغەوات و ئاغا ژنانی دیبوکری کۆ بوو بوونەوە، بەڵکوو زۆر لە دانیشتوی گوندەکانی موکریانی رژابوونە ئەو شاییەوە. هیچ شەو و رۆژێک لە سێ هەزار کەس کەمتر لە گلۆلان نەبوو هەموو بە جلی ئاڵ و واڵاوە لە لایەک هەڵپەرکێ بوو، لە لایەک رمبازی سوارانی پۆشتەو پەرداخ بوو، لە لایەک کۆڕی گۆرانی و بەستەی موکریانی بوو. لە لایەک دەستەی چێشتکەران سەر گەرمی نان دروستکردنی ئەو حەشامەتە بوون، هەموو رۆژێ چل تا پەنجا سەر مەڕ ئەکوژرایەوە. کێ بە کێ بوو هەر رۆژێ تا دوو هەزار تاکە تارانی و جووتەی عەجەمی ئەو سەردەمە ئەکرایە شاباشی نازداران و لاوچاکان. پیری مەیخانەش هاتبووە کۆڕی چوارده سالانەوە تا پەنجا سەماوەری هەشت تەرخانیش لەو لاوە ریز کرابوو.

نەرمە قریوەی دەنگی هەڵپەرکێ، شەڕی لووێنە لەگەڵ گوێ مەمکێ جیری شبرەوی کوڕەگەلی موکری دەنگی بە نازی کچی دیبوکری قریوەی سەرچۆپی ئەچەمایەوە خێرا تەنیشتی گل ئەدایەوە. ئەمانە هەموو لە دێ گلۆلان چل شەو و چل رۆژ ئەمەبوو حاڵیان.

مەلا وەهابی نجەیی کە مامۆستای گلۆلان بوو لەبەر ئەم زەماوەن و رەشبەڵەکە گلۆلانی بە جێهێشت و تا ماوەی ئەو چل رۆژە چوو لە دێ «حەمامیان» دانیشت. فەقێکانی ئەمەیان بە هەل زانی و ئەوان نەچوون. مەلا شەریفی نەوباری هەبوو کە یەکە فەقێ مەلا وەهاب بوو زۆرتر سەر چۆپی ئەو هەڵپەرکێ و رەشبەڵەکە بە دەست ئەوەوە بوو. بەراستی هەڵپەرکێش هەر بۆ ئەو هاتبوو.

ئێمە تا حەفتەیەک ماینەوە و لە پاشا گلۆلانمان بەجێهێشت. پاش چەند ماوەیەکی زۆر بیستم ئەو شایی چل رۆژەی گلۆلان لەپاش شەش مانگێک بوو بە ماتەم، ئەو ئاغەواتانەی لەوێدا کۆ بوونەوە هەموو تووشی دەربەدەری و ماڵ وێرانی بوون.

- کارەساتی رۆژەکان زۆر سەیرە، پەردە ئەداتە لاوە وەکوو پەردەی ئەلبووم کە لە هەر لاپەڕەیەکیا چەند وێنەیەک هەیە وەیا وەکوو دیوجامەگەلێ رەنگی تێدا هەیە.

جەنگی ١٩١٤-١٩١٨ دوایی هات، تەنها ١٧ میلیون کەسی تیا کوژرا و ٢٦ میلیونیش بریندار و پەک کەوتوو بوون. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا کە دوایی هات گرانی و تاعوون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


رشانەوەو بەدبەختی و دەربەدەری بوون بە بەشی کوردەواری. بەڵێ دەستدار بێ دەستی ئەخوارد هەر کە بۆ خۆی باوی سەند. هەندێ لە عەشایر بوون بە ئاگرو کەوتنە گیانی خەڵکیتر.

عەلی محەمەد خانی شریفودەولە لە لایەن حوکومەتی ئێرانەوە لە ناوەندی ١٩١٨ کرا بە حاکمی ولاتی «سنە». لە راستیدا ولاتی سنە -کە ولاتی ئەردەلان بوو- ولاتێکی بە تەواوی ئاڵۆزاو بوو. هەموو ئەم ئاڵۆزاویەش ئەوە بوو کە جەنگی یەکەم هەر چەندە بە ناو بەسەر چوو بوو، بەلام بەدبەختی پاشە لەقەی شەڕ تازە دەستی پێ ئەکرد. لەو ماوەیەدا و لە پێش ئەو ماوەیەشدا هەموو ئەو ولاتە وەکوو ولاتانیتر بووبوو بە پاشاگەردانێ کەس خەتی کەسی نەئەخوێندەوە. دەورەی عەشایری بەهێز زۆر لە باوا بوو. لەناو شارەکەدا دوو بەرە بەناوی «سووسیال» و «دیموکراس»ەوە پەیدا بووبوو، لە دەرەوە عەشرەتەکانی «گەڵباغی» و «مەنمی» خەریکی سەربزێوی و چەپاو کردن بوون. فڕکان فڕکان بوو، کێ ئازا بوو نانێکی بۆ خۆی بفڕاندایە. پێش ئەوەش رووسی قەیسەری شکا و لەشکری شکاوەی داخ لە دڵ کە بگەڕێتەوە ئەبێ چیبکا و چی کردبێ؟

ئەم دوو عەشرەتی گەڵباغی و مەنمییە بەراستی زیانیان ئەگەیاند بە مەردم، بەلام هەموو زیان گەیاندن رەوای هەق نەبوو، هەر بدرێتە لای ئەوان. کە «شریف الدولە» هات هەندێ کەس لەو رۆژەدا خۆیان دایە پاڵی و دەستیان کرد بەخۆ بردنە پێشەوە لەلای ئەو. لەناو بردنی گەڵباغی و مەنمی بوو بە دەستەگوڵێک و درا بە دەست ئەو شەریفودەولەیەوە کە بە تاقە زەلامێ هاتە ناو شاری سنەوە لە رۆژێکا کە حوکومەتی قاجاریش زۆر بە عەزیەت هەناسەی ئەدا. کە وا بوو ئەمە وەکوو پەندە کوردییەکە ئەڵێ: «کردەی کەر و خوردەی یابوو بوو»؛وە یا بە قسەیەکی ترئەڵێ: «کێ کردی و کێ خواردی؟»

من لەم درێژە پێدانەدا مەبەستم یەک شتە مەبەستم دەرخستنی ئەستێرە ژمێری یەکێک لەو گەڵباغییانەیە کە ئاغە براخانە.

ئەم ئاغە براخانە پێیان ئەوت «قیبلەی عالەم». وە یەکێک بوو لە سەرۆکە گەورەکانی گەڵباغی. پیاوێکی ریش سپی قەڵەوی تا ئەندازەیەک کەڵەگەت بوو، لەناو هەموو گەڵباغی و مەنمیدا لەم رووەوە راست بوو قیبلەی هەموو لایەکیان بوو. هەر حسابێک ئەو لێکی بدایەتەوە وا دەرئەچوو؛ بەو بۆنەوە گەلێ پرس و رایان لە دەست ئەوابوو.

کە شەریفودەولە چووە ولاتی سنە ئەم قیبلەی عالەمە وتی: «ئیتر ئەستێرەی ئێمە لە لێژی دایە». پێش ئەوە کە «عەزیز» و «تەکش» بگیرێن قیبلەی عالەم خەبەریدا کە دەورو بەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کێوی «زێراوا» زۆر بە تاریک ئەبینم. ئەستێرەی عەزیز و تەکشم بەر چاو ناکەوێ. لە راستیدا عەزیز و تەکش کە دوو برا بوون و ناوبانگی ئازایەتییان دەرکردبوو لەو شەڕەدا گیران و تیر باران کران.

پێش لەناو بردنی عەزیز و تەکش خەبەریان دایە کە عێلجاڕی عەشایری رەوانسەرو لهۆن بە پشتیوانی حوکومەتی عەجەم لەوانەیە گەلباغی و مەنمی لەناو بەرن. هەر چەندە ئەم لەشکرە لەشکرێکی زۆر بوو، هەرچەندە جەنگێکی گەورە لە کێوی «تەورێز خاتوون» و «عەباس بەگدا» بوو، بەلام قیبلەی عالەم پێی وتن لەم جەنگەدا تا گەلباغی و مەنمێتان هەس خەمتان نەبێ سەر ئەکەون. لە راستیدا لە گەڵ ئەو هەموو عێلجاڕەش کە لێیان کرا وەکوو ئەو وتی هەر سەرکەوتن.

رۆژگار هەر کەتنی بە گەلباغی و مەنمی ئەدا، قیبلەی عالەمیش یەکە یەکە ئەمانەی باس ئەکرد. سالی ١٩١٩ هات وتی: «ئەم سالە زۆر شوومە. سالێ ١٣٣٨ی هیجری سالی قڕانی گەلباغی و مەنمییە».

کە دام و دەزگای شەریفودەولە بە هۆی کورەکانی دەورو بەریەوە پەرەی سەند قیبلەی عالەم چوو بۆ سەقز بۆ لای غیاسودەولە. ئەو چوونەی ئاخر نەگبەتیەک بوو کە رووی تێکرد؛ واتە قیبلەی عالەم لەوێ گیری خوارد. لە ئەنجاما ئەو وە ئەوانەی کە گیریان خوارد و کەوتنە ناو داوەوە بە بەندی هێنران بۆ سنە. لە یەکەم شەوی مانگی رەجەبی سالی ١٣٣٨ ی هیجری لە بەندیخانەی سنەبوو هەژدە کەسیتر لە هاوڕێکانی لە گەلی بوون دەوریان لێداو وتیان: «قیولە چۆن ئەوینی؟» وتی: «کوڕ گەل ئەگەر سۆزی نەکوژرگێن هەسارەی ئێمە تا هەزار سالێتر هاوە ئاسمانەوە». بەلام کە کەوتنە سبەینێ هەموو بە تیرباران کردن و بەچاڵ نان و بەخنکاندن کوژران. لەشەکانیان لەبەر دەرمالا خرانە ناو دیوار و هەر یەکە بەردێکیان خستنە سەر و ناوو نیشان و کردەوەیان لەسەر بەردەکە هەلکەند. کوژرانی ئەمانە دوو حەفتەی خایان، بەلام قیبلەی عالەم لە یەکەم رۆژدا تیرباران کرا. ئەوانەش کە لەو چەند رۆژەدا کوژران بۆ ئاگاداری مێژوو ئەمانەبوون:

**لە گەلباغی:** ١ـ ئاغە براخان قیبلەی عالەم ٢ـ سەرداری کوڕی قەیتول ٣ـ فارسخانی رەئیس ٤ـ محەمەد خانی رەئیس ٥ـ میرزا عەولای سەیفولعەشایر.

**لە مەنمی:** ١ـ فەرەج خان ٢ـ عەولاخان ٣ـ مەحموو بەگ ٤ـ عەولا بەگی کوڕی شامحەمەد بەگ ٥ـ سەید حەمەد خانی سەرهەنگ ٦ـ مەلک محەمەد خان ٧ـ نوور محەمەد خانی ئێلخانی ٨ـ مستەفا بەگی کوڕی حەمەد بەگ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**لە شێخ سمایلی:** ١ـ عەزیز خانی برای مەحموو خانی سەردار ئێقبال ٢ـ مستەفا خانی برای حەمەد مرادخانی ئێلخانی ٣ـ مەجید خانی کوڕی سارم لەشکر ٤ـ مەحموو خانی سەردار ئێقبال کوڕی حەمەمراد خان.

ئەمانە بەم جۆرە لەناو بران. لەو رۆژەدا زۆر کەس لە کوردەکان بۆ بردنە پێشەوەی خۆیان هاوکارییان لەگەڵ شەریفودەولەدا ئەکرد. ئەو شەریفودەولەیە کە بە تاقە زەلامێ لە لایەن حوکومەتی قاجارییەوە هاتە سنە، ئەو حوکومەتی قاجارییە کە تەنها دەنگی هەبوو رەنگی نەبوو.

من لایەنگری ئەو کەسانە ناکەم کە پیاو خراپ و خراپەکارن، سەرۆکەکانی گەڵباغی و مەنمی مالی گەلێ کەسیان وێران کرد، گەلێ تالانیان کرد، گەلێ ژنیان بێوەژن کردو منالیان هەتیو خست، بەلام ئەمانە هەمووی لە رووی نەزانی و بێ خاوەنیەوە بوو. ئەگەر خاوەن و رێ پیشاندەرێکی ببوایە وا بەو جۆرە دەر نەئەچوون. جارێکیکە دایکێکی‌تر کوڕێکی وەکوو عەزیز و تەکش ناهێنێتەوە. ئەگەر کوردەکە خۆی خۆ خوری نەکردایە ئەو کوڕانە بە پیاوێکی وەکوو شەریفودەولە لە ناو نەئەچوون. سەیرەکە ئەوەیە کورد خۆی گەڵباغی و مەنمی لەناو برد، کەچی ئازایەتی و پیاوەتیەکە درایە پاڵ شەریفودولە. کوردەکە ئافەرینێکی شریفودەولەی کردە تاجە گولینەیەک و کردیە سەری کەچی نە تاجەگولینەکەی بۆ مایەوە نە ئەو کوڕە ناودارانە لە مێژوودا. تا ئێستە هیچ کەس کوردی لەناو نەبردووە تەنها کورد خۆی نەبێ کە ئەمەی بە شانازی زانیوە.

وەیا ئەمە ئەگەر بەدبەختی و ماڵ وێرانی نەبێ بۆ کورد چ رەوای هەقە کە خەلیلخانی نەڕانی بە قسەی شەریفودەولە بۆ شاڵێکی تورمەی خەلاتیی سێ برای بڕبڕە پشتەی خۆی وەکوو سنجەرخان و ئەحمەدخان و یەدوڵلاخان لە رۆژی هەینی دەی محەرەمی ١٣٣٩ی هیجری لە ماڵی خۆیدا بکوژێ؟ کێ بکوژی؟ سنجەر خان بکوژێ. کام سنجەر خان؟ ئەو سنجەرخانە کە وەکوو کێوێکی پۆلایین لە رووی رووسی قەیسەری و حوکومەتی قاجاریدا وەستا بوو. فۆلکلۆرەکانی ئەو رۆژە کەبۆ کوژرانی سنجەرخان لە میاوەران و نەڕان و سنەدا ئەوترا لام وایە وەچەکانی ئێستەو وەچەکانی دوای ئێستەش هەر بەسەر زاریانەوەیەو بەسەر دەمیانەوە بێت. هیچیتر گوزارشت لەمە ناداتەوە تەنها ئەوە نەبێ کە ئەڵێ: «ئەگەر دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقەڵشێ».

- فارس ئاغا هەبوو خەڵکی سولەیمانی بوو بۆی گێڕامەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی

لە پێش شەهید کردنی شێخ سەعید لە ١٩٠٩ لە مووسل، هەر لەگەڵ شێخ مەحموودی مەلک بووم. هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی شەرم چاوپێکەوت؛ چ لەپیران و نژمار چ لە تەلان و جاسەنە. وتی: ١٩١٨ لە سنە بووم یەکەم فرۆکەیەک کە هاتە ئەو شارە یەکەم جار بوو من و ئەوانیش چاومان پێ بکەوێ. هەموو خەڵکی سنە بە هۆی دەنگەدەنگ و گرمەگرمەکەیەوە کردیانە سەر بانەکانا و سەیری ئاسمانیان ئەکرد؛ چونکە گرمەگرمەکە لەویوە ئەهات هیچیشیان بەرچاو نەئەکەوت هەر ئەوەندە بوو ئەیانوت ئەوە تەیارەو باڵۆنە هاتووە. لە ئەنجاما چاو تیژەکان شتێکیان بەسەر ئاویەرەوە چاوپێکەوت کە دەنگەکە لەوەوە ئەهات. ئەوەندە بەرز بوو بە عاستەم بەدی ئەکرا. ئەوانەی کە چاویان پێکەوتبوو پێشانی ئەوانیتریان ئەدا ئەیانوت: ئەها ها ئەوەسە وەکوو داڵ تیت و ئەچێ تواشاکە تواشاکە چۆن باڵەکانی لار ئەکاتەوە هەر ئەیژی داڵە. خەڵکەکەی تریش ئەیانوت کوا خۆ دیار نییە ئەوانیش ئەیانوت: ئەوە نییە دووکەڵ لە جووچکەکەیەوە دەرئەچێ ئەیژی مارێکی رەشەو بە ئاسمانا کێشیاگە. وتی: منیش لە ئاخرا چاوم پێکەوت لەراستیدا ئەوەندە بەرزبوو هەر بە ئەندازەی قەلەرەشێک ئەهاتە بەرچاو. وتی: «لە ١٩٢٢ یش دواوە کە لە ئەشکەوتی حاسەنە بووین کاتێ کە تەیارە ئەهات بەسەر ئاواییەکانا هەر سەگ بوو ئەیقرووقان و خۆی ئەشاردەوە. پشیلە باریک ئەبووەوە ئەچووە ناو کادان و شتە. مریشک و کەڵەشێر هەڕایان ئەکردەوە بۆ کولانەکەی خۆیان، باڵندەو چوولەکە لە سەر دارەکان بە یەکا ئەهاتن نەیانئەزانی لە ترسا روو بکەنە کوێ. خۆ گا و گوێتەڵ و مەڕ و مالات خوا ئەیزانی چۆن ئەڕەوینەوە، ئێستر و ولاغی بە رزە هەر یەکە بە لایێکدا هەڵئەهاتن.

## پەندی پیران

- لەو شارەزووورە لە ئاوایی باکراوا پیاوێکی زۆر بە سامان و بە مەڕ و مالاتی لێبوو ناو بانگی مەڕ و مالاتەکەی ئەو ناوەی پڕ کردبوو. ئەم پیاوە وەکوو وەجاخی کوێر بوو چروکیەکەشی لەزۆری سامانەکەی زیاتر ناوبانگی دەرکردبوو. خوا مەرگی پشیلەی کوێری بەکراوای ئەدا ئەگەر بیتوانیایە پڕ رزۆڵەنانێکی «دۆسکە» بەکراوای لە خەوا ببینیایە.

کاکە دۆسکە گەلێ شەو و رۆژ وەرزی بە سەرا هات هیچ نەبوو، کوتوپڕ رۆژێک ژنە گیرخواردووەکەی بە دەستیەوە مرخی پەڕایە سەر جەرگ و دل. مرخێکی وا کە دلی بۆ ئەتوایەوە وەیا راستەو راست بلێین بێوری کرد بەسیوجگەرەوە. بە دۆسکەی مێردی وت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاوەکە ئەوەی راستی بێزوو ئەکەم بە سویجەرەوە، با گیسکێک سەر برین تۆزی لە سوجگەرەکەی بخۆم بەلکوو خوا منالێکیشمان بداتێ. دۆسکە وتی ئافرەت گیسک بۆچ سەر برین؟ ئەم گیسکە سبەینێ ئەبێ بە چتێر ئەیفرۆشین، بە پارەکەی هەزار کونی پێ ئەگرین. خوا ریکی خا سبەی دوو سبەی ئەچم بۆ شار جەرگ و دڵێک لەوێ ئەکرم و ئەیهێنمەوە ئەوەندە بخۆ تا لە لووتت دێتەوە.

دۆسکە بەمجۆرە ژنەکەی خلافان و لە دەمە دەمی پایزا روو بەشاری سولەیمانی بە رێکەوت بۆ سیوجگەر کرین. چووە بەر دوکانی قەساب سیوجگەرێکی کۆنی چاو پێ کەوت وتی ئەمە بەچەند؟ کابرای قەساب وتی بە دوو قەران. ئەم وتی بە قەرانێک. کابرای قەساب بە گاڵتەوە پێی وت برا بچۆ لە کەرکووک بیکرە بە قەرانێک.

لەم قسەیە کابرا گوێی زرنگایەوە لە دڵی خۆیا وتی بۆچ نەچم لە کەرکووک بیکرم بە قەرانێک و قەرانەکەی‌تری هەزار کونی پێ ئەگرم. پێی لێکرد بە پشتا بۆ کەرکووک. لەپاش چەند رۆژ گەیشتە کەرکووک چووە بەر دوکانی قەساب بۆ کرینی سیوجگەر دانەیەکی بە قنارەکەوە دی وتی بە چەند؟ کابرا وتی بە سێ قەران وتی ئەوە چی ئەڵێی تۆ؟ لە سولەیمانی ئەیانوت دوو قەران. کابرا قەساب وتی: جا کەواتە بچۆ بۆ مووسڵ لەوێ بە دوو مەتالیکە. کابرا لە دڵی خۆیا لێکی دایەوە ئەگەر بچێ بۆ مووسڵ و ئەم سیوجگەرە بە دوو متالیکە بکرێ بە دو مەتالیک لە قەرانەکە دوو متالیکەیتری بۆ ئەمێنێتەوە هەزار کونی پێ ئەگرێ. وای بەباش زانی رووەو مووسڵ بەرێ کەوێ.

بە رێکەوت و لەپاش چەند رۆژێکی‌تر گەیشتە مووسڵ. چووە بەر دووکانی قەساب و مامەڵەی سیوجگەری کرد کابرای قەساب وتی بە چوار قەران. وتی ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ لە کەرکووک ئەگەر کەیفم لێ بوایە بە دوو مەتالیک ئەم کری. کابرای قەساب وتی بچۆ لە حەڵەب بە مەتالیکێک بیکرەو بچۆرەوە. کابرا قسەکەی بەدڵ بوو وتی: ئەچم لەحەڵەب ئەیکرم و مەتالیکەکەی تری هەزار کونی پێ ئەگرم. ئەمجا حەڵەب بگرەو هاتم. دەمەو رۆژاوا بوو گەیشتە ناو شاری حەڵەب و هیچ شوێنێک شک نابا ئەو شەوەی تیا رۆژ بکاتەوە. بەلای کۆشکێکا رۆیشت پەناگەیەکی تیا بوو وتی ئێمشەو لە پەناگای ئەم کۆشکەدا رۆژ ئەکەمەوەو بەیانی ئەچم سیوجگەرەکە ئەکرم و بەرەو ولات ئەبمەوە. چوو لەبن دیوارەکەدا کزۆڵەی کرد.

زۆری پێ نەچوو کورێکی لاوی شۆخ و شەنگ هات رووبەرووی دەروازەی کۆشکەکە لەو کاتەدا کە ویستی بچێتە ژوورەوە چاوی بە تارماییەک کەوت لەبن دیواری کۆشکەکەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarmag

هات بەلای تارماییەکەوە سەیری کرد زەلامێکە کزۆڵەی کردووە وتی کابرا تۆ کێت؟ وتی: قوربان غەریبم تازە ڕێم کەوتۆتە ئەم شارە شەوم بەسەرا هات. هیچ شوێنێ شک نابەم ئەمەوێ ئیمشەو لەم بن دیوارە ستار بگرم و بەیانی بچم بە شوێن ئیشی خۆمەوە. کوڕە گەنجەکە وتی برا ئەم کۆشکە ماڵی منە هەستە ژوورەوە ئیمشەو مێوانی من بەو بەیانی خوات لەگەڵ.

کابرا لەگەڵی چووە ژوورەوە سەیری کرد بەراستی کۆشکێکی زۆر بەتفاقە. ژنێکی نازدار هات بە پیریانەوە بەدەمێکی بەپێکەنین و ڕوویەکی خۆشەوە لە کوڕەکەی پرسی ئەو پیاوە کێیە لەگەڵتا؟ کوڕە وتی ئەمە ئیمشەو مێوانمانە. ژنە ئەوەندەیتر ڕووی گەشایەوەو وتی یا خوا بەخێر بێت! کوڕەش بە پیاوەکەی وت ئەمە ژنمە. ژنە نانێکی باشی دروست کرد و هەر سێکیان نانیان خوارد.

کابرا سەیری کرد هەر لەو ژوورەدا گۆڕێکیشی لێیە، ئەمە زۆر سرنجی ڕاکێشا ئیجگار کە سەیری ئەکرد ئەم ژن و پیاوە لە کاتی نان خواردنەکەدا سەیری گۆڕەکە ئەکەن و بزەیان لێوەدێت.

پاش نانخواردن و هەموو شتێک ژوورێک لە تەنیشت ئەو ژوورەوە بوو، ژنەکە نوێنێ بۆ کابرای مێوان لەوێدا ڕاخست و کوڕەکە پێی وت کاکی خۆم ڕەنگبێ هیلاک بیت بچۆ ئەوە لەو ژوورە نوێن ڕاخراوە بحەسێرەوە بنوو. کابرا چوو لەسەر نوێنێ خۆی ڕاکشا و هەر سێ و دووی ئەو گۆڕ و بزەیەی ئەکرد. دەلاقەیەک لە ژوورەکەدا بوو هەر دوو ژوورەکەی ئەنووسان پێکەوە. دەلاقەکە ڕووی لەم بوو زۆری پێ چوو یا نەچوو ژن و پیاوەکە لایان وا بوو ئەم خەوی لێ کەوتووە ئەمیش لەبەر پەژارەو ماندوێتی دڵ، خەو لێی تۆرابوو. هەستی کرد ئەوا کوڕەکە دوو تێلای هێناو بە ژنەکەی وت: «بکوتین و بیکەین یا بیکەین و بکوتین؟» ژنە وتی ئارەزووی خۆتە لەم لاوە کابرا کە چاوی بەو تێلایانە کەوت و گوێی لەو قسەیە بوو بە جارێ ناوکی کەوت و وتی جارێکیکە دیارە من گیاندەر نابەم ئەمانە بەناوی مێوانیەوە بۆیە ئیمشەو منیان هێنا و خزمەتیان کردم بمکوژن لەبەر ئەمە لەشوێنەکەی خۆی قوت بووەوەو نەیزانی چیبکا دەرگا و شتەش هەموو داخراوە.

ئەم لەم پەژارەیەدا بوو سەیری کرد کوڕە ڕاست بووەوە دەستێکی کردە گەردنی ژنەکەو ئالان بەیەکا. ئەوی پێویست بوو ئارەزووی دڵیان لەیەک وەرگرت پاش ئەوە هەستان هەر یەکە یەکێ لە تێلاکانیان هەڵگرت و چوونە ئەم لاو ئەو لای گۆڕەکەوە بەدار هاتن بەوێژەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گۆڕەکەدا تا شل بوون. پاش ئەوە هاتن لەم لای گۆڕەکەوە دەستیان کردە مل یەک و نووستن.

کوڕەی میوانی خەو بەچاو نەچوو لەم کارەسات و بە سەرهاتە ئەوەندەی واقی وڕما ئەوەندەیتر کەوتە گێژاوی سەرسامییەوە.

ئەو شەوە بە هەر جۆر بوو رۆژی کردەوە. بەیانی کوڕەی خانەخوێ ئەوی پێویستی خزمەت بوو دیسان لە گەڵیا بەجێ هێنا و هاتەسەر وبەری رۆیشتن. کابرای میوان وتی: ئەی ئەو کەسانەی کە بە خزمەتکردنەکەتان شەرمەزارتان کردم! من ئیمشەو ئێوە ئاگادار بووبن یا نەبووبن کارەساتێکی وام لە ئێوەوە چاو پێکەوت، ئێستەش بەو نمەکەی کە لەمماڵەدا کردوومە لەم ماڵە ناچمە دەرەوە تا بوخچەی ئەم نهێنیەم بۆ نەکەنەوە. کوڕەی خانەخوێ زەردەخەنەیەکی کردو وتی بۆچ تۆ ئاگات لە کارەساتی ئێمە هەبوو؟ وتی بەڵێ. وتی: برا واز لەوە بێنە تۆ ئێستە ئەم ماڵە ماڵی خۆتە ساڵێ لە باتی سەد ساڵ دائەنیشی کەس رایەی ئەوەی ناکەوێ پێت بڵێ بڕۆ. کابرای میوان وتی: دەرمانی رێگا رۆیشتنە، من پیاوێکی غەریبم بە ئیش هاتووم بۆ ئەم وڵاتە هەر ئەبێ بڕۆم بەڵام ئەبێ پێم بڵێن. کوڕەی خانەخوێ وتی کەواتە گوێ بگرە تا بۆت بگێڕمەوە. وتی: ئا ئەو گۆڕە کە چاوت لێیە پیاوێکی قەسابی زۆر زۆر دەوڵەمەندو وەستای من بوو گەلێ شوانکارەو رانەبێرەی هەبوو. قەسابەکانی ئەم شارە بۆ قەنارەکانیان هەموو کەلەشیان لەو وەرئەگرت. لە پارەش هەتا بڵێیت زۆری هەبوو. ئەو ژنە نازدارە کە ئێستە لەبەر چاوتە و شەوێ لەگەڵ منا بوو، ژنی ئەو بوو. لە ژن و مناڵا لەوە زیاتری نەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەم هەموو سامانەدا کە هەیبوو نەخۆی تێری لەنان ئەخواردو نە ئەو ژنەی ئاهی سکی لە پێخۆر ئەشکا. کێ یارای ئەوەی هەبوو بتوانێ پێی بڵێ پوولێکی نارەواج بدە بە یەکێ. هەموو ئارەزوو و کۆششێکی کەوتبووە سەر ئەوە هەر ماڵ و سامان کۆ کاتەوە. ژنی بەسەزمانیش کە ئەتوت مانگە لەبەر برسێتی و بێ شتی وەکوو دەمەداسی بە لیمۆی زەرد ئاو دراوی لێ هاتبوو. کە ئیشی هەر دووکیان گەیشتە ئەم شوێنە کوتوپڕ کابرا مرد. هیچ میراتگری‌تری نەبوو. من ژنەکەیم مارەکرد و لەسەر ماڵەکەیەوە دانیشتم، بەمجۆرە کە تۆ بینیت دەستمان کرد بە کامەرانی.

بە رۆژ من ئەچم بۆ سەر کردنەوەی ماڵ و مڵک، ئێوارە کە دێمەوە ئەم ژنە بەو جۆرە دێ بە پیرمەوە و یەکترمان لەگیانی خۆمان خۆشتر ئەوێ. پاش ئەوە کە نان ئەخۆین ئەو قسەیە کە ئەیکەین و ئەڵێن: «بکوتین و بیکەین یا بیکەین و بکوتین»؛ مەبەست ئەوەیە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشا دڵ لە یەک وەربگرین و ئەمجا بکەوینە کوتانی ئەو گۆڕە کە هی قەسابی وەستای من و کۆنە مێردی ئەوە وەیا لە پێشا بکوتنیەوەو پاشان ئێمە بەدڵی یەک بگەین.

قەبرەکەی ئەکوتین ئەڵێن ئەوە دەردت بێ ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆرە؛ تۆ ماڵی خۆتت نەخوارد یەکێکیتر ئەیخوا. هەر لەبەر چاوی ئەوەوە لەگەڵ ژنەکەیا ئەئاڵێین بەیەکا. ئەڵێن بەکوێرایی چاوت بۆ خۆت سەیری ئەم ئاهەنگەی ئێمە بکە. ئێستە ئێمە لەسەر ئەو سامانەی ئەو کە لە کاتی خۆیا هیچی لێ نەخوارد ئەوی شایانی ژیانێکی شاهانی بێ رای ئەبوێرین و چۆن دڵمان بیەوێ وائەکەین. ئەمە بوو سەر گوزەشتی ئێمە.

کابرای مێوان لەپاش بیستنی ئەم قسەو بەسەرهاتە تاسێک بردیەوەو کەوتە عالەمێکی‌ترەوە. هەر هەستا مالاوایی کردو وتی زۆر سوپاستان ئەکەم. هاتە بازاڕ ماینێکی کەحیلەی کڕی سواری بوو بە چوار نالەوە بەرەو بەکراوا بووەوە. بەچەند رۆژێکی زۆر کەم گەیشتەوە ماڵەوە هەر لە دوورەوە بانگی کرد ئافرەت ئا ئەو مەرەپەرەکە بدەن بە زەویدا و سەری برن. ژنەکەی لە بیستنی ئەم قسەیە هەر وا حەپەسا، چونکە ئەمە دۆسکە نییە قسەی وا بکا. دۆسکە وتی ئافرەت بۆ راماوی نان و خوانێکی باش دروست کە تا دێمەوە. دانەبەزی چوو بۆ ناو برە مەڕێکی لادا و دای بە یەکێ لە شوانەکان وتی هەر خێرا بیانبە بۆ شار بیانفرۆشە. پارەکە بدە بە جل‌وبەرگ و نوقل و نەبات هەر زۆر زوو وەرەوە. شوانەش دیسان هەر حەپەسا. ئەمجا هاتەوە بۆ ماڵەوەو دابەزی وتی ئافرەت دەوارێک هەڵدەن ئەم دەوارە ئەبێ ببێ بەدیواخان نابێ هیچ ژەمێک تا من ماوم بێ مێوان بێت، تۆش تا ماویت دڵت چی ئەوێ بێ دڵی خۆت مەکە ماڵ و سامان زۆرە.

ژنە وتی پیاوە چی قەوماوە من بۆ سیوجگەرە بۆگەنیوێک ئەچووم بە ئاسمانا ئێستە چییە؟

وتی: ژنە دەنگ مەکە «تۆگێ و من کوت پەیدا بووە»؛ نە تۆ ئەدەم بە قسپاو نە خۆم ئەدەم بە لێدان. قەمتەری شەیتان لە دەمما بوو ئەوا ئێستە دەرهات و خوا دەرووی لە هەر دووکمان کردەوە. چی بەسەر هات لەئەم شار و ئەو شاری بەو شوێن سیوجگەرەوەو لە چاو پێکەوتنی کارەساتی تازە مێردی کۆنەژنی قەسابەوەو لە دارکاری کردنی قەبری رەق و تەقی کابرای ماڵ خۆنەخۆرەوە هەمووی بۆ گێڕایەوەو وتی: با ئێمە وامان بەسەرنەی؛ تا ماوین خۆمان بیخۆین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- لە ماردین کلێسەیەکی گاورەکان هەبوو مەنارە بەرزە جوانەکەی سەری بردبوو بە ئاسمانا. لەناو مەنارەکە «بۆڵ»ێکی گەورە هەبوو حاجی لەقلەقێک فێر ببو ئەچوو بەسەریەوە ئەنیشتەوەو ئەو ناوەی پڕ ئەکرد لە ریقنە. مجەوری کلێسەکە هەموو جار ئەچوو زەنگەکەی ئەشت و دەورو بەرەکەی پاک ئەکردەوە، زۆری پێ نەئەچوو دیسان حاجی لەقلەقەکە پیسی ئەکردەوە. مجەوەرەکە زۆر وەڕز بوو، لە وزەیا نەما ئیتر پاکی کاتەوەو حاجی لەقلەقەکەشی بۆ نەئەگیرا تا چارێ بکا.

رۆژێک چوو هەندێ گۆشتی حوشتری پەیدا کرد لەگەڵ کاسەیەک عەرەقدا بردی لەسەر مەنارەکەوە لە تەنیشت زەنگەکەوە داینا. حاجی لەقلەق کاتێ کە هاتەوە سەیری کرد ئاوێکی جوان و گۆشتێکی جوانی بۆ دانراوە لە گۆشتەکەی ئەخوارد و دەنووکی ئەدا لە عەرەقەکە لەویشی ئەخواردەوە. بۆچ لە ئەنجاما مەست نەبێ و نەکەوێتە خوارەوە مجەورەکەیش خۆی لێداگرتووە. هەر کەوتە خوارەوە بەدارێکەوە گەیشتە سەری و دەستی کرد بە محاکمەکردنی پێی وت: «من نازانم تۆ چیت و چ ئاینێکت هەیە؟ ئەگەر موسڵمانیت عەرەق ناخۆیتەوە، ئەگەر جوولەکەیت گۆشت ناخۆی، ئەگەر گاوریت و بڕوات بەئایینی عیسا هەیە هەڵنافیڕینی بە زەنگی کلێسەدا؛ دەرکەوت کە تۆ دین سزیت و هیچ دینێکت نییە». بەدارەکە دای لە مێشکی مێشکی پژان و کوشتی.

- لە چیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردیە ئەڵێ:

جارێک کیژە بچکۆلەیەک لەو دەشتە لەلای بەرغەل بوو سەیری کرد وا شێرێکی زۆر زل کەوتۆتە ناو قەفەزێکی پۆلایین ئەنرکێنێ و ئەزرکێنێ و ناتوانێ لەناو قەفەزەکەدا دەرچێت. کچۆلەکە زۆر بەزەیی پیاهاتەوە کە شێری شای گیانلەبەرانی کێوی بەو جۆرە بە زەلیلی لەناو ئەو قەفەزەدا کەوتووە. چوو بەلایەوە پێی وت شای گیانلەبەران! ئەگەر لەم بەندە رزگارت بکەم چیم دەربارە ئەکەیت؟ وتی کیژە بچکۆلەکە ئەگەر رزگارم بکەی تا ماوم هەڵقە بەگوێی تۆ ئەبم. کیژە بە هێواشی دەستی برد و دەرگای قەفەزەکەی لێکردەوەو شێر هاتە دەرەوە تۆزێ خۆی کێشایەوەو ئەمجا هات بەلای کیژەکەوەو چەمۆڵەیەکی بۆ درێژ کرد. کیژە وتی ئەوە چی ئەکەی؟ شێرە وتی ئەتخۆم. کیژە وتی جا ئەمە رەوای هەقە من تۆم لەو بەندی دیلیەتییە رزگار کردو کەچی ئێستە تۆ ئاوام تۆڵە ئەدەیتەوە؟ شێرە وتی: هەق نییە هێز لە سەرووی هەقەوەیە. کیژە وتی ئەوە بەراستتە؟ وتی بەڵێ بەراستمە خۆ گاڵتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ناکەم، چەند رۆژە من بەسراوەمەتەوە لێرە، ئێستە برسیمەو ئەتخۆم. کیژە وتی ئەی هەقەکە چی لێهات؟ شێرە وتی پێم وتی هەق دروست نەبووە.

کیژە وتی ئێستە کە هەر ئەمخۆی وەرە شتێکیتر بکەین وتی چی بکەین؟ وتی وەرە پێکەوە بەم ریگەیەدا ئەرۆین تا تووشی سێ جۆرە گیانلەبەر ئەبین. لێیان ئەپرسین ئەگەر ئەوانیش وتیان هەق نییە ئەوا بمخۆ، هیچ لۆمەیەکت ئیتر نایەتە سەر. شێر وتی باشە.

رۆیشتن لە ناکاو تووشی کەروێشکێک بوون. شێرە بە توورەییەوە بانگی کرد کەروێشک هەق هەیە؟ کەروێشک کە سەیری دیمەن و چەمۆلەو دانە ریچەکانی شێری کرد هێزی تیا نەما و وتی: «قوربان هەق نییە». شێرە وتی برۆ بەرێی خۆتەوە. ئەو رۆیشت و ئەمان ماوەیەکیتر رۆیشتن تووشی ئاسکێک بوون. شێرە بانگی کرد لە ئاسکەکە وتی ئەی ئاسک هەق هەیە؟ ئاسک کە سەیری گوێچکەی راستەوە بوو و توکی گرژی سەر و کەللەی شێری کرد ورەی پێ نەما وتی: قوربان هەق نییەو هەر دروست نەبووە. شێرە وتی برۆ بەرێی خۆتەوە. ئاسکەکە لێیدا رۆیشت و ئەمانیش کەوتنەوە رێ زۆر نەرۆیشتن تووشی رێوییێک بوون. شێرە بانگی کرد رێوی هەق هەیە؟ رێوی وتی قوربان تێناگەم کارەسات چییە، نازانم چی بڵێم؟ شێرەکە وتی من لە قەفەزێکی پۆلاییندا بووم ئەم کیژۆڵەیە بەرەڵای کردم. ئێستە ئەڵێم ئەتخۆم ئەڵێ هەق نییە بمخۆی منیش ئەڵێم هەق هەر دروست نەبووە. وا ئەم پرسیارە ئێستە لە تۆ ئەکەم بۆ ئەوە شەرع بکەیت. رێوی وتی شای گیانلەبەرانی دارستان فەرمایشەکەت زۆر بەجێیە، بەڵام شەرع کردن ئەبێ هەر دوو کەسەکە چۆن بوون بەو جۆرە لەبەر دەمی قازیدا راوەستن بۆ ئەوەی قازی سەیری سەرو باڵای هەردووکیان بکا لە کاتی تاوانا ئەو وەختە حوکمی عادلانەی خۆی بدا. ئێستە من نازانم قەفەزەکە چۆن بووەو ئەم کیژە چی کردووە و تۆ چیت پێ وتووە و چۆن دەستی بۆ ئەو قەفەزە درێژ کردووە؟ شێرە وتی نەچووە بچیت وەرە لەگەڵمان با بگەڕێینەوە بۆ سەر قەفەزەکە و بەچاوی خۆت دیمەنەکە ببینە. رێوی وتی فەرموو باشە.

هەموو بەرەو دوا گەڕانەوە تا چوونەوە سەر قەفەزەکە. شێرەکە وتی لەم شوێنەدا بووەو ئەمەش قەفەزەکەیە رێوی وتی فەرموو بچۆرە ناو قەفەزەکە با بەچاوی خۆم کارەساتەکە ببینم. شێرەکە چووەوە ناو قەفەزەکە رێوی وتی: قەفەزەکە هەر وا بەرەڵا بوو؟ شێرەکە وتی نە؛ دەرگاکەی داخرابوو. بە کچەکەی وت دەرگاکەی وەکوو خۆی لێ بکەوە. کچە دەستی برد دەرگاکەی دادایەوە. ئەمجا رێوی رووی کردە شێرەکە و وتی: فەرموو ئێستە چی ئەڵێی بڵێ وتی: «هەق هەیە یان نە؟» رێوی وتی: «بەڵێ هەیەو دروست بووە». شێرە وتی هەق

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نییە ڕێوی وتی هەق هەیەو دروست بووە، هەق ئەوە بوو کە تۆ تۆڵەی ئەم کچەی بە چاکە بدەیتەوە، کەچی تۆ هاتی هێزت خستە سەر هەقەوە. بەڵام هەق هەر شوێنی خۆی ئەگرێ و هەر سەر ئەکەوێ ئەگەر بڕواناکەی تۆ بۆ خۆت لەوێدا هەر لە ورگی خۆت بدە.

- لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردییە ئەڵێ:

مام ڕێوی دەرماڵی شێر بوو بە خزمەتکار لە مالیانا و جارجاریش ئەگەر لەپاش ماوەی شێر شتێکی دەستکەوێ بیخوا هەر لەبەر ئەم چلکاو خواردنە بوو وا چووە ژێر ئەرکی ئەو خزمەتکارییە.

ڕۆژێک شێر -شای دڕندەکان- پێی وت بزانم کەس دیار نییە بێت بۆ خزمەتی ئەم بارەگایە؟ مام ڕێوی وتی فەرمانی پادشا لە سەر سەرە هەر ئێستە ئەچم ئەم بارەگایە پڕ ئەکەم لە خولام و لە نۆکەری کەمەر بەستە.

چوو لە ڕێگادا لەو دەشتی زەنگاباتە تووشی ورچ بوو پێی وت: دارۆغەی وڵات دوێنی مردووە کوێخای زەنگابات شای گیانلەبەران فەرمانی داوە کە ئێوە شوێنی بگرنەوە، فەرموو بابچین بۆ خزمەتی. ورچە بە فیزێکەوە شوێنی کەوت و چوون بۆ خزمەتی شێر.

شێر ماوەیەکە برسییەو زۆر تووڕەیە لەوە کە ماوەیکە کەس نەهاتووە بۆ خزمەتی. هەر کە چاوی بە ورچ کەوت چەمۆڵەیەکی بۆ درێژ کردو هەموو پێستی سەرشانی بەجارێ هێنایەخوارەوە تا سەر کلکی دایماڵی. ئەمجا ڕێوی ڕووی تێکرد و پێی وت:

کوێخای زەنگابات هەڵکیشەعەبات
چەفتەی سەر شانت ئاوەڵدامەنە ئەو لارو لەنجەی هەتە دایمەنە
کوێخای زەنگابات ئەرکی گرانە شان هەڵتەکێنە ڕێگات بزانە
تۆ لەکوێ و کوێخای زەنگابات لەکوێ خۆ نەناس ئەبێ بەم جۆرەی بوێ

- دیسان هەر لەقسەی گوێ ئاگردانە ئەڵێ:

ڕێویەک کەوتبووە حاڵی خۆیەوە لە برسانا لات کەوتبوو. بەسەرە تەقێ و لۆکە لۆک کەوتە ئەو دەشتی گەرمیانە بۆ ئەوەی بەڵکوو شتێکی دەستکەوێ لەو ڕۆژە ڕەشە ڕزگاری بێ. لە ناکاو تووشی گورگێک بوو سەیری کرد گورگ لەم پەریشانترە. گورگەکە دانێکی لێ ڕیچ کردەوە پەلاماریدا، مام ڕێوی تۆزێ بۆی کشایەوەو پێی وت بێ قەزا بی چی ئەکەی؟ لە خواردنی گەڕێکی لەڕی وەکوو من چ ئاهێک ئەکەوێتە سکتەوە؟ بە قەپاڵێک منت خوارد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواجار چی ئەکەی؟ وەرە باپچین لەو شیوە ئیسترێک کەوتووە جەنابت لەپێشا تێری لێبخۆ منیش لە پاشماوەکەت ئەخۆم تا ئەو تەواو ئەبێ من بە پوختی قەڵەو ئەبمەوە ئەو وەختە عافیەتم کە. گورگە وتی باشە. وا لە کوێ با بچین.

رێوی پێشی کەوت و روویان کردە چەمەکە سەیریان کرد وا جوانووە ئیسترێکی قەڵەو لەسەر لا لێ راکشاوە. هەر ئێستە عەمری داوە بە تۆ یا ساڵێ لەمەو پێشتر. مام رێوی بە گورگەی وت من لەبەر پیری و لەبەر برسێتێ هێزی چاوەکانم نەماوە، بزماری ناڵی سمی ئێسترەکە ئەگەر بەلای راستدا چەوت بووبێتەوە ئەوە ئەو ئێسترە تۆپیوە ئەگەر بەلای چەپا بێ هێشتا تۆزێکی ماوە جەنابت سەیرێکی بکە بزانە بەکام لایەوە. بۆ ئەوە ئەگەر نەتۆپیبێ با بتۆپێ و لە خواردنەکەی تا جەنابت تووشی عەزیەتی لنگەفرتیەکەی نەبێ.

گورگە وتی باشەو چوو بەلای سمی ئێسترەکەوە لەو وەختەدا کە سەیری ئەکرد لموزی کەوت لە سمی و ئێستر خەبەری بووەوە لەقەیەکی کێشا بە مێشکی گورگا مێشکی کەوتە دەمی و گورگ لەوێ کەوت. ئێستر راپەڕی لێیدا رۆیست. مام رێوی چووە سەر کەلاکی گورگ و پێی وت: «مردوت مری تۆ کە رەقەم و تاریخت بۆ ناخوێنرێتەوە بۆچ لە خۆتەوە خۆتی تێ هەڵئەقورتێنێ». ئەمجا سەری کردە کەلاکەکەی و دەستی کرد بە خواردنی.

- لە قسەی گوێ ئاگردانی کوردییە ئەڵێ:

لە تانجییان پرسی تۆ زۆر خێرا و بەهێزی بۆ راکردن، کەچی گەلێ جار کاتێ کە ئەکەوێتە سەر کەروێشک کەروێشکەکەت لە دەست دەرئەچێ؛ ئەمە بۆچ وایە؟ ئەویش وتی: ئاخر کەروێشک بۆ خۆی رائەکا و من بۆ یەکێکی تر.

- لەو ولاتی «گرگر»ە جارێک کابرایەکی وەرمەکانی کەوێکی نایابی ئەبێ بەدیاری ئەیبا بۆ حاجی میرزا مەجید باوکی نوسرەت نیزام لە مامیزەک. ئەویش چل تمەنی ئەو سەردەمەی بەناوی بەخششەوە ئەداتێ. ئەڕوا پاشان بانگی ئەکاتەوە پێی ئەڵێ چاکەی ئەم کەوە چییە؟ ئەڵێ: قوربان قەت شتی وا نەبووەتەوە کە ئەبرێ بۆ راو هەرکە ئەخوێنێ هیچ کەوێک لەو دەورەدا ئەبێ هەموو کۆ ئەبنەوە. پاشان راوچییەکە بە تفەنگی ساچمەزەن هەموویان ئەکوژێ کەوی وا هەر نەبۆتەوە.

حاجی میرزا ئەڵێ: ها تێگەیشتم بە یەکێ لە پیاوەکانی خۆی ئەڵێ ئەم کەوە سەر بڕە. کابرای کۆنەخاوەنەکەی کلپە لە جەرگیەوە هەڵئەستێ تا ئەڵێ قوربان چی ئەکەی؟ پیاوەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری ئەبڕی ئەمجا ئەڵێ: «برام ئەم کەوە خۆخۆرە؛ ئەکاتە کارێ کە هاوخوێنی خۆی لەناو بەرێ و ئەبێتە لەناو چوونی جنسی خۆی. هەر کە وابێ ئەبێ لەناو ببرێ».

- بە مەیمونیان وت بۆ ئەوەندە بێ دینی و لەخوا نەترسی وەخت و ناوەخت نازانی؟ هەڵئەستی و دائەنیشی ئیشێکی وا ئەکەی هەموو کەس دێنیتە پێکەنین، ئیتر چاوت لەوە نییە ئەگەر یەکێ ئەزیەتبار بوو وەیا لەناو گێژاوەی ماتەمێکا بوو تۆ هەر لەسەر حوللە سی خۆت ئەڕۆی. ئاخر ناترسی خوا غەزەبت لێ بگرێ؟ ئەویش وتی: «خوا چیم لێ ئەکا؟ مەگەر لەسەر ئەم شکڵە لام باو بم کا بەئاسک».

## وڵامی بێ وڵام

- هەولێرییێک تووشی سولەیمانییێک ئەبێ پێی ئەڵێ: «ئەوە لۆ چی ئەنگۆ بەلۆچی دەرێن بۆچی؟» ئەویش ئەڵێ: «ئەی ئەوە بۆچی ئێوە بە بۆچی ئەڵێن لۆچی؟»

- شێخ مارفی سەعاتچی ئەچێتە ئاودەستی مزگەوتێک نوێژ بکاو قبلەی لێ ئەگۆڕێ. یەکێ لە کوڕەکانی شێخ قادری گوولەنەبڕ پێی ئەڵێ: «ئەم مەلایانە هەروا ئەبێ روونەکەنە قبلە».

- کابرایەکی پاوەیی چووە بەرماڵی ئاغایەک بۆ ئەوەی شتێکی بداتێ سەیری کرد ئاغا خۆی لەسەر تەلاری کۆشکەکەوە دانیشتووە ئەمیش لە خوارەوە داوای لێکرد خێرێکی پێ بکا. ئاغاش لەسەرەوە بانگی کرد: «ئامچە بە خولە بڵێ بە بلە بڵێت کە بەخلەی دەرگەوان بڵێ بەو کابرایە بڵێت خوا بتداتێ».
کابرای پاوەیی کە ئەمەی چاو پێکەوت دەستی بەرز کردەوەو وتی: «خوا بەجبرەئیل بڵێ بەمیکائیل بڵێ کە بە ئیسرافیل بڵێ بەعیزرائیل بڵێت گیانی ئەم کابرایە بکێشێ».

- کابرایەکی پاوەیی لە ئەستەموول بە ریشێکی پانی رێک و پێکی شانەکراو و بە مێزەرێکی خڕی زلی لە دەق دراوەوە، بەعەبایەکی شان سوورمەوە تووشی والیزادەیەک ئەبێت کڕنووشی بۆ ئەباو زۆر بە ئەدەب و ئیحترامەوە داوای شتێکی لێ ئەکا. والیزادەکەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەڵێ: «ئەفەندەم تۆ بەم لاوی و بەشەوکەتی و هەرەتی جوانیتەوە لام وایە بچیت فرمانێ بکەی بۆ خۆت باشترە لەم حاڵەت».

کابرای پاوەییش هیچ خۆی تێکنەدا و بە ئیحترامی گەلێک لە هەوەڵجار زیاتر رووی تێ ئەکاتەوەو پێی ئەڵێ: «بەگ! من هاتووم داوای خێر و دراوێکت لێ ئەکەم داوای فەلسەفەو ئامۆژگاریت لێ ناکەم.»

بەگ ئەفەندی ناچار ئەبێ دەست ئەبا و شتێ ئەداتێ.

- لە کرماشان کابرایەک خەریکی دەرۆزەکردن ئەبێ ئەچێتە بەر دەروازەی کۆشکێکی گەورە کە ئەم کۆشکە هی پیاوێکی دەوڵەمەندی پاوەیی ئەبێ. تەقە ئەدا لە دەروازەکەو دێن بە دەمیەوەو پێی ئەڵێن چیت ئەوێ؟ ئەڵێ: ئاغا خۆیم ئەوێ. خەبەر بە ئاغا ئەدەن کە پیاوێک لە بەر دەرگا داوات ئەکا. ئەویش لەسەرەوە دێتە خوارەوە بۆ لای کابرا و ئەڵێ چیت ئەوێ؟ کابراش ئەڵێ: «لەرێگەی خودا شتێکم بدەرێ».

ئاغاش پەلی ئەگرێ و ئەڵێ فەرموو. ئەیباتە سەر کۆشکەکەو لەوێ پێی ئەڵێ: خوا بتداتێ».

- مامۆستایەک دەرسی بە منالان ئەوت لێی پرسین: ئایا بەفری قەندیل ساردترە یا هی زۆزان؟ یەکێ لە قوتابیەکان هەستاو وتی: «مامۆستا قسەکەی تۆ لە هەردووکیان ساردترە».

- مستەفا خەڵکی میروەیس لەو خوارە لە هاتووچووی گەرمیانا لە دیوەخانی شێخێکی عەرەبدا ئەبێ دەست ئەکرێ بەقسەی خۆش و نوکتەگێرانەوەو باسی زمان و قسەکردن. قسەکانی مستەفا زۆر سەیر و بە دەنگێکی نێری کوردانە ئەبێ.

یەکێ لە دانیشتووەکان ئەڵێ:

کورینە ئێوە ئەزانن وەختێ کە خوا قەومەکانی دروست کرد زمانەکانی بەش کرد بەسەریاناو پڕ بە پڕی قەومەکان دەرچون، پاشان قەومی کوردیشی دروست کرد ئەمان هیچیان بۆ نەمابۆوەوە هەستان چوونە لای خوا شکاتیان کردو وتیان ئەی بەشە زمانی ئێمە کامەیە؟

خوایش وتی: «تازە زمانەکانم بەش کردوە هیچ بۆ ئێوە نەماوەتەوە، هەستن بچن بەسەریانەوە بگەڕێن هەر یەکە بەڵکوو تۆزێکی لێ بیچڕن و بیکەن بەزمانێک بۆ خۆتان».

ئێستە ئەم زمانی کوردیە ئەو گاڵە گاڵەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مستەفاش ئەڵێ: «بەڵێ راست ئەفەرمووی کە چونەلای خوا خوا فەرمووی زمانەکان بەش کراون، بەلام مێشکم هێشتۆتەوە بۆ ئێوە. مێشکەکە هەڵگرن و بۆ خۆتان و سەرگوڵی زمانەکانیش وەربگرن. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئێوە بەقەد باسکێک زمانتان درێژەو ئێمە گاڵە گاڵمان لێوە دێت». کە ئەم قسەیە ئەکا کابرای بەرامبەری بۆڕ ئەخوا و دیوەخانەکەش ورتەی لێوەنایە.

- رامز یەعقوبی بە قائمقامی ئەچێتە کۆیە. پێش ئەو جەمیل‌ئاغا چەند ساڵێک هەر لە کۆیە قائمقام بوو. رامزبەگ پیاوێک سەودای لەگەڵ خواردنەوەدا هەبوو. جەمیل‌ئاغاش لەنوێژ بەو لاوە هیچیتری نەئەزانێ.

رۆژێک رامزبەگ ئەچێ بۆ دیدەنی جەمیل‌ئاغا لەو ماوەدا کە دائەنیشێ شتێکی وا دەست ناکەوێ کە بەدڵی بێ و بێخواتەوە هەروا هەڵئەستێ.

پاش چەند رۆژێک ئەمجا شەوێک جەمیل‌ئاغا ئەچێ بۆ دیدەنی رامزبەگ گەلێک دائەنیشێ و شەو درەنگ ئەبێ ئەیەوێ نوێژەکەی عیشای بکا هەرچەندە چاو ئەگێڕێ شتێکی وای بەر چاو ناکەوێ نوێژی لەسەر بکا ناچار هەڵئەستێ و عەباکەی خۆی ڕائەخاو نوێژەکەی لەسەر ئەکاو پاشان ئەچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان.

بەیانی بەرماڵێکی پوختەی نایاب ئەخاتە ناو بوخچەیەکی تازەوە ئەیدا بە پیاوەکەی خۆی بیبا بۆ رامزبەگ. پێی ئەڵێ کە بە رامزبەگ بڵێت جەمیلئاغا ئەم دوگوردەی بە دیاری بۆ ناردویت بۆ ئەوە ئەگەر جارێک یەکێکێ وەکوو من بوو بە مێوانت با نوێژی لەسەر بکا.

پیاوەش ئەچێ و دیاریەکە و راسپێریەکە ئەگەیەنێ بە رامزبەگ. رامزبەگیش وەری ئەگرێ و بە پیاوەکە ئەڵێ تۆزێ دانیشە. خۆی ئەچێتە ژوورەوە سندوقێک پڕ ئەکا لە شەمپانیاو ویسکی و بیرەو عەرەقی زەحلاوی ئەیهێنێ و ئەیدا بە پیاوەکەو پێی ئەڵێ کە: «بە جەمیل ئاغا بڵێت رامز ئەم سندوقە خواردنەوانەی بە دیاری بۆ ناردویت بۆ ئەوە ئەگەر جارێک یەکێکی وەکوو من بوو بە میوانت بۆی دانێ با بیخواتەوە».

- لەو سەرە کابرایەک تووشی پەتایەکی زۆر پیس بووبوو، چووە لای حەکیمەکە داوای دەرمانی لێکرد بۆی. ئەویش پێی وت: بچۆ هەندێ سرکەی حەو ساڵە بخۆ یەکەو جار چاک ئەبێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabar.org

کابرا چوو هەرچەند گەڕا سرکەیەکی وای دەست نەکەوت لەئاخرا ناونیشانیان دایە کە لەلای کوێخاکەی دێی گرویس دەست ئەکەوێ. ئەویش چوو پێی وت کە ئایا سرکەی حەوت ساڵەت هەیە؟

وتی: بەڵێ هەمە. وتی: کەواتە هەندێکم بدەرێ بۆ ئەم پەتایەم. وتی: بەکەسی نادەم. وتی بۆچی؟ وتی: «ئەگەر بمدایە بەخەڵک ئێستە لەکوێ سرکەی حەوت ساڵە لای من ئەما».

- فەقێیەک هەوای شیعر وتن ئەکەوێتە سەری و چەند شعرێک دائەنێ و ئەیبا بۆ شێخ رەزا کە تەماشای بکا و پەسندی بکا. شێخ کە سەیری ئەکا سەرێکی بۆ بائەدا و ناشیەوێ دلی فەقێیەکە بشکێنێ پێی ئەڵێ خراپ نییە. فەقێ ئەمەی زۆر پێ خۆش ئەبێ ئەڵێ: دەسا قوربان ئەبێ ئەوەش بزانی کە ئەمە لەسەر ئاودەست دامناوە. شێخیش ئەڵێ: «بەڵێ راست ئەکەی هەر کەسەیرم کرد ئەو بۆنەی لێ ئەهات».

- شێخ ئیمام هەبوو لە سابلاخ –ماشاللا- لووتێکی زۆر زلی پێوە بوو، لەگەڵ ریشێکی پان و پۆڕی تەنکدا. رۆژێک ئەم ئیمامە ئەچێتە ماڵێک ئەو ماڵە کوڕێکی بچکۆلەی جوانکەلەیان ئەبێ. کوڕەکە لەخزمەت شێخا بەچۆکا دێت و زۆر بە ئەدەب دائەنیشێ و هیچ جمەوجوول ناکا. شێخ پێی ئەڵێ: «یارەبی کوڕم عەمر درێژ بێ! ئەوە هەموو دەم تۆ ئاوا بە ئەدەب و لەسەر خۆیت؛ بۆچی باوک و دایکت ئەڵێن هارو هاجە؟» کوڕەکەش ئەڵێ: «نەوەڵڵا قوربان هەموو وەخت وا نیم. ئەوە ئێستا دایکم وتی سەیری لووتی شێخ ئەکەی دەست نەکەی بەپێکەنین –باشە- کرۆکەت دەدەمێ».

- کابرایەک قسەی بۆ یەکێکی‌تر ئەکردو سوێنی بۆ ئەخوارد کە فلان کەس قسەی پێ وتوی. یەکێکی‌تر خۆی دابووە پاڵ دیوارێک گوێی لەقسەی کابرا بوو لەپاڵ دیوارەکە دەرپەڕی و بە کابرای وت: «سوێنەکەت بکەوێ لەوە باشترە فتنەیی بکەی». ئەویش خێرا پێی وت: خۆ داگرتنەکەی تۆ لە فیتنەییەکەی من خراپترە. ئەمیش گورج وتی: کەواتە هیچمان لە هیچ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مەلا محەمەدێکی تاڵ هەبوو جارێک بەشێخ بابەعەلی تەکیەیی ئەڵێ: قوربان دەرسی ئێبن‌حەجەرم پێ بڵێ. ئەویش ئەڵێ: کوڕم تۆ لێ تێناگەی. ئەویش ئەڵێ: «قوربان من خوێندنم لە سەرە تێگەیشتنم لەسەر نییە».

- جارێک عزەت بەگی حەمەسالح بەگ لە هەڵەبجە لە دەمە دەمی بەهارا تووشی شێخ محەمەدی شێخ حسامەدین ئەبێ و پێی ئەڵێ: «یا شێخ -بێ چاوی بێ- لەبەر چاوم قەڵەو بویتەوە». ئەویش ئەڵێ: «بەگم! ئیمەمانان ئەگەر قەڵەو بینەوە لە پایزانا قەڵەو ئەبینەوە، هی وەکوو جەنابت لە بەهارانا قەڵەو ئەبێتەوە».

- شێخ رەزا جارێک ئەچێتە سولەیمانی هەندێ لە ناحەزەکان ئەیانەوێ ئیشێکی وای لەگەڵ بکەن کە لەناو خەڵکا بیشکێنن و حەیای بەرن. هەتێویکی لێ تاو ئەدەن کە شوێنی کەوێ. هەتیوە ئەچێ لەناو کۆڕێکا ئەیگرێ و ئەڵێ: «یاشێخ لە بیرتە کە پێرێ شەوێ یەخەت گرتبووم ئەتویست خراپم بکەیت و من هەڵاتم».

- سەیدێکی عەرەبی بەغدایی لە سولەیمانی بوو ناو سەی حەنتوش بووە. خۆت ئەزانی لەو وڵاتە ئەگەر یەکێ بە عەرەبی قسەی بکردایەو زمانی ئەو زمانە بوایە لەسەر دەست رائەگیرا. ئەو کەسە پێشی نەئەکەوت و لە هەموو دیواخانێکا لە ژوور هەموو کەسێکەوە دائەنیشت.

ئەم سەی حەنتۆشە لەبەر ئەوە زمانەکەی عەرەبی بوو، بەربەرەکانێ لەگەڵ هەموو کەس ئەکردو ئەوانەی زۆر شارەزا نەبونایە ئەیانوت ئەمە هەمووی حەدیسی پێغەمبەرە ئەم ئەیفەرموێت؛ چونکە بەزمانی ئەو قسەئەکا. لەمەوە وای لێ هاتبوو ئەمجا بەربەرەکانی قورئانیشی ئەکرد.

رۆژێک لەلای شێخ بابەعەلی تەکیەیی دائەنیشێت و ئەڵێ خەڵک ئەڵێن هەموو قورئان فەسیحە؛ ئەمە وا نییە. شێخ بابەعەلی ئەڵێ: کام شوێنی فەسیح نییە؟ سەی حەنتۆش ئەڵێ: ئەو ئایەتە کە لە باسی میراتا قسە ئەکا و ئەڵێ «وللرکر میل حظ الانییین»؛ واتە بۆ پیاو دوو بەرابەری ژنە.

شێخ بابەعەلی ئەڵێ: جا نافەسیحی ئەم ئایەتە چییە؟ وە ئەبوا بە خەیالی تۆ چۆن بێت؟ سەی حەنتۆش ئەڵێ: ئەگەر بیوتایە «وللانیی نلف الرکر» باشتر بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


شێخ بابەعەلی بەبێ وەستان ئەڵێ: «ئاخر ئەو وەختە دایکت ئەیوت کەمە». سەی حەنتۆش ئیتر رەپ رائەوەستێ.

- شێخ رەزا جارێک ئەچێتە سولەیمانی بەناو کۆلانێکا تێئەپەڕێ چەند ئافرەتێکی جوان و بەدیمەن لەپێشەوە ئەبن. شێخ پێیان ئەڵێ: «خۆتان لادەن با من بڕۆم چونکە بەناو ژنانا رۆیشتن کەراهەتی هەیە».
یەکێ لە ئافرەتەکان سەرو سەودادار ئەبێ ئەڵێ: بەڵێ باشە شێخ، بەڵام ئایا وەختێ کە هاتیە دنیاوە لەناو ژنەوە نەهاتیت؟» شێخ ئەڵێ: «بەڵێ بەڵام وەختێ کە من لەناو ژنەوە هاتمە دەرەوە وا بەم جۆرە گوشاد نەبوو؟»

- کابرایەک ئەچێتە لای کاکەحەمەدی سولەیمانی ئەڵێ: قوربان کۆڵنجم کردووە هاتووم نووشتەیکم بۆ بکەیت بەڵکوو لە کۆڵم کەوێ؛ ئەم مەجیدیەشم هێناوە بۆ سەر قەڵەمانە». کاکە حەمەدیش بەبێ ئەوەی هیچ خۆێ تێک بدا دەست ئەبا مەجیدیەک ئەخاتە سەر مەجیدی کابرا و پێ ئەڵێ: «کوڕم بچۆ بەم دوو مەجیدییە سوخمەیەکی ناودار بکڕەو لەبەری کە کۆڵنجەکەت لەکۆڵ ئەکەوێ».

- شێخ رەقیب هەبوو لەو ولاتی «ئاکرێ»یە. ئەم شێخ رەقیبە خواردنی هەر گۆشتی برژا بوو. خولامێکی هەبوو هەر بە دوو رۆژ بەرخێکی بۆ سەر ئەبڕی و بۆی ئەبرژان و ئەویش بەپوختی ئەیخوارد.
رۆژێک شێخ رەقیب خەریکی خواردنی گۆشتی برژاوی بەرخی ئەو رۆژە ئەبێت لە گەرووی ئەگیرێ و هەرچەند ئەکا ناچێتە خوارەوە. خۆلامەکەی بانگ ئەکا و دەست ئەکا بەجنێودان پێی ئەڵێ: تۆ ئێمڕۆ گۆشتەکەت باش نەبرژاندووە ئەوەتە ئەگیرێتە گەرووم. ئەویش هەر چەند ئەڵێ یا شێخ باشم برژاندووە هیچ ناتەواویەکی نییە، کەڵکی ناگرێ. شێخ هەر جنێوی ئەداتێ و بە دەمیشیەوە لە حەیبەتانا ئەکۆکی.
ئەمجا خۆلامەکە ئەڵێ: «بەخوا یاشێخ زۆر چاکم برژاندووە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم بەرخە -کە من ئێمڕۆژ سەرم بڕی- ماڵی حەڵاڵ و بێغەشی خۆت بوو».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حاجی مەلا ئەورەحمانی شەرەفکەندی ڕۆژێک لەگەڵ سەید سەعیدی باخەوان لە شەرەفکەندیەوە ئەچن بۆ خانەقای شێخی بورهان. لەرێگا حاجی مەلا بە سەید سەعید ئەڵێ: دەوەرە سەید دوو قسەی خۆش بکە با ڕێگەکەمان لەبەر بڕوا. سەید سەعید خەریک ئەبێ گەرووی پاک ئەکاتەوە کەچی لەناکاو تڕێک ئەکەنێ. بەمە زۆر تێک ئەچێ و لە شەرمەزاریدا سەر دائەخا و نقەی لێوە نایەت. حاجی مەلاش هیچ دەنگ ناکاو کارێکی وا ئەکا کە سەید سەعید وا بزانێ ئەم گوێی لە هیچ نەبووە.

هەندێک هەردووک بەبێ دەنگ بە ڕێدا ئەڕۆن لەپڕ سەید سەعید ئەڵێ: ئەرێ حاجی مامۆستا بۆچ هیچ فەرمایشێک نافەرمووی؟ حاجی مەلاش ئەڵێ: «بەخودای بابەڵێ زۆریشم نقاندوە هەرچەندە دەکەم وەک تۆ فەرمایشم نایێت».

- سەید حەسەنی مفتی لە سولەیمانی ئەیەوێ ژنێکیتر بێنێت. لەدواییا حەبەخانی کچی شێخ عەلی عەبابەیلەی بۆ ئەدۆزنەوەو رێ ئەکەون. تاقمێ سوار لە سولەیمانیەوە ئەچن بۆ گواستنەوەی حەبەخان. لەو لاوە سوارەی عەبابەیلەش لەگەڵ بووکا دێن بۆ سولەیمانی. شێخ عەلیش پیاوێکی ناودار و لەگەڵ مەولەویدا زۆر دۆست بوون. مەولەویش لەبەر ئەو دۆستایەتیەی کە هەبوو بۆ ئیحترامی شێخ عەلی لەگەڵ حەبەخانا دێت بۆ سولەیمانی.

لەرێگادا حەسەنی ئامێ هەبوو گۆیندە و دەنگ خۆشی ناو ئەو دەستە سوارە ئەبێ وە بەڵکوو گویندەی ئەو دەورە بوو. رووی لێ ئەنێن بۆ وتن. ئەویش بەمەقامی «ئای ئای» دەس ئەکا بەخوێندنی شعری مەولەوی کە ئەو سەردەمە بە شعری مەلارەحیمی ناوی دەرکردبوو.

هەر کە حەسەنی ئامێ دەست ئەکا بەوتن مەولەوی لەسەر ولاغەکەوە حالی لێ دێ و وەکوو بارانی بەهار ئاو بەچاویا دێتەخوارەوە. خەڵکەکە ئەمەیان پێ ناخۆش ئەبێ، چونکە ئەوان بۆ شایی هاتوون کەچی ئێستە شایی بوو بە شین و گریان. ئەچن بەحەسەن ئەڵێن: بابە ئیتر مەڵێ با لەمە زیاتر گریانی مەولەوی شاییەکە نەکا بەشیوەن. حەسەن بێ دەنگ ئەبێ و بەڵام پێشی ناخۆش ئەبێ کەوا گویندەیەکی وەکوو ئەو بۆ شتێکی وا بێ دەنگ بکرێ. ئەچێتە بن دەستی مەولەویەوە پێی ئەڵێ: «بە قوربانت بم! من شعری تۆ ئەخوێنمەوە تۆ بۆچ وا ئەگرێ؟» مەولەویش ئەڵێ: «بەقوربانت بم! من کەی وا خۆشم وتوە؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەک توورە بوو لە کابرایەکی‌تر، وتی: «کورە کابرا دەستت بگرم دەوری دنیات پێ بکەمەوە؟» کابراش وتی: «جا برا خۆ تۆ خۆیشت لەگەڵمای».

- کابرایەک هەبوو شایی ئەکرا پێیان وت: «شایی و زەماوەندە». وتی: «بەمن چی؟» وتیان بۆ تۆیە. وتی بە تۆچی؟

- وەستا محەمەدی خەیات هەبوو لەخانەقی خەڵکی سولەیمانی بوو، پیاوێکی قسەقوت و قسەنستەق بوو. حەسەن بەگ هەبوو هەر لەخانەقی بەحەسەن بەگلەر بەناو بانگ بوو. لە عەشیرەتی «دەلۆ» بوو لەبەر ئەوە خۆی بەسەرۆکی عەشیرەت ئەزانی تۆزێ بەسەر خەڵکیا هەبوو. کەواو سەڵتەییەکی دابوو بە وەستا محەمەد بۆی بدوورێ، ئەویش هەر ئیمڕۆ سبەی پێ ئەکرد.
ڕۆژێک حەسەن بەگ بە توورەییەوە ئەچێتە سەری و بۆ ئەوە بیترسێنێ ئەڵێ: «وەستا تۆ نازانی من دەلۆم». وەستاش هیچ لێی ناوەستێتەوە پێی ئەڵێ: «بەگم تۆ نازانی من یانزە لۆم». حەسەن بەگلەر هیچی پێ ناوترێ.

- جارێک قەشەیەک لەلایەن پاپاوە ئەچێتە سنە بۆ ئەوە گاورەکانی ئەوێ زیاتر فێری ئایینی گاوری بکا. ئەیەوێ کاغەزێک بنێرێتەوە بە پۆستە بۆ وڵاتی خۆیان بەڵام ڕێگای پۆستەخانە نازانێ، زۆر ئەگەڕێ نایدۆزێتەوە.
تووشی کوڕێکی جوانکەکە ئەبێ پێی ئەڵێ: کوڕم تۆ ئەزانی پۆستەخانە لەکوێیە؟ ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ: پیشانم بدە. کوڕە پێشی ئەکەوێ و ئەیبا پۆستەخانەی پیشان ئەدا. پاشان قەشە ئافەرینی ئەکا و پێی ئەڵێ کوڕم تۆ چ دینێکت هەیە؟ ئەڵێ: قوربان من گاورم. ئەڵێ: ئای چەندم پێخۆش بوو کە تۆ گاوریت. ئێمشەو وەرە بۆ کەنیسە بەتەواوی فێری ئامۆژگاری ئایینی گاوریت ئەکەم و ڕێگای بەهەشتت پیشان ئەدەم. کوڕە وتی: «باوە بچوو وەڕێگای خۆتەوە، تۆ ڕێگای پۆستەخانە نازانی ئێستە ڕێگای بەهەشت لەکوێ ئەزانی؟ بچوو بچوو».

- نووری حەبێ هەبوو جارێک لەوڵاتی هەڵەبجە بەشێخ محەمەد ئەڵێ: «یا شێخ هەچ پارەیەکی باوکت هەبوو هەموویت لەڕێگای کێرتا دۆڕاند». شێخ محەمەدیش بەبێ وەستان دەستێک بەریشیا -ریشی خۆی- دێنێت وئەڵێ: «نووری ئەمە من و ئەمە تۆ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- جارێک شێخ محەمەد لەگەڵ شێخ عوسمان لەماڵی شێخ خالددا ئەبن. شێخ خالد و شێخ عوسمان برا بوون وە لەگەڵ شێخ محەمەدیشا ئامۆزا بوون. شێخ خالد تازە ژنی هێنابوو شتومەکی ناوماڵ لە دۆشەک و شتەی زۆر پەرداخ بوو. هەمووی هی ماڵی تازە زاواو تازەبووک بوو.

شێخ محەمەد ئەچێ لەسەر دۆشەکە تازەکە دەست ئەکا بەخۆ گەوزاندنەوەو ئەڵێ بەخوا نەرم و خۆشە. شێخ عوسمان پێی ئەڵێ: شێخ محەمەد هەستە لەسەر دۆشەکەکە رامەکشێ نەوەک مەولانای برام بێتەوەو بە خێزانەکەیت تێبگا دەستێکت لێ بوەشێنێ. شێخ محەمەدیش بەبێ وەستان ئەڵێ: «شێخ عوسمان ئەی ئەگەر خێزانەکەی هاتەوەو بەشێخ مەولانام تێگەیشت چی ئەڵێ».

- حەمە فەرەج هەبوو زابتێکە متقاعد بوو لەم دەورەی دواییەدا دەنگ وا بڵاو بوەوە کە لە مانگانەی متقاعدەکان کەم ئەکرێتەوە.

رۆژێک لە سولەیمانی ئەم حەمە فەرەجە پیرێژنێکی تووش ئەبێ کە ئەویش مانگانەکەی تەقاویتی ئەبێ ئەڵێ: ئەرێ کاکە حەمەفەرەج! راست ئەکەن ئەڵێن لە تەقاویتەکان ئەبڕن؟ ئەویش خێرا پێی ئەڵێ: «جاتازە خۆ تۆ کەلکی تێ برینت نەماوە».

- سەید ئەحمەدی خانەقا رۆژێک لەگەڵ شێخ حەسیبی تاڵەبانی ئەکەونە قسەکردن. سەید ئەحمەد ئەڵێ: «من کلاوم لەسەرەوە دراوە». شێخ حەسیبیش ئەڵێ: «بەڵێ قوربان ئەگەر کلاوت بووبێ».

- مەلا قادری کەرکووک مدیری وەقف ئەبێ، کابرایەکی زلەی جاف ئیشی وەقفی ئەبێ و ئەچێتەلای. ئەویش هەر دەری ئەکا ئەمیش هەر واز ناهێنێ. لەئاخرا مەلاقادر تووڕە ئەبێ و پێی ئەڵێ: کابرا بچوو بەولاوە ئەڵێی ورچی، پیاو ئەترسێنێ. ئەویش ئەڵێ: «قوربان من پەنجا ورچی وەکوو تۆم دیگە نەترسیاگم».

- سەعید ئەفەندی ساڵح ئەفەندی ساڵێ تەومینەکە لە تەومین بوو. کابرایەکی جاف ئەچێ بۆ شەکروچا کەرەکێک لە بەریا ئەبێ و بەر قاپیەکەی پێی ئەگرێ. بەمجۆرە گەڵێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتوچوو ئەکا. سەعید ئەفەنی پێی ئەڵێ: لاچوو کابرا! ئەڵێی کورتانیت هەر لێرە کەوتوی. کابراش ئەڵێ: «قوربان بیژم چی بۆ تۆ دروست کریاگم».

- کوڕێکی هەولێری بە کوڕێکی سولەیمانی وت: «ئەوە لۆچی بەرۆن ئەڵێن روون و بە روون ئەڵێن رۆن؟» کوڕە سولەیمانییەکەش وتی: «ئەی بۆچی ئێوە بە روون ئەڵێن رۆن و بەرۆن ئەڵێن روون؟» رۆن «روونە»؛ روون واتە خەست نییە.

- کابرایەکی کورتە بالا ئەچێتە لای «غولامشاخانی» والی شکات ئەکا ئەڵێ: پاشا کابرایەکی کورتە بالا ستەمێکی زۆری لێ کردووم، حەقم بسێنە. ئەویش ئەڵێ: کورتەبالا ستەمی لێ ناکرێ. کابراش ئەڵێ: «پاشا ئەوە زۆری لێ کردووم لەمن کورتترە». والی دەست ئەکا بەپێکەنین و دادی ئەپرسێ.

- مەولوو هەبوو خەڵکی سنە بوو. ژنێکی هەبوو رۆژی کولا بوو بەدەست ئەم ژنەیەوە. قسەی زۆری پێ ئەوت. رۆژێک ژنەکەی پێی ئەڵێ: «لاچۆ برۆ بێفەرەی گون بۆگەنە! ئەویش ئەڵێ: «حەنیفەخانم چۆن بۆگەن نابێ ئەمەچل سالە دەرکەوانی دوابراوەکەتە». ئیتر بیرای بیر حەنیفەخانم دوای ئەوە قسەی لەدەم دەرناچێ.

- لەشەڕی پیشوودا بە هۆی شەڕەوە ئەرمەنەکان لەو سەرەوە سەرەو خوار بوونەوە، گەیشتبوونە مەراغە. کابرایەکی گەڕووسیش رۆژگار خستبوویە ئەوی. ئەم کابرایە لەوێ غەریب و بێکەس بوو، خستبوویانە شوینی کە ئەمە لەو کەسانەیە کە دایکی خۆیان ئەگین و سەرەتا مەجووس بوون. کابراش لەبەر بێکەسی نەیئەتوانی هیچ دەنگ بکا. رۆژێک یەکێ لەو ئەرمەنیانە بە سووکیەوە پێی ئەڵێ: «ئەری برا ئەوە ئێوە لە کەیەوە وازتان لەگاینی دایکی خۆتان هێناوە؟» ئەویش ئەڵێ: «وەڵلا برا لەو رۆژەوە کە ئێوە ئەڵێن دایک ئەزێت و خوا دینێت».

- شێخ رەزا جارێک تووشی ژنێک ئەبێ لە سولەیمانی زۆر بە لەنجەو نازەوە ئەڕوا. پێی ئەڵێ: «ئا بووکێ وەرە تۆزێ پێکەوە بنوێین، بزانم تۆ خۆشتری یا ژنەکەی من؟» ژنەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەبێ پشوو ئەڵێ: «یا شێخ ئەمەی پێ ناوێ ئەم پرسیارە لە مێردەکەم بکە ئەو لەگەڵ منیش نووستوەو لەگەڵ ژنەکەی تۆش نووستوە». شێخ ئەڵێ: «خوا بتانگرێ خەڵکی سولەیمانی».

- شێخ رەزا لە کۆیە ئەبێ جارێک ئافرەتێکی جوان بەناو کۆڵانیکا ئەڕوا، شێخ رەزا زۆر بەسۆز سەیری ئەکا. ئافرەتەکە ئەڵێ: «بۆچ سەیرم ئەکەی، تۆکێرت هەڵئەستێ و یەکێکی‌تر ئەو ئیشە ئەکا».

- سەی حەمە حەسەنێک هەبوو خەڵکی سنە بوو، ژنی زۆر زۆری ئەهێنا. جارێک ژنێکی هێناو ژنەپاش ماوەیەک نەخۆش ئەکەوێ و بەسەی حەمەحەسەن ئەڵێ: «پیاوەکە ئەگەر من مردم تۆ چی ئەکەی؟» سەی حەمە حەسەنیش ئەڵێ: «ئافرەت ئەگەر تۆ نەمردی من چی بکەم؟»

- کابرایەکی کەچەڵ گاڵتەی بە کابرایەکی بەڵەک کرد. وتی: ها فلانی وا دیارە قەڵغانت هەڵگرتووەو ئەچێ بۆ شەڕ؟ ئەی تاسکلاوت بۆچ لەسەر نەکردووە؟ ئەویش وتی: «ئەمەوێ تاسکلاوەکە لە تۆ وەرگرم؟»

- کەریم ئەفەندی کەرکووکیزادە هەبوو جارێک ئەپرسێ لەشێخ نەجیبی قەرەداغ ئەڵێ: «یا شێخ خورما خواردن هیچ زیانی هەیەو حەرامە؟» ئەڵێ: نە. ئەڵێ: ئەی رەشکە لەگەڵ نانا خواردن؟ ئەڵێ ئەویش هەر وایە؛ هیچ زانێکی نیە. ئەڵێ ئاو خواردنەوە حەرامە؟ ئەڵێ ئەویش هەر وایە، هیچ زیانێکی نیە. ئەڵێ: «شەرابی مستەکی لەمانە دروست ئەکرێ بۆچی ئەبێ حەرام بێ؟»

شێخ نەجیبیش دەست ئەبا بەسەری دوو پەنجەی تۆزێ خۆڵ هەڵئەگرێ و ئەڵێ: ئەگەر ئێستە ئەم خۆڵە بکەم بەسەری تۆدا هیچ ئازارێکت ئەگاتێ؟ ئەڵێ: نە. ئەڵێ: «ئەگەر تنۆکی ئاو بکەن بەسەرتا ئەو تنۆکە ئاوە هیچ شوێنێکت ئەشکێنێ؟» ئەڵێ: نە. ئەڵێ: «ئەگەر لەئاو و لەخۆڵ خشتێک دروست کەن و لەبەر هەتاو وشکی کەنەوەو بیدەن بەسەرتا چیت لێدێ؟» ئەڵێ: وەڵلا ئەمکوژێ. ئەڵێ: «ئەمەش وەکو ئەو وایە».

- زەمانی زوو لە تەورێزەوە حاکم ئەنێرا بۆ سابلاخ. جارێک حاکمێک نێررابوو لەتایفەی فەرمانفەرما بوو. زۆر دەمێک بوو لە سابلاخ مابووەوە. کابرایێکیش هەبوو لە سابلاخ بلە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسکەیان پێ ئەوت. ڕۆژێک بە حاکمە ئەڵێن: بلە باسکە کتومت لەجەنابت ئەچێ. ئەویش ئەنێرێ بە شوێن بلەباسکەدا و ئەیهێنن. پێی ئەڵێ: «ئەرێ بلەباسکە تۆ دایکت ئاوکێشی و هاتوچۆی ماڵە گەورانی کردووە؟» ئەویش ئەڵێ: «قوربان دایکم ئافرەتێکی زۆر بەشەرم و لەخوا ترس بوو قەت لەماڵ دەرنەئەچوو؛ بەڵام باوکم ئاوکێشی ئەکرد بۆ ماڵەگەوران و بە هۆی ئاو هێنانەوە ئەچووە حەرەمسەرای هەموو پیاوە گەورەیەک».

- زاوتێکی ئاسەفدیوانی سنە هەبوو ئاحەمالی ناو بوو. بە ئیشی ئاسەفەدیوان ڕێی ئەکەوێتە تاران، ماوەیەک ئەمێنێتەوەو مانگی موحەڕەمی بە سەرا دێت. لەو ماوەیەدا بۆ بێ تاقەتی لەگەڵ خانمێکا ڕێ کەوتبوو. شەوی دەی موحەڕەم ئەچێتەوە بۆ لای خانم، خانم وتی: «ئاغا ئیمشەو نابێ؛ چونکە گوناحی شەوی موحەڕەم بە دوو چەندان ئەنووسرێ». ئاحەمالیش وتی: جا خانم قەیدی چەس ئێمە وای دائەنێن کەشەوی یانزەی موحەڕەمەو دوو جارمان کردگە».

- کابرایەکی سێوسێنانی دێتە سولەیمانی و مێوانی کۆنە مودیرێکیان ئەبێ. کارەکەرەکە شەوێ جێگای لە حەوشە بۆ ڕائەخا. وا دیار بوو کابرا لەگەڵ کارەکەرا قسەیان کردبوو بەیەک کە لەپاش نیوەشەو بچێتە سەربان.

لە دەمەو بەیانا مودیر بەگ دەنگی پێکەنینی کابرای لەسەر بانی هاتەگوێ، هەستا چوو وتی: کورە کابرا چی ئەکەی لێرە؟ وتی: «قوربان بەدەم خەوەوە تلم خواردوەو کەوتومەتە ئێرە». وتی: کورە کەرە ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ خەڵکی کە تل بخوا لەسەرەوە تل ئەخوا، تۆ چۆن لە خوارەوە بۆ سەرەوە تل ئەخۆی؟ وتی: «قوربان ئاخر پێکەنینەکەی منیش لەبەر ئەوەیە».

- لەو سەرەیە دەستەیەک ڕێکەوتن بچن بۆ حەج. مامۆستا وەعزی بۆ ئەدان لە ناوەندی وەعزەکەدا وتی: ئەگەر ڕیزە بەردی حەرەمی کەعبە بکەوێتە ناو کەوشی یەکێکەوە، ئەو ڕیزە بەردە ئەوەندە لەخوا ئەپاڕێتەوە و هاواری لا ئەکا تا ئەیخاتەوە شوێنی خۆی. یەکێک لە دانیشتوانەکان وتی: وا دیارە ئەوەندە ئەپاڕێتەوە بەستە زمانە تا گەرووی دێتە یەک. مامۆستا وتی: ڕیزە بەرد گەرووی لەکوێ بوو تا بێتە یەک؟ بۆیەش وای وت چونکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قسەکەی بە گاڵتە پێکردنەوە زانی. کابراش وتی: «کەواتە مامۆستا ئەگەر گەرووی نەبێ لە کوێ ئەپاڕێتەوەو هاوار ئەکا؟»

- مەلا سمایلی سولەیمانی دایکی مردبوو. ژنەمردوو شۆرەکە هەموو جارێ پێی ئەوت: دایکی مەرحوومت بەهەشتی بوو چونکە لەو کاتەدا ئەمشۆرد هەر پێئەکەنی. مەلا سمایلیش چەند جارێک ئەم قسەیە هەر قەبووڵ ئەکا و ئەبوا شتێکیشی بدا بوایە. لە ئاخرا مەلا وەڕەس بوو وتی: «قوڕ بەسەر عەقڵت ئەوە ئەگەر پێکەنێن بێ بەچی پێکەنیوە؟ بەقووزی تۆ و خۆی پێکەنیوە! ئەگەینە ئەو وەختە پێکەنینە؟»

- کابرایەک لە مەلا مەحموودی حاجی عەلی پرسی: مامۆستا قازی قوڵنگ چۆن سەر ئەبڕێ و ئەکرێ بەبریانی؟ ئەویش وتی: «لە پێشا تۆ بیگرە جا ئەو وەختە پیشانت ئەدەم».

- مەلا کەریمی بیارەو شێخ فەتاحی کولەجۆی تاهای حەمەجان و چەند کەسێکی‌تر لەلای من دانیشتبوون و هەموو جۆرە قسەیەک ئەکرا.
مەلا کەریم وتی: فلانی ئەگەر تۆ نەمێنی ئەو وەختە ئەکەویتەوە بیری ئێمە. شێخ فەتاح وتی: «بەڵێ بۆ غەیری سک». مەبەستی ئەوەبوو کە هیچمان لێ نەخواردوە لەو ڕووەوە ناکەویتەوە بیرمان».

- خلکی مستەفای میرەوەیس هەبوو جارێک گایەکی باری پێ ئەبێ، ئەچێتە سولەیمانی ئەگاتە بەر مزگەوتی مەلا مەحمووی نیزامی. کاتی نوێژی عەسر ئەبێ، گایەکە لە دەرەوە بە جێ دێڵێ و خۆی ئەچێتە مزگەوتەکە بۆ نوێژ. کە دێتە دەرەوە سەیر ئەکا ئەوا منالێکی حەلوا فرۆش تەبەقە حەلواکەی لەو لاوە داناوەو سواری گایەکەی بووە بەو ناوەدا ئەیڕەتێنێ. پێی ئەڵێ: ڕۆڵە ئەوە بۆچ سواری ئەو گایە بوویت و وای لێ ئەکەی؟ ئەڵێ: وەڵلا مامە لەترسی ئەوە نەوەک بڕواو لە دەست بچێ. ئەڵێ: وەڵلا ڕۆڵە ئەگەر بڕۆیشتایە باشتر بوو بەلامەوە کە تۆ وای ئەڕەتێنی. ئەڵێ: «مامە کەواتە وا بزانە ڕۆیشتوە بیدە بە من، منیش شوکرت ئەکەم؛ شوکرەکەی منت بۆ ئەمێنێتەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- حسین قەرداغی هەبوو لە نیوەی سەدەی بیستەمدا کوڕی شێخ مستەفای قەرداغی بوو، کە بەشێخ مستەفای موتەسەڕف بەناو بانگ بوو. ئەم حسینە زەلامێکی ئێجگار قەڵەو و ناکۆلۆکار و قسەقوتیش بوو.

جارێک منالێکیان ئەبێ، باوکی لێی ئەپرسێ: حسی چیت بووە؟ ئەڵێ: قوربان هیچم نەبووە زاهدەی ژنم کوڕی بووە. ئەڵێ: چۆنە؟ ئەڵێ: «دەست ئەلێسێتەوە، هێشتا ماچێ ناکا». ئەڵێ: هەتیو وا نالێم ئەڵێم جوانە یا ناشیرینە؟ ئەڵێ: «قوربان ئەو لەمن بێ و من لەتۆ بم ئەبێ چۆن بێ؟»

- حەمەی نادر هەبوو لەسولەیمانی جارێک شێخ رەزا ئەچێتە ئەوێ کوتوپڕ لەناو بازاڕا تووشی حەمەی نادر ئەبێ کەسواری کەرێک بووە. چاوێکی لێ مۆڕ ئەکاتەوەو بە توانجەوە پێی ئەڵێ: «تەماشاکە تەماشاکە سواری کەر بووە». حەمەی نادریش کوتوپڕ پێی ئەڵێ: «بەخوا شێخ لام وایە وانییە؛ چونکە من قەت نەمدی ئەم کەرە سواری تۆ ببێ». ئیتر شێخ رەزا وسکت ئەبێ.

- کابرایەکی خەڵکی ئەم کوێستانە کە کورد بوو لەباوو باپیریەوە لە شاقەڵاو بس و مەولانا جێگیر ببوو. جارێک کوردێکی گەرمیانی لە زستانا ئەبێ بەمێوانی. گەرمیانیەکە سەیر ئەکا وا لێژنەدار خرایە ناو ئاگردانەکە. ئەڵێ: بەخوا برا ئێوە لەزەت ئەوەن لەو دارەوشکە زەنگانە. کوێستانیەکە ئەڵێ: بۆچ ئێوە نیتانە؟ ئەڵێ: نەوەڵلا. ئەڵێ: ئەی چی ئەسووتێنن؟ ئەڵێ: «برا شیاکە ئەکەین وەتەپاڵەو ئەیسوتێنین». ئەڵێ: «جا برا بەڵکوو ئەقڵێ بڕی و ساڵێ گوی نەکرد».

- شێخ قادری سیامەنسوور رۆژێک لەگەڵ حەمید ئاغا قسە ئەکەن. حەمیداغا بەشێخ قادر ئەڵێ: «ماڵێ ئێمە هەر لە نەدیتی دوعای خێر بۆ تۆ ئەکەن و چاکەت ئەڵێن». شێخ قادریش ئەڵێ: «لە نەدیتی بۆچی دوور نیە چاویان پێم کەوتبێ».

- سەردار لە بۆکان باخێکی نایابی هەبوو چوار دەورەی بەدیوار گیرا بوو. رۆژێک کابرایێک پەیژەیک ئەبا ئەچێتە ناو باخەکەوەو دەست ئەکا بە مێوە دزین. لەو کاتەدا باخەوانەکە پەیدا ئەبێ. ئەمیش خێرا پەیژەکەی ئەخاتە سەر شانی و ئەڵێ: «هەی پەیژە!»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرای باخەوان ئەڵێ: کورە کابرا ئەوە چی ئەکەی لێرە؟ ئەویش ئەڵێ: پەیژە ئەفرۆشم. ئەڵێ: پەیژە لە باخی منا ئەفرۆشی؟ ئەڵێ: «برا پەیژەی خۆمە لە هەر کوێیک ئەیفرۆشم ئەیفرۆشم».

- [...]لە شاعیرە چاکەکان بوو رۆژێک چووە مزگەوتێکەوە سەیری کرد وا کابرایەک لەگەڵ هەتیوێکا خەریکە. دەستی کرد بەقسە کردن پێی وت تۆ لەماڵ خوادا چۆن شتی وا ئەکەی؟ بەتەواوی کابرای تەریق کردەوە.
کابرا شاعیرەکەشی ئەناسی کەچماڵێکە؛ بۆی چووە کەمینەوە. رۆژێک بەگیری هێنا کەوا هەر لە هەمان شوێنا ئەویش خەریکی هەتیوێکە وتی ها برا خوا چاک هەق ئەخاتە دەست. ئەوەت لەچی و ئەمەت لەچی؟ ئەویش وتی: «برا نەتبیستووە ئەوی بۆ شاعیر دروستە بۆ غەیری شاعیر دروست نییە».

- ئەحەی کرنوو لەو شارەزوورە خۆی کردبوو بە حەکیم. پیرێژنێک چووە لای وتی: حەکیم گیان! من خواردنم بۆ هەزم ناکرێ و لەسەر دڵما ئەوەستێ؛ چارم چیە؟ ئەویش وتی: «ئەو خواردنە بخۆ کەبۆت هەزم ئەکرێ و لەسەر دڵتا ناوەستێ».

- کابرایەکی تەوێڵەیی جووتێ کلاشی نایابی لەپێدا بوو چووبووە سولەیمانی. لەوێ چووە مزگەوتێک بە کلاشەکانیەوە دەستی کرد بە نوێژ کردن. کابرایەک دڵی پیس کرد لە کلاشەکانی و پێی وت: برا بەکلاشەوە نوێژ نابێ. کابرای تەوێڵەیی تێگەیشت کە مەسەلە لە چیدایە وتی: برا ئەگەر نوێژ نەبێ خۆ کلاش هەیە.

- ژنێک سکی پڕ بوو، پاشان کچێکی هێنا. زۆری پێ ناخۆش بوو کە کوڕ نەبوو وتی: ئۆف بریا شتێک لەناو لنگیەوە بوایە ئیتر من دڵم سوکنایی ئەهات. مامانەکەی پێوت: کچم تۆ دوعای عومر درێژی بۆ بکە ئەگەر بمێنێ ئەوەندە شت لەناو لنگیەوە ئەبینی بێزار ئەبێ.
- کوڕێکی مناڵ هەبوو لەو سەرە ئەحە زیرەکیان پێ ئەوت. رۆژێک لەگەڵ چەند کەسێکا چێشتێکی گەرمیان لەبەر دەما بوو ئەیانخوارد، ئەحە دەمی سووتا و دەستی کرد بە هاوار هاوار. وتیان ئەوە چیە؟ وتی: چێشتەکە گەرمەو دەمم سووتا. وتیان دە لێگەڕێ تا سارد ئەبێتەوە. ئەویش پێی وتن: ئاخر ئێوە لێ ناگەڕێن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- پیاوێک هەبوو حاجی دەروێشی ناو بوو. لەکاتی خۆیا بووە بوو، رۆژگار پشتی تێ کرد. رۆژێک لە هەڵەبجە ئەچێتە بەر دەرگای ماڵێک داوای شتێک ئەکا بیدەنێ. کابرای خاوەن ماڵ دێتە دەرەوەو پێی ئەڵێ: برا ژنەکانمان لە ماڵەوە نین. ئەویش ئەڵێ: کاکە برا من نەهاتووم خوازبێنی ژنتان لێ بکەم، وەیا زەماوەن بکەم هاتووم داوای پارویَ نان ئەکەم ئەمدەیتێ بمدەرێ نامدەیتێ خوات لەگەڵ.

- بەکراغای مەنگوڕ هەبوو چەتیویک لەماڵیانا ئەبێ مارەی ئەکا و لەم چەتیوە کوڕێکی ئەبێ. رۆژێک لەکوڕەکە تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: بەچکە کارەکەر. کوڕەکەش پێی ئەڵێ: «بابە دایکم خانزادەتر بووە، بە ئاغە نەبێ رازی نەبووە».

- مەحموو پاشای جاف و سەید فەتاحی جەباری بەینیان زۆر خۆش ئەبێ هەر جارە کە مەحموو پاشا لە کوێستان ئەگەڕایەوە ئەبوو بەمیوانی سەید فەتاح و بەقسەی خۆش و دەماخ بزوێن چەند رۆژێک لەگەڵیا رایئەبوارد.

رۆژێک لە قەراخ ئاوایی بانگۆڵ پێکەوە ئەبن یەکێک لەو قالۆچە رەشە دەشتەکیەکان هەندێ شیاکەی گولۆر کردۆتەوەو داویەتە بەر خۆی و پێوە ئەڕوا. مەحموو پاشا ئەڵێ: «سەید! گەرمیانی ئەوەتە خەریکە کاروان ئەکا». سەید فەتاحیش ئەڵێ: «بەڵێ قوربان دیاری بۆ ماڵی پاشا ئەبا».

- شێخ مستەفای تەختە (تەختە گوندیکە لەژاوەڕۆ) جارێک کابرایەک ئەچێتە لای شکات لە کابرایەکی‌تر ئەکا کە چووە لەناو باخە گوێزەکەیا کۆڵێ گوێزی دزیوە. کابرای دزە بە کۆڵێ گوێزەوە گرتووەو حەبیب ناوێکیش لە تەختە هەبوو ئەو حەبیبەش ئاگای لێیە کە ئەم کابرایە ئەم گوێزەی دزیوە؛ بەڵام نە برای خاوەن باخەگوێز وە نەحەبیب هیچیان ناوبانگێکی باشیان نەبوو، بەڵکوو زیاتر وا ناویان هەبوو کە درۆزنن. شێخ مستەفا ویستی شەرعیان بکات و لەرێگای شەرعەوە کابرای شاهد بە هیچ دەرکا.

لە حەبیبی پرسی تۆ چاوت لێبوو ئەم کابرایە ئەو گوێزەی لەو باخە دزی؟ وتی: بەڵێ من بەناو دارە گوێزەکانا تێپەڕیم ئەم کابرایە ئەم کۆڵەگوێزەی بە کۆڵەوەبوو لەناو دارگوێزەکانا هاتە دەرەوە. شێخ مستەفا وتی: تۆ کە بەناو دارگوێزەکانا تێ پەڕیوی ئەو دار گوێزانە چەند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دار گوێز بوون؟ حەبیبیش سەیری کرد شێخ مستەفا نیازی باش نیە لەگەڵیا و ئەیەوێ بەدرۆی بخاتەوە، وتی: «یا شێخ! تۆ ئەمە چل ساڵە لەم مزگەوتە تەدریس و شەرع ئەکەیت ژووری ئەم مزگەوتە چەند دەستەکی تێدایە؟» شێخ مستەفا وەستا و حوکمی کرد بەوە کە گوێزەکان بۆ کابرای خاوەن دارگوێز بێت.

- شەوکت ئەفەندی هەبوو لە سولەیمانی دەرسی ریازیاتی قوتابی ئەوت. رۆژێک باسی مەیموونێکی بۆ کردن کە کەوتۆتە بیرێکەوە، بیرەکە ئاوی تیایە بە چنگەکڕێ ئەیەوێ بێتەسەر. بیرەکەش قووڵ بوو، دە دەقیقەیەک بە ئەندازەی گەزێک سەر ئەکەوێ، بەڵام لەبەر خلیسکەی بیرەکە چارەکە گەزێک ئەچێتەوە دواوە.

شەرحی ئەمەی بۆ ئەکردن کە لە ئەنجاما بەبیست دەقیقە ئەم مەیموونە لە بیرەکە هاتە دەرەوە ئایا ئەم بیرەئەبێ چەندە قووڵ بووبێ؟

لەساڵی دواییدا هەر چەشنی دەرسی مەیموون و بیرەکە بۆ قوتابیەکانی باس ئەکرد بەڵام ئەمجارە لەباتی ئەوە بڵێت بەبیست دەقیقە سەر ئەکەوێ وتی: بەبیست و پێنج دەقیقە سەر ئەکەوێ.

یەکێ لەقوتابیەکانی پار کە هەر لەو پۆلەدا مابووەوە وتی: مامۆستا خۆ جەنابت پار فەرمووت بەبیست دەقیقە ئەو مەیموونە سەر ئەکەوێ و لەبیرەکە دێتە دەرەوە، چۆن ئێستە ئەفەرمووی بەبیست و پێنج دەقیقە؟

شوکت ئەفەندیش بەبێ وەستان وتی: «کوڕم ئاخر مەیموونەکە ئیمساڵ پیر بووە».

- مستەفا عومەر قائمقامی زاخۆ بوو. رۆژێک لەگەڵ رەشیداغای بنەماڵەی شەمدینیدا ئەچێ بۆ گەڕانی ناوچەی زاخۆ. ئەم گەڕانەی پاش ئەوە ئەبێ کەنزیکەی هەشت مانگێک لەزاخۆ ئەمێنێتەوە. کە ئەچن تووشی گوندێک ئەبن ئەپرسێ ئەم گوندە هی کێیە؟ رەشیداغا ئەڵێ: هی حازم بەگی شەمدیناغایە؛ تووشی گوندێکیتر ئەبن هەروەها. تووشی بەراوو رووبار و ناوچەیەک ئەبن دیسان ئەپرسێ و ئەویش هەر ئەڵێ: هی حازم بەگە. بەکورتی تووشی هەر شتێک ئەبن لەو وڵاتە رەشیداغا هەر ئەڵێ هی حازم بەگە.

مستەفا عومەری لە وەزیا نامێنێ ئەڵێ ئەمە زۆر سەیرە دار و بەرد و ئاوی ئەم وڵاتی زاخۆیە هەمووی هەر هی حازم بەگە؟ رەشیداغا ئەڵێ: «مستەفا بەگ بنەماڵەی حازماغا نزیکەی سەدوپەنجا ساڵە لەم وڵاتەدا خاوەن ملک و دەوڵەمەند بوون؛ ئەگەر لەمەش زیاتریان هەبێ هەر کەمە. بەڵام سەیرتر ئەوەیە کەجەنابتان هێشتا ساڵی بەسەرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەسووڕاوەتەوە کە بوون بەقائمقامی زاخۆ ئێستە بچۆ لە هەرچی گەسکدەر و دەرکەوان و ئاشپەز هەیە بپرسە هەموو هەر ئەڵێن عومەرین».

- ئەوا دلێری کوڕم تازە پێی ناوەتە حەوساڵان و خستوومەتە قوتابخانە مێملی قەڵەم و دەفتەرە. ڕۆژێک هاتەوە وتی ئەرێ بابە ئەگەر قەڵەم و دەفتەرەکەم تەواو بوو هیترم ئەدەیتێ؟ وتم ئا وتی: «دەتەواو بوو».

- «امین السادات» هەبوو لەم ئاخرەدا کەوتبووە بیارە. ڕۆژێک ئەچێتە دەرەوە لەو کەژە خەریکی پیشۆک خواردن ئەبێ. کابرایەکی جاف -کە خزمەتکاری ماڵی مەحموو پاشا بوو- ئەچێ بەسەریا ئەڵێ مامەسەی ئەوە چی ئەکەی؟ ئەڵێ: برا گیا ئەخۆم. ئەڵێ: جا مامەسەید بۆچ ناچی خزمەتکاری ماڵی پاشا بکەیت و گیا نەخۆی. ئەویش ئەڵێ: «خاڵە ئەی تۆ بۆ ناچی گیا بخۆیت و خزمەتکاری ماڵی پاشا نەکەیت؟»

- لەدانشگای کوردی لەبەغدا لەپۆلی سێ قوتابییەکان وا چوو بووە دڵیانەوە کەمن کەسیان ناناسم وە منیش هەروام پیشان ئەدان. ڕۆژێک کە ڕۆژی ٢٨/٤/١٩٧٠یە، یەکەم سەعات دەرسی ئەوانم هەبوو یەکێک لەقوتابییەکان کەناوی عەبدولڕەحمان بوو وتی: مامۆستا تۆ لەناو ئێمەدا تەنها جەمیل هەمزە نەبێ کەسمان ناناسی. منیش گورج وتم: کامەتە جمیل؟ ئەویش هەر خێرا پەنجەی درێژ کرد بۆ جمیل و وتی ئەوەتە.

- ئەحمەدی عەزیزاغا یەکێک بووە لە نوکتەبێژو قسەخۆشەکانی سولەیمانی. ڕۆژێک کچەکەی پێی ئەڵێ: «بابە نازانم تۆ بۆ وا بەینت لەگەڵ دایکما تێکچووەو ئەو گفت و لفتەی جارانت لەگەڵی نەماوە؟» ئەویش ئەڵێ: «ڕۆڵە تا ئەو وەختە کەدایکت ژنی من و دایکی تۆ بوو ئەوە بوو ڕێک و پێک بووین، بەڵام لەو وەختەوە کە بووە بەدایکی من و ژنی تۆ وا بەم جۆرە تێکچووین».

- حاجی مەلا عومەری چۆمان دووبزی گێڕایەوە وتی: ساڵی کولوەکەبوو، ئەفەندیەک هاتبوو ژارە کولەی هێنا بوو، بەو دەشتی هەولێرەدا ئەگەڕا. وتی هاتە گوندی «گردەسۆر» مامۆستا مەلا شەریفی بشر لەوێ مەلا بوو وە یەکێک بوو لەمەلا چاکەکانی ئەو وڵاتە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەفەندی مامۆستای بەگیر هێنا پێی وت: مامۆستا چەند ئەستێرە بەئاسمانەوە هەیە؟ ئەویش وتی نازانم. ئەفەندی وتی من ئەزانم: ئەم نازانمەی مامۆستا وای لە مامۆستا کرد بەجارێ هەموو شتێکی لێ تێکدا و ئەفەندی بەتەواوی خۆی قیت کردەوەو بەراستی لە سەرەوە بوو. هەموو جاریش دەستی بەسمێڵیا دەهێنا ئەیوت ئێوە هیچ نازانن و هەروا بەخۆڕایی هاتوونەتە ناوەوە.

لەو کاتەدا کرمانجێک هەبوو ناوی عەزیز بوو هات بەسەرا و سەیری کرد مامۆستا زۆر حاجزە بە دەست ئەفەندیەکەوە وتی: مامۆستا ئەوە لۆ واحاجزی؟ وتی وەڵلا حەزیز ئەم ئەفەندیە شڕی کردیمە. وتی لۆ؟ وتی پرسیارێکی وای لێ کردیمە نایزانم و ئەویش دەرێ من دەیزانم. بەوە بەتەواوی سوارم بووە.

عەزیز وتی مامۆستا ئەتەوێ من ورامی بدەمەوە؟ وتی: جا حەزیز لۆ کەیتە. عەزیز رووی کردە ئەفەندی وتی: ئەرێ ئەفەندێ ئەو بەستۆریە چەند بەردی تێدایە؟ ئەفەندی وتی: نازانم. عەزیز وتی: «ئەفەندی تۆ لەحەردی نەزانی لەئاسمان کوو دەزانی؟»

وتی ئەفەندی وشک بوو ئیتر هیچ نەهاتە قسە. ئەو سەرەی کە دایخست بەرزی نەکردەوە هەستا لێیدا رۆیشت. ئەمجا عەزیز کەوتە جنێودان پێی.

- حەسن بەگی جاف گێڕایەوە وتی:

ساڵ ١٩٣٠ه‍ تۆفیق وەهبی کرابوو بە موتەسرەفی سولەیمانی. فەقێ محەمەدی هەمەوەن مودیری ناحیەی بازیان بوو دەستەیەکی زۆر لە سولەیمانیەوە هاتبوون بەپیر موتەسرەفەوە. یەکێک لەو کەسانە کە هاتبوون عزەت تۆپچی بوو. ئێمە هەموو لای فەقێ محەمەد بووین، قائمقامی چەمچەماڵ بەتەلەفۆن بەفەقێ محەمەدی وت ئەوانەی هاتوون بەپیر موتەسرەفەوە کێ و کێن؟ ئەویش ناوەکانی یەکە یەکە دایە تا هاتەسەر عزەت ئەفەندی. وتی: عزەت. قائمقام پرسی کام عزەت؟ عزەت ئەفەندیش خۆی راوەستاو بیرەیەکی ساردی بەدەستەوەیە ئەیخواتەوە وتی «با بێژین عزەتی خولەی فاتە درێژ». عزەت ئەفەندی ئەمەی لەدڵا پێخۆش نەبوو، بەڵام هیچ دەنگی نەکرد

تەلەفۆن داخرایەوەو هەموو دانیشتوین چاوەڕێی هاتنی موتەسرەف ئەکەین. فەقێ محەمەد رووی کردە عزەت ئەفەندی وتی: «عزەت ئەوەچی ئەخۆیتەوە؟» عزەت ئەفەندیش هیچ سێ و دووی لێ نەکرد بەدەنگێکی بەرز وتی: «فەقێ محەمەد ئەوە جۆیە تۆ بەکاڵی ئەیخۆی من بەتەڕی».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- پیاوێک هەبوو لە سنە –مەولوو– دراوسێکیان هەبوو ئا ئەسکەری ناو بوو. ئا ئەسکەر لەوانەبوو چەوری ئەدا لەسمێلی و ئەیوت چێشتەکەمان چەور بوو. بەدەمیشیەوە قورقێنە درۆزنەی لێئەدا. رۆژێک مەولوو سەبەتە «سێف زەوینی» ئەبردەوە بۆ ماڵەوە ئەبوایە بەبەر دەرگای ماڵی ئا ئەسکەریشا بچوایەتەوە نەیئەویست ئائەسکەر بەمە بزانێ سەری سەبەتەکەی داپۆشیبوو کەبەویچدا تێپەڕێ ئائەسکەر لەبەر دەرگادا وەستا بوو لێی پرسی: «ئا مەولوو ئەوە چەس لەناو ئەو سەبەتەدا دات پۆشیگە؟» مەولوویش ئەڵێ: «ئا ئەسکەر ئەوە ئەو چتەس کە گەرەکمە ئێوە نەزانن چەس».

- مستەفا نەریمان گێڕایەوە وتی:

حەیدەر لە هەولێر عەمری خوای کردبوو، من لە کەرکووک بووم. دەستەی مامۆستایانی سولەیمانی هاتن بۆ کەرکووک و پێکەوە لەگەڵ مامۆستاکانی کەرکووکدا چووین بۆ هەولێر بۆ پرسە. رۆژی سێیەمی پرسەکە بوو ئەمانویست زوو بگەین بۆ لای ئێوارە چوینە هەولێر جێگای پرسەکەمان نەئەزانێ. چوینە بارەگای پارتی بۆ ئەوە ئەوان بمانبەن. کە چووین سالح شێرە لەوێ بوو، تۆزێ لۆمەی ئەومان کرد کە بۆچی تەلەفۆنی شتێکی بۆ نەکردووین تا ئێمەش بمانزانیایەو زوو بهاتینایە؟ ئەویش وتی: «برا لۆمە لەسەر خۆتانە بۆچی زوو تەلەفۆنی شتێکتان نەکردووە بپرسن کێ ماوە؟ کێ مردووە؟ تا منیش خەبەرم پێ بدانایە».

- دیسان گێڕایەوە وتی:

لەسەردەمی سوور سووریەکەدا هەر ئەم سالح شێرەیە وەکوو گەلای دار جنێوی ئەدا بەسوورەکانو سەرباری ئەوەش سەرئەکەوت بۆ لەنین و ستالین. سوورەکان چوونە لای پارتیەکان لە هەولێر وتیان ئێستە سالح شێرە جنێو بەئێمە ئەدا ئەوا لێی ناگرین، بەڵام بۆ سەر ئەکەوێ جنێو بەلەنین و ستالینیش ئەدا؟ ئێمە ئەمەی لێی هەڵناگرین. لەبارەگای پارتیەوە سالح شێرەیان بانگ کرد بۆ موحاکمەو لێیان پرسی کە تۆ شتی وات وتووە؟ ئەوا سوورەکانیش دانیشتوون. ئەویش لەباتی ئەوە بڵێ نەم وتووە وتی بەڵێ وتوومە. وتیان جا چۆن شتی وا ئەڵێیت؟ کارت چییە بەسەر ئەوانەوە؟ وتی: «برام ئەگەر یەکێ تووڕە ببێ لەیەکێ هەر هارو هاجی بکا پێی ئەڵێ: سەگی سەگباب. ئەگەر باوکە کرانباو گاوەکەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باش بوایە ناجسنێکی وەکوو تۆی لیٚ نەئەکەوتەوە. منیش هەر وام وتوە خۆ هیچی‌ترم نەوتووە».

وەڵلا هەموو دەست ئەکەن بەپێکەنین و وازی لیٚ دێنن.

- جارێک هەجیجیەک ئەچێتە نەوسوو، جافرسان ئەیەویٚ سەربخاتە سەری. پێی ئەڵیٚ: «هەجیجی بۆ با شەڕە کێریٚ کەرمیٚ»؛ واتە وەرە با شەڕە کێر بکەین. هەجیجیەکەش لەولامدا ئەڵیٚ: «قوربان هینەکەی من فەقیرەن، چیرەنە ملۆ»؛ واتە هینەکەی من فەقیرە بەژێردا ئەچێت».

## هەندێک لە داستانی ژن

- مەلا تۆفیقی حاجی برایم لە سولەیمانی چەند قسەیکی گێڕایەوە وتی:

کچێک هەبوو لەو خوارە —بلامانیٚ- تڕی بۆ ڕاگیر نەئەکرا، لەبەر ئەمە هەچ کەس ئەهات بۆ خوازبێنیٚ دایکەکەی نەیئەدا بەشوو. کچە بەمجۆرە هەر مایەوە نەیئەزانی خەمی بیٚ دەنگی پێشی بخوا یا گیز و هۆڕی پاشی. ئاخری ڕۆژێک بەدایکی وت: دایە ئەگەر پرخێزان هاتن و داوایان کردم بمدەو کارت نەبیٚ. دایکیشی وتی: خوا بنێریٚ کچم.

زۆری پیٚ‌نەچوو کوڕی کابرایەکی خێزان زۆر هات بۆ خوازبێنی. دایانیٚ و بووک گوێزرایەوە لە پاش حەفتەیەک دایکی و چەند ئافرەتێکی‌تر ئەچن بۆ پاش تێلانە. دایکە بە ماتییەکەوە ئەیەویٚ لە پەنایکا پرسیار لە کچەکەی بکا؛ کە هەلی بۆ هەڵئەکەویٚ لێی ئەپرسیٚ کچم لەگەڵ دوابڕاوەکە چۆنی؟ کچەش بەم جۆرە وڵامی ئەداتەوە:

دایە هەرگیز خەم مەخۆ مالم پڕ کردگە لەبۆ
خێزانی ماڵ هەشت و نۆ کەس ناپرسیٚ منم یا تۆ

دایکە ناوچاوی کچەکەی ماچ ئەکا و ئەڵیٚ بەخوا ڕۆڵە تۆ لە دایکت و لە نەنکیشت ئاقڵتر بوویت، بۆ ئەم مەسەلەیە ئێمە هەر هەوەڵ ڕۆژەوە پیانزانین.

- کابرایێکی ژن مردووی دوو سیٚ منال بەسەرا کەوتوو ئەیویست ژنێکی‌تر بێنیٚ، بەلام ژنێکی وا بتوانیٚ منالەکانی بۆ بەخێو بکا. هەرچەند ئەگەڕا دەستی نەئەکەوت. لەئاخرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ناوبانگی ژنێکی تەڕ پیری کەمەرە لە ملی دوو سێ دان لە پێشەوە کەوتووی بیست و چوو خوازبێنی کرد. خوا چارەنووسی لەیەک نووسین و دەستیان کردە گەردنی یەک.

شەوی لەکاتی جووتبوونا ژنە بە مەکرێکەوە دوو سێ جار وتی: «ئای بقەبقەبقە». پیاوەش کە ئەمەی بیست نەیکردە نامەردی دەستی کرد بەنقەنق و وتی: «عەمە عەمە». هەموو لێفەو دۆشەک و گەو و گیپاڵی ژنەی پیس کرد.

ژنە کە ئەمەی زانی بڕیاریدا کە ئیتر واز لە فێڵبازی بێنێ، چونکە مێردەکەی گەلێ لەو زۆرزانتر بوو هەزار فاکێ بە فیکێکی.

- خێزانێک هەبوو لە بەختانیان بوو، بەشی زۆری ئافرەتان بەبێ بن ئەچوونە لای مێرد. جارێک کچێکی ئەم بنەماڵەیە شوو ئەکا و زەماوەندی بۆ ئەکەن. شایەرو و زوڕناژەن دێنن شایەرەکە زۆر باش ڕەفتاری ئەم خێزانەی ئەزانێ، لەکاتی هەڵپەڕکێدا بەم جۆرە گۆرانی ئەڵێ:

دایکی وەبێ، خوشکی وەبێ، میمکی وەبێ، زوڕنا بژەن ئەمیش چەبێ؟

- خێڵێک لەبناری کانیکەوە خستبوویان. گۆرانەکانی کانی کەوە هەموو جار بەشەو ئەچوون بۆ دزی و تاڵان کردنیان. کوڕێک لە خێڵەکە بوو «هۆمەری خاتوون»ی ناو بوو، پیاوێکی ئازا و نەترس بوو. بەتاقی تەنیا بەرەنگاری لەشکرێکی ئەکرد. ئەوەندە هەبوو کە هەر جارە گۆرانەکان پەلاماریان ئەدان هۆمەر لەماڵەوە نەئەبوو.

جارێک پەلاماریان ئەدەن و کوردەکانیش بەرهەڵستیان ئەکەن. لەوانە ئەبێ کوردەکان بشکێن و تاڵان بدەن بەدەستەوە، لەو کاتەدا قەرەنتوی هۆمەر لەدوورەوە دەرئەکەوێ. کوڕگەل کە چاویان پێ ئەکەوێ ئەمە ئەڵێن:

«مانگەشەوە تەقڵە دەوە — لەشکر گەییە کانیکەوە
هۆمەر خاتە زوو سەرکەوە — نەوەک بشکێن ئا بەمشەوە

- ژنێک کچێکی هەبوو دای بەشوو. لەو کاتەدا گواستیانەوە دەستی کردە پینگەپینگ بەسەریا و پاش ئەوە کە بردیان بەم بەیتانە ئەیلاواندەوە:

نۆ نانی خوارد وەنازەوە — نۆ نانی خوارد وەپیازەوە
نۆ نان لەساجی گەرمەوە — نۆ نانی ڕەق وەبەرمەوە
نۆ نانی خوارد وەشیرەوە — نۆیشی فڕان لەتیرەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دایکی مرێ گولوەشان          وەدڵ ناشتا بردیشیان

- پیاوێکی کورد باسی ژنی بەمجۆرە کردووە:
ژن نیوەی ژنە، نیوەی ژانە، نیوەی مێمل دۆڵەی نانە.

- پیاوێکی کورد ئەیوت:
مەکر ژنان بار خەران          خەر نەوەران چێش کەران

- لەو سەرە لەبن دەوارێکا هەندێک دانیشتبوون هەموو قسەیەکیان ئەکرد. سەرە هاتە سەر باسی ژن، هەر کە لەعاستی خۆی موچرکێکی پیاهات. بەڵام کەسیان نەیانخستە خۆیان. یەکێ لەدانیشتووەکان وتی: برا ئەمەی پێ ناوێ ئێمە ئەگەر راست ئەکەین با هەر کەسە ئەگەر لە ژنەکەی ناترسێ قیت راست ببێتەوە. هەموو بەجارێ هەستان تەنها یەکێک نەبێ. لێیان پرسی وا دیارە تۆ هیچ ناترسیت لە ژنەکەت؟ وتی: «نە وەڵلا حەدی چییە لێی بترسم، بەڵام ئیمڕۆ دارێکی مالیوە بەقاچما کۆڵەواری کردووە لەبەر ئەوە ناتوانم هەستم؛ ئەگینا وەنەبێ لەو بترسم».

- ژن کە مێرد ئەکا سەرەتا هەتا ماوەیەک هەر جار کە گەمەو گاڵتە لەگەڵ مێردەکەیا ئەکا بەنازێکەوە پاڵێکی پێوە ئەنێ و پێی ئەڵێ: «بچۆ بەولاوە کێرزل». کە هەر دوولایان پیر ئەبن ژنەکە هیچ نایخاتە خۆی کە پیربووە، ئەمجا کە پاڵ بەمێردەکەیا ئەنێ پێی ئەڵێ: «بچۆ بەولاوە گووزل».

- کابرایەکی ساوێلکە لەو سەرە ژنێک ئەخوازێ. هێشتا سێ مانگی زاوا و بووکێنیان تێناپەڕێ خوا کوڕێکیان ئەداتێ.
شەوێ لەگوێ ئاگردانەکەدا دانیشتوون و هەروا دەمەتەقێ ئەکەن، کابرا کە ژنەکە ئەگوێزێتەوە بەخەسووەوە ئەیگوێزێتەوە. خەسووەکەشی دانیشتووە رووی تێ ئەکا و پێ ئەڵێ: ماشەڵلا ئەم کچەی تۆ بە بەرەیە، ئەگەر هەروا زوو زوو و هەر بەسێ مانگ جارێ کوڕێ بێنێ زۆری پێ ناچێ منیش ئەوەندە کوڕ و کوڕزام ئەبێ تا ئەبم بە حەمەخانی بانە هەموو ئەم ناوە دائەگرم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خەسوەکەشی ئەڵێ: ئەیەڕۆ بەقوربانت بم کەی بەسێ مانگ منالی بووە. نۆمانگەو نۆ ڕۆژەی تەواو کردووە. ئەوە تۆ حسابی مانگەکانت لێ تێکچووە بەم جۆرە ناوی مانگەکان ڕەوانکە ئەو وەختە بزانە سێ مانگ ئەگرێتەوە یا نۆمانگ؟

ئازار، بەهار، مانگی دۆ — نیسان سەیران مانگی جۆ
ئەو مانگەی بووکیان تیا برد — ئەو مانگەی کچە تیا شووی کرد
ئەو مانگەی کوڕەی تیا بوو — تەواو نۆ مانگ بەسەر چوو

کابرا ئەڵێ: ئەی بەقوربانت بم خەسوو گیان! بەخوا ڕاستە ئەڵێن خەسوویەک لەجووتێ گا باشترە، بەو قورحانە ئەگەر تۆ نەبوتایە گوناحباریش ئەبووم و ئیمانیشم ئەڕۆیشت.

- پیاوێک لەو سەرە هەبوو بازرگانێکی زل بوو. ویستی بچێ بۆ «تەورێز» بۆ شتومەکی بازرگانی کەسی نەبوو تەنها ژنێک نەبێ. شێخێکی بەدینی خوا ترس هەبوو لەو ناوە ناوبانگی دینداریەکەی ئەو ولاتەی پڕ کردبوو. هەستا چووە لای و پێی وت: قوربان من بۆ تەورێز ئەچم دنیا هەزار مردن و ژیانی لەرێگەدایە. کیسەیکی لە بەردەما دانا و پێی وت: ئەمە هەزار قەڕانە ئەگەر تا شەش مانگیکە نەهاتمەوە بیدە بەژنەکەم و پێی بلێ گەردنم ئازاد کاو ئەمەش حەق و حقوقەکەیەتی».

شێخ کیسەکەی لێوەرگرت و وتی ئیشەڵلا بەبێ مەزەڕەتی ئەگەڕێتەوە. کابرا لێیدا ڕۆیشت.

زۆری پێنەچوو ژنە کەوتە تەنگانەوەو ناشزانێ ئەم پارەیە لای شێخ هەیە وردە وردە دەستی کرد بەفرۆشتنی شتومەکی ناو ماڵ. هەر شتێک هەبوو نەبوو فرۆشتی و مێردەی هەر نەهاتەوە.

ڕۆژێک تاقە ئەموستیلەیەکی ئەلماسی مابوو دای بە کارەکەرەکەی و پێی وت: ڕۆڵە بچۆ ئەمەش بفرۆشە چەند ڕۆژێکیش بەمەوە ڕائەبوێرین تا بەڵکوو خوا دەرگایکمان لێ بکاتەوە. کارەکەر ئەنگوستیلەی هەڵگرت و چوو بۆ بازاڕ کوتوپڕ لەناو بازاڕا بە بەر دوکانی زەڕنگەرەکانا تووشی بوو بەتووشی شێخەوە. شێخ گەڕانی ئەم کارەکەرە بەم ئەنگوستیلەوە تۆزێ سەرنجی ڕاکێشا و لێی پرسی تۆ کێیت؟ ئەویش وتی: من کەنیزەکی ژنی فلانە تاجرم و ئاغەم ماوەیەکی زۆرە بەسەفەر ڕۆیشتووە، ئێستە هیچمان نەماوە تەنها ئەم ئەنگوستیلەیە نەبێت. ئاغەژنم پێی وتم بچۆ بیفرۆشە تا ئەمەش ئەخۆین خوا گەورەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

شێخ هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی کچم بچۆ بەئاغەژنت بڵێ کە ئاغات هەزار قەرانی لەلای من بە ئەمانەت بۆ داناوە.

کچە لەخۆشیا لەوانەبوو پەڕ دەرکا گەڕایەوە و قسەکەی بەئاغەژنی وت. ئاغەژنیش لەخۆشی ئەم خەبەرە شوێنی بەخۆی نەئەگرت کارەکەرەکەی ناردەوە بۆ لای شێخ بۆ پارەکە. شێخ وتی: من ئەم پارەیە هەر ئەبێ بدەم بەدەستی خۆیەوە، چونکە ئاغە وای پێی وتوم و ناتوانم لێی لادەم. کارەکەرەکە لەوانەبوو بگەڕێتەوە شێخ وتی مەڕۆ منیش لەگەڵت دێم با ئەو بە رووی سوورەوە نەیەت بۆ ئێرە. هەڵسا پارەی هەڵگرت و لەگەڵ کارەکەر ڕۆیشت.

کە چوونە ژوورەوە چاوی بەژن کەوت جەماڵ و جوانیی ژن هەموو شتێکی لەبیری شێخ بردەوەو کەوتە قسەکردنی غەرامی لەگەڵ ژنەدا. ژنە سەری شەرمی داخست و زۆر سەرسام ما تیری عەشقیشی سات بەسات لە دڵی شێخا کاریگەرتر ئەبوو. شێخ زیاتر هۆشی لای خۆی نەئەما ئەمجا پێی وت: یا شێخ تۆ ئەو پیاوەنیت کە ناوبانگی دینداری و خواناسیت ئەم ناوەی پڕ کردووە؟ ئێستە ئەمە چەکردەوەیەکە ئەینوێنی؟ شێخ وتی: «گیانەکەم رووناکی روومەتی گشت هەموو نورێکی لێ شاردمەوە. ئەو سەردەمە کە عبادەتم ئەکرد لەجەمالی تۆ بێ بەش بووم، ئێستە کە دەرگای رووناکی تۆم بۆ کرایەوە، ئیتر هیچ رووناکی و عبادەتێکی‌ترم ناوێ. ئەم کاتە کە لەگەڵ تۆ دام نوێژ و رۆژوی هەر چل ساڵەکەم دێنێ.

ژنە کە ئەمەی بیست وتی هەستە بچۆرە دەرەوە هەی دەست بڕی قیامەت فرۆش! ئەمە بویت شێخە بە ناوبانگە خواناسەکە؟ هەستە بچۆرە دەرەوە بە شەرمەزارییەوە لام دامەنیشەو پارەی تۆیشم ناوێ. شێخ بەشەرمەزاری و بەدڵ پڕ لە کڵپەی عەشقەوە پارەی هەڵگرت و هەستا چووەوە.

ئەمجا ژنە کەوتە سەر ئەوە کە فێڵێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوە ئەم پارەیە لەم خوا نەناسە بسێنێتەوە. هیچی بەبیرا نەهات تەنها شکات کردن نەبێ، هەستا چوو بۆ لای پادشا لەسەر ئێعتباری ئێستە چوەلای رەئیسی تەشریفاتی. کە رەئیس چاوی پێکەوت ئاگری لەدڵیا کڵپەی سەندو دەستی کرد بە قسەکردن لە گەڵیا. لە پاش گەلێ قسەکردن رەئیس پێی وت: تۆ ناگەیت بە پادشا تا ئەوەی من ئارەزوو ئەکەم لە گەڵم نەکەی. ئەو وەختە پادشایشی ناوێ تۆ چۆن ئارەزوو ئەکەی وات بۆ ئەکەم. ژنە کە ئەمەی بیست بە بێ دەنگی گەڕایەوە.

رۆژی دوایی هەستا چوە لای دارۆغە و شکاتی بەر ئەو خست. کە دارۆغە چاوی پێ کەوت لەو کابرای پێشو خراپتر پێی وت: بینایی چاوم چاو لەتۆ پۆشین ئیشی پیاوی ئاقل

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نییە. ئەگەر بێتوو لەناوی ژیانت تاقە لیوانێک وەربگرم سەرم لەرێتایە و جارێکیکە پێویستت بەو جۆرە پارانەش نابێ. ژنە دیسان دەستی لە میش گیر نەبوو گەڕایەوە.

بۆ رۆژی دوایی چوو بۆ لای قازی. قازێ کە چاوی بە نیونگای ژنە کەوت ئەوەی لە قوتابخانەوە خوێندبووی تا ئەو وەختە هەمووی لە فیکر چووەوە پێی وت: روونـاکی دنیای دنیاداران چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟ ژنە کارەساتی شێخی بەرماڵ فرۆشی بۆ گێڕایەوە.

قازێ وتی: «ئارام و هێزی شەیدایان! شەرع ئەفەرمووێ دەعوا ئەبم بەشاهدت ئەگەر لەسێبەری بالای نەونەمامتا جارێک بە پاسەوان وەرمبگری». ژنە کە ئەمەی گوێ لێبوو سەرێکی بادا و دەستی لەویش بڕاو گەڕایەوە.

کە هاتەوە بە کارەکەرەکەی وت: بچیت لەلای دارتاشێک سندوقێکی گەورەی بۆ دروست کاو ئەم سندوقە سێ خانە بێ و هەر خانەیەک دەرگای خۆی پێوەبێ. کارەکەر چوو سندوقی دروست کرد و هێنایەوە.

ئەمجا پێی وت: بچێت بە رەئیسی تەشریفاتی بڵێت کەسەر لە بەیان تەشریفی بێت بۆ ماڵی ئێمە. لەویشەوە بچێت بەداروغە بڵێت لەچێشتەنگاوا ئەویش بێت. کە لەوان بوەوە بچێت بۆ لای قازی پێ بڵێت لە وەختی نیوەڕۆدا ئەویش خانم بانگێشتنی بۆ کردووە. لەپاش ئەوان بچێت بۆ لای شێخ کە پاش نێوەڕۆ بێت بۆ ماڵ خانم لەسەر ئارەزووی ئەو ئەبزوێتەوە. کارەکەر چوو هەموو راسپێریەکانی بە ئەنجام گەیاند.

ئەو شەوە رۆژ بوەوە کە کەوتە بەیان تەقە لەقاپی دراو کارەکەر چوو بۆ دەرگا سەیری کرد رەئیسی تەشریفاتیە. خانم چوو بە پێشوازیەوە و هێنایە ژوورەوە لەپاش دانیشتن و هەندێ قسەکردن، دەنگی تەقەی قاپی حەوشە هات. کارەکەر چوو هاتەوە وتی: داروغەی شارە هاتووە. رەئیسی تەشریفاتی رەنگی لەروو بڕا و وتی بۆ خاتری خوا چەم لێ ئەکەی؟ خانم وتی وەڵلا بەم دەم و دەستە هیچ شوێنێک نیە تەنها ئەو سندوقە نەبێ سێ خانەی هەیە ئەچیتە هەر کامێکیانەوە بچۆ. رەئیس چووە ناو یەکێ لەخانەکانا و خانم هەر خێرا هەستا دەرگاکەی لەسەر داخست.

تا ئەم ئەمانەی کرد داروغە هاتە ژوورەوەو دانیشت و کەوتە باسی غەرامیات و عەشقێنی. خانمیش کەوتە پشی پشی لە گەڵیا کوتوپڕ دەنگی تەقەی قاپی هات. کارەکەر چوو بەشوێن دەنگەوە هاتەوە وتی قازی تەشریفی هێناوە. داروغە ناوکی کەوت و وتی خانم چیم لێ ئەکەی؟ قازی پێم بزانی ناکرێ. ژنە وتی: ئەوا ئەو سندوقە هەیە دوو خانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تیایە بچۆرە یەکێکیانەوە تا قازی ئەڕوا. دارۆغە هەستا و خۆی کوتایە یەکێ لە چاوگی سندوقەکانەوە. خانم هەستا و دەرگای لەسەر داخست.

لەو کاتەدا قازی بەگۆنای سوور و دڵی بەجۆشی ئاگری دڵداریەوە کردی بەژووراو خانم بە عیشوەو نیو عیشوەوە چوو بەپیریەوەو داینا.

قازی خۆی لەدنیایکیترا چاو پێکەوت. خۆی لەشوێنێکا چاو پێکەوت کە دڵڕفێنەکەی شەرابی ئاڵی لەلێوی خۆی ئاڵتر ئەدا بە دەستیەوە. قازی لە دەریای دوو جار سەر خۆشیدا مەلەوانی ئەکرد کوتوپڕ دەنگی تەقەی قاپی هات. کارەکەر چوو بەشوێن دەنگەکەوەو هاتەوە وتی: شێخی پیری پیرانەو لەم شوێنەدا مێوانە. قازی کە ناوی شێخی بیست ڕوومەتی سووری بوو بە بەی زەرد. وتی: ئەگەر شێخ لێرەدا بمبینێ حەیا و ئابڕوم ئەچێ و تا ماوم خۆم ناگرمەوە چیم لێ ئەکەی؟ خانم وتی: وەڵلا هیچ شوێنێک نیە ئەو سندوقە نەبێ خانێکی تێدایە بچۆرە ناویەوە. قازی هەر خێرا ڕاپەڕی و خۆی کوتایە چاوکی سندوقەکەوەو خانم دەرگای لەسەر داخست.

شێخ کردی بەژوورا. خانم پێشوازی کرد و دەستێکی خستە سەر شانی و بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وت: یا خوا بەخێر بی شێخی بەرماڵ فرۆش! چۆن وا ڕێت لێ تێکچوو گەیشتیتە لای ئێمە؟ شێخ وەکوو دەنگی فریشتەی ئاسمان بەرگوێ بکەوێ خوتوکەیەک بە هەموو لەشیا هات وتی: «ڕایەڵی عەشقی تۆ هەزار وەکوو من ڕائەکێشێ».

ژنە وتی: لەلایەنی پارەکەوە چی ئەڵێی؟ ئەگەر نەمدەیتەوە چی ئەڵێیت بەگوێت ئەکەم. شێخ وتی: «چۆن ناتدەمەوە؟ خوایە تۆ ئاگات لێ بێ مێردی ئەم ژنە هەزار قەرانی لای من داناوە کە بیدەم بەم ژنە. ئەگەر ئێستە لەدنیای کامەرانیا تۆزێ بەنازی خۆی بمحەسێنێتەوەو لە کامی خۆیم بداتێ هەزار قەرانەکەی ئەدەمەوە. ئیتر چیت ئەوێ خانمی هەر دوو دنیام؟»

ژنە کە ئەمەی بیست بانگی کارەکەرەکەی کرد و پێی وت: وەرە ئەم دین فرۆشە بکەرە دەرەوەو خۆی لێیدا چوو بۆ لای پادشا. پادشا داوای ڕەئیسی تەشریفاتی کرد، دیار نەبوو وتی قازی بانگ کەن قازیش نەبوو. پادشا لەم ڕێکەوتە سەری سوڕما ناچار ژنەکەی بانگ کردە لای خۆی و لێی پرسی. ژنەش کارەساتی بۆ گێڕایەوە کە هەزار قەرانی لایەتی و نایداتەوە پادشا وتی تۆ بۆ ئەم داوایەت شاهدت هەیە؟ ژنە وتی: «بەڵێ سندوقێکم لایە ئەو سندوقە شاهێدمە». پادشا دەستی کرد بەپێکەنین و وتی: تۆ شێت بوویت؟ ژنە وتی: پادشاهم شێت نەبووم و شێت نیم، سندوقێکم هەیە ئەو سندوقە شاهێدمە. پادشا وتی: ڕەنگبێ جوانیەکەت سەری لێ تێکدابێتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنه وتی: پادشاهم با واشبێ من هەر لەسەر قسەی خۆمم بنیرە بیهێنن پادشا پیاوی نارد و سندوقێکی گەورەیان هێنا و دایانا. ژنه هەستا و چووه سەر سندوقەکەو دەستێکی پیا مالی وتی: سندوقەکە بەو خوایەی کە دروستی کردووین ئەگەر ئەوی کە بیستووتە نەیڵێیت، ئێستە ئاگرت تێبەر ئەدەم. کوتوپڕ سێ زمان لەناو سندوقەکە هاتنە قسەو وتیان: «ئەشەدوبیللا ئێمە شاهیدین کەئەو شێخە وتی هەزار قەرانی ئەم ژنەم لایە». لەلای پادشا دەرگای هەر سێ خانەی سندوقەکەی کردەوە وەکوو زەردەواڵە رەئیسی تەشریفاتی و دارۆغە و قازی هەر یەکە لە کونێکەوە هاتنە دەرەوە.

پادشا لەم ئیشەو لەم کردەوەیە زۆر سەرسام ما ئەوانەی هەر یەکە بەتۆڵەی خۆی گەیاند و پارەشی لەشێخی بەرماڵ فرۆش بۆ ژنەکە وەرگرتەوە.

ئەوەندە هەبوو قازی رووی کردە ژنەکە و وتی: «هەر کە لە ئێوە نەترسێ لە خواش ناترسێ».

– هەزاری شاعیر هۆنیویەتیەوە:

کوڕ بەدایکی وت بێچگە لەباوە — چەند شووی ترت بوون؟ ورامی داوە
نۆمێرد لەو هۆزی نۆیان لەم هۆزی — دوو نۆش لە هۆزی نەورۆزە قۆزی
نۆ هەر لەبەرتاو خۆیان دەدۆزی — نۆشیان نیوەی ساڵ دەژیان بێ رۆزی
شەشە و شەشان وشەشێکی تریش — ورچەی ئامان و رەشێکی تریش
بەخوا رۆڵە گیان دەست بە هەویرم — وردە مێردەکان کەم دێتەوە بیرم

– ئەڵێن لەیەکێ لە کۆشکەکانی تەیمووری لەنگدا گەلێ پەیکەری تێدا هەبوو بەتایبەتی سێ پەیکەری تێدابوو کە لە هەموو پەیکەرەکان زیاتر سەرنجی خەڵکیان رائەکێشا. یەکێکیان زەلامێکە سەری داخستووە و خەریکی فیکر کردنەوەیە، یەکێکی تریان ئەوا بە هەر دوو دەست بەر بووەتە سەر و پۆتەلاکی خۆی و بەسەر خۆیا ئەمالێ. وردە وردە جارجار موویەکی ریشیش هەڵئەکەنێ. ئەوەی سێهەمیش دەستەسرێکی گرتۆتە دەستە و سەما ئەکا.

لە ژوور سەر هەریەک لەمانەوە نووسراوێک نووسراوە. ئەوی یەکەم لەژوور سەریەوە نوسراوە «ژن بینم یا نەیەنم». لەسەر سەرووی دووەمین نوسراوە «کەئەمە ژنی هێناوە و پەشیمان بووەتەوە». لەسەر سێیەمینەوە نووسراوە «کەئەم پیاوە ژنی هێناوە و تەلاقی داوەو رزگاری بووە». وە نامەیەکیشیان داوەتە دەست ئەمەی تیا نووسراوە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوی ژن دێنێ و ژنی لەماڵە خۆشی نابینێ هەرگیز لەو ماڵە
ئەوی ژن دارەو تەلاقی داوە موژدە بێ کەوا خوا بەوی داوە

- لەو کویستانی سەر سنووری تورکیایە لەگوندی «باڤو» پیاوێکی زۆر زۆر لەخوا ترسی بەنەخوێن پاک هەبوو بەناوی پیرانەوە ناوی دەرکردبوو. ژنێکی هەبوو خەجێ ناو بوو. ئەم پیرانە لەو رۆژەوە بلۆقی بوو بوو تەرکی دنیای کردبوو، لە ئەشکەوتێکی دوور لە گوندەکەوە خەریکی خواناسی و نوێژ و رۆژوو و زیکر و فیکر بوو؛ بە هیچ جۆر توخنی ئاوەدانی نەئەکەوت. بەتەواوی دوور لە بێگانەو نزیک لە یەگانە بوو. خەجێ جار جار نانێکی بۆ ئەبردو بەو نانە قنیاتی ئەکرد. نزیک بوونەوەی لەخوا بەتەواوی تێری کردبوو لەدنیا، بەم جۆرە چل ساڵی رەبەق خەریکی عبادەت و خواناسی بوو تەمەنی جوانی ئەو و خەجێی ژنی لە بەهاری گەنجیدا کەوتە خەزانی پیری. دان کەل وچاوکز و گوێی هەردووکیان گران بوو، بەڵام پیران لە مەعنەویاتی پیران بەشێکی وەرگرت و بەتەواوی جێگای خۆی بە هۆی دوور بوونەوەی لەدنیا لە کۆڕی خواناسانا تەخت کرد.

شەوێک لە نیوەشەوا لەو وەختەدا کە ماڵ بێ ئەغیارە و دۆست خەبەردارە، لەو وەختەدا کە دڵی خواناسان پەردەی تاریکی لەسەر هەڵئەگیرێ بەو رووناکییەوە روو ئەکاتە نووری خوا، دەنگێکی لەپشت پەردەی نهێنیەوە هاتە گوێی: ئەی پیران! لەبەر ئەوە کەتۆ ئەمە چل ساڵە لە زکر و فیکری خوادایت و بەتەواوی پشتت لەدنیا کردووە و رووت لەخوا، لە پاداشی ئەم عبادەتی چل ساڵیەتدا خوا سێ نیازت لێ قەبووڵ ئەکا؛ جا خۆت سەر پشک بە سێ شت داوا بکە خوا بە هاناتەوە دیت هەر سێ شتەکەت بۆ بەدی دێنێ.

پیران لە بیستنی ئەم دەنگە تاسێک بردیەوەو هەروا سەری سڕما و هەروا کەوتە دەریای خەیاڵەوە وتی: ئەمە ئەبێ دەنگی شەیتان بێ و بیەوێ لەخشتەم بەرێ. بەمجۆرە مایەوە تا کەوتە شەوی دوایی. دیسان لە هەما ن کاتا هەمان دەنگ بە چەشنی قسە هاتەوە قسەکردن و ئەوی دوێنێ شەوی پێی وتەوە. پیران ئەوەندەیتر کەوتە سەرسامیەوە و پەژارە بەتەواوی دایگرت؛ نەیئەزانی چۆن لەم گێژاوە خۆی دەرباز کا هەروا ئەتلایەوە تا کەوتە شەوی سێیەم و کاتەکەی شەوان. دیسان دەنگەکەی هاتەوە بەر گوێ و وتی: پیران هەر ئەم شەوەت ماوە ئەوەی داوای ئەکەی بیکە داوای ناکەی بەسەر ئەچێ. کە رۆژ بووەوە خەجێی خێزانی لەسەر جاران هەندێ نوێردوە نانی بۆ هێناو هاتەوە بۆ لای؛ سەیری کرد پیرانی مێردی بەتەواوی رەنگی هەڵبزرکاوەو هیچ رەنگ لە روویا نەماوە. پرسی پیاوەکە بۆچ وات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێهاتووە؟ پیاوە هیچ دەنگ ناکا. زۆر سەری خستە سەری لەئەنجاما وتی: خەجێ واز بێنە شەیتان ئەیەوێ لەخشتەم بەرێ. وتی: ئەیەڕۆ چۆن؟ تۆ پیاوی خوای شەیتان بەتۆ ناوێرێ. پیران دەستی کرد بەگریان و بە هەناسە هەڵکێشان سۆزی دەروونی ئەگەیشتە گەردوونی ئاسمان. خەجێ وتی: پیاوەکە دەنگ بکە سوویێم بووەوە. پیران وتی: ئافرەت دەنگی چیبکەم؟ ئەمە سێ شەوە نیدایەکم بەر گوێ ئەکەوێ ئەڵێ: تۆ چل ساڵە گۆشەگیریت کردووە بەپیشە وخواناسی ئەکەیت ئێستە خوا لە تۆڵەی پارێزگاری ئەم چل ساڵەدا سێ نیازت بۆ بەجێ دێنێ داوای بکە. ئەمە جگە لەوە کە دەنگی شەیتانی بێ و بیەوێ لەخشتەم بەرێ هیچی‌تر نییە.

خەجێ وتی: ئەیەڕۆ پیاوەکە بۆ وا ئەڵێ؟ تۆ پیاوێکی دیندار و خواناس بوویت، ئەمە چل ساڵە خۆتت دوور گرتووە لە هەموو نافەرمانییەک. خوا ئەگەر تۆڵەی یەکێکی وەکوو تۆ نەداتەوە تۆڵەی کێ ئەداتەوە؟

خەجێ بەم قسانە وردە وردە پیرانی سارد کردەوەو هێنایە سەر ئەوە کە ئەو دەنگە نهێنیە دەنگێکی ڕاستەقینەی خواییەو دوورە لەشەیتان و هیچ لە خشتەبردن نییە. ئەمجا پیران وتی باشە ئافرەت داوای چی بکەم؟ داوای ئیمان و عاقبەت خێری بکەم؟ داوای ئەولادی چاک و ساڵح بکەم؟ داوای ماڵ و سامان و پایەی دنیایی بکەم؟ داوای چی بکەم؟

خەجێ وتی پیاوە یەکەم نیاز و داوات ئەوە بێ کەخوا من گەنج بکاتەوەو بمباتەوە تافی جوانی و ڕەنگ و ڕووخسار و جەماڵێکی وام بداتێ لە دنیادا وێنەم نەبێ. ئەو وەختە من ئەم چەند ساڵە چەندەم خزمەت کردووی بەگوڕ ئەبمەوە ئەوەندەیتر و زیاتر لەوەش خزمەتت ئەکەم. ئاسایشی دین و دنیات بۆ پێک دێنم و لەخێزانی ئەیوبی پێغەمبەر چاکتر خزمەتت ئەکەم و زیاتر بە هاناتەوە دێم.

پیران وتی: ئافرەت من و تۆ تازە تەمەنمان ڕابواردووە خۆشی و ناخۆشی دنیا هەر شتێک بوبێت بەسەرمان بردووە. من کەدوعا ئەکەم با دوعای ئەوە بکەم خوا ئەولادی چاک و ساڵحمان بداتێ. هەم بە کەڵکی ئەوەمان دێ لەدنیا تا ماوین بە هانامانەوە دێن و بە دەردمان ئەخۆن. کە مردیشین یەکێک ئەبن لەو شتانە کە پێغەمبەر لەبارەیانا وتوویە خێر و سەدەقەیەکی ڕەوانن قەت دوایی نایەن.

خەجێ وتی: پیاوەکە کە من گەنج بوومەوە ئەو ئەولادەی کەتۆ ئەڵێیت ئەبێ بەخێر و سەدەقەیەکی جاری ئەوەش ئەبێت و منیش گەنج ئەبمەوە و تۆیش ئەکەوێتە ڕەحەتی بەیەک دوعا سێ شتی زۆر بەڵکمان بۆ دێتەدی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خەجێ بەم جۆرە قسانە و بەمجۆرە ئامۆژگاریتە بردیە دڵی پیرانەوە کە قسەکەی زۆر باشەو بەیەک داوا کردن سێ شتی زۆر گەورەیان بۆ پێک دێت، بەلام هێشتا هەر بەتەواوی دڵی نەیئەهێنا. وتی: ئافرەت ئەم سێ دوعایە کەمن ئەیکەم یەکێکی بوو عاقبەت خێری و ئیماندارێمان بێت. یەکێکی بۆ ئەولادی چاک و سالح بێت یەکێکیشی بۆ ماڵ و سامان بێت. ئەو وەختە هەم دینیشمان ئەبێت هەم دنیاش.

خەجێ وتی: پیاوەکە ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ سێ نیازەکە بۆ لە شتێکا ئەخەیتە کار کە ئەو سێ شتە بەیەک دوعا جێبەجێ ببێ؟ کە من گەنج بوومەوە ئەو وەختە بەسانایی ئەتوانم خزمەتی منالەکان بکەم، ئەو منالانەی کە لەمن و لەتۆ بن سالح و چاک ئەبن. کە گەورەش بوون ئیش و کار ئەکەن لە بەرهەمی ئیش و کارەکەی ئەوانا دەولەمەند و خاوەن سامانیش ئەبین. بە هۆی چاکەو سەلاحەتەکەشیانەوە سەدەقەی جاریشمان بۆ دروست ئەبێ. فەرمایشی پێغەمبەر دێتە دی، عاقبەتمان خێر و ئیمانداریش ئەبین. پیران قسەکانی خەجێ بەتەواوی کاری تێکرد و بڕیاریدا کە یەکەم دوعای جوان بوونەوەی خەجێ و بەئاوات گەیشتنی خەجێ بێ.

شەوی دوایی لە نیوەشەودا چووە سەر بەرماڵ دەستی بەرز کردەوەو داوای ئەوەی کرد لە خوا کە خەجێی خێزانی بچێتەوە تەمەنی گەنجی و جوانیکی باشی بداتێ.

نزای پیران لەگۆشەی ڕەشمالانا جێگیر بوو بەیانی کە هەستان سەیری کرد خەجێ ئەو خەجێیە نەماوە: ئاسک و نازدارێکە نەبخۆیت و نەبکەی هەر تەماشای گەردنی بکەی دوو چاووی ڕەشماڵ، دوو گۆنای پڕی ئاڵ، سەر پڕ لەقژی ئاوەڵدامەنی کاڵ لەسنگ و بەرۆکا لە بەژن و سەرۆکا وێنەیەکی بێ وێنەی ئەم ژێر ئاسمانی شینە بوو. نە زولیخای میسری و نەشیرینی ئەرمەن نەچاو بەخوماری کوردستان و نەپەلک سەوزی داستان هیچیان نەی ئەگەیشتنێ. زمان هەر ئەوەندە ئەتوانێ بلێ وێنەیەک بوو لەنەخشی کردگار تازە بە تازە کەوتە ناو ڕۆژگارەوە.

لەو لاوە خەجێ کە تەماشای خۆی کرد خۆی بەلەندامێک هاتە بەرچاو لەبازاڕی شۆخییدا نە فریشتەی ئاسمان نەپەری کێوی قاف کەسیان ناوێرن شان بدەن لەشانی.

گوڵی نەونەمامی بەهاران پەلکە زێڕینەی ئێواران نمونەیەکن لە کالای بالای وەکوو چەتری تاوس. خۆی بلاو کردەوە دڵی بووژایەوە رووی گەشایەوە خەرامان خەرامان بەسەر نازا ناوی ئەکرد. گوڵ لەڕوومەتیا شەوبۆ لەبۆیا سەری شەرمەزاری و ڕووی ژاکاوییان دانەواند خوا بیدا ئاوای ئەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەمجۆرە خەجێ کەوتە ناو لالەزاری جوانیی و شۆخی وردە وردە ناوبانگی نازک و نازداری خۆی بیستەوە بەجۆرێک بیستیەوە کە خەرامانی چینی لەچاو ئەما کەنیزەکی زەنگییە. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەبوو بەنیشانگای پەنجەی سەودا سەران. هەر ئەوەندە بۆ خەجێیش وەکوو تاوسی لێهاتبوو چۆن تاوس سەیری چەتری کلکی خۆی ئەکا فیز ئەیگرێ و ئەگەشێتەوە کە سەیری قاچی ئەکا فسی ئەنیشێتەوە ئەمیش کەسەیری جوانی و بیستنەوەی ناوبانگی خۆی ئەکرد ئەوەندەیتر گەشکە ئەیگرت، بەلام کە سەیری پیرانی دانکەلی چاوکزی سەرلەرزۆکی ڕیش کلووی بەفری مێردی ئەکرد سەری ئەبردەوە بەقولاخی خۆیا.

لە ئەنجاما وردە وردە پێی لەپیرانی مێردی بڕی و کەمتر ئەهات بەلایا. ئەو خزمەتەی کە جاران هەیبوو بۆی، لەباتی ئەوەی لێی زیاد بکا هەرکەمی ئەکردەوە. ئەو ماڵ و منداڵانەی کە جاران بە تەنگیانەوە بوو ئێستە چکەچکە بەرەلای کردن و خستنیە پشت گوێ. ماڵ بێ خاوەن و بێ ناز مانەوە، پیرانی بەناو مێردی هەر چەند قسەی لەگەڵ ئەکرد بەلالووتەوە جوابێکی ئەدایەوە. خەجێ ئەوی بەدڵیا نەهاتایەوە ماڵ و منداڵ و پیرانی مێردی بوو. سەرمەستی دنیای ئاهەنگ و جوانی بوو لەباتی کوڕە لاوێک هەزاری وەکوو ئەمیر ئەرسەلانی ڕۆمی و جوامێری هەمەوەن و شەمسام ئاغای تەرگەوڕی لەبەر دەرگایا ئەکەوتن. کالای ئاوازەی شاران بەناوی دیاریەوە بەبار هەر وەکوو باران ئەباری بەسەریا. خەجێ کە جاران بەخواردنی نانی هەرزن و لەبەر کردنی کراسی جای هەجیجی ڕایئەبوارد، ئێستە شەکری ئەخوارد و بە شیر دەستی ئەشۆرد. ئاوریشمی لەبەر ئەکرد و پێلاوی زەڕکفتی لەپێی ئەکرد. نەیادی پیران لەدلا ما نە نازی منداڵان. پیران بێ ژن و منداڵ بێ دایک و ماڵ بێ کەیبانوو مانەوە. هەر چەندە پیران ئەیوت ئافرەت تۆ چیت وت و ئەمە چییە؟ خەجێ وەکوو گوێزی بۆ بژمێرن وا بوو کاتێک ئاهەنگی خۆی بە هیچ نەئەگۆڕیەوە.

پیران کەوتە ئامۆژگاری کردنی و پێی وت ئافرەت ڕۆژانی ڕابوردووت لەبیر بێ، ئافرەت ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە. بۆ منت بەرەلا کردو منالت سەر گەردان کرد. پرسە لە هۆزی ئاهی دەرویشان، دنیا لەسەریەک لا ناسوڕێتەوە بیر لەو خوایە بکەرەوە کە تۆ لەچ ڕۆژگارێکا بوویت و بەیەک هەناسە کەوتیتە چ ڕۆژێک. هەر ئەو خوایە ئەو دەسەلاتەی هەیە بتباتەوە دۆخەکەی جاران. واز بێنەو لەکەلی شەیتان وەرە خوارەوە.

خەجێ وتی: ئەی پیری بێفەڕی لاتی پەک کەوتووی لەبرسا مردوو! عەمری خۆت و منالت نەمێنێ تۆ چیت و خۆتت بەچی داناوە؟ بەو سەر و سەکوتەوە ئامۆژگاری من ئەکەی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من ئێستە هەزارێک لەبەر دەرگاکەما کەوتوون. سەگەکانیان وەکوو تۆ وانە. تۆ چ رایێکت هەیە خۆت بەمنەوە ببەستی؟ چاوت بکەرەوە من کێم و تۆ کێیت. تۆ ئەسپێ تێداویت ئەتەوێ خۆت بەسەر منەوە پاک کەیتەوە. من تۆ هەر ناناسم و هیچ رۆژێک لە رۆژان هیچ پەیوەندیەکت لەگەڵ منا نەبووە. ئەم فلتە فلتە لەچی، تۆ کەی لەو پیاوانە بوویت نازک و نازدارێکی وەکوو من چلمت پیا بسووێ، وەیا بەپەڕۆی پیس هەڵت بگرێ. ئەم نابەجاییەی ئێستە کردت جارێکیکە نەیکەیتەوە؛ ئەگەینا ئەڵێم بەو کەسانە کە لەبەر دەرگاکەما کەوتوون زندە بەچاڵت کەن. تۆ رایەی ئەوەت ناکەوێ من منالم لە تۆ بووبێت؛ منالی چی و شتی چی؟ من گوڵێکم لەباخی جوانیی ئەم دنیایەدا برۆ برۆ چیت لەدەست دێ دریغی مەکە. ئەمەی وت و لەناو شەپۆلی دەریای گەورەییدا لێیدا رۆیشت.

ئەم قسانە کاری کردە دڵی پیران، بەڵام کە بیری رۆژانی پێشوو و بیری لانەوازی منالەکانی ئەکردەوە هۆنە هۆن فرمێسک ئەهات بەچاویا و هەر ئەیوت: لێبووردن باشە، ئەیناردەوە بۆ لای خەجێ. خەجێ لەجارانی پێشوو خراپتر جوابی ئەدایەوە، کە منالەکانی ئەنارد بۆ لای ئەیوت بەڵکوو بەزەیی پیایانا بێتەوە ئەو منالی دەرئەکرد و ئەیوت ئێوە هیچ منالی من نین. بەکورتی خەجێ لەناو ئاهەنگی خۆشگوزەرانی و رابواردنی شاهانەدا مەست بوو بوو؛ نەپیرانی بەدلا ئەهات، نەمنالی خۆی و پیران.

پیران ئیتر گەیشتە جەرگی، شەوێک بۆی لەسەر بەرماڵ دانیشت و دەستی بەرز کردەوە وتی: خوایە نیازێکی‌ترم کەپێت هەیە ئەوەیە خەجێی زنم بکەیت بە دێڵە سەگێکی رەشی چوارچاو. تیری دوعای پیران لەئاسمانەوە تێپەڕی و گیرا بوو. خەجێ پێستی سەگی چوار چاوی کرا بەبەراو بوو بە دێڵەسەگێک ئەجوولێتەوەو ئەشکێتەوە. سەیر ئەکا لەپێستێکی‌ترایە، هاوار ئەکا لە نووزە و قوڕەیەک بەو لاووە هیچیتری لەدەم نایەتە دەرەوە. هۆشی هەیە بەڵام زمانی نییە؛ گیان هەیە بەڵام لە پێستێکی‌ترایە؛ سەیری خۆی ئەکا ئایا ئەمە خەجێی خەرامانی چینە یا دێڵەسەگێکی چوار چاوی ماچینە؟ ئەمەی ئێستە خەوەو ئەیبینێ یا ئەوەی پێشووی خەو بووەو رۆیشتووە؟ ئەتلێتەوەو ئەپلێتەوە ئەیەوێ قسەبکا قسە نییە. هەرکەس دێ بەلایەوە لەباتی چاو بەخوماری کوردستان سەگێکی گەرمیان ئەبینێ. ئەڵێ چاو بەخومار فریشتەیەک بوو باڵی گرتەوە ئێستە لەشوێن ئەوا سەگێک جێگرتوتەوە.

بەرە بەرە دەوری ماڵەگەورە چۆڵ بوو، ئاغا و جووتیار کەوتنەوە گەڕانەوە، هەرکە بۆ دیار. کەنیزەکانی کارەکەر روویان کرد و کەوتنە گەڕ لەباتی سینی شیر و شەکەر بوو بەفرێدانی لەتکەنان و لوولاقی کەر. لە باتی باوەشێنی نازداران بوو بە لووتە شەقی رێبواران،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لەباتی دەنگی های و هووی سەرخۆشانی عەودالی دووی بەشان، دەسرۆک بوو بەدەنگی ئادەی چخە لەو کسۆک. ئەو بارەگا ئاوەدانە بوو بە کاولە و وێرانە. خەجێ نووزەیکی لە زەوی و یەکێکی لە ئاسمانە هەر کە بەلایە ئەڕوا ئەم سەیری ئەو ئەکا و ئەو سەیری ئەم ئەکا، ئەم بەچاوی بە بەزەییەوە ئەنووزێنێ ئەو بەچاوی خەشمەوە ئەبۆڵێنێ.

دەنگ و باسی سەردەمی ئەم و پیران لەناو خەلکا هەبوو، یەکێ ئەیوت ئەمە خوای پیرانە، یەکێ ئەیوت ئەمە دیلەسەگی گوێ ئاگردانە. ئەوەی لێرە بوو فریشتەبوو ئێستە لە ئاسمانە، هەتا یەکی گرت قسەی ئەم هەمووانە گشت وتیان ئەمە ئاهـ و نزوولەی شێخی پیرانە. ئەی خەجێ بەدبەختی ئاخر شەڕ هیچ چارت نییە ئەوە نەبێ پەنا بەریتە بەر ئەشکەوتەکەی پیران.

خەجێ ئەمانەی هەموو گوێی لێیە بەلام ناتوانێ قسەبکا. لە نووزە بەو لاوە زمانی ناگەڕێ بەشتێکی‌تر. هەرچەندە سەیریش ئەکا کەسێک نییە بەدادیا بگاو تیماری دەردی کاریگەری بکا.

لە ئەنجاما هیچ چاری نەما بە تلاوتل و بە کلکە لەقێ خۆی گەیاندە ئەشکەوتەکەی پیران. پیران دەرکی ئەشکەوتی لێ پشکۆل کرد. خەجێی دیلەسەگ بەدەوری ئەشکەوتا ئەگەوزی و ئەینووزاند و ئەیقۆڕاند. منالەکانی لێ کۆبوونەوە. منال سەیری ئەویان ئەکرد ئەگریان ئەو سەیری منالی ئەکرد ئەینالاند و ئەیقۆڕاند. منال ئەچوونە لای پیرانی باوکیان، باوکیان لە دەریای خەم و پەژارەدا نقوم بووبوو، ئەهاتنە لای دایکیان لە سەگێکی رەشی چوار چاوی تەپاوتلکەر زیاتر هیچیان بەرچاو نەئەکەوت، ئەیاندایە پرمەی گریان. لەگریانی ئەوان و دایکیان و پەژارەی باوکیان ئەرز و ئاسمان بەزەیی ئەهاتەوە پێیانا.

منالەکان چوون ئەمجارە کەوتن بەسەر باوکیانا و بەگریان و زاری ئەمان و لەولاوە بەدەنگی نووزەو پاڕانەوەی خەجێ ئەمیش دەستی کرد بەگریان بەسەر منالەکانیا. ماوەیک بەم جۆرە تێپەڕی، بلێسەی ئاگری دەروون رۆژ بەرۆژ تیژتر ئەبوو. ئاگری جگەر پیرانی هەلگرت. شەوێک لەنیوە شەوا بۆی چووەوە سەر بەرمال و دەستی بەرز کردەوە وتی: خوایە نیازێکم ماوە گیرای بکەی ئەویش ئەوەیە لەبەر خاتری منالەکانم خەجێی ژنم بەریتەوە دۆخەکەی جارانی و ببێتەوە بەخەجێکەی جاران. تیری دوعای گیرابوو خەجێ پێستی سەگی لەکۆل بووەوەو بووەوە بەخەجێکەی جاران و چووەوە ئەو دۆخە کە لەگەل پیرانا بەکزیەوە دائەنیشتن. ئەوەندە هەبوو پیران نوێژ و رۆژوی چل سال هەرسێ دوعاکەی بە ترەکەی خەجێدا دەرچوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- حەمەی نادر هەبوو لەو شارەزووره. برایەکی هەبوو ئەم برایە ژنێکی هەبوو رۆژی کولابوو بە دەستیەوە؛ هەموو جار گلەیی لەلای حەمە ئەکرد کە ژنەکەی لە گەڵیا باش نییە. حەمەش پێی ئەوت: برام تۆ خۆت پیاو نیت، ئەگەینا ژن چییە پیاو بەدەستیەوە بکەوێتە زەلالەتەوە؛ دەسا ژنەکەی من هەرکە چاوی لێ بەرز ئەکەمەوە لەوانەیە زەنەقی بچێت. ئەویش وتی: جا برا تۆ چیت لەگەڵ کردووە وا بەو جۆرە هاتۆتە ژێر رکێفت. [حەمە وتی:]هەرکە جوولاوەتەوە بە تاکە کەوش سەر و گوێلاکیم ناوەتە یەک. جارێک دوو جار وام لەگەڵ کردووە ئێستە ئیتر وەکوو ماستی مەیوی لێهاتووە. وتی: سا برا وەڵلا منیش وای لەگەڵ ئەکەم. یا خوا کارت راس بێ برا وا ئەم رێگەیەت پیشان دام! ئیتر بێ گومان رزگارم ئەبێ.

کابرا بەدڵێکی خۆشەوە چووەوە بۆ ماڵەوە. هەرکە چووە ژوورەوە بە بێ چرپە تایێ لە کەوشەکانی داکەند بۆ ئەوە بیماڵێ بەسەر ژنەکەیا و ئاقڵی بکا. ژنەکەی چاوی پێ کەوت لێی شێتان و وتی: کورە ئەوە شێت بووی وا ئەو تاکە کەوشەت داکەند؟ کابرا وتی: نەوەڵلا خانم گیان! ئەوە بۆ ئەوەم داکەند بیماڵم بەسەرخۆما.

- کابرایەک هەبوو زۆر لەژن ئەترسا، لە لایەوە وابوو ژنی بێ گۆبەن نییە. پاشان ناو و نیشانەی ژنێکی بەحەیا و حسمەتیان بۆ هەڵدا و لەگەڵ ئەمەشا زۆر دەست رەنگینە. چوو ئەو ژنەی هێنا و نەوکلی دایە سەرخۆ. شەوێ لە ژنەکەی پرسی ئایا تۆ هیچ دەست رەنگینی و پیشەیکی دەستیت هەیە؟ وتی: نەوەڵلا من پیشەو سەنعەتم لە قاچمایە. وتی: دەک موبارەک نەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# تاقگەی ئێلاخ

- لە قسەی کوردییە ئەڵێ:

جارێک ڕێوییێک لەو بنارەدا تێ ئەپەڕێ ئێسترێکی تۆڕ تێری خواردبوو ڕاکێشا بوو بەتەواوی نووستبوو، هیچ جوولەی نەئەکرد. ڕێویەکە بەپشتیا تێپەڕی گولمەی قنگی دەرپەڕیبوو. ڕێویەش لای وابوو ئێسترەکە تۆپیوە تەماعی کردە قنگەسوورە دەرپەڕیوەکەی. چەمۆڵەییکی بۆ درێژ کرد. هەر چەمۆڵەی گەیشتە قنگی ئێستر، ئێستر ڕاچەنی و ڕاپەڕیو ڕاست بووەوە. چەمۆڵەی ڕێوی لەناو قنگیا گیری خواردو خۆیشی بە پاشووی ئێسترەوە دالە ڕۆچکە بوو. ئێستر کەوتە جامبازە بەو دەشتەدا. لەرێگەی دا چەقەڵێک چاوی پێیان کەوت وتی: «ها خێرە مام ڕێوی وا خۆتت بە پاشکۆی ئەو ئێسترەدا هەڵواسیووە؟ ڕەنگ بێ بەخێر بۆ حەج بچن».

ڕێوی وتی: «بەخوا ئاغە چیت عەرز بکەم، ژیان و مردنم بەستراوە بەتڕێکی ئەم ئاغەمەوە. بەخێر ئەگەر ئەم تڕێکی کەند ئەو وەختە فیکرێکیش لەحەجەکە ئەکەینەوە».

- تینووم بوو لەگەڵ مام پیرداود دانیشتبووین. لەبەر ئەوە ڕیشی سپی بوو حەزم نەکرد ڕاستەو ڕاست بڵێم ئاوم بۆ بێنە؟ وتم: بەخوا مام پیرداود ڕەنگ بێ ئاوەکە ساردبێ. وتی: ئا. وتم: پیاو ئارەزووی خواردنەوە ئەکا. وتی: «ئا». وتم: ئەگەر پیاو تینوی بێ بڕوا ناکەم ئەگەر ئاو بخواتەوە سەرمای ببێ. وتی «هم». وتم: جا ئەگەر پیاو تینووی بوو چی ئەکا؟ وتی: ئاو ئەخواتەوە. ئێستە و ئەوسا ئاوی هەر بۆ نەهێنام. منیش وتم ئەگەر بەمجۆرە بەدەمیەوە بڕۆین تا ئێوارە لێ نابینەوە و وازم لێهێنا.

- کابرایەک هەبوو کوڕێک و ئاشێکی هەبوو. بەکوڕەکەی وت: ڕۆڵە ئەگەر ئەزانی شتیترمان زۆرە، ئاشەکە بفرۆشەو ژنێکی پێ بێنە بۆخۆت.

کوڕەش چوو ئاشەکەی فرۆشت و بە پارەکەی ژنێکی هێنا. لەپاش ماوەیەک لات کەوتن، هیچیان نەما. وتی: تەماشاکە ئەوی ئارد ئەڕی فرۆشم بۆ ئەوەی گوو ئەڕێت.

- مەلا یەحیای چوورستانی بۆی گێڕامەوە وتی:

ئەحەی کرنوو چوو بوو بۆ حەج و گەڕابووەوەو گەیشتبووە «تسن»ی کەرکووک. کەشیدەیەکی حاجیانی لەسەر بەستبوو. لەو کاتەدا لەتسن مردوویەکیان لێ مردبوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بردبوویان بۆ سەر قەبران. پەکیان کەوتبوو بۆ مەلایێک تەلقینی بخوێنێ کە حاجی ئەحمەد بەوێدا تێئەپەڕی. بەمەلای ئەزانن بەرۆکی ئەگرن بۆ ئەوە تەلقینی مردووەکەیان بۆ بخوێنێ. ئەویش هیچ خۆی تێک ناداو ئەچێتە سەر گۆڕەکەو بەم جۆرە تەلقینەکە ئەخوێنێ ئەڵێ: «کەرکووکی ئێبن کەرکووکی خواردنت سلق و یارکۆکی کە نەکیرت دێنە سەر گوێ تەپ نەکەی وەکوو کەر هەستە بڵێ تلی تلی دەستم لەدەستی شاقولی کفنم ئەخەمە سەرملی ئەچمە جەحەنم تا بنی تەلقینەکەت لەبەر... بوتیە خوێنم اللّٰهاکبر».

وتم مەلا ئەمە ئەگەر شعرە زۆر لەنگە. وتی: «ئەحەی کرنوو بەشعری ئازادی ئاورووپی ئێستە وتویە خۆی نە بەستۆتەوە بە وەزن و قافیەوە».

- ساڵێک والیەک ئەچێتە «توزخورماتوو» لەو ئیشانە کە ئەیکا یەکێکیان ئەوە ئەبێ کە خەڵکەکەی ئەوێ فێری نوێژ کردن بکا. جاڕ ئەدا هەرکە نوێژ بکا هەموو رۆژێ مەتالیکێکی ئەداتێ. تەقە ئەکەوێتە دوزەوە کەس نامێنێتەوە کە نوێژ نەکا.

هەتا چل رۆژ بەمجۆرە لەگەڵیان ئەڕواو پاشان پارەکەیان لێ ئەبڕێ. سەیر ئەکا کەس نەچووەوە بۆ نوێژو هەموو لێی پەشیمان بوونەوە. پێی وتن: ئەوە بۆ نوێژەکەتان دایە دواوە؟ پێیان وت: «ئێمە هەر بەقەدر پارەکە نوێژ ئەکەین؛ پارە بدە تا نوێژ بکەین».

- کابرایەکی شارەزووری بەمیوانی رێی ئەکەوێتە سولەیمانی و شەوێ ئەچێتە ماڵی دۆستێکی. شەوێ چاو ئاوێکی ساردی زۆری لێ ئەخواتەوە. لە کاتی نووستنا لە ژوورێکا ئەینوێنن و دەرکەی لەسەر دائەخەن؛ کەسی تریش لەژوورەکەدا نابێ تەنها منالێکی چوار پێنج ساڵانی خانە خوێکە نەبێ.

شەوێ کابرا میز زۆری بۆ دێنێ. هەڵئەستێ بچێتە دەرەوە سەیر ئەکا دەرگا لە پشتەوە داخراوە. ئەگەڕێتەوە زۆر پەرێشان ئەبێ خۆی راناگرێ، فیکر ئەکاتەوە بچێت منالەکە لابا و میزەکەی بکاتە ناو جێگاکەی ئەوەوە کە بەیانی هاتن ئەڵێن ئەمە منالەکە خۆی میزی کردوەو کابراش رزگاری ئەبێ. لەراستیدا فیکرێکی باش بوو کابرا ئەچێ منالەکە هەڵئەگرێ ئەیخاتە جێگاکەی خۆی و پڕ ناو جێگای منالەکە ئەکا لە میز و رزگاری ئەبێ. ئەمجا دێتەوە منالەکە هەڵئەگرێ ئەیباتەوە بۆ ناو جێگاکەی خۆی و ئەمیش دێت لەشوێن خۆی رائەکشێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە رائەکشێ سەیر ئەکا لارانی ئەکەوێ لەشتێکی شل و بۆنێکی پیسیش دێت. تومەس ئەمە منالی زیرەک لەو وەختەدا کە کابرا هەلیئەگرێ و ئەیهێنێتە ناو جێگاکەی خۆی بەعادەتی شەوانی لای وا ئەبێ ئەوە دایکی هەلیساندوە بردوویە بۆ سەر ئاودەست ناو جێگای کابرا پڕ ئەکا لەپیسایی.

سەیرتر ئەوە بوو تا بەیانی میزی کابرا لەناو جێگای منالەکەدا وشک بووەوە.

– جوولەکەیک هەبوو لەسابلاخ «شەلەمۆ»ی ناو بوو؛ کچێکی هەبوو دابووی بەشوو. لەلای جوولەکە کە کچ درا بەشوو ئەبێ پارەیەکی باش بخرێتە تەکی. شەلەمۆ دووسەد تمەنی خستبووە تەک کچەکەی. شەوێ کابرای زاوا نەئەچووە پەردە ئەیوت دووسەد تمەن چییە خستوویانەتە تەکی؟ بەناچاری بەشەلەمۆیان وت. شەلەمۆ بە تووڕەییەوە هات بۆ مالی زاواو پێی وت: «هەی سەگی سەگباب! من کچێکی چواردە سالەم بە دووسەد تمەنەوە پێ داوی و ئەلێم بیگێ؛ کەچی تۆ نایگێیت. وەرە تۆ سەد تمەن بە من بدە هەتا من خۆت و هەچ خزم و عەشرەتێکت هەیە هەمووتان بگێم».

– کابرایێک وا چوو بووە دلیەوە کە بووە بەگەنم و مریشک ئەیخوا. لەبەر ئەمە کون بەکون خۆی لەمریشک ئەشاردەوە. لەدواییدا چار نەما گرتیان و خستیانە شێتخانە. ماوەیەکی پێچوو وتیان چاک بوەتەوەو هێنایانە دەرەوە. هەرکە چۆوە مالەوە مریشکێکی بەرچاو کەوت، دایە بانگەلاو هاوار هاوار. کەس و کاری وتیان: ئەرێ ئەوە هاوار هاواری چیتە؟ خۆ تۆ دەنکەگەنم نیت مریشک بتخوا. وتی: «بەلێ ئەزانم، بەلام ئێوە بەمریشکەکەی بسەلمێنن کە من دەنکە گەنم نیم».

– مەلا نادرێک هەبوو لووتێکی ناقۆلای پێوە بوو. رۆژێک ئەچێتە مالی یەکێ لەقوتابیەکانی. ئەو قوتابییەی برایکی بچکۆلەی ئەبێ، مەلا نادری چاو پێ نەکەوتبوو. دایکی کوڕەکە لەترسی ئەوە نە وەک کوڕەکەی کەچاوی کەوت بەلووتی مامۆستا دەست بکاتە قسەکردن وەیا پێکەنین ناردیە مالە دراوسێکەیان.

مەلا نادر هاتو دانیشت و باجی ئایشێ بەخێراتنی کرد، بەلام هەر دلی لەمستیایە نە وەک کوڕەکەی بێتەوە. لەو کاتەدا کە پیالە خالیەکە لە بەردەمی خۆیا دائەنێ و ئەیەوێ شتێکی تێکا بۆ مامۆستا پێی ئەلێ: «مامۆستا شیر بکەمە لووتیەوە یا قاوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەک لەگەڵ ژنەکەیا و چوار منالیا لە ژووریکا ئەنووستن. ئەگەر جاریک بیویستایە گەمەو گاڵتەیک بکەن لەگەڵ ژنەکەیا منالەکان لییان ئەبوون بەشملی شەڕ و لێ نە ئەگەران.

رۆژێک کابرا چوو هەندێ گیزەری کڕی هێنایەوە بە هەر منالە مستە نۆکێک و گیزەریکی دایە، وتی بچن لەژێر لێفەکەوە بۆ خۆتان بیخۆن، بەلام ئەبێ دەنکە دەنکە نۆکەکە بخۆن. ئەگەر هەر کەس دوو دوو بیخوا گیزەرەکەی لێ ئەستێنمەوەو ئەیبڕمە قنگی. منالان چوونە ژێر لێفەوە خەریک بوون بە نۆکی برژاو خواردنەوە. کابراش بە دلنیایی لەگەڵ ژنەکەیا دەستی کرد بەئیشی خێرکردن.

لەپاش ماوەیەک یەکێ لە منالەکان -کە نۆکەکەی تەواو بووبوو- سەری لەژێر لێفەکە دەرهێنا سەیری کرد ئەوا باوکی سواری دایکی بووە، قیژانی وتی: «منالەکان منالەکان! تەماشاکەن وادیارە دایکم نۆکەکەی دوودوو خواردووە، ئەوەتە باوکم گیزەرەکەی تێ ئەبڕێ».

- لەسەردەمی تورکەکانا کابرایکی سمێل بابڕی کوردی خەلکی ئەو سەرە بۆ کاسبی ئەچێ بۆ ئەستەموول، بەلام کابرا، کابرایکی کەلەمێردی جوانچاک لە دەمە دەمی گەڕانەوەیا بۆ ولات رۆژێک بەناو کۆلانێکا تێ ئەپەڕێ. ژنە دەولەمەندێکی مێردفسر لەسەر بانەوە چاوی پێ ئەکەوێ و ئەزانێ کابرایکی غەریبە، لەدلی خۆیا ئەلێ ئەگەر لەگەڵ ئەم کابرایەدا رێکەوم بەبێ گومان منالێکم ئەبێ و بەتەواوی بنج لەسەر ماڵ و ملکی مێردەکەم دائەکوتم.

کارەکەرێک ئەنێرێ بەشوێن پیاوەکەدا و بانگی ئەکا و پێی ئەلێ: من حەز ئەکەم جارێ لەگەڵ تۆدا دروست بیم بەلکوو منالێکم ببێ. کابرای کوردەی سالەها دوور کەوتووی لەماڵ و منال وەکوو بارە شاری هاتبێتەوە، وائەزانێ و بەتایبەتی ژنەکە هەندێ پارەشی ئەداتێ.

لە وەختی ئیشا کابرا ئەلێ: «خانم ئارەزووی خۆتە ئەگەر نیوەی بەرم کوڕەکەت ئەبێ بە یوزباشی، ئەگەر هەمووی بەرم ئەبێ بە بنباشی ئیتر تۆ کامت ئەوێ ئارەزووی خۆتە». ژنە ئەلێ: دیارە حەز ئەکەم ببێ بە بنباشی.

کابرا دەست ئەکا بەئیش لەو وەختەدا ژنە -بلامانێ- بایکی بە دەنگی لێ بەرئەبێتەوە. کابرا ئەلێ: «داخی گرانم خانم کوڕەکەت بە هیچ گوویک نابێ تەنها ئەوە نەبێ کە ئەبێ بە بۆریە ژەنی قشلە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- دزیک لەتاریکە شەویکا چووە مالێک بۆ دزی. هەر چەندە گەڕا هیچی دەست نەکەوت. لەبەر زۆر گەڕان تینویشی بوو گۆزەڵە شرێک دانرابوو چووە سەر گۆزەڵەکە سەیری کرد ئەویش کونە و تنۆکێ ئاوی تێدانییە. بەنسک و ناهۆمێ گەڕایەوە دواوە.
لە گەڕانەوەدا گوێی لە دەنگێک بوو راوەستاو گوێی راگرت سەیری کرد ئەمە ژن و مێردەکە ئیشی شەرعییان کردووەو قسە ئەکەن. پیاوەکە بەژنەکە ئەڵێ: ئەوێ من دام بەتۆ هەزار لیرە دینێ. ژنەش بەپیاوەکە ئەڵێ ئەوێ من دام بەتۆ دوو هەزار لیرە دینێ. لەم کاتەدا دزەکە توورە بوو وتی: «سەگبابینە ئێوە شەوێ سێ هەزار لیرە مامەڵە ئەکەن کەچی تۆزێ گۆزەڵە شڕەکەتان پینە ناکەن ئەگەر موسڵمانێک هات تۆزێ ئاوی لێ بخواتەوە».

- لەتاران دوکتۆرێک شوێنی تایبەتی کردبووەوە بۆ هاتوچووی نەخۆشەکان. ئەم خانوەی دوو دەرگای هەبوو یەکێ لەپێشەوە یەکێ لەپاشەوە. دەرگای دواوەیان تێکدابوو خەریک بوون چاکیان ئەکردەوە؛ کرێکار ئیشی تێدا ئەکردو و رێگاکەی وای لێ هاتبوو بەکەڵکی هاتووچووی نەخۆش نەئەهات.
بە شاگردەکەی خۆی ئەڵێ: لەسەر قاقەزێک بنووسێ «لەبەر ئەوە دەرگای دواوە وێرانە لەدەرگای پێشەوە تەشریفتان بێت». ئەم پارچەیە بدا بەقەد دیواری خانووەکەوە بۆ ئەوەی ئیتر لەو دەرگای پاشەوە هاتوچوو نەکرێت تا چاک ئەکرێتەوە.
شاگردەکە سریش ئەدا لەپشتی پارچە قاقەزەکەو ئەیەوێ بینووسێنێ بە دیوارەکەوە لەو کاتەدا دوکتۆر بانگی ئەکا ئەمیش پارچەقاقەزەکە بە بەرەواژەیی لەسەر کورسییێک دائەنێ و ئەچێ بەدەم دوکتۆرەوە. کوتوپڕ لەو دەمەدا ئافرەتێکی نیوە نەخۆش دێت بۆ لای دوکتۆر و لەسەر کورسیە دائەنیشێ قاقەزە تەڕکەی پێوە بوو. قاقەز راست ئەنووسێ بەشوێنی دانیشتنی ئافرەتەکەوە. ئافرەت بەناو شەقام و کۆلانا وەکوو کۆتر ئەڕوا بەرێگادا هەموو رێبوارێک کە لە پشتیەوە تێئەپەڕن سەیر ئەکەن ئاگاداریەک بە دەر قنگی خانمەوەیە نووسراوە: «لەبەر ئەوە دەرگای دواوە وێرانە لەپێشەوە تەشریفتان بێت».

- لەجەنگی یەکەما ئەوە بوو لەشکری هەموو ولاتێک چوو بووە ولاتێکی ترەوە ئەڵمانەکانیش چووبوونە فەرەنسەوە. سەربازی دڕ نەدیوی ئەڵمان خانمەجوانەکانی فەرەنسە ئەبینن هۆشیان لانامێنێ و پەلامار ئەدەن. پیرێژنێکی فەرەنسی سەیر ئەکا کەس بەلای

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەوەوە ناچێ لەمە زۆر تووڕە ئەبێ ئەڵێ: «ئەی خوا بۆ هەموو کەس جەنگە کەچی بۆ من ئاشتییە».

سەربازێکی ئەڵمانی گوێی لێ ئەبێ لای وا ئەبێ ئەمە جنێوی ئەداتێ ئەچێت بە شەپە زللە بەر ئەبێتە وێژەی پیرێژنی ئەرامەنە، ئەوەندەی لێ ئەدا ئەمرێ. لەپاش ئەوە کە ئەیخەنە گۆڕەوە نەکیر و مونکەر دێنە سەری. نەکیر لێی ئەپرسێ خوای تۆ کێیە؟ پیرەژن ئەڵێ: تۆ پێم بڵێ تۆ کێیت؟ ئەڵێ: من نەکیرم. ئەویش ئەڵێ: خوا ئینسافت بێ لێرەش هەر نەکیر؟ ئەی کیر لەکوێیە؟

– لەبەغدا گەلێ لە «کوێر»ەکان مۆزیقا لێ ئەدەن. ڕۆژێک پیاوێک بەیەکێ لەو کوێرانە ئەڵێت کە ەموو ڕۆژێک بچێت بۆ مالیان فێری موزیقای بکا. کوێرەش مالی کابرا نازانێ کابرا ناوو نیشانی مالەکەی خۆی ئەداتێ کە لە وەزیریە لە فلان شوێن بە دەستی ڕاستەوە دەرگای چوارمە، کە پارچە تەختەیەکی بچووک لە تەنیشتیەوە داکوتراوەو ناوی خۆی لێ نووسراوە ئەوە مالی ئەوانە.

کوێرەی موزیقار ڕۆژی دوایی ئەڕوات بەناو و نیشانەکە ئەچێتە کۆلانەو بەپال دیوارەکەدا بە دەستکوتان ئەڕوا. دەرگای یەکەم و دووەم و سێیەم نە، ئەگاتە دەرگای چوارەم لەو کاتەدا بەرێکەوت «حەزەرەتی» لە شۆرجە برنج و ڕۆنی بەحەمالیکا ناردبوو بۆ ئەو مالە. حەمال کە لە تەنیشت دەرگاکەوە ڕاوەستابوو چاوەڕێی پسوولەی گەیشتنی برنج و ڕۆنەکەی ئەکرد لە فەرەیدونی خۆمان.

حەمالە ڕەسمیەکانی بەغدا هەر یەکە «باج»ێکیان پێیەو ئەم باجەیا لە قورقوشم وەیا لە شتێکی ترەو بەسەر سنگیانەوە هەلی ئەوەسن.

کوێرەی موزیقار بە دەستکوتان کە ئەڕوا لەپێشا دەستی ئەکەوێتە سەر پارچە «باج»ی حەمالەکە وا ئەزانی ئەمە دەرگاکەیەو ئەمەش پارچەی تەنیشت دەرگاکەیە کە فەرەیدون پێی وتوە. ئەمجا دەست بە سەرسنگی حەمالی ئەو بەدەرگا زانیوەدا دێنێتە خوارەوەو دەعبای حەمال دێت بەدەستیەوە ئەوا ئەزانێ ئەوە ئەلقەرێزی دەرگاکەیە دەست ئەکا بەکوتانی. حەمال ئەکەوێتە گرمەگرم و بۆلەبۆل موزیقار وا ئەزانێ ئەمە «عود»ەکەی شانیەتی وا دەنگی لێوە دێت. دەست لە کیری حەمالە بەرەلا ئەکا و بە پەلە دەست ئەبا بۆ عودەکەی ئەڵێ: «سەگباب خێوکە! من دەرگاکەم کوتا ئیتر تۆ ئەم ئاوازە خوێندنەت لەچی؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەم جۆرە فەرەیدون مامۆستای بۆ خۆی راگیر کرد کە فێری عود لێدان بێت.

- تازە ئۆتۆمۆبیلە پاسەکان کەوتبوونە ناوشاری سولەیمانی بۆ هاتوچوو کردنی خەڵک بەناو شارا، کابرایکی «مرانە»یی لەگەڵ ژنەکەیا هاتبوونە سولەیمانی و سواری پاس بووبوون. وا رێکەوتبوو ژنەکە لەپێشەوە دانیشتبوو مێردەکەی لەبەشی دواوە. کابرای مێرد پارەی هەردووکیانی دابوو پاسەکەش پڕیبوو لەخەڵک لەو ناوەدا کابرا هەستا و بەدەنگی بەرز بانگی کرد لە ژنەکەی: «ئایشێ ئایشێ من لەدواوە داومە، ئیتر تۆ لە پێشەوە مەیدە».

- تازە شەڕی یەکەم برابووەوە کابرایەکی ئینگلیزی لە ئینگلتەرە قسەی بۆ دۆستێکی ئەکرد وتی: کوردەکان هەتا بڵێیت پیاوی چاکن و خزمەتی میوان زۆر ئەکەن. هەر کە میوانێک ئەچێتە ناویان ئەیبەنەماڵەوە پەزیرایی لێ ئەکەن. ئەیبەن بۆ گەڕان، ئەیبەن بۆ ناو باخ، شتی خۆشی ئەدەنێ سەرو رووومەتی ماچ ئەکەن، بەشەو لەتەنیشت خۆیانەوە ئەینووێنن، لە حەماما دەست بە هەموو لایەکیا دێنن و ئەیشۆن؛ بەکورتی بە هەموو جۆرخزمەتی ئەکەن.
کابرای دۆستی وتی: جا تۆ کەی چویت بۆ کوردەواری تا ئەم هەموو نەوازشە ببینی؟ ئەویتر وتی: من خۆم نەچووم ئیمساڵ ژنەکەم چوو بوو هاتەوە گێڕایەوە.

- سێ کابرای سیان ئەچنە هەولێر مەنارەی «شێخی چۆلی» ئەبینن، بەلایانەوە زۆر سەیر ئەبێ و هەر سەیری ئەکەن یەکێکیان ئەڵێ ئەمە چییە؟ ئەمە بە هەقری من قاربی ئەرزە. یەکێکی تریان ئەڵێ: وا نییە ئەمە بیرەکەی قوچە بلباسە هێناویانە لێرە هەڵیان گێڕاوەتەوە لۆ ئەوەی ئاوەکەی وشک ببێ دیسانەوە سواغی بدەنەوە. سێیەمیان ئەڵێ: ئەوە ئێوە چ دەرێن؟ ئەمە کێری ئەرزەو ئەچێ بەقوزی خوشکی ئاسمانێدا.

- کابرایەکی کورد تەلاقی ئەکەوێ و ئەچێتە لای شێخ بابەعەلی تەکیەیی لەسولەیمانی ئەڵێ: «یا شێخ هانام هاوردگەسە درگاکەت تەلاقم خواردگەو منالدارم». بابەعەلیش ئەڵێ: چیت وتوە؟. ئەڵێ: «قوروان کە من وتم وە ژنەکەم تەلاقت کەوتوێ ئەو وتی شیر». بابەعەلی ئەڵێ: چۆن شیرێک؟ درێژ بوو یا کورت؟ ئەڵێ: قوروان نەدرێژو و نەکورت. ئەڵێ ئەتوانی بیڵێیت ئەڵێ: قوروان دوو سێ شیری لەویدا پێ لێ ئەدا ئەمجا ئەڵێ ئەتوانی ژنەکەشت بینی؟ ئەڵێ: قوروان خاس ئەتوانم ئەو ئەچێ بەشوێن ژنەکەیا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم لاوە شێخ بابەعەلی چەند کەسێک کۆ ئەکاتەوەو چاوەڕێی هاتنەوەی کابرا ئەکەن لەگەڵ ژنەکەیا. ئەمجا دێنەوە بابەعەلی لە ژنەکە ئەپرسێ ئەڵێ چۆن بوو؟ ژنەش ئەڵێ: قوروان ئەم دەویت باوکە وتی: هەر سێ تەلاقت کەوتوێ منیش وتم شیرِ، گووت خوارد. بابەعەلی لەوێدا دوو سێ شیرِیش کورت و درێژ بەژنەکە دائەهێڵێ و ئەمجا پێیان ئەڵێ: بچنەوە مادام شیرِەکە درێژ نەبووە تەلاقەکە ناکەوێ. ئەوانیش ئەڵێن ئەی وەقوروانت وین.

- مەلا ئەورەحمان هەبوو لەسولەیمانی، رۆژێک هەندێ لە مەلاکانی وەکوو شێخ بابەعەلی تەکیەیی و شێخ نووری بابەعەلی و مەلا حسینی پیسکەندێ رووی لێ ئەنێن کە بانگێشتنێکی نان خواردنیان بکا، ئەویش -سەلامەت بێ- هیچی لەدەست نەئەبووەوە. تا ماوەی شەش مانگ بەمجۆرە لەگەڵی خەریک ئەبن لەئەنجاما بەڵێنیان ئەداتێ کە بابە ئیمشەو بۆ نان خواردن لە ماڵی ئێمە ئەبن و کێش لەگەڵ خۆتان ئێنن بێنن.

ئەمە خەبەرێکی خۆش بوو بۆ ئێوارە مەلاکان هەندێکی‌تریش لەگەڵ خۆیان ئەبەن و ئەچن بۆ ماڵی مەلا ئەورەحمان. بە قسەکردن رایئەبوێرن و خۆیان ئەخەلافێنن سەیر ئەکەن هیچ دەنگ و باسی نان هێنان نییە. شێخ بابەعەلی خۆی پێ راگیر ناکرێ ئەڵێ مەلا ئەورەحمان برسیمانە کوا نان؟ ئەویش ئەڵێ: قوربان پەلە مەکە. ئەکەوێتە درەنگ، سەیر ئەکەن نان هەر نییە. ئەمجا هەموویان ئەڵێن مەلا لەبرسا مردین کوا نان؟ ئەویش ئەڵێ: «بێ بەلا بن دوانزە مانگەی خوا نان و گۆشت ئەخۆن با ئیمشەو هیچ نەخۆن چی ئەبێ؟»

بەم جۆرە دەستیان پێوە ئەنێ و هیچیان ناداتێ، بەسکی برسی ئەگەڕێنەوە.

- کابرایەکی جاف هەبوو ئیشی هەر دزی کردن بوو. ئەمجا ئەچێ لەلای شێخ کەریمی کربچنە تۆبە ئەکا و ئەبێ بەدەروێشی. شێخ پێی وتبوو ئیتر نابێ دزی بکەی. کابراکەیش چوو بووە کەوڵی و ئیتر هیچی پێ نەئەکرا چاری نەمابوو. ئەمجا ئەچوو بەشەو ماڵەکەی خۆی ئەبرِی و ئەچوو لەدەرەوە ئەیشاردەوە و لەبەیانیا ژن و مناڵ هەرایان لێ هەڵئەستا. ئەویش ئەیوت: «کەنیشکە مەیکەن وەگاڵە من لغاوی ئەو شێخەم لەدەمایە ناتوانم بچمە کەلەوەر خۆم هاتگم بردگمە».

- کابرایەک هەبوو لەو موکریانە سەی عەزیزی ناو بوو، شێت بوو؛ لە پشیلە زۆر ئەترسا. رۆژێک کەروێشکێک ئەگرن و ئەیخەنە کۆشیەوە، ئەویش ئەڵێ: کورە بەرم دەن پشیلە خواردمی. ئەڵێن کورە پشیلە نییە کەروێشکە. ئەویش ئەڵێ: کورە هێزینە پشیلەیە پێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵێن پشیلەگوێ کورتەو کلکی درێژە. کەرویشک گوێ درێژەو کلکی کورتە. سەی عەزیزیش ئەڵێ: «هیزینە کلکی کورت و گوێ درێژە، گوێ درێژ و کلکی کورت نییە مادام چاوی شینە ئیشی خۆی هەر ئەکا و ئەمخوا».

- جارێک یەکێ لەحافزەکانی مزگەوتی گەورەی سولەیمانی ئەچێتە حەوزی وسڵ خانەکە مەلە ئەکا. خاڵە فلانیش لەسەر حەوزەکە تارەت ئەگرێ، حافزەکە کە ئەچێتەناو حەوزەکە چاوی نابینێ دەستی ئەکەوێ لەشتێکی نەرمی ئەستووری شلە پەتە بانگی ئەکا خەڵکینە ئەمە منالێکە کەوتۆتە ناو ئەم حەوزە من لێم ون بوو بێن دەری بێنن. خاڵیشم ئەڵێ: «بابە ئحم هاوار مەکە ئەوە ئاڵەتەکەی منە».

- کابرایێک هەبوو لە سولەیمانی با بڵێم مەلا سمایلی ناو بوو، هەتیو باز بوو. جارێک لە کەرکووک کوڕێک بەگیر دێنێ و ئەیباتە شوێنێک. کە دێنە دەرەوە کوڕێکی‌تر تووشی ئەو کوڕە ئەبێ و کەین و بەینی لێ ئەپرسێ. ئەڵێ: وەڵڵا ئەو کابرایە بردمی بۆ ئەوە سواری خۆیم کا. کابرا ئەم قسەیە ئەبیستێتەوە ئەڵێ: «ئەوا هەتیو بازیش حەرام بوو مەگەر بە حوزووری وەلی ودوو شاهد نەبێ».

- مەلایێک جارێ وەعزی ئەدا و لە ناوەندی وەعزەکەدا گەیشتە سەر باسی مەلایکە و وتی شوکربکەن شوکربکەن. هەموو خەڵکەکە دەستیان کرد بە شوکرکردن لەپاشا وتیان مامۆستا ئەم شوکرە بۆچی بوو؟ وتی: «بۆ ئەوە بوو کە خوا رەحمێکی گەورەی پێکردووین بە مەلایکە. ئەگەر مەلایکەکان پیساییان هەبوایە لەو سەرەوە ئیمەیان ئەکرد بەژێر پیساییەوەو جلەکانمان هەموو لەنوێژ ئەبرد.

- هەتیوێکی قومارباز هەبوو لەسەقز مۆلەی ناو بوو، ئیشەکەی ماسی فرۆشتن بوو لەناو شارا. رۆژێ دوو ماسی پێ ئەبێ ئەگاتە بەر دەرگایماڵێکی خانمێکی کاشانی کە مێردەکەی سەرگورد بوو. بە هۆی وەزیفەوە کەوتبوونە ئەوێ. بەدەنگی هەی ماسی مۆلەوە دێتە بەر دەرگای حەوشە. دڵی ئەچێ لەماسیەکان، لەو کاتەشا پارەی پێ نابێ لەگەڵ مۆلەدا رێ ئەکەون کەپێکەوە بنوون و یەکێ لەماسییەکانی بداتێ. ئیش ئەکرێ و مۆلە ماسییەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەداتێ. خانم ئەڵێ: ئەگەر ئارەزووت لێیە یەکێکی‌تر و ماسییەکەی‌تریش. مۆلە پێخۆش ئەبێ ئەڵێ باشە. مۆلە هەر دوو ماسییەکەی لەدەست دەرئەچێ.

مۆلە کە دەستی لەقنگی هەمانەی بەتاڵەوە دەرئەچێ لەبەر قاپی حەوشەکەدا دائەنیشێ داوای هەندێ ئاوی خواردنەوە ئەکا. خانم لەناو گلێنەیکدا ئاوی بۆ دێنێ. مۆلە کە ئاوەکە ئەخواتەوە گلێنەکە دا ئەخات و ئەشکێ ئەمجا دەست ئەکا بەگریان. لەو کاتەدا ئاغای سەرگوردی مێردی خانم دێتەوە سەیر ئەکا ئەوا ئەم کورە لەبەر قاپییەکەی ئەوانا دانیشتووەو ئەگری. لێی ئەپرسێ بۆچی ئەگریێت؟ ئەڵێ: قوربان دوو ماسیم پێ بوون هاتم لێرە داوای تۆزێ ئاوم کرد ئەم خانمە نەختێ ئاوی لەناو ئەم گلێنەیەدا دامێ. کە ئاوەکەم خواردەوە گلێنەکەم لە دەست کەوتە خوارەوەو شکا. ئێستەخانم لەباتی گلێنەکە دوو ماسییەکەی لێ گل داوەتەوە. منیش لەترسی وەستاکەم ناوێرم بچمەوەو خانمیش ماسیەکانم ناداتەوە. ئاغای سەرگورد کە گوێ لەمە ئەبێ روو ئەکاتە خانم و ئەڵێ: خانمجان عەیبە گلێنەیەک نرخی چییە وا تۆ لەباتی ئەوە ئەو دوو ماسیەت لەم بەسەزمانە گل داوەتەوە؟ پێی بدەرەوە بابرِوا گوناحە. خانم چارناچار ئەچێ دوو ماسیەکە دێنێتەوەو ئەیداتەوە بە مۆلە. مۆلە بەخۆی و ماسیەکانەوە ئەڕواو خانمیش ناوێری دە نگ بکا کە کارەسات وانییە.

- مەلا عەلی حاجی مەحموو هەبوو لە سولەیمانی رۆژی لە خانەقای حاجی مەلا عەلی خەریکی دەستنوێژ شتن ئەبێ، سەری دەعباکەی گرتبوو ئەهات و ئەچوو ئەکۆکی و سەرەکەی گرتبووە دەست و ئەیسوو بەدیواری بەر ئاودەستەکەدا «استبرا» ی ئەکرد. «مەجۆلی خامەش لەوێ هەر دەستنوێژ ئەشوا ئەڵێ: مامۆستا ئەوە بۆچ دیوارەکە کون ئەکەی؟ مەلا عەلیش ئەڵێ: «مەجۆل ئەو رەقی قایمیە نەماوە کەتۆ دیوتە».

- کابرایەکی دەرۆزکەر ئەچێتە بەر دەرگایێک و ئەڵێ خێرتان بنووسی شتێکم بدەنێ. لەو کاتەدا ژن و مێردەکە لەژوورەوە خەریکی ئیشی خێرئەبن. ژنەکە لەژێرەوە جارجار نەرمە زیلەیەک ئەدا لە مێردەکەی کە سواڵکەرەکە ئەو قسەیە ئەکا. ژنەکە ئەڵێ: خوا بتداتێ. کابرای دەرۆزەکەر هەر واز نایەنێ، ئەوەی ئەیخۆن لەوە شتێکم بدەنێ. ژنەکە ئەڵێ: من کێر ئەخۆم و مێردەکەم زیللە ئەگەر ئەتەوێ فەرموو». کابرای سواڵکەر لێ ئەدا ئەڕوا و ئەڵێ: «ئەم نیعمەتە خوا هەر بە خۆتانی رەوا ببینێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە سابلاخ کابرایکی تەوریزییان گرتبوو بەرەواژە سواری کەریان کردبوو بەناو شارا ئەیانگێڕا و لێیان ئەدا. یەکێ پرسی ئەمە چی کردووە؟ وتیان جنێوی بە ئەبووبەکر و عومەر داوە. کابرای کەر سوار گوێی لێبوو وتی: عوسمانیشتان لەبیر نەچێ.

- کابرایێک زستان بوو خەریکی پیرەژنێ بوو. لەکاتی ئیش کردنا دەری هێنا پیرێژنەکە وتی: ئەوە چی ئەکەی؟ کابرا وتی: «وەڵلا تاقی ئەکەمەوە بزانم ناوەوە ساردترە یا دەرەوە؟»

- فایق بێ کەس لە سولەیمانی فێر بوو بوو بە «کەسپەڕ»ی عەرەق فرۆش هەر ئەچوو عەرەقی لێ ئەسەند و ئەیوت لەسەر حساب بینووسە، فلسی نەئەدایە.
رۆژێک ئەچێ داوای قاپێ عەرەقی لێ ئەکا و هەر لەدوکانەکەشیا دائەنیشێ بۆ خواردنەوەی. کەسپەڕیش قاپە عەرەقێکی زۆر تورشی بۆگەنی ناخۆشی بۆ دێنێ؛ چونکە ئەزانێ پارە نادا. فایق هەمووی ئەخواتەوە و گوێ ناداتێ، لەکاتی هەستانا تەنها دوو دیناری پێ ئەبێ دوو دینارەکە ئەدا بەکەسپەڕ. کەسپەڕ زۆر سەرسام ئەبێ، ئەڵێ: کاک فایق ئەمە گەلێکی زیادە لەنرخی قاپە عەرەقەکە. فایقیش ئەڵێ: من نرخی قاپە عەرەقەکە نادەم نرخی ئەو وەستایەتیەی تۆ ئەدەم کەچۆن توانیوتە لەقنگێکی وا فراوان بڕیتیە قاپێکی وا تەنگەوە».

- عەلی ئوفێک شەوێک لەنادی ئەبێ سەر خۆش ئەبێ و هەڵئەستێ و ئەچێتەوە بۆماڵەوە. لەرێگادا ئەکەوێ و ناتوانێ بڕوا. دەوریە تووشی ئەبن و نایناسن ئەڵێن: هەستە بابچین بۆ پۆلیس خانە. ئەویش ئەڵێ: دەجا ئەگەر من بمتوانیایە بە رێگادا بڕۆم ئەچوومەوە بۆ ماڵی خۆم». پاشان ئەیناسن و ئەیبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان.
- لەو بەر کێو هەموو ئێوارەیێک مامۆستا وەعزی ئەدا. ئێوارەیەکیان وتی: هەر کەس بەشەوی جمعە لەگەڵ خێزانەکەی خۆیا دروست ببێ قەسرێکی لە بەهەشتدا بۆ دروست ئەکرێ.
ژنێک لەکۆڕی وەعزەکەدا بوو هەستا گەڕایەوەو ئەو ئێوارەیەش جمعەبوو، بە مێردەکەی خۆی وت: پیاوەکە مامۆستا وای فەرموو ئیمشەو جمعەیە با کۆشکێک لە بەهەشتا دروست کەین. کۆشکێکیان دروست کرد. زۆری پێ نەچوو ژنەوتی: پیاوەکە ئەوە بۆ تۆ بوو با کۆشکێکیش بۆ من دروست کەین. کۆشکێکیان بۆ ئەویش دروست کرد. پاش ماوەیێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژنەکە وتی: پیاوەکە ئەگەر میوانێکمان هات لەکوێ داینین؟ با کۆشکێکیش بۆ ئەو دروست کەین. بەڵێ میوانخانەیەکێشیان دروست کرد.

پیاوە سەیری کرد ئەگەر بەم جۆرە پێوە بڕۆن ئەوەندەی کۆشک ئەبێ لە بەهەشتا سەری لێ دەرناکا. ژنە هات بیەوێ قسەبکا پیاوە پێش ئەوە ئەو قسە بکا هاتەوە کار بەلاّم کردی بەشوێنێکی ترا ژنە وتی چیت کرد؟ پیاوە وتی: «ئافرەت هەر کەس سێ کۆشکی لە بەهەشتا هەبێ ئەبێ خانووە شڕێکیشی لەجەحەنەما هەبێت».

- کابرایێک هەبوو «فەتالی» ناو بوو، کەرێکی هەبوو ئەیباتە سنە بیفرۆشێ. ئەچێتە مەیدانەکە جامبازەکان دەوری لێ ئەدەن بەچەند نە بەچەند، بەپێنج تمەن رێ ئەکەون. کابرا ئەڵێ کە پێنج تمەن بێنێ شەش دێنێ لە شەش تمەن کەمتری نادەم. ئەم لاو ئەولا بۆی ئەکەنە شەش تمەن. ئەمجا کابرا ئەڵێ کە شەش تمەن بێنێ، حەوتیش دێنێ لە حەوتمەن کەمتری نادەم، دیسان ئەیبێتەوە بە هەراو بۆی ئەکەن بەحەوتمەن. دیسان ئەڵێ کە حەوتمەن بێنێ هەشتیش دێنێ، لە هەشت تمەن کەمتری نادەم. بەکورتی ئەچن تا دەتمەن کابرا هەر رازی نابێ و ئەڵێ کە ئەوەندە بێنێ ئەوەندەش دێنێ ئەوانیش ئیتر لێی ناکڕن و ئەگەڕێنەوە.

دێتە ئەم لا دەستەیەکی‌تری لێ پەیدا ئەبێ ئەڵێن کەرکەت بەچەند؟ ئەڵێ بە دەتمەن. ئەڵێن نایەنێ بە نۆ تمەن. رازی ئەبێ، یەکێکیتر لەو لاوە ئەڵێ نایەنێ بە هەشت تمەن. بە هەشت رازی ئەبێ. کابرای یەکەم ئەڵێ بابە نایەنێ بە حەوتمەن. ئەم رازی ئەبێ و ئەوان رازی نابن بەکورتی هەر جارە تمەنێکی بۆ ئەشکێنن تا ئەیهێننە سەر یەک تمەن ئەڵێ: «بێنن تمەنەکە، ریشی تەماعکارێکی وەکوو من هەر بۆ ئەوە باشە بچێ بەقینگی جامبازێکی وەکوو ئێوەدا، بەم جۆرە بڕۆین یەکەمجار من کەرەکەم بۆ مایەوە ئێستە خۆیشمم بۆ نامێنێتەوە».

- کابرایێک هەبوو لەو سەرە گەڕی ئالاندبوو بە هەتیوێکا، کوڕەکەش ئەیوت نابێ و ناکرێ؛ خەڵک پێمان ئەزانن حەیای من ئەچێ. کابراش وتی: بابە پاش ئەوە کە بەخێر لێ بوینەوە من تۆ ئەخەمە سەر شانم بەناو بازاڕا ئەتگێڕم تۆ بانگ بکە بڵێ من ئەم کابرایەم گاوە. کوڕەکەش وتی: باشەو ئیش دروست بوو. پاشان سواری سەر شانی خۆی کرد و کوڕە هاواری ئەکردو ئەیوت: «من ئەم کابرایەم گاوە». کابراش لە ژێرەوەو بەدەم رێگا رۆیشتنەوە ئەیوت: «ئەهلی کار خۆیان ئەیزانن».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەو ولاتی باسنێ و رەشەکانیە مەلایێک هەبوو مەلا عەبدوللای ناو بوو. رۆژێک قسە لەزانیاری خۆی ئەکا و ئەیوت: من هەموو عیلمێکانم خوێندوە، تەنانەت هندسەش زۆر چاک ئەزانم. یەکێک پێی ئەلێ: مامۆستا لەحسابا چۆنیت؟ وتی: «حساب هەمووی ئەزانم کەس وەکوو من نایزانێ. من لەیەکەوە باش ئەینووسم تا نۆ، بەلام کە دێتە سەر دە نازانم نوختەکەی لەلای راستەوە دائەنرێ یان لەلای چەپەوە؛ ئەگەینا زۆر چاکی ئەزانم».

- مەلایک هەبوو لەو سەرە «مەلا بامۆک»یان پێ ئەوت، بەمنالانی ئەخوێند. ئەو منالانە کە لایان ئەخوێند منالێکی جوانکیلەیان لەناوا بوو «عەول»ی ناو بوو. مەلا بامۆک بە جوانکەلەیی منالەکە بۆی دەرکەوت کە دایکی جوانە. رۆژێ بەعەولی وت: رۆلە بەدایکت بلێ: مامۆستام سەلامت لێ ئەکا. ئەویش پێی وت: دایکیشی پێی وت رۆلە پێی بلێ سەلامی خوای لەسەر بێ و خوا راوەستاوی کا. کەعەول ئەمەی بە مامۆستای وت مامۆستا تۆزێ خۆی قیت کردەوە و لەدلی خۆیدا وتی: ریکەوتووە. ئیتر بەین و بەین سەلامی ئەنارد بۆ دایکی عەول و دایکی عەول هەستی کرد کە چیە بە مێردەکەی وت، مێردەکەشی وتی: ئاسانە تۆ رۆژی بەناو دۆستی دل و لیبوونەوە بانگی کەرە مالەوە جا ئەو وەختە ریگای خۆی ئەدۆزێتەوە.

دایکی عەول هۆرێ گەنمیان دانابوو بۆ برویش دەستارێکیان لە لاوە دانابوو بۆ ئەوە بیکەن بە دەستارەکەدا خەریکی ریکخستنی ئەم تفاقە بوو بە کورەکەی وت: رۆلە بە مامۆستات بلێ با ئیمرۆ بۆ قاوەلتی بیت بۆ مالەوەو باوکیشت لەمال نییە. عەول چوو دایکی چی پێ وتبوو بە مامۆستای وت. مامۆستا جامانەکەی بەستەوە و ریشوەکانی بەردایەوە و هەر چاوێکی مستێ کلی تێکردو چوو بۆ مالی دایکی عەول. دایکی عەول ماریفەتێکی زۆری لەگەل نواند، مەلا بامۆک ئیتر بەتەواوی هاتە سەر پێی.

لەو وەختەدا تەقەی دەرگا هات دایکی عەول وتی: ئەیەرۆ ئەوە مێردەکەم هاتەوە ئێستە هەر دووکمان هەنجن هەنجن دەکا. مەلا بامۆک وتی: چیم لێ ئەکەی؟ دایکی عەول وتی: بەم پەلە پەلیە لەوە زیاتر ناکرێ هەستە ئەو عەبایە بدە بە سەرتاو لەسەر دەستارەکە دانیشە و دەست بکە بەدەستار کردن، من جوابی مێردەکەم ئەدەمەوە. مەلا بامۆک هەر خێرا عەبایدا بەسەریا و نیشتە سەر دەستارەکە و دەستیکرد بەبرێ لێکردن. مێردە کردی بەژوورا و دانیشت، وتی: ئۆ ئافرەت ئیمرۆ زۆر ماندوو بووم. وتی: بۆچی؟ وتی: هۆرێکی تر گەنمم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێناوەتەوە، ئەترسم ئەوە بەشمان نەکات با ئەم هۆرەشی لەگەڵ بێ. مەلا بامۆکیش عەبای داوە بەسەریاو پشتی کردۆتە ئەمان و خەریکی هارە هارە.

مێردە وتی: ئەو ئافرەتە کێیە وا هارە ئەکا؟ ژنەش وتی: وەڵلا پیاوەکە ئەوە میمکە بەسێ دراوسێمانە -خوا کاری راس بێنێ!- هات وتی من هارەکەتان بۆ ئەکەم. پیاوەش وتی: یا خوا بەخێر بێی میمکە بەسێ ئەترسم عەزیەت بێ بۆت. میمکە بەسێش ورتە لە دەمیەوە دەرنایە هەر خەریکی هارەکردنە. پیاوە وتی: ژنەکە ئەوە میمکە بەسێ بۆچ دەنگ ناکا؟ ژنە وتی: پیاوەکە لێی گەرێ هەژارە گوێرێژکەی کەر بووە. پیاوە وتی: ئافرەت وا دیارە ئێستە میمکە بەسێ قسە نابیەت ئەوی راستی بێ من خۆمم لێخۆش کردووە، چونکە ئەم میمکە بەسێیە لەوەختی خۆیا گەلێ بوختانی بەتۆوە ئەکرد و بەتەواوی ئابرووی منی بردبوو ئێستە ئەبێ هەقی بەر و دوای لێ بکەمەوە ئەو ساوەرشم ناوێ کە ئەو بیهارێت.

ژنە وتی: پیاوەکە ئەیەرۆ عەیبە خەیالی وات نەکردبێ، ئێستە میمکەبەسێ لەسەرەی ئەوەدا نەماوە واز بێنە تا بروێشەکەی بهارێ.

مەلا بامۆکیش کە گوێی لەم قسانە ئەبێ بەتەواوی ناوکی ئەکەوێ، غەیری بروێش کردن نەبێ ناوێرێ هیچ دەنگ بکا.

تەنگی بە هۆرەگەنم هەڵچنی چاوەرێی دەرفەتێکە بۆی دەرچی کە هۆرەگەنم هەمووی کرا بە بروێش، پیاوەی مێردە کەوتە جم وجۆڵ مەلا بامۆک سەیری کرد ئیش زۆر خراپە هاتە پێشەوە بە بیانۆی پشوودان و سەر ئاو دەستەوە عەباکەی بەپوختی لەخۆیەوە پێچاو بە بێ خشپە هەستا چووە دەرەوە، ئەمانیش گوایە نایزانن میمکە بەسێ هەستاوە. مەلا بامۆک لەناو ئەم ترس و لەرزەدا بەهەر جۆر بوو خۆی رزگار کرد و فرتەی بۆ کرد بۆ لای منالەکان و لە دەریشەوە عەباکەی فرێدا.

لەپاش چەند رۆژێک دایکی عەول بەعەولی وت: رۆڵە بە مامۆستات بڵێ دایکم سەلامت لێ ئەکا. عەولیش ئەم سەلامەی بەمامۆستای گەیاند. مامۆستای وتی: زۆڵەی بەچکەزۆڵەن ئەوە بۆچی ساوەرو بروێشەکەتان دوایی هاتووە؟

- پیاوێک هەبوو لەو سەرە فەتەی ناو بوو، ژنێکی هەبوو ناوی سەمەن بوو. فەتەو سەمەن گەلێ ساڵ بوو پێکەوە هاوسەر بوون و چەند منالێکیش کەوتبووە بەینەوە. رۆژێک سەمەن هات بەسەریا و لە فەتە تۆرا و ماڵی بەجێهێشت. فەتە لەماڵ نەبوو کە هاتەوە سەیری کرد ماڵ و منال بێ خاوەن و سەمەنیش دیار نییە، لە ئەنجاما تێگەیشت کە ئەمە سەمەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


توراوە. یەک دوو رۆژ وازی لێ هێنا سەمەن هەر دیار نەبوو؛ پاشان دراوسێیەکیان هەبوو ناردی بە شوێنیا. سەمەن وتی: تازە ئیتر نایەمەوە بەو ماڵەدا.

بەینێکی‌تری پێچوو یەکێکی تری نارد بەشوێنیا هەر کەڵکی نەبوو. ناچار چووە لای باپیراغا و پێی وت: سەمەنی ژنم توراوە وا هەر چەند ئەکەم نایەتەوە. باپیراغاش «گوڵە»ی کچی خۆی نارد بە شوێنیا. ئەویش هەر چەند ئامۆژگاری کرد بۆ ئەوەی بچێتەوە لای فەتە هەر کەڵکی نەبوو. فەتە هانای بردە لای مەلا کە بەڵکوو ئیشێکی وا بکا سەمەن بگەڕێتەوە. مامۆستاش بە ریشە سپییە جوانەکەیەوە عەساکەی گرت بە دەستەوە و چوو بۆ لای سەمەن پێی وت: دایکم شەرع ئەفەرمووی ئافرەت ئەبێ لەژێر ئیتاعەی مێردا بێ و نابێ لەئەمری دەرچێ. ئێستە لەسەر چی توراویت؟ ئەم تورانەت موخالەفەی شەرعەو هەستە بڕۆرەوە ناو ماڵ و منالەکانت و چاوەدێری ماڵەکەی خۆت بکە، ئەوا من بەریشی سپییەوە هاتم بە شوێنتا لەشاخی شەیتان وەرە خوارەوە هەستە پێشم کەوە با بچینەوە. سەمەن وتی: مامۆستا عەزیەتی خۆت مەدە جارێکیکە من نایەمەوە لای فەتە خوات لەگەڵ بێ زەحمەتت کێشا! مامۆستا بە ناهومێدی گەڕایەوە.

فەتە ئیتر دەستی لە هەموو لایێک بڕاو ئیتر سەر لە ئێوارەیەک لەسەر سەرە نوێلکەکە دەستی دابوە ژێر چەناکەی و کەوتبووە ناو دەریای خەم و پەژارەوە «باجی عاسم» هەبوو لەو کاتەدا و لەو حاڵەدا چوو بەسەریا. باجی عاسم یەکێک بوو لە جانانەکانی زەمان. دەم و پلەکەی هەڵۆی لەئاسمان ئەهێنایە خوارەوە.

جا باجی عاسم رووی کردە فەتەو وتی: فەتە ئەوە چیە وا دۆش داماوی؟ وتی: باجی عاسم بێژم چی؟ سەمەنی ژنم توریاگە ئەوا کول و کافر بووم لەگەڵی نایەتەوە خۆم و منالەکانی سەرگەردان کردگە. باجی عاسم وتی: هەروا؟ ئا بزانە ئەو وا والێکراوە چۆن بەشەق ئەهێنمەوە. ئەمەی وت و لێیدا رۆیشت. کەرۆیشت سەیری کرد واسەمەن لەبن گوێسە بانەیەکا دەمێ بنێشتی لەدەمایە ئەیجوێ. لەگەڵ دوو سێ ژنی‌ترا دانیشتبوون هێلکە هێلک پێئەکەنێو داویەتە راوی قسە. باجی عاسم هەر لە دوورەوە شێتانی و رووی تێکرد و وتی: «ئەرێ هەی قەحبەی ماکەری ئابلاخ! ئەرێ هەی دێلەسەگی دەسا چۆی دەستی هەتیوان! ئەوە بۆچ ناچیتەوە لای ئەو پیاوە؟ ئەوە ئەو منالانەت بۆ بەرەڵا کردوە؟ هەستە هەستە پێشم کەوە هەتا بەشەق گەڵ و قنگم نەکردووی بەیەک. کۆنە حیزەی دێلەسەگ هەستە راست بەرەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هەرکە باجی عاسم ئەمەی لە دەم هاتە دەرەوە سەمەن وەکوو کێچ راپەڕی و چارۆکەکەی دا بە سەریا و وتی: «باجی عاسم گیان! کەی ئەو پیاوە بێفەڕە یەکێکی نەجیمی وەجاخ زادەی نارد بە شوێنما و من نەهاتمەوە. ئەوا ئێستا تۆ هاتی بزانە چۆن لەگەڵت دێمەوە؟ فەتە با خراپیش بێ دڵی تۆ ناشکێنم». وەڵلا وەکوو شەکرۆکە پێشی کەوت و هاتەوە.

- کابرایەک لەو بەر کێوە کەرێکی ئەگا. کابرای خاوەن کەر چوو بەسەریا و وتی: کورە ئەوەچی ئەکەی لەوێ؟ وتی: وەڵلا با هێناومی. وتی: ئەی بۆ کلکی ئەو کەرەت خستۆتە بن دەستتەوە؟ وتی: وەڵلا ئەوە خۆمی پێ ئەگرمەوە بۆ ئەوە بایەکە لەمە زیاتر نەمبا.

سەیری کرد کەڵکی نیە، چوو چاکەتەکەی هەڵدایەوە سەیری کرد دەعباکەی لەوانێکی کەرەکەدایە وتی: ئەی ئەمە چیە؟ وتی: «وەڵلا قوربان منیش سەرم لەوە سوور ئەمێنێ چۆن چووەتە ئەوێوە؟»

- لەکۆڕێکا دوو کابرا کەوتنە دەمەقرە. یەکێکیان هەر تێ نەدەگەیشت. ئەویتریان رووی کردە کۆڕەکە و وتی: «کورە وازی لێبێنن وەچل قورحان تا گوو نەکا نازانێ قنگی لەکوێوەیە؟»

- لەو سەرە کابرایەکی ئاوکێش هەبوو پێیان ئەوت «شیرمەردە». کەرێکی هەبوو هەموو جار بە کەرەکەی ئاوی بۆ ماڵی قازی ئەبرد پارەی ئاوکێشانێکی زۆری کەوتبووە سەر قازی و هەر نەیئەدایەوە. ئیمڕۆو سبەی پێئەکرد، سەرباری ئەمەش کەرەکەشی تۆپی. ئەمجا داوای کرد لەقازی کەوا کەرەکەشم نەماوە ئەو پارەیەم کە لەلاتە بمدەرێ با کەرێکیتری پێ بکرم. ئەمجا کە ئاوم بۆ هێنان ئیتر هیچ پارەم ناوێ. قازی پێی وت: ئێستە پارەم نیە، بەڵام بچۆ یەکێک بدۆزەرەوە کەری هەبێ بیهێنە من بۆت چار ئەکەم.

کابرا چوو گەڕا جوولەکەیکی دیەوە کە کەرێکی چاکی هەبوو. گەڕی پیا ئالان و پێی وت: ئەم کەرە هی منە. جووە هەر واقی وڕما وتی: باوکم! کەر کەری خۆمە. کابرا وتی: نابێ ئەم کەرە هەر هی منە؛ ئەگەر قایلیش نابێ وەرە بچین بۆ شەرع بۆ لای قازی. جووە بە ناچاری بەخۆی و کەرەکەیەوە شوێنی کەوتوو چوون بۆ لای قازی. شیرمەردە بەقازی وت: قوربان ئەم کەرە هی منەو جووە زەوتی کردوە نامداتەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قازی رووی کردەجووە و پێی وت:

تۆ لەو کەسانەی کەئیماندارن    یا لەو کەسانەی کەبەد کردارن؟

جووە زانی دنیا چ باسە وتی: قوربان!

نەئیماندارم نە بەدکردارم    نەخاوەن ماڵم وە نەکەردارم

هەڵدێم و ئەڕۆم هەدە هەدە    کەر بەجێ دێڵم بۆ ئەم شیرمەردە

- دکتۆر ئەحمەد گێڕایەوە وتی:

لەو خۆشناوەتیە کە یەکێک ئەمرێ بەتایبەتی ئەگەر یەکێکی تۆزێ گەنج وەیا پیاوێکی ناسراو بێ ژنان لەکۆڕێ شینا دائەنیشن بۆی ئەگرین. یەکێک لەژنەکان کە هەر ئیشی ئەوەیە شت ئەڵێت بەبالای مردوەکەدا ئەوانی‌تریش لەسنگیان ئەدەن و ئەڵێن: وابوو. وتی: جارێک کوڕێکی گەنج لە هەرتەل مردبوو. ئەو ژنە خورپاکەرە-کە واتە سەردەستە- ئەیلاواندەوە و ئەیوت: بەنان بوو، ئەوانی تریش لەسینگی خۆیان ئەداو ئەیانوت: وابوو. دەستی لەتفەنگ بوو وتیان وابوو. وتی: قیتکەی تاشان بوو، وتیان وابوو. وتی: کوڕی ئاشان، بوو وتیان وابوو. وتی: راوکەری بەرماران بوو، وتیان وا بوو. وتی بەقاوە و قلیان بوو، ژنەکان دایان لەسنگیان و وتیان: ئەوەی تەقوونێدا نەبوو.

- ژنێک کچێکی هەبوو دابووی بەشوو. کچە ملی نەئەهێنایە ژێر بار بۆ مێردەکەی و خۆی نەئەدا بەدەستەوە. چەند شەوێکیان بەم جۆرە تێپەڕاند کوڕەی زاوا چووە لای خەسووەکەی شکاتی کرد کە کچەکەی خۆی نادا بەدەستەوە. دایکی کچەکە چووە لای کچەکەیەوە و پێی وت: رۆڵە ئەوە بۆ خۆت نادەی بەدەستەوە؟ بەسیە ئیتر عەزیەتی ئەو هەژارە مەدە. کچەش وتی: دایە دەعباکەی دەعبا نیە هەر چەندە چاوم پێ ئەکەوێ زەنەقم ئەچێ و ئەترسم ورگم هەڵدڕێ.

دایکەکەش وتی: «رۆڵە ئەیەڕۆ دەعبات نەدیوە دەعبا دەعباکەی باوکی رەحمەتیت بوو هەر چەند ئەیکێشا بەدایکتا وردە ئاهەنگ و گیز و هۆڕی پاشی شلەژەی ئەخستە ئاوایی و مەڕ و مالاتی لەم سەر ئەگێڕایەوە بۆ ئەو سەر. کچم دیارە بەختێکی تۆزێ باشت هەیە وازبێنە خوا پێی داوی لەوە زیاتر ئاو مەزایەنە ناو دەمی دایکت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایێکی سەید ژنێکی دۆستی ساز کردبوو خۆی کوتابووە پاڵی لەو وەختەدا کە کوتەکەکەی پێوە ئەدا ژنەکە وتی: مامەسەید ئەترسم خەڵک و خوا بوختانمان بۆ هەڵبەستن و حەیامان بچێت. مامەسەیدیش وتی: «ئەوی بوختانمان بۆ هەڵئەبەستێ جەدی گەورەم سلی الله علیەوسلم ئەدا لەبن دەستی».

- دوو ژن بووە شەڕیان یەکێکیان بەئەویکەیانی وت: بچۆ بەو لاوە هەی واوا لێ کراوی حەمەسەن گاوە. ئەوە چۆن لە رووت هەڵدێ قسە ئەکەی؟ ئەویش وتی: «هەی کۆنە قەرەج حەمەسەن منی گاوە یا تۆ؟» کوتوپڕ لەو وەختەدا حەمەسەن بەویدا تێپەڕی، ژنەکە رووی تێکرد و وتی: تۆ خوا خاڵە حەمەسەن ئەم کۆنە لۆتیە دەستە چەورەکەی خۆی ئەهێنێ بەسەر منا ئەسوێ ئەڵێ: تۆ منت گاوە؟ تۆ کەی منت گاوە؟ خاڵە حەمەسەنیش وتی: «کامجاریان ئەڵێیت؟»

- کابرایێک شەوێ بە ژنەکەی ئەڵێ: ژنەکە بەیانی ئەچم بۆ شار نەختێ کەل و پەل ئەسێنم و ئەچمە لای کێروەستایەکیش کاورا کەبڕێ کۆڵ بووە دەمەنیایەکی ئەویش ئەکەمەوە تۆیش چیت گەرەکە تا بۆت بێرم؟

ژنە ئەڵێ: خوا نەیوڕێ گشت شتێک هەس ەیچم نەگەرەکە بەلام کە چویتە لای کاورای وەستا بۆ دەمەنیا پێی بێژە پانی بستێک و درێژی دوو بست وێ وەو جۆرە دەمەنیای بکاتەوە، جا خۆیشت چیترت گەرەکە پێی بێژە.

- حاجی ئەورەحمانی کۆیی هەبوو جارێک ئەچێ بۆ ئەو خۆشناوەتیەو ماوەیەک ئەمێنێتەوە. خۆت ئەزانی ناشوکرێ نەبێ خواردنی هەر خۆش لەخۆشناوەتیە هەر گەنمە کوتاوە. ئەویش لەو ماوەدا لەگەنمەکوتاو بەو لاوە هیچیتری دەست ناکەوێ هەر زۆر زۆر هەڵهای برنج ئەکا.

رۆژێک سەر لەبەیان کوتوپڕ گوێی لەدەنگە دنگێ ئەبێ. خۆی بۆ خۆش ئەکا کەئەمە برنج ئەکوتن. ئەو رۆژە بەیادی برنجەوە نیوەڕۆ نیوەڕۆژە ناکا ئەڵێ: با ئێوارە زۆر بخۆم. ئێوارە پاش نوێژی شێوان ئاو دینن و دەست ئەشوا ئەویش سمێلی خۆی لێ داوەتە لاوە کە ئێستە پلاو ئەخوا کەنان دائەنرێ سەیر ئەکا هەر گەنمەکوتاوە. بەجارێ ئەچێتە تاسەوە و نایخوا سکیشی لەبرسانا هەر قوڕەی دێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرایێ خانەخوێ پێی ئەڵێ: عاجی ما ناخۆی؟ ئەڵێ: ناخۆم. ئەڵێ: ئاخر کەدەستت شوشت ما ناخۆی؟ ئەڵێ: کورە کەدەستم شۆشت دەستم لێی شۆشت.

- ژنێکی کورد منالێکی کۆرپەی هەبوو هەڵی ئەپەڕان و ئەم بەیتانەی بەسەرا هەڵئەدا:

خوا بیدا نیازم حەو ژنە رات بخوازم
یەکێ تورک تەماشا یەکێکی دود پاشا
یەکێ رای سەر سینە یەکێ رای پەرۆپینە
یەکێکی رای دەرکۆلین یەکێکی پەی تیکەگڵێن
یەکێکیش رای چڵم هەڵقۆرێن

- پیاوێک هەبوو هەژار بوو باسی مەردمی دنیای وا ئەکرد:

نیوەی سوار کلاش چەکە نیوەی سوار محنەتە
نیوەی غەرق غەزنەی لالە نیوەی ئاتاج تۆپێ شالە

## تاقی کراوەکانی کوردی

- ئەڵێن ئەگەر مەڕ تووشی «پزوو » (پەتا) بوو لنگە کلاشێک بکەنە ملی لەکۆڵی ئەکەوێ.

- ئەڵێن ئەگەر منالێ تووشی «بازیلە» بوو بێنن زراوی گا ئاوە تالەکەی لەگەڵ «شەویار»(سبر) پێکەوە تێکەلاوکەن و بیسوون بەسەر سنگ و موسڵدانیا بازیلەکەی لەکۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن ئەگەر منالی کۆرپە کە بەرچاوەزار و نەفەس کەوت لەوەختی زەردەپەڕی خۆراوا قانگ بخەنە سەر ئاگر منالەکەو دایکی منالەکە خۆیانی پیا بگرن نەفەسی چاوەزارەکە نامێنێ.

- ئەڵێن ئەگەر منالی کۆرپە پەنجەگەورەی پێی خۆی برد بەدەما و مژی ئەوە کوڕ بەشوێن خۆیا دێنێت.

- ئەڵێن ئافرەتی سک پڕ ئەگەر تۆزێ زیاد «رەشکە» (سیاولە) بخوات بەرەکەی ئەخا.

- ئەڵێن ئەگەر پەڕی سیسالکە کەچەڵە «رخمە» لە هەر ماڵێکا بسووتێنن هەر جڕوجانەوەرێکی زیاندار لەو ماڵەدا هەبێ هەموو هەڵدێن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەڵێن ئەگەر ریقنەی سیسارکە کەچەڵە لەژێر ئافرەتی سکپڕدا بسووتێنن بەرەکەی ئەخا.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ نینۆکی دەست و پێی پێکەوە بکا دایکی و باوکی پێکەوە ئەمرن.

- ئەڵێن پیاز لەماڵا بڕوێترێ بەدیومەو ئەو ماڵە وێران ئەبێ.

- ئەڵێن سەری زل و گوێی بچووک نیشانەی ژیری و زیرەکیە. سەری بچووک زۆر گوێی زلیش نیشانەی بێ ئەقلی و نەزانینە.

- ئەڵێن ژنی سک پڕ بنێشت بجوێ لەپاشا ئەو منالە زۆر کات گوێچکەی ژان ئەکا.

- ئەڵێن ژنی سک پڕ ئەگەر گۆشتی گابخوا لەپاشا منالەکەی تووشی بازیلە ئەبێ.

- ئەڵێن ئەگەر جوجکی تازە لە هێلکە دەرچوو لەدەنوکەوە هەڵبگیرێ ئەگەر جولایەوە ئەوە کەلەشێرە ئەگەر نەجولایەوە ئەوە مریشکە.

- ئەڵێن ئافرەتی سک پڕ کە دڵەکزە بیگرێ ئەوە منالەکەی تووکە سەری هەیە.

- ئەڵێن منالی ژێر پێی بخورێنێ ورگن ئەبێ.

- ئەڵێن گوڵی هێرۆو ناوکە بەهێ پێکەوە بکوڵێندرێن بکرێن بە چا و پیاو بیخواتەوە بۆهەلامەت باشە.

- ئەڵێن ئەگەر منال چووە تەوسەوە بێنن لەو کاتەدا کە تەوسەکە ئەیباتەوە تۆزێ لەجلەکەی بەری لە عاستی ناو مۆرتخەی پشتیەوە بەمقەست هەڵێنن بیسووتێنن لەلایەوە، ئەمجا بزمارێکیش لەو عاستەدا -واتە ئەو شوێنەکە پیرانەکەی تیا کراوە- بکوتن بەئەرزا تەوسکەی لەکۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن بە هاوین نینۆک زۆرتر دێ تا زستان.

- ئەڵێن منال کە خەتەنە ئەکرێ ئەو زیادە پێستەی کە ئەیبڕن، هەڵیگرن بە پەتێکەوە وشک ئەبێتەوە، هەر وەخت ئەو منالەوە یا منالیکیتر بە «بۆن» کەوت بێنن زیادە پێستەکە بخەنە ناو ئاوو هەڵیفلەقێنن سەر و مێشکی منالەکە بشۆن و مەلاژوی هەڵبدەنەوە بەلام پەنجەکە بەو ئاوە تەڕ بکرێ بۆنەکەی لەکۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن یەکێ میز وەیا ئاو بەپشیلەوە یا سەگ بکا بالووک دەر ئەکا.

- ئەڵێن هەر کەسە زەردەواڵەیک بکوژێ خورمایەکی لە بەهەشتا ئەدرێتێ.

- ئەڵێن لەکاتی نووسینا ئەگەر قەڵەم سەرو بن هاتە دەستەوە، ئەوە پارە دێتە دەست ئەو کەسە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabari.org

- ئەڵێن ئاوی ڕێواس لەگەڵ ئاردی جۆ تێکەڵ بکرێ ئەو کەسەی کە زیپکە وەیا سوورەبای هەیە لەشی خۆی بەهنوێ چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن ئاوی ڕێواس بۆ «وەبا، ژانەسەر، زەردووی و فشار خوێن» باشە.

- ئەڵێن خواردنی ڕێواس بۆ بەهێز بوونی دڵ وجگەر باشە.

- ئەڵێن قارچک زۆر خواردن ئەبێتە هۆی نەخۆشی کۆڵنج و ورگ و نەهێشتنی تۆوی مناڵ.

- ئەڵێن ژنی سک پڕ کەماری چاو پێ کەوت مناڵەکە لەپاشا هەر زمان دەردێنێ.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ تووشی زەحیری بوو سێ ڕۆژ خۆی بگرێتە برنجی ڕۆن کەم خواردن یەعنی قوبولی ڕۆن چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن هەویر کە پەڕی ئەوە میوان دێت.

- ئەڵێن تفەنگێک کە هەزار نێچیری کوشتبێت ئیتر نێچیر لەبەری ڕاناکاو خۆی ئەدا بەدەستەوە بۆی.

- ئەڵێن یەکێ سەیری ئەو کەسە بکا کە هەڵواسراوە-واتە دراوەتەدار- کەم فیکر ئەبێ.

- ئەڵێن یەکێ ئەسپێ بەزیندویتی فڕێ بدا شتی زوو لەفیکر ئەچێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر مشک لەشتێکی خوارد وەیا خواردەوە ئەگەر یەکێک لەو شتە بخواتەوە کەم فیکر ئەبێ.

- ئەڵێن خواردنی سێوی ترش کەم فیکری دێنێ.

- ئەڵێن زۆر خوێندنەوەی کێلی قەبر ئەبێتە هۆی شت لەفیکر چوونەوە.

- ئەڵێن یەکێ میز بکاتە ناو ئاوی ڕاوەستاوە کەم فیکر ئەبێ.

- ئەڵێن ئەگەر یەکێ سێبەرۆی هەبوو شاخی گا بسووتێنرێ و تێکەڵاو بەخواردنی بکا و بیخوا سێبەرۆکەی لەکۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن ئەگەر بەزراوی گا هەر دارێک بهەنون ئەو دارە کرم هەڵناهێنێ.

- ئەڵێن: ڕەقینەی پێی گا بسووتێنرێ و بهێنرێ بەدەم و دانا دانەکان سپی ئەبنەوە.

- ئەڵێن خواردنی شیری مانگای زەرد زەردویتی لائەبا ئەگەر لەگەڵ دۆدا بخورێ بۆ نەهێشتنی مایەسیری باشە.

- ئەڵێن زروای بزن لەگەڵ «نەوشادر»دا تێکەڵاو بکرێ لەلەشی ئینسانا ئەو شوێنەی کەمووی هەیە بیانەوێ ئیتر مووی لێ نەبێ موەکان هەڵکەنن لەو زراو و نەوشادرەی لێبدرێ ئیتر مووی لێنایێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ئەڵـێن بەشـیری بـزن لەسـەر کاغـەز بنووسـرێ خەتەکـەی دەرناکـەوێ، بـەڵام کـە خۆڵەمێشی پێوەکرا خەتەکە دەرئەکەوێتەوە.

- ئەڵێن ئەگەر تەنراوی جالجالۆکە بخرێتە سەر تازەبرینی تەڕ و نایەڵێ خوێنەکەشی ئەوەستێنێتەوە.

- ئەڵێن زیوێ کە ڕەنگی تێکچووبێ تەنراوی جالجالۆکەی پیا بێنن ڕەنگ هەڵدێنێتەوە.

- ئەڵێن مقناتیشی ئاسنکێش کە سیری لێ نزیک خرایەوە ئەوا ئەو هێزی ڕاکێشانی نامێنێ بەڵام کە بەسرکە بیهەنوون هێزەکەی بۆ ئەگەڕێتەوە.

- ئەڵێن کەحوشتر چاوی بکەوێ بەئەستێرەی سوەیل هەر خێرا ئەمرێ.

ئەڵێن: تووکی حوشتر یسووتێنرێ و بخرێتە سەر ئەو شوێنە کەخوێنی ناوەستێتەوە ئێتر گورج خوێنەکە دەوەستێتەوە.

-ئەڵێن: ژنی نەزۆک ئەگەر مۆخی لەولاقی حوشتر بپێچێنێ بەتۆوی لۆکەوە یا خۆریەوە لـەپاش پـاک بوونـەوەی لەحـەیز سـێ ڕۆژ ئـەو شـافە هەڵـبگرێ و لەگـەڵ مێردەکـەیا پێکەوەدروست ببن سکی پڕ ئەبێ.

- ئەڵێن: نەپیاوی پیر بنێرە بۆ کەرکڕین، نەپیاوی برسی بنێرە بۆ نان کڕین، نەپیاوی گەنج بنێرە بۆ ژن خواستن.

قسەکەش ئەوەیە کە پیاوە پیرەکە لە بەر پیری کەری چاک و خراپ لێک جیـا ناکاتـەوە هەر ئەڵێ پێم لە ئەرز ببڕێ هەر باشە. پیاوە برسییەکەش لە بەر برسێتی نانی چاک و خراپ لێک جیا ناکاتەوە هەر ئەڵێ سکم پڕکاتەوە چاکە. پیـاوە گەنجەکـەش لـە بـەر چڵێـسی ژنی جوان و ناشیرین لێک ناکاتەوە هەر ئەڵێ ئیشم جێبەجێ ببێ هەر چۆن بێ هەر باشە.

- ئەڵێن: ئەگەر پیاو ڕژدبوو ژنەکەی بەئازارەوە درەنگ منالی ئەبێ.

- ئەڵـێن: یـەکێ ئەلامـەتێ بـێ نافەکـەی دەرپێکـەی خـۆی بگـرێ بـەئاگرا و بـۆنی بکـا ئەلامەتەکەی لەکۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن: ژنی سکپڕ کە ڕووی زەردەو باریک بوو ئەوە سکەکە کوڕ ئەبێ؛ ئەگـەر گـەش و پان و پۆڕبوو ئەوە کچ ئەبێ.

- ئەڵێن: منالی ساوا ئەگەر کۆشی خۆی گرت و هەڵیدایەوە ئەوە داوای ڕۆژی ئـەکا بـۆ باوک و دایکی.

- ئەڵێن: منال کە لەبێشکەدا نەبوو بێشکەکەیان ڕاژەند ئەوە منالە ژان ئەکا.

- ئەڵێن: چۆلەکەو کێچ لەگوندی «تەوێلە»دا نیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ «ڕات الجنبی» بوو، قرژاڵ بپشێنێ و لێی بنێ یا ئەیکوژێ یا چاکی ئەکاتەوە.

- ئەڵێن: یەکێ کە چاوی بفڕێ تۆزە نانێکی بخاتە سەر فڕینەکەی ئەوەستێتەوە.

- ئەڵێن: مرشک کاتێ هێلکە ئەکا لەو کاتەدا کە هێلکەکە لەقنگی دەرئەچێ پێش ئەوە هەوای لێکەوێ ئەو هێلکەیە بەر هەر شتێک بکەوێ وەیا بکەوێ بەسەر هەر شتێکا وێنەی ئەو شتە وەرئەگرێ.

- ئەڵێن: کەرویشک وتویە هەر چوار پەلم بە گەڵی ئەو کەیبانووە کە ئەمنێتە سەر قبووڵیەوە.

- ئەڵێن: ئەگەر مار تەماشای زومورت بکا کوێر ئەبێ.

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ «چغگ» (فشار)ی هەبوو بێنێ ٦٠ دەنک عەناب لەگەڵ مستی جاتری وشک (ئەگەر جاتری تەر نەبوو ئەگەینا ئەگەر تەڕیش بوو ئەوەندە بێ کە ئەگەر وشک کرێتەوە مستێک بگرێتەوە) سەر لەئێوارە بیکاتە ناو خامێک و نزیکەی پێنج شەش پیالە ئاوی تێکا تا بەیانی لەناو ئاوەکەدا بمێنێتەوە بەتەواوی تام ئەداتەوە. ئیتر هەر لەناو ئەو ئاوەدا بمێنێتەوە ئەمجا بێنێ هەموو نان خواردنێک ئیستکانێکی لێ بخواتەوە، ئەتوانی چ دوو سێ ڕۆژیش هەر جارە کە ئیستکانەکەی لێ ئەخواتەوە ئیستکانێکی‌تر ئاوی تێکاتەوە کە ئەو ژەمە تەواو بوو دیسان هەر وەکوو وترا ژەمێکی تر بگرێتەوە بەم جۆرە ماوەیەک لەسەری بڕوا زەختەکەی نامێنێ و لەکۆڵی ئەکەوێ.

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ گوێی ژان بکا پیاز بپیشێنێ تۆکەکەی هێشتا بەتەواوی سارد نەبووتەوە بینێتە ناو کونی گوێی ئیتر ژانی نامێنێ.

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ میزی ڕانەئەگرت بەڕوو بکوڵێنێ ئاوەکەی بخواتەوە، وە یا بەڕووەکە بەبرژاوی بخوا میزە جۆرتکەکەی لەکۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن: یەکێک ئەگەر دەردی بەڵەکی هەبوو بەپێی پێخاوس بە هەر شوێنێکا بڕوا ئەو شوێن پێیەی ئیتر گیای لێناڕوێ.

- ئەڵێن: پیاوی کوێر زۆر حەز لەژن ئەکا و پیاوی خەساو چاوی زۆر تیژە.

- ئەڵێن: یەکێ نەخۆشی شەکری هەبێ خۆی بگرێتە خواردنی «شەوەر» (سێپەڕە) نەخۆشییەکەی بەتەواوی لێ ئەکەوێ.

- ئەڵێن: کچ و ژن بەوە جیا ئەکرێتەوە کچ هەڵئەستێ بڕوا لەپێشا پێی چەپی پێش ئەخا، ژن پێی ڕاستی پێش ئەخا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- ئەڵێن: یەکێ سکی بچێ بەئەندازەی ئیستکانێ ئاوی پوونگە بخواتەوە لەکۆڵی ئەکەوێ؛ واتە پوونگەکە ئەگەر تەڕ بوو ئاوەکەی بگوشن ئەگەر وشک بوو ئاوی تێکەن ئەوەندەی بکوڵێنن تا ئاوە ساغەکەی خۆی ئەمێنێتەوە.

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ سکی بچێ نۆک بخوا ئەیوەستێنێتەوە.

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ دەنگی بنووسێ فنجانێ قاوەی تاڵ، ڕۆنی زەنگی تێبکرێ و بیخواتەوە دەنگەکەی بەرەلا ئەبێ.

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ بریندار بوو برینەکە لەگۆشتدا بوو، میزی مانگای زەرد بێنن بیکوڵێنن ئەوەندە بکوڵێ تا ئەبێ بە مەعجوون، ئەمجا بیکەن بە فتیلە ئەگەر برینەکە کۆن بوو هەر لێی بنێن چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن: ئەگەر یەکێ تووشی سێبەڕۆ بوو سیر بێنی وەکوو چۆن دەنک دەنکەو دەنکەکانی پێکەوە نووساون لێکیان بکاتەوە. ئەمجا ئەو دەنکانە بە دەرزی کونکون بکا بەجۆرێ کە کونەکان دیوەو دیو ببن دەنکی چەند کونی وای تێبکا. لە وەختی نووستنا ئەو دەنکانا قوت بدا یەک دوو شەو وا بکا سێبەڕۆکەی لەکۆڵ ئەکەوێ.

- ئەڵێن: بۆن کردنی ڕەیحانە بۆ هەڵامەت باشە.

- ئەڵێن: ئەگەر مار چاوی بە ئینسانی ڕووت بکەوی لێی هەڵدێ.

- ئەڵێن: چای وشک لەگەڵ زەردێنەی هێلکە بکرێ بەمەعجون و بکرێ بەشاف ئەو کەسەی سکی ئەچێ هەڵیگرێ بۆی باشە.

- ئەڵێن: یەکێ وشکە بیرۆی هەبوو لیمۆی ترش بە توێکڵەکەیەوە بەسەر یەکا بگوشرێ و ئاوەکەی بگیرێ سێ ئیستکان لەو ئاوە بخواتەوە چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن: یەکێ نەخۆشی شەکری هەبوو ناوکی خورمای ناوی بهاڕێتەوەو ورد وورد پاشان وەکوو قاوە لێ بنێ و بیخواتەوە چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن: یەکێ هەر ئەرشایەوە قۆیناخی بدەنێ چاک ئەبێتەوە.

- ئەڵێن: یەکێ پێکەنین بیگرێ سەیری نینۆکی خۆی بکا پێکەنینەکەی لا ئەچێ.

- ئەڵێن: لەو کوردەواریە لە ئاوایی کاکە، سەگی ڕەش لوورانی ئەوە بەلایەک دێت بەسەر ئەو ئاواییەداو سەگەکە لەدوورەوە چاوی لێیە ئەلوورێنێ ئەڵێ: لەم ئاواییە دوور بێت کە بەلاکە نزیک کەوتەوە ئەو هەر ئەلوورێنێ و ئەڵێ: لەماڵی خاوەنەکەم دوور بێت. کە بەلا هاتوو ڕووبەڕووی ئەو نزیک کەوتەوە کلک ئەگرێ بەناو گەڵیا و بەلوورە ئەڕوا و ئەڵێ: «لەخۆم بەدوور بێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگی شەشەم

١٣٩٨هـ / ١٩٧٨م

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## پێشەکی

بیری منالی تیژە. سال سالی ١٣٤٧ی هیجری بوو، سەید ئەحمد ناوێک بۆ جاری سێیەم لە مەککە و مەدینەوە پەخشیەکی بلاو کردەوە کە پێغەمبەر (د. خ) لەخەوا پێی وتووم لە سالی ١٣٥٠دا دنیا دوایی دێت، کێوەکان ئەرووخێن و عالەم ئیتر هەپەرون بە هەپەرون ئەبێت.

فلانی! لەمزگەوتەکان و لەمالەکانا شین وشەپۆرێک بوو ئەو سەری دیار نەبێتەوە. شێخ جەلالی برای شێخ نەجیبی قەرەداغی، حاجی فەتاحی قەزاز، ئەحمەدی قادر چاوش، حاجی مەحەمەدی عەنبەر و گەلێکی تریش ــ یا رەبی بەرەحمەت بن!ــ لەسەر سەکۆکەی مزگەوتی شێخ جەلال پرمەپرم ئەگریان و دەستەسرەکەی دەستیان بەتەواوی تەڕبوو بوو؛ عالەمەکەی تریش بۆ گریان شوێنیان ئەکەوتن. منی نەگبەتیش هەر ئەگریام. ئەوا ئەوان وەکوو کابرا وتی بەهەر جا! من بۆچی؟ من هێشتا لەناو منالانا یاریم ئەکرد، نەئەمزانی دنیا چییە، نە قیامەت.

سال بوو بە ١٣٥٠، دنیا نەبوو بەدنیا ئاخری. لەدوای ئەوەش سال هەر سنگی ئەنا بۆ پێشەوە. تا بوو بەسالی ١٣٨٩ دنیا هەر وەکوو خۆی مایەوەو نەبوو بەدنیا ئاخری. وا دیار بوو سید ئەحمەد -خوا سەلامەتی کا!- خەوەکەی دەست هەڵبەست بوو. لەماوەی ئەم ٥١ سالەدا تۆ ئەزانی چ جۆرە کارەساتانێ روویان دا؟ وەکوو ئەلێ: ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە؛ ڕۆژی پێرێ ڕۆیی، ڕۆژی دوێنێ هات، دوێنێ ئیمڕۆی بەشوێنا هات. هەموو وەکوو تۆمار پێچرایەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


با بێینەوە سەر ساڵی ۱۹۵۷ی میلادی. لەو ساڵەدا بەحساب بوو بە ۳۰. ساڵ دوای دوایی هاتنی بەخەوەکەی سەی ئەحمەد لەباتی ئەوە دنیا دوایی بێت، کەچی بەرگی یەکەمی «رشتەی مرواری» لەدایک بوو. هەر ئەو ساڵە بەرگێکی‌تر. ساڵی ۱۹۵۸ بەرگی سێیەم، ۱۹۶۹ بەرگی چوارم، ۱۹۷۲ بەرگی پێنجەم. لەو ماوەوە تا ئێستا ئێش و کاریتر ماوەی نەدام بتوانم لەسەری بڕۆم. ئەوا لەم ساڵەدا ساڵی ۱۹۷۸ گەڕامەوە بۆ کۆنەچاڵ. بۆ دەرکردنی بەرگی شەشەم. ئەمەی کە لەبەردەستتایە.

ئم! مامۆستا ئەڵێ رشتەی مرواری لەو ساڵەدا لە دایک بوو، لای وایە شێری بەگوێ گرتووە. وەیا ئەستێرەی لەئاسمان هێناوەتە خوارەوە، یا کەشتی لەئەرزەوە بردوە بۆ ئاسمان.

برا کالا لەقەد بالایە. ئەو نەتەوەیە کە کەشتی بردوە بۆ ئاسمان غەیری نەتەوەکەی منە. من کە لە نەتەوەی کوردم هەر ئەوەندەم لەدەست دێ. تۆ دەرزیەک دروست بکە من سووژنێک دروست ئەکەم؛ من درێغیم نەکردووە هەر ئەوەندەم لەدەست دێت. هەموو کەس نابێ بەداهێنەرو دوکتور و موهەندس و کیمیاگەر. نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب. من ئەوەم لەدەست دێت کە خزمەتی نەتەوە بکەم لەڕێگای ئەدەبەوە. تا بمێنم لەو ڕێگایەدا ئینشاڵلا درێغ ناکەم.

لەماوەی ئەم ۲۱ ساڵەدا گەلێ لەدۆستانی دێرینەم لەدەست دەرچون. گەلێ لەو کەسانە کە شتیان بۆ گێڕابوومەوە، وەیا بۆیان ئەناردم بو «رشتەی مرواری» لەدەسم دەر چون و ڕوویان کردەوە بۆ بارەگای ئیزەدی. وا دیارە خەوەکەی سەی ئەحمەد لەماوەی ئەم پەنجاویەک ساڵەدا بەچاو ئەوانەوە هەندێکی هاتەدی. ئەوان ڕۆیشتن و من هەر مامەوە. لەبەرگی یەکەمەوە دوور نییە هەندێ کەس بیانوتایە ئەویش ئەچێتە ناو کووپەڵەکە، کەچی دووەم هات و من نەچووم، سێیەم هات و من نەچووم، چوارەم و پێنجەم هات هەر نەچووم، خۆ بەخوا هەر ئەچم؛ «مەولەوی» ئەڵێ:

وەمەرگت دیدەم هانە گوزەردا          منیچ ڕای لای تۆن، ئارۆ نە فەردا

بەڵام تۆ خوا وازم لێبێنە بازلیا و پلیاوێکی‌تر بکەین.

ناڵێم ئەدەب چییەو کەڵکی چییە بۆ نەتەوە؛ چونکە لەپێشەکی بەرگەکانی ترا ئەمەم زۆر وتووە، زۆر وتنیش قورعان خۆشە! لێرەدا هەر ئەوەندە ئەڵێم «رشتەی مرواری» چەند بەرێکی بەکەڵکی هەیە: یەکەم ئەدەبە و ئەدەب نەتەوەیە. دووەم ڕێبازێکە بۆ خوێندنەوەی کوردی. زۆر شت هەیە ڕێبازە، بەڵام ئەم وا لەمرۆڤ ئەکا پێوە بچێت و بیخوێنێتەوەو هیچ تاقەتیشی نەچێ، چونکە زاخاوێکە بۆ مێشک. سێیەم وەکوو لەش پێویستیە بەحەسانەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



فیکرو مێشکیش ئەو پێویستیەی هەیە. حەسانەوەی فیکر ئەوەیە کەخۆشیەکی بگاتێ بەبێ ئەوە کە لەشەکە بۆی بکەوێتە عەزیەتەوە. قسەکانی «رشتەی مرواری» تۆ بەگاڵتە وەری ئەگری و خۆشیەک ڕوو ئەکاتە فیکرو مێشکت. لەگەڵ ئەم خۆشیەشا دەرسێکە بۆ هەموو ڕووداوێکی ژیان، کەئەم دەرسە لەپشت پەردەی خوێندنەوەکەوەیە.

شتێکی‌تر ماوەتەوە با بیلێم:

ئەو ساڵە کە لە «وەندەرێنە» بووین، سەبەتەیە ترێ دۆشاوی گیانمان ئەهێنا بۆحاجی فەرەجی پلاوخۆر لەشار بەچوار روپیەو سێ عانە. حاجی فەرەجی رەحمەتی هەر لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەلایەوە ئەمایەوە لەبەر گرانیی بۆی نەئەفرۆشرا. زەمانی هۆقەبوو، نەک هۆقەی ئەستەموول، بەڵکە هۆقەی سلێمانی کە سێ کیلوو نیوی ئێستە بوو. هۆقەی ئەدا بەچوار عانە کەسێ نەبوو بلێ کەرت بەچەند. ئەیانووت بەخوا گرانە پێمان ناکڕێ.

ئێستە لەسەر مەرج تۆ کیلووێک ــ نەوەک هۆقەیەک ــ لەو ترێ دۆشاوییە بدە بەمن بە هەشت روپیە کە ئەکاتە شەشسەد فلس، من دوعات بۆ ئەکەم. دەسا حاجی فەرەج لەکوێیت گۆڕ هەڵتەکێنە. کەچی بۆ بەدبەختی من هەر شتێک دەرئەکەم و هەرشتێک ئەنووسم، ئەڵێن ئای بەخوا گرانە! بەخوا زۆر دڵم پێی خۆش ئەبێ ئەگەر ئەم قسەیە نەکەی، ئەو وەختە هەر دووکمان پێکەوە دەست ئەگرین بەدەستی یەکەوە. بەدوو قۆڵی ئەچین بۆ جەحەنەم، یا بۆ بەهەشت! تۆ سەر پشک بە. کامیت ئەوێ من شوێنت ئەکەوم هەر بەو شەرتە نەڵیت کتێبەکە گرانە. زۆر لەم قسەیە ئەترسم! ئای ترس! هەر شتێکی‌تر بلێت گەردنی خۆم و خۆت ئازاد بێ.

عەلائەدین سەجادی
١٩٧٨/٥/٢٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## تاڤگەی ئێلاخ

- دوو برا لێفەیکی بچووکیان کڕیبوو. دنیا زستان بوو، شەوێ ویستیان پێ بنوون کابرایەکی کوردیش بوو بەمیوانیان چوو لەناوەڕاستیانەوە ڕاکشا. شەوێ بەتەواوی ساردی کرد، براکان هەر یەکە لەبەر سەرما لێفەکەیان بۆ لای خۆیان ڕائەکێشا. کابرای میوانیش هیچ نقەی نەئەکرد، تەنها ئەوە نەبێ ئەیوت: «من پارەم نەداوە ڕایناکێشم». لەگەڵ ئەوەش هەر کام لەوان ڕایانبکێشایە بەشی ئەوی هەر ئەمایەوە.

- مەلا یووسف هەبوو لە «تەنگیسەر»، مەلا عەلیش لە «سەرزەل»؛ سەرزەل و تەنگیسەر دوو گوندن لەقەرەداغ. کە یەکێک ئەچوو پرسیارێکی شەرعی لە مەلایووسف ئەکرد مەلا یووسف ئەیوت: «برا ئەمە گیای من و مەلاعەلی سەرزەل نییە؛ ئەمە گیای شێخ نەجیبی قەرەداغە». شێخ نەجیب هامێکی زۆر گەورە بوو لە زەردیاوای قەرەداغ. مەلاعەلی چەند جارێک ئەم قسەی مەلا یووسفە ئەبیستێتەوە. ڕۆژێک ئیتر جیقڵدانەی هەڵیناگرێ ئەچێتە سەر مەلایووسف پێی ئەڵێ: «مەلایووسف! خوا بتگرێ تۆ کە شتێک نازانی من بە خۆتەوە بۆچ ئەپێچی؟ بەچیدا ئەزانی کە منیش نایزانم؟»

- کابرایەکی کوردی جافەتی برینێک لە لاڕانی هاتبوو خۆی چاوی لێنەبوو. دوانزە کوڕی هەبوو بەیەکێکیانی وت: «ئا، ڕۆڵە وەرە سەیرێکی بکە بزانەچۆنە؟» کوڕە هات و سەیری کرد وتی: «باوە، ئاوی تێزاوە». ڕووی کردە یەکێکی تریان پێی وت: «ڕۆڵە! ئاتۆش وەرە سەیرێکی بکە». ئەویش هات وتی: «بابە سەرەکەی سوور بووەتەوە؛ لام وایە دەمە دەمی گەیشتنیەتی». بانگی یەکێکی تریانی کرد ئەویش هات قسەیکی تری کرد. تا هەر دوانزەیان هاتن و هەر یەکە بەجۆرێک پێیان وت. پاشان کابرا سەری بەرز کردەوەو وتی: «ئۆ! خوا خەڵکی وەیەک کەسەوە هەموو خەبەرێکی لە ئەستەمووڵەوە بۆ تێرنەوە، من وە دوانزە کوڕەوە خەوەرێکی ڕاستم لە قنگمەوە تاگوێچکەم دەست ناکەوێ».

- دزێک شەوێک ئەچێتە ماڵەکوردێک هەر چەندە ئەگەڕێ هیچی دەست ناکەوێ، بەناچاری ملی ڕێ ئەگرێ و بەرەو دوا ئەگەڕێتەوە. خاوەن ماڵەکە ئاگای لێیە، پێی ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


«بەخێری باوکت قاپیەکە پێوەدە». ئەویش ئەڵێ: «بەرەشە بابتەوە، زۆرم لێت دەستکەوت بێگاریێکیشم پێ‌بکە».

- حاجی دەرویش هەبوو هەر شتێ خوا دایناب‌وو ئەو نەیبوو؛ خانووە شڕێکی هەبوو ستاری تێدا گرتبوو. شەوێک بۆ پەن دزێک رێی لێ هەڵە ئەبێ و ئەچێتە ماڵەکەی. هەرچەندە ئەگەڕێ هیچی دەست ناکەوێ. حاجی دەرویش لێی بەئاگا دێت پێی ئەڵێ: «ماڵ وێران! من بە رۆژی ڕوناک هیچم لێ دەست ناکەوێ؛ تۆ بەشەوی تاریک مەگەرگووی تیا کۆ بکەیتەوە».

- مەلا ئەحمەدی عەنەبی هەبوو لەسلێمانی لێیان ئەپرسێ مەلا ئەحمەد ڕاست ئەکەن ئەڵێن تۆ هەتیووبازیت؟ ئەویش ئەیوت: «بەقسەی خەڵک وا ئەڵێن».

- کابرایەک لە ژووری مزگەوتێکا خەریک بوو کەرێکی ئەگا، کابرایەکی‌تر بەسەریا چوو تفێکی لێکرد و پێی وت: تۆ هیچ شەرم ناکەی لە ژووری مزگەوتا ئیشی وا ئەکەی؟ کابرای کەرگێ ئاوڕێکی لێدایەوەو وتی: «ئا تۆ لێمگەڕێ تا لەم ئیشە خێرە ئەبمەوە، با هەروا تۆ تفت کردبێ لەخانەی خوا».

- کابرایەکی کورد ژنێکی هەبوو، ژنەکەی مرد. تۆپەڵێ قوری دابەسەریا و دەرپێی ژنەکەی هێنا خستیە سەرشانی و دەستی کرد بە باوکەڕۆ. خەڵکەکە هەر لەدوورەوە سەیریان ئەکرد. ئەمیش بانگی کرد: «ئەرێ عەشرەت! ڕووی باوکی تایفەتان رەش وێ! ئەوە بۆچ شیوەنم لەگەڵ ناکەن؟ بۆچ هەر ژنی منوو؟»

لەپاش شەش حەو ڕۆژ ڕۆژێک هاو ماڵەکانی چونە لای دیسان دەستی کردەوە بەگریان و باوکەڕۆ. خەڵکەکە وتیان: برا! ئەوەندە مەگرێ، گریان کەڵکی نییە؛ دوعای بۆ بکە. وتی: «بەخوا عەشرەت بۆ خۆی ناگریم، بیری قسەخۆش خۆشەکانی ئەکەمەوە ئیتر خۆمم پێ ناگیرێ. تەنانەت یەکێ لەقسە خۆشەکانی ئەوە بوو ئێوارەیک دوو بەدوو لە دەوری مەنجەڵە شیرەکە دانیشتبووین تڕێکی کەند. من وتم بەکێرم، ئەو وتی نەوەڵلا بە ریشت. ئینجا ئەو قسەخۆشانە کە بیرم ئەکەوێتەوە ئیترچۆن نەگریم؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- جارێک کوڕوکاڵ کۆ ئەبنەوە لەسلێمانی ئەڵێن بابچین بۆ لای ئەحەی کرنوو تۆزێک لەگەڵی ڕابوێرین. ئەچن لەو دەشتی نزیکی کارێکی دایکی پاشایەدا تووشی ئەبن. دەست ئەکەن بەقسەکردن لەگەڵیا. یەکێکیان ئەڵێ: خالەحەمەد با لەم شوێنەدا خانوویکت بۆ دروست کەین؛ بەشەوانەیشا تیایا کۆ ئەبینەوە گۆرەوی بازی و شتی تێدا ئەکەین. یەکێکیتر هەڵئەداتێ ئەڵێ: ئەم شوێنەی بۆ ژووری دانیشتن، ئەمەیان من دروستی ئەکەم. یەکێکیترئەڵێ بەرهەیوانەکەشی من دروستی ئەکەم. یەکێکیتر ئەڵێ سەر نوورەکەشی لەسەر من. بەمجۆرە هەر یەکە قسەیک ئەکەن.

کتوپڕ یەکێک لەو ناوەدا تڕێک ئەکەنێ. خێرا خالەحەمەد هەڵئەداتێ ئەڵێ: «ئەم شوێنەشی بۆ شوێنی ئاو دەستەکەی. هەمووتان درۆ ئەکەن تەنها ئەم نەبێ [ڕاست] ئەکا».

- وتی دەمێ ساڵ بوو دڵم چوو بوو لەئەحمەدی حاجی. ئەحمەد مەگەر هەر من بزانم چ کوڕێکی شۆخ و شەنگ بوو؛ لەشانزە ساڵانا ئەتوت مانگی چواردەیە. ڕەشی چاو و برۆی، سووری سەرگۆنا خڕەکەی، باریکی لێوو لووتەکەی، ئەمانە هەموو لەگەڵ ئەو لەش و لارەیدا کە ئەتوت بەفری یەک شەوەیەو خوێنی دڵی منی بەسەرا ڕژاوە شۆرشێکیان خستبووە دڵمەوە. نەشم ئەوێرا بیدرکێنم ئەم وت نەوەک لێم زیز بێ.

ڕۆژێکیان دەمە دەمی ئێوارە بوو چوومە حەمامی حاجی عەلی لەسلێمانی. کە چوومە ژوورەوە تەماشام کرد وا ئەحمەد بە ڕووت و قووتی لەوێ خۆی ئەشوا، حەمامیش کەسیتری تێدا نییە. کەئەحمەدم بەو جۆرە چاو پێ کەوت حەبەسام و دەستم کرد بەبیرکردنەوە بۆ ئەوە قسەیک بدۆزمەوە لەگەڵی بکەم. هەر چەندم کرد هیچم لەبیر نەما. کتوپڕ بەبێ ئەوە ئاگام لەخۆم بێ وتم: «ئەرێ ئەحمەدیگیان ئێستە نوێژەکانت ئەکەی؟» وتی: بەڵێ.

کەئەم قسەیەم کرد و ئەو وەڵامەم گوێ لێبوو چەمۆڵەیەکم نا لەخۆم، هەستام بەبێ ئەوە خۆم بشۆم لەحەمامەکە هاتمە دەرەوە. ئیتر نازانم ئەحمەد چی لێهات؟ کە هاتمە دەرەوە بەخۆمم وت: «دەک قوڕمدا بەدەمتا بۆ خۆت و بۆ قسەت». لەو وەختەوە ئیتر لەداخی ئەو قسەیە هەر جینگڵ ئەدەم.

- دیوانەی سێوسێنانی کە ماڵیان لە «گومەتە» بوو، ڕۆژێک لەشارەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی گومەتە. شێخ حەمەسالحی گومەتە لێی ئەپرسێ دەنگ و باسی شار چییە؟ ئەویش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەڵێ: «یا شێخ لەشار بێچوێک بدەی بەشووتی ئەوەندە ئەخۆی ئەبێ بەمانگای ئاوسەوە». ئیتر شێخ ئەوەستێ.

- کابرایەکی کورد لەکابرایەکی گۆرانی پرسێ کە فێری کەرگانیی بکا. ئەویش وتی: «برا گوریسێک، بەرداشێک، ئاوێنەیەک، حەیزەبونێک[2] و دوو کیسەڵت ئەوێ». وتی: هەی هەی ئەمانە بۆچی؟ وتی: گوریسەکە بۆ سەرێکی ببەستی بە بن کلکی کەرەکەوە، سەرەکەی‌تری ببەستی بەبەرداشەکەوە و بەسەر پشتیا هەڵیگێڕیتەوە بیخەیتە لای ملیەوە بۆ ئەوە قورسایی بەرداشەکە کلکەکەی هەڵگێڕیتەوە. ئاوێنەکەش بۆ ئەوە حەیزەبونەکە لەبەردەم کەرەکەدا ڕاوەستێ و ئاوێنەکە بخەیتە سەر پشتی و ڕووی بکەیتە خۆت هەم بۆ ئەوە ئەگەر یەکێ لەپشتەوە هات تۆ چاوت لێ بێ و هەم ئەوەش حەیزەبونەکە یادێکی سەردەمی بووکێنی خۆی بکاتەوە. دوو کیسەڵەکەش بۆ ئەوە بیانخەیتە ژێر پێت وەشە وەش بکەن کەرەکە بوەستێ، ئەگەر هات و ڕۆیشتیش ئەمان لەگەڵی بچن بەرێدا و تۆ بۆ خۆت هیچ نەبزوێتەوە بەرەحەتی بتوانی ئیشی خۆت بکەی.

- کابرایەک بێ ژنی هاری کردبوو؛ بە هەر جۆر بوو بێوەژنێکیان بۆ ساز کرد و تۆزێ تەمێ بێوەژنەکەیان کرد. بەخوا بێوەژن بێ ئینسافانە تێبەر بوو. کورە وای لێهات لووتت بگرتایە گیانی دەرئەچوو، هەستا ناچار ماڵەکەی بەجێهێشت و ماڵەپوورێکی هەبوو چوو بۆ ئەوێ.

لەرێگادا تووشی کەرێک بوو، کەرە گەلێ لەم لاتتر بوو؛ چووە بن دەستیەوەو پێی وت: «ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ تۆیش ئەچی بۆ ماڵی پوورت؟»

- کابرایەک ویستی لەگەڵ ژنێکا ڕێکەوێ، ئەم ئەیوت بەچوار قۆشەو ئەو ئەیووت بەدوو قۆشە؛ ئاخری بە سێ قۆشە ڕێکەوتن. لەوەختی ئیشا کابرا بەژنەکەی وت ئەرێ خۆشە؟ ژنەش وتی «ئا». ئینجا کابرا وتی:

«کەواتە بەتۆ خۆش و بەمن خۆش ئیتر بۆچییە ئەم قۆشە قۆش؟»

---

٢- حەیزەبون پیرەژنە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کوڕێکی هەورامی فێر بووبوو بە نێرەکەر گاین. نێرەکەرێکیان ئەبێ ڕۆژێک خەریکی ئەبێ، دەنکە جۆیێک لەناو قنگی نێرەکەرەکەدا ئەبێ ئەچێ بەکونی کێری هەتیوەکەدا، هەتیو زیرەی لێبەرز ئەبێتەوە و هاوار ئەکا: «ئای ئا تۆ مار واردمش». باوکی ئەڵێ: «ڕۆڵە جەکۆگە؟» ئەڵێ: «جەقنگوو نێرەکەرەکەی ویمان، بلما بلما سەیرش کەرۆ».

ئیتر هەتیو ناوێرێ کێری دەرێنێ، باوکی دێت کلکی کەر هەڵئەداتەوە ئەوا کێری هەتیوەش لەقنگی نێرەکەردایە. کابرا هەر چەندە شەفتەو چیرەی ئەم لاو ئەو لای ئەگرێتەوە چاوی بە هیچ ناکەوێ. کوڕەش هەر هاوار هاواریەتی. باوکی ئەشلەژێ هیچی پێ نامێنێ هەر ئەوە نەبێ ئەڵێ: «ئاخر ڕۆڵە یانەت ویران بۆ جە کۆگە سەیرش کەرو؟ ماشەڵلا ملەماش بڕیاگەن».

- لەدێ «شەشۆ» نێرەکەرێک هەبوو ناو بانگی دەرکردبوو بۆ بەو ڕەسەنی. خەڵک لە هەموو لایەکەوە ماکەریان ئەبرد لێیان چاک ئەکرد، حەقی پەڕینەکەش سێ مەجیدی بوو ئەیاندا بەخاوەنی نێرەکەرەکە. ئەم نێرەکەرەش هی ئافرەتێک بوو ناوی «ئامە» بوو. لەجوانی و نازکی لە هەموو «سیوەسیل»دا ناوی دەرکردبوو.

ڕۆژێک کابرایەکی ئەو بەرکێوە ماکەرێک ئەبا لەنێرەکەرەکەی چاک کا، خاوەنی ماکەرکە چاوی بەئامە ئەکەوێ دڵی کورکەی لێوە دێت و لەو کاتەدا نێرەکەرە ئەپەڕێتە سەر ماکەرەکە ئەیەوێ دەرگای قسە لەگەڵ ئامەدا بکاتەوە ئەڵێ: ئەوە بۆچی ئەگەر یەکێ بیەوێ ماکەری خۆی لەنێرەکەری یەکێک چاک بکا ئەبێ سێ مەجیدی بدات، کەچی ئەگەر ئەو کەسە بیەوێ بچێ بەلای ئافرەتێکەوە ئەبێ شەش مەجیدی بدا؟

ئامە هەست ئەکا کەکابرا لە کوێوە قسەئەکا ئەڵێ: «تۆ کێرێکی وا بۆ من بێنە من دوانزە مەجیدیت ئەدەمێ».

- کابرایەکی ولاغدار هەبوو ڕۆژێک ژنەکەی نەخۆش ئەکەوێ. ژنانی دراوسێ ئەچن بۆ هەواڵ پرسینی. لەو وەختەدا یەکێ لەکەرەکانی کابرا یەڕەقی ئەکا وەکوو دەستەک هات و چوو ئەکا. یەکێ لەژنەکان بەژنێکی هاوڕێ تەنیشتی ئەڵێ: چۆن بوو ئێستە سەرەکەی پیتا بچوایە؟ یەکێکی تریان ئەڵێ: ئەیەڕۆ کنا سەرەکەی چییە بۆچی ناڵێت نیوەی؟ ژنە نەخۆشەکەش بە دەم ناڵەناڵەوە ئەڵێ: «بەخوا ئەگەر ژنێ ژن بێ و لەشی ساغی پێوە بێ هەموویشی قەیناکا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەکی کورد هەبوو ناو بانگی کێر زلی دەرکردبوو. سێ چوار ژنی هێنا بوو هەموویان لەدەستی هەڵهاتبون. بێوەژنێک ئەم حەکایەتە ئەبیسێت و ئەچێ مێردی پێ ئەکا. شەوێ کابرا ئەچێتە لای وخەریک ئەبێ گەمەوگاڵتەی لەگەڵا ئەکا. لەو کاتەدا بێوەژنەکە دەستی ئەکەوێتە سەر کلاوەی ئەژنۆی کابرا و دەستێکی پیا دێنێت و ئەڵێ: «ئەمە بوو کێر زلەکەی تۆ؟ ناشوکری نەبێ ئەگەر نەگبەتی نەبێ جا ئەمەچییە؟»

کابرا کە ئەمە ئەبیسێ هەر خێرا ڕاست ئەبێتەوە دەرپێکەی ئەدا بەشانیا و دەرئەچێ.

- کابرایەکی یابا جارێک ئەچێتە دێیەک لێی ئەپرسن ناوت چییە؟ ئەڵێ: ئەبوو جاسم. کە دائەنیشێ دەرپێی لەپێیدا نابێ تەماشا ئەکەن کێری بەقەد کێری کەرێکە. یەکێ لەخەڵکەکە ئەڵێ: ئای ماڵت بەقوڕ گیرێ ئەبوو جاسم کێری چەند زلە. ئەبوو جاسم لەجوابدا ئەڵێ: «یابە وەڵلا ئەمن چاک، ئەمما یەک برا هەیە ناو ئەبووساڵح، ئەو حاڵ خراپ، لەبەر ئەوە کێر زۆر زلە ناتوانێ لەماڵ دەرچێ».

- دەرویشێکی کەلهوڕ هەبوو کوڕێک و نێرەکەرێکی هەبوو. لەو سەرە ڕێیان ئەکەوێتە ماڵی ژنێک؛ ژنەکەش کارکەرێک و ماکەرێکی هەبوو. شەوێ وا هاتە پێشەوە کابرای دەرویش خۆی سواری ژنەکەو کوڕەکەی سواری کارەکەرەکەو نێرەکەرەکەی سواری ماکەرەکەبوون. جا کابرای دەرویش ئەیوت:

خوایە دووری کەی چاوی بەد لێمان ناحەزیش کوێر بێ شاد نەبێ پێمان

- کابرایەک لەو دەشتەتاڵە ڕۆژێک زەردەواڵە دابووی بەدەعباکەیەوە ئاواسا بوو. هاتەوە بۆماڵەوە بەژنەکەی خۆی وت، دەستیشی گرتبوو بەدەعباکەیەوە: ئافرەت ئەمەیان لەبازاڕ ئەفرۆشت ئەیاندا بە هێنەکەی خۆم و سەد قەرانیش. ڕووی نەبوونی ڕەش بێ! نەبوو بیکرم، هەروا وەرمگرت و هێنامەوە وتم تۆ چاوت پێی بکەوێ بزانی چۆنە؛ ئەگەر باشە بەڵکوو قەرز و فەرزێکی بۆ بکەین و جێ بەجێ کەین.

ئافرەت وتی: جا پیاوەکە ئەیەڕۆ قەرز و فەرزی بۆ چییە؟ ئەوە خشڵەکانی من هەیە بایی دوو سەد قەرانیش ئەبێ، بچۆ بیدە بەخاوەنەکەی و وەرەوە. تازە عەیبە چۆن پێی ئەدەیتەوە؟

پیاوە پیرە خشڵی وەرگرت و لەپاش سێ چوار ڕۆژ ئاوساوەیەکی نیشتەوەو دەعبا وەکوو خۆی لێ هاتەوە. ڕۆژێک بە هەڵەداوان هاتەوەو کردی بەژوورا وتی: ئافرەت! هەرخوا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەحمی پێ کردم وتی: چی بووە؟ وتی: ئەو کێرە کە هێنابوومەوە بەدزیەتی دەرچوو. گرتمیان و بردمیان بۆ لای قازی. بە هەزار دەست ماچ کردن و ئەم لاو ئەولا سەد قەرانم داو کێرەکەم پێدانەوە. ئەوانیش کێرە کۆنەکەی خۆمیان پێ دامەوە. هەر باش بوو ڕزگارم بوو لەدەستیان. ژنەوتی: «من خۆم هەر ڕۆژی هەوەڵ ئەمزانی ئەوە دزیەتی بوو؛ ئەگینا چۆن بەو جۆرە بە هەرزان ئەیاندا؟»

- ژنێک هەبوو لەو سەرە دوو کچی هەبوو: گەورەکەیانی دابەشوو. لەپاش حەفتەیک چوو بۆ لای و ماڵ و هەواڵی لێ پرسی کە مێردەکەی لەگەڵیا چۆنە؟ لەپاشا لێی پرسی ئەی لە ئیش کردنا چۆنە؟ وتی: بەخوا دایە کێرێکی وای پێوە نییە، ناشوکری نەبێ هەر ئەوەیە کە لە هیچ چاکترە. دایکیشی وتی: «ئۆف ڕۆڵە دایکت بمرێ ئەوە میراتی دایکتە بۆت ماوەتەوە. دایکیشت لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیتا هەر وا بێ بەش بوو».

لەپاش بەینێک کچەکەی تریشی دابەشوو و چوو بۆ سەردانی. لێی پرسێ: مێردەکەت لەئیش کردنا چۆنە؟ ئەویش وتی: «دایە پڕی ئەکاتەوە و هێشتا چوار پەنجەشی هەر ئەمێنێتەوە». دایکیشی وتی: «ئۆی ڕۆڵە خۆزیا دایکیشت لەو خێر و بێرە بەشێکی تێ کەوتایە».

- لەو وڵاتی بڵباسەتییە هەتیوێک کچێکی بێ بن کردبوو. قازی لێی پرسێ: ڕاست بڵێ چۆن ئەم ئیشەت کرد ؟ ئەویش وتی: «بەخوا قوربان! هەر دووکمان بەرغەڵمان ئەلەوەڕان و گەمەمان ئەکرد، بەگەمەوە دەرپێمان فڕێدا من هەر لەسەرم دانا و ئیتر سەگباب خێوە بۆ خۆی ڕۆچوو».

- کابرایەکی چاوکزی پیر ڕۆژێک لەسەر حەوزەکەی مزگەوتی باشچاوش لەسلێمانی دەست نوێژ ئەشۆا. پیاوێک لەلایەوە بوو پێی وت: «بێ قەزا بی دەست نوێژی چی ئەشۆی ئەوەتە داوێنی کەواکەت پیسایی پێوەیە». کابرا وتی: کامەتە؟ پیشانی دا. ئەویش بۆنێکی کرد و وتی: «بەحەقی قورئان ئەوە چێشتی یەخنییە ئێوارە خواردوومە».

- هەژار گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لەوەختی خۆیا هەندێک مەراغەیی ئەچن بۆ حەج. کە ئەگەنە ولاتی عەرەبستانی ئەو خوارە بەکاروانی حوشتر ئەچن. لەڕێگادا یەکێ لەحوشترەکان ئەکەوێ دەستی ئەدەنێ کە ڕاستی کەنەوە، لەو کاتەدا کە دەستی ئەدەنێ ئەڵێن: «یا عەلی!» کابرای حوشترەوان ئەڵێ: ئای ئەوە ئێوەکافرن؟ وەڵڵا دەسا ناتانبەم. ئەمانیش ئەڵێن وەڵڵا برا کافرنین و موسڵمانین. بە هەر جۆر بێ کابرای حوشترەوان ساز ئەکەنەوە ئەمجا دەست ئەبەنەوە کە حوشتر ڕاست کەنەوە دیسانەوە ئەڵێن: «یا عەلی!» ئیتر کابرای حوشترەوان بەتەواوی ئەچێ بەڕەقا و ئەڵێ ئێوەکافرن قەت ناتانبەم.

ئەمانیش پیاوێکی ئیختیاری کۆنەساڵیان تیا ئەبێ کە ئەزانێ ئیش وا بەو جۆرەخراپ هاتووەو لەو دەشتەدا گیریان خواردووە ئەڵێ: «ئەرێ خزمینە با بڵێین یا ئەڵڵا خۆ کافر نابین». بەم فێڵە کابرای حوشترەوان لەگەڵیان ڕێ ئەکەوێتەوە.

- مەلا سمایلی کانیسکانی سلێمانی هەبوو وتی:

ساڵێک چوومە کەرکووک لەقۆریەوە هاتم بچم بۆ بەری «قەلا»، سەیرم کرد لەگۆشەیەکی پردەکەی «خاسە»وە هەرا هەرایێک یێت. کە چاک سەیرم کرد ئەمە هی ژێر پردەکەوەیەو پیاوێک و کوڕێک دەستیان داوەتە یەخەی یەک و ئەو شوێنەش کەسی‌تری تێدا نییە. منیش ئەو سەردەمە کلاوێکی سپی و مێزەرێکی سپیم دابووە دەوری و لەسەرم کردبوو. لە شتێک ئەچووم، کوڕەکە دەستی کابرای ڕاکێشا و هاتن بۆ لای من، ئیتر بەبێ ئەوە هیچ شەرم بکەن کوڕەکە وتی: با ئەم پیاوە موبارەکە شەرعمان بکا. منیش لە خەیاڵی خۆما مەسەلەیکی شەرعییان هەیەو وتم کوڕم چییە؟ کوڕە وتی: قوربان ئەم کابرایە پێی وتم نیو مەجیدیم بداتێ و ئیشی خۆیم لەگەڵ بکا. هاتینە ئەم شوێنە وتمان شوێنێکی چۆڵەو لەڕاستیشدا چۆڵ بوو، کەسی‌تر نەهات هەر من و ئەو بووین. کە چاوم بەحەیتەکەی کەوت پێم هەڵنەگیرا. بەلام هێناومیەتە ئەم شوێنەو بەعەزیەتیش هاتووم. ئێستە هەر چەندە ئەکەم نیو مەجیدییەکەم ناداتێ. جەنابت شەرعمان بکە، هەرچی تۆ بفەرموویت من ڕازیم. وتی منیش ئەم شەرع کردنەم بەلاوە سەیربوو وتم: «باوکم لە باپیرم و باپیرم لەباپیرەگەورەم و باپیرەگەورەشم لەئیمامی "موزەنی" و ئەویش لەئیمامی "شافعی"یەوە ریوایەتێک ئەکا، کە ئەگەر ژن و پیاوێک لەشوێنێکی چۆڵ و تەریکا بوون و پەردە دادرابووەوە مارەیی واجب ئەبێ. ئەم ئیشەی ئێوەش لەوە ئەچێ، کەوا بوو پێویستە نیو مەجیدیەکەت بداتێ». وتی: کابرا ناچار نیو مەجیدییەکەی دابە کوڕەکەو ڕووی کردە من و وتی: «قوربان وەڵڵا تا ئێستە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


جگە لەجەنابت گەوادێکی‌ترم نەدیوە کەئاوا بەمجۆرەیە روایەتی ڕێک و پێک لەسەر مەزهەبی شافعی حوکم بدا».

- هەر ئەم مەلا سمایلە گێڕایەوە وتی:
جارێک هەتیوێکم تاو داو بردمە شوێنێک وتم یاڵلا بۆم بکەوە. هەتیوەکە وتی: ئەوە تۆ ئەڵێ چی؟ من وام بیستووە کەتۆ لووسکە ئەبەیت و ئەیکێشی بەسەر خۆتا، من بەو نیازەوە هاتووم. وتی پێم وت: «بەڵێ، بەڵێ ئیش لە منەو دەعوا لەوان. تۆ بۆم بکەوە پاشان برۆ چ دەعوایێکت هەیە بیکە».

- «مام رەسوو» هەبوو لە «مەروێ» ئەسپێکی کەحێلەی نایابێ هەبوو ناو بانگی دەرکردبوو. کەلە «عەنەزە»یە، لە وڵاتانەوە ماینیان ئەبرد و لێیان چاک ئەکرد.
عەزەی سولەیمانیش هەبوو بەناوبانگی ئەسپە کەحێلەی مام رەسووەوە ماینیکی هەبوو سواری بوو چوو بۆ مەروێ بۆ ئەوە لەئەسپەکەی چاک بکا. کەچوو سەیری کرد مام رەسوو پیاوێکی پیری گەلێ بەساڵا چووەو ناونیشانێکی لەزەمانی جوانی نەماوە. لەحەوشەکەی خۆیانا لەپەنا دیوارێکا لەبەر هەتاوەکە لێ ڕاکشاوە.
عەزە لەپاش سەلام و دانیشتن و چاک و چۆنی پێی وت: مام رەسوو بە ناوبانگی ئەسپە کەحێلەی تۆوە لەبەری دەشتەتاڵەوە هاتووم؛ نابێ دەست بنێ بەڕوومەوە.
مام رەسوویش وتی: کاکە بەخێربێت! بەڵام ئەو ئەسپەی کەتۆ ناوبانگت بیستووە ئێستە لەبەر پیری پەکی کەوتووەو هیچی پێی نەماوە. بڕوا ناکەم بتوانی کەڵکی لێ وەربگرێ.
عەزە وتی: مام رەسوو من لەڕێگایکی دوورەوە هاتووم ئەگەر تۆ ڕات لەسەر بێ من ئەتوانم ئیشێکی وای لێ بکەم بتوانم ماینەکەی لێی چاک بکەم، مام رەسوویش وتی برا کەیفی خۆتە.

عەزە هەستا ئەسپەکەی لەپەنا دیوارێکا بەسترابووەوە، زۆر لات بوو هێنای دەستی کرد بە «رەنە و قاشاو» کردنی پاشان بە «رەنە»کە کەوتەلا تەڕافەو دەورو بەری ژێرسکی، تا وای لێکرد بە هەر جۆر بوو ئەسپەکە یەرەقی کرد و ماینەکەی بۆ هێنایە پێشەوەو پەڕاندی. ئیش تەواو بوو ماڵاوایی کرد و گەڕایەوە بۆ وڵات. حەقیقەت ماینەکە ئەو ساڵە «نۆما» کەوەیەکی باشی لەئەسپە کەحێلە هێنا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


مام رەسوو ژنێکی هەبوو «خافاتمی» ناو بوو. لەزەمانی «عەلی ئیحسان پاشا»وە هێنابووی هەر چی دەوری جوانی بوو هەر لەو دەورەدا ڕایانبوارد بوو؛ لە ئاهەنگی دنیا تەنیا گێڕانەوەی باس و خواسی بەزمی شەوانی ڕابوردووی دەوری جوانیی نەبێ هیچی تریان پێی نەمابوو.

خافاتم لەو وەختەدا کە عەزە بە ڕنەو قاشاو خەریکی ئەسپە کەحێلەبوو، لەدەلاقەی ژوورەکەوە چاوی لێ بوو کە چۆن ئەسپەکەحێلە دەوری سالانی ڕابوردووی بۆ هێنرایەوە، ئەمەی بەدیاریەک زانی لەدیاریەکانی زەمانی ڕابووردووی.

زەمان هێنان و بردی، کوڕێکی زاخەیی لە ولاتی بەغدا لە بۆیاغچیەکەیا «فلچە» یەکی بۆ باغچەتی تیا بوو فلچە ئەوەندە ئیشی کردبوو تەنها کۆتەرەکەی مابوو، وای لێ هاتبوو لە دڕکی دەشتەتاڵ خراپتری لێ هاتبوو.

خافاتم رەنەو قاشاوەکەی عەزەی کەوتە بیر بە هەر جۆر بوو فلچەکۆنی لەکابرای بۆیاغچی بە یەکێ لەتاکە تارانییەکانی تەوقەسەری کڕی و قایمی کرد.

لەپاش بەینێک بەکۆتەرە فلچەوە هات بەویزەی لاڕان و دەورو بەری لاڕانی مام رەسوودا، تا وای لێکرد دەورێکی بۆ مام رەسوو گێڕایەوەو بەیادی جاری جارانەوە دەستیان کردە ملی یەک. ئیتر خافاتم بەم جۆرە فێر بوو بەمام رەسوو.

ساڵ سووڕایەوە، عەزە بەدەستووری ساڵی پار و بە ئەلهای نۆمایکی تری لەتوخنی ئەسپەکەحێلەوە بارێ گەزۆ و بنێشتەتاڵی نا لەماینە بۆرەو چووەوە بۆ «مەروێ» بۆ ماڵی مام رەسوو. کەچوو سەیری کرد مام رەسوو ئەو مام رەسووە نەماوە؛ بۆ ئاهی سوێن نووزەیەکی تێیا ماوە بەتەواوی کنفت بووە، ناتوانێ لە شوێنەکەی خۆی ڕاست بێتەوە.

عەزە باریدا بەزەویا و خافاتم خێر هاتنێکی گەرمی کرد و خێرا کەوتە نان دروستکردن بۆی. چوو لە تەنیشت مام رەسووەوە دانیشت. مام رەسوو نەیناسیەوە، پرسی فاتە ئەوە کێ بوو هات و ئەو زرمەی ولاخە چی بوو هات؟ خافاتمیش وتی: ئەوە کاکەعەزیز بوو گەزۆ و بنیشتەتالی بۆ هێناوین.

مام رەسوو دەستێکی خستە سەرچاوی و سەیرێکی عەزەی کرد ناسیەوە. بەنووزەیەکەوە وتی: «ئەرێ باوەحیز ئەوە تۆ لەبابەکەی پاریت هاتوویتەوە؟ بکەم وە قونی بابتەوە بۆ خۆت و گەزۆ و بنیشتەتالت. پار فرفریچەی دەستە بۆخچەت بۆ هێنا بووم، ئیمساڵ چیت بۆ هێناوم؟ بەتەما نیت بەفێڵێکی تر ئیمساڵیش خافاتم بخەیتە سەر بەزمێکی تر؟ هەستەبڕۆ. نەخۆم هیچم پێ ماوە، نەئەسپە کەحێلە؛ هەستە بڕۆ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە «گەلالـە» پیاوێک هەبوو هەر چەندە «حەسەن» ی ناو بوو بەڵام هەر بەناوی «خادم» ەوە ناوی دەرکردبوو. ئەم خادمە لەوناوە تووتن و شتی ئەفرۆشت، ڕۆژێک کۆلکە ئاخونیکی ولاتی «قوم» کە هاتبوو بۆ «نەجەف» و لەوێوە ئیتر فێری ئەوە بوو بوو کە ببێ بەگەڕیدەو داوای شتی لەخەلک ئەکرد. بەو بۆنەوە ئەم ئاخون ئاغایە ڕێی ئەکەوێتە گەلالە و لەوێش ئەچێتە لای خادم بەناو هەندێ تووتنی لێ ئەکڕێ. لەپاشا ئەڵێ: دە هەندیکی تریشم بدەرێ لە «سەرکیسەی عەباس».

ئەم عبارەتە شتێکە کۆلکە مەلاکانی شیعە دەرۆزەی پێوە ئەکەن، مەبەستیان بە «عەباس» عەباسی مامی پێغەمبەرە؛ واتە لەسەر حسابی ئەو ئەو شتەم بدەرێ ڕۆژێ قیامەت ئەو ئەتداتەوە.

کە ئەمە بەخادم ئەڵێ، خادمیش خۆی لێ گێل ئەکا و ئەم وردە حسابانە نازانێ؛ وەیا لە ولاتی ئەوانا ئەمجۆرە شتەباوی نییە. ئەڵێ: با عەباس خۆی بێت، جگەرەکی لێ تێکا ئەگەر بەلایەوە خۆش بوو ئەو وەختە بۆی بەرە.

کابرای ئاخونیش ئەڵێ تۆ بمدەرێ دەخلت نەبێ، ئەو وەرێ ئەگری. خادمیش ئەڵێ بەخوا نایدەم بەڵکوو بەلایەوە خۆش نەبوو دایەوە بەسەرما. ئاخون ئەکەوێتە تەقەوە لە ڕووی هەڵنایە بەسەرو میزەرەو کەش و فشێکەوە بڵێ من سواڵت لێ ئەکەم. خادمیش ئەزانێ دنیا چ باسە، هەر بەمجۆرە ئاخون لەکۆڵ ئەکاتەوەو پەلکێکی ناداتێ.

- ئینگلیزەکان تازە هاتبوونە عیراقەوە. ڕۆژێک ئینگلیزیەک لەکەرکووک ئەچێتە بازاڕ ئەگەڕێ بەشوێن لاستیکی کیردا. ئەچێتە هەر دووکانێک لە شتی وا ئەپرسێ کەس لێی تێناگا؛ بەتایبەتی ئەو سەردەمە کورد لە شتی وای هەر نەیئەزانی. پیاوێکی خەڵکی ئەو ناو «شوان»ە هەبوو «ڕەحیمی» ناو بوو، دوکانێکی عەتاری باشی لەکەرکووک دانابوو. کابرای ئینگلیز ئەچێتە سەر دووکانەکەی ئەو لەو شتە ئەپرسێ. نەڕەحیم ئینگلیزی ئەزانێ و نەئینگلیزەکەش کوردی ئەزانێ.

کابرای ئینگلیز هەر چەندە بەئیشارەوەو بەدەست لەگەڵ ڕەحیمدا خەریک ئەبێ ڕەحیم هیچی لێ تێناگا. لەئەنجاما کابرای ئینگلیز دەست ئەبا نەوتیکی پێنج ڕوپیەیی دەردێنێ لەبەردەمی ڕەحیمدا دایئەنێ، ئەمجا دەست ئەبا بەنەخوینەکەی خۆیشی ئەکاتەوە کێری دەردێنێ و بەئیشارە، ئیشارە ئەکا کە لاستیکم بۆ ئەمە ئەوێ. ڕەحیمیش هەر لەبناغەدا ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


جۆره شتانەی نەبیستووه تا لەئیشارەی کابرا تێبگا، بەڵکوو وائەزانێ ئەم کابرایە پێی ئەڵێ وەره گرەو بکەین لەسەر پێنج روپیە بزانین کێری کاممان زلتره.

ئەویش دەست ئەبا بەنەخۆینەکەی خۆی ئەکاتەوەو کێری خۆی دەردێنێ. هی کابرا ئەپێوێ و هی خۆیشی ئەپێوێ، هێنەکەی ئەم دوو پەنجە زیاتر ئەبێ لە هی کابرای ئینگلیز. ئیتر بەبێ قسە دەست ئەبا پێنج روپیەکە هەڵئەگرێ و ئەیخاتە باخەڵی و بەنەخۆینەکەی ئەبەستێتەوە. کابرای ئینگلیز واقی وڕئەمێنێ هیچی‌تری بۆ نامێنێتەوە تەنها ئەوە نەبێ ملی رێ ئەگرێ و ئەڕوا.

- کابرایەکی «بانەیی» ئەچێتە گەڕووس و ئەچێتە دیواخانێک سەلام ئەکا. کابرایەکی گەڕووسی کە لەوێ دانیشتبوو بەم جۆرەی خوارەوە وەلامی سەلامەکەی ئەستێنیتەوە ئەڵێ:

عەلەیکە سەلام هەوا خوای عومەر      چووخەکەت چوار چاک کونای قنگ وەدەر

لەپاشا گەڕووسەکە ئەچێتە دەرەوەو دێتەوە سەلام ئەکا کابرای بانەییش بەم جۆره ولامی سەلامەکەی ئەداتەوە ئەڵێ:

عەلەیکە سەلام دوژمنی عومەر  بێ خوا و بێ پیر توخم نێرەکەر

- مەلا مەحمووی حاجی رەسووڵ گێڕایەوە وتی:

مەلا حەمەمینی دیلێژەیی پیاوێکی ئێجگار لەخوا ترس و بەدین بوو. هاوڕێکانی هەڵیئەخەڵەتێنن کە دڵی بچێ لەشێخ نووری شێخ سالح. ئەویش بەزۆر وا ئەزانی کەدڵی لێ چووه بەو فێڵە تەزبێحێکی ئەبێ لێی ئەستێنن و ئەیدەن بەشێخ نووری. لەپاش سێ چوار رۆژ چونکە ئیشەکە بێ بناغەبوو سەیر ئەکا دڵ لێچونەکەی نەما. ئەچێ ملی هاوڕێکانی ئەگرێ ئەڵێ: «وەڵلا دڵ لێچونەکەم نەما تەزبێحەکەم بۆ لێ بسێننەوە».

هاوڕێکانیشی لەو سەردەمەدا شێخ نووری بابەعەلی، شێخ سەلامی عازەبانی و مەلا ئەحمەدی حاجی مەلارەسووڵ بوون.

- کابرایەکی «سیان» لەسەر ڕووبارەکەی «بەیانلوو» دەستنوێژی ئەشت. کە لێ بووەوە تاکێ لەپێلاوەکانی لەدەستی کەوت و کەوتە ناو ڕووبارەکەو ئاوەکە بردی. خێرا ترێکی کەندو وتی: «ئەوە دەستنوێژەکەت، بێنە تاکەپێلاوەکەم بدەرەوە».

لای وابوو ڕووبارەکە لەباتی هەقی دەستنوژییە کەپێلاوەکەی بردووه.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- خالەفەندی گێڕایەوە وتی:
ئەوا ڕۆژێک لەناو دەستەکەی مزگەوتی حاجی مەلا رەسوولا دەستم بەئاو ئەگەیاند کابرایەکی خەڵکی ئەو شارەزوورە چووە ئاو دەستەکەی ئەو دیومەوە. ئاگام لێبوو میزەکەی کردە ناو حەوزی ئاودەستخانەکەوە تەنانەت کەفاوەکەی هاتە ئەم دیو. منیش هاتمە دەرەوە چاوەڕێم کرد تا ئەویش هاتە دەرەوە وتم: کورە برا ئەوە تۆ چێت کرد؟ وتی: «برا چیم کرد؟ گووم کردە گوودانەکەو میزیشم کردە میزدانەکە».

- ڕۆژی دوو سێ هاوڕێ ئەچن بۆ حەمامی حاجی غەنی یەکێکیان ریش و سمێڵی فێری خەنەو وسمە ئەبێ. لەجامێکا خەنەی بۆ ئەگرنەوە و حەمامچیەکە بۆی ئەهێنێتە ژووری حەمامەکەوە.
هاوڕێکان ئەچن خەنەکە ئەرێژن و گوو ئەکەنە ناو جامەکەوە. کابرا کە نەختێ هەڵئەگرێ ئەیدا لەسمێڵی بۆنی بەسەریا دێت ئەزانێ چییەو دنیا چ باسە، ئیتر لەسمێڵی ئەکاتەوەو لەکێری هەڵئەسوێ. بانگی هاوڕێکانی ئەکا ئەڵێ: «ئەمە گووی کێیە وا بەسەرکێرمەوە؟»

- جارێک کوڕە دەولەمەندێکی ئاقڵ لەبەغدا شەوێک ئەچێتەماڵێک بوو ئیشی ناشیرین. سەرخۆش ئەبێ لەماڵەکە پێنسەد قەرانی لەباخەڵا ئەبێ لێ ئەدزن. کەدێتەوە خزمەتکارێکی لە گەڵا بوو رووی تێ ئەکا ئەڵێ: ئەورەحمان تۆ ئەزانی کیسە پارەکەم پێنج سەد قەرانی تیابوو لێیان دزیوم؟ ئەورەحمانیش ئەڵێ: ئەوا ئەچم بەشەق لێیان ئەستێنمەوە.
ئەورەحمان ئەگاتە لای قاپی و بانگی ئەکا ئەڵێ: وەرە وەرە قەیناکا حەقی خۆمم سەندوە، ئەورەحمان ئەڵێ چۆن؟ ئاغە دەست ئەکا بەگیرفانیا شانەیک، قالبێ سابوون و لفکەیک دەرئەهێنێ ئەڵێ منیش ئەمانەم لەوان دزیوە. ئەورەحمان ئەڵێ: ئاغە جا ئەوە چییە؟ ئەڵێ بێ ئەقڵ چلۆن ئەوە چییە؟ بەیانی کە بچن بۆ حەمام چلۆن خۆیان ئەشۆن؟ بەجارێ پەکیان ئەکەوێ.

- دوو کابرای کورد لەدەشتێکا پێکەوە بون یەکێکیان تۆزێ دوورکەوتەوە، ئەویتریان پرسی ئەوە چی ئەکەی؟ وتی: «وەڵلا تۆزێ میزئەکەم». پێی وت: «کورە وریابە ئەوی تریشت نەبێ بە ریشەوە، ئاونییە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەک هەبوو لەچوارتا دەرویش عەولای ناو بوو. ئەم دەرویش عەولایە کچی ئەولاساری ژنی بوو. کەرێکیان هەبوو کەرەکەیان تۆپی. شەوێ کابرا لەگەڵ ژنەکەیا کەوتە ئیشی شەرعی ژنەکە پێی ئەوت ئاخر پیاوەکە ئێمە تاقە کەرێکمان هەبوو سەرمایەی ژیانمان بوو تۆپی، ئێستە تۆ چۆن ئیشی وا ئەکەی؟ عەولاش هەر کوتی پێوەئەدا و ئەیوت: «تۆپی تۆ خۆش، تۆپی تۆ خۆش».

- هەر ئەم دەرویش عەولایە لەسەر کێشەی جۆ سەبیلی کێشابوو، بەئاگری سەبیلەکە خەرمانەکە سووتا بوو، ئەمجا دوور کەوتبونەوە و سواری ژنەکەی بوو ئەیوت:

سوتا بەکێر، سووتا بەقیر    سووتا بۆ شێخی دەستگیر

- کابرایەک هەبوو لە هەڵەبجە ژنەکەی چوو بوو لای قازیەکەی هەڵەبجە شکاتی لێکردبوو کەگوایە پیاو نەماوە نکاحەکەیان هەڵوەشێنێتەوە. قازی پیاوەکەی بانگ کرد و لە رووی ژنەکەدا لێی پرسی کەتۆ چی ئەڵێت؟ کابراش -بلامانی- دەعباکەی رەپ کرد و خستیە دەستیەوە وتی: «قوربان! جەنابی قازی هەموو شایەت و قسەیەکم بەدەستمەوەیەو لەخزمەتتا راوەستاوە». قازی وتی: «بەراستی شایەتی چاک و عادڵە. شەرع قەبوولی ئەکا برۆ خوشکم دەعواکەت درۆیە، ئەوا شایەتەکەی وەکوو کەر ئەزەرِێنێ».

- ئاغایێکی ئەو سەرە باخەوانێکی غەریب لەدێکەی خۆی بۆ باخی ناو کۆشکەکەی راگرتبوو. باخەوانەکە ژنێکی جوانکەلانەی ژیکەلانەی هەبوو، ئاغە دڵی پیا چووبوو. رۆژێک ئەچێ بەلایەوە و دەستێکی بۆ ئەبا. ژنە هیچ دەنگ ناکاو ئێوارێ بۆ میردەکەی ئەگێرِێتەوە. میردەکەش ئەڵێ قەیناکا بەڵام بەیانی من کە ئەچم بۆ ئاودێری باخەکە تۆ چەند نۆردووە نانێک و «جەوەنە»یەکی «دۆ» بێنەو وەرە بۆ لام، لەبەر پەنجەرەی کۆشکی ئاغادا چاوەرِێم بکە.

کابرای باخەوان ئەچێ بۆ سەر ئیش و ژنەش بەو جۆرە کە مێردەکەی پێی وتووە لەدەمە دەمی هەتاوکەوتنا ئەگاتە جێ. میردەکەی دێت و هەر دووکیان لەبەر پەنجەرەی کۆشکدا لێ دائەنیشن.

لەولاوە خانمی ئاغەژن لەناو کۆشکەکەدا پەنجەرەکەی کردووتەوە، بەیانیە سەیری ئەو باخ و بێستانە ئەکاو چاوی بەباخەوان و ژنەکەی ئەکەوێ. کابرای باخەوانیش کەسەیری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد وا خانم خەریکە سەیر ئەکا هیچ خۆی نەخستە سەر ئەو دارەتانە کەکەس چاوی لێیانە، لەپێش ئەوەدا کەنانەکە بخوا هەستا چوو بەلای ژنەکەیەوە لە ڕوومەتی میناو و لەکارگی کەمای بەشی خۆی وەرگرت و ئەمجا دەستیان کرد بەنان و دۆ خواردن، تیر و پڕیان خوارد و پاش ئەوەش جارێکیتر لەگەڵ ژنەکەیا ئاوی ژیانیان نۆش کرد. ئەمجا هەستا چوەوە بۆ سەر ئاو دێرەکەی و بەژنەکەشی وت بچێتەوە بۆماڵەوەو پێشی وت ئەگەر خانم لێی پرسێ، ئەم پێی بڵێ کە ڕۆژی سێ جار ئەمە ئیشمانە.

لەولاوە خانم لەسەر کۆشکەکەوە چاوی لەم کارەساتەی ئەمان ئەبێ. لای نیوەڕۆ دێتە خوارەوەو ئەچێ بەلای ژنە باخەوانەکەوە پێی ئەڵێ: ئەرێ چەتیو! ئەوە ئێوە چۆلەکەن وا بەو جۆرە خەریک ئەبن؟ ژنەش پێی ئەڵێ: خانم ئەوە چییە؟ ئێمە بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە بەو جۆرە دوو دوو ئەکەین.

ئاغەژن لە دڵی خۆیا زۆر توورە ئەبێ، ئێوارێ کە ئاغە دێتەوە ئەچێ بەلایەوەو پێی ئەڵێ بەزیاد نەبێ لەم ڕابواردنە کەئێمە هەمانە! ئەو باخەوانە بەنان و دۆ خواردن لەگەڵ ژنەکەیا بە هەموو جۆر گەمەو گاڵتە ئەکەن و بە هەموو جۆر ڕایئەبوێرن؛ ئێمە لەسەر ئەم هەموو ناز و نیعمەتە_خوا بیبڕێ!_ هیچمان دیار نییە. سوێندم وابێ و قورئانم وا بێ یا ئەوەتا ئەبێ تۆیش وابی یا ئەمەتە ئەبێ تەلاقم بدەی. من ئەمە کەی ژیانە ڕایئەبویرم؟ ئاغە وەکوو لەسەربان بیخەنە خوارەوە ئەڵێ: ئافرەت ئەمە تۆ خەوت دیوە؟ ئەمە چی ئەڵێیت و لە کەیەکەوە وات لێهات؟ خانم ئەڵێ قسەیکەو نەبووە بەدوو هەر ئەوەیە کەپێم وتیت.

لە پاشا وەکوو پەند و چۆن و سەوا کردن ڕێ ئەکەون کە ئەمیش لەشەو و ڕۆژێکدا سێ جار لەگەڵ خانمدا ئەم ئیشە خۆشەبکەن.

دەست لەدەست و قەوەت لەخوا ئەو شەوە بە هەر جۆر بوو تا بەیانی دوویان کرد. وتی ئافرەت یەکێکی با قەرز بێ بەسەرمەوە.

کە کەوتە ڕۆژی سێیەم باخەوانەکە بە ژنەکەی خۆی وت: هەستەجوان و پوخت خۆت برازێنەوە بچۆ بەلای ئاغەمەوە. ژنەش وەکوو مێردەکەی پێی وتبوو خۆی کرد بەگوڵی ئاڵ و واڵای بەهار بەلەنجەو لارێکەوە چوو بەلای ئاغەیەوەو خۆی تێهەڵسوو. ئاغە سرکەیەکی کرد وتی: «بچۆ بەو لاوە بێفەڕەی ژان بەخەڵکی کەرە، ئەو وەختە قەرزار نەبووم نەئەهاتی بەلامەوە، ئێستە کە بووم بەژێر قەرزەوە خۆتم تێهەڵئەسووی؟ هەستەبڕۆ هەستە داوێکی ترم بۆ مەنێرەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنە هاتەوە کارەساتەکەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە. مێردە وتی: «ئاغەگیان ئاوا چارت ئەکەم».

- دوکتۆر کاوس قەفتان گێڕایەوە وتی:

ئاغەواتی شیوەگەلی و پشدەری دوژمنایەتییان هەبوو. دوایی بۆ ئەوە ئاشت ببنەوە ئاغەیکی پشدەری حەمەرەشیاغای «نۆرگ» بانگ ئەکات. حەمەرەشیاغا برایەکی شیتۆکەی ئەبێ «سمایلاغا»ی ناو ئەبیت، زۆر لەکاکی ئەکا کە نەچن بۆ ئەو بانگ کردنە؛ چونکە تەڵەیە بۆیان نراوەتەوە. ئەوانیش گاڵتەیان بەقسەی شیتۆکەیکی وەها دیت و ئەڕۆن.

لەڕاستیشدا پشدەرییەکان نیازیان خراپ بووە. شتەکەشیان وادانراوە کەکاتێک حەمەرەشیاغا ئەچێت بۆ نوێژ یەکێک لەپیاوەکانی ئەمان شەڕ بەپیاوێکی ئەوان بفرۆشێت. کە حەمەرەشیاغاو پیاوەکانی بگرن و باڵ بەستیان بکەن.

دەستەی حەمەرەشیاغا کە ئەچن و لەژێر کەپردا دائەنیشن بەخێراتنێکی زۆر ئەکرێن، هەموویان تفەنگەکانیان دائەنێن، تەنیا سمایلاغا نەبی کەلەسەر کۆشی دای ئەنیت. ئەوانیش سمایلاغا ئەناسن و سڵی لێ ناکەنەوەو بە هیچی ئەزانن. حەمە رەشیاغا ئەچی بۆ نوێژو لەو کاتەدا دەنگی پیاوەکەی ئاغەی پشدەری بەرز ئەبێتەوە وەکوو دانراوە. ئاغەی پشدەری خێرا فەرمان ئەدا ئادەی هەموویان دەست بەست بکەن. لەم قسەیەدا ئەبێت و ئەیەوی هەستێ، ئەگاتە سەرچۆک و ناگا سمایلاغا لولەی تفەنگی ئاراستە ئەکات و ئەڵێ: «سێ بەسێ تەڵاقم کەوتبێ هەستی ئەتکوژم، دانیشی ئەتکوژم». کابرا وەکوو قوتەی مل نێرگە کاردوو بەو جۆرە وشک ڕائەوەستێ.

جارێ حەمەرەشیاغا و ئەوان بەمجۆرە ڕزگاریان ئەبێت، ئەمجا ئەمێنێتەوەسەر سمایلاغاو کابرا. سمایل‌ئاغا لولەی تفەنگی ئاڕاستەی کردووە. کابرا نەئەوێرێ هەستێ، نەئەوێرێ دانیشێ، قوت لەو ناوەدا بۆ خۆی لەسەر نیمچەچۆک وەستاوە، هەر بجوڵێتەوە سمایلاغا ئەیکوژێ. تەنگو چەڵەمە لێرەدا ڕوویدا سمایلاغا تەلاقی خواردووە، ئەم تەڵاقەی ئەم وەختێ ناکەوێ کەکابرا یا هەستێ یا دانیشێ، ئەم بیکوژێ. کابرایش ئەوا هەر بەو جۆرە ماوەتەوە. قاچی شل ئەبێ، هەندێ تەختەو شتە ئەدەنە ژێر کابرا بۆ ئەوە دانەنیشێ چونکە کە دانیشت سمایلاغا ئەیکوژێ. سمایلاغاش لەبەر تەڵاقەکەی خۆی وشک بەتفەنگەکەوە ڕاوەستاوە دەستی لەکارایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناچار پەلاماری مەلا سولێمانی ماوەت ئەدەن کە چارێکیان بۆ بدۆزێتەوە بەجۆرێک نە تەلاقەکەی سمایلاغا بکەوێ و نەکابراش بکوژێ. مەلا سولێمان کەدێت لەپاش تێفکرین فەرمان ئەدا بەچوار زەلام پەلی کابرا بگرن بەجۆرێ کەڕاست نەبێتەوەو نەشکەوێتە سەر عەرز و لەسەر گازی پشت ڕایکێشن بەسەر عەرزەکەدا. ئەمە لەم کاتەدا دیارە پێی ئەوتری نەهەستاوەو نەدانیشتوە، بەڵکوو ڕاکشاوە.

زەلامەکان لەسەر دەستوورەکەی مەلا سولێمان کابرا وا لێ ئەکەن. ئەمجا بەسمایلاغاش ئەڵێ دەتۆیش تفەنگەکەت لا بە. بەمجۆرە مەلاسولێمان کابرای لە مردن ڕزگار کردو تەلاقی سمایلاغاش نەکەوت.

بەڵام کابرا تا ڕزگاری بوو کاتێ کەسەیریان کرد هەموو لەشی خۆی دابوو بەگووەوە. بەکوردی گووی کردبوو بەخۆیا: یەکێ لەترسی ئەوە کەسمایلاغا دەستی لەکارایەو شێتیشە کوشتی؛ یەکێ لەبەر ئەوەکە تا مەلا سولێمان هاتبوو زۆری پێ چووبوو.

بەڵێ لەبەر ترس لەو ماوەیەدا هیچی پێ نەخواربوو، بەڵام هەرچیکیشی پێ بوو فیڕاندبووی بەخۆیا.

- ئاغەیک لەو موکریانە خزمەتکارێکی ئەبێ پێی ئەڵێ مەسینەیکی بۆ بەرێتە سەر ئاو دەست. خزمەتکارەکەش ئەڵێ: «قوربان گوو دەفەرمووی؟» ئاغەکەش ئەڵێ: «نەخێر میزت عەرز ئەکەم».

- ساڵێک ئینگلیزیەک ئەچێتە هەڵەبجە، میوانی ئەحمەد بەگی پاشا ئەبێ. ئینگلیزیەکە عومری لە ژوور شەست و پێنج ساڵانەوە بوو. قسەو باس دێتە پێشەوە ئەحمەد بەگ لێی ئەپرسێ تۆ لە وڵاتی خۆتان ژن ومنداڵت هەیە؟ کابرای ئینگلیز ئەڵێ (بەڵام زۆر بەگەرمیەوە): « هێشتا هەندێ ئیش و کاریترم ماوە، ئەبێ بچم بۆ ئەفیریقا و چەند ساڵێک لەوێ ئەمێنمەوە پاشان لە میسریش چەند ساڵێک واجباتیترم هەیە، ئەوەش تەواو ئەکەم و ئینجا ئەگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم و ئەو وەختە ژن و ماڵ و مناڵ پێکەوە ئەنێم».

کە ئەم لەقسەکانی ئەبێتەوە ئەحمەد بەگیش ئەڵێ: دەسا هەر سێ تەلاقی ئەم ئەحمەدموختارە کەوتبی تۆ بێت و مناڵی خۆت ناگریتە باوەش.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەک لە دیوەخانێکا دانیشتبوو. دیوەخانەکە پڕبوو، وەنەوز بردیەوە. لەوکاتەدا بایەکی زلی لێبەر بووەوە. کتوپڕ کە چاوی کردەوەو خەڵک بەدەوریەوەیە، زۆر شەرمەزار بوو، ویستی بە هەر جۆر بووە پینەی بکا. لەبەر ئەوە وتی: «ئێوە ئەزانن من ئیستەخوالێخۆشبووی باوکمم لەخەوا چاو پێکەوت؟» کابرایەک لەکۆڕەکەدا بوو، وتی: «بەڵێ ڕاست ئەفەرمووی، ئێمە هەموو دەنگی خوالێخۆشبووی باوکتمان بیست».

- کابرایەک لەئیش و کاری مردوو شۆری بوو، لەبەر ئەوە کە خۆی دەعباکەی بچووک بوو هەر مردوێک کە ئەیشۆرد ئەویش جارێک لەگەڵیا ئەمرد؛ چونکە وانێکەکەی وەکوو هی خۆی نەئەدی و بەزلتر ئەهاتە بەرچاوی. لەبەر ئەمە هەموو دەم لەخەم وخەفەتا بوو.

پیاوێکی‌تر هەبوو «مام گورزە»ی ناو بوو. ڕۆژێک مام گورزە مرد و ئەم کابرایە چوو شتی، سەیری کرد هەرامەکەی مام گورزە هەرامە نییە، لەندە هۆرێکە. بە هێواشی بەبێ ئەوە کەس پێ بزانێ چەقۆی دەرهێنا دەعباکەی کابرای بڕی و خستیە گیرفانیەوە. پاش تەواو کردنی ئیش و کاری چووەوە بۆ ماڵەوە.

ئەمجا بۆ ئەوەی بە ژنەکەی بسەڵمێنێ کەخوا گەورەیە هەموو شت بکا، بچووک گەورە بکاتەوە، گەورە بچووک بکاتەوە، قادرە بەسەر هەموو شتێکا، دەستی برد سەری دەعباکەی مام گورزەی لەژێرەوە لەعاستی بەردەمیەوە پیشانی ژنەکەیدا. ژنە کەچاوی پێکەوت بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ وتی: «ئەیەڕۆ ئەوە مام گورزە مرد؟»

- ئەحمەد شوکری هەبوو لە سلێمانی، جارێک ڕێی ئەکەوێتە کرماشان. قەزاو قەدەر ڕێکی ئەخا لەگەڵ ئافرەتێکا ڕێ ئەکەوێ. سەیر ئەکا ئافرەت داڵە هۆیە. لەوەختی کارا لێی ئەپرسێ: خانم تۆ ناوت چیە؟ خانم ئەڵێ: «وسعەت خانم». ئەحمەد شوکریش ئەڵێ کوێر بم ناوەت ئەبیەم و ناوت ئەپرسم.

- کابرایەکی «سەرجوقەی کرندی» بەماڵەوە بە هۆی فەرمانی میریەوە ئەکەوێتە «کەریماوا»ی سەقزو چەند ساڵێک لەوێ ئەمێنێتەوە. دۆست و ناسراو پەیدا ئەکا. کابرایەکی بەرگدوریش لەکەریماوا هەبوو ناوی «تەقی» بوو. تەقی لەگەڵ خانمی سەرجوقەدا دەستیان تێکەڵاو کردبوو. ڕۆژێک سەرجوقە وتی: «خانم! سەرجوقەیکی ولاتی خۆمان هاتووە، ئەمەوێ بەناوی ئەوەوە بانگیشتنیک بکەم و چەند کەسێک لەدۆست و ناسراوەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەریماواش بانگ بکەم، لەبەر ئەوە نانێکی باش دروست بکە». خانم وتی: بەڵێ باشە بەڵام تەقی بەرگدووریش هەر دۆستمانە ئەویش بانگ کە. سەرجوقەوتی: بەڵێ.

خانم نانێکی پوختی دروست کردو سفرە ڕاخرا. سەرجوقەی میوان و میوانەکانیتر و تەقی خەیات هەموو نانیان خوارد. پاش نان خواردن تەقی خەیات خۆی دزیەوەو چوو لەگەڵ خانمدا دەستی کرد بەبەزم و ئاهەنگ. سەرجوقەی مێردی خانم هەستی کرد، هەستا چوو بەشوێنیا. کەسەیری کرد وەکو چۆن لەدڵی خۆیا وتبوی، وا بوو. پەلاماری تەقی بەرگدوریدا کە بیگرێ، هیچ شوێنێکیتری نەهات بەدەستەوە تەنها دەعباکەی نەبێ. ئەویش لەبەر ئەوە تەڕ و لووس بوو بۆی نەگیرا. تەقی ڕای کرد و سەرجوقە بەشوێنیا تا گەیشتە بەر دەرگای حەوشە هەر بۆی نەگیرا. ناچار لەبەر عەیب گەڕایەوە. کەگەڕایەوە سەیر ئەکا خانم ناوچاوی داوە بەیەکاو قسەی لەگەڵا ناکا. ئەمجا وتی: «خانم! من چ نافەرمانێکم کردووە وا بەو جۆرە بێ لوتفیت لەگەڵما؟ وەکوو فەرمووت تەقی خەیاتم بانگ کرد، نانی چەور و قەڵەوم دایە بۆ ئەوە بەهێز بێت، جەنابیشت لەگەڵی دروست بوویت، من گورزەکەیم بەدەستی خۆم پاک کردەوە، لە خزمەتیا چووم بەڕێم کرد تا بەر دەرگای حەوشە، ئەگەر سوچێکم هەیە فەرموو بیڵێ تا نەیهێڵم، ئەگەر خزمەتێکیترت ماوە بفەرموو تا بەئەنجامی بگەینم؛ ئەگینا ئەم بێ لوتفیەت بۆچی؟»

- کابرایەکی «نایسەر»ی دڵی بەژنی کابرایەکی «زەنان[٣]»یەوە ئەبێ. هەموو جار هاتوچۆی زەنانی ئەکردو بەتەواوی بۆی ڕێ نەئەکەوت لەگەڵ یارەکەیا یەک بگرن.

ڕۆژێک ژنەکە بەکابرای دۆستەی وت: ئەگەر ئەتەوێ پێکەوە بنوین و مێردەکەشم لەماڵەوە بێ، سبەینێ بچۆ نێرەکەرێک بێنەرە ئاوایی و بڵێ ئەیفرۆشم بەیەکێک. مێردەکەشم زۆر حەز لەنێرەکەر ئەکا بۆ کاروان، ئەو وەختە من چاری ئیشەکە ئەکەم.

کابرا بۆ سبەینێ نێرەکەرێکی پەیدا کرد و هێنایە ئاواییو وتی: ئەم نێرەکەرە ئەفرۆشم. کابرای مێردی ژنە چوو بەلایەوە زۆر دڵی پیاچوو، وتی: بەچەندی ئەدەی؟ کابرا وتی: برا بەبێ چەندو چۆن ئەیدەم بەپێشی ژنێک. کابرا هاتەوە بۆ ماڵەوەو کارەساتەکەی بۆ ژنەکەی خۆی وت. ژنە وتی: کورە ئاسانە، تۆ بیهێنە منیش ئەچم کوزەکەی دایە خەرامانی

---

٣- زەنان دێیەکە لەژاوەوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rubaru.org

دراوسێمان بەئەمانەت دێنم و ئەیدەمێ و نێرەکەرەکەی لەدەست دەردێنین. کابرا وتی: «یانەت ویران بۆ پەیو زیرەکیت».

چوو کابرای کەرفرۆشی بەکەرەکەوە هێنایە ماڵەوەو ژنەکەشی چوو هێنەکەی دایەخەرامانی هێنا. لەگەڵ کابرای کەرفرۆش پێکەوە نووستن و بەمیردەکەشی وت لەو دیوی دەرگاکەوە دانیشە ئاگات لە نێرەکەرەکە بێ نەوەک بڕوا. ئەمان دەستیان کرد بەئیش و ئەویش لەو دیوەوە لە درزی دەرگاکەوە سەیری ئیشەکەی ئەمانی ئەکرد. کابرای مێردە برایکی هەبوو لەو کاتەدا هات و لە مەسەلەکە تێگەیشت. پێی وت کەواتە چاک سەیربکە نەوەک کابرا لێی تێک بچێت. میردە وتی: «زۆر بەپارێز سەیر ئەکەم و دڵ و چاوم تێ بڕیوە، بەڵام ئەم کابرایە وا بەتوندی تێی ئاخنیوەو جووتی کردوە نەئەوی ئێمە دیارە نەئەوەی دایەخەرامانی دراوسێمان. مڵەماش بڕیاکەن مەزانۆ چێش کەرۆ؟

- ئەحەی ناسر هەبوو گۆیندە بوو. ئای ڕاست ئای درۆ، خەڵکی ئەیانوت وەیا بۆیان هەڵبەستبوو کە هەتیوبازە. جارێک لە کەرکووک ئەنێرێ بۆ خوازبێنی ژنێک لەبەری قەڵا. ژنەش ئەڵێ: من بیستوومە کە پیاوێکی فاسق و دوابازە؛ ئەگەر واز لە مانە دێنێ قەیدی نییە شووی پێ ئەکەم. ئەمە بە ئەحە ئەڵێنەوە. ئەحەش ئەڵێ: «بەباجی بڵێن لەفسق کردن تۆبە ئەکرێ و ئاسانە، بۆ ئەویتریش ئەمە بەستراوە بەلوتف و چاوەدێری ئەووەوە».

- لە «بیجار» چەند کەسێک ئەچنەلای ئاخوندێک پێی ئەڵێن: قوربان کوڕەکەی مەشتی قولی ئیشی خراپ ئەکات. ئاخوند ئەڵێ: یەکێ بەچەند ئەدا؟ ئەڵێن: یەکێ بەپێنج تمەن. ئەڵێ: ئای، ئای گرانە حەرامە.

- شەکەت بەگ گێڕایەوە وتی:
لە «قەسری شیرین» ئاخوندێکی پیری نوورانی ڕوو لەحوسوینیە وەعزی ئەدا و ئەیوت: «ئەی کوڕەلە ڕای چە سەر ڕێگا لەو دوتگەلە گرن کە ڕای مەدرسەچن؟ یەکارە، کارێکی فرەخراوە. بەگشتی ڕای کوس نییە؟ خالۆ کێرمە ناو کوس یەڕا واە ڕاکەن؟»

- مەهدی عەزیزخۆشناو گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لەگوندێکی ئەو خۆشناوەتیە کوڕێک دڵی ئەچێ لەکچێک بەم بەیتانەی خوارەوە ستایشی ئەکا و ئەڵێ:

ئەو حەزیزێ من دەیرێم
ئەو دۆستەکەم کەدەیرێم
کە شەدەی لەسەر نایە
کەلێی دەدا «قووڕابە»
چەند دەرویشی دێنە جێ
دەڕوا «کەشکۆری» نابە
چەند «مەڕا» ی سەر دەرسان
حەرفەکیان وەبیر نەمان
چەند حاکمی سەر تەختان
هەموو ژنیان تەراق دان
سورتان رەشاد دەی هەنارد
لۆیان بەخەرات دەنارد

کوڕە پاش ماوەیک ئەنێرێ بۆ خوازبێنی کچەکەو کچەشووی پێ ناکات. ئەمجا لێی بازگەشت ئەبێتەوە و بەمجۆرەی خوارەوە باسی ئەکا:

کەپووت «هێرانە» قورتی
تارە بنیشتی تێدایە
گێت مراکی سەپانان
هێستر لەقەی لێدایە
بژانگت کرکی کەرێ
تاق و جووت ڕاوەستاوە
ددانت خاکەناسە
لۆ قۆرتێ چا کرایە
پەرچەم پەرکی کفرییە
بزنان دەورە لێدایە
کەزیت پەرکی کارییە
دەریخێ وەردرایە
ڕوومەت پەرکی شفتیە
مریشکیان دندوک لێدایە
بەژنت چەندە برندە
هورگ پاری وێدایە
سوندەکی مەحکەم دەخۆم
سەد «گوجیر» ی تێدایە
قونت تۆقەرەی ئاش
نۆ «حەربە»ی زەرەردایە

- هەر مەهدی گێڕایەوە وتی:

پیاوێک هەبوو لەو وڵاتە «لەشکری» ناو بوو. ژنەکەی بڕیاری لەگەڵدا کە ئەو شەوە بکەن بە جەژن و بەوە پێنج هەرامان بکەن. پیاوەش وتی ئەمری خواو رەزای هەقە، کابرا خوا یاریدەی ئەدا لەباتی پێنجان هەرامە ئەکا بەشەش. ژنە ئەمەی پێخۆش ئەبێ و ئەڵێ: «لەشکری خۆش لەشکری قەولمان پێنج بوو، ئەو شەش کری تفاقا ماڵا خۆش کری».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- مەلا سەعیدێکی ئیبن عەباسی هەبوو، بەڕواڵەت و سەرو ریش پیاوێکی نایاب بوو، بەڵام هەندێ شت ئینسان لەدەست خۆیا نییەو پیاو لەخشتە ئەبا.

جا ڕۆژێک ئەم مەلا سەعیدە لەحوجرەکەی خۆیا لە «سەقز» خەریکی کوڕێک ئەبێ کتوپڕ کابرایەک دەرگای حوجرە ئەکاتەوەو ئەچێت بەسەر ئەو ئیشەدا. مەلا سەعید ئەڵێ: برام چیت ئەوێ؟ کابرا ئەڵێ: قوربان! هیچ ئەمویست شوێنێکم دەست کەوێ دوو رکات نوێژی تیا بکەم. مەلا سەعیدیش ئەڵێ: «کابرا تۆ کوێری، ئێرە کەی شوێنی ئەوەیە؟ نابینی لەبەر تەنگی شوێنەکە ئێمە دوو بەدوو سواری یەکبووین.

- مەلا سمایل هەبوو خەڵکی سلێمانی و گەڕەکی کانیسکان بوو؛ مەلای دێی «زێویە»ی بناری لای پیرەمەگرون بوو. بەڵام ئەم مەلا سمایلە خووی پێوەگرتبوو عەرەقی ئەخواردەوەو سەرخۆش ئەبوو.

ئێوارەیێک لەزێویە پێش نوێژی ئەکا و بەچەقەنە لێدان. خەڵکەکەش هیچ، چی بڵێن. لەپاشا لێی ئەپرسن مامۆستا ئەوە چی بوو؟ ئەویش ئەڵێ: حەدیسی شەریف ئەفەرموێ «من لم یقرب بالچەقەنە تتهدم تەکیەڕووتە»؛ واتە ئەگەر یەکێ «پڵ» لێ نەداو نەیتەقێنێ تەکیەڕووتە ئەڕووخێ. (تەکیەڕووتەش مزگەوتێکە لەناو شاری سلێمانی)

- هەرئەم مەلا سمایلە ڕێی ئەکەوێتە ئەو ولاتی «زینوێ شێخی»یە زۆری برسی ئەبێ، ڕوو ئەکاتە «هۆبە»یەکی بۆلی. لەوێ ئەبیستێ کە سەرکۆمارەکە نەخۆشە. ئەچێتە ماڵی ئەوان و ئەڵێ: من حەکیمم. زۆر بەدەوریا دێن و خزمەتی ئەکەن، پێی ئەڵێن چارێکی ئەم نەخۆشەمان بۆ بکە. ئەویش ئەڵێ: ئاخر منیش بۆ ئەوە هاتووم.

دنیا ئێوارە وەخت ئەبێ ئەڵێ: دەستە بەرەیەک نان لەگەڵ کاسەیێک هەنگووین بێنن. ئەوانیش ئەیهێنن. پارو پارو نان ئەکا بە هەنگووین و کەرەکەدا و ئەیهێنێ بەدەوری سەری کابراداو ئەیخوا و ئەڵێ: «قەزا وەگێڕ وسەدەقەی سەری ئەوبێ!» بەم جۆرە ئەکا تا تێر ئەخوا پاشان ئەڵێ: ئەمڕۆ دەرمان کردن بەسە.

کە ئەکەونە بەیانی کابرا ئەمرێ. ئەڵێن: خۆ نەخۆشەکە مرد؟ ئەڵێ: «ئەگەر من ئەوەم نەکردایە لەپێش ئەوا من دەمردم».

- کابرایەک لەو «ئالانە» باخێکی هەبوو؛ باخەکە چەند دارگوێزێکی تێدابوو. کابرا ڕۆژێک سەیری کرد توێکڵە گوێزێکی زۆر کەوتووە، بەڵام کەم بونەوەی گوێزەکە لەچاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تویکلەکە گەلێ زیاترە. بۆی دەرکەوت کە ئەمە ورچ پێی فێر بووە، بەتایبەتی کە گوو ورچی لەناو باخەکەدا بەرچاو کەوت ئیتر هیچ گومانی نەما.

چوو چەند کەسێکی هێنا و خۆیان لێیداگرت. شەوێک سەیر ئەکەن ئەوا ورچێک بەسەر دارگوێزەکەوە خۆی مات داوە، دەرویشێکیش لەولاوە کۆلێکی باشی داگرتووەو داینـاوە. مانگەشەوە بۆیان دەرکەوت وەکوو چۆن ورچە فێر بووە دەرویشەکەیش بەوجۆرە هەر فێر بووە. دەرویشیان گرت و دەستیان کرد بەلێدانی کام لات دیشێ؛ جا دەرویشەکە ئەیوت: «ئاخر مووسڵمانەکان، تۆزێ رەحمتان هەبێ من لەو ورچە کەمترم وا لەمن ئەدەن و لەو نادەن». کابرای خاوەن باخیش ئەیوت: «باوەحیزە! ورچە فەقیرەکە ئەخوات و ئەڕیت، تۆ ئەخۆیت و ئەبەیت».

- لەو ولاتی «کۆیە» کوێخا حەوێزی شاخەپیسکە هەبوو، رۆژێک هەروا پاش عەسرێک لەگەڵ مەلای گوندەکەدا -کە مەلا نەبی ناو ئەبێ و گوندەکەش «شاخەپیسکە» ئەبێ- دائەنیشن و لە هەموو سوچێکەوە قسە ئەکەن. بێ تاقەت ئەبن و دێنە سەر ئەوە ئەڵێن با ژنی پاک و پیس لێک بکەینەوە.

کوێخا حەوێز ئەڵێ: مەلا نەبی چاڵێکی بچکۆلە لەبەردەمی خۆت هەڵکەنە و هەندێ وردە بەرد بگرە بەدەستەوە. من هەر ژنێکی خراپم پێ وتی، تۆ بەردیک بخەرە چاڵەکەوەو ئاوای کە، هەر ژنێکی چاکیشم پێ وتی لەباتی ئەویش بەردیک لەم لاوە دانێ. لەپاشا ئەیانژمێرین بزانین پاک زۆرترە یا پیس. مەلا نەبیش ئەڵێ باشە.

چاڵ و بەرد ئامادە ئەکەن و ئەکەونە هەڵدان. کوێخا حەوێز ئەڵێ: ئایشەو فاتمە پاک بووە، دوو بەرد لەو لاوە دانێ. مەلا نەبی دایئەنێ، پوورە خەجێ خراپ بوو، بەردیک ئاوا کەرە چاڵەکەوە. پیرۆزی خوشکم خراپ بوو بەردیک ئاوا کە. دایکم باش بوو بەردیک لەو لاوە دانێ. باج گوڵە خراپ بوو بەردیک ئاوا کەرە چاڵەکەوە. سەرە دێتە سەر دایکی مەلا نەبی، ئەڵێ: دایکت خراپ بوو بەردیک ئاواکە. مەلا نەبی ئەڵێ: کوێخا حەوێز! دایکی من! چۆن وا ئەڵێی؟ ئافرەتێکی چاک بوو. کوێخا حەوێز ئەڵێ: ئاواکە پێت ئەڵێم ئاوای کە. مەلا نەبی ئەڵێ و کوێخاحەوێز ئەڵێ، لەئەنجاما کوێخا حەوێز ئەڵێ: «مەلا ئاوای کە هەر خۆم سێ جارم وا لێکردوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- پیاوێک هەبو لەسلێمانی «ئەحەی نازێ»یان پێ ئەوت. دوکانی کەوچک فرۆشی هەبوو لەمەیدانی ماست فرۆشەکان. دراوسێ دوکانێکی هەبوو تەنەکەچی بوو.

ڕۆژێک لەگەڵ کابرای تەنەکەچیدا ئەبێ بەشەڕیان، تەنەکەچی پێی ئەڵێ: ئەتکوژم و هەر تەنەکە ئەدەم لەخوێنتا. ئەحەش ئەڵێ: خەڵکینە! سەیری ئەم کابرایە ناکەن، ئەو ساڵە مانگ گیرابوو ئەم لەباتی تەنەکە لەقووزی دایکی ئەدا؛ کەچی ئێستە ئەڵێ ئەتکوژم و تەنەکە ئەدەم لەخوێنتا.

- پیاوێک هەبوو لەو سەرە کچێکی هەبوو «مریەم»ی ناو بوو. هەموو جار لەبەر چاوی خەڵکەوە بانگی لێ ئەکرد «مریەمە». ئەمەش بۆ ئەوە کە بەخەڵکەکە بسەلمێنێ ئەم خوێندەوارەو ئەو عالەمە کە ئەڵێن مریەم غەلەتە؛ ئەبێ مریەمە بێ، چونکە مێیە. لەباوەڕی ئەوا «مریەم» ئەبێ بۆ کوڕ بێ و مریەمە بۆکچ.

- گۆرانی کۆنی شارەزوور بەبالای نازداراندا:

ئەوا بەهارە عێل بەرەو خوارە — نازدار دەستیان گرت چوون بۆ تەپالە
ئەو دەشتە پریە تەپالە وشکە — زێری تەپالە مارو دووپشکە
دەستێکی برد بۆ هەوەڵ تەپالە — شەقەی لێ هەڵسان لەو پەنجەو خالە
یەک گل زیرانی، دوو گل زیرانی — چاوی هەڵتەکان لە هاورێکانی
لێ گلێر بوونەوە وەک هۆری بەهەشت — شەوقیان بڕیبوو لەدەرو لەدەشت
کەپرێکیان بۆ بەست بەدڵ و بەگیانی — چەپ چەپ رەیحانە نایان لەبانی
شەش کیسە خەنە بۆ گلەبانی — دوو سەلک سابون بۆ سواغ دانی

- مەلا حەسەنی شاتری بۆی گێڕامەوە وتی:

حسێنی نادر هەبوو لە «مەستەکان» نوێژی ئەکرد، وتم نوێژ ئەزانی؟ وتی: ئای گووی تۆی لێ نەوارێ چۆن نایزانم؟ تەنها باوەحیزەکە نەوێ. وتم ئەوەچییە؟ وتی: «کورە نازانم شاتمانە، ماتمانە؟ نازانم چییە!» وتم: ئەی پێغەمبەر ناوی چییە؟ وتی: «بەخوا کاوراێکی شێتی. وائەزانی نایزانم؟ حەمەی ئەولای خالە مستەفا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- هەورامیەک لە هەورامیەکی ئاوەڵی ئەپرسی: ئاخۆ رەزا شا چێش مەوەرۆ؟ ئەویش ئەڵێ: «چێش مەوەرۆ؟ سەروپێ مەوەرۆ».

- کابرایەکی یۆسۆجانی کە ئەچێ بۆ کوێستان، لەو بناری «بانە»یە گاییک بار ئەکا لە «جەوت»و ئەیباتەوە. لەڕێگادا کابرایەکی تووش ئەبێ ئەڵێ بارەکەت چیە؟ ئەویش ئەڵێ: «برا جەوتە! جەوتە، ئازاجەوتە، تاڵەجەوتە، جەوتی کونە، جەوتی مەشکە، جەوتی گاووس، قەسقەوانە، هەزار خێری خواس».

- لەو خۆشناوەتیە جارێک مریشکێک ئەچێتە دیوەخانی میرەوە. میر هەرکشەی لێ ئەکا و نارِوا. یەکێک لەخولامەکانی میر لەوێ ئەبێ و هەر هەڵئەستێ شەقێک لەمریشک هەڵئەدا و ئەڵێ: «دایێ ما خۆت بگێم، میر بەزمانا خۆی سێ جاران فەرمووی کشە چما نارِۆی بەخودای ئەگەر من باما هەر دەتولامەوە».

- ئۆف دڵداری، ئاخ دڵداری، یادت بەخێر دڵداری!

لەو خۆشناوەتیە ئەیانەوێ ئێستر دروست بکەن، ئەمەش ئەبێ نێرەکەر ببێ بەزاوا و ماین بەبووک، تا تاقانەیک پەیدا ببێ و ناوی بنێن ئێستری نێرەمووک.

باجی ماین هەر چەند خۆی لەنێرەکەر لۆتی هەڵبسوێ شاپلیتە لە شوێنی خۆی نابزوێ؛ ناچار ماکەرێکی تازە لە بەهاری ماکەریدا ئەخەنە پێش. نێرەکەروسەڵتەنە کەچاوی بەدۆستی دێرینەو هاوسەری گیانی بکەوێ بەم لادا لووشکەیەک و بەو لادا لووشکەیەک، حەیتە وەکو گورزی رۆستەم ئەکەوێتە جوولان. کە ئیتر ئامادەی کەوان کرا، خێرا ماکەر لادراو ماین لە شوێنی دانرا. حەیتە لە کارایە، گورز درزی دۆزیەوە، دەستەگوڵی بردەوە، ئاوی ژیان چووە زێی ماینی خۆشناوان، ماکەری بەسەزمان لەلاوە گوێ بەقەنگە لاشکی گوێ سەربان؛ چونکە لەو رِەق کراو لە یەکێکی‌ترخرا. تاقانەی باوک و دایک پەیدا بوو، ناو نرا ئێستری بەچکە کەری لەماین بوو خوا یەکەو نەبووە بەدوو، ئەمەیە حاڵی کەر و یابوو. ئەمجا زەماوەندە و زوورِنا و دەهۆڵ لەخۆشناوان، لەدەشت و دۆڵ، ماخۆ چما گوڵ رەپ ئەکا؟ لەئاش و زورگ خۆ دەر دەکا. رادەکێشێ و ئەسپینداری، ئاخۆ دەیبا لۆ ناو شارێ؟ کە لێی پرسی بابات کێیە؟ دەرێ دایکم ماینی شێیە.

ئۆف دڵداری! ئاخ دڵداری! یادت بەخێر دڵداری!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەک هەبوو لە «سەی ساق» دۆم بوو. ژنێکی هەبوو هەر جارە کە لێی توورە ئەبوو بەو هەمانەیە -کەشوێنی شتوومەکەکەی بوو- دەستی ئەکرد بەلێدانی. ژنە زیرەی ئەچوو بەئاسمانا و هەر هاواری ئەکرد، وەکو تەرزە فرمێسک بەچاویا ئەهاتە خوارەوە. خەڵکوخوا ئەچوون بە سەریا و دەستیان ئەکرد بە لۆمەکردنی ژنەکەو ئەیانوت: کچێ خوا بتگرێ! هەمانەیەکی بۆش و خاڵی چیە وا تۆ ئەوەندە لەبەری ئەکەویتە هاوار هاوارەوە. ئەویش ئەیوت: «کورە من مشتووی ناو هەمانەکە کوشتوومی! توومەس ئەمە کابرا مشتووەکەی ئەخستە ناو هەمانەکەوە، بەوە لێی ئەدا لەخەڵکیش وایە ئەمە هەمانەیەکی بۆشە؛ بەڵام هەر ژنەکە دەردی ئەزانی و ئەیزانی چی تیایە؟

- حەمەی مەلا کەریم بۆی گێڕامەوە وتی:
کابرایەکی هەورامی لەلای شێخ، گوێز ئەژمیرێ. خەڵکێکی زۆریش لەوێ دانیشتبون کە ئەگاتە هەزار ئەڵێ: «ئینە هەزار». کتوپڕ لەو کاتەدا- بلامانی- تڕێک ئەکەنێ. مەلاحسێنی مەلا قادری بیارەش لەوێ ئەبێ هەر خێرا ئەڵێ: «ئینە هەزار و یوێ».

- کابرایەکی هەورامی کەرێکی هەبوو، بار و شتی بۆ نەئەبرد چوو بۆ لای شێخ دەردە دڵی کەرەکەی لا ئەکرد. ڕووی کردە شێخ و ئەیوت: «یا شێخ! تۆ هەرە بێ بارە نەبەری. یا شێخ! تۆ هەرە بی یەوە نەوەری؛ یاشێخ! تۆ هەرەبی فرمانە نەکەری؛ یا شێخ! مەزانۆ تۆ چێشەنی؟» شێخیش هیچ دەنگی نەئەکرد.

- مەلایێک هەبوو لەو هەوامانە لە «نەروێ» فەقێیەکی «دۆڵاو»ی لەلا بوو، دەرسی پێ ئەوت. فەقێ کە زۆر ناتێگەیشتوو بوو، مەلاێ بەجارێ توورەو وەڕەز کردبوو. مەلا ڕۆژێک لەسەر دەرسەکە گەیشتە تینی و کتێبەکەی فڕی دایە سەر سنگی فەقێیەکەو وتی: بڕۆ ئیتر من تاقەتی دەرسی تۆم نییە. فەقێش لەلەش و باردا گەلێ لەمەلاکە زلتر بوو. ئەمەی پێ ناخۆش بوو، بەتایبەتی هەندێکی تریش لەکۆڕەکەدا بوون گوێیان ئەگرت. ڕووی کردە مەلاو وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



«ئانە چێش مەکەری؟ جە ویرت مەیۆ شەوو لەیلەت لبارحەی لوایمی پەی سەر قەتوو توفاحی. ئەگەر من نەبیەنی بەعەسای مەنحەنیوالراسەوی پالیلە "عقر فوقی" ئەکلش کەرینی، ئێستە زەهرت دان جداریەوی، ماچی وەڵلا لاتفرء عندی درس؟»

- کابرایەکی «بێ سەری» تازە ژنی هێنابوو، شەوێ چووە لای ژنەکەی. ژنەخۆی نەئەدا بەدەستەوە. کابرا زۆر خەریک بوو ژنە ملی نەئەهێنایە بەر بار. لەئاخرا ڕووی کردە ژنەو وتی: «کەنیشکە وازم لێ بێرانەو خۆت بدە بە دەستەوە. وەو شێخ کەریمە ـ ڕۆحم وەقوروانی بێ ـ ئەگەر بوی وەشێخ کەریمیشەوە هەر ئەتگێم».

- کوڕەکەی کەمال بۆی گێڕامەوە وتی:

شاگردی وەستا بووم لە «کۆیە» وەستام پێی وتم: ئا کوڕم! بچۆرەوە بۆ ماڵەوە بزانە چیان ئەوێ بۆیان بکڕەو بۆیان بەرەوە. منیش چووم و بە وەستا ژنم وت: ئەویش وتی: کوڕم ئەمەوێ بۆ ئەم نیوەڕۆیە یاپراخ بکەم، بچۆ هەندێ کەرەستەی یاپراخمان بۆ بێنەوە. منیش بە فڕەکانێ هاتمەوەو بەوەستام وت. وەستاشم وتی: کوڕم بچۆ بۆیان بکڕەو بۆیان بەرەوە. چووم خێرا کڕیم و بردمەوە. وەستا ژنم خەریکی قاپ و قاچاخ شتن بوو، دامێ و گەڕامەوە. پێی وتم کوڕم تۆیش بۆ قاوەڵتی وەرەوە لەگەڵ مناڵەکان نان بخۆ. هاتمەوە بۆ دوکان بۆ لای وەستام.

نیوەڕۆ بەسەعاتێ پێش وادە چوومەوە سەیرم کرد وەستا ژنم مەنجەڵە یاپراخی خستۆتە سەر ئاگر و چەند بەردێکی خستۆتە سەری بۆ ئەوەی تێک نەچێ، لەو لاشەوە دەوری و فەخفووریەکانی هەموو شتوەو لەناو سینیەکا دایناون و ناو ماڵەکەش گەسک دراوە و هەموو شت لەشوێنی خۆیایە.

لەم کاتەدا «حسام»ی کوڕی هاتەوەو وتی: دایە! برسیمە نانم بۆ تێکە. دایکیشی وتی: گیانی دایکی تۆزێ ڕاوەستە هێشتا یاپراخەکە نەکولاوە، با بکوڵی بۆت تێ ئەکەم. ئەویش وتی: برسیمە ڕاناوەستم، هەر ئێستە بۆم تێکە. دایکی وتی کوڕم پەلە مەکە با بکوڵی بۆت تێ ئەکەم.

لەسەر ئەمە ئەم هەر ئەڵێ و دایکیشی ئەڵێ نەکولاوە تۆزێ ڕاوەستە. بوو بەدەمە قاڵەیان، دایکی وتی: دە بڕۆ ملت بشکێ ئێستا نەکولاوە. هەر کە دایکی ئەمەی وت حیسام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نەیکردە نامەردی سینیە فەخفووری هەڵگرت و دای بەعەرزا هەمووی ورد و هەراش کرد بەسەریەکا.

لەم کاتەدا کاک سابیری برای حیسام هاتەوە کەسەیری کردماڵەکە شڵەژاوەو لەدایکی پرسی ئەمە چییەو چوو بەلای ڕادیۆنەکەوە. دایکیشی کارەساتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەمیش لەمە تووڕەتر بوو، هەر هەڵیگرتە ڕادیۆنو دای بەزەویدا و شکاندی وتی:

دیارە ئەم هەتیوەی برام شێتە.

پاش ماوەیەک وەستام هاتەوە بەسەراو ئەمیش پرسی ئەم هەرایە چییە؟ وەستا ژنم کارەساتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش سەعاتەکەی لەگیرفانی دەرهێنا و دایە بەر ڕۆژەکەو سەیری کرد وتی: خۆ هێشتا نیوسەعاتی ئەوێ بۆ نیوەڕۆ. دەستی کرد بەجنێودان بەمناڵەکان و ئەمیش لە رقانا سەعاتەکەی هەڵگرت و دای بەدیوارەکەدا، سەعات هەراش هەراش بوو.

وەستا ژن -یاحەلیم -یشم- کە ئەمەی دی سەرسام بوو، لەبەر خۆیەوە وتی بۆم دەرکەوت کە ئێوە هەمووتان شێتن. نەیکردە نامەردی مەنجەڵە یاپراخی هەڵگرت و قلپی کردەوە ناو حەوزەکە. هەر من مامەوە، منیش لەداخی ئەمانەو لە داخی برسییێتی دەستم کرد بەسووڕان و چەقەنە لێدان و هاتمەدەرەوە.

- سەی عەبدوڵلای شێخولئیسلامی هەبوو لە «سنە» پیاوێکی ئێجگار بەدین و لەخوا ترس بوو، دەستی مەلایەتیشی هەبوو. سوورەتی «الکهف»ی لە قورئان لەبەر کردبوو. بەرۆژی هەینیان لەبەر وێلی ئایینی ئەخوێند.

ڕۆژێکی جومعە، لەگەڵ دەستەیە مەلاو فەقێی سنەدا ئەچن بۆ «سەرنوێ» بۆ سەیران. ئەم تەریک لەخەڵکەکە لەپێشەوە بەڕێگادا ئەڕواو لەسەر عادەتەکەی خۆی سوورەتی «الکهف» ئەخوێنێ.

لەو سوورەتەدا لە دوو شوێنا ئاخری دوو ئایەت هەیە، پێشینەکەیان «سربا» پاشینەکەیان «عجبا» یە. ماوەی بەینی ئەم دوو ئایەتەش زۆر نیە. ئەو کە تووشی ئایەتی یەکەمین ئەبێ لە باتی ئەوە بڵێ: «سربا» ئەڵێ «عجبا» کە ئەگاتە ئایەتی دووەم بەتەواوی بۆی دەرئەکەوێ کە شوێنی عجبا ئێرەیەو ئەزانێ لە ئەوی پێشوودا غەڵەتی کردوە.

لێرەدا لەگەڵ ئەوەشا کە ئەزانێ شوێنی «عجبا»یەو هەر ئەڵێ «سربا». لایەک ئەکاتەوە بە دوای خۆیا و ئەڵێ: «مەردمگەل! بەشایەت بن ئەم سربای ئەگەر لە جیاتی عجبا بگردکە، ئەوەی ئەینە چ لەجیاتی ئەگرەسە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حاجی مەلاڕەحمانی شەرەفکەندی پیاوێکی دانسقەو وەکوو بڵێت هەر بۆ قسەی قوت داتاشرابوو. هەژار گێڕایەوە وتی:
حاجی مەلاڕەحمان ڕۆژێک لەبەر دیواری مزگەوت لەگەل چەند کەسێکا لەبەر بەرۆچکە دانیشتبون، خۆیان دابوە هەتاوەکە کەریمی فەقێ رەسوول هەبوو لەولاوە بە بۆڵەبۆڵ و جنێودان هاتە ناو خەڵکەکەوە. حاجی مەلا پرسی: ها! مام کەریم! خێرە ئەوە چیت لێ قەوماوە؟ گوتی: کورە وەرە لە داخان مەمرە. داوای قەرزی خۆم ئەکەمەوە لەسەعیدی مام عەدێ، کەچی ترێکم بە «پەنا بادیک» بۆ ناکەنێ. حاجی مەلاش لەسەرخۆ وتی: «جا بابەلێ ئەگەر زۆرت پێ لازمە بۆی بکە بەدوازدە شایی[٤]».

- شێخ عەزیز بۆی گێڕامەوە وتی:
ساڵێک مافەتەیەک لەعێراق کەوتبووەوە، باو باوی «بژی بژی» و چەپڵەبوو. خەڵک ئەیاندا لەچەپڵەو ئەیانوت: «بژی گەل، ڕۆڵەی گەل عەبدولکەریم قاسم». بەم هۆیەوە کاروباری عیراق بەتەواوی تێکچوو بوو.
دوو پیاوی پەرپووتی هەژار بوون لە هەولێر یەکێکیان ناوی «پیرداود» ئەویکەیان «مارفەشەل»یان پێ ئەوت. ئەمانە لە ولاتی هەولێر ببون بەپێشرەوی عالەمەکە. ڕۆژ ببوو بەڕۆژی ئەوان.
دەستەیەکی‌تر کە ئەو ڕۆژانە جەوری لێکردبون، ئەمەیان بۆ پیرداود و مارفەشەل هەڵبەستبوو، ئەیانووت:
بژی گەل، ڕۆڵەی گەل، پیرداود و مارفەشەل

- کابرایەکی سنەیی ئەچێ بۆ مەریوان. لەمەریوان زۆرتر هەر نانی هەرزنە. کابرا لە هەرزن بەولاوە نانی‌تری دەست ناکەوێ بیخوا. خواردنی هەرزنیش لەسەر پێشاو دەرچونی هەر بۆنیە.

---

٤- ئەمە حیسابێکی پارەی ئێرانییە دەوری قاجاری بوو. قەران بیست شایی بوو، «پەنا بادیک» نیو قەران بوو. لەباتی ئەوە بووترایە دە شایی، ئەوترا پەنادیک.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کابراش کەفێر نەبووە، کە ئەچێتە سەرپێشاو هەر ئەنقێنێ و هەر چەندە تین ئەداتە بەرخۆی هیچ کەڵکێکی ناداو زۆریش بۆ تۆزێ گووکردن نارەحەت ئەبێ. لای ئەوانیش بە هەرزن ئەڵێن «گاڵ». جا هەر لەسەر پێشاوەکە ئەنقێنێ و ئەڵێ:

«گاڵەگیان! بەقوربانت بم من مەریوانی نیم، خەڵکی شارم بەمیوانی ڕێگام کفتگەسە ئیرە. هەرچکێ سەر بێرانە دەرەوە، ئیتر ناوخۆم. گاڵەگیان گووی باوکم ئەخۆم و تۆ ناخۆم. حەفجار بیم بەدەورتا هەر چکێ بێرە دەرەوە».

## لەباخی گوڵێک

– کابرایەکی کورد گایێکی لێ ون ببوو. ڕۆژێک لەسلێمانی بەگەڕەکی «هۆڵێ»دا تێپەڕیم تووشی مناڵێکی هەشت نۆ ساڵان بووم حەڵوای ئەفرۆشت. سەیرم کرد ئەم مناڵە مناڵێکی‌تری گرتووەو قسەی بۆ ئەکا ئەڵێ: ئەو کابرایەکە گاکەی لێ ون بووبوو، هات بەلامەوە پێی وتم: «کوڕەکە حەڵوایێک و دوو ڕەقیتە نادەی وەدوو فلس؟ ئەری گایێکی بازگت نەدیگە؟»

ژیری مناڵەکەو فیکر کردنەوەی لەم قسەیە گەلێ بەلامەوە جوانتر بوو لەقسەی کابرا کە کردبووی.

– کابرایەکی خۆشناوی ڕێی ئەکەوێتە ئەو ولاتی خوارە. دار خورما ئەبینێ کە هێشووی خورمای پیا شۆڕ بۆەتەوە. ئەمیش زۆر دڵی بەو خورماوەیە دەستیشی نایگاتێ. هەر لەبنەکەیا ڕائەوەستێ و سەری بۆ بەرز ئەکاتەوە و دەمی بۆ ئەتەقێنێ و ئەڵێ: «دەک لەبەرت مرم خورمێ».

– دوو کابرای هاوڕێ قسەیان کردبوو بەیەک کە چوونە هەر شوێنێک یەکێکیان درۆ بکا و ئەوەیکەیان پینەی بکا. ئەمەیانە کردبوو بەسەرمایەی ژیان و بەڕێوەچوونیان. ڕۆژێک لە دیوەخانێکا دانیشتبون درۆزنەکە وتی: «ئەرێ کوڕینە! من ئێمڕۆ گوێم لێبوو سەگێک لە ئاسمانەوە ئەیقووڕاند نەمزانی چیبوو؟» ئەوی کەشیان وتی: «چ قەیدی هەیە بەڵکوو توتەڵە سەگ بوبێت و قەلەڕەش بردبێتی بەئاسمانا». کە لەدیوەخانەکە هاتنە دەرەوە پینەکەرەکە بەدرۆزنەکەی وت: «ماڵ کاوڵ تۆ درۆی عەرزی بکە، هی عاسمانیم بۆ پینەناکرێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ژنێک منالێکی هەبوو میزی ئەکرد بەخۆیا، پێیان وت بیبەرە سەرشەخس چاک ئەبێتەوە. کە بردیە سەر شەخس و هێنایەوە ئەمجا گوویشی ئەکرد بەخۆیا.

- ستاری حاجی جەبار هەبوو لەکفری لێیان ئەپرسی چۆنی؟ ئەیوت: بچن لە «جەمە»ی ژنم بپرسن.

- ژن و مێردێک قسەیان گیرایە یەک، ئەگەر میردەکە من نەبووبم. ژنەکە وتی: من کە هاتمە لای تۆ وەکوو گوڵ وا بووم. میردەکە وتی: «من ئێستەش هەر وەکوو گوڵ وامە».

- کابرایەکی مەریوانی ئەچێ بۆ بناری بانە بۆ مازوو کردن؛ سەیر ئەکا وا دالاشێک دەست لە سەرشان کەروێشکێکی هێنا. ئەمیش خەپلەی هەرزنی ولاتی پێیە کە بەنۆردو و هێناویە بۆ ماوەی مازوو کردنەکە. پەلاماری خەپلەیەک ئەدات و ئەیگرێتە کەروێشک. خەپلە ئەدا لەگێپەرەی ملی کەروێشکێ ئەیخا. ئەمیش ئەچێ سەری ئەبڕی ئەیبرژێنێ و ئەیخوا. جا ئەم بەستەیە لەسەر شێوەی ولاتی «بانە» بەخەپلەکەدا ئەڵێ:
ماڵی بابم گێتلە قولە هەم تانجییەو هەم تولە هەم تیرە هەم کەوانە هەم نانی دەشتەوانە

- پیرەژنێکی خەڵکی سلێمانی ئەمانەی ئەوت:
چوومە ماڵی گاوەر، قولپە قولپی ساوەر چوومە ماڵی جولەکە قولپە قولپی کوولەکە
چوومە ماڵی ئەرمەنی قولپە قولپی سەمەنی چوومە ماڵی مووسڵمان دەنگی ئایەت و قورعان

- زیرەکیی زیرەکێک:
کابرایەکی «تلەزەیت»ی سێ بەسێ تەلاقی خواردبوو، بۆی چاک نەئەکرایەوە. ئەچێتە زەردیاوای قەرەداغ بۆ لای شێخ مستەفای شێخ نەجیب ئەو بۆی چاک ئەکاتەوە. کابرا کە تەلاقی بۆ چاک کرایەوە هەڵئەستی بگەڕێتەوە، بەلام هەقی تەلاق چاک کردنەوەکە دانانێ. شێخ مستەفا پێی ئەڵێ: کوا هەقی تەلاقەکە؟ ئەڵێ: یا شێخ! کە چوومەوە بۆت ئەنێرم. شێخ مستەفا دیسان سێ بەسێ تەلاقی پێ ئەخواتەوە کە تا دوو ڕۆژیتر هەقی تەلاقنامەکە بنێرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کوێخا قادر هەبوو خەڵکی «گراو»ی خۆشناو و پیاوێکی زۆ زۆر ئیختیار بوو. ئەیوت: «ئەگەر یەکێ بێەوێ لەکار و بارێکی دنیاییدا سەرکەوێ ئەبێ دوو شتی تێدا هەبێ: یەکەم ئەبێ چاکەی کەسی لەبەر چاو نەبێ؛ دووەم ئەبێ تەمەنێکی زۆر درێژی هەبێ».

- مەلا حسینێ مەلا قادری بیارە وتی:

ئا ئەم کوڕەم کە هەیە هەر لەمنالیەوە چەتوون بوو. حەزی لەدۆ کولیو زۆر ئەکردن، پێی ئەکوتا بەزەویدا بۆ دۆکولیو. ئێمەش ئەوەندەمان کردبوو لێی وەرەز بوو بووین. ڕۆژێک ئەوەندەگریابۆی وتم: بابە ڕۆژی چوار شەممە دۆ کولیو بکەن. کەوتە ڕۆژی چوارشەممەو دۆکولیو کراو نرایە بەر دەستی. ئەمجا دیسان دەستی کردەوە بەگریان و جووتە وەشاندن. وتمان ئێستە چیت ئەوێ؟ وتی: «ئەم دۆ کولیوە ناخۆم تا سوێندم بۆ نەخۆن کەسبەینێش هەر دۆ کولیو ئەکەن».

- کابرایەکی گەرووسی ئەچێتە «قوریچیا»ی لای «لەیلاخ» چاری نامێنێ ئەچێتە سەر بەردە نوێژەکانی مزگەوت نوێژ ئەکا. کابرای قوریچیایش خەریکی نوێژ کردن ئەبێ، کابرای گەرووسی «شیعە» ئەبێ و ئەم «سوننی». قوریچیاییەکە سەیر ئەکا کابرای گەرووسی لەئاخری نوێژەکەیا هەر دوو بەرە لەپی دەستی دوو سێجار ئەماڵێ بەسەر ڕانیا و بەم کردەوەیە لەنوێژ دەرئەچێ. کابرا لێی ئەپرسێ ئەوە بۆچ وا دەست ئەماڵی بەسەر ڕانتا؟ ئەویش ئەڵێ: «ئەوە یەعنی ئای لەو خیانەتە گەورەیە کەخەلافەت لە ئەمیر داگیر کراو درا بەئەبووبەکر».

ئەمجا ئەو لەم ئەپرسێ: ئەی تۆ بۆچ لە نوێژەکەتا لەکاتی شایەتیمانا ئەو پەنجەیەی دەستی ڕاستەت، ڕاست ئەکەیتەوە؟ ئەویش ئەڵێ: «ئەوە یانێ ئەو پەنجەمە بەقنگی دایکی درۆزن».

- حافزەکانی سلێمانی جاران کە لەمزگەوتی گەورە کۆ ئەبونەوە، کۆڕی سەیرسەیریان ئەگێڕا. ئەوانیش لەنێوانی خۆیانا مامۆستا و سوختەیان هەبوو.

لەناو ئەوانەدا مەلاحەسەنێکی بانەیی هەبوو، ڕۆژێک لەگەڵ مەلا برایمێکی تەوێڵەییدا ئەبێ بەشەڕیان. مەلا برایم بەهێزتر ئەبێ، مەلا حەسەن ئەنێتە ژێر. مەلاحەسەن لەژێرەوە گونی مەلا برایمی بەردەست ئەکەوێ و ئەیگرێ. بەڕاستی بێ هێزی ئەکاو باقە باقی پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەخا. لەوکاتەدا سوختەیەکی مەلاحەسەن ئەبێ «خولە»ی ناو ئەبێ ئەچێ بەسەر شەڕەکەدا و ئەمیش هەر چاوی نابینێ بانگ ئەکا مەلاحەسەن. مامۆستای ئەڵێ: [بەڵێ]. ئەڵێ: مامۆستا! لەسەرەوەی یا لەژێرەوەی؟ ئەڵێ حەسەنیش ئەڵێ: «رۆڵە هەر چەندە لەژێرەوەم بەلام وەکوو لەسەرەوە بم وامە».

– کابرایەک دوو پشک دابووی بەکێریەوە هەر هاواری ئەکرد کە دوو پشک پێوەی داوم، ئەیانوت داویە بەکوێتەوە؟ ئەیوت: «ناوتری».

– کابرایەکی سوورچی بانگیان کردبوو بۆ شایەتی لەسەر کابرایەکی سووچبار. کابرا لەلای مەلا وتی ئەمە بەشایەتی ناشێ؛ چونکە نازانێ فاتیحان بخوێنێ. مەلا بەکابرای شایەتی وت فاتیحە بخوێنە، لەڕاستیدا نەیزانی. مەلا وتی: ئەدی تۆ کوو نوێژان دەکەی؟ وتی: «سەیدا لەسەر بەردی دەزانم، لەسەرحەردی نازانم». ڕاست بوو کە ئەچووە سەر تاتە بەردەکان بەپوختی ئەیزانی.

– کابرایەکی «نەژمار»ی کەرێکی هەبوو بەلایەوە زۆر کەرێکی چاکو نایاب بوو. تەلاقی خواردبوو کەپێی نەڵێ «کەر»، هەر بەئێستری ناوی بەرێ. ڕۆژێک کەر لە ملی «ئەویهەنگ»دا مان ئەکا و ناڕوا. کابرا هەر چەندە بەدار دێتە ویزەی هیچ کەڵکی نابێ و لەشوێنی خۆی ناجوولێ. چاری نەمابوو ئەیوت: «سەگی سەگباب ئەگەر لەبەر تەلاقەکە نەبوایە ناوم نەهێنایت ئەگینا هەر هەویت».

– مەحمووبەگی ڕەزابەگی جاف لە «کەلار» فرە قسەقوت و قسە نەستەق بوو. لەکۆڕێکا قسە لەگیانلەبەرەکانەوە ئەکرا، وتیان کیسەڵ زۆر ئەژیت؛ سێ سەد ساڵ عومر ئەکا. مەحموو بەگ هەڵیدایە وتی: «دە باشە ئێستە با بیهێنن بیکەن بەمەلاک و بە "اقطاعی» -بە تەعبیری ئێستە- ئەو وەختە بتوانێ سێ ساڵ بژێت».

– مەلاحەمەمینە شێتە هەبوو لە سلێمانی قسەی سەیرسەیری هەبوو:

جارێک ئەچێتە چنگنیان بە بن دارگوێزێکی گەورەدا تێ ئەپەڕی. لەولای دارگوێزەکەوە بڕکە شووتیەک ئەبێ. بڕکەشووتی، شووتی وایگرتووە باوەشی پیا نایەتەوە. سەیری دارگوێزەکەش ئەکا گوێزی پێوەیە هەر یەکە بەقەدر گوێزێک. سەری سوور ئەمێنێ ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



«تەماشای ئەو ئەقڵە! ئەوە ئیشە؟ بڕکەشووتیەک بەو بچووکییە شووتیەکەی باوەشی پیا نایەتەوە؛ کەچی دارگوێزێک بەو گەورەییە ئەوە گوێزەکەیەتی هەر یەکە ئەوەندەی تۆزێکە».

لەو کاتەدا ئەو خەریکی ئەم گێژاوەیە گوێزێک لە دارەکە ئەکەوێتە خوارەوە ئەکەوێت بەسەر سەریا تەقەی دێ. دەست ئەبا بۆ سەرسەری و ئەڵێ: «بەخوا ئەو لەمن ئاقڵترە، ئەمە کە ئێستە ئەگەر شووتیەکە بوایە خۆ ئەیکوشتم».

لە هەموو ئەم قسانە مەبەستی خوا ئەبێ.

- سۆفی پیرۆت هەبوو خەڵکی ئەو بەرکێوە بوو. نانەکەیان هەرزن بوو. لێیان پرسی چیتان هەبوو؟ وتی: «کە چوومەوە دۆشاوی شووکێمان هەبوو. پیرەنانم تێوەژەند؛ کە بەرزم ئەکردەوە عاسمانە بچکۆلەی لێوە دیاربوو، کە ئەمخستە سەر زمانم ئەتوت خوڵای دەستی پێوە دەنێ».

مەبەستی تەنکی نانە هەرزنەکە بوو، ئەمەش خەریکی سەبیل تێکردن بوو هەر ئەیوت بەخوا خۆشبوو. پێیان وت چی خۆش بوو؟ ئەیوت لێمگەڕێن با سەبیلەکەم تێ کەم، کەسەبیلەکەی تێکرد و مژێکی لێدا بەو جۆرەی وت کە وتمان.

- لەو ناو جافەتیە دوو براو دوو خوشک چوارسەر مەڕیان ئەبێ. لەسەر بەشکردنەکەی رێ ناکەون. ئەیبەنە لای مەلا مۆمن بۆیان بەش کا. پێی ئەڵێن لێمان بەشکەو شتێکیش بۆ خۆت هەڵگرە؛ هەقی تەعوەکەت. ئەویش ئەڵێ: سێ بەسێ لێتان بەشکەم چۆنە؟ هەر لەگەڵ ناوی سێ بەسێ دێنێ زۆریان پێخۆش ئەبێ، ئەڵێن زۆر چاکە. روو ئەکاتە دوو براکەو ئەڵێ: «ئێوە دوو ئەوەش مەڕێک، ئەوەسێ». ڕوو ئەکاتە خوشکەکەو ئەڵێ: «ئێوەش دوو، ئەوە مەڕێک ئەوە سێ». ئەمجا بۆ خۆیشی ئەڵێ: «مەڕەکان دوو منیش یەک ئەوەسێ». بەمجۆرە بەشی ئەکاو ئەوانیش زۆر دوعای خێری بۆ ئەکەن و لێ ئەدەن ئەچنەوە هەر لایەکیان بە بەشە مەڕی خۆیانەوە.

- لە مفتی زەهاوی ئەگێڕنەوە ئەڵێن جارێک لە بەغدادا یەکێک چووە لێی پرسیوە -بەلام لەڕاستیدا ویستوویە بیشکێنێ- وتویە: «جەنابی مفتی! جارێ سەگێکم چاو پێ کەوت پەڕیە سەرمەڕێک. مەڕەکە گرتی و پاشان مەڕە زا. ئەوی لەو مەڕە بووە ئایا حەلاڵە یاحەرامە؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مفتی وتی: «ئەتوانی بەخواردن تاقی بکەیتەوە: ئەگەر گۆشتی خوارد ئەوە سەگەو ئەگەر گیای خوارد ئەوە مەڕە». کابرا وتی گۆشتیش ئەخوا و گیاش ئەخوا. مفتی وتی: بەئاو خواردنەوەیا تاقی بکەوە: ئەگەر بەزمان ئاوی ئەخواردەوە سەگە، ئەگەر بەلێوی هەڵی ئەلووشی مەڕە. کابرا وتی: هەندێ جار بەزمان و هەندی جار بەلێو ئاو ئەخواتەوە. مفتی وتی: بە ڕۆیشتنیا تاقی بکەوە: ئەگەر لەپێش وە یا لە ناوەڕاستی ڕانەکەوە ئەڕۆیشت مەڕە، ئەگەر لە دواشەوە ئەڕۆیشت سەگە. کابرا وتی: وا هەیە لەپێشیشەوە ئەڕواو لەدواشەوە ئەڕوا. مفتی وتی: بە دانیشتنا تاقی بکەوە، ئەگەر لەسەر سنگ ئەکەوێ مەڕە، ئەگەر جنکە ئەکا سەگە. کابرا وتی: بە هەر دوو بارا دائەنیشێ. مفتی وتی: کەواتە سەری بڕە ئەگەر ورگ (گەدەی) هەبوو مەڕە، ئەگەر ڕێخۆڵەی هەبوو سەگە.

- شەوێک دز ئەچێتە ماڵی فایەق بێکەس لە هەڵەبجە. دزە هەر چەندە ئەگەڕێ لەکاغەزە شڕە بەولاوە هیچی‌تری بەر پەل ناکەوێ. دزە هەر لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دێ. فایەقیش بەخەبەر ئەبێ هیچ دەنگ ناکا لەئاخرا قاقا دەست ئەکا بەپێکەنین. دزە ڕائەچەنێ و ئیش لە ئیش ئەترازێ. ناچار ئەڵێ: مردووت مرێ بەحاڵ و باڵی ماڵە جوانەکەت پێئەکەنی؟ بەچی پێ ئەکەنی؟ فایەقیش ئەڵێ: «مردووی خۆت مرێ! من بەئەقڵی تۆ پێ ئەکەنم ئەوەی کەمن بە ڕۆژی ڕووناک ناتوانم پەیدای کەم تۆ ئەتەوێ بەشەوی تاریک بیدۆزیتەوە؟ بڕۆ بەڕێ خۆتەوە». پاشان لێک ئاشکرا ئەبن و ئەبن بە دۆست.

- شێخ محەمەدی بەرزەنجی جارێک لە سلێمانی لەمزگەوتی گەورەدا وەعزی ئەدا. شێخ مەحموو و سەی نووری و عالەمێکی زۆری لێبوو. وەعزەکەی ئەو ڕۆژەی لەبابەت خراپی عەرەق خواردنەوە بوو، وتی: ئەو عالەمە چەند بێ ئەقڵن بۆ کەیف و خۆشی نیوسەعات ئەچن دەقەران ئەدۆڕێنن ئەیدەن بەقاپێ عەرەق قوزەڵقورتی ئەکەن. عزەتی فاتە لەکۆڕەکەدا بوو هەر کتوپڕ هەستا وتی: «دەسا یاشێخ! بەو مەرقەدی کاکە حەمەدە ئەگەر وا بێ چوار قەران خەڵەتاوی؛ قاپێ عەرەقی زۆر چاک بە ڕوپیەو نیوێکە». شێخ مەحموو و ئەوان هەموو دەست ئەکەن بەپێکەنین.

- عەلی ئەشرەفخان «ئەمیری موعیززی» گەڕووسی ئەبێ بەحاکمی «سنە». کە دێتە ئەوێ بە تەنهاو ڕووت و قوتی دێ. هەموو سامان و سەرمایەکەی فەرمانی قاجاریەکان بوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە کردبوویان بەحاکمی ئەوێ. لەپاش ماوەیەک ئەمیر موعێز سامان و داراییەکی زۆری پێکەوە نا وای لێهات لە وزە دەرچوو.

عنایت گەڕووسیش هەبوو ئەو هەر لە سنە دائەنیشتو بوو بوو بەدانیشتوانی ئەوێ؛ پیاوێکی دەوڵەمەند و خاوەن پارەبوو ئەیانوت «سوو» ئەخوا، ئەم سامانەی لەوەوە پەیدا کردبوو. ئێمە چیمان داوە بەسەر ئەمەوە کە ئەمیرموعێز دێ؛ ئەو گەڕووسی و ئەم گەڕووسی. عنایت ئەوەندەیتر باو پەیدا ئەکا، وا دیارە قسە لەسەر ئەمیرموعێز زۆر بوو. تەماعی هاتەجۆش گەڕووسیایەتی لە بیرچووەوە گەڕی بە عنایت گەڕووسیشدا ئاڵاند. هەر چیەکی هەبوو نەبوو لێی زەوت کرد. عنایت گەڕووسی کەوتە سەرساجیعەلی.

عنایت ڕۆژی ئەچێ بۆ لای ئەمیرموعێز لێ ئەپرسێ ها حاڵت چۆنە؟ عنایت بەناوی گەڕووسیایەتیەوە ئەڵێ: وەکوو دوێنێی تۆ وایە. ئەمیرموعێز ئەڵێ: دوێنێ من چۆن بووە؟ ئەڵێ: «وەکوو ئیمڕۆی من وا بوو». ئەمیرموعێز لەپێشا تووڕە بوو لەپاشا ئەویش گەڕووسیایەتی هاتە جۆش ماڵەکەی دایەوە.

دنیا زۆر سەیرە ئەم عنایت گەڕووسیە لەئاخرا ئاگر بەر بووە ماڵی و هەمووی سووتا. قوتابیەکانی مەدرەسەی «اتحاد» بەقسەی مەلاحەسەنی شەکیباو مامۆستاکانیتریان هروژمیان برد چون کوژاندیانەوە؛ ئەگەینا گەڕەکەکە ئاگری تێبەر ئەبوو.

- مەلا سمایلی کانێسکان جارێک لە کەرکووک یەکی لەگاورەکانی قەڵادۆستی ئەبێ، ئەچێتە لای. ئەویش پەرداخێ عەرەقی بۆ دێنێ و ئەیخواتەوە. هەر لەگەڵ ئەیخواتەوە ئەڵێ مەلاسمایل ئەزانی ئەمە عەرەق بوو؟ ئەڵێ چی؟ بە چیا ئەزانی عەرەقە. ئەڵێ: پیاوێکی ترکێفیم لایە ناردمە لای ئیسحاقەجوو هێنای.

مەلاسمایلیش ئەڵێ: «بەخوا کەرە! ئێمە کە لە موسڵمانەکان و عالمین، دێتە باسی ریوایەت کردنی حەدیس ئەڵێن ئیسحاقی ڕاهەوەی لە سووفیانی سەورو، ئەو لە ئەبووهورەیرەوە روایەتی کردووە؛ ئێمە لەو جۆرە پیاوانە هێشتا هەر گومانمان هەیە. کەچی ئێستە ئەم روایەتەم بۆ ئەکا گاورێک لە ترکێفیەکەوەو ئەو [لە] جوولەکەیەکەوە. بڕۆ بابە بڕۆ بەڕێی خۆتەوە تێکە پەرداخێکیتر».

- حەسەن بەگی جاف بۆی گێڕامەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەحمەدبەگی پاشا سەرو سەودایەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ خواردنەوەدا. مەلا کەریمی پۆلیس هەبوو لە هەلەبجە ئەچێتە لای پێی ئەڵێ: میرم! بەخزمەتی پێغەمبەر (د.خ) گەیشتم لە خەوا فەرمووی با ئەحمەدموختار عەرەق کەمتربخواتەوە.

ئەحمەدبەگیش ئەڵێ: دەسا وەڵلا مەلاکەریم درۆ ئەکەی. مەلاکەریمیش ئەڵێ چۆن میرم؟ ئەڵێ: «عەرەق کەم و زۆری حەرامە؛ پێغەمبەر چۆن ئەفەرمووی کەمتر بخواتەوە؟» مەلا کەریم ئیتر هیچی پێ نامێنێ.

– مەلایەک هەبوو مەلا حەسەنی خیندییان پێ ئەوت. هاتە لام وتی گوێم زۆر گران بووە بە زەحمەت گوێم لەشت ئەبێ. گوێ گران بوونەکەم قەیناکا بەڵام ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە خەڵک پێم ئەڵێن ئەمە لەبەر پیرییە. لەگەڵ ئەوەدا وانییە؛ چونکە زۆر کەسی‌تر هەیە لەمن پیرترە کەچی گوێیشی هیچ گران نەبووە. ئەترسم ئەم قسەی ئەوانە کار بکاتە سەر فرمانەکەم و بەر تەقاویتم خەن. منیش پێم وت: «گوێ مەدەرێ، گوێت لە هەموو شت ببێ تەنها قسەیە نەبێ کە ئەڵێن لەبەر پیری گوێت وای لێهاتووە». وتی باشە خوا دەوامت بدا.

– لەسنە وەستا فەتێ گوێزی هەشەمێزی ئەفرۆشت. «مەولوو» پیاوێکی هەژار و بێ پارە بوو، چەند جارێک بەبەر دوکانەکەی وەستا فەتێدا تێپەڕی. زۆر دڵی بەگوێزەوە بوو، بەڵام پارەی نەبوو بکڕێ. وەستا فەتێ زانی کە ئەم پیاوە زۆر دڵی بەگوێزەوەیە وتی باوکم وەرە ناو دوکانەکە. ئەوە چەکوش و بەرد بۆ خۆت تێر گوێز بشکێنەو بیخۆ. مەولوو چوو دەستی کرد بەگوێز شکاندن و تێری خواردو هەستا. وەستا فەتێ وتی: مەولوو ئەگەر پارەت نییە بمدەیتێ دوعایەکی خێرم بۆ بکە. مەولوویش وتی: «وەستا فەتێ ئەگەر تۆ کەڕیت گوێت لەم تەقەتەقە نییە، خوا کەڕ نییەو گوێی لێیە».

– ساڵێک لەسلێمانی بێ بارانیەکی خراپ دەستی پێکرد. خەڵکەکە کەوتنە نوێژەبارانەو چونە دەرەوە بۆ قەراخ شار. «ئەحەی جاو»یشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو. بۆ نوێژەبارانە مناڵ و پیرو حەیواناتیش ئەبەن. مناڵەکان لەپێشەوە بوون، ئەحەی جاو ئەپرسێ لەشێخ بابەعەلی کە ئەم مناڵانەی بۆچییە؟ شێخ بابەعەلیش ئەڵێ: ئەمانە مناڵ و بێ گوناحن دوعایان قەبوولە بەڵکوو بەدوعای ئەمانە خوا باران ببارێنێ. ئەحەی جاویش ئەڵێ: «یا شێخ بچۆ بەو لاوە ئەگەر بەدوعای ئەمانە بوایە تا ئێستە موعەلم و مامۆستایەک نەئەما لە سەر ئەرزا. بڕۆ با خۆمان بێ ئەقڵەکان بچین باشترە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لەوەختی خۆیا تەوفیق وەهبی کۆڕێکی دروست کردبوو لە بەغدا دەرزی کوردی بەو کەسانە ئەوت کە کوردی نازانن. یەکێ لەو کەسانە عەبدولمەجید ناوێک بوو کەپێیان ئەوت «ئەبوکەمال». ئەم ئەبووکەماڵە مودیری مەدرەسەو عەرەبییەکی باشی ئەزانی. لە ئابونەی دائمی بوو بۆ لای تەوفیق وەهبی؛ لە هەمان کاتا هات و چۆی دوکانەکەی وەستا بەشیریشی ئەکرد. لە هەموو ئەو ماوە دوورو درێژەی لای تەوفیق وەهبیدا چەند وشەیەکی وەکوو «بۆ پێشەوە، ترازا، ئەوەندەیتر، ترۆزێ، گۆپکە» فێر بوو بوو؛ بەڵام ئەیانیوت ئەیوت: «بوو بیشەوە، ترِئازا، ئەویندیترِ، ترِعۆزی، گووبکە». لەگەڵ ئەمانەشا هەندێ لە عەرەبییەکەی خۆیشی لەبیر چوو بووەوە.

ڕۆژێک بەم جۆرە کوردییە لە گەڵ وەستا بەشیرا قسەی ئەکرد. وەستا بەشیر لە وزەیا نەما وتی: «ئەبوکەمال هەستە بچۆرە لای وەهبی بەگ بڵێ وەهبی بەگ ئەوە کوردیەکەت و عەرەبیەکەی خۆم بدەرەوە».

- هەر ئەم وەستا بەشیرە کاتێ کە باسی بابەت و کتێبێک ئەکرا ئەویش بایەکی تێی ئەکەوت ڕووی ئەکردە ئەو کەسەو ئەیوت: «تۆ بینووسەو من تالیفی ئەکەم».

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

ساڵی ١٩٦٣ هەموو پێخۆری ناو شاری سلێمانی هاتبووە سەر ئەوە کە پیاوێکی هەژار هەبوو سەبەتەیەکی دابووە بن دەستی و بانگی ئەکرد: «پەلپینەی جوان و گەورەی گەلا پان. وەرن بیکڕن بیخۆن بەنانی دێمیلەی مەریوانەوە، زۆر بەلەزەتە».

- کاک ڕەشید باجەلان گێڕایەوە وتی:

شێخ محەمەدی شێخ عوسمان -هەزار ڕەحمەت لە قەبرەکەی بێ!- لەئاوی سیروانی دابوو، ئاوەکە بواری نەئەدا دەعباکەی کەوتبووە سەر ئاوەکە. دەروێشەکان دەستیان کرد بە هاوار هاوار، کەئای خوا ڕۆ کێری شێخ ئاو بردی. ئەویش بەدەم مەلەکردنەوە وتی: «خەم مەخۆن بنجی قایمە».

- کورد ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەماڵت لەسەر شیو بێ، نەژنت کچەتیو بێ، نەحاکمت هەتیوچەبێ.

- نەخۆشی جوانان وەک دلۆپەی باران وایە.

- پیاوێک هەبوو لە «سنە» «ئاسەی حەمەسن»ی ناو بوو. ژنێک هەبوو هەر لەوێ «خرتێ خانم»ی ناو بوو. ئاسەی حەمەسن ژنی زۆری هێنابوون. ڕۆژێک ئەچێ بۆ خوازبێنی خانم، بەڵام لەپێشتر یەکتریان نەناسیبوو. ئاسەی حەمەسەن بەخرتێ خانم ئەڵێ: من چۆن بزانم تۆ ئافرەتێکی چاک و بەسەرو بەریت؟ خرتێ خانمیش ئەڵێ: ناوبانگی من دیارە؛ بچۆ لەجۆراوا و قەتارچیان، لەناو عەشرەتی مەنم و گەڵباغی و سووردا پرسیار بکە هەموویان من ئەناسن، ئاسەی حەمەسەن ئەڵێ چۆن؟ ئەڵێ: «لەگشتیانا شووم کردگەو گشتیانم تاقی کردگەسەوە». ئەڵێ: «کەواسە خرتێ خانم تۆ گشت ڕۆژێ لنگت بەدەس پیاگێکەوە بووگە». خرتێ خانم ئەڵێ: «ئەیەڕۆ ئاسەی حەمەسەن چۆن وا ئەیژی؟ من گشت ڕۆژێ پیاگێکم مەهار کردگەو هەوسارەکەی بەدەسمەوە بووگە».

- مەلاسالحی کۆزەپانکە ئەچێتە گوندی دیبەگە. دوو برا لەوی هەبوون یەکێکیان خەتەنە ئەکرا، کەچی ئەویتریان ئەگریا. مەلا سالح پێی ئەڵێ: مردیت مرێ تۆ لۆ ئەگری؟ ئەویش ئەڵێ: «ئاخر مامۆستا نۆرەی منیش دێ».

- مەلاسالحی کۆزەپانکە ستایشی موحسن ئاغای دزەیی ئەکا ئەڵێ: «پیاوێکی سیاسی وایە پێشکە بگێت نایەڵێ ئاگای لەخۆی بێت».

- کابرایەک لەو ولاتی سیوەیلە ئەچێتە سلێمانی. جووتێ پێڵاوی ئەبێ ئەیباتە لای کابرایەکی پینەچی بۆی پینەبکا. پینەچیەکە لێی وەرئەگرێ. مەرکانەیە دەساوی لەبەردەما ئەبێ ئەیخاتە ناو دەساوەکەو پێ ئەڵێ سبەینێ وەرەوە بۆی. کابرا سبەینێ ئەچێتەوە سەیر ئەکا پێڵاو هەر لەمەرکانەدایە. دیسان کابرا ئەڵێ سبەینێ. کابرای خاوەن پێڵاو ئیتر لە وزەیا نامێنێ ئەڵێ: «برام من پێڵاوم بۆ هێناوی بۆم جووت بەقیە بکەیتەوە؛ خۆ بۆم نەهێناوی فێری مەلەوانی بکەی بۆم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەک لەو گەڕووسە ئەچێتە لای ئاخونێک لێی بپرسێ کوڕی کام پێغەمبەر بووە گورگ خواردوویە؟ ئەڵێ: «ئاخووڕ! کچی کام ئەولیا بوو کە لەچاڵی سەنعان سەگەل خواردوویانە؟»

ئاخونیش ئەڵێ: نازانم کامیانت بۆ ڕاست کەمەوە؟ ئەڵێ: «ئاخووڕ نیم ئاخونم، ئەولیا نەبوو ئەنبیا بوو، کچ نەبوو کوڕ بوو، چاڵ نەبوو بیر بوو، سەنعان نەبوو کەنعان بوو، سەگ نەبوو گورگ بوو».

- میری بۆتان جارێ لە ڕاو ئەبێ لەگەڵ سوارەکانا پەراکەندە ئەبێ و بەتاقە سوارە ئەکەوێتە شیوێکەوە. لەوێدا تووشی کەرسوارێکی ریش سپی کەنفت ئەبێ، پێی بەم لاو بەو لای کەرەکەیا شۆڕ کردووتەوە. کەرەکەش ئەوەندە بچکۆلەیە لەوانەیە خاڵەی ریش سپی پێی بگاتە زەوی، سەری تەکەی دێ و ئەڕوا. سەبیلەشکاوێکیش بەدەمیەوەیە هەر نەفسی لێ ئەدا لە بەر دووکەڵی سەبیلەکە مووە سپییەکانی سمێڵی هەموو زەرد هەڵگەڕاون.

میر لێی ئەپرسێ ریش سپی بۆکۆی ئەچی؟ ئەویش نازانێ ئەمە میرە ئەڵێ: ئەچم بۆ لای میر بەڵکوو شتێکم بداتێ بیبەمەوە بۆماڵ و منالم. میرئەڵێ جا بەچیدا ئەزانی ئەتداتێ؟ ئەڵێ: کورە بە هەموو کەسی داوە بەمنیش هەرئەدا. قابلە لەعاستی من ببێ بەجاندرمە. میر سەیرئەکا ئەمە پیاوێکی خۆشە. ئەڵێ: ماڵ ویران میر هەر کەسی بەرچاو کەوێ باج و سەرانەی لێ ئەستێنێ؛ ئێستە تۆ چۆن داوای شتی لێ ئەکەی؟ کابرا ئەڵێ: جا من چیم هەیە تا ئەو لێم بستێنێ؟ میر ئەڵێ: ئاخر قسەیەو ئەیکەن، با تۆ وا نەزانی میر شتێکە؛ دەنگی دەهۆڵ لەدوورەوە خۆشە. ئەڵێ ئەگەر من بزانم هیچت ناداتێ و لەوانەیە باجیشت لێ بستێنێ. کابرا ئەڵێ: من ئەچم ئەو وەختە کە زانیم وایە من شت ئەدەم بەو. میرە ئەڵێ چی ئەدەیتێ؟ ئەڵێ چوار پەلی کەرەکەم ئەنێرم بەقوزی دایکی. لەسەر ئەمە لێک جیابونەوە.

میرچووەوە گەیشتەوە بەسوارەکانی خۆی راویان تەواو کرد و گەڕایەوە.

خاڵەریش سپی ئەویش وردەوردە ڕۆیشت و گەیشتە بەر کۆشکی میر. دابەزی لەکەرەکەی، کەری بەستەوەو چووە ژوورەوە لای میر. میر پێشتر ڕایسپاردبوو کە ئەگەر یەکێکی وا هات ڕێگای لێنەگرن.

خاڵەی ریش سپی هاتە ژوورەوە لەو دیواخانەو کارو بارە هەروا سەری سووڕما؛ قەت شتی وای نەدیبوو. سەیری میری کرد لەو سەرەوە دانیشتووە، ناسیەوە کەئەمە پیاوەکەیە وا لە شیوەکەدا قسەکانی لەگەڵ کرد. دیواخانیش پڕە. میر لێی پرسی ها خاڵەی ریش سپی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چیت ئەوێ؟ وتی جەنابی میر ماڵ و منالم هیچیان نییە هاتووم بۆ ئەوە شتێکم بدەیتێ بۆیان بەرم. میر وتی: جا کێ لێرە شتی دەست ئەکەوێ، هەرکە بێتە ئەم شوێنە ئەبێ شتی لێ بسەنرێ. خالەی ریش سپی وتی: «جەنابی میر منیش چوارپەلی کەرەکەم حازرە وا لە دەرەوەیە». میر دەستی کرد بەپێکەنین و داستانەکەی بۆ دانیشتووەکان گێرایەوە، پاشان ئەمری کرد خەلاتێکی زۆر زۆریان دا بەخالەی ریش سپی. خالەی ریش سپی وتی: «ئەمانە هەموو بۆ خۆم؟» میر وتی بەلێ خالە. وتی: بەچوار پەلی کەرەکەشمەوە؟ میر دیسان دەستی کردەوە بەپێکەنین و وتی بەویشەوە. وتی: «هێزەیە رۆنیشی بەنێ با بەلووسی بڕوا».

- بەخوا سەیرە!

بەواتەواتە بێژان جگەرەکێش سێ شتی تێدا هەیە لەکەسانی‌ترا نییە: «یەکم پیر نابین، دووەم دز ناچێتە مالی، سێهەم سەگ گوشتی ناخوا؛ واتەسەگ نایخوا».

جا ئەگەر ئازای خۆت ئەم مەتەلە هەلێنە. ئەگەر هەلت نەهێنا لەبەرگێکی‌تری ئەم کتێبەدا بەر چاوت ئەکەوێ.

- گەلێ شتی وا هەیە زانیاری داوای ئەکا کەپیاو بیانزانێ، ئەو شتانەش با ئاشنایەتی تەواویان بەکەلەپووری کوردەوە نەبێ، بەلام بۆ زانین باشە.

یەکێ لەو شتانە ئەو پایەو دەرەجانەیە کەلەناو عالەمی گاوریدا هەیە. من بەلامەوە هەموو وەخت زانین لەنەزانین باشترە. ئەو دەرەجانەش ئەمانەن کە لە عالەمی ئایینی گاوریدا هەن و هەشت دەرەجەن:

١-شماس: ئەم وشەیە سوریانییە. پایەکەی لەخوار «قسیس» ەوەیە. مەعنا خادم و مجەورە.

٢-قسیس: ئەمەش هەر سووریانییە، بەمەعنا پیاوی پیرە؛ بەلام نەک هەر پیری رووت، بەلکوو مەبەست ئەوەیە کەپیاوێکی پیری موبارەکی دینی و خزمەتی کار و باری کلێسە ئەکا. دەرەجەکەی لەنێوانی «شماس» و «ئۆسقف» دایە.

٣-ئۆسقف: دەرەجە دینییەکەی لەژوور «قسیس» و خوار «مەترانە» وەیە.

٤-«مەتران»: ئەمە لەباری ئایینی گاورییدا سەرۆکی کلێسەیە. ئەمە لەژوور «ئۆاسقف» و لەخوار «بتریرک» ەوەیە. ئەم وەشەی «مەترانە» لەوشەی «میتریبولیسی» یونانیەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


وەرگیراوە؛ مەعناکەی یەعنی شاری ئەسلی و شاری بناغەیی. کورسی مەترانیش بەعادەتی لەشاردا ئەبێ.

٥-بتریرک: ئەمە سەرۆکی هەموو سەرۆکەکانی ئەساقفەیە لەناوچەیەکی تایبەتیدا. یا تایفەیەک لەتایفەکانی گاورییدا.

٦-جاسلیق: ئەو ئۆسقفەی کە لە هەموو ئۆسقفەکان پێشکەوتووترە. ئەم وشەیەش دیسان یونانییە.

٧-کردینال: ئەمەش هەر لاتینییە؛ واتە پلەی هەرە بەرزی کلێسە.

٨-پاپا: لاتینییە؛ بەمەعنا پایەی هەرە بەرزی عالەمی گاوری و لەوە بەرزتر ئیتر نییە. پاپا جێ نشینی «قدیس بتریس»ە.

- لەساڵێ «١٩٧٢» دا لەدیوانیە کابرایەک بەناو «شیال نهابە»وە یەک شاخی لەلای چەپەوە لێی رواب‌وو کوتومت وەکوو شاخی بەرانێکی بچکولە ٢٠ سانتیمتر درێژ ئەبوو. سەرەکەی وەکوو شاخی بەران چەمابووەوە لەرەنگ و سەختیشدا هەر لەشاخی بەران ئەچوو.

- لە بەغدا لەساڵی ١٩٧٧ لە ١٤ی تەمووز مناڵێک لە خەستەخانەی «الطفل العربی» هاتە دنیا دوو ددانی سپی جوانی هەبوو. بەمەرجێ مناڵەکەش هێشتا نۆمانگەکەی تەواو نەکردبوو، بەعەمەلیات هێنایانە دەرەوە.

- لەساڵێ ١٨ ی هیجری لەو ولاتی «رۆم»ە ژنێک تووتەلە سەگێکی هێنابوو. لەپاش پرس و جوابکردنێکی زۆر لێی، وتبووی سەگی ناوە لەخۆی.

- لەساڵێ ٣٠٠ ی هیجری لەشاری «قەرمەسین» قاترە مێکەیەک ئاوس بوو بوو، جوانووە ئێسترێکی زۆر جوانی هێنا بوو. دایک و جوانوو هەر دووکیان بەژیانێکی تەواو ژیابون.

- لەساڵێ ١٩٤٦ لەو ناو جافەتیە پیاوێکی دەوڵەمەند لەعەشرەتی تەرخانی -کە حەمەی مراخانیان پێی ئەوت- قاترەمێچکەیەکی ئەبێ، جوانوو ئێسترێکی ئەبێ. حەمەی مراخان ئەمە بە بەدیومی ئەزانێ، ئێستر و جوانوەکە هەر دووکی ئەکوژن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەکراوی دەماخ

- میرزا مەحمووی حەمەسالح گێڕایەوە وتی:

ئەوا تازە ترۆمبێل داهاتووە لە سلێمانییەوە ئەهاتم بۆ بەغدا. خێزانم و خوشکی خێزانەکەم لەگەلایە. مەندیلێکی سپیشم بەستووە بەسەرەوە. هاتین بۆ ترمبێل گرتن، دوو ئافرەتی‌تر چاوەڕییان ئەکرد لەگەراجەکە بۆ ئەوە ئەوانیش بێن بۆ بەغدا. ئێمە سێ و ئەوان دوو، ئەمە پێنج. ترۆمبێلێکمان گرت و بەرەو بەغدا بەڕێکەوتین. ترۆمبێلچیەکە چاکی لێ ئەخوڕی. هاتین هەتا گەیشتینە نزیکی دیلتاوا. لەڕێگەدا ترۆمبێلچیەکە مەڕێکی کرد بەژێرەوە. ترۆمبێلێکی دەوریەی پۆلیس بەشوێنمانەوە بوو ئەو هات پێشکەوت و چوو لە نوختەکە خەبەریدا کە ترۆمبێلێک ئێستە دێت ناو و نیشانی ئەوەیە پیاوێکی مێزەر بەسەری تێدایە مەڕێکی کردووە بەژێرەوە بیگرن.

وتی کە چووین ترۆمبێلیان گرت و بە ترۆمبێلچیەکەیان وت تۆ مەڕێکت کردوە بەژێرەوە ئەبێ بیبژێری. ئەویش وتی من نیم، وتیان قۆمیسەرەکە خەبەری لێداویت -ترۆمبێلچیەکە سەری زمانی ئەگرت- وتی: ئەو قۆمیسەرە من ئەیناسم حیزە. وتیان ئەمەی پێ ناوێ ناونیشانەکەی ڕاستە؛ وتویە مێزەر بەسەرێک لەترمبێلەکەیایە. هیچ ترۆمبێلی‌تر نەهاتووە مێزەر بەسەری تێدابێ جگە لەتۆ نەبێ. وتی وەڵڵا بەمە بۆڕیان دا مەڕەکەیان پێی بژارد. ڕزگار بووین ڕۆیشتین، لەو کاتەدا وتی: «هۆ مێزەر بەسەر! ئەمە مێزەرەکەی تۆیە چووە قوزی دایکمەوە».

میرزامەحموو وتی کە دەرچووین لەوێ دنیا گەرم بوو، جار جار مەندیلەکەم دائەگرت، وتی: جارێکیان کابرای ترۆمبێلچی ڕووی تێکردم و پێ وتم: «بۆچی دایئەنێی تازە دایکت گاوم ئیتر چیتێدا ماوە».

- مەلا مەحموو گێڕایەوە وتی:

لەو ناو جافەتیە بناری کفرییە پیاوێکیان چووە لای مەلاکەی زەردەلیکاو وتی: مامۆستا شەرع شەرمی بۆ نییە، خۆت ئەزانی ڕەمەزان.ە ئیمشەو لەگەڵ خیزانەکەما خەریکی ئیشی خێربووین و شەبەقی دا چارەم چییە؟ مەلا وتی: برا ئەبێ بیگێڕیتەوە. کابرا وتی: دەسا مەلا ئیمام شاسواریش بێت بنەوێ لێ تازە ناتوانێ بیگرێتەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- ئەنوەر بەگ گێڕایەوە وتی:

لەسەردەمی مێجەرسۆندا لەسلێمانی حاجی ئاغا قۆمیسەر بوو. لەپاشا وا دیاربوو مێجەرسۆن لێی تووڕە بوو بوو قۆمیسەریەکەی لێسەندبووەوە. پاش ماوەیەک بە هەر جۆر بوو گەڕابووەوە بەڵام بەیەک دوو پلە کەمتر لەجاری یەکەم. ئەحمەدی عەزیزاغا و مستەفای حاجی برایماغا و هەندێکی‌تر لەدۆستەکانی ئەچنەماڵەوە بۆ لای و پیرۆز بایی گەڕانەوەی لێ ئەکەن و پێشی ئەڵێن هیچ دڵتەنگ مەبە بەوە کە بەکەمتر گەڕایتەوە. گوایە دڵی ئەدەنەوە ئەویش ئەڵێ: «کورە نەوەختی خۆی و نەئێستەش خۆ من بۆ لەدەست دەرچونی مانگانە دڵگران نەبووم و نیم؛ بەڵام دڵگرانیەکەم بۆ ئەوەبوو کە ئەحمەدو مەحموودەکەم لەدەست دەرچوو بوو، وا ئێستە گەڕایەوە ئەگینە مانگانە خۆی شتێکی وا نییە».

- ساڵێک زوو خزمێکی ئەورەحمانی خامە، ماڵیان لەبەغدا ئەبێ. «پورەفاتە»یەکی خزمیان هەبوو لەسلێمانییەوە بەمیوانی ئەچێت بۆ ماڵیان. پورە فاتە ئافرەتێکی بەنوێژ و تەعات بوو، سەری بچوایە نوێژی نەئەچوو؛ بەڵام زۆری پێ ئەچوو لەسەر ئاودەست. خزمەکەی مامە رەحمانیش بەیانیان کە هەڵئەستا ئەچوو بۆ سەر ئیش ئەبوایە دەست و دەم و چاوی بشواو سەر ئاو دەست بکا. پوورەفاتەش ئاو دەستەکەی لێ ئەگرت هەر دەر نەئەچوو. ئەمیش درەنگی بوو ئەبوایە بچوایە بۆ سەر ئیشەکەی. بەناچاری هەروا ئەڕۆیشت بەبێ ئەوە سەر ئاودەست بکا.

ڕۆژێک و دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ وا ئەم ئیشە درێژەی کێشا. ڕۆژێک خاڵەی خزم لەڕێگادا تەنگەتاو ئەبێ بڕ ناکا بۆ سەر ئیشەکەی هەر لەڕێگا خۆی پیس ئەکا. کەئیش گەیشتە ئەم شوێنە ئیتر لە وزەیا نامێنێ. ئێوارێ کە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە شەوێ لەنیوەشەوا هەڵئەستێ هەندێ دەلو بیبەری هاڕاوە لەگەڵ ئالەت و زەنجەفیلدا تێکەڵاو ئەکا و ئەیبا ئەیکاتە ناو مەسینەی ئاو دەستەکەو بەیانی لەسەر عادەتی خۆی لێ ئەدا ئەچێ بۆ سەر ئیش. پوورەفاتە وەکوو جاران زوو هەڵئەستێ ئەچێتە سەر ئاو دەست، کە لێ ئەبێتەوە ئاو ئەکاتە مەسینەکەو خۆی پێ ئەشوا؛ مەسینەش ئەو غەزەبەی تێدایە.

لەپاش یەک دوو سەعات پوورەفاتە ئاگرێ تێ بەر ئەبێ. ئەو ڕۆژە ئیش و کاری هەر بوو بوو بەوە: بەدەست و لەکراسەکەی باوەشێنی ناو گەڵی خۆی ئەکرد و ئەیوت: «وەی وەی بەقوڕەگیرێ! ئەم بەغدایە چەند گەرمە! ئەیەڕۆ عەتیەخان ئەوە ئێوەچۆن ستاری تیا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەگرن؟ وەڵڵا من ئەگەر دوو ڕۆژی‌تری لێبم بەتەواوی ئەتوێمەوە. هەستن بار کەن با بچینەوە بۆ سلێمانی». ئاوا بەکراسەکەشی هەر خەریکە باوەشێنی ناو گەلّی ئەکا.

- فەتالی شای قاجار (١٧٧١-١٨٣٤) -خوا سەلامەتی کا!- بەتەنها ٦٣ساڵ عومرەوە ٤٠ دانەکوڕی هەبوو. ئەمانە هەر لەسەر دەمی خۆیا وەچەیان ئەوەندە لێ کەوتەوە کار لەدووسەد و سێسەددا نەما. چ بە بەچکەشا و چنەوەو نەوازی ئەوانە هەموو لەلەیان هەبوو؛ هەموویشیان دوای نەمانی شا، شایان بە «خاقانی مەغفوور ئەرد» ناو ئەبرد. حەسەن بەگی جاف گێڕایەوە وتی:

یەکێ لەکوڕەزاکانی فەتالی شا دوو سێ منالی هەبوو کەتەمەنی دە دوانزە ساڵانا بوون. ئەمانە لەلەیەکیان هەبوو لەگەڵیان بوو. خۆت ئەزانی منالی بچووک و بەتایبەتی شازادەش بێ زۆر لاسار و چەتوون ئەبێ. ئەم منالانە دنیایان لە لەلەکەیان کردبوو بەپێستی چۆلەکە. یەکێ پەنجەی ئەکرد بەچاویا ئەیوت: بەگۆڕی خاقانی مەغفوور نەمزانی؛ یەکێ پەنجەی ئەکرد بەژێر کلاوەکەیا ئەیوت بەگۆڕی خاقانی مەغفوور دەنگ ناکەی؛ یەکێ بزیکی پێوە ئەکرد ئەیوت بەگۆڕی خاقانی مەغفوور پەنجەم سەهوی کرد. بەم جۆرە لەلەی هەژاریان لەدین دەرکردبوو. لەلەش لەبەر ناوو گۆڕی خاقانی مەغفوور نەیئەوێرا هیچ دەنگ بکا.

ڕۆژێک ئەم منالانە بەتەواوی هەراسانیان کرد و ئیتر پێی هەڵنەگیرا. یەکێک لەمنالەکان پەنجەی کرد بەناو ریشەکەیا و وتی بەگۆڕی خاقانی مەغفوور ریشێکی پڕە. ئەویش هیچ سێ و دووی نەکردو وتی: «ریام بەگۆڕی خاقانی مەغفووردا! ئیتر پەنا بەخوا دەسا چی ئەبێ با ببێ».

- پیاوێک هەبوو لەسلێمانی «عەلی فەوتاویان» پێ ئەوت. ئەم عەلی فەوتاوە کەئەڕۆیشت لە پشتەوە پیاوی وا جوان و شۆخ و شەنگ و کەلەمێرد کەم ئەبینرا؛ بەلام لەپێشەوە بەپێچەوانەی ئەوە لە ناشیرینیدا مەگەر وێنەی خۆی لەئاوێنا هاوتای بکردایە، ئەگەینا کەسی‌تر نەبوو.

وتی: ئەوا ڕۆژێک بەکۆلانێکا ئەڕۆم، سوالکەرێک شوێنم کەوتووە بانگم ئەکا جوان بیکە بەخاتری ئەو قەد و بالاتە پوولێکم بدەرێ. منیش ناوێرم لا بکەمەوە، ئەمەوێ خۆم دەرباز کەم، بەلام ئەو وازم لێ نایەنێ هەر بەشوێنمەوەیە. لەئاخرا چارم نەما لایەکم بۆ کردەوە. وتی کە سوالکەرەکە سەیری کردم و تێگەیشت من چ مالێکم، دەستی برد پوولێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دەرهێناو وتی: «ها من پوولێک بدەم بەتۆ هەچ قسەیەکم کردووە بەخەسار چوو گووم خواردوە».

- هەر ئەم عەلی فەوتاوە گێڕایەوە وتی:

کوڕینە! کەس پشت بەدنیا نەبەستی. من دنیا پشتی تێکردم و ڕووم کردە سینەماکان بۆ بلیت فرۆشتن. ئەوا لەسینەمایەکدا لەشار بلیت ئەفرۆشم بەلام کاتێ کەکچان دێن بۆ سینەما و بلیت وەرئەگرن لەبەر ئەوە کە من خۆم ئەناسم چ مالێکم و چ سەرو شکلێکم هەیە، کاتێ کە بلیتەکەیان ئەدەمێ ڕووی خۆم وەر ئەچەرخێنم.

ئێوارەیەک وا چەند کچ و ژنێک هاتن بلیتیان وەرگرت، منیش لەسەر عادەتەکەی خۆم ڕووم کرد بەو لاوە. گوێم لێبوو کچەکان لەبەین خۆیانا ئەیانوت: «ئەی عەمری درێژ بێ تەماشا ئەم کوڕە چەن بەحەیا و شەرمە هیچ سەیری کەس ناکا. بەعەدەبێکەوە بلیتەکە ئەدا و بەری خۆی ئەکا بەو لاوە. یارەبی بەبرامان بێ!»

- ڕەشوانی گێڕایەوە وتی:

کوێخا قادرێک هەبوو لەدێی «دزی». ئەمە هەرچەندە نان بدەو بەخزمەت بوو بۆ میوانان بەلام کاتێ کە میوان ڕووی تێ ئەکرد تا هەندێ قسەیان پێ نەوتایە دایانی نەئەکرد. سەر لە ئێوارەیەک نۆ فەقێ ڕێیان ئەکەوێتە دزی و ئەچن بۆ مالی کوێخا قادر. کوێخاش ڕێگایان ناداو نایەلی بچنە ژوورەوە. ئەمانیش دەردەکەی ئەزانن قسەی پێ ئەلێن. پاشان کوێخا ئەلێ چەند کەسن؟ ئەلێن چوار موستەعد و پێنج سوختە. ئەلێ: «باشە موستەعدەکان بێنە سەرەوەو سوختەکانیش بکەنە تەویلە».

- لەو سەرە لەدێی «کەس نەزان» پیاوێک هەبوو «کەوە»ی ناوبوو، چەرچیەتی ئەکرد. خوا هەقە بەپیاوێکی بەدەسەلاتیش ناو ئەبرا. ژنێکی جوانکەلەی هەبوو ئەیانوت ئەم ژنە دۆستی هەیە، قسەکە بەر گوێی «کەوە» کەوتبووەوە؛ کەوە ویستی بەتەواوی تێ بگا.

ڕۆژێک بەژنەکەی وت ئافرەت ئەلێن گوێزی هندستانیان هێناوەتە شار، ئەو گوێزەش لێرە پارەی چاک ئەکا، توێشووم بۆ ڕێکخە با بچم هەندێکی لێ بێنم؛ ڕەنگ بێ چەند ڕۆژێکیش لەبەر ئەو هەر دوا بکەوم. ژنە توێشووی بۆ ڕێکخست و «کەوە» لێیدا ڕۆیشت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر کەئەو ڕۆیشت ژنە خەبەری نارد بۆ دۆستەکەی کە ئیمشەو بێت بۆماڵەوە بەدڵنیایی بۆخۆیان ڕائەبوێرن. لەو لاشەوە «کەوە» کە لێیدا ڕۆیشت نەچوو بۆ شار، خۆی خلافاند تا شەو بەسەرا هات گەڕایەوە بۆ ماڵەوە چووە سەربان لەسەر کلاو ڕۆژنەکە سەیری خوارەوەی کرد. تەماشای کرد ئەوا ژنەکەی لەگەڵ زەلامێکا بەرانبەر بەیەک دانیشتون قسەی خۆش خۆش ئەکەن؛ تومەس ئەوە دۆستەکەیە هاتووە. ژنە لەبەرانبەر دۆستەکەیەوە دانیشتووەو دەستی خستۆتە سەر دوا بڕاوەکەی خۆی و ئەڵێ:

مەسلی مەسان ئەمەسە    سافی بەر هەسان ئەمەسە

پێشۆکی کەیفان ئەمەسە    گوڵمەی بەر دەسان ئەمەسە

دۆستەکەش ڕووی کردووتە ئەو، ئەویش دەستی خستۆتە سەر حەیتەکەی خۆی ئەڵێ:

تەڕکی سەر دەستان ئەمەسە    بڕکی ناو بێسان ئەمەسە

سوورەی هەواسان ئەمەسە    ناوکی ناو باسان ئەمەسە

پیاوەش کە لەسەرەوە بوو گوێی لەم قسانەبوو ئەمیش هاتەزمان و وتی:

گوێزی هندستان ئەمەسە    گورزی سەر گورزان ئەمەسە

کەوەی کەس نەزان ئەمەسە    دەنگی سەر بەرزان ئەمەسە

ئەمجا بەپەلە هاتەخوارەوەو هەر دووکیانی داپاچی.

- شێخ فەتاح هەبوو پیاوێکی عەنتیکەو قسەقوت بوو. ڕۆژی ئەوا خەریکە دەمی ئەجوولی شتێکی پێیە ئەیەوێ بەدزی منەوە بیخوا. وتم شێخ فەتاح ئەوە چی ئەخۆی؟ وتی: مێوژ. زۆری پێنەچوو دیسان وتم شێخ فەتاح ئەوە چی ئەخۆی؟ وتی: مێوژ. بەخوا هەندێکی تریش پێچوو دیسانەوە پێم وتەوە شێخ فەتاح ئەوە چی ئەخۆی؟ ئەمجا وتی: «گوو ئەخۆم وازم لێ بێنە». ئیتر منیش وازم هێنا.

- کابرایەکی زاخەیی هەبوو ڕۆژگار پاڵی پێوەنابوو لەگەڵ ژنەکەیا ڕێیان ئەکەوێتە ئەو «بازیان»ە. هەمەوەن تووشیان ئەبن ڕووتیان ئەکەنەوە. ژنەکە جوانکەلە ئەبێ یەکێ لە ڕێگرەکان پەلی ژنەکەی ئەگرێت و ئەیباتە کەنارێکەوە بۆ ئەوە ئیشی خراپی لەگەڵا بکا. مێردەکەی بەرەنگاری ئەبێ و نایەڵێ. کابرای ڕێگر قۆناغەتفەنگێ ئەماڵێ بەشانی کابراداو پەکی ئەخاو سواری ژنەکەی ئەبێ. کابرا لەگۆشەی چاوێکەوە سەیر ئەکا تا کابرا کوتێک ئەدا بەژنەکەوە، ژنە چوارکوت ئەدا بەکابراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش ئیشی خێر کابرای ڕێگر ئەڕواو بەرەلایان ئەکا. ئەمجا میردە بەژنەکەی ئەڵێ ئەوا ئیش بوو بەزۆرە ملێ، منم شانم شکاوەو ەیچم پێ ناکرێ، تۆیش ئافرەتی و بەزۆر سوارت بوون؛ ئەمانە هەموو قەبوولە، بەلام بۆچ تا کابرا کوتێکی ئەدا بەتۆوە تۆ چوارکوتت ئەدا بەوەوە؟ دیارەپێت خۆش بووە، ئەمجا بەبێ رەحمانە ژنەکە دائەگرێ.

- حاجی مەحمووی بازرگان هەبوو لەسلێمانی دوکانەکەی بەرانبەر بەدوکانی فەقێ بوو. حاجی فەقێ بازارێکی گەرمی هەبوو، ئەو کەس نەئەچووە لای. ئینجا کە مەردمەکەی ئەبینێ ئەچوونە سەر دووکانەکەی حاجی فەقێ بۆ شت کڕین ئەیوت: «تەماشاکە تەماشاکە سەگبابانە بۆ سەر ئاوەدەستی مزگەوت ئەچن».

- کابرایەکی خەڵکی سلێمانی بەچەرچیەتی ساڵێک ئەچێ بۆ ئەو ولاتی موکریانە. بارگیرێکی پێ ئەبێ لەڕێگەدا ڕووتی ئەکەنەوەو بارگیرەکەی لێ ئەستێنن. هەڵئەستی ئەچێ بۆ لای «حاجی ئێلخانی» دێبوکری شکات بکا. ئەبیەت کەوا هەموو رەئیس عەشیرەتەکانی دێبوکری و «فەیزولابەگی» لەئاوایی «مەرخوس» کۆ بوونەتەوە، ئەڵێ چاک وایە بچمە ئەوێ و لەوێ لەبەرچاوی ئاغاکانەوە بە حاجی ئێلخانی بڵێم بەڵکوو لەبەر ئەوان ئەو زوو بۆم بستێنێتەوە.

کە ئەڕوا تەماشا ئەکا وا «حاجی پاشاخانی» فەیزولابەگی بە هەموو بەگزادەی فەیزولابەگییەوەو حاجی ئێلخانی بە هەموو بەگزادەی دێبوکرییەوە هەموو لەوێ کۆ بونەتەوە. ئەچێتە دیوەخان و بەحاجی ئێلخانی ئەڵێ: ئاغا پیاوێکی هەژار و کاسبم. بارگیرێکم هەبوو لێیان سەندووم، ئێستە هاتوومەتە خزمەتی جەنابت بۆم بستێنێتەوە.

ئەویش ئەڵێ: کابرا وا دیارە تۆ خەڵکی سلێمانیت؟ ئەڵێ: بەڵێ قوربان. حاجی ئێلخانیش وەکوو پیاوێکی گەورەبوو، پیاوێکی قسەخۆش و ئەدیبیش بوو، ڕوو ئەکاتە کابرا ئەڵێ: ئەی دەستی ئەو کەسە خۆش بێ کە بارگیرەکەی لێ سەندووی ئەوە هەقی منە لێکردوویتەوە. کابرا ناوکی ئەکەوێ ئەڵێ: بۆچی قوربان؟ ئەڵێ: ئەو ساڵە لە شەڕەکەی عەرزدا ئێمە پەرتەوازە بووبووین، ڕێمان کەوتبووە سلێمانی. ئەوا ڕۆژێک سەیر ئەکەم هەتیوێکی سیسەلە تانجییەگەڕێکی پەت کردووە بەناو بازاڕا ئەڕواو دڕن بەخەڵکەکە ئەدا و ئەڵێ: لاچن لاچن بارگەکەی حاجی ئێلخانی هات. لام وایە ئەو هەتیوەش تۆ بوویت. کابرا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەڵێ: قوربان بەسەری تۆ من نەبووم. ئەڵێ: ئەگەر تۆیش نەبوویت خۆخەڵکی سلێمانی بوو.

ئەڵێ: ئێستە ئەمەی پێ ناوێ من ئێستریکت ئەدەمێ بەڵام جنێویکی سلێمانیانە بدە بەحاجی پاشاخان -ئەوا حاجی پاشاخانیش دانیشتووە. حاجی پاشاخانیش ئەڵێ: نەوەڵا کابرا من دوو ئێسترت ئەدەمێ ئەو جنێوە سلێمانیانە بدە بەحاجی ئێلخانی. ئەوان لەبەینی خۆیانا ئەکەونە قسە، ئەم ئەڵێ جنێو بەو بدەو ئەویش ئەڵێ: نە؛ جنێو بەو بدە. کابراش ئەڵێ:

جا قوربان! ئەوەی پێ ناوێ بێ عەدەبییە بۆ من قسەبکەم بەڵام کێری هەردووکتان بەنۆبە بەناوکم و ئاوی وسلەکەشتان لەسەر خۆم بەلولێنەی گۆشتین ئەتاندەمێ.

حاجی و ئەوان قاقا دەست ئەکەن بەپێکەنین و هەرسێ ئێسترەکەشی ئەدەنێ.

- مەلایەکی پۆشتەو پەرداخ بەکەلی خاندا تێ ئەپەڕێ. کابرایەکی بەنانەیی ڕێگر تووشی ئەبێ، تەماعی تێ ئەکا کە ڕووتی کاتەوە. لێی ئەپرسێ: ئەرێ مەلا! سەبری خوا تا چەندە؟ ئەڵێ: تاچل ساڵ. ئەڵێ: کەواتە ڕووتەوەبە تا چل ساڵی‌تر هەزار کڵاو با ئەیبا. ڕووتی ئەکاتەوەو لێ ئەدا ئەروا. زۆر ناڕوا ئەسپەکەی پێی هەڵەنگوێت کابرا ئەکەوێ و قاچی ئەشکێ. بانگ ئەکا ئەڵێ: ئەرێ مەلا خوابتگرێ تۆ بۆ دەستی منت بڕی وتت سەبری خوا تا چل ساڵە؟ خۆ هێشتا لێت دوور نەکەوتوومەتەوە ئەوەتا کەوتم و قاچم شکا. مەلاش وتی: ئەوە هی چل ساڵ لەمەو پێشترە؛ هێشتا هێنەکەی من ماوە.

- پیاوێک لەو دەشتی هەولێرە هەبوو عەزیزۆکی ناو بوو، ژنێکی هەبوو «ئایشۆک»ی ناوبوو. ڕۆژێ میوانیان دێت عەزیزۆک بەئایشۆکێ ئەڵێ: ئەوا میوانمان هاتووە بچۆ مریشکێکیان بۆ بکوژەوە. ئایشۆکیش ئەچێتە ژوورەکەی‌تر دەرپێکەی دائەکەنی وهەر دەرناچێ. عەزیزۆکیش سەیر ئەکا ئایشۆکێ هیچ دیار نییەو میوانیش دانیشتووە. ئەچێتە ژوورەکە بۆ لای ئایشۆکێ کەچاوی پێ ئەکەوێ ئەڵێ: پیاوەکە تۆ وەخت و ناوەخت نازانی ئێستا کەی وەختی ئەوەیە؟ عەزیزۆکیش ئەڵێ: خوا بتگرێ من وتم بچۆ مریشک بکوژەوە یا دەرپێ داکەنە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەکی کوردی شاری سالێک ئەچێتە «زوبەیر». کوڕێکی جوانی بەرچاو ئەکەوێ بەڵام کوڕەکە چاوێکی کوێر ئەبێ. تەماع ئەکاتە کوڕەکەو نازانێ چۆن هەڵیبخەڵەتێنێ. ڕۆژێک لەحەماما کوڕەکەی بەرچاو ئەکەوێ. ئەمیش چاوێکی خۆی ئەنوقێنێ و ئەچێ بەلای کوڕەکەوە ئەڵێ: بیستوومە هەر کە یەک چاوی نەبێ و خەڵکی بکێشێ بەسەر خۆیا چاوەکەی چاک ئەبێتەوە. ئێستەش وەرە تۆ لەبەر خاتری خوا سوارم بە با ئەو چاوەم چاک بێتەوە.

کوڕە لەگەڵیا ئەچێتە سوچێکەوەو سواری کابرا ئەبێ نزیک ئەبێ تێی بخا و تێی نەخا کابرا چاوەکەی بەرز ئەکاتەوەو ئەڵێ: ئای چاک بوەوە.

کوڕە سەیرئەکا ڕاستە هەر دوو چاوی ساغە زۆری پێخۆش ئەبێ ئەڵێ: کەواتە تۆیش وەرە سواری من بە با چاوەکەی منیش چاک بێتەوە. کابرا بەئارەزووی خۆی ئەگا و سواری ئەبێ و هیچ دریغی لێ ناکا. کوڕە دەستی کرد بە هاوار وتی: سەگباب! دەریبێنە نزیکە واچاوەکەی تریشم کوێر بێ.

- شێخ بابەعەلی تەکیەیی ڕۆژێک لەحوجرەی فەقێیەکانا دائەنیشێ و دەرگاکە لەسەر خۆی پێوەئەدا. فەقێیەکی سوختە لەو وەختەدا لەدەرەوە دێت و بەپەنچە تەقەئەدا لەقاپیەکە. ئیتر نازانێ بابەعەلی لەژوورەوەیە. بابەعەلی ئەڵێ: ئەوە کێیە؟ فەقێکە ئەڵێ: انا، بابەعەلی. ئەڵێ: ئەی لەقنگی ئەنا بەرم، ئەنا چییەو کێیە؟ فەقێ لەگۆشەی قاپیەکەوە سەیر ئەکا ئەمە بابەعەلییە تف و ئیتر بۆی دەرئەچێ و ئاوڕ ناداتەوە. لە پاشا لە بابەعەلی ئەپرسن ئاخر ئەمەبۆ خۆت خراپ بوو ئەڵێ: وا نییە «انا»م کرد بەناو بۆ ئەو.

- جارێک لەسلێمانی گوایە عزەتی تۆپچی کفری کردووە، مەلاکان لێی ئەکەونە تەقەو هەچ مەلا و فەقێیەک لەسلێمانی ئەبێ لەمزگەوتی عرفان کۆ ئەبنەوەو ئیشەکە زل ئەکەن و فتوای کوشتنی عزەت ئەدەن. عزەت شەو لەتاوێک بەدزییەوە سلێمانی بەجێ دێڵی و هەڕا ئەکا بۆ بەغدا بۆ لای شێخ مەحموودی حەفید کەئەو سەردەمە لەبەغدا بوو. شێخ مەحموود بۆی تێ ئەکەوی و ئیشەکەی لەلای حوکومەت بۆ چاک ئەکاتەوە.

جا لەو کۆبونەوەدا مەلاکان سوختەیەک ئەنێرن بۆ لای شێخ بابەعەلی کەعەرزی بکا ئەوا ئەوان لەوێ «ئیجتماعیان» هەیە ئەویش تەشریفی بێت.

سوختە ئەچێ ئەڵێ: قوربان مەلاکان وا لەمزگەوتی عرفان «جماع» ئەکەن عەرزیان ئەکردی ئەویش تەشریف بێنیت. شێخ بابەعەلی هەڵئەستی جوبەکەی ئەدا بەشانیاو ئەڕوا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کە ئەگاتە ناوحەوشی مزگەوتەکە هەر چاکی ئەکا بەلاداو دەست ئەگری بە بەنەوخوێنەکەیەوە. ئەوا حەوشەو سەکۆو بەر هەیوانی مزگەوت پڕە لەمەلا و فەقێ و حەشامات. عالەمەکە بەلایانەوە سەیر ئەبێ کەبابەعەلی وا ئەکا ئەڵێن: قوربان ئەوە چییە؟ ئەڵێ: چی چییە؟ سوختەکە هاتووە ئەڵێ جماع ئەکەن ئەبێ منیش خۆم حازرکەم.

- فەقێیەکی مووسڵی هاتبووە سلێمانی لەخانەقای حاجی شێخ ئەمین دامەزرا بوو. ئەچێتە لای شێخ بابەعەلی تەکیەیی بۆ دەرز خوێندن. ئەم فەقێیە کوردی هیچ نەئەزانی، بەشێخ بابەعەلی ئەڵێ بەعەرەبی: قوربان من هیچ کوردی نازانم کە قسەم لەگەڵ ئەکەن زۆر پێم شەرمە نازانم جوابیان بدەمەوە. چەند شتێکم فێرکە هەر ئەوەندە بتوانم چاک و چۆنیان لەگەڵ بکەم بەتایبەتی مەلایەکان هەر زۆر پێم شەرمە نازانم قسەیان لەگەڵ بکەم.

ئەویش ئەڵێ: باشە کورم، سبەینی جومعەیەو خەڵک هەموو ئەچن بۆ مزگەوتی گەورە بۆ نوێژی جومعە تۆ بچۆ لەبەر دەرگاکە هەرکەس کە هاتوو خۆت ئارەزووت کرد قسەی لەگەڵ بکەی پێی بڵێ: «مەرحەبا زەنگوڵە بەگون» ئیتر ئەمە شوێنی هەموو شت ئەگرێتەوە. فەقێ بەپوختی ئەمە رەوان ئەکا و سبەینی ئەچێتە بەر قاپی مزگەوتی گەورە.

پێش هەموو مەلایەک، سەی عەزیزی خەتیب دیت پێی ئەڵێ: مەرحەبا زەنگوڵە بەگون. ئەو ئەمەی بەلاوە زۆر سەیرئەبێ. بەشوێن ئەودا مەلاحسەینی پیسکەندی دیت بەویش هەروا ئەڵێت. پاشان مەلا عەزیزی مفتی. بەو جۆرە پیا ئەڕوا هەر کەس دیت پێی ئەڵێت: مەرحەبا زەنگوڵە بەگون، ئەمانە هەموو سەرسام ئەمێنن لەم قسەیەو لەبەینی یەکا ئەکەونە قسەکردن. مەلاعەزیز ئەڵێ ببێ و نەبێ ئەمە ئیشی بابەعەلییە.

لەئاخرا فەقێ تێ ئەگەیەنن کە ئەمە چاک و چۆنی نییەو ئەمە شتێکی سەیرە. فەقێم فەقێ ئەبێ، هەر دێتەوەو شت و مەکەکانی ئەپێچێتەوەو سلێمانی بەجێ دێڵی. ئەڵێ: ئەمە مەلا چاکەکەیان بێ ئەی خەڵکەکەی‌تر چۆن بن؟ تا نەیانگاوم با بۆی دەرچم.

- شێخ بابەعەلی تەکیەیی لەبەر هەیوانی حوجرەکەی خۆیا لەمزگەوت کردبووی بەعادەت دائەنیشت. سوختەیەکی منالی موکریانی هاتبوو لەوێ دامەزرابوو، ئەم سوختەیە ئەبوایە خێراخێرا لەحوجرەکەی خۆیانەوە بچوایە بۆ سەرحەوزەکە بۆ ئیستکان و قاپ و قاچاخ شتن. وە ئەبوایە بەبەردەمی بابەعەلیشدا تێپەڕ بووایە. لە هەر چوون و هاتنەوەیەکیدا سەلامێکی ئەکرد و بابەعەلیش ئەبوایە جوابی بدایەتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

لەئەنجاما وەڕەز بوو لەم هەموو سەلامە، رووی کردە فەقێیەکەو چاویکی لێ زیت کردەوە وتی: ئەرێ باوکم! هیچ وا بزانی من سەلاموغلی تۆم لێرە دانیشتووم؟ بۆچ وازم لێ نایەنی؟ بەو ئیمام هەمزەیە جارێکیکە سەلام بکەی سەلامت تێبەر ئەدەم.

- لەسەردەمی عوسمانیەکانا ئیمتحانی «تەدریس» بۆ مەلایەتی لەمووسڵ ئەکرا. شێخ بابەعەلی لۆ ئەم ئیمتحانی تەدریسە لەسلێمانییەوە ئەچێ بۆ مووسڵ. شێخ بابەرەسوولی عەبابەیلەیی -کەفەقێی خۆی ئەبێ- لەگەڵ خۆیا ئەیبا. لەوێ کە ئەچنە ژووری ئیمتحانەوە چەند کەسێک لەمەلا گەورەکانی مووسڵ لەوێدا دانیشتوون و ئیمتحانی ئەکەن. یەکێ لەو پرسیارانە کەلێی ئەکەن و زۆر ئاسانیش ئەبێ بابەعەلی ئەوەیان نازانێ. بەپەلەو بەکوردی لە شێخ بابەرەسوولی فەقێی خۆی ئەپرسێ، ئەویش خێرا هەر بەکوردی پێی ئەڵێتەوە ئەمجا بابەعەلی هەڵئەستی و ئەڵێ: «یقول امام الافاق بالاتفاق استاد الکل فی کل علی الاطلاق غطریف المتاخرین واکمل المتبحرین نبزه جهابزه الکابلی الشیخ رسول العبابیلی فی کتابه هکرا حل مسئله الشهیر».
کەمەلاکان گوێیان لەم عبارەتە ئەبێت و قەتیش نەشێخ بابەرەسوولی عەبابیلەو نەکتێبی ئەویان بیستووە هەموو ئەکەونە سەر ئەوە کەئەوان هیچ نازانن بۆیە تا ئێستە عالمێکی وایان گوێ لێ نەبووە.
بۆ خۆی بەمجۆرە چاو بەستنە لەم ئیمتحانە سەر ئەکەوێ و ئەگەڕێنەوە. لەڕاستیشدا وڵامەکەی ڕاست بووە.

- هەژار گێڕایەوە وتی:
کتێبێکی «سعدینی»م هەیە، ئەم کتێبە حاشییەکی زۆری بەسەرەوەیە. وا ڕێک کەوتووە لەناو یەکێ لەو حاشیانەدا «قرط»ی تێدایە. یەکێکیتر هاتووە مەعنای لێک داوەتەوە لەژێریا نووسیویەتی «ئەی تڕ ـ لکتابە».

- ڕۆژێک لەسلێمانی کوڕە جوولەکەیەکی بازرگان لەگەڵ سواڵکەرێکی ناو بازاڕا شەڕیان بوو. دنیا زستان و سەرما بوو، کوڕە جوولەکەکە لەدووکانەکەی باوکیا دەستی جلی پاک و پاڵتاوێکی نایابی لەبەرا بوو، لەبەر مەنقەڵی ئاگر دانیشتبوو. هەتیوەکەش سەر و پێ ڕووت، کراسێکی جاوی چڵکن کەقوڵەکەی هەر لەنانیشکی بەرەوژوور مابوو، یەخەی هەتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خوار دڕابوو هەموو گەڵ و گونی بەدەرەوە بوو، لەسەرمانا وەکوو بی ناو ئاو دەلەرزی، بەر دوکانەکەی گرتبوو هەر ئەیوت: کافر شەرت بێ لەدوکانەکە بێیتە خوارەوە هەزار شەقت تێ هەلدەم.

جوولەکەی باوکی کوڕە بە هێواشی لەدووکانەکە هاتە خوارەوە دەستی برد دوو پولی دایەو قۆڵی گرت و وتی: بڕۆ بڕۆ بەچیتەوە ماڵ ویران بەچیتەوە؟

- کابرایەکی مەرزیک سواری ئەسپێک ئەبێت و تفەنگێکی لەبەر دەم خۆیا دانابوو بەدەشتێکا ئەڕوات. جەردە تووشی ئەبن و ڕووتی ئەکەنەوە، لەپاشا لێیان پرسی بۆچ هێشتت ڕووتت بکەنەوە خۆتۆ چەکت پێبوو؟ وتی: ئەرێ برا دەستێکم بەتفەنگەکەوە بوو دەستێکم بەدەستەجلەوەکەوە. ئیتر بۆچ مامرم بەدەنووک شەڕ بکەم؟

- لە دێ «تەپەکوڕە» بێوەژنێکی جوان هەبوو کوڕێکی لەحوجرەدا بوو ئەیخوێند. مامۆستای منالەکە ویستی دایکی کوڕەکە مارەکا بەلام بێوەژنە مێردی پێ نەئەکرد.
ڕۆژێک مامۆستاکە تێرو پڕی دا لەمنداڵەکەو پێی وت: ئەوە تۆ بۆچی لای دایکت وتووتە دەعباکەی مامۆستا زلە؟ منالەکە بەگریان گریان ئەچێتەوەو شکات ئەخاتە بەردایکی. لەبەرەکەتدا ئەم شکاتە بوو بە هۆی ئەوە کەدایکی مێرد بەمامۆستا بکا.

- لەکرماشانا ژنێکی خراپکار لەگەڕەکێک دانیشتبوو. لەدراوسێی هەتیوێکیش هەبوو بازاڕی ژنەی کزکردبوو. ڕۆژێک ژنەکە ئەچێ پێی ئەڵێ: «ئەی قەرە ئەو کارە مەکە، لەو دنیا ڕای جواو وە زەحمەت کەفی». کوڕەش ئەڵێ: «خانم تۆ خەمت ڕای خۆتبوو، تۆ توای جواو دوو سوراخ دەی، من هەر یەی سووراخە».

- کابرایەکی قومارباز سواری هەتیوێک بووبوو، سەیری کرد هەتیوەکە خەنجەرێکی بەلا قەدەوەیە. لەوەختی ئیشا لە هەتیوەکە ئەپرسێ ئەم خەنجەرت بۆچ هەڵگرتووە؟ هەتیوە ئەڵێ: «بۆ ئەوەیە ئەگەر یەکێک بەچاوێکی خراپەوە سەیرم بکا بەم خەنجەرە ورگی بدڕم».
کابرا ئەڵێ: «سەد هەزار شوکر کەمن بەچاوی خراپەوە سەیری تۆناکەم».

- ئەحە ی کرنوو کە لە یەکێک توورە ئەبوو پێی ئەوت: «بڕۆ هەی پیرەژنی بەقوزتریو».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rebari.org

- دوو برا هەبون یەکێکیان «چاوخاس»و ئەویکەیان «ناوخاس»ی ناوبوو. ڕۆژێک چاو خاس ئەچی بۆ لای شێخی بیارە. شێخ لێی ئەپرسی چاوە، ناوخاسە برات چۆنە؟ ئەمانەش خەڵکی بەری زەهاو ئەبن، ئەڵێ، بیم وەساقەت ناو خاس بیەوە دەر». «دەر» بەرازە.

- عەزەوەیلیسە هەبوو دنیا زستان بوو لەکۆڕێکا لەگوێ ئاگردانێک دانیشتبوو فووی لەئاگرەکە ئەکرد. لەو کاتەدا کتوپڕ بابەکی لێ بوەوە. هەرهەستا و قنگی کردە ئاگرەکەو وتی: ئەگەر تۆ چاکتری لێ ئەزانی ئاگرەکە هەڵکە؛ ئەگەینا ئەم هەڵەوەری و قەرەچناخیەت لەچییە؟»

- وەستای برای مارف لەسلێمانی بەرگدوور بوو. بەڵام لەبەر بێ تووتنی و بێ کاسبی لەو ڕۆژەدا وتووچیتیشی بەدەمەوە ئەکرد. ڕۆژێک لەگەڵ حەسەنی سەی ئەحمەدی خوشکەزایا لە دوکانەکەی خۆیا دائەنیشن و قسە ئەکەن. وەستا تازە ژنێکی‌تری هێنابوو، حەسەن لێی ئەپرسیت تۆ خوا خاڵە ئەم ژنەت چۆنە؟ ئەویش ئەڵێ: وەڵڵا ڕۆڵە خراپ نییە. ئەڵێ: خاڵەئەم باشترە یا ژنەکەی پێشووت؟ ئەڵێ: بۆچی ئەپرسی؟ ئەڵێ: هەروا. ئەڵێ: وەڵڵا ڕۆڵە ئەوی ڕاستی بێ ژنەکەی پێشووم تۆزێ قوزی گەرمتر بوو، ئەم ساردە سارد. ئەڵێ: جا خاڵە ئەمە چاری ئاسانە. ئەڵێ: چۆن؟ ئەڵێ: «لەو کاتەدا ئەچیتەلای تۆزێ چیلکە داگیرسێنەو بیخەرە پاشەلیەوە ئیتر پیشەلی گەرم ئەبێ». ئەویش ئەڵێ: ئەی ئەی تف لەچارەت بۆ قسەت.

- حاجی برایم ئاغای عەنبار ڕۆژێک سەربانی کۆشکەکەیان سواغ درابوو هێشتا وشک نەبووبووەوە لەگەڵ کوڕێکا بەپێ پلیکانەکانا سەر ئەکەون و ئەچنە سەربان. لەسەر بانەکە ئەچنە ئەوسەرو ئەگەڕێنەوە. لەبەر ئەوە کە قونگرەیان لەپێدا بوو شوێنەکەی بەسەر بانەکەدا چاڵ کەوتبوو. حاجی کە بەر چاوی ئەکەوێ، لەوێ بانگ ئەکا لەخزمەتکارەکەی ئەڵێ: «دەویت باوک بۆچ هێشتووتە ئەم کەرو جاشە سەرکەونە سەرئەم بانە؟»
خزمەتکارەکەش ئەڵێ: قوربان کەرو جاشی چی؟ کەر و جاش چۆن بەم پێ پلیکانانەدا سەر ئەکەون؟ ئەویش ئەڵێ: «قون فرە باب! بۆچ خۆت لەمن بەعاقڵتر ئەزانی وا ئەتەوێ بمخەیتە درۆوە؟ ئەوە نییە شوێن پێکانیان دیارە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خزمەتکاری قوربەسەریش ناوێری هیچ بڵێ. ئەگەر ئەڵێ شوێن پێی خۆتانە تێروپڕ تێ هەڵدان ئەخوا؛ چار ناچار بێ دەنگ ئەبێ.

ئاغا لەگەڕانەوەیانا بەسەر بانەکەدا دیسان دوو شوێن پێی‌تر ئەبینێ. ڕووی تێ ئەکاتەوەو ئەڵێ: «سەگباب ئەوەتە تا ئیمە لێرە بووین کەر و جاشێکی‌تر سەرکەوتنەوە؛ کەچی چاویشمان پێیان نەکەوت». ڕوو ئەکاتە کوڕەکەی و ئەڵێ: «ڕۆڵە با بچینە خوارەوە ئەمە جنۆکان خۆیان کردووە بەکەروجاش و کەوتونەتە ئەم سەربانە ئەیانەوێ دەستمان تێژەنن. نەوەڵڵا تا شێتیان نەکردووین بابچینەوە خوارەوە».

- جارێک یەکێ لەحاکمانی پێشوو لەسەر تەلار دووربینی بەدەستەوەبوو تەماشای کرد تێفکری ئەوا کابرایەکی ڕووتەڵەی کورد چووە شیوێکەوە تۆزێ مایەوەو هەڵسا. حاکم مەراقی کرد، هات بزانێ ئەم کابرایە لەو شیوە چی کردووە؟ کەچوو تەماشای کرد کابرا گوویەکی کردووە بەقەد یەک مەنی تەوریز. کابرای هێنا وتی: تۆ خواردنت چییە؟ وتی نانی جۆ. حاکم وتی: خۆمن فرنی و شەکەر لەمە ئەخۆم، کەچی ئەچمە سەر ئاو دووسەعات دائەنیشم ئەوسا بەقەد ریقنە مریشکێکم لێ ئەبێتەوە. کابرای هەژار وتی: قوربان تۆ بەکاڵی دایئەنێی نایەڵی بگات». حاکم پرسی چلۆن ئەگات. وتی: مەچۆرە سەر ئاو هەتا زۆرت بۆ دێت، ئینجا ئەو وەختە بەرەحەتی وەکوو من گوو ئەکەی.

حاکم بەقسەی کرد، لەدیواندا بوو هەر ئیشی سەر ئاوی بوو نەچوو ئاخری لەناو خەڵکەکەدا خۆی پیس کرد. لەبەر شەرمەزاری فەرمانیدا هەژارەکەیان هێنا وتی: «سەگباب تۆ بۆچی ئەمەت بەمن کرد؟» کابرای ڕووتەلە زۆر ترسا وتی: «قوربان جارێ ئەبێ تەماشای بکەم». دەرپێیەکەی حاکمی وەرگرت ئەنگوستێکی لەپیساییەکەی دا و خستیە سەرزمانی. ئینجا وتی: پاشام عەرزم کردی بی گەینە نەم وت بی‌ترپنە. ئەمە تراوە بۆیە وات بەسەر هاتووە. کابرا بەمجۆرە خۆی لەچنگی حاکم ڕزگارکرد.

- کابرایەکی «لەیلاخی» هەبوو هەرکە میوانیان ئەهات و نانیان بۆ دائەنا خۆی دوو سێ پارووی ئەخوارد لەگەڵیاو لەپاشا دەستی هەڵئەگرت و ئەیوت: «برا ئیترمن بەس». میوانەکەش ناچار دەستی هەڵئەگرت. ڕۆژێ کابرایەکی ئەحمەد ئاوایی ئەبێ بەمیوانی، نان دائەنێن و کابرا لەسەر ڕەوشتی جارانی دوو سێ پاروو ئەخواو ئەڵێ: برا من ئیتر بەس. کابرای میوان گوێی نەدایە وتی: «بەخوا برا من ئەخۆم هەتا هەس».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کوڕێکی گۆمەیی چوو بوو بۆخوێندن. چەند ساڵێکی پێ چوو بوو گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان هیچیشی نەخوێندبوو. لێیان پرسی بۆچی نەتخوێندووە؟ وتی: «ڕۆژێ خۆم تاقەتم نەبوو، ڕۆژێ مامۆستام. ڕۆژێ هەردووکمان، ڕۆژێ جومعەبوو، ڕۆژی سێ شەنبە، ئیتر لەکوێ بخوێنم».

- فەقییەکی «باجەلان» ی لەپاش ئەوە کە ئەچێتە فەقێتی فێری نووسین ئەبێ بەشانازیەوە ئەم کاغەزەی خوارەوە بۆ ماڵێ خۆیان ئەنووسی: «خواهەر عەزیزم ئاغای باوکم سەلامەت میرسانم. هەروەها بەرادەر عەزیزم خاتوو دایکم سەلامەت میڕەسانم. کراس شڕ، دەروڵەشڕ، خۆم شڕەندەر شڕ، ئەگەر مەواچۆن چێش مەوانی پرووز الوزوءیە. کارەکەرتان: کوڕی خۆتان».

- ژنێکی هەرکی جارێک لەگەڵ کۆچ و بار دا ئەڕوا بۆ زۆزان. مانگایەکی لەپێشەوەیە باری لێناوە ئەگاتە لاپاڵێکی خلیسک مانگا هەڵئەخلیسکێ. ژنەکلکی ئەگرێ و ڕایئەکێشێ و بانگ ئەکا: «یاسەیدتاهە، یاسەیدتاهە». مانگا هەر گل ناخواتەوەو ئەڕوا ئەکەوێ. ئینجا ژنە تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: «دە هەڕە کێری سەیدتاهە بن کورێ[٥] تەبی».

- جایەک دوو کوڕی سوورچی -کەبرابون- ماڵەکەیان بەش ئەکرد. ڕەوشتی ئەو کۆچەرایەتییە وابوو کەباوک پیر ئەبوو ئیتر چاوەڕێی مردنیان نەئەکرد، میراتگرەکان ماڵەکەیان بەش ئەکرد.

ئینجا هەمووی بەش ئەکەن ئەمێنیتەوە سەر سەگێک و باوکەکەیان. کوڕێکیان ئەڵێ: «سە بۆ من، باب بۆ تۆ». ئەویتریان ئەڵێ: «نە، سە بۆ من، باب بۆ تۆ». لێیان ئەبێتە دەمەقاڵ ئاخری بەو جۆرە ڕێ ئەکەون: کە جاشێک بخەنەسەر بابەکە ئەو وەختە یەکێکیان سەگەکە هەڵبگرێ و ئەویکەشیان جاشەکەو باوکی هەڵبگرێ.

- ژنێک هەبوو لەو سەرە کچێکی زۆر جوانی هەبوو. هەر چەندە خوازبێنیکەر ئەهات کچە شەڕی لەگەڵ ئەکرد و ئەیوت من شوو ناکەم. شوو بکەم دارێکی زلم تێبرن و

---

٥- کور: کلک.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


عەزیەتێکی زۆرم بدەن؟ من شتی واناکەم. ئاخری پیاوێکی دەوڵەمەند ناردیە داوای، دایکی کچە زۆری پێخۆش بوو کە بیدا بەو پیاوە. چووە بن دەست کچەکەیەوەو پێی وت. کچەش هەر لەسەر قسەی خۆی بوو. ئەمجا پێی وت کچم تۆ ئەوەت ئەوێ کە کێری زلت تێ نەبڕن، من خۆم لەگەڵت دێم هی میردەکەت بەدەستی خۆم ئەگرم بەئارەزووی خۆت چەندت ویست ئەوەندەی ئەکەمە ژوورەوە. کچەکە بەم جۆرە ڕازی بوو مارەیان کرد.

ئینجا شەوێ کە بووکیان برد، دایکی لەسەر پەیمانەکە لە گەڵی چوو. زاوا کە هات دایکی کچە دەعباکەی گرت و پڕ بەمست و نەختێکی بۆ بەردا. کچەکە وتی دایە بانەختێکی تریش بڕوا. ئەویش دەستی شل کرد تۆزێکی تریش ڕۆیشت. کچە وتی دایە بابێ، ئەمجارە دایکە بەجارێ دەستی بەرداو هەمووی ڕۆیشت. کچە وتی دایە با هەندێکی تریش. دایکی وتی ڕۆڵە ئیتر هیچ نەما هەمووی ڕۆیشت. کچەوتی: «دایە چیت پێ بڵێم؟ باوکم بەرەحمەت بێ هەموو جار ئەیوت یا خوا دایکت دەستی نەگاتە هیچ، هەرشتێ دەستی گەیشتێ پیت و بەرەکەتی ناهێڵێ، ئەوا ڕاست بوو پیت و بەرەکەتی ئەمەشت برد و هیچت نەهێشت».

– لە دێ «یاخیان» کابرایەک ناوی حەمەعەلی عەجەم بوو، لەسەفەربەردا بەرەشبگیر گرتبوویان. لەسلێمانی لە«عەمەلە بلووکی»دا دامەزرا بوو. لەو بەینەدا دە پانزە سواری زەفتیە چووبونە یاخیان لە سەرچاوەکە دابەزیبون. ژنیکێش هاتبوو«کوند»ەی پڕ ئەکرد، چاوشیکی زرتەبۆز لەنزیک ژنەکەوە دەستی بەئاو ئەگەیاند، دەستی بەدەعباکەیەوە بوو ئەیوت بەژنەکە «تماش تماش». ژنەکەش ئەیوت: «ڕاوەستە باوەحیز شەرت بێ بیژم بەحەمەعەلی عەجەم».

– پیاوێک هەبوو لەسلێمانی کارەکەریکی لەماڵا بوو، ڕۆژێک ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە هەتیویکی بەسەرەوە چاو پێ ئەکەوێ. پێی ئەڵێ چەتیو ئەمە بۆچ وات کرد؟ ئەویش ئەڵێ: «وەڵڵا ئاغە سوێندی دام بەسەری تۆ، تۆیش ئەزانی کەسەری تۆ چەندە بەلامەوە عەزیزە؟ وتم باشە». کابرا ئیتر هیچ دەنگی نەکرد.

– لەسەردەمی خۆیا کاروان بەقافلەبوو. جوولەکەیەکی بازرگان هەبوو مووسڵمان بووبوو، ئەمجا حەجێکیشی کردبوو، بوو بوو بەپیاوێکی تەواو. ڕۆژێک بارخانەبار ئەکاو ئەچێ بۆ تەوریز. لەو دەشتی مەرگەوڕەدا تووشی کورە کەچەڵێک ئەبێ کەڵەشیرێکی ئاڵتونی پێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەبێ. دلی لە کەڵەشێرەکە ئەچی و ئەڵێ ئەمە بۆ سەر بارخانەکەم شتێکی زۆر باشەو بەمەوە ئەوەندەیتر ناوم دەرئەکەم. لێی ئەپرسێ نایفرۆشی؟ کورە کەچەڵ ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ بەچەند؟ ئەڵێ: ئەیدەم بەگانێک. حاجی جووە ئەڵێ کورەکەچەڵ پیاوی چاک بە ئەمە قسەیە تۆ ئەیکەی؟ کەچەڵە ئەڵێ: هەر ئەوەیە. حاجی جووە نەیتوانی کەڵەشێر لە دلی خۆی دەرکا وتی ئێستە لەم دەشتەدا کێ پێی ئەزانێ دانەیەکی ئەدەمێ و کەڵەشێرەکەی لەدەست دەردێنم. ئەڵێ: باشە، بلێم چی کورەکەچەڵ وەرە با بچینە ئەو قەراخ رێگەیەوە. کورەکەچەڵ چوو و پێوەنیشت، بەلام هەر لێ نەبووەوە. جووە وتی: کورەکەچەڵ خێراکە چیت کرد؟ خەڵکوخوامان بەسەرا دێت حەیامان ئەچێ. کورەکەچەڵ وتی: «جەنابی حاجی جووە خەیالە کردووتە! من ئیمرۆ تیم خستووە سبەینێ ئەخووسێ دوو سبەی ئاوم دیتەوە، سێ سبەی دەری دینم». جووە وتی کورەکەچەڵە وازم لێ بێنە گانی خۆتت کرد و برۆ کەڵەشێری تۆم ناوێ.

- ئەحەی ناسر هەبوو لەسلێمانی گوێندە بوو، رۆژێک ئاهەنگێک ئەبێ و دێن بەشوێنی بۆ ئاهەنگەکە بۆ گوتن. ئەویش لەو وەختەدا دەنگی نووسا بوو، سەربەرز ئەکاتەوەو دەست ئەکا بەپارانەوە لەخوا کەدەنگی بەرەلاکا. کتوپر لەو کاتەدا ترێک ئەکەنێ. ئەڵێ: «جا وەرە تۆخوا ئەمە کەتنە؟ من ئەڵێم ئەوەم بەرەلاکە، یا دەنگم بەرەلاکە؟»

- هەر ئەم ئەحەی ناسرە لەکەرکووک لەدیواخانی سەید ئەحمەدی خانەقادا ئەبێ ترێکی لێبەر ئەبێ. سەید سەر بەرز ئەکاتەوە ئەڵێ: ئەحە ئەوە بۆچ وا؟ ئەویش ئەڵێ: «سەید! لۆمەم مەکە تس دەستی بریم». بەمەخۆی ئەپەرێنێتەوە.

- محەمەدعەلی کوردی بۆی گێرامەوە وتی:

کابرایەکی «باوەجانی» هەبوو «باوەقولی» ناوبوو، ئەیوت ئەوانەی شعر دائەنێن هیچیان شاعرنین و نازانن شعر دابنێن، پێیان وت ئەی تۆ؟ ئەیوت: من سەرباشقەی شاعرانم، ئەگەر بڕواش ناکەن ئەم راز و نیازەی بەینی ئەم و ئەو شایەتمانە:

مەرحەبا کوزەکەی شەل و شێت دێوانە کێر ئەوەتە سێ رۆژە لەلات میوانە

ئەویتریش ولام ئەداتەوە ئەڵێ:

هەر بەخێر هاتی بەسەر چاوم لنگ هەڵبڕەو هەڵکوتە ناوم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مەلا ئەحمەدێکی حافز هەبوو لەچوارتا گێڕایەوە وتی:
چوو بووم بۆ ئەوئالانە بۆ شتێک بێنمەوە بۆ منالەکانم بیخۆن. لەوێ لەماڵێک دانیشتبووم کابرای خاوەن ماڵ بەژنەکەی خۆی وت: ئا کچێ هەستە شتێک بدە بەو حافزە. کابرا_بلامانی- کێری نەمابوو پشی خواردبووی. ژنەکە بەگوێی نەئەکرد، لەبەر ئەمە زۆر توورەبوو، چونکە هەر چەندە ئەم قسەی ئەکرد ژنە وەکوو گوێزی بۆ بژمێرن وابوو. ناچار کابرا خۆی هەستا بێچوویکی هەڵگرت و خستیە دەستمەوەو دەستی پێ نوقانم و وتی: «دەبچۆ وەکوو چلکی سەی پێت حەرام بێ».

- کابرایەک جووت بەننە لەو بەرکێوە سەپانێکی هەبوو، هەموو بەیانیەک ئەم سەپانە کەلەخەو هەڵئەستا دەستی ئەکرد بەخۆ کێشانەوەو خۆ بادان بەم لاو بەولادا.
ڕۆژێک ژنی کابرا بەمێردەکەی ئەڵێ: ئەرێ پیاوەکە! ئەوە ئەو سەپانەمان بۆچ هەموو بەیانیەک کە هەڵئەستی لەخەو دەست ئەکا بەخۆ کێشانەوە؟ کابراش هات بەدەمیا وتی: «چووزانم دەردە کێریەتی». ژنە ئەم قسەیەی لەدڵی خۆیا هەڵگرت. پیاوەش کەقسەکەی کرد زانی قسەیەکی باشی نەکردو ئاوێکی باشی نەڕشت.
لەپاش چەند ڕۆژێک وتی: ئافرەت ئەمەوێ بچم بۆ شار شتومەکمان نەماوە هەندێ شڕوشاتاڵ دێنم، یەک دوو ڕۆژم پێ ئەچێ ئاگاداری ماڵ و مالات و جووتەکە بە. ژنەش کە ئەمەی لەمێردەکەی بیست وەکوو مژدەی بەهەشتیان بۆ هێنابێ وابوو؛ وتی: باشە پیاوەکە ڕاست ئەکەی هیچمان نییە بەتەما بووم پێت بڵێم، باش بوو تۆ خۆت ئاگاداریت و وتت. پیاوە هەستا چوو لە ماڵەوە «ڕۆن گەرچەک» یان هەبوو پڕ قوتویەکی کرد هەڵیگرت و لێیدا ڕۆیشت.
کەکەوتە لای ئێوارە ڕۆن گەرچەکەکەی خواردو بەدزیەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. ژنە ئەو شەوە کەمێردەکەی لە ماڵ نییە خۆی لەسەپانەکە بەتەواوی خۆش کردووە. پیاوەکە هاتەوە لە دەمەدەمی خەوتنانا چوو بەبێ دەنگ سەپانەکەی لەناو جێگە هەستان و پێی وت: ڕۆڵە ویستم بچم بۆ شار لەڕێگادا تووشی پیاوەکەی کوێخا نادر بووم ناردبووی کە سبەینێ دێت بۆ ئێرە، لەبەر ئەوە من گەڕامەوە. هەستە تۆ لە باتی من بچۆ بۆ شار شتومەکەکان بکڕەو خێرا بەیانی بگەڕێوە، عەیبە کوێخا نادر بێت و من لەماڵ نەبم. سەپان لێیدا ڕۆیشت و ئەمیش چوو لەشوێنەکەی ڕاکشا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دوو کەرتی شەو رۆیشتبوو نەرۆیشتبوو کوێخا ژن ئاگری جگەر هەڵیئەگری و ئەچێتە سەر جێگای سەپانەکە. نەلەو دەنگ و نەلەمێردی بەسەپان ناسراو دەنگ، بە هێواشی خۆی ئەدا بەسەر مێردی لەشوێن سەپان نووستوودا. میردەش دەعباکەی لەسەر چزە چونکە هەر لەپێشەوە خۆی بۆ ئامادە کردووە. ژنەش نازانێ ئەمە مێردەکەی خۆیەتی، بەڵکوو هەر لای وایە سەپانەکەیە.

میردەش رۆن گەرچەکی خواردووە سکی کەوتووتە کار، لەو وەختەدا کە ـ بلامانێ ـ رەحەت ئەبێ ئەفیرێنێ بەناوگەڵی ئافرەتدا. ئافرەت کە لێ ئەبێتەوە بەپاشەڵ و ناو گەڵێکی گوواویەوە ئەگەڕێتەوە ئەچێ هەموو لەشی خۆی ئەشوا، بەو شەوە تووشی ئەو عەزیەتەش ئەبێ.

بەیانی زوو میردەکە هەڵئەستێ ئەڕوا، ناکاتە کارێ کەژنەکەی پێ بزانێ. سەپانەکەش دیار نییە، ژنە وا ئەزانێ کە سەپانەکە لەتەریقیا زوو گاکانی داوەتە پێش و چووە بۆ جووت، ئەوەندە هەبوو گاکانیش کابرا بەیانی کەدەرچوو بوو بردبونی بۆ جووت. لەو لاوە سەپانەکە لەشار ئەگەڕێتەوە کابرا شتومەکەکانی لێ وەرئەگرێ و گاکان ئەدا بەو و خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو هیچ قسە نابێ ئیتر.

رۆژێ دوایی سەپانەکە وەکوو جاران کە لەخەو هەڵئەستێ خۆی ئەکێشێتەوە. ژنەکە ئەڵێ: ئەرێ پیاوەکە ئەوە ئەو سەپانە سەگبابە بۆچی هەموو بەیانیەک کە لەخەو راست ئەبێتەوە خۆی ئەکێشێتەوە؟

پیاوەکەش ئەڵێ: ژنەکە پێم نەوتی ئەوە دەردەکێریەتی. ژنە ئەڵێ: «ئائا دەردە کێریەتی، ئەوە دەردە گوویەتی ئەو باوەحیزە».

- کابرایەکی «گەرووسی» تلیاکی چوە سەر ئاودەست، ئەینقان، ئەیشیران، ئەینالان، ئەیبۆڕان، هیچی لێ دەر نەئەچوو. لەتاوانا دەستی کرد بەگریان هەر هیچی بە هیچ نەکرد. وای لێهات عەرەقی رەش و شینی دەرداو لەسەر ئاو دەستەکە سارد بووەوە. لەپاش ئەوە هەناسەیەکی پیا هاتەوە دەستی پێ کردەوە ئەیوت: «بەد مەسەو بەوە بیرون، قوربونت بووم بەوە بیرون، خوێنمە وە ئاوکردی بەوە بیرون، خۆم ئەخومەت بەوە بیرون، ئەپەرسمەت بەوە بیرون، نماز رات ئەکەم بەوە بیرون».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لەپاش دوو سەعات بە هەر نق و جقێک بوو بەئەندازەی گوو مشکێکی وشکی رەشی لێ کەوتە خوارەوە. هەڵیگرت چەند جارێک ماچی کردو خستیە سەرچاوی و وتی: قوربون ئەو رەنگ و روخسارەت بووم، دیدار وەقیامەت».

- کابرایەک گەڵ و گونی «ئاگر»ی گرتبوو، لەکرماشان ئەچێتە لای دوکتۆرێک بۆ دەرمان کردنی. دوکتۆر ماوەیەکی زۆر لەگەڵ دەعبای کابرادا خەریک بوو، ششتی، دەرمانی کرد و پێچای، ئەمجا کابرا دەستی برد چوار قەرانی لەبەردەما دانا. دوکتۆر تووڕە بوو وتی: «کاورا! تۆ هیچ شەرم نیەکەی؟ من یەسەئات وەتەک کێر تۆ وازی کردم چوار قەران وەپێم ئەدەی. تۆ بەو چارەک سەئاتی وەکێر من وازی کەبیست قەران وەپێت ئەدەم».

- کوڕێک لەو شارەزوورە ژنیان بۆ هێنا بوو، لەناو زەماوەندەکەدا کوڕە تووشی بووکەکە بووبوو پێی وت: «شەوێ کە هاتمەلات چیبکەم؟» بووکەکەش پێی وت: چی ئەکەی؟ ئەوی سەگ ئەیکا تۆیش ئەوە بکە.

شەو کە هاتە وەختی پەردە بووک و زاوا چوونە پەردەوە تا بەیانی. لەبەیانیا لە بووکەکەیان پرسی ئیمشەو زاوا چی لەگەڵ کردی؟ وتی: «هیچ تا بەیانی دەجار هات کابراکەی ئەڵستەوەو ئەگەڕایەوە دواوە بۆ لای دیوارەکە پیا هەڵئەمیزاو ئەهاتەوە بۆ لای من».

- ژنێک هەبوو لەناو باخێکا لەگەڵ مێردەکەیا پێکەوە نووستبون. ژنە دۆستێکی هەبوو هات بۆ لای و لەپاڵیا ڕاکشا. ژنە پێی وت: هەستە ئیش بکە مێردەکەم خەوی گرانە ئاگای لێ نابێ، کابرای دۆست وتی ئەترسم. ژنە دەستی برد موویەکی لەقنگی مێردەکەی هەڵکەندو دایەدەست کابراو وتی: هەستە ئیش بکەچاوت لێیە خەوی چەند گرانە؟ ئەو مووم لێی هەڵکەند خەبەری نەبووەوە. کابرای دۆستە هەر وتی ئەترسم. ژنە موویەکی تری هەڵکەند مێردەکەی هەر خەبەری نەبووەوە بەڵام کابرا هەر نەی ئەوێرا. خۆلاسە ژنەکە موویەک و دووو سێ و دەو بیست مووی لەقنگی مێردەکەی هەڵکەند کابرا هەر نەی وێرا. لەئاخرا مێردەکە خەبەری بووەوەو گوێی لەگفت و گۆیان بوو وتی بەکابرا: «هەستە سەگباب ئیش بکە ئەگەر تۆ وابکەی ئەم قەحبەی ماکەرە تا بەیانی موویەک بەقنگی منەوە نایەڵت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەو سەرە کچێک لەگەڵ کوڕێکا لەلای «ڕان» ئەبن. دایکی کچە هەموو جار بەکچەکەی ئەوت: «کچەتیو! ئەترسم ئەگەر لەگەڵ ئەو کوڕەدا یاری بکەیت داوێنی کراسەکەت بدڕێت».

ڕۆژێک لەدەشتەوە یارییان ئەکرد بەدەم یارییەوە بەگاڵتە ئەوەشیان کردو کچێنی کچەکە نەما. کچەکە وتی: ئای ئەوە بۆ داوێنی کراسەکەمت دڕی؟ کوڕەکە وتی: ئێستە بۆت ئەدروومەوە!. سەر لەنوێ تێ هەڵچوونەوە. کچەکە زۆری پێخۆش بوو وتی: دیسان بیدرووەوە. بۆی دروەوە. فرەخۆش بوو وتی جووت بەقیەی بکەوە. کوڕە هەناسەیەکی وای تیا نەما بوو وتی: «ئیتر دەزوو نەما». کچەکە هەر دوو هێلکەگونی کوڕەکەی گرت و وتی: «هەی فێڵبازەی درۆزنە ئەوەتە دووگلۆلە دەزووت لێرەدا شاردۆتەوە».

- شێخ فەتاح گێڕایەوە وتی:

لەوناو جافەتیە پیاوێک هەبوو «لالەحەمە»ی ناوبوو. هاتوچووی گۆرانەکانی ئەکرد. ڕۆژی کابرایەکی خێڵەکەی خۆیان ژنەکەی ئەمرێ، دێتە لای لالەحەمە ئەڵێ: «برا تۆ لەقنگی شێخ و مەلادا گەورە بووگی بێ بزانەچۆن ئەوێ و چۆنی بشارینەوە؟»

ئەویش ئەچی ئەڵێ: «برا! قازانێ ئاو بێرن قومە ئاوێکی تێکەن و گەرمیکەن». ئەمجا ئەڵێ: «چیغێک بێرن تەرمەکە بخەنە سەر چیغەکە، میمکە «فەوجیش» بێت لەسەری بوێسێ، قازانە ئاوەکە بکەن وەملیا پشیلەشۆری کا».

پاشان ئەڵێ: «ئا لەو گۆشەو قمەچاڵێکی بۆ بکەن، لوولی دەن وە تۆپە جاوگێکەوە بیخەنە چاڵەکەوە». ئەوانیش وای لێ ئەکەن، بەڵام چاڵەکە قووڵ نابێ هێشتا گەلێکی بەدەرەوە ئەبێ. ئەڵێن: لالەحەمە کوچکت لێ نەوارێ خۆ هێشتا چاڵێکی تریشی گەرەکە. ئەڵێ: «کورە نەیگەرەکە بی قەمچێننەوە».

ئەمجا کابرای مێردە ئەڵێ: برا دەی تەڵقینەکەشی بخوێنە. ئەویش ئەڵێ: «برا بۆ من نەهاتگە، من فێرت ئەکەم خۆت بیخوێنە». ئەڵێ: برا خاسە. ئەڵێ: «ئائەم پەنجەتە ڕاست کەرەوە سێ فیکە بکە وەدەور قەورەکەیاو بێژە فرەم کردگە وەکونێتەوە».

بەمجۆرە ئەینێژن و کابرا هەنگی گریان بەری نادا، کەسەیر ئەکا خەڵکەکە هیچ ناگرین ئەویش ئەڵێ: «ئەرێ دەویت باوکینە! ئەوە بۆچی ناگرین؟ خۆ هەر ژنی من نەو ژنی گشتمانوو».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- دەروێشی کەلوڕ لەو کوردەواریە بەگوندەکانا ئەسووڕێنەوە، هەر یەکە کراسێکی درێژ لەبەر ئەکەن، پرچێکی لەشانە دراویان بەر داوەتەوە، دەفێک ئەخەنە نەرەی شانیان، تەزبیحێکی دەنک گەورەشیان ڕاست و چەپ خستۆتە ملیان. کەئەگەنە قەراخ ئاوایی دەفەکە ئەگرن بەدەستەوە بەبەر ماڵەکانا ئەسووڕێنەوەو بەدەم دەف لێدانەوە گوایە زکرئەکەن ئەڵێن: «هۆ عەباس، تەیرێ مەیرێ کاینات. هۆ دایە گورە ئەمە بەدەرکی کونات، چیزێ میزێی ڕای دەرویش بنێرە».

- دەروێشی گژنی زەبەلاح بەلادێکانەوە بەسەر خەرمانانە ئەسووڕێنەوە بۆ دەرۆزەو خەرمان لۆخە. توورەگەی گەورەگەورەیان پێیە، هەموو شت کۆ ئەکەنەوە؛ لەگەنم و لەجۆ، لەکەشک و ساوەر، لەشکر وچا، لەرۆن کە ئەیکەنە ناو کوولەکەیەکی مل باریکەوەو پەتێکی پێوەیە خستوویانەتە ملیان. ئەگەر بۆیان ڕێکەوێ دزیشی بەدەمەوە ئەکەن. ئەمانەش زیاتر جووتەجووتە ئەگەڕێن. دەفێشیان کردۆتە ملیان بەدەم دەف لێدانەوە مناجات ئەکەن.
ڕۆژێک لەبەر ماڵێکا یەکێکیان خاکەنازێکی بەرچاو ئەکەوێ، بەدەم دەف لێدانەوە هاوڕێکەی تێ ئەگەیەنێ. بەم زکرە بۆ ئەوە هەڵیبگرێ. ئەڵێ: «کلکی درێژەو دەمی پانە، دایکەنەو بیخە هەمانە، بۆ خەرجی ناو بازاڕمانە، مەدەد یا غەوسی گەیلانی».

- لەو دەشتی دزەییە فەقێیەک هەبوو «مەلابرایمی مەشهوور»یان پێ ئەوت. ئەم مەلابرایمە هەم سەرو فەساڵ و هەم کردەوەو قسەی لەوانەبوو هەموو کەسێکی ئەهێنایە پێکەنین. ئەمەش هەرخۆی لەخۆیا وابوو وەنەبێ بەعەنقەسی وای بکردایە.
مەلابرایم ئاوەل مستەعدێکی ئەبێ. سوختەکە ڕۆژێک مەلابرایم توورە ئەکا، مەلابرایمیش پێی ئەڵێ: «کێرت بەقنگی مەلایەحیای مامۆستات! ئەگەر مامۆستاکەت پیاو بوایە تۆیش پیاو ئەبوویت». سوختە ئەچێ ئەمە بۆ مەلایەحیای مامۆستای ئەگێڕێتەوە. مەلایەحیا لەم قسەیە زۆر توورە ئەبێ وەکوو فیشەکە شێتە ئەچێ بەئاسمانا. کوتەکێکی ئەبێ هەڵیئەگرێ و ئەچێ بۆ مەلابرایم. کەئەگاتە بەردەمی مەلابرایم کوتەکی لێ هەڵئەسووڕێنێ و ڕووی تێ ئەکا ئەڵێ: مەلابرایم! ئەڵێیت بەحیزی هاتووتە سەرم، ئەم کوتەکەت چاو لێیە؟ تۆیش هەڵسە بکەرەوە خۆت، یامن سەرو گوێلاکی تۆ ئەنێمە یەک، یا تۆ من لەناو ئەبەیت. ئیمڕۆ یەکێکمان ئەبێ لەدەست یەکێکمان بیخۆین. قسەیەکی وات نەکردووە شوێنەکەی ساڕێژ بێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلابرایمیش ئەڵێ: ئەی چۆن جا شەڕ کەی وائەبێ؟ شەڕ ئەوەیە کە ئەبێ تۆ بچی لەولاوە دابنیشی دەست بکەی بەقسەکردن منیش دەست بکەم بەقسە؛ لە هەوەڵەوە بەنزمی، لەپاشا بەتوندی.

ئەمجا هەردووکمان لەیەک زیت بینەوە، تۆ دەست بکەی بەجنێودان، من بڵێم: کەم گوو بخۆ. تۆ بڵێیت ئەوە بەکێ ئەڵێ کەم گووبخۆ؟ من بڵێم باوەحیز بەتۆ ئەڵێم. ئەمجا تۆ ڕاست بیتەوە، منیش هەستمە سەرپێ. تۆ هەنگاوێک بێیتە پێشەوە، من قۆڵم هەڵکەم، تۆ تووڕەتر بییت هەنگاوێکی‌تر بێیتە پێشەوە. ئەمجا منیش بێم باوەش بکەین بەیەکا، لەمن زیل و لەتۆ بەم. دەست لەدەست و قەوەت لەخوا، تا یەکێکمان ئەکەوینە تونی بابەعەمرەوە. برا شەڕ ئاوا ئەبێ، کەی بەو جۆرە ئەبێ کەتۆ بۆی هاتویت؟

کەمەلابرایم ئەمانە ئەڵێت، مەلایەحیا جوان و پوخت خاو ئەبێتەوەو دەست ئەکا بەپێکەنین و ئەگەڕێتەوە دواوە.

- شێخ حەمەغەریب مودیری ناحیەی قەرەداغ بوو. لەسەردەمی حوکومەتی شێخ مەحمووددا شێخ کردی بە وەزیری داخلیە. ئەویش وتی: «ئەبێ مودیر ناحیەتەکەم هەر بمێنێ». منیش -بەرەحمەت بم- کردمیان بەوەزیری ئەوقافی کوردستان.

مزگەوتە شرێکم هەبوو لە بەغدا، وتم بەمەرجێک ئەبم کە مزگەوتە شرەکەم بمێنێ بەدەستەوە. بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو مزگەوتە حەقێکی زۆری بەسەر منەوە هەبوو چونکە گەلێ کتێبم لەحوجرە پەڕپوتەکەیا دانا؛ یادت بەخێر!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قسەی نەستەق

- سەی حسین هەبوو لە «سنە» کوێری زکماک بوو، تاوس بازی ئەکرد. قسەی نەستەقی هەبوو. جارێ بەشەو ئەچێ بۆ سەر ئاودەستەکانی مزگەوتی زیارەتان، چرایەک لەگەڵ خۆی ئەبا. پیاوێک ئەچێتە ئەوێ و ئەسلەمێتەوە، لەپاشا لێ ئەپرسێ: سەی حسین تۆ کوێریت چرات بۆ چییە؟ ئەڵێ: «بۆ یەکێکی وەکوو تۆ کە هاتیت نەوەک چاوت نەبینێ بکەوی بەسەرما».

- کابرایەک هەبوو لەو سەرە لەناو خەڵکا پێیان ئەوت «رەشوبۆر». ئەم کابرایە سەرو سەودای لەگەڵ سەگدا زۆر بوو، خەڵکوخوا شتیان ئەدایە، هەرشتێکی بەدەست ئەکەوت ئەیدا بەسەگ. بەدرێژایی ساڵ رەوەسەگێکی بەدەورەوە بوو. بەشەویش هەر لەناو ئەوانا رۆژی ئەکردەوە.
جارێک نازانم لەبەر چی ئەبێ خۆی لەسەگەکان ئەدزێتەوە. تەنها دوو سەگ لەگەڵ خۆی ئەبا لەشوێنێک دائەنیشێ و سەگەکان بەلایەوە قنچکە ئەکەن. ئەم سەگانەش یەکێکیان رەش ئەبێ و یەکێکیان سپی. کابرایەکی مەردار بە وێدا تێ ئەپەڕێ پێی ئەڵێ: رەشوبۆر یەکێ لەم سەگانەم پێ نافرۆشی؟ ئەڵێ: کامیانت ئەوێ؟ ئەڵێ سپییەکە. ئەڵێ: «سپییەکەم لەرەشەکە خۆشتر ئەوێ». ئەڵێ: دەی رەشەکەم پێ بفرۆشە. ئەڵێ: «رەشەکەم لە هەردووکتان خۆشتر ئەوێ».

- بەرخە جوانەکەش قسەئەکا.
ئەڵێ جارێک بەرخێک لەسەر تاوێرێکەوە بوو، گورگێک بەبەردەمیا تێپەڕی و دەمی نەیگەیشتێ. پێی وت: بەرخە جوانەکە نایەیت ببی بەمیوانم لەماڵەوە؟ بەرخەکەش وتی: «ئای ئەمە چەند سەربەرزیە بۆ من کە میوانی گەورەیەکی وەکوو جەنابت بم؛ بەڵام ئەگەر ماڵەکەت سکت نەبێ».
- کوێخا کامەرانی خوسرەوی روغزایی ئەچێتەدێی «کەچەڵ میانە». لەئاغەکەی کەچەڵ میانە ئەپرسێ: «ئاغا ئیمساڵ ترو تفاقتان چۆنە؟» ئەویش ئەڵێ: «کوێخا لەسەری سایەی ئێوەوە ترِ زۆرەو تفاق کەم».
کەچەڵ میانە کەوتووتە جنووبی شاری سەقزەوە. رێبازی جاف بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- شا، شا دەمارە کۆلیش قسەئەکا.

لە دووپشکیان پرسی بۆچ بەرۆژ دەرناکەوی؟ وتی لەبەر کردەوەی شەوم.

- بابەشێخی هومەری بالیسان بۆی گێرامەوە وتی: لەسەردەم حەمەپاشای رەواندزدا ئاغایەک لەدەوروبەری «وەلاش» هەبوو تۆزێ سەری لەگەورەیی ئەخورا، لەگەڵ ئەوەشا هەر لەژێر قەڵەمرەوی پاشای کۆرەدابوو.

پاشا پیاوێکی ناردە سەری بۆ دەیەک و مەکات. ئاغەکە دەماری گەورەیی دەستی کرد بە جووڵەجووڵ لە لەشیا و پیاوەکەی دەرکردو هیچی نەدایە. ئەم ئاغەیە گردێک لەتەنیشت قەلاتەکەی بوو، پاشای کۆرەش جۆگە ئاوێک لەبەر قەلاتەکەیابوو. کابرا چووەوەو کارەساتەکەی بۆ میر گێڕایەوە. میر تێکچوو، ئەمجا کابرا وتی:

ئەگەر میر خورتە تخوب گردە            ئەگەر میر زراوە تخوب ئاوە

- هەر ئەو گێڕایەوە وتی:

جەمیل ئاغای بەحرکەو مەجیدئاغای «دێرێ» هەردووکیان برابون و لەعەشیرەتی گەردی بوون. گوندێکی زۆریان هەبوو. جەمیل ئاغا دەستی بەسەر هەموویانا داگرتبوو، سەرباری ئەمە بە تەما بوو «دێرێ»ش داگیر بکا. لەو گوندانەش کە هەیبوو یەکێکیان «هەرشوم» بوو. ئەم قسەیەش بلاو بوو بوەوە کەئەیەوێ «دێرێ»ش داگیربکا. چونکە هەموو جار ئەیوت:

ئەگەر خوا بدا دەمێ دێرێش دەخەمە سەر هەشەمێ.

مەجید ئاغاش ئەیوت:

ئەگەر خوداش نەدا دەمێ سەد کێر بەدێرێ و دووسەد بە هەشەمێ.

- جولەکەیەک ئەچێتە «بیجاڕ» و ئەبێ بەپێنج مەزەب. لەپاشا ئەچێتە «سنە»و لەسەر کۆلانەکان دەست ئەکا بەدەرۆزەکردن و ئەڵێ: مەردمگەل نەو موسڵمانم شتێکم بدەنێ. کابرایەکی سنەیی لێی ئەپرسێ چی بوویت بووی بەچی؟ ئەڵێ جوولەکە بووم و وەپێنج مەزەو، کابرای سنەیش ئەڵێ: «هەی لەم گووبەگووە تۆ کردگتە، گوو وە ریش باوک ئەو کەسە شاییکت پێبدا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- جارێک پیاوێک لەسلێمانی ئەچێتە بەر دەرگای ماڵی شێخ بابەعەلی تەکیەیی، دەرگاکە داخراوە دەست ئەکا بە لێدانی. شێخ بابەعەلی لە ژوورەوە ئەبێ ئەڵێ: ئەوە کێیە؟ کابرا ئەڵێ «منم». ئەویش ئەڵێ: «من ئەو کەسە ناناسم کەناوی منمە؛ برۆ خوات لەگەڵ».

- کۆڕ کە گەرم بوو لە هەموو جۆرە قسەیەک ئەکرێ. لەئیبراهیم ئەحمەدم پرسی: «لەباری ژیان و گوزەرانەوە تۆو شای حجاز چ جیاییەک هەیە لە بەینتانا؟»

هەندێک راماو پاشان وتی: «جیاییەکەمان ئەوەیە ئەو گیرفانی قاسەکەیەتی، من قاسەکەم گیرفانمە».

- لەو موکریانە پیاوێک هەبوو «قەرەنی» ناوبوو، جووتێ «گا»ی هەبوو جووتی پێی ئەکردن. لەسەر ئەم گایانەش گەلێ قەرزار مابووەوە چونکە قەرزی بەسەرەوە کردبون بۆ وەختی حاسلات. رۆژێک لە کاتی وەرد بریندا گایەکان مانیان گرت و خۆیان دا بەزەویدا. هەر چەندە کابرا لێیدان و هاواری کرد بەسەریانا هیچ کەڵکی نەبوو. ئەو مانە گرتیان هەر گرتیان. لەئاخرا کابرا وەڕەس بوو چوو لەتەنیشتیانەوە راکشاو نوست وتی: «گابازەو گازەردە! ئەوا منیش هاتم لەتەنیشت ئێوەوە راکشام، بزانین خاوەن قەرز بێت کاممان ئەبات؟»

- شێخ مەحموودی مەلک دەست بەسەر بوو لەبەغدا. بەدەستووری شێخ مەحموو دیواخانێکی راکێشا بوو لەشێخەکانی عەرەب و لەپیاوانی حوکومەت هات و چۆیان زۆر ئەکرد. هەموو دەم دیواخانەکەی ئاوەدان بوو؛ بەتایبەتی کوردەکانی چ بەغداو چ دەرەوەی بەغدا هەر زۆرزۆر ئەچوون. ئەو کوردانەی کە لەدەرەوەی بەغدا ئەچوون بۆ خزمەتی زۆری رێز لێ ئەگرتن، لەناو ئەمانەشا هەبوو کەپۆشتەو پەرداخ نەبێت.

رۆژێک ئەوا گەلێ لەشێخەعەرەبەکان و کار بەدەستە گەورەکانی حوکومەت لەوێ ئەبن، لەو کاتەدا چەند کوردێکی لادێی لە ولاتی سلێمانیەوە دێن بۆخزمەتی، شێخ. رێزیان زۆر لێ ئەگرێ. یەکێ لەپیاوەگەورەکانی حوکومەت کە لەوێ دانیشتبوو ئەڵێ: «یا شێخ! ئەم رووتەڵانە چین وا تۆ بەو جۆرە ئەچی بەشان و باڵیانا و رێزیان لێ ئەگری؟» شێخ مەحموودیش لەولاما ئەڵێ: «ئەگەر ئەم رووتەڵانە کەتۆ ئەیانڵێیت نەبن، من ئەم شێخ مەحموودە نابم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- یەکێ لە بەگەکانی جاف ئەولادێکی بێ کەڵکی ئەبێ، پیاوێکیشی ئەبێ حەمەعەلی ناو ئەبێ. ڕۆژی دەردەدڵ ئەکا لەلای حەمەعەلی ئەڵێ: حەمەعەلی بەخوا وەجاغم کوێرە. حەمەعەلیش لەبەرخۆیەوە ئەڵێ: «بەخوا میرم باوکیشت هەر وەجاخی کوێربوو».

- ئاحەمەعەلی هەبوو لەسنە «زاوت»ی «ئاسەف دیوان» بوو. پیاوی ئەعیانەکانی سنە خۆیان بەشتێک ئەزانی. ڕۆژێک ئەم ئاحەمەعەلییە لە پیاوێک توورە ئەبێ و پێی ئەڵێ: «سەگ باوک! سەد تمەن بدەم تمەنێکت لێ بستێنن».

- ساڵێک لەو ولاتە «شەهید» باوی پەیدا کردبوو، هەرکەس ئەمرد ئەیانوت شەهیدە. شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی: عەبەی مەلاحەسەنی دەرەویانی هەبوو ئەیوت «جەحەنەم لەبەر شەهید ناشوکرێ نەبێ بەر کەس ناکەوێ».

- پیاوێکم لابوو مام پیرداودی ناوبوو، جارێک هەر وا قسە لەمردنەوە ئەکرا کەمردن هەموو کەس ئەچێتەوە. ئەویش وتی: «مامۆستا ئەوی بوو مرد».

- عەبدولڕحیم و عەبدولڕحمان لەسلێمانی دوو بران ئەوەندە لەیەک ئەچن لە هەموو کەس تێک ئەچن. «ڕاز» کچی دوکتۆرعیزەدین ڕۆژێ چاوی بەیەکێکیان ئەکەوی، ئەم کچەش تەمەنی لەبەینی چوار تاپێنج ساڵانەیە، ئەڵێ: «بابە ئەو پیاوەی لە پیاوێک دوو پیاوان هەیە چاوم پێکەوت».

جا وەرە تۆ ئەم قسەیە هەڵێنەو لێی ورد بەرەوە؟

- شێخ بەشیر بۆی گێڕامەوە وتی:

باسی مودیر ناحیەیەک ئەکرا کە بکرێ بەقائمقام، یەکێک لەکۆڕەکەدا بوو لێیان پرسێ ئەو پیاوە چۆنە؟ وتی: «وەڵلا پیاوی چاکە بەلام درەنگ تێ ئەگاو زوو لەبیری ئەچێتەوە».

- مەلا فایەق هەبوو لەسلێمانی خۆی دەستی شێتێتی هەبوو ئەیوت: «شێتی زۆرخۆشە تا منالان پێیان نەزانیوە؛ کە پێیان زانی ئیترگووی تێ ئەبێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- سەردەمێک بوو «بارانە» وەرئەگیرا لەسلێمانی. لەو لای «کانی دۆمان»ەوە قۆڵچی ڕاوەستابوو ئەو بارانەیە. کابرایەکی «وێلەکە»یی هەندێ دیزەو گۆزەی کردبووە ناو هۆرێک و نابووی لەگوێدرێژێک، هێنا بووی بۆ سلێمانی بۆ فرۆشتن. کابرای قۆڵچی بەخۆی و بەدارەکەیەوە ئەگاتە سەر بارەکەو دارێکی باشی لێ ئەداو بەکابرا ئەڵێ بارەکەت چییە؟ کابرای خاوەن باریش ئەڵێ: «قوربان ئەگەر دارێکی‌تری وای لێدەی هیچ».

- «ئاسەفەدیوان»ی سنە گەلێ دێ و ناوچەو گوندی هەبوو. ئەم گوندانە لەساڵا «زاوت»ی ئەنارد حاسلاتیان بۆ وەرئەگرت. هەر لە زەمانی باو باپیریانەوە کە ئەمانە خاوەن ملک بون بەم جۆرە بوون بۆ کردنەوەی حاسلات و ملکانە.

کوڕێکی خەلکی شاری سنە کە ناوی «میرزا نەسروڵلا» بوو، پاش ئەوە کەخوێندن لەو وڵاتە تەواو ئەکا ئەچێ بۆ فەڕەنسە لەوێ شەهادەیەکی بەرز وەرئەگرێ و ئەگەڕێتەوە. ویستبووی لەلای «ئاسەف»یش ئەمەی بەلاوە خراپ نەبوو. میرزا کەوتە ئیش کردن، بەڵام هەر ڕۆژە نە ڕۆژێک شتێکی ئەدۆزیەوەو قەوانێکی ئەخستەکار. ئەمەش هەموو لەبەر ئەوەبوو کە شەهادەی لەفەڕەنسەوە هێناوەتەوە، لەوانە بوو نەلووتی بە «ئاسەف»دا ئەهێناو نە بە هیچ کەسێکی‌ترا. لەئەنجاما ئاسەف گەیشتە تینی و ئیتر پێی هەڵنەگیرا وتی: «بەو ئاغایە بێژن حەفت تەغار گەنم و جۆ ئەدەین بەیەکێ حساوەکەمان بۆ بکا. ئیمە حەفتە بیجاڕی خۆمان هەس لەناو شیشەکانا، حەفتەبیجاڕی فەرەنسەمان گەرەک نییە».

- مەلایەک هەبوو مەلاعەبدولباقی ناوبوو، لەسنە لەمزگەوتی «دارالاحسان» ئیجازەی عیلمی لەمەلاحەمەرەشیدی مودەڕس وەرگرت. ئەوا لەو ئیجازەیەدا هەڵپەڕکێ و ئاهەنگە. فەقێکان بەزۆر پەلی مەلاعەبدولباقییان گرت و وتیان اجازه هی تویەو شادی بۆ تویە، ئەبێ بۆ پیرۆزی بێیت یەک دوو دەور سەرچۆپی هەڵپەڕکێکە بگری بەدەستەوە. بەم جۆرە کێشیان کردو بردیان، ئەویش دەستی کرد بەسەرچۆپی کێشان.

مەلالوتفوڵلایەکی زۆنجی هەبوو لە ئیجازەدانەکە سەیرێکی مەلاعەبدولباقی کردو وتی: «شا، شا تواشایکە چارەکێ نانی بوو ئەویچی بڕیا. ئێستە لەخۆشیا پێ ئەکوتی بەزەویا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

- خلکی مستەفای پیرەوەیس لەشارەزوور هەستونی دەوارەکەیان تێک ئەچێ، لەگەڵی خەریک ئەبێ بۆ ئەوە ڕێکی خاتەوە. مستەفای باوکی پێی ئەڵێ: «ڕۆڵە چاکی مەکە با خراپ نەبێ». ئەڵێ: «باوە تاخراو نەوێ چاک ناوێ».

- مەلابەها هەبوو لەبیارە ئەیوت: «کەپیاو بەلای گۆڕستانا ئەڕوا دڵی لە"ئاوێسەر" و "حەوش و بارانی"[٦]ش هەڵئەکەوێ». ئەیانوت قوربان بۆچی؟ ئەیوت خوا ئەیزانێ ئەمانەی کە لێرەدا ڕاکشاون چ نازداران و چاو کالان و شۆڕەسوارانێکن. بەچیدا ئەزانین ئاوێسەرو حەوش و بارانیش لەژێرەوە پڕنین لەمانەو لەسەرەوە وا گولالەو هەلالە ئاخلەیان داوە؟

- مەلاعەلی قووچەبلباسی گێڕایەوە وتی:

پیاوێکی خەلکی ئەو سەرە هاتەلام نوێژ بکا، پیاوەکە منالێکی لەگەلا بوو. نوێژمان کردو پاشا منالەکە رووی لەباوکی کردو دەستی بۆ من کێشاو وتی: باوە ئەوە کێیە نوێژی کرد؟ باوکیشی وتی: ئەوە مەلاگیانە. منالەکە لێی پرسیەوە وتی: ئەوە بۆ کێ نوێژی کرد؟ وتی بۆ ئەڵلاگیان.

- پیاوێک هەبوو لەو شارەزوورە لالەمارفی ناو بوو، ئەیوت: چوویتە هەر دییەک لەپێشا چاوێک بە بەردەنوێژو مزگەوتەکەیانا بگێڕە. ئەگەر ڕێک و پێک بوو ئەوا ئەو دییە پیاوی تێدا هەیە.

- خلکی مستەفای پیرەوەیس پیربووبوو، لێیان پرسی خالەخلک جیایی لەبەینی پیرو جواندا چییە؟ ئەویش وتی: هەر چەندە بێ عەدەبیشە بەلام پیر ئەندامی ڕەقەو کێری نەرمە، جوان ئەندامی نەرمەو کێری ڕەقە.

- قسەی من نییە قسەی ڕەحمەتیەکەیە کە لەبارەی وانێکەکەوە فەرموویەتی: «پێیا کێشە وەکوو گا، بیجوولێنە وەکوو ئەسپ، بیکێشەوە وەکوو کەر».

٦- «ئاوێسەر» دیمەنێکە لەتەوێڵەو «حەوش و بارانی» بەسەر «دەرەی مەڕ» ەوە، یەک لەیەک خۆشترو چاوەندازترن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- هەمزە هەبوو خەڵکی کۆیە بوو. کەشتێکیان لێ ئەپرسێ ئەیوت: «لەپاش کەرەمی خوا، درۆ».

- جارێک مامۆستا مستەفا زەڵمی بۆ میسر ئەچوو، پێی وتم ئیشت نییە؟ منیش وتم فێستێکم بۆ بێنە. بەبێ وەستان وتی: «لەسەر سەرمی دائەنێم».

- کۆڕێک بووین، بڕیار وابوو کە لیژنەیەک هەبێت لە کەلەپووری ئیسلامەتی بدوێت و بهێنێتە ناوەوە. ئەو لیژنەیە بریتی بوو لەشێخ محەمەدی خاڵ و یەکێکی‌تر وە خاوەنی ئەم کتێبە. یەکەکەی‌تر تۆزێ ملپێچی ئەکردو پێی خۆش نەبوو بچێتە لیژنەیەکی واوە. لەناو ئەو دانیشتوانەدا کەلەو شوێنە هەبون یەکێکیان مەسعودمحەمەد بوو، کوڕی مەلای گەورەی کۆیە. هەڵیدانە وتی: «خزمە من ئەبم، خۆ پیاو مووسڵمان بێ، کافر نابێ».

- حاجی محەمەدلاوە هەبوو ئەیوت: «من لە هەموو شتێکا بەختم رەشە تەنها لەشووتیدا نەبێ سپیە».

- ئەحەی بامیە هەبوو، هەموو جار ئەیوت: «ئەگەریان مارە کرد لە مەگەر، کوڕێکیان بوو ناویان نایە کاشکێ».

- باجی پیرۆز هەبوو، پێیان وت خەڵکی قسەی زۆرت دەربارە ئەکەن. وتی: «بڵێم چی خۆ دەمی خەڵکی قوزی خۆم نییە بیگرم».

- کچێک هەبوو لەو سەرە، رۆژێک ئەچێ بۆ ماڵی دراوسێکیان بۆ ئاگر. کە ئەچێ بۆ ئاگرەکە دەستی ئەچزی بەتەنوورەکەدا —بلامانێ— تڕێک ئەکەنێ. ئەڵێ: «ئۆف کاول بێ! خۆزیا بچوومایە بۆ ماڵی خاڵم». ژنی خانەخوێکەش ئەڵێ: «جا دایکم ئەو خێرە هێناوتە بۆ ئێمە بیبە بۆ ماڵی خاڵت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- حسەینی مەلا لە هەولێر قسەکانی بەدانسقە ئەشیان. لەم ئاخرەدا چووبوو بۆحەج، لەپاش بەجێهێنانی هەموو کارو فرمانێکی حەج، سەر بەرز ئەکاتەوەو ئەڵێ: «خوایە ئەگەر چ خزمەتێکی دیکەت هەنە بفەرموو تا بیکەین».

- مەسعودی کوڕی تایەربەگی جاف ناوچەی «شلێر» -کە بریتی بوو لەچەند دێ- ئەیفرۆشی بەحامدبەگی جاف بە ئۆتۆمۆبێلە شڕێک و چەند دینارێک. حەسەن بەگ بۆی گێڕامەوە وتی:

شێخ محەمەدی شێخ حسامەدینی تەوێڵە ئەویش ئەچێ بەدزی باوکیەوە ناوچەی «وەڵەوسێنان» ئەفرۆشی هەر بەحامدبەگ بەتفەنگێکی دوو لوولەی ڕاوی و چەند دینارێک.

شێخ حسامەدین ئەو سەردەمە لەخورماڵ دائەنیشت، مەسعوود بەخۆی و ئۆتۆمۆبێلە شڕەکەیەوە لەوێ ئەبێ، شێخ محەمەدیش هەر لەوێ ئەبێ. شێخ حسامەدین ڕوو ئەکاتە شێخ محەمەدو پێی ئەڵێ: «محەمەد ڕۆڵە ئا سواری شلێر بەو وەڵەوسی نان بکەرە شانت و بچۆ لەو چەند پۆڕێکمان بۆ بکوژە».

- خلکی مستەفای پیرەوەیس کوڕی زۆر بوو، لێیان پرسی خالەخلک کوڕەکانت کامیان باشن؟ وتی: «ئەوەیان کە نەیەتە دیواخان و مەجلسەوە». وتیان: ئەی ئەگەر هەموویان هاتن؟ وتی: «ئەوەیان کەقسەنەکا».

- ئەحمەدی عەزیزاغا زمانی نەئەوەستا. قادراغای عەتار لێ ئەپرسێ: ئەرێ کاکەحەمەد دەنگت نییە. ئەویش ئەڵێ: «ناو بلێ و جنێو بدەم».

- ئاڵتون ئەفەندی هەبوو لەسلێمانی لەگاورەکانی سلێمانی بوو. گەڕەکی گاوران و مزگەوتی بابەعەلی دراوسێ بوون. مزگەوتەکە دوو دەرگای هەبوو، ئاڵتون ئەفەندی بەخۆی و بەسەدارەکەی سەری و لەو کەواو چاکەتەکەی بەریەوە هەموو ڕۆژ دەستی ئەخستە پشتی و لەو دەرگاکەوە بەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا تێی ئەپەڕێ، لەم دەرگاکەوە دەرئەچووو، ئەچوو بۆ بازاڕ. بە هۆی ئەم زۆر هاتوچووکردنەو بە هۆی دراوسێیتیشەوە لەگەڵ شێخ بابەعەلیدا سەرو سەودایەکی باشیان پەیدا کردبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو خوارەش خواجە «شەلەمۆ» هەبوو لەگەڕەکی جوولەکان، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە مەعامەلەی لەگەڵ ئەهلی تەکیەدا ئەکرد هەرجارە کڵاوو جامەدانەکەی ئەکردە سەری و ریشە تۆپەماش و برنجەکەی دەق ئەدا، کەواو سەڵتەی لەبەر ئەکرد و عەباکەی ئەدا بەشانیاو لە پێشەوە ئەیگرت و ئەهات بۆ لای شێخ بابەعەلی. ئیتر بابەعەلی بوو، گەلێ جۆرە نمونەی لەلا کۆ ئەبووەوە. ئاڵتون ئەفەندی و خواجەشەلەمۆ لە بازاڕا یەکتریان ئەناسی، زۆر جاریش لای بابەعەلی یەکیان ئەگرتەوە ئەوەندەیتر ناسراوییان کۆکتر ئەبووەوە. لەگەڵ بابەعەلیدا بەبێ پەردە بازاڕی هەموو جۆرە قسەیەکیان گەرم ئەکرد. من ناوێرم بڵێم ئەوا مووسڵمانێک و جوولەکەیەک و گاورێک کۆ بونەتەوە، مەگەر هەر شێخ بابەعەلی خۆی بیوتایە. کەلێیان ئەپرسێ وای جواب ئەدایەوە.

رۆژێک شێخ بابەعەلی ئەوا لەگەڵ شەلەمۆو ئاڵتون ئەفەندیدا پێکەوە دانیشتبون. بەئاڵتون ئەفەندی ئەڵێ: ئاڵتون ئەفەندی حەزرەتی عیسا گەورەتر بوو یاحەزرەتی مووسا؟ ئاڵتون ئەفەندیش ئەڵێ: قوربان! پرسیاری وا چۆن ئەکەی؟ دیارە حەزرەتی عیسا گەورەتر بوو. ئەڵێ: چۆن؟ ئەڵێ: «حەزرەتی عیسا مردووی زیندو ئەکردەوە، کەچی حەزرەتی مووسا زیندوی ئەمراند. حەزرەتی عیسا هەر لەبێشکەدا قسەی ئەکرد، کەچی حەزرەتی مووسا لەپاش هەشت ساڵ هاتە قسەکردن؛ ئەویش ئەوەندە پاڕایەوە لەخوا وتی خوایە تۆزێ زمانم بەرەڵاکە بۆ ئەوە خەڵک لە قسەم تێبگەن. بەو نالی عەلیە تاخوا تۆزێ زمانی دایە. چۆن حەزرەتی عیسا گەورەتر نییە؟»

خواجەشەلەمۆ دەمی بوو بەتەڵەی تەقیو. ئەمجا رووی کردە ئاڵتون ئەفەندی وتی: «هەی زۆڵە! تۆ ئەوەندە زیرەکی بۆچی مووسڵمان نابی؟»

ئاڵتون ئەفەندی وتی: «ئەگەر خوا بیەوێ مووسڵمان ئەبم». خواجەشەلەمۆ وتی: وەڵڵا خوا ئەیەوێ، بەڵام شەیتان نایەڵێ. ئاڵتون ئەفەندی وتی: «کەواتە خواجەشەلەمۆی گوێرەکە من شوێن ئەوەیان ئەکەوم کە بەهێزترە».

– مەلا مارفی کۆکی و مەلا حەمەمینی وەلاش لەدیواخانی قەرەنیاغای مامشا دانیشتبون سەریان خستبووە بنا گوێی یەک، لەبەر خۆیانەوە قسەیان ئەکرد. قەرەنیاغا وتی: ها مەلاینە ئەوە درۆو دەلەسەی چی هەڵئەبەستن؟ خێرا مەلا مارف ئەڵێ: «قوربان ناوی جەنابت بەخێر و چاکە دێنین».

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- مستەفا نەریمان گێڕایەوە وتی:

ئەو کابراجافە کە حەمەپاشای جافی کوشت، ڕۆژێک تفەنگێک ئەگرێ بەدەستەوە، حەمەپاشا بە تەنها لەخێوەتەکەی خۆیا دانیشتبوو. کابرا ئەچێتە ژوورەوە بۆی، حەمەپاشا کە چاوی پێ ئەکەوێ بەو جۆرە ئەڵێ: «دەویت باوک! باوکت وەگالۆکەوە نەهاتووتە ژوورەوە ئێستە تۆ وە تفەنگەوە دێت؟» [کابراش ئەڵێ:]«پاشا! باوکم باوکی نەکوژیاگە، من باوکم کوژیاگە». ئەمە ئەڵێ و تەقەی لێی هەڵئەستێنێ و ئەیکوژێ.

- حەمەدی وەسمان هەبوو ڕیی کەوتبووە ئەو خوارە، لێیان پرسی خەڵکی کوێیت؟ وتی: «هێشتا ژنم نەهێناوە».

- لەو ولاتی خۆشناوەتییە لەگوندی «هەناروێ» مەلاوەیس ناوێک هەندێ پەنیریان بۆ بردبوو. فەقێیەکانی پەنیرەکەیان خواردبوو، لە هەر کامیانی ئەپرسی ئەیوت من نەمخواردووە. پەنیر سەری تیاچوو. ئەمجا بەمەلایان وت وا پەنیرەکە نەماو کەسیش نازانێ کێ خواردوویە؟ مەلاش وتی: «ئاو ئەزانی پەنیری مەلا کێ خواردوویە».

- «میران»ی کوڕی دوکتۆرسەلاح میرانی تەمەنی لە شەش سالانا بوو. لە هەولێر بەدوو میل ئەچووین بۆ هەوارگەی پیرمەم. من هانی ژنەکانم داو خستمنە ترۆمبێلەکەی دوکتۆر سەلاحەوەو ئەو لێیخوڕی. من و هەندێ کەسیش لەترۆمبێلەکەی لای منا بووین. میران لەگەڵ من بوو، هەرکە هاتم سوار بووم ئەوەندە تووڕە بوو بووم لەژنەکان وتم: «هەر کەس لەگەڵ ژنا بێ لە جەهەنەم دایە». ئەوەندەم زانی میران بەبێ وەستان وتی: «کەواتە باوکم ئێستە لە جەهەنەمدایە؟»

- ئەم قسەیەی خوارەوە من بەناوی مفتی زەهاویەوە بیستوومە، هەر چەندە هەندێکیش ئەڵێن هی ئیمامی ئەبوحەنیفەیە:

جارێک مفتی زەهاوی لەبەغدا ئەچێتە لای سەرتاش بۆ سەر تاشین.، مفتی ڕیشی قەڵەم ئەکرد و دانامەیەکی زیادی تێ کەوتبوو. سەرتاشەکە ئەو مووەسپیانە کە کەوتبونە ڕیشی مفتییەوە یەکەیەکە هەڵیئەکەندن. مفتی وتی: ئەوە بۆچی هەڵیانئەکێشی؟ وتی: قوربان ئەگەر هەڵیاننەکێشم زیاد ناکەن مفتی وتی: «کەواتە ڕەشەکان هەڵکێشە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مفتی زەهاوی لەبەغدا هەموو دەم سنگ و بەرۆکی بەدەرەوە بووە. جارێک کابرایەک پێی ئەڵێت قوربان پیاوێکی زانای وەکوو تۆ کە لەگەڵ والی و هەموو جۆرە پیاوی گەورەدا دائەنیشی جوان نییە بۆت کە وا سنگ و بەرۆکت بەو جۆرە بەدەرەوە بێ. ئەویش ئەڵێ: «ئەگەر عەیبم هەر ئەوەبێ، ئەوا ئەوەشم شاردەوە». دەست ئەبا کەواو کراسەکەی ئەداتەوە بەسەر سنگیا.

## ڕووداوەکانی ڕابوردوو

- پێش ئەوە شەڕی جیهانی دووەم بێتە پێشەوە، بەتایبەتی لەسالانی ١٩٣٢ـ١٩٣٩ بەتایبەتی سالانی ١٩٣٤ـ ١٩٣٧ خانەقای مەحوی لەسلێمانی بە هۆی تەڕی و چەشە جوانەکەی مەلائەسعەدی مەحوییەوە شوێنێک بوو لەو شوێنانە کە ناوو نیشانی کۆنی ڕابواردنی سلێمانی پیشان ئەدا.

مەلائەسعەد حەوشەی خانەقای بەگوڵ و گوڵزارو حەوزو قەسرەوە کردبوو بە بەهەشتە بچکۆلەیەک. کەئەکەوتە شەوانی جمعەو سێ شەنبە ئەربابی زەوق و ئەربابی دەنگ لەوێدا کۆ ئەبوونەوە. سەماوەری هەشت تەرخان تێ ئەخراو قۆریەی عەجەمی ئەخرایە سەر. لەحوجرە وەیا لەبەر هەیوانا، کوڕو کاڵ و فەقێ دائەنیشتن بەگۆیندەیی و بەفنجانێن و بەقسەی خۆش ڕایانئبوارد. لەکەرکووکەوە شێخ عێزەدین و وەستاخالدو مەلاقادری قەرەحەسەنی گەلێ جار ئەهاتن بۆ ئەوە شێخ عێزەدین و وەستاخالد بەدەنگە مەلائکەیەکەیان ئەو بەزمە ئەوەندەیتر بگەیەنن بەئاسمان. دەنگی گۆیندەکان و بۆنی گوڵەکان تۆ بڵێت لەئاسمانی خانەقای مەحویدا وەیا لەگیانەکەی مەلائەسعەدا هەر لە هاتوچوودا بن و ڕابواردنی پێشووی سلێمانیمان بێننەوە بیر؟

-ڕۆژی ١٩٥٦/٩/٩ بوو سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ لەگەڵ حەسەن بەگی مەحمووپاشای جافدا پێکەوە لە هەڵەبجە دەرچووین. ڕووبەڕووی خورماڵ بۆ چاو پێکەوتن و سەیر کردنی مزگەوتە کۆنەکانی ئەو شوێنە مێژوویییە. ئۆتۆمۆبێل، ئۆتۆمبێلەکەی حەسەن بەگ بوو، مەحموو لێی ئەخووڕی. ترمبێلەکە ڕادیۆی تیابوو، قەوانی «سێ گا» ی سەیدعەلی ئەسغەری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کوردوستانی لەئێستگەی بەغدادا ئەو کاتە خرابووە سەر. ڕادیو کرابووەوە گوێمان لەدەنگە بەسۆزەکەی سەی عەسکەر بوو کەئەیوت:

هەر وەک پێشەنگی سەر قافڵەی عەجەم　　　سەحەر نەسەحرای نەجەف بێو جەم

بەو هۆیەوە حەسەن بەگ ئەمەی خوارەوەی بۆ گێڕامەوە وتی:

ئەوا ساڵێ ١٩٢٦ە، لەگەڵ ئەحمەد بەگی وەسمان پاشادا -کەئەو سەردەمە هەردووکمان جۆشی گەنجایەتیمان بوو- لە هەڵەبجە شەوێکی دەمەو پایز لەژوورە بچکۆلە تایبەتیەکەی ماڵی ئەحمەدبەگا دانیشتبووین. ئەحمەد بەگ پیاوێکی هەبوو حەمەعەلی ناوبوو، بەحەمەعەلی وت کە نەیەڵێ ئەو شەوە کەس بێت بۆ لای، بەو نیازە کەئێمە ئەو شەوە بەزمێکی تاجرانە بگێڕین. ئەحمەدبەگ بەدەستی خۆی هەموو جۆرە خواردنەوەو مەزەیەکی ئامادەکردو بەڕاستی نەوەک بوو بە بەزمی تاجرانە، بەڵکوو بوو بەبەزمێکی شاهانەی دوور لە هەموو دڵتەنگیەک.

سەرو پێک نرا بەسەرەوەو نەنرا حەمەعەلی لەناکاو کردی بەژوورا وتی ئەوا سەیدێک هات نازانم چی بکەم؟ ئەو قسەکەی هەر لەدەمابوو کتوپڕ یەکێکی‌تر کردی بەژوورا، کە سەرمان بەرز کردەوە زەلامێکی باڵا بەرزمان بەرچاو کەوت. باوەشێ مێزەرەی سەوزی بەسەرەوەیە، عەبایەکی رەشی ماوەتی بەشانەوەیە، ریشێکی ڕەشی پڕی قەڵەمکراوی پێوەیە، وتی: «سەلام علیکم»و بەبێ قسە دانیشت. حەسەن بەگ وتی بەڕاستی ئێمەش لەو سەرو دیمەنە بەتەواوی شڵەژاین و لەشەرمانا بەپەلەپەل کەوتینە شاردنەوەی قاپە عەرەق و پێک و مەزەو هەڵساینە سەر پێ و لەبەری ڕاست بووینەوە. کەسەید دانیشت زمانی هەڵهێنایەوەو وتی: «ئاغەگەل بەندە سەی ئەسکەری کوردستانیم. فەرموو دانیشن». کە ئەمەی وت تۆزێ ڕوومان کرایەوە دانیشتین و بەخێراتنمان کرد. ئەویش تێگەیشتبوو کەئێمە خەریکی چین. لەپاش تۆزێک وتی: «ئاغەگەل بەزمی خۆتان تێک مەدەن، بەندەیچ ئەربابم. ئەو ئەسپاو گەلە دەرکەن».

ئێمەش دڵێک ڕازی و دڵێک ناڕازی شتومەکەکان کە شاردبوومانەوە هێنامانەوە مەیدان، بەڵام هەر شەرمان ئەکرد و دەستمان بۆ نەئەبرد. ئەمجا وتی: پێکێک بۆ منیچ تێکەن. ئێمە هەم پێمان خۆشبوو هەم پرکێشیشمان نەئەکرد. ئەحمەدبەگ سێ پێکی تێکردو یەکەمینی دایە دەست ئەوو ئێمەش هەر یەکە یەکێکمان گرت بەدەستەوە. سەی عەسکەر پێکی وەرگرت و هەستایە سەر پێ. پێکەکەی نزیکی پێکی ئەحمەدبەگ کردەوەو دای لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکەکەی تەقەی لێ هەستان و وتی: «بەسلامەتی سەری ئێوە»و نای بەسەرەوە و دانیشتەوە. سەیرمان کرد راستە زۆر ئەرباب بوو، ئەو لەئێمە گەلێ وەستا تر بوو.

تۆزێ مات بوو پاشان وتی: «ئاغە پێکێکی‌تر بۆ ئەم ئاغەی خۆتانە تێکەوە». پێکی‌تری بۆ کردوو دایە، ئەویشی نابەسەرەوە. سەیرمانکرد وردەوردە رەنگی سوور هەڵگەڕاو دەستێکی بەرز کردەوە. تۆزی مێزەرەکەی لارکردەوەو لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بەوتن. پاش ماوەیەک کە گەرم بوو دایە چریکەو دەنگی بۆ بەرز کردەوە. لەگەڵ حەنجەرەکەیا شووشەی پەنجەرەکان کەوتنە شەک و شۆک. ئەوەندەمان زانی خڕ شووشە هەموو کەوتنە خوارەوە، جامی پەنجەرە خڕەی کرد. کەچاک سەیرمان کرد هەر چێ ئەهلی هەڵەبجەیە بەدەوری ژوورەکەدا کۆ بونەتەوە لەو نەوایە سەرسام ماون. ئەوی راستی بێ ئێمەش هیچ ئیختیارێکمان تیا نەماو ئەتوانم بڵێم کەوتین.

- تشرینی دووەمی ١٩٣٠ یە، لەگەڵ فەقێ برایمی دۆلاویدا لەپشدەری ئەو دیوو رێمان کەوتە «نوورەدین». دەمەدەمی زەردەپەڕی خوراوابوو، رووبەڕووی دیواخانەکەی «هەباسی مەحمرواغا» بووینەوە، وتیان هەباساغا لەڕاوە. زۆی پێ نەچوو نزیکەی دەپانزە زەلام لە گردەکەوە بەرەو بەرزایی بەردیواخانەکە بوونەوە، هەموو بە پێیان هاتن. پیاوێکی چوار شانەی بەخۆوەبووی دارێژراوی لەبەر بنەوی بەکورتەبالا ئەهاتە بەرچاو، ڕانکو چۆخەیەکی عادەتی لە بەرابوو شەکرەی جەمامەدانەیەکی ریشوداری بەدەستووری پشدەر بەسەرەوە بوو، پشتێنێکی سێ چوار قەدی لەپشتابوو، خەنجەرێکی پیاکردبوو، پێنج تیرێکی ئێرانی نابوو بەنەڕەی شانیەوە، رووبەڕووی ئێمە هات. چاک و چۆنی لەگەڵ کردین؛ زۆر سادە بوو وتی با بچین بۆ دیواخان.

ئێمەش هەر چاوەڕێی هەباساغامان ئەکرد کە بێتەوە. تۆمەز ئەمە ئەم پیاوە هەباساغا بوو کە پشدەری ئەو دیو لەبەر هەباسی مەحمرواغا نوورەدین پشتی ئەلەرزا. وا دیاربوو ئەم پیاوە بەلای ئێمەوە سادە بوو، ئەگەینا لەڕاستیدا وانەبوو، دیواخان و دەسەلاتی لە هەموو ئەو ناوەدا ناوی دەرکردبوو. بەیانی مالاواییمان لەو دەسەلاتەو دیواخانەو لە نوورەدین کردو بەرێ کەوتین.

هەر لەو سەفەرەدا هاتینە «گاپیلوەن» ئێوارەیەکی درەنگ بوو چووینە مزگەوتەکە. دنیا ساردبوو ئاگر لە بوخاری مزگەوتەکەدا کرابووەوە چووینە بەر ئاگرەکە. مزگەوتەکە پڕ بوو هەر کەسە لە ئاشێ لێی ئەکرد. ئەوەندەمان زانی کتوپڕ کش و ماتیەک هات بەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خەڵکەکەدا. ئێمە لە ئاشێ خۆمان هەر نەکەوتین. من پرسیم ئەوە بۆچ وا خەریکە بێ دەنگ بون؟ یەکێ وتی: ئەوەحاجیەباساغا هات؛ واتە هەباسی سەلیماغا. ئەو جێگای تایبەتی خۆی هەبوو کە ئەهات بۆ مزگەوت لەسەفی یەکەما لەپشت ئیمامەوە دائەنیشت.

من هەندێ وشە لەو وڵاتی پشدەرە فێر بوو بووم وەکوو «چاپلووس، عەجەم، بێ بڕوا و هتد». ئەو سەردەمە زیتەڵەو قسەکانم زیاد لە ئەندازەی تەمەن و رێ و شوێنەکەم بوو. لەگوێ ئاگردانەکە قسەم ئەکردو ئەمدا بەیەکا، ئەوەندەم زانی خەڵکەکە درنیان داو پیاوێکی بەدیمەنی ریش تۆپی ماش و برنج، کورتەک و شەرواڵێکی ماوتی زەردی عەجەمی لەبەرا بوو، پشتێنێکی چەند قەفی چیت، پێچیکی چیتی پشدەریانەی بەسەرەوە بوو، تزبێحێکی بەدەستەوە بو«سبحان اللّه»ی ئەکرد هات لەتەنیشتمەوە دانیشت. تۆمەز ئەمە حاجیەباساغایە دەنگی قسەکانی من گوێی زرنگاندۆتەوە هاتووە بۆ هاڵ و هەواڵ؛ منیش نازانم. دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵما وتی: ئێ! کاکە فەقێ دەنگ و باسی عەجەمەکان چییە؟ منیش وتم: «چاپلووسن». ئەوەندەیتر تامازرۆ بوو بۆ قسە. ئەو بەنیازێک ئەیپرسی و منیش هەروا بەسادەیی وڵامم ئەدایەوە. ئیتر نازانم هیچ کەڵکێکی لێم وەرگت یان نە؟ ئەوەندە ئەزانم ئەو سەردەمە پشدەری ئەم دیو لەگەڵ عەجەمەکانا رێک نەبوون، ئیتر بانگی شێوان درا، قامەت کرا، وا بزانم حاجی شێخ موحسن ئیمام بوو نوێژی شێوان کرا. حاجیەباساغا وتی با بچینەوە بۆ دیواخان. کە چوینەوە دیواخان، دام و دەزگایەکی زۆر سەیرم هاتە بەرچاو، لەکتێبە ئەفسانەکانا باسی دیواخانی وردە پاشاکانم خوێندبووەوە، ئەو دیواخانە ئەفسانەی لێی کردم بە ڕاستی. ئەو شەوە لەوێ بووین و بەیانی ماڵاواییمان کردو بەرێ کەوتین.

هەر لەو سەفەرەدا هاتینە سوورەقەڵات ماڵی «رەشەی ئەوڵاغا» لەئاغای میراو دەڵی پۆشتەو پەرداخی وەکوو رەشەی ئەوڵاغام کەم دیبوو. هەر لەخۆی ئەهات ئەو کورتەک و شەرواڵی ماوتە، پشتێنێکی شاڵی عەجەم لەپشتا، خەنجەری دەستک ماهی بەکەمەرەوە، تەزبێحی کارەبا بە مستوەکەیەوە، ئەم چیتە جوانە ریشوودارە بەسەرەوە، قوندەرەی شبرەو لەپێیدا، لەدیواخانەکە لەسەر دۆشەک دانیشتبوو. پیاوان و خزمەتکاریش لەو لاوە هەموو بەتفەنگەوە وەستا بوون.

لەگەڵ هەندێ لەپیاوەکانیا قسەیان لە رەوە ئەسپەکەوە ئەکرد. تەمەنی ئەو سەردەمە لە دەوری سی ساڵێکا ئەبوو، خۆی زۆر بەشۆخ و شەنگی ڕائەگرت. قسەی ئەوەیان لێوە ئەکرد کە کچە دۆمێکی تا ئەو پەڕ جوان و نازدار لە «کێلێ» هەیە دڵی لێچووە ئەیەوێ مارەی بکا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلام لەبەر بەگزادەی میراودەلی و لەبەر تانووتی خەلک ناتوانێ پێی بەجەرگی خۆیا بنێ بۆ ئەو ئیشە.

«کاکەمین»ی براگەورەی -کەتەمەنی لەدەوری شەست سالا ئەبوو- ئەو بەپێچەوانەی رەشەی ئەولاغا ئەوەندە گوێ بەجلوبەرگ نەئەدا. هەموو کۆششی لەسەر ئەدەبیات و ئەشعاری شاعران بوو. تا ئەو سەردەمە من کەم کەسم دیبوو کەوەکوو «کاکەمین» شارەزای غەزەلیاتی حافزی شیرازی بێ؛ بەڕاستی چاکی ئەزانی. ئێستەش شکلەکەی لەبەر چاومە کەچۆن بەیەک چاوەوە شارەزای ئەو هەموو ئەدەبیاتە بوو. ئەو سەردەمە مەلامحەمەدی چوورپستانی لەوێ مەلابوو.

شەوێکیشمان لەوێ ڕابواردو ڕووبەڕووی شاری سلێمانی بووینەوە. گەلێ پاش نوێژی خەوتنان بۆ بەقەیوان و ئەزمەڕا سەرکەوتین. نم نمەی باران ئەباری. کەسەرکەوتین دیمەنی شاری سلێمانی دەرکەوت، گلۆپەی کارەبا لەناو شارا جریوەی ئەهات. یەکەم شتێکی جوانم چاوپێکەوتبێ تا ئەو سەردەمە دیمەنی ئەو شارەبوو لەو شەوە تاریکەدا کەئەو گلۆپانە جریوەیان ئەهات. ئێستەش هەر ئەو دیمەنە لەگۆشەی پەرەکانی دلما بەجوانی ماونەتەوە؛ چونکە لەژیانما ئەوە سەرەتای دیمەنێکی جوان بوو لەو بابەتەوە کەمن ببینم.

ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە؛ لەسالی ١٩٤٥ دا ئەو رەشەی ئەولاغایە کەمن بەو شۆخ و شەنگیە چاوم پێی کەوتبوو، لەبەغدا چاوم پێی کەوتەوە، زۆر شڕەبار بوو. ئەو جلوبەرگە جوانانە هەموو گۆڕابوونەوە بە ڕانک و چۆخەییێکی شڕو جووتی کەوشی دڕاو، جامەدانەیەکی چلکن بەسەرەوە، بەڕاستی گریانم هات. جگە لەمە ئەو دام ودەزگاو دیوەخانانە کەئەو سەردەمە لە پشدەرا چاوم پێکەوت، زەمان هارینی و خاوەن دیواخانیش بەدەربەدەری کەوتە گۆشەی شاران و گوندان. ئێستە نەخۆیان مان و نە ناوو نیشان و نەدیواخان. زەمان لەگەل کەسدا نییە نابێ پشتی پێ ببەسترێ.

- سالی ١٩٤٢ ڕۆژی شەشی مانگی ئاغستۆزی ئەو سالەیە. دیارە ئەو سالانە من خەریکی کاروبارو نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ بووم کە لەبەغدا دەرئەچوو. شەرە گەورەکەی جیهانی دووەمیش لەسالی ١٩٣٩دا هەلگیرسابوو؛ دنیا هەموو بوو بوو بەئاژاوە.

ئینگلیزەکان ئێستەگەیەکی کوردیان بۆ پرۆپاگەندەی خۆیان لە «یافا» دانابوو. لەعێراقا عەبدوللاگۆران، رەمزی قەزازو رەفیق چالاکیان ناردبوو بۆ یافا کەکارو باری ئەو ئێستەگەیە هەلسوورێنن؛ بەڕاستی ئێستەگەش لەو ڕۆژانەدا گڤەی ئەهات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


من لەبەر کاروباری گەلاوێژ لەو ڕۆژی شەشی مانگەدا چووم بۆ «مدیریەی دەعیایەی عامە» کە ئەو سەردەمە ئەو مدیریەیەش هەر لەوەزارەتی داخلیە بوو. «محمد باشقە» لەوێ بوو؛ واتە لەمدیریە. پیاوانی محەمەد باشقەم لەو ڕۆژانەدا بەسەر گەلاوێژەوە لەبیر ناچێتەوە.

من کە لە پێ پلیکانەکان سەرکەوتم، ئەوەندەم زانی لەو لاوە «ئەدمۆنس» هاتە خوارەوە. مسترئەدمۆنس موستەشاری وەزارەتی داخلیە بوو لەلایەن ئینگلیزەوە، وەخۆیشی ئینگلیز بوو. هەر کە هاتەخوارەوە لووت و بزووت تووشی یەک بووین. ئەیناسیم، چاک و چۆنیەکی گەرمی لەگەڵ کردم و وتی ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ وتم ئەچم بۆ لای محەمەد باشقە لەدعایە. وتی کەواتە منیش ئەگەڕێمەوە شوێنەکەی خۆم و ئەم چوونەم ناکەم. کە لەوێ دەرچوویت ئەبێ بیت بۆ لای من ئەمەوێ تۆزێ پێکەوە دانیشین و قاوەکیش ئەخۆینەوە. وتم باشە، ئەگەر زوو لەئیشەکەم بوومەوە دێم. ئەدمۆنسیش وەکوو من و تۆ کوردی ئەزانی، چ بەقسەکردن و چ بەنووسین.

هەر دووکمان بەقالدرمەکەدا سەرکەوتین؛ ئەو بەلای چەپا گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی و من بەلای ڕاستا چووم بۆ دعایە بۆ لای محەمەدباشقە. تۆزێ زیادم پێچوو لەوێ ئەوەندەم زانی یەکێک کردی بەژووراو وتی مستر ئەدمۆنس چاوەڕێت ئەکا. ئیتر هەستام و چووم بۆ لای ئەو. ئەو کەسەش کە هات دیاربوو کە سکرتێرەکەی بوو.

هەر کە چوومە ژوورەوە ئەدمۆنس هەستاو هات بەپێشوازمەوە. زۆر بەگەرم و گوڕی دەستی کرد بەقسەکردن و لەزەنگەکەیدا. کابرای سکرتێر هاتە ژوورەوە ئەدمۆنس پێی وت چاو قاوەمان بۆ بێنن و کەسیش ئیتر نەیەتە ژوورەوە. دوو بەدوو ماینەوە. پاشان وتی: ماموستا! ئەوا ئێمە لە یافا ئێستگەیەکمان بەزمانی کوردی بۆ ئێوە دانا. دیارە ئەم ئێستگەیە خزمەتێکی چاک ئەکا بەزمانی کوردی؛ بەتایبەتی ئەو کەسانەش کە لە سەرین ئێمە بڕوامان پێیانە کە خزمەتێکی باش ئەکەن بەزمانەکەتان. ماوەیەکە ئەمەوێ چاوم پێت بکەوێ لەم ڕووەوە پرسیارێکت لێبکەم، ئەوا ئێستە باش بوو ڕێکەوت. لەو کاتەدا دوو قاوەیان بۆ هێنایین و پیاوەکە چووەوە دەرەوە.

وتم فەرموو. وتی: پرسیارەکە ئەبێ بەدوو پرسیار. یەکەم بیر و باوەڕی کوردەکان چییە بەرانبەر بەم ئێستگەیە کەئێمە دامانناوە؟ دووەم بیرو باوەڕی خۆت چییە لەم ڕووەوە؟

وتم: مستر ئەدمۆنس بەلامەوە زۆر سەیرە ئەم پرسیارە کە تۆ لەمنی ئەکەی؟ من چیم تا وڵامی تۆ بدەمەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


وتی وا مەلی؛ تۆ گوڤارێکی وەکوو گەلاوێژت لەبەردەستایە. بە حوکمی ڕۆژنامەچێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێکا ئەکەی بەتایبەتی خوێندەوارانی کورد. کەم کەس هەیە وەکوو خاوەن کۆڤارو ڕۆژنامە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکا هەبێت.

وتم مستر ئەدمۆنس تکات لێئەکەم ئەم پرسیارە لەیەکێکی تری بکە. وتی: هەر لەتۆی ئەکەم، چونکە کەم کەس هەیە بەئەندازەی تۆ لەگەڵ خەڵکا بێت. وتم تکا ئەکەم وازم لێ بێنە. وتی نابێ. وتم: مستر ئەدمۆنس، خەڵکی چی؟ ئەم خەڵکە کە تۆ ئەیانبینێ دوو بەشن: بەشێکیان هەر لە هیچ تێناگەن تەنها لەکارو باری تایبەتی خۆیان نەبێ، لە «ساحب» بەولاوە ەیچیتر نازانن؛ بەشەکەی تریشیان کە دێنە لای یەکێکی وەکوو جەنابت ئەڵێن «ساحب» کەچونە دەرەوە جنێوتان ئەدەنێ.

فلانی هەرکە ئەوەم وت ڕەنگێکی هێناو بردی. ئەو ڕوومەتە گەش و سوورەی وەکوو لیموی زەرد هەڵگەڕاو هەتا بەینێک قسەی هەر پێ نەکرا. ڕاستی منیش لەقسەکانم تۆزێ پەشیمان بوومەوە، لەدڵی خۆما وتم چیمکرد بەخۆم.

پاشان هاتەوە قسەو وتی: باشە باوەڕی خۆتم پێ بڵێ: وتم مستر ئەدمۆنس تکات لێ ئەکەم لە خۆم گەڕێ. وتی نابێ هەر ئەبێ بیڵێت. بەتەواوی شپرزەی کردم. وتم مستر ئەدمۆنس ڕاستی باوەڕی من ئەوەیە: تا ئێشتان هەیە ئەم ئێستگەیە ئیش ئەکا، کە ئێشتان نەما ئێستگەکەش نامێنێ. وتی مامۆستا چۆن شتی وا ئەبێ؟ وتم وەڵلا ئەمە باوەڕی منەو تۆیش زۆرم لێ ئەکەی بۆ قسەکردن. بەلام ئەوا هەستیش ئەکەم کەگەرم و گوڕیەکەی نەماوەو لەدلا زۆر پڕە.

زەمان هێنای و بردی، لەمایسی ١٩٤٥ دا شەڕ دوایی هات. دوای ئەوە ئێستگەی کوردی یافا کەوتە کزبوون. زۆری پێ نەچوو گۆران هاتەوە، پاش بەینێکی تر ڕەمزی قەزازیش هاتەوە. دوا چۆڕ ڕەفیق چالاک گەڕایەوەو ئێستگە بەتەواوی سەری تیاچوو.

عەبدوللابەگ کە هەر هاتەوە کەوتە دەردەدڵ کردن کە چۆن هەر لەگەڵ دوایی هاتنی شەڕیان بڵاو کردەوە ئیتر لەگەڵ ئەوانیشا کەوتنە لووت و پووت.

ڕێکەوت زۆر سەیرە! لەپاش چەند ساڵ و لەپاش دوایی هاتنی جەنگ و لەپاش نەمانی ئێستگەی کوردی یافا، ڕۆژێکی تر هەر لەداخلیەوە هەر لە هەمان شوێنی سەرقالدرمەدا تووشی ئەدمۆنس بۆمەوە. من دەست پێشکەریم کرد، لەپاش چاک و چۆنی دەستم بۆ ریشە بێ ریشەکەم بردو وتم: «ها مستر ئەدمۆنس چیمان وت؟» وتی: «ئێ بێ قەزابی مامۆستا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمە سیاسەتە». منیش وتم بەڵێ ئاخر منیش ئەموت سیاسەتە. ئیتر لەیەک جیا بووینەوە، ئەو سەرەو خوا و من سەرو ژوور بوینەوە.

- ساڵێ ١٩٣٤ە ڕابواردنی سلێمانی جۆرێکیتر بوو. حەمدی ئەفەنی چایچی -خاوەنی قەوانی ئای ئای- بڕیاریدا پەردە پلاوێک لەماڵەوە دروست بکاو بۆ نیوە ڕۆژی ئەو ڕۆژە -کە ڕۆژی سێشەنبە بوو- بهێنێتە مزگەوتی حاجی مەلارەسووڵ بۆ ئەو دەستە دۆست و برادەرانەی کە بانگی کردبوون بیخۆن. دەستەکەش برێتی بون لە:

مەلامستەفای حاجی مەلارەسووڵ، وەستا ئەوڕەحمانی کەبابچی، وەستا ئەحمەدی حاجی سەیفوڵلا، خالد ئەفەنی، دەروێش ئەحمەدی چایچی، حاجی مەلاعارفی بستۆ، وەستا سالحی چایچی، حاجی عەزیزی توتنچی، مەلاحەسەنی شاتری، دیارە منیش بەشوێنیانەوە.

نوێژی نیوەڕۆ کرا. حەمدی ئەفەنی ماڵەکەیان نزیک بوو لەمزگەوتەکەوە، دوو سێ جار هاتوچووی ماڵەوەی کردو هەر جار کە ئەهاتەوە ڕەنگی زیاتر تێک ئەچوو. حەمدی ئەفەنی خۆی لەخۆیا تووڕە بوو لەو هاتوچووەشدا ئەوەندەیتر ئاگری گرتبوو. لەئێمە وایە پەردە پلاوەکە ڕێک نەکەوتووەو لەشەرمەزاریدا تووڕە بووە. ئێمە هەموو هەستمان پێکرد. مامۆستا مەلامستەفا هاتە قسەو وتی:

حەمدیە فەنی! هیچ تووڕەیی و شەرمەزاری ناوێ، ئێمە هەموو براین و خێزانی ماڵێکین، خۆ غەریب نیت. دوور نییە لە ماڵەوە ئیشیان هەبووبێ بۆیان ڕێک نەکەوتبێ نان دروستکەن، ئێستە ئەنێرینە بازاڕ لە کەبابە نایابەکەی وەستا ئەوڕەحمانمان بۆ دێنن و نان ئەخۆین. ئیتر بۆچی خۆت سەغڵەت ئەکەی؟

حەمدیە فەنی ئیتر خۆی نەگرت. وتی مەلامستەفا ئەوە تۆ ئەڵێ چی؟ نانی چی و شتی چی؟ من ئەوا ساڵ و عەیام و زەمانە ئیمڕۆ هەوەسم هەستاوە لەو قەحبەبابەی ژنم، هەر کە ئەچمەوە بەپەلە سەیر ئەکەم سێ چوار دیلەقۆڕ لەژوورەکەدان. ئەیبەمە ژوورێکیتر ئەو خراپتر. ماڵەکەمان ئیمڕۆ بووە بە نێرگەلەکەی سەی ئەحمەدی بابەرەسوولەوە. نازانم ئەم هەموو ژنە چییە ئیمڕۆ ڕوویان کردووتە ماڵی ئێمە؟ منیش بەخێر ئەبێ بۆ خۆم سەبر بکەم تا ساڵێکیتر ئەم وەختە.

لەپاشا پەردە پلاویان هێنا، بەڵام چ پەردە پلاوێک؟ پەردە پلاوێکی شیرداخی، بەڕۆنی زەنگ و برنجی بسکان و دەست و پەنجەی ئەجەخان لێ نرابێ، ئەبێ چ پەردە پلاوێک بوو بێ؟ ئای حەو جار سلاو لە ڕۆنە زەنگەکەی ئەو ڕۆژە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەم باسەتا ١٩٣٩ قسەت بۆ ئەکەم چونکە لەو مێژووەدا ئیتر من ئاگام لێ بڕاو کەوتمە بەغدا.

- ڕابعەخان هەبوو لەسلێمانی مالیان لەگەڕەکی ئەسحابەسپی بوو. نانەوا بوو لەبازاڕ. کە ئەڵێم نانەوا بوو نەوەک وەکوو ئەو ژنانە کە لە مالانا نانەواییان ئەکرد، بەڵکوو نانەوا بوو وەکوو پیاوان. نانەواخانەکەی لەخوار دوکانەکەی مەلاعەلی سەحاف و بە تەنیشت دوکانەکەی حەمەی شازەمانەوە بوو لەبازاڕی ماست فرۆشەکان.

کولێرە بازاڕ ئەو سەردەمە هەر دوو کولێرەی بەسێ پوول بوو. ئەگەر یەکێ کولێرەیەکی بویستایە بەدوو پوول بوو.

ئەم ڕابعەخانە —کە بەڕابعە سنەیی بەناو بانگ بوو- شێرە ژنێک بوو لەژنانی سلێمانی. بەیانی لە مال دەرئەچوو کراس و کەوایەکی ژنانەی درێژی لەبرا بوو، لەسەر کراسەکەوە پشتێنی هەبوو، مشکیەکی ئەکرد بەچارۆکەو ئەیدا بەناو شانیا، سەرو پێچێکی ژنانەی سلێمانیانەی ئەبەستەوە. جگەرەیەکی قامیشی ئەنا بەلا لێوەیەوەو بەو جۆرە ئەچوو بۆ دووکان. کە ئەچوو دۆشەکێکی بچووکیان بۆ دانابوو، هەویرکەرو نانەوا هەموو شتێکیان حازر کردوە، ئەوانەش هەموو پیاو بون، ئەم ئیشی خۆی هەر ئەوە بوو پارەی وەرئەگرت.

بەمجۆرە تا ئێوارە ئەمایەوە. پاش عەسر کە نان تەواو ئەبوو دائەنیشت لەگەڵ پیاوە بەردەستەکانا حسابی ئەکردو باری بەیانی پێی ئەوتن و ئەگەڕایەوە بۆ مالەوە. معاملەی هەبوو لەگەڵ ئەهلی دەرەوەدا؛ گەنمی لێ ئەکڕین و ئەیکردە عەمارەوە. ئەو پیاوو نانەواو بەردەستانە بلێم نازانم وەکوو چی لێی ئەترسان؛ هەموویشی بە ڕۆژانە ڕایگرتبوون.

لە گەڕانەکانیا عەباو شتی بەسەرەوە نەبوو. مەبەست لەمە ئەوەیە ژنێکی وا سەربەستی بەبێ عەباو پەچە لەناو شاری سلێمانیدا و ئیشی پیاوان بکا ئەمە نەبوو. تازە کچانی قوتابخانە پەیدا بووبون ئەوانیش ئەبایە بەپەچەو عەباوە بونایە ژنێک ئیشی پیاوان بکا ئەمە هەر نەبوو.

- هەتا سالێ ١٩٤٨ هەندێ ئیش وکار هەبوو ئەمانە هەر تایبەتی بون بەجوولەکەوە؛ وەکوو خومخانەگەری، زێرنگەری. مووسلمانەکان نەئەبوا ئەمجۆرە ئیشانەیان بکردایە؛ چونکە زۆر زۆر شوورەیی بوو. لەولاتی ئەردەلانا تەنانەت بازرگانی، واتە چیت و کوتاڵ فرۆشتن، پارەگۆڕینەوە -واتە «سەڕافی»- هەر ئەبوا جوولەکە بیکردایە. دوکتۆری و

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabe.org

حـەکیمی بـۆ مووسـڵمانەکان عـەیب بـوو. بـۆ ئاغـەوات و بـەگزادەی دەرەوەی شـارەکان «فەرمانبەری» (مۆزەف) ئەگەر بیانکردایە حەیایان لە هەموو عالەما ئەچوو.

لەگوندەکانا ماڵە جوولەکە هەبوو. ئەم جوولەکانـە ئیـشی گرانی لادییان نەئەکرد، چەند پریاسـکەیەکی داودەرمـان و دەرزی و دەزوو خەنـەو وسمـە —کـە هـەموو تابـاری کـەرێک نەئەبوو– سەرمایەی ژیانیان بوون. لە ئاغەو مسکێنی گوندەکە باشترو پوختەتر ڕایانئەبوارد.

- شێخ مارفی سەلمەخان کەبەشێخ مارفی«قازانقایە» بەناوبانگ بوو، پیاوێکی هەتا بڵێیت نان بدەو دڵ فراوان بوو. جۆری ڕابواردنی ژیانی لەشاهانە ئەچوو. یەکێ لەجۆری ژیانەکەی ئەوە بوو زۆر حەزی لە ڕاوە بەراز ئەکرد. لەبەر ئەوە بە دایمـی سـی چـل سـەگی بەچەشـەی ڕاوی هەبوو، کە لەبەر خزمەتکردنی ئەم سەگانە چەند ماڵی بەخێزانەوە بەخێو ئەکرد.

ڕۆژێک لەگەڵ دەستەیەک لە خزمەکانی و لەخزمەتکارەکانی ئەچێ بۆ ڕاو. ڕوو ئەکەنـە ئەو بناری «تەنگیسەر»ە، لەناو پارچـە مەرەزەیـەکا «مـالۆس»ێک هەڵئەسـتێنن. لەلایەکـەوە تفەنگچی و لەلایەکەوە گەلەسەگ دەوری مالۆس ئەدەن.

لەناو مەرەزەکەدا دارێکی بچکۆلەی تێدا ئەبێ، «گۆخڵ»ەکە لەبن دارەکەدا ئەبێ. مالۆس ڕوو ئەکاتە دارەکە. کابرای گۆخڵ لەترسا بەدارەکە هەڵئەزنێ و بە هەرجۆر بـێ خـۆی پێـوە ڕاگیر ئەکا. دارەکەش ئەوەندە بێ تینە لەوانەیە کابراکە ببزوێتەوە دارەکە بشکێت بۆ نەگبەتی ئەو مالۆسەش دێت لەبن دارەکەدا ماتەئەکا.

کە مالۆس ئەچێتە ئەوێ شێخ مارف لەولاوە بانگ ئەکا ئەڵێ: «هۆ کابرا بەمەرقەدی شێخ سمایلی والیـانی بکـۆکی، وەیـا ببزوێتـەوە تفـەنگێکت پێـوە ئـەنێم و ئـەتکوژم. هـیچ مـەکـە تـا چارێکی ئەم مالۆسە ئەکەین».

کابرا بەجارێ هەناوی دائەکەوێ: ئەگەر ئەبزوێتەوە لـەولاوە بەتفـەنگ ئـەیکوژن؛ ئەگـەر نابزوێتەوە لەم لاوە بەرازەکە سەیری ئەکاو ئەیەوێ بە شفرە دارەکە لەبن بێنێ.

بە هەر جۆر بوو بەراز لەبن دارەکـە ئـەڕەتێنن و لەدواییدا ئـەیکوژن. ئـەمجا شـێخ مـارف کابرا بانگ ئەکا و لێی ئەپرسێ ڕاستم پێ بڵێ، بەڵام ڕاست هیچ درۆ مەکە. بەمەرقەدی شێخ سمایلی ولیانی ئەگەر ڕاست قسە بکەی چیت بوێ ئەتدەمی. لەو وەختەی کەمن بـەو جـۆرە بانگم کردی چیت وت؟ ئەویش ئەڵێ: «وەڵلا یا شێخ ئەوی ڕاستی بـێ وتم خوایە تـۆ منت خستە بەینی دوو بەرازەوە: ئەگەر ئەبزومەوە ئەو بـەرازە ئـەمکوژێ؛ ئەگـەر نابزوومـەوە ئـەم بەراز ئەمخوا. جا خوایە کەیفی خۆتە ئێستە تۆیش ئەمکوژی و نامکوژی کەیفی خۆتە؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەڵێ: شێخ مارف قاقا دەست ئەکا بەپێکەنین. جارێ هەر لەو شوێنەدا چی لەبەرا ئەبێ بەکەواو سەڵتەو پاڵتۆو چەفتەو پشتێنەوە بۆی دائەکەنێ و ئەیداتێ، کە ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە دووسەد قەران‌تریشی خەڵات ئەکا.

- کارەساتی دەوران زۆر سەیرە، بۆیە قسە، قسەی لێ ئەبێتەوە.

«خلەپەزە»ی هەمەوەن پیاوێکی دیارو بەدیمەنی هەموو وڵاتێک بوو؛ لەو سەردەمەدا لە «مەیدان» و «هۆرێن شێخان» دائەنیشت. دنیای تەماع بەینی ئەوو حەمەپاشای جافی تێکدا بوو.

ڕۆژێک خلەپەزە لەبەینی کوڕەکوڕەی هەمەوەنا دائەنیشێ و ئەڵێ: ئەبێ ئەو حەمەپاشای جافە بگرم و بیهێنم سەری ببرم، ئەو سەرو کەللەیە بەریشە زلەکەیەوە هەڵواسم بەژێر سکی ماینەکەما.

ئەم قسەی خلەپەزەیە هاوار ئەپەڕێ تا ئەگاتە کوێستانی «بس» و «مەولاناوا» لەوڵاتی «بانە» -کەشوێن هەواری حەمەپاشا ئەبێ. قسەکە ئەگاتەوە بەحەمەپاشا حەمەپاشاش ئەڵێ: هەروەها ئادەی جاف بەچوارسەد سواری جافەوە ئاوزەنگی تەقێن، هەواری ئەو ساڵەی مەولاناوا لەخۆی حەرام ئەکاو دێت بۆ وڵاتی «مەیدان». لەبەرەبەیانی شەوێکی تاریکا ئەدا بەسەر بەرەی خلەپەزەدا. چارەنووس لەچارەی خلەپەزەی ناوداری هەمەوەندی نووسیبوو کە بکەوێتە دەست حەمەپاشای جاف.

حەمەپاشا ئەیگرێ و سەری ئەبڕێ. جارێ لەشەکەی دێنێ هەڵیئەدڕێ و پڕی ئەکا لە بارووت و پێکیەوە ئەنووسێنێتەوەو ئاگری پێوە ئەنێ، بارووت ئەتەقێتەوە هەر پرزۆڵە گۆشتێکی ئەبا بەلایکدا. سەرەکەشی دێنێ هەڵیئاوسێ بەژێر سکی ئەسپەکەیاو بەو جۆرە بەرەو دوا ئەگەڕێتەوە بۆ هەوارگەی کوێستانی مەولاناوا ئەڵێ: خلەپەزە ئاوا سەری من هەڵاوەسی بەژێر سکی ماینەکەتا؟

- لە ١٩٠٨ دا خۆت ئەیزانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەئاخر و ئۆخری پیریدا بوو. ئەو ڕۆژەی سوڵتان عەبدولحەمید وای ئەویست کەشێخ سەعیدی کوڕی سەیدمحەمەدی کوڕی کاکەحەمەد لەوڵاتی سلێمانی بنێرێ بۆ ئەستەمۆڵ؛ بەڵام دەستەی بەرەی کاکەحەمەد زۆر بوو، حوکومەتی ئەو ڕۆژە هەروا بەو سانایی پێی نەئەکرا شێخ سەعید بنێرێ بۆ ئەستەمول.

ڕێکەوتیش وابوو هەر لەو سەردەمانەدا حوکومەتی سلێمانی -کە عەبدولحەمیدبوو- ناردبووی بەشوێن مەحمووپاشای کوڕی حەمەپاشای جافدا. مەحمووپاشا بەنزیکەی سێسەد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سوارەوە دێت بۆ سلێمانی. ئەم هاتنەی ئەم بەم سوارانەوە وای بردبووە دڵی خەڵکەوە کە گوایە بۆ ئەوە هاتووە یارمەتی حوکومەت بدا بۆ ناردنی شێخ سەعید بۆ ئەستەموڵ. لەگەڵ ئەوەشا وا نەبوو.

حوکومەت شێخ سەعیدی ناردو شێخ سەعید لە مووسڵ کوژراو دەنگ وا بڵاو بووەوە کەحوکومەت دەستی لەکوژرانی شێخ سەعیدا هەیە.

شێخ مەحموودی کوڕی شێخ سەعید -کەلەگەڵ باوکیا ئەبێ- لە مووسڵ لەپاش کوژرانی باوکی خۆی ئەگەیەنێتەوە ولاتی سلێمانی. وەکوو شێری برسی لێدێ بۆ تۆڵە سەندنەوەی باوکی؛ چ لەحوکومەت، چ لەو کەسانە کە بوون بە هۆی کوژرانی باوکی لەشاری سلێمانی و ولاتی سلێمانیدا. دەستەیەکی زۆری بۆ ئەم ئامانجە پێکەوە ناوە.

دیسان لەم وەختەشا حوکومەت ئەنێرێتەوە بەشوێن مەحمووپاشای جافا کەبێت بۆ سلێمانی. مەحمووپاشا بەشەشسەد حەوسەد سواری جافەوە دێت بۆ سلێمانی. کوڕەکوڕەی جاف کە ئەزانن مەحمووپاشا بۆ سلێمانی ئەچێ و لەو سەردەمانەشا لووت و پووتی حوکومەت لەگەڵ مەحمووپاشادا تۆزێ باش نییەو لەلایەکی تریشەوە شێخ مەحموودیش لەوێیەو شێخ مەحموودیش بەقسەی خەڵک وا چووەتە دڵیەوە کەجاری پێشوو ئەگەر مەحمووپاشا نەهاتایە بۆ سلێمانی، شێخ سەعیدی باوکی نەئەنێرا بۆ ئەستەموڵ و لەمووسڵ بکوژری، لەبەر ئەمە لەکوشتنی شێخ سەعیدا مەحمووپاشا هاوبەشە؛ کەواتە ئەبێ تۆڵەی لێ بکاتەوە.

ئەم دوو دەنگوباسە لە ناو شۆڕە سواری دەستەی مەحموو پاشادا بڵاو بووەوە. ئەم دەستەیە هەتا لە سلێمانی نزیکتر ئەبوونەوە ژمارەیان کەمتر ئەبووەوە. لە هەر قۆناغێکا بەشێکیان خۆیان ئەدزیەوە تا گەیشتنە ناو شاری سلێمانی لەشەشسەد حەوسەد شۆڕە سواری جاف، مایەوە «شەست» کەس. ئەوانەش لەپشتماڵەی مەحمووپاشا خۆی بوون.

مەحمووپاشا بەم شەست سوارەوە دێتە ناوشاری سلێمانی و ئەچێتە ماڵی «ئەورەحماناغا». لەپاش حەسانەوە بەخۆی و بەپیاوەکانیەوە ئەچێ بۆ «سەرا» کە ئەو سەردەمە لەشوێنی دەبووەکە بوو.

لەولاوە شێخ مەحموو کە ئەبیەت وا مەحمووپاشا هاتووتە سلێمانی و مەحمووپاشاش گۆیا دەستی لە کوشتنی شێخ سەعیدا هەبووە بەخۆی و بەلەشکرێکی کۆکەکەوە ڕوو ئەکاتە ناوشار بۆ کوشتنی مەحمووپاشا. لەو وەختەدا کە مەحمووپاشا ئەچێ بۆ سەرا دیارە ئەزانن چۆن کارەساتێک ئەبێ، پیاوەکانی خۆی هەموو فیشەک ئەخەنە بەر تفەنگ و تفەنگ ئەگرن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەدەستەوەو دەست ئەخەنە سەر تێسکە. مەحمووپاشا ئەخەنە ناوەڕاستی خۆیان و بەو جۆرەپۆلیس کە مەحموو خدری کوڕی خلەپەزە ئەبێ پیاوەکانیشی هەموو لە دەرەوە ڕائەوەستن مەحموو پاشا و مەحموو خدر پێکەوەدوو بەدوو لەژووڕێکا ئەمێننەوە.

لەو لاوەشێخ مەحموو کە ئەبیەت وا مەحمووپاشا چووەتە سەراوە ئەکەوێتە سەر ئەوە کە پەلاماری سەرا بداو سەرا بگرێت. بە هەڵەداوان ئەم خەبەرە دێنن بۆ مەحمووخدری مودیری پۆلیس. مەحمووخدر لایەنی مەعمووریەتی لەبیر ئەچێتەوەو دەماری عەشرەتی ئەیبزوێنێ، ئەڵێ: «عەشرەت پشتی عەشرەت نادا بەزەویدا ئادەی پۆلیس». فەرمان ئەکاتە سەر پۆلیس کە بچن سەر سەراکە بگرن، مەفرەزی پۆلیس بەتفەنگەوە هەموو کەلێن و قوژبنی سەربانی سەرا ئەگرن و پیاوەکای مەحمووپاشاش دەورو بەری دەرکی سەراکی ئەتەنن و سەرا قایم ئەبێت.

لەم وەختەدا ریش سپیانی سلێمانی بەقورعانێکەوە ئەچن سەری ڕێ بەشێخ مەحموو ئەگرن و ئەڵێن بیکە بەخاتری ئەم قورعانە بگەڕێوە. سەرا قایم کراوەو لە هیچ و پووچ ئەبێ خوێن لەش ببا. مەبە بە هۆی رژانی خوێنی بێ گوناحان و با سلێمانی تێک نەچێ. شێخ مەحموو کەبەقورعانەوە ئەچن بەپیریەوە، لەبەر قورعانەکە ئەگەڕێتەوەو واز لەفیکرەکەی خۆی دێنێ.

لەم لاوە -کەقسە لێرەدایە- لەجۆشی ئەو شلەژانەدا کەوا مەحمووپاشا و مەحمووخدر پێکەوە دوو بەدوو لە ژوورەکەدا دانیشتون، مەحمووخدر ڕوو ئەکاتە مەحمووپاشاو پێی ئەڵێ: «ئەرێ مەحمووپاشا ئەو وەختە کەحەمەپاشای باوکتیان کوشت عومرت چەند بوو». مەبەستی ئەوە بووە کەبەم قسەیە ئەیەوێ تانووتێک لەمەحمووپاشا بداو دڵی بریندار بکا. مەحمووپاشاش ئەڵێ: جەنابی مەحمووخدر لەو وەختەدا کەحەمەپاشای باوکم کوژرا عومرم ٣٢ ساڵ بوو؛ بەڵام لەو وەختەدا کە هەر حەمەپاشای باوکم خلەپەزەی باوکتی کوشت عومرم بیست ساڵ بوو.

مەحمووخدر ئیتر نایەتە زمان و پاش گەڕانەوەی لەشکری شێخ کە ناوشار تۆزێ ئارام ئەبێتەوە، مەحمووپاشا هەڵئەستێ و دێتەوە بۆ ماڵی ئەورەحماناغا.

- «تامووراغا» هەبوو پیاوێکی دەوڵەمەندی بەدەستەڵات و خاوەنی مەڕو شوانکارە بوو. لە هەولێر دائەنیشت، تووشی نەخۆشیەکی گران بووبوو. گەلێ ولاتان گەڕابوو، دوکتۆرەکان هەر ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە ئەمە ریخۆڵەی پێچی خواردووە. لەبەر ئەوەش کەعومری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


سەرکەوتووە تاقەتی ئەوەی نەماوە کە «عەمەلیات» بکرێ. دوکتۆری مووسڵ و بەغداو شام هەر لەسەر ئەمە بوون بەڵکوو هی لەندەنیش لەبەر ئەمە تامووراغا ڕۆژ بەڕۆژ هەر لەکوتی ئەداو هەر بەرەو پیری مردن ئەچوو، ئیتر دەستیان لێشت و چاوەڕێی ئەوەیان ئەکرد ها ئێستە، ها سەعاتێکی‌تر بمرێ.

ئەم لەم حاڵەدا بوو، شوانکارەی هەبوو. ڕۆژێک یەکێ لەو شوانکارانە -کەناوی مستۆ بوو- هاتبوو ڕۆنی هێنابوو، سەیری کرد ماڵی تامووراغا لەشین و شەپۆڕدان. ئەپرسێ ئەمە چییە؟ ئەڵێن، تامووراغا لەحاڵی خۆیایەتی و هەموو دوکتۆرەکان وتوویانە ریخۆڵەی پێچی خواردووەو لەبەر عومر گەورەییشی ناتوانن دەستی لێدەن. ئەڵێ: ئا بمبەن حەز ئەکەم منیش چاوم پێ بکەوێ. ئەیبەن ئەویش سەیری ئەکا. لەپاش ئەوە دەست ئەنێ بەسکی تامووراغادا ئەڵێ: بەڵێ ڕاستە ریخۆڵەی پێچی خواردووە، بەڵام من ئێستە چاکی ئەکەمەوە، بەمەرجێک هەر شتێک ئەڵێم بۆم بێنن و قسەش نەکەن. ئەڵێن: باشە. ئەڵێ: سێ هەڵماتی شووشەو قووتوێک ڕۆنی زەیتەم بۆ بێنن، وە هەر ئێستەش گونکێکی هەویر لەسەر ساج بکەن بە کولێرەیەکی گەرم و بۆم حازر کەن. هەڵماتەکان و قووتوە ڕۆن زەیتەکەی بۆ دێنن. تامووراغاش هیچ هێزی نەماوەو تەنانەت قسەشی نەماوە.

کابرا دەمی تامووراغا ئەکاتەوە، یەکەیەکە هەڵماتەکان ئەخاتە گەرووی. بە پەنجە ئەیخاتە خوارەوە ڕۆن زەیتەکەی ئەکا بەشوێنیا. کەس و کاری تامووراغا ئەیانەوێ دەستی بگرن، ئەڵێن ئەو لەو حاڵەدایە تۆ بەتەواوی خنکاندت. ئەڵێ: من نەموت نابێ قسە بکەن. هەندێکیتر لەکەس و کارەکەی ئەڵێن: خۆ ئەو مردووە واز لەم پیاوە شوانە بێنن ئەگەر چاک بووەوە ئەوا چاک بووەتەوە؛ ئەگەینا خۆ ئەو هەر مردووە.

کابرای شوانە هەرکە هەڵمات و ڕۆن زەیتەکە ئاوا لێ ئەکا ئەڵێ خێرا کولێرە گەرمەکەشم بۆ بێنن. کولێرەی سەرساج بۆ لائەبەن و بۆی دێنن. کولێرەی گەرمی سوور ئەنێتە سەر سکی تامووراغاو بەسەرسکیا ئەیگێڕێ؛ ئەوەندەی ئەگێڕێ تا کولێرە وردەوردە سارد ئەبێتەوە. ئەویش هەر بەدەست دەستی پیا دێنێ. سەیر ئەکەن تامووراغا چاو ئەکاتەوە زۆری پێ ناچێ کەمە کەمە زمانی گۆ ئەکاو ئەڵێ: بمبەنە سەر ئاودەست. کوڕو خزم و کەس و کار لەخۆشیا وەختە پەڕ دەرکەن. هەڵیئەگرن و ئەیبەنە سەر ئاودەست. شوانەکەش لەگەڵێ ئەچێ. تامووراغا دائەنیشێ و پاش هەڵسانی شوانەکە لەناو پیسایییەکەی هەڵماتەکان هەڵئەگرێتەوە. واخزمەکانیشی هەموو چاویان لێیە، تامووراغا ئەمجا بەپێی خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرجێگای خۆی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەپاش تۆزێ داوای نان ئەکا ئەڵێ: برسیمە. شوانە ئەڵێ: شۆربایەکی تەڕی بۆبکەن، شۆربای ئەدەنێ ئەیخوا، دیسان داوا ئەکاتەوە، شوانە ئەڵێ شۆربای بدەنێ. لەو ماوەیەدا جارێکیکەش ئەچێتە سەر ئاودەست. شوانە دوو ڕۆژ لەوێ ئەمێنێتەوە تا تامووراغا بەتەواوی ئەکەوێتە خواردن و ئەڵێ: هەموو شتێکی ئیتر بدەنێ. لەڕاستیدا تامووراغا بەتەواوی ساغ ئەبێتەوەو هیچ عەلەمی تیا نامێنێ.

ئەمجا لەکابرای شوانە ئەپرسن ئەمە چییەو تۆ چۆنی تێ ئەگەی؟ ئەڵێ: من وای ئەزانم ئەمە ریخۆڵەی پێچی خواردووە ئەبێ شتێکی سافی قوورس هەبێ بەو شوێنەدا و بەناو ریخۆڵەکەدا بڕواو بۆ ئەوە پاڵ بەشوێنە پێچ خواردووەکەوە بنێ، ئەو شتەش بەعەقڵی من هەر هەڵماتی شووشە بێ؛ چونکە هەر ئەوە ساف و قوورسە. ڕۆن زەیتەکەش بۆ ئەوەیە لەگەڵ هەڵماتەکەدا بڕواو ناو ریخۆڵەکە لووستر بکاو ڕێگا بکاتەوە بۆ ڕۆیشتنی هەڵماتەکە. کولێرە گەرمەکەش بۆ ئەوەیە کەگەرمایی بگا بەڕۆن زەیتەکە نەوەستێ؛ چونکە ڕۆن زەیت بەگەرمایی زیاتر ئەکەوێتە جوولە. ئەمانە هەر یەکە ئیشی خۆیان کرد، هەتا لەولاوە ئەوە بوو هەڵماتەکان دەرچونەوە پێچی ریخۆڵەکە ڕاست بووەوە هاتە سەر دۆخی خۆی.

تامووراغا ئەوا چاک بووەوە ئەمجا ڕووی کردە مستۆی شوانکارە وتی: هەرچی خێرو بێری ئەمسالی ئەو مێگەلە مەڕەی من هەیە سا هەزارسەرە یان کەمترە هەموو بۆ تۆ. جگە لەمە دیسان خەلاتێکی‌تریان کردو گەڕایەوە بۆ لای مەڕو مێگەلی خۆی.

**– لەفیلی دەرۆزە:**

ساڵێ ۱۹۲۹ بوو ڕێم کەوتە شاری «بانە». دنیا پاش عەسرو دەمەدەمی ئێوارە بوو. لە گۆرەپانی زیندروەکانا خەڵکێکی زۆر ڕاوەستابوون بەدەورە. زۆریی خەڵکەکە سەرنجی ڕاکێشام چووم. کەچووم سەیر ئەکەم لەناوەڕاستی خەڵکەکەدا دەروێشێکی کەلهوڕ چاروکەیەکی سپی ڕاخستووە، سندوقێکی بەئەندازەی هەزار پێشەیەکی لەتەنیشتەوە داناوە خۆیشی ڕاوەستاو.، سەری سندووقەکە دادراوەتەوە، دەست بۆ سندووقەکە ڕائەکیشێ و بەزمانێکی پاراو کە گری نایەتە بەری ئەڵێ: «خەڵکینە! ئەزانن ئەم سندووقە چی تێدایە؟ ئەم سندووقە ئەژدەهایەکی تێدایە شاخی دەرکردووە، تووکی بەسەر زەویدا ئەکشێ، چاوەکانی بریسکەیان دێ، لەشی لە هەزار ڕەنگ ئەدرەوشێتەوە، گوڵێکی پیرویی لەئاسمان شینتر، گوڵێکی سەوزە لەقەرسیلی بەهار سەوزتر، گوڵێکی سوورە لەگوڵەباخی پادشاهان سوورتر، گوڵێکی زەردە لەکارەبای یەمانی زەردتر. ئەوی نەیبینێ لەدنیادا هیچی نەدیوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوی ببینێ هەموو دنیای دیوە. ناوبانگی ئەم مارە کە ئەژدەهایە گەیشتۆتە چین و ژاپۆن، گەیشتۆتە وڵاتی ئەڵمان و فرەنگستان. پارە داخەنە سەر ئەم چارۆکەیە، چاوتان بکەوێ بەم موجزەیە».

خەڵکیش هەر زیاد ئەکاو دەقیقە بە دەقیقە تامەزرۆی ئەوەن کەچاویان پێبکەوێ، وەکوو بارانی بەهار پارە ئەبارێ بەسەر چارۆکەدا ئەویش هەر جارە بەقسەکانی زیاتر هانی خەڵکەکە ئەدا بۆ ئەم چاو پێکەوتنە. جارجاریش سەیرێکی پارەی ناو چارۆکە ئەکا ئەڵێ هێشتا ماویە بگا بەقیمەتی چاو پێکەوتنی ئەو ئەژدەهایە. ئەو عالەمەش هەر وەختە رۆحیان دەرچێ. هەتا دێت هەر خەڵکی تریشیان پێوە ئەنووسێ؛ چونکە لەماوەی ئەو سەعاتەدا لە هەموو شارەکەدا دەنگی دایەوە کەشتێکی وا هاتووە، بەرەبەرە ئەهاتن بۆ چاو پێکەوتنی.

کابرای دەروێش ئەمجا کەوتە ژماردنی پارەو ئەیوت: ئەوەندە تمەن، وەیا ئەوەندە قەرانی ماوە بگا بەو ئەندازەیە کە من ئەیڵێم. خەڵکەکەش ئەوەندە بە تاسە بوون هی وا هەبوو دوو جارو سێ جار پارەی فرێ ئەدا بۆ ئەوە لەو تامەزرۆیە رزگاری بێ و چاوی بە ئەژدەها بکەوێ. قسەکانی کابراش ئەوەندە کاریگەرو مێشکی خەڵکەکەی بەجۆرێ شلەژاند بوو یەکێ نەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە ئەژدەهایەکی وا چۆن لەسندووقێکی وا بچووکا جێگای ئەبێتەوە.

کابرا بەمجۆرە قسانە هەر هانی خەڵکی ئەدا هەتا دنیا بوو بەپاش نوێژی شێوان و تۆزێ تاریکایی داهات. خەڵکەکەش ئەوەندە وەڕەز بوون هی وا بوو ئەجوڵا بۆ ئەوە بچێ پەلاماری بدا بەڵام هێتر دەستی ئەگرت.

کابرا کەزانی بەتەواوی دەستی خۆی وەشاندو دنیا تاریک بوو، وە لەوانەشە ئەگەر زیاتر بکێشێ لێدان ئەخوا، هێنای چارۆکەکەی کۆکردەوە. توورەکەیەکی دەرکرد هەموو پارەکەی رژاندە ناویەوە، لوولیدا و خستیە باخەڵیەوە، چارۆکەکەی بەست بەسەریا. هەر دوو چاکی لێ بەلادا کرد، سندووقەکەی هێنایە پێشەوە. دەستی کرد بە «یاهوو، یامەنهوو، پیری هەمەدان و سوڵتان ئیسحاق، شای مەولاناوا و شاسواری مایدەشت، کڵاو زێڕینی کرماشان و تاجداری خۆراسان، گومەزی پەندەهارو مەزارگەی بوخارا، هوو مەدەد یا عەلی!»

ئەمانەی وت و دەستی برد سەری سندووقی لادا توولە سوجە مارێکی دەرکردو گرتی بەدەستیەوە. خەڵکەکە کە ئەمەیان دی، هی خوێن گەرمیان تیا هەبوو پەلاماریان دا، هی تریش هەبوو ئەیوت وازی لێ بێنن ئەم باوەحیزە. کابراش سندووقەکەی خێرا دایە بن هەنگڵی و توولە مارەکەی گرت بەدەستیەوە، پێیەکی هەبوو چواری تری بۆ قەرز کرد، درنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا بەخەڵکەکە. دنیاش بەتەواوی تاریک بوو، بۆی دەرچووو خۆی دەرباز کردو کەس نەیزانی بۆ کوێ چوو.

- لەکوردستانی ئێرانا بەتایبەتی تا دوایی هاتنی جەنگی گەورەی یەکەم(١٩١٤ـ١٩١٨) دەرامەتی میری لە ولاتا بەو جۆرە بوو کە هەر بەگ وەیا ئاغا وەیا خانێک کەوا خاوەن گوند و دێهات بوون دوای ئەوە کە حاسلات هەڵئەگیرا ئەو مالکە ئەچووە ئەو شارە کەگوندەکانی ئەو کە سەر بە ویبون لەگەڵ حوکومەتی ئەو شارەدا -کەسەر بەشا بوو- رێئەکەوت ساڵێ ئەوەندە پووڵ بدا بەمیری. ئەمەی پێ ئەوترا «مالیات». ئەمجا ئەو مالکە بێجگە لەحەقی ملکانەی خۆی ئەو پارە لەمسکینەکان کۆ ئەکردەوەو ئەیدا بەحوکومەت. ئیتر دەرامەتی حوکومەت لەم سووچەوە بریەتی بوو لەوە.

وەکوو دەر ئەکەوی ئەم رەوشتە هی سەردەمی کۆنی حوکومەتانی فارس بوو مابووەوە، وەیا هی سەردەمی سەدەی چوارەمی هیجری بوو بەچاو حوکوماتی ئیسلامییەوە.

- «فەقێ قادری رەباتی» پیاوێکی پیاوانەو قسەزان و بەدەسەلات بوو. لەوەختی خۆیا یەکە پیاوی «شێخ مەحموودی» حەفید بوو. وتی: لە هیچ شتێک ناتەواویم نەبوو: لەماڵ، لەولاخی چاک، لەئەولاد. لەگەڵ شێخ مەحموودا چووین بۆ کەرکووک و میوانی «سەید ئەحمەدی خانەقا» بووین. ئەو سەردەمە پیاو نەبوو لەولاتی کەرکووکدا ناوی هەبێ تەنها سەیدئەحمەدخانەقا نەبێ. تەنها مەعموورەکانی حوکومەت بەیانیان پێش چوونە دایەرەیان و ئێواران لەکاتی گەڕانەوەیانا تا نەچونایە دیوەخانی سەیدئەحمەدو قاوەیان نەخواردایەتەوە نەئەچوونە سەر ئیش و لای ماڵی خۆیان. کەچووین چەند رۆژێک لەلای سەید بووین.

رۆژێک سەید پێی وتم: «فەقێ قادر ئەتەوی دەولەمەندێکی تەواو بیت و بێ ئەقڵ بی. یا ئەتەوێ پیاوێکی ژیرو داناو لات بیت؟»

منیش ئەوا دیارە لەسامانی دنیا لەسەر هیچ پەکم نەکەوتووەو نایەت بەدڵما کەئەم سامانەی من هەمە لەدەستم بێتەوە. وتم وەڵلا جەنابی سەید ئەوەی دووهەمم ئەوێ. فەرمووی ئەوا بۆم مۆرکردی.

دنیا پەردەیەکی تری بەسەر هات؛ رۆژ نەهات رۆژێکی تری بەدوادا هات. دەوری شێخ مەحموود نەما، منیش وردەوردە رووم کردەکزی. ژن مرد، ماڵم لەدەست بووەوە، ولاخی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کەحێلە هەمووی تیاچوو، ئەولاد دنیای باوکیان بەجێهێشت، هیچم بەدەستەوە نەما؛ هەر مامەوە خۆم وخۆم.

ئەم ماوەیە بیست و دووساڵێ پێچوو. لەدوای بیست و دووساڵە ڕێم کەوتەوە کەرکووک. لەسەر تیلمە کاغەزێک نووسیم بۆ سەید ئەحمەد: «جەنابی سەید ئەوەی یەکەمم ئەوێ».

ئەویش لەپشتیەوە نووسیەوە: «فەقێ قادر تازە مۆرکرا. هەر ئەوەی دووەمە».

سەید ئەحمەد لەپاش بیست و دوو ساڵ تێگەیشت کەوەختی خۆی من چیم وتووەو ئەو چی وتووە.

– هەر فەقێ قادری ڕەباتی گێڕایەوە وتی:

میرزای تایبەتی «وەسمان پاشا»ی جاف بووم؛ هەس و نیەسی لەدەست منابوو، مەحرەمی ماڵ بووم وەکوو یەکێ لەخێزانی ئەو ماڵە.

جوانی خانمی وەسمان پاشا لە هەموو ئەو ولاتەدا ناوی دەرکردبوو. مێوژە ڕەشکە لەسای گەردەنیا دیاربوو، نەبخۆی نەبکەی هەر تەماشای ئەو باڵا نەمامەو گۆنا ئاڵەی بکەی. بەڕاستی خوا یەکێ لەو شیرین نەمامانە کە دروستی کردبوو خانمی وەسمان پاشا بوو.

ئەمە لەباری جوانی و نازداریدا، لەباری ساڵاریشا هەر تەنها مەگەر لەدەست خانمی وەسمان پاشا بهاتایە کە فەرمانڕەوایی و عەشرەتداری هەموو تۆپی جافی بکردایە تا ئەچووە سنەو سلێمانی و بانەو شاقەڵا.

وتی چەند ساڵ بوو لەدڵما بوو بوو بەگرێ کەجارێک من خانمم چاوپێ بکەوتایە لەو کاتەدا کە لەخەو هەڵئەستا. چونکە وا چووبووە دڵمەوە کەئەو جوانیەی خانم هەیەتی هی داو دەرمانە. دەمێک بوو لەو باوەڕەدا بووم، شوێن هەڵێکا ئەگەڕام. کتوپڕ ڕۆژێک بۆم هەڵکەوت سەر لەبەیانی بوو، هێشتا خانم لەخەو هەڵنەستا بوو بەبیانووی هێنانی قەڵەم و کاغەزێک لە ژوورەکەدا کە خانمی لێی نوستبوو چوومە ژوورەکەوە. منیش مەحرەم بووم ئەمتوانی هات و چۆی کەم.

هەرکە سەرم کرد بەژوورەکەدا خانم گۆشەی کولەی سەر تەختەکەی لاداو لەناو جێگاکەی هەستاو زەردەخەنەیەک گرتی.

بەڵام هەستانێکی وا هەر وەک مانگ لە کەل بێتە دەرەوە ئاوا بوو. بەڕاستی خانمم لە جۆشی نیوەڕۆو سەرێوارەدا چۆن چاو پێکەوتبوو، لەو کاتەشا کە لەناو جێگای بەیانیەدا لەناکاو هەستا هەر وابوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆزێ لە زەردەخەنەکەی تەریق بوومەوە. وتی: فەقێ قادر! ئەزانم بۆچی هاتوی؟ وتم: بۆچی هاتووم خانم؟ وتی: بۆ ئەوە لەم وەختەدا هاتوی کەمن ببینی بزانی ئەو جوانیە کەمن هەمە لەوەختەکانی‌تر هی داو دەرمانە یا هەر هی خۆمە؟ فەقێ قادر! من داو دەرمان ناکەم، خوا دوو بەهرەی جوانی و ماڵی پێ داوم. بەداو دەرمان و بەپیسکەیی کفرانی ئەو دوو بەهرەیە ناکەم.

وتم: خانم چۆنت زانی کە من بۆ ئەوە هاتووم؟ وتی: «بەوەدا زانیم هەر کە سەرت کرد بە ژوورەکەدا لەپێشا سەیری منت کرد ئەمجا چاوت برد بەلای قەڵەم و کاغەزەکەوە».

بە ڕاستی ئیتر ئیمانم بەوەش هێنا کە زەکاو زیرەکی خانمی وەسمان پاشا کردبووی بەو خانمە کە دەستە جڵەوی ئەو هەموو عەشرەتەکەی گرتبوە دەست.

پاشان وتم: وەڵڵا ئەوی ڕاستی بێ خانم، ڕاست ئەکەی بۆ ئەوە هاتبووم. خۆ هیچ لۆمەیەکم ناکەی؟ وتی کوڕم! تۆ کوڕی ئێمەی، ئەگەر ئێمە تۆمان بەکوڕی خۆمان دانەنابێ تۆ وا بەو جۆرە سەربەست نابی لە هەموو ژوورو بەری ئەم سەرایەدا.

– «ئەشرەفاغای ڕەباتی» پیاوێکی بەناوبانگ و دیاری بوو. لەسەردەمی تورکەکانا حوکومەتی ئەستەموول ئەکاتە سەر والی مووسڵ کە بیگرن و بەدەستی بەستە بینێرن بۆ ئەستەموول؛ چونکە ئاوی لەحوکومەتی ئەستەموول لەولاتی سەنگاودا لێڵ کردووە. والی ئەمر ئەکاتە سەر قائمقامی کەرکووک کەبچی بیگرێ.

قائمقام بەخۆی و دووسەد ئیستر سوارەوە لەناکاو ئەدا بەسەر «ڕەبات» داو ئەچێتە ماڵی ئەشرەفاغا خۆی لەماڵ نابێ. دەمی نیوەڕۆ ئەبێ. «شەمسەخانی» کچی کاکل ئاغای فارساغا خێزانی ئەشرەفاغا ئەبێ. نانی نیوەڕۆ ئەنێرێتە دیوەخان. دووسەد سینی، هەر سینیەک بریانیەکی لەسەرە. لەماوەیەکی زوودا ئەم نانە بەم جۆرە حازر ئەبێ.

چنان ئەخورێ. پاشان قائمقام سەرێک ئەخاتە بەر خۆی و ئەڵێ: «سوار، سوار بن، زۆر حەیفە خانەدانی وا کە ژنی وای تێدا هەبێ کوێر بێتەوە. من بۆ گرتنی ئەشرەفاغا هاتبووم، بەڵام شاژنی شەمسەخان نەیهێشت کەئەم خانەدانە کوێر بێتەوە». ئیتر لێ ئەدا ئەڕوا ولامی والی ئەداتەوە کە هەر شتێک لە ولاتی سەنگاو ڕوویدا لەئەستۆی من بێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## وەلامی بێ وەلام

- کابرایەک لەکەرکووک هەتیوێکی تاو دابوو، شوێنی دەست نەکەوت. سەیری کرد دەرگایەک کراوەتەوەو دالانێکی لێیە. لە گەڵ هەتیوەکە چوونە ئەوێ. کابرای خاوەن ماڵ لە دەنگی هەتیوەکە بەئاگا هات و هات سەیری کرد شتێکی وایە. وتی: چۆن ئەبێ لەو دالانی حەوشەی منا شتی وا بکری؟ هەر درێژەی دا بەقسەی و نەیبرِیەوە. وا دیاربوو هەتیوەکە لەمە توورە بوو و پێی ناخۆش بوو وتی: «مردووت مرێ! چییە نایبرِیتەوە؟ تۆیش وەرە لەناو دالانی ئێمەدا ئەوەندە بدە هەتا چاوت دەردێت».

- شێخ قادری سیامەنسوور بەشێخ حەبیبی تاڵەبانی ئەڵێ -کە هەردووکیان خزم بوون: بیستوومە هەر کەس هەتیوێک وا لێبکا لە رِۆژی قیامەتا هەتیوەکە سواری سەر شانی ئەبێ. شێخ حەبیبیش ئەڵێ: «بەخوا شێخ قادر! هەموو کەسێکم پێ هەڵئەگێری بەلام تۆم پێ هەڵناگیرێ».

- کاک مەسعوودمحەمەد گێرِایەوە وتی:
ئەوا لەبەغدا لەجێگایەک دانیشتبووین، کتوپرِ لەوکاتەدا عەبدولرِەحمان نوورجان هات و قسەی لەگەرِان بەترمبێل کرا لەناو شاردا. عەبدولرِەحمان وتی: وەڵلا بابم من ئەم دوو لاقانەم مانگی چوار دینارم بۆ دەگێرِێتەوە. عەبدولسەمەدحاجی محەمەد هەڵیدایە وتی: «ئەگەر دوو لاقی کەت ببوایە مانگی هەشت دینارت لۆ دەگەرِایەوە».

- دیسان هەر ئەو بۆی گێرِامەوە وتی:
هەر لەبەغدا لەجێگایەکی زۆر جەنجاڵ دەرچووین، دەستەیەک لە دزەییەکانیش هەر لەو شوێنە دەرچوون و روویان کردە ئێمە: وتیان: پەکوو لەوی قەرەباڵغەی! سەگ ساحبی خۆی ناناسێتەوە. خێرا سەمەد وتی: «ئەی کوو ئێوە ئێمەتان ناسیەوە؟»
- حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف بۆی گێرِامەوە وتی: لەخزمەتی سەید ئەحمەدی خانەقادا دانیشتووین. شێخ عەلائەدینی بیارە هەموو دەم سکی ژانی ئەکردو «وەتەبا» (فەتق)یشی هەبوو. سەید فەرمووی ئەو سک ژان کردنەی رەنگ بێ زیاتری لەبەر وەتەباکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ. وتی: منیش وتم ئاخۆ جەنابی سەید ئەو وەتەبابە لەکام لای بێت؟ ئەویش وتی: «چووزانم حەسەن بەگ خۆ دەستم بەگونیەوە نییە».

- پیاوێک هەبوو لە «سنە» مەولووی ناوبوو؛ نەخۆش ئەکەوێ ئەچێتە لای حەکیم برایم. حەکیم برایم پسوولەی بۆ ئەنووسێ بۆ لای سەی شەریفی دەوا فرۆش بۆ دەرمان. مەولوو ئەچێ دەرمانەکە ئەکڕێ بەڵام نایخوا. پاشان ئەچێتەوە بۆ لای حەکیم برایم و ئەڵێ چاک نەبوومەتەوە. ئەویش ئەڵێ: دەرمانەکەت خوارد؟ ئەڵێ نەء. ئەڵێ سەندیشت؟ ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ: ئەی بۆچ نەتخوارد؟ ئەڵێ: «حەکیم برایم تۆ پوولت خەرج کردگە تا بووگی بەم حەکیمە، ئەشێ زننەگانی بکەی. ئاغەی سەی شەریفی دەوا فرۆشیش پوولی سەرف کردگە تا بووگە بەو دەوا فرۆشە ئەویچ ئەشێ زننەگانی بکات. منیچ پوولم داگە بە دەواکەو نەمخواردگە گەرەکمە بمێنم و زننەگانی بکەم».

- ئەحەی سەرزل هەبوو (هەر لەڕاستیشدا سەری زل بوو) ئەچێتە بازاڕی کڵاوفرۆشەکان لە سلێمانی و ئەچێتە بەر دوکانی کابرایەک لەوێدا کڵاوێکی بەئەندازەی سەری خۆی بە هەر جۆر بێ دەست ئەکەوێ، بەڵام لەنرخەکەیا لەگەڵ کابرای دوکانداردا رێ ناکەون. کابرا پێی ئەڵێ: برام مەڕۆ کڵاوێکی وا زلت لەم بازاڕەدا دەست ناکەوێ. ئەحەش ئەڵێ: «برام ڕاست ئەکەی بەڵام تۆیش بمدەرێ، چونکە پیاوێکی تری وا سەرزلت لەم بازاڕەدا دەست ناکەوێ».

- لە سلێمانی ئەحمەدی عزیزاغاو میرزامارف زۆرتر پێکەوە ئەگەڕان. ڕۆژێک ئەحمەدی عەزیزاغاو حاجیاغا لە دوکانەکەی حەمەسەعیدی خەیات پێکەوە دانیشتبون، میرزا مارف بەتەنیا بەبەر دوکانەکەدا تێ ئەپەڕێ. حاجیاغا ئەڵێ: «لەجسناتی هەر دووکتان بم!» ئەحمەدی عەزیزاغا هەڵئەداتی خێرا ئەڵێ: «لەجسناتی هەر سێکیان بەرم!» حاجیاغا ئەڵێ: سێیەمەکە کێیە؟ ئەحمەدی عەزیزاغا ئەڵێ: «دووەمەکەم پێ بڵێ تا سێیەمەکەت پێ بڵێم».

- مەلاسمایلی کانیسکان وەعزی ئەدا ئەیوت: هەر کەس سواری هەتیوێک بوو بێ ئەبێ لە ڕۆژی قیامەتا ئەو کابرایە هەتیوەکە بخاتە سەرشانی و لەو دەشتی مەحشەرەدا بیگێڕێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


«عەبەخەیات» هەبوو لە کۆڕەکەدا هاواری کرد وتی: ئای ماڵی وێرانم! من ئەبێ ئەو ڕۆژە هەتیو هەڵبگرم! ئەم هەمووەم لەکوێ پێ هەڵئەگیرێ؟ مەلاسمایل هەر لەناوەندی وەعزەکەدا هەڵیدایەو وتی: «خەمت نەبێ هی واش هەیە تۆ هەڵبگرێ و ئەو ئەرکەت لەکۆڵ بخا».

– سەی حسەین هەبوو خەڵکی سنە و کوێربوو. هەر کوێری زکماک بوو، ئیشی هەر گەڕان بوو بەولاتانا. ڕۆژێک لەو ولاتی موکریانە مەلایەک لێ ئەپرسێ ئاغەی سەی حسین! لەکتێبا ئەفەرمووی ئەگەر خوا نعمەتێکی لەیەکێک وەرگرتەوە لەباتی ئەوە نعمەتێکی تری ئەداتێ؛ خوا کە نعمەتی چاوی لەتۆ وەرگرتووتەوەو کوێری کردووی چیتری پێی داوی؟ سەی حسین ئەڵێ: «جەنابی مامۆستا چ نعمەتێک لەوە باشترە کە ڕووی جەنابت نابینم؟»

– حەمەئاغای حەمەعەلی ئاغای مەنگوڕ کوڕێکی هەبوو ئەولقادری ناوبوو. ئەم ئەولقادرە مناڵ بوو، زۆر لاسارو چەتون بوو، بەتایبەتی لەگەڵ دایکیا هەر هیچ بە گوێی نەئەکرد. باوکی پێی وت ئاخر ڕۆڵە چۆن ئەبێ بەگوێی دایکت نەکەی؟ ئەویش ئەڵێ: «بابە! خۆ دایکم ژنی من نییە بەگوێی بکەم».

– عەلی ئۆفێک هەبوو لەسلێمانی جارێک ئەچێتە لای حاجی برایماغای خەفاف داوای چوار لیرەی لێ ئەکا بەقەرز. حاجی برایماغا ئەڵێ: عەلی! من تۆ ناناسم تەنها جارێک نەبێ لە دالانەکەی ماڵی میرزاتەوفێقا تۆم چاو پێ کەوتووە. ئەمەش نابێتە هۆی ئەوە کە ئێستە من بێنم چوار لیرە بدەم بەتۆ. عەلیش ئەڵێ: «حاجی برایماغا ئاخر منیش بۆیە داوای چوار لیرەت لێ ئەکەم چونکە نامناسی؛ ئەگەر بمناسی چوار پوولیشم نادەیتێ». حاجی برایماغا دەست ئەکا بە پێکەنین و ئیتر نازانم ئەنجامیان بەچی گەیشت.

– شێخ مارفی قەرەداغی و مامۆستا مەلاکەریم لەبەغدادا سواری «پاس» ئەبن و بەتەنیشت یەکەوە دائەنیشن. پاشان ژن و کچێکی زۆر سەر ئەکەون و بە پێوە ڕائەوەستن. شێخ مارف ئەیەوێ مەلاکەریم بترسێنێ ئەڵێ: مامۆستا وەڵلا پەنجا فلسم نەدەیتێ هەڵئەستم بۆ ئەوە کچێک لە تەنیشتەوە دانیشی. ئەویش ئەڵێ: «کاکەمارف سەد فلست ئەدەمێ و هەستە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- ئیسحاقەجوو هەبوو لەسلێمانی، ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزان لە نیوەڕۆدا ئەچێ بۆ لای عزەتی فاتە لەماڵەوە سەیر ئەکا عزەت نان و کەباب ئەخوا. ئەویش بەبێ قسە دائەنیشێ و لە گەڵیا دەست ئەکا بەنان و کەباب خواردن. عزەت ئەڵێ: گۆشتی ئەم کەبابە مووسڵمان سەری بڕیوە تۆ چۆن لێی ئەخۆی؟ ئیسحاقیش ئەڵێ: «عزەت ئەفەندی لەجوویشا جووی وەکوو من هەیە؛ وەکوو لە مووسڵمانا مووسڵمانی وەکوو جەنابیشت هەیە».

- لەبەغدا بە «دانا»ی کوڕم وت با بچین باوڵێک ئەکڕم و تۆ بیهێنەوە بۆماڵ. زۆر گەورە بوو خۆیشم لێی پەشیمان بوومەوە. لە پاشا وتم دانا ئەمە چی لێبکەین؟ وتی: «بابە! چی لێ بکەین؟ من بخەرە ناویەوە خۆت هەڵیبگرە تا ئەچینەوە بۆماڵەوە».

- مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی ئەمیر گێڕایەوە وتی:
لەتاران لەکتێبخانەیەک لەسەر کورسیەک دانیشتبوو مێزێک لەبەر دەمیا بوو. عەینەکێکی کردبووە چاوی. عینەکەکە هاتبووە سەر لووتی، کتێبێکی بەدەستەوە بوو خۆی خستبوو بە شتا سەیری کتێبەکەی ئەکرد. بەرانبەر بەو لەو بەری مێزەکەوە دووکچ دانیشتبوون. ئەوانیش کتێبیان ئەخوێندەوە. یەکێ لە کچەکان ئەو دیمەنەی مەلاجەمیلی پێی سەیر ئەبێ بەو عەینەکەو بەو دانیشتنەی، ئەڵێ: مامۆستا ئەوە بۆچ عەینەکەکەت هاتووەتە سەرلووتت و واشت ئەخوێنیتەوە؟ ئەویش ئەڵێ: «کچم ئەوە بەعەینەکەکە سەیری کتێبەکە ئەکەم و بەبێ عەینەکەکەش سەیری ئێوە ئەکەم».

- بەربەرەکانێ و یەک نەویستنی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شوکری فەزلی لەسەردەمی خۆیا دەنگی دابووەوە. ڕۆژێک شێخ ڕەزا ئەیەوێ پلارێکی تەنگەبڕ بگرێتە شوکری فەزلی ئەڵێ: «میرزا شوکری! بەڕاستی باوو باپیرو نەژادی تۆ بوون بەنەنگ و عار بەسەر تووە».
شوکری فەزلیش ئەڵێ: «بەڕاستی شێخ ڕەزا تۆش بووی بەعەیب و عار بەسەر نەژاد و باوو باپیرتەوە». شێخ ڕەزا ئیتر هیچی پێ ناوترێ.

- خاڵەهاشم هەبوو لەسلێمانی لەگەڵ شێخ بابەعەلیدا سەرو سەودایەکیان هەبوو. خاڵەهاشم بەقاڵ بوو، بەشەو و بەڕۆژ خەریک بوو؛ هیچ پشووی نەئەدا. ڕۆژێک لەسەر حەوزی مزگەوتەکە تریی ئەشۆردەوە. شێخ بابەعەلی لێی پرسی هاشم ئەوەچی ئەکەی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هاشمیش زۆر وەڕەس بووبوو، وتی قوربان چووزانم ئەمە پەنجاساڵە ئیش ئەکەم ئەم مەشکە رەشە ئەیخوا هەر تێر ناخواو و زیاتر داوام لێ ئەکا(مەبەستی بە مەشکەرەش سک بوو).

شێخ بابەعەلیش وتی: «جا وەرە تۆش تۆڵەی لێ بکەرەوە؛ بێنە ماوەیەک تۆ ئیش مەکە با ئەو کاربکاو ئەمجا تۆ بیخۆ».

- پیاوێک هەبوو قادری ناوبوو؛ رۆژێک ئەچێتە لای کوێخا حەوێزی شاخەپیسکە -کەخزمیشی بوو- ئەڵێ کوێخا تا ئێستە ئەوەتە دوو ژنیشم هێناوە کەچی هیچ منالێکم نابێ، نازانم چی بکەم؟ ئەویش: ئەڵێ: «ئەمجا بچۆ ژنێکی ئاوس بێنە».

- کوڕێک لەو سەرە تەماع ئەکا لەنەنکێکی خۆی (دایکی باوکی)و ئەچێتە سکی، لەو کاتەدا باوکی دێ بەسەرا. کە ئەوە ئەبینێ هاوار ئەکا هەی هەتیوە زۆڵە ئەوە چی ئەکەی؟ کوڕەش بەدەم ئیشەوە لایەکی لێ ئەکاتەوەو ئەڵێ: «باوە تۆ ئەمە چل ساڵە دایکی من ئەگێت هیچ دەنگ ناکەم، من جارێک دایکی تۆم گا کردت بەم هەرایە».

- مەلاعوسمانی کوڕی مەلاساڵحی کۆزەپانکە رۆژێک لەژووری دەرسا -پۆلی شەشی سانەوەی- قوتابییەک لێی ئەپرسێ: مامۆستا مارە بەجاش چۆن ئەکرێ؟ ئەویش بەبێ وەستان ئەڵێ: «بچو لەدایکت بپرسە».

- سەی محەمەدی «هوویە» پیاوێکی لەخوا ترس و خەڵوەت نشین بوو. چلەخانەیەکی هەبوو، جارجار ئەچوو لەوێ چلەی ئەکێشا. جارێک ئەچێتە ئەو چلەخانەیە بۆ چلەکێشان، پیرەژنێک لە ئاواییەکەدا هەموو جار ئەچوو کونێک لەچلەخانەکەدا بوو سەری ئەنا بەکونەکەوە ئەیوت: سەیی گیان! هیچت ناوێ بۆت بێنم؟ ئەویش ئەیوت نامەوێ. چەند جارێک ئەم پیرەژنە ئەم هاتوچوەی کرد، لە ئاخرا سەی محەمەد وتی: بەڵێ ئەمەوێ. پیرەژنە پێی خۆش بوو، وتی: چیت ئەوێ بەقوربانت بوونە؟ وتی: «ئەمەوێ دوو بەردو نەختێ قوڕم بۆ بێنێ ئەم کونە بگرم با ئیتر ئەوەندە تۆ نەیەیتە سەرم».

- حاجی حەمەمینی سیساوا گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلامەجید هەبوو لە سیساوا پیرەژنێکیش لەوێ بوو باجی مەیرەمی ناوبوو. ڕۆژێک باجی مەیرەم سەری ڕێ بە مەلامەجید ئەگرێ، پێی ئەڵێ: مامۆستا! ئەو قوڕە کە خوا ئادەمی لێی دروست کرد کای تێدا هەبوو یان نەء؟ مەلامەجیدیش تۆزێ ئەقڵەکەی تەواو نەبوو، هەر دەست بۆ ناو لنگی باجی مەیرەم درێژ ئەکاو ئەڵێ: «پیرەژنە ئەگەر کای تێدا بوایە ئەو قەڵشە چی ئەکرد لەوێدا؟»

- مەولەوی تافی گەنجی ئەبێ [ئەڕوا] بۆ ئەو بەری سیروان. پیاوێکی قەوالەیی پشتەکەوایەکی ئەداتێ. ژنی پیاوەکەش ئاسەرەکەی ئەداتێ، ئەیکا بەکەواو لەبەری ئەکا. ڕۆژێک کوڕی کابرای قەوالەیی تووشی مەولەوی ئەبێ، دەست ئەدا لەکەواکەی و ئەڵێ: «ئەمەوێ یەکێک لەمە بکەم». مەولەویش ئەڵێ: «لەپشتەکەی کە هی باوکتە، یا لەبەرەکەی کە هی دایکتە؟»

- شێخ عارفی تاڵەبانی وتی ئەوڕەحمان قڕگەیی بۆی گێڕامەوە وتی:
ئەوا ڕۆژێک سەیرم کرد دوو مناڵ لە سلێمانی لە مەیدانەکە وەکوو شەڕە دەنووکیان بێ وا بوو. بەلایانەوە ڕاوەستام سەیرم کردن، یەکێکیان دەستەبەرەیەک کولێرەی بەسەر سەرەوە بوو ئەیفرۆشت. ئەویکەیان تۆزێ ئەم دیوو ئەو دیوی کردو وتی: ئەمە کەی نانە؟ مەگەر کەری کوڕی کەر بیکڕی. کوڕەی خاوەن نان بەبێ وەستان هاتە قسەو وتی: «ڕاست ئەکەی ئێستە باوکت دوو هۆقەی لێ کڕیم».

- لە سەردەمی «محمدابن رسول»دا یەکێک لە «مبشر»ە گەورەکانی ئەورووپا لەژێر ناوی بازرگانیدا ڕێی ئەکەوێتە سابلاخ؛ بەلام لە پاڵیا خەریکی پڕوپاگاندە ئەبێ بۆ ئایینی گاوری. ئەچێتە لای ئیبن ڕەسول (واتە ڕەسوولی زەکی) ئەڵێ: «مەلا ئایا خوا ئەتوانێ ئەم شارە لەناو هێلکەی فیڕنە گولەیەکدا پیشان بدا بەبێ ئەوە هیچی لێکەم کاتەوە؟»
مەلا ئەڵێ: بەڵێ زیاتریش ئەکا. ئەڵێ: چۆن؟ ئەڵێ: «نابینی چاوی تۆ لە هێلکەی فیڕنەگولە بچووکتریشە کەچی ئەم هەموو کێوو دەشت و دارو دەوەنەی تێدایە. بەبێ ئەوە هیچ جیاییێک لەگەورەو بچووکیدا لەبەینی ئەوان و ئەسڵەکەدا هەبێ؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەنجی درەخشان

- مەلاعومەری چۆمەزەردەلە گێڕایەوە وتی:

مام وەسمانی سبیلەک بۆی گێڕامەوە وتی گرانیەکەی پێشووە ئەوی پێی بڵێن زادی خودای دەست ناکەوێ بەتەواوی دنیا قات و قڕە. وراتی دزەیی هیچی لێ نییە. هەندێ قرۆش و مەتاڵێکمان هەیە لەماڵەوە بە وەزن گران و قەبە، بەڵام بەقیمەت سووکە. بەدایکی مندارانم گۆت لۆم بینە ئەچم بزانم لەو وراتی کۆیە دەستی ئێکێکی پێ نابڕم بەرکوو شتێکی لێ بستێنم ئەم زستانەی پێوە بەرینە سەر. لۆی هێنا پڕ بەدەستەسرێک ئەبوو قورس بوو بەرام نرخەکەی هیچ نەبوو.

پارەم خستە باخەرم و چووم لۆ وراتی کۆیە. «چێرو گۆلک»ێکم پێی کڕی و هەندێکیشی مایەوە خستمە باخەرم. چێرو گۆلکم وەپێش خۆم داو گەڕامەوە تا کەوتمە ناو دزەییان. گەیشتمە نزیکی گوندی «قازی خان» شەوم بەسەردا هات و دنیاش زستانە؛ باران وەکوو کوندەی سەر بەرەوژێر دێتە خوارەوە. هێندەش ساردە تف هەردەی بەئاسماندا ئەیبەستێ، هیشکایی بێت و لە لەشما نەمایە. دەشتی دزەییش میوان داناکەن، خۆ قازیخانە لە هەموو خراپتر.

چارم نەما ڕووم کردە گوندێ ئەچم لۆ هەر مارێ بەخۆم و بەچێرەکەوە دەرم دەکەن، هەم خۆم و هەم چێرو گۆلکەکە وەختە بمرین لەسەرمانا. لەگوندەکەدا مار نەما نەچم تەنیا ماری «مەلا» نەبێ؛ کەس داینەکردم. ئەمجا بەناچاری بەخۆم و بەچێرەوە ڕووم کردە ماری مەلا. هێندەم زانی مەلاژن دەرپەڕی و دەستێکی گرت بەم لای دەرگاکەوەو دەستێکی بەو لاوە، وتی کابرا بگەڕێوە جێمان نییە. منیش ئیتر دەرەتانم نەمایە، چێروگۆلکم بەدار گرت و دامەپێش و گوێم بەژنە نەداو دەستم کرد بەجنێودان و هەر ئەرێم گوو بەگۆڕی، ئەوا هەر ڕووەو پێشیشەوە ئەڕۆم وەکوو ئەوە کەژنە لە گەر منی نەبێ.

وتی کابرا ئەوە جنێو بەکێ ئەدەی؟ وتم بەو گوڕ بەگۆڕە کە منی تووشی ئەم حەزیەتە کرد. لای وابوو مەلا لەدنیادا قاتە تەنها مەلای قازی خانە نەبێ. ژنە تۆزێ شل بووەوە وتی: لۆ، چ بووە؟ وتم ئەو کابرا لە وراتی کۆیە مردیە ئەم چێروگۆلکەی کردیە بە ئیسقات لۆ مەلای قازی خانە لای وایە مەلا لە دنیا بڕایە بەم باران و قیامەتە منی تووشی ئەم حەزیەتە کردیە. ژنە کە گوێ لەم قسەبوو وتی دەبابم تۆ لۆ دەنگ ناکەی؟ بەر دەرکەکەی بەرداو وتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرموو، ئاخر تۆ بەزەییت بەخۆتا نایەتەوە ئەم بەستەزمانانەت لۆ چ وا تووشی ئەم باران و سەرمایە کردییە؟

خێرا چێروگۆلکی دایەپێش و کردنیە تەویلەوە. مافووریکیشی لۆ من ڕاخست، ئاگری کردەوە، چوو کەوێ و سەڵتەیەکی تری مەلا هەبوو لەگەڵ کراس و دەرپێ، وتی جلەکانت بگۆڕە با ئەوانەی خۆت هیشک کەمەوە. لەو لاشەوە کاو دەسکاوی هەویرو جۆ ئەبا لۆ چێروگۆلکەکە چونکە بە هی خۆیانی ئەزانی. مەلاش لە مار نییە هێشتا لەمزگەفت نەهاتووتەوە. مەنجەریشی خستە سەر ئاگر لۆ شیوێ.

پاش ئەمانە زۆری پێ نەچوو مەلاش هاتەوە. مەلاژن مەلای تێگەیاند کەئەو خوا لێخۆشبووەکەی کۆیە چێروگۆلکێکی بەئیسقات ناردیە لۆمان. مەلا بەم قسەیە بڕوای نەکرد بەرام پیاوێکی ئەرباب و خۆش بوو، وتم مەلا پیاوەتیت بێ خۆم دامەزراندییە لێم تێک مەدە. مەلا دەستی کرد بەپێکەنین وتی جا بەیانی کوو ڕزگار ئەکەی؟ وتم عسابی بەیانی لەسەر خۆم. بەرام مەلاش لە مەلاژن ئەترسا. مەلاژن لەبەر ئەوە کە چێروگۆلک بە هی خۆیان ئەزانی ئەوا هەر ئەچێ بۆ لایان و ئاوو ئالیکیان لۆ دەبات.

ئەو شەوەمان ڕۆژ کردەوەو بەیانی مەلاژن دیسان شیوی لێ نایەوەو شیومان خوارد. پاش ئەمە ڕووم کردە مەلاژن وتم مەلاژن ئەتۆ ئەرکت زۆرە با مامۆستا ژنێکی‌تر بێنێ هەم خزمەتی تۆ ئەکاو هەم خزمەتی مارەکەش ئەکا. هەر ئەمەم وت مەلاژن گوتی: ئەوەچ دەرێی، چ دەرێی؟ مەلاش لەلاوە گوتی بابم واز بینە من پارەم کوا؟ هەر خێرا دەستم کرد بەباخەرما ئەو قرۆش و مەتالیکەکان -کە مابونەوەو لەبەر ئەوە لەناو دەستەسرەکەدا بوون بەچاو زۆری ئەنواند بەرام هەموویت بخستایەتە سەریەک سێ مەجیدی نەدەبون- دەرم هێناو فڕێم دایە بەردەستی مەلا وتم ئەوە پارە.

مەلا ژن کەئەمەی دی بەتەواوی شێت بوو، پەلاماری دامێ دەستە سرە پارەکەی هەڵگرت و خستیەوە باخەڵمەوە. خێرا چوو چێروگۆلکەکەی دەرکرد کردنیە دەرەوە هات وتی هەستە سەگی سەگباب گوو بەگۆڕی خۆت و ئەو گۆڕەش کە ئەم چێروگۆلکەی ناردیە لۆ ئێمە. هەستە ئەوەخۆت و ئەوە چێروگۆلکت. بەو شێخ کەمارە یەک‌سەحاتی‌تر لەم مارە دانانیشیت.

ئیتر منیش هەستام خوا حافیزیم لە مامۆستا کردو چێروگۆلکی خۆمم دایە پێش و هاتمەوە. مەلاش بەدزیەوە پێدەکەنی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- میرزا مارف بۆی گێڕامەوە وتی:

لەسەردەمی مەحموو پاشادا مەلایەکی پڕی نووڕانی لە هەڵەبجە بوو، ئەم مەلایە تەلاقیشی چاک ئەکردەوە. خۆت ئەیزانی سێ تەلاقەکە بکەوێ بەجاش نەبێ چاک نابێتەوە. ئەم مەلایەش لەبەر ئەوە ئیشی موسڵمانان پەکی نەکەوێ و شەرعیش ڕێگا بدا پیاوێکی خەڵکی ئەو سەرشێوە هەبوو «عەبە»ی ناوبوو، ڕاگیری کردبوو بۆ ئەوە ئەگەر جارێک تەلاقێکیان هێنایە لای و بەجاشیش نەبێ چاک نابێتەوە، «عەبە» ببێ بەجاش و نکاح دروست ببێتەوە. عەبەیش بەو پارەیە کە لە جاشیەوە دەستی ئەکەوت ئەژیاو ئەوا ئەویتریش هەیە ئیتر بەرەحەتی بۆ خۆی قاچی ڕاکێشا بوو.

دیسان لەگەڵ ئەمەشا کە شەرع ڕێگای داوە، وەکوو خۆت ئەیزانی نەکا برای جاش پێی خۆشە بە ئاشکرا ئەم جاشییە بکاو وەنەکا برای تەلاق کەوتوویش ئەیەوێ ئەو ناوە بکەوێتە شوێنی کە پێی بڵێن تەلاقی ژنەکەی بەمارە بەجاش چاک کردۆتەوە، بەکورتی ئەمەبۆ هەر دوو لایان عەیبە.

پیاوێک هەبوو «حەمەی بارام»یان پێی ئەوت. پیاوێکی کەڵەپیاوو ناسراو بوو، هاتبوو بە سەریا سێ تەلاقەی خواردبوو. هەر چەندە ئەم لاو ئەولای کرد تەلاق چاک نەبووەوە، وتیان باوکم بەخوا بەمارە بەجاش نەبێ چاک نابێتەوە. حەمەوتی: من ئیشی وا چۆن ئەکەم؟ مەگەر ڕووی خۆم ڕەشکەم و ولاتی هەڵەبجە بەجێ بێلم. وتیان برا ئەمە شەرع ڕێگەی داوە، تۆ لەم ژنەت سێ چوار منالی وردت هەیە، بۆ مالی خۆت کاول و منالەکانت دەربەدەر ئەکەی؟ وتی مالم کاول ئەبێ و منالم دەربەدەر ئەبێ قیروسیا من ئەم پەرۆوە نادروم بەسەر شانی خۆما.

هەر چەند لەگەڵی خەریک بون کەڵکی نەبوو. ئینجا خزمان چونە بن دەستی ژنەکەیەوە کەلەبەر ئەوە مالەکەی لێ تێک نەچێ و منالەکانی دەربەدەر نەبن بێنێ میرد بکا بە «عەبە»و پاشان تەلاقی بداو پاش عەبە، حەمە مارەی بکاتەوە. بەلام ئەم ئیشە نابێ حەمە پێی بزانێ. ژنەو خزمەکانی چون بۆ لای «مەلامۆمن» کارەساتەکەیان تێگەیاندو پێیان وت: کەئەم قسەیە بلاو نەکاتەوە لەئاخرا کە مارەی کردەوە لە حەمە، پێی بلێت شەرع ڕێگەی داوە کەمارەی بکاتەوە. لەناو خەڵکیشا وتیان مەلامۆمن مارەی ژنەکەی کردوتەوە لە حەمە ئیتر کەس قسە ناکا. ئەڵێن دیارە مەلامۆمن ڕێگایەکی شەرعی بەبێ مارە بەجاش دیوەتەوە.

ژنە مارەکرا لە عەبە، لەگەڵ مارەکردنا دە مەجیدی خۆیشی وەرگرت و چووە پەردە. پاشان تەلاقی دا. «عدە»ی ئەمیش بەسەرچوو، مەلامۆمن ناردی بەشوێن حەمەدا کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«قیل»ێکم بۆ دۆزیوەتەوە ژنەکەی خۆی لێ مارە ئەکەمەوە. حەمەش ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو، چووو ژنی لێ مارە کرایەوە بەلام هیچ بەکارەسات نازانێ. لەناو خەلکیشا بلاو بۆتەوە کە حەمە سێ تەلاقەی خواردوەو هیچ مەلایەک بۆی چاک ناکرێتەوە، کەچی ئێستە وا حەمە ژنەکەی هێناوەتەوە. لێیان ئەپرسی چۆن هێناوتەوە؟ ئەویش ئەیوت مەلامۆمن فتوای بۆ دەرکردووم و ئەو بۆی چاک کردوومەتەوە. ئەو هەر لەسەر ئەو قسەیەی خۆی سوور بوو وە بەڕاستیشی ئەزانی کە مەلامۆمن «قیل»ی بۆ دۆزیوەتەوە. لەگەل ئەمەشا خۆی زۆر هەلئەکێشا کە ژنەکەی بەبێ مارە بەجاش هێناوەتەوە.

لەئاخرا پێیان وت مردووت مرێ! تۆ لەکوێ نووستوی؟ ژنەکەتیان بەمارە بەجاش بۆ هێناویتەوەو جاشەکەش «عەبە» بووە. ئەم باس و خواسە هەموو کەس پێی زانیوە تەنها خۆت نەبێ. وتی: کورە نابێ شتی وا؟ وتیان بەرێ وەللا ڕاست وایە. حەمە دەستێکی کەوتە پێشو دەستێکی کەوتە پاش. تازە چیبکاو ئیش لەئیش ترازاوە، ئەگەر بار ئەکا بۆی ناکرێ، ئەگەر ئەمێنێتەوە بە چ ڕوویەکەوە لەولاتی هەلەبجە بمێنێتەوە. کەوتە سەر ئەوە کە تۆلەی خۆی بستێنێتەوە.

ماوەیەک لەم فیکرەدا بوو لەئەنجاما هاتە سەر ئەوە کەخۆی بکا بەژنێکی سێ تەلاق دراوو مارە بکرێ لەعەبە. هێنای ئەم قسەیەی لەلای چوارکەس لەخزمەکانی خۆی درکان و تەمێشی کردن کە کەس بەم ئیشە نەزانێ.

هەستا جلی ژنانەی لەبەر کردو ریش و سمێلی خۆی لووس لووس تاشی و چار شێوێکی دا بەسەریاو دەنگی خۆی گۆڕی. یەکێ لەو پیاوانە کەقسەی لەگەلیان کردبوو، کردی بەمێردی خۆی و پێش خۆیدا چوون بۆ لای مەلامۆمن. کابرا وتی ئەمە ژنمەو سێ تەلاقەم خواردوەو ئەبێ چارێکمان بکەی؟ منالدارین با سەرمان لێ تێک نەچێ. مەلامۆمن وتی: باوکم هیچ چارێک نییە مەگەر «تحلیل» نەبێ. کابرا وتی قوربان تەحلیل چییە؟. وتی: باوکم تەحلیل ئەوەیە کە ئەم ژنەی تۆ ئەبێ لە یەکێکیکە مارە بکرێ و پاشان تەلاقی بداو ئەمجا تۆ بیهێنیتەوە. کابرا وتی جا مامۆستا ئەمە مارە بەجاشی پێ ئەلێن من چۆن شتی وا ئەکەم؟ مەلامۆمن وتی: دەسا باوکم بەخوا لەمە زیاتر ڕێگا نییە.

کابرا تۆزێ خۆی باداو دەستی کرد بە منجر کردن، لە پاشا ڕووی کردە ژنە درۆزنەکەی و وتی تۆ چێ ئەلێی؟ ژنەش بە نەرمێکەوە وتی: کەیفی خۆتە. ئەمجا پیاوە وتی: باشە مامۆستا بەلام کەس پێ نەزانێ. مامۆستاش وتی: من پیاوێک لەلای خۆم هەیە هەر ئەم ئیشە شەرعیانە ئەکاو کەسیش نازانێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمجا کەوتە ئێوارێ «عەبە» یان هێنا ژنەی لێ مارەکردو دە مەجیدیشیان دایە، هاتە دەرەوە هەر ئەو شەوە پەردە دروست کرا. ژنە چووە ژوورەوە پاش بەینێک «عەبە»یش چوو بۆ لای. عەبە دەرپی و مەرپێی داکەندو خۆی ساز کردو چوو بەلای ژنەوە.

لەناکاو ژنە چارشێو بەسەری کۆنە حەمە، چارشێوی فرێ دا و بەخۆی و بەحەیتە بۆریەوە پەڕیە کۆڵی عەبە. عەبە بە تەواوی حەپەساو دەستی کرد بە هاوار کردن بۆ خاتری خوا بمگەنێ ئەمە ژن نییە دەعبایە سوارم بووە. حەمەش بەهێزەو کەڵەپیاوە جوولەی لێ بڕیوە، دەرگاش لە ژوورەوە داخراوە، تا خەڵک فریا کەوتن ئەم بوو بەزاوا. وتی: کەرانباوگاو ئاوا حەقت لێ ئەکەمەوە، ئەمجا بەحەمەی ڕاستەقینەو کێری گواویەوە لەپەردە هاتە دەرەوەو خۆی پیشانی خەلکەکە ئەدا.

- حاجی مەحمووی یاروەیسی جاف هەبوو کە لە هۆزی یاروەیسی و لەسەردەمی مەحموو پاشادا بوو. ئەم حاجی مەحموە پیاوێکی دەولەمەندو بەمەڕو مالات بوو، گەلێ کەسی لەبەر دەستا بوو کەکردبونی بەشوانکارەو مالاتی ئەدانێ بۆ کوێستان. هەر چەندە لە گەڵیان ئەکەوتە حەساو کردن بەجۆری خۆیان پیشان ئەدا کە زۆر فەقیرۆکەو گێلۆکەن بەلام بۆ مال خواردنەکەی ئەم زۆر وریاو زت و زیندوو بون؛ ئەمییش هیچ چاری نەئەما پێی ئەوتن: «هەی بۆ خۆتان ئاقلانەو بۆ من کەرانە».

- لەو سەرە پیاوێک هەبوو «سەمسام» ی ناوبوو. ئەم سەمسامە ناوبانگی پالەوانی و ئازایەتی بە هەموو ولاتا بلاو بوو بوەوە. پیاوێکی تر هەبوو «قەیتەران»ی ناوبوو، ئەمیش هەر بەمجۆرە ناوبانگی پالەوانی هەبوو. ڕۆژێک قەیتەران ئەچێ بۆ لای سەمسام پێی ئەلێ من ئەمە قەبوول ناکەم کە من خۆم بەیەکە پالەوان ئەزانم و کەچی تۆیش ناوبانگی پالەوانی دەرئەکەی؟ یا من یا تۆ. ئێستە من بۆ ئەوە هاتووم پێکەوە لە کۆڕێکی گەورەدا زۆران بگرین یا من تۆ ئەدەم بەعەرزا یا تۆ من ئەدەی بەعەرزا، ئەو وەختە پالەوانی بۆ یەکێکمان ساغ ئەبێتەوە ئەگینا من ئەمەی ئێستا قەبوول ناکەم.

سەمسامیش ئەلێ ئێستا بەخێر بێ قسەکەت باشە؛ بەلام تۆ لە ڕێگاوە هاتووی ئێستە دانیشەو پشوویەک بدەو نانێک بخۆ پاشان چۆن ئەلێی وا ئەکەین. قەیتەران دائەنیشێ و پاش حەسانەوە سەمسام پێی ئەلێ: برام ئێستە کۆڕو خەڵکی پێ ناوێ وەرە تۆ پەنجەیەک بخەرە دەمی من و منیش پەنجەیەک ئەخەمە دەمی تۆ هەر دووکمان پەنجەی یەکتری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەزین کاممان زووتر هاوارمان لێ بەرز بووەوەو وتمان «ئای» ئەوە ئەو کەسەمان بەزیوەو ئەویترمان پاڵەوانترە.

بەگەزینێ پەنجەی یەکتر لەوانەبوو پەنجەیان بقرتێ لەناکاو قەیتەرانی وتی: «ئای» ئیتر پەنجەی یەکتریان بەرداو سەمسام بەپاڵەوانتر دەرچوو. بەڵان سەمسام وتی: «برای خۆم قەیتەران بەڕاستی من گەیشتبووە تینم لەسەر زارمەوە بوو کە بڵێم ئای کەچی تۆ وتت، هەر ئەو کاتە تۆ نەتووتایە من ئەم وت».

- ساڵێک تازە ترموبێل داهاتبوو پیاوێک لە «سنە» کارگەیەکی ترموبێل خانەی دانا بوو تا بیست شاگردێک لەوێدا ئیشیان دەکرد. پێویستی بە هیتریش هەبوو، بەڵام دەست نەئەکەوت.

ڕۆژێک کابرایەکی چەولی سمێل بابڕ بە بەر کارگەدا تێپەڕی کەچاوی بەوانەکەوت چووە ژوورەوە سەلامێکی کردو هەناسەیەکی هەڵکێشا وتی: ناشوکری نەبێ وەستایان قەدریان نەماوە. وەستای خاوەن کارگە کە ئەم قسەیەی بیست زانی کە ئەم پیاوە کسمێکی هەبووەو لێی قەوماوە. خێرا وتی: کورسیەکیان بۆ هێنا کابرای داناو چای بۆ بانگ کردو ماریفەتێکی زۆری لەگەڵ نواندو لەدڵی خۆیا وتی: وا دیارە ئەم پیاوە ئەهلی ئەم سەنعەتەیەو خوا ناردوویە با لێرە ئیش بکا. رووی تێکردو وتی: وا بزانم جەنابیشتان وەستان؟

کابرا دیسان هەناسەیەکیتری هەڵکێشاو وتی: «ئەرێ بەخوا منیش بەلای خۆمەوە وەستا بووم». وتی: ئەگەر زەحمەت نەبێ بفەرموو بزانم وەستای چی بوون؟ ووتی: «جاڕووب بەند». وەستای خاوەن کارگە ئەم کسمەی نەبیستبوو وتی: قوربان جاڕووب بەند چیەو مەعنای چیە؟ ووتی: «قوربان یانی گەسک بەست. من وەستای گەسک بەستن بووم». کابرا وتی: ڕاستە وەستا قیمەتی نەماوە پەلی گرتو کردیە دەرەوە.

- حاجی برایماغای عەنبار نەخۆش ئەکەوێ ئەنێرێ بۆ سابلاخ حەکیمی بۆ بێنن. حەکیم عەزرایەک لە سابلاخ ئەبێ ئەوی بۆ دێنن. عەزرا دێتە دیوەخان خزمەتکارەکە ئەچێتە لای ئاغە ئەڵێ: قوربان حەکیم عەزرا هاتووە ئەیەوێ بێتە خزمەتتان. ئاغەش ئەڵێ: «ڕۆڵە بەخوا ئیمڕۆ ئەمەوێ کەسم چاو پێ نەکەوێ ناساغم، بچۆ پێی بڵێ ئاغەم ئیمڕۆ نەخۆشە لەجێدا کەوتووە ناتوانێ بتبینێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەقسەی گوێ ئاگردانی کوردانەیە ئەڵێ:

مەلێک هەیە خواردنی هەر گووە، ڕۆژێک فیکر ئەکاتەوە ئەڵێ: ئەوە بۆچ من هەر گوو بخۆم؟ ئەوە قازە، ئەوە بازە، ئەوە بولبوولی خۆش ئاوازە گۆشت و گوڵ و شەلەم باخی ئەخۆن با منیش بچم وەکوو ئەوان بکەم و وەکوو ئەوان بخۆم.

ماوەیەک ئەڕواو ئەگەڕی هیچی دەست ناکەوێ لەبرسا لاکەی دێ و لەوانەیە ها ئێستا ها تۆزێکی‌تر؛ بە ناچاری با ئەداتەوە سەر گوو خواردنەکە، جا هەر دەنووکی لێ ئەدا و سەر بەرز ئەکاتەوە ئەڵێ: «یارەبی شوکر، ئەگەر ئەمەش نەبوایە من چیم بکردایە؟»

- جارێک دوو کابرای کورد لەو کوردەواریە شەوێک ئەچن بۆ دزی ماڵە جوولەکەیەک. کە ئەچنە ژوورەکەوە سەیر ئەکەن جوولەکە چاوی ئەڕوانێ پێی ئەڵێن: باوە حیزە ئەوە بەخەبەری؟ ئەویش ئەڵێ: نەوەڵلا قوربان بەسەری ئێوە نووستوم، ئەوە تایفەکەمان هەر وایە چاوزاقین.

- لە دێی «بلەسەن» یەکێ لە ئاغەشرەکانی ئەوێ جووتیارێکی هەبوو، هەموو ڕۆژێ ئەچوو بیانویەکی پێ ئەگرت دەستی ئەکرد بەجنێو پێدان و بەلێدانی. ڕۆژێک جووتیارەکە لێکی دایەوە وتی: ئەمە حاڵ نیە منی تێدام. لەدڵی خۆیا داینا ئەگەر جارێکیکە ئاغەکە قسەی پێ بڵێ ئەم دەست بکا بەلێدانی و هیچ سەری لێ نەکاتەوە. بەڕێکەوت ڕۆژی دوایی لەسەر جووت بوو دیسان ئاغە هات و دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ و جنێودان. جووتیارم جووتیاربوو هەر جووتەکەی بەرەڵلا کرد و ئاغەی دایە بەر نەقیزە. هاواری ئاغە ئەگەیشتە ئاسمان، ئەوەندەی لێدا هەتا بەتەواوی پەل و پۆی لێ بڕاو نووزەی تیا نەما.

ئێوارە جووتیار جووتەکەی بەرداو بەرەو ماڵ بووەوە، ناو چەوانی گرژ کردو دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ، ئاغەژنەکەی لێی پرسی بۆچی وا حێدزی؟ ئەویش وتی: ئاغەم بێ قەزا بێ هەموو ڕۆژی دیت لێم ئەداو ئەمکوژێ، بەتایبەتی ئیمڕۆ بەنەقیزە ئەوەندەی لێ داوم هەموو لەشی شکاندووم. ژنەکە دڵی پێ ئەسووتی و ئەچی بەپیر میردەکەیەوە پێی ئەڵێ: ئەوە بۆچی تۆ ئەوەندە خراپی هەموو ڕۆژی ئەچی لەم ڕەنجبەرە هەژارە ئەدەی و ئیمڕۆ بەنەقیزە هەموو لەشت شکاندووە؟

کابراش لەتاو ژانی لەشی ئاگای لەخۆ نیە بەڵام بێزی نایە بڵێ ئەو منی کوشتووە، ئەڵێ: «هەڵبەت ئیشی چاک نەکا منیش لێی ئەدەم».

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

- وەختی خۆی کە ئینگلیز تازە هاتوونە ولاتەوە کاپیتانێک لەسلێمانی لەگەڵ موختاری گەرەکەکەدا ناسیاوی پەیدا ئەکا. ئینجا کابرای موختار بەرقاپی ماڵی کاپیتانی گرتبوو هەر کەس بهاتایە بۆ دیدەنی شتێکی بەتیل لێ وەرئەگرت و ئەو وەختە ئەچووە لای کاپیتان ئیزنی بۆ وەرئەگرت کە بچێتە ژوورەوە.

ئاخری کاپیتان پێی زانی کەئەم کابرایە بۆ خەڵک ڕووتەوە کردن هات و چووی ئەکا وتی: ئەگەر هات دەری کەن. هەرچەند خزمەتکارەکان پێیان وت باوکم ئیتر مەیە کاپیتان پێی ناخۆشە ئەو بەگوێی نەئەکردن و هەر ئەچوو.

ڕۆژێک لەدەرگا چووە ژوورەوە کاپیتان دەستی دایە دار حەیزەرانێک ئەوەندەی لە سەرو گوێلاکی دا هەتا هیلاک بوو، وە بەشەق لەدەرگاکە کردیە دەرەوە. ئینجا هەندێ کەس کە موختاریان ئەناسی و لەبەر دەرگا بوون بۆ ئەوە کە نەزانن تێی هەڵداوە پێئەکەنی و کڵاوو جامانەکەی بەدەستەوە بوو ئەیتەکان و ئەیوت: «ئەم کاپیتانە پیاوی چاکە چەند یاری و گاڵتەی پێخۆشە».

- مێجەرسۆن حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو لەسلێمانی. خۆت ئەزانی ئینگلیزەکان خزمەتی سەگ زۆر ئەکەن. مێجەرسۆن سەگێکی هەبوو پیاوێکیشی لابوو «عەبەسەگ کوژ»یان پێ ئەوت. ئەم عەبەیە خزمەتی سەگەکەی مێجەر سۆنی زۆر ئەکرد. ئەیهێنا بەسابون و لفکە ئەیشۆردو شانەی ئەکرد؛ جێگای بۆ ڕائەخست و بەدەستی خۆی چێشت و گۆشتی ئەکرد بەدەمەوە. مێجەرسۆن چەند جارێک پێی وت: عەبە! تۆ واز لەم سەگە بێنە چونکە ئێوە موسڵمانن، بەلای ئێوەوە سەگ گڵاوە جگە لەوەش ئەمە هەر پێچەوانەی عادەتی ئەم ولاتەیە. هەرچەند ئەو وای پێ ئەوت: ئەم زیاتر خزمەتی ئەکردو بەنیازی خۆی بەم ئیشەی زیاتر خۆی ئەبردە پێشەوە. لەئاخرا ئیتر ڕۆژێک مێجەرسۆن لە وەزیا نەما وتی: «عەبە واز لەسەگەکە بێنە بەخوا بچێتە قنگی سەگەکەشەوە نابی بەئینگلیز».

- پیاوێکی دراوسێمان هەبوو مودیری قەرەداغ بوو. لەسەر شکاتی خەڵکەکە دەستیان لەئیش کێشا بوەوە هێنابویانە سلێمانی؛ ئەویش بۆ ئەو ماوەیە کە ئەمێنێتەوە کارەکەرێکی لە گەڵ خۆی هێنابوو بۆ ئەوە چێشت و نانی بۆ بکا. مودیر کوڕێکی هەبوو لەمەکتەب ئەیخوێند. لە حەوشەکەدا سەکۆیەک هەبوو، مودیر دنیا هاوین بوو لەسەر سەکۆکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەنووست. کارەکەرەکەشی لەلای خۆی ئەنواند. پەیژەیەک لەسەربانی موبەقەکە دانرابوو یەکێکیش لەسەر بانی موبەقەکەوە بۆ سەربانی گەورە دانرابوو. کوڕەکە بەشەو لەسەر بانە بەرزەکە ئەنووست.

شەوێک کوڕە هەڵئەستێ دێتە خوارەوە ئەچێتە جێگای کارەکەرەکە، ئەویش هاوار ئەکا ئاغە ئەوە کوڕەکەت هاتووتە سەرم. ئاغەش پیاوێکی زۆر دیندارو لەخوا ترس بوو، لەگەڵ هەڵئەستێ دەست ئەداتە دارێک و بۆی دێ تەماشا ئەکا ئەوە کوڕە سەری کردووتە سەر سەرینی کچەتیوەکە پرخە پرخ خەوی لەخۆ خستوە. باوکی ئەیداتە بەر دارو ڕای ئەپەڕێنێ ئەڵێ: «حەرامزادە ئیشت چیە هاتویتە ئێرە؟» کوڕە سوێند ئەخوا ئەڵێ: بابە بەدەم خەوەوە هاتووم. باوکی ئەڵێ: مردووت مرێ! تۆ قسەیەک بکە باوەڕت پێ بکرێ. لەدوو سەربانەوە بە دوو پەیژەدا بەدەم خەوەوە هاتیتە خوارەوە ئاخر چلۆن نەکەوتی و ملت نەشکا؟

- عەلیە تورکە هەبوو لەسلێمانی وتی:

بەچەتەیەتی ڕێم کەوتە سیوەیل چوومە دێیەک بووم بەمیوانی پیرەژنێک. زۆرخزمەتی کردم؛ تاقە مریشکێکی هەبوو بۆی سەر بڕیم و دەرخواردی دام. لەپاشا کەلێمدا ڕۆیشتم زۆر شەرمەزاری بووم، وتم: «دایە تۆ خۆت ئەزانی من چەتەم هیچ پارەو پوڵێکم نیە بتدەمێ، لەتۆڵەی ئەم چاکیەتدا لەگەڵت کردوم هەر ئەوەندە ئەتوانم مەگەر سوارت بم». ئەویش وتی: «دە چاکە بەقوربانی حەمریت بم! یارەبی حەمرت درێژ بێ و خوا حەفوت بکا».

- ژنێک بە ورگی زلیەوە لەسەر گوێسەبانەیەک بەبێ دەرپێ ڕاوەستابوو، وا دیار بوو سکی پڕ بوو. دەرۆزەکەرێک بەویدا تێپەڕێ و سەری بەرز کردەوە جەنگلستانێکی لەشوێنە دوابڕاوەکەی ئافرەتەکە بەرچاو کەوت، وتی: خانم! چوار پارەم بدێ عەرزت ئەکەم ئەم سکەت کوڕە یا کچ. خانم چوار پارەکەی دایەو کابرا وتی: خانم سکەکەت کوڕە. ژنە وتی: بەچیدا ئەیزانێ؟ وتی: «بەو جۆرە کەتۆ لەو سەرەوە ڕاوەستا بووی من قەفی سمێڵەکانیم لێرەوە چاو پێکەوت».

- کابرایەکی «داربەروولە»یی باری شووتی هێنابوو بۆ سلێمانی بیفرۆشێ. کابرایەکی شاری لە قەراخ شار تووشی بوو لێی پرسی: تۆ خوا برا ڕێگای «وێڵدەر» کامەیە؟ کابرای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاوەن شووتی ووتی: «بارەکەم شووتییە». ئەویش وتی: من ڕێگای وێڵدەرت لا ئەپرسم. کابرا وتی: «برا! بارە، گەورەشی تیایەو بچووکیشی تیایە».

کابرای شاری وتی: هەی هەی! دۆشاو بەگونت، من چی پێ ئەڵێم و ئەو چی ئەڵێ؟ وتی برا! بچووکەکان یەکێ بەقەرانێک گەورەکان یەکێ بەدوو قەران. کابرا ئیتر وازی لێ هێنا.

- ئەو بۆی ناردم:

عەبەی تەڵەمشک هەبوو لەسلێمانی کارگەچی بوو. ئەم عەبەیە خوشکێکی هەبوو «فاتەی تەڵەمشکیان» پێ ئەوت. فاتە بەواتەی واتەبێژانی سلێمانی شەوگەردی ئەکرد. عەبە لەمە زۆر تووڕە ببوو. لەمزگەوتی شێخ جەلال دانیشتبوین مەلائەوڕەحمانێکی سەقزی هەبوو لەوێ لە خزمەت شێخ بابەعەلیدا ئەیخوێند. دانیشتووین، عەبە هاتە سەرچۆک و سەری پەنجەی ئاراستەی مەلائەوڕەحمان کردو لەتووڕەییدا کەفی ئەچەراندو وتی: «فاتەی تەڵەمشک نانت نیە؟ فاتەی تەڵەمشک ئاوت نیە؟ فاتەی تەڵەمشک جێگات نیە؟ فاتەی تەڵەمشک بۆچی گان ئەدەی؟ بۆچ حەیای من و خۆیشت ئەبەی فاتەی تەڵەمشک؟

لەوانەبوو پەنجەکانی بچێ بەچاوی مەلائەورەحمانا. مەلائەورەحمانی هەژاریش کەسەیری کرد وا لەم ئیشەدا بوو بەکەسی دووەم و بوو بەفاتەی تەڵەمشک هەر وا واقی وڕماو تف لە دەمیا وشک بوو هیچ دەنگی نەئەکرد. عەبەش هەر لەسەر قسەی خۆی نەئەکەوت و لای وابوو نەبای هاتووەو نەبۆران.

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

مامەشێخ مستەفام -شێخ مستەفای شێخ نەجیب- هاتە مزگەوتی ئێمە. عەبەی تەڵەمشک هەستا قوتو جگەرەکەی خۆی کردەوە جگەرەیەکی دا بەمام شێخ مستەفام و بۆشی داگیرساند. بەلای جگەرەکێشەوە کە جگەرەی گۆڕی پێ ئەکۆکی، مامەشێخ مستەفام دەستی کرد بەکۆکەو وتی: عەبە جگەرەکەت توندە. عەبەش هیچ سێ و دووی لێ نەکرد وتی: «قوربان جگەرەکەم نێرەکەر ئەترێنێ». ئەمەی هەر ئەوتەوە، ناچار مامەشێخ مستەفام هیچ دەنگی نەکرد، هەر ئەوەندە نەبێ وتی: «باشە، باشەعەبە».

- فەقێ محەمەدی هەمەوەند مودیری ناحیەی بازیان بوو. ددان تازە داهاتبوو، تاقمە دانێکی دروست کردبوو خستبوویە دەمی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەم فەقێ محەمەدە بەناوی مودیریەوە وە یا عەشایریەوە ئەچێ بۆ «تەکیە»ی قەرەداغ میوانی نووری شێخ بابەعەلی ئەبێ؛ کەشێخ نووریش بەشێکی لەعەشایریدا هەبوو. شێخ نووری پیاوێکی ئەبێ فەقێ محەمەدی ناو ئەبێ.

لەکاتی نیوەڕۆدا سینی نان دائەنرێ. فەقێ محەمەدی هەمەوەند بەدانەکانیەوە نانی بۆ ناخورێ، دانەکانی دەردێنێ و لەسەر سینیەکە دایئەنێ. پاش نان خواردن لەبیری ئەچێتەوە هەڵیبگرێتەوە، فەقێ محەمەدی پیاوی شێخ نووری سینیەکە هەڵئەگرێ، ئەوی لەسەری ماوە خزمەتکار ئەیخواو ئێسقان و خەوش و خاڵەکە ئەڕێژێنێتە سەر نوێلکەکە سەگەلی لێ کۆ ئەبێتەوە. چیماوە ئەوانیش ئەوە ئەخۆن. فەقێ محەمەدی پیاوی شێخ نووریش نازانێ لەسەر ئەم سینیە ددان هەیە، وەبەڵکوو خەڵکی ئەو ولاتە ئەمە هەر نازانن کە ددان دروست کردنەوە هەر داهاتووە.

لەپاش ماوەیەک فەقێ محەمەدی هەمەوەند ددانەکانی ئەکەوێتە فیکری ئەڵێ: شێخ نووری ددانەکانم لەسەر سینیەکە بوو چی لێهات؟ شێخ نووریش فەقێ محەمەدی پیاوی بانگ ئەکاو ئەڵێ: کوا ددانەکانی فەقێ محەمەد؟ سینیەکەت چی لێکرد؟ ئەوان بەشێخ نوورییان ئەوت کاکە نووری. ئەڵێ: وەڵڵا کاکەنووری سینیەکەم رشتە بەر سەگ. فەقێ محەمەدی هەمەوەندیش هەر ئەڵێ: کوا ددانەکەم؟ شێخ نووریش نازانی چی بڵێ. لەئاخرا چار نامێنێ ئەڵێ: «وەڵڵا فەقێ محەمەد ددانەکانت کرایە بەرسەگ و سەگ خواردی». ئەڵێ: کێ وای کرد؟ ئەڵێ فەقێ محەمەدی پیاوی من. ئەڵێ: «دەسا کورە گووە گۆڕ باوک هەرێ ناوی فەقێ محەمەدە». شێخ نووری ئەڵێ: «ئاخر تۆ خۆیشت فەقێ محەمەدت ناوە». ئەڵێ: «کورە گووە گۆڕ باوک خۆیشم! هەر فەقێ محەمەدە باوەحیزەکەی تۆ بەر کەوێ من قیروسیا».

– مەلاحەبیبی مەلاوەیسە هەبوو لەولاتی کەرکوکەوە هاتبوو بۆ سلێمانی بۆ خوێندن. ساڵێش ١٩٣٤بوو. ئەو لەخانەقای مەحوی و من لەمزگەوتی حاجی مەلارەسووڵ لەخزمەتی مەلامستەفادا ئەم خوێند. دۆستایەتیمان هەبوو، عەسرێک هات بۆ لام، ئەم مەلاحەبیبە «شەل» بوو. لەقەدیوانی بەر هەیوانەکە شعرێکی نووسی بۆ یادگارو ناوی خۆی لەژێرا نووسی «حبیب لنگ» لەسەر شێوە ئیملای کۆن.

وتم مەلاحەبیب: «لنگ» یانی چی؟ وتی: یانی «شەل». وتم جا خۆ خەڵک بەجۆرێکی تری ئەخوێننەوە. وتی بەچی ئەخوێننەوە. وتم بە «لنگ» (لونگ) ئەخوێننەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتی «لونگ» یانی چی؟ وتم یەعنی «پەشتەماڵ». ئەویش هێنای لەژێر «لنگ»ەکەدا نووسی «شل»؛ بەلام لەبەر ئەوە خەتەکەی جوان نەبوو «شەل»ەکەی وەکوو «شڕ» نووسی. وتم جا ئێستە خراپتر؛ ئێستە خەڵک «شەل»ەکەبە «شڕ» ئەخوێننەوە؛ واتە پەشتەماڵەکە ئەوەندە دراوە بەبەر خەڵکەوە شڕو وڕ بووە بەسەر یەکا.

ئەمجا تۆزێ ڕاما، قەڵەمەکەی دەرهێنایەوە هەرچی هەبوو نەبوو هەمووی کوژاندەوە وتی: «خەڵکی سلێمانی پێوە لە نەگاوراو پیاو ئەگێن، بەلام لەچارەی خۆتان و ولاتتاندا». لەپاش بەینێک ئیتر چووەوە بۆ کەرکووک.

- ژنێک هەبوو لە «سنە» فەرخی خانمی ناوبوو. ئیشی فەرخی خانم ئەوە بوو ئەچوو پیاوێکی نەشارەزای ئەدۆزیەوە میردی پێ ئەکرد، لەپاش دوو سێ شەو تەلاقی خۆی لێ ئەسەند بەمارەیی و حەق و حقوقەوە. بەو مارەیی و شتە ئەژیا تا تەواو ئەبوو ئەمجا ئەچوو یەکێکی تری ئەبینیەوە. بەمجۆرە تەغارەی تەواو کردبوو.

جارێک «سەی حەمەسەن»ێکی سەقزی ئەچێتە ئەوێ، فەرخی خانم خۆی تێ هەڵئەسووێ و خۆی لێ مارە ئەکا. لەپاش دوو شەو بیانووی پێ ئەگرێ و ئەڵێ ئەبێ تەلاقم بدەی. دنیاش شەو و مانگەشەو بوو، لەسەر عادەتی کوردەواری کوڕو کاڵ لەسەر سەرەنوێلک لەبەر مانگەشەوەکەدا دانیشتبون. ئەوانیش ئەیانزانی لەکارو باری فەرخی خانم، بوو بوون وەکوو دەلال بۆی بۆ تەلاق دانەکە. فەرخیخانمیش بەو شەوە لەبەر چاو ئەوانەوە پێی لەسەی حەمەسەن کردبوو بە ئەو شۆکە تەلاقی بدا. کوڕو کاڵیش ئەیانوت: «ئاسەیحەمەسەن فەرخی خانم ژنێکی خاس نیە، هەر ڕۆژی بەبەر یەکێکەوەس تەلاقی دە با بڕوا». ئەمەش فەرخیخانم خۆی فێری کردبوون. سەی حەمەسەنیش تەلاقی نەئەدا.

لەئەنجاما هاتە سەر ئەوە لەپاش ئەوە کە ئەوان زۆر روویان لێنا وتی: «باوە ئیمشەو وازم لێ بێرن سۆزی وەبانچاو تەلاقی ئەدەم».

- لۆتی رەحیم هەبوو لە «سنە» عەنتەرێکی هەبوو. ڕۆژێک، جاف کەئەچون بۆ کوێستان خورمایان لەگەڵ خۆیان ئەبرد. لەسنە لە عەنتەرەکە کۆئەبنەوەو چەند دەنکێ خورما ئەدەن بە عەنتەرەکە. عەنتەر دەستی برد دەنکێ لەخورماکانی دوو سێ جار کرد بەقنگی خۆیاو دەری هێنایەوە ئەمجا ئەوانیتری خوارد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لەلۆتی رەحیمی پرسی ئەوە ئەم عەنتەرە بۆچ وا ئەکا؟ وتی: ئەوە ئەم بەسەزمانە جارێک هەڵووژەمان دایەو خواردی، ناوکی هەڵووژەکە لەقنگیا گیری خواردو دەرنەهات، زۆری نقان کەڵکی نەبوو وەختەبوو بمرێ لەئاخرا بە هەزار فرت و فێڵ بەجەر بادەر دەرمان هێنا. عەنتەرەکە زۆر تووشی عەزیەت و ئازار بوو. ئێستە لەو وەختەوە هەر شتێکی بدرێتێ لە پێشا ئەیکا بەقنگی خۆیا بزانی دەردێتەوە یان نە؛ ئەو وەختە ئەیخوا.

– هەر ئەم لۆتی رەحیمە مەیموونە بچکۆلەیەکیشی هەبوو ئەیدایە بن دەستی و ئەچووە ماڵە ئەعیانەکانی سنە بۆ ئەوە شتی بدەنێ. لەبەر ئەوە کەزۆر زۆر ئەچوو ئەوانیش لێی وەرەس ئەبوون. ئەمجا ئەچووە ئەندەروون خانمگەریش هەر گوێیان نە ئەدایە. ئەمیش سەری مەیموونەکەی لەبن دەستیەوە دەر ئەخست، مەیمون ددانێکی ریچ ئەکردەوە لەخانم، خانم لەتاو گیانی خۆی و لەترسا بانگی ئەکرد: «ئەرێ کارەکەرگەل کێ لێنەس شتێک بدا بەو سەگ باوکە با بڕواو گۆڕی گوم کا».

– ئەم قسەیە تۆ بیکە بەنمونە بۆ گەلێ داستان. ئەم چەند قسەیە «حسەین عەبدوڵڵا» لەقەڵادزەوە ناردوویە بۆ رشتەو ئەڵێ:

جارێک لەگوندی «شینێ» کچێک گوایە لەگەڵ پۆلیسێک دەستی تێکەڵاو کردوەو زکی پڕ بووە، لەبەر ئەمە کەس و کارەکەی ئەیانەوێ بیکوژن. لێرەدا دایکی کچە ئەڵێ: «با لێ گەڕێن تا منالەکەی دەبێ ئەگەر قۆپچەو ماشەڵڵای پێوە بوو وەکوو مام پۆلیس ئەوە لەوییە ئەنا لەئی خۆنەو لێی کوڵ دەدەین».

– جارێک قائمقامی قەڵادزە بۆ پەیجۆری نوختەی پۆلیس ئەچێ بۆ گوندی «شینێ»، خەڵکی گوندی لەگەڵ کوێخادا دێن بەپیریەوە. کوێخا ڕوو ئەکاتە قائمقام و پێی ئەڵێ: «دە بەر حمریت دەمرم ئینشەڵڵا ساڵێکی دی تەپیە پاش چاوش».

– کابرایەکی ئەو بەرکێوە کوڕێکی ئەبێ ئەیەوێ ژنی بۆ بێنی، دراوسێکیان ئەبێ ئەچێ بۆ داخوازی کچەکە. ئەم پیاوەش هیچ شک نابا لە «گا»یەک زیاتر. باوکی کچە داوای گایەکەی لێ ئەکا ئەگەینا کچەکەی نادا بەکوڕەکەی. کابراش ئەڵێ: «برام من لەماڵی دنیا هەر ئەو گایە شک ئەبەم، ئەگەر بیدەم بەتۆ چی بکەم؟»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوڕە لەسەر کولانجەی سەربانەکەوە گوێی گرتبوو، بەباوکەکەی ئەلێ: بابە گابازووی بدەرێ بەخوا بایی گاکە ئەیترپێنم. کچەش کەلەوێ دانیشتبوو سەری بەرز کردەوەو ڕووی کردە کوڕەکەو وتی: «ترحێو! برۆ گوو بکەم بەریشی باوکتا، ئەی بۆ ئەو ساڵە کوڕی عەمەدی وەتمانێ لەکوێستان سوارم بوو هیچ نەشی تراندم؟»

- هەر لەو بەرکێوە کابرایەک ژنێک دێنێ بەڵام هیچی لێ ناکا تا چەند ڕۆژێک. ڕۆژێک بەیانی زوو ژنەکە ئەچێ بۆ کانی سەیر ئەکا چەند ژنێک مەلە ئەکەن، ئەویش لێیان ئەپرسێ ئەوە بۆچ ئێوە هەمووتان هەر مەلە ئەکەن؟ ئەوانیش تێی ئەگەیەنن کەلەبەر چی و بۆچییە ئەم مەلە کردنەیان.

کەئەچێتەماڵەوە بۆ مێردەکەی ئەگێڕێتەوەو پێی ئەلێ ئەبێ تۆش وابکەی. پیاوە ئەلێ: «من پێوەم نییە». ئەلێ: بکڕە. ئەلێ: پارەم نییە. ژنە ئەلێ: کابرا تارانیەکان تەوقەسەرمت ئەدەمێ بچۆ بکڕە یاخۆ بخوازە. کابرا تارانیەکان وەرئەگرێ و بۆ سبەی شەوێ کێرو گونی نیشانی ژنەکەی ئەدا. ئەلێ: ها ئەمەم کڕیوە. ژنە دەستێکی لێ ئەداو ئەلێ: باشە، ئەی ئەو دوو گولەنگە بۆچییە وا هێناوتە؟ ئەلێ: وەڵلا ئافرەت ئەوانە بۆ جوانی هێناومن. ژنە ئەلێ: «جا پیاوەکە! پیاوی هەژار و بێ پارەو پوول جوانی بۆ چییە؟ بریا ئەوانە، یان بخرانایە سەر درێژی وە یا پانی ئەوەی کەخۆت پێی ئەلێیت کێر».

- ئایەتی گۆپاڵ.

بۆکاروان ئەچوو مەلامەخموورە
دەشی گوت ڕێگام گوندیکی دوورە
ژنەکەی وتی: ئایەتەلکوورسی
بۆ تۆ زۆر باشە لەسەگ دەترسی
ئەگەر بۆت هاتن بۆیان بخوێنە
گوتی عافرەتێ بەسم بدوێنە
کسۆکی لادێ نەخوێندەوارە
لەقورعان ناگا چاری هەر دارە
سوورەی گۆپالیان لەسەر دەخوێنم
گەر تێشم نەگەن دەمیان دەشکێنم

- کابرایەک لەو وڵاتی «بانە»یە کەوتە سەرو سەودای ژن هێنان، بەڵام ئەیویست ئەم ژنە کە ئەیهێنێ کچ بێ؛ کچیشی دەست نەئەکەوت. لەئەنجاما ئافرەتێکیان بۆ هەلدا وتیان ئافرەتێکی زۆر بەسەرو بەرو ئیش لێ هاتووە. ئەوەندە هەیە چەند مێردیکی کردووە. وتی: چەند مێردی کردووە؟ وتیان بەخوا تەغاری تەواو کردووە. وتی: ئایا لەم مێردانە هیچ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«مەلا»و «جۆلا»یان تێدا هەبووە؟ وتیان: نەء. وتی: دەسا هەر کچەو من بەئاواتی خۆم گەیشتم.

- ژنێکی تورکمان لەگەڵ میردەکەیا ئەچن بۆ گوێ ئەو ڕووبارە مەلە بکەن، ژنەکە ئەچێتە ناو ئاوەکەو کتوپڕ قرژاڵێک لەناو ئاوەکەدا قەپ ئەکا بەدوا براوەکەیا. ژنە هاواری لێ بەرز ئەبێتەوە.

ئەو دەنگەش بڵاوە ئەگەر قرژاڵ قەپی کرد بەشتێکا فووی لێ بکرێ بەرەڵای ئەکا. میردەکەی ئەچێ فوو ئەکا بەقرژاڵەکەدا، قرژاڵ بەسەرەکەی تری لێوی کابراش ئەگرێ و لەگەڵ دوابڕاوەی ئافرەتەکەدا جووتی ئەکا. کابراش لەگەڵ ئەوەدا هەر لەفوو کردن ناکەوێ. لەو کاتەدا ئافرەتەکە لەتاوانا بابەکی لێ ئەبێتەوەو ئەیدا بەلووتی کابرادا. کابرا ئەڵێ: «هەی هەی تۆ فوو نەکەران، فووتەن گەنیایان، با هەروا بمانایین کەر لەبەغدا مەزەڕان».

- کابرایەکی موکریانی بڕە عەلەشیشێکی دابووە بەرو گەیشتە ئەو دەشتی شارەزوورە. کابرایەکی شارەزووری لەکابرایەکی دراوسێ ئەپرسێ_ کەعەلەی ناو ئەبێ_ ئەڵێ: هۆ! عەلە عەلە! ئەو سوورە مل درێژە پیسانەچین؟ ئەویش ئەڵێ: ئێژن عەلەشیشن. ئەڵێ: عەلەشیش چییە؟ ئابرا تۆ دەنگ، قنگیان هەس؟ ئەڵێ: «برا هەس هەسی و هەس نیسی و هەس وە دوانیا قنگێکیان هەس».

- کابرایەک لەو دەشتی دزەییە لەکابرایەکی دوورە دەست ئەپرسێ ئەڵێ: برا بارانتان؟ ئەویش ئەڵێ: «پەڵەی ئێمەی دایەو خەڵکی بەگونان».

- لەو سەنگاوە پیاوێکی شێخ قادری گوللەنەبڕ ژن دێنێت. لە سبەینێدا ئەچێ دەست شێخ ماچ ئەکا. شێخ سەیر ئەکا کابرا ڕەنگی تۆزێ هەڵبزڕکاوە ئەڵێ: سمە! لام وایە ژنەکەت ناشیرینە؟ سمەش ئەڵێ: «یا شێخ شەروەت وێ لەڕووتا ئێژی گاگتە».

- کابرایەک لەو بەر کێوە فێر بووبوو ڕاوە چۆلەکەی ئەکرد. هەر چۆلەکەیەکی کەئەگرت سەری هەڵئەکەندو ئەیخستە سەبەتەکەیەوە تا پڕ ئەبوو ئەیهێنایەوەو ئەیانخوارد. ساڵ دوانزە مانگەی خوا ئەمە ئیشی بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕۆژێک هات بەسەریا وتی با بچم پرسی مەلا بکەم بزانم ئەمە کەمن سەری ئەم چۆلەکانە هەڵئەکەنم حەلاڵە یا حەرامە؟ مەلایەک لەگوندەکەیانا هەبوو چوو سەبەتەیە چۆلەکەی بۆ بردەماڵەوەو خۆیشی چوو بۆ مزگەوت و پێی وت: مامۆستا من ئیشم ئەوەیە ڕاوە چۆلەکە ئەکەم و زۆرتر بەوە ئەژیم، بەڵام سەری نابڕم هەر ملی هەڵئەکەنم ئایا ئەمە حەلاڵە یا حەرامە؟

مامۆستا وتی: باوکم شتی وا حەرامە، چۆن ئەبێ ملی هەڵکێشێ؟ ئەبێ سەری بڕی. پاشان کابرا وتی: دەسا بەخوا مامۆستا سەبەتەیەکیشم بۆ ئێوە بردە ماڵەوە بۆتان. مامۆستا تۆزێ ڕاماو پاشان وتی: «ئا تۆ دەنگ! لەو وەختەدا کەسەریان هەڵئەکەنی ئەڵێن: «جری وری، یا وری جری؟» مەبەستی ئەوەبوو کابرا هەر کامیان بڵێ حەلاڵە. وتی: بەخوا مامۆستا ئەڵێن: «جری وری» وتی کەواتە حەلاڵە.

- کابرایەکی خۆشناو کەرێکی هەبوو لێی ون بوو بوو گەلێ بەشوێنیا گەڕا نەیدۆزیەوە. ئەمجا لەپاڵ بەردێکا دەستی کرد بە هەڵپەڕین و بەدەمیشیەوە گۆرانی وتن. یەک دووکەس لەوانە کە ئەو لێی پرسیبوون بۆ کەرەکەی، هاتن بەسەریاو لێیان پرسی ئەمەچییە؟ یەکێ کەری لێ ون ببێ وا ئەکا؟ وتی: «خارینە! ئەنگۆ نایزانن، من ما وادەکەم لۆ ئەوەی کەرەکێکم لەبنە تاشێکا بەچاوە خۆ بینێ کەمن چ بەتەنگیەوە نیمە ئەمجا لۆ خۆی بێتەوە لۆ مارێ».

- وا ئەگێڕنەوە کە:

لەزەمانی سولەیمانی پێغەمبەردا شەڕێک ڕوویدا پیاوان چون بۆ ئەو شەڕە سەرنەکەوتن، پاشان سولەیمانی پێغەمبەر ژنانی ناردو ئەوان شەڕەکەیان بردەوە. سولەیمان پێی فەرمون چیتان ئەوێ لەتۆڵەی ئەم ئازایەتیەدا تا بتاندەمی؟ ئەوانیش وتیان هیچمان ناوێ ئەوە نەبێ کەلەباتی ئەوە هەر پیاوێک دەژنی هەیە هەر ژنێ: دەپیاوی هەبێ.

سولەیمانی پێغەمبەر فەرمووی ئەمە نابێت و خوا وای نەکردووە. ژنان هاتنەوەو کەوتنە سەر ئەوە کەلەم ڕووەوە قاقەزێک بنووسن بۆ خوا. قاقەزیان نووسی و دایان بەقەلەرەش بۆیان بەرێ، قەلەرەش قاقەزی گرت بەدەنووکەوەو بردی.

لەو وەختەوە ئیتر هەر چی قەلەرەش بەئاسمانەوە دەر ئەکەوێ و ئەقرێنێ ژنان ئەڵێن: «خێر خێر»؛ واتە ئەبێ خەبەرێکی خێرو خۆشی قاقەزەکەت هێنابێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی یۆسۆجانی هەبوو پیاوێکی زۆر لەخوا ترس و هەموو وەختی لەلای مەلاو لە کۆڕی فەقێانا ڕایئەبوارد، گەلێ شت لێیانەوە فێر بووبوو. جارێک لە «وارماوا» مەلاکە سەیر ئەکا ئەم کابرایە تەزبێحێکی بەدەستەوەیە ئەڵێ: «ئەسبحان اللّه، ئەسبحان اللّه» مەلا لێی ئەپرسێ ئەڵێ ئەرێ ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟. خۆ ئەمە کفرەتۆ ئەیڵێیت. ئەویش ئەڵێ: «بەخوا مامۆستا من ئەزرم کردگە چوار تەزبێح «سبحان اللّه» بکەم کەچی لەدواییدا سەیرم کرد پێنج تەزبێحم کردگە، ئێستە تەزبێحەکەی تری ئەسێنمەوە با هەر چوارەکەی بۆ ئەو وێ».

- عەشرەتی «ئێناحی» لەو بەری «سیروان»ەوە خستبوویان. «ئەورۆڵی»ش لەم بەری سیروانەوە. مردوێک لە ئێناحیەکان مردبوو. ئەورۆڵیگەل ئەچن بۆ پرسە، کەئەگەنە سەرسیروان سەیر ئەکەن سیروان هاتووەو ناتوانن لێی بدەن. یەکێ لە ئەورۆڵیەکان لەم بەر ئاوەکەوە بانگ ئەکا: «هۆ! مارف، مارف، هۆ!» مارف خاوەنی پرسەی ئێناحیەکان بوو ئەویش هەر لەناو دەوارەکەوە لەناو پرسەکەدا ئەڵێ: «هۆ بەڵێ. هۆ بەڵێ». ئەڵێ: ئا، بێ. ئەویش دێتە سەرسیروان ئەڵێ: ها، برا ئێژی چی؟ ئەمیش ئەڵێ: «برا ئێمە هاتگین بۆ پرسە، ئەوا چاوت لێیە سیروان هاتگە نایەڵی بدەین [لە ئاو]، ئەوا هەر لێرەوە فاتیحە».
هەموو دەست بەرز ئەکەنەوە فاتحەکە ئەخوێنن، ئەمجا هەر یەکە بەشوێن خۆیانا ئەگەڕێنەوە.

- کابرایەک هەبوو لەگوندی «تەڕەمار» پیرەکچێکی هەبوو لەبەر ئەوە کەنەیدا بوو بەشوو هەر مابووەوە. ڕۆژێک کچە دەست ئەدا بەسەر وانێکەکەیاو ئەڵێ: «بەختە! هەڵنەستی کوڕو کاڵت تێ بەر ئەدەم». لەو کاتەدا کەئەم قسەیە ئەکا باوکی لە پشتیوە ئەبێ و ئەم پێی نازانێ گوێی لەقسەکەی ئەبێ، ئەڵێ: ئەگەر چارێکی نەکەم ئەم چەتیوە ئابڕۆم ئەبات. کچە دایک و براشی هەبوو.
کابرای باوکە چوو بۆمزگەوت. کەخەڵک کۆ بوونەوە وتی بەخوا کچی قەیرە لەماڵابوون گوناحە ئەمەوێ کچەکەم بدەم بەشوو. ئەم قسەیەی بۆ پیاوێکی دراوسێیان ئەکرد کەلەمزگەوتا لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. گوایە قسەکە تەنیا هەر بۆ ئەو ئەکا بەڵام وای ئەکرد کەخەڵکی تریش گوێیان لێ بێ. کوڕە پیرێکیش گوێی لەقسەکان بوو ئەویش دەمێک بوو بەتەما بوو ژن بێنێ بەڵام ژنی دەست نەئەکەوت، سەرێکی قوت کردەوەو چووە بن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دەستیەوە. لالەحەمەسەنیش قسەکەی هەر نەبڕی پاشان کوڕەکە وتی: لالەحەمەسەن ئەگەر تۆ بتەوێ کچەکەت بدەی بەشوو لەمنت چاکتر دەست ناکەوێ بیدە بەمن. لالەحەمەسەنیش وتی باشە کوڕم وەرە بۆ ماڵەوە. پارەوشتە چی پێویستە بیهێنە وادیارە خوا نەسیبی خستۆنەتە یەک.

شەوێ کوڕە لەگەڵ دوو سێ پیاو ماقووڵی ئاواییدا چون بۆ ماڵی لالەحەمەسەن. گفت و قسەی خۆیان بڕاندەوەو لەسەر سەدقەران ڕێککەوتن. کوڕە سەدقەرانەکەی دەرهێنا دای بەدەست برای کچەکەوەو ئەویش کەوتە ژماردنی.

کچە لەولاوە نیسکێنەی لێ ئەنا لەخۆشیا پێی بەعەرز نەئەکەوت، لەو کاتەدا پرشێ لەنیسکێنەکە هەڵپرژایەوەو کەوت بەسەر دەستیا دەستی سووتا. وتی: «دەستمت سووتان ریامە ناوتا». بابەکەی گوێی لێبوو وتی: «چێشتەکەت پیس کرد بەرم بەقنگتا». دایکەکەی ئاگری تێبەر بوو وتی: «قنگی کچەکەمت دڕی ریام بەریشتا». براکەی وتی: «حسابی پارەکەتان لێ تێکدام گووم کرد بەدەمی گشتانا».

کوڕەی زاوا هەستایە سەر پێی دەستی کرد بە هەڵپەڕکێ و سووڕدان و وتی: «هەر لە ئێستەشایی کەرانەو دەست بەملانەو گوو لەدەمانە».

– لەو ولاتی ئالانە لەگوندی «گرویس» بێوەژنێکی تەرپیری مێخەک لەمل هەبوو «باجی هامینە»یان پێی ئەوت. پارچە شکارتەیەکی ماشی هەبوو وەختی دروێنەی هاتبوو بەدەستیەوە دامابوو؛ سەپانێکی وای دەست نەئەکەوت بۆی بدروێتەوە.

ڕۆژێک خۆیدا لەدەق و چاوەکانی پڕ لەکل کردو لاگیرەو کەمەرەی مێخەکەکەی خستەملی. کوڕو کاڵ لەبەر مزگەوتا دانیشتبون چوو بەلایانەوە، بەتیلایی چاوێک سەیری کردن بەزەردەخەنەیەکەوە ڕووی تێکردن و وتی: لەمنتان نەکەوێ! چۆن ئێوە دڵتان بڕوایی ئەدا ئەو ماشەی من هەروا بمێنێتەوە؟ تیلی چاوەکەشی ئەکێشا بەسەریانا.

کوڕو کاڵ هەر یەکە لەعاستی خۆیان دەستیاندا بەسنگیانا کە سبەینێ بە هەرەوەز بۆی بدوورنەوە. ئەو تیلایی چاوە کاری کردە هەموویان. هەر کە لەئاقاری خۆی خۆی بەنیشانەی ئەو تیلایی چاوە ئەزانی.

باجی هامینەش ئەزانێ وا دەستی خۆی وەشاندووە بەلام ماشی سەگباب بەڕۆژێک نادوورێتەوە. کەوتە بەیانی یەکەیەکە چوو بەلای کوڕگەلەوە هەریەکە هێمایەکی بۆ ئەکردو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تووره‌که‌یه سێویشی له باخه‌ڵیا شاردبووه‌وه سێوێکی ئه‌دایه‌و ئه‌یوت ئه‌مه بخه‌ره باخه‌ڵت بۆ ئه‌وه یادگاری من بێ له‌لای تۆ.

کوڕگه‌ل چوون نیشتن به‌پیره ماشه‌وه، جارجار باجی هامینه له‌دووره‌وه قریوه‌یه‌کی ئه‌کردو ئه‌یوت: «هه‌ی به‌قوربانی کوڕی سێو له‌باخه‌ڵ بم».

هه‌ر که‌س له‌وانه‌ش لای وابوو ته‌نها ئه‌و سێوی له‌باخه‌ڵایه‌و ئه‌م «به‌قوربان»ه بۆ ئه‌وه. بینیان پێوه‌نا نه‌که‌وته نیوه‌ڕۆ ته‌قه‌یان له‌و سه‌ری په‌ڵه ماشه‌وه هه‌ڵساوه‌و هه‌موویان دووریه‌وه. به‌مجۆره باجی هامینه ده‌ستی خۆی وه‌شاندو کوڕگه‌لیش ده‌ست له‌گونان به‌ره‌و ژێرتر بۆی ده‌رچون».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەرگی حەوتەم

## ٢٦٨٠ ک / ١٩٨٠ م/ ١٤٠٠هـ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## پێشەکی[٧]

من لەساڵی ١٩٥٧ەوە لە بلاو کردنەوەو چاپکردنی رشتەی مرواری دام. لەو ماوەیەدا تا ئێستە، ئەمە بەرگی حەوتەمیەتی. ئەو شتانە کە لەناو کورددا هەبوون و بلاو بوونەتەوە، من کۆم کردوونەتەوەو خستوومنەتە نێوانی دوو بەرگێ بەرگەکانی رشتەی مرواریییەوە. وەئەو شتانەش کە من وتومن هی خۆم نین و من نەموتون؛ بەڵکوو کوردەکە خۆی وتوونی و هەر کورد بۆی ناردووم، کەچی وەختی واش بووە بیستوومە وتویانە: ئەو فلانە شتەکەلەرشتەی مرواریدا هەیە لە فلانەکتێبی عەرەبی وەیا فارسیدا هەیە؛ من ئینکاری ئەمە ناکەم. رەنگبێ هەبێ بەلام وەکوو ئەوان ئەوە بوو کە زمانی بلاو کردنەوەیان هەبووە لە ئێمەیان وەرگرتووەو بەناو خۆیانەوە بلاویان کردۆتەوە. من ئەمە ئێستە قەبووڵ ناکەم شتی خۆمەو بەزمانی خۆم بلاوی ئەکەمەوە لەمە زیاتر باجدان خوا هەڵناگرێ.

هەندێ ناو لەرشتەی مرواریدا دیت، رەخنەگر لە ئەدەب ئەو ناوانە ئەکا بەگوڵدەستەی دەستی بۆ رەخنەگرتن. دیسان من ئەمەش هەر قەبووڵ ناکەم؛ چونکە من چۆنم بیستووەو چۆن بۆیان گێڕاومەتەوە، وەیا بۆیان ناردووم و بەناوی کێوە ناردوویانە بەو تەرحە بلاوی ئەکەمەوە؛ دەست لەئەمانەت نادەم. لەگەڵ ئەوەشا من بەلامەوە وایە ئەو ناوانە کە ئەو جۆرە قسەکردوویانە، وەیا نواندەوە، بەلای من و بەلای هەموو ئەدەب پەروەرێکەوە بلیمەتی ئەوانە دەرئەخا؛ [نەوەک] پایەکەم کردنەوەیان.

---

٧- چونکە نووسەر باسی بزر بوونی فولکلۆری کوردی لە نێو زمانە دراوسێکانی زمانی کوردیدا بە تەسەلی لێک داوەتەوە، لێرەدا بە پێویستمان نەزانی دووپاتی کەینەوە. و.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بۆ وێنە یەکێکی وەکوو شێخ رەزای تالەبانی هۆنەرێک بووە وەکوو هۆنەرەکانی تر؛ کەچی لەو رێچەکەیەی ئەودا و لەو ئیلهامەی ئەودا نە هیچ هۆنەرێکی تر ئەیگاتێ، وەنەمن و تۆیش ئەتوانین ئەو فیکرانەی ئەو دەریبڕیون، دەریان ببڕین. ئەمە لێرەدا بلیمەتی شێخ رەزا دەرکەوت نەوەک پایەنزمی. ناوەکانی رشتەی مرواریش چەشنی سەمەرەیان هەیە. مەجۆلی خامەو مەلا سمایلی کانیسکان و عەزیز بەگ و سەد های ناویتر بەلای منەوە بلیمەت بوون؛ ئەگەینا بۆچ من نازانم وەکوو ئەوان بڵێم؟ نەتەوەکانی تر لە هەموو شتێکی خۆیانەوە بۆ قسەلێوەکردن دریخیان نەکردووە، منیش نایکەم. ئەگەر ئێستەنرخی ئەوانەنەزانرێ مێژووی سبەی و دوو سبەی نرخیان ئەزانێ.

دوور نییە هەندێ شت لەرشتەی مرواریدا هەبێ بەچاو هەندێکەوە بڵێن ئەوەچییە وا چاپ ئەکرێ؟ من بەلامەوە لە رووی ئەدەبێکی پان و فراوانەوە چاپکردنی ئەوانە پێویستترە؛ چونکە ئەوانە ئازوخەیەکی هەمەرەنگن بۆ دوارۆژ.

خالۆ بچۆ کتێبی بێگانەکان بخوێنەوە بزانە چەیان کردووەو چییان نووسیوە؟ هەر ئەو نووسینەی ئەوان بووە بۆ ئەو شتانە کە مێژوویەکی گەورەی بۆ دروستکردوون.

عەلائەدین سەجادی

١٩٧٩/١٠/١

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## شەکروا ی دەماخ

- بارام بەگی ئەحمەد بەگی ریشێن و شێخ عەلی شێخ کەریم ئەچنەبەغداو ئەچنە لۆقەنتە. کابرای بۆی دێت ئەڵێ: چی ئەخۆن؟ بارام بەگ ئەڵێ: من برنج و شێخ مەحشی روو ئەکاتە شێخ عەلی ئەڵێ: «انتهم شیخ مەحشی؟» ئەڵێ: «نا انا شیخ عەلی».

- مارفی سەمێنی شاتری هەبوو لەو شارەزووره رەشماڵی هەڵدابوو. سەی حەبیبێکی کاشتەریش هەبوو ئەبێ بە میوانی ئەم مارفە. مارف لێی ئەپرسێ: ئەرێ برا خاڵەسەیی! پێغەمبەر -رۆحم بەقوروانی وێ!- لە دەوارا دائەنیشت یا لەخانگا؟ ئەویش ئەڵێ: دیارە لە خانگا بوو. ئەڵێ: «دەسا هەڵسەبڕۆ دەویت باوک نانێکت نادەمێ. وەو سەی ساقە من تا ئێستە وام زانیگە لە دەوارا بووگە».

- سدیققادری بۆی گێڕامەوە وتی:
پێش ئەوە بچم بۆ عروسیات و ببم بە پاشا، لەو پیدەرە کاروبارێکی میری ئەو سەردەمەم بەدەست بوو. کابرایەک ئەسپێک و تفەنگێک و سەد لیرەو دوو ژنی هەبوو؛ یەکێ پیر و یەکێ جوان. پیرەکەیان هاتەلام شکاتی لەمێردەکەی کرد کە باش لە گەڵیا ناجووڵێتەوە؛ منیش ناردم مێردەکەیان هێنا و پێم وت: بۆچ لە گەڵ ئەم ژنەتا رێ ناکەوێ؟ کابرا هەر دانی پیا نەئەنا و منیش هەر درێژەم ئەدایە. لە ئەنجاما کابرا وەڕەس بوو وتی: «پیاوەفەندی هەر شتێکم هەیە ئەتدەمێ تۆ شەوێک بچۆرە لای ئەم ژنەم جا بزانە ئەو وەختە ناڵێیت گووم خوارد».

- کابرایەکی خۆشناو ئەچێ بۆ حەج و ئەگەڕێتەوە، لێی ئەپرسن حەج و ماڵی خوا کوو بوو؟ ئەڵێ: «خودا لە ماڕێ نەبوو پێغەمبەریش حەمری دابوو بۆ تۆ، منیش لۆ خۆم هەر وا گەڕامەوە چ دەستێم ماچ مەکەن».
- لەکۆیەوە مەولود حسین ناردی بۆ رشتەی مرواری گێڕایەوە وتی: لەو ولاتە پیاوێک سێ کچی قەیرەی هەبوو، بەڵام لە ئەقلا ساوا بوون. سەرباری ئەمەش لە قسە کردنیشا وەکوو «تور» وا بوون؛ بەتایبەتی نەیانئەزانی «کاف» بڵێن ئەیانکرد بە «ت».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێک لەگوندێکی ترەوە داخوازیکەران چوون بۆ خوازبینی یەکێکیان. دایکەکەیان دەستی کرد بەئامۆژگاری کردنیان وتی: کە ئەو ماڵە هاتن بۆ خۆتان بە ئاقڵانە دانیشن و هیچ دەنگ مەکەن؛ بەڵکوو ئەمە خوایە دەرویەکتان لێ بکاتەوە. ئەوانیش وتیان باشە.

ماڵی داخوازیکەر هاتن و هەموو خێزان پێکەوە دانیشتن و کچەکانیش بەریز لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن. کوتوپڕ لەو کاتەدا مشکێک دەرکەوت. کچە گەورەکە وتی: ئای ئەوە مشتێت. ناوجیەکەوتی: «ئای وەڵلا چووە تونەتەوە». بووچکەلەکە وتی: دەسا وەڵلا هەر خۆم چاتم ترد دەنگم نەترد و مێردی خۆمم ترد.

- مەلا ساڵحێکی میانەیی هەبوو گێڕایەوە وتی: ساڵێک زوو بۆ مەلایەتی ڕەمەزان چووم بۆ ناو جاف، لەو گەرمیانە بووم بە مەلای خێلێکی تەرخانی و لە ماڵ کوێخا سمایلی عەزەی شەریفدا بووم. بە شەو خەڵکەکە لەوێ کۆ ئەبوونەوە، منیش حەدیسم بۆ ئەخوێندنەوە. شەوێک دانیشتبووین پیاوێک لە خێڵەکەدا هەبوو مارفی سەمینیان پێ ئەوت، لەپا ش حەدیسەکە ئەم قسەیەی گێڕایەوە وتی:

ئەوا نەخۆشم لەژێر دەوارەکەی خۆمانا کەوتگم خزم و عەشرەت گشتیان لێم کۆ بووگنەسەوە؛ منیش لە حاڵی خۆمام. فرەی پێ نەچوو تەوەزەلێکم بەرچاو کەوت. فرەترسیام وتم بوێ و نەوێ ئەمە ئزرایلە. جوبرائیل دەستی گرتگە هاوردگیە بۆ لای من. بەخوا هەرکە وامزانی نەمکردە نامەردی تەکانم دا وەخۆم هەڵسیاوم وەبێ دەنگێ خۆمم باریک کردەوە، وەتەنیشتی مەجەو پیزەی میمەکەزاگما وەدزیەوە لەگۆشەیەکی دوەوارەکەوە هاتمە دەرەوە. ئەوەندەم زانی بوو وەقیژ و واژ لەژێر دەوارەکەوە، تومەس ئەمەئزراییل کە منی دەست نەکەوت خۆی پلکاند وە ڕەمەزانی حەسەنییاوەریەسەوە. ڕەمەزانیش هەر فرەقەوی و قۆڵ وو خۆی ڕمان وەملیا هەر چەندەجرەی کرد و فرەی کرد و دەمی نوقاند ئاخری گیانی لە قنگیەوە دەرهاورد. منیش لەو لاوە دەر چووم و وەکوو پیاو ترِی ئزرایلم وڕێ.

ئیتر خێڵ کەوتنە شین و شەپۆڕ وەخەیاڵی خۆیان بۆ من ئەگریان، منیش کردم وە دەوارا وتم: عەشرەت ئەوا من ماگم و ترِی ئزرائیلم وڕیگە، نازانم ڕەمەزانە بێفەڕە -گووی تۆی لێ نەوارێ!- بۆچی خۆی داوەدەسەوە؟ خۆ هەر باهوێکی چواری وەکوو منی ئەوڕیەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



-کابرایەکی «بانی خێلان»ی چوو بوو بۆ حەج و لەو لاوەچوو بۆ مەدینە بۆ زیارەتی پێغەمبەر. حاجی مستەفا پاشا ئەیوت کابرا رووی کردبووە مەرقەدەکەو ئەیوت: «هەی خاڵەحەمەی شێخ ئەولا! -بیم وەدەورتا!- ئەزانی لەو وەختەوە کە کۆچی خێرت کردگە چ عەزیەتێکی ئەو حەشاماتە ئەدەی؟ ئاخر ئەمە شوێنە تۆ تێیبا مردگی؟ با لە جێگایەکی وەکوو بالانتەران چاوت بنیای وەیەکا و جێگایەکی وات بدۆزیایەتەوەو سەرت تیایا بنیابەیتەوە».

- مەحەمەدی مەلا کەریم گێڕایەوە وتی:
جارێک شێخ سەعیدی مەسۆیی ئەچێتە پێنجوێن و ئەچێتە چاخانەیەک. رادیۆ تازە کەوتبووە پێنجوێنەوە لەو کاتەدا رادیۆ قورئان ئەخوێنێ و کە تەواوی ئەکا ئەڵێ: «لدق اللّه العظیم». خەڵکەکە هەموو هەڵئەستنە سەر پێ. هەستانی ئەوان و چوونە ژوورەوەی شێخ سەعید یەک ئەگرێ؛ ئەم واتێئەگا کە ئەوانە لەبەر ئەم هەستاون. بە هەر دوو دەست ئیشارەئەکا و بەزمانیش ئەڵێ: «رەحمەتتان لێ بێ هەر کەس لە شوێنی خۆی دانیشێتەوە، زەحمەت مەکێشن».

- کابرایەک لەدێ «ئاوکورتێ» هەبوو حەمەی عەولای ناو بوو. تۆزێ دەوڵەمەند بوو، ئەو ساڵە سەپانێکی راگرتبوو. خەڵکی ئەو دەوروبەری «گرێژە»و «موان»ەبوو، بەڵام هەتا بڵێت کابرایەکی کەلەڕەق و تەمەڵ بوو.
شەوێک لەگەڵ حەمەی عەولای ئاغایا پێکەوە دانیشتبوون. حەمە زۆری تێنوو بوو پێ وت: ئا کورم بچۆ تۆزێ ئاوم بۆ بێنە. کابراش وتی: «لالەحەمە من ئەبێ جارێ بچم بۆ سەر گۆزەکەو جارێک بێمەوە. جارێک کوچەڵەکە بەرمەوەو دیسان بێمەوە؛ ئەمە چوار جار. نەوەڵلا خۆت هەستە سووک و بارێک خێرا بچۆ ئاو بخۆرەوەو وەرەوە». لەپاش ماوەیەک دیسان حەمەپێی ئەڵێ: ئا کورم سەرێک بکێشە دەرەوە بزانە ئەبارێ؟ ئەویش ئەڵێ: «لالە من بۆ بچم؟ ئێستە پشیلەکە دێتە ژوورەوە؛ ئەگەر تەڕ بوو ئەوە دیارە ئەبارێ».

- میرزا ئەحمەدی فەتاحی حاجی حامد هەبوو لە سولەیمانی. مەلا رەئوفی سەعاتچی بۆی گێڕامەوە وتی: ناوی خۆی نابوو «پاشاوات زادە». ئەیوت من یەکەم شاعری ولاتی بابان و ئەردەلانم. مستەفا مەلا غەفووریش هەبوو لە هەڵەبجە. ئەم میرزا ئەحمەدە شعری بەمستەفادا ئەوت؛ ئەمە یەکێکە لە شعرەکانی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەپاڵە لە گەڵ چینی بەسەر رفەدانان مچەکوردەیە
تەیناڵ بەباری قۆڕیا بۆ ئێمەبەجێ مان ئەمانەیە
تەیناڵ شوێنێکە لە بەینی چەمچەماڵ و سولەیمانیدا. لایەکی بازیانە، لایەکی سووورداشە، لایەکیشی قەرەداغە. مەبەستی بە تەیناڵ بەباری قۆڕیا، قەرەداغ بوو.

– فەرا میرزا حاکمی سنە ئەبێ. پیاوێک هەبوو ناوی ئەولێ بوو، ئەچێتەلای و پێی ئەڵێ: «لەخانەدانی خانەدانگەل، لەشانشینی شازادەگەل، چل چرای چل چراگەل، هاوزاوای مشیرگەل، تۆسکەی ئەمیرگەل، سەردانیشتگی جێگەگەل، فەرامیرزاگەل، زەمانگەل پشتی تێ کردگین. نەماڵگەل ما نە منالگەل لەدوای ئەوەکەنۆ خاوەن تەلاق لە باخچەمانا بوو ئێسەفرمانم کەفتگە بە کەرێکی خوەیشکی نێرەکەر. پام نیاگە بە جەرگی خۆما وام چاو پێکەفتگە لە خەوما داررووی دەردم لای ئێوەگەلە؛ دەرمانی ئەکەن بەو کەرەشەلە».
فەرامیرزا کە گوێ لەمە ئەبێ بەلایەوە سەیر ئەبێ، دەستی ناچێتە کیسەی خۆی میراخورەکەی خۆی بانگ ئەکا پێی ئەڵێ: بچۆ لەبازاڕا بزانە هەر کەسە کەچەڵە هەواسییەکی [8] لێ بسێنە. هەر کەسە «جەمشیر»ی ناوە هەواسییەکی لێ بسێنە، هەر کەسە زوڕنا ژەنە هەواسییەکی لێ بسێنە، هەموو بدە بەم پیاوە با بیدا بەکەرێک بۆ خۆی.
میراخوڕ ئەچێتەبازاڕ زۆر ئەگەڕێ کەسی وای دەست ناکەوێ لەئاخرا کابرایەکی بەر چاو ئەکەوێ بەسەرو پێچەکەیا بۆ ی دەرئەکەوێ کە ئەمە کەچەڵە. یەخەی کابرا ئەگرێ و ئەڵێ بێنە هەواسییەک. کابرا سەری سڕ ئەمێنێ ئەڵێ هەواسی چی؟ ئەڵێ: بەئەمری فەرامیرزا هەر کەس کەچەڵ بێ ئەبێ هەواسییەک بدا. ئەڵێ: من کەچەڵ نیم و خۆی رائەپسکێنێ. میراخوڕ پەلاماری ئەدا و دەستی لەسەری ئەکەوێ. ئەمجا کابرا بەتەواوی تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: کورەمن جەمشیرم، جەمشیر. ئەگەر نەتزانیوە، بیزانە. تۆ چۆن ئەتوانی هەواسی لەمن بستێنێ؟ میراخوڕ ئەڵێ: ئای جەمشیریشی؟ کەواتە بێنە دوو هەواسی. کابرا ئیمان لەسەریا نامێنێ ئەڵێ: کورەچاو بکەنەوە من زوڕناژەنم هەر ئێستە بەم زوڕنایە حەیا و ئابڕووتان ئەبەم؛ لەم شارەوە دەست ئەبا زوڕنایەک لەژێر کەواو بەر پشتێنەکەیا ئەبێ دەری

---

٨- هەواسی چوار شایی ئێرانی بووە. ئەسڵەکەی عەباسییە، پارەی سەردەمی شاعەباسی گەورەبووە. پارەکە خۆی نەما بوو ناوەکەی مابوو کەدوو سەنناری وەیا چوار شایی بوو؛ شایش قەرانێک بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێنێ ئەیەوێ بیبا بۆ دەمی و فووی تیا بکا میراخورِ ئەیگرێ و پێی ئەڵێ: ئای زورِنا ژەنیشی؟ کەواتە بێنەسێ هەواسی.

بەمجۆرە میراخورِ سێ هەواسی پەیدا کرد و بردیەوە بۆ فەرامیرزا. ئیتر نازانم دای بە ئەولێ یان نە ئەوە لە عیلمی خوادایە.

- شێخ مستەفای شێخ نەجیبی قەرەداغی و شێخ عەلی قەرەداغی هەبوون هەر دوو کیان خزمی یەک بوون. شێخ عەلی لە سولەیمانی قازی و شێخ مستەفا لە قەرەداغ بوون؛ هەردووکیان ریگای نەکردنیان گرتبوو: شێخ مستەفا ئەوی خوا حەزی پێ نەکردایە نەیئەکرد، شێخ عەلی ئەوی خوا حەزی پێ بکردایە ئەو ئەوەی نەئەکرد.

شێخ عەلی نەخۆش ئەکەوێ. شێخ مستەفا لە قەرەداغەوە دێت بۆ چاو پێکەوتن و دیدەنی. لە لای ئەبێ تا پاش عەسر لەوانە ئەبێ نوێژەکەی عەسر بڕوا هەڵئەستێ جوبەکەی رائەخاو نوێژەکەی بکا، شێخ عەلی لێی ئەپرسێ ئەوەچی ئەکەی؟ ئەڵێ: نوێژ ئەکەم. ئەڵێ: نوێژی چی شێخ تکات لێ ئەکەم ئەم بدعەتە لەماڵەکەی منا دامەمەزرێنە.

- عەلی کلاشی هەبوو لەو شارەزوورە، کوڕێکی هەبوو عەولای ناو بوو چوو بووە درەوە بۆ خوێندنی فەقێیەتی. جا عەلی کلاشی باوکی هەموو پاش نوێژانێک دوعای بۆ ئەکرد ئەیوت: «خوایە ئاگات لەعەولی کورِم وێت، ئەگەر نایناسی کولەپالێکی لەبەرایە، تاکێ لە کلاشەکانی بەنەکەی پسیاگە، ئاغا بانویەکی بۆرکاری بەستگە وەسەریەوە. لە سولەیمانی لەمزگەوتی شێخ سەلام ئەخوێنێ. حوجرەکەیان وا وەلای راستی مزگەوتەکەوە، نانی فەقێیەکان گشت وەدەست ئەوە، تا ئەو نەیەژێ کەسیان رایەیان ناکەوێ نان بخۆن.

- سەید سەعدەدین هەبوو وتی:

چووم بۆ ناو جاف بۆ مەلایەتی. چوومەخێڵێکی وەردەشاتریەوەو چوومەماڵی کوێخا سەفەر. کوێخا لێی پرسیم برا چی ئەخوێنی؟ وتم: عوامل. وتی: برا عوامل یانی چی؟ وتم: یانی گاجووت لەپاش بەینێ دەستێکی بە ریشیا هێنا و وتی: خاسەشوکر خاسەشوکر. خەڵکەکە وتیان برا ئەوە یانی چییە؟ وتی: «براگەل ئەم مەلایە فرە خاسە یەکێ ئەگەر هۆقەیە نانی خوارد توێ نەختێ ئەقلی بوێ ئەمە مانای وایە ئەم مەلایەکار خوێندگە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیسکی خوێندگە، بزنی خوێند گە، مێی خوێندگە، کەری خوێندگە، گەیشتگەسە گاجووت هەر تەنیا ماین و وشتری ماگە».

- «میمکەپانێ باشکی» ئافرەتێکی زۆر بەسەرو بەرو خاوەنی مەڕو ماڵاتێکی زۆر بوو. شێخ نووری پێنج ئەنگوست بەخۆی و وێشەکەکانیەوە لەو دەشتی بناری کفرییە ئەبن بەمێوانی. ئەویش گاڵ ئەدا بامیەو تەماتەیەکی زۆر دێنن و ئەیخەنەسەر ئاگر. لە گەڵ مێوانەکانیشا هەر چێغێکیان بەینە؛ خۆت ئەزانی بامیەگەرمیانیش زل و ناکلۆ کارە. میمکە خۆی سەر کاری بامیەکەئەکا. منالە وردەلەی کوڕەزا و کچەزاکانی دەورەی لێ ئەدەن و هەر داوای لێ ئەکەن بۆیان تێکا. ئەویش شبەچەپۆک ئەماڵێ بەسەریانا و ئەڵێ: قخەیە. منالان هەر وازی لێ نایەنن ئەویش تووڕەئەبێ و ئەڵێ: «ڕۆڵە بچن وەو لاوە بامیەبیکەی وەقنگی نێرەکەریشا ئەی هەسوێ هێشتا پێ نەگەیشتگەو نەکولیاگە. خۆ ئێوە لە شێخی تاینگ خراوترتان وەسەر هاتگە، دەلاچن بڕۆن».

- شێخ ڕەزا جارێک لەماڵێ مەحموو پاشای جاف ئەبێ لەکانی چەقەڵ ئەچێ بۆ سەر سیروان بۆ مەلەکردن. ژن و بووک و کچی پیاوێکی «پشت ماڵە» لەسەر ڕووبارەکە جلیان ئەشت، بەڵام ئەمانەش قۆشمە بوون. شێخ ڕەزاش خۆت ئەیزانی چاوی کز بوو. ژنەکە دەست ئەخاتە سەر بلامانێکەی خۆی ئەڵێ: شێخ ر ەزا ئەوە چییە؟ شێخ ڕەزاش ئەڵێ: ئەوە کانی پانە. پاشان کچەکە ڕووی تێ ئەکاو دەست ئەخاتەسەر هینەکەی ئەڵێ: تۆ خوا یا شێخ ئەمەچییە؟ یا شێخ ئەڵێ: ئەوە مێرگەجوانە. ئەمجا ئەمیش دەست ئەخاتەسەر حەیتەکەی خۆی و ئەڵێ: دەی کچینە ئەمەچییە؟ ئەڵێن: نازانین. ئەڵێ: «بۆچی نازانن؟ ئەمە جوانووی جوانە لە مێرگەجوان لەوەڕانم لەکانی پان ئاوم دا ل ەتەوێلەخانە بەستمەوە».

- عێل سەرەوژوور بوو بووەوە بۆ کوێستان. لە دوو هۆبە دوو کابرا هەبوون؛ یەکێکیان «ئەلی وەیس»وو یەکێکیان «مراوەیس»ی ناو بوو. ئەویان کوڕێک و ئەمیان کچێکی هەبوو. ئەڵێ وەیس بەتەما بوو کچەکەی مراوەیس بێنێ بۆ کوڕەکەی.

پێکەوەئەم دووەئەچن بۆ بانەو ئەگەڕێنەوە، ئەگەنەوە سەر دوو ڕێیانەکەو لەوێوە هەرکە لا ئەدا و ئەچێتەوە بۆ هۆبەکەی خۆی. کە لێک دوور ئەکەونەوە ئەڵێ وەیس کەوتەوە بیری کە خوازبێنی کچەکەی نەکرد بۆ کوڕەکەی. ئەکاتە سەر گردێک و بانگ ئەکا ئەڵێ: «ئەرێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بێفەڕ لەبیرم نەوو کچەکەت داواکەم بۆ کوڕەکەم؛ ئێستەئێژی چی؟» مراوەیسیش ئەڵێ: «وا دام وادام». ئەمجا ئەڵێ وەیس بەدەستێکی دەستەکەی‌تری خۆی ئەگرێ و ماچی ئەکا بە جۆرێ کە شەققەی ماچەکەی بگاتەلای مراوەیس.

ئەڵێ وەیس دێتەوە ماڵەوەو بەکوڕەکەی ئەڵێ: کوڕە بێفەرە نەگریسە هەڵسە بچۆ بۆ ماڵی دەزگیرانت، کچەکەی مراوەیسم بۆ خوازوێنی کردگیت. ئەویش ئەڵێ: بەبێ چتی سوور چۆن ئەچم. باوکی ئەڵێ: بێفەڕ بۆم هاوردگی راست بوو ئەو وەختە کە چوو بوو بۆ بانە دوو گەز چیتیس وری بۆ هێنابوو. دایکی نافەکەکەی هەڵدێنێ و پارچەیەک لەو چیتە ئەدروێ بەشوێن نافەکەکەیدا. ئەمجارەکوڕە هەڵئەستێ ملی مەڕێک ئەگرێ و ئەڕوا.

لەرێگادا شەکەت ئەبێ لە بنە بەردێکدا سەر ئەنێتەوە تۆزێک ئەنوێ. لەو کاتەدا شوانێک سەیری ناو لنگی ئەکا دڵی لەچیتە سوورەکە ئەچێ ئەڵێ: وەکەلام ئەمە بۆ کیسەتووتن فرەخاسە. بەبێ چرپە دێت نافەکەکەی هەڵدێنێ و ئەیبا.

کوڕەپاشان خەبەری ئەبێتەوەو بە خۆی نازانێ هەر بەو جۆرە ئەچێ بۆ ماڵی دەزگیرانەکەی و ئەگاتەسەر بەرزاییەکا و دا ئەنیشێ، چاوی بەدەزگیرانی ئەکەوێ؛ سوورەی سەر قینەی راست ئەبێتەوە. دەزگیرانی پێ ئەڵێ: کوڕە بێفەڕ! سوورەت بشارەوە. کوڕەش ئەڵێ: ها ها ئەمە نیوگەزی، دوو گەزی لەماڵەوەیە. ئاخری کچەکە پێی ئەڵێ: کوڕە بێفەڕ گەڵ و گونت بشارەوە.

دایکی کچە بەم کارەساتە ئەزانێ، سەیر ئەکا کوڕە زۆر بەر بادە ئەڵێ: کوڕم بچۆرەوە دایکت بنێرە. کوڕە ئەچێتەوەو دایکی ئەنێرێ. دایکی کچە پێی ئەڵێ: کوڕەکەت زۆر بێ ئەقڵە، کارەساتەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە. ئەویش ئەڵێ: ئەوە مەگەر ترو توخمی ئەو باوکەکەرەکەی نییە؟ من ئەم کوزەم بۆ ساف ئەکرد کەچی ئێوارە ئەو کە ئەهاتەوە فلق ئەیکرد بەقنگیا. ئەویش هەر لەو باوکەیە.

پاش ئەمانەکچە ئەگوێزنەوە بۆ کوڕەو کوڕە ئەچێتە لای. لە وەختی چوونە لادا سەر ئەکا بەیانی باوکی کچە لە کچەکە ئەپرسێ کە کوڕەکە بوو بەزاوا؟ کچەش ئەڵێ: نە. ئەمجا بەکوڕەکەی ئەڵێ: بۆچ زاوا نەبوویت. کوڕەش هەر لە شەوێوە حەیتەی سەر سووری خۆی گرتووە بە دەستەوە ئەڵێ: «چۆن نەوگم وەزاوا؟ ئەی ئەمە گووی تۆیە وەسەر کێرمەوە».

- بارام بەگی ئەحمەد بەگ بۆی گێڕامەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چوومەشاری سنە کوڕێکی دۆستم هەبوو پێی وتم لە لای ئێوە یاپراخی چاک لێ ئەنێن، تۆ وەسفی بکە با یاپراخێکی وەکوو لای ئێوە لە ماڵی ئێمە لێ بنێن و بیخۆین. وتی منیش ئەوی زانیم پێم وت. رۆژێ ناردی بە شوێنما چووین بۆ ماڵەوە یاپراخەکەیان لێ نابوو خواردمان و ئەم قسەیەی خوارەوەی بۆ گێڕامەوە ئیتر نازانم زەرەری من بوو یا هی ئەو؟ وتی:

لەو سەرە دوو کابرا هەبوون دراوسێ بوون. یەکێکیان زۆر هەژار بوو ئەویتریشیان زۆر دەوڵەمەند بوو. هەژارە کە ژنێکی هەتا بڵێی جوانی هەبوو، کابرا ی دەوڵەمەند بۆی سووتا بوو. بەڵام هیچ هەلێک دەست نەئەکەوت بۆی.

کابرای هەژار جووتەگایەکی هەبوو، رۆژێک یەکێ لە گایەکانی ئەمرێ و بەتەواوی پەکی ئەکەوێ. بە هەناسەساردی لێی دانیشت. کابرای دەوڵەمەندی دراوسێ بیستی و هات بۆ لای پێی وت برام ئەوە چیت لێ قەوماوە وا بەو جۆرەکزیت؟ وتی: برا چیم لێ بقەومێ؟ بەو جووتە گایە ماڵ و منالم بەخێو ئەکرد، ئێستە یەکێکیان مردن ئەوا بەتەواوی پەکم کەوت. کابرای دەوڵەمەند هیچ دەنگی نەکرد و چووە دەرەوە. هەرکە رۆیشت لنگەگایەکی نایابی نارد بۆ کابرا. کابرا زۆری پێخۆش بوو دایە پاڵ لنگەکەی خۆی جووتی کەوتەوەگەڕ.

رۆژی دوایی هاتەوە بۆ لای و وتی گایەکم بۆ ناردیت وەرتگرت؟ وتی وەرمگرت خوا لە برایەتی کەمت نەکاو ماڵت ئاوا بێ! بوویت بە هۆی مانەوەی خۆم و ماڵ و منالم. وتی برا ئەوە چ قسەیەکە تۆ ئەیکەیت؟ ئێمە دراوسێین هەچ ئیشێکت هەبێ بەسەر سەرم. ئیتر ئەم گایە بوو بە هۆی دەرگا کردنەوە بۆ هاتوچوو کردنی کابرا بۆ ماڵی ئەم پیاوە دراوسێیە هەژارەو رۆژ بە رۆژ کابرای دەوڵەمەند زیاتر ماریفەتی ئەنواند.

رۆژێک کابرای هەژار پێی وت برام تۆ ئەوەندە چاکی لە گەڵ من ئەکەی ئاخر تۆیش با جارێ ئیشێکت بکەوێتە من بەڵکوو منیش بتوانم تۆزێ جەزای ئەو چاکیانەت بدەمەوە. کابرا وتی: من هیچ ئیشێکم نییە یەک ئیش نەبێ. وتی: ئەی لەمنت نەکەوێ بیڵێ. وتی: ئاخر لە رووم هەڵنایە. وتی: بۆچ لە رووت هەڵنایە؟ من براتم بیڵێ. وتی: کەواتە چی بێ لە تۆ نهێنی بێ؟ من ئەم هەموو ماڵ و سامانەم هەیە، بەڵام نازانم بچمەلای ژن. وتی چۆن نازانی بچێتە لای ژن؟ وتی: بەکوردی نازانم گان بکەم. وتی: جا ئەوە چییە؟ ئەی لەمنت نەکەوێ چوونە لای ژن ئاوا و ئاوا ئەبێ. هەر چەندە لە گەڵی خەریک بوو بۆی تێ نەگەیەنرا هەر وتی نازانم. وتی: ئەگەر ئەتەوێ فێر ببم ئەبێ خۆت چۆن ئەکەی بەو جۆرەمنیش فێر کەیت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کابرا هەر چەندی کرد بۆی تێنەگەینرا ئەمجا ناچار چووەلای ژنەکەی خۆی و وتی: ئافرەت خۆت ئەیزانی ئەم پیاوە چاکەیەکی زۆری لە گەڵ ئێمەکردو ئێستەش ئیشێکی هەیە ئەڵێ نازانم بچمەلای ژن. منیش هەر چەند پێی ئەڵێم، زۆر کەرە فێر نابێ. بۆ ئەوەجەزای پیاوەتیەکەی بدەینەوە تۆ فێری کە. ژنە وتی: پیاوەکە شتی وا چۆن ئەبێ؟ وتی: ئافرەت ئاخر ئەم پیاوە پیاوەتیەکی زۆری لەسەرمانە، من هەر مەبەستم ئەوەیە فێر ببێ.

کابرا بە هەر جۆر بوو ژنەکەی خۆی رازی کردو ئەمجا چوو بەپیاوەکەی وت بچۆ با ژنەکەم فێرت کا. کابرا چوو ئیشی خۆی تەواو کرد و هاتەوە. کابرای مێردی پێی وت: فێر بوویت؟ وتی: «خوا تۆ خۆش کا وردەوردە فێر ئەبم».

- پیاوێک هەبوو لە شەقلاوا چەرچی بوو، دوکانێکی گرتبوو تیایا دانیشتبوو، دەفتەرە شڕێکی هەبوو شتی بە هەر کەس ئەدا لەو دەفتەرەدا بەخەتێکی شەڕەپشیلە ئەینووسی. رۆژێک سەیری دەفتەرەکۆنەکەی کرد تەماشای کرد ئەوا هۆمەر ناوێکی تیا نووسراوە هەندێ پارەی لەلایە. کەوتەوە بیر کە ئەمەکام هۆمەرەو ئەم لەمێژە ئەم پارەیە لە لایەو چەند جاریش داوای کردۆتەوە هەر نەیداوەتەوە. خەنجەرەکەی هەڵئەکێشێ و نووکەکەی لەسەر ناوەکەدا ئەنێ و ئەڵێ: تۆ ئەو پارەیا مادەی؟ دەبرێ نایدەم تا نووکە دایکت بگێم دەئازای برێ نایدەم.

- دوکتۆر عیزەدین مستەفا بۆی گێڕامەوە وتی:

مەلا عەلی حاجی ئەحمەدە لالە هەبوو لەسولەیمانی دروایسێ ئێمەبوو، کەوتبووە ساڵەوە خۆی ئەگەیاندە نەوەد. بیستبووی ئەگەر یەکێ کە دوا ئایەتی سوورەی تەوبە بخوێنێت ئەو رۆژە کە خوێندوویەتی نامرێت. جا نە وەکوو رۆژێک لە بیری بچێتەوە هەر لە بەیانییەوەتا شەوێ کە ئەنووست لە دانیشتنا و لە باسێک شت کرینێکی ببوایە ئایەتەکەی و قسەکەی بە یەکەوە پچرپچڕ تەواو ئەکرد. زۆر جار نیوەڕوان کە ئەچووەوە بۆ ماڵەوە ژنەکەی لە ماڵەوە نەئەبوو یا لەماڵی ئێمەوە یا لەماڵی دراوسییەکی‌تر ئەبوو، بەمجۆرە ئایەتەکەی ئەخوێند:

«لقد جائکم»ئەو سەگبابە «رسول» بەم نیوەڕۆیە «من انفسکم» لەکوییە؟ «عزیز علیە» ئاخر نالی «ما عنتم» ئەم پیاوەی من «حیس علیکم» ماندوو برسییەو «بالمومنین» ئاخر خەڵکینە «رئوف رحیم» پێم نالێن جەمیلە لە کوییە؟

- مەلا برایمی دۆلاوی بۆی گێڕامەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ساڵێک چووم بۆ ئەو گەرمیانە بۆ مەلایەتی رەمەزان لە خێڵێکی تەرخانیدا. بەقسەی شێخ قادری کرپچنە بووم بە مەلایان. رەمەزان بەسەر چوو و جەژن هات. لە رۆژی عەرەفەدا خۆت ئەیزانی هەموو کەس ئەکەوێتە خۆی بۆ سەرو ریش تاشین و جل‌وبەرگ گۆڕین. لە دیوەخانەکەی ماڵی کوێخا رۆستەما -کە دەوارێکی گەورەبوو- خێڵ کۆ بوەوە. دەروێش مارفێک هەبوو چەقو هەسانەکەی هێنا هەر کەسە سەرو ریشی خۆی ئەخووساند دەروێش ئەیتاشی.

خاڵۆ مارفێکی‌تر هەبوو سەر هاتەسەر سەرتاشینی ئەو. ئەویش سەر و ریشی خووساندو هات لە بەردەمی دەروێش مارفی سەرتاشا دانیشت. مارف سەرەکەی تاشی و هاتەسەر ریشی وتی: خاڵۆ مارف ریشەکەت بتاشم یا قەڵەمی کەم؟ ژنی ئەم خاڵۆ مارفەش لەو دیوی چێغەکەوە بوو گوێ لە قسەکەی دەروێش مارف بوو تا خاڵۆ مارف هات قسەبکا ژنەکەی سەری لە چێغەکەوە هێنایە ئەم دیو و وتی: ئەوە تۆ ئێژی چی؟ گووی تێکە گشتی بتاشە. خۆ مامۆسا نییە قەڵەمی ئەکەی.

- مەلا ئەورەحمانێکی سەقزی هەبوو وتی:

لەو دەشتی سەمگاوە لە تەنیشت درۆزنەوە خێڵێکی جاف خستبووی، چوومە ئەوێ سەیرم کرد شین و شەپۆرە. پیاوێک لە خێلەکەدا عەزەی قادریان پێی ئەوت نەخۆش کەوتبوو لە گیانەلادا بوو. هەموو خێلەکەبەداخەوەبوون بۆی. ژنانیش کۆڕیان بەستبوو بەسەریەوە ئەگریان هەر یەکە بەجۆرێ باسی چاکەی عەزەیان ئەکرد. خوشکێکی هەبوو فاتەی ناو بوو، فاتەزۆر بە کوڵ ئەگریا بۆ براکەی. ژنەکانی‌تریش هەر دڵیان ئەدایەوەو ئەیانوت خوا رەحمی زۆرە ئیشەڵلا شفای بۆ دێت و لەم نەخۆشییە هەڵئەستێتەوە. فاتەش وتی: «خزمینە! من خۆم قیروسیا ئەحەی مێردم لەو رۆژەوە ئەم برامە نەخۆش کەوتگە وەکوو کەرێ جاشکی تۆپیوی هەر لووشکە لووشکیەسی وەشەو و وەرۆژ ئارامی نییە وەکوو پارگێنی دوای دەوار ئاو وەچاویا تێتەخوارەوە. دەسا خوایە لەبەر دڵی ئەو مێردەم رەحمی وەم برامە بکەیت و لەم گلاراوەبخەڵسێ».

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی: ئەوا ترمبێلێکم هەیە لە شارەزوورەوە دێمەوە بۆ سولەیمانی. حەوت هەشت کەسم سواری ترمبێلەکە کردوو بەکرێ ئەیانهێنم بۆ شار. یەکێک لەوانە کابرایەکی خەڵکی «ئاوایی مستەفا» بوو لەتەنیشت منەوە دانیشتبوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتبووە ناو گۆمی خەیاڵەوە، مرەقی نەئەکرد. گەیشتینە سەر ژوورەکەی «قرگە» ویستم گێری ترمبێلەکە بگۆڕم، کە دەستم برد لە باتی گێڕەکە دەعبای کابرام هات بەدەستەوە ئەویش وەکوو گێڕەکە رەق بوو. توند گرتم و خستمەجوولە کابرا لە ناکاو هاواری لێ بەرز بووەوە وتی: «کورە دەویت باوک کێرم بەرەڵا کە پسیام».

دانیشتووەکانی‌تر هەموو واقیان وڕما، منیش زانیم چ باسە ئەو هەر هاوار ئەکا و منیش ئەڵێم: کوڕی باوەحیزە بێفەرە! هەڵمەبلۆقێرەوە ترمبێلەکە وەرئەگەڕێ هەموومان ئەمرین. ئەوانەی دواوە کە دانیشتبوون ئەوانیش لەقسەکەی من کەوتنە ترسەوە بە چەپۆک بەر بوونە کابرا. ئەویش هاواری ئەکرد: «کورەسەگباوکینە! ترۆمبێل وەرگەڕانی چی؟ من کێرم پسیا ئەم بێفەرە خوا نەناسە کێرو گونی لەبن دەرهاوردم».

- قادر حەمەومین لە شاقلاوا ناردوویە ئەڵێ:

جارێک دوو کابرا لە شەقلاوا لەسەر تخووب ئەبێ بەشەڕیان. لە ئەنجاما ئەچنەلای میر بۆ ئەوەی ناو بژیوانیان بکا. یەکێکیان روو ئەکاتە میرو ئەڵێ: «میران ئەو کابرایەگەڕی تێ ئاراندیمە، ئەتۆ بەو ئەقرەی خۆت شەرعمان بکە تخووبەکەمان تۆ دیاری کە. میران ئەتۆ چێرە بێ‌بنەکرۆسکیش دەتۆدا بێ چ گوو بخۆی چ کرۆسکات بخۆی هەر یەکە من دەرێم هی منەو ئەو دەرێ هی منە. دە ئەتۆ دارێکمان دەناودا بنێ با لەم شەکر خواردنە بکەوین».

- لەسیساوە پیاوێک هەبوو وەسمان و ژنێکی هەبوو گوستانی ناو بوو. شەوێ دانیشتبوون گوستان وتی: پیاوەکە ماشەڵلا لە شەرع قسەی لە هەموو شتێکەوەکردیە. ئیمڕۆ کە چووم بۆ ئاوێ و هاتمەوە گوێم لێ بوو مەلا وەعزی دەدا دەیفەرموو هەر کەس بە شەوی هەینیان -حەیب نەبێ- بکاتن، قەسرێک لە بەحەشتی دروست دەکاتن. بەخودای پیاوەکەئەو شەو هەینییە دەبێ قەسریکم بۆ دروست بکەی. وەسمان خێرا قەسرێکی بۆ دروست کرد. گوستان وتی: دەبۆ خۆیشت دەبێ قەسرێک دروست بکەی. وەسمان قەسرێکی بۆ خۆیشی دروست کرد. پاش تۆزێک ژنە وتی: بەخودای پیاوەکە دەبێ لۆ دایکیشت قەسرێک دروست بکەی، هەقی بەسەر منەوە زۆرە؛ ئەگەر ئەو نەبایە من تۆم کوو دەست دەکەوت. وەسمان وتی: «ژنەکە ئەوە خۆت و ئەوە وەستای قەسران چی لێ دەکەی لێی بکە. ئیتر بەگوێ من ناکا ئەگەر ئەتۆش درت بەداکم دەسووتێ بەخێرا بابت واز لەکوڕەکەی بێنە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- لەو سەرەکورێک دایکێکی پیری هەبوو هەر بەتەواوی پەکی کەوتبوو، هەموو دانەکانی کەوتبوون؛ چاوی کز بوو بوو، برۆی هاتبووەوە بەسەر چاویا. کوڕەکەش کاروانچییەتی ئەکرد هەر چەندە ئەچوو بۆ کاروان و ئەهاتەوە دایکەکەی پێی ئەوت: کوڕەکەم دەنگ و باس چییە؟ ئەویش ئەیوت: دایە هیچ نییە. پیرێژنە بەم دەنگوباسی چییە، دەنگوباسی چییە کوڕەی بە تەواوی وەڕەز کردبوو.

کوڕەکە هاوڕێکی هەبوو چوو بۆی گێڕایەوە وتی: فلانی دایکم حەیشی پێی تاڵ کردووم ناوێرم سەر بکەمەوەبەماڵەکەدا. هەر کە ئەچم ئەڵێ: کوڕم دەنگوباس چییە؟ منیش ئەڵێم هیچ نییە؛ بەڵام ئەو هەر واز نایەنێ. کوڕەی هاوڕێ وتی: کورە من ئەزانم ئەوە بۆچ ئەپرسێ ئەوە مێردی ئەوێ؛ دایکی منیش وا بوو. کوڕە وتی: شتی وا چۆن ئەبێ؟ ئەو سەری لەلێوی گۆڕەوە ئەلەرزێ مێردی چی؟ وتی ئەوەیە پێت ئەڵێم وتی ئەمجارەکە چوویتەوەو لێی پرسیت دەنگوباس چییە بڵێ: «دایە نازانم ئەڵێن فەرمانێک دەرچووە ئەبێ هەر کوڕێکی گەنج ژنێکی پیر بێنێت، بەڵام ئەبێ ئەو ژنە دە دانەگوێز بە ددان بشکێنێ. ئەمەی پێی بڵێ و ئیتر کارت نەبێ».

کوڕە چووەوە بۆ ماڵەوەو دایکی وەکوو جاران لێی پرسی کوڕم دەنگ و باس چییە؟ ئەویش وەکوو کوڕەکەی هاوڕێ پێی وتبوو پێی وت. دایکە وەکوو گوڵاو بڕشێنی بەسەر دڵیا بەو جۆرە گەشایەوە وتی: دەکوڕم بچۆ دەگوێزم بۆ بێنە بزانە چۆنت بۆ ئەشکێنم. کوڕە چوو دەگوێزی کردە مستیەوەو خۆی چوو بۆ کاروان.

لە پاش پانزە رۆژێک گەڕایەوەو چوو بەلای دایکیەوەوتی: دایە چیت کردووە لە گەڵ گوێزەکانا؟ وتی: کوڕم یەکێکیان لە دەممایەو ئەیملکێنم نۆیشی ئەوەتە لە مستمایە.

- مەلا عەلی قوچەبلباسی گێڕایەوە وتی:

کوڕێکی خارۆزام هەبوو دایکێکی پیری هەبوو. چووینە ئەوێ هەر بانگی داکەکەی ئەکرد ئەویش نەدەهات. کوڕە تووڕە بوو وتی: دەوەرە پیرێژنە قولترە. ئەمجا هات و بەکوڕەکەی وت: «کوڕم پێم برێ قۆرترە، بەڵام مەرێ پیرێژنە».

- لەو بناری دەشتەتاڵە لە دێیێک پیاوێک هەبوو سۆفی برایمی ناو بوو عەمری خوای کرد. لە پاش شتن و کفن و شتە هەڵیان گرت بیبەن بۆ سەر قەبران. ژن و منالی سۆفی برایمیش کەوتنە تەک خەڵکەکەو چوون بۆ سەر قەبران. ژنەکەی سۆفی برایم ژنێکی جوانکەلەو روەو بازاڕی بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


پیاوێکی جۆلا هەبوو لەدێکەدا سۆفی رەحیمی ناو بوو. ئەویش لەگەڵ تەرمەکەدا چوو بۆ سەر قەبران لەرێگادا مرخی خۆی خۆش کرد لەژنەکەی سۆفی برایم و وردەوردە لەناو خەڵکەکەوە چوو بەلای ژنەکەوەو سەری قسەی لەگەلا دامەزراند و لەئەنجاما پێی وت کە شووی پێ بکا. ژنەش وتی: ناتوانم قسەت بدەمێ؛ چونکە لە پێش تۆدا گفتم بەیەکێکی‌تر داوە. سۆفی رەحیم واقی ورما وتی: ئەوە چ کەسێکە وا لەپێش ئەم وەختەدا گەیشتووە بەتۆو گفتی لێ سەندوێ؟ وتی: «مەلا لەو وەختەدا کە رەحمەتیەکەی ئەشۆرد قسەی لێ وەرگرتم کە مێرد بکەم بەو. تازە ناتوانم لەقسەی خۆم پەشیمان ببمەوە».

- خێل سەرەوژوور بۆ کوێستان ئەگەڕێتەوە. ژنێکی باشکی میمکەفاتمە وەیا «میمکەپانێ» ناو بوو. کابراێکی داوەتەبەرەو ئەگەینەسەر رووبارەکەی قزلجە. گایەکی ئەداتەپێش و دەست ئەگرێ بەکلکیەوەو لەبوارەکەوە ئەدات لەئاوەکە. ئەگەنە ناوەڕاستی ئاوەکە، ئاو بەگوڕ ئەبێ گا ئەکەوێتە شەک و شۆک. میمکەفاتە ئەلێ: «سەی ساق هەر لەسەر قسەی خۆم ماگم بزنێک وەخەیری تۆ وێ وەبێ‌مزەڕەتی لەم رۆخانەیە دەرباز وین».
هەندێکی‌تر ئەرۆن ترسی ئاو بردن کەم ئەبێتەوە ئەلێ: سەی ساق بێژی ئەوا لە ئاوەکە پەڕیگنەسەوە میمکەپانێ درۆم لە گەڵ ئەکا هەر بچێنە ئەو وەر ئاوەکەوە گێسکە وەخەیری تۆ وێ.
لەوانەیە بگەنە ئەو بەری ئاوەکە ئەلێ: سەی ساق خۆت ئەزانی هێشتا بەهار وەتەواوی نەهاتگە. «بالانتەران»یش گەرەکیەسی هەر تەشوێک گوشتاو وەخەیری تۆ وێ.
کە ئەگەنە لێواری ئاوەکە گایەکە بەردێک ئەکەوێتەژێر پێی و پێی هەڵئەخلێسکێ و ئەکەوێتە ناو ئاوەکە. میمکەفاتە ئەلێ: «ئەرێ سەی ساق کۆچکت لێ نەوارێ تۆ تەشویەکەت هاورد و من بۆم تێی نەکردی؟ ئەم کەتنە بێفەرەت بۆچی گێرا؟»
- هەر ئەم میمکەپانییە سالی دوایی لە گەڵ عێلدا ئەچنەوە بۆ کوێستان. لەو ناوچەی «هۆبەتوو»ە پێش ئەوە بگەنە «شەقلاوا» گا بار ئەخەن و بۆ یەک دوو شەو ئەیکەن بە هەوار. سبەینێ مەڕ ئەدۆشێ و شیر ئەکاتە مەنجەلەوە ئەیەوێ بیخاتەسەر ئاگر، ئەگەڕێ بۆ بەرد بیکا بە سێ کوچکەی ئاگردان و مەنجەلی بخاتەسەر. تەماشا ئەکا وا سێ بەردی قایمی درێژ کۆڵە دانراون، چاوەکانیشی تۆزێ بینایییان کەم بووبوو، سێ بەردەکە هەڵئەگرێ و ئەیانهێنێ ئەیانکا بەسێ کوچکەی مەنجەل ئەلێ: خوا ناردگیەسی ئاگر ئەکاتەوەو مەنجەلەشیریان ئەخاتەسەر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



زۆری پێ ناچێ بەردەکان گەرماییان ئەگاتێ هەر یەکەیان لەعاستی خۆیان ئەکەونە جوولەو دەست ئەکەن بەرۆیشتن. مەنجەلەشیریش ئەرژێ بەو ناوەدا بەسەر ئاگرەکەدا. میمکەفاتە هاواری لێ بەرز ئەبێتەوەو ئەلێ: کورە عێل بێن‌وەرێوە سەیری ئەم مۆجزەیەکەن؟ سێ کوچکەی ئاگردانەکەم کەوتگنەسە رێ و رۆیشتن ها ئەوەسە روویان کردە کەژەکە.

خەلکەکەئەم بانگەوازەیان بەلاوە سەیر ئەبێ بە هەلەداوان کۆ ئەبنەوە ئەلێن: کچکە ئەوەتۆ ئێژی چی کوچک چۆن ئەڕوا؟ ئەویش بەسەری دەستی پەجە بۆ بەردەکان درێژ ئەکا و ئەلێ: ئەوە نییە داگیانەسە کەژەکە. ئەوانیش تەماشا ئەکەن لەکیسەڵ بەو لاوە هیچی‌تریان بەرچاو ناکەوێ. ئەلێن: میمکەفاتەکوا کوچک؟ ئەلێ: ئەی ئەوە نییە ئەڕۆن؟ ئێژی چاوتان کوێر بووگە! ئەلێن: میمکەفاتە کوچک لێی نەوارێ خۆ ئەوانەکیسەڵن تۆ هاوردگتن. ئەویش ئەلێ: دەسا وەو سەی ساقە خڕو ساف و بتەو وون وام زانی کوچکن.

تومەز ئەمە کیسەڵ بوون و میمکەپانێ بەبەردی زانیون.

- حاجی مەلا سەلامی مامۆستا مەلا حسینی پەسکەندی بۆی گێڕامەوە وتی:

ئەوا حاجی ئەحمەدی کرنوو لەگەڵ حاجی شێخ ئەمینی خالدا ئەچن بۆ حەج و ئەگەڕێنەوە. ئەو سەردەمە بە کاروانی ولاخ ئەچوون بۆ حەج. ڕێگای کاروان لە گەڕانەوەدا دەشتی «سەنگاو» بوو، هۆبەی جاف ئەو دەشتەی داگیر کردووە کاروانەکەی ئەمانیش لە لایەکەوە بارگە ئەخەن و شەو ئەمێننەوە. ناوو ناوبانگی شێخایەتی و پیاو چاکی حاجی شێخ ئەمین لەو ناوەدا بلاو بوو بووەوە.

ژنەکوێخا جافێک منالێکی بوو نەخۆش کەوتبوو بەناو بانگی حاجی شێخ ئەمینەوە هاتبوو بۆ ئەوە کە شێخ دوعای بەسەرا بخوێنێ و چاک بێتەوە. کە ئەگاتە جێ حاجیەکانی‌تر ئەحەی کرنوو بە ژنەکە پیشان ئەدەن و پێی ئەلێن: ئەوە حاجی شێخ ئەمێنە. ژنە ئەچێ تەماشا ئەکا ئەحەی کرنووی بەحاجی شێخ ئەمین بەو ناسراو پیاوێکی موبارەکی چەند تەلەموویەکی درێژی سپی لەچەناگە دەرهاتوو تەزبێحێکی بەدەستەوە لەسەر بەرماڵ رووەو قیبلە دانیشتووە. سەری داخستووە چاوەکانی ناوە بەیەکا و لە مووراقەبەدایە. منالەکەی فڕێ ئەداتە باوەشی و ئەلێ: «یا شێخ! بیکە وەخاتری ئەو کەسە کە ئەو دەم و نەفەسەی پێ داگیت دوعایێک بخوێنە وەسەر ئەم منالەما با خاس بوێتەوە».

ئەحەی کرنوو چاو بەرز ئەکاتەوە سەیرێکی منالەکە ئەکا، ئەمجا چاوی قیچ ئەکاتەوەو چاوی تێی ئەبڕێ دەمی بۆ لار ئەکاتەوە دانی لێی ریچ ئەکاتەوە تەکەتەک ئەخا بەو چەند

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەڵەمووە ریشەی کە هەیبووە پاش ئەمانە پرمەیەک ئەکا بەسەر مناڵەکەدا. مناڵ کەچاوی بەو سەر و سەکوتە ئەکەوێ و گوێ لەو پرمەپرمە ئەبێ ئەداتە زیرەی گریان و ئەچێتە تاسەوە. ژنە هەر هەڵئەستێ پەلاماری مناڵەکە ئەدا و ئەیرفێنێتەوەو ئەڵێ: «بێرا مناڵەکەم هەی گووی دارو بەردت لێ وارێ و گوو وەریشی باوک ئەو کەسە تۆی وەئێمە نیشان دا. تۆ غەزەوی خوای کەی شێخی دواوراوی؟ خۆ مناڵەکەت کوشت هەی گوو وەریش باوکت بۆ خۆت و شێخیەتیت».

- ئەحمەدی عەزیزاغا مریشکێکیان ئەبێ تاقە هێلکەیەک ئەکا و ئەکەوێتەکڕ، بەم لادا ئەڕوا و بەو لادا ئەڕوا هەر قرتەقرت و گارەگار ئەکا. وەڕەز بەماڵەکە هەڵئەگرێ. ئەحمەداغا ئیتر لەوەزیا نامێنێ هەڵئەستێ ئەیگرێ هێلکەیەک دێنێ ئەیخاتەناو توورەکەیەک و ئەیکاتە ملی مریشکەکەو پێی ئەڵێ: «دەبڕۆ سەگباب! ئەوە خۆت و ئەوە هێلکەکەت وازمان لێ بێنە لەمە زیاتر ئیتر پێمان هەڵناگیرێ».

- دوکتۆر کاوس قەفتان بۆی گێڕامەوە وتی:

لەم ساڵانەی دواییەدا تازە «جل شۆر» (غەساله) کەوتبووە سولەیمانیەوە. نامقی میرزا تۆفیق لەوێ ئەو جۆرە شتانەی ئەفرۆشت. رۆژێک کابرایەکی خەڵکی ئەو شارەزووری کۆنە هاتەبەر دوکانەکەو سەیرێکی ناو دوکانەکەی کرد و چوو بەلای جل شۆرەو هات بەسەر و گوێلاکی جل شۆرەکەدا کەوا جل ئەشواو وا پاکی ئەکاتەوەو وا بێ ئەرکە. کابرا وتی: برا ئەمە بایی چەندە؟ نامیق وت: بایی شەست دینارە. کابرا نەختێکی تر چاوی بە جلشۆرەکەدا گێڕا و سەیرێکی تری ئەم لاو ئەو لای کرد دەستێکی دا لەدەسکەکەی، گۆتی: برا ئەگەر قسەیەک بێژم خۆ لێم ناگری؟ نامیق وتی: برا بۆچ لێت ئەگرم؟ چی ئەڵێی بڵێ ئەمە معامەلەیە. وتی: «برا ئەمەی کەتۆ ئێژی شەرع شەرمی بۆ نییە گان ئەدا؟» نامیق هەروا چووە تاسەوە وتی: برا ئەوە تۆ ئەڵێ چی؟ ئەمەئاسنگە، گانی چی و شتی چی. کابرا وتی: «دەبرا برۆ بەردی تۆی لێی نەوارێ من کە شەست دینار بدەم ئەیدەم وەژنێک هەم جلم بۆ ئەشوا و هەم گانیشم ئەداتێ».

- لەو سەرە دوو کابرای کورد چەند گا بارێک ئەدەنە پێش و ئەچن بۆ هەوارگەیەکی‌تر. دنیاش وا رەمەزان ئەبێ بەلای ئاواییێکا تێ ئەپەڕن. سەیر ئەکەن وا بە سەر بانێک نوێژ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەکرێ. یەکێ لەم دوو کەسەش نوێژکەر ئەبێ، بە هاورێکەی ئەڵێ: تۆ لای گابارەکان ڕاوەستە تا من دوو ڕکات نوێژ ئەکەم و دێمەوە ئەوجا ئەڕۆین.

کابرا ئەچێ و وا دیارەتووشی ئەبێ بەتووشی تەراویحەوە، تا ئێستەش شتی وای نەدیوە. هاورێکەی بانگی لێ ئەکا: کورە بێ وەرێوە درەنگە. ئەمیش هەر لەسەر بانەوەبانگ ئەکا ئەڵێ: «برا گابارەکان بووەو بڕۆ وا دیارە ئێشەکە بووەوە رەقەبەری لەبەینی من و ئەو کاورای سەر چەرمگدا؛ یا ئەوەسە ئەو من ئەدا وەزەویدا یا ئەوەسە من گووی تۆی لێ ئەوارێنم و ئەیدەم وەزەویدا».

- دوو پیاو هەبوون لەسولەیمانی مەلا عەلی حاجی ئەحمەد و مەلا مەحموودی حاجی مارف. ئەمانە هەر لەمنالیەوە رەفیق بوون، بەڵام هەر دووکیان کەڕ بوون وەیا بڵێن: گویان گران بوو. رۆژێ مەلا عەلی پەشتەماڵ و شتە ئەداتە بن دەست خۆی و ئەچێ بۆ حەمام. مەلا مەحموودی دۆستی تووشی ئەبێ پێی ئەڵێ: ئەوە ئەچی بۆ حەمام؟ ئەڵێ: «نەوەڵڵا ئەچم بۆ حەمام». مەلا مەحموودیش ئەڵێ: «وەڵڵا وامزانی ئەچی بۆ حەمام، دەبڕۆ خوات لەگەڵ!»

- حەسەن بەگی جاف بۆی گێڕامەوە وتی:

حەمەی ئەلی وەیس «بەجە» هەبوو لە هۆزی عەمەڵە بوو لەناو جافا. ئەمە سەرەتا شوان بوو پاشان دەوڵەمەند بوو و چوو بوو بۆ حەج. بەو لاوە بەسەر لوبنان و بەیرووتدا گەڕابووەوە. وتی: لێم پرسی حاجی لوبنان خۆشە؟ وتی: میرم لەوە خۆشتر هەر نەوگە. وتی وتم ئا بۆم باس کە. وتی: میرم نێرکە پیازی هەس هەر یەکە وەقەد باڵێک. وتی باڵیشی بۆ درێژ کرد. وتم ئێ. وتی: ئاوی ساردی وای هەس کوڕێکی وەکوو تۆ لەشی پیس بوێ ناتوانێ مەلەی تیا بکا. وتم ئێ. وتی: ئێ... .

- شێخ عومەر گێڕایەوە وتی:

دەرویش عەلی هەبوو لەدەککەی ئەولقادر بەگ هیچی نەئەزانی، بەڵام خۆی کردبوو بە مردوو شۆڕو بانگوێژ. پێی ئەڵێن: تۆ نازانی مردوو بشۆیت بۆچ لە خۆتەوە خۆت کردووە بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


مردوو شۆر؟ ئەویش ئەڵێ: «چۆن نازانم وەڵلا قنگی ئەدڕم، تا ئێستە قنگی پێنج مردووم دڕیوە».

- حەمەکەریم گێڕایەوە وتی:

لەو بناری خۆشناوە کابرایەکی زرتەبۆز کچێکی منال کاری مارەکردبوو؛ بۆ شەوێ کە دەچێتە لای کچە، کچەئازارێکی زۆری ئەگاتێ و خۆی راناگرێ هاوار ئەکا: وەی مامە! کابرا ئەڵێ: کەسی مامی! کچەئەڵێ: زۆر دەیەشێ. کابرا ئەڵێ: دەری بێنم؟ ئەڵێ: «نا». ئەڵێ: ئەدی زیاتر بیبەم؟ ئەڵێ: «نا». کابرا ئەڵێ: «دەسا کێژم نەدەریکێشم و نەراپێشی کەم ئەدی خۆ لەکێری خۆم خۆش نابم».

- مەلا عارف لە خانەقی بۆی گێڕامەوە وتی:

زوو زوو پیاوێکی پیر پیر هەبوو لە خانەقی «دۆسە»ی ناو بوو. ئەم دۆسەیە هەر لە منالیەوە زەمان هێنابووی بەسەریا بوو بوو بە «کاکەیی». پاشان کوڕ و شتی هەبوو یەکێ لە کوڕەکانی «نووری» ناو بوو. ئەم نوورییە منال بوو سەردەمی شێخایەتی و زەرگ وەشاندن لە باوا بوو خەلیفەیەک هاتە خانەقی و کۆڕی زکری دابەست. نووری چووە ناویان و پێوە بوو بوو بەدەروێ و گوێیان کون کرد و وەکوو دەرویشەکانی‌تر فێری «های و هوو»ی بوو.

دنیا رەمەزان بوو خەڵک لە سەر بان ئەنووستن، هەڵسان بۆ «پارشیو»و بوو بەتەق و هۆڕی کەوچک و مەنجەڵی چێشت. نووریش لەم تەقەتەقەخەبەری بووەو دەستی کرد بە نووکەنووک وتی: بەرۆژوو ئەبم. باوکی دوو سێ چەپۆکی کێشا بەسەریا و پێ وت: بخەفەبخەفە. کەڵکی نەبوو. نووری ئاگری رۆژو هەڵێگرتبوو خەوی لە وانیش حەرام کرد ناچار دۆسە بەدایکەکەی وت: «هەستەنان و چایەک رای ئەی دالک حیزەبکە». ئەمجا لەبەر خۆیەوە هەر ئەیوت: «من لە کوو هوو هوو لەکوو؟ من لە کوو رۆزە لە کوو؟ دەسا داود هەقم لەخوا بسەنی رای ئەی کەتنە».

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال بۆی گێڕامەوە وتی:

لەمزگەوتەکەی ئێمە پیاوێک هەبوو گەلێ دەردی سەری رووی تێی کردبوو. هەموو پاش نوێژێک ئەپاڕایەوە لە خوا کە چاکی کاتەوە. جارێکیان نوێژی عیشا بوو لەپاش نوێژەکە لە کاتی دوعا کردنا دەستی بەرز کردەوە وتی: خوایە گورچیلەکم چاک کەیتەوە، سپلەکەکم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چاک کەیتەوە، ژانی پشتەکە چاک کەیتەوە، پراسووەکانم ژان ئەکەن چاکیان کەیتەوە... ئیتر بەمجۆرە زۆری پێوە رۆیشت، دەدوانزە ئازاری هەڵدا. حاجی محەمەدی عەنبەر لە تەنیشتیەوە بوو بۆی هەڵنەگیرا لای لێی کردەوەو پێی وت: «مردووت مریێ! بۆچ خوا پینەچییە ئەم هەموو شوێنانەی تۆ پینە بکا؟ تا ئەمانە بکا دێنێ دە دوانزە زەلامی رێکوپێک دروست ئەکا و ئیتر چی داوە بە سەر ئەم جووت بەقیەو چوار پینەیەوە».

- پیاوێک هەبوو لە «سێ گرتکان» مامەحەمەدی ناو بوو. چاوی نەیئەبینی لێ یان پرسی مامەحەمەد چاوەکانت چۆنن؟ وتی: «من خۆم هیچ نەوینم وەلێ فاتە ئەوشێ زەردەکەی». فاتەژنی بوو.

- هەژار گێڕایەوە وتی:

لە سەقز تازە دامودەزگای دانسازی داهاتبوو. رۆژێک حەمەعەلی بەگی خوڕ خورە هاتبوو بۆ سەقز. حاجی فەتاحی سەقزی بانگێشتنی نانی نیوەڕۆ بۆ کردبوو. حەمەعەلی بەگ کە ئەچێ تاقمەدانێکی تازەی دروست کردبوو. لە شوێنەکەی خۆی ددانەکانی شەوێ کە خستبووە ناو لیوانە ئاوەکەوە بەیانی لە بیری چوو بوو بیخاتەوە دەمی لەسەر سفرەی نان خواردن پەکی ئەکەوێو ئەڵێ: وەڵڵا هیچم بۆ ناخورێ ددانەکانم لەبیر چووە. پیاوێکی تریش هەر لەوێ ئەبێ دەست ئەبا لەگیرفانیا خڕەخڕ دەستە ددانێک دەردێنێ و ئەیداتێ ئەڵێ: بیخەرە دەمت ئابزانە چۆنە؟ حەمەعەلی بەگ وەری ئەگرێ و ئەیخاتەدەمی ئەڵێ گەورەیە. کابرا دەست ئەبا لە گیرفانیا تاقمێکی تری بۆ دەردێنێ ئەڵێ: ئا بزانە ئەمانە چۆنن. ئەویش تاقی ئەکاتەوە ئەڵێ: وەڵڵا ئەمانەش بچووکن ناچی بەدەمما. کابرا ئەمجارەش دەست ئەبا تاقمێکی تر دەردێنێ و ئەیداتێ ئەڵێ: ئەمانەش تاقی کەوە. حەمەعەلی بەگ ئەوانە ئەخاتەدەمی ئەڵێ: وەڵڵا ئەمانە زۆر چاکن و پڕ بەدەممن. پاشان لە کابرا ئەپرسێ ئەڵێ: برا تۆ چیت؟ وا دیارەدانسازیت. کابراش ئەڵێ: «نەوەڵڵا قوربان من مردوو شۆرم».

- شێخ مارف قەرەداغی گێڕایەوە وتی:

پیاوێک هەبوو لە هەڵەبجە «سەعەچەقیگە»یان پێ ئەوت. لە پاشا خوا دایەو دەوڵەمەند بوو حەجی کرد و لە ئاخری عومریەوە کچێکیشی هێنا چەند شەوێکی پێچوو-بلامانێ- هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوو بەزاوا. لەپاش بەینێک لێیان پرسی خالەسەعە گەیشتویتە کوێ؟ وتی: «برا لە سایەی قەوم و عەشرەتەوە سەرەکەی چەقێگە».

- مەولووهەبوو لە سنە سەردەمی گەنجایەتی بە ئەڵواتی و هەرزەیەتی رابواردبوو کۆی لە هیچ خراپەو داوێن پیسیەک نەکردبووەوە. لە ئەنجاما بە تانووت لێدانی ئەم و ئەو هێنایانە سەر ئەوە کە ژن بێنێت. چوو کچی بێوەژنێکی مارەکرد. بێوەژنی خەسوو هات دەستی کرد بە ئامۆژگاری کردنیو پێ وت کورم! ئومێد ئەکەم ئیتر سەردەمی هەرزەگەریت بە سەر بچێت و جارێکیکەتوخنی ئیشی ناشایست نەکەوێ. مەولوویش وتی: «ئامۆژن ئەو زاوایەتیەی من لە گەڵ ئەم کچەی تۆدا ئاخر خراپەکاریم بێت».

- مەلا سالحی میانەیی لەجێشانە مار پێوەدابوو؛ حالی زۆر شڕ بوو، خستبوویانە ناو جۆلانەو ڕایانئەژەند بۆ ئەوە مشک بەسەریا تێ نەپەڕێ. دەردەکەی ڕۆژ بەرۆژ گرانتر ئەبوو هێنایان بۆ سولەیمانی بۆ لای دوکتۆر. دوکتۆریش ئەو وەختەدوکتۆر مەلک بوو. دوکتۆر گەلێ بە داو دەرمان لەگەڵیا خەریک بوو کەڵکی نەبوو. لەئەنجاما پێ ی وت: باوکم مارەکە کوشندەیە، ئەگەر ئەتەوێ چاک ببیتەوە ئەبێ پیالەیە شەراب بخۆیتەوە. مەلا سالح وتی: شتی وا ناکەم. دوکتۆر مەلک وتی: بۆچی. مەلا سالح وتی: ئەترسم بچمەجەحەنەم. شێخ بابەعەلی تەکیەیی لەوێ بوو وتی: «مردووت مرێ ئەگەر نەشی خۆیتەوە هەر ئەچیتە جەحەنەم؛ کەواتە بە قسەی پیاوەکە بکە با ئێستە لەم دەردە رزگارت بێ تا سبەینێ خوا گەورەیە».

- لەو سەر ەپیرێژنێکی پۆپ سپی لەبەر دەرگای ئەشکەوتێکا بووکەکەی سیپالێکی بۆ ڕاخستبوو ساوەریان کردبوو. ساوەرەکەی لەو لاوە لەسەر جامێک بۆ هەڵخستبوو، بێشکەی منالەکەی لەلایەوە دانابوو خەرەکێکیشی بە هەندێ بەتکەوە خستبووە بەر دەم. لەناو گلێنەیەکا هەندێ قاوەتیشی بۆ دانابوو. بووکە خۆی چوو بوو بۆ مازوو کردن. پیرێژنەش کەلپەکەلپی بوو هیچ ددانی لەدەما نەبوو.

ئەمجا پێریژنە بە دەستی ڕاستی خەرەکی ئەڕست، بە قاچی بێشکەی ڕائەژەند بەدەستی چەپی پاسەچۆلەکەی ئەکرد. لە ساوارەکە لە بەینا پەتکی ئەدا بەدەم خەرکەکەوە، جار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


جاریش گوێلی قاوتی هەڵئەگرت ئەیبرد بۆ دەمی، بەڵام لەبەر ئەوە کە لەبەر لووتی ئەشکەوتەدا بوو بایەکە نەیئەهێشت هیچی بچێتە دەمی.

کوڕێکی قوشمەش لەپاڵ دارێکا وەستا بوو سەیری کارەساتی پیرێژنەی ئەکرد. پیرێژنە پێیزانی لای وا بوو بۆ ئەو راوەستاوە ئەمجا بە چاویش دەستی کرد بەچاو برکێ کردن لەگەڵ ئەویشا. کوڕە ئێجگار لەقاوت خواردنەکەی سەری سڕمابوو چونکە هیچی نەئەچووە دەمی. لێی نزیک بووەوە وتی: تازەشەمامە ئەوە چی ئەخۆی؟ پیرێژنەش جوابی دایەوە وتی: «گیانی تازەشەمامە تا ئەم بایە لەم کونەوە بێ هیچ».

- لەو بناری کولیاییە دوو کابرای دەهۆڵ کوت بێ بازاڕی رووی تێکردبوون، بۆ زەماوەنێ بۆ شتێک ئەگەڕان بە لادێکانا، هیچ نەبوو. بەلادییەکا تێپەڕین سەیریان کرد پەلەپیازێکی باش هەیە، هاتنە سەر ئەوە خۆ ئیش نییە با پیاز بدزین. کە چوونە ئاواییەکە خوا زەماوەنێکیشی رێکخست، بەڵام ئەوان لەسەر پیاز دزینەکەی خۆیان هەر جەخت بوون؛ یەکێکیان رووی کردە پەلەپیازەکەو یەکێکیشیان چوو بۆ هەڵسووڕانی شاییەکە. کەوتە دەهۆڵ لێدان و شایی گەرم بوو، ئەوەی کە بۆ پیاز دزینەکە چووبوو سەیری کرد هەڵناکەنرێن. قۆزاخەکە لە زەویەکەدا ئەمێنێتەوە بانگی کرد لە هاوڕێکەی وتی:

قۆزاخ سەختەوەدەر نەتێ هەر چەن توام وەکەڵک نەتێ

ئەمیتریش بەدەم دەهۆڵ لێدانەوە بەمجۆرە جوابی دایەوە:

بچۆ جووە ئاو بەردەتێ سەرەکەی نەرمووت بنەکەی دەرتێ
حەلەلەلەو لەلەلەلەو دویتەڵ کوڕەڵ کەفتنە ئەو

- مەلا سەلاح گێڕایەوە وتی:

لەو گەرمیانە پیاوێک چووە لای مەلا وتی: قوربان خەوێکم دیگە خوا وەخێری بگێڕێ ئێژم بۆت بگێڕمەوە بزانم تۆ چی لێی ئێژی؟ مەلاش وتی: «رۆڵە! جعل اللەبالخیر! ئادەی بیلێ بزانم چییە؟» وتی: مامۆستا ئەوا لە خەوما مانگایە، پارینەیە، مێیە، بزنە، گوێرەکەیە، گشتی لەو دەشتەدا رمیاگن وەسەر یەکا ئەلەورێنن.

مامۆستاش وتی: «برا خەوەکەت زۆر چاکە ئەوە ڕەشەوڵاخە».

- لالەسەرحەدی روغزایی جارێک عەشرەتی کۆ کردەوە خەوی بۆی گێڕانەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەشرەت وا ئیمشەو لەخەوما وا ئەزانم مردگم، دوو بۆرەی چلکنەی بێفەڕە ئەتوت هورچن هاتن وەلامەوە. بە هەقلی خۆم تێگەیشتم مەرنەمووکە وون، پیان وتم مەرنەمووکە؛ یانێ خوای تۆ کێیە؟ منیش فرە تووڕە ووم دەسێکم وەریشەچەرموگەکەما هاورد و وتم: «ئێوە هیچ شەرم لەم ریشە ناکەن وا وائێژن؟» هەر ئەوەنەم زانی دوو قۆلیان هەوو کردیان وەچوار و وەکوو جنۆکە راوی ناون، وەرەو دوا وەدۆلەکە ووونەوەو روەیشتن.

- شێخ محەمەد ئەمینی کاردۆخی گێڕایەوە وتی:

ئەولعەزیز هەبوو لەتەوێلە کلاشی ئەکرد. مەلا حەسەنێکی دزلێ هەبوو ئەچێتە لای ئەلێ جووتێ کلاشم بۆ بکە شعرێکت پێ ئەلێم ئەگەر ژنان هاتنەلات بۆ کلاشەکەیان بەو جۆرە جوابیان بدەرەوە، ئەلێ باشە. ئەلێ: بلێ:

بەفیدای نازت بم وەگشت کەسمەوە ئێنە لنگوو تۆن ها وەدەسمەوە

- حەمە نووری گێڕایەوە وتی:

ئەوا لە کەلار بووین تەوێلەیەک هەبوو مەنجەڵەشکاو شتی تێدا فڕێ درابوو. لە گەڵ ئەوەدا ماکەر و رەشەولاخیشی تێدابوو. وتی شەوێک رێم کەوتە تەوێلە بەلام خەیالی هیچ لە خۆم نەکەی، دنیاش تاریکە. سەیر ئەکەم وا حەسەن -شەروەت وێ لەرووتا- نیشتووە بە بەر ماکەرێکەوە. وتم حەسەن ئەوەچی ئەکەی؟ حەسەن کە لە ناکاو ئەو دەنگەی گوێ لێ بوو راچەنی. هەر ئەوەندە فریا کەوت دانەویەوەدەستی کرد بەدەستخشان بەسەر ئەرزەکەدا وتی: «بەخوا کاکەحەمە بۆ مەنجەڵ ئەگەڕێم».

- نووری عەلی ئەمین گێڕایەوە وتی:

وەستا حەمەسالحێک هەبوو لە پێنجوێن کورتاندوور بوو. ئەم وەستا حەمەسالحە ئافرەتێکی جوانکەلەی دراوسێیان هەبوو مرخی لێی خۆش کردبوو. شەوێک ئەچێتە سەر جێگاکەی و دەست ئەبا بۆ سنگ و مەمکی. ئافرەت خەبەری ئەبێتەوەو ئەیناسێ ئەلێ: کاکەحەمەسالح ئەوە چی ئەکەی؟ ئەلێ: وەڵلا خوشکم ئەوە کورتانێکم دوریوە بۆ ئەو گوێدرێژەی کە لەتەوێلەکەمانایە دەستم لێدا وتم بزانم رێک و پێکە. ئافرەتەش ئەلێ: «کاکەحەمەسالح هیچ وەبزانی سنگ و بەرۆکی من کورتانخانەو تەوێلەخانەی تۆیە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بابەشێخ گێڕایەوە وتی:

لەو وڵاتی هەولێرە باوە لە کاتی حەجا یەکێک حاجیان کۆ ئەکاتەوە ئەیانبا بۆ حەج و هەرکەسەو شتێکیان لێ ئەسەنێ، بارانبەر بەو ئیش کردنەکە بۆیان ئەکا.

حاجی بەکر هەبوو کە ئەویش خەریکی ئەو ئیشەبوو، ڕۆژییەکێ لەدەلاڵەکانیتر دێت بۆ لای و پێی ئەڵێ: حاجی بەکر تۆ هەموو حاجیەکانت ڕاکێشاوە بۆ لای خۆت و نانی ئێمەت بڕیوە. حاجی بەکریش تا ئەو وەختە هەر پانزەحاجی بۆ کۆ کرابووەوەو ئەوانیش لە لای دانیشتبوون هەڵئەداتێ ئەڵێ: نانی ئێوەم چی بڕیوە؟ من هەم و پانزەحاجی حیز، ئیتر لە کوێ هەمووم کۆ کردۆتەوە؟

حاجیەکان کە ئەمە ئەبیستن دەست ئەکەن بەجنێو و قسە وتن پێی و لێی ئەڕەونەوە. هەر چەند حاجی بەکر هاوار ئەکا کە مەبەستم هیچ نەبووە کەڵکی ناگرێ، ئەو قسەیە خۆی بوو بە باڵا بەسەر خۆیەوە. لەئەنجاما وای لێهات کەس ڕووی تێ نەئەکرد و هەولێری بەجێهێشت.

- هەر ئەو گێڕایەوە وتی:

ساڵێک چووم بۆ دەرەوە بۆ دەرویش گرتن. لە گوندێکا لەو بناری نزیکی هەرکییە تووشی کوڕێکی گەنج بووم وتم تەوبە بکەو ببە بە دەرویش. وتی: قوربان من هێشتا ژنم نەهێناوەو تەوبەم پێ ڕاناگیرێ. وتم بران تۆ تەوبە بکە من بڕیارت ئەدەمێ تا ساڵێکیکە ئەم وەختە ژنیش دێنیت. وتی بە هەر جۆر بوو ڕازیم کرد. تەوبەم دادا و بوو بەدەرویش. لە بەهاریا کە هێشتا ساڵی بەسەرا نەسووڕابووەوە چوومەوە بۆ ئەوێ سەیرم کرد کوڕەکە جەزبە گرتوویەتی و بە زکر کردن و هەیا هەموو هات بۆ لام پێم وت: ها هێشتا ژنت نەهێناوە؟. وتی: «یا شێخ بەقوربانت بم! تۆم بۆ خۆش بێت ژنم بۆ چییە؟»

- هەر ئەو گێڕایەوە وتی:

دوو کابرای هەرکی دوژمنی یەک بوون، بەخوێنی سەری یەک تینوو بوون. ڕۆژێک لە دیواخانی فەتاحاغای هەرکیدا بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون. ئەمانە هەردووکیان قەندەکێش بوون، بەڵام یەکێکیان لەو وەختەدا قەندەکەی پێ نەبوو بەری کرد بەو لاوە دەستی بۆ لای کابرای دوژمنی ڕاکێشا و وتی: «کیسکی خۆ بدە بە من بلا قەندەکی چێکمێ لەدلی منیشا لا هەر لە دلی من بێ .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- شەوکەت بەگ گێڕایەوەو وتی:

ئیمساڵ کابرایەکی کەماڵەیی لای ئێمەچوو بۆ حەج؛ کە هاتەوە لێم پرسی حەجەکەت چۆن بوو و چ دوعایەکت کرد لەوێ؟ وتی: شەوکەت وەگ فرەخۆشوو، لەوێ چوومەسەر قەوری پێغەمبەر -رۆحم وەقوروانی وێ!- فەڕ و بەرەکەتی لێ هەڵئەسا. دەسم بەرز کردەوە وتم حەمەد رەسوولەڵلا لەو کوردەواری لای ئێمە هیچ نەما پیاو بوو کوژیا، خانگ بوو سووتیا، مێ بوو گشتی وەتالان بریا، بێژە وە خوا با ئیتر ئەم کەتنە بەس وێ. حەمەد رەسوولەڵلا وەو قورعانەی تۆ لێت خوێندگە! لەو رۆژەوە تۆ مردگیت خوا ئیشێکی نەکردگە لە ئیشی پیاوان بچێ.

- ئەزانی کێ بۆی گێڕامەوە وتی:

مامۆستا مەلا سالحی گۆزەپانکە لە هەولێر فەقێکی لا بوو ئەیەویست ئیجازە وەربگرێ؛ ئەویش نەیئەدایە. فەقێیەکە چوو بۆ لای مەلا ئەبووبەکر کە ئەو بە مەلای مامۆستا بلێ ئیجازەی بداتێ. ئەویش چوو پێی وت. مەلا سالح وتی: ئیجازەی نادەمێ ئەمە زۆر کەرە. وتی کەرێتیەکەی چییە؟ وتی: کورە ئەوە رۆژێک نێرەکەرێکی بردووە ئاوی بدا پێی ئەڵێ: «یا اختی اکلی الماو».

- شێخ فەتاح گێڕایەوەوتی:

حاجی عەلی حاجی مینەی روغزایی هەبوو، ساڵێک باران ئێجگار زۆر بوو ئەویش مەڕ و ماڵاتێکی زۆری هەبوو. بارانەکە هەر خۆشی نەئەکردەوە، پێیانوت حاجی عەلی باران لەچی دایە؟

وتی: برا لە چی دایە؟ دەڵەمێز بووە.

- هەر ئەو حاجی عەلییە قڕان کەوتووە ناو رانەکەی. شەک مەڕێکی نایابی هەبوو زەنگۆڵەی کردبووە ملی، زۆری خۆش ئەویست. ئەو شەک مەڕەشی مرد جا رووی کردبووە ئاسمان ئەیوت:

شەکەسوورت بۆ کوشت؟ ئەمەش بۆ تۆ بزانم تێرت خوارد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- دوکتۆر مار ف خەزنەدار گێڕایەوە وتی:

ژنێک مێردی کردبوو، تازەبووک بوو رۆژێک ئەچێ بۆ کۆڵ بۆ جل شتن. شەرم ئەکا بە خەزوورەکەی بڵێ دەرپێکەتم بدەرێ تا بۆت بشۆم، بەم شیعرانە روو لەخەزووری ئەکا و پێی ئەڵێ:

باوکی ئەو کەسەی کەوا من دەگێ ... دایکی ئەو کەسەش کە وا تۆ ئەیگێی
پێم شەرمەناوی دەرپێکەت بێنم ... تۆ گەورەی منی مەرگت نەبینم
داکەنەجۆرکی کێر و گونەکەت ... بۆ کۆڵ ئەچم لەچۆمی سەر کەوت
بۆت ئەشۆم بە ئاو بە ئەسپۆنی جوان ... بۆت ئەهێنمەوە دەمەو نیوەڕۆان

- کابرایەکی خۆشناو ئەچێت بۆ ئەو گەرمیانە بۆ هەنار فرۆشتن. لەگوندەکەئەچێتە بەر ماڵی ماڵێک بارەکەی دائەگرێت و لە هەیوانەکە بارەکە دائەنێت. گوێدرێژەکەش هەر لەوێ ئەبەستێتەوە، ئەمجا لەو لاوە دەست ئەکا بە بانگەواز کردن. هەی هەنار سەر بەسەر بەگەنم وەرن دەنا دەڕۆم. ژنی ماڵەکە چەند دانەیەک هەنار ئەدزێت، کابرا چاوی لێ ئەبێت بەڵام دەنگ ناکات. ئەگەڕێتەوە بۆ لای هەنارەکان، لەو کاتەدا کەرەکەی دەست ئەکا بە لووشکەلووشک. کابرا ئەڵێ: چەندم پێ گوتوی ئەگەر چووینەماڵی خەڵک دەنگ مەکەو مەیەرە قسە. قەیدی چییە، هەناری بردووە، بردوویە ئیتر ئەم چەنەبازیەچییە؟ ژنەی خانەخوێ ئەمەی بەلاوە زۆر سەیر ئەبێ.

کابرای هەنار فرۆش ئەچێتەوە بەو لاوە دەست ئەکاتەوە بە بانگەوار کردن. چاوی لێ ئەبێ ژنە هەنارەکان ئە هێنێتەوە لە جێگای خۆی دایانئەنێتەوە. دیسان کابرا دێتەوە بەلای هەنارەکانەوە. کەرەی بەستەزمان لەبرسانا دەست ئەکاتەوە بە لووشکەلووشک کردن کە چاوی بەخاوەنەکەی ئەکەوێتەوە. کابراش ئەڵێ: وەڵڵا سەگباب خێوا ئاخری تۆ حەیای من دەبەی. دە هێنایەوە هێنایەوە، ئیتر با ببرێتەوە. ژنە هەر زۆر زۆر بەلایەوە سەیر ئەبێت. ئێوارە مێردەکەی لە ئیش ئەگەڕێتەوە هەموو کارەساتەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە کە ئەو کەرە شتی وای کردووەو خاوەنەکەشی شتی وای وتووە.

ئەمجا مێردی دێت بەلای کابرای هەنار فرۆشەوە، پێی ئەڵێ ئەرێ برام ئەوە ئەو کەرەت چۆن فێری ئەو گفت و لفتە بووەکەوا شتت بۆ بگێڕێتەوە؟ کابراش ئەڵێ: برا ئەوە لەراستیدا کەر نییە، ئەوە ژنمە. کە ئەچم بۆ کاروان دوعایەک هەیە ئەیخوێنم بەسەریا ئەبێ بەکەر. بارو شتی لێی بار ئەنێم، کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ئەبێتەوە بە ژن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahari.org

کابرای خانەخوێ ئەڵێ دەسا قوربانت بم، من پیاوێکی هەژارم، هیچ بارەبەر و شتم نییە دوعایەکی واش بەسەر ژنەکەی منا بخوێنە بەڵکوو ئەویش وای لێ بێت کە چووم بۆ ئیش بار و شتی لێی بنێم و تۆزێ ئەرکم سووک بێ.

کابراش ئەڵێ: باشە لەبەر ئەوە خزمەتتان زۆر کردووم ئەم ئیشەتان لەگەڵ ئەکەم. بیهێنە من چیت پێ ئەڵێم وا بکە. ئەڵێ بیهێنە بیچەمێنەرەو ەسەری بگرەو چاو بنوقێنە ئیتر کارت نەبێ.

کابرا ژنە دێنێت ئەیچەمێنێتەوە، سەری ئەگرێ و خۆیشی چاو ئەنوقێنێ. کابرای هەنارفرۆش لە دواوەدەر پێ ژنە دائەکەنێ و تێی بەر ئەبێ. لەو کاتەدا کابرا تۆزێ چاو بەرز ئەکاتەوە سەیر ئەکا ئەم کابرایە بەر بووەتە ژنەکەی هاواری لێ بەرز ئەبێتەوە ئەڵێ: سەگباب! ئەوەچی ئەکەی؟ کابرا کە ئەزانێ ئیشەکەی شڕە لەترسانا بەنیوەو نیوەچڵی دەری ئەهێنێتەوە. ژنە هەر بەو جۆرە روو ئەکاتە مێردەکەی و ئەڵێ:

«چیت کرد زۆری نەمابوو گوێم درێژبێ، قوت بوو بوو، سمم خڕ بوو بوو، هەر ئەوەندەی مابوو بانگم بکەی بڵێی کووڕوو، کووڕوو، چوش، چوش، بمبەی بۆ ئاشی، هەی پیاوی ناشی وشوو وشوو، چووشوو، چووشوو».

- مەلا سالحی کۆزەپانکە لە مزگەوت لە کۆڕێکا وەعزی ئەدا ئەیوت: بەهەشت لەوانەیە ئەگەر لەوێدا یەکێک ئارەزووی مریشکێکی سوورەوەکراو بکا بەبێ قسە مریشکەکەی لەبەر دەما حازر ئەکرێ. مام وسوو نوێژی ئەکرد گوێی لێ بوو. لەنوێژەکەی بووەوە وتی: «خۆ مەلا سالح پیاوێکی باش و ئاقڵە، ئەم قسە نابەجێیانە چییە ئەیانکا».

- شێخ نووری شێخ رەشید گێڕایەوە وتی:

رۆژێک دوو کەس خەڵکی نۆدشە دین بۆ سولەیمانی. یەکێکیان بەجێ ئەمێنێ و ئەویکەیان ئەگەڕێتەوە. لێ ئەپرسن زۆراو رەفیقت پەی چێش نەیامان؟ ئەڵێ: «وەڵڵا ما چۆن سوار و بەڵای خوایی بیەن لوان پەیو قەروچەمالی».

مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ سواری فڕۆکە بوەو چووە بۆ چەمچەماڵ.

- کابرایەک لەو دەشتی دزەییە بەرجووتێکی هەبوو، لەبەر تەمەڵێ بۆی نەئەدروایەوە. گەنم لەوانەبوو بە تەواوی هەڵوەرێ. دەرو دراوسێ ناچاریان کرد بەوە کە بچێ بیدورێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێک چوو دەستی دایە لە گەڵی خەریک بوو، چەند ڕۆژێک بەمجۆرە سەری خستەسەری.

ڕۆژێک یەکێ لە دراوسێیەکانی چووە لای و پێوت لە گەنمەکەت چیت ماوە؟ وتی: «ئەو سەرەی بیبەمە سەری و بیهێنمەوە، لێرەشەوەبیبەمە سەری و بیهێنمەوە، کلکەمەقریەکی دەمێنێ بایی پازدە ڕۆژانە».

- ڕەشەی ئەولاغا تا زەمان پشتی تێنەکردبوو، لە یەکەپیاوانی میراودەلی بوو لەسوورە قەلات. «کێلی» دۆمەدێ بوو لەنزیکی سوورەقەلات. کچە دۆمێکی لێ بوو «مینا» لەو ناوەدا ناوی دابۆوە. ڕەشی ئاغا ئەیەویست بیهێنێ و پرکێشی نەئەکرد. سەیرتر ئەوە بوو میناش بیستبوویەوە، ئەویش هەر ڕازی نەبوو. ئەم شعرانەی بە ڕەشی ئاغادا وتبوو:

دارەبەل و بەردەکۆز[۹]          ڕەشید ئاغای سمێل بۆز
تۆ چیت داوە لەکچی قۆز

ڕەشی ئاغاش بەم جۆرەوەلامی دابۆوە:

چی دی مەکە گالو گوڕە          ڕەشید پیر نییە هێشتا کوڕە
چاو بقووچێنەو لنگ هەڵبڕە

- لە دێ «بلەسەن»کوڕێک ژنی هێنا بوو. دراوسێکیان هەبوو ژن و پیاوێکی پیر بوون. شەوێ زاواو بووک هەر قریوەی پێکەنینیان بوو. ژنەپیرەکە لە درزی دیوارەکەیانەوە سەیری کرد بزانی ئەم پێکەنینە چییە. تەماشای کرد وا کوڕەکە لە سەر گازی پشت ڕاکشاوە دەعباکەی خۆی کردوە بە سنگ و ڕاستی کردۆتەوە. بووکەکە چەند دانەیەک لە هەڵقەی ملیوانکەکەی خۆی دەرهێناوە، یەکەیەکەبەجۆرێکی وەستایانەروو بەرووی دەعبای کوڕەکە فڕێ ئەدا ئەچێ بەکێری کابرادا؛ هەر کامێکی نەچێ پیا ئەوە سەری کردەوە، لەو سەرکردنە پێکەنین ئەیانگرێ.

ژنەی پیرێژن مێردەکەی بانگ ئەکا و ئەڵێ وەرە سەیر بکە. پیاوەکە ئەچێتە [سەیر کردنیگەمەکە]. ئەمجا [پیرێژنە] ئەڵێ: با ئێمەش گەمەیەکی وا بکەین. پیاوە ئەڵێ: باشە،

۹- «بەردەکۆز»گوندێکە لە مەرگە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلام ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان بیکەین. ئەڵێ: تۆ پاڵکەوە من شتت بۆ تۆ ئەهاوێژم. ئەڵێ باشە.

ئەمجا ژنە لەسەر گازی پشت ئەکەوێ و پیاوە چەند گوێزێک هەڵ ئەگرێ، یەکەیەکە ئەیانهاوێژێ بۆ ناو -بلامانێ- ژنەکە. هەر کامێکی کەوتە ناویەوە ئەوا هیچ، ئەوی نەکەوت و سەری کرد لەمە دەست ئەکەن بەپێکەنین .بەم جۆرەئەمانیش گەمەی خۆیان ئەکەن.

- لەو خۆشناوەتیە لە گوندی «هەرتەل» کابرایەک باوکی مردبوو، بووبوو بەشیوەن و شین و شەپۆر. نێرەکەرێکیان هەبوو لەو کاتەدا ئەویش ئێرەقی کردبوو وەکوو سنگی لێ هاتبوو بەرزی ئەکردەوە شلپ ئەیدا بەسەر سینەی خۆیاو بەری ئەدایەوە. کابرای خاوەنی و باوک مردوو هەر راست بووەوە بە خەنجەرێکەوە پەلاماری دا و خەنجەری کرد بەورگی نێرەکەردا جەرگ و هەناوی خستە ئەو ناوە وتی: «دایەما خۆ بگێم! باوە مردیە بەوەی وام بۆ دەرێ؟»

وتیان ئەوە بۆچ ئەو کەرەت کوشت؟ وتی: ما خۆ دەرێ بابی تۆ مردیە یا نەمردییە بە کێرمەوە. منیش دایەلێ دەگێم وای لێ دەکەم، چما وا دەرێ بابی من چما لەکێری وی کەمترە؟ ئەو دایەحیزە وا دەرێ».

- شێخ جەمالی ئەترووشی بۆی گێڕامەوە وتی:

لەو شارەزوورە لە وارماوا بووم. پیرێژنێک هاتەلام شکاتی کرد کە هیزیەرۆنی هەبووە دەرویش حەمەسەنی شاتری دزیویەتی و نامداتەوە. وتی منیش ناردم دەرویش‌حەسەنم هێنا بە قسەی خۆش و بەلێدان نەچووە ژێری؛ سوێندی ئەخوارد وەکوو گەلای دار بەخوا و بە پێغەمبەر کە نەیبردووە. پیاوێک لەوێ بوو هات پێ وتم سوێندی بدە بەسەی ساق راستیەکەت پێ ئەڵێ. منیش هێنام وتم: رووبکەرە سەی ساق بڵێ بەو سەی ساقە من ئەو رۆنەم نەبردووە. وتی هەر ئەوەندەم زانی وتی: «دە ساق وربان من بردوومە»و چوو ەیزە رۆنەکەی هێناوە.

پاشان پێم وت: تۆ ئەو هەموو سوێندەت بەخوا و بەپێغەمبەر خوارد بەدرۆ کەچی کە هاتەسەر سەی ساق راستت وت، ئەمەچی بوو؟ وتی: «قوربان خواو دارودەستەی خوا لەپیاو ئەیگرن و ئەوەندە توورە نابن، بەلام ئەو سەی ساقە بێفەرە دەس وەدەمی سەگا ئەکا. لە راستی ئەو ناوێرم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- مەلا جەلالی مەلا حەسەنی ئابلاخ لەسولەیمانی رۆژی توورە ئەبێ ئەڵێ: ئەم مەلا نەگریسانەی سولەیمانی منیان کردووە بە بنێشتەخۆشەی ژێر ددانیان و هەر ئەڵێن: وایەو وایەو بێفیکرەو شت نازانێ؛ نازانم بۆچ وا ئەکەن؟ لەو وەختەدا روو ئەکاتە محەمەدی کوڕی ئەڵێ: ئا رۆڵە ئەو کەوشانەم بۆ بێنە. ئەویش ئەڵێ: «بابە وا لەپێتە».

- لەگوندی «باشتەپە» لەنزیکی «پردێ» عەبدولکەریم زیدبەگی گێڕایەوە وتی:

دوو کابرا بوو بەشەڕیان، یەکێکیان بەویکەیانی وت: «دایکت بگێم». ئەوەی کە ئەم جنێوەی دا دایکی خۆی وەستا بوو لە ناو شەڕەکەدا بوو. ئەویکەیان –واتە جنێو پێ دراوەکە–وتی: «دەسا وەڵلا من بێزم نایە دایکی تۆ بگێم». ئەمجا دایکەکە پەلاماری بەردێکی داو شالاوی برد بۆ کابرا وتی: «سەگی سەگباب! تۆ کوو بێزت نایە دایکی ئەو بگێیت؟»

- خۆت ئەزانی جاف لە کاتی خۆیا گەرمیان و کوێستانیان ئەکرد. کاتێ کە ئەچوون بۆ کوێستان ئەو رێبازە کە ئەوانی پیا ئەچوون هەر دەغڵ و دانێکی لێ بوایە هەموویان لەناو ئەبرد و بە لاشیانەوە شتێکی وا نەبوو، لایان وابوو ماڵی گۆران خواردن گوناحی لەسەر نییە.

لەبەر ئەوە گەلێکیان دەرویشی شێخ کەریمی کربچنەبوون، شێخ کەریمی گەورە وارێ ئەکەوت ئەگەر یەکێ لەگۆرانەکان بچوایەتە لای مەلا شکاتی بکردایە مەلا ئەیتوانی کوردەی جاف بانگ بکا و پرس و جوابێکی لێ بکا. کوردەش لەبەر ئەوە قەمتەری شێخی لەدەما بوو ئەچوو.

مەلا قادری مەلا عەلی هەبوو مەلای «مەولاناوا»بوو، دوو شاخی گای هێنابوو هەر بە پێستەکەیەوە لە تەنیشت خۆیەوەدانابوو. کاتێ کە یەکێ لەگۆرانەکان ئەهات شکاتی ئەکرد لە کوردێک مەلا ئەینارد بەشوێن کوردەکەدا. کوردەش ئەگەر دەرویشی شێخ بوایە لە ترسی شێخ ئەچوو، مەلا شەرعی ئەکرد لەبەینی ئەو و گۆرانەکەدا. ئەچوو چونکە هەر کوردەکە بوو زیانی بە دەغڵی گۆرانەکە گەیاندبوو. بێ گومان ئەمیش پێ رازی نەئەبوو. جا مەلا قادر هەر خێرا ئەینەوی لە شاخەکان و لەسەری خۆی توند ئەکرد رووی ئەکردە کوردەکە ئەیوت: «وەرە شەڕەقۆچ بکەین ئەگەر من تۆم بەزان ئەوا شەرعەکەم تەواوە، ئەگەر تۆیش منت بەزان بەرێ خۆتەوە ئەچیت و هیچ نادەیت». کابرا کە چاوی بەشاخ ئەکەوت ئەیوت:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabori...

«مەلا تۆ قازیەکی خاست هاوردگە گا بۆر درۆ ناکا. خوا بتکا بەساقەی شاخی گا بۆر و کەریمەسووری کەسنەزان». ئەمجا زیانەکەی ئەبژارد.

- کابرایەک هەبوو «مامۆتک»ی ناو بوو، سی و شەش دەردی هەبوو. رۆژێک ئەچێتە سەر پێشاو ئەنقێنێ کۆمی دەر ئەپەڕێ. ئەوەش دێتە سەر سی و شەش دەردەکە. ئەمجا کە ئەوەی بینی وتی:

بەخێر بێ سوورەگوڵی ناو باخان        بەسەر سەر و سەر چاوان

- ئەمین چیتر هەبوو لە سولەیمانی ورگ و گەدو گیپالەکەی ناوبانگی دەرکردبوو، ئەیانوت بە ژەمی بەرخێکی بە بریانی ئەخوارد.

رۆژێک نیوەڕۆ برسی ئەبێ ئەچێتەوە بۆماڵەوە. لە ماڵەوە خورما و رۆنیان کردبوو بە ئەندازەی سەرەقلیانێکی بۆ ئەکەنە ناو دەوریەک و بۆی دائەنێن. ئەویش سەیرێکی ئەکا و چاوێکی پیا ئەخشێنێ و زۆر تێڕائەمێنێ. پاشان ئەڵێ: ئا تۆ خوا لەو لاوە جێگایەکم بۆ راخەن و پەڕۆیەکیشم بۆ بێنن، ناساغم. ئەڵێن: تۆ ئێستە هاتیتەوە هیچت نەبوو ئەمەچییە؟. ئەڵێ: پێتان ئەڵێم جێگاکەم بۆ راخەن و پەڕۆکەشم بۆ بێنن. ئەڵێن ئاخر چیتە؟ ئەڵێ: «کێرم رقیتەی کردووە، ئەمەوێ ئەم خورما و رۆنەی تێ گرم و بەپەڕۆکە بیبەستم بەڵکوو خێرا چاک بێتەوە. ئەوەی ئێوە بۆتان داناوم مەگەر هەر وای لێ بکەم ئەگەینە بەشی هیچی تر ناکا».

- محەمەدی مەلا کەریم گێڕایەوە وتی:

پیاوێکی قسەخۆش بۆی گێڕامەوەوتی بێوەژنێکی تەڕ پیر خافاتم ناو هەبوو، فێر بوو بوو بە مێرد کردن. گەلێ مێردی کردبوو، جارێک لە گەڵ پیاوێکا -کە «حەمەرەش»ی ناو بوو- وەسەرە هاتبووە سەر ئەو. رێ ئەکەوێ مێردی پێ بکا، بەلام بەمەرجێ کە هەر شەوێ - بلامانێ- پێنجی لەگەڵ بکا. بەمجۆرە قەول و قەرار ئەبەستن هەر یەکەم شەو حەمەرەش لە باتی پێنج شەش ئەکا. جا بەیانی لەگەڵ مەلا بانگدانا خافاتم ئەچێ بۆ سەر کانی ژنان و چۆپی ئەکێشا و ئەم وێردەی ئەخوێند:

گیانم حەمەرەش، چاوم حەمەرەش        قەولی پێنجمان بوو بۆی کردم بەشەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- شێخ محەمەدە شێتە هەبوو بۆ حەج ئەچوو. ژنێکی هەبوو «گوڵباخ»ی ناو بوو، گوڵباخ پێی وت زوو وەرەوە، ئاگات لەدوای خۆت بێ، شێخ محەمەدیش پێی وت:
من ئاگام لەدوای خۆم ئەبێ، تۆیش ئاگات لەبەری خۆت هەبێ.

- محەمەد سدیق گێڕایەوە وتی:
فلانی لەگەڵ شینەخانی ژنیا هەتا بڵێت ڕێک و پێک و دەست لەملان بوون. فەنتازی تازەداهات و هەر ڕۆژە شتێک پەیدا ئەبوو. «کەنتۆر» داهات دنیا گۆڕا. سەرەڕای کەنتۆری گەڕانی جووتولی پەیدا بوو، ئەوە پەیدا بوو کە ژنان لەماڵا ڕۆژێکیان تەرخان کرد بۆ ئەوە دەستەخوشکان بێن بۆ لایان و ڕۆژەش ناو بنێن بە قبوڵ، نەک قبولی. چونکە قبوڵ قبولیشی تێدا بوو بەباقلاواو پسکت و گاڵگاڵێ و ئەو شتانە کەباو باپیرمان هەر نەیانئەزانی چین.
جاران ساڵی دوو کراس بوو، یەکێ زستانەو یەکێ هاوینە. ئێستە -خوا نەیبڕێ- بوو بەساڵی هیچ نەبێ چوار دەستە جلی عەلمۆدە. بێجگە لە جلە تەدارەکیانەکە شینەخان بۆ هەر قبوڵێک لە ماڵەکەی خۆیا بوایە وەیا قبوڵ لە ماڵێکی‌ترا بوایە لەبەری ئەکرد.
کە دنیا ئەم هەموو گۆڕانەی بەسەرا هات نووکەنووک و پۆلەپۆلی شینەخانیش ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری ئەکرد. ملی فلانی ئەگرت: بەهێ خان ئەو قاتەی لەبەر دایەشلێر خان کراسەکەی لە سیمکاری لەندەنیە. حەفسەخان کەواکەی گروونیە، گوڵباتمانیەکەی وەستای عەلمۆدەی تازە داهاتوو دروویەتی. قاتەکەی من مۆدیلی نەماوە، بەزیاد ئەبێ کریشەی سەمفۆنیاش بووە بە قوماش من لەبەری کەم؟ جل و بەرگم نییە ڕووت بم لەمەم باشترە.
فلانیش بەشەڕە، لەگەڵ جم و جوولی ڕۆژدا ئەچێ بەڕێوە پاش عەسرێ بەشینەخانی وت: بابچین بۆ گەڕان. شینەخان وتی: بەزیاد نەبێ بەچیمەوە بێم بۆ گەڕان؟ بۆچی جلم هەیەلەبەری کەم؟ فلانی ئیتر وەکوو بڵێت پێ هەڵنەگیراو تۆزێ تووڕە بوو هەستا چوو بەلای کەنتۆرە تازە داهاتووەکەوە یەکێ لەدەرگاکانی کردەوە دەستی بۆ ڕاکێشا و لای کردەوە بەلای شینەخانەوە وتی: ئەوە هەموو جلوبەرگ و قاتی نایاب نییە هەڵواسراون؟ دەرگای دووەمی کردەوە هەروەها وتی ئەمانە هەموو قاتی عەلمۆدەنین؟ دەرگای سێیەمی کردەوە، کاک تۆفیق لەناویا بوو وتی مەرحەبا کاک تۆفیق بەخێر هاتی! ڕووی کردەوە بەلای شینەخانەوەو دەستی ڕاکێشا بۆ لای کاک تۆفیق وتی: ئەوەش کاک تۆفیق نییە؟ ئیتر چۆن ئەڵێ هیچم نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

کاک تۆفیق دۆست و میوانی شینەخان بوو؛ عەسر لەبەر ئەوە کە فلانی لەناکاو هاتبووەوە شینەخان بەم دەم و دەستە شوێنی دەست نەکەوتبوو بۆ کاک تۆفیق تیایا هەڵیبگرێ تەنها چاوی سێیەمی کەنتورەکە نەبێ. خوا خرابتر نەدا!

- هێمن گێڕایەوە وتی:
فەقێیەکی شێت هەبوو لەدەوروبەری سەردەشت پێیان ئەوت حەمەشێت. مەلایەکی باشیش هەبوو مەلا شێخ عەلی ناو بوو.
رۆژێک شێتە بە مەلا شێخ عەلی ئەڵێ: مامۆستا ئیمشەو خەویکی خراپم پێوە دیت. ئەڵێ: چی بوو؟ ئەڵێ: لەخەوما پێنج شەش کەس لێ یان ئەدایت. مەلا شێخ عەلی ئەڵێ: ئەی لەسەرت نەکردمەوە؟ ئەویش ئەڵێ: «سەگباب! جا ئەگەر لە سەرتم نەکردایەتەوە بەشەق قنگیان ئەدڕیت».

- «قانع» لە حەمامیان لەدیواخانی مەحموداغادا ئەبێ. نیوەڕۆ نانێکی زۆر هاتەدیواخان، سەیر ئەکا مەحموداغا خۆی بەتەنها لەسەر سینییەکەو نانی وشکی ئەخوا. ئەپرسێ ئەوە بۆچ نانی وشکی ئەخوا؟ ئەڵێن: برین لە ریخۆڵەیا هەیە لە گەڵ قورحەدا. قانع سەر بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمان و روو ئەکاتە خوا ئەڵێ: «ئەوە ماڵ و سامانە بۆچ نادەی بەمن بیخۆم کە بەرد ئەهاڕم؟ بۆچ ئەیدەی بە مەحموداغا و قورحەشی ئەدەیتێ بۆ ئەوەبۆت نەخوا؟ کەواتە تۆ دەست بە ماڵی خۆتەوە ئەگری و لەو لاشەوە ئەڵێ من بەخشەندەم».

- مەسعوود محەمەد گێڕایەوە وتی:
مەلا ئەورەحمانێکی بانگبێژ هەبوو لە «کۆیە» دوو ژنی هەبوو. عاشقی ژنە گەورەکەی خۆی بوو. وای لێهات کە خۆی بکوژێ. «مچەسووکە» هەبوو هەر لەکۆیە، زۆر تووڕەو کەللەشەق بوو. مەلا ئەورەحمان وتی چاک وایە بچمەلای ئەو بمکوژێ. چوو بۆ لای و دەستی کرد بەجنێودان پێی. مچەسووکە بۆی راست بووەوەو بە خەنجەرەوە پەلاماری دا. مەلا ئەورەحمان هەرکە چاوی بەخەنجەر کەوت هەڵات و هاواری ئەکرد: «خەڵکینە! بۆ خاتری خوا بیگرن پەشیمان بوومەوە گووم خوارد».

- حاجی حەمەمینی سیساوا گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەمەداغای «سەر چیا» تۆزێ بزێو بوو. ڕۆژێک ئەچێتە لای قائمقامی ڕەواندوز. ئەویش دەمێکە لە ڕاوی ئەوە دایە کە بیگرێ ئەوا بەئاسانی کەوتۆتەبەر دەستی.
کە دائەنیشێ قائمقامەکە بەتورکی ئەڵێ: «توتن ویرنە». حەمەداغا هەر ڕاست ئەبێتەوە خەنجەر هەڵئەکێشێ و یەخەی قائمقام توند ئەگرێ. قائمقام ئەڵێ: ئەوە تۆ شێت بوویت؟ حەمەداغا ئەڵێ: «گەلێ جار بەوی توتنە گیرایمە.» قائمقام ناچار وازی لێ دێنێ.

- شێخ عەلی گێڕایەوە وتی:
ژن ومێردێک هەبوون سەردەمی گەنجایەتیان پێکەوە ڕابواردبوو، کەوتبوونە عالەمێکی ترەوە. شەوێک ژنەکە بە پیاوەکە ئەڵێ: «بڕوا ئەکەی دەعباکەت باریک بۆتەوە». پیاوەش ئەڵێ: «وا نییە بەڵکوو بلامانێکەی تۆ فراوان بوەتەوە».

- ئەفراسیابی ئەحمەد بەگ گێڕایەوە وتی:
لەو سەردەمەدا کە شێخ مەحموود لە داریکەلی ئەبێ وتی یەکێک بۆی گێڕامەوە لە بیرم نیە ئێستە، کە یەکێ لەشێخەکانی سەر زەل ئەچێ بۆ زیارەتی شێخ و ئەگەڕێتەوە، زۆر دوور ناکەوێتەوە لە داریکەلی، شێخیش وا دیار بوو لەسەربانەکەوە بە ددووربین سەیری ئەو ناوەی ئەکرد. لەکاتی سەیر کردنا چاوی بە شێخەکەی سەر زەل ئەکەوێ بەرێگادا ئەڕواو کوتوپڕ لا ئەکاتەوە بۆ پشتی خۆی. شێخ سوارێک ئەنێری بەشوێنیا ئەیگێڕنەوە. کە دێتەوە شێخ لێی ئەپرسێ ڕاستم پێ بلێ لەو شوێنە چۆلەدا کوتوپڕ لات کردەوە تڕت نەکەندبوو؟ کابرا ئەڵێ: بەرێ وەڵا یا شێخ ڕاستیەکەی وابوو سەگباب خێوە هات ئاگام لە خۆم نەبوو. لا کردنەوەکەشم هەر ئاگام لەخۆم نەبوو وتم نەوەک یەکێک لەپشتەوە بێ و حەیام بچێ. دیار بوو وا تۆ هەبوویت. خوارەحم بکا! شێخ دەستی کرد بەپێکەنین و وتی: بڕۆ خوات لەگەڵ و خوا ڕەحمی کرد.

- لەو سەرە لە گوندی «ئەردان» ئافرەتێکی ژیکەلە هەبوو لەو ناوەدا ناوی دەرکردبوو. گوندەکەشیان جوولەکەو موسڵمانی لێ بوو، بەو هۆیەوە قەشەو مالووم و نەلاشی لێ بوو. خاتوو توفێ زۆر جوان بوو، قەشەو مالووم و مەلا هەر یەکە لە عاستی خۆیان مرخیان لێ خۆش کردبوو. خاتوو توفێ کارەساتی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە، مێردەکەشی وتی: چ قەیدی هەیە بڕوو دوا ژوانیان لەگەڵ ببەستە. لەو گۆشەشەوە چالێک هەڵئەکەنین من ئەچمەناو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چاڵەکەو سەرەکەی بەگەڵاو شتە دائەپۆشین. هەر کامیان هاتن پێش ئەوە بێن بەلاتەوە بڵێ ئەوەرەحمەتیەکەی مێردمەو ئەوەش قەبرەکەیەتی؛ بچۆ سەر بخەرە سەر چاڵەکە فاتحەیەکی بۆ بخوێنەو بۆی بنێرە، چونکەحەقی بەسەرمەوەیەو دیسان لەفاتحەکە ئیتر چاوی لێمان نابێ. کە ئەمەت کرد ئەو وەختە ئیتر من چاریان ئەکەم.

خاتوو توفێ ژوانی لە گەڵ جەماعەتا بەرو دوا بەست. لەپێش هەموویان قەشە هات. پێ وت ئەبێ بچێتەسەر ئەو قەبرەکە هی رەحمەتیەکەیە فاتیحەیەکی خۆمانە بخوێنیت بۆ ئەوە چاوی لێی نەبێ. قەشەچوو، سەری شۆڕ کردەوەو نەکردەوە کابرا لەژێرەوە چەقۆی راکێشا و لووتی بڕی. قەشە هەڵات. بەشوێن ئەو مالووم هات، مالوومیش هەروەها. پاشان مەلا هات ئەویش هەروەها.

لە دەرەوە یەکیان گرت و لێک ئاشکرا بوون. مەلا وتی: مالووم خوا بتگرێ بۆ دەنگت نەکرد کە لە گەڕانەوەتا چاوت بەمن کەوت؟ مالووم وتی: ئەی قەشە بۆ بە منی نەوت کە لە گەڕانەوەیا چاوی بەمن کەوت؟ مەلا وتی: بادیزە بە دەرخوونەبێ هەموو شتێک وایە ئەڵێ: بۆ هەر من بسووتێم؟

– لەحەنیفەخانمیان پرسێ چەند مێردت کردووە؟ وتی:

«سیا و سیا و سێ لۆ لۆ، سیانیتریش مەحموو قایش، خواجەی بێ ریش، باوکی مناڵەکان ئەوانیتریش، دەستم لە هەوێرە هەر ئەوەندەم لەبیرە».

– ژنێک هەبوو لەو سوور سوورە کچێکی عازەبی زۆر بێئەقڵی هەبوو؛ بەدەستیەوە دامابوو. هەرچەندە ئامۆژگاری ئەکرد هەر وەکوو گوێزی بۆ بژمێرن وا بوو. رۆژێک دایکەکەی دیسان دەستی کردەوە بە ئامۆژگاری کردنی و کچەش ئەوا دۆش داماوە هیچ دەنگ ناکا. دایکەکەی زۆری پێخۆش بوو وتی: شوکر وا کچەکەم گوێی بۆ قسەکانم راگرتووەو ئینشەڵلا ئەم جارە قسەکان کاری تێکردووەو فێری سەرو بەرێک ئەبێت. لەو کاتەدا کچە سەری بەرز کردەوەو وتی: «دایەتا تۆ ئامۆژگاری من کردی من سی و سێ خەرنگەزە لە قنگ کەرەکەوە ژماردم».

– کابرایەک ژنیان بۆ هێنا ئەویش نەیئەزانی چۆن بچێتە لای و چی بکا. ماوەیەک بەم جۆرە مایەوە هەر هیچی بە هیچ نەکرد. رۆژێک پیاوێکی دراوسێیان پێ وت ئەرێ خوڵە ئەوە بۆچ هیچت دیار نییە؟ وتی برا بێژم چی نازانم ئەوە چییەو کامەسە. وتی: من پێت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەڵێم بچۆ بەلایەوە دەست بخەرە سەر سەری بڵێ ئەوەچییە؟ ئەڵێ: سەرە. پاشان چاوی پاشان دەمی تۆ دەست ئەخەیتە سەر هەر شوێنێک ئەو ئەڵێ ئەوەیە کە سەرەوخوار و بەو جۆرە هاتیتە خوارەوە دەستت ئەکەوێتە سەر شوێنێک بڵێ ئەوە چییە؟ ئەویش ئەڵێ: نازانم، ئەوە بگرەو بەرەلای مەکە خۆیەتی.

ئەمجا کە شەو داهات کوڕە چوو بەلای بووکەوە. وتی بە پێم. بووکە دەستی برد تۆزێ مێوژی دایە، وتی ئەوەنییە بەپێم. گوێزی دایە، وتی ئەوەنییە بەپێم هەر شتێکی دایە وتی ئەوە نییە ئەمجا دەستی خستەسەر سەری وتی ئەوەچییە؟ بووکە وتی سەرە. دەستی گواستەوە بۆ سەر چاوی وتی ئەوەچییە؟ وتی چاوە. بەو جۆرە هاتە خوارەوە دەستی کەوتەسەر وانێکەکە وتی ئەوەچییە؟ کچە وتی نازانم.

کوڕە کوورەکو بوو دەستی کرد بە هەڵگلۆفینی شوێنە و بەنقورچک تێیبەر بوو وەکوو کوێری ئەسپی لە مست کەوتوو هەر هەڵیئەگلۆفی. کچە هاواری پێکەوت زیرەی ئەچوو بە ئاسمانا. لەم هەرایە خەڵکو خوا کۆ بوونەوەو دایکی کوڕەش هات. سەیریان کرد وا کوڕە بە هەر دوو دەست بەر بوتەناو لنگی کچەو هەر وازی لێ نایەنێ، کچەش هەر هاوار ئەکا. دایکی کوڕە چوو لە دواوە یەخەی کوڕەی گرت و ئەیەوێ بیکێشێتە دواوە کوڕە توند دوا بڕاوی کچەی گرتووە بەرەلای ناکا و کچەش ئیتر شەرم و شتە نەما هەر هاوار ئەکا. دایکەش هەر کوڕە رائەکێشێ و بۆی ناگەڕێتەوە دواوە، ئەڵێ: خوابتگرێ کچی خەڵکیت کوشت بەرەلای کە. ئەویش ئەڵێ: «وەو شێخ کەریمە دۆزیگمەسەوە وازی لێ ناتێرم». بە هەر جۆر بوو کوڕیان لەکۆڵ کچە کردەوە، بەلام تا لەکۆڵیان کردەوە کچەی بەستەزمان نیوەمەرگ بوو. کوڕەش هەر ئەیوت: «دەویت باوکینە! دۆزیگمەسەوە بۆچ نایەڵن بووم وەزاوا؟ دەسا هەر بووگم شێخ لەپشتم وێ رۆحم وەقوروانی وێ».

- ساڵێک زوو پشێویەک پەیدا بوو لەعیرا قدا هەموو ئیش هاتبووە سەر چەپلە لێدان. لە کەرکووک هەمهەمەو موزاهیرە بوو ئەیانوت:

کەریم کەریم للامام دیموقراتیەو سەلام

کوردەکانیشیان تێکلاوی ئەو موزاهەرەیەکردبوو نەیانئەزانی وەکوو خەڵکەکەیتر بڵێن ئەیانوت:

کەریم کەریم للا مام دوو مەترەق و سێ زەلام

هەر لەو موزاهیرانەدا سوورەکان ئەیانوت:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حزبەکەمان «لینینیە»؛ کوردەکان نەیانئەزانی بڵێن ئەیانوت: «حزبەکەمان دینی نییە».

- پرسەیەک لە سولەیمانی ڕێکەوتبوو کامەرانی شاعر، ڕەئوف مەعروفی گەلاوێژ و محرم محەمەد ئەمین قسە ئەکەن بەیەک بۆ ئەوە پێکەوە بچن بۆ ئەو پرسەیە. لە ڕێگادا کامران و ڕەئوف بە موحەرەم ئەڵێن: برا کە چووینە ئەوێ تۆ فاتحەکە داخە. موحەرەمیش گوێ گران ئەبێ سەرێکیان بۆ دائەنوێنێ یەعنی باشە. کە ئەچنە ژووری پرسەکەوە نە محرم دەنگ ئەکا و نە ئەوان. خەڵکەکەش چاوەڕێ ئەوەن کە ئەمانە فاتحە دادەن؛ کەچی هیچ دەنگیش نییە. لە پاشا بەخێرهاتنیان ئەکەن بەڵام لەپاش چی؟ لەپاش تەریق بوونەوەیەکی زۆر.

پاش هەستان کە دێنە دەرەوە موحەرەم دەست ئەکا بەجنێو دان بەکامران و ڕەئوف و پێیان ئەڵێ: ئێوە بە منتان نەوت کە تۆ دەنگ مەکە، ئێمە فاتحە دائەدەین؟ کەچی هیچ دەنگیشتان نەکرد و شەرمەزاریتان هێنا بەسەر منا. بەڵام من سووچی خۆمە ئەگەر من پیاو بوومایە لە گەڵ ئێوەدا نەئەگەڕام.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## رشتەی مرواری

- سەعات چواری شەوی دوو شەنبەی ٢١ تەمووزی ساڵی ١٩٦٩سێ کەس لە کەشتیوانەکانی ئەمەریکی چوونە سەر مانگ و قسەیان لەگەڵ دانیشتوانی زەویدا کرد. کوێخا سمایلێکی «عالایی» هەبوو لەو دەشتی دزەیی هەولێرە ئەمەی نەچووە دڵەوە وتی: «خزمە نابێ نا، کوو غەیرەدین دەچنە سەر مانگ و دەچنەرۆخی؟ مانگ نووری خودایە لە ژوور چوار ئاسمانانە. خوا کوو نووری موبارەکی خۆی بەم کافر و زەندیقانە پیس ئەکا؟ ئەوی باوەڕیشی پێیان هەبێت بەحەشتی بەچاوی نابینێ. ئەوە هەمووفرت و فێڵە ئەم فەرمەسۆنانە دایانئایەتەوە بۆ وەرگێڕانی خەریکی. ئای هاوارم ماری وێرانم! کوو دینەکەمان زەعیف بووە؟ کافرستانی رابووە، مەگەر هەر خوا بەگەورەیی و مەرحەمەتی خۆی چاوی لێمان بێ ئەگەینا چمان لۆ نەمایتەوە.

- شێخ قادری شێخ عەبدولڕحمان بەگۆزە ئەدا لە سەری شێخ ڕەزا سەری ئەشکێنێ. ئەویش ئەچێتەلای شێخ عەلی برای ئەڵێ:
کاکە! شێخ قادرە بۆزە سەری شکاندم بەگۆزە.

- منالان یاری ئەکەن ئەڵێن:
هەرکە نەیە بۆ یاری    دایکی ئەبەین بەدیاری
بۆ شێخەکەی جەباری
دیسان منالان کە شەڕەگەڕەک ئەکەن ئەڵێن:
منالانی گەڕەک    سەر پەڕی خەڕەک
وەرنەدەرێ بۆ شەڕەگەڕەک
دیسان ئەڵێن:
منالی دەرێ وەرنەدەرێ    پاشا کوژرا بەخەنجەرێ
- منالان کە چاوشارکێ ئەکەن ئەڵێن:
قەلا یەک قەلا دوو    خواجەخۆت بگرەدەرچوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- جامبازەکانی سولەیمانی کە کەرە گەرێک ئەبرایە مەزاتخانەکە بۆ فرۆشتن، بەم جۆرەباسیان ئەکرد، لەپاش ئەوەکە دەستێکیان ئەمالی بەسەر پشتیا ئەیانوت:

یا رۆحی بازاڕ و تەزبیحی پازار!

ئەمە کەر نییە، ماینی مەحەنە کە چوار ناڵەئەکا، لەگەڵ بادا سەما ئەکا. کەری میسری لەبەری هەڵدێ، خۆی ناگرێتەوەتا قوریە شکاو. بەوری بەیان حەدی چییە، لەرووی ئەما ناوی نییە. بار هەڵگرە بەقەد کێوێک وردە رەوتی هەر وەک دیوێک. ئالیکی ئەو تویکەڵە شووتی، بەقنیاتە وەکوو لۆتی. کەفەڵ پانە، سمت خڕە، لوولاق بەرزە، مل ئەستوورە، پشتی نانوێ، تۆ چیت بوێ ئەو وای ئەوێ.

کورەئەم کەرە کەر نییە لەدەستی خۆتی مەدە. گوێ درێژە، کلک درێژە، لموز بەرزە، ناو چاو پانە، چوار کاکیلەی هەیە، دوو لەسەرەوە دوو لەخوارەوە، وەرەسەیری کە بۆنی دەمی کە سمڵ و سێپەڕ ە وا لەناو دەمیا. تا کوو نەیبینی نازانی چییە، بەسێ و دوو تارانی مەزات بەسی سێ تارانی لەسەر تۆیەبەسی و چوار تارانی دەبڕۆ خێری لێ ببینی.

کابرا: بەخودای مامۆستا بەگۆڕە بابم! ئەمە بە دەرس نەخوێنرێ لەبەر ناکرێ.

مامۆستا: بەخودای برام بە گۆڕەکاکم بەدەرسیش بخوێنرێ هەر لەبەر ناکرێ.

- کابرایەکی «نەمەڵ»ی ئەکەوێتەناوچەی «کۆیە»و ئەچێتەناو شار شتوومەک بکڕێ. لە هەندێ لە شێوەقسەکردنی کۆیە سەری سڕ ئەمێنێ هەر لەبەر خۆیەوەئەڵێ:

کەوتوومەتە ناو کۆیە بەفرو فێر　　　مانگایان لێ کردووم بەچێر
خاکەنازیان لێ کردووم بەبێر　　　ساجیان لێ کردوومە بەسێر
ئەمەشار بوو من کەوتمەناوی وەکوو کوێر

- «عەزەوەیلێسە»هەبوو خەڵکی سولەیمانی و لەسەردەمی تورکەکانا زەفتیەبوو. کە ئەهاتە وەختی قسەکردن، قسەکانی گەلێ زلتر بون لەوە کە زەفتیەبوو. کە بیانناردایە بۆ شوێنێکیش ناوکی ئەکەوت. جا ئەم عەزەوەیلێسەیە ئەیوت:

ئەمە چییە؟ حوکومەت ئەمانێرێ بۆ دەوری کۆلیتان و مۆلیتان تەمتەمانەو سیکسپان بەلاکەل و جانبێزار، رۆژمان ئەکەنە شەوی تار، نامانێرێ بۆ مەسەکانی ساڵحی فەیزەو بۆ دۆلاشی ئەمینی ئەلی وەیس و بۆ تەپەکەلی شێخ. راستیەو دەشتی پان کەسێ نییە بلێ کوان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیزەی تفەنگی مێشوولەیە هەوهەوی سواری کێچوولەیە نەچەتەیەو نەدەنگی پێت ناچێتە ئاوزەنگی ئیش و کارمان هەر خواردنە لەو ماوەیە هەر نووستنە.

- قادر حەمەمین لە شەقلاوا ناردی وتی:

پیاوێک چیرۆکبێژ هەبوو لەشەقلاوا ناوی «عەول»و خەڵکی سولەیمانی بوو، کە چیرۆکی ئەگێڕایەوەو حەقایەتی ئەخوێندەوە ئەگەر باس باسی دڵداری و عەشق بوایە ئەمەی خوارەوەی ئەکرد بەسەرەتای حەقایەتەکەی و ئەیوت:

یادی بەیادی تەختی مرادی          خواردنی کاردی بەئاوی ساردی
خەوی لبادی ئاوی لەدێمکی          سێبەری بن کەپکی ماچ کردن لەکچی خەڵکی
بە مەلای گەرمیانێ بەفەقێ کوێستانی    کێری جوێ بەقونی دیانێ
ئەو یار لەئەستۆی ئەو مامۆستایەی کەمن لێم زانی

ئەمجا ئاغەم بگەڕابایی هەکشاوێ داکشاوێ، شۆخ و شەنگی، نەرم و نۆڵی، خڕوخۆڵی، بە لوتفی شیرین، بە زمانی شەکرین دایم قەندی لە لێوی دەباری.

ئینجا ئاغەم مەپرسە! چ ناسک سەنەمێک بوو؟ خۆخ بەدەمێک بوو؟ هەنار مژێک بوو؟ چاوی دەتوت پیالەیە، کەپووی دەتوت قەڵەمە، ددانی دەتوت سەدەفە، چەناکەی دەتوت گۆیە، گەردنی دەتوت بلوری سێ نمرەیە دەیسێ، سینەی دەتوت قاقەزی سەمەرقەندییە، دوو لیمۆی لێ نەسب کرایە، یەکێان تامی شەکری لێ دێ یەکێان تامی هەنگوینێ.

ئەو جا ئاغەم دەستەکی بە سنگی دەنا لاقی پێ کرد ەدەستی دوعاکەری بەیانێ هەر چەندە هەر گێڕی کردو وەرگێڕی کرد کونەکەی نەدۆزیەوە. ئینجا دەستی دەچەکمەجەیەکی راکرد دووربینێکی هەشت تەرخانی هێنادەرێ دایە پێش چاوی دووری نۆڕی نزیکی نۆڕی چۆن دەرەزێکی لە شووشەی دابێ بەو میساڵە دەرەزی ئینجا دوڕی لە یاقوتی گیر کرد یاقووتی لێ بەکەرتک کرد. رووباری ماوەرانێ وەگۆمە تەنگی کرد دوو بەوەی، یەکێ بەوەکەی خۆی.

خۆ ئەگەر حەقایەت داستانی پاڵەوانی و شەڕو شۆڕ بوایە ئەمەی خوارەوەی ئەکرد بەسەرەتا:

ئەو رۆستەمی داستانە، ئەو پاڵەوانی زەمانە، گورزی هەڵسووڕاند و دایهێنا لەگەڵ ئەستێرانی جووت ئەکرد. پرژی ئاگری لێی دەباری کە لێی دا، خستی. جووتە چۆکێکی ئەوتۆی لەدەفەی سنگی دا، یەکێ ئەو تۆی لێی بەردا گاسنی تەورێزێ پێی سوور بکرێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- جارێک مەلا سالحی حەریق و مەلا ئەحمەدی لاسوور پێکەوە رەفیق ئەبن. مەلا ئەحمەد هەندێ هەنجیری پێ ئەبێ لە مەلا سالحی ئەشارێتەوەو بەشی نادا. نزیکەی ساڵێک بەسەر ئەمەدا تێئەپەڕێ. رۆژێک لە «مەرخوز» لە مەدرەسەی فەقێیەکانا هەموو پێکەوە دائەنیشن. یەکێک لەفەقێکان تەفسیرێکی «بیچاوی»دینێ و قسە لە سوورەی «والتین»ەوە ئەکەن. مەلا سالح بیچاویەکە وەرئەگرێ سوورەتەکە ئەخوێنێ و ئەڵێ: «والزیتون و طور سینین». مەلا ئەحمەد ئەڵێ: کەی وایەبابە. سوورەتەکەئەڵێ: والتین و الزیتون و طور سینین. مەلا سالح ئەڵێ: «ئاخر ئەوە بوو پار تۆ «تین»ەکەت ئەشاردەوە».

تین، هەنجیرە.

- لەو ولاتی «مامش»ە گوڵەخانم هەبوو. گوڵە لە گەڵ کوڵدا لەسەر نازکی و جوانی خۆیان هەر لەشەڕدا بوون. لە هەموو مەنگوڕ و مامشدا تەنها گوڵەخانم هەبوو، گوڵەی ئەدیب و شاعر و زیرەک و شاژن هەر ئەو بوو.

ئەم گوڵەخانمە مێردێکی هەبوو، مێردە بە هۆی هات و چوو کردنی بۆ تەورێز و مەورێز فێری هەندێ بەد عەمەلی بوو بوو. جارێک لەگەڕانەوەی لە تەورێزدا هەتیوێکی جوانکەلەی تەورێزی بەدیاری بۆ خۆی دینێتەوە. گوڵەخانم لەسەر ئەمە گەلێ سەرزەنشتی ئەکا هیچ کەڵک ناگرێ. جارێک گوڵەخانم ئەچێتە ژوورەوە سەیر ئەکا جەنابی مێردی لەگەڵ هەتیوەکەدا نووستووە. ئەمیش بۆ تانەو تەشەر ئەم هۆنراوەی خوارەوەی بۆ ئەنووسێ لەژوور سەریەوە دایئەنێ و خۆی ئەڕوا ئەنووسێ:

ئەو کوڕەجوانەی کە روومەت گوڵە بنوم لەژێریا و بڵێم ئەی دڵە
بڵێ بەمیرزا بەشی کەین نێری کونی دوای بۆ ئەو بۆ من بێ کێری

- مەلا سالحی حەریق کتێبی «گلنبوی» لەمەلا عەزیز مفتی سولەیمانی وەرگرتبوو. هەرچەندە مەلا عەزیز داوای ئەکردەوە ئەو هەر نەیئەدایەوە. لە ئەنجاما حەریق بە زمانی مەلا نەسروڵلای باوکیەوە ئەم دوو بەیتەی دانا و وتی:

بابی کوڕێکی بوو چ کوڕ؟ ئەربابی مەعنەوی ئەیوت لەرووی نەسیحەتەوە دائما بەوی

وەک جەردە بێ دەرۆڵە لە عومری منت کەوێ نەیدەیتەوە بە مفتی ئەفەندی گەلنبەوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حەمەچاو زاق هەبوو لە سولەیمانی لەمەیدانی ماست فرۆشەکال «پەتاتە»ی ئەفرۆشت. کەبانگی بۆ ئەکرد ئەیوت:

«ئامۆزای هێلکەپەتاتەی کولیو، خالۆزای چەونەر پەتاتەی کولیو، هێلکەی مانگا حەلەب پەتاتەی کولیو، نەجیب زادەی ئەرز پەتاتەی کولیو، حەلوای بێ ددان پەتاتەی کولیو».

- شێخ عەبدولڕەحمانی جانەوەرە ئەچێ بۆ سەفەر بەرێگادا ئەڕوا کابرایەکی بەراز خۆری قەڵخانی خۆی و دوو ژن تووشی ئەبن. کابرا سەری ڕێی بە شێخ عەبدولڕەحمان ئەگرێ و پێی ئەڵێ: یا شێخ! ئەمانە هەر دووکیان ژنی منن، منالمان نییە. کاغەزمان بۆ بنووسە بۆ سەر مەرقەدی مەلا مستەفای بێسارانی بۆ منال. شێخ عەبدولڕەحمانیش ئەم دوو شعرەیان بۆ ئەنووسێ و ئەیداتە دەست کابرا و ئەڵێ بیخەرە قسنەکەیەوە:

بێساران ماوا شێخی بەحر و بەڕ ئاما وەیانەت یەکانەو دوو دەڕ[10]

جەدەورییانەت مەکران هۆڵە پێشان کەرەم کە جووتێ یار کۆڵە

کابرا و ژنەکانی ئەڕۆن و کاغەزەکە ئەخەنە قسنەکەوە. لە پاش دوو سێ ساڵ شێخ عەبدولڕەحمان ڕێی ئەکەوێتە ئەو ماڵە قەڵخانییە. کابرای قەڵخانی خزمەتێکی زۆری ئەکا و دوو کوڕی منال دێنێ و لەبەر دەمیا دایانئەنێ ئەڵێ: بم وەساقەت! ئەم دوو کوڕە ئەنجامی نوشتەکەی تۆ بوو کەبۆ قسنەکەی بێسارانت نووسیو.

- ئەم هۆنراوەی «مەولەوی»لێک بدەرەوە:

من هەر تۆم هەنی نەواچی تۆم بۆ تۆم بۆ چەنی عام نیام چەنی تۆ

* * *

دەم بۆری دوم باز وەتورکی تێلکی من دەرچووم لەملک تۆ بووی وەملکی

باز: واتەبازگ. تیکلی: ڕێوی. ملکی: کارەکەری ماڵی سلیمان بەگی حەمەبەگی حەمەپاشای جاف و ناوی بەسووک دەرچوو بوو.

---

١٠- دەڕ: دیلەبەرازە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org


-ئەم هۆنراوە هی کوێخا جافێکی سەر بەحەمەپاشای جافە بۆ میرەوەیس ناوێکی نووسیوە کە ئەویش سەر بەحەمەپاشا بوو؛ بەلام لێ هەلگەڕابووەوە.

- ئەم پارچە هۆنراوەی خوارەوە هی هونەرێکی کورد «مەلا غەفوری سلاخی[11]»یە، نیوەی یەکەمی تووڕەبوون ئەدا، لەنیوەی دووەمیا ئەیهێنێتەوەو ئاشتی ئەکاتەوە. من لەژێر ناوی «خەشم و ڤیان»وەیا خوسپ و وەسپدا ئەیکەم بەپارچەیەکی ئەدەبی لەسامانی زمانی کوردی:

تابڕیم تێت ئەبڕم خاوەنی جوانی و دەسەلات
چاوی ئاوات و هیوا ئەی گوڵی سەر تۆپی ولات
دادەمرکێ کولی دڵ تاوێکی لێ خەم چ دەبێ؟
بەسەری نووکی زمانم لەبنی پەنجەی پات
ڕۆژی هەلکەوتە دەسا بێ دلەکەم تێت ڕاکەم
بەترومبێلی فیداکاری بەرەو کۆڕی خەبات
یاری شیرین دەوەرە تا زوو لێت نەچووە
تەمەنی جوانی بڕین پێکەوەتاکەی بەتەمات؟
گیانەکەم خۆ تۆ هەزار جاری‌ترت داوە بە من
قەولی بێ کردەوە هەر وشکەتریتم بە هیوات
کەنگی بۆم دادەکەنی خۆمت بەسەردا کێشم
کەوشەکەت ماچ کەم و سەر دانێمەوەبەر پێت کزومات
لێت نەچێ ڕەنگە لەبەر تەنگی، دەبا بۆت تەڕکەم
دەستە نەرم و شلەکەت بازنە ئازاری ئەدات
توند و تیژی بەسە بۆم تێکە هەتا لێی رادەم
بە سمێڵ گەسکی دەم ئەم تۆزە لەسەر شانی کەوات
تۆ لەسەر ئەم ڕقە بیت تێک دەچەقێین لەپڕا
من پێت دڕکی مژۆڵ و تۆ لەدڵ تیری نیگات

---

١١- ئەم مەلا غەفوورە حافز و بێ چاویشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر نەبێ تاقەیەکێکم دەیی با خۆم نەکوژم
لەو هەموو دەسرەکەپێی دەسری دەم لێوی نەبات
بێلەخاوی کەمەوە بۆچ رەقە وا کەللەسەرت؟
باری لێوم بەتکەی ئارەقەکەی سەرگۆنات
پاش و پێش هەر یەکە بۆ من کە مەبەستم چوونە
زەردەلیمۆت بخەمە دەستمەوە یا پرچی سیات
هەر لە لای تۆیە ئەوی من دەمەوێ تێی کێشم
خۆلی بەر پێتە لەچاوم کەوێ رووناکی ئەکات
حەز دەکەی جارێ بژیم بۆم وەرە پێش تا تێی نێم
دەم لە نێوانی مەم و سینەوە خۆم ئاوی حەیات

نایەڵم پێشێ وەرە پێشێ دەبا بۆت تێخەم
ئەو دوو ئەنگوستیلەی ئاڵتوونە لەقامکت بەخەڵات
دە وەرەگیان و قەوەت تاوێ ئەمەم بگرە بە دەست
نەزمی دەستم بەسەری پەنجە نەخۆشم کە لەلات
من کە خۆم ناوەتە پێناوت ئەتۆش بۆم فش کە
قۆلی راستت بخەمە باسکم و دەچین لە وڵات
با بکەم تۆبە لەسەر دەست و ئیتر دایهێڵم
ریشی بۆزم ببمە سالکی بەر کۆشک و سەرات
هەر وتم کوانێ؟ بلێ هانیی دڵم مەشکێنە
حافزم موستەحەقم چاو لەدەسی تۆم هەموو کات
جوانی تۆی دا لەمەحەک ناحەزێ من بۆم دەرکەوت
ئەوی جوانان هەموو لایانە بە تەنیا هەیە لات
لێت ئەبەم جارێ بەبێ دەنگ نەچی بیکەیە قاو
ناوی هاوکاری لە گەڵ شۆڕشەکەی دیموکرات

- ئەم داستانە جێگای ولامی بێ ولامە، بەلام لە مەعنادا بە راستی رشتەی مروارییە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rybari.org

مەولانا خالدی شارەزووری لە لای شاعەبدوڵلای دهلەوی لەسەفەری هندوستان ئەگەڕێتەوە بۆ ولاتی کوردستان هۆنراوەیێکی فارسی خۆی هەیە کە ئەڵێ:

خالدا گرنیستی دیوانەو سحرا نورد تو کجا و کابل و غزنین و خاک قندهار

ئەم هۆنراوەبەرگوێ ماهشەرف خانمی کوردستانی ئەکەوێ. ئەو ماهشەرف خانمە کە بە مستورە بەناوبانگە. لە بەر ئەم هۆنراوە دائمەن ئارەزووی ئەوە ئەکا کە بە خزمەتی مەولانا بگات. جوانی مستورەش بەناو بانگ بووە.

مەولانا لە گەڕانەوەکەیا ڕێ ئەکەوێتە سنە. دەنگ بلاو ئەبێتەوە لەناو شارا کەمەولانا خالد هاتووە. مستورەش ئەیەوێ ئەو ئاواتەی بێتە دی کە مەولانا ببینێ. یەکمجار کوتوپڕ ڕۆژێک مەستوورە لەناو کۆلانا تووشی مەولانا ئەبێت دەست ئەکا بەسەیر کردنی مەوَلانا هەر لە تەوقەسەریەوە تا کەلەمووستی پێ. مەولانا نایناسێ لەو هەموو سەیر کردنە شەرم ئەیگرێ؛ چونکە گۆشەی چاوی لێ ئەبێ کە وا ئەو بەو جۆرە سەیری ئەکاو چاوی لێ ناترووکێنێ ئەڵێ:

ئافرەت چاو داخەوە سەیری زەوی بکە.

مستورەئەڵێ:

من لە حەواو تۆ لە ئادەم دەرچووین. حەوا ئەبێ سەیری ئادەم بکا، منیش سەیری تۆ ئەکەم. ئادەم لەخاک دروست بوو ئەبێ سەیری خاک بکا کەواتەتۆ چاو داخەو سەیری زەوی بکە.

مەولانا لەو ولامە زۆر سەری سڕئەمێنێ و پاشان ئەیناسێ و پاش ئەوە مەستورە ئەبێ بەجێگای «توبە»ی مەولانا خالد و مەولانا ئەبێ بەشێخی مەستورە.

- پۆلەکچێک ئەچن بۆ ڕانەبێرە. بایزی کانەبی چاوی پێیان کەوت و پاشان گێڕایەوە بۆ دۆستەکانی بەمجۆرە وەسفی کردن وتی:

وەکوو کارمامزی بەهارێ هەر لەرەیان لێوەدەهات.

- باپیراغای پشدەری تووتنی هەبوو. سالح قەفتان ئەندامی لیژنە بوو، چوو بوون بۆ پشدەر بۆ فەحس. باپیراغا زۆری خزمەت کردن بەو نیازە کە تووتنەکەی بۆ بکا بەشتێکی زۆر باش. پاشان سالح قەفتان بۆی کرد بە دەرەجەی دووەم. باپیراغا هەناسەیەکی هەلکیشاو وتی: «پەکوو وەڵلا ئەفەندی لەپاشێ نا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- فەقێ محەمەد هەمەوەند زۆر وەڕەز بوو لە هەندێ کردەوەی مەحموودی کوڕی. هەڵگیرت بردیە لای مەلا حەسەنی قازی شکاتی کرد وتی: جەنابی قازی ئەم کوڕەم زۆر بێ دڵیم ئەکا. وتی چۆن؟ وتی: قوربان عەرەق ئەخواتەوەو نوێژیش ناکا. مەحموو وتی: قوربان جەنابی قازی هەر چەندە بێ عەدەبییشە، باوکمە بەڵام قسەکەی وا نییە. فەقێ محەمەد وتی: جەنابی قازی ئەم کوڕە هەر وا لاسارە قەت بووە نوێژ بەبێ خوێندنی قورعان؟

مەحموو وتی: قوربان قورعان ئەخوێنم و شتیشی لێ وەرئەگرم. مەلا حەسەن وتی ئادەی شتێکم بۆ بڵێ با گوێم لێ بێ ئەمجا مەحموو وتی:

شەرابی ئاڵ و حۆری چاو بەلەک　　　پریەتی بەهەشت بەجۆگەو لەک لەک
بۆ تام و سەیرانی دڵ بەئاواتە　　　ئەم قسەی بەندە فتوای باواتە

فەقێ محەمەدی باوکی وتی: قوربان ئەم نەگبەتە دوێنێ چووە قورعانەکەی مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسوولی دزیوەو ئەم شتانەی لێوە فێر بووە. مەلا حەسەنیش وتی: سا بەخوا منیش شتێکی‌ترم لە قورعان وەرگرتووە با تەواویکەم بۆی:

جەزای پیاوی چاک ئەو حۆریانەن　　　مەستی بادەی مەی ئەو ساق سیمانەن
بڕۆن بڕۆن قورعان ئەزانن و عەمەلیشی پێ ناکەن بەڵام لە چارەتان دا.

- «امین السادات» هەبوو لەسەیدەکانی «باینچۆ»و سنە بوو. زەمان هێنا بووی بەسەریا هەژار کەوتبوو. خۆیشی بەتەواوی تەرکی دنیای کردبوو کەوتبووە خانەقای بیارە. چوەکانیشی نەمابوون. پیاوێکی گردە پیاو و کورتەباڵا بوو قسەنەستەق و بەدانەدانە قسەی ئەکرد.

ڕۆژێک جافرسان ئەچێتە بیارە لە لای شێخ عەلائەدین دانیشتبوو ئەمینوساداتیش لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا دانیشتبوو، چەند کەسێکی لێ کۆ بوو بوونەوە قسەی بۆ ئەکردن؛ خەڵکەکەش حەزیان ئەکرد گوێ لە قسەی بگرن.

جافرسانیش لەدوورەوە گوێ لە قسەکانی ئەبوو، وا دیار بوو قسەکانی تۆزێ لەشی جافرسانی ئەخوراند. ڕووی کردە شێخ عەلائەدین وتی: شێخ عەلائەدین ئەم سل و سوالکەرانە چین کە کەوتوونەتە ئەم خانەقایە؟ کەس نازانێ ئەسڵ و فەسڵیان چییەو کوڕی کێن خۆیان کردووە بە پیاوماقووڵ. مەبەستیشی ئەمینوسادات بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو کاتەدا بانگی نیوەڕۆ بوو، بانگیش گەیشتە «اشهد ان محمد رسول اللـه». ئەمینوساداتیش گوێ لەقسەکانی جافرسان بوو هەستا داردەستەکەی دەستی هەڵگرت و هات بەلای جافرسانەوەوتی:

«ئاغەی جافرسان ئا ئەوە لەو بانگەدا هەیە باوای من بوو یا هین تۆ؟ ئێمەگەل بێ ئیل و فەسڵ نین، ئێوەگەل کەس نازانێ لەکوێنەوە هاتگن بە کەڵەگایی سواری ئەم ولاتە بووگن. ئێمە هەزار ساڵە لەم ولاتەین و کوردیچین. وەلێ ئێوە بەبێ فەسلی هاتگن و کوردیچ نین. خانەقای بیارەجێگای نەجیبزادەگەلە جێگای بێ ئەسڵ و فەسڵگەل نییە. بەم دارە ئەو دەم و لەوسەت وردبکەم! ناوێ بزانی چۆن قسە ئەکەی؟

جافرسان هەروا لە شوێنەکەی خۆیا تەریق بووەوە، بەلام نەیخستەخۆی گوایە لەبەر شێخ عەلائەدین و خانەقای بیارە دەنگ ناکا.

- گەڵباغییەکان وەختی خۆی تالان و ڕێگریان ئەکرد. ترسیان چوو بووە دلی خەلکەوە. دنیاش ئاسایشی نەبوو، هەرکە بۆ خۆی بوو لەبەر ئەوە بێکارەو مێ کارەش ئەچوون ڕێگریان ئەکرد. بەلام گەڵباغییەکان ترسێکی وایان بردبووە دلی خەلکەوە هەرکەسە ڕێگری بکردایە عالەمەکە هەموو بە گەڵباغییان ئەزانی و زوو خۆیان ئەدا بەدەستەوە.

ڕۆژێک ژن وپیاوێکی «مارنج»ی ڕێیان ئەکەوێتە ئەو ولاتە، دەستەیەکی ڕێگر بەناوی گەڵباغییەوە ڕێیان پێ ئەگرن. کابرا تفەنگێکی پێ ئەبێ تفەنگێکیان تێ ئەگرێ. ڕێگرەکان هەندێ دوور ئەکەونەوە ڕێگەکە بەرەلا ئەکەن، پاشان ئەگەڕێنەوە. کابرا تفەنگێکی تریان تێ‌ئەگرێ فیشەک دەر ناچێ. لەوە زیاتریش فیشەکی پێ نییە، ڕێگرەکان ئەزانن فیشەکی پێ نەماوە گەمارۆیان ئەدەن. ژن و پیاو لەیەک دائەبڕن، ژنە ئەگرن و پیاوەکە هەڵدێت. بە ژنەکە ئەڵێن: ڕووتەوە بە چیت پێیە داینێ و بڕۆ. ژنە ئەڵێ:

من یەک تاکە ئەشرەفیم[١٢] پێیە، ئەوە تاکە ئەشرەفیەکە لەلام. پیاوەکەم هەموو ئەشرەفیەکانی منی خستۆتەگیرفانی، ئەوا لە دەستتان چوو. حەز ئەکەن ناو و نیشانیشتان ئەدەمێ کە لە گیرفانی لای ڕاستیایە.

١٢- ئەشرەفی نیو لیرەیەکی ئالتوون و ەی سەردەمی قاجاریەکان بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تومەس ئەمە وەختی خۆی کە لە ماڵ دەرچوونع چەند فیشەکێک لەماڵا بوو ژنە هەڵیگرتبوو خستوویەتە گیرفانی لای راستی مێردەکەیەوە.

جەردەکان کە ئەمە ئەزانن هەڕا ئەکەن بەشوێن کابرادا. لێ دوور ئەبن، ئەو هەڕا ئەکا ئەمان هەڕا ئەکەن. لێی نزیک ئەکەونەوە بە جۆرێکی وا کەدەنگیان ئەیگاتێ بانگی لێ ئەکەن کابرا ئەو ئەشرەفیانەی کە لە گیرفانی راستتایە داینێ و خۆت بڕۆ؛ ئەوا ژنەکەشت بەرەلا ئەکەین، ژنی خۆیشت بەرەوە.

کابرا لەم قسەیە زۆر سەری سڕ ئەمێنێ ئەشرەفی چی و شتی چی؟ کەی ئەم ئەشرەفی پێیە؟ جەردەکان لێی نزیک ئەکەونەوەو هەر هاواریش ئەکەن وەکوو بڵێت کابرا خۆیشی ئەکەوێتە شکەوە. دەست ئەکا بەگیرفانیا هەر بەدەم راکردنەوە، کەچی فیشەک دێ بەدەستیەوە. فیشەک دەردێنێ ئەیخاتەسەر تفەنگ لا ئەکاتەوەتفەنگیان تێ ئەگرێ. ڕێگرەکان ئەسەلمێنەوە تفەنگێکی تریان تێ ئەگرێ ئەڵێ: راوەستن لەو لاشەوەژنەکەی دێت تفەنگی سێیەمیان تێ‌ئەگرێ، ئەڵێ دەست بەرزەوەکەن و رووتەوەبن. لوولەی تفەنگەکەیان تێ‌ئەگرێ و دەستی لەکارایە. ژنەدێت ئەڵێ جارێ بێنن ئەشرەفیەکەی خۆم، پاش ئەوە لووس و باریک چیان پێ ئەبێ لێیان وەرئەگرێ و ئەڵێ بڕۆن. بانگ ئەکەن لەکابرا ئەڵێن بڕۆین؟ ئەڵێ: بڕۆن. پیاوە دێت ناوچەوانی ژنەکەی خۆی ماچ ئەکاو ئەمانیش ئیتر بەبێ ترسی ئەڕۆن.

- مەلا مارفی کۆکی لەسابلاخ و لە وڵاتی موکریان ژیانی بە ناسۆری بەسەر برد. لەسەردەمی دواییدا یەکە هۆنەری موکریان بوو؛ بەڵام رۆژگار رۆژبەرۆژ زیاتر پشتی تێ هەڵئەکرد. سەرەتای دەروازەی ناسۆری بێ‌پایانی کوشتنی کوڕەگەنجەکەی «مەلا عەلی» بوو. ئەم کوڕە لەسەردەمی پاشایەتی رەزاشادا وڵاتی موکریانی شڵەژاندبوو، ئاگرێکی قودرەت بوو پەیدا بووبوو. مەلا عەلی رێوەڵەیەک بوو، بەڵام چارەنووس هێنای بەسەریا کەوتەکەژ و شاخ و پیاو کوشتن.

ئاغەواتی موکریان و حوکومەتی ئەو وڵاتەی رەزاشای ئەو دەمە بەراستی لەترسی مەلا عەلی خەویان لێ نەئەکەوت. بەجۆرێ سامی پەیدا کردبوو منالی لە بێشکەدا کە ئەیانوت مەلا عەلی هات ژێر ئەبووەو لەئەنجاما مەلا عەلی کوژرا. ئەم کوژرانەی ئەو بوو بەکردنەوەی یەکەم قاپی مەینەت و گریان و زاری بۆ مەلا مارفی کۆکی. بەرەبەرە هەتا ئەهات مەلا مارف بەلای پیریەوە ئەڕۆیشت و بەلای جیا بوونەوە لە دۆستانی دێرینەیەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.raban.org


ئەڕۆیشت. گریان و زاری هەر زیادی ئەکرد، چاوی ڕووناک لەبەر گریان تەکانی ئەدا بۆ لای نابینایی.

خەڵکوخوا ئامۆژگارییان ئەکرد کە بەم گریانە چاوی خۆیشت دائەنی، بەڵکوو داشت ناوە؛ ئیتر واز بێنە. با ئەو چوار ڕۆژە ژیانە کە ماوتە بە ڕووناکی دنیا ببینی. ئەویش لە وەراما بەم دوو هۆنراوە جوابی دانەوە:

ژیان ئەولاد، ژیان ئەحباب، ژیان ئەییامی جوانی بوو
نەما ئەولاد، نەما ئەحباب، نەما ڕۆژانی ڕابردوو
چ دی ئیتر دەبینم من بەئەو چاوەی کەجاران بوو
نەمێنێ با ئەوەش ڕەبی کەئەو دەستەی لەدەس دەرچوو

- ئەحمەد عەزیزاغا بۆی گێڕامەوە وتی:

ڕۆژێک ئەوا لە جادەکەی مەڵکەندیەوە سەرەو خوار ئەبووینەوە بۆ بەر دەرکی سەراو دوکانەکەی حەمەسەعی خەیات. کوڕێکی جوانکەلە لە پێشمانەوە بوو لەبەر خۆیەوە ئەم شعرەی ئەخوێندەوە:

لەدەشتی میحنەتا من کەوتبووم ئیمشەو بەبێ هۆشی
خوا تاکەی بەبێ گۆشی خوا تاکەی بەبێ نۆشی

قوتبەدین هەڵیدایەوتی:

دەک بەملی شکاو ئەستۆی وردم، ئەوەمن لەکوێ بووم ئێمە شەوە؟

- حاجی ئەحمەد هەبوو لە سولەیمانی؛ کەڵکی نییە تا نەڵێن ئەحەرەش کەس نایناسێ. ئەم حاجی ئەحمەدەپیاوێکی نەخوێندەوار و قسەنەستەق بوو؛ قسەکانی بەدانسقە ئەشیان. یەکێ لەقسەکانی ئەوەیە:

ئەیهێنا بە باوەڕی خۆی پیاوی ئەکرد بە چوار بەشەوە ئەیوت:

هەیەپیاوی کوڕی پیاوە، هەیەپیاوی کوڕی سەگە، هەیەسەگی کوڕی پیاوە، هەیەسەگی کوڕ سەگە.

لەزمانی کوردیدا گەلێ جار پیاو ژنیش ئەگرێتەوە؛ ئەم وشەیە بەرانبەر بە ئینسانە.

- هەتا پارە سەری لە عالەم تێکنەدا بوو، مەلاکان کە دائەنیشتن کوڕی ئەدەبی ئەوان دەنگی دابووەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێک لە سنە شێخ ئیمامی خەتیبی مزگەوتی «دارالاحسان» زیافەتێکی نان خواردن ئەکا بۆ شێخ حەبیبەڵلای کاشتەری و مەلا محەممەدی ئەویهەنگی. لەپاش دانیشتن نان دێت؛ نانێکی باش. لەسەری نانەکەدا ماسییەکیش دائەنێن. لەکاتی دانانی نانەکەدا شێخ حەبیبەڵلاو مەلا محەممەد چاویان لێ ئەبێ ماسییەکی گەورەتر لەناو سینیەکا «ئەولێ» پیاوی شێخئیمام ئەیەوێ بیهێنێ بۆ ژووری نانخوارنەکە، کەچی ناهێنێ و ئەیگێڕێتەوە. ئیتر نەهێنانەکەی لەبەرچی بووە، ئەوە ئەولێ خۆی ئەیزانێ.

دەست ئەکەن بەنان خواردن و سەر دێتە سەر ماسی. شێخ حەبیبولـلا بە مەلامحەمەد ئەڵێ: «فالبر لحکم ربک ولا تکن کلاحب الحوت». ئەرێ ئاغای مەلا محەممەد بەراست ئەو کارەساتی یونسی پێغەمبەر و ماسییە چۆن بووە؟ ئەویش ئەڵێ: ئاغەی شێخ حبیبولـلا ئەو کارەساتە لە کتێبی تەفسیردا هەیە، لە گەڵ ئەوەشا با هەر لەم ماسییە بپرسین باشترە. سەر ئەبا بە لای ماسییەکەوە، گوێ ئەنێ بەلای دەمیەوەو پاشان سەر بەرز ئەکاتەوە ئەڵێ: «ئاغەی شێخ حبیبولـلا لێم پرسی وتی: ئەو زەمانە من بچووک بووم وەلێ ماسییەکی گەورەتر هەس کە ئەولێ بردیەوە، لەو بپرسە ئەو گشت خەوەریکی لا هەس و پێت ئەیژێت.

شێخ ئیمام و ئەوان دەست ئەکەن بەپێکەنین و ئەڵێ ئەولێ ئەمەچی بوو گێڕات.

- مەحموو پاشا جارێک زۆری برسێ ئەبێ، دوێنەی بەدۆکولیوەوە بۆ دێنن ئەیخوا. لەبەر ئەوە زۆری برسی ئەبێ زۆری لێ ئەخوا و بەلایەوە بەلەزەت ئەبێ.

پیاوێکی ئەبێ قادری سانەحمەدی برای حەمەی ناو ئەبێ بەلایەوە راوەستاوە، مەحموو پاشا بەدەم خواردنەکەوە هەر باسی خۆشی دوێنەبەدۆکولیوەو ئەکات. قادریش بۆی دائەنیشێ و ئەڵێ: «میرم دوێنە وەدۆکولیوەوە کەسێ نەیخوا قەدری نازانێ، مەگەر میرێکی وەکوو تۆ بزانێ خوا چ تحامێکی دروست کردگە. ئەو سێ پەری مێگەلی ملی پاشا کە ئەچێتە سەر «ئاوێسە»و ئاو ئەخواتەوەو شیر ئەدا و کاوێژ ئەکا ئێژی شەراوە هوری بەهەشتە ئەیکەن وەماس و دوایی وەدۆ، گەنمی قەنەهاری ولات ئەکولێنن و لەتەکیا گرتکی ئەکەن وەکوو گولەریواسی کوێستانی لێ تێ. کە وشک ئەوێتەوە ئێژی تۆپەلە نەواتی شاری سنەس. بە کەشکەزۆردەکەی مالی میمکە هامینەی ئەکرێت وەر، کە ئەینی وەسەرەوە وەقەورەکەی حەمەپاشا وەبێ دگا فرتە ئەکاتە ناو هوورگەوە وەدوعای «بالانتەران»وێ. ئەوێ وەخواردنی گشت مێرپاشایەک، نە تۆلترمە بۆی ئەوێسێ نەفرفرینی.

دۆ کولیوی شای سەر سینی          قەند و نەوات و دارچینی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئێژی بەهەشت ناردگیەسی هەتا بیخۆی هەر هەی برسی

مەحموو پاشا وا دیار بوو زۆری لێ خواردبوو تەبێتێ پێ تێکچوو بوو، وتی: وەڵلا کوڕی سانەحمەد لام وایە دوێنەوەدۆکولیوە وەنەوێ شتێکی فرەخاس وێ. کوڕی سانەحمەدیش ئەڵێ: «مێرم ئەو دوێنە بێفەڕە هێشتا نەتکولاندگە ئێژی کوچکی هەوارەلێژەی بانی خێلانە، کە دگانی پیا ئەنی وەکوو جۆی ژێر دگانی کەر قرمەی لێوەدێت. خۆ ئەیخەیتەسەر سێ کوچکە ئەوێ وەهەویری ماڵە دۆمەکانی سەی ساق. ئەو گەنمە قەنەهاریە جوانەی دەشتی گەرمیانە ئەکەیتە ناوی ئەیماشێتەوەو ئەیماسێنێ وەکوو کزنە رەشە خوا نەناسەکەی مەریوانی لێ تێ. کەوچکی لێ دائەگری لەبەر بلێسەی غەزەوی تیا ناوێسێ، ئێژی باوکە کوشتەییەکن خوا بکاوەنەسیوی دوژمنیشن نەوێ پاشا. ئەویش ناوی خۆی نیاگە خواردن دەی بێفەڕ دۆکولیوە دوێنە.

دۆ کولیوە ترشەپیسەکە هەر دۆ خەواس لەکیسەکە

خۆی لێ کردگین وەپیاو ماقووڵ ئێژی تەرسەو لەبانی تووڵ

مەحموو پاشا ئەڵێ: خوابتگرێ قادر تۆ هەر ئێستە نەهاتی بەسەر و باڵای دوێنەوەدۆکولیوەوەو مەدحت ئەکرد؟ ئێستەئەمەچی بوو هاتی وەسەر وگوێلاکیا و دەستت کرد وەزەم کردنی؟ ئەویش ئەڵێ: «مێرم من پیاوی تۆم پیاوی دوێنەوەدۆ کولیوەوەنیم، تۆی شتی بێژم کە تۆ پێت خۆش وێ نەک دوێنەوەدۆکولیوەوە».

- لەکۆڕێکی بەزمی تاجرانەدا کەسەر خۆشانی بادەی شەراب دنیایەکی تریان دروست کردبوو، شەرابی ئەرغەوانی و کوڕی نەخجەوانی دڵی دلدارای ئەهێنایە سەمای سولەیمانی. نەونەهاڵێکی باغی جوانی بە دەسڕۆکی ئاوریشمی غەمزەی غەزەلخوانی ئەهات و ئەچوو سەمای ئەکردو هەڵئەچوو، سمتی خڕی لە گۆ ئەچوو، مزاح ئامێز ئەخۆلایەوە دڵی دلدار ئەکولایەوە. یەکێک لە کۆڕەکەدا دیار بوو مەیلی نە لەشەراب بوو نە بە رەباب بوو، بەڵکوو چاوی لەو سمتەخڕەبوو هۆشی لەلای ئەو خرتەبوو. کوڕە کە هەستی کرد و لایەکی بۆ کردەوە وتی:

چاوت نەبێ لەم کونە دەوادێت و دەسووڕێ ئاشێکەبەخوێنی دڵی سەییادە گەڕانی

- لەساڵی ١٩٢٧-١٩٢٨دا شێخ مەحموودی حەفید لەدێ «پیران»بوو. کچێک لەدێ «دۆڵەسوور» بوو لەنزیکی پێنجوێنەوە. کچە مینای ناو بوو؛ مینا راست بوو کە شووشە بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لە دێ دۆڵەسوور جێگایەک هەیە کانی گەرمی بەرمالانی پێی ئەڵێن. شێخ ئەیویست لەو تەمەنی ٤٦ـ٤٧ ساڵەیەدا مینای رەنگ مینا رەنگ بهێنێ. میناش لەو سەردەمەدا لەتەمەنی «١٨»ساڵانا بوو.

مەلا کاکەحەمەبێلور ناردی ئەم خەبەرەی بیست ئەم دوو شعرەی خوارەوەی نارد بۆ شێخ مەحموود. شێخ ئیتر وازی لەفیکرەکەی هێنا:

زەرفی مینا شاهی من مەزرووفی ئەلماسی ئەوێ
هەر وەکوو ماکینەدەرزی تیژ و رەققاسی ئەوێ
قەتعی رێگەی دۆڵەسوور و کانی گەرمی بەرمالان
غیرەتی چابوک سواری قەومی بلباسی ئەوێ

- قسە لە شت گرانیەوە ئەکرا، «بێخود»ی شاعر وتی باوکم کوشتی ئەمین چیتر رۆژی شەنبە بۆ منالان لە هەموو شت گرانترە.

- یەکێک لەدۆستان ئەمەی لای خوارەوەی بۆ گێرامەوە وتی:

ئەوا دەشتێکە لە ولاتی سایەنقەلا، شەونمی بەهار رازاندوویەتەوە گوڵ و گوڵزارە رەیحانەو وەنەوشە دەستیان لە ملی یەک ئالاندووە. خەرمانەی گوڵ و خەرمانەی مانگ چاوشارکێ ئەکەن لەو بەهەشتەدا و لەو دەشتەدا. تاقەگۆڕێکی لێیەوا دیار بوو دڵی دڵدارانی ئەکولاندەوە؛ دڵی ئەکولاندووە بەچی؟ بەخامۆشیەکەی. بەخامۆشی ئەو کەسە کە لە دوو توێدا سەری ناوەتەوەو دڵی کردۆتەوە بۆ نەوای نازداران و بۆ دەنگی خەرمانان. وتی: لەسەر ئەو گۆڕە پەریەک بوو باوەشی پیا کردبوو وەکوو بارانی بەهار فرمێسک بەچاویا ئەهاتە خوارەوەو وەکوو کۆتری یاهوو ئەیلاواندەوە؛ نەک دڵی هەر ئەو کەسە کە لە گۆڕەکەدا بوو، بەڵکوو دڵی بەردیشی ئەتواندەوە.

چووم بەلایەوە هەستم بۆ راگرت وەکوو ئەو هەستەی کەبۆ سرووش رائەگیرێ. چۆن دەنگی بەسۆز لە کەمان و پیانۆی بەسۆزەوە ئەزرنگێتەوە، ئەویش لەگوێدا ئەلەرێتەوە. وتم ئەی پەری بۆچ وا ئەگری؟ ئەی دلبریندار بۆچ ئەوەندەیتر دڵی دەروونی ئەو خاکە بریندار ئەکەی؟ راچەنی، دڵمی تەنی. سەیرم کرد روومەتی ئەو لەناو قژە شەوەییەکەیدا دەرکەوت. ناتوانم بڵێم مانگی چواردە بوو لەناو پەڵە هەورە رەشەکانی ئاسماندا کە سەری ئەهێنایەدەرەوە؛ چونکە ئەو مرواری فرمێسک لە ناو دوو چاویا کە ئەهاتە خوارەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەروومەتیا برقەی زیوینی لە بریقەی گولاوی ناو شووشەی بەر هەتاوی ئەکرد. مانگی ناو پەلە هەوری ئاسمان ئەوەی تیدا نەبوو.

وتم ئەو کولەت ئەگەر بۆ دۆستتە لەجێگای ئەو نیشان بگرە لەم دۆستە کە دەستی لەبەر دەستتە، بەهاری جوانی لە خەزانی پیری داوا مەکە. تەمەن کە رابورد کەمەندی خەیاڵ ناهێنێتەوە. پرمەی گریان بکە بە دەنگی شادی، ئاوازی زاری بکە بەنەوای گۆرانی. لە باخێکی‌ترا ببە بە گوڵی بولبولێکی‌تر. بەلام وەکوو شەکر لەلێواری یاقووت و سەدەف بباریێ:

من و ئەم گوڵەی کەوتۆتە ناو خاک بۆ من دڵێک بوو نەیبوو لەکەس باک
منیش گوڵێک بووم لەدنیای ئەودا هەروا بە هەوار لەرۆژ و شەودا
ئەگەرا سەرسام بەدەشت ودەردا بۆی دانام رۆحی لەگۆڕی تەنگدا
من ئەو گوڵ و بولبول بوین لەباخ جاریێ ئەو گوڵ بوو بەوێنەی چراخ
جاریێ بولبول بوو لەدەورانی من ئەیخوێند بەبالای نەونەمامی من
من جاریێ مۆم بووم ئەو پەراوانەبوو جاریێ ئەو مۆمی من پەراوانەبوو
ئێستە خاک کەوتەبەینی من و ئەو دنیای رووناکی لیێ کردم بەشەو
حەیفە ئەو بالای کە دیومە لەلام جێگای بگرێتەو بێگانەیەکی خام
بەخوڕەی فرمێسک ئەم خاکە ئەدڕم ئەچمەلایەوەگشت ئاوات ئەبرم
سەر بەرزەو ناکەم تا ئەچمەپالی گوڵەچن ئەکەم لەخەت و خالی

وتی: بیێ دەنگ بوو. کە چوومە سەروەختیەوە گیانی سپاردبوو. چووم چەند ژن و پیاوێکم هێنا. ژنەکان شتیان و پیاوەکان لەتەنیشت گوڕەکەی‌ترەوە گۆڕێکیشیان بۆ ئەو هەڵکەند ئەسپەردەی خاکمان کردن لەوێدا بەپیێ جیا بوونەوە بە ئەبەدی دەستیان کردە ملی یەک.

- ئەزانی ئەم هۆنراوەی مەولەویە چەند مەعنا هەیە؟

دیدەم ڕێژاوەن روخسارم زەردەن جەدووری یاران پیرانم کەردەن

پێش هەموو شتێک بزانەکە «ڕێژاو، زەردە، یاران، پیران» ناوی شوێنن.

- شێخ محەممەدی گولانی لە مزگەوتی قامیشەکان بوو لەسولەیمانی. مزگەوتەکە تۆزیێ دەستکاری ئەویست. ئەو سەردەمە مزگەوتەکان ئەهلی گەڕەک هەموو ئەرکەکەیان ئەخستە سەرشان. ویستیان پارە کۆ بکەنەوە بۆ ئەو تەعمیراتە، پیاوێکی پیری دەوڵەمەند هەبوو لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕەکەکەدا «مچەدیزە»یان پێ ئەوت. شێخ محەمەد و دەستەکە روویان نا لەمەلا سمایلی کانیسکان کە بچێتەلای مچەدیزە داوای شتێکی لێ بکا بۆ ئەوە ئەویش بەشدار بێ لەچاک کردنەوەی مزگەوتەکەدا.

وا دیارە ئەو مچەیەش بەرگدوور بوو. مەلا سمایل وتی: ناچم؛ بۆ لای هەر کەسێکی‌ترم ئەنێرن ئەچم، بەلام بۆ لای مچەناچم. وتیان بۆچ ناچی؟ وتی: کورە ئەیناسم هیچی لەدەست نابێتەوە. وتیان وا نییە، بۆ ئەم جۆرە شتانە زۆر دڵ و دەروونی باشە. وتی: «کورە ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟ وەڵلا ئەگەر مچەپڕ بەرۆژێک دەرزی هەبێ، یەعقوبی پێغەمبەر هەموو پێغەمبەرەکان بکا بە تکاکار، مەلایەکەتەکان هەموو بێنێ بیانکا بەکەفیل بۆ ئەوە دەرزیەکی بداتێ بەئەمانەت بۆ دوورنەوەی کراسەکەی یۆسفی کوڕی کە زولەیخا لە دواوە دڕیبووی نایداتێ؛ ئێستە چۆن پارە ئەدا بە من کە مزگەوتی قامیشەکانی پێی چاک بکرێتەوە؟ بەخوا ناڕۆم ئەگەر هەزار هاوار بکەن».

– حەسەن بەگی جاف ئەیوت:

یەکێ لەکۆڕێ سەر خۆشانا دابنیشی و ئەو نەخواتەوە، وەکوو زیندوێک وایە لەناو مردوان دا بێ؛ لە مەزەکەیان ئەخوا گاڵتە بە ئەقڵیان ئەکا.

– ئاغایەکی شەرەفبەیانی کارکەرێکیان لەماڵا ئەبێت. رۆژێک ئەم کارەکەرە نان بۆ ئاغا دێنێت، کەڵەشێرێکی سوورەو کراوە بە سەر برنجەکەوە ئەبێ، بەڵام نە سەرەکەی لە گەڵایە نە قاچەکانی.

ئاغا سا یا لەبەر رەزیلی ئەبێ یا لەبەر زمانپاروای ئەڵێ: کوا سەرو قاچەکانی؟ ئەڵێ: ئاغا فڕێم دان. ئەڵێ: قاچەکانی بۆ تۆ بەڵام سەری چۆن فڕێ ئەدەی؟ ئەگەر سەر نەبێ لاشە هیچ نییە، سەر ئەو سەرەیە کە لەشکر بەوەوە رائەوەستێ. سەر بۆ کەڵەشێر وەکوو شایە بۆ کەڵەمێر. ئەو سەرەی کە تۆ بە هیچی ئەزانی، جێگای بیرکردنەوەی عاشقان و ناوداران و پاڵەوانانە. سەر لەسەرەوەیە بۆیە وا هەموو دەم لەبەر ئەوەیە. خۆ سەری کەڵەشێر هەر قسەی لێوەناکرێ. ئەو دەنگەو ئاوازەیە کەلەو دەرئەچێ ماڵ بەئاگا دێنێ، دز ئەڕەتێنێ، نوێژی بەیانی ئەهێنێ، دەنگی عەرش ئەجووڵێنێ، چاوت لێ نییە لە چاوی کە ئەو ئەکەن بەوێنە بۆ شەرابی بێ وێنە. ئەو چاوە جوانەی کە ئەیتروکێنی وەک ئەستێرەیەک کە ئەجریوێنێ کەسێ گورچیلەی بێتەدەردەو ژان خواردنی مێشکی ئەو هۆی دێنێ دەرمان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خرپەی ددان لەبەر خرینچکەی سەری ئەڵێی ریواسە لە تۆ دوو دەری. دەهەستە بچۆ بێنە دەست وەسکتا مەهێنە، دنیا کەسەری کەڵەشێر و چاوی کەڵەشێر و مێشکی کەڵەشێری تێدا نەبێ وەکوو ئەو سەرایەیە کە شەرابێ حەقیقی بیری حەقیقی و تریاقی عێراقی تێدا نەبێ. بە باڵ برۆ وەکوو داڵ برۆ خەمی بخۆ خۆت لێی مەخۆ بۆم بێنە زوو، ئەتدەم بەشوو تەنکە ماڵت ئەبێ، دەردت نابێ، کورت ئەبێ، کچت نابێ.

کارەکەرەکەش وتی:

بەڵێ ئاغە دونیا بەداخە بۆ ئەو کەڵەشێرە کە فەرمووی، راستە سەر سەرەبیری عاشقان و ناوی ناوداران و جەرگی پاڵەوانان لە دڵایا نەک لەسەرایە. دەنگی کەڵەشێر هەبێ و نەبێ رۆژ هەر ئەبێتەوە، دەنگی مناڵ بۆ ماڵ گەلێک بەتێن‌ترە بۆ رەتانی دز و بۆ هەژانی دەنگی مەلایەکی عەرش، چاوی وەختێ وێنەیەکە وریا بێ کە لێکی نا بەڵێ: چاوی جوانە، بەڵام وەختێ جوانە کە کێردی ستەمی نەگاتێ. کە کێردی گەیشتێ لەباتی جوانی فرمێسکی تیا قەتیز ئەبێ. رەوایە بۆ گورچیلەیەک ئەو مێشکە بروا کە هەزار ئاواتی تێدایە؟

ئاغەم خرینچکەسەری ددان ئەرزێنێ، ریواسی دەری بۆ کەوی دەری با ئەو بی هێنی بۆ ناو دوو دەری. شەرابی حقیقی و بیر تریاقی عێراقی لەدونیا سەروچاو مێشکی تەنگی کەڵەشێردا جێ نابێتەوە.

خۆزگەی بەدوینێ ئەو کەڵەشێرە ناجووڵێ ئیمڕۆ کەوتووە لێرە

ئاغەم بەباڵ ئەڕۆم، وەک داڵ ئەڕۆم، ئەمدەی بەشوو، ئەمکەی رەدوو، کورم ئەبێ، کچم نابێ، کەیفی تۆیە با هەر وا بێ. ئەو جوانەمەرگی چاوی نووستووە لاشەکەی لێرەئەوا کەوتووە. سەر لە شاری خامۆشان کەوتووە لە ناو بێ هۆشان.

نەسەر هەیەو نەقاچی رەش نەرەنگ هەیەنەدە نگی خۆش

ئاغەوتی: ئەترسم فرێت دابێتەوە ناو سک. کارەکەرەکەش وتی:

ئەو سکە کەوا ئەوەی تیا نەبێ یا خوا هەر نەبێ یا خوا هەر نەبێ

– ژنێکی خەڵکی شارباژێر منالێکی هەبوو ئەیدا بەدەستا و هەڵیئەپەڕاند بەدەمیەوە پێئەکەنی و ئەمانەی لای خوارەوەی هەڵئەدا و ئەیوت:

ماڵی باوکت ئاوایە نەری چاوم ئاوایە
نایدەم بەملکی دنیا ئەم کۆرپەیەم بەتەنیا
گەورەی ئەکەم بەدەستم ئەیکەم بەمایەی دەستم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەیکەم بەپاڵەوانی کەس نەتوانێ بیروانێ
لەجوانیدا چرایە شەوقی لێمان بەردایە
یووسف کە بێ بیبینێ دڵی بەخۆی دەمێنێ
ئەو کچانەی لەشارن وەک ئەستێرە دیارن
هەرا ئەکەن بەدەستە بۆی دێنن گوڵ بەبەستە
پۆلی کچانی لادێ کەدێنەوەلەلادێ
ئەو نێرگس و وەنەوشە کەبۆی دێنن بەکۆشە
ئەیبارێنن بەسەریا وەک ئاوی مەندی دەریا
ئەویان ئەڵێ هی منە ئەمیان ئەڵێ بەمنە
ئەمانەگشت بەمجۆرە بۆی شێت ئەبن بەنۆرە
ئەم کۆرپەیەم نەمامە هەم کۆرپە هەم برامە
خوایە عومری درێژکەی چاوی بەدی لێ دوور کەی

## پیری و جوانی

- کورێکی لاوی شۆخ و شەنگ کە تازە پێی نابووە بەهاری جوانی، لە گەڵ پیاوێکی پیری نوورانی کە لە خەزانی پیریدا سەرەتاتکێ بوو، بۆ ئەوپەڕی ئەو خەزانەکەوتنە وتوویرە. کوڕەکە هات بەباڵای خۆی و جوانیدا وتی:

بابە رۆژانی جوانی، ئەو رۆژە کە ئێستە منی تێدام، بەهارێکە کە هەر دەمارێک لە وازێک و هەر رەگێک لە سازێک لێ ئەدا. ئەو رۆژانەی کە بەسەر منا دێت لەبەر ئەو هێزی جوانیەم نەلە لافاوی بەخوڕ ئەپەڕنگێمەوە وە نە لە تۆفی سەرمای بەگوڕ ئەسڵەمێمەوە. شەوانی ئەو جوانییە رۆژانی کامەرانییە. بەرۆژ لە گەڵ گوڵەنداماندا ژوان ئەگرم بەشەو لەگەڵ دلدارانادا دەست لە ملان ئەبم. بەلووتە لاوە ئەچم بەلایانەوە، ئەوان بە غەمزەو نازی مەستانەوە دێن بەلامەوە.

ترس وەکوو هەرەس لێم ئەترسێ و نایەبەلامەوە. پەلاماری دڕندان ئەدەم لەوەخت و ناوەختا باڵ ئەگرمەوەبۆ نەهێشتنی ئەو شتانە کە ئاوی روون لەژیانی بوون لێڵ ئەکەن. ئەگەر خەم وەکوو تەم بێت بەسەرما بەدڵی خۆشم و بە هەناسەی گەرمم ئەو خەم و تەمە وەکوو بەفری بەر رەهێڵەی بەهار ئەتوێنمەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بەدڵما نایەت بیر کردنەوە لەئاسۆی گوزەران. شەو سەر ئەکەمە سەر بەرد، بەرۆژ ئەگەڕێم لەشاخ و لە هەرد. بۆنی گوڵ ئەکەم لە باخ و گوڵزار، بەنەشئەئەدەم لەئاوی رووبار، ئەخۆمەوە ئاو لە کانی دیارو شێر بەرەو رووم بێت وەکوو پیر بە هێزی جوانیم ئەو شێرو پیرە وەکوو موو لە شیر دەرکەم بەو جۆرە دەریان ئەکەم. سەنگەر ئەدڕێنم، لەنگەر ئەڕوخێنم، ئاڵا ئەهەژێنم، دوژمن ئەترسێنم. نەترسم لەشەوی زستانە، نە باکم بە تەوی پیرانە.

لەم دەوری گەنجیەما بە رەنجی شان گەنجی درەخشان لە رۆژی رووناکی ئەهێنمەوە دەست. پیاوەتی بەسەر وەئەکەم، مەردایەتی پێ ئەنوێنم، شەوی ئاهەنگی پێ ئەسپێرم، هیچ بە دڵما نایە کە ئەمە خەو ئەبینم. ئەمەقسەی پیرانە کە ئەڵێن: رۆژی جوانی ریگی رەوانە، بە هێمنی دێت و بە گورجی دەوانە.

ئەوە ئەفسانەی رابردوانە کە ئەڵێن: جوانی هەتاوی بن دیوارانە، نان ئەو نانە ئیمرۆ لە خوانە. جوان روومەتی ئەبێ بە هێلانەی نیگای نازداران. چاوی ئەبێ بەجێگای دیمەنی گوڵزاران، دڵی ئەبێ بە باخچەی بەهەشتی دڵداران.

ئەوەی پێی ئەڵێن خەم و پەژارە بەلای جوانەوەگشت ئاوی پارە
هەر چاوی بڕیەناو چاوی دۆستی هومای ئارەزووی کەوتەسەر بەستی
خۆی وا ئەبینێ کەشێر و پلنگە خاوەنی هەموو ئەسبابی جەنگە
سامانی دنیا رووبەرووی کە بێت خۆی لێ لائەدا هەر یاری پێ بێت
دنیا رۆژێکەئەویش جوانی خوا نەکابڕوا تۆ وا ئەزانی

ئەو گۆچانەی تۆ خۆتی پێ ئەگریتەوە، من مامزی سارای پێ ئەهێنمەوە. نەئەزانم بێ خەوی چییە، نەئەزانم برسیەتی بۆ کێیە. ئەگەڕێم بە باغا گوڵەو چن ئەکەم. ئەیگرم بەدەستم، ئەیبەم بۆ دۆستم، بۆنی پیوەبکا بەبینی درێژ، کەمن سەیری کەم ئەبم گێژ و وێژ. بەلام ئەو گێژییە دونیایەکە کە پەردەی قیامەت ئەدڕیو ئاوی حەیات لە کێوی قافەوە دێنت.

ئەمجا باوکی پیر دێتە قسەو ئەڵێ:

رۆڵەم راستە رۆژانی جوانی خوانێکەو لەدیوەخانێکە خوانی نیازە لەدیوەخانی بێ نیازە. بەلام ئەو رۆژە وەکوو ئاوی پار هیچ نابێ دیار. پیری ئاخر سەرمایەی ژیانە، وامەزانە سەرمایەیەکی بێ سەرمایەیە؛ کالایەکی گران بەهایە کە لە تەونی رەنگاو رەنگی دنیا دروست بووە. لە شیرەی هەموو گوڵێکی مژیوە، لەرەنگی هەموو گوڵێکی بڕیوە. ئاوەنیاکەی تاقی کردنەوەیە، بەرەکەی پالاوتەی هەموو کاراساتێکە. لەبۆتەی ساردی و گەرمی دنیادا قاڵ بۆتەوە، لە ئاوازی هەموو سازێک گوێ پڕ بۆتەوە. خۆی بووە بە وجاخێک کە هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


جۆرە نانێکی لەسەرە. کێ چی ئارەزوو بکا لەوەی ئەداتێ. پەندەکانی ئەو رێگای رووناکە بۆ ریبازی جوانان. بیری کانیاویکە کە بەسەدها جۆگەی لێ هەلگیراوە. داستانی زەمان و کارەساتی دەوران هەموو لەو رووی داوە. ئەوەی پیر لەخشتی گلا ئەیبینێ جوان لەناو ئاوێنەشا بەتەواوی نایبینێ. رابەری پادشاهان، ئاوێژێ رەوالان، خەم رەوینی ناو مالان، ئاسوێ بیری چاو کالان ئەو پیرەیە کە رەنگ ئەرێژێ، خەت ئەکێشێ. لەرۆژی شەڕا فەرماندارە، کەماندارە، دلبێدارە. فیکری ئەو خەندەق ئەرمێنێ، دوژمن ئەترسێنێ، ئاو سەرەو ژوور ئەبا، تاو بەپشوو ئەبا.

رۆلە! بەلێ پیر مووی سپیە، بەلام هەر رۆستەمەو لەزالْ ئەبێ. بەلێ کافرە بەلای روومەت گولانەوە، بەلام ئیسلامە بەلای رۆشن دلانەوە. نەتبیستوەئەو نازدارەکە ئەلێ:

ناچم بەلای جوانەوە　　　خۆی لا ئەدا لەبانەوە
ئەچێ بەلای میوانەوە　　　خۆم ئەخەمەلای پیران
لەدلْ ئەوا ئەبم جوان　　　قەدر زانە هەر زەمان

پیر رەنجی بەگەنجە؛ گەنجی خەزنەیە. دەستی تێری لەسەر سکی ماندووە. هەورازی بڕیوە، نشێوی بەجێ هێشتووە. کە دانامەی داخست باری حەسانەوەی خست. لەدیوەخانا لە سەرەوە بەلای پادشاهان لە بەرەوەیە عومری هەموو گەورە، رازی هەموو جەورە، مەلی وەقار بەسەریەوە لەنگەر ئەخا بەدەوریەوە.

رۆلە! بەلێ پیاوی بازووی بێ هێزە، بەلام بەبیر و هۆش بەهێزە. فیکری مووری و رەش لە شەوی تاریکا ئەدۆزێتەوە. ئاوێنەی خەیالی مرواری بنی دەریا ئەبینێتەوە. پەلکە زێڕینەی ئێواران ئەبەستێ بەگزنگی هەتاوی بەیانیانەوە. ئەزانێ دوڕ و زومرووتی جوانیی کە لە کۆشیا بووت، کەوت با چاوی وقاریشی ببڕێتە سەر ئەرز، بەلام زانایە بەوە کە شتێک کەوت تازە نایەتەوە دەست. بۆیە سەیری ئەرز ئەکا بۆ ئەوە زەویە شەرمی لێ بکا.

شەرمەبۆ جوان پێ بنێتەسەر ئەرز　　　چونکەتیایەتی سەد هەزار سەر بەرز
پۆلی چاوکالان دەستەی نازداران　　　بازووی پالەوان رمەی شاسواران
بێ دەنگ لەوێدان بەکش و ماتی　　　سەریان ناوەتەو لەبەر نەهاتی

کوڕم! ئەو لاوەی کەوا پیر ئەبێ ئەو ئەرزەی وتم هەر بۆی شێت ئەبێ، ئەم دلە گەرمە بۆی [...]. ئەویش بەشەرمە، هەر یەکە بۆ یەک دلەکەی گەرمە. سپی بەرگی مەلایەکە، لەو بەرگە کەوتۆتە سەر ئەو کەسە کە مەلایکە رووی تێ ئەکا، هێزی جوانی پێزی پیریە. زەمانی جوانی ریبازەبۆ پیری، هەرکە بمێنێ ئەبێ ببینێ. بەپاچ و بێلی تێی نەکەوێ تا لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



رۆژی پیریدا تێنەکەوێ. لە جوانیدا وامەزانە هەموو رۆژی هەر وایە ئەبێ بزانی کە رۆژان رۆژی لەدوایە.

پیری ئەم دنیا گەر مالی هەبێ — هەزاران گەنجی لەدەرماڵ ئەبێ
ئەو گەنجە کەوا بێبەهرەی مالە — لە هەر دوو بارا دەستی بەتالە
تۆ ئەبێ بە من من نابمەو بە تۆ — دەستی چاککاری بەرمەدەو برۆ

- ئەوەچ سۆزێکە کە وێنەی تەمی دەماوەند لەو دلە بە کولەوە ئەدا بەیەکاو لە دوورەوە بۆی ئەکەوێتە گەمە. خالی سەر گۆنای یاری هیچ شتێکی‌تر نییە بیچوێنێ. بەو تەنیا ئاگری زەردەشتی نەبێ کە لە ئاتەشگای سەر دیارانەوەبلێسەئەدا و ئەلێ:

خالێ وا وەبان گۆنای پیرۆزەو — وەک شەم ئەسووزێ وە نەکەرۆزەو

- زۆراب ئاغا لەکوردی تورکیاو ولاتی جزیزە بوو؛ ٢٢٠ سال ژیا. سالی ١٩٧٧ عەمری خوای کرد. بنەماڵەیەکی پێکەوە تا لە ١٨٠ کەس؛ ئەمانە هەموو کوڕ و کوڕەزا و کچ و کچەزاو کەساتی‌تری بنەمالەکە بوون.

بیر و هۆشی زۆر تەواو بوو؛ خۆی بۆ خۆی مێژووی ئەو ٢٢٠ سالەبوو، هەر لە زەمانی ناپلیۆنەوە ئەیهێنا تا سەلاتینی عوسمانی.

- ئەزانی لە سالی ١٩٣٩ەوەتا سالی ١٩٧٩ -واتەماوەی ئەم چل سالە- تەنیا ٣٦رۆژ شەڕ نەبووە. کە ئەڵێم نەبووە، واتە لەنێوانی حوکومەتەکانا؛ ئەگەینا لە نێوانی بەرەو تایفەکانا ئەوە زۆر بووە، بەڵکوو لەنێوانی تاکەتاکەی خەڵکا.

٢,٠٣٦,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ئەوەندە شەڕ قەوماوە؛ واتە چرکەیەک شەڕێکی تێدابووە. لەم حسابەدا هەریەک تاقە کەسێکی ئادەمیزادە ئەگرین بە دەستەوە، واتە یەکێک لەگەڵ یەکێکی‌تر لەسەر تویکلەشووتی شەڕێکی کردوە. لە دوای ئەوە هەر ئەو کەسە لە گەڵ یەکێکی‌تر وەیا لەگەڵ کەسەی پێشوو لەسەر مووروێک شەڕی کردووە. دوای ئەو یەکێکی‌تر لە گەڵ یەکێکیەکەدا لەسەر سەلکێ چەوەنەر شەڕی کردووە، هەر وا پێوە برۆ.

من قسە لەوەوە ناکەم کە دوو کەس وەیا سەد کەس لەیەک کاتا لەسەر دوو شت وەیا سەد شت شەڕیان کردووە. ئەگەر ئەوە بێنێنە ناوەوە ئەو ئەبێ حسابی ئەوەبکەین کە ئەم رووناکی رۆژەی ئێمەی داگرتووە تەنیا نیوەی رووناکیەکەیە؛ نیە[illegible]ـۆی ئەو شەڕو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


جەنگانەوە تاریک بووەو ئەوان بەر ئەو ئەو نیوەیەیان گرتووە. جا ئیتر قسە لە شەڕی گیانلەبەرەکانیترەوە مەکە.

- پیاوێکی کوردی جاف ساڵێک ئەچێ بۆ حەج، لەتەوافا لەناو ئەو حەشامەتەدا رائەوەستێ و تەواف ئەکا. سەیر ئەکا ئەوان شتێک ئەڵێن ئەم هیچی لێی تێناگاو نازانێ وەکوو ئەوانیش بڵێ. بە هەر پاڵەپەستۆیێک بێ خۆی لەقوفلی کەعبەنزیک ئەخاتەوەو دەستی پێوەئەگرێ و ئەڵێ: بینایی چاوان جارێک لێرەیت و جارێک دواوان. وا لەو ڕێگە دوورەوە هاتگم بۆ خزمەتت دەستم گرتگە وەو قوفلە سوورەی بەردەمت. ئەمانە داویانە وەیەکا کەس نازانێ چی ئێژن. من وەو جۆری ئەوان نازانم بێژم. تۆی تۆ هەر یەک زوان بزانی؟ تۆ کە باشکی و روغزایی و تەرخانیت دروستکردوێ، توێ زوانی ئەوانیش بزانی. وەو زوانەی خۆم ئێژم:

توێ لێم خۆش وی. باوک و دایکم و وەتەک پیزەی کارەکەرت چاویان لەدەمی منە، منیش چاوم لەدەمی تۆس. دەم و نفوسێکمان بۆ بخەرە کار لەو رۆژەدا کە ئێژن رۆژی حەلوەلایە، چاوێکت لێمانەو وێ. دنیا وەشەقی قیامەت ئەڕوا. ئیستە سێ پەڕەی بەهاری شارەزوور ئاوەنیا بووگەسەوەو سەری داوە وەیەکا. کوڕەکوڕەلەو بناری بێسانسوورە دەواریان هەڵداگەو مێگەل لە دەوریا خزمەخرمێسی. تۆ خوا زوو پاڵمان پیوەنێ با بیانگرمەوە، چەن رۆژێکیتر بار ئەکەن ئەچن بۆ کویستان، هیچ نەوێ با لە کلکەی شلێر و ناو خوانا فریایان کەوم.

ئەو رۆژەکەوەزوانی خۆت فەرمووت وە ئیسرافیل فوو وەشاخەکەیا بکا تێمەوە بۆ خزمەتت؛ ئەگەر لە دواوان نەتگرم خۆ لێرە هەر ئەتگرم.

گوناحی من فرەس، وەلێ عەفوی تۆ فرەفرەترە. یەکێ پیاو وێ ئەگەر داوای شتێکی لێ بکەن دەس وەرووپەوە نێ، من لەو ڕێگە دوورە، وەپشت ئەو غەزەوەی خواوە کە پێی ئێژن وشتر هاتگم، داوای دوو شتت لێ ئەکەم:

یەکێ ئەوانەی کە وتم لە گەڵ هۆزی مراوەیسش وەخۆمەوە عافوومان بکەیت. یەکێ توێ دەس بگری وەباڵمەوە وەبێمزەڕەتی برۆمەوە بۆ ناو عێل. پێ کوڕە ئیسە چاو لەدرگان ئیتر مالاوا وێ.

(منیش ئەڵێم: نرخی گەوهەر گەوهەری ئەیزانێ).

- مەلا حەسەنی شاتری -واتە مەلا حەسەنی ناوگردان- بۆی گێڕامەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

خالەمەحمووی حەمەی سەمینی وردەشاتری هەبوو پیاوێکی پیری بەساڵا چوو بوو. داستانێکی راز و نیازی باوکی و خوا هەبوو بەتەواوی لەبەری بوو. وتی: منیش ئاگری بیستنی ئەو داستانە هەڵیگرتم چووم بۆ لای بەڵکوو بۆم بگێڕێتەوە. هەرچەند کەم ئەیگێڕایەوە بەڵام لەبەر ئەوە تۆزێ خاتری ئەویستم دەستی نەنا وەڕوومەوەو بۆی گێڕامەوە وتی:

باوکم خوا بیخاتە ناو خەزێنەی رەحمەتی خۆیەوە! لەزەمانی حەمەپاشادا گشت جارێ لە ژێر دەوار و بەر دەوارا ئەیفەرموو: بینایی چاوان! نازانم بێژم تۆ چیت؟ ئەوەن ئەزانم ئەها ها ئەوەی کە تا چاو بڕئەکا لەو درێژی ئاسمانە تۆ گشتت دروست کردگە. هەر بڕۆ، هەر بڕۆ، هەر ناوڕێتەوە. پیاو وا ئەزانێ ئەوە بڕایەوە، کەچی هەر لە هەولیەوەس. ئەگەر من دوو باڵم هەوێ و بڕۆم وەو ئاسمانەدا باڵەکانم شل ئەون و وا ئەزانم چووگم، کەچی ئاسمان هەر دوورتر ئەوێتەوە، گەرمە هەسوونێکم بەرچاو کەوێ کەچی هیچ دیار نییە. کەواتە تۆ ئاسمانت وەبێ هەسوون راگرتگە.

ئەو ئەستێرانە ئێژی چرای نیوەشەون وەک کوڵمێخی دەروازەی بازاڕەکەی شار کوتیاگن وەو ئاسمانەدا کە ئێژی پیرۆزەیە. تۆ دەست وە گشت شتێکەوە ئەژەنیت، کەچی تۆیش دیار نیت. رزقی مار و مێروو ئەدەی لە پشت پەردەی غەیوەوە، کەچی ئەگەر من بێمە ئەو پشت پەردەیە تۆ لە ویش نیت. تۆ دەریا گەورەکان وە «زریوار»یشەوە هەندێ جار ئەیانکەی وە یەخ، هەندێ جار ئەیانکەی وە ئاوی رووت، کەچی ئەو گشت گیاندارانە لە ناویانا هەر هەڵئەقونینەوە. بەشی گشتیانت داگە، نایەڵی کەسیان وەبێ‌رزق سەر بنێتەوە. من ئەو گیانەی لە بەرمایە تۆ داتنیاگە لە گەڵ ئەوەدا کە وەمنەوەیە، من نازانم چییە. دەست ئەدەم وە دەوارەوە هەڵیئەدەم ئێژی رۆستەمم، کەچی نازانم ئەو زۆرە چییە کە تێمدایەو دەوارەکە هەڵئەدەم.

ئەو دەشتی «مێرگەپانە» لەوەختی بەهار -خوا نەیوڕێ- پڕیەسی لە هەڵاڵەو بەیبوون، هەر گوڵێ وەرەنگێ رەنگ ئەداتەوە،گشتی تۆ دروست کردگە. من وەم فرەزانی خۆمەوە سەرم تیا سڕ ماگە، نازانم چییە یەک تۆمە پەڕەی گوڵەکەی پەلێکی سوورە، پەلێکی کەوەس، خەتێکی زەردەوامە، تۆ لەگشتیا هەیت، کەچی وەچاویش ناوینرێت.

ئاوەکەی سەراوی سوبحاناغا ئێژی هەزار چاوی قرژانگەو کۆ بووگەسەوەو بووگە وەو گۆمە کە -خوا نەیوڕێ- گشت مێگەلی جاف ئاوی لێ بخواتەوە هەر پێوە دیار نییە، تۆ زیادی ئەکەی کەچی تۆیش دیار نیت. جۆگە ئاوەکەی کە لە بەری هەڵئەگیرێ لەدوورەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئێژی رەشماری بێسانسوورە وەپێچەوە دەورە ئەڕوا، تۆ پاڵی پێوە ئەنێت کەچی تۆیش دیار نێت.

خۆزگا جارێک ئەبوویت وەمیوانم، بەرە مەشکەیە کەرەم بۆ دائەنایت وەگەزووی چەرمووگی «بانە»وە نۆشی گیانت بکردایە، ئەوە ئەوو وەمفەڕک بۆ گشت مێگەلەکەم. وەلێ بێژم چی! پێم رازی ناوی سەرێ بکەی وەم کاولە ئاشەدا. تیت وەلێ نەمن ئەتوینم وەنە شتیش ئەخۆی. ئەزانم هەیت وەلی نازانم چیت؟ هەرچی من بێژم تۆ هەو نیت.

تۆ فرە بێکەسی، کەچی لەگشت کەسدارەکان و گشت عەشرەتی جاف وەتواناتری. ئێژن دوو کەس وەیەکەوە دانیشن چاویان لە یەکە تۆ لەپاڵ منایت تۆ چاوت لەمنە؛ کەچی من تۆ ناوینم ئەمە مۆجزە نییە؟

ئەو ساڵەمن چووم بۆ حەج، وتیان تۆ لەو ولاتەو لەورەیت. ماڵتم دی؛کەچی خۆتم نەدی. وەختێ هاتمەوە ژێردەوارەکەی خۆمان لە قەدەفەر وتیان تۆ لێرەش هەیت؛ نازانم تۆ چیت وا لە گشت لایەکیت.

بینایی چاوان! ئەوەندە ئەزانم باوکێکت نییەو نەتبوە پێت بێژی: رۆڵە. کورێشت نییەو نەتبوە تا پێت بێژی: باوە. نازانم تۆ چیت و چۆن بووگیت؟ هەرچەندە وردئەومەوە لە کەس ناکەیت. خاس ئێژم؛ چونکە ئەگەر لە کەست بکردایە هەرزوو سەرت تیائەچوو. کەسیش نییە یاریدەت بدا بۆ تون بوونەوەی. وەکەلام! ئەگەر ببوایە ئیشت بۆ نەئەکرا. وەکوو ئاسیاوەکەی حەمەسەنی حەمەی نالە لە میشیاو هەتا هەر خۆی بوو دایمەگەڕ بوو، کەبوو وەشەریک لەگەڵ کاورای «بەر لووتی»دا دوو رۆژ ئەگەڕا و چوار رۆژ ئەویسا.

وەکوو پێم وتگیت ئەزانم هەیت، لەگشت لایەک هەیت، وەلام وەتاقێق نازانم لە کام لایت تا بێم وەلاتەوە، بتگرم. خۆ وەو سەی ساقە! لەبن دەسی منیشەوە هەیت وەلێ لێمەوە دیار نیت. فێڵێکی خاست بۆ خۆت دیگەسەوە کە خۆت دەرناخەی بۆ کەس. ئەوەندە دەردت داوە وەو خەڵکە ئەگەر خۆتت دەربخستایە رۆژی خۆتت نەئەوینی؛ وەکەلام! هەر پەلێکت ئەکەوتە دەس هەزار کەس.

دەسا بینایی چاوان! -بەردت لێ نەوارێ- بکە وەخاتری ئەو دەم و نفووسەت خۆتم لە سووچێکەوە بۆ دەرخە با لەم گێژاوە دەرچم بزانم تۆ چیت؟ وەسەی ساقو بالانتەران هەرچێ بێژم راس ئەکەم. وامەزانەشتێکت لێ ئەکەم. قسەکانت وەلاوە با نەوێت. پیاوی درۆزن بناسە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەنجی درەخشان

- پیاوێک هەبوو لەئاکرێ پسمام عیسۆیان پێی ئەوت. کەوتبووە ساڵەوە؛ لەوانەبوو پەکێ بکەوێ. ژنێکی هەبوو –خاتووزین– ئەم لەو خرابتری بەسەرهاتبوو. لەگەڵ ئەوەشا بەتەواوی زاڵ بووبوو بەسەر مام عیسۆدا. ئەم بیوتایە پیاز ئەو ئەیوت: سیر.

مریشکێکی زۆر قەڵەویان هەبوو پسمام عیسۆ مرخی لێی خۆشکردبوو. هەر چەند بهاتایەتە سەر ئەوە کە بیوتایە خاتووزین با سەری ببڕین، خاتووزین بەدارێک ڕاوی ئەنا؛ ڕاوی پسمام عیسۆ. پسمام عیسۆیش هەر وەختەبوو سوێ بێتەوە.

ئەم پسمام عیسۆیە ئامۆزایەکی هەبوو ئەویش وەکوو ئەم چووبوە ساڵەوە. ڕۆژێک چووەلای پێی وت: پسمام ڕاستی من وەختە دڵم دەرچێ بۆ گۆشتی مریشک. مریشکێکی قەڵەومان هەیە هەر چەند ئەکەم خاتووزین نایەڵێ سەری ببڕین و منیش هەر ئەوە نییە کە سوێم بێتەوە. ئەویش هەندێ ڕاما و پاشان وتی: تۆ بچۆ خۆت ئاڵۆز بکە. ئەویش دێت سەر ئەخاتەسەرت. هیچی پێی مەڵێ. لەپاش ئەوە کەزۆر لەگەڵتا خەریک ئەبێ ئەمجا بڵێ ڕاستی وا نێکەکەم شکاوە. ئەمە بڵێ و ئیتر لێی گەڕێ.

پسمام عیسۆ ئەچێتەوەماڵەوەو دەست ئەکا بەعاجزی و خۆ بادان و هاوار و ناڵەکردن. خاتووزین دێت بە لایەوە ئەڵێ ئەوەچیتە؟ ئەمیش دەنگ ناکا و هەر هاوار ئەکا خاتووزین بێ تاقەت ئەبێ ئەڵێ: پیاوەکە بۆ دەنگ ناکەی؟ ئاخر قسەبکەبزانم چیتە. ئەڵێ: خاتووزین لە قسەنایەو ناگوترێ. خاتووزین توزێ شێرگرتر ئەبێ و زیاتر سەر ئەخاتەسەری. پسمام عیسۆ ئەڵێ: خاتووزین واز بێنە تازە ئیتر من ژیانم بۆ چییە؟ ئەڵێ: ئەیەڕۆ بۆچی؟ ئەڵێ: خاتووزین ئەوی ڕاستی بێ دەعباکەم شکاوە. تازەئیتر مردنم باشترە.

خاتووزین ئاگر ئەکەوێتەکەولی و ئەڵێ بەقوربانت بم! تۆ نەخۆشیت دەردت بکەوێ لەمن بچمەلای کێ تا داو دەرمانێکت بۆ دروست بکا؟ ئەڵێ: خاتووزین تازە هیچ داو دەرمان نەماوە. خاتووزین ئاگری جگەر هەڵیئەگرێ و ئەچێ بۆ لا ی مامی پسمام عیسۆ پێی ئەڵێ لە دەورت گەڕێم! عیسۆ نەخۆشە بزانە نووشتەیە شتێکی بۆ ناکەی. ئەڵێ نەخۆشیەکەی چییە؟ خاتووزین لە ڕووی هەڵنایە بیڵێت لە ئەنجاما لەبەر ئاگری جگەر هەر پێی ئەڵێت. ئەویش ئەڵێ: ئەمە ئاسانە من لەکتێبا دیومە ئەگەر یەکێ تووشی دەردی کێر شکان بوو، بە ڕۆنی مریشکێکی قەڵەو چەور بکرێ جێگای خۆی ئەگرێتەوە. جا ئەگەر ئەتوانی مرێشکێکی وای بۆ پەیدا کەیت چاری دێت، ئەگەینا تازە لە دەست دەرچووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خاتووزین ئەڵێ: مریشکێکی زۆر قەڵەو مان هەیە هەر ئێستە ئەچم بۆی سەر ئەبڕم. ئەویش ئەڵێ: ئاوەکەشی لەگەڵ برنجدا بۆ دروست بکە. ئەڵێ چۆن نایکەم.

خاتووزین خلەخل هەڕا ئەکاتەوە بۆ ماڵەوە خێرا مریشکەکە سەر ئەبڕیو ڕۆنەکەی ئەگرێ و گورج ئەچێ دەرپێکە بە پسمام عیسۆ دائەکەنێ و ئەکەوێتە مشت و ماڵ کردنی خەنجەرەکەی. بەتەبیعەت شکاوی نامێنێ و سەر بەرز ئەکاتەوەو ئەکەوێتە نزگەرەکردن. خاتووزین ئەڵێ: ئۆ یارەبێ رزگار بێ پسمام بۆ دەرمانێ نواندت. بەڵام عیسۆ تۆ پیاوێکی خراپ بوویت شتی وات لێ قەوما بوو بۆ زوو دەنگت نەئەکرد؟ دەهەستە ئەوە ئاوەکەشم بە برنجەوە بۆ لێ ناویت بیخۆ. جارێکیتر وریا بەو ئاگاداری خۆت بە باتووش نەبێتەوە. پسمام عیسۆ ئیتر بەئاواتی خۆی گەیشت.

- مامۆستا مەلا سالحی کۆزەپانکە لە هەولێر وەکوو شێخ بابەعەلی تەکیەیی لەسولەیمانی لە مەلایەتی و لە قسەخۆشی و لەتەمەن درێژیدا شانیان ئەدا لە شانییەک.

لە سەردەمی مەلا ئەفەندی هەولێردا بۆ ئەو فەقێیانە کە لە خزمەتی ئەودا لەمزگەوتەکەی ئەو ئەیانخوێند، هەر یەکە مانگێ دوانزە ڕۆپیەی لەکیسەی خۆی بۆ بڕیبوونەوە. سامانی مەلا ئەفەندیش وەکوو مەلایەتیەکەی هەر بەناو بانگ بوو.

جارێک مەلا حەمەمین ناوێکی خۆشناوی لەگوندی هەرتەلەوە دێ بۆ هەولێر بۆ ئەوە لەخزمەتی مەلا ئەفەندیدا بخوێنێ و مانگێ دوانزەڕۆپیەش وەربگرێ. دامەزران لەلای مەلا ئەفەندی زۆر بە گران ئەکەوت؛ چونکە تا شوێنی یەکێک خالی نەبوایە، یەکێکیتر لەجێگای دانەئەمەزرا. ئەم مەلا حەمەمینەش ماوەیەکی زۆر بەمەوەخەریک بوو شوێنەکەی دەست نەدەکەوت. ڕۆژێک لەلای مەلا سالحی کۆزەپانکە دەردەدڵ ئەکا کە لە مێژە خەریکە لای مەلا ئەفەندی دامەزرێ و کەچی هەر دانەمەزراوە. مەلا سالحیش ئەڵێ:

ئەری بابم تۆ لە هەرتەل لۆ دەبزوێت؟ دەرزەکەت لەوێ هەیە، هیچ نەبێ مانگێ بایی دوانزە ڕۆپیەش هەر کەران دەگێیت؛ ئیتر جگە لە نانەکەت.

- کابرایەک ئەچێتەلای مەلا سالحی کۆزەپانکە ئەڵێ:

قوربان بەدەست نوێژێک چەند نوێژ دەکرێ؟ ئەڵێ: زۆر. ئەڵێ: نوێژی سوننەتانیشی پێ دەکرێ؟ ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ: هی قەزایانیش. ئەڵێ: بەڵێ. کابرا هەر زۆری لەسەر ئەڕوا مەلا سالح لە ئاخرا ئەڵێ: «دەبڕۆ مردیت مرێ! بەدەست نوێژێک سەد کەرانی پێی بگێ».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- دوو کابرا کێشەیەک لە بەینیانا روو ئەدا یەکێکیان داوای هەندێ پارەی قەرز لەویکەیان ئەکا. ئەویش ئەڵێ: لام نییە. ئەنجامیان ئەگاتە شەرع کردن و ئەچنەلای مەلا سالحی کۆزەپانکە. مەلا بەکابرای داواکەر ئەڵێ: شایەتت هەیە؟. ئەڵێ: نەوەڵلا. بەکابرای داوا لێ کراو ئەڵێ: سوێند ئەخۆی کە ئەم پارەیەت لەلا نییە؟. ئەڵێ: بەڵێ. ئەمجا بەکابرای داواکەر ئەڵێ سوێندی ئەدەی؟ ئەڵێ: بەڵێ بچێت دەست نوێژ بشواو بێت سوێندم بۆ بخوا. کابرای داوا لێکراو ئەڵێ دەستنوێژم هەیەو ئێستە قورعانی بۆ ئەخۆم.

کابرای داواکەر ئەڵێ هەر ئەبێ دەستنوێژ بشوا. مەلاش ئەڵێ: باوکم ئەوا ئەڵێ دەست نوێژم هەیە، ئیتر دەست نوێژی چی بشواتەوە؟ کابرای داواکەر ئەڵێ: نابێ تا لەبەر چاومەوە دەستنوێژ نەشوا قایل نابم. ئیتر مەلا سالح ئەگاتە تینی و ئەڵێ:

مردیت مرێ! لۆ هێریت. ئەوا ئەچێ لەبەر چاوتەوە دەستنوێژ ئەشواو پاشان دەست ئەخاتە سەر کێری و لۆت دەنێرێ. ئیتر تۆ ئەمە چییە گرتووتە سەر زمان هەر ئەرێ ئەبێ لەبەر چاومەوە دەستنوێژ بشوا.

- کابرایەک هەبوو توتکیان پێی ئەوت. سەرێکی زۆر بچووکی هەبوو ئەتوت گوێزە. رۆژێک کابرایەکیتر بەبەرە لەپی دەستێکی سەری گرت و سووکە سوورێکی پێداو وتی ئەم سەرە بچووکە چییە؟ توتک وتی: وەڵلا خۆم وام پێخۆش بوو.

- مەحموو بەگی رەزا بەگی جاف گێرایەوەوتی:

کابرایەکی کەمالەیی دەرویشی شێخ عەبدولکەریم ئەوێ -رۆحم وەفیای وێ. رۆژێک کابرا ئەچێ بۆ خزمەتی شێخ و دەستی ماچ ئەکا. شێخ لەو کاتەدا تۆزێ تووڕە ئەبێ لەبەر هەندێ پەژارەی تایبەتی خۆی کە لە دلیا ئەبێ. بە دەرویشەکە ئەڵێ: بڕۆ لاچۆ دەستم ماچ مەکە، من شێخ نیم. دەرویش تۆزێ لێی مۆڕ ئەبێتەوەو پێی ئەڵێ: گووت خوارد دەسا وەڵلا شێخیت.

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێرامەوەوتی:

حەمەرەشید هەبوو پۆلیس بوو، بەدەوریە ئەچێتە دێی فیکەدەرە لە قەرەداغ. لەوێ ئەچێتە ماڵێکک. پیاو لەماڵ نابێ، ژنەکە هەر خێرا هەڵئەستێ نان و چاو شتە جێبەجێ ئەکا. خۆت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەزانی داری دوابڕاوی قەرەداغ تەڕە، هەڵنابێ. ژنە هەر فووی لێ ئەکا و حەمەرەشیدیش بەبەرگی پۆلیسەوە دانیشتووە. ژنە ئەوەندە فوو ئەکا -بلامانێ- یەکێکی پیا دێنێ. منالەکەی خۆی لە تەنیشتیەوە ئەبێ بەچەپۆک بەر ئەبێتەسەر و گوێلاکی منالی بەستەزمان، ئەڵێ: باوانت شێوێ! حەیای عینسان ئەبەی. بەم ئیشەی لە حەمەرەشید ئەشارێتەوە.

پاش ئەوە کەنان و چا پێ‌ئەگا و حەمەرەشید نان ئەخوا هەڵئەستێ بڕوا لاق بەرز ئەکاتەوە تڕێکی ناقۆلا ئەکەنێ و ئەویش بەر ئەبێتەسەر و پۆتەلاکی منالەو دەست ئەکا بە لێدانی و ئەڵێ: مردووت مرێ حەیای پیاو ئەبەی. ژنەکە ئەڵێ: باوکم بۆچ لە منالەکەم ئەدەی؟ ئەمە لە باتی پیاوەتیمان کە تێر نان و چات خواردووە ئاوا جەزامان ئەدەیتەوەکە لە منالەکەمان ئەدەیت. حەمەرەشیدیش ئەڵێ:

بەخوا دایکم من وامزانی هەرکە لەم ماڵەدا بتڕێ ئەبێ لەم منالە بدا.

- شێخ مارفێکی زلزلەیی هەبوو لەسولەیمانی نووشتەو شتەی ئەکرد بۆ نەخۆش. ئافرەتێک هەبوو ئەویش پوورە نەباتی ناو بوو. کوڕێکی جەحێلی هەبوو زۆری خۆش ئەویست. ئەم کوڕە تای پێ هاتبوو دایکی تووشی گەڵێ هات و چووی لای شێخ و مەلا بوو بوو پێوە. لە ئاخر جارا ڕێ ئەکەوێتە لای شێخ مارفیش پێی ئەڵێ: بەقوربانت بم کوڕەکەم تایەکی قورسی لێ هاتووە ئەبێ نووشتەیەکم بۆ بکەی بۆێ. ئەویش نووشتەیەکی بەدڵێ بۆ ئەکا و بۆی قەد ئەکا و ئەیداتێ، پێی ئەڵێ:

پووری نەبات! ئەمەلەناو ئاودا بیشوەوەو ئاوەکەی بدەرێ بیخواتەوە؛ بەلام هەر بۆ زیادەبڕشت دوو سێ سەڵواتیش بدەری بیخوا بە هیمەتی شێخان چاک ئەبێتەوە.

- کوڕێکی تەوێڵەیی هەبوو بەعەسکەری ڕێ ئەکەوێتە ئەو ولاتی عەرەبستانە و پاشان ئەگەڕێتەوەبۆ ولات. ڕۆژێک لە چاخانەکەی تەوێڵە لەناو کوڕ و کالا کلاوەکەی لار دائەنێ و قاچ ئەخاتە سەر قاچ و بەفیزێکەوە دائەنیشێ. لەو کاتەدا دوو کوڕی مێوانی دێن ئەویش بانگ ئەکا لەچایچییەکە ئاست زا بینەست چا. ئەمەش بۆیە بەم جۆرە ئەڵێ: بۆ ئەوەپیشانی هاوڕێکان و دانیشتووی چاخانەکەی بدا کەعەرەبی چاک ئەزانێ. کابرای چایچی شەش چا دێنێت سێ چای بۆ ئەوان دائەنێت و سیانی ئەمێنێتەوە. کوڕە عەسکەری تەوێڵەیی واقی وڕ ئەمێنێ بەر ئەنێتە بنا گوێ یەکێ لە هاوڕێکانیەوەو ئەڵێ:

بۆچی ستە سێ نییە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



– لەبەغدادا گۆرانی بێژێکی بەناوبانگ هەبوو محەمەد گەبانچییان پێی ئەوت. لەراستیدا ئەم پیاوە خاوەنی مەقاماتی عیراق و کۆن بوو تیایا. لە بەر پایەشناسی ئەم پیاوەحوکومەتی بەغدای ساڵێ ١٩٦٩کۆبوونەوەیەکی لە تەلەفزیۆنی بەغدادا بۆ کرد. هەرچێ هونەرمەندی گۆرانی و مەقامات هەبوو کۆی کردەوەو هەر یەکە لە مانە بە ئەندازەی دەسەلات بەگۆرانی بە بالای گەبانچیدا هەلیان ئەدا وە ئەم گۆرانی و ئاهەنگە درا بوو بەئێستگەی رادیۆش. دیارە ئەمانە هەمووجار روویان ئەکردە محەمەد کە ئەویش خۆی لە کۆرەکەدا دانیشتبوو بەشعر و گۆرانی ئەیانوت یا محەمەد.

مام پیرداود لای منیش لە نیوەی عومری بەملاوە لە بەغدا رایبواردبوو، بەلام یەک تاقە وشەی عەرەبی فێر نەبووبوو. هەر کاتێ کەگۆرانی بێژەکان ئەیانوت یا محەمەد ئەم ئەیوت: «ڵلی اللە علیە وسلم». نەیئەزانێ دنیا چ باسە، وا تێ‌ئەگەیشت ئەمە مەولوودییەو بەبالای پێغەمبەر ئەڵێن و ئەو دێنن.

– شێخ محەمەدی شێە جەلال گێرایەوەوتی:

حاجی مەلا جەلالێک هەبوو لەسولەیمانی پیاوێکی لەخوا ترس و دڵپاک بوو. رۆژێک لە مزگەوتەکەی خۆیا وەعزی دائەدا و ئەڵێ:

خوا بۆیە مووسای ناو نایە مووسا چونکە مووسای ناو بوو؛ وەبۆیە فیرعەونیشی ناو نایە فیرعەون چونکە فیرعەونی ناو بوو. دەسا خوایە بۆ خاتری ئەم فرعەونە لە ئێمەو لەمووساش خۆش ببێ. ئەویتریشی بۆ سبەینێ.

– دیسان گێرایەوەوتی:

هەر لەو سەردەمە کۆنەدا مامەشێخ مستەفای شێخ نەجیب سەر ئەخاتەسەر ئەو حاجی مەلا جەلالە لە لایەن چوار ئیمامەکەوە. لە ئەنجاما حاجی مەلا ئەڵێ: ئەم موجتەهیدانە هاوچەرخ نەبوون ئەویش پێی ئەڵێ: چۆن؟ ئەڵێ:

ئیمامی شافعی لەمحرابدا نوێژی ئەکرد ئیمامی حەنەفی چوو تووتکەسەگێکی لەحەوزەکە هەلکێشا و فرێ دایە کۆشی شافعیەوە. ئەویش هەستا بەر بووە جنێودان بەئیمامی حەنەفی و لەیەک هەڵدان پەیدا بوو جا لەبەر ئەمەیە کە هاوچەرخ نین.

– هەر ئەو گێرایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاجی مەلا جەلالێک هەبوو لەسولەیمانی رۆژێک باسی زەکاتی لێ ئەپرسن کە چۆنەو چۆن نییە؟ ئەویش ئەلێ: من ئەوەندەی لێ ئەزانم کە خواوەتەعالا ناوی شەعوور دێنێ لە قورعانا ئەوە مەبەستی جۆیە.

- بەخوا با نەبێ بەگزی منیش جارێک لەلای شێخ محەمەدی قزلجی لەو حاجی مەلا جەلالەم پرسی کە مەلاکانی سولەیمانی چۆنن و چۆن نین و چۆن رائەبوێرن؟ وتی: «فلانی دەنگ مەکە زۆر خراپ و ناجسنن». وتم بۆچی؟ وتی: کورە هەموو ئیش و کار و تاعەتێکیان هاتۆتەسەر گاڵتەکردن بە من.

ئەمەش کەمن ئەیگێرمەوە لە رۆژی ۱۹٥٧/٥/٢٤دا بوو لە مەدرەسەی نائلەخاتوون لەبەغدا.

- ئەحمەدی حاجی سالحی قاسم گێڕایەوە وتی:

ئەوا لەسەردەمی خۆیا ماڵمان لەو لای خانەسووتاوەوەیە لە سولەیمانی. گەنجایەتی منالیمە ڕقم لە عەتای حاجی کاکەحەمەی شالی هەڵگرتووە؛ نایەڵم بەتەقەی تفەنگا بەو کۆلانەی ئێمەدا بڕوا. هەر لەگەڵ دەرئەکەوت ئەکەوتمە شوێنی دەست لەسەر شان بەجنێوو بە بەرد تێیگرتن کونەمشکم لێی کردبوو بەعەمارەت. خوا هەقە ئەویش کە چاوی بەمن ئەکەوت شوێن نەبوو خۆی تیا بگرێتەوە؛ هەر چوار هەنگاوی ئەکرد بە هەنگاوێک و بۆی دەرئەچوو.

ئەگەر جارێک بیاننارادیە بۆ خان و بازاڕ وەیا خۆی ئیشی بەبازاڕ ببوایە، ئەبوایە لە ڕێگایەکی زۆر دوورەوە هەموو کۆلانەکانی ببڕیایە، ئەو وەختەبچوایە بۆ بازاڕ؛ ئەمەش هەموو لەترسی من.

ماوەیەکی زۆر ئەم زاڵیەی من و ترسەی ئەو درێژەی کێشا؛ چ یارای ئەوەی هەبوو بەو کۆلانەی ئێمەدا تێپەڕێ. وتی ئەوا رۆژێک سەیرم کرد عەتا لەسەر کۆلانەکەوە دەرکەوت. هەر لە دوورەوە بۆی چووم و دەستم کرد بەجنێودان پێی کە چۆن توانیوتە سەر بکەی بەم کۆلانەدا؟ وتی سەیرم کرد ئەو عەتایە کە جاران چاوی بەمن بکەوتایە شوێن نەبوو خۆی تیا بگرێتەوە هیچ گوێی نەدامێ هەر هات. من لەمە زۆر تووڕە بووم دەستم کرد بەقسەپێ وتنی و وتم ئەوە بەرەو رووم دیت؟ سەیرم کرد ئەویش دەستی کرد بەجنێودان بەمن و هەر دێتە پێشیشەوە. من کەئەمەم دێ هەندێ لەگیف بوونەوەکەی خۆمم کەم کردەوەو لەشوێنەکەی خۆم وەستام. نەخێر ئەو هەر دێتە پێشەوەو هیچ گوێم ناداتێ. وتی: من یەک دوو هەنگاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.tabari.org

کشامەوە دواوە، ئەو هەر ناوەستێ و دێت؛ ئەوا جنێویش ئەدا. خۆ منیش لەجنێودان نەکەوتوم.

دانەویمەوە بۆ بەردێک و بەردێکم تێگرت ئەویش دانەویەوەبۆ بەرد و بەردێکی گرتە من. من یەک دوو هەنگاوی‌تر کشامەوە دواوە. ئەو هەر دێت و جنێو ئەدا و بەردم بۆ ئەهاوێژێ، سەیرم کرد بۆن و بەرامە ئەنجامێکی چاک نادا بەدەستەوە، بەخوا پشتم تێکرد و ئەمجا من کەوتمە هەڵاتن. گۆشەیەکی چاوم پێوەیە سەیر ئەکەم کەوتۆتەسەرم ها ئێستە بمگرێ، ها تۆزێکیکە، بە هەر جۆر بوو سەرم کردەوە بە ماڵی خۆماناو دەرگاکەم داخست.

گوێم لێ بوو وتی: بۆم راوەستە هەی واو وات لێ بکەم؛ من ئەگەر بمزانیایە تۆ ئەوەندە حیزەڵەیت ئەمەدوو ساڵە بەمجۆرە خۆمم تووشی ئەم عەزیەت و دەردی سەری و کۆڵانەو کۆڵانە ئەکرد؟

- لەو بناری «دەشتەتاڵ»ە پیاوێک هەبوو سۆفی پیرۆتی ناو بوو؛ جۆڵایی ئەکرد. مێوانێکیان هات، ئەویش لەسەر پێ چاڵکە بوو. دنیا زستانە، ئاگر کراوەتەوە. کابرای میوان لەم بەری ئاگردانەکەوە دانیشتووەو خێزانەکەی سۆفی پیرۆتیش لەو بەرەوە.

ژنەکە دەرپێکەی دڕابوو دوابڕاوەکەی بە دەرەوە بوو. سۆفی پیرۆت چاوی لێ بوو. لەناو پێچاڵەکەدا مەکووکەکەی ئەهێناو ئەبرد ئەیوت:

هەپووش مەپووش ئەو کونەداپووش

ژنە هەر تێ نەئەگەیشت. بە ناچاری سۆفی پیرۆت هەر بەدەم مەکووک کوتانەوە خێرا سەرە بزووتێکی لەئاگرەکە دەرهێنا و هاویشتی بۆ ژنەکەی. سەر بزووت بۆ نەچێ بکەوێ لە دوابڕاوەکە. ژنە لە تاوانا و لەبەر ئەو ناکاویە، هەڵبڵۆقایەوەو لە عەزرەتانا —بلامانێ- یەکێکی پیا هێنا. جا سۆفی پیرۆت مەکووکەکەی هەر ئەهێنا و ئەبرد و ئەیوت:

هەتەر مەتەر ئەم لەو بەتەر.

- دوکتۆر عیزەدین گێڕایەوە وتی:

رەئۆفی سەعەی فەتاح بۆی گێڕامەوە وتی: ئەوا لە بەسرەم؛ دنیا گەرمە بە نیوەڕۆان ئەگەڕێمەوە بۆ مێوانخانەکەم، بەڵام لە بەر ئەوە کە کەس نەبوو قسەی لەگەڵا بکەم، لەم رووەوە تۆزێ بێ تاقەت بووم. رۆژێک سەیرم کرد وا کابرایەکی هەورامی لەو ناوەداخەریکی حەماڵی و شتەیە، ئەویش بە نیوەڕۆان پەنا دیوارێک هەبوو ئەچوو لەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەحەسایەوە. بەزەییم پیا هاتەوە بانگم کردە لای خۆم پێم وت برام هەموو ڕۆژی بەنیوەڕۆان وەرەلای من نیوەڕۆژەی خۆت بکە. لەم سێبەری ژووری ئوتێلەدا بحەسێوە. ئاوی سارد بخۆرەوە. کە دنیا بوو بەعەسر و فێنک داهات بچۆ بەلای کاسبی خۆتەوە. کابرا ئەمەی زۆر پێخۆش بوو.

هەموو ڕۆژی لەقرچەی گەرمای نیوەڕۆدا ئەهات. من چۆنم پێی وتبوو بەو جۆرە رایئەبوارد. منیش وەختەکەم لە گەلا بەقسەکردن رائەبوارد. ڕۆژێک زۆر گەرمابوو من دەستم کرد بەدەردەدڵ کردن کە ئەم گەرمایە چییە؟ ئەویش وتی:

قوربان ئەوە ئەم گەرمایە هی ئەوەیە کە وەختی خۆی خواوەنتەعالا ویستی جەحەنەم لێرە دروست بکا- لەم شارە- هێنای لە پێشا توونەکەی دروست کرد لەپاشا ئەولیاکان و شێخی سراجەدین لێی کۆ بوونەوە، عەرزیان کرد بینایی چاوان تۆ لێرەجەحەنەم دروست ئەکەی لەوانەیە عەرەبەکان تێک و مەکانی بدەن و بەجارێ وێرانی بکەن. بێنە بیگوێزەرەوە بۆ شوێنێکی‌تر.

ئەویش کەئەمەی گوێ لێبوو لە ترسا بەخۆی و کەرەستەی جەحەنەمەکەیەوە هەلات. بەلام توونەکەی لە بەر شپرزەیی لێ بەجێ ما. جا ئێستە ئەم گەرمایە خی ئەوەیە.

وتی لەپاش چەند ڕۆژێک کابرا پێی وتم قوربان من بۆچی هەموو ڕۆژی بێم بۆ ئێرە؟ بۆم حساب بکە ڕۆژی چوار فەیسەڵی حەفتەو حەفتەدێم پارەی هەموو حەفتەکەم بدەرێ ئیتر بۆچ هەموو ڕۆژی بێم ئەچم بۆ خۆم کاسبیەک ئەکەم.

وتی بەراستی بیرو باوەڕی کابرام بەلاوە سەیر بوو. وتم: برا بۆچی تۆ چی ئەکەی بۆ من؟ هیچ وائەزانی گوێزی هەورامانم بۆ ئەژمێری؟ من وتم با لەو بەر هەتاوە نەمێنێتەوە؛ کەواتە خوات لەگەڵ.

- لەو ولاتی موکریانە پیاوێکی جۆلا هەبوو مام وەیسی ناو بوو. ئەم مام وەیسە گەلێ جاری وا هەبوو لە بەنەمەرەزی خۆی -واتە بەن لە خۆی- ڕانک و چۆخەی بۆ خەلک ئەکرد و پیانی ئەفرۆشت. پیاوێکی‌تریش هەبوو مام حەیدەری ناو بوو بزنە مەرەزی چاکی هەبوو. ژنێکیش هەر لە ولاتەکەدا بوو پوورەئەسمەریان پێ ئەوت. تەشی ڕێسیی ئەکرد؛ بەلام تەشی ڕێسی چاک بوو. مام حەیدەر عومری هەشتا ساڵ بوو، پوورەئەسمەر نەوەد، مام وەیسیش تەنگی بەسەد هەلچنیبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەوێدا حەمەد بابەکرێک هەبوو دەوڵەمەند و خاوەن جووت و گا بوو. هەموو ساڵی سەپانی رائەگرت. لەو وڵاتەدا وەکوو نان ئەدەن بە سەپان بەرگیشی ئەدەنێ. ئەم حەمەد بابکرە سەپانێکی راگرت. بڕیار ئەوەبوو رانک و چۆخەشی بۆ بکا، بەڵام هەر بۆی نەکرد و هەر ئەیوت: با مام حەیدەر مەرەزەچاکەکەی ببڕێتەوە ئەیدەم بە پوورەئەسمەر جوان بیرێسی، ئەو وەختە مام وەیس بەدڵ بۆت بکا بەڕانک و چۆخە. هەر بەم جۆرە سەپانەکەی لە بەهارەوە ئەخستە پایز و لەپایزەوە ئەیخستە بەهار. لە ئەنجاما سەپان وەڕەز بوو وتی:

مەرەز مەرەزی مام حەیدەر بێ — تەشی ڕێسەکەی پوورەئەسمەر بێ
جۆلاکەی مام وەیس سەرقنگ عەنتەربێ — ئەم ڕانک و چۆخە قەت تەواو نابێ

- کابرایەکی خۆشناو گوێدرێژێک بار ئەکا لە ترێ و ئەیباتە مەخموور بۆ فرۆشتن. ترێ ئەگۆڕێتەوە بەگەنم و بار دائەگرێ بۆ گەڕانەوە. گەنمەکە گران و قورس ئەبێ کەرەکە نایتوانێ؛ لەبەر ئەوەکەر لەشوێنی خۆی ناجووڵێ. کابرا زۆری دا لەم کەرە بەستەزمانە. ئەوانیش دێن تیر و پڕ ئەدەن لەکابرا. هەندێ لەباری کەرەکە کەم ئەکەنەوەو ئەیدەن بەکۆڵی کابرا خۆیا ئەڵێن دە ئێستە بۆ خۆت بڕۆ ملت بشکێنە. کەر کە بارەکەی تۆزێ سزک ئەبێتەوەئیتر ئەڕوا. جا کابرا کە لە گوندەکە دەرچوو سەری نابووە بنا گوێی کەرەکەوە پێی ئەوت:

هەنووکە چ دەرێت؟ ما لێرەش خزموو هەنە؟

- کابرایەکی شارەزووری تەڵاقی ئەکەوێ و ئەکەوێتە شوێن تەڵاقەکەی بۆ چاک کردنەوەی. مەلا مەحموو گێڕایەوە وتی:

ئەم کابرایە ئەچێتە سولەیمانی ئەچێتە لای مەلاعەبدوڵڵای چوڕستانی و پێی ئەڵێ: قوربان تەڵاقێکی پیسم خواردگەو لە ڕووم هەڵنایە بیگێڕمەوە. ئەویش ئەڵێ: باوکم بیڵێ بزانم چیت وتووە؟ ئەڵێ: ئاخر قوربان لە ڕووم هەڵنایە بیگێڕمەوە.

ئەویش ئەڵێ: باوکم لەشەرعا شەرمی بۆ نییە، بیگێڕەوە بزانم چیت وتووە بەڵکوو چارێکی بکەین. کابراش هەندێ سەر دائەخاو پاشان ئەڵێ:

وەڵڵا قوربان وتم وەژنەکەم تەڵاقت کەوتۆوێ هەر مەلایەکیش خاسی کاتەوە بکەم وەقوزی دایکیەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلاعەبدوللاش سۆفی ئەبێ، ئەم جۆرەقسانەی قەت گوێ لێ نەبووە، بەتەوسێکەوە سەیریکی کابرا ئەکاو بەدە ستی ئیشارەی بۆ ئەکا و ئەلێ هەستەبڕۆ هەستە.

کابرا دیتە دەرەوە لە خەڵکوخوا ئەپرسێ ئەلێ: بەڵکوو مەلایەکم پیشان دەن تەلاقەکەم خاس کاتەوە. خەڵک مەلا عەولای بێژوی لە مزگەوتی گەورەی پیشان ئەدەن. ئەم مەلا عەولایە لەو رۆژەوە کە هاتۆتە دنیاوە تا ئەو تەمەنی هەشتا و پێنج سا لییە وەکوو شێخ ئەمینی بێژوی هەر سۆفی و هەر دووره پەرێز لە دنیا بووە.

ئەچێتەخزمەتی و ئەلێ: قوربان تەلاقێکی پیسم خواردگە، بریا گووم بخواردایەو تەلاقی وام نەخواردایە. چوومە خزمەتی ئەو مەلایە دەری کردم، ئێستە جەناوتیان پیشان داگم. هاتگم جا تۆیش کەیفی خۆتە. لە رووشم هەڵنایە بیگێڕمەوە. ئەویش وەکوو چورستانی ئەلێ: بابم دەبێلێ دەشەرعی شەریفدا چ شەرمی تێدا نییە.

کابرا ئەلێ: قوروان وتم وەژنەکەم تەلاقت کەوتۆوێ و هەر مەلایەکیش خاسی کاتەوە بکەم وەقوزی دایکیەوە. مەلا عەولا بەتەواوی ئاگری تێ بەر ئەبێ ئەلێ:

بابم من تەلاق و وانێک چاک ناکەمەوە، ئەگەر چاکم بکردایەتەوەچاکم ئەکردەوە. ئەو جا من لەقوزی دایەلێ تۆم ئەبرد و لە قوونی بابیشت. دە هەستە بڕۆ دەبەنگ.

- شێخ مەحموودی مەلیک لە دەورەی سولەیمانی بوو. شەڕی لە گەڵ ئینگلیزو حوکومەتی عێراقدا ئەکرد. گەلێ لە زابتە کوردەکانی لەگەڵا بوو؛ یەکێک لەوانە عیززەت تۆپچی بوو. سەر دەمێک لە بناری تەلان و جاسەنە بوون.

شێخ ئەمری دابوو هەموو شەوێکی جومعە زکر بکەن. ئەو عالەمە ئەبوایە بچوونایە کۆڕی ئەو زکرەوە. زابتەکان لەبەر ئەوە کە خەڵکی‌تر نزیکتر بوون بەشێخەوە، ئەوان بەو لاترەوە ئەبوایە لە زکرەکە بوونایە. لەمانەش زۆریان هەبوو کە بڕوایان بەم زکر و هەرا و هۆریایە نەبوو، بەڵام زۆری شێخ مەحموود راپێچی دابوون. زکرەکەش زیاتر لەسەر وشەی «اللّه»ئەبرایەوە. ئەبوایە پێنج تەزبێح الله بکرایە. عیزەت تۆپچیش تووشی ئەم زکرەبوو بوو بەڵام زکر کوجا مەرحەبا.

چەند شەوێک بەمجۆرە تێپەڕی و عیزەت لە وەزیا نەما. شەوێک لە کۆڕەکەدا بانگی کرد یا شێخ! شێخ مەحموودیش وتی بەلێ. عیزەت وتی هیچ. تۆزێکی‌تری پێ چوو دیسان بانگی کرد یا شێخ! ئەویش ئەیوت بەلێ. ئەم ئەیوت هیچ. بەمجۆرە عیزەت تا چوار جار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بانگی ئەکرد یا شێخ. شێخ تووڕە بوو وتی: سەگی سەگ جسن بۆچ من گاڵتەچی تۆم هەر بانگم ئەکەیت و پاشان ئەڵێی هیچ؟ عیزەت وتی:

«قوربان! تۆ بەچوار جار بانگ کردن وا تووڕە بوویت و بەو جۆرە دەستت کرد بەئاگر کردنەوە. ئەی خوا ئێمە پێنجسەد جار بانگی بکەین و هەر بڵێین "الله الله" ئاخر ناڵێ سەگی سەگبابینە چیتان لێم ئەوێ وا لەسەر یەک لە سەر یەک وەکوو جیکەنە بانگم ئەکەن و هیچ ئیشێکیشتان نییە؟»

شێخ مەحموود وتی ئەی بە لەحنەت بێ بۆ خۆت و بۆ قسەت. بڕۆ نەگبەت ئیتر جارێکیکە مەیەرە کۆڕێ ئەم زکرەوە. عیزەت بەم جۆرە خۆی لەدەست زکر کردن رزگار کرد.

- دوکتۆر ئەمین گێڕایەوە وتی:

سابری تەپەجنە هەبوو، پیاوێکی پیری قسەخۆش بوو. زۆر بە ژیانەکەی لەپۆلیسیدا بەسەر بردبوو. کە لە پۆلیسی دەرچوو بوو بەتەواوی قسەی خۆش کردبوو وتی:

ئەوا لە بەرزنجەم لەبەر دەرگای مودیرام. مودیریش رەشیەفەنی بوو. ژنێکی جوانکەلە (خوا هەقەزۆر جوان بوو) پەلی مێردەکەی راکێشابوو هاتن بۆ لای مودیر، ئەیەویست تەڵاقی خۆی لێ بستێنێ. وا دیار بوو پێشووتر چوو بوون بۆ لای مەلا. کابرا ژنەکەی تەڵاق نەئەدا و دیارە مەلاش بۆی تەڵاق نادا. ناچاری هێنا بووی بۆ لای مودیر.

مودیر بەپیاوەکەی وت: کابرا تۆ ئەم ژنەی خۆت تەڵاق ئەدەی؟ کابراش وتی: قوربان تەڵاقی نادەم. خۆ بەزۆر پێم تەڵاق نادەن. رووی کردەژنەکە وتی: ئافرەت وا ئەڵێ تەڵاقی نادەم. ژنە تووڕە بوو رووی کردە مێردەکەی و وتی: «دەم گەناوەی سیسەڵە! قوزی خۆمەو نایدەم وەتۆ ئەو قوزەسەگە». سابر وتی: چوومە لایەوە پێم وت: بەقوربانی ئەو قوزەبم! وتی ژنەکە وتی: خوا عافووت کا.

- دوکتۆر کاوس قەفتان گێڕایەوە وتی پوورم بۆی گێڕامەوە وتی:

ئەوا رۆژێک لەماڵەوە هەموو دانیشتووین دەرگای حەو شەکە کرابووەوە. ئەوەندەمان زانی پیاوێک بە هەڵەداوان کردی بەدەرگاکەدا و هاتەحەوشەوە. بە پرسکاوی پرسی ئەرێ پێشاوەکە لە کوییە؟ ئێمەش وا تێگەیشتین کە ئەم کابرایە تەنگاوەو ماڵەکەی بەمزگەوت زانیوە، ئاودەستەکەمان پێشان دا خێرا سەری کرد بەئاودەستەکەدا. ئەوا ئێمەش چاومان لێیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستی برد بەسەری پەنجەیەکی تۆزێ پیسایی دەر هێنا خستیەسەر پەڕۆیەک و هاتەدەرەوە وتی ماڵتان ئاوابێ و رووی کردەقاپی حەوشەبۆ رۆیشتن. ئێمەش ئەمەمان زۆر بەلاوە سەیر بوو لێمان پرسی: خالە تۆ ئەمەچیت کرد و بۆچ وات کرد؟

وتی: «برا بێژم چی؟ نەخۆشم چوومەلای ئەو حەکیمەی دراوسێتان، موعایەنەی کردم وتی بچۆ تۆزێ لە پیساییەکەت بێرا تا تەحلیلی بکەم. منیش بێژم چی گووم نایە هاتم بە پەلە ئەمەی بۆ ئەبەم بزانم دواجار چی ئێژێ؟»

وتی: ئێمەش وتما دەیجا باوکم ئەمەچۆن ئەبێ؟ ئەو داوای هی خۆتی کردوە. ئەویش وتی: برا ئەمەئێوە ئێژن چی؟ گوو هەر گووە هی من وێ و هی یەکێکیتر وێ بۆ ئەو هەر خاسە. ئەمەی وت بەفڕکان لەدەر گا دەرچوو بەنیازی خۆی بۆ لای دوکتۆر.

لەو دەشتی دزەییە کابرایەک پەلە سیلێکی هەبوو چوار پێنج کار پێی فێر بوو بوون ئەچوون ئەیانخوارد. کابرا هەر دەریئەکردن و ئەوان هەر ئەهاتنەوە. یەکێ لەکارەکان پەلێک بوو سەری سپی بوو کابرا گەیشتە تینی راوی نان و کارەپەلەکەی گرت بەدار هاتە ویزەی و وتی: «هەی سەگی سەگبابی لەسەی بوو! ئەوەئەوان سەریان رەشەو لە هیچ تێ ناگەن خۆ تۆ سەرت سپییە. ئاخر نابێ تۆزێ شەرم لەو مووە سپییەی سەرت بکەی؟ ئەوا چەند جارە من دەرتان دەکەم. لەباتی ئەوە تۆ پێیان بڕێت دەحەییە ئێتر بانەچینەوە، کەچی خۆت پێشیان دەکەوی و دەیانهێنیتەوە. دەبڕۆ بیخۆ لۆ خۆت.

– رەشید جەودەت جارێک لەو ولاتی بەسرەیەشەوێک لەگەڵ خانمێکی ئەو ناوەدا ئەبێ، پاش ماوەیەک بەدەم گەمەو گاڵتەوە دەستێک ئەدا لەسکی خۆی و ئەڵێ: شووفی هڕا بگنی. خانم پێی ئەڵێ: مەڵێ هڕا بگنی بڵێ هرە بگنی. ئەویش ئەڵێ: بۆچی وا بڵێم؟ ئەڵێ: چونکە بگن مۆنسە. ئەمیش هیچ دەنگ ناکا. پاش ماوەیەکیتر هەر بەدەم گەمەو گاڵتەو دەستی ئەخاتە سەر مەوزعی کاری خانم: هڕە فرج. خانم ئەڵێ: مەڵێ هرە فرج بڵێ هڕا فرج. ئەڵێ: بۆچی؟ ئەڵێ: چونکە فرج موزەکەرە. ئیتر لە وەزیا نامێنێ ئەڵێ: هەی سەگی سەگبابی دێڵەسەگ! ئەو قوزە پیسەی تۆ کەتا ئێستەچوار هەزار کێری خواردووە نێر بێ و ئەم سکەی من بەم پاک و پوختیە مێ بێ. ئەمەتا ئێستە نەبووەو نەبیستراوە. هەستە بچۆ بەولاوە لەلام لە خۆت و لەزمانیشت دا.

– شێخ نەجمەدین گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکراغای گەورک عەمری خوای کردبوو. کوڕێکی هەبوو کوڕەکەیان لەجێگای داناْبوو. ئەم کوڕە زۆر جرت و فرت و هیچ بوو. شێت نەبوو بەلام وەکوو شێت وا بوو. خزمەتکارێکی باوکی هەبوو کە پیاوێکی زۆر ژیر و دانا بوو، هەموو جار ئامۆژگاری کوڕەکەی ئەکرد کە وا جرت و فرت نەبێ و تۆزێ گران و سەنگین بێ بۆ ئەوە خەڵکەکە شەرمی لێ بکەن و شوێن ئاگردان کوێر نەبێتەوە. لە دوایی هەموو شتێکا کوڕە هاتە قسەو وتی:

بابەلێ بابەلێ! بەخودای لووتەی ئەحمەد شۆخێ[١٣] ببەستی بەگونمەوە تازەگران و سەنگین نابم.

- ژنێک هەبوو لەقەشان شێت بوو بوو، خەڵکی پێیان ئەوت کێرمان بەقوزت. ئەویش ئەیوت: جا تولە بابینە قوزم بەکێرتان.

- جارێک لە هەولێر منالە ئاغاکان کابرایەکی کرمانج -کەسمایلی ناو بوو- ئەیبەن عەرەقی ئەدەنێ. شەوێک سەرخۆش ئەبێ، ئەمجا ئەچنەوە لە قەلاتێ ئەو شەوە ئەنون. بەیانی کابرا کە هەڵئەستێ تینوی ئەبێ سەیر ئەکا شەربەیەک لەسەر بانەکە دانراوە. دانیشتووەکانی قەلات هەر لە ئێوارەوە شەربەئاو لەسەر ئەو بانە بەرزانە دائەنێن تا بەیانی ئەبێ بەتەرزە. سمایل شەربەئاوەکە ئەنێ بەسەرەوە تەماشا ئەکا تا ئەو وەختە ئاوی سارد و بەلەزەتی وای نەخواردۆتەوە ئەڵێ:

ئای لەقونێتان بم هەولێرییان! هەنووکە زانیم کە لۆچی حەرەقتان دەخۆنەوە.

- شێخ عەبدولڕەحمان گێڕایەوە وتی:

مەلا سالحی کۆزەپانکەو مەلا سمایلی دیبەگەو چەند کەسێکی‌تر -کە یەکێک لەوانە مام عەزیز بوو- ڕۆژێک لە دیبەگە بەناو کۆلانێکا ئەڕۆن. بەلای دیوارێکا تێئەپەڕن دیوارەکە زۆر بەرز نابێ؛ بەحاڵ سەریان لەو دیوی دیوارەکە دیار ئەبێ. دیوارەکەش دیواری حەوشەیەک ئەبێ. منالێک لەو دیوی دیوارەکەوە هەرئەگرێ و دایکەکەی بۆی ژیر

---

١٣- ئەحمەد شۆخێ شاخێکە لە بەشی گەورکی ئێران بەلای شمالی سەردەشتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ناکریتەوە، مام عەزیز سەر بەسەر دیوارەکەدا شۆڕ ئەکاتەوەو بە دایکی منالەکە ئەڵێ: دایکم ئەو منالت بۆ ئەوەندە ئەگری هەڵبەت بسم اللەی لێ نەکراوە.

ژنەش چاوی لەمەلا سالح و ئەوان نەبوو وتی: برام بسم اللەی چی لێ نەکراوە؟ مندالەکانی مامۆستا مەلا سمایل اعوزوباللەشیان لێ کراوە،کەچی هەر دەست بەدەمی سەیدا ئەکەن.

- لە سولەیمانی لە گەڕەکی هۆلێ، سالح ئاغا هەبوو. مزگەوتی گەڕەکە کەتێکچوو بوو خەلکی گەڕەکەکە ئەیانویست چاکی کەنەوە. ئەچنەلای سالح ئاغا پێی ئەلێن: ئەمانەوێ مزگەوتەکە تێکبدەین و چاکی کەینەوە، جەنابیشت ئەگەر بەشی خۆتی تێخەی زۆر خێرت ئەگا. ئەویش ئەلێ:

من بۆ تێکدانەکەی چیتان ئەوێ ئەتاندەمێ، بەلام بۆ چاک کردنەوەکەی یەک پوول نادەم.

- حەسەن ئەفەندی هەبوو لەسولەیمانی هەموو جار لەدوعای پاش نوێژی جەماعەتا ئەیوت: بێجگە لەو دەدوانزەکەسەی کەخۆم ئەیانزانم فاتحە بۆ ڕۆحیانەتی هەموو موسلمانان بێت.

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

مەلا جەلالی مەلا حەسەنی ئابلاخ ڕۆژێک لەبازاڕ مریشکێکی زیندوو ئەکڕێ ئەیخاتە ژێر جوبەکەی و ئەیباتەوە بۆ مالەوە. لە مالەوە لەبیری ئەچێ مریشکەکە دانێ، دائەنیشێ و هەر بە جوبەکەیەوەخۆی ئەخا بەلادا و ئەکەوێ بەسەر مریشکەکەدا. مریشک دەست ئەکا بەقیژ و هوڕ. مەلا جەلال ئەترسێ و هەلئەستێ و ڕائەکا ئەلێ:

خەلکینە بمگەنێ دەعبایەک لەژێر جوبەکەمایە خەریکە بمخوا.

- ئالتوون ئەفەندی هەبوو لەوسلەیمانی، لێیان پرسی ئالتوون ئەفەندی «و ما و الورد و الشجر بەردە»؛ مەعنای چییە؟ ئەویش ئەلێ: ئەو کۆترەی لەسەر بەردەبالی لێ پەیدا ئەبێ و پاشان ئەفڕێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- شێخ بەشیر ئەترووشی بۆی گێڕامەوە وتی:
لەو ولاتەئاغا شڕەزۆڕە. کابرایەکی بێژ، بەناوبانگی ئاغایەکەوە ئەچێت و شەوێ ئەبێ بەمیوانی بۆ ئەوە شتێکی بداتێ. لە گوێ ئاگردان دائەنیشن و حەیرانێکی بۆ ئەڵێ. ئاغا ئەڵێ: مەڕێکی بدەنێ. ئەمجا خەزێمێک ئەڵێ. ئاغا ئەڵێ: گایەکی بدەنێ.
بەمجۆرهەر ئەو گۆرانیەک ئەڵێ و ئاغاش هەر بۆی زیاد ئەکا. هەتا بەیانی ڕۆژ ئەبێتەوە. کابرا بەیانی ئیتر ئەیەوێ بڕوا سەیر ئەکا هیچ دیار نییە. ئەچێتە لای ئاغا ئەڵێ: ئەمەوێ بچم بۆ لایەکی‌تر خەلاتەکەم بدەرێ با بڕۆم. ئەڵێ: خەلاتی چی؟ ئەڵێ: ئەوانەی کەشەوێ فەرمووت. ئاغاش ئەڵێ: تۆ چاکت وت و منیش چاکم وت. کابرا بە هەناسەساردی ئیتر لێ ئەدا ئەڕوا.

- فەقێ محەمەدی نانەوا هەبوو لە پیاوەنانەوای خانەقای بیارە بوو. لە دەمەدەمی پیریدا شێخ عەلائەدینی بیارە ژنێکی بێوەژنی بۆ هێنا بوو.
لە هاوینانا فەقێ محەمەد ئەچووە سەر ئاوەکەی شێخ مووسا بۆ مەلەکرد و وسڵ دەرکردن. کە خۆی ئەژەند بەئاوەکەدا ئەیوت: یارەبی بەقوربانت بم شێخ عەلائەدین خوا عافووت بکا. زستانان کە ئەچوو مەلە بکا کاتێ کە خۆی لەئاوەکە هەڵئەکێشا ئاوی سارد و سەختە ئەیوت: نیەتمە گووم خوارد. خوابتگرێ شێخ عەلائەدین بۆ پەنی پێت دام.

- کابرایەک لەو ولاتی دزەییایەتیە ژنێکی هەبوو هەر لەگەڵ هەر شتێک ئەبوو کابرا بە ژنەکەی ئەوت بیلێم. ژنەش لە بەر بیلێم بیلێمی مێردەکەی زۆر ئەسڵەمیەوەو لەوانەبوو پاشەڵیشی وا دیار بوو پیس بوو. ئەیوت: ببێ و نەبێ ئەبێ بەشتێکی زانیبێ بۆیە واهەموو جار وا ئەڵێ.
ئاخری وای لێ هات کوناوە جەرگ بوو. ڕۆژێک لەوەزیا نەما وتی: دەبیلێ بزانم ئەمە چییە هەر ئەڵێت بیلێم؟ کابرا ئەمجا وتی: دەسا وەڵلا ئەیلێم ئەمنت بمرم.
ئەمجا ژنە وتی: دەک بەزیاد نەبێ ئەمەبوو بۆ ئەمە چەند ساڵە منت پێوە کوشتووە ئەمری نامری جارو جەحەنەم.

- تازە پاقلاواو ماقلاوا داهاتبوو کابرایەکی جافی کۆچەری جارێک لە ماڵی مەحموو پاشادا خواردبووی زۆری بەلایەوە بە لەزەت بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەم کابرایە ئەچێ بۆ سولەیمانی سەیر ئەکا وا لەدوکانێک ئەوەی لە دیواخانەکەی محموو پاشادا خواردوویە هەیەو کابرایەکیش وشک لە ناو دوکانەکە بە سەریەوە راوەستاوە. ئەمیش لە بەرانبەریەوە هەر ئەوەستێ. سەیر ئەکا کابرای ناو دوکان هیچ جوولە ناکا، ئەچێتە پێشەوە بۆی. دوو پەنجە روو بەرووی هەر دوو چاوی ئەکاتەوە. کابرا سەری ئەکێشێتەوە دواوە ئەلێ: ئەوە بۆچ وائەکەی؟ ئەلێ: برا ئەوە بۆچی چاوت ئەوینی؟ ئەلێ: بۆچ نابینێ. ئەلێ: ئەگەر ئەوینێ ئەوە بۆچی تێر و پڕی لێ ناخۆی؟

- پێ کوڕیەکی جاف لەعێل بەجێ مابوو، لە کاتی گەڕانەوەیانا بۆ گەرمیان لەشار باژێر لەو بناری شووکێ و باراوەدا دەوار هەڵئەدەن. ترێ پێ گەیشتووەماڵەکە مرخ لە ڕەزێک خۆش ئەکەن. شەوێک ئەچن چی بە ڕەزەکەوەیە لێ ئەکەنەوەو ئەیهێنن بۆ ئەوە سبەینێ بیخەنەسەر پشتی گایەک و بچن بە ڕێ خۆیانەوە.

لە دەمەو هەتاوکەوتنا خاوەن ڕەز ئەچێتەسەر ڕەز تەماشا ئەکا یەک هێشوەترێ چییە پێوە نەماوە. دەنگی دەرو دراوسێ ئەکا ئەلێ: غەوارە لەم شوێنەدا نییە تەنها ئەو ماڵە جافە تەریدەیە نەبێ کەیەک دوو ڕۆژە لێرەدا خستوویانە. ئەم ئیشە ئیشی ئەوانە. دەی بابچین.

هەر یەکە پەلاماری تێلایەک ئەدەن و هێرش ئەبەنە سەر ماڵەکە. ماڵیش کەسیان لە عەشرەت لانییە. سەیر ئەکەن ئەو حەشاماتە کە هات ئێستە هەر بەخواردن ئەیانخۆن. چاریان نامێنێ دێنن بە پەلە بارەترێ بەدرێژی دایئەنێن مەوجێک ئەدەن بەسەریا و ئەکەونە شین و شەپۆڕ بەدەوریا و ئەلێن:

تورش و شیرینەبرا ڕۆ — مزر و شیرینە برا ڕۆ
خاوەن نەوینەبرا ڕۆ — دۆشاو ڕەنگینەبرا ڕۆ
باسوق سنجاقەبرا ڕۆ — دەرمانی قورگەبرا ڕۆ
جێگای حەو برای تۆ براڕۆ — دەنگت دەرنایەبرا ڕۆ
وا دەوریان داگین براڕۆ — شان هەڵتەکێنەبرا ڕۆ
بۆچی وا ماتی براڕۆ — کاسەی نەباتی برا ڕۆ

دەستەی تێلاو بەدەست کەدێن و ئەزانن وا ئەمانەکۆستیان کەوتووەو مردوویان لێ مردووە بە شوێنەکەی خۆیانا ئەگەڕێنەوە، ئەلێن دزی ئێمە ئەمانەنین. پاش چوونی ئەوان ئەمانیش بار ئەکەن و ئەڕۆن و هۆرەترێش بەبێ قڕەلەگەڵ خۆیان ئەبەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حاجی مستەفای پاشاییامڵکی لە نەخۆشی مردنیا لەخەستەخانەی مەجیدیە بوو لەبەغدا. رۆژێک دەست ئەکا بەگریان و خورخورڕ ئاو دێتەخوارەوە بەچاویا. پێی ئەڵێن: پاشا خوا شفات ئەداو دەرئەچی بۆچ وا بێ تاقەتی ئەکەی؟ ئەوەوا نییە هەرکە نەخۆش بکەوێ بمرێ. ئەویش ئەڵێ:

ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟ من بۆ ئەوە ناگریم کە ئەمرم؛ ئەمرم بەگونی بارگیرتانەوە. بۆ ئەوە ئەگریم تا ئەو وەختە من، من بووم، ئەم ناسک و نازدارانە لە کوێ بوون؟ ئێستە کە من هیچم پێنەماوە چۆن ئەم فریشتانە وەکوو پەپوولە بە دەورما ئەسوورێنەوە! من بۆ ئەمەئەگریم.

(مەبەستی سیستەرەکان بوو).

- حەمەی باجیاشێ هەبوو تەلاقی خواردبوو سێ بەسێ کە جگەرە نەکێشێ. چەند ساڵێکی پێچووبوو بەم جۆرە مابووەوە. هەر وەختەبوو رۆحی دەرچێ بۆ جگەرە. لەبەر تەلاقەکەی نەیئەتوانی جگەرە بکێشێ.

رۆژێک لە ناکاو خەبەریان بۆ هێنا کە ژنەکەت مرد. ئەویش کە ئەم خەبەرەی بیست بەبێ ئیختیار هەر هەستا و دەستی کرد بەسەما کردن و ئەیوت: ئۆخەی ئۆخەی جگەرەم بەنێ، کاری خۆلایە جگەرەم بەنێ. حەمەی ئایشێ جگەرە بکێشە بۆ سوێندت خوارد جگەرە بکێشە. ئەو گووەی خوارت نەیخۆیتەوە لە بەهەشتیشا نەیکەیتەوە.

- لەو کوردەوارییە باوە کە نوێژی جەژن کرا خەڵکەکە ئەچن بۆ مالان بۆ جەژنەپیرۆزە. لە گوندی «شوێ» لەو ولاتی بانەیە پاش ئەوە جەماعەت نوێژی جەژن ئەکەن، مەلاکەیان پێشیان ئەکەوێ و ئەچن بۆ مالەکان بۆ جەژنەپیرۆزە. کە ئەچنە هەر ماڵێکیش شتێک هەر ئەخۆن، هی واشیان تێدا ئەبێ هیچ ناخوا. بەلام مەلا بەلایەوە «سونئەتە» لە هەموو مالەکان شت بخوا. وای لێ دێ ئیتر ناتوانێ بە پێیان بڕوا. کەرێکی بۆ دێنن سواری کەرە ئەبێت و پێش خەڵکەکە ئەکەوێ. ئەمجا وای لێ دێ ئیتر ناتوانی داشبەزێ. هەر بەسەر گوێدرێژەکەوە پیرۆزبایی ئەکا. شتێکیان کە هێنا هەر بەسەر کەرەکەوە پارووێەکی لێ ئەخوا و ئەڵێ بەزیادی کەن.

لە ئاخرا ماڵی پیرێژنێک ئەمێنێ ئەچن بۆ ئەوێش، بەبێ دابەزین لەبەر دەرگاکە پیرۆزبایی ئەکا و ئەڕوا. جەماعەتیش بەشوێنیەوەن. لەوەش ئەکەوێ هەر لەسەر کەرەکە شت بخوا. پیرێژنە دێت بەردەمی ئەگرێ و ئەڵێ: بەقوربانت بم! شیرەوامان هەیەئەبێ بۆ پیرۆزی پارووێەک هەر بخۆیت. مەلاش ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری کەرەکەبگێڕنەوە، شیرەوا سووکە.

- خاڵە ڕەجەب هەبوو لە سولەیمانی بەشەو درەنگ ئەچووەوە بۆ ماڵەوە. قاپی حەوشەکەیان هەر دوو دیواری ئەم لاو ئەو لای کەوتبوو. ئەو لەوێوە نەئەچووە ژوورەوە تەق و هۆڕ ئەیدا لەقاپی بەو درەنگ وەختە ماڵ و منالی هەڵئەساند بێن قاپی بۆ بکەنەوە. دایکی شەوێک پێی ئەڵێ: هەتیو تۆ بۆ بەو دیوارە ڕوخاوەدا نایەتە ژوورەوە کە حوشتری بەبارە تەنگزەوە پیا دێت؟ ئەم تەق و هۆڕەت لەچییە؟ هەموو شەوێ بەم نیوەشەوە ئێمە هەڵئەستێنی و خەوت لێ حەرام کردوین. ئەویش ئەڵێ:
دایە وس! دەنگ مەکە! من بۆیە لێرەوە دێمەوە با دز وا نەزانێ ئێمەدەرگامان نییە. ئەگەر لەولاوەبێمەژوورەوە ئەویش فێر ئەبێ لەوێوە دێت هەر شتێکمان هەیە ئەیدزێ.

- گورگ لەو کوردەوارییە زۆر هەبوو زیانێکی زۆری بەماڵات ئەگەیاند. جا مەلای گوند ئەیهێنا بە چەقۆیەک دەمی گورگی ئەبەست. ئەویش بەو جۆرە کە چەقۆیەکی ئەگرت بە دەستەوە چەند ئایەت و دوعایەکی ئەخوێند بەسەر چەقۆکەدا، فووی لێ ئەکرد و پێکیەوەی ئەنووساند و ئەیدایە وەدەست ئەو کەسە کەبۆی هێنا بوو ئەیوت: بیبەوە لە ماڵەوە داینێ تا ئەو چەقۆ نەکرێتەوە دەمی گورگەکە بەڕەلا نابێ.
مەلا فەتاحی گرتک هەبوو ڕۆژێ پیرێژنێک چەقۆیەکی لێ وەرئەگرێ و بەمجۆرەی خوارەوە دەمی گورگی بۆ ئەبەستێ.
والشمس وڤحاها، هەشت نۆ چین ها ها ها ولایخاف عقباها ها دایکم بگرە دەعباها گورگە نەکەی بزناها بیگری و بیکەی قوتاها.

- لەگوندی «گردەسۆر» لەولاتی هەولێر باو وا بوو کەمێوان روویان ئەکردە ئەوێ یەکێ لە خەڵکی گوندەکە بەسەرەنانی بۆ ئەو مێوانە دروست ئەکرد.
ڕۆژێک دەستەیەک لەگوندێکی ترەوە لە گەڵ کوێخادا بەمێوانی چوونە گردەسۆر. ئەو ڕۆژەمەلای گوندی وتی ئیمڕۆ نۆبەی منەو ئەبێ من نانیان بۆ دروست کەم. چووە ماڵەوە ڕایسپارد. ئەهلی گردەسۆریش وا پشتەسوور بوون کە مەلا نان دروست ئەکا.
ئێوارە نوێژی شێوان کرا لەمزگەوت مێوان هەموو بەمەلا فەتاحەوە چوونەوە بۆ ماڵەوە. مەلا کە ئەچێتە ژوورەوە سەیر ئەکا مەلاژن هیچی نەکردووە. مەلافەتاح دێتەوەدەرەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rahbun.org

لاقێکی ئەخاتە ئەم لای قاپیەکەو لاقێکی ئەخاتەئەو لای ئەڵێ: کویخا چارێکی خۆتان بکەن مەلا ژن هیچی نەکردووە.

- شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی بۆی گێڕامەوە وتی:

لەو ولاتی باڵەکایەتیە لە گوندی «بیتواتە» مام تەها هەبوو هەر خەریکی ئیش و کاری لادێ بوو؛ وەکوو ڕەز و باخ و جووت و گا. ژنێکی هەبوو ئەویش خەریکی تووتن و مەڕ دۆشین و نان و هەویر بوو. هەموو عومریان بەم جۆرە پێکەوە ڕابواردبوو.

ڕۆژێک مام تەها سەیری کرد وا ژنەکەی بارێکی بارکردووەو بە هەچەهەچە کەوتۆتە شوێنی. لێی پرسی ئافرەت ئەوەبۆ کوێ ئەچی؟ وتی: وەڵلا پیاوەکە ئەچم بۆ سەر ئەو قسنەو ئەم بارەشی بەدیاری بۆ ئەبەم بەڵکوو دوعام بۆ بکا لەلای خوا کە بمکا بەپیاو. من ئەم عەزیەتەی بەسەر شانمەوەیە بۆم هەڵناگیرێ. مام تەها تۆزێ ڕاما و وتی:

ئافرەت واز بێنە لەکەلی شەیتان وەرەخوارەوە. ژن بی و پیاو بی من تازە پێت فێر بوم هەر ئەتگێم.

- فەقێ محەمەدی هەمەوەند لە سەردەمی ئینگلیزەکانا بووبوو بەمودیری ناحیەی بازیان. ڕۆژێک عەولای سێتەبەسەر هەبوو، لەسەر ئیشێک هێنابوویان بۆ لای فەقێ محەمەد. ئەویش حوکمی ئەدا بەحەو ڕۆژ حەپس. عەولا ئەڵێ: وەڵلا فەقێ محەمەد حەپس نابم. ئەڵێ: چۆ ن حەپس نابی؟ مەحکەمەحوکمی کردووە بەسەرتا. ئەڵێ: هەزار مەحکەمەحوکمی کردبێ بەسەرما حەپس نابم. فەقێ محەمەدیش ئەڵێ:

بچۆ دەرەوەحەپس ئەبی، حەپس نابی چاوت دەرئەهات خۆ بۆ من حەپس نابی.

عەولا دێتەدەرەوەلووس وباریک ئەڕوا بەرێ خۆیەوە.

- شێخ عومەر گێڕایەوە وتی:

برایم بەگی سەروقامیش هەبوو ڕۆژێک بەژنەکەی ئەڵێ: گانێکم بەرێ بۆ هەر دووکمان باشە.

ژنە ئەڵێ: بۆ تۆ باشە، چونکەخۆت ڕەحەت ئەکەی. بەلام بۆ من هیچ باش نییە چونکە عەیبەو حەیای هەردووکمان ئەچێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایم بەگ ئەڵێ: بۆچی عەیبە؟ ژنە ئەڵێ: ئەی چۆن حەیامان ئەچێ!. ئەڵێ: کەواتە هیچ. من نەمزانی عەیبە چۆن گووی وا ئەخۆم کەحەیای خۆم و خۆت بەرم.

- محەمەئەمین عوسمان گێڕایەوە وتی:

لەو سەرە ژنێک هەبوو بە هەرجۆر بوو مێردە پیرەکەی خۆی هێنایەسەر ئەوەکە گەمەو گاڵتەیەک بکەن. کردیان پاشان ژنەکە ئاوی بۆ گەرم کرد ئەمجا ئاوێکی زۆر گەرمی کرد بەسەرا و کابرا خۆی رانەگرت تڕێکی کەند. ئەمجا جامێ ئاوی ساردی کرد بەسەرا ئەویش زۆر سارد بوو بەویش تڕێکی کەند. ئەمجا ژنە بۆ ئەوە خۆی بشواتەوە وتی:

بێ قەزا بی سەگباب چیت لێ بکەم؟ نەبەرگەی سەرما ئەگری و نەبەرگەی گەرما.

- «تازەخورماتوو» دییەکە لەتەنیشت کەرکووکەوە. لەزەمانی عوسمانییەکانا لەسەردەمی غەزا غەزاکەدا «یوزباشی»یەکی ئەچێتەئەوێ بەچەند زەفتیەیەکەوە خەڵکەکەکۆ ئەکاتەوەو پێیان ئەڵێ:

ئەوا غەزایەو بۆ ئیسلامە؛ سوڵتان ئەمری فەرمووە هەموو موسڵمانێک بچێت بۆ غەزا پێشی کافرەکان بگرێت و هەموویان سەر ببڕن. ئەمە بۆ بەرزبوونەوەی ئیسلام گەورەترین شتەو هەر کەسەش لە رۆژی قیامەتا تۆڵەی چاکەی خۆی وەرئەگرێتەوە.

خەڵکەکە هەموویان گوێیان لەم قسەیە بوو، سێ چوارێ لە ریش سپیەکانیان وتیان: جەنابی یوزباشی دەرفەتمان بدەرێ، سبەینێ وڵامت ئەدەینەوە. یوزباشی وتی: باشە. لەسبەینێدا ریش سپی و دەمڕاستەکان هەموو تەگبیریان کردەیەک و چوونەوە بۆ لای یوزباشیو وتیان:

جەنابی یۆز باشی خۆت ئەزانی ئێستە وەختی حاسڵات و کاسبی و دەغڵ و دان هەڵگرتنە، ئێمەبۆمان رێ ناکەوێ بێن و بچین بۆ ئەو وڵاتی کافرانە. بەشی خۆمانمان بۆ بنێرن، ئێمە خۆمان لێرە بە ئامن و زامن سەریان ئەبڕین و بۆ متمانەش چەند کەسمان بەر ئەکەوێ بۆ سەر بڕین، ئەوەندە کەللە سەر ئەنێرینەوە بۆ جەنابی سوڵتان.

- ئێمە لەگەڵ ئەو سەردەمەکوڕ وکاڵ بووین، عومەر یاسین هەبوو سەرتاش بوو لەبەغدا. دوکانەکەی لەجادەی رەشید بوو لە نزیکی مزگەوتی حەیدەرخانەوە. «سیمۆن»ی رەحمەتیش لەو بەر بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەو سەردەمە پاسەتەختەکان لەسەر جادەی رەشید ئیشی دەکرد. لە «باب‌الشرجی»وە ئەهات بۆ کازمەین ئەچوو. یەکێ لە جێگاکان کەتیایا ئەوەستا زیاتر بەر دوکانەکەی عومەر بوو. لەوێ ئەوەستا و بانگی ئەکرد «کازم کازم»کرێش بەچوار پوول بوو؛ وەیا بلێین بە عانەیەک بوو.

ئێمەی کوڕوکاڵ دانیشتبووین لە دوکانەکەی وەستا عومەر، پیاوێکی خەڵکی ئەو شارەزوورە «مارف»ی ناو بوو بە هۆی بورهانی حامد بەگەوە ئەویش لەوێ بوو. لەو لاوە پاس، یەک بەشوێن یەکا دێت و هەر یەکە بۆ خۆی بانگ ئەکا «کازم کازم».

ئەوەندەمان زانی مارف راپەڕی و چوو یەقەی یەکێ لەشاگردی ئۆتۆمۆبێلچیەکانی گرت و بەکوردی دەستی کرد بەجنێودان پێی و وتی:

ئاخر ئەوە شێخولقادر ـ رۆحم وەقوروانی وێ! ـ بۆچ گووی کردگە وەخۆیا؟ ئاخر ئەم کازم کازمە بوو وەچی وا تۆ هەر وەکوو زیقاوڵە داگتە وەیەکاو وەکازم کازم ئەو ناوەت هەراس کردگە؟

کابرای شاگردیش واقی وڕما، نازانێ ئەم چی ئەڵێ. پاشان ئێمە چووین کابرامان هێنایەوەو پێمان وت: باوکم ئەوان رێگاکەیان وایە بۆ کازمەین ئەچن. ئەبێ هەر بانگی ئەوێ بکەن. لەولاوە کە گەڕانەوە ئیتر هەر بانگی شێخ عەبدولقادر ئەکەن. وتی:

سا چووزانم خۆ شێخولقادر ـ رۆحم وەقوروانی وێ!ـ لە باوەژن نەوگە.

– لەو سەرە کانی ژنان هەبوو. ژنان مەلەیان لێی ئەکرد. کابرایەکی «حەمەبۆر»ناو چوو بۆ سەرکانیەکە. ژنەکان رووت بوون، ئەویش لە ناکاو چوو بەسەریانا. ژنەکان شڵەژان و کەوتنەپەلە. حەمەبۆر هەر بە نیازی بینینی ئەوان چوو بوو خۆی کردبوو بەکوێر. بە تەقەتەقی گۆچان چووە پێشیان. ژنەکان وتیان خۆ ئەوە کوێرە.

یەکێکیان بە رووتی هاتەبەردەمی حەمەبۆر و ویستی تاقی بکاتەوە: دەستی خستەسەر سەری خۆی و وتی ئەوە ئەبینی؟ حەمەبۆر وتی نەء. دەستی خستە سەرچاوی وتی ئەمە ئەبینی؟ وتی: نەء. دەستی خستە سەر مەمکی وتی ئەوە ئەبینی؟ وتی: نەء. دەستی خستەسەر ناوکی وتی ئەوە ئەبینی؟ وتی: نەء. ئەمجا دەستی خستەسەر دوابڕاوەکە وتی: ئەوە ئەبینی؟ وتی: «جا ئەگەر ئەوە نەبینم کەواتەکوێری دنیاو قیامەتم».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕووداوەکانی ڕابردوو

- ساڵی ١٩٥٦ ڕۆژی ١٠ / ٨ ی ئەو ساڵە بوو من لە مزگەوتە شڕەکەم بووم لەبەغدا. دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو. دەورەی مزگەوتەکە پڕ بوو لەخەڵک. ئەوەندەم زانی شێخ مەحموودی حەفید بە پێپلکەکانا سەرکەوت و سەری کرد بەژوورەکەی منا. ئەو شێخ مەحموودە کە وەختی خۆی ئەتوت شێرە، لاواز و باریک بووبوو. هەر ئەو نەخۆشیەی بوو کەلەو ساڵەدا بە هۆیەوەکۆچی دوایی کرد.

هەرمن و ئەو بووین لەژوورەکەدا. حەوشەو دەوری مزگەوت پڕ بووبوو لەخەڵک؛ چونکە شێخ مەحموود هاتۆتە ئەوێ و ئەیانەوێ چاویان پێ بکەوێ.

وردەوردە دەستی کرد بەقسەکردن و بەدەردەدڵ کردن. فرمێسک بەسەر گۆناکانیا هاتە خوارەوە وتی: زابتەکان و زۆرتر لەوانەی کە لەگەڵما بوون، هەموو خیانەتیان لەگەڵ کردم. فرمێسکیش بەسەر گۆنایا هەر دیتەخوارەوە. لە گەرمەی ئەو قسەکردنەیا ئەوەندەم زانی لەگەڵ ئەو بێهێزیەشیا هەستا و ناچەوانی ماچ کردم و وتی: ڕۆڵە هومێدم بەکەس نەماوە بەتۆ نەبێ. وتم: یا شێخ! ئەوە چی ئەفەرمووی؟ من چیم، چ کەسم چ پشت و عەشرەتێکم هەیە؟ وتی: ڕۆڵە تۆ قەڵەمت بەدەستەوەیە، قەڵەم لەشیر بەبڕشتترە. ئەمەی وت و هەستا. وتم: یا شێخ! وەختی نوێژ هاتوە، نوێژ ناکەی لێرە؟ وتی: بەرێوەڵلا. ئیتر چوینە خوارەوە نوێژمان کرد و ئەو ڕۆیشت؛ بەڵام لە بەر زۆری خەڵک کە بۆ چاوپێکەوتنی شێخ مەحموو هاتبوون، زۆر بە زەحمەت دەرباز بوو.

- ساڵی ١٩٣٤بوو لەو بناری چەقژ و قایکەندە خێڵێکی سمایلعوزەیری خستبوویان. دنیا ڕەمەزان و زستان بوو. من ئەو ڕەمەزانە لە ماڵی دەرویش سمایل بووم. لەخێڵەکە جووتە گەماڵێکی ناقۆڵایان هەبوو نەمئەوێرا دەر چم ئەگەر یەکێکم لەگەڵ نەبوایە؛ تا لەگەڵ سەگەکانا بووین بەدەستەبرا و ئەوان منیان ناسی، ئیتر من لەوێ نەمام. بەشەو لەدیواخانەکەی دەرویش سمایلا دائەنیشتین. کوڕوکاڵ کۆ ئەبوونەوە لە هەموو ئاشێک لێمان ئەکرد.

کوڕێکی خزمیان هەبوو ناوی عەلە بوو. تەمەنی لەبەینی بیست و پێنج تا بیست و هەشت ساڵ ئەبوو. باڵا بەرزی باریکەڵەی موو زەرد. کەوا و سەڵتەی لەبەرا بوو، جامەدانەیەکی لوول دابوو بەدەور سەریەوە، پشتێنێکی باریکی بەستبوو. کیسە تووتنێکی چیتی درێژی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردبوو بە لای پشتێنەکەیا. قسەی شەوانی کۆڕ بەشی زۆری هەر هی ئەو بوو. باسی دزی خۆی ئەکرد. ژنانیش لەو دیوی دیواخانەکەوە دانیشتبوون. وتی:

شەوێک ئەوا بارانەو ڕەشە شەوە. چووم بۆ دزی بۆ دەوری بازیان. چوومەئاوایی درگەزێنەو سەگەل لێم کۆ بوونەوەو کردیان بەحەپو لوور. هەندێ نانم لەگەڵ خۆم برد بوو بۆیان، جار جار کەرتەنانێکم بۆ فڕێ ئەدان. ئەپلکان بە نانەکەوە من هەندێک پێش ئەکەوتم، هەتا خۆمم کوتایەپاڵ دیوارێک. سەگەل دیسان لێم کۆ بوونەوە. دنیا پاش نیوەشەوە هێنام بە چوار چەنگۆلە دەستم کرد بەڕۆیشتن بۆ دیواری ئەو دیوی خانوەکە. قاچێکم کرد بەکلک بۆ خۆم.

کە گەیشتە ئێرەدەستی برد کیسە تووتنەکەی لە لاقەدی کردەوە پەڕەیەکی بەرماخەوەو تووتنی کرد بەسەرا و ئەیمالی بەسەر پەنجەگەورەیا بۆ ئەوەتوند ببێ. جگەرەی پڕ کرد. کوانوەکە ئاگری تێدا بوو نای بەئاگرەکەوە. جگەرەداگیرسا و نای بەلێویەوە، دەستێکی برد تۆزێ کلا و جامەدانەکەی لار کردەوە بزەیەکی کرد و تێهەڵچووەوە.

کە چوومە پاڵ دیوارەکە بولسکم لەگەڵ خۆم بردبوو دەستم کرد بەکەندنەوەی دیوارەکە لەسەر خۆم. (ژنان لەو دیوەو پیاوان لەم دیوە کش و مات هەموو لەشیان بوو بەگوێ بۆ قسەکانی عەلە) وردەوردە کونم کردە دیوارەکە چوومە ژوورەوە. دوو بەرانی دابەستەی لێ بوو دامنە پێش خۆم و هاتمەدەرەوە. (بزەیەکی تری بۆ کرد) سەگەل شوێنم کەوتنەوە، نانم بۆ هەڵگرتبوون جار نا جار کەرتەنانێکم بۆ فڕی ئەدان تا لە ئاوایی دەرچووم. پیرەبەرانگەلم هێنایەوە بۆ ماڵەوە. نەختێ لەخوریەکەیانم هەڵپاچی، شاخەکانیانم بەمۆرەسان تۆزێ تەنک کردەوە، لەپاش چەند ڕۆژێ کاورایەک هەبوو لەسولەیمانی عەلی برزوویان پێ ئەوت بیستبووی من دابەستم لایە، ناردی پێم فرۆشتن وەپەنجا روپییە. حساوی روپیە هەر ماوو.

ئەمە دزی لەو سەردەمەدا بە ئازایەتی و پیاوەتی ئەزانرا؛ ئێستە دزی بوو بە عەیبە. دیارە هەر ڕۆژی شتێک لە باو دایە.

- غەفووری حاجی سەعی نانەوا لە سولەیمانی ناردی بۆ رشتە کەلەم ولاتی کوردەوارییە گەلێ پیاوی بەنان و خوان و بەخشندە هەبووە وتی:

باوکم بۆی گێڕامەوە ئەویش لەدەم باوکی خۆیەوە گێڕایەتەوە وتی: بەو بەری ماڵەکەی خۆمانەوە ئەو دالانە ئەبینی. ئەوە ماڵی برایم پاشایە کە بەبرایمی خویلە بەناو بانگە. ئەم برایم پاشایە ناوی بەدڵنەرمی دەرکردبوو. زۆر ئاقڵ و لەسەرخۆ بوو. ئازاری بەکەس

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نەئەگەیاند، هەر هەزارەلێ قەوماوێک بچوایەتەماڵەکەی دڵی نەئەشکاند و بەدڵی خۆی ڕازی ئەکرد.

ڕۆژێ برایم پاشا لەماڵ هاتە دەرەوە بەرەو ژوور بووەوە. چەند خزمەتکار و دەست و پێوەندێکی لەگەڵا بوو. تووشی دوو کوێر بوو ئەوان چاویان نەبوو؛ لەبەر خۆیانەوە قسەیان ئەکرد. یەکێکیان وتی: ئەم کافرەی کاکەییە تۆ بڵێ شتێکمان بداتێ؟ ئەویتریشیان وتی: مەلعوونەی کافرە ئەڵێن: دڵی باشە؛ باوەڕ ناکەم بەدەستی خاڵی بگەڕێنەوە.

برایم پاشا گوێی لەم قسانە بوو، تێگەیشت کەبەو ئەڵێن. بێدەنگ بەدەست و پێوەندەکانی وت بگەڕێنەوە. لە پێش کوێرەکانا گەیشتنەوە ماڵەوە. بەخزمەتچیەکەی وت لەبەر دەرگاکە ڕاوەستە کەکوێرەکان هاتن بیانهێنە ژوورەوە. کەکوێرەکان هاتن دەستی گرتن و بردنیەدیواخان بۆ لای برایم پاشا. برایم پاشا بەخێراتنێکی گەرم و گوڕی کردن و وتی ئەمرێکتان هەیە؟

وتیان پاشام! خوا ڕاوەستاوت کات! کوێرین هاتووین خەرجیەکمان بدەیتێ، دوعای خێرت بۆ ئەکەین خوا موەفەقت بکات. پاشا وتی: ئەوە لە ڕێگادا چیتان ئەوت بۆم بگێڕنەوە بێبەشتان ناکەم. وتیان پاشا چیمان ئەوت. هەر دوعای خێرمان بۆ ئەکردێ. پاشا وتی: من ئەمانە نازانم قسەیەکتان کردووە ئەبێ بۆم بگێڕنەوە؛ بەراستی بۆم بگێڕنەوە. هیچ درۆ و دەلەسەی تێدا مەکەن. ئەوانیش ناچار بوون وتیان پاشا بۆت ئەگێڕینەوە، بەلام با دیواخانەکەت چۆڵ بێ. وتی: من ئەمەوێ تا دیواخان چۆڵ نەبووە بۆم بگێڕنەوە. با ئەم مەجلسەش گوێیان لێ بێ. حافزەکان سەیریان کرد عیلاج نییە وتیان یەکێکمان وتمان: ئەم کافرەی کاکەییە تۆ بڵێی شتێکمان بداتێ؟ ئەویکەشمان وتی: مەلعوونە کافرە ئەڵێن دڵی باشە، باوەڕ ناکەم بەدەستی خاڵی بگەڕێینەوە.

پاشا وتی: من هەر ئەمەم ئەوێ. ئێستە ئێوەچیتان ئەوێ؟ وتیان پاشا کە ئێش وای لێهات یەکێ بارێ چەڵتووکمان بدەرێ. پاشا بانگی کرد یەکێ سێ بار چەڵتووک و سێ هۆقەڕۆنیان دانێ و وتی بۆشیان بەرنەماڵەوە. هەر یەکە دە مەجیدیشی دانێ.

- سلیمانی حەمەجانی روغزایی لەبنەماڵەی بەگزادەی جاف نەبوو، بەڵکوو لە کوێخاکانی جاف بوو. بەلام دەمار و پیاوەتیەکەی شانی دابوو لە شانی هەموو بەگزادەیەکی ئەو سەردەمە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی من بینیم لە ١٩٢٨دا لەکوێستانی بناری بانە دەوارێکی دوانزە هەستوونی هەڵدا بوو. ڕەوەماین و ماڵاتی بەدەورەوە بوو. دوو کوڕی جوانکەلەی هەبوو تازەپێ ئەگەیشتن، هێشتا خەتیان نەدابوو. یەکێکیان حەمەسدیقی ناو بوو. هەر یەکە سێ تیرێکی ئێرانییان بەدەستەوەبوو؛ هەر یەکە ماینێکی بە ڕەختیان هەبوو سواری ئەبوون.

ئەو ڕۆژە خەبەریان هێنا کە مەتحەتی برای خێزانەکەی لەگەرمیان کوژراوە. بوو بەقیامەت و شین و شەپۆڕ؛ هەرچی هۆبەی جاف هەبوو لەو وڵاتە کۆ بوونەوە.

سلێمان‌خان چەند گوندێکی وەکوو قارەوا، دەرەشێخان و ماسیری لەو وڵاتە کڕیبوو هاتوو چووی گەرمیانی کەمتر ئەکردەوە. بە زستانان ئەچووە خانووی گوندو بە هاوینان ئەچووە دەوارەوە. پیاوێکی هەتا بڵێیت تەڕپۆش و قسەی دانەدانەی ئەکرد. هیچ خوێندەواری نەبوو، قسەڕەوا بوو لەو وڵاتەدا.

ئەم کارەساتەی دواوەخۆم بیستبووم، وەحەسەن بەگی جافیش بۆی گێڕامەوەوتی:

ڕەزاشا تازە بووبوو بەشای ئێران. هەچ بەگزادەو ئاغەواتی ئەو وڵاتی کوردەوارییە هەبوو کۆی کردبوونەوە بۆ ئەوە قسەیان لەگەڵ بکاو ڕووی دڵیان لە پاش ئەحمەدشا بکاتەخۆی. هەموو بەگزادەو ئاغەوات بە ئەو پەڕی ڕێک و پێکیەوە خۆیان ڕێکخستبوو و ئەو تەدارەک و جلوبەرگەی کە شایانی دیدەنی ڕەزاشا بێ لەبەریان کردووە. سلێمان خانیش یەکێکە لەوانە. بەگزادەو پیاوی گەورەی ئەو وڵاتە لە دەشتێکی پاندا ڕیزیان بەستووە. ڕەزاشا بە بەردەمیانا ئەڕواو چاک و چۆنیان لەگەڵا ئەکا.

ڕەزاشا هەندێ ئەشرەفی زێڕینی بەناوی خۆیەوە داڕشتوە. ئەشرەفیەکان وان لەناو سینیەکی زیودا. یاوەرەکەی بەسەر دەستیەوەیەو بە شوێنیەوە. ڕەزا شا ئەگاتە بەردەمی هەر ئاغەیەک دەست ئەبا یەکێ لەو ئەشرەفیانە هەڵئەگرێ و ئەیدا بەئاغەکە. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە لوتفی شاهانەیە بەرانبەر بەو سەرۆکانە؛ نەوەک ئەشرەفیەکە.

ئەگاتەبەردەمی سلێمان خان کە ئەویش لە سەرەکەدا ڕاوەستاوە. ڕەزا شا دەست ئەبا ئەشرەفیەک هەڵئەگرێ، سلێمان خانیش دەستی ڕاگرتوە ئەیەوێ بیخاتە ناو دەستیەوە، ئەشرەفی دائەکەوێتە سەر ئەرز و ناکەوێتە ناو دەستی سلێمان خانەوە. ڕەزا شا چاوەڕێی ئەوە ئەکا کە سلێمان خان دانەوێتەوە ئەشرەفیەکە هەڵگرێتەوە. سلێمان خان بێزی نایەنێ دانەوێتەوە. ئەوا نزیکەی دووسەد بەگزادەش لەو ناوەدا ڕیزیان بەستووە. ڕەزا شا تۆزێ ڕائەوەستێ سەیر ئەکا سلێمان خان ئەشرەفیەکە هەڵناگرێتەوە. ئەویش ئەکەوێتە تەقەوەدەست ئەبا ئەشرەفیەکی‌تر هەڵئەگرێ و ئەیخاتە دەستی سلێمان خانەوەو لەسەر ئیشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی ئەڕواو دەست ئەکاتەوە بەگەڕان بە بەردەمی ریزەکەدا. عالەمەکەش هەموو چاویان لەمەیە.

لەپاشا لە سلێمان خانیان پرسی بۆچ دانەنویتەوە، مەرحەمەتی شاهانە هەڵگریتەوەکە رەزا شایش لەبەر دەمتا وەستا بوو؟ وتی: نەفسی خۆم فرە وەبەرزتر ئەزانم لە وەکە دانەومەوە بۆ مەرحەمەتی شاهانە.

سلێمان خان پیاوێکی نەخوێندەوار بوو. بەڵام لە قسەکردنا جۆرە گوزارشتێکی سەیر سەیری هەبوو. حەسەن بەگ وتی: سەعی بەگی قەدربەگی بادەڵان گێڕایەوە کە ئەمە چەند دانەیەکە لە قسەکانی سلێمان خان:

لەبۆتەی ئێجمالدا سەددەلباب کریاگە.

ئا کورەکاورا وەعەزمەوە.

قول رووت لەسەردا، زڕە لەژێردا.

دەک خوا بوێ وەخوای ئەمانە.

رشتەی ئیختیار مەدەوەدەس کەسەوە.

هێمە فەریکە قوێخای شلێر نین.

یا مەرقەدەکەی کاکەحەمەد.

ئاها برا کەس لە فەرەزێکدا سدق و سیاقەتی بوێ.

لالە برۆ، غاردە دەقەیدی ماڵ مەوە، کاورا بیدەو هەر خەلاس وی.

چەرخ فەلەک بنالێنێ گەرەک سەوز و سوور لەسەری دەربچێت مانگت ئەکەم.

- ئەورەحماناغای ئەحمەد ئاغا لەسولەیمانی پیاوێکی خاوەن ملک و دێهات بوو، لە زۆرتر گوندەکانیا لەبەر ئەوە ئاوو بەراویان زۆر بوو، مەرزەئەکرا. ساڵێک برنجێکی زۆر زۆری بۆ هات. پێش ئەوە برنج بێتە بەرهەم هەمووی فرۆشت. فرۆشتنەکەش هەر ئەوەندەبوو بەقسە؛ قسەی دا کە فرۆشتنی، ئەگەینا پارەی وەرنەگرتبوو.

برنج لووتی بەرز کردەوەو سەر کەوت. رۆژ بەرۆژ هەر گرانتر ئەبوو. ئەو ساڵە جگە لە برنجەکەی ئەو هەچ مەرزەو برنجێک لە وڵاتی سولەیمانی هەبوو هەمووی نەهاتی رووی تێکرد. عەلاف و برنجکڕ هەموو روویان کردە ئەورەحماناغا بۆ کڕین. ئەویش هەر ئەیوت برنجم فرۆشتووە؛ برنج سێ قات و چوار قات سەرکەوت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمجا لە ولاتی کەرکووک و موسلەوە ئەهاتن بۆ لای. ئەویش هەر ئەیوت برنجم فرۆشتووە. تجارەکان لایان وا بوو کە ئەورەحماناغا بۆیە برنجەکەیان ناداتێ بەتەمای زیاترە. ئەچوون تکاکاریان ئەهێنا کەبرنجەکەیان پێ بفرۆشێ. ئەوانیش ئەیانوت بەکێت فرۆشتووە تا بچین لەوی بکڕین. ئەویش نەیئەوت. برنجیش رۆژبەرۆژ لەسەرکەوتنە، ئەیانوت ئاغا فرۆشتووتە فرۆشتووتە، ئیستە برنج تا شەش قات سەرکەوتوە، وە هێشتا نەشنداوە بە کڕیارەکە، پارەشەت هەر وەرنەگرتووە، ئەمە شەش قات پارەی برنج شتێک بدە بەکابرای کڕیار زۆر مەمنوونیشت ئەبێ. خۆ ئەو هێشتا پوولێکی نەداوە بە تۆ. وەبرنجیش هێشتا نەهاتۆتە بەرهەم تا تۆ بڵێت شتێکی تێدایە.

برنجکڕی هەموو لایەک بەتەواوی ئەورەحماناغایان وەڕەز کردو حەیشیان پێ تاڵ کرد. لەئاخرا وتی: ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟ من برنجم فرۆشتووە، خۆ شەرەفم نەفرۆشتووە. هەمووم داوە بە مەلا حەسەنی عەلاف بچن لەوی بکڕن.

- حاجی مەلا سالحێکی هەولێری هەبوو پیاوێکی دەوڵەمەند و بەدەسەلات بوو. رۆژێک لە کۆلانێکا روپیەیەکی لێ ون ئەبێ زۆر بۆی ئەگەڕێ نایدۆزێتەوە. حەوت هەشت مناڵ کۆ ئەکاتەوە پێیان ئەڵێ بگەڕێن بۆ ئەو روپیەیە، هەر کەس دیەوە دوو روپیەی ئەدەمێ. مناڵان ئەگەڕێن یەکێکیان ئەیبینێتەوە، ئەیداتەوە بەحاجی مەلا سالح. ئەویش لێی وەرئەگرێ و ئەیخاتە باخەڵی، دەست ئەبا دوو روپیە ئەدا بەمناڵەکەو لێک جیا ئەبنەوە. لێیان پرسی حاجی مەلا تۆ ئەمە چی بوو کردت، دوو روپیەت دا بەرووپیەیەک؟ وتی:

من مەبەستم روپیەکە نەبوو، بەڵام تا من ماوم هەر جار بگەیشتمایە ئەو شوێنە بە دڵما ئەهات کەمن روپیەیەکم لەو شوێنەدا ون کردووە؛ چاوێکم بۆ ئەگێڕا. ئێستە خۆمم لەوە رزگار کرد.

- لەسەردەمی خۆیا رابواردنی مانگی رەمەزان لە سولەیمانی جۆرە رابواردنێک بوو. رادیۆ و ئەم لاو ئەولا هیچ نەبوو. یەکێک لەو رابواردنانە ئەوە بوو لەسالانی ۱۹۳۰ بەدواوە تا رادیۆ داهات.

مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسوول لە مزگەوتەکەی خۆیا (مزگەوتی باشچاوەش) لەپاش ئەوەکە هەر کەسە لە ماڵی خۆیا بەربانگی ئەکردەوە، ئەهات بۆ مزگەوت. نوێژی تەراویح بە جەماعەت ئەکرا، لەحوجرەکەدا سەماوەر تێئەخرا و خەڵک ئەچوونە ئەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دائەنیشتن. لە دەرەوەی گەڕەکیش هەر ئەهاتن. مەلا مستەفا دەستی ئەکرد بەخوێندنەوەی «فتوحاتی شام»رستەرستە عەرەبییەکەی ئەخوێندەوەو هەر خێرا ئەیکرد بەکوردی؛ تامو لەزەتێکی تری ئەدایە.

هەر کەسێک شەوێک بهاتایە ئیتر دڵی نەئەهات بەجێ بێڵێ. کە ئەگەیشتە شوێنی شەڕو سەرکەوتنی ئەسحابەیەک دەنگی «هەی باوکم هەی ماڵم» لەخەڵکەوە بەرز ئەبووەوە. هەر لەبەینی ماوەیەکدا ئەوەستا پشوویەکی ئەدا و ئەیوت: عەولخالق چا تێکە. شەکر و چاش خەڵکەکە ئەیانهێنا. ئەگەر هەر شەوێ نەبوایە مەلامستەفا خۆی ئەینارد ئەیانهێنا. برایم خان ئەو سەردەمە هەڕەتی بوو، کە ئەهات دائەنیشت، ئەیوت ئا بچن دەکەللەشەکر و هۆقەیە چا بێنن. بەم جۆرە رایانئەبوارد هەتا پارشێو. کە سەلای پارشێو ئەکرا هەرکەسە ئەچووەوە بۆ ماڵی خۆی.

مەلا تۆفیقی عەتار ماڵەکەیان لە تەنیشتی مزگەوتەکەوە بوو. ئەویش لەماڵەکەی خۆیا ئەم کۆڕەی پێکەوە ئەنا. ژوورەکان هەموو پڕ ئەبوون، چایەکی بۆ دائەنا، بەین بەینیش چا ئەگێڕا بەعالەمەکەدا. مەسرەفی شەکر و چا و جگەرە هەمووی لەسەر خۆی بوو. ئەویش هەر فتوحاتی واقدی ئەخوێندەوە. جارجاریش غەزای بەدر و حونەینی ئەخوێندەوە. ئەو تا پارشێو دانەئەنشیت؛ بەحسابی ئێمڕۆ ئەبوو بەسەعات دەو یانزە دوایی پێ ئەهێناو خەڵکەکە هەڵئەستان. ئەوی هەوەسی بوایەو خەوی نەهاتایە کە لەوێ هەڵئەستا ئەچووە کۆڕەکەی مەلا مستەفاوە؛ چونکەئەو گەرم بوو تا پارشێو.

- شێخ محەمەد ئەمینی میرانی بۆی گێڕامەوە وتی:

«ناوەکار[١٤]»یک لەسنەبوو حەماڵی ناو بوو. ئەو حەماڵییە هەموو جار «گا»یەکی خستۆتە ناو ناوەکەی بە پەیژەیسی چڵ پلەکانەدا سەری خستوە بۆ نهۆمی دووهەم سەربان. ئەم ئیشەی کەئەکرد لەدوای تەواو بوون و لێ بوونەوە بوو لە سواغی سەر بانەکە. ئەو جۆرەخانووانە هی ئەعیان و پیاوەگەورەکانی سنە بوو.

---

١٤- ناوەدەفریکی درێژکارەو قووڵە لە تەختەدروستکراوە. بنەکەی تەخت و تەسکترە، هەتا دیت بەلای لێواری سەرەوە فراوانتر ئەبێتەوە. لباد و لۆکە کوتراوەو دراواوە بە بنەکەیەوە. بنەکەی وەنەبێ قووڵ بێ وەکوو دۆلکە بەلکوو درێژ و پانە ( واتە: مستطیل). ئەو کەسەش کەئەم ناوەیە هەڵئەگرێ پێی ئەڵێن: ناوەکار.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لێی ئەبوونەوە گای ئەبردەسەر بان ئەوانیش خەلاتیان ئەکرد. ئەمجا هەر بەشوێنەکەی خۆیا گایەکەی ئەخستەناو ناوەکەی و ئەیهێنایەوە خوارەوە. ئەو ئاخر رۆژە کە ئەم ئیشە ئەبوو هەموو عالەمی سنە ئەچوون بۆ سەیری ئەو دیمەنە.

جارێک یەکێ لەشازادەکانی ئێران ئەچێتە سنە؛ دوور نییە فەرامیرزا بووبێت. ئەم باسەی بۆ ئەگێڕنەوە کە پیاوێک لێرەدا هەیە گا ئەباتە سەربان. ئەنێرێ بەشوێنیا ئەیهێنن پێی ئەڵێ: تۆ شتی وا ئەکەی؟ ئەڵێ: بەڵێ. ئەڵێ: ببینم. ئەویش ناوەکەی دێنێ لە گەڵ گاکەیا ئەیخاتە ناویەوەو سەری ئەخا بۆ سەربانی دەرماڵ. شازادە ئەمەی بەلاوە سەیر ئەبێ، خەلاتێکی باشی ئەکاو پێی ئەڵێ: پێم بڵێ تۆ چۆن ئەمەئەکەی؟

ئەڵێ: شاهم ئەم گایەکە تۆ بەم گەورەییە ئەیبینی، گوێرەکەیەکی بچووک بوو. ئەو رۆژە کە لە دایک بوو خستمە ناو ئەم ناوەیە بردمە سەربان و هێنامەخوارەوە. لەو رۆژەوە هەتا ئێستە بووە بەم گایە هەموو رۆژێک رۆژ بوارم نەکردوە بردوومەتە سەربان و هێناومەتەوە خوارەوە. یەکەم رۆژ کە ئەمەگوێرەکە بوو چۆن بووە هەستم بەقورسایی نەکردووە ئێستەش هەر وامە.

شازادە ئافەرینێکی تەواوی ئەکا و ئەڵێ: چاک کردن لە زۆر کردنە.

- حسابی بکە لە ١٩٤٠ەوەتا ١٩٥٠،کە سالی کۆچی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بوو، هەموو ساڵێ من لە٢٢ی ئاغستۆسەوە لە بەغدا دەرئەچووم روەو کوردەواری بۆ ئاخری ئەیلوول ئەگەڕامەوە.

لەو گەشتەما شوێنی هەرەزۆرم سولەیمانی بوو. کە ئەچوومەوە سولەیمانیش ئەوە لە لای پیرەمێرد بووم. قسە لێرەدا کە رابواردنی ئەو وەختەی سولەیمانی چۆن بوو.

پیرەمێرد ماڵەکەی لە تەنیشت مەکینەی کارەبا کۆنەکەوە بوو، بەلای مزگەوتی هەمزاغاوە. چاپخانەکەش هەر لەو ماڵەدا بوو. لای ژووروی بەرهەیوان کەلەگی بوو لای خوارووی مەوبەق و ژووری‌تر بوو. خەلیل قوبولی و بامیەکەی بۆ دروست ئەکردین. لای راست ژووری چاپخانەکە بوو. عەلی و ئەحمەد خەریکی چاپخانەکە بوون. لای چەپ باغچەبوو. حەوزەکەش لەناوەڕاستی حەوشەکەدا بوو.

بە شەوان ئەربابی زەوق و ئەدەب کۆ ئەبوونەوە، واتێ ئەگەیشتم زیاتری لەبەر من بوو. پیرەمێرد شووتی ئەخستەناو حەوزەکەو بەچوار دەوری حەوزەکەدا میوەی ترێ و هەنجیرو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هەڵـوژەی دائـەنا. گلۆپی کارەبـاش بەسـەریەوە دیمـەنێکیـتـری هـەبوو. دەنگـی مەکینـەی کارەباکەش لە دەنگی چەقەنەی ئاش ئەچوو.

ئـەرباب کـۆ ئەبوونـەوە: جـەمیل ئەفەنـدی، جـەلال ئەفەنـدی، سـەی فەتحولـلا، حـاجی مستەفا، رەمزی ئەفەندی، مـەلا مـارف، ئەمانـە بێجگـە لـە جـەلال ئەفەنـدی خـەریکی یـاری ئەبوون. ئەو پەڕی یاریەکەش تا دینار و نیوێک بوو. ئەوانەکۆڕێک بوون.

لەم لاوە لەبەر بەر هەیوانەکە کۆڕی ئەدەب و شعر بوو. جەلا ل ئەفەندی زۆرجـار مـەلا مەحموودی بێخۆد، مەلا مستەفای سەفوەت، نەجمەدین مەلا، هەندێ جـار شێخ محەمـەدی خاڵ بەخۆی و براکانی و دەستەی خۆیەوە ئەهاتن. فایق هۆشیار کەئەو سەردەمە لـە حقـوق بوو بە هاوینان ئەهاتەوە. منیش لەناو ئەم دەستەیەدا بووم. نووری عـەلی ئـەجزاچیش هـەر ئەهات؛ ئەو زیاتر لە قسەکانی رەزابەگی بۆ ئەگێڕامەوە.

کۆڕێکیتر لەو لاوە لە مەلا ئەحمەد دیلان و حەمـەی بـەکر و هەنـدێ جـاریش رەشـۆل بەدەنگـە مەلائکەییەکـەیان و بەنـەوای «ئـای ئـای» نـەوەک دانیـشتووەکان، بەڵـکوو دارو گوڵەکانیشیان ئەخستە جووڵە. پیرەمێردیش خۆی بەسەر ئەم کۆڕانەدا ئەسووڕایەوە؛ لەگـەڵ هەموویانا هاوبەشی ئەکرد تەنیا لەگەڵ گوێندەکانا نەبێ، چونکەدەنگی خۆش نەبوو. رەمـزی ئەفەندیش گەلێ جار یاریەکەی بەجێ ئەهێشت و لەگەڵ ئەربابەکانیا تێکەڵاوی کۆڕ ئـەبوون و چەنـد بـەدەمی خـۆش بـوو کەئـەیوت: «خاڵـە نـاوی نـاوم سـلطان الـشعرا». مەبەسـتی بـە خاڵەپیرەمێرد بوو. خەلیلیش بەین بەین چای ئەهێنا و میوەی دائەنا.

وەختـی وا ئـەبوو خاڵـە ئەیدۆڕان؛ چونکـەیاری نەئـەزانی. دۆڕانەکـەش وەکـوو وتم ئـەو پەڕی دینار و نیوێک بوو. هەڵئەستا بەگۆچانەکەی دەری ئـەکردن ئـەیوت: تەماشا کـە دێن شـووتی و مێوەکەشـم ئـەخۆن و پارەکەشـم لـێ ئەبەنـەوە. بـۆ سبەی شـەوێ ئـەو دەسـتەیە نەئەهاتنەوە، نەهاتنەوەیان لەبەر خۆعەزیز کردنیان بوو؛ نـەوەک لەبـەر دەرکردنەکـە. چونکـە ئەیانزانی دەرکردنەکە هیچ قیمەتی نییە. ئەمجا بۆ رۆژی دواییتر خاڵە بە تەلەفۆن و بـەخۆی ئاشتی ئەکردنـەوەو ئەیهێنانـەوە. منیش ئـەموت خاڵـە بـۆچ بانگیـان ئەکەیتـەوە؟ ئـەیوت بـا جەمیل فێری ماڵان نەبێت.

بەمجۆرانە ئەم کۆڕانـە رایائـەبوارد. تـا شـەو درەنـگ ئـەبوو ئـەمجا بلاوەیـان لـێ ئـەکرد. ئەماینەوە من و ئەو. دائەنیشت داستانی کۆن و قسەی رابوردووی بۆ ئەگێڕامەوە تا من خەوم ئەهات. پاش ئەوە ئەچوو دەستنوێژێکی ئەشۆرد. هەندێ قورئانی ئەخوێند. دوو رکات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


نوێژی ئەکرد دوای ئەوە خەریکی نووسینی سەر مەقالەو نووسینی پەندی پێشینیان بەشعر بۆ ڕۆژنامەکەی ژین [ئەبوو].

ئەمەنموونەیەک بوو لەرابوردنی ئەو سای سولەیمانی.

- ئەوا ئینگلیز ئیحتلالی عێراقی کردوە. مێجەرسۆن لەسولەیمانی تۆز ئەکا. زەبرو زەنگێکی وا ئەنوێنی هەر نەبێتەوە. فەرمانی دەرکردوە کە بە هەر شوێنێکا ئەو بڕوا ئەبێ خەڵکەکە هەموو ڕاوەستن و نەڕۆن تا ئەو ئەڕوا. ئەگەر بەناو بازاڕا تێپەڕی ئەبێ دوکاندارەکان بەرزەپێ هەموو ڕاوەستن.

مەلا عەلی مەڵکەندی هەموو ڕۆژێ لەماڵەوە ئەهات. دوکانەکەی لەخوار مزگەوتەکەی ناو بازاڕەوە بوو، ئەچوو لەوێ دائەنیشت مۆری هەڵئەکەند.

ڕۆژێک مێجەرسۆن ئەیەوێ بچێ بۆ ناو بازاڕ، لەسەرا دەرئەچێت و ڕاست سەرەو خوار ئەبێتەوە بۆ ناوەڕاستی بازاڕەکە. بەبەر هەر دوکانێکا ئەڕوا خاوەن دوکان بەرزەپێ ڕاست ئەبێتەوە. بەو جۆرە ئەڕوا تا ئەگاتەبەر دوکانەکەی مەلاعەلی. سەیر ئەکا مەلا عەلی قورئانێک لەو لایەوەو مۆریکیش بەدەستیەوەیە هەڵیئەکەنێ؛ نە هەستاو وەنەسەریشی لەسەر مۆرەکە بەرز ئەکاتەوە.

مێجەرسۆن لەمەزۆر توورە ئەبێ، گوێ ناداتێ ئەڕوا سەرەو خوار. لەو لاوە ئەگەڕێتەوە، تەماشا ئەکا مەلاعەلی هەر لەبەری هەڵناسێ. ئەچێ لەبەر دوکانەکەیا ڕائەوەستێ ئەویش سەر بەرز ناکاتەوە. بە توورەییەکەوە ئەڵێ: مەلاعەلی ئەوە بۆچ هەڵناستی؟ مەلاعەلی سەر لەسەر مۆرەکە بەرز ئەکاتەوە تەماشا ئەکا ئەمە مێجەرسۆنە. ئەڵێ: بۆچ هەستم؟ ئەڵێ: نامناسێ؟ ئەڵێ: بۆچ ناتناسم مێجەرسۆنیت. ئەڵێ: فەرمانەکەی منت نەبیستوە؟ ئەڵێ: بەڵێ بیستومە. ئەڵێ: کەواتەبۆچ هەڵناستی؟ ئەڵێ: ئەم قورئانەی ئێمە ئەفەرموێ: «لا یتخذ المومنون الکافرین اولیاء من دون المومنین».

مێجەرسۆن زۆڵ و شەیتان ئەبێ ئەڵێ: مەلا عەلی تۆ ئەو ئایەتە بۆ من ئەخوێنیتەوە ئەی سەیری ئەو ئایەتە بۆ ناکەی کە ئەڵێ: «قل الهم مالک الملک توتی الملک من تشاء و تنزع الملک ممن تشاء و تعز من تشاء و تزل من تشاء».

مەلا عەلی وا هەر دانیشتووەو هەڵناستێ ئەڵێ: بەڵێ ئاگام لەوەش هەیە، بەلام تۆ و غەیری تۆیش ئەبێ ئاگاتان لەو ئایەتەش هەبێ کە ئەفەرمووێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«وابتغ فیما اتاک الله الدار الاخره و لا تنس نسیبک من الدنیا و احسن کما احسن الله الیک و لا تبغ الفساد فی الارق ان الله لایحب المفسدین».

مێجەرسۆن هەر چاوەڕێی ئەوەیە کە مەلاعەلی لەبەری هەستێ. حاجیاغا ئەو سەردەمە مودیری پۆلیس ئەبێ لەسولەیمانی، کە ئەچێتەوە ئەنێرێ بەشوێن حاجیاغادا ئەڵێ: بچۆ مەلاعەلیم بۆ بێنە. مودیری پۆلیس دێت و مەلا عەلی هەڵئەگرێ، لەڕێگادا پێی ئەڵێ: من کار بەدەستێکم لەبەر دەست ئەم حاکمەدا ئەبێ بێم و فەرمانەکەی جێبەجێ بکەم، تۆیش خەڵکی ولاتەکەمی و پیاوێکی پیر و موحتەرەمی، تکات لێ ئەکەم نەختێ بەنەرم و نیانی لەگەڵیا بجووڵێوەو ڕەوشتی چاو پێکەوتنت لەبەرچاو بێ. مێجەرسۆن پیاوێکە کۆ لە هیچ ناکاتەوەو ئێستە حاکمی ئەم ولاتەیە. بێ ئیحترامیەکت لەگەڵ بکا ئێمە هەموو بەمە دڵبریندار ئەبین و هیچیشمان لەدەست نایە.

مەلاعەلی ئەبا و لەلای مستەفا بەهجەت دایئەنێ- کە ئەو سەردەمە ئەو سکرتێری نووسینی مێجەرسۆن بوو- خۆی ئەچێتە ژوورەوە ئەڵێ: جەنابی مێجەرسۆن مەلاعەلی حازرە. ئەڵێ: با بێتە ژوورەوە. ئەو دەرئەچێ و مەلاعەلی ئەچێتە ژوورەوە. مودیری پۆلیس و سکرتێر و کار بەدەستانی‌تر لەپەنجەرەوە بێ، لە هەر کوێکەوە بێ سەیر ئەکەن بزانن چی ڕوو ئەدا.

کە مەلاعەلی ئەچێتە ژوورەوە مێجەرسۆن لە شوێنەکەی خۆی هەڵئەستێ و دێ بە پیریەوە دایئەنێ و خۆی لەلای خواروویەوە دائەنیشێ. ئەنێرێ چاو قاوەو شتەدێنن و ئەکەوێتە قسەکردن لەگەڵیا، وەکوو ئەو کارەساتەی بازاڕ هەرڕ رووی نەدابێ. لەپاش قسەو ماریفەتێکی زۆر ئەڵێ:

مەلا عەلی تۆ پیاوێکیت لە باری گوزەرانەوە زۆر تەواو نیت. ئێمەش ئەمانەوێ پیاوێکی زانای وەکوو تۆ ئەم ولاتە کەڵکی لێ وەربگرێ. ئێستەئەوا من دائەنێم بەمامۆستای مەکتەب مانگی بە ٢٥٠ روپیە. تۆیش بۆ خۆت نەختێ ئەبووژێیتەوەو باری ژیان و گوزەرانت چاک ئەبێ.

مەلاعەلی ئەڵێ: جەنابی مێجەر سوپاستان ئەکەم من گوزەرانم هەیە. مێجەرسۆن ئەڵێ: ڕەنگ بێ بەکەمی بزانی سێ سەد روپیە بێ. مەلاعەلی ئەڵێ: جەنابی مێجەرسۆن خوا ئەفەرمووێ: «فابتغوا عند الرزق و اعبدوه واشکروکه» دیسان ئەفەرمووێ: «ان الله هو الرزاق زو القوهالمتین».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنابی مێجەرسۆن من لەمزگەوتەکەی مەلکەندی نوێژ ئەکەم، هەموو ڕۆژی دێمە دوکانەکەم مۆر هەلئەکەنم، ئەوا خوا بەوە رزقی داوم و پێوەبەڕێوە ئەچم؛ لەوە زیاترم ناوێ. وە«من یتوکل علی الله فهو حسبه».

مێجەرسۆن گەلێکی لەگەلا خەریک ئەبێ بێ کەلک ئەبێ. لەپاشا ئەلێ: مەلاعەلی ئەوە من تاقیم کردیتەوە بەو دینەی کە من هەمەو تۆ هەتە قەبوولت بکردایە ئەموت: ئەوی خراپ و ناشایستەیە لە گەلیان بکردیتایە تا ئەیانبردیەوە دوکانەکەی خۆت. بۆم دەرکەوت لەم ولاتەدا هەر مەلاعەلی مەلکەندی هەیە. وەلە ئێستە بەدواوە تۆ هەر ئیش و کاریکت ئەبێ بە هەر دایەرەیەک بەبێ گیروگرفتی هەموو ئیشێکت بۆ بروێتن.

ئەلێ: جەنابی مێجەر هیچ ئیشێکم بە هیچ دایەرەیەک نییە؛ ئیشم بەتەنیا دوکانەکەی خۆم هەیەو مزگەوتەکەی مەلکەندی.

پاش ئەم قسانە هەلئەستێت و مێجەرسۆن بەڕێ ئەکا تا لە ژوورەکەی دەرئەچێ و زۆر نەوازشیشی لەگەل ئەکا.

لەراستیدا مەلاعەلی لەو سەردەمەدا لە باری گوزەرانەوە زۆر پەریشان بوو؛ بەلام ئەو تەوەکول و بڕوایە وای لێ کرد لەپاشا بوو بەدەولەمەندێکی باش و چەند حەجی کرد و لەئەو پەڕی خۆشگوزەرانی ئەو سەردەمەدا رایئەبوارد.

هەندێک لەم بەسەرهاتی مەلا عەلییە خەسرەواغای حاجیاغا بۆی گێڕامەوە.

- نەسرەت خانمی سەقزی سەرەتا هاوسەری عەبدوللابەگی مسباح بوو. ئەو نەسرەت خانمە کە لە هەموو ئەو ولاتەدا بەیەکەم نازدار و کلاولار ناوبانگی دەرکردبوو. لەگەل مسباحدا ڕێ نەکەوتن، دوای ئەو مێردێک و دوو و سەرە هاتەسەر سەیفەدین خانی سەقز. سەیفەدین خان کەوتەسەر ئەوەکە بیهێنی، هەر لەو سەردەمانەدا برازایەکی عەلیاغای گەورک -کە ئەم عەلیاغایەش کۆنەمێردی نەسرەت خانم بوو- ئەویش هەر کەوتە سەر ئەوەکە نەسرەت خانم بهێنێت. ئەو کوڕە بەراستی جوان و چاک و شۆخ و شەنگ بوو؛ تازەپێ نابووە بەهاری گەنجی. هەڕەتی هەرزەکاری بوو؛ وەکوو گوزارشتێکی کوردی هەیەئەلێ: خوشکی خۆی ئاشقی ئەبوو. سەیفەدین خان تۆزێ چوو بووە سالەوە لە چاو ئەودا هیچ نەبوو.

ڕێکەوت شتی سەیر دێنێتە پێشەوە. لەو وەختەدا کە سەیفەدین ئەچێ بۆ خوازبێنی نەسرەت خانم، کوڕەکەی برازای عەلیاغاش هەر ئەچێ بۆ ئەو نیازە. ئەو بەجلوبەرگ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەدارەکی سەقزی و ئەم بە شەرواڵ و مراخانی و پشتێنی پەشمی دەستووری گەورکییەوە لە ماڵی نەسرەت خانم کۆ ئەبنەوە. سەیفەدین خان هەست ئەکا کە ئەو کوڕە تەدارەکە بۆچی هاتووە، وەئەگەر بێتەسەر جوانی و تەمەنیش ئەو کوڕە لە جوانی و لە تەمەنیشا لەمی ئەباتەوە. وەئەزانێ کەنەسرەت خانمیش ئەکەوێتەشوێن ئەو جۆرەشتانە. ئەڵێ: ئەگەر نەکەومە خۆم ئیشم لەدەست چووە.

هەردووکیان دوو بەدوو لە ژوورەکەی ماڵی نەسرەتخانمدا دانیشتوون. ژوورێکیتریش بەتەنیشت ئەو ژوورەوە ئەبێ. کە دەرگایان بەسەر یەکەوە ئەبێ. نەسرەت خانمیش هەستی بەوە کردووە کە ئەم دووە لەدڵا بەتەمای ئەون و گوایە بە جۆرێکی نادیار بۆ خوازبینی ئەو هاتوون. سەیفەدین خان چاوەڕێ ئەوە ئەکا کە نەسرەت خانم رێ بکەوێتە ژوورەکەی تەنیشت ئەمانەوە بۆ ئەوەسەری هەندێ قسە دابمەزرێنێ. نەسرەت خانم بەئیش ڕێ ئەکەوێتە ئەو ژوورە سەیفەدین خان چاوی لێیە ئیتر بەسەریا ناڕوا. خێرا روو ئەکاتە کوڕەکەو ئەڵێ:

بەراستی ئەم شەڕواڵ و مراخانی و شەدەیە شتێکی نایابەو موبارەکت بێ! جوانێکی وەکوو تۆ هەر ئەبێ شتی وا لەبەر کا. ئەتوانم بڵێم جوانی و شەوکەتی تۆیەوا ئەم جلو بەرگەی جوان کردووە.

نەسرەت خانم گوێ لەم قسەیە ئەبێ هەرچەندە بەئیش هاتبوو بۆ ئەو ژوورە، بەڵام ئیستێکی بۆ ئەکا و گوێ رائەگرێ بۆ قسەکە. سەیفەدین خانیش ئەزانێ وا ئەو لەوێ خۆی داگرتووە لە سەر قسەی خۆی ئەڕواو ئەڵێ:

شەوکەتی وا و جلوبەرگی وا ئەبێ سەر و سواریەکی چاکیشی هەبێ. کوڕەش ئەڵێ: خان ئەوە تۆ لوتفت هەیە، هەرچەندە عەیبیشەخۆم بیڵێم بەڵام لەسایەی سەری تۆوە ئەتوانم بڵێم لە هەموو گەورکدا رەنگ بێ سوارێکیتر وەکوو من نەبێ. لەنیشان شکاندنیشا مەل بە هەواوە ئەخەمە خوارەوە. سەیفەدین خانیش ئەڵێ: ئەلحەمدولیلا! زۆرم پێخۆش بوو کە ناسراویم لە گەڵ جوان چاک و سوارچاکێکی وەکوو تۆدا پەیدا کرد. ئەوا نەسرەت خانمیش لەو دیوەوە هەروا گوێ لێیە. سەیفەدین تێ هەڵئەچێتەوە ئەڵێ: ئاغەواتی گەورک دەولەمەندن و لە هیچ شتێکا ناتەواویان نییە، بەڵام ئاخ هەرچەندە خۆ ئەوەش پیاوەتییە لەرووی ماڵ و ماڵدارییەوە بەرەڵایەکیان هەیەو هیچ گوێ نادەنێ. خۆ منیش هەر وامە، بەڵام دیسان هەر پێم ناخۆشە. نازانم تۆ لەو رووەوە چۆنیت؟ کوڕەش ئەڵێ: دەسا وەڵڵا من وانیم پووڵ بەپووڵ و شاییەشایی حساب ئەکەم و نایەڵم لەو ماڵەدا دەنکی گەنم بەخۆڕایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕوا. زەردەخەنەیەکی بۆ ئەکا و ئەڵێ: خان ئەی لەم رووەوە جەنابت چۆنیت؟ ئەویش ئەڵێ:

پێم وتی منیش هەر وەکوو گەورک بەرەڵام؛ لەوماڵەی خۆما بەبار قەند و چای و برنج و رۆن و کووتاڵ ئەخەمە بەر دەستیان و ئاگام لە هیچ نییە مەگەر ئەوەندە نەبێ پێم ئەڵێن زەخیرە نەماوە، ئەنێرم ئەوەندەیتر دێنن و ئەیخەنە بەردەستیان. تەنانەت بۆ ئیش و کاری ملکداریش هەر هەمووی ئەدەمە دەست کابانی ماڵ و ئەو بەسەر رائەگات. من تاقەتی ئەو حساب و وردەکاریانەم نییە.

نەسرەت خانم گوێ لە هەموو ئەم قسانە بوو وەئەشی زانی کەنیازی ئەم دووە هەردووکیان خوازبینی ئەوە. لەدڵا وتی: من مێرد بە یەکێک ئەکەم کە حسابم لەگەڵ نەکات. نەیەکێک بێت کە لەسەر هەموو شتێکی ورد و درشت لەگەڵما حسابم بکۆڵێتەوە. بڕیاری خۆی لەسەر ئەوە دا کەمێرد بەسەیفەدین خان بکا، نەک بەو کوڕە.

قەدەر هێنای لە ئاخرا مێردی بەسەیفەدین‌خان کرد و کوڕیشی لێی بوو. سەیفەدین خانیش بەو تەونە کە نایەوە بۆ کوڕەکە بوو بەخاوەنی نەسرەت خانم.

- لەساڵی ١٩٤٦بەدواوە «مدرسەشرافت»ی ئێرانی هەبوو لەبەغدا لەبەری کەرخ لە «بیت النواب» بەسەر رووباری دجلەدا ئەیڕوانی. پاشان ئەو مدرسەیە هاتەبەری «رسافە» شارع رەشید حەیدەرخانە. کتێبخانەیەکی چاکیان هەبوو من ئەو سەردەمانەلەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژ خەریک بووم. جگەلەمەش گەلالەی مێژووی ئەدەبی کوردیم دانابوو. لەو مێژووەی پێشوو بەدواوە هاتووچووی کتێبخانەی ئەو مدرسەیەم ئەکرد بۆ سەیر کردنی سەرچاوە، هەم بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی، هەم جار جاریش بۆ گەلاوێژ. بەو بۆنەوە ناسراویم لەگەڵ دەستەو دایەرەی مامۆستاکانا پەیدا کردبوو.

ئاقای موحەمەدعەلی خوانساری موفەتشی هەموو مدرسەکانی ئێرانی لەعێراق گەلێ جار لەو مدرسەی شرافەتە یەکمان ئەگرت و قسەمان ئەکرد. جارێک قسەمان سەری کێشا بەلای کوردو زمان و ئەدەبی کوردەوە، هەڵیدایەوتی:

کورد و فارس یەک ڕەگەز و نەتەوەن. وتم بەڵێ وایەو هەر دووکیان لە ریشەزمانەکانی ئارین. وتی: زیادە لەمە ئەمانە هەر دووکیان بران و لەئێرانا هیچ جیاییەک لەبەینیانا نییە.

وتم: وەکوو جەنابت ئەڵێیت لەوێ هیچ جیاییەک نییە، بەڵام ئێمەی کورد ئەوا لەعێراقدا گۆڤار و رۆژنامەمان هەیەو بەزمانی خۆمان لەقوتابخانەکانا ئەخوێنین و بەزمانی خۆمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کتێب دائەنێن. وتی: بەڵێ، بەڵام لە ئێرانا لەبەر ئەوە کە بران ئەو جیاییە لە بەینیانا نییە؛ هەموو بەزمانی فارسی ئەخوێنن. وتم: باشە برا، بەڵام ئەم برایەتیە هەر ئەبێ بەلای فارسیدا بڕوا؟ بۆچ ئەبێ تۆزێکیشی بەلای برا بچووکەکەدا نەڕوا. خۆ بران با لەناوچەکانی کورددا تۆزێ بەکوردی بخوێنن و کەمەکێکیش لەناوچەکانی تریا بەتۆزێک لەم زمانی برایە بزانن و بخوێنن. لە هەموو ولاتی کوردەواری ئێراندا ئەگەر یەک تاقە قوتابخانە هەبوو کە بە زمانی کوردی بخوێنێ ئەو وەختە من هەموو حەقێکت ئەدەمێ. ئەگەینا برای چی و کەی برایەتی وا ئەبێ؟ وا دیارەبرایەتیەکەی کوردو فارس لەئێرانا وەکوو ماڵ بەشکردنی دوو براکەیەوتی: ئەوەچی بوو؟ وتم: ئەگەر برا بوینایە، تۆزێک لەزمانی ئەم برایەی خۆتان ئەزانێ. بۆ ئەوە ئەو کارەساتە لە گۆڤاری گەلاوێژ بخوێننەوە کە گەیشتە ئەم شوێنە ئەو دوایی بەقسە هێنا و ئیتر منیش لەسەری نەڕۆیشتم.

- مەلا ئەمینی جەففار هەبوو لە سولەیمانی تا شەڕی گەورەی یەکەمیش هەر مابوو. کەواو سەڵتەی لەبەرا بوو. جامەدانەی ئەبەست بەسەرەوە، هەندێ جاریش مێزەرەی سپی. کتێبی جەفرەکەی لە باخەڵا بوو دائەنا بەناو شارا ئەگەڕا. زۆر خەڵک ئەچوون بۆ لای جەفریان پێ ئەگرتەوە.

جەفر زانیاریەکە کە دەنگوباسی لەمەو دوا ئەدا بەدەستەوە. ئەم زانیاریە زانیاری ئەستێرەژمێر نییە؛ عیلمی «رەمل»یش نییە. رەمل ئەوەیە کە کابرای «رەممال» هەندێ «لم» ئەکاتە ناو دەوریکەوە، ئەو کەسەی کە ئەچێ رملی بۆ بگرێتەوە کابرا لمەکە لەناو دەوریەکەدا پان ئەکاتەوەسافی ئەکا. بە پەنجە چەند خەتێکی پیادێنێ و پێچەڵێوو چێکی تێدا ئەکاو پاشان بەکابرا ئەڵێ: ئیشەکەی تۆ ئاوایەو ئاوایە. ئەم رەمل گرتنەوەیە وەنەبێ شتێکی بەبناغە بێت، بەڵکوو کابرای «رەماڵ»بەئارەزووی خۆی قسەئەکاو بۆ خەڵک هەڵخەڵەتاندنە. بەم ناوەوە نانێکی پێوەئەخوا. بەڵام جەفر وانییە، بناغەی هەیە بەڵکوو عیلمە. مەلائەمینی جافار کە کتێبەکەی ئەگرتەوە بەردەمۆرەکەی ئەهێنا. ئەم بەردەمۆرەیە شەش پالووی هەبوو لەوێنەی قالبەسابوونێکا؛ بەڵام بچووک بوو. تۆزێ لە نۆکێ گەورەتر. لە هەر لایەکەوە حەرفێک نووسرابوو. هەر جارە کە هەڵیئەدا ئەو حەرفەی کە ئەهێنایە قەڵەمێکی بەدەستەوەبوو کاغەزی لە بەردەما بوو، حەرفەکەی ئەنووسی. ئەمجا هەڵیئەدایەوە حەرفێکی تری ئەهێنا وەیا هەر حەرفی پێشووی ئەهێنایەوە. ئەویشی لەپاڵ ئەویترا ئەنووسی تا بیست جار ئەم ئیشەی ئەکرد پاشان حەرفەکانی لێک ئەدا تا وشەی لێ دروست ئەبوو ئەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشانەی بەدێڕێکی‌تر ئەنووسی. دوای ئەمە ئەو کەلماتانە کەسێ حەرفی بوونایەو مەعنایەکی بدایە ئەگەر لە کەلەمەکەی تەنیشتی حەرفێکی بخرایەتەسەر مەعناکە ئەبوو بەشتێکی‌تر. کەلەمەکەی تەنیشت ئەوا حەرفێکی لێی کەم بوەوە لە کەلەمەکەی تەنیشتی ئەوە بەلای چەپەوەحەرفی بۆ ئەهێناو ئەیخستە سەری تا ئەبوو بە کەلەمەیەکی مەعنادار. لەسەر ئەم جۆرەش دێڕێکی‌تری دروست ئەکرد. بەم تاوتوە کە ئەیکرد پێنج شەش دێڕ دروست ئەبوو؛ پاشان کتێبەکەی ئەکردەوە سەیری ئەو وشەو دێڕانەی ئەکردو سەیری کتێبەکەی ئەکرد. کتێبەکە ئەیوت: ئەگەر فلانە وشە لە گەڵ فلانە وشەدا بوو وەیا چەند وشەی ئاوا و ئاوا کەوتبوونە پاڵ یەک، مەعناکەی ئەوەیە ئەو ئیشە ئەوەیەو ئاوایە. لە ڕاستیدا ئەو ئیش و مەرامە نادیارە هەر شتێک ببوایە ڕوونی ئەکردەوەو وەکوو هێلکەی پاک کراو ئەیدا بەدەستەوە. مەلا ئەمینیش ئیتر مەبەستەکەی ئەوت بەکابرا. لەئەنجاما ئەو ئیشە وەکوو جەفرەکەی وتبوی هەر وا ئەهاتەپێشەوە. بۆ ئەم جەفرە ئەتوانرێ بوترێ مەلائەمین یەکەمین کەس بوو لەسەردەمی خۆیا و لەچەرخی خۆیا.

- جاران لەو کوردەوارییە -نەوەک جاران بەڵکوو ئێستەش- یەکێک کە ژنی ئەهێنا نەئەبوو بەزاوا ئەیانوت ئەمە «بەستراوە». کابرا ئەکەوتە گەڕان بۆ لای شێخ و مەلا بۆ نوشتەکردن و چاری ئەم دەردەی کە بەڵکوو بکرێتەوە.

«عاسەبیجەڕێنە» هەبوو لەسولەیمانی کە ئیشی هەر ئەوەبوو بەستراوی ئەکردەوە. کابرای بەستراو کە لە هیچ لایەک هیچی بۆ نەئەکرا بەناوبانگەی عاسەبیجەڕێنە ئەهات بۆ سولەیمانی و ئەچوو بۆ لای ئەیوت: میمکەعاسە! بیکە وەخاتری خوا چارێکمان بکە. میمکەعاسەش خۆ تەنگ ئەکردەوە ئەیوت: بڕۆن باوکم بۆ وازم لێ نایەنن. بە هۆی جەزرەبەی جنۆکەو شەیتانی ئێوەوە ئەوەتە هەر ئێسقانەکەم ماوە. کابرا کە گوێ لەمە ئەبوو ئەوەندەیتر شێرگیرتر ئەبوو دەستی ئەپێچان بەداوێنیا ئەیوت: بیکە بەخاتری ئەو خوایە کە ئەو بەهرەیە داوە وەتۆ ئەگەر چارمان نەکەی. عاسەش ئەیوت: بڵێم چی باشە با ئەم جارەش بۆ ئێوە بێ.

عاسە دوو ژووری لە خانوەکەیا هەبوو، کابراش کە ئەهات بە خۆی و ژنەکەیەوە ئەهات. ئەمجا میمکەعاسە لە یەکێک لە ژوورەکانی جامێ ئاوی ڕوونی ئەهێنا چارۆکەیەکی ئەهێنا ئەیدا بەسەر جامەئاوەکەدا، دارێکی ئەدایە ژێر چارۆکەکە. چارۆکە وەکوو چادری لێ ئەهات بەسەر ئاوەکەوە. ئەمجا کابرای بەستروو ژنەکەی ئەهێنا تۆزێ نزیک لە ئاوەکەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دائەنان خۆی ئەچووە ئەو لای چارۆکەکەوە بەجۆری دائەنیشت کە چارۆکەکە بکەوێتەبەینی ئەو و ژن و پیاوەکە. مەقەڵەیەکی ئاگریشی لەو لای خۆیەوە دائەنا قانگی ئەکرد بەسەرا کۆتو ەقەڵەمێک و تۆزێ کاغەزەشرەشی لەتەنیشت خۆیەوەدا ئەنا.

لەپشت چادرەکەوە دەمی ئەدا بەیەکا هەندێ شتی وەکوو: «جۆلوو، تەپیوو جادوو، گالێک بێنەوە بزانم». کابرا و ژنەکە ئەوەندەیان ئەزانی شلپەشلپ و جرووکەجرووکێک لەناو جامە ئاوەکەوە پەیدا ئەبوو. ئەمجا باجی عاسم هەر لەپشت پەردەکەوە رووی ئەکردە جرووکەکەو ئەیوت:

قسەبکە کێ ئەحەی بەستوە؟ ئەگەر کابرا ناوی ئەحە بوایە ئەگەر شتێکی تری ناو بوایە بەناوەکەی خۆیەوەئەیوت. جرووکەو شلپەکە کز ئەبوو ئیتر دەنگی نەئەهات. باجی عاسم تووڕە ئەبوو ئەیوت: مەلعوون قسە بکە لە منی مەشارنەوە شلپەو جرووکە ئەکەوتنەوە دەنگ. ئەمیش ئەیوت: ئێ کام چاڵ؟ کەی؟ ئەوا جرووکەش هەر جرووکەی دێت و ئاوەکەش هەر شلپەشلپ ئەکا. ئەیوت: «بۆم بێنن». ئەیوت: چۆن ناتوانن؟ ئەیوت: رێگا دوورە یا نزیکە، چاڵ قووڵە یا قووڵ نییە، من ئەمانە نازانم. ئەبێ هەر ئێستە بۆم بێنن. ئەمجا ئەیوت: ئەو مەلعوونە ناوی چی و کوڕی کێ بوو؟ جرووکە کەتۆزێ دەنگی نزم ئەبۆوەئەیوت: ها تۆلپەی کوڕی گۆلپە؟ ئەیوت ئەی چی؟ ها شلخەی کوڕی ملخە چیرەیەکی لەقەڵەم و کاغەزەکەوە ئەهێنا و ئەیخستەناو مەقەڵیە ئاگرەکەو ئەمە گوایە ناوی شلخەی کوڕی ملخەی نووسی و سووتاندی.

لەو وەختەدا کە کاغەزەکەی ئەخستە سەر مەقەڵەیەکەوە باجی عاسم خوێشی دەنگی لێوە ئەهات و ئەکەوت و ئەکەوت بەلادا. کە ئەمە لەبەر دەستی جنۆکە بێهۆش بوو. کوڕ و ژنە گوێیان لە ئەم هەموو کارەساتەیە.

جرووکەو شلپە ئیتر بێ دەنگ ئەبوو باجی عاسم ئەهاتەوە هۆش. چەند تاڵەموو وەیا چەقۆیەکی پێشتر حازر کردووە هەڵئەستا ئەهاتەوە بۆ لای کوڕ و ژنەکە ئەیوت:

کوڕم شلخەی کوڕی ملخە کە لە خێوەکانی کێوی قافن لە وەختی مارەبڕینتانا وەیا ئەیوت لە نیوەشەوی دوای مارەبڕینتانا تۆی بەستووەو فووی کردوە بەم مووانەدا و کردوونی بەگرێ کوێرەوە خستوونیە چاڵی مەغربەوە بۆ یەکێکی تر. ئەیوت ئەفسوونی خوێندوە بەم چەقوەدا و دەمی ناوەتەیەک خستوویەتەچاڵی جابولقاوە.

من ئەو خێوانەم بانگ کرد نکە لەناو ئاوەکەدا بوون تێم خوڕی نکە بچن بهێنن هێنایان ئەمە مووەکانە کراونەتەوە. ئەوە چەقۆیەکەیە کراوەتەوە ناوی ئەوشەلخە مەلعوونەشم نووسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خستمە سەر ئاگرەکەو سووتاندم. کە ئەمسووتان عەشرەتی شەلخە هەموو دەوریان لیَ دام من دوعای ئەبوو دوجانەم لەبەر بوو خوێندم؛ ئەگەینا ئەیانکوشتم. بەلام لەبەر ئەوە کە ئەوەندە ناشیرین بوون بێهۆش کەوتم. هەموو ئەو عەزیەت و ئازارانەیە بۆیەمن هەروا چڵو چێوەکەم ماوە. دەهەستن بچنە ئەو ژوورە بەبیَ ترس ئیشی خۆتان بکەن.

کابرا پەلی ژنەکە ئەگریَ و ئەچنە ژوورەکە دلی بەهێزە؛ چونکەگویَ لە هەموو شت بووەو کراوەتەوە. شاپلیتە ئەکەویتە کارو رووباری ماوەران ئەرژیَ. سەرباری ئەو دیارییە کە پێشتر هێناویانە بۆ باجی عاسم، هەندیَ پارەی‌تریشی بەدەستخۆشانە بۆ دائەنێن. مالاوایی ئەکەن لە گەل هەلگرتنی پەرۆی بووکێنی ئەچنەوە بۆ مالەوە.

نووسینی ئەم باسە تەنیا بۆ دەرکەوتنی «عاسەبیجەڕێنە»بوو. دوور نییە هەندیَ کەس بلێن: مچەی حەبیَ کشمیش و عاسەبیجەڕێنە بۆچی ئەبیَ بنووسرێن؟ منیش ئەلێم ئەگەر ئێمە تا ئێستە لە هەموو رۆیەکەوە شتمان بۆ بنوسرایە، ئەدەبەکەمان زۆر زۆر دەولەمەند ئەبوو ئەگەر ئێستە نرخی ئەمانە نەزانریَ رۆژێک ئەبیَ نرخیان زۆر چاک ئەزانریَ.

## بۆ مێژوو

-جەمال عارف بۆی گێڕامەوە وتی:

سالی ١٩٣٢ لەسولەیمانی بەناوی مەولوودییەوە کۆ بوونەوەیەک لەمزگەوتی گەورەدا کرا و هەندیَ قسەو باسی نهێنی لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەل چەند کەسێکا کرا. شێخ مەحموود کاغەزێکی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی و هەندیَ لەسەروک عەشرەتەکانی ولاتی بادینان نووسی کە ئەوان لەو ولاتەوە شێخیش لە ولاتی ئەم لا قۆل بکەن بەقۆلی یەکاو بە هەموویانەوە بچن بەگژ حوکومەتی ئەو وەختەدا بۆ وەرگرتنی حەقی کورد. وتی: ئەم کاغەزە درا بەمن کە من بچم بیگەینم و ولام بێنمەوە. وتی: رۆیشتم بەبیَ دەنگی و چاوم بەگەلیَ لەو رەئیس عەشرەتانە کەوت و کاغەزم دانیَ.

ماجد مستەفا ئەو وەختە قائمقام بوو لەئامێدی، بەناوی هاوولاتی و زابتی و دۆستایەتیەوە بووم بەمێوانی ئەو. پیَ وتم جەمال چۆن هاتووی بۆ ئەم ولاتە؟ وتم بۆ گەڕانو بۆ دیدەنیَ تۆ. یەک دوو رۆژی‌تری پێچوو دیسان لێی پرسیمەوە چۆن هاتووی بۆ ئەم ولاتە؟ منیش هەر بەو جۆرە ولامم دایەوە وەمانەوەشم ئەو چەند رۆژە لەویَ بۆ ئەوە بوو کەرەئیس عەشرەتەکان هەموو پێیان وتم ئێمە لەگەل ئەم بزووتنەوەیەداین. پاش چەند رۆژێک وەرەوە جوابی کاغەزەکەشت ئەدەینەوە، بیبەوە بۆ شێخ مەحموود.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وتی ئەوەندەم زانی ماجد دەستی برد یەکەیەکە ئەو کاغەزانەی کەمن هێنا بووم بۆ سەرۆکی عەشرەتەکان و زۆر بە نهێنیش ئیشەکەم گرتبوو دەریهێنا و خستیەبەر دەستم. وتی: هەر وا لەشوێنەکەی خۆم وشک بووم. بەشوێن ئەوەد ادەستی برد کاغەزێکی تری دەرهێنا کە لەلایەن «موتەسەرفی» موسڵەوە نێرراوەتەسەر ئەو کەبەو ناوەوە قائمقام بمگرێ بەباڵبەستی بمنێرێ بۆ موسڵ و لەوێوە بمنێرن بۆ بەغدا.

وتی کەئەمەم دی هەر بەجارێ وشک بووم. وشک بوونەوەکەم لەترسی گرتنەکە نەبوو، لەوە بوو کە من ئەم ئیشەم زۆر بەنهێنی گرتوە، کەچی بەمجۆرە بڵاو بوەتەوە. وتی: ماجد پێ وتم جەمال ئەگەر تۆ راست ئەکەی وەرەوە ئەوا ئێستە من پیاوی حوکومەتم، لەم دەقیقەیە زیاتر نییە تفەنگ ئەکەمە شانم، ئەوا ئارارات دیارە پیکەوە ئەچین و ئەدیەنە شاخ. چیمان پێ بکری ئەیکەین. خەڵکی تریش لەوێ هەیە لە گەڵ ئەوان دەست ئەکەین بەئیش کردن. تۆ هاتوویت بۆ لای ئەمانە؛ ئەمانە هەموو درۆ ئەکەن، هەموویان لە ژێرەوە لەگەڵ حوکومەتن. یەکەیەکە ئەو کاغەزە نهێنیانە کە تۆ هێناوتە بۆ ئەوان، هەموویان هێناوە بۆ من. بەوەشەوە نەوەستان خەبەری ئەم هاتنەتیان گەیاندۆتە بە موتەسەرفی موسڵ. ئەویش بەفەرمانێکی رەسمی کردوویەتە سەر من کە بتگرم و بە باڵبەستەیی بتنێرم. ئەمەیە حاڵی ئەم سەرۆکانە. بەبێ چرپە بەو شوێنەدا کە هاتویت هەر بەو شوێنەدا بگەرێوەو خەبەرەکە بەرەوە بۆ شێخ؛ منیش ناتگرم ئەگەر سەریشم تێدا چووە. وتی: هەندێ پارەی دامێ خۆی لەگەڵم هات تا قەراخی شارەکە بەبێ ئەوە پۆلیس بزانێ رەوانەی کردم خستمیە سەر لارێگەیەک و وتی لێرەوە برۆ. وتی تا لەسنووری ئامێدی دەرچووم هەر بەلارێگا و بەترسەوە ئەهاتم. بەو جۆرە گەیشتمەوەولاتی سولەیمانی و چوومەوە بۆ لای شێخ و کارەساتەکەم تێگەیاند.

**- شێخ بورهان**

شێخ بورهان گوندێکە لە ولاتی موکریان. شێخێکی لێ بووە بەناوی شێخی بورهانەوە ناوی دەرکردوە. ناوی ئەسلیەکەی «یوسف»و لەقەبی شەمسەدین بوو. سەردەمی ژیانی سەدەی نۆزدەهەم بوو. شێخی بورهان یەکێک بووە لە شێخە پایەبەرزەکانی سەر بەبنەماڵەی شێخانی تەوێڵە لە کۆرِی ئاگردانی مەولانا خالدی نەقشبەندی.

پایەی شێخی بورهان شێخی راستەقینەبووە. خۆی پیاوێکی دەوڵەمەندی بەراستی دەوڵەمەند بووە. دەوڵەتەکەی لەکۆششی خۆی و لە میراتی باوو باپیریەوە بۆ ماوەتەوە. چاوی لەدە ستی خەڵک نەبووە؛ نانی داوە بە خەڵک، نانی کەسی وەرنەگرتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەماڵی تایبەتی خۆی ٣٠ مانگا، پێنج جووتەگا و دەئێستری تەرخان کردووە بۆ خانەقا. گاوان و جووتیار و دارکێشی بۆ ڕاگرتوون. شیری ئەم مانگایانە بۆ ماست و دۆی ئاوەن و ڕەوەنی مریدانی خانەقا، بەرهەمی جووتەکانیش بۆ خانەقا. ئێسترەکانیش هەموو ڕۆی تێڕوان بۆ دار و سووتەمەنی خانەقا.

ئەو عالەمە لە دوور و نزیکەوە هاتوون نان و شۆربا و هەموو شت حازر بووە. چەند لەوێ مابێتنەوە بەزکر و فیکرەوە ڕایانبواردوە. ئەگەر مریدەکانیش شتیان هێنابێ، پیاوی تایبەتی هەبووە لێی وەرگرتوون، هەر لەخانەقادا عەمار هەبووە براوەتە ئەوێ و دەرخواردی مریدان دراوە بەبێ ئەوە تێکەلاو بەماڵی شێخ کرابێ.

ڕابووردنی خۆیشی وا بوو گوێدرژێکی هەبوو هەموو ڕۆژ سواری بووە چووەبۆ سەر ڕەزو زەوی و زاری خۆی. خۆی بەدەستی خۆی بژاری ڕەزی کردووە، بێلکاری کردوە. بەدەستی خۆی گەنمی وەشاندووە، ئاوی داوەو درویەتیەوە، شەن و بای کردوە. بردوویەتە ئاش و هارپویەتی. لەوە لە ماڵەوە نانی بۆ دروستکراوە وەکوو بلێیت دائما لە ڕیازەت و چەوسانەوەی نەفسدا بووە. زۆرتر خواردنی لەوە نان و شۆربایە بووە کەخۆی بەدەستی خۆی هێناویەتە دەست. مێوەی ئەخوارد، ئەویش هەر لەوە کە خۆی بەدەستی خۆی لە ڕەزەکانا ئەهێنایە ئەنجام. هەموو دەم دەرزی و دەزووی پێ بوو، جلەکانی خۆی پێ ئەدووریەوە. بە هیچ جۆر ئەرکی نەئەخستە سەر کەس. لەکۆڕی مراقبەی سۆفیەکانا ئەچوو سەری ئەنا بە سنگیانەوە مراقبەی ئەکردن. هەموو ساڵێکیش چلەی ئەکێشا. ئەمەبوو شێخی بورهان.

- هەتا جەنگی یەکەمی جیهانیش (١٩١٤ - ١٩١٨) لەو کوردەوارییە زۆرجار جەماعەتی مزگەوت سەیریان ئەکرد یەکێ لە ئەهلی جەماعەت دیار نییە، وەیا لەگوزەری بازاڕ تەماشایان ئەکرد یەکێ لە دراوسێ دوکانەکان دیار نییەو دووکانەکەی داخراوە، ئەچوون بەسەر وەختیەوە بزانن بۆچی دیار نییە. کە ئەچوونە ماڵەکەوە خەبەریان ئەپرسی ئەیوت ئەوی ڕاستی بێ هەریەک کراس و دەرپێ وەیا یەک کەوام هەیە، چڵکن بوو شۆردیان هیچی‌تر نەبوو لەبەری بکەم؛ لە ماڵەوە دانیشتم تا وشک ئەبێتەوە بیکەمە بەرم و بێمە دەرەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- شارەزوور جوغرافی زانەکانی پێشوو وتوویانە لە کلکەشاخەکانی هەورامانەوە دەست پێ ئەکات تا ولاتی کەرکووک. بەڵام لەم ئاخرەدا شارەزوور لەناو کورددا وا ناسرا کە لەبناری هەڵەبجەوە تا سولەیمانی شارەزوورە.

جا ئەم شارەزوورە کە ئەگەیشتە سولەیمانی هەتا سالانی ١٩٢٥گیاو قامیشەلانێک بوو سوار لە ناویا ون ئەبوو. سەردەمی هەرە پێشووی نە بەڵام لە مێژووەکانی دواییدا لەبەر ئەوە ڕێبازی جاف بوو بۆ شلێر و ناو خوان ئاوەدانی زۆر کەم بوو. لەم لایەوە عەربەت و بێستانسوور هەبوو عەربەتەکەش لە دووپشکەناقۆلاکانی مەگەر ئەهلەکەی خۆی نەبێ کەسیتر نەیئەویرا شەوی تیا ڕۆژ کاتەوە. دووپشکی عەربەت بیدایە بە هەر کەسێکەوە ئەو کەسە ئەگەر خۆی پیس بکردایە ڕزگاری ئەبوو ئەگەر وا نەبوایە ئەیکوشت.

- هەتا سەرەتای ئەم سەدەی بیستمەو بەڵکوو تا جەنگی جیهانی یەکەم سنە یەکێ بوو لە شارە بەناو بانگەکانی کوردستان کە بە پیشەسازی دەستی، گوێ هونەری بردبووەو هونەرمەندەکانی ئەوێ ئەهاتن لە داری گوێز قوتو جگەرە، سینی و قەڵەمدان و کاسەیان دروست ئەکرد، بەنەخش و نیگاری نایاب ئەیانڕازاندەوە. زیاتر هونەرمەندیەکە لە بۆیەکاریەکەیا بوو. ئەو ڕەنگ و بۆیەیە بە جۆری ئەکرا کە چوونەوەی نەبوو. ئەم ئەوزارانە کە ئەو هونەرمەندانە ئەیانکرد ئەبرایە ولاتانی دەرەوەو ئاورووپا. عەنتیکەسێنەکان ئەیانکڕی، پیاوانی دەولەمەندی هۆگری عەنتیکە، بەپارەیەکی زۆر وەریان ئەگرت؛ نەک بۆ بەکار هێنان بەڵکوو بۆ ئەوە کە لەناو جامخانەو لەسەر مێزی دیواخان داینێن بۆ سەیر کردن و تەماشا کردنی مێوان و هاتووچووکەرانی.

## تاڤگەی ئێلاخ

- مەلا حەسەنی شاتری بۆی گێڕامەوە وتی:

عێل سەرەو ژوور ئەچوو بۆ کوێستان، منیش ئەچووم بۆ «کفری». پیاوێکی جاف هەبوو «ڕەوە»ی ناو بوو، لەڕێگادا تووشم بوو؛ ئەویش هەر بۆ کفری ئەچوو. وتی: مەلا حەسەن تۆ خوێت هەس؟ وتی: سابەخوا براکەمن نیمە، منیش هەر تێم بۆ ماڵی خانەخوێکەی تۆ. وتم: باشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


گەیشتینە ناو شار کابرایەک ترۆزی ئەفرۆشت. کۆمەڵ کۆمەڵی کردبووەو بانگی ئەکرد کۆمەڵی بەپێنج قرۆش. رەوە لێم دوور کەوتبووەو کە گوێی لەکابرای ترۆزی فرۆش بوو هەر لە دوورەوە لەو ناو بازاڕەدا بەدەنگێکی قایم بانکی کرد «هۆ مەلا حەسەن! ئا پێنج قرۆشێکم بۆ بسێنە». منیش ترۆزیەکەم بۆ کڕی و شەوێ چووینە ماڵی خانەخوێکەی من.

شەو ئەوا دانیشتووین کوتوپڕ کابرا لە ماڵەکەدا نێرگەلەیەکی بەمارپێچەکەیەوە بەرچاو کەوت هەر راست بووەوە هاواری کرد «کوڕ گەل! ئای کەوەکیفی خواردمانی». نێرگەلەو مارپێچی دایەبەر گۆل.

لەمە بووینەو دانیشتبووین ئاوێنەیەک بەقەد دیوارەکەوە بوو منالێکیشمان لا دانیشتبوو. منالەکە لەناو ئاوێنەکەدا لە رەوەوە دیار بوو، کە دیاریش بوو بەسەرەو لێژی دیار بوو. رەوە هەر چاوی بەمەکەوت پەلاماری منالی ناو ئاوێنەکەی داو وتی: «یا غەوس! نەتکردۆی یا غەوس نەتکردوێ». لای وا بوو ئەمە ئەکەوێتەخوارەوە.

- مەلا برایمی «کەلۆس»هەبوو شەوێک لەخەویا خەریکە سلکەگوویەک ئەخوا، کە ئەکەوێتە بەیانی لیرەیەک ئەدۆزێتەوە. ئەمجا هەموو نوێژێک دەستی بەرز ئەکردەوەو دوعای ئەکرد ئەیوت: «خوایە هەموو شەوێ سلەگوویەکم دەرخوارد دەی».

- ساڵێک لە سولەیمانی بێ بارانی هات بەسەرا و خەڵکەکە زۆر شڵەژان کەوتنە نوێژەبارانە. نوێژەبارانەش لەدەرەوەی شار ئەکرێ؛ مەلاو حاجی و پیاوی پیرو منالی ساواو مالات لەگەڵ خۆیان ئەبەن دەست ئەکەن بەنوێژکردن و پاڕانەوەلەخوا کە بارانیان بۆ ببارێنێ.

خۆت ئەزانی مزگەوتی گەورەی سولەیمانی حافزی زۆری لێیەحافزەکانیش لەگەڵ خۆیان ئەبەن بۆ ئەم نوێژ و نزا و پاڕانەوەیەبۆ ئەوە بەڵکوو خوا رەحم بەم هەژار و بێچاو و ساوا و مالاتە بکا و باران ببارێنێ. ئەو دەشتە لەبەر دەنگی مەلا و نزای پیر و باڕەو قاڕەی مەڕ و گریانی منال ئەبێ بەرۆژی قیامەت. هەر یەکە بەجیا هاوار ئەکا و ئەپاڕێتەوە. سەرە هاتەسەر حافزەکان بۆ ئەوەدەست بکەن بەدوعا و پاڕانەوە. لە ناویانا مەلا سەعیدێکی بانەیی هەبوو هەستا گۆچانەکەی گرت بەدەستەوەو پێشکەوتو دەستی بەرز کردەوەو وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


خوایە! تۆ ئەزانی ناو شاری سولەیمانی کە باران ئەبارێ ئەبێ بە چ قوڕ و چڵپاوێک؟ ئێمەش کە کوێرەکانی مزگەوتی گەورەین لەناو قوڕو چڵپاوی کۆڵانەکانا حاڵمان حاڵی سەگەو هەر تەپ و کوتمانە. جا تۆ هیچ گوێ مەدە بەفلتەفلتی ئەمانە، بیکەبەخاتری گەورەیی خۆت و خۆشەویستی پێغەمبەر دەرگای ئاسمان ببەستەو مەیەلا تنۆکی باران بێتەخوارەوە. حاڵی ئێمەبەتەواوی شڕ ئەبێ و ئەو وەختەخۆت ئەزانی چیت پێ ئەکەم.

- کتێبێک هەیە «جمع الجوامع»ی پێی ئەڵێن. ئەم کتێبە باوی هەبووە لەناو فەقێیەکانا ئەیانخوێند. حاشیەیەک بەسەر ئەم کتێبەوە هەیە «بنانی»پێ ئەڵێن. خاوەنی ئەم بەنانیە هەر وەخت زۆر تێگیرابێ دەستی کردووە بەسوێند خواردن ویستوویە بەسوێند قسەکەی خۆی بسەپێنێ بەسەر خەڵکا.

شێخ بابەعەلی تەکیەیی لەسولەیمانی دەرزی ئەم کتێبەی بە فەقێیان ئەوتەوە، هەر کاتێ کە ئەگەیشتە سەر سوێندەکانی بەننانی پشتێنەکەی لێ ئەکردەوە، پالی لێ ئەدایەوەو ئەویت: ئیش کە گەیشتە سوێند ئیتر ئەوا من پەکم کەوت. دەستی ئەخستەسەر دەمی و ئەیوت: «ئم».

- کابرایەکی «تەرخانی» لەو کوێستانە «خوێ»یان نەما بوو «گا»شیان لەماڵەوە نەبوو. کەرێکی دایە پێش خۆی چوو بۆ خوێلێن. گوێدرێژی بار کرد و لەو لاوە گەڕایەوە. شەوی بەسەرا هات کردی بەباران، خوێکە هەمووی توایەوە. کابرا باران سەری لێ تێکدا گورگ هات کەرەکەشی خوارد؛ پاشان کردیە برووسکە. جا ئیتر کابرا ئەیوت:

«ئەی گووت لێ نەوارێ! بارانەکە خوێکەمی تواندەوە، کەرەکەم گورگ خواردی ئێستەخەریکە چرا هەڵئەکا ئێژێ خۆیشم کەرەگە. ئەی برا بۆ واز نایری هیچ وەبزانی باوکتم کوشتگە».

- شێخ حسینی قەرەداغی هەبوو بۆی گێڕامەوە وتی:

ئەوە ئەمەوێ بچمەوە بۆ ماڵەوە، تووشی دروشکەیەک بووم. بەدروشکەچیەکەم وت بە چەند سوارم ئەکەی؟ وتی بەدوو روپیە. وتم پیاوی چاک بە زەلامێک بە روپیەیەک سوار ئەکرێ، ئێستەچۆن ئەڵێی دوو روپیە؟ وتی ئاخر تۆ زۆر زلی لە دوو زەلامیش زلتری. وتم ئەمە قسەنییە تۆ ئەیکەی هەر وەکوو خەڵکی‌تر دوو دەستم هەیەو دوو قاچم هەیەو دوو چاو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


و دوو گـوێ، ئیتـر چـیم زیـاترە لـە خەڵـک؟ وتی: بـە هـەر جـۆر بـوو لەگـەڵ ئـەوەش کەخەڵکی‌تری بە روپیەک سوار ئەکرد بە روپیـەو نیـوێ رێ کـەوتین. هـاتم سوار بم وتی: «نەکەی بچۆ لەپشتی عەرابەکانەوە بسوورێوەو وەرە بەدزی ئەسپەکانەوە خـۆت بکـوترە نـاو دروشکەکەوە؛ ئەگەینا ئەسپەکان چاویان پێت بکەوێ بەدوو زەلامت تێ ئەگەن نایەڵن».

- حاجی دەرویش هەبوو بۆی گێرامەوە وتی:

ساڵێک لە خێڵێکی کەمالەیی بووم. خێڵەکە گاوانیان نەبوو خەڵـکەکەخۆیان بەنۆبـە هـەر رۆژی یەکێکیان ئەچوونە لای گالەکە. وتی کابرایەکی پێ کورەی پیر هـەبوو رۆژێـک نۆبـە کەوتـە نۆرەی ئـەوەوە. گاگـەلی دایـەپێش و چـوو بۆ لـەوەڕ. ئەگـەنـە شـوێنی لـەوەڕ گاگـەل خەریکی لەوڕ ئەبێ و ئەمیش بۆی رائەکشێ خـەوی لـێ ناکـەوێ، هەتاوەکـەی تـۆزێ گـەرم ئەبێ کابراکەی ئەکەوێتە نزگەرە. مرخ لە جاشولەیەک خـۆش ئـەکا بـۆی نـاگیرێ. ماکـەری دایکی جاشکەکە ئەداتەبەر. ئێوارە گاگەل دێنێتەوە، ماکەرەکە بەخۆی و جاشکەکەیەوە روو ئەکاتەوە ماڵی خاوەنی. کە ئەگەنە نزیکی ماڵ، جاشەکە بەدەوری دایکەکـەیا هەڵـئەپەڕێ و جووتەی ئەوەشاندو غارغارانی ئەکرد. وتی گوێم لێ بوو کابرا رووی کردە ماڵی خاوەنکـەر و وتی:

جاشـکەکەتان ئـەزانێ ئیمـرۆ زەمـاوەنی دایکـی بـوو، بۆیـە وا کەوتگـە خۆشـی خۆشـی و جەمبازە.

- لەمزگـەوتێک لەبەغـدا وەیـا بـڵێن لەمزگەوتەکـەی لای خـۆم، ئـەوا نـوێژی نیوەڕۆیـە خـەریکی دەسـتنوێژ شـتن بـووم. دوو زەلامـی کـوردی ئـەو بنـاری کفرییـە هـاتن بـۆ نـوێژ. یەکێکیان ریشی سپی و ئەوەیکەیان لە دەوری سی ساڵانێکا ئەبوو. ئـەمی سی ساڵـەکە زۆر تەنگەتاو بوو مەسینەیەکی هەڵگرت و چووە سەر ئـاو دەستەکەو ریش سپیەکە لـە دەرەوە وەسـتا بـوو. کـابرا کـە هاتـە دەرەوە ریـش سـپیەکە پێـی وت بـۆچی مەسـینەکەت نـەهێنایـە دەرەوە؟ ئەویش وتی: ئەوەندەی ئاو تیایە ئەگەر هەر میز بکەی بەستە. مامـەی ریش سـپی هەر وا لەسەر خـۆی وتی: «ئـاخر ئەترسـم گوویـشم وەریـشەوە بـوێ». ئـەویش وتی: کـورە قیروسیا ئەگەر وەریشیشتەوە بوێ هەر بەستە».

- شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شێخ محەمەدێک هەبوو لەتەکیەی لای ئێمە (تەکیەی قەرەداغ) پێیان ئەوت شێخ محەمەدەجنۆکە. ئەم شێخ محەمەدە نووشتەو شتی ئەکرد. پارچە زەویەکی هەبوو لەگەڵ پیرێژنێکا هاوسنوور بوون. بە درێژایی زەویەکە بەردیان دانابوو بەبەینا بۆ ئەوە زەوی هەر دوو لایان دیار بێ.

ئەمجا ئەم شێخ محەمەدەجنۆکەیە هەموو رۆژی ئەچوو سەر بەردی سنوورەکە قورعانێکی هەبوو لەگەڵ خۆی ئەیبرد ئەیگرت بەبەر چاویەوەو بەدەم گەڕانەوەقورعانی ئەخوێند، لە ژێریشەوە بەپێ پێی ئەدا لە بەردی سنوورەکەو ئەیخشانە ناو زەوی پیرێژنەکەوە. بەم جۆرە گەلێ لە زەوی ئەو پیرێژنەی خستبووە سەر زەویەکەی خۆی؛ بەلام ئەم شێخ محەمەدە لە ئەنجاما بە نەخۆشی سیل مرد و دنیا و زەویەکەی بەجێهێشت.

- کابرایەکی «مامێزەک»ی جارێک لە مانگی موحەرمدا ئەچێتە کرماشان. ئەم مامێزەکیانە سوننی مەزەبن. لەکرماشان بەزۆر راپێچی ئەدەن و ئەیخەنەناو دەستەی سینەزەنەکانەوە. ئەویش چارناچار دەست ئەکا بەسنگ کوتان و بە لایەوە وا ئەبێ ئەم سنگ کوتانەو دوژمنایەتییە بۆ عومەرە. جا بەدەم سنگ کوتانەکەیەوە ئەمانەی خوارەوەی ئەوت:

یەکار زوورە یا ئۆمەر — چەمانم کوورە یا ئۆمەر
ئەی دەستەی من لەسەر سینە — تۆ مەوشە ئەی کارەکینە
جەرگم سووتایە یا ئۆمەر — ئەرات وەداخە یا ئۆمەر
هەلەق مەلەق ئەوشم وەتۆ — وە زوور ئەوشن بۆشینم وەتۆ
یانە رای من گوو خواردنە — سەیەل وەئاسمان خستنە
یەکار زوورە یا ئۆمەر — چەمانم کورەیا ئۆمەر

- لەو خۆشناوەتیە پیاوێک هەبوو «هەمزۆکە»یان پێی ئەوت. ئەم هەمزۆکەیە چوو بوو بۆ کاروان بۆ ئەو دەشتی دزەییە بۆ ترێ فرۆشتن. ترێکەی نەئەفرۆشرا، لە گەڕانەوە زۆر دواکەوتبوو. رۆژێک ژنەکەی بەکاروانچی‌ترا خەبەری بۆ ئەنێرێ کە بگەڕێتەوە ترێ ئەفرۆشی نافرۆشی قیروسیا ماڵ بێ خاوەنە با لەمە زیاتر دوا نەکەوێ.

هەمزۆکە ئاگری جگەر و ئاگری گزەر هەلیئەگرێ ترێ بەجێ دیلێ و سواری نێرەکەرەکەی ئەبێ و ئەگەڕێتەوەو بەتاو ئەڕوا. لە رێگادا هەر جارە بە هەر دوو پێی ئەماڵێ بەژێر سکی نێرەکەرا بۆ ئەوە خێرا بڕوا. جارجار پێی ئەکەوێ لەشتێکی رەپی رەقی درێژ بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لایەوە سەیرئەبێ، لای وا ئەبێ سەری قەیاسەکەیە شڕ بوەتەوە دەست ئەبا هەڵیگریتەوەو بیبەستێتەوە، کەچی کێری رەپی نێرەکەری دێ بەدەستەوە. ئەمەش ئەوا لەنزیکی ئاوایی وماڵەوە روو ئەدا.

هەمزۆکە توورە ئەبێ و دائەبەزێ و دێتە وێزەی کەری بەستەزمان، ئەڵێ: «دایکت دەگێم ما بەشوێنی تۆیانا ناردیەیا من وا بەم جۆرەئیرەقت کردییە؟ چما هەمزۆکەیت و لۆ لای سەمەنێ دەچیەوە. من هەمزۆکەم تۆ چ رایەت دەکەوێ دەستی لۆ سەمەنی درێژ کەی؟ چما داکوو ناگێم ئەوی من گۆتم تۆ بیریت». سەمەنی ژنی هەمزۆکەبوو.

- لەو خێڵەکوڕێک هەبوو «گۆڵە»و کچێکیش هەبوو «سۆسە»یان ناو بوو. گۆڵەو سۆسە هەردووکیان لەو بەری رووباری «کاریز»ی لای سەقزە لای ران ئەبن. گۆڵە لەم بەر ئاوەکەوەو سۆسە لەو بەرەوە شەوێ مەڕ تێری خواردەوەو مۆڵی بەستووە، دنیاش مانگەشەوەو فینکە. سۆسەش بەلای رانەکەوە لە سەر گازی پشت رائەکشێ و خەوی لێ ئەکەوێ. خەویشی ئەوەندە گران ئەبێ هەر شتێکی لێی بکەن بەئاگا نایەت.

گۆڵە لەو بەرەوە کە سەیر ئەکا وا سۆسە بازاڕی خستۆتە ئەو دەشتەو مانگەشەو لێی داوە ئەوەندەیتر بەیاتەبووتەوە ئاگری دەروون هەڵیئەگرێ، ئەکاتە ئەم بەر ئاوەکەوە خۆی ئەدا بەسۆسەدا. بەلام سۆسە هیچ خەبەری نابێتەوە. ئەو ئیشی خۆی تەواو ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی. بەیانی کە سۆسە هەڵئەستێ سەیر ئەکا ناو گەڵی شلەقاوە، زۆر سەری سڕ ئەمێنێ. بانگ ئەکا هۆ هۆ گۆڵەی شوانی ئەو وەری ئاوەکە! ئیمشەو تۆ نەتکردگەسە ئەم وەری ئاوەکە؟ گۆڵەش ئەڵێ: نا نا سۆسە. ئەڵێ: ئیمشەو تۆ منت نەگاگە؟ ئەڵێ: نا نا ئەوەتۆ ئێژی چی؟ گۆڵەش بۆیەوا ئەڵێ چونکە بیری تازە ئەبێتەوە.

سۆسە ئەڵێ ئەی کوچکت لێی نەوارێ ناو گەلی من بۆچی شلقیاگە؟ گۆڵە ئەڵێ ئەوە ئاونگ لێیداگە. سۆسە ئەڵێ: ئەی چەپکی لە مووەکە بۆچی چووگەوە ناوا. ئەڵێ: ئەوەمێ پەری ماڵی لالەت پێی پیا نیاگە. ئەمجا سۆسەئەڵێ: ئۆخەی خوا کەس نەیگاگم، مێ پەڕی ماڵێ لالەم پێی پیا نیاگم.

ئەم راز و نیازەی نێوانی هەر دوو لاشیان هەر لەم بەر و لەو بەری ئاوەکەئەبێ.

- خورشید ئەفەندی رواندزی هەبوو حاکم بوو لە کەرکووک. رۆژێک کابرایەکی زرتەبۆز ئافرەتێک خراپ ئەکا. ئیش ئاشکرا ئەبێ کەس وکاری ئافرەت شکات ئەکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا و ژنەکە دێننە مەحکەمە. خورشید ئەفەندی لە ژنەکە ئەپرسێ ئەم کابرایە کوو هاتەلات و کوو رازی بوویت؟ ژنەش ئەڵێ: قوربان جەنابی خورشید ئەفەندی! هیچ ئاگام لێ نەبوو نازانم چۆن شتی وا بووە. کابرا وا بەو لاوە راوەستاوە، بەلام کابرا کابرا نییە لەندە هوورێکە. خورشید ئەفەندی هەڵدەستێ کورسی بەجێ دیلێ دار عەساکەی هەڵئەگرێ ئەینێ بەسەر سنگی کابراوەو روو ئەکاتە ژنەکەو ئەڵێ:

هەی قەحبەی ماکەر! ئائەم کسووک بابە کەر بگێ سەقەتی دەکا هەنووکا تۆ کو ئەڵێی ئاگام لێ نەبووە؟ بەمجۆرە مەحکەمەیان ئەکا.

- مەلا ناسح لە کەرکووک -بەرەحمەت بێ- لە نوێژی بەیانیانا زۆر درێژەی ئەدا بە نوێژەکە. بەیانیەک خۆی پێش نوێژ ئەکاو سوورەی «البقرە» لە نوێژەکەدا ئەخوێنێ. کابرایەکی کونەکۆتری بە خەڵوز فرۆشتن چوو بوو بۆ کەرکووک. ئەو بەیانییە لە پشت سەری مەلاناسحەوە نوێژ ئەکا ئەیەوێ زوو لێ بێتەوەو بڕواتەوە. مەلا ناسحیش هەر لەنوێژ نابێتەوە. کابرا تەنگەتاوە ئەبێ نوێژەکە ئەبڕێ و دەنگی بەرز بانگ ئەکا ئەڵێ: «مەلا گوو بەریشی باوک ئەو کەسە لە پشت سەر تۆوە نوێژ ئەکا وەخوا بیبڕێ ئەم نوێژەش کە تۆ ئەیکەی». ئەمە ئەڵێ و ئەکا بەپێڵاوەکانیا لێی ئەدا ئەڕوا.

- جەمیل ئاغای حەوێزی لە کۆیە پیاوێکی بەنان و خوان و دیواخان گیر بوو. هێشتا ئەم پاکەت و ماکەتە دانەهاتبوو، باو هەر باوی جگەرەی قامیش بوو. جەمیل ئاغاش دوو جۆرە جگەرەی لە باخەلا بوو، جۆرێکی تووتنی بێشەمە بوو، ئەو هەر بۆ خۆی بوو؛ جۆرەکەی تری تووتنی کۆیە بوو. کە مێوانێک ئەهات دەستی ئەبرد لە تووتنەکەی کۆیەجگەرەیەکی ئەدایەو لە پێشەمەکەش جگەرەیەکی بۆ خۆی دەرئەهێنا. خەڵکیش وایان ئەزانی هەر دوو تووتنەکەی هەر یەکە، بەلام لە ئاخرا هەستیان پێ کردبوو کە ئەمە وا نییە.

رۆژێک لەدیوەخان دائەنیشن و لەسەر عادەتی جاران جگەرە دەرێنێ بۆ مێوان و جگەرەیەکیش لە بێشەمەکە بۆ خۆی دەردێنێ. قوتو جگەرەکەی خۆی کەوتبووە سەر گۆی مەمکی. لەو کاتەدا کە ئەینێتەوە بەیەکا بەر مەمکی ئەکەوێ زۆر عەزیەتی ئەدا. لە تاوانا ناو چاو دێنێتەوە یەک. هەمزەی خۆمان لەوێ ئەبێ هەستی پێی ئەکا کە چ باسە ئەڵێ: «ئاغا جگەرەیەکمان بدەرێ و خۆت بەو دەردە مەبە، جگەرەیەک ئەوەی ناوێ کە پیاو خەریک ئەو فرت و فێلە بێت بۆی و مەمکی خۆ ی بۆی بریندار بکا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rahnj...

جەمیل ئاغاش ئەڵێ: هەمزە مردووت مرێ! جارێ وەختی ئەو قسانە نییە. هەمزەش ئەڵێ: ئاخر ناڵێم.

- مەلا پیرۆت لەدێ بێواتە بوو، شەوێ لە گەڵ مەلاژنا ئەکەونە گەمەو گاڵتە. کەخۆت ئەزانی داخوازی ژنیش هەر دوایی نایە، شتێکی بۆ جێ‌بەجێ ئەکەی دوو شتی‌تری دێنێتەسەر. بە تایبەتی جا لەو وەختەدا مەلا ژن هەر داوای کراس و کەواو چارۆکەی ئەکرد. مەلا پیرۆت هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ دەستی برد مێزەرەکەی لە تەنیشت مەلا ژنەوە دانا وتی: مەلا ژن بیکە بەخاتری ئەم مێزەرەیە وازم لێ بێنەو لەمە زیاتر سەرم لێ تێکمەدە.

- خورشە تازە مێردی کردبوو بەحەمەوەیس. یەکتریشیان زۆر خۆش ئەویست. ورشە هێشتا جلی بووکینی لەبەر دانەکەندبوو مردن لە ڕێگای هەموو کەسێکایە،حەمەوەیس مرد. خورشە هەموو ئێوارانێک ئەچووە سەر گۆڕەکەی و تێرو پڕ بۆی ئەگریا.

ئێوارەیەکیان چوو بۆ سەر زیارەتان لەجۆشی گریانا بوو، کوڕێکی گەنجیش هات لەو بەری قەبرەکەوە دانیشت و لەو بەکوڵتر دەستی کرد بەگریان. پاش لێ بوونەوە خورشە بەکوڕەکەی وت: خوا سواوت بنووسێ براکەم. کوڕەش چاوی سڕیەوەو تی تۆ خوا خوشکم ئەوەچیت بوو؟ خورشە وتی: وەڵلا براکەم مێردم بوو. وتی زۆرت خۆش دەویست؟ وتی بێ یەک نەمانئەکرا وا ئێستا خاک لێکی جیا کردینەوە. ئیتر خورشە نەیپرسی لە کوڕەکە کە تۆ چی ئەم بوویت وا بەو جۆرە بەکوڵ بۆی ئەگریای. ئەمجا کوڕە وتی: دەسا خوشکم بیکە بەخاتری ئەو خۆشەویستە جوانەمەرگەت ئەگەر لەو شوێنەدا یەکێکم نەدەیتێ؟ خورشەم خورشەبوو هەر گوێی لەمەبوو هەستا لووس و باریک بۆی پان بووەوەو وتی: وا سوێندم ئەدەی بەگۆڕی حەمەوەیسی جوانەمەرگ ناتوانم دڵی بشکێنم وەرە پێشەوە. ئیتر کار لەکار ترازا.

- مەلاعەلی قووچەبڵباسی کتێبێک لەبەر دەستیا بوو وتم ئەوەچییە؟ وتی: «قلل الانبیا»یە. وتم کتێبێکی باشە بۆ وەعز کرد ن. وتی: بەڵێ کتێبی چاکە بەڵام خەڵکەکەزۆر سەگ بوون بڕوای پێ ناکەن.

- حاجی غەفووری مەلا لەر ماینەگەڕێکی هەبوو زۆری ئەڕەتان. هەموو جار لەناو خەڵکیشا بۆ ئەوە خۆی پیشاندا کە ماینی هەیە زۆری باس ئەکرد. ڕۆژێک ئەکەویتەشوێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کەرویشکێک هەر چەندە ئەکا بۆی ناگیرێت، لەپاشا لێیان پرسی حاجی غەفوور ئەوە بۆچ کەرویشکەکەت بۆ نەگیرا؟ ئەویش بۆ ئەوە ماینەکە نەشکێنێ وتی:

برا ئەوی بەسەر ئەو ماینەی منا هاتوو بەسەر حەسەن و حوسێندا نەهاتووە.

- حاجی برایماغای عەنبار جارێک حاجی لەقلەقێکی لەسەر بانەکەی خۆیان بەر چاو ئەکەوێ تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: ئەوەقەحبەبابەی رانک لەپێیە کێیە چووەتە ئەو سەربانە؟

تۆمەس ئەمەحاجی لەقلەقە بە زەلام تێگەیشتووە.

- کابرایەکی خەڵکی ئەو گرێزەو مووانە ئەچێتە خزمەتی کاکەحەمەی شێخ تۆبەبکا. دنیاش چلەی زستان ئەبێ، هەر بەرۆکی کاکەحەمەد ئەگرێ و وازی لێ نایەنی لەئەنجاما سەر ئێوارەیەک کاکەحەمەد پێی ئەڵێ: بچۆرەئەو حەوزەوە. کابراش ئەچێتەحەوزەکەوەو تابەیانی تیایا ئەمێنێتەوە. بەیانی کاکەحەمەد بەوێدا تێئەپەڕێ کابرا لەناو حەوزەکەوە بانگی ئەکا ئەڵێ: قوربان خووسیاگم؟ شێخیش ئەفەرمووی خووسیاگی وەرە دەرەوە.

پاشان لەکابرا ئەپرسن مردووت مرێ چۆ ن شەوێ لەو حەوزەدا سەرما نەیکوشتی؟ ئەویش ئەڵێ: برا لەدوورەوە چاوم لە ئاگرەکەی گلەزەردە بوو تەسکینیم بۆ ئەهات.

- کاک مەسعوود گێڕایەوەوتی:

لەو مەنگووڕایەتییە ئاغایەک دوو خزمەتکاری هەبوو، یەکێکیان نەخۆش کەوت و لەجێگەدا بوو. ئاغا خزمەتکارەکەی تری لەگەڵ خۆی برد و چوو بۆ سەردانی. دەستی کرد بە دڵنەوایی و دڵدانەوە. خزمەتکارەکەش وتی: قوربان ئەترسم لەم نەخۆشییە راست نەبمەوەو بمرم؛ گەردنم ئازادکە. ئاغاش وتی تۆ کوڕی چاک بوویت و هیچ خراپەیکت بەرانبەر بەمن نەبووە تا گەردنت ئازاد کەم. ئیشەڵڵا ناشمری و هەڵئەستیتەوە. خزمەتکارەکەش وتی قوربان ئەترسم هەڵنەستمەوە هەر ئەبێ گەردنم ئازا کەی. ئاغاش وتی: ئاخر هیچ خراپەیەکت نەبووە تا گەردنت ئازاد کەم. خزمەتکارە وتی راست ئەفەرمووی هیچ خاپەیکم نەبووە، بەڵام دوو جار ئاغا ژنم گاوە ئەبێ گەردنم ئازاد کەی.

کەئەمەی وت. ئاغا زۆر تووڕەبوو هەستا بەجێهێشت و هاتە دەرەوە، هەر قسەی ئەکرد و جنێوی ئەدا. خزمەتکارەکەی تر کە پشت سەریەوە بوو وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆت عاجز مەکە ئەم کابرایە کەرە وا قسە ئەکا. من تا ئێستە پەنجا جاریش ئاغاژنم گاوەو هیچ قسەشم نەکردووە.

- حەمەسابلاخی بۆی گێڕامەوە وتی:

حاجی میرزا رەحمەتی سابلاخی ئەو سەردەمە کە ترومبێل و شتە نەبوو، قافڵەی ئەو لە هەموو ولاتی سابلاخ و موکریانا مەنشوور بوو. جارێک قافلە ئەچێ بۆ تەورێز بارخانەبار ئەکا و ئەگەڕێتەوەو ئەگەنە سەر چۆمەکەی سابلاخ. لەم لاوە هەموو خەلکی سابلاخ و حاجی میرزا رەحمەت خۆیشی دەرئەچن بۆ سەیری قافلە. پێشەنگی قافڵەکە لەو بەری ئاوەوە مان ئەکا و ناپەڕێتەوە؛ کە پێشەنگیش نەجوولێ هەموو ئەوەستێ. هەر چەندە قەتارچی هەیدەی لێ ئەکا کەلکی نابێ.

حاجی میرزا رەحمەت لەم بەرەوەبانگ ئەکا: کورە ئەوەی ک ەجاران پێت وتووە ئەوەی پێ بلێ. قەتارچیش ئەلێ: قوربان هیچم پێ نەوتووە، هەر هەیدەیم لێ کردووە. ئەمیش پێ ئەلێتەوە کورە چیت پێ وتووە ئەوەی پێ بلێرەوە؛ ئەگەینە ئەبێ ئەو عالەمە هەر چاوەڕێ بکەن. قەتارچی کە ئەزانێ هیچ کەلک ناگرێ لێ ئەوەستێتەوە لە پێشەنگ تێ ئەسرەوێنێ و ئەلێ: دەبڕۆ لەقوزی دایکی خێوت بەرم.

پێشەنگ ئەپەڕێتەوەو هەموو عالەم بەمیرزا رەحمەتەوە دەست ئەکەن بە پێکەنین.

- مەحموودی عەلی مراد گێڕایەوە وتی:

لەو سەرەکابرایەک هەبوو توولەیەکی هەبوو. توولەتۆپی و کابرا زۆر بەپەرۆش بوو بۆی؛ هەموو جار کە باسی ئەکرا ئەیوت: رەحمەتیەکە. مەلاکانی مەنگوڕیە کردیانە سەری و پێیان وت کابرا ئەمە حەرامەتۆ چۆن بۆ توولەسەگێکی تۆپیو وا ئەلێت؟ کابرا وتی: مەلاینە! رەحمەتی گەلێ خەسلەتی چاکەی هەبوو. خێرو خێراتێکی زۆری هەبوو، مالی میراتی هەبوو تەنانەت لەکاتی سەرەمەرگیشدا وەسیەتی بۆ من کرد کە سەد تمەنیشی بۆ بکەم بەئیسقات. مەلاکە کە ئەو ئەو قسەیە بۆ ئەکرد وتی: چۆن مەرحووم ئەو قسەشیە فەرمووە؟

- مەلایەک لەدەشتەتاڵ هەبوو، هەر ئیشێک رووی ئەدا ئەو ئەیوت: خوا خراپتر نەدا. رۆژێک هاتن بۆ لای مەلا وتیان پیاوێکیان بەسەر فلانە ژنە وەگرتووە. وتی: خوا خراپتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدا. وتیان کورە خراپتری چی؟ لەمەخراپتریش؟ وتی: کورە ئەوە ئێوە ئەڵێن چی؟ ئەگەر نیو سەعات لەمەو پێشتر بوایە پیاوەکە من ئەبووم.

- شێخ سەعیدی حاجی شێخ عەلی گێڕایەوە:

عەبلانی عەلاف هەبوو لەسولەیمانی بێوەژنێکی مارەکرد بوو. لەپاش بەینێک تەلاقی دا. کابرایەکی‌تری عەلاف مارەی کرد. لەپاش چەند مانگێک ئەویش تەلاقی دا. عەبەلان مارەی کردەوە دیسان تەلاقی دایەوە، ئەوتر مارەی کردەوە. لەسەر ئەم ئاوو دانە شەش حەو جار ئەمیان تەلاقی ئەدا گورج ئەوی‌تریان مارەی ئەکردەوە. بێوەژنی هەژار ئەتوت تۆپی جلێتێنە ئەم هەلی ئەدا بۆ لای ئەو ئەویتریشیان تێ هەڵئەدایەوە بۆ لای ئەم. لەئاخر جارێک لە بێوەژنیان پرسی: باجی عاسم ئەم دوو مێردەت کامیان باشتر بوون بۆت؟ وتی:

بەخوا براکەم خێری خێر بێ لە هیچیانم نەدی، تەنها ئەوەنەبێ ئەوان بەسەر منەوە کاوێژیان ئەکرد.

- حەمەی عەول هەبوو دوو ژنی هەبوو، هەر یەکەی دەنکە مووروویەکی دابوونە دەست بێ ئەوەی هیچیان بەوی‌تریان بزانن. کە پێکەوە دائەنیشتن لێیان ئەپرسی کامیانت خۆش ئەوێ؟ ئەیوت: «ئەوەیانم خۆش ئەوێ کە دەنکەمووروەکەم داوەتێ».

- کابرایەک لەگوندی «شێنێە»هەبوو ناوی رەشەبوو. رۆژێک ئێسترێک ئەداتەپێش خۆیەوە ئەچێت بۆ دار قیسپان بۆ قۆریەگیا و گاو شتی وا. بارەقیسپ ئەبڕێ و پاشان هەرچەندە ئەکا نازانێ بارەکا لەئێسترەکە بنێ، مەحتەل ئەبێ؛ پاشان دێ بەبیریا کە بارەکە لە کۆلی خۆی بنێ و خۆیشی سواری ئێسترەکە ببێ. بەمجۆرە بار رێک ئەخا و بەرەو ماڵ بەڕێ ئەکەوێ.

لەرێگادا دوو داری گەورە لەو بەرەو بەری رێگاکەدا ئەبێت، ئەمیش باری توند لەخۆی شتەک داوە. دار قیسپەکانی کۆلی لە دوو دارە گەورەکە ئەگیرێن. ئێستر بەگوڕ ئەڕوا کابرا بە هەڵوسراوی لەوێدا ئەمێنێتەوە. ئێستر بە خالیەتی ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە.

خزمان کەتەماشای ئەمە ئەکە ئەڵێن: شتێک لە رەشە قەوماوە. دێن بە هاواریەوە. کە ئەگەنە ئەو شوێنەسەیر ئەکەن رەشە بەو هەواوە رەپ راوەستاوە. ئەڵێن: کورە رەشە ئەمەچییە؟ دایئەگرن و ئەمجا ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ئێسترۆکەکەم بۆ بێنن هەر ئەبێ ئێستەورگی بدرم. من وتم با بارەکە لەو نەنێم بۆ ئەوە عەزیەتی نەگاتێ هێنام لەخۆمم ناو سواری بووم؛ کەچی گەیشتینە ئەم شوێنە هەر چەندە کشووم کرد، هیچ گوێی نەدامێ. ئەو بۆ خۆی چووەوەو منی دا بەدەست ئەو دارانەوە؛ ئاوا تۆڵەی پیاوەتیم ئەداتەوە؟

- مەلا ئەورەحمانی تایشەیی گێڕایەوەوتی:

لەم ئاخرەدا لەو دەشتی گەرمیانە لە خێڵێکا وەعزم ئەدا. لە وەعزەکەدا وتم کتێب ئە فەرمووی:

کاتێ کە خوانتەعالا کردیە سەر ئیزراییل کە گیانی خەڵکی بکێشێ و ئەو ئیشەی بەو سپارد حەزرەتی ئیزراییل وتی بینایی چاوان! ئەم ئیشەب ۆ من زۆر گرانەو لەئاهو نزوولەی ئەو عالەمەچۆن دەرئەچم، کە ناوم بەسەر زمانی هەموو کەسێکەوەبێت؟ ئەم ئەرکەبەمن هەڵناگیرێ. خوانتەعالاش فەرمووی یا ئیزراییل تۆ بچۆ ئیشی خۆت بکە کەس ناوی تۆ ناهێنێ. یەکێک ئەڵێ: لەسەربان کەوتەخوارەوە مرد؛ یەکێک ئەڵێ لە ولاخ گلاو مرد. هەر یەکە شتێکی بۆ ئەڵێن، کەس بەلای تۆدا ناچێت و ناوت ناهێنن. وتی حاجی محەمەدێکی شاتری هەبوو لەوەعزەکەدا دانیشتبوو هەڵیدایەوتی:

ئەرێ مەلا خوا وەقوروانی وم ئەو وەختە لە بیری نەبوو باسی ترۆمبیل و تەیاریش بکا؟ چاوت لێیە حاجی مەلا شەریقی سەعاتچی ئەو پیاوە نوورانییەو مەلا عەلی لەیلان ئەو پیاوەدەم وە قورحانە چۆن وەترومبێل و تەیارەرۆیشتن. ئەویان بەترومبێل کەوت و ئەمیان لە تەیارە کەوتە خوارەوەو بەو جۆرەسەریان تیاچوو. دەسا مەلا هەرچی ئێژیت بۆ خۆت ئێژیت گشتی هەر ئەو ئیزراییلە بیفەڕەس.

- قانعی شاعر گێڕایەوە وتی:

ئەوا دەستەیەکین چووین بۆ ماڵێ شێخ عەولی سەرکان و بووین بە مێوانی ئەوان و دامان نابوو کە ئێستە مەڕێکمان بۆ سەر ئەبڕێ و مەنجەڵی پلاو و گۆشتمان بۆ ئەخەنەسەر. کە چووین و دانیشتین شێخ عەول خۆی بەخێراتنێکی زۆر گەرمی کردین و لەپاشا دەستی کرد بە گێڕانەوەی راوی ئەو رۆژەیان. کردی بەگاڵە کە چۆن کەرویشکیان هەستاندووەو کەوتوونەتە شوێنی. وتی: لەو لاوە تانجیمان تێی بەردا و کردمان بەقریوە لێی، لەم لاوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


چەند زەلامێک بەریان لە کەروێشک بڕیەو دەستەی بن راو کردیان بە هەرا. ئەمجا لە ناکاو و لەسەر خۆی بەری کرد بەو لاوەو وتی:

ئامینە ئا ترشاوێک لێ نێ بۆ ئەمانە.

دیسان تێی هەڵچووەو بەگەف و کوڕەوە وتی: بەخوا تانجیم تانجی بوو لە پەلەکەدا خۆی گەیاند بە کەروێشک و گرتی. خێرا حەمەچوو لەدەمی وەرگرت و سەری بڕی. بەراستی راوی ئیمڕۆمان زۆر خۆش بوو.

ئەمجا قانع وتی: ئێمەش دەممان بوو بەتەڵەی تەقیوەوە بە تەمای چی بووین و کەچی تووشی خواردنی چی هاتین؟

- لەسەردەمی شەڕی شێخ مەحموودی مەلکدا لە تەلان و جاسەنە تەیارە بۆم بۆردمانی ئەکرد، دەروێش مارفێکی رۆغزایی هەبوو لەترسی تەیارە خۆی دابووەپاڵ کەندەلانێک. لەوێدا هەر ئەوەی ئەوت: گووت لێ واری تەرەشقەکە خوای لێی وریگمەوە تا دەمێکم وەخوا بگا بێژم بۆچ وا ئەکەیت؟

- بابەکراغای پشدەری گێڕایەوە وتی:

پیاوێک ژنێکی هێنا لەو ولاتی سویسنایەتییە. ژنە مەرجەکەی ئەوەبوو کەکابرا شەوێ دەبکا. کابرا تا ماوەیەک وابوو، پاشان هاتەسەر شەوێ پێنج و پاشان بوو بەیەک. دیارە ژنە بەمەدا ناسکێ چووە لای مەلا شکاتی کرد، نەشیئەویست بەتەواوی و بەئاشکرا بیلێت هەر ئەوەندەی وت وتی:

تا بوو وا بوو لار بوو وا بوو چبکەم، ئێستە لەم گۆلە بە پەنجەشی لەگەڵ قسەکانا ئیشارە ئەکرد.

ئەمجا مەلا لە پیاوەکەی پرسی تۆ ئەڵێ چی؟ ئەویش وتی:

تا بوو وا بوو لار بوو وا بوو چبکەم ئێستە لەم دۆلە.

ئەمیش دیسان بەپەنجەو بە باڵ ئیشارەی ئەکرد کارەساتەکەش بەمجۆرەبوو.

ژنە لە گەڵ وتنی تا بوو وا بوو هەر دەپەنجەکەی راست کردۆتەوەو رووی کردۆتە مەلا یانی دەجار. کە وتی لار بوو وا بوو، پێنج پەنجەی لا برد و پێنجی هێشتەوەو تۆزێ لاریشی کردەوە یانی دەیەکە هاتەسەر پێنج و پێنجەکەش ئەو هێزەی نییە؛ واتە دەعباکەی شل بووەو ئەو هێزەی نەماوە کە وتی چبکەم ئێستە لەم کوڵە هەر یەک پەنجەی راست کردەوە ئەویش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری پەنجەی چەمانەوە، وەکوو کۆلی لێ هات؛ یانی ئێستە هەر هاتۆتەسەر یەکێ یەکەکەش وانێکەکەی بەتەواوی لووتی داژەندوەو کۆل و کول بووە. من چی بکەم لەوە بە کەڵکی من نایە. ئەمجا کابراش وتی:

تا بوو وا بوو بەدەستی چەپی پەنجەگەورەو دۆشاو مژەی گەیاندەوە یەک و وەکوو هەڵقەی لێ کرد یانی لەکاتی خۆیا بلامانێکەی تەسک بوو، کە وتی لار بوو وا بوو هەر دوو پەنجەگەورەی هەر دوو دەستی نووسان بەیەکەوە لە گەڵ هەر دوو دۆشاومژەی هەر دوو دەستی ئەوانیشی پێکەوە نووسان و وەکوو هەورەبانی لێ هات؛ واتەفلق بووە کە وتی چبکەم ئێستە لە دۆڵە. پەنجەی دەستی چەپی خستەسەر کەلەکەی خۆی و بەدەستی راستیشی هاتوو چووی پیا ئەکرد، یانی بلامانیەکەی ئێستەببوە بە شیو و دۆڵ هیچ بەخۆی نازانی من چی بکەم لەو دۆڵ و دۆلیانە.

- لەو بەر کێوەکابرایەک هیزەرۆنێکی هەبوو نۆ هۆقە رۆنی تێدا بوو. رۆژێک چووەسەری سەیری کرد هیچی تێدا نەماوە. لەژنەکەی خۆی پرسی چی لێ هاتووە؟ ژنەش وتی با حسابت بۆ بکەم. کابرا وتی: ئادەی. ژنەوتی:

ئەمەن یەک و ئەتۆ دوو ئەوە هەشت و ئەوە نۆ

پیاوە وتی دڵم بوو بەئاوێنە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٩٩١
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرگی هەشتەم

٢٦٨٣ک - ١٩٨٣م

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی

ڕۆژ و حەفتە ئەڕواو مانگ و ساڵ دێت. مانگ و ساڵ ئەڕواو کارەساتی یەک بە شوێن یەکدا دێت. من لە ساڵی ١٩٥٧ەوە دەستم دابە نەخشەی « ڕشتەی مرواری»یەوە. لەم ماوەیەدا تا ئێستە حەوت بەرگی دەرچوو، ئەمە بەرگی هەشتەمیەتی کە لە بەر دەستتایە. دیارە لە هەوەڵەوە گەلێ قسەشم لە سەریان خواردووە، بەڵام بەرەکەتدا کۆڵم نەدا. لام وایە هەموو ئیشێکی تازە سەرەتا خاوەنەکانیان کەوتوونەتە بەر پلاری پلارهاوێژان؛ ئەوانەی کە هێزی خۆڕاگرتنیان نەبووە وازیان هێناوە و ئیشەکەیان پووکاوەتەوە. ئەوانەشیان کە خۆیان ڕاگرتووە لە ئەنجاما گەیشتوون بە ئارەزوو. ئەمە ئامۆژگارییەکە بۆ ئەو کەسانە کە ئەیانەوێ پایەدار بن لە ئیشەکانیانا.

لە سەر چوون و خۆڕاگرتن «بەر» ئەدا بە دەستەوە، ئەوانەی کە لە فرمانەکانیانا سەر کەوتوون، فرمانەکانیان زانستی بووبێ، یا پیشەسازی، وە یاسایی، بێ گومان گەلێ تەنگوچەڵەمەیان هاتووتە سەر ڕێ. وەلێ کۆڵیان هەر نەداوە تا لە ئەنجاما گەیشتوون بەو ئامانجەی کە هەیانبووە. من ناڵم باڵۆنێکم باڵداوەتەوە بە ئاسمانەوە هێناومەتەوە، ئەمە ناڵێم چونکە ئەو ئیشە ئیشی من نیە؛ «نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب». بەڵام ئەتوانم بڵێم کتێبێکی وەکوو«ڕشتەی مرواری» دێنمە بەرهەم کە ئەو جۆرە شتانە کەلەپووری نەتەوایەتی منەو بە لامەوە وایە سوودی هەیە لە ڕووی ئەدەبەوە بۆ نەتەوەکەم؛ چونکە ئەدەب بناغەی نەتەوەیە. لە هەموو نەتەوەیەکدا -چ کۆن چ تازە- دەستەیەکی تایبەتی خەریکی زیندوو کردنەوەی ئەم کەلەپوورانە بوون و بەم شتانە لەم ڕووەوە ناوبانگی نەتەوەیان بڵاو کردووتەوە. ئەم جۆرە شتانە مێژووی بە سەرهاتی نەتەوەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەڵێ ئەمانە لە رووالەتا زاخاوی مێشکن؛ بەڵام هەر یەکە دەرسێکیان تێدا هەیە و هەر یەکە پەندێکی لێی وەرئەگیرێ! ئاخ خۆزگا چەرخێ لەمەو پێشتر ئێمە ئەم شتانەمان بە چاپکراوی ئەکەوتە بەر دەست، ئەو وەختە ئەمزانی کە ئێستە چ سامانێکی ئەدەبیمان هەیە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ەوە تا ئێستا ئاخۆ من چەند دۆستم لە دەست دەرچوویێت؟ ئاخۆ چەند لەو دۆستە دێرینانەم -کە سەرچاوەی بوون بە بەرهەم هێنانی رشتەی مرواری- لە دەست دەرچووبن و روویان کردووتەوە بۆ مەزاری خاک و منیان بە داخی کۆچی خۆیانەوە هێشتۆتەوە؟ گومانی تێدا نییە ئەو رێگایە ئەوان گرتیان منیش ئەیگرم و منیش ئەچم بۆ دیدەنیان. بە دیدەنیەکی هەتا هەتایی؛ بەڵام تۆ خوا واز بێنە بەڵکوو یەک دوو هەنگاوی‌تر بێنم، دەنگی زەنگی کاروان دەنگ ئەداتەوە؛ با هەموومان گوێمان لێ بێ «زڵەی زایەڵەی دوکانچەی دەماخ / ئەیداتەوە دڵ ئەکا ئاخ و داخ». تای حاجی محەمەد عەنبەر لە کوێیت؟

خەییام بە زاتەوە لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی هیجریدا روو ئەکاتە خوا و ئەڵێ: تۆ منت هێنایە دنیاوە ئایا هیچ پرست بە من کرد؟ هاتم بۆ ئەم دنیایە بە بێ رەزامەندی خۆم. شێخ سەلامی شاعیری ئێمە دیوانەکەی ئەوی کرد بەکوردی و لە ساڵی١٩٩١دا چاپکرا. لە سەر ئەو شوێنە من قسەیەکم کردووە وتوومە وەکوو هاتنەکە پیاو بە ئارەزووی خۆی نەبووە؛ چوونکە چوونەکەی ئەو بە ئارەزووی خۆی نییە. چونکە حەز ئەکا بە کرێ و کوێری و ئیفلیجی بمێنێتەوە، هەر بەو مەرجە لە دنیا دەرنەچێت. کەچی پاڵی پێوە ئەنێن و بە بێ خواستی خۆی لە دونیا دەری ئەپەڕێنێ.

دۆستەکانی من پاڵیان پیانەوە نان و رۆیشتن، بەو مەرقەدەی کاکەحەمەدە پاڵ بە منیشەوە ئەنێن و ئەڕۆم؛ تۆ خوا تا نەرۆیشتووم بازلیا و پلیاوێکی‌تر بکەم.

ئەو ساڵە حەمەی شازەمانی رەحمەتی هەندێ کەوچکی هەڵەدنی هێنابوو، لە بناری مێرگەپان بانگی ئەکرد: کەوچکی هەڵەدەن ناوی قووڵە و دەسکی پان، نەخشی هەیە وەک خۆتان، بۆ ماستاوی سەردی نیوەڕۆان، ئەحەی سابر و عەلی ماستاو دەنگ ئەکەن بە یەک بۆ پیا هەڵدان. پێیان ئەوت: تۆ لێرەوە ئەم بانگەوازە بۆ ئەکەی؟ ئەیوت: با دەنگم بگاتە ناو شار و بێن بە پیرمەوە. منیش ئەڵێم رشتەی مرواری کۆرپەی گوێی ئاگردانە، ئەگەر تۆ ئەو نەدوێنی ئەو تۆ نادوێنێ.

هەموو ئەدەبێک لە هەموو سەردەمێکا و لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا چۆنیەتی پایەی ئەو نەتەوەیە دەرئەخا. هەندێک لەو ئەدەبە سەلێقەی تاکەتاکەی نەتەوەکە پیشان ئەدا، هەندێکی *گوزارشت لە رابواردنی هەموو نەتەوەکە ئەداتەوە. بە هەر دوو لایەنەوە پایەی زیرەکی و*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەوقی گشت نەتەوەکە پیشان ئەدەن. نەتەوەکانی‌تر مایەیان زۆر بووە بۆ دروستکردنی ئەدەبەکەیان، ئەو مایەیە کە ئەوان بوویانە کوردەکە نەیبووە، لە گەڵ ئەوەشا زەوقەی تاکەتاکەی وەیا هەموویان لە جم و جوولا لە دروستکردنی ئەدەبەکەیانا لام وایە کەمتر نەبووە لەوان. بۆیە وا ئەڵێم چونکە نەتەوەکانی‌تر نیوەی سەرچاوەی ئەدەبەکەیان لە حوکمەوە هەستاوە. کورد ئەو حوکمەی نەبووە، کەچی سەلیقە و زەوقی خۆی هەر بە زکماکی کۆگایەکی زێرینی ئەدەبی دروستکردووە.

بە ئەندازەی توانا کەوتمە سەر کۆ کردنەوەی ئەوانەو لە تۆی دووبەرگی رشتەی مرواریدا خستمنە بەر دەستی تۆ؛ ئیتر تۆش کەیفی خۆتە. من بە تۆ و تۆ بە خوا. لە گەڵ ئەوەشا بۆ ئێستە کە بخوێنێتەوە ئەڵێ: پەککوو لەوی حەلامەتەی، ئەمانەی کوو لۆ رێ کەتینە. عەوڵی عەزەی کۆنەماسیش لە ولاتی سلێمانی وەسپێکی رشتەی مرواری ناردبوو ئەڵێ:

تاقانەی ناو تاقانە دەستە گوڵی دیوەخانە
مووروی دەستی نازدارانە گوڵی دەستی عەدالانە

علاءالدين سجادى
١٩٨٢/١٢/٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەنجی درەخشان

- سالح قازی هەبوو گێڕایەوە وتی:

ئەوا زابتی لیوایم لە هیندوستان لە گەڵ زابتێکی زۆر گەورەی سیخ -کە هەردووکمان لە لەشکری ئینگلیزدا بووین- دۆستایەتیەکی تەواومان پەیدا کرد. زابتە سیخەکە وتی تۆ من فێری کوردی بکە منیش تۆ فێری ئینگلیزی ئەکەم و هەر یەکیش دەفتەرێکمان هەبێ بۆ نووسینەوەی شتەکان. وتم باشە.

دەستمان کرد بە فێر کردنی یەک. بڕیارمان وابوو یەکەمجار وشە و پاشان رستە، ئەو کەلیماتی ئینگلیزی ساغی بە من ئەوت ئەم نووسی، منیش کەلیماتی کوردیم ئەوت ئەویش ئەینووسی. مەسەلەن من ئەموت بە کوردی بە نان ئەڵێن: پلوو، بە ئاو ئەڵێن تلوو، ئەیانینووسی. بە مەرحەبا ئەڵێن گوێت. بە خێرهاتن ئەڵێن چکوو پکوو. بە بچۆ بۆ بازاڕ ئەڵێن گیپ لی پیت. بە وەرە بۆ ئێرە ئەڵێن: شنەڵێ پنە. ئەمانەی هەموو ئەنووسی و وەکوو بولبوول لەبەری کردبوون. شتەکان ئێجگار زۆر بوون، ئەویش هەمووی رەوان کردبوو، بەڵام لەوە زۆر ئەترسام کە ئەگەر جارێک شتێکم لێ بپرسێتەوە من نازانم چیم وتووە. لەوانەیە شتی‌تر بڵێم و بە درۆ بکەومەوە، ئەوەندە هەبوو ئەو وای رەوان کردبوون هیچ کەلکی نەئەکەوتە ئەوە کە لێم بپرسێتەوە.

بەم جۆرە تا نزیکەی سێ مانگێک رۆیشتن، حەمەی پوورە نازێ هەبوو، خەڵکی سلێمانی بوو، ئەویش عەسکەری لیوا بوو، لە فەوجێکی‌تربوو؛ نەقڵ بوو بوو بۆ ئەو فەوجەی لای ئێمە. رۆژێک زابتە سیخەکە تووشی ئەبێ و ئەزانێ کوردە بەو کوردیە کە فێر بوو بوو لە گەڵ حەمەدا دەست ئەکا بە قسەکردن. زۆر بە گەرم و گوڕی تێی هەڵ ئەچێ، حەمەش بە لایەوە سەیر ئەبێ. حەمە هیندی ئەزانێ، پێی ئەڵێ ئەوە تۆ چۆن قسە ئەکەی؟ زابتەکەش ئەڵێ بە کوردی. ئەڵێ: باوکم ئەمە کوردی نییە. ئەڵێ: ئەی چییە؟ ئەڵێ: نازانم. منیش وا لە دوورەوە چاوم لێیانە، ئاگام لێ بوو گەلێ لە گەڵ حەمەدا قسەی کرد بە هیچ دەرچوو. تێگەیشت هەر شتێک فێر بووە هەمووی قسەی قۆڕە و هیچی نییە.

ئەوەندەم زانی شێرەکەی هەڵکیشا کەوتە ناو عەسکەرەکان وەکوو هار هەڕا ئەکا و پەلامار ئەدا، کەف ئەچەرێنێ بە ئینگلیزی و بە هیندی ئەدا بە یەکا بە شوێنما ئەسووڕێتەوە بمکوژێ. وتم بە قورعان خوێنی خۆمم کردە تەشتەوە، وا ئەویش نزیکم بۆوە. هیچ چارم نەما چوومە چادری میجەرەکەو لە پشت ئەوەوە خۆم شاردەوە؛ ئەویش چاوی لێم بوو کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووم کردە ئەوێ. هات خۆی کرد بە ناو چادرەکەدا. ئینگلیزەکان شلەژان و گرتیان، نازانن مەسەلەیش چییە؟ پێیان وت: چییە بۆ وا شێت بویت و ئەم شیرە رووتە چییە بە دەستتەوە؟ ئەمجا بە ئینگلیزی وتی: ئەو سەگی سەگبابە ئەمە سێ مانگە گوایە منی فێری کوردی کردووە، بە دڵ و بە گیان هەمووم نووسیوەتەوە و لە بەرم کردووە، کەچی ئێستە وەکوو تێگەیشتم هیچی بە سەر هیچەوە نییە. ئەبێ دوو ساڵ خەریک بم تا ئەوانەم لە بیر بچێتەوە. ئەم قەحبە بابە بەم جۆرە منی کوشتووە، ئێستە هەر ئەبێ پارچە پارچەی بکەم.

وتی ئینگلیزەکان کە ئەمەیان دی هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین و سارديان کردەوە، منیان هێنا دەستم ماچ کرد و ئاشتیان کردینەوە؛ بەڵام دوای ئەوە ئیتر هەر بە خێستەوە سەیری ئەکردم.

- ئەمەیان من خۆم بەروەوە بووم:

بەشیر مشیر لە وەختی هەرمێنی خەیاتیەکەی لە بەغدا لە هەرمێنانە بوو. پیاوە گەورەکانی عەسکەری و مەدەنی هەموو لە لای ئەو جل و بەرگیان ئەدووری. زەمان هێنای بە سەرا هیچ ئیش و کاری نەما، هەر مایەوە سەر دووکانە رووتەکەی. دەردە دڵی ئەم بێ ئیش و کاریەی لە لای سالح قازی زۆر ئەکرد، ئەویش بەینێک خستبوویە سەر ئەوە کە ئیشێکی باشی بۆ دۆزیوەتەوە. لە ئەنجام هاتە سەر ئەوە منیش لەوێ بووم پێ وت: هەشت کەر لەم کەرە سپیانە بکڕە، هەموو رۆژێ لە «باب‌الموعظم»ەوە تا «باب‌الشرجی» بە چەند کاروان خەڵکی سوارکە و هات و چوویان پێ بکە، ئەمە دەرامەتێکی باشت ئەداتێ.

بە شەرتێ ئۆتۆمۆبێلیش لە جادەی رەشیدا زۆر بوو، بەڵام وەستا بەشیر بڕوای بە قسەکە کرد. وتی ئاخر پارەم نییە بکڕم. سالح قازی وتی: کەواتە ئیشێکی باشترت بۆ ئەدۆزمەوە. زۆر بە تانوو پۆی ئیشەکەدا چوو، بە تەواوی وەستا بەشیری خستە مەراقەوە، هەر ئەیوت دەپێم بڵێ. ئەیوت: پێت ئەڵێم. زۆر لە گەڵی خەریک بوو پێی بڵێ. لە ئەنجاما سالح لە سەر خۆ پێی وت: خەیاتی بکە. بەشیر تووڕە بوو وتی: راست نەبیتەوە بۆ ئیشێ بۆت دۆزیمەوە، ئەی ئێستەچی ئەکەم؟ سالح وتی: مردوت مرێ هەموو ئیشێک ئەکەی هەر خەیاتی نەبێ، کتێب ئەنووسی، نووسەر نیت؛ سیاسەت ئەکەی، سیاسی نیت؛ خوتبە ئەدەی، خەتیب نیت؛ فەلسەفە ئەنوێنی، فەیلەسووف نیت. ئەوا ئەڵێم کاروانچیەتی بکە ئەڵێی: پارەم نیە. تۆ خەیاتیت ئەبێ خەیاتی خۆت بکەی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بەشیر مشیر هەبوو لە بەغدا، کوڕێکی هەبوو لە بەغدا «شامل»ی ناو بوو؛ بەڵام کە ئەیبرد بۆ کوردەواری ئەیوت «شاهۆ»ی ناوە. کچی بەگلەرێکی شەقلاوەی بۆ مارە ئەکات. بەگە شەقلاوە بەشیر بە تجارێکی گەورەی بەغدا ئەزانێ، بەشیریش بەگەکەی شەقلاوە بە بەگیماڵی میران ئەزانێ. ئەمانە هەر یەکە بە نیازێک دەستخەڕۆی ئەو یەکەیان بوو بوون.
جارێکیان بەشیر و کوڕەکەی ئەچن بۆ شەقلاوە بۆ گواستنەوەی کچە و ئەچنە ماڵی باوکی کچە. باوکە ئەکەوێتە پەلپ و بیانوو و ڕێک ناکەون. شاهۆیش دیار بوو کچەکەی بینیبوو تۆزێ حەزی لێ کردبوو. بەشیر ڕوو ئەکاتە کوڕەکەی ئەڵێ: هەتیو هەستە با بچینەوە هەر سێ تەڵاقی ئەو کچە کەوتبێ. کوڕەکەش واقی وڕ ئەمێنێ، ئەڵێ بابە تەڵاقی چی؟ ئەڵێ: هەستە هەتیو با بڕۆین ئەوا هەر سێ تەڵاقم دا، بەم جۆرە ئەگەڕێنەوە بۆ بەغدا.

- سەمەد مەنجەڵ هەبوو خەڵکی کۆیە بوو، بە بێ پەردە قسەی ئەکرد. کاک مەسعود محەمەد بۆی گێڕامەوە وتی:
ئەوا حافز قازی لە جۆشی بەرزی و دەست ڕۆیشتنایە لە بەغدا و یەکێکە لە شەخسیەتە دەوڵەمەندەکانی بەغدا. ڕۆژێک سەمەد بە بەر موغازەکەی حافز قازیدا تێ ئەپەڕێ تەماشا ئەکا وا حافز قازی لە گەڵ هەندێ کەسی‌تر لە بەر موغازەکەی خۆیا ڕاوەستاوە لە سەر جادەی ڕەشید. سەمەد لە تەنیشتیەوە خۆی ئەداتە پاڵ کۆڵەکەیەک و سەری دەردێنێ، ناسراوی پێشویشیان لە گەڵ حافزدا نییە بە هەموو دەنگی خۆی بانگ ئەکا: گەوادا حافز لا ئەکاتەوە. سەمەد ئەڵێ: عەمی موویاک؛ واتە لە گەڵ تۆم نییە. حافزیش دەمی ئەبێ بە تەڵەی تەقیوە. ئیتر چی بڵێ.

- هەر ئەو گێڕایەوە وتی:
ئەوا لە تاقی هەرە سەرەوەی ئوتێلی ترۆکادیرۆ لە بەغدا لە بالکۆنەکەدا دانیشتبووین و سەیری ڕووباری دجلە ئەکەین، کاتیش دەمە و ئێوارەیە، سەمەدمان لە گەڵایە.
ئوتێلی «لیدو»یش هەیە لە تەنیشت ترۆکادیرۆوەیە، یەک دوو شێخی عەرەب ئەوانیش لە بالکۆنی ئوتێلەکەی خۆیان دانیشتوون و مێزیان ڕازاندۆتەوە. هەر دوو بالکۆنەکەش زۆر نزیک بەرامبەر یەکن. هەر وەکوو ئەوە وایە لە یەک مەجلس دانیشتبین وا بوو؛ چونکە دەنگی قسەکردنمان ئەگەیشتە یەک.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari

ئەوەندەمان زانی سەمەد بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە جنێودان بە یەکێ لە عەرەبەکان. جنێو وەکوو گەڵای دار بە بێ ئەوە بیشیناسێ. کابراش هاتە جواب و وتی: کابرا تۆ شێتی وا جنێو ئەدەیت؟ ئەم هەر لە جنێو دانی نەکەوت. وتمان کورە سەمەد خوا بتگرێ بۆ وا ئەکەی؟ کابرا ئێستە دیت و ئەتداتە بەر شەق. وتی: نایەت من هەر سەیرانێکە دروستی ئەکەم. وتمان چۆن؟

وتی: ئەو پەڕی ئەوەیە ئەویش دەستبکا بە جنێودان بە من؛ چونکە ئێوە وا مەزانن ئێمە وا نزیکین و بە ئاسانی ئەگا بە من، ئەبێ لە شوێنەکەی خۆی هەستی چل پەنجا پێ پلێکانە ببڕی تا ئەچێتە خوارەوە، ئەمجا بێتە ئوتێلەکەی ئێمە؛ چل پەنجا پێ پلێکانەی‌تر ببڕی تا ئەگاتە من. کابرا تاقەتی ئەمانەی نییە، ئەوا وتمان ئەم هەموو قالدرمانەی بڕی و هات، زانیم کە دەرکەوت من خۆم ون ئەکەم ئەو ئەوەندەیتر تووڕە ئەبێ.

لە جنێودان بەو لاوە ەیچی‌تری بۆ نامێنێتەوە با بۆ خۆی هەر جنێو بدا. بەڵام ئەشزانم نایەت ئەگەر بێتیش تا ئەگاتە ئێرە سارد ئەبێتەوە.

– خدرەسوور هەبوو لە «کەلوێ» ئەیوت: ئاغا شرەی بانە کە لێ ئەکەون ئەبن بە ئاشەوان؛ چونکە لە ئاشەوانیشدا برۆ بەردەی تێدا هەیە.

– کابرایەک هەبوو ناوی «برایمۆکە»و خەڵکی کونەفلوسەی خۆشناو بوو. ڕۆژێک چوار بار ترێ دینێ بۆ هەولێر. ترێکە ئەفرۆشێ و ئەگەڕێتەوە. سواری یەکێ لە گوێدرێژەکان ئەبێ و سێکەی تری ئەداتە پێش خۆی. لەو سەروژوورەکەی لا پیرمامدا سەیر ئەکا وا سێ کەری لە پێشە. ئەڵێ من کە هاتم بۆ هەولێر چوار بوون، ئێستە مابوون بە سێ؟ دائەبەزێ ئەیانژمێرێتەوە سەیر ئەکا چوارن. سوار ئەبێتەوە ئەبنەوە بە سێ. ئەڵێ: دەسا شەرت بێ دەسا هەولێری‌یان کەرێکیان لێ دزیمە.

دائەبەزێتەوە ئەیانژمێرێتەوە چوارن، سوار ئەبێتەوە سێن. ئەڵێ: یارەبی بە گوناحم لێ نەگری هەولێرییان نەیاندزییە، ئەمە ئیشی ئەم پیرمەمەیە، پیر بووە ناتوانێ بڕوا لۆ عەجان کەر لە من ئەدزێ. ئەمە لای خۆی شێخی دووگردانە کەچی دزیش دەکا.

لەو سوار بوون و دابەزینە کابرایەکی ماوەرانی چاوی لێ ئەبێ، ئەچێ بە لایەوە پێی ئەڵێ: ئەوە لۆ وادەکەی؟ ئەڵێ: چسوانم کەرانم بردییە لۆ هەولێر چوار بوون، کەچی هەنووکە دەمێ چوارن و دەمێ سێن. ئەڵێ ئەی ئەوەی خۆت حیساب ناکەی کە سواری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووی؟ ئەڵێ: دەک مارت بە قوڕ نەگیرێ ئەوە کوو زانیت؟ دەسا دەبێ پێم بڕێی من کەینێ دەمرم، دیارە تۆ هەموو شتان دەزانی.

کابرای ماوەرانی بە لایەوە زۆر سەیر ئەبێ ئەڵێ: ئەو کەرەی سواری بوویت هەر وەخت سێ تڕ و نیوی کەند لەو هەورازەدا تۆ دەمریت. لێک جیا ئەبنەوە.

برایمۆکە زۆر نارِوا پیرە نێرەکەر تڕێک ئەکەنێ. کابرا ئەڵێ: ئەوا هەندێکی چوو، تڕێکی‌تر و تڕێکی‌تر. ئەڵێ: مایەوە سەر نیوەکە، زۆر نارِوا کەرەکە تسێک ئەکەنێ، کابرا ئەڵێ ئەوا تەواو من مردم. لە کەر دائەبەزێ و لەو ناوەدا لێ ڕائەکشێ و کەر بەو ناوەدا بڵاو ئەبنەوە. لە لای ئێوارەدا کابرایەک بەویدا تێ‌ئەپەڕێ، سەیر ئەکا وا زەلامێک لەویدا کەوتووە. ئەچێتە سەری نووکە پێکی تێوە ئەژەنێ ئەڵێ: کابرا بۆ لێرە کەوتوی؟ ئەڵێ: لێمگەڕێ من مردیمە. ئەڵێ: چۆن؟ ئەڵێ: خدری زیندە پێ وتم هەر وەخت کەرەکەت سێ تڕو نیوی کەند تۆ دەمری. هەنووکە ئەو کەندی و من مردم. پێی ئەڵێ: هەستە هەی کەرە، هەستە هێشتا ماوتە، هەڵی‌ئەستێنێ، کەرەکانی بۆ کۆ ئەکاتەوە و ئەڵێ: بڕۆ لە ماڵەوە بمرە.

– لە سابڵاخ مەلایەکی شەرەفکەندی هەبوو دەستی دوکتۆری هەبوو. ڕۆژێک کابرایەک ئەچێتە لای ئەڵێ: ئاغەی حەکیم مەلا! چاوێکم نازانم چییە حەرارەتێکی زۆری تێکەوتووە، ئەنێڵێنی وەکوو تەنوور. لە بەر ئەوە هەم وشک هەڵگەڕاوە، هەم تەنگیش بۆتەوە. حەکیم مەلاش ئەڵێ: وەڵڵا من ئەمانە هیچی لێ نازانم، بەلام ئەوەندە ئەزانم تۆ پیاوێکی لە خوا ترسیت و دوعات قەبوولە، دوعا بکە ئەم دەردانە لە چاوی تۆ هەڵگیریت و بیخاتە قوزی ژنی دوکتۆرەوە.

– کابرایەکی جافی تەرخانی سواری ماینێک ئەبێ و ئەچێ بۆ لای مەحموو پاشای جاف. کە ئەگاتە بەر دەوارەکە دائەبەزێ و ماین ڕەو ئەکا و هەڵدێت. مەحمووپاشا ئەڵێ: کورە کاورا ئەو ماینە بۆ هەڵدێت؟ کابراش ئەڵێ: پاشا بێژم چی؟ نەگوەتیە، ئەوە چووم بۆ شار نالم کرد، کاورای نالوەنی باوەحیز خاس نالی نەکردووە عەزیەتی دا و ئێستە کە چاوی وە تۆ کەوت وایزانی ئەوە تۆیش نالوەنەکەی، وا ڕەوی کرد.

– کابرایەک «مایندۆلی» پیرە داکێکی هەبوو زۆر دەست بڵاو بوو، بەلام کوڕە خۆی دەولەمەندێکی چاک بوو. دەردە دڵی بوو لە دایکەکەی ئەیوت: ئەمە ماڵی باوکمی هەموو لە ناو دا. وتیان کە تۆیش بمری ماڵەکەی تۆیش بەو جۆرە لە ناو ئەدا. وتی: جا خۆ ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نابێ بە میراتگری من. وتیان چۆن ئەی دایکت نییە؟ وتی: نەوەڵڵا باوکم لە پێش ئەوەدا بمرێ تەلاقی داوە.

- لە گوندێکی ئەو سەرە ژن و مێردێک شەوێ لە ژوورەوە راکشابوون، سەیریان کرد یەکێ لە سەر بانەوە لە کونا رۆژنەکەوە سەیری خوارەوە ئەکا. ئەمان تێگەیشتن کە ئەمە دزە هاتۆتە سەریان، چاوەڕێی ئەوە ئەکات کە ئەمانە بنوون. ئەمانە تەنانەت داریشیان لا نییە، بە دەم قسەوە ژنە بە پیاوەکەی وت: ئەرێ پیاوەکە تۆ باوکت هیچی بۆ بە جێ نەهێشتیت؟ خۆ هێشتا کاسبیەکی وات نەکردووە ئەم سەروەت و سامانەت چۆن وا پێکەوەنا؟ پیاوە وتی: وەڵڵا ژنەکە لە دزی. وتی چۆن؟ وتی: بە شەو ئەچووم بۆ دزی دەنگم نەئەکرد تا تۆزێ شەو درەنگ ئەبوو، مانگ هەڵئەهات. شەوقی مانگەکە لە کونا رۆژنەی ژوورەکانەوە ئەچووە خوارەوە، ئەبوو بە کۆڵەکە، دەستم پێوە ئەگرت و ئەچوومە خوارەوە. چی هەبوو نەبوو کۆم ئەکردەوە ئەمدا بە کۆڵما. دیسان بە کۆڵەکەی مانگەکەدا سەر ئەکەوتمەوە، ئیتر ئەمە ئیشم بوو هەتا ئەم سامانەم بەم جۆرە پێکەوەنا.

کابرای دزە لە سەر بانەوە گوێ لە قسەکانیان بوو؛ لە دڵی خۆیا وتی ئەمە فلیمێکی باش و بێ عەزیەت و بێ ترسە. دەنگی نەکرد تا مانگەکە هەڵات، خۆی لە سەر کونا رۆژنەکە لادا، شەوقی مانگەکە چووە خوارەوە، ئەویش دەستی پێوە گرت کە بچێتە خوارەوە. ترپەی هات و کەوتە خوارەوە. ئەستۆی ورد بوو؛ ئەمجا ژن و مێرد هەستان هاتنە ویزەی، ئەوەندەی‌تر شل و کوتیان کرد. کابراش ئەیوت: من کەوتنە خوارەکەم بەس نییە ئێوەش ئەوەندەی‌تر شل و کوتتان کردم. بە باشەڵێکی باشەوە ئەگەڕێمەوە دواوە.

- مەلا ئەورەحمانی پێنجوێن، ئەو عالمە بە ناو بانگە بوو کە یەکێک لە فەقێکانی مەلا حسینی پیسکەندی سلێمانی بوو. مەلا ئەورەحمان وەکوو ئەو عالمە بەرزە بوو، جار جار شیعریشی ئەوت. کابرایەکی یۆسۆجانی پەیدا بوو بوو چکێکی خوێندبوو، ئەیوت: ئەمە هەر ئێژن مەلا ئەورەحمانی مەلایە و شاعیر، کەی وایە؟ من لەو مەلاتر و شاعرترم. وتیان ئەگەر وایە تۆیش شتێک بڵێ. وتی:

مەلا ئەورەحمان، مەلا ئەورەحمان
مەلا ئەورەحمانی پێنجوێن
ڕا زەڕبەڕ سەر فولاد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نە هی نەرم شەو دڕا
وتیان تەواو شاعیری لەمە چاکتر چۆن ئەبێ؟

- مەلا حەسەنی شاترێ گێڕایەوە وتی:
لە مەستەکانی لای ئێمە پیاوێکی موبارەکی ریش سپی هەبوو، خزممان بوو، لالە حەمەمان پێ ئەوت. رۆژێک لە مزگەوتەکەدا لالەحەمە نوێژی ئەکرد، خەڵکەکەش لەم لاوە دانیشتبوون و لە بەین خۆیانا قسەیان هاتە سەر لالەحەمە کە پیاوێکی لە خوا ترس و نوێژکەرە. لالەحەمەش ئەوا گوێ لێیە، هەر نوێژەکەی بڕی و وتی: بە رۆژویشم، دەلائل الخیراتیش ئەخوێنم. وتی هەڵچووەوە لە نوێژەکە.

- کابرایەکی «سونقر»ی مانگی محرم بوو، شین و شەپۆڕ بۆ ئیمامی حوسەین ئەکرا، ئەو کابرایە لە هەموو کەس زیادتر لە خۆی ئەدا و ناوی عەلی و حوسینی ئەهێنا. پێیان وت: تۆ عەلی ئەناسی؟ وتی: ڕا نەناسم. وتیان: چەندەم خەلیفە بوو؟ وتی: من یانە نەزانم، ئەوە ئەزانم کە ئیمام هوسەین ئەوی لەو دەشت کەروەلایە شەهید کرد.

- شێخ محەمەدی بەرزنجی لە مزگەوتەکەی خۆیا وەعزی دائەدا، لە وەعزەکەیا وتی کتێب ئەفەرموێ: هەر کەسە رۆژی عەرەفە بە رۆژوو بێ وەکوو ئەوە وایە کە ساڵێک بە رۆژوو بوو بێ. ئەحەی جاو لە کۆڕی وەعزەکەدا بوو، دەنگی نەکرد تا رۆژی عەرەفە هات، ئەو رۆژە بە رۆژوو بوو تا نیوەڕۆ؛ پاشان شکاندی. پێیان وت: خالە حەمەد ئەمە چۆن ئەبێ؟ وتی: من تا نیوەڕۆ بە رۆژوو بووم، بە شەش مانگ ئەشێ، لەوە زیاترم ناوێ.

- هەر ئەم ئەحەی جاوە، ساڵێک لە رۆژی دووەمی رەمەزانا وتی باش بوو رەمەزانمان گرت و لە کۆڵمان بۆوە. وتیان چۆن شتی وا ئەبێ، خالە حەمەد ئێمرۆ دووی رەمەزانە؟ وتی: مردووتان مرێ ئێوە نایزانن، ئێمە سێ کەس لە دەستەکەی خۆمان کۆ بوینەوە دوێنێ هەمووومان بە رۆژوو بووین. رەمەزانیش سێ رۆژە، ئەوە سێ رۆژەکەمان تەواو کرد.

- کابرایەکی ئەو ناو«شوان»ە لە قنگی شێخ و مەلادا گەورە بوو بوو، ناوی سورەتەکانی قورئانی هەموو ئەزانی. شەوێک چەند بارێ خەڵووزی برد بوو بۆ کەرکووک بۆ فرۆشتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمەو بەیان ئەگاتە کەرکووک. بە بەر مزگەوتەکەی مەلا ناسحدا تێ ئەپەڕێ، لا ئەدا بۆ نوێژ کردن. مەلا ناسح خۆی پێش نوێژیەکەی ئەکرد، سوورەتی «البقرە»ی لە نوێژەکەدا خوێند، تا لێ بوەوەوە هەتاو کەوت و بازاڕی هەڕمێنی خەڵووز فرۆشتن نەما. پاش نوێژ لە مزگەوت دەرچوو، بە هەر حاڵ جۆڕکوو خەڵووزەکەی فرۆشت و هەندێ ئیش و کاری ناو شاری هەبوو تا جێ بە جێی کرد ڕۆژ درەنگ بوو، فریانی گەڕانەوە نەکەوت. وتی تازە ناگەمەوە ماڵ، ئێمشەو لە کەرکووک ئەمێنمەوە لەو سەرەوە زوو هەڵئەستم و ئەڕۆم. ئەو شەوە مایەوە، بەیانی زوو ولاغی دایە پێش و ڕۆیشت. ڕێگاکەی هەر بە بەر مزگەوتەکەی مەلا ناسحدا بوو، وتی با یەکجار نوێژەکەشم بکەم، مەلا ناسح ئەمجارە سورەتی«الفیل»ی خوێند. کابرا کە گوێی لە الفیل بوو نوێژی بڕی و کردی بە پێلاوەکانیا و بۆی دەرپەڕی وتی: مەلا بۆچی من نازانم «بەقەر» بە مەعنای «گا»یە و «فیل»یش فیلە. دوێنێ سورەی گات خوێند هەموو ئیشێکت لە دەست دەرکردم، ئێمڕۆ فیل ئەخوێنی، فیل دە ئەوەندەی گا ئەبێ، تا بانگی خەوتنان ناگەمەوە ماڵەوە. گوو بە ڕیشی باوک ئەو کەسە لە پشت سەرتەوە نوێژ ئەکا.

- مەلا یوسفی تەنگیسەر جارێک لە گەڵ شێخ محەمەدی گولانیدا لە سولەیمانی قسەیان ئەگێڕێتە یەک. قسەکەشی لە سەر ئەوە ئەبێ کە شێخ محەمەد لە باسی نەتەوایەتیەوە قسە ئەکا و زۆر بە سۆز تێ هەڵئەچێ. ئەو سەردەمەش باسی نەتەوایەتی لە ناو هەموو جێگایەکدا ئەوەندە باوی نەبوو. مەلا یوسف پێ ئەڵێ: کافر بویت و دان بەوەدا بنێ کە تۆ لە دین دەرچوویت. شێخ محەمەدیش ئەڵێ: مەلا یوسف دان بە کوفری خۆما نانێم، تەنیا بۆ ئەوە نەبێ کە بەربەرەکانی ئەو کەسانە ئەکەم کە لایان وایە کە خوا تۆی لە سەر جوانترین سوورەت دروست کردووە (لقد خلقنا الانسان فی احسن التقویم) ئەمە لە تۆدا نەهاتوەتە دی. ڕەنگبێ بەمە کافر ببم.

- کابرایەکی «باوەجانی» چوو بوو بۆ حەج، پاشان لە گەڵ کاروانا چوو بۆ مەدینە. سەیری کرد وا حاجیەکان هەموو لە دەوری بارەگای پێغەمبەرا خێر و خێرات ئەکەن؛ ئەویش هەرچێکی هێنابوو بۆ حەج هەمووی لە کەعبەدا بلاو کردبووەوە، هیچی پێ نەمابوو بۆ مەدینە. ئەمجارە دەوری گومبەدی پێغەمبەر ئەسووڕایەوە و ئەیوت: لالە حەمە بیم وە ساقەت! ئەو کاوراکانی کاوە هیچیان پێ نەهێشتم بۆت بێرم، ئەوە لە ڕێگای تۆدا هەر تەلاقی خازەی کارەکەرتم دا. خازە ژنی بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- ئەحەی کرنوو هەبوو لەسولەیمانی، خانوویەکی هەبوو فرۆشتبووی؛ کەچی هەموو جار هەر ئەچووە ئەوێ، ئەوانیش دەریان ئەکرد. چەند جارێک شتی وا رووی دا لە ئاخرا وتی: من لەم خانوەدا هاتوومەتە دونیاوە لە بیرم ناچێتەوە؛ خەریک بوو لە بیرم بچێتەوە کەچی دایکە رەحمەتیەکەم هاتە خەوم و پێ وتم رۆڵە شێرەکەم بە حەرامت بێت بێ ئەگەر خانووەکەمان بەجێ بێڵیت.

- دوو کابرای «سیان» ئەبن بە هاوڕێ و ئەچن بۆ هەولێر. لە رێگادا هەروا دەست ئەکەن بە قسەکردن بۆ ئەوە رێگاکە بە قسە ببڕن. یەکێکیان ئەڵێ: ئێستە لەم رێگایەدا کووپەڵەیەک لیرە ئەدۆزینەوە بەشی ئەکەین لە بەینی خۆمانا. من بەشەکەی خۆم ئەچم رانەمەڕێکی پێ ئەکڕم پێوە بە تەواوی ئەحەسێمەوە. ئەویکەشیان ئەڵێ: دەسا من بە بەشەکەی خۆم چەند گورگێک پەیدا ئەکەم بکەونە ناو مێگەڵەکەت بیانخۆن، تولەباب کوو مەڕ رائەگرێ؟ لە سەر ئەمە ئەبێ بە شەڕیان و سەر و گوێلاکی یەک ئەنێنە یەک.

لەو کاتەدا سەیر ئەکەن وا پیاوێکی ریش سپی لە رێگای خۆشناوانە سواری کەرێک بووە و جەوەنەیەکی لە بەر دەمایە هات. وتیان با ئەو پیاوە شەرعمان بکات، بزانین کاممان لە سەر حەقین. کەر سواریان راگرت و کێشەکەی خۆیانیان بۆ گێڕایەوە. ئەویش تووڕە بوو، هەر دەستی برد پشکی جەوەنەی کردەوە دۆشاوی تێدا بوو، دۆشاوی بەو ناوەدا هەڵڕێشت و وتی: خودا خینم وەکی وی دۆشاوەی لە سەر وی عەردەی بڕێژێ، چ بڕان هەقرتان نینە و شێتن.

- شێخ بابەعەلی تەکیەیی و مەلا عەولای پەسۆی کتێبی «خلاسه الحساب» لە لای مەلا عومەر ئەفەندی هەولێر ئەخوێنێتەوە. بابەعەلی بە مەلا عەولا ئەڵێ: من تاقەتی بەرێ، بەرێ و هەنووکە، هەنووکەی مەلا عومەر ئەفەندیم نییە و لیی تێناگەم. بێمەوە ئەچین لە کۆڕێ دەرسەکە دائەنیشین، تۆ بە پوختی وەری بگرە و پاشان بە منی رەوانکە.

مەلا عەولا ئەڵێ: بابەعەلی شتی وا چۆن ئەبێ؟ بابەعەلی ئەڵێ: بە گوێم ئەکەی باشە بە گوێم ناکەی بەو دارە سەر و بەچکت ئەنێمەیەک. ناچار مەلا عەولا رازی ئەبێ. لە پاش تەواو کردنی کتێبەکە بە جووتە پێکەوە ئەچن بۆ «بیارە» بۆ لای مەلا قادری بیارە. لە بیارە مەلا نەبی ناوێکی خەڵکی ئەو باڵەکایەتیەی لێ ئەبێ، کە ئەویش هەر بۆ ئەوە چووە کە لە لای مەلا قادر بخوێنێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەم مەلا نەبییە پیاوێکی زیرەک و لە گەڵ زیرەکیەکەشیا تۆزێ بێ ئەقلی هەبوو. هەر فەقێیەک بچوایە بۆ بیارە لە گەڵ ئەگەیشتە ئەوێ بە بێ ئەوە چاو بکاتەوە مەلا نەبی بە پرسیار لێی کردن دایئەگرت و ئەیشلەژاند، وای لێ ئەکرد کە بە تەواوی بۆ لەوە بە دوا چاو ترسێن ئەبوو.

بابەعەلی و مەلا عەولا، ناوی ئەم مەلا نەبییەیان بیستبوو کەوایە. ئەگەنە نزیکی بیارە مەلا عەولا ئەڵێ: بابەعەلی ئێستە ئێمە ئەچین و مەلا نەبی بە پرسیار دامانەگرێ، لەوانەیە نەیزانین، بە تەواوی حەیامان ئەچێ. بابەعەلی ئەڵێ: مەلا عەولا ئەمە لێ گەڕێ بۆ من، من عیلاجی ئەکەم. ئەچن و ئەگەنە جێ. مەلا نەبی و فەقێکانی‌تر دێن بە پێشوازیانەوە. خەڵکێکی‌تری زۆر کۆ ئەبنەوە. بابەعەلی بە بێ ئەوە بێڵێ مەلا نەبی بێتە زمان ئەڵێ: مەلا نەبی پرسیارێکی فەرائز: «پیاوێک مرد، ژنێک و کچێک و کەرێکی لە شوێن بە جێ‌ما؛ چۆن میراتەکەیان بۆ بەش ئەکەی؟» مەلا نەبی ئەڵێ: ژنەکە هەشت یەک ئەبا، کچەکە نیوەی ماڵەکە ئەبا و ئەوەستێ، هەر چەندە فیکر ئەکاتەوە هیچی‌تری بۆ نایە، لە پاشا ئەڵێ ئەوە ئەوان دیارن، بەڵام شەرعی شەریف بۆ ئەم کەرە نایەتە خەیاڵم ئێستە کە چی دانابێ. ئەم مەسەلەیە من نایزانم، دواجار سەیری ئەنواری مەزنی بۆ ئەکەم. ئیتر ببڕای ببڕای مەلا نەبی نەیوێرا جارێکی‌تر لە عاستی ئەوان بێتە زمان. بەڵکوو ئەو چاو ترسێنی ئەوان بوو. ئەوانیش پاش ماوەیەک خوێندن لە بیارە ئەگەڕێنەوە بۆ هەولێر، ئیجازە لە مەلا عومەر ئەفەندی وەرئەگرن.

- شێخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ شاعێری ناوی لە هەموو لایەک دەرکردبوو. گەلێ جار شاعیرانی ئەو سەردەمە شیعریان دائەنا، بۆیان ئەبرد بۆ ئەوە ئەو پەسەندی لە سەر بنووسێ. ئەویش ئەو شتانەی کە بە دڵی نەبوایە یەک شعر دانا بوو بۆی لە سەر ئەنووسین؛ وەکوو لە گەڵ شاعرێکی قزلجەیشا ئەمەی کردبوو.

یەکێک هەبوو لە کۆیە مەلا تەماتەیان پێ ئەوت. هەندێ شعری دانابوو، بردبووی بۆ شێخ ڕەزا پەسەندی بۆ لەسەر بنووسێ. کابراش ناوی شعری نابوو«ڕەعد»؛ شعرەکانیش ئەمانەبوون.

شاعری بلند هەر دوو ولایەت خوا بتهێڵێ بۆ فەیزو کەرامەت
یا خوا بە خێربێت بۆ ولاتی کۆیە دایم بە خزمەتان وەک من بۆ تۆیە
تۆ شێخ ڕەزایت و تخلسی من ڕەعد با بیزانی من شاعرێکی پڕ ئاوازم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئێمە شاعیر بووین لە باوک و باپیر    دوعا گۆی شعرین شاعری ئیعزازم
ناومان لە دونیا وەک ناوی تۆیە    زمانێک بوو بۆ دیدارت ئاوات خوازم
تەقدیمتان ئەکەم ئەم غەزەلە جوانەم    «تقریف»ی بفەرموون بۆ سەرفرازیم
ئومێدەوارم بە لوتفی باری    بۆ من دایم مەعدەنی رازم

ئەمە ئەینووسی و ئەینێرێ بۆ شێخ رەزا. شێخ رەزایش بەم شیعرەی خوارەوە پەسەندی ئەکا و بۆی ئەنێرێتەوە.

ئەی ترِت رەعد و تست رەشەبا    هکرِا ارسکم جدا و اباء

- شێخ عەبدولحەمیدی ئەتروشی بۆی گێڕامەوە وتی:

شێخ نوورمحەمەدی بریفکانی پیاوێکی بە دیمەن و ناودار بوو. کە ئەهاتە مووسڵ خانوویەکی سەر بە خۆی هەبوو لەوێ ئەبوو. پیاوە گەورەکانی مووسڵ هەموو ئەهاتن بۆ دیدەنی. دیوەخانی هەموو دەم گەرم بوو.

مام تەهایەکی قسەخۆش هەبوو موختاری یەکێ لە گوندەکانی ئەترافی مووسڵ بوو. رۆژێک ئەویش دێ بۆ دیدەنی شێخ. ئەو دائەنیشێ بەرەبەرە مووسڵیەکانیش دین، هەر مووسڵیەک دێت شێخ پێ ئەڵێ «فەوق». هەر فەوقێک ئەکرێ مام تەها تۆزێک ئەخشێتە خوارەوە تا ئەکەوێتە لای دەرگاکە. جارێکی شێخ چاک و چوونی لە گەڵ ئەکا ئەڵێ: مام تەها چەڤەنی؟ مام تەهایش ئەڵێ: ئەزبەنی چەڤەنم «فەوق»یکی‌تر بکەی ئەز لە دەرێمە. شێخ نوور محەمەد دەست ئەکا بە پێکەنین ئەڵێ: مام تەها ئەمانە بەمیڤانی هاتینە دەبێ بیانرِیزێنین. مام تەهاش ئەڵێ: ئەزبەنی وەکوو بزانی ئەز قوزلقورتم.

- مەلا حەسەنی شاترێ بۆی گێڕامەوە وتی: لالە مارفێکی خزممان هەبوو دەروێشی شێخی کربچنەش بوو. پیاوێکی پیر بوو. من تازە خەتم دابوو، لالە مارف فرە شوێن گەڕا بوو: سنە و سولەیمانی و بانە چوو بوو. کە خێڵ ئەچوو بۆ کوێستان بە تەنیا بە گۆشەی هەورامانا ئەچوو بۆ مەریوان و شلێر و ناو خوان. وەکوو بڵێیت دیوانەیەکی هەبوو.

ئەو سەردەمە شارەزوور وەکوو ئێستا نەبوو، بە دەگمەن ماڵە جافی تێدا هەبوو. ئەو دەشتی شارەزوورە هەموو گژ و گیا و قامیشەلان بوو. وتی من تازە پێ ئەگەیشتم، جارێک لە گەڵ لالە مارفا چووین بۆ هەڵەبجە. مامۆستا شێخ رەسووڵ زۆر نەبوو، بوو بووە مەلای مزگەوتی پاشا، وەعزی ئەدا ئێمەش چووینە وەعزەکەیەوە. ئێستەش لە بیرمە مامۆستا شێخ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


رەسووڵ لە وەعزەکەدا وتی: خوانتەعالا کە ویستی ئادەم دروست بکا، جبرائیلی نارد مستی خۆڵی لە «دەجنا»ی لای تایفەوە برد و بە تۆزێ لە ئاوی تایف کردیان بە قوڕ و ئادەمی لەو قوڕە دروستکرد. مەلا حەسەن وتی: هەر ئەوەندەم زانی لالە مارف راست بووەوە و وتی: ئەرێ مەلا ئەوە تۆ ئێژی چی؟ وەلای خۆتەوە عومرت کردگە! بۆچی نایژی بینایی چاوان جورەیلێ نارد مشتێ خۆڵی لە گوێچکەی سەی ساق هەڵگرت و قمێ ئاوی لە ئاوە جوانەکەی سەراوی سوبحاناغا بۆ برد؟ ئەگەر وەوەش رازی ناوی لە کانیاوەکەی حەوش و بارانی بۆ برد وە دەسی موبارەکی شێلای، دواجار پفێکی پیا کرد باوکە ئادەم دروست بوو. چیت داگە لەم دەجاج و مەجاجە؟ تۆ خوا مەلا تا ئاوی سەراوی سوبحاناغا و حەوش و بارانی بویسێ، بینایی چاوان ئەچێ لە ئاوە بێفەڕەکەی ئەو خوارە تێرێ؟ هیچ نەوێ خۆ تۆ خوێندگتە تا ئەو خۆڵە موارەکەی سەیساق هەوێ پیاوێ هەقلی بۆی ئەچێ وەلای شتیترەوە؟ تەماشاکە ئەم دەشتی شارەزوورە خوا نەیوڕێ ئێژی هۆڕی مالە گەورەس گوڵ گوڵ بووگەسەوە، ئەو گشتی هی ئەو ئاوە جوانەس کە وە سەریا لرفە ئەکا، تەواشاکە ئە شۆڕە سواری تەرخانی و ڕوغزایی و شاترییە کە ئێژی مەلایکەی سەر عەرزن، ئەگەر هی ئەو ئاو و خۆڵە نەون چۆن کوڕە کوڕی وایان تیا هەڵ ئەکەوێ؟ بچۆرە ئەو دەشتی کەماجڕ و حەوش و بارانییە کە بەر بۆنی عەتر و عەویر ئێژی بەهەشت لە وێنەی کەوتگەسە خوارەوە. کە بینایی چاوان ئاو و خۆڵی وای لە بەر دەسا هەوێ چۆن ئێژێ وە جورەیل بچۆ لەو خوارەوە ئاو و خۆڵم بۆ بێرە؟ وە قەورەکەی حەمەپاشا خواوێت و قسەی واناکا. ئەوە نازانم جورائیل دزی لێ کردوێ. تۆ وێژی خوا ئەوەندە بێ ئاگا وێ بڕوا ناکەم؛ با ئیش و کاریشی فرە وێ ئاگای لەوە هەر ئەوێ. خۆ خەوی لێ نەکەوتگە جا مەلا ئەوا پێت پێژم وەو کەریمە سوورەی کەسنەزانە جارێکیتر وەعزی وا بدەی وەم گالۆکە سەر و بەچکت ئەنێمە یەک.

– قاراغی قارەوا پیاوێکی هەبوو «بایز»ی ناو بوو، ناردی بۆ شار هەندێ شتومەکی بۆ بکڕێ، پێشی وت ئەگەر تانجییەکی رەسەنیشت بەرچاو کەوت، بە هەر پارەیەک بووە بەڵکوو لە خاوەنەکەی وەربگری و بیهێنی.

بایز چوو شتەکانی هێنا، بەڵام تانجێکی وای بەرچاو نەکەوت گەڕایەوە. قاراغا کە زانی تانجی نەهێناوە زۆر تووڕە بوو. بایز وتی: ئاغا ئەم تووڕەیەی پێ ناوێ، بەڵکوو من نازانم تانجی چۆنە! ئاغا وتی کەس هەیە نەزانێ تانجی چۆنە، تانجی گوێکانی درێژە، کلک و ناو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



قەدی باریکە. بایز وتی: جا ئاغا ئەمە ئاسانە. من ئەچم ئێستە هەر لە قارەوادا سەگێک دێنمە ئەم ماڵە. قسەت ئەدەمێ هەر بە یەک حەفتە لە برسانا گوێی شۆڕ بێتەوە کلک و ناوقەدی وا باریک بێتەوە بە کونی سووژنەوە فرتە بکات.

– کابرایەک هەبوو لە سولەیمانی «عەلی یوزباشی»یان پێ ئەوت، خەڵکی ئەو خوارە و تەقاویت کرابوو. هاتبووە سولەیمانی ژنێکی هێنابوو، لە گەڕەکی قەزازەکان دانیشتبوو. پیاوێکی خوا هەقە بە دینیش بوو. ڕۆژێک ئەچێتە لای شێخ بابەعەلی تەکیەیی ئەڵێ: یا شێخ من لەو خوارە لە سەر مەزهەبی حەنەفی بووم، کە هاتمە ئەم شارە بووم بە شافعی؛ بەڵام هەر لە سەر دوو مەزهەب دەستنوێژ ئەشۆم؛ ئیمڕۆ نوێژی نیوەڕۆم کرد هەستم بە تەڕایەک کرد لە ناو دەرپێکەما پەیدا بوو، لە پاش نوێژەکە کە بۆنم کرد بۆنێکی پیسی لێ هات ئەوە چۆن ئەبێ؟ شێخ بابەعەلیش ئەڵێ: خوا سەلامەتت کا نەوەک لە سەر دوو مەزهەب بەڵکوو بە هەر چوار مەزهەب تۆ گووت کردوە بە خۆتا قاچ و قوڵت بشۆ و نوێژەکەت بگێڕەوە.

– لەو بنارە کابرایەک ڕێی ئەکەوێتە ماڵێک (وەکوو بۆیان گێڕامەوە لە دێ تەمووتە). کابرایەکی میوان لەو ماڵە دانیشتبوو نانیان بۆ دانابوو نانی ئەخوارد، خاوەن ماڵەکەش لە ماڵ نەبوو. کابرای ڕێبوار سەلامی کرد و لەو لاوە دانیشت. کابرای میوان جوابی سەلامەکەی دایەوە ئیتر خوڵکی نەکرد بۆ نان خواردن وا دیار بوو یەکتریشیان ئەناسی. کابرای ڕێبوار وتی: کە هاتم بە سەر ماڵی ئێوەدا تێ پەڕیم. کابرایتر وتی: ڕێگەکەت لەوێوە بوو. وتی: ژنەکەت سکی پڕ بوو. وتی: خۆیشم ئەزانم. وتی: منالی هێنا. کابرا وتی: ژنێ سکی پڕ بێ ئەبێ منالی ببێ. وتی: دوو کوڕی هێنا. وتی: خەسوویشم هەموو جار دوو دووی ئەهێنا. وتی: یەکێکیان مرد. وتی: دیارە ژنەکەم نەیتوانیە شیر بە هەر دووکیان بدا؛ شیری کەم بوو. وتی: لە پاش بەینێک ئەویتریشیان مرد. وتی: کە براکەی مرد وا دیارە ئەویش لە بەر جیابوونەوەی ئەو لێ مردووە. وتی: زۆری پێ نەچوو دایکەکەشیان مرد. وتی: لە تاو کوڕەکانی سوێ بوەتەوە. وتی: وا دیارە خواردنت بە لەزەتە. وتی: لە بەر ئەوەی ئاخر منیش ئەیخۆم؛ وتی کابرا خەیاڵ مەکە تۆ بیت و ئەم هێلکەو ڕۆنە ناچێژیت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەکی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ کاسبی چوو بوو بۆ ئەو وڵاتی ئەستەموولە، بە هەر چەرمەسەری و پەریشانیەک هەبوو شتێکی پێکەوە نابوو. ژنێک خستبوویە دوای خۆیەوە خۆی لێ مارە کردبوو. ژنە کولکەماڵێکی هەبوو، پیلوەی بردبووە لای خۆی. ڕۆژێک پیاوەکە یەکێکی خەڵکی وڵاتی خۆیانی بەرچاو ئەکەوی بردیە ماڵەوە. ئەم پیاوەش کەوا ڕێ کەوتبووە ئەو وڵاتی ئەستەموولە و لەوی بە هەژاری ئەژیا و کەوتبوە داوی ئەو ژنەوە، لە کاتی خۆیا و لە وڵاتی خۆیا پیاوێکی پیاو و دەوڵەمەند بوو. وا دیار بوو شتێکی لێ قەوما بوو؛ وڵاتی بە جێهێشتبوو کەوتبووە غەریبی و کەوتبووە لای ئەو ژنە.

کە چوونە ماڵەوە ژنە نانی بۆ میوانەکە دانا و میوانیش زۆری برسیبوو دەستی کرد بە نان خواردن. ئەمجا کابرا خەبەر و حاڵ و ئەحواڵێ وڵاتی خۆیانی لێ پرسی وتی:

تۆ خوا ئێستا باشەی کوڕم چۆنە؟ کابرای میوان وتی: کوڕی وا هەر نییە، هەموو ئەو وڵاتە بە سەری ئەو سوێند ئەخۆن. وتی: ئەی دایکی چۆنە؟ وتی: مەپرسە ئەگەر چاکی و بە سەرو بەری ئەو نەبێ باشەی کوڕت ئاوا دەرناچێ. وتی: ماڵەکە چۆنە؟ وتی: دیواخانەکە شەو و ڕۆژ ئەگەڕێ. وتی: مەڕو ماڵات چۆنە؟ وتی: بارەباری مەڕ و بەرخ ئێوارە و بەیانیان لە دەورەی ڕەشماڵا ئەڵێی دەنگی ساز و ئاوازی بەهەشتە. وتی: تۆ خوا گەماڵە بۆرە چۆنە؟ وتی: بە دەوری ڕانەکەدا هەر وەکوو شێر ئەسووڕێتەوە؛ بۆچ دێڵێ یەکێ توخنی ئەو مێگەلە بکەوێ. وتی: هیچ خەبەرت لە ماینەکەوە هەیە؟ وتی: ماین، ماین نییە؛ دوو جوانووی بە شوێنیەوەیە. لە ناو قەرسێڵ و سێ پەڕدا بە ئارەزووی خۆیان ئەلەوەڕێن. ژنەکە زانی وا پیاوە بەو جۆرە دەستی کردووە بە قسەکردن و بە شان و باڵی سامانی مێردەکەیا دێت و مێردیش وا گوێ بۆ ڕاگرتووە هات نانەکەی لە بەردەم کابرای میوانی هاوشاریدا هەڵگرت. میوانیش هێشتا تێری نەخواردووە. ئەمجا کابرا وتی: دەی چاوەکەم لە سەر قسەکانت بڕۆ، کابراش وتی: بپرسە تا وڵامت بدەمەوە. کابرا وتی: قسەکانتم ئەوەندە پێ خۆشە ئەمەوێ دیسان لێت بپرسمەوە گەماڵە بۆر چۆنە؟ وتی: وەڵڵا تۆپی. وتی: چۆن بۆچی تۆپی؟ وتی: گورگ نایە ناو ڕانەکە کەلاکێکی زۆر کەوتبوو ئەویش خەریکی خواردن بوو، ئێسقانێ گیرایە گەرووی و خنکا. وتی: بە ڕاست مەڕەکان نەمان؟ بۆچی نەمان؟ وتی: پێم وتی گورگ تیان نیشت. ئەویش لە بەر ئەوە بوو ماینەکەوە بە خۆی و جوانووەکانیەوە دز بردنی ئیتر گورگ بە تەواوی دەرفەتی هێنا و لە گۆشەیەکەوە کەوتە ڕانەکە. وتی: ئەی باشە، دایکی باشە نەیتوانی باشە بنێرێت چارێک بکا؟ وتی: دایکی باشە مرد. وتی: بۆچی دایکی باشە مرد؟ لە بەر چی مرد؟ وتی: ئەوەندە گریا بە سەر تەرمی باشەی کوڕتا هەتا سوێ بووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و مرد. وتی: بۆچی باشەی کوڕم مرد؟ بۆچی مرد؟ وتی: ماڵەکەتان رووخا کەوت بە سەریا بوو بە ژێرەوە و مرد.

ژنەش لەو لاوە گوێ لەم قسانەیە هەر چەندە تێ ناگا کە ئەم کابرایە چی ئەڵێ، بەلاّم بە ڕەنگ هەڵبزرکاوی مێردەکەیا ئەزانی خەبەری ناخۆشە. ئەو زۆری پێخۆش بوو. کابرای میوان هەر هەستا کردی بە کەوشەکانیا و بۆی دەرچوو وتی: لە خراپی ئەم ژنەت لەوانەیە ئەم ماڵەش بروخێت با بڕۆم.

- جاران ئەمە هەبوو دوو کەس یا سێ کەس لە ئەسپێکا ئەبوون بە شەرێک، سا یا میراتی بوایە یا کڕین. لە «مایندۆڵ» دوو کابرا بە شەریکی ماینێکیان کڕیبوو، ڕۆژێک یەکێ لە کابراکان بە دار هاتە وێزەی ماینەکە زۆری لێدا. ئەویتر وتی: ئەوە بۆ لەو بەستە زمانە ئەدەی؟ ئەمیش وتی: برا من لە بەشەکەی خۆمم داوە تۆ هەقت چییە؟

- مەلا سمایل کانیسکان جارێک لە «زێوە»ی لای پیرەمەگروون وەعزی ئەدا ئەیوت: لە «بدایع‌الظهور»دا ئەفەرموێ: هەرکەس ناوی ئادەم و حەوا بنوسێ و لە ماڵا هەڵیواسێ شەیتان ڕوو ناکاتە ئەو ماڵە. مام سمایلێکی زێویەی هەبوو لە وەعزەکەدا بوو، سەرێکی بادا و وتی: مەلا ئەوە تۆ بە ڕیشی خۆت پێ ئەکەنی یا بە هی ئێمە؟ ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا لە گەڵ خودا بستێک بەینیان بوو، شەیتان چوو هەڵیفریواندن، ئێستە چۆن کۆ لە ناوەکەیان ئەکاتەوە؟ تۆ قسەیەک بکە کە ئەقڵ بیگرێ. مەلا سمایل وتی: باوکم! من بلێم چی «بدایع-الظهور» وا ئەفەرمووێ نە من پاژنە هەڵکێشم و نە تۆیش مشتوی هەمانە.

- جارێک ژنە کوردێک ڕێی ئەکەوێتە سولەیمانی، تووشی ئەحەی کرنوو ئەبێ لێی ئەپرسێ: ئەرێ لالە! بازاڕی نەوات فرۆشەکان لە کوێس؟ ئەویش ئەڵێ: خوشکم لە ژێرە ئاوەڵ کراس و کەواکەی خۆتایە. ژنە ئەڵێ: ئەی گووی تۆی لێ نەوارێ! دەم و دگانی ئێژی چیغی شڕەو دریاگە وە سەر دەوارا. من ئێژم نەوات ئەو ئێژی کەوات وا ئەزانی تاریەرە و لە هۆز بە جێ ماگم.

- حەمەعەلی مەلا محەمەد گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org


لە مزگەوتەکەی «بێژوێ» دوو قەبر هەیە ئەڵێن هی ئەسحابانە. ڕۆژێک کابرایەکی «بانالێ»ی ئەچێتە بێژوێ و لە مزگەوتەکەدا لە گەڵ یەکێکی بێژوێی قسەیان ئەگیرێتە یەک و دەست ئەکەن بە قسەو پلارگرتن لە یەک. بانالێیەکە بە بێژوێیەکە ئەڵێ: ئێوە هەر مەگەر خەریکی نووکە نووک کردن بن، بزانە قەت لە شەڕێکا توانیتان دەرکەون؟ بێژوێیەکەش دەست بۆ قەبرەکان ڕائەکێشێ و ئەڵێ: «ئێمە خەریکی نووکە نووکین؟ ئەی ئەو دوو شێرە کێیە لەوێ ڕاکێشاون و شەهیدی کردوون».

- کابرایەکی جاف سالێک ئەچێ بۆ حەج. ئەو سەردەمە لە دەریادا پاپۆڕ و لە وشکانیا حوشتر بوو. ئەویش ئەوانەی هیچ نەدیبوو، چ لە پاپۆڕەکەدا و چ لە سواری حوشترەکەدا زۆر تووشی عەزیەت بوو بوو. جا ئەیوت: ئێمە ئەم هەموو عەزیەتمان کێشا و ئەچین بۆ مالی خوا، خوا لە مالەوە بوایە خاس بوو، ئەم جرت و فرتەمان بە هیچ دەرنەچوایە. بڕواش ناکەم لە مالەوە بێ؛ چونکە تاقەتی ئەم گشت ڕەوەیە نییە کە ئێژی ئەچن بۆ سەراوی سوبحاناغا ئاو ئەخۆنەوە.

- هەر حەمەعەلی گێڕایەوە وتی:

لە «قەشان» پارچە بەراوێک هەیە دانراوە بۆ مەلا کە بیکا بە بێستان بۆ خۆی. بێستان هاتۆتە بەرهەم و خەیار و ترۆزی و هەموو شتێکی تێدایە. ڕۆژێک دەستەیەک ئەچن خەیارێکی زۆر ئەکەنەوەو لە سەر کانیەک لە نزیک بێستانەکەوە دائەنیشن و دەست ئەکەن بە خواردنی. مەلا ئەچێ بە سەریانا ئەزانێ ئەمە لە بێستانەکەی ئەویان هێناوە.

مەلا حەسەن هەبوو لە پێشا لە «ولاغلوو» بوو، مالی باری کردبوو چوو بوو لە قەشان دانیشتبوو. مەلا ئەچێتە لای مەلا شکات ئەکا ئەڵێ: ئەو دەستەیە هاتوون بێستانەکەمیان ڕنیوە و هەموویان خواردووە. مەلا حەسەنیش ئەڵێ: مەلا ئەمانە تاوانێکی گەورەیان کردووە، شەرع ئەفەرمووێ ئەمانە بە ڕۆژ بیانبە لە بێستانەکەدا حەپسیان بکە بە شەویش بیانبە مالەوە نەوەک هەڕا بکەن هەتا سێ چوار ڕۆژ پاش ئەوە بیانهێنەوە منیش خۆت ئەزانی لە سەر سەفەرم تا ئەو وەختە ئەگەڕێمەوە، کتێب چی فەرموو بەو جۆرە جەزایان ئەدەم.

مەلا ئەڵێ: کەواتە مەلا حەسەن بەو جۆرە تۆ ئەڵێیت من ئەبێ دابەستە ڕابگرم. من ئەم شەرعە ناکەم و هیچم ناوێ با بچن بە ڕێی خۆیانەوە. مەلا حەسەن ئەڵێ: «باوکم نابێ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەگەر تۆ ئێستە بەرەلایان بکەی ئیتر فێر ئەبن، دزی رەچا و ئەکەن و تۆیش ئەبی بە هاوبەشی گوناحیان». مەلا خواخوای بوو ڕزگار ببێ؛ کەچی مەلا حەسەن وازی نەئەهێنا، ئەیوت: حوکمی شەرع ئەبێ جێ بەجێ بکرێت.

- سەی زوبەیری تالشی هەبوو گێڕایەوە وتی: لەو لاجانە بۆ «پەسوێ» ئەچووم بۆ خزمەتی مەلا عەبدوللای پەسوێ بۆ خوێندنی ریازیات. ڕێم کەوتە مالێک بە میوانی، پیاوەکە لە ماڵ نەبوو، خێزانەکەی هات بە پیرمەوە ڕایەخی بۆ ڕاخستم بە خێرهاتنێکی گەرم و گوڕی کردم. هەر خێرا مەنجەڵی خستە سەر ئاگر. لەو لاوە حەو جۆشی دایە پاڵ بۆ چا، هەر بە دەمیشیەوە بە خێراتنم ئەکا. ئەوەندە ماریفەتی لە گەڵ نواندم خۆم لە خۆما تەریق ئەبوومەوە، زۆری پێنەچوو نانێکی تێر و تەسەڵی دروست کرد و چای پێ گەیاند.

لەو کاتەدا کە ئەو هەموو شتێکی حازر کردوە مێردەکەی هاتەوە. چاوی بەو نان و خوانە و بە من کەوت ناوچاوی تێکدا و پیشی کرد. ئاخرەکەی خۆی بۆ ڕانەگیرا وتی: ئەرێ ئافرەت هیچ وە بزانی من دیواخانم داناوە تۆ لە ماڵی باوکت ئەمەت هێناوە وا ئەم خوانەت ڕازاندووتەوە بۆ ئەم کابرا گەڕیدەیە؟ وتی: منیش ئەوا وەختە بچم بە عەرزەکەدا.

ژنە وتی: پیاوەکە تۆ بۆچ وائەکەی؟ ئەمە مەلایەکی سەر عەرزە، ئەم ماڵە هەر چەندە میوان ڕووی تێکا خوا زیاتری ئەکات؛ تۆ بۆچی خوا وای لێ کردووی؟ ڕوویش ئەکاتە من ئەڵێ: کاکە مەلا تۆ فەڕو بەرەکەتت هێناوە، بۆ خاتری ئەو قورعانە کە خوێندووتەوە ئەگەر دلگران ببی و نانی خۆت بە تەواوی نەخۆی. وتی: بە هەر جۆر بوو چەند پارووێکم خوارد و لێم دا ڕۆیشتم. ژنە بە ڕێی کردم تا بەر قاپی و هەر دڵی ئەدامەوە، پیاوەش هەر بۆڵەی ئەهات و لە شوێنی خۆی نەجوولا.

وتی: چووم بۆ پەسوێ و لە پاش چەند مانگێک گەڕامەوە بۆ سابلاخ. لەم سەریشەوە ڕێم کەوتە ماڵێک و لام دا. هەرکە سەرم کرد بە ماڵەکەدا پیاوێک بە ڕوویەکی خۆش و دەمێکی بە پێکەنینەوە پێشوازی کردم و بردمیە ژوورەوە، ڕایەخی بۆ ڕاخستم و وەکوو شەکر بە دەممەوە ئەتوایەوە. گورج هەستا ملی گیسکێکی گرت دای بە عەرزا سەری بڕی، گرووی و مەنجەڵی هێنا خستیە ناویەوە و نایە سەر ئاگر و حەو جۆشی خستە پاڵ بۆ چا. وتی: ژنێکیش لەو لاوە دانیشتبوو هەر پرتە و بۆڵەی لێوە ئەهات. حەرام بێ لە شوێنی خۆی نەجوولا. کە سەیری ئەکردم وەکوو سەیری بەراز بکا وابوو. کابرا بە هەر جۆر بوو ژنەی هەستان برنج و ڕۆنی پێ هێنا و پێی خستە سەر ئاگر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

بەلام پیاوەکە خۆیشی هەر خەریکە، بە دەست ئیش ئەکا و بە دەم قسەی خۆش لە گەڵ من ئەکا. ژنەش لە خوتەو بۆڵە بەو لاوە هیچی تری لە دەست نایە، تا دەست ئەبا بۆ شتێک وەکوو بکێشن بە تەوقە سەریا وایە. وتی: منیش بەمە زۆر عاجز بووم، بەلام ڕووخۆشی پیاوەکەو گفت و لفتی گلی دابوومەوە.

بە هەر جۆر بوو نان پێگەیشت و ژنە نانی تێکرد. بە لالووتێکەوە هێنای داینا و گوێم لێ بوو وتی: ها بیکەنە قوزلقورتتان. من دیواخانم ڕاگرتووە هەر ڕۆژە نە ڕۆژێک یەکێکم بۆ دینێت.

وتی بە ڕاستی زۆر دلم نارەحەت بوو. لە گەڵ پیاوەکەدا پێکەوە نان ئەخوێن وتم «سبحان الله». پیاوە وتی: مامۆستا گوێ مەدەرێ نانی خۆت بخۆ، ماڵ ماڵی منە، ئەو سەعاتە پێ زیندوو و ئەبمەوە کە لە خزمەت زاتێکی وەکوو تۆدا دانیشم. وتم: برا سبحان-اللەکەم بۆ ژنەکەی تۆ نەبوو بۆ بە سەرهاتێک بوو کە لەم سەفەرەدا چاوم پێکەوت.

وتی: تۆ خوا مامۆستا چی بووە؟ وتی: منیش بە تەواوی بۆم گێڕایەوە کە چەند مانگێ لەمەوە پێشتر ئەچووم بۆ پەسوێ، لە فلانە شوێنا ڕێم کەوتە ماڵێک. ژن و مێردێکی لێ بوو ژنەکە هەتا بڵێت بەرچاو تێر و شاژن بوو، پیاوەکەی بە پێچەوانەی ئەو زۆر چرووک و بەرچاو تەنگ بوو؛ کەچی هاتمە ئێرە بەرعەکسی ئەوەم چاو پێکەوت؛ پیاوەکە تا ئەو پەڕی پیاوەتی پیاو، ژنەش نازانم بڵێم چی.

وتی: پیاوەکە زەردەخەنەیەکی کرد و دەنگی نەکرد. وتم: تۆیش ئەبێ لەم زەردەخەنەیە خۆتم تێ بگەیەنی. وتی: مامۆستا ئەو ژنەی کە تۆ لەوێدا چاوت پێ کەوتووە ئەوە خوشکی منە. ئەم ژنەی منیش خوشکی مێردەکەی ئەوە.

- پیاوێکی دەوڵەمەند کە بە چرووکی ناوبانگی دەرکردبوو، ڕۆژێک پیاوێکی ماقووڵ ئەبێ بە میوانی. خزمەتکارەکە قاوەیان بۆ دینێت و فنجانێکیش بۆ ئاغەی تێ ئەکا. ئاغەی کە ئەیخواتەوە پێی ئەڵێ: ئەرێ هەتیو! ئەمە چییە؟ ئەم قاوەیە هەم زۆر تاڵە و هەم لە بەر کۆنیش بۆگەنی کردووە. خزمەتکارەکە ئەبزرکێ نازانێ میوانەکە هەر دانیشتووە ئەڵێ: ئای بە خوا ئاغە نەمزانی بە خوا لە بیرم نەبوو چووم لە قاوەی میوانەکە بۆ جەنابیشتم تێکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لەو ماڵە دوو سێ منالیان هێنابوو خەتەنەیان ئەکردن، کچێک لەوێ بوو ئەویش دەستی کرد بە گریان و هاوار هاوار. وتیان تۆ بۆچ ئەگریێ؟ خۆ تۆ خەتەنە ناکەن. وتی: ئاخر بۆ منی تیژ ئەکەن.

- کابرایەک بوو «پیرۆت» ناو خاوەنی مەڕ و ماڵات و سامانێکی زۆر بوو؛ بەڵام لە بەر پیسکەیی خواردنی شەو و ڕۆژی خۆی و منالانی بوو بوو بە ساوەر. ژنەکەی هەر چەندە ئەپاڕایەوە کە پیاوەکە خوا قەبوولی نییە خۆم و منالەکانم وشک هەڵگەڕاوین بە ساوەر خواردن، خوا نەیبڕێ دەوڵەتێکی زۆرت هەیە با هیچ نەبێ حەفتەیەک، جارێکیش برێنجێکمان دەرخوارد دەی، سوێمان بوەوە.

پیاوە وتی: دایکم ساوەر، باوکم ساوەر، ئافرەت تۆ ئەقلت نییە، ساوەر ئاوسێ، پیاو قەڵەو ئەکا. لە سەر پێشاو زوو دەرئەچێ، خواردنی پێغەمبەرانە، قەراوانەی پڕی شوانانە، گەنمی بەهارەی کوێستانە، بەرداش خۆی لە بەریا ناگرێ، تەشپی لاوەشی بۆ ئەگرێتەوە، لە زستانا ئازوخەی ماڵە، لە بەهارا خواردنی منالە، لە هاوینا ڕەنگی ئاڵە، لە پایزا خێری خوایە، لە هەر چوار وەخت بۆمان مایە، جارێکی تر ناوی نایە، خوا یەکە و نەبووە بە دوو، بۆ ساوەرە تۆی دا بە شوو.

ئافرەتی هەناسە سارد هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە بچێتە لای مەلاکەی دراوسێیان دەردە دڵی خۆی و منالەکانی لە لا بکا. وتی: مامۆستا چ بکەم؟ خۆم و منالەکانم وەختە سوێمان ببێتەوە بۆ چێشتێکی برنج، مێردەکەشم ئەو هەموو سامانەی هەیە ئێمەی گرتووتە ساوەر. لە ساوەر بەو لاوە نابێ شتێکی‌تر بخۆین. لە ڕێ خودا بەڵکوو چارێکمان بکەی و لەم ڕۆژە ڕەشە ڕزگارمان ببێ.

مەلا زۆر دڵی پێ سووتا وتی: خوشکم بچۆ بەڵکوو چەند دەنکە حەبی سێوی توورش پەیدا کەی لە گەڵ چەند هەودایەکی جاڵجاڵۆکە پێکەوە بیسووەوە و بیدە لە لووتیا ئیتر وازی لێ بێنە بۆ من. ژنە چوو بە هەر جۆر بوو چەند ناوکە سێوێکی پەیدا کرد و لە گەڵ جاڵجاڵۆکەدا وەکوو مەلا وتی وای لێ کرد. سەیری کرد مێردەکەی لە خۆی بووردووە و بێ هۆش بووە. ژنە شپرزە بوو هات بۆ لای مەلا. مەلا وتی: خەمت نەبێ وازی لێ بێنە تا شەوێ.

شەوێ مەلا دوو فەقێ ئازای هەبوو، وتی لە گەڵم وەرن. هەرسێکیان چوون کابرایان هەڵگرت و جلەکانیان لە بەرداکەند. کفنیان کرد و بردیان بۆ سەر قەبران چاڵێکیان بۆ هەڵکەند و خستیانە چاڵەکەوە، مەلا ئەوی پێویست بوو بە فەقێکانی وت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا زۆری پێ نەچوو هاتەوە هۆش تەماشای کرد ئەوا کفنی پێوە پێچراوە لە ناو قەبرایە. وتی: ئۆف ڕۆژەکە بوو کە لێ ئەترسام. یەکێ لە فەقێکان چووە لای سەریەوە وتی:

چەند خوا؟ وتی: هەر یەک خوا.

چییە ناوت؟ قوربان پیرۆت.

چییە خواردن؟ نانی هەرزن.

شیوی ماڵت چییە بە ناو؟ خوا نەیبڕێ ساوەر بە ئاو.

نابێ برنج لەوێ هەبێ؟ ساوەر هەبێ ئەو نابێ بێ.

چی دی نابێ بخۆن ئیوە؟

وتی: قوربان ساوەر بابە، ساوەر داکە،

ساوەر ئەبێ برنج نابێ

ساوەر جێگای گشت پیتاکە.

فەقێ کوتەکێکی پیا ماڵێ و وتی:

ڕۆژی ڕەشت ئاوا ئەبێ. هاتنە ویزەی بە کوتەک دایانگرت، مەلا. کە ئەو بە ئەنکیر مەنکیری ئەزانی وتی: هەر کەس ساوەر بخوا لە قەبرا کوتەککاری ئەکرێ و دوای قەبریش ئەخرێتە جەهەنەمەوە. هەر کەسیش برنج و شتی خۆش بخوا لە قەبرا بە باوەشێنی ڕەحمەت باوەشێن ئەکرێ و لە دوای قەبریش ئەچێتە بەهەشتەوە. دە بگرە بخۆ بۆ خۆت.

هاتنە ویزەی دەستیان کردەوە بە کوتەککاری کردنی. ئەوەندەیان لێدا تا بێهۆش بوەوە، ئەمجا هەڵیانگرت و هێنایانەوە بۆ ماڵەکەی. کفنەکەیان لە بەر داکەند، جلەکانیان کردەوە بەری و لێیاندا ڕۆیشتن.

کابرا کە کەوتە بەیانی هاتەوە هۆش. خۆی بە زیندوو بینی، قەبر و ئەنکیر و مەنکیرەکە نییە. گەلێ شوکری خوای کرد، هەر چەندە هەموو لەشیشی شکا بوو، بەڵام هەر خوی ڕانەگرت، دەست بە جێ چوو بۆ بازاڕ لە برنج و ڕۆن، لە میوە، لە نۆقڵ و نەبات، لە خواردنی خۆش، هەرچی بوو لە بازاڕا هەمووی کڕی و دای بە کۆڵی چەند حەماڵێکا و هاتنەوە بۆ ماڵەوە. ژنەکەی کە ئەمەی چاو پێکەوت هەروا حەپاسا. قەت شتی وای نەدیبوو. وتی پیاوەکە ئەمە چییە؟ وتی: ئافرەت دەنگ مەکە من بە چاوی خۆم چاوم پێکەوت، هەر کە ساوەر بخوا ئەبێ لە گەڵ ئەوا کوتەک بخوا، دوای ئەوەش ئەبێ بچێتە جەهەنەم؛ هەر کەسیش خواردنی خۆش بخوا جێگای خۆی و باو باپیری بەهەشتە. تا من ماوم ئیتر ساوەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نایە بەم ماڵەدا، لە خواردنی خۆش بەو لاوە هیچی‌تر ناچێتە سەر زمانی ئەم منالانەم، جارێکیکە تۆبە لە ساوەر خواردن.

- حەمە بەگی حاجی رەسووڵ بەگ گێڕایەوە وتی:

کابرایەک هەبوو لەو جافەتییە «شانەزەر»یان پێ ئەوت. دۆستێکی هەبوو لە ناو گۆرانەکانا زۆر زۆر هاتووچووی ئەکرد. پێ ئەوت برا تۆ بەری جووت و گاکەت بەشت ناکا؛ من دەستم ئەڕوا لە لای مەحمووپاشا، پێی ئێژم بتکا وە سەگەوان لە لای خۆی. هەم ئەوی وە ئێمە، هەم نانێکی فرەشت دەس ئەکەوی. بە بیانووی ئەم قسە و ئیتر هەموو ڕۆژێک لە ماڵی کابرای گۆرانە بوو. ئێوارێ گالۆکی خۆی هەڵئەگرت و ئەچووەوە بۆ ماڵی خۆی لە هۆبەکەیان، بەیانی دیسان ئەهاتەوە. کابرای گۆرانیش لە بەر ئەوە ڕۆژیان کولا بوو بە دەست کوردەکانەوە لە بەڵێ بەو لاوە و لە نان بۆ دانان بەو لاوە هیچی‌تری بۆ نەمابوو.

ئەو ساڵە لە سەر چوو، کەوتە پایز عێل گەڕایەوە بۆ گەرمیان. کەوتە بەهار دیسان عێل سەرەو ژوور بوەوە بۆ کوێستان. کابرا ناسراوێکی‌تری هەبوو لەو دەشتی شلێرە بیستبووی کە نەخۆشە، هەر بە دەم کۆچەوە چوو سەرێکی لێ داو بۆ نیوە ڕۆژە لەوێ بوو. پاشان وتی: برا وا کۆچ ڕۆیشت، توێ بڕۆم پیا بگەم. لێرە وە سەر پێوە هاتم سەرێکتان لێ دەم، ئێمە ئەچین بۆ کوێستان. ئەگەر نەخۆشەکەتان مرد خۆتان خۆش ون، ڕێگام دوورە ناتوانم لە کوێستانەوە بگەڕێمەوە. ئەگەر وەخێر لەو سەرەوە گەڕاینەوە بۆ گەرمیان لا ئەدەم و سەرەخۆشیەکی‌ترتان لێ ئەکەم؛ ئیتر وە دوعا.

کە گەیشتنە کوێستان دەواریان دامەزراند و جێ‌گیر بوون، پاشان دەستی کردەوە بە هاتووچوو کردن بۆ ماڵێ گۆرانەی دۆستی. ئەمجارە ڕۆژێک بە کابرای گۆرانەی وت: برا وە پاشام وت بتکا وە سەگەوان. ئەویش فەرمووی خاسە، بەڵام با هەر لە ئێستەوە پێت بێژم خاسە وا بزانە تۆ ویت وە سەگەوان لای پاشا. پاشا مرد تۆ ئیتر سەگەوانیەکەت نامێنێ، ئەکەوێتەوە بارەکەی خۆت. من هەر لە ئێستەوە خەریک ئەوەم ئێشێکی‌ترت بۆ بدۆزمەوە. وەخێر کە عێل گەڕایەوە بۆ گەرمیان ئەو وەختە خەوەرت بۆ ئەنێرم تۆیش بێ بۆ ئەوێ. تۆ بیت بۆ ماڵێ ئێمە، ئیشەکەت پێ ئێژم و یەک دوو ڕۆژ چاوت پێمان ئەکەوێ و دوای ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کوێستان. ئەگەر ئەو وەختە چەرچیش هات بۆ ئێرە و موورگی پێوو تۆ خوا نەختێ موورگی کوێستانیش بیرانە بۆ دەزوێنکی ئەو کەنیشکە بێفەڕە بچوکە کە هەر داوا لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.tabayi.org

دایکی ئەکا. ئیتر ئەم قسەیەش بوو بە پێخۆری ئەو ساڵەیان. کابرای گۆڕانەش چاری نەئەما هەر ئەیوت: خوا لە برایەتی و هاوسەری کەمتان نەکا.

- مەلا ساڵحی کۆزەپانکە لە لایەن حەجەوە وەعزی دائەدا کە هەر کەسە جارێک بڕوا بۆ ماڵی خوا، خوا لە هەموو گوناحی خۆش ئەبێ. حسەینی مەلا لە کۆڕی وەعزەکەدا بوو وتی: مامۆستا ئەگەر یەکێک نەیبوو ئەبێ چی بکا؟ مەلا ساڵحیش وتی: کە نەیبوو هیچ، با هەر لۆ خۆی گوناحان بکا. وتی: ئەگەر خانوویەکی هەبوو خانوەکەی بفرۆشێ و پێوە بچێ بۆ حەج یا هەر گوناحان بکا؟ وتی: حسەینی مەلا خۆ من کفرم نەکرد ئەو قسەیەم کرد. دەبا بیفرۆشێ و بچێ حەجی خۆی بکا. ئەمجا وتی:

تۆ خوا مەلا ساڵح! من بە تۆ دەرێم، ئەوا کابرایە خانیەکەی فرۆشت و چوو لۆ عەجێ. ئەوا عەجێ کرد یا دێتەوە یا نایەتەوە. ئەگەر هاتەوە لە کوێ دانیشێ؟ ئەگەر نەهاتەوە ئەبێ لە عەجێ لە ماری خودادا بێ، ئەو وەختە خودای لێ ناپرسێ: ئەرێ هەی کەر! تۆ چوویت خانی خۆت فرۆشتییە هاتویت لێرە لە بن ماری منا دانیشتیت و منەتی من هەردەگری. دە هەستە هەرو لۆ خۆت لۆ کوێ دەچی بچۆ. کە هاتەوە لێرەش خانی نەمایە، دەست لە گونانی بەرە و ژێرتر. ئەمە ڕێگایە تۆ لۆ ئەو غەریبەی دائەنێ؟ مەلا ساڵحیش وتی: حسەینی مەلا من چوسوانم تۆ بوویتە معامی ئەو کابرایە دەبا نەچێت و ملی ورد بێ. هەر لۆ خۆی گوناحان بکا تا چاوی دەردێت وە بزانی عەج لۆ من دەکا؟

- کابرایەک دۆستێکی هەبوو، بەوە خۆی ئەبردە پێشەوە لە لایەوە کە ئەیوت من زۆر ئازام و باکم لە هیچ نییە. ڕۆژێک ئەم کابرایە لە دزیدا گیراو و خستیانە ژێر شکەنجە و دارکاری. داری وایان لێ ئەدا ئەگەر لە بەرازیان بدایە ئەیبوڕاند، کەچی ئەم ورتەلە دەنگی نەئەهاتە دەرەوە. لەپاشا یەکێ لێی پرسی ئەوە ئەو لێدانە ژانتی نەئەکرد؟ وتی: بەرێوەڵلا لەوانە بوو [گیانم]دەربچێت. وتی: ئەی بۆچ هاوارت نەئەکرد؟ وتی: ئاگام لێ بوو دۆستەکەم وەستا بوو سەیری ئەکرد، منیش هەموو جار بە لای ئەوەوە ئەموت ئازام و باکم لە هیچ نییە. لەو لێدانەما هیچ هاوارم نەئەکرد بۆ ئەوە وانەزانێ کە من درۆم کردووەو بۆی دەرکەوێ کە من باکم لە هیچ نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە سولەیمانی لەو گەڕەکی سەرکاریزە پیاوێک هەبوو مەحمووی ناو بوو. خوشکێکی هەبوو فاتمی ناوبوو. مەحموو منالێکی زۆری بە ڕیشەوە بووبوو، هەر لە بەیانیەوە بۆی ئەکێشان تا ئێوارە باشاری نەئەکرد. فاتمیش هەر خەریکی ئاوکێشان بوو بۆیان، زۆرتریش کە مەحموو ئەچووەوە شتی ئەبردەوە تووشی فاتم ئەبوو ئەچوو بۆ ئاو. ڕۆژێک لە کاتی هاتووچوودا مەحموو لە فاتم ئەپرسێ چۆنی، ئەویش ئەڵێ: چۆنم لەم ماڵەدا خوا لە من و تۆ بەدبەختری دروست نەکردووە؛ تۆ هەر خەریکی حەماڵی و من هەر خەریکی ئاوکێشی.

- لە سنە لە مزگەوتی فارۆقیە لە سەردەمی مەلا علیدا مجەورێکی لێ بوو شەل بوو؛ دەستێکی کۆچ بوو، چاوێکی نەبوو، سەرێکی زیرگنی پێوە بوو.

مـیرزا مەهدیـەکی مونـشی هـەبوو پیـاوێکی دەوڵـەمەند و خانـەدان بـوو. زەمـان فێـری تلیـاککێشانی کردبوو. لـە ڕێگـای تلیاکـا هـەموو مـاڵ و سامانەکەی دۆڕاندبوو، جێگـای نەمابۆوە بۆ ستارگرتن تەنیا مزگەوتی فارۆقیە نەبێ. ئەگەر بە سوالکردن، وەیا بە ڕەشە دزی دوو قەرانێکی دەست کەوتایە ئەیدا بـە تلیـاک. سوچێکی پەنای دیتبووەوە لە حەوشەی مزگەوتەکە ئەچوو لەوێدا تلیاکەکەی ئەکێشا.

لە پاش بەینێک مجەورەکە پێ زانی و دەستی کرد بە قسە وتن پێی، کە تۆ چۆن لە حەوشی مزگەوتدا تلیاک ئەکێشێ. میرزا مەهدیش لە بەر بێدەرەتانی هەموو قسەیەکی لێی قەبووڵ ئەکرد. بەڵام مجەورەکە هەر لە تامیا نەهێشت و هـەر ئـەیوت تۆ لە مزگـەوتا چـۆن تلیاک ئەکێشێ.

میرزا مەهدی ئیتر لە وەزیا نەما وتی: ئاغەی خادمی شەلی کوێری کۆچی کەچەڵ، خوا ئەوەننە میهرەوانی نەکردگە لە گەڵ تۆدا وا ئەوەننە تۆ لە سەری ئەکەیتەوەو مزگەوتەکەی بۆ ئەپارێزی. وازم لێ بێرا با بە دەردی خۆمەوە بتلێمەوە. چەس ئەیژێ بە کراهە گیریاگی بۆ ئەوە لە سەر خوا بکەیتەوە.

- لە سەفەر بەرلگەکەدا ڕەشبگیر بوو. زەفتیە تووشی هەرکەس ببوایە ئەیگرت بەرگیان لە بەرئەکرد و ئەیانارد بۆ جەبهەی شەڕ. کابرایەکی شارەزووریان گرتبوو ناردبوویان بۆ جەبهە. لە ڕێگـادا خـۆی دزیبـووەوە هـەڵاتبوو گـەڕابۆوە. پیـانوت: بـۆچ خـۆت دزیوەتـەوە هاتویتەوە. ئەمە غەزایە چۆن پشتی تێهەڵئەکەی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتی: برا شەڕی چی و غەزای چی، نە من ئەوان ئەناسم، نە ئەوانیش من ئەناسن. ئیتر ئەم دوژمنایەتییە لە کوێ کەوتۆتە بەینمان، تا من بچم دەست بدەمە یەقەیان؟ شەڕیش بە کۆنە قین ئەکرێ، کۆنە قینیش نییە لە بەینمانا، کەواسە حوکومەت با هەر بۆ خۆی بچڕێ.

- حاجی عەزیزی شەرعی، خێزانەکەی لە گەڵیا ڕێ نەئەکەوت. هەر ڕۆژە نە ڕۆژێک ئەچووە لای قازی شکاتی لێ ئەکرد. قازیش ئەینارد بە شوێن حاجی عەزیزدا ئەیوت ئەمە چییە؟ حاجی عەزیزیش ئەیوت: بڵێم چی قوربان لە باتی کراسێک دوو کراسی بۆ ئەکەم، لە باتی کەوایەک دوو کەوای بۆ ئەکەم، خەڵکی ڕبەیە برنج ئەنێرێتەماڵەوە، من دوو ڕبە ئەنێرمەوە، دراوسێ نیو هۆقە گۆشت ئەنێرێتەوە، من هۆقەیەک ئەنێرمەوە، ئیتر چی ئەوێ؟ قازی وتی: باشە کەسێک نییە ڕێکتان بخاتەوە با هەموو ڕۆژێ بەر دەرگای مەحکەمە نەگرن؟ ئەویش وتی: قوربان جەنابی قازی ئەو کەسەی ڕێکی ئەخستینەوە مرد.

- مچەی حەبێ کشمیش هەبوو لە سولەیمانی نێرمووک بوو، کەوای تاقە و سڵتەی ماوتی ڕەشی ئەکرد بە سەرا. پشتێنی پەشم و قۆندەری نایابی بە جیرە، قژەکەی سەری هەر ئەوەندە ڕەش و جوان بوو کە شانەی ئەکرد و ئەرژایە ناو شانی ئەتوت خەیاتەی خاوە. هەندێ جاریش ئەیهۆنیەوە ئەیکردە بسک چەفتە و مشکی ڕشیوو داری لوول ئەدا بە دەستووری ئەو سەردەمەی سولەیمانی ئەیبەست بە سەرەوە. سمێڵەکەی قەفی قەترانی هەبوو لە وسمەی ئەگرت، چاوی ئەڕشت، ڕیشەکەشی هەموو ڕۆژێ لووس و پووس ئەتاشی، پیاو کە چاوی پێ ئەکەوت ئەیوت ئەمە پاڵەوانێکە لە پاڵەوانەکان. خۆ ئێجگار کە فەقیانەکانی ئەشەکاندەوە بە لەنجەیەکەوە، پیاو ئەیوت ئەمە خەرامانی چینە. هاتووچووی دیواخانی پیاوان و ژنانی ئەکرد. دەنگێکی ناسکی ژنانەی هەبوو، ئەتوت کچی چواردە ساڵە. کە ئەچووە ناو بازاڕ و سەر دوکانەکان پیاوان لێی کۆئەبوونەوە بە دەنگە ناسکەکەی ئەیوت: «ئەیەڕۆ لاچۆ بچۆ بەو لاوە».

کە ئەچۆە ناو ژنان دەنگی خۆی ئەکرد بە وەکوو پیاو بەڵام لێی نەئەهات. ژنان هەموو ئەیاناسی بە بێ پەردە ئەچووە ژوورەوە، هەموو ماڵە گەورەکان ئەگەڕا. ژنان ئەیانویست گاڵتەی لە گەڵ بکەن لێی کۆ ئەبوونەوە لە ئەوەڵەوە ئەو بە دەنگی وەکوو دەنگی پیاو ئەچووە مەیدانەوە، بەڵام لە بەر ئەوە کە درۆ بوو ئەچووەوە سەر دەنگە ڕاستیەکەی خۆی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانیش دەرپێکەیان دائەکەند. ئیتر بە تەواوی ئەکەوتە سەر قسەی ژنانە. خۆی ئەیوت: «کچێ ئەیەڕۆ مەکە لاچۆ بچۆ بەو لاوە».

ژنان و پیاوانی ئەو سەردەمەی سولەیمانی بۆ ژیان و گوزەرانی هەموو یارمەتییان ئەدا، ئەویش بە ژیان و ڕابواردنێکی پاک و پوخت ڕایئەبوارد؛ چونکە لە ناو ژنانا بۆنی پیاوی لێ ئەهات و لە ناو پیاوانیش بۆنی ژنانی لێ ئەهات، بەم بۆنەوە نانی کەوتبووە ڕۆنەوە. وەیا بە کوردی‌تر وەکوو مەسەلە کوردیەکەی لێ هاتبوو. ئەمجا کە عەمری خوای کرد نازانم باجی مریەم شۆردی یا مەلا غەفووری مزگەوتی ناو بازاڕ، یا خەلیلی لای حاجی تۆفیقی پیرەمێرد؛ چونکە خەلیلیش وەکوو مچە نێرەمووک بوو. ئەمە لە مەلاکان بپرسە.

- جاران هەر بەینە نە بەینێک یەکێک ڕاست ئەبووەوە یا داوای خوایی ئەکرد یا داوای پێغەمبەریەتی. وەکوو ئەوە کە ئەڵێ: جارێک لەو خوارە کابرایەک پەیدا بوو داوای خوایی کرد، گرتیان و بردیانە لای خەلیفە وتی ئەمە چییە هەر ڕۆژی یەکێک سەر ڕاست ئەکاتەوە ئەڵێ من خوا وەیا پێغەمبەرم؛ ئەی ئیمەچین؟ ئێمە خوای سەر زەوین ئیتر ئەمانەی‌تر چین؟ ڕووی کردە کابرا و پێی وت نازانم ئەم هەمووە چییە؟ ئەوە پاریش یەکێ پەیدا بوو داوای پێغەمبەری ئەکرد وتم بیکوژن. کابرای خوا وتی: چاکت کرد من هیچ ئاگام لە ناردنی ئەو نەبووە.

هەروەها یەکێکی‌تریش پەیدا بوو داوای پێغەمبەری ئەکرد ئەویشیان گرت و بردیانە لای خەلیفە. خەلیفە وتی: تۆ پێغەمبەریت؟ وتی: بەڵێ. وتی: موعجزەت چییە؟ وتی: موعجزەیەکی زۆر ئاشکرام هەیە. خەلیفە دڵی ڕاچەنی وتی چییە؟ وتی: ئەوەیە کە ئەزانم چیتان لە دلایە. وتی: چییە؟ وتی: ئەوەیە کە هەمووتان ئێستە ئەڵێن من درۆ ئەکەم. خەلیفە دەستی کرد بە پێکەنین و بەرەڵای کرد.

جارێکی‌تر کابرایەکی‌تر داوای پێغەمبەریەتی کرد گرتیان و بردیانە لای خەلیفە، خەلیفە وتی: ئەمە لە برسا شێت بووەو لە چلکا هار بووە. بیبەن لە ئاشخانەی بارەگا بیگرنە گۆشت و ڕۆن و بیبەنە حەمام بیشۆن و جلی پاک و پوختی لە بەر کەن چاک ئەبێتەوە. بردیان وەکوو خەلیفە وتی وایان لێ کرد.

لە پاش ماوەیەک خەلیفە بانگی کردەوە پێی وت: ئێستەش جبرئیل دێت بە لاتەوە چیت بۆ دێنێ؟ وتی: بەڵێ. وتی چییە؟ وتی: ئەڵێ شوێنێکی چاکت دەست کەوتووە هیچ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێغەمبەرێک هەرگیز ئەم خۆشی و ناز و نیعمەتەی دەست نەکەوتووە؛ نەکەی بە جێی بێڵێت.
خەلیفە وتی: دە باشە بۆ خۆت هەر بخۆ.

- ئەم شارەزوورەی ئێستە ئەوسا هەمووی قامیشەلان و چقڵ بوو، زۆر کەم ئاوەدانی تێدا هەبوو؛ بە تایبەتی لە بەر ئەوە کە ڕێبازی جاف بوو، ئاوەدانی هەڵنەئەگرت. لە نزیکی بیستانسوورەوە ڕووبارێ هەبوو لە «تەپی سەفا»وە بە سەر ڕووبارەدا ئەهات بۆ بیستانسوور. «مار»ێک لە سەر ئەو ڕێگایەدا پەیدا بوو بوو، ڕێگایەکی گرتبوو نەیئەهێشت کەس بەو ڕێگایەدا هاتووچوو بکا، تەنانەت سواری ئەگێڕایەوە دواوە. زیاتر لە دوو مانگ ئەو ڕێگایەی بردبۆوە بەست. بە ڕێکەوت جارێک دوو کەسی نەشارەزا بە حاڵی ئەو مارە، بەو ڕێگایەدا ئەڕۆن. مارەکە لەو کاتەدا لە چەقی ڕێگاکەی ئەوانا لە سەر ڕووبارەکە ئاو ئەخواتەوە. ئەو دوو کەسە بۆیان ڕێ ئەکەوێ مارەکە ئەکوژن.

لە ڕۆژی دواییدا لە بیستانسوور بڵاو ئەبێتەوە کە مارەکە کوژراوە. پیاوێک لە دێکەدا هەبوو «مینەی» ناو بوو، کوڕ و کاڵ سەریان ئەخستە سەری کە تۆ مارەکەت کوشتووە؟ ئەویش وتی: نەء. هەر وازیان لێ نەهێنا، ئاخرەکەی کابرا لە خۆی کەوتە شکەوە وتی: ئەو عالەمە هەموویان ئەڵێن تۆ کوشتووتە، کەواتە ڕەنگبێ من کوشتبێتم. وتی: بەڵێ من کوشتوومە.

ئەمجا مینەیان هەڵگرت و چوون بۆ سەیری مار. مار مار نەبوو، ئەژدەهایەک بوو. مینە کە چاوی بە مار کەوت بوردەوە لە هۆش خۆی چوو. ماریش ئەوا تۆپیوە. بە هەر جۆر بوو مینەیان هێنایەوە هۆش خۆی. ئەویش بوو بوو بە قسەی خۆیەوە هەر ئەیوت من کوشتوومە.

- دوو کتێب لە ناو فەقێیانا باوی هەبوو ئەخوێنرا، یەکێکیان «عوامل»یان پێ ئەوت؛ ئەویتریان «جمع‌الجوامع». ئەو کەسەی کە سەرەتا ئەچووە فەقێتی دەستی ئەکرد بە عوامل و ئەوەی ئەخوێند. ئەوەش کە لە فەقێتی ئەبووەوە هەموو عیلمەکانی ئەخوێند دەستی ئەکرد بە جمع‌الجوامع. مەعنای وایە ئەم دوو کتێبە تەقریبەن ئەم سەر و ئەو سەری خوێندنی فەقێتیە.

شێخ عەلی پەڕۆ هەبوو لە سولەیمانی، مەلایەکی وا نەبوو، شێخ بابەعەلی تەکیەیی هەموو جار ئەیوت: شێخ عەلی عوامل و جمع‌الجوامع وەکوو یەک ئەزانێ. شێخ عەلی ئەمەی پێخۆش بوو؛ یەعنێ چۆن عواملی بە لاوە ئاسانە بۆ زانینەکەی، جمع‌الجوامعیشی بە لاوە ئاوایە و بە باشی ئەیزانێ، لە گەڵ ئەوەشا مەبەستی شێخ بابەعەلی ئەوە نەبوو. مەبەستی ئەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بوو کە چۆن عوامل بەو ئاسانیە نایزانێ جمع‌الجوامعیش هەروەها نازانێ. لە نەزانینیانا هەروەکوو یەک وایە.

- شێخ بابەعەلی تەکیەیی زیاتر لە هەشتا ساڵ عومری کردبوو، یەکێک بوو لە عالمە هەرە گەورەکانی سولەیمانی. لە بن دەست ئەمەشەوە لە نوکتە و قسەی نەستەقدا هەر یەکێک بوو لە نوکتە بێژەکانی سولەیمانی.

جارێکیان وتی: ئێوە وا ئەزانن کە من پیر بووم و گوڕی زەمانی جوانیم نەماوە. وتیان چۆن یاشێخ؟ وتی: ئێمە لە تەکیە لە تەنیشت ماڵەکەمانەوە بەردێکی گەورە هەبوو، ئەو سەردەمە کە مناڵ بووم دەستم دایە بۆم نە ئەجوولا. کە بووم بە گەنج و هەرەتی هەرزەکاری هەر دەستم دایە بۆم نەجوولا. ئێستە کە ئێوە ئەڵێن پیر بووم هەر دەستی ئەدەمێ، کەچی دیسان بۆم ناجووڵێ. کە واتە دەوری مناڵی و گەنجی و پیریم وەکوو یەک وایە و هیچ فەرقی نەکردووە.

- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە گەڵ وەسمان پاشای جافدا سەرو سەودای هەبوو. هەموو جار هاتوچووی ئەکرد. هەروەها لە گەڵ خانمی وەسمان پاشاشا ئەو ناسراویەی هەبوو. ڕۆژێک شێخ ڕەزا بە وەسمان پاشا ئەڵێ: پاشا تۆ ئەرکێکی زۆری عەشیرەتی جافت بە سەرەوەیە، ئەم عەشرەتە گەورەیە ئیدارەی ئەوێ، ئەم دیواخان و دەواری دوانزە هەستوونییە ئیدارەیەکی تری ئەوێ. تۆ خۆتت کەنار گرتووە، خانم ئیدارەی عەشرەتە کە ئەکا. حەقیقەت سەرو کاری دیواخان و میوان و میوانداریش ئەکا، بەڵام ئەمە بۆ ئەو ئەرکێکە زیاد لە تاقەت، خواش قەبووڵی نییە. خانەدان و بنەماڵەی بە ناوبانگ زۆرە لەم کوردەوارییە، ئەتوانی ژنێکی تر لە یەکێک لەو خانەدانانە بێنیت ئەو سەرو کاری دیواخان و میوانان بکا؛ خانمیش یەکچاو ببێتەوە بۆ عەشرەتداریەکەو ئیدارەی ئەم تۆپی جافە. شێخ بەم جۆرە دڵی وەسمان پاشا کرمێ ئەکا.

ئەم قسەیە ئەگاتەوە بە خانم. خانم لە شێخ ڕەزا تووڕە ئەبێت و ئەنێرێ ئەیهێنن. پێی ئەڵێ: شێخ ڕەزا تۆ چۆن قسەی وات لە لای پاشا کردووە؟ گوایە من کە عادلە بم و لە بنەماڵە گەورەکانی سنە بم وەکوو ئیدارەی عەشرەتداریم پێ ئەکرێ، ئیدارەی دیواخان و میوانداریم پێ ناکرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


شێخ ڕەزا ئەڵێ: خانم من قسەی وام نەکردووەو بە درۆ ئەمەیان بۆ هەڵبەستووم. خانم ئەڵێ: چۆن؟ لەوانەیە من ئەمەم لە ناو چاو پاشاشەوە خوێندۆتەوە. شێخ رەزا ئەڵێ: ئەمەی پێ ناوێ لە گەڵ پاشادا ڕوو بە ڕوومان بکەرەوە ئەگەر من قسەی وام کردبوو ئەو وەختە تۆ هەقی گلەییت هەیە و ئەتوانی ئەوی لە دەستت دێ بەرانبەر بە من بیکەی. خانم ئەڵێ: باشە.

خانم بۆ سبەینێ کۆڕێکی سێ قۆلی بۆ خۆی و شێخ رەزا و وەسمان پاشا ڕێک ئەخا و سێ بە سێ دائەنیشن. خانم ئەڵێ: شێخ رەزا ئەوە تۆ و ئەوە وەسمان پاشا، فەرموو قسەکانی خۆت بگێڕەوە. ئەڵێ: قسەی چی؟ ئەڵێ: ئەو قسانە کە هانی پاشا ئەدەی ژنی‌تر بێنێ. ئەڵێ: خانم ژنی‌تری چی؟ ئەوا پاشا خۆی بە ڕووەوەیە و ئەوا تۆیش دانیشتوی، پاشا وەکوو لە ناوچاویا خوێندبوومەوە لە بەر ئەوە کە تۆ ئەرکێکی زۆرت بە سەرەوەیە ژنێکی‌تر بێنێ ئەو خەریکی دیواخان و میوانداری بێ، تۆیش سەروکاری عەشرەتەکە بکەی. منیش وتم پاشا شتی وا مەکە، هەوێ لە بەینی یەکا ڕێ ناکەون. ئەوی بە خانم ئەکرێ بە کەسی‌تر ناکرێ، ئەگەر ژنێکی‌تر دێنیت وەکوو تۆپی مندالانت لێ دێ بە دەستیانەوە؛ ئەو فڕێت ئەدا بۆ ئەو، ئەو بۆ ئەو. ئەگەر دوو ژنی‌تر دێنێت وەکوو مەنجەڵی سێ کوچکەی ئاگردانت لێ دێ، هەر ئەبێ دەستبکەی بە کولان و جۆش‌دان بە سەریانەوەو هیچیشت لە دەست نایە. ئەگەر سێ ژنی‌تر دێنیت وەکوو چوار گوریسی دەوارت لێ دێت، هەر یەکە بە لایەکا ڕائەکێشن و تۆیش لەو ناوەدا پرزەت ئەبڕێت. خانم من ئەمەم وتوە.

خانم ڕەنگێکی سوور و گەشی هەڵێنایەوەو هەر لەو وەختەدا بانگی کرد خەلاتێکی باشیان بۆ شێخ رەزا هێنا و وتی: لە بڕویش و کەشک و دوێنەش بارکەن با شێخ رەزا بینێرێتەوە بۆ منالەکانی، وتی: یا شێخ! هەموو جار هەر قسەی وا بکە. وتی: چۆنی ناکەم خانم. ئەمە لەم لاوە خانم وا، لەو لاوە وەسمان پاشا ڕەنگ لە ڕوویا پەڕی وتی: خوا بتگرێ شێخ رەزا تۆ کەی بەلای منەوە وات وت؟ تۆ خۆتت ڕزگار کرد و منت تووش کرد. شێخ رەزا وتی: وەسمان پاشا تۆ هیچت لە دەست نابێتەوە هەموو شت هەر لایقی خانمە. بە خوا سا هەموو جار هەر قسەی وای بۆ ئەکەم جا تۆیش کەیفی خۆتە.

- ساڵێ ١٩٢٣ سەید عەبدولعەزیزی شێخولئیسلامی سنە، سەرهەنگ ئەحمەد خانێکی حاکمی ئەو وڵاتە دووری ئەخاتەوە و ئەینێرێ بۆ هەمەدان. ئەگاتە «قروە» لەم لاوە بۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


تــێ‌ئەکــەون ئــەو دوور خــستنەوەیە لا ئــەبرێ و شێخولئیــسلام ئەگەڕێتــەوە سـنە. مـەلا فەیزوللایەک هەبوو شاعر بوو، شعری بۆ پیاوە گەورەکان دائەنا شتیان ئەدایە.

بە هۆی گەڕانەوەی شێخولئیسلام پارچە شعرێکی فارسی سەرسەلامەتی شێخولئیسلام‌و گەڕانەوەی دائەنێ و ئەچێ لە دیوەخانا بۆی ئەخوێنێتەوە. مەفهوومی شعرەکانی ئەوە ئەبێ:

لە پاش سەر سەلامەتیت نەزرم کردووە لە سەر خۆم کە تۆ قسەی خۆشم لە گەڵا بکەیت و بە هـۆی گەڕانەوەشـت زیافـەتێک بکـەی بـۆ ئـەو عالەمـە و منیش بانـگ کـەیت. ئاغـەی نیزامولئیسلام هەموو جار قسەی خۆشم لە گەڵ ئەکات و ئەمدوێنێ، بۆ ئەوەشت نییە.

ئەمجا شێخولئیسلام دەست ئەکا بە قسەکردن لە گەڵیا ئەڵێ: مەلا فەیزوللا فـرە خاسـی شوکر، ئەحواڵتان چۆنە، ئەوە بۆچە سەرمان لێ نادەیت؟ من گجاری تۆم بە دڵا تێت، خۆشتم گەرەکە حەز ئەکەم جار جار دەرکەفیت. مـەلا فەیزاللـه ئەڵـێ: شا، شا ئـەوەی پوولـی تـێ ناچێ ئەیکا، وەڵێ ئەوەی پوولی تێ ئەچێ ناکەفێتە قەرەی.

شێخولئیسلام و دانیـشتوانی مـەجلیس هـەموو دەسـت ئەکـەن بـە پێکـەنین. شێخولئیـسلام ئەڵێ: نەزرەکەی تریچت ئەکەین، هەر لەوێدا ئەمر ئەکا پارەیەکی باشی ئەدەنێ. دەعوەتێکی گەورەش ئەکا و مەلا فەیزوللاش ئەچێتە ناویەوە ئەڵێ: «ئاغەی شێخولئیسلام ئاوا ئەوێ».

- پیاوێک ئەچێتە لای مەلا عەبدوللای بێژوی ئەڵێ: مامۆستا بە ڕۆژوو بووم چوومەوە بۆ ماڵەوە. منالـەکان بەڕوویان ئەبرژاند، نەفسم بۆی چـوو دەسـتم بـرد دەنکێکم هەڵـگرت خواردم ئێستە چی بکەم؟ وتی: بابم ڕۆژێکی‌تر لە باتی بگرەوە. وتی منیش ئەوەم کرد، بەڵام چوومەوە بۆ ماڵەوە منالەکان کرۆسکیان هێنا بـوو، دڵـم لـێ چـوو دەسـتم بـرد دەنکێکم لێ خوارد. وتی: ڕۆژێکی‌تر لـە بـاتی ئـەو ڕۆژە بگـرەوە. وتی: بەڵـێ بـە ڕۆژوو بوومـەوە، بـەڵام چوومەوە بۆ ماڵەوە منالەکان گیزی قەشانیان هێنابوو، دەستم برد دەنکێکم لێی خوارد. مـەلا عەبدوللا ئیتر ئاگری گرت و وتی:

بابم من وا بە باش دەزانم بە ڕۆژوو نەبیت تا دەستانت وەکوو کەران دەبەستنەوە ئەیخەنە ملت. هەنـدێ قوزلقـورتیش دەکـەن بـە مەمێتـەوە، جـا ئـەو وەختـەی بـە ڕۆژوو بـەو چـاوت دەردێت.

- پیاوێک لەو سەرە تاریکە شەو بوو، ڕێبوار بوو ڕێگاکەی لێ تێکچوو؛ سەری لێ تێکچوو پاشان مانـگ هـەڵاتبوو بـە مانگـە شـەو ڕێگاکـەی دۆزیـەوە. ئـەمجا ڕووی کـردە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانگەکە و وتی: نازانم چی بڵێم؟ ئەگەر ئەڵێم خوا نوورانیت‌کا، نورانیت. ئەگەر ئەڵێم خوا جوانت‌کا، جوانیت. ئەگەر ئەڵێم خوا عومرت درێژکا، عومرت درێژە. کەواتە هەر ئەوە ئەڵێم «ئەی لە دەورت گەڕێم خەپلەی ئاسمان».

- لە ڕاوێژی زمانی عەرەبیدا هەندێ شت هەیە نە نێرە، نە مێیە، نە نێرەمووکە؛ کەچی بە ناوێ مێشەرە بیستراوە. وەکوو «ارف، قوس، ارنب، نار»وە زۆر شتی تریش. ناچار بە مانەیان وتوە «موئەنەسی سەماعی». ئەم جۆرە ڕاوێژە لە زمانی کوردیدا نییە.

بەڵام ڕەحمەتیەکە لەم ڕووەوە شتێکی ئەفەرموو، ئەیفەرموو، ئەو پیاوەی کە لە سەر قسەی ژن بجووڵێتەوە و هەر بە قسەی ئەو بکا، ئەوە ئەو پیاوە لە زمانی کوردیدا پێی ئەڵێن: « موئەنەسی سەماعی». هەروەها ژنێکیش کە سواری قسەی خۆی بێ و هیچ بە گوێ مێردەکەی نەکا، ئەوە ئەو ژنەش لە زمانی کوردیدا پێی ئەڵێن: «موزەکەری سەماعی».

- ڕەحمەتیەکە فەرهەنگێکی هەبوو، لەو فەرهەنگەیا گەلێ شتی باسکرد بوو، ڕشتەی مرواری قەیدی چییە با باسی هەندێکی بکا، خۆ قوفلی کەعبە کەچ نابێ؛ ئەفەرمووێ:

**قران النحسین**: ئەوەیە کە دوو سەرخۆشی ڕیشدار ماچی یەکتر بکەن.

**عەربەدە**: نوێژێکە لە گۆڕی سەرخۆشانا بکرێ.

**پاڵەوان**: ئاقڵێکە لە ناو سەرخۆشانا دابنیشێ.

**بەرات**: ئەوەیە کە لە وەختی سەرخۆشیدا وەعدەی پێی بدا، بەڵام کە هاتەوە هۆش خۆی نەیدا و پەشیمان ببێتەوە.

**فزوولی**: ئەو کەسەیە کە لای دامە و تاوڵە دانێی و یەکێ لە دوو کەسەکە فێر ئەکا.

**زولقەرنەین**: ئەوەیە کە دوو ژنی هەبێ.

**مودەبیر**: ئەو کەسەیە کە مەساریفی لە دەرامەتی زیاتر بێ.

**ریش**: تەزبێحی دەستی ئەو کەسانەیە کە ئەچنە دەرباری فیکرەوە.

**ڕووڕەش**: ئەو کەسەیە کە یەکەمجار تووشی یارەکەی ئەبێ و حەیتەکەی لووت بەرز ناکاتەوە.

**ماڵ وێران**: ئەو کەسەیە کە ژنی دەستەمۆی لە ماڵا هەبێ.

**بازاڕی**: وەستای جنێو.

**هونەر**: قسە دز.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


**موعجزە:** ئەو کەسەیە کە لە لای دامە و شەترەنج و شتە دائەنیشێ ڕاستیەکەی ئەزانێ نایڵێ.

**ئەلتەقاولساکنین:** دوو فەقێن لە حوجرەیەکدا.

**ڕەمەزان:** بە هیوای بەهەشت چوونە ناو جەحەنەمەوە.

**سوێن:** پێخۆری درۆ.

**عەرزەفووت:** ئەو کەسەیە شعری خۆی ئەخوێنێتەوە سەری بۆ ئەڵەقێنێ.

**ڕاستگۆ:** دوژمنی هەموو کەس.

**بێ گوناح:** ئەو کەسەیە کە کەوتبێتە ژێر دەستی سەرتاشی ناشیەوە.

**نادر:** ژنێکە کە قسەی بەڕێوجێ بکا.

**بەدبەخت:** جوانێکە کە ژنی پیری هەبێ.

**پیوڵەت:** پیرێکە کە ژنی جوانی هەبێ.

**زەبانیە:** سەرتاشی ڕیشدار.

**زەقووم:** ئەو پارەیەیە کە ئەیدەیتێ.

**مەلا:** عزرائیلی منالان.

**دیق و دەرد:** هاوڕێ خراپ.

بەرگ دووری چاک ئەو بەرگ دوورەیە کە جلەکە بە ئەندازە نەرویت.

**تەوقی لەعنەت:** ئەو زاوایەیە کە هەر لە مالا بێت.

**زیرەکی تەواو:** ئەو کەسەیە کە شعر بنووسێتەوە و بیخوێنێتەوەو هیچی لێ تێ نەگا.

**داماو:** پیرەژنێکە کەسێک بۆ ئیشێکی خێر لای لێ نەکاتەوە.

**نمایشگا:** کۆڕێ سەرخۆشان.

**خەناق:** میوانی دایمی.

**نووستن:** زلیا و پلیاوی هەژاران.

**خرخاڵ:** ئەنگوستیلەی پێ.

**دوعای** خێر: ئیحسانی هەرزان.

**ژێرکراس:** مەحرەمی دایمی.

**ئومێد:** کەشکۆلی بێنەوایان.

**شەونم:** فرمێسکی چاوی شەو.

**مامان:** دەرکەوانی دوابڕاوەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**چاو**: دەروازەی دڵ.

**حاجی لەقلەق**: ماڵاوایی زستان.

**گۆڕەوشار**: بن دەستی پیرەژن.

**بانگبێژ**: جارچی خوا؛ دوژمنی خەو.

**پشتملپان**: گێل. (وریا بە دەست نەبەی بۆ پشت ملی خۆت).

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


# لە باخێ گوڵێک

- مەلا هەمزەی کوڕی محەمەد، سەرەتا لە گوندی «دەمەرقوس» هاتۆتە دنیاوە. ئەم گوندە بەرقەزای شاخی حەکاری ولاتی «نۆدیز»و لە عەشرەتی خانی لە لوای «وان» لە ولاتی تورکیایە.

ئەم پیاوە یەکێک بووە لە زانا پایە بەرزەکانی ئەو ولاتە. هەموو ولاتی کوردەواری بە سۆران و بۆتانەوە لەو سنوورانەدا گەڕاوە بۆ خوێندن و لە گوڵی زانایی هەر مزگەوت و هەر عالمێک شیرەیەکی شیرینی وەرگرتووە. جگە لە پایەی زانایی ئاینیەکەی شارەزایەکی تەواوی هەیە لە بارەی کورد و عەشایری کوردەوە. لە شێوەی سۆرانیدا بە پۆختی قسە ئەکا و ئیمام و خەتیب و مودەڕسە لە یەکێ لە مزگەوتە ئەهلیەکانی ناو شاری زاخۆ. دوو کوڕی هەیە. ئەم کاتە تەمەنی لە دەوری هەشتا ساڵێدا ئەبوو.

لە ڕۆژی ١٩٧٣/٨/٣ لە ژێر خێوەتەکەدا لە حاجی هۆمەران پێکەوە دانیشتبووین گەلێ سەر گوزەشتی ڕابوردووی بۆ گێڕامەوە. یەکێک لەوانە ئەم کارەساتەی خوارەوەیە کە بەرانبەر بە ڕەوڕەوەی مێژوو ڕێکەوتێکی سەیرە. وتی:

لەو گوندی دەمەرقوسە بنەماڵەیەک هەیە بە میراتی بە تەمەندرێژی هاتوون. پیاوێک هەیە «میرخان»ی ناوە، ژنێکی هەیە «عەجە»ی ناوە( نازانم ئێستە ماون یا نەماون، چونکە زۆر لە مێژە من لەوێ دەرچووم). ئەمانە نەتەوە و بەرەیەکی زۆریان لێ کەوتۆتە؛ ئەتوانم بڵێم تەنیا ئەوان بوون بە گوندیکی سەر بەخۆ. عەجە دەستنوێژیی لە ٢١ کەس لەوانە ناشکێ. ئەو سەردەمە کە من چاوم پێیان کەوتبوو هەموو مابوون ئەمانەش بەم جۆرە.

دوویان باوک و باپیری مێردەکەی، دوو کوڕی خۆی، چوار زاوا، دوویان مێردی، دوو کچی مێردەکەی خۆی بوون کە لە ژنی‌تر بوو بوون. دووشیان کوڕی زڕ کورەکانی بوون، دووشیان یەکێکیان کوڕی کوڕەکەی بوو، یەکێکیان کوڕی کچەکەی، شەش کوڕ و خوشکەزای شیری، سێ لەمانە خۆی شیری دابوونێ، سێکەی‌تریان ژنی پێشووی مێردەکەی -میر خان- شیری دابونێ کە ئەو ژنە و ئەم (واتە عەجە) خوشکی شیری یەک بوون. یەعنی پیاوێک شیری دابوو بەمانە.

مەلا هەمزە وتی: ئەمانە هەموو مابوون و پیاو بوون تا ئەم شوێنە ئاگاداریەکەی مەلا هەمزە بوو. منیش بەم هۆیەوە شتێکی مێژوویی‌م کەوتەوە بیر، هەر چەندە ئاشنایەتی بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کوردەوە نییە، بەلام شتێکی مێژوویی و عاجباتییە بۆ زانیاری بێ کەڵک نییە. ئەوەندە هەیە من هی «عەجە»م بە لاوە ڕووداوێکی سەیرترە ئەوەش ئەوەیە کە:

«عاتکە» کچی یەزیدی کوڕی مەعاویەی کوڕی ئەبیسفیان دایکی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلکی کوڕی مەروان بوو. لە یەک کاتا حەرام بوو لە یانزەکەس لە خەلیفەکانی ئومەوی کە ئەو یانزە کەسەی لە ژیانیا چاو پێ کەوت ئەوانیش:

١ـ یەزیدی باوکی ٢ـ موعاویەی باپیری ٣ـ مەروانی باوکی عەبدولمەلک (کە ئەم ژنی عەبدولمەلک بوو و مەروان ئەبێ بە خەزووری) ٤ـ وەلیدی کوڕی عەبدولمەلک ٥ـ سلیمانی کوڕی عەبدولمەلک ٦ـ هوشامی کوڕی عەبدولمەلک(کە ئەم سێیە هەنەزای بوون) ٧ـ وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی خۆی(کە وەلید ئەبێتە کوڕەزای) ٨ـ یەزیدی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلک ٩ـ ئیبراهیمی کوڕی مەروانی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلک (کە ئەم ئیبراهیمەش کوڕی هەنەزای بوو) ١٠ ـ یەزیدی کوڕی عەبدولمەلک (کە ئەم یەزیدە کوڕی خۆی بوو) ١١ـ موعاویەی برای خۆی کە ئەکاتە موعاویەی کوڕی ئەبیسفیان.

لەمەوە ئەوە دەر ئەکەوێ کە عاتکە خەلافەتی دوانزە کەسی لە ئومەوی دیوە. یەکێکیان کە عەبدولمەلک کوڕی مەروانە، مێردی خۆی بووەو ئەوانیتر بە هۆی نەسەب و ژن و ژنخوازیەوە لێی حەرام بوون و دەستنوێژی لێیان نەشکاوە.

- ژنێک کچێکی هەبوو، مێردی کرد. ئەو شەوە کە بیگوێزنەوە ئەو قسانەی لە گەڵ کرد وتی: کچم ئەو ماڵەی کە چاوت تیایا پشکووت، کە بە ناز لە ناویا گەورە بوویت، کە بە تیلی خۆشەویستنی باوک و دایک گەشکەت ئەکرد، ئەوا ئێستە بە جێ دێڵیت. ئەبی بە هاوسەری کەسێک، دوور نییە تا ئێستا یەکترتان نەدیبێت؛ هۆگریتان پێکەوە نەبووبێت؛ ئەبی بە هاوسەری یەکێک کە پێکەوە ڕانەهاتوون. ئەبێ ببێ بە کارەکەرێک بۆی تا ئەویش ببێ بە خزمەتکارێک بۆت. ئەچیتە ماڵێک نە دەنگی باوکی تێدایە نە هی دایک، بە پارێزەوە پێی تیا دائەنی. هەر هەنگاوێکت سڵەمانەوەیەکە.

کچم ئەگەر بتەوێ لەم ژیانە تازەیەتدا بەرخوردار بیت، ئەم ئامۆژگاریانەی من بکە بە گوارەی گوێت بۆ ئەوە هەموو ئەو ژیانە تازەیەت وەکوو گوڵی تازەی بەهار گەش و تێراو بێت:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بە قنیات بە، چیت هاتە بەر دەست پێ ڕازی بە، مێردت هاتەوە بە ڕوویکی خۆشەوە بچۆ بە پیریەوە، ئەگەر شتێکی هێنایەوەو دای بە دەستەوە -با کەمیش بێ- وای لێ وەربگرە و بە جۆری لە ڕووی ئەوا پێت خۆش بێ کە تۆ هەرگیز شتی وا خۆش و جوانت نەدیوە. با لە ماڵی باوکیشتا ئەو شتەت زۆر دیبێ، قسەی لە گوێ بگرە و چەلەحانێ لە گەڵ مەکە.

سەیری ئەو شوێنە بکە کە ئەو سەیری ئەکا، ئاگاداری ئەو شوێنە بە کە ئەو بۆنی ئەکا؛ چونکە ئەو شوێنە ئەگەر پیس و پۆخڵ بوو تۆی لە بەر چاو ئەکەوێ، ئەگەر بۆنی ناخۆشی کرد لووتت پیا نایەنێ، پیاو حەز لە شوێنی پاک و خۆش ئەکا. ئاگاداری وەختی خواردن و نووستنی بە، لە وەختی خۆیا نانی بۆ دانێ و لە وەختی خۆیا بینوێنە؛ چونکە برسێتی نانی هاری بە دەمەوەیەو بێ خەوی ئاگری تووڕەیی و غەزەبێ تیژ ئەکا.

ئاگاداری ماڵی بەو ئاگاداری منالی بە. کە ماڵێت بە خۆڕایی دۆڕاند خۆت بێ ماڵ ئەبیت. کە بێ ئاگا بووی لە منالی، وەقار و سەنگینی ئەو پیاوە نامێنێ؛ کە هی ئەو نەما تۆ سووک ئەبیت. پەروەردەی منال بە دەست دایکە نە باوک. بێ قسەیی مەکە. نهێنیەکی کە هەبوو ئاشکرای مەکە؛ چونکە ئەگەر بێ قسەیی بکەی ئەوجا دڵی لێت پڕ ئەبێ. ئەگەر نهێنیەکەی ئاشکرا بکەی ئەمین مەبە لەوە کە تۆڵەت لێ نەکاتەوە. خۆشی و ناخۆشی ئەو و خۆت هەر دووکی کلیلەکەی لە دەست تۆدایە.

پیاوێکیش ئامۆژگاری کوڕەکەی ئەکرد پێی وت:

ڕۆڵە! کە ویستت ژن بێنیت زوو بهێنە با پێکەوە پیر ببن و منالیشتان ببێ بە سوار لە دواتانەوە. تۆ پیر و ئەو جوان لە ئاخر عومرا ڕێ ناکەون. خزم باشترە لە بێگانە. هەموو جار قسەی خۆشی لە گەڵا بکە. بیروڕای وەربگرە مەرجیش نییە بە گوێ بکەی. لە بەرچاوی خەڵکەوە بە دەمی پێکەنین و بە چاوی بەرزەوە سەیری بکە.

ئەو ژنەی کە ئەیهێنێ ئەگەر لە عومری شانزە تا بیست و چوار بوو زیاد لە ئەندازە مەچۆرە لای؛ چونکە ڕەنگ بێ تۆ لە هەوەڵەوە برسی بیت ئاگات لە خۆت نەبێ، بەڵام لە پاش ماوەیەک تۆ وا نامێنیت و بۆت تێر ناکرێ. ئەویش بە ئاوەدانێکی‌تر فێر بووە لەوانەیە بۆت زەوت نەکرێ، ئیشی وا بکا ئابڕووی هەر دوو لاتان بڕوا. هەر جارە کە شتێک ئەبینی بۆی بێنەو بە ڕوویەکی خۆشەوە بیدەرێ، بڵێ ئەمەم بۆ تۆ و لەبەر تۆ هێناوە.

- مەلا تۆفیقی عەتار ئامۆژگاری حەمەی کوڕی خۆی ئەکرد ئەیوت: ڕۆڵە! خواردن مەکە بە سەر خواردنا، بە ڕۆیشتنا کە هیلاک بوویت دانیشە. بە تێری مەچۆرە حەمام.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabati.org

مەچۆرە لای پیرەژن. لە سەر تێری مەچۆرە لای ژن. هیچ نەبێ حەفتەیەک جارێک بە ڕشانەوە معدەی خۆت پاک بکەرەوە. مێوە تا نەگات مەیخۆ. باشوورمە زۆر مەخۆ. کە نێوەڕۆژەت کرد بە سەریا بخەوە. کە شێوتکرد بە سەریا بگەڕێ. کە نووستی بە سەر لای چەپا بخەوە. زیاتر لە شەو بە سەر لای ڕاستا مەخەوە. تا برسێت نەبێ نان مەخۆ. کە هێشتا دڵت ئەبا دەست بگرەوە. کە تێرت لە شتێک خوارد، شوێن چاوت مەکەوە کە پێت ئەڵێ ئەوەشی هەر لێی بخۆ؛ واتە چاوت دڵی لەو شتە ئەچێ. بە شەو کە ویستت بنوی لە پێشا بچۆرە سەر ئاودەست ئیشت بەو چوونە هەبێ یا نەبێ. شتی گەرم مەخۆ. ماست و ماستاو زۆر بە کەڵکە بۆ لەش. دەستوور بۆ لەش «حوقنە» وەکوو ئاو وایە بۆ دار.

## بۆ قازیەکان

بەو پیری شەو کێڵە هەرکامێکتان نەیزانن لە قازیەتیتان ئەخەم؛ جا وریای خۆتان بن.

دوو پیاو هەر یەکێکیان دایکی ئەوەیکەیانی هێنا، وە هەر یەکە لەو ژنانە کوڕێکیان بوو، ئەم کوڕانە ئەبن بە چی یەک؟

## بۆ مێژوو

- یەکەم کەس لە وڵاتی سۆراندا کە هۆنراوەی لە شێوەی هەورامیەوە خستە ناو شێوەی موکری «نالیێ» بوو.

- یەکەم کەس کە مەقاماتی کوردی خستە سەر قەوانی گرامافۆن سید عەلیئەسغەری کوردستانی و پاشان کاویساغای شەقلاوا و حەمدیەفەنی چایچی بوو لە سولەیمانی.

- یەکەم خانوویک کە لە سەر شێوی تازە دروست کرا لە سولەیمانی ئەو خانووە بوو کە ماوەیەک کرا بە ئیدارەخانەی زانکۆی سولەیمانی. لە ساڵی ١٩٣٥ دەستی پێکرا. پاش ئەو ماڵی حاجی برایماغای خەفاف و ماڵی حاجی مەلاسەعیدی کەرکووکیزادەبوو. ئەمە بێجگە لە سەراکە کە لە سەردەمی مێجەرسۆندا دروستکراو نەخشەکەی لە گەڵ سەرای هەولێردا یەکێک بوو.

- یەکەم کەس -جگە لە مەعموورەکان- لە ئەهلیدا سەترەو پانتۆڵی لەبەر کرد لە سولەیمانی تۆفیق قەزاز بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- یەکەم کەس لە ناو مەلاکانا لە سولەیمانی کە فێستی سووری بە مێزەرەوە لە سەر نا، مەلا مستەفای حاجی‌مەلا ڕەسووڵ بوو. ئەمە ئەهلی و مەلاکان ئەڵێم ئەگەینە حاجی مەلا سەعیدی مەبعووس پێشتر لە سەریا بوو.

- یەکەم کتێبێکی گەورەی کوردی کە چاپکرا و بە جزوەبەندی فەننییەوە کەوتە بازاڕ چاپی دووهەمی مێژووی ئەدەبی کوردی بوو کە لە ساڵی ١٩٥٢دا دەرچوو.

- یەکەم «گەشتێک» کە بە کوردی نووسرابێ و چاپکرابێ گەشتێک لە کوردستانی عەلائەدین سەجادی بوو کە لە ساڵی ١٩٥٦دا دەرچوو.

- یەکەم کتێب کە لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی (نەقدی کوردی) بە کوردی لە چاپ دەرچوو بێت، کتێبی «نرخ شناسی» عەلائەدین سەجادی بووە کە لە ساڵی ١٩٦٩ چاپکراوە. ئەمە پڕ و پاگندە نییە، عەلائەدین‌سەجادی پێویستی بەوە نییە بەڵام ئەمە بۆ مێژووە.

- تەزبێح: لە سەردەمی یەکەمی کۆچییەوە تەزبێح لە بیزنتیەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کەوتە ناو عەرەبەکانی سەرەتای ئیسلام و پاشان هەموو ئیسلامەکانەوە. پێشتریش لە هیندیەکانەوە کەوتۆتە ناو بیزەنتیەکانەوە کە کەوتە ناو ئیسلامیشەوە، هەروا بە بێ نازی مایەوە، تەنانەت لەسەدەی سێیەمی کۆچیدا زیاتر ژنان و پیاوانی پارێزگار بەکاریان ئەهێنا. پاش ئەوە وردەوردە لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا بلاو بوەوە.

تەزبێحات بە سەرەتای داهاتنی ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەردا (د. خ) بە وردە بەرد( چەو) و ناوکی زەیتوون ئەکرا. کە تەزبێح بلاو بوەوە ئەم شوێنی ئەوانی گرتەوە. لە کوردەواری خانەقاکانی نەقشبەندی هەر بەو وردە بەردانە زکر ئەکەن، بەڵام تەکیەکانی قادری ئەو بەردانەیان گۆڕیوەتەوە بە تەزبێحی دەنک گەورەی سەدویەک دانەیی. لە خانەقاکانا ئەو وردە بەردانە کۆمەڵ کۆمەڵ دانراون هەر سوفیێک سەد دانەی لێی دێنێت و زکری خۆی پێ ئەکا.

- کوورەی ڕۆژ: کوورەی ڕۆژ شتێکی خڕی وەکوو تۆپە بە ناو خۆیا هەموو وەکوو پزیسکەی ئاگرە. ئەم پزیسکانە بە یەکا دێن و دەچن و ئەتەقینەوە. لە هەر دەقیقەیەکا گەلێ ملیار تەقینەوە لە ناو ئەو کورەیەدا دروست ئەبێ. لەم پزیسکانەو لە تەقینەوەی ئەم پزیسکانە ئەو کووره گەورە سووتێنەرە پەیدا بووە. خۆر ملیۆنێ جار لە زەوی گەورەترە، سێسەد هەزار جار لە ئەرز قورسترە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەم کوورەیە درێژیەکەی لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر -واتە قوترەکەی- هەشتسەد و شەست و پێنج هەزار میل دوورە. ئەو ئەستێرە هەرە بچووکانە کە ئێمە بە ئاستەم ئەیانبینین ئەوانە زۆر لەو کوورەی ڕۆژە گەورەترن. تۆ ئەزانی ئەستێرەی قوتب چەندە دوورە لە ئێمەوە؟ ئەستێرەی قوتب چوارسەد و شەست و پێنج ساڵ بە بڕینی تیشکی ڕۆژ لە ئێمەوە دوورە؛ واتە کاتێ کە ڕووناکی لەم ئەستێرەوە سەر هەڵئەدا بە ٤٦٥ ساڵ ئەگا بە ئێمە بە مەرجێک لە هەر سانیەیەکدا سەد و هەشتا و شەش هەزار مایل ببڕی، وە بڵاوبوونەوە و پەرە سەندنێ ئەو ئەستێرەیە دوو هەزار و پێنجسەد جار زیاتر و بە هێزترە لە بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی ڕووناکی کوورەی ڕۆژ.

- کورد بە سروشت ڕەنگی سووری خۆش ئەوێ، پیرەمێرد ئەڵێ:

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ    مژدەی شەفەقێ لێ دەرئەکەوێ

بەڵام لە ڕاستیدا شتێکی سروشتییە. کورد خۆیشی هەستی پێ نەکردووە، ئەوەندە هەیە غەریزەکەی ویستوویەتی. ئەو هێزە کە هێزی بینینەو لەچاودایە، واتە ئەو هێزە کە شت ئەبینێ، کاتێ کە ڕووبەڕووی تێ ئەکا کە هەموو زەڕاتەکەی لە ئوێنی خۆی ئەکشێتەوە بە هەموویانەوە ڕوو ئەکەنە ئەو ڕەنگەسوورە. وەکوو بڵێت ڕەنگەسوورەکە لە خۆیا کۆ بکاتەوە بەپێچەوانەی ڕەنگی ڕەش و ڕەنگەکانی‌تر ئەوان هێزی بینینی چاو تەنگ ئەکەنەوە، نایەڵن ئەو نوورە بە تەواوی بگاتە ناخی ڕەنگەکە. جا ئەمەیە فەلسەفەی ئەوە کە کورد بەغەریزە ڕەنگی سووری خۆش ئەوێ؛ ئەو غەریزەیە ئەمەی دۆزیەوە.

**-کورد ئەڵێ:**

پیاو پارە پەیدا ئەکا و ژن ئاگاداری ئەکا. ئەم قسەیە لە فەلسەفەیەکی قووڵەوە هاتووە. ئەبوا هەر وا بوایە کەچی ئێستە پێچەوانە بۆتەوە. بەمەرقەدی کاکەحەمەد پیاو پارە پەیدا ئەکا و ژن بە قوڕیا ئەبا.

- سەرینی نەرم و ڕەق لەکاتی نووستندا کار ئەکاتەسەر خەو بینینی خۆش و ناخۆش. چونکە ژێرسەر کە ڕەق بوو دەماری سەر کرژ ئەبێتەوەو وردە دەمارەکانی سەر ئەوانیش توند ئەبنەوە. لەم ئیشە ئەو هەڵمەی کەلەناو مێشکەکەدا پەیوەندە بە هەست پۆشراوەکانەوە جموجووڵەکەی لە عادەتی خۆیا نامێنێ، خەو بینینەکە بە شتێکی سامناک دەرئەکەوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەم ئاسامانەی ئێمە وا ئەزانین چاومان لێیەو کەچی چاویشمان لێی نییە، زۆر سەیرە. هەر تەنیا قسەیەکی کورت لە ئەستێرەکانیەوە ئەکەین وا ئەزانین هەزاران ئەستێرەی تێدایە کەچی وا نییە؛ بەڵکوو تەنگی بەگەڵێ ملیۆن هەڵچنیوە. ئەگەر واتزانی کەمی کردوە هیچ لێی رامەوەستەو بیبژێرە.

تیشکی رووناکی لە هەر سانیەیەکدا ١٨٦ هەزار مایل ئەبڕێ و تیشکی مانگ بەسانیەیەک ئەگا بەئێمەی رمووزنی سەرزەوی. کە ئەرزەکەی ئێمە بە چاو ئەو ئەستێرانەوە ئەڵێی خڕنووکەیە.

هی رۆژ بە هەشت دەقیقە، واتەبە ٤٨٠ سانیە. کەواتە دووری رۆژ لە ئێمە ٤٨٠ ئەوەندەی دووری مانگە. ئەگەر شەو و رۆژێک بیست و چوار سەعات وەیا ١٤٤٠ دەقیقە وەمانگێک ٣٠ رۆژ و ساڵێک ١٢ مانگ بێ، رووناکی ئەستێرەی قوتب بە ٤٨٦ ساڵ ئەگا بەئێمە.

ئەستێرەیەکی‌تر هەیە لەو سەرە ئێمەپێی ئەیژین «ژنەتاوسە». رووناکیەکەی بە دوو ملیۆن ساڵ ئەمانگاتێ. ماشائەڵلا لە ئیشی خوا! لەم ئاسمانەدا وەیا بڵێین لەم بۆشایی دوایی نەهاتووەی ئاسمانەدا بەملیارد ئەستێرە هەیە کە گەڵێ ملیارد ساڵی ئەوێ تا رووناکیەکەیان بگا بە ئێمە. ئەگەر بڕوا ناکەی گوریسێک بگرە بە دەستەوە بە تیشکی ئەستێرەکەدا هەڵزنێ تا ئەگەیتە ئەو سەر. لەو لاوە بە گوریسەکە وردەوردە بیپێوە تا ئەگەیتە ئەم سەر.

لەم گەڕانەتا بەناو ئەستێرەکانا تووشی فرە شتی سەیرسەیر ئەبی. ئەو وەختە دییتە سەر ئەوە کە تەنیا ئەرز جێگای ئادەمیزادو گیانلەبەر نییە، بەڵکوو لە هەندێ لەوانا گەڵێ زیاتر هەیەو ئەوان رشخەن بەئێمە ئەکەن: «ئێمەی ئادەمیزاد» پەککوو لەوی عەلامەتێ.

- لەناو کورددا لە خۆڕایی ئەم قسەیە بڵاو نەبۆتەوە کە ئەڵێ:
«بونگوسە بالا و چل گەزە ریشە».

لویس کولون لە فەرەنسا کە «٧٨»ساڵ عومری بوو وە لەساڵی ١٩٠٤دا تۆ خۆش تەینا ریشەکەی سێ مترو نیو بوو. وەکوو چۆن جاران پادشا و کەشیشەکان داوێنی جوبەکانیان لە دواوە خولامەکان بۆیان هەڵئەگرتن، «لویس کۆلون»یش لە پێشەوە ئەبوا یەکێک داوێنی ریشەکەی کلافە بکردایەو بیگرتایە بە دەستیەوە بۆ ئەوە نەڕژێتە ئەرزەکەوە.

- تۆ خوا برا ئەگەر نەتزانیوە بیزانە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر تاقە زەلامێک تۆ بیگری، بەجۆرێکی ئێعتیادی لە ماوەی ٧٨ ساڵدا ٦٦٦ ملیۆن جار هەناسەئەدا. ئەگەر بڕوا ناکەی لەخۆتا تاقی بکەرەوە کە بەیەک دەقیقە شانزەجار هەناسە ئەدەیت، وەیا چکێ بچۆ بەولاترەوە لە سەعاتێکا هەزار هەناسەئەدەیت.

– ئەزانی ئەگەر لەکاتی پژمینا مرۆڤ چاوی نەنوقێنێ دەست ئەکا بە تڕ کەندن. سا بەخوا برا چاو بنوقێنێ و نەنوقێنێ هەر ئەبێ بینوقێنێ؛ چونکە پژمینی بێ چاو نوقاندن هەر نابێ. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەماری ناو بۆرپەی «سی»و گەروو بەتەوژمی پژمینەکە کووڕ ئەبێتەوە. ئەو دەمارە چووەتە ناو پێڵوەکانی چاویشەو بەو هۆیەوە پێڵوەکان گرژ ئەبنەوەو چاوەکە ئەنوقێ.

– تۆ خوا ئەمە موجزە نییە:

– منالی شیرەخۆر ئەتوانی لەگەڵ شیر خواردنەکەدا هەناسەش بدا پێکەوە. کەچی گەورەئەمەی پێ ناکرێ.

– ئەزانی هەر تاقە عینسانێک ئەوەندەی ئاسنی تێدایە کە بزمارێکی پێ دروست بکرێ. کورە بێجگە لەمەش ئەوەندەی فسفۆری تێدایە کە دووسەد دارکەش قارتەی پێ دروستبکرێ.

– کورە موجزەیەکی‌تر:

مێشوولە تۆ چیت ٢٢ دانت هەبێ.

بەخوا سەیرەئەسپ بۆیە بە پشووە لە هەڕاکردنا چونکە سپڵی نییە.

خوا هەقە حوشتریش زراوی نییە.

حەیوانی شاخدار سمی نییە. دیارە ئەو حەیوانەی سمی هەبێ شاخی نییە. کورە بێجگە لە ئادەمیزاد ئەویش حەیوانە، کەچی نە سمی هەیەو نە شاخ. ئەوە نازانم کە لە وەختی پەشیمانیدا شاخی لێ بڕوێ.

– بورجەکەی شاری «بیزا» لە ئیتالیا گوایە بستێک بەلایەکدا خوار بۆتەوەو هەر ناکەوێ. ئەمە لە هەموو دونیادا ناوی دەرکردووە، کەچی منارەکەی مزگەوتی ئامێدی لە خوارەوە تا سەرەوە زیاتر لەبستێک خوار بۆتەوە هەر ناشروخێ کەچی کەس ناوی ناهێنێ.

– شای فەرەنسە «شارلی»هەشتەم کەلە ١٤٧٨دا مرد، ژنە بە مەینەتەکەی بۆی رەشپۆش بوو. ئەم رەشپۆشیەی ئەو –بەداخەوە– بوو بە باو لە ولاتانی‌تردا. ئەرێ بابە ئێمە چیمان داوە بە سەر رەشپۆشیەوە؟ بۆچ واز ناهێنن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- هەر گیان لە بەریک لەسەر زەویدا هەیە لە دەریاشا هەیە، بەڵکوو زۆری واهەیە لە دەریادا هەیەو لەسەر زەویدا نییە. هەندێ لە گیانلەبەرەکانی دەریا مێژووی دروستبوونیان ئەگەڕێتەوە بۆ هەشتا ملیۆن ساڵ لەمەو پێشتر. بڕوا ئەکەی بیکە، بڕوا ناکەی بچۆ تاقی بکەرەوە.

## تاقگەی ئیلاخ

- دوو پیاوی لاڵ لەو سەرەوە لە ڕێیەکی چۆڵا بەیەک ئەگەن. یەکەمیان لەویتر ئەپرسێ:

ئئەرررێ ببرا گگگیان ببۆ کوێ ئئوغر ئئەکککەی؟

کابرای دووهەم واتێ ئەگا کە ئەم پیاوە گاڵتەی پێ ئەکا بەڵام گوێ ناداتێ. ئەمیش ئەپرسێ:

ئئەی ببرا گگگیان ئئەتتتو ببۆ کککوێ ئئەچی؟ کابرای یەکەم وا تێئەگا کەپیاوەی دووهەم لاسایی ئەکاتەوە، توورە ئەبێ و ئەڵێ:

ححیزی کککەران ببباوا ببۆچی لاسسسایییم ئەکەیتەوە؟

دووهەم ئیتر توورە ئەبێ و ئەڵێ:

هەهەی سسسەگگباب ببۆچچچی ججنێوم دددەدەیتی؟ ئئەی تتتۆ ببۆچی لاسسسایییم ئئەکککەیتەوە؟

بەم جۆرە لەم وتەیەک و لەو دووان لێیان ئەبێتە جەنگ. پاش ئەوە باش لەیەک هەڵئەدەن و هەر یەک تەماشا ئەکا ئەوەیتر لاڵە، یەکەم ئەڵێ: «خخۆ ئئەوەخخخۆم وەهام». ئەویتریش ئەڵێ: «کککورەمممنیش ووەک تتتۆم».

ئەمجا دەست ئەکەنە ملی یەک و هەر یەکە ڕێی خۆی ئەگرێ و ئەڕوا.

- کابرایەکی زەفتیە فێر بووبوو هەر جارە کە ئەچووە حەمام و ئەهاتە دەرەوە بە حەمامچیەکەی ئەوت ماڵئاوا بێ و لێی ئەدا و ئەڕۆیشت بەبێ ئەوە هیچ پارەی حەمام بدات. وەخت واش بوو ماڵاواییەکەشی نەئەکرد ڕاست لێی ئەدا ئەڕۆیشت. بۆیەش وای ئەکرد چونکە زەفتیەیەو خەڵک ناوێرن قسەی لە گەڵ بکەن. ڕۆژێک لەسەر عادەتی جاران ئەچێ بۆ حەمام خۆی ڕووت ئەکاتەوە ئەچێتە حەمامە گەرمەکە. کاتێ دێتەدەرەوە، سەیر ئەکا جلەکانی هیچی نەماوە تەنها پۆستاڵەچەکەکەو قایشە دڕاوەکەی پشتی نەبێ. ئەویش بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


حەمامچیەکە ئەڵێ: کوا جلەکانم؟ حەمامچیش ئەڵێ: نازانم جلت هەبووە یان نەتبوە. بڕوا ناکەم هەتبوو بێ. ئەکەونە کێشەوە لە ئاخرا کابرای زەفتیە هەڵئەستێ پۆستاڵەکانی ئەکاتەپێ و قایشەشرەکەی ئەبەستێتەپشتی و ئەچێ لە بەردەمی کابرای حەماچیدا تەق سەلامێکی بۆ ئەگرێ و روو ئەکاتە خەڵکەکەو ئەڵێ:

خەڵکینە بە ویژدانتان من بەم جۆرە هاتووم بۆ حەمام؟ حەمامچیەکەش ئەڵێ: «بەڵێ بەو جۆرە هاتووی. تۆ بۆ حەمام نەهاتووی بۆ سیبەری ئەشکەوتی جاسانە هاتووی. یەکێ بچێ بۆ سیبەری ئەشکەوت دیارە گەرمایەتی ئەچێ بۆ ئەوە فێنکی بێتەوە؛ کەواتە لە بەر گەرما خۆی رووت ئەکاتەوە».

کابرای زەفتیە تێئەگا کە حەمامچی لە کوێوە قسە ئەکا.

- ساڵێک دە ستەیەپۆلیس ئەچن بۆ ئەو شارەزوورە لە ئاوایی «قەدەفەر» ئەمێننەوە. لە پاش ماوەیەک ئەمریان بۆ دێ کە بگەڕێنەوە بۆ سولەیمانی. هەموو کۆ ئەبنەوە. تەماشا ئەکەن یەکێکیان کەمە. ئەو یەکەش حەمەچاو شێن ئەبێ. مەکە ئەم حەمەچاوشینە حەزی لە ئافرەتێکی جوان کردووە. کە ئەزانێ ئافرەتەکە لە ماڵەوە نان ئەکا بەبیانووی برسیەتیەوە ئەچێتە ژوورەوە. ئەو کەجاران ئەیبینی ئافرەت خۆی داپۆشتیبوو شێت بوو بوو بۆی، ئێستا ئەم مەچەکە نەرم و شلانەی هەڵکردوە، هەر بەتەواوی هار ئەبێ.

ئەچێتە پێشەوە داوای نانی لێ ئەکا. ئافرەتەش نایەوێ دەری بکا چونکە رەوشتی لادێ وانییە یەکێ دەرکەن کە داوای نان ئەکا. پێی ئەڵێ: برام فەرموو نان ئەوەتە هەڵگرە. کابرا لە خۆشیا خەریکە بکەوێتە باڵ. هێز ئەداتەخۆی ئەچێتە پێشەوە نانێ هەڵئەگرێ. کە یەکەم پاروو ئەگرێ یەکێ لێ ئەدا. چی بکا، هەر ژنە ئەگرێتە خۆیا دەست ئەکاتە ماچ کردنی و خێراخێرا ئەڵێ: بەقوربانی چاوەکانتم لای کەس مەڵێ با ئابڕووم نەچێ. ژنەی بەسەزمانیش بەفێڵەکەی نازانێ ئەڵێ: مەترسە برام مەترسە لای کەس دەنگ ناکەم.

نەخێر کابرا دەست ئەداتە نانی دووهەم هەر بەچەشنی یەکەمجار ترێکتر بەر ئەداتەوە. ئەمجارەش پەلاماری ژنە ئەداتەوەو ئەڵێ: بیکەبەخاتری ئەولیایان لای کەس دەنگ مەکە با ئابرووم نەچێ.

ئەمجارە ژنە باش لەکابرا ئەگا. خۆی رائەپسکێنێ و گوڕ ئەداتە خۆی. تاو ئەداتە سەرە بزووتێکی قەوی و پەلاماری ئەدا. زۆر باش دوو سەری بزووت ئەماڵێ بەسەرو گولاکیا و ئەڵێ: قەحبەباب انیازت هەیە بە تڕ سواریشمان بێ؟ یاڵلا دەی. کابرا بەپەلەدەر ئەپەڕێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نانەکەشی بەدەستەوەیە. لەو وەختەدا دەرئەپەڕێ ماڵەکە سەگی دڕیان ئەبێ. سەگەپەلاماری کابرا ئەدا. کابرا لە پەلەپەلی و لەو لاوە سەر بزووت و لەملاوە سەگ، پێ هەڵئەنگوێت ئەکەوێ. نانی لەدەست ئەکەوێتەخوارەوە. ئەمیش لە کەتنەکەیا سەرو گوێ ئەکەوێتە لای نانەکە. سەگ کەچاوی بەنان ئەکەوێ پەلاماری نان ئەدا کە نان هەڵئەگرێتەوەکەڵبەی بەر گوێ کابرا ئەکەوێ. نیوەی گوێ و نانەکە پێکەوە ئەبا. کابرا خەلاتی خوێن ئەبێ.

پۆلیسەکانی‌تر و خەڵک کۆ ئەبنەوەو ئەڵێن ئەمەچییە؟ ئافرەتیش لە ماڵ دێتەدەرەوە ئەڵێ: ئەم کابرایە هات برسی بوو داوای نانی کرد. نانم دایەو گەڕایەوە دواوە؛ سەگێکی دڕمان هەیە سەگەکە پەلاماری دا کابرا -بلامانێ- دەستی کرد بە تڕکەندن. سەگەکە لای وابوو ئەمە دەمانچەی پێوە ئەنێ. هیچ دەمانچەشی دیار نەبوو. لەو وەختەدا ئەمیش کەوت، سەگەکە نیشتە ملی و وای لێکرد. سەگەکەی ئێمە زۆر بەستەزمانە، بەلام کابرا تڕەکەی خۆی وای لێکرد.

پۆلیسەکان کابرایان هەڵگرت بردیانەوە بۆ سولەیمانی. ئیتر لە دوای ئەوە مەنشوور بوو بە حەمەتڕکەن.

- رەفیق ئەمین قادر ناردی بۆ رشتە وتی:

لەو ولاتی ئالانە پیرەژنێک ئەبێ ئیشی هەر چیلەکەکێشان ئەبێ و لەگەڵ کچانا ئەچوو. هەموو جار رووی ئەکردەکچەکان ئەیوت: هاوڕێکانم بابچین بۆ چیلەکەمان. خۆی ئەبردە ریزی ئەوان. کابرایەکی پیر کەکۆنە هاوڕێی پیرەژنەکە ئەبێ و ئەم قسەیە گوێ لێ ئەبێ، روو ئەکاتە پیرێژنەو ئەڵێ: «پرتی قوونت نەماوەو بەقوزی کچان دەمیزی».

- مەلا محەمەدی یاخیانی گێڕایەوە وتی:

لە «دولبێشک»پیاوێک هەبوو کوێخا ئەولایان پێ ئەوت. ئەم کوێخا ئەولایە پیاوێکی دەولەمەند و بەرچاوتێر و میوانپەروەر بوو، بەلام لە لەش و لارا زۆر بچووک و کەم نموود بوو.

جارێک ژنێک باری ترێ ئەبا بۆ ئەوێ بیگۆڕێتەوە بە رزقی‌تر لەناو دێدا ئەپرسێ ماڵی کوێخا ئەولا کامەیە، پیشانی ئەدەن. ئەچێتە ئەوێ بارئەخاو لەسەربان دەست ئەکا بەبانگەواز کردنی ترێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


کوێخا ئەولا لەماڵ ئەبێ، دێ بەلای تریەوە دەست ئەکا بەسەبەتەدا هەر جارە قۆڵە ترییەک دەردێنێ و ئەیخوا. ژنەنایناسێ، ئەڵێ: کورە ئەوە بۆ لووتت داژەندووە بە سەر ترێکەدا؟ نازانی ماڵی فرۆشتنە؟ بەخوا مەگەر کوێخا ئەولا نەیەتەوە ئەبێ پێی بڵێم هەر بەشەق بتکوژێ. کوێخا ئەولاش ئەڵێ: برۆ برۆ لە ژنی کوێخا ئەولابەم! ژنە ئەڵێ: گووت خوارد تۆ چۆن قسەی وا ئەکەی بەکوێخا ئەولا؟

ژنەبانگەوازی ترێی لەبیر ئەچێتەوەو ئەکەوێتەکۆستی کوێخا ئەولادا، لەپاشا پێی ئەڵێن: کچێ ئەوەکوێخا ئەولا خۆیەتی. ئەڵێ: کوێخا ئەولا بەم خانەدانیە بەخوا حەیفە ئەمە ئەگەر ئەویش بێ ناماقوولی وا بکا. شەڵڵا هەر وام بزانیایە کە لەماڵ نییە چاوم بەو قەدو بالایە نەکەوتایە.

ئەنجا کوێخا ئەولا قاقا دەست ئەکا بەپێکەنین و ئەڵێ: تۆ بانگەوازی خۆت کردووە، ئیتر مەیکە. ئەڵێ: بارەکەی بۆ بارکەن لە گەنم و سەرباریشی بۆ بخەنەسەر.

- هەر رەفیق گێڕایەوە وتی:

جارێک مەلا حسینی دەشتێوی وەعزی ئەدا لەسولەیمانی لەمزگەوتەکەی خۆیا. لە وەعزەکەدا وتی: لەحەدیسدا هەیەئەڵێ: «ئەرز لەسەر پشتی گایە. گا لەسەر پشتی ماسییە. کاسە لە سەر ئاوە، ئاو لەسەر بایە». کابرایەکی «زەروون»ی لەکۆڕی وەعزەکەدا بوو هەر کردی بەکەوشەکانیا و بۆی دەرچوو. وتیان بۆ کوێ؟ وتی وازم لێ بێنن با سەری خۆم دەرکەم وتی: «لە وە زۆر ئەترسم منالێکی لاسار پخێک لە گاکە بکا، کە راچەنی ئەرزەکە ژێرەو ژوور ئەبێ».

وتیان منال چۆن ئەگاتەلای گاکە؟ وتی: برا منالی سولەیمانی شەیتان ئەدۆزنەوە، ئێستە ئەو گایە چۆن نادۆزێتەوە؛ کە دۆزیەوە پێش هەموو لایەک سولەیمانی ئەروخێ. نەوەڵلا با تا زووە سەری خۆم دەرکەم.

- کابرایەکی دەولەمەند ژنێکی هێنا زەماوەندو ئاهەنگێکی زۆری گێڕا. لەپاش سێ مانگ ژنەکە خولامێکی تۆی بوو. لە باوکەکەیان پرسێ ناوی بێنن چی؟ وتی:

«ئەم منالە دیارە شاتری چاکە، نۆ مانگی بەسێ مانگ بڕیوە. کە واتە ناوی بنێن پۆستەچی».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەکی «کرند»ی بەیانی لەماڵ دەرچوو پاش نیوەڕۆ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. سەیری کرد وا کوڕە گەنجێکی جوان لە ماڵ دەرچوو و لەناو ڕارەوەکە تووشی یەک بوون. کابرا زانی چ باسە، ڕووی کردەکوڕەکە وتی: «خوا بیبڕێ ئەم ژیانەی تۆ هەتە هەر ڕۆژێک سەر بە ماڵێکا ئەکەی. بچۆ بۆ خۆت ژنێک بێنە وەکوو ئێمە هێناومانە با چوار کەسیش لە تۆوە خێریکیان دەستکەوێ».

- کابرایەکی زۆردەیی حەقدە ژنی هێنابوو. سەرە هاتە سەر ژنی هەژدەمین. لێرەدا تووشی بوو بەتووشی پیرەژنێکەوە. یەکەم شەو ئەچێتە پەردەوە ئەڵێ:

«سەلاموعەلێک ئەی بووکی پەردە، حەقدەم هێناوە بە تۆوە هەژدە». ژنەکەش بەنازێکەوە لایەکی لێ ئەکاتەوە گۆشەیەکی چارشێوەکەی لا ئەدا و ئەڵێ:

«عەلەیکەسەلام ئەی زاوای زۆردە، هەژدەم کردووە بەتۆوە نۆزدە».

لەپاشا دەست ئەکەن بەئیشی خێر لەکاتی ئیشا کابرا دەست ئەخاتەبیناقاقەی ژنە، ژنەش هەر دوو گوێ کابرا ئەگرێ. کابرا ئەڵێ: ئەوەچی ئەکەی؟ ژنەئەڵێ: ئەی تۆ چی ئەکەی؟ پیاوە ئەڵێ: نەوەک لە دەمتەوە بێتە دەرەوە. ژنەش ئەڵێ: منیش بۆیە گوێت ئەگرم ئەگەر کەوتیتە ناویەوە بنەوم لەگوێت ڕاتکێشم و دەرت بێنمەوە.

پیاوەئەڵێ: کەواتە هیچمان لە هیچ. من ئەیکەم بە نۆزدەو تۆیش بیکەبەبیست. هەر لەوێدا لێک جیا ئەبنەوە.

- لەو بەرکێوە پیاوێک هەبوو «سۆفی حەمەسەن»ی ناو بوو. لەگەڵ ئەوەشا کە دەوڵەمەند بوو منالی نەئەبوو. هەر ژنێکی ئەهێنا لەپاش ماوەیەک ژنەبۆ ئەوە منالێکی ببێ دەستی ئەکرد بە چەتەیەتی. سۆفی حەمەسەن پێ ئەزانێ و ناچار تەلاقی ئەدا و ژنێکیتری ئەهێنا، ئەویش وەکوو پێشوو دەر ئەچوو.

جارێک ژنێکی جوانکەلەو ڕێکوپێکی هێنا کە لە ئاوی شەو پارێزی ئەکرد. بەمە زۆر دڵی خۆش بوو. دەمێکیش بوو کە حەجی لەسەر واجب بوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوە کەسێ نەبوو لە لای ماڵەکەیەوە دایبنێ پێ‌نەئەکرا بچێ بۆ حەجەکەی. ئەمجارە ئیتر دڵنیا بوو هاتەسەر ئەوە کە یەکێک ڕاگرێ لا ماڵەکە دایبنێ با بەشەو ماڵ بێ پیاو نەمێنێتەوە. چوو گەڕا کەسی بەدڵ نەکەوت، ڕۆژێک کوڕێکی گێلۆکەی بەرچاو کەوت پێ وت: ڕۆڵە وەرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


لای ماڵەکەم؛ من ئەچم بۆ حەج تا دێمەوە ئاگاداری ماڵ و کابانی ماڵ بکە. ئەمەی پێ وت. وتی: با تاقیشی بکەمەوە لە هیچ ئەزانێ؟ پێی وت:

رۆڵە ئەزانی کوز چییە؟ وتی: ئەی چۆن نازانم کوز ئەو کووزەڵەیە کە شین ئەبێ و بە نانەوە ئەیخۆن؛ زۆر خۆشە. سۆفی حەمەحەسەن وتی: خوا داویە. کوڕەی بردەوە بۆ ماڵەوە، خۆی بارگەی پێچایەوە چوو بۆ حەج. کوڕە لە ماڵا بوو بە رەنجبەرێکی باش.

کوڕەی رەنجبەر بۆرە زەلامێکی چاک ئەبێ، سۆفی ژن خۆی لێ خۆش ئەکا. بەڵام کوڕە زۆر گێل ئەبێ. ئێوارەیەک ئاگر ئەکەنەوە لە گەڵ کوڕەدا دوو بەدوو لەم بەرو لەو بەری ئاگرەکەوە دائەنیشن. حاجی ژن دەرپێ لەپێدا نابێ. بەجۆرێ دائەنیشێ کە دوابڕاوەکەی دەم بکاتەوە کوڕە چاوی پێ ئەکەوێ. ئەڵێ: خانم ئەوە ئەو قەڵەشە چییە لەوێ؟ ئەویش ئەڵێ: رۆڵە ئەوە رۆژێک ئاغەت بەتەور داری ورد ئەکرد منیش هەروا دانیشتبووم، تەورەکە دەرپەڕی دای لەوێ بریندارى کرد وا بەم جۆرە دەمی کراوەتەوە. کوڕە وتی: ئەی چاک نابێتەوە؟ وتی: بەرێوەڵڵا ئەگەر تیمار بکرێ چاک ئەبێتەوە، ئەبێ رۆنی تێکرێ.

کوڕ ئاگای لە هیچ نییە زۆر بۆی ئەکەوێتە خەم و پەژارەوە. ژنە ئەزانی کوڕە دۆش داماو ئاگاشی لە هیچ نییە، پێی ئەڵێ: رۆڵە! خەم مەخۆ تۆ ئەتوانی تیماری بکەی. کوڕە ئەڵێ: ئاخر نازانم. ئەڵێ: من خۆم فێرت ئەکەم چۆن دەرمانی ئەکەی. هەڵئەستێ لنگەو قووچ بۆی ئەکەوێ و بەکوڕە ئەڵێ: وەرە ناو لنگمەوە. کە ئەچێ و حەیتە بۆنی دوابڕاوەکە ئەکا راست ئەبێتەوە. ژنە ئەڵێ: بیخەرە سەر کونەکەوە پالی پێوەنێ. بەڵێ ئەویش وا ئەکا. لەو وەختەدا کە ئەیەوێ رەحەت بێ ژنەسەیر ئەکا کوڕە زۆر شڕە. ئەڵێ: ئەوەچییە؟ ئەڵێ: خانم نازانم یا ئەمرم یا گوو ئەکەم بەخۆما. ئاغاژنیش ئەڵێ: قوونی خۆت توند بگرە نامریت.

ئیتر بەم جۆرەکوڕە فێر ئەبێت هەر بەینێ نە بەینێ ئەڵێ: ئاغەژن هەستە با شوێن تەورەکەی ئاغام تیمار بکەین، بەڵکوو تا دێتەوەچاک بێتەوە.

حاجی لەحەج ئەگەڕێتەوەو کوڕە ئەچێ بەپیریەوە هەر لەدوورەوە بانگی ئەکا ئەڵێ: «ئاغا شوێن تەورەکەی تۆ کە دەمی کردبووەوە لەناو لنگی ئاغاژنما هەموو رۆژی تیمارم ئەکرد، کەچی تا ئێستە هەر چاک نەبۆتەوە».

حاجیاغای هەناسەسارد بەجارێ چووە تاسەوەو وتی: باشەباشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ڕەفیق محەمەدئەمین قادر مەلا لە سولەیمانیەوە ناردی؛ وتی: ساڵێک فەقێیەک لە «چەقڕ» هەبوو، هەندێ تەڵەبە هاتنەئەوێ. یەکێک لەتەڵەبەکان ویستی گاڵتەیەک بەفەقێکە بکا. لێ پرسیێ: کاکەفەقێ ناوت چییە؟ وتی: ئەحمەد. وتی: کاکە فەقێ ئیعرابێکت لێ ئەپرسم بزانم ئەیزانی. وتی: فەرموو. وتی: «یا احمق الحمار»م بۆ ئیعراب کە. فەقێکە وتی: بەڵێ. وتی:

یا حەرفی ندا ئەحمەق تەرخیمە — میم مونادای موفرەدە، مەعرەفەی میمە
فعل وفاعل بۆ وا مەجهوولن — تەڵەبە حمار هەر دوو مەجهوولن
باشەوا حمار هەر ساڵەو ساڵە — بەڵام تەڵەبە دایم بەفاڵە

ئەڵێ: تەڵەبەکە بەجارێ واقی وڕما. وتی: کاکەفەقێ ئێجگار واش نە. ئەویش وتی: کاکی خۆم جوابی سننان، قوزەڵقورتە.

- هەرهی ئەوە

جارێکی واش لە «قایکەن»بەسواری ئەسپێک ئەدا بەلای دەستەیەکدا دانیشتبوون لە بن کەپرێکا. قالە ناوێکیان تیا بوو سەیری کابرای سواری کرد وتی: «سەیری ئەو ماینەکەن چۆن مل و کلکی کردووە بە یەک».

لەو وەختەدا کابرای سوار خەریکی ئەوەبوو سلاو بکا. ماینەکەی سەرسمێکیدا، کەوت. کابرا بە هەر جۆر بوو هەستایەوە، ماین خۆی بۆ نەگیرایەوە چاڵێک لەبەر دەمیا بوو گلێر بووەوە کەوتە چاڵەکەو تۆپی. کابرا چوو زینەکەی لێی کردەوەو دای بەکۆڵیاو چوو بەلای جەماعەتەکەوە وتی: تۆ خوا جەماعەت ئەوەکێ بوو ئەو تیرەی تێگرتم؟ وتیان فلان کەس بوو. ئەویش وتی:

«پەککوو بەخوا چاوێکی پیس و تیژی هەیە». هەرکە ئەو ئەوەی وت کوتوپڕ قالە هەر دوو چاوی کوێر بوو. ئەویش وتی: باوکم هەق بە هەق.

- وتی ژنێک هەبوو لە «چەقڕ» پوورەخاتونیان پێ ئەوت. مەشهوور بوو کە چاوی زۆر پیسە. ڕۆژێک دوو کوڕی خۆی لە گەلا ئەبێ، ئەدەن بەلای خەرمانێکی زۆر گەورەدا. ڕوو ئەکاتە کوڕەکانی ئەڵێ: ڕۆڵە ئەم خەرمانە هی کێیە؟ بەخوا خەرمانێکی بێ ورەیە. یەکێ لە کوڕەکانی ئەڵێ: دایە -خوا بتگرێ- ئەوەخەرمانەکەی خۆمانە. پوورەخاتوون خێرا پەشیمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەبێتەوە ئەڵێ: «گووم خوارد تۆ خوا ئەوە چنگە کولۆشەکەی[15] خۆمانە. ئەوەخۆ هەر تۆزێکە».

**ئەمەیەکێکەلەئامۆژگاریەکانی رەحمەتی ئەیفەرموو:**

بەزەییت بەمانەدا بێتەوەتا خواش بەزەیی بەتۆدا بێتەوە:

- ژنێکی جوان کە مێردی چوو بێ بۆ سەفەر.
- دڵسووتاوێک کە یەکەمجار تووشی یارەکەی ئەبێ و حەیتەکەی هەڵناستێ.
- کابرایەک کە ئەچێتە ژوورەوە بۆ شایەتی و کابرای‌تر ئەو شایەتیەی بەدڵ نابێ؛ چونکەشایەتیەکەی ئەو لە قازانجی ئەو نابێ. کابرا لێی مۆڕ ئەبێتەوە ناوچاوی لێ کرژ ئەکا.
- ئەو دەستەیە کە لە سەر مێزی خواردنەوە دانیشتون قومێکیان خواردووەو هێشتا سەرخۆش نەبوون عەرەقەکەیان رژاوە.
- کوڕەگەنجێک کە بە دەست ژنێکی پیری قولتڕەوە گیری خواردووە.
- کچێک کە «بن»ەکەی نەماوەو شەوی گواستنەوەشی نزیک بۆتەوە.
- ئەو ژنە کە جلێکی تەڕی لەسەر تەناف هەڵخستووە کوتوپڕ تەنافەکە ئەپچڕێ جلەکان ئەکەونە سەر خۆڵەکە. ئەویش ئەڵێ: ئەی.

- عەلی باپیر هەبوو خۆی لە خۆیا دنیایەکی سەر بەخۆ بوو. ئەو ژیانەی بەلاوەژیان بوو کە لە گەڵ کوڕانێ نەونەمامانا رایبویرێ. تۆیش ئەیناسی.

جارێک شەو ئەبێ ئەو کوڕەی کە دڵی لەم سەندبوو وەئاوارەی دەشت و هەردەی کردبوو تووشی ئەبێ. دەست ئەکا بەگەمەو گاڵتەکردن لەگەڵیا. کوڕە بە مستەکۆڵە بەر ئەبێتەسەر و گوێلاکی عەلی عاشق. لەم چنگەپرچییەد ادەستی خوێناوی ئەبێ یا خوێنی خۆی یا خوێنی سەر و پۆتەلاکی کاکەعەلی. ئەوەندەیتر تووڕە ئەبێت و دەست ئەداتە خەنجەر لە کاکەعەلی. ئەویش ئەڵێ: بە خوێنی عاشقان ئەو دەستەجوانەت وا کەرەنگینە، بە خەنجەری دی نییە حاجەت. چییە ئەم جەور و ئەم کینە؟

---

١٥- کولۆش: قرچەمەلۆی بچوکی گەنم و جۆ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- مەلا سمایلی کانیسکان جارێک لەسەربانی مزگەوتی گەورەدا بانگی ئەدا و بەدەم بانگەکەوە بە سەر بانەکەدا هەڕای ئەکرد. شێخ قادری حەفید چاوی لێ بوو پێ وت: مەلا سمایل ئەوە بۆچ بەدەم بانگەکەوە هەڕا ئەکەی؟ وتی: قوربان خەڵک پێم ئەڵێن تۆ لە دوورەوە دەنگت خۆشە، بە دەم بانگەکەوە هەڕا ئەکەم با لە دوورەوە گوێم لە دە نگی خۆم بێ بزانم راست ئەکەن کە من لە دوورەوە دە نگم خۆشە. شێخ قادر دەستی کرد بەپێکەنین و وتی: خوا بتگرێ مەلا سمایل بۆ خۆت و بۆ قسەت.

- مەلا عەلی حاجی ر سووڵ هەبوو لە سولەیمانی جارێک ئەحمەدی کوڕی ئەکەوێتەناو بیرێکەوە. مەلا عەلی سەر شۆڕ ئەکاتەوە بە سەر بیرەکەدا ئەیبینێ پێ ئەڵێ: «کوڕم مەچوو بە هیچ لایەکدا تا ئەچم گوریسێک دێنم و راتئەکێشمە دەرەوە».

- حەکیم گێڕایەوە لە هەولێر وتی:

لەگوندی قوشتەپە پیاوێک ئەچێتەلای مەلا کە ئەڵێ: مامۆستا پیاو کە ئەچێتەسەر پێشاو و -بلامانێ- تا چەند قنگی بشوا پاک ئەبێتەوە؟ ئەویش ئەڵێ: برام هێندە بشوا تاجیرەی لێوەدێت.

ئەمجا کابرا ئەچێتەسەر ئاودەست هەر ئاو ئەکا بەخۆیا ئەیشوا ودەستی پیا دێنێت. دێتە ئەوە جیرەی لێوە بێت، ترێک ئەکەنێ. ئەڵێ: «ئەی بەکێری مەلاوە چاک جیرەی لێوە نەهات».

- هەر ئەو گێڕایەوە وتی:

لەگوندی «عاللای» مام پیرداود ئەچوو بۆ شار ژنان دەوریان لێ دا هەریەکەچەند دراوێکیان دایە بۆیان بدات بەشت. ژنێک لەناو ژنەکانا ئەویش چوو بەلای مام پیرداود وتی: مام پیرداود بە سەدەقەی سەرت بم! وی مەجیدیەم لۆم بەرە لۆم بدە بە دوو گەز جانگ لۆ ئاوەر کراس چم نینە.

مام پیر داود دوو گەز جانگی لۆ هێنا پلکەهامین ئاوەر کراسێکی زۆر تەسک و ترووسکی لێ کرد و هەندێکیشی مایەوە دای بەسەریا و چوو لەناو ژنەکانا دەستی کرد بەشایی و ئەیوت: هاوەر کراسم بەهاوەر کراستان، چەقەڵانەشم[١٦] بەبەرتان.

---

١٦- چەقەڵانە: لەچکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حەمەعەلی مەلا محەمەد گێڕایەوە وتی:

جارێک لە «چنارانە» ڕۆژی جمعە ئەبێ و خەڵکەکە هەموو ئەچن بۆ نوێژی جمعە؛ لە نوێژی جمعەشا ئەبێ چل کەس بن، ئەوان سی و نۆ ئەبن. چاو ئەگێڕن سەیر ئەکەن مامەحەمە نەهاتووە، ئەچن بەرووبیا ئەڵێن: پیاوەتیت بێ وەرە با جمعەکەمان تەواوی ببێ. ئەویش ئەڵێ:

«خۆ ماڵ و بیست نییە؛ من دوو کوڕم لەجمعە دایە. بەخودای بابم! پێ بێت‌و نایتمەبەر پێ. لەکوێوە هاتوون بچنەوەبۆ ئەو شوێنە».

- هەر ئەو گێڕایەوە وتی:

مەلا محەمەد دەرگەڵەیی هەبوو، مەلا بوو لەگەلالە. ڕۆژی جمعان -کە سەلامی جمعەی ئەدایەوە- هەڵئەستا ڕووی ئەکردە خەڵکەکە ئەیوت:

«سەگبابینە! چاوان زەق مەکەن، کێرو ڕەق مەکەن و لەقوزی ژنی خەڵکی ڕۆکەن».

- پیاوێکی سمایلعوزەیری ئەبێ بەمیوانی مەلایەک. مەلاکە دەوریەکی بچووک چێشتی برنج لەگەڵ دوو سێ نان ئەهێنێ و بەمیوانەکە ئەڵێ: فەرموو. کابراش دەست درێژ ئەکا بۆ پاروو. مەلا دەستی ئەگرێ و ئەڵێ: «کتێب ئەفەرمووی بیسمیللا بکە؛ ئەگینە شەیاتین و جنۆکە لە گەڵمان ئەخۆن». کە لە نان خواردن ئەبنەوە مەلا ئەڵێ: چاوت لێ بوو بیسمیللا چەند بە بەرەکەتبوو؟ کابرا هەر چەندە تێریشی نەخواردبوو بەناچاری وتی: بەڵێ قوربان واسە.

چەند ڕۆژێکی پێچوو بە ڕێکەوت مەلا ئەبێ بەمیوانی سمایلعوزەیری. کابرا لەنگەریەکی زل نان و ڕۆن و شلکێنە ئەهێنێ و دایئەنێ ئەڵێ: فەرموو: مەلا قۆڵی لێ هەڵئەکا ئەیەوێ بڵێ بسمیللا، کابرا توند دەست ئەگرێ بەسەردەمیا و ئەڵێ: وەکەلام بێژی بیسمیللا دەم و دگانت ئەشکێنم. تۆ ئەگەر ئازای هەی جن هەی جن بکە. خۆی هەر دوو قۆڵی رائەوەشێنێ و دەست ئەکا بە های جن بێنو بێنو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەکی کورد رۆژێک ئەبێ بەمیوانی پیاوێک؛ نان دائەنێن. میوانە یەکەم پاروو هەڵئەگرێ بیبا بۆ دەمی، خانەخوێکە ئەڵێ: «برا راوەستە پاروەکەت موێکی پێوەیە». کابرا ئیتر پارووەکەدائەنێ و ئەکێشیتە دواوە.

خانەخوێکە ئەڵێ: ئەوەبۆچی چویتەدواوە؟ ئەویش ئەڵێ: «بەخوا برا تۆ ئەوەندە بەرچاو تەنگ بی وەها سەیری پارووی هەوەڵم بکەی من ئەم نانەم پێ ناخورێ».

- کە لای ئەڵێ: لە شێخ مراد ئەپرسێ ئەڵێ «سەید قلیە وە قاف کەنەی یا وەغەین؟» ئەویش ئەڵێ سەید کەلای: نەوە قاف کەنەی نەوە غەین؛ وە گوشت کەنەی، بچوو قەرێ بارە تا بخونەی.

- ساڵێک لە زەمانی تورکەکانا «داسنی»کوشتن باوی پەیدا کردبوو؛ خەڵکی زۆر ئەچوون. هەر کەس کە ئەهاتەوە سەری داسنێکی ئەکرد بە شیر وەیا تفەنگ حسکەکەیەوە بۆ ئەوە بەخەڵکی پیشان بدا کە داسنێکی کوشتووە.

باوکی عەزەکونەماسی هەبوو ئەویش لەگەڵ ئەو عێلجارەدا رۆیشتبوو. لەو لاوە کە هاتبوونەوە ئەویش «پێ»یکی کردبوو بەسەر لوولەی تفەنگەکەیا. لێیان پرسی ئەمە کێ کوشتوویەتی؟ وتی: من. وتیان ئەی سەرەکەیت بۆ نەهێنا؟ وتی: «تا من فریا کەوتم چوومەسەری، سەری پێوەنە بوو؛ بردبوویان».

- کابرایەکی قەڵخانی بێ تووتنی هێنابووی بەسەریا، لەو ولاتی کرماشانە رۆژێک سواری خانمێک ئەبێت. لە وەختی ئیشا خانم -بلامانێ- ترێک ئەکەنێ. کابرا ئەڵێ: خانم دوای خۆت بگرە. خانمیش ئەڵێ: «ئاغا لە ئشق ئەو سەر سوورەی تۆ توانای دواگرتنم چووە».

- کابرایەک لەو گەرمیانە مریشکێک ئەکرێ و ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە. وەخت نزیکەی رەمەزان ئەبێ. مریشکەکە ئەدا بەژنەکەی و پێی ئەڵێ: ئەمە هەڵگرە بۆ رەمەزان.

کابرایەکی قوماربازی رەمەزان ناو گوێی لێ ئەبێ، دەنگ ناکا تا دەرفەتی بۆ هەڵئەکەوێ. رۆژێک مێردی ژنە لەماڵ نابێ، کابرا خۆی ئەکا بە ژوورەوە ئەڵێ: لالەم ناردمی بۆ مریشکەکە. ژنەش ئەڵێ: بۆچی تۆ رەمەزانیت؟ ئەڵێ: بەڵێ. ژنەئەچێ لە کولێن مریشکەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرکا، دەرپێ لەپێدا نابێ، ماڵی حەلال دەرئەکەوێ. کابرا لە دواوەخۆی پێدا ئەدا و ئەبێ بەزاوا. ژنەمریشکی بۆ دەرئەکا و ئەیداتێ. کابرا بەنان و گانەوە لێ ئەدا ئەڕوا.

ئێواریٚ ژنە مێردەکەی دێتەوە پێی ئەڵێ: رەمەزانی باوەحیز هات مریشکەکەم دایێ رزگارم بوو لەدەستی. کابرا ئەڵێ: رەمەزانی چی؟ ئەڵێ: ئەی تۆ نەتوت مریشکەکە بۆ رەمەزانە؟ منیش لێم پرسێ تۆ رەمەزانیت؟ وتی ئا؛ ئیتر دامێ. کابرا وتی: بەخوا چاکی گاویت. ئەویش وتی: تڕحێو با من سەرم لەکولانەکەدا نەبوایە بیتوانیایە بیگامایە.

- ژن و مێردێک لێک زیز بوو بوون. وا دیار بوو ژنەکە لە مێردەکە زیز بوو بوو؛ ئیتر لە بەرچی ئەوەمن نایزانم؛ رەنگبێ تۆ بیزانی. ئەمانە منالیان هەبوو. رۆژێک پیاوەکە دانولەی بۆ منالەکان کردبوو، بۆ دانا بوون. پێی وتن بخۆن دەی با کێرتان ئەستوور بێ. ژنەکەی لە قوشبنێکەوەگوێی لێ بوو وتی: «ئەی دوژمنی لەشی خۆت! خۆت بۆ دوو دەنک ناخۆی؟ هەر ئەیکەی بەقوڕگی ئەوانا».

- پیرەژنێکی زۆر پەرپووتی پیر هەبوو. لەوانە بوو لەبەر پیری تۆزێ ئەقڵەکەشی کەم بوو بوو. کوڕ و کاڵ ئەکەوتنە شوێنی ئەیانوت نە نەدەنگی ئەوەی خوارەوەت چۆنە؟ ئەویش دەستێکی ئەخستەسەر دەمی و ئەویتری ئەخستە سەر دواپراوەکەی و ئەیوت: «تا ئەو بیەوێ ئەوەش ئەیەوێ».

- عوسمان محەممەد سالح گێڕایەوە وتی:
تازە ئەم قسەیە داهاتبوو کە هەر شتێکی ناخۆش رووی بکردایەتە یەکێ پێیان ئەوت «گوێ مەدەرێ پێچی مێزەرێکە»؛ واتە زوو بەسەر ئەچێ. پیاوێکی کوێری قسەقوت هەبوو لە سولەیمانی برایەکی لە سەر هەر شتێک، پانزەساڵ ئەبوا لە بەندیخانە بوایە. خەڵکوخوا ئەچوونە لای براکەی دڵیان ئەدایەوە ئەیانوت: «هیچ نییە، پێچی مێزەرەیکە. ئیشەڵلا زوو رزگارت ئەبێ». ئەوەنەیان ئەم قسە پێ وتبوو ئیتر جیقڵدانەی هەڵنەگرت وتی: «کورە لە قەبری دایکی ئەو مەلایە ئەبەم کە بە پانزەساڵ مێزەری ئەبەستێتەوە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- کابرایەک لە «تەویلە» هەبوو «زۆراب»ی ناو بوو؛ نوێژی نەئەکرد. کابرایەکی درواسێیان هەبوو پێی وت: «ئەگەر نما نەکەری سان مەکشۆت». ئەویش لە نوێژی ئێوارەدا سەرەتا چووە مزگەوت و دەستی پێکرد. نیەتی هێنا وتی:
«نیەتم هەن یەرێ رکاتێ نما کەروو پەری سانی. ئانەی نیەت مارۆ زۆرابەن. اللەاکبر».

- جارێک فەقێک ئەچێتە خزمەتی شێخ بابەعەلی تەکیەیی ئەڵێ قوربان: «کافیە»م کردووەبەشعر. ئێستە نیوە شعرێکم داناوە، نیوەکەی‌تریم بۆ نایەت. ئەڵێ: ئەو نیوەیە چییە؟ تا من نیوەکەی‌ترت بۆ دانێم.
ئەڵێ قوربان! «الکلمە لفف وقع». شێخ بابەعەلیش ئەڵێ: «کێری کەرم بەقنگت وێ».

- کابرایەکی کۆیەیی عەزیزی ناو بوو، جارێک ئەچێتە شاخەپیسکە لە ماڵی ناسراوەکەیا نان و ماست ئەخوا. دەم ولێوی پاک ناکاتەوە ماستەکە هەروا بە لێویەوە ئەبێ. بەو جۆرە ئەچێتە لای کوێخا حەوێز. کوێخا حەوێز لێی ئەپرسێ: عەزە ئەوە چیت خواردووە؟ ئەڵێ: کوێخا وەڵڵا ئێستە گەیشتمە جێ لەماڵی خانەخوێکەما مریشکێکیان بۆ کوشتبوومەوە، بەبێ تۆ ناخۆش، مریشکم خوارد. کوێخا حەوێزیش ئەڵێ: وەڵلا عەزە راست ئەکەی؛ ئەوەتەریقنەکەی بە بەر کولانەکەوەیە.

- مەلا محەمەدی دەڵەگەلەیی لەگەلالە رۆژی جمعان خوتبەی ئەخوێند. کە ئەچووە سەر مەنبەرەکە دارێکی ئەگرت بەدەستەوە لە کاتی خوتبە خوێندنەوەکەدا رایئەوەشاند. پێیان وت: مامۆستا خەتیب کە ئەچێتە سەر مەنبەر شیر ئەگرێ بەدەستەوە، تۆ لە باتی شیرەکە دارێک ئەگری بەدەستەوە؛ ئەوە بۆچی؟ ئەویش ئەیوت: ئەم تولە بابانە پیویست ناکا من شیریان بۆ بگرم بە دەستەوە، ئەگەر بە گوییان نەکردم بەم دارە سەرو بەچکیان ئەنێمە یەک و ئەیانترێنم بە بۆ گۆڕی بابیانا.

- کابرایەک هەبوو لەو خوارە کوڕێکی هەبوو یەکێک لێی پرسێ: بڕوا ئەکەی ئەم کوڕەت هیچی لە تۆ ناکا. ئەویش وتی: «برا بۆچی دروسێ دیڵێ منالەکانمان لەخۆمان بکەن».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

- کوڕێکی باقلانی چووبووە فەقێتی گەیشتبووە کتێبی «النموسج». هەرکە کتێبەکەی ئەگرت بەدەستەوە خەوی لێ ئەکەوت. وەختی سەردانی ماڵی خۆیان هاتبوو چووەوە بۆ سەردان. مانگایەکیان هەبوو زۆر لاسار بوو، نەیئەهێشت بیدۆشن. دایکی کوڕە بە تەواوی بە دەستیەوە کەوتبووە عەزیەتەوە. ئەوا دایکی کوڕەمانگای هێناوە گوێرەکەکەی خستۆتە بەردەمی، خۆیشی گۆرانی بۆ ئەلێ؛ کەچی مانگا هەر لەقە ئەهاوێژێ و نایەلێ بیدۆشن. کوڕەی فەقێ هەرکە چاوی بەمە کەوت، خێرا چوو «النموسج»ەکەی هێنا لەبەردەمی مانگادا پانی کردەوە. دایکی وتی: ئەوە چی ئەکەی رۆڵە؟. فەقێ وتی:

دایە دەنگ مەکە با خەوەکەی لێی نەزرێ، هەر ئێستەخەوی لێ ئەکەوێ، بەئارەزووی خۆت و بە شێنەیی بیدۆشە. من هەموو جار کە کتێبەکە ئەگرم بەدەستمەوە خەوم لێ ئەکەوێ. لێگەڕێ ئێستەئەمیش خەوی لێ ئەکەوێ. هەر تۆ دەنگ مەکە با خەوەکەی نەزرێ.

- عوسمان شاربازێری گێڕایەوە وتی:

لەو بەر کێوە کابرایەکی رەزاقورس ئەبێت بە میوانی ماڵێک. تۆزێ ناسراوی پێشوویان هەبوو لەگەڵ ماڵەکەدا. کابرا بۆی دائەکوتی و هەر ناڕوا. ماڵەکەش هەرچەندە پلاری تێئەگرن کاری تێ ناکا.

رۆژێک ژنی خانەخوێکە پێی ئەلێ: ئێستە منالەکانت بەستەزمانانە، لەوانەیە لە بەر ئەوە کە دەمێکە نەیاندیویت ئەبێ دڵیان زۆر نارەحەت بێ. ئەوە هیچ بیریان ناکەیت لەوانەیە ئێمە بیریان ئەکەین، تۆ چۆن ئەبێ بیریان نەکەی؟ تۆخوا کە چویتەوە لە باتی ئێمەش چاوت پێیان بکەوێ. کابرای میوان وتی:

وەڵڵا راست ئەکەی وەختە سویێم ببێتەوە بۆیان. هەر ئێستە ئەچم رائەسپێرم هەموو بێن بۆ ئێرە با ئێوەش چاوتان پێیان بکەوێ. ئەوە باشترە بۆ سوکنایی ئێوە تا من خۆم بەتەنیا بچم و بیانبینم.

- زەمانی زوو ئەوەی کە ئێستەپێی ئەلێن «مەحامی»وەیا «پارێزەر» دانەهاتبوو. لەباتی ئەم ناوە «ئەوقات»، وەیا «وکیل مرافعە» هەبوو. هەر کارەساتێک رووی ئەدا سەرچاوەی هەموو «مەلا» بوو کەئەو کارەساتانەی ئەبڕیەوە. بەمانە ئەوترا «شەرع». جا ئەگەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کارەساتێک رووی بدایە داواکەر وەیا داوا لێکراو ئەوقات وەیا «وکیل المرافعە»ی رائەگرت. ئەم ئەوقات و وەکیل مرافعانەش هەر مەلا وەیا میرزا بوون.

جارێک کابرایەک جنێو ئەدا بە کابرایەکی تر، ئەڵێ: کێری رووت بەقوزی دایکت. کابرا چووە لای مەلا شکاتی کرد کە جنێوی وای داوەتێ. مەلا ناردی بەشوێن ئەویترا. ئەویش لەبەر ئەوە کە ئیشەکە زل بوو، «وکیل مرافعە»یەکی راگرت. هەموویان چوونە لای مەلا. مەلا رووی کردەکابرای جنێودەر، کە تۆ جنێوێکی وات داوە بەم پیاوەو ئەمە «قەزف»ە

«وکیل مرافعە» هەڵیدایە وتی: ئەمە جنێو نییە، با ئەگەر کێرەکەش کێری باوکی بێ. مەلا رووی کردە جنێوپێدراو وتی: هیچ هەقێکت نەما بەسەر ئەو پیاوەوە. ئەمە «قەزف» نییە. برۆ با کێری بە قوزی دایکی «وکیل مرافعە» بێن. «وکیل مرافعە» دەمی ئەبێ بەتەڵەی تەقیوەو رازی ئەبێ بەقەزا و قەدەر.

-کابرایەکی «کەڵەکن»ی ئەچێتەلای مەلا تۆفیقی عەتار ئەڵێ: ئەو رۆژە چوومە پیرەمەگروون. لە وەختێ هاتوومەتەوە مووی ریشم هەمووی ژان ئەکا. ئابزانە بە خێری خۆت دەرمانێکم نادەیتێ تۆزێ چاک ببێ. ئەویش ئەڵێ: چیت خواردووە؟ ئەڵێ: وەڵلا لەوێ پارچەی نانم بە سەهۆڵەوە خوارد. ئەڵێ: برۆ مردووت مرێ! بمرە بۆ خۆت. نە خواردنت لە خواردنی موسڵمان ئەکا نە دەردت لەدەردی گاوران ئەکا.

- دڵ سووتاوێک دەمێ ساڵ بوو دڵی چوو بوو لە یارەکەی، هەر بەشوێن هەڵیکا ئەگەڕا لە جێگایەک دەستی کەوێ. ئاخری لە پاش چاوەڕوانیەکی چەند ساڵە، جارێک لە شوێنێکی بێ دەنگدا دەستی کەوت و خۆی تێهەڵسوو؛ بەڵام حەیتە لە خەودا بوو هەر بۆی هەڵنەستا. ئەمجا بەناچاری رووی کردە یار و وتی:

لەپاش چەند ساڵ کە ریمان کەوتە ناو دەولەتسەرای رانت، وتت لاچۆ لە خەودایە بلوورینم چییەکارت. یاریش ئیتر پێی هەڵنەگیرا وتی: دەمێ بوو لافی مەردیت لێ ئەدا نشتەر لە کارایە، کەچی وەک پەتکی بارە بەڵم سەری شوڕی لە ئەرزایە.

- ئەحەی ناسر وەکوو گۆیندە بوو رەندیش بوو. هەر شتێکی بەسەر بهاتایە خۆی ئەیگێڕایەوە؛ دە نگی ئەوەشی هەبوو کە سەرو سەودای لەگەڵ منالاندا هەیە. ئەحمەدعەزیزئاغا بۆێ گێڕامەوە وتی: ئەحەی ناسر خۆی بۆی گێڕامەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەوا جارێک لە کەرکووک منالێکم تاو دا بردمە شوێنێک. کە هاتینە دەرەوە گوێم لێ بوو منالێکیتر بەو منالەی وت: ئەوەچیت ئەکرد لەگەڵ ئەو پیاوەدا؟ وتی: وەڵلا بردمی کێشامی بەسەر خۆیا. منیش وتم: سوبحانەڵلا هەتیو بازیش حەرام بوو، مەگەر بە وەلی و دوو شاهید نەبێ.

– دیسان هەر ئەو گێڕایەوە وتی:

ئەحەی ناسر وتی جارێک هەتیوێکم تاو دا بەدوو تارانی. هەتیوەکە وتی: هەر بیخەرە ناو ڕانم واز بێنە. وتی منیش وتم ئەوەتۆ ئەڵێ چی؟ من ئەوە چل و پێنج ساڵە لەناو ڕانی خۆمایە. جا ئەگەر وابێ ئیتر ئەم دوو تارانیە بۆ بدەم.

– سەی کەریم لای شێخ حسامەدین گێڕایەوە وتی:

ئەوا لەباخەکۆن مەجلسی شێخ پڕە. مرید و سۆفیەکی زۆر دانیشتوون. لەو وەختەدا سۆفی رەشید کردی بەژوورا و هات. شێخ فەرمووێ: سۆفی رەشید! شێخ حەبیبەڵلای خۆشت چۆنە؟ ئەویش سێ و دووی لێ نەکرد وتی: عەمری نەمێنێ وەویەکەی خۆی گا.

ئەمەش ئەوە بوو کە چووە خوازبێنی ژنێک بۆ کوڕەکەی. ئەوانیش وتوویانە کوڕەکەت پیاو نییە؛ وتویە کە واتە بیدەن بۆ خۆم. ئەوانیش داویانێ.

– مەلا سمایلی کانیسکانی جارێک تووشی کوڕێک ئەبێ، سا لەبەر هەر شتێک ئەبێ سەر ئەخاتەسەر کوڕەکە. کوڕەی تۆزێ خۆی هەڵئەگوشێ و ناوچاوی دێنێتەوە یەک، وەکوو یەکێ ژانێکی پێوەبێ. لێی ئەپرسێ ئەوە چیتە؟ کوڕە ئەڵێ: وەڵلا دومەڵم دەرکردووە. ئەڵێ: لەکوێ. ئەڵێ: بلامانی لەکونی قنگمەوە. ئەڵێ: هەتیو تۆ قسەیەک بکە بچێتە ئەقڵەوە. ئەڵێ: چۆن؟ ئەڵێ: دمەڵ عادەتی وایە لە شوێنی تەنگ دەر ئەچێ، چۆن لە شوێنێکی فراوانی ئەوەی تۆوە دەرچووە؟

– دەروێش حەمەعەلی باخانی گێڕایەوە وتی:

جارێک ڕێم کەوتە زێوەیەی پیرەمەگروون. ڕۆژی جمعە بوو چووم بۆ مزگەوت بۆ نوێژ. مەلاکە دەستی دا بە خوتبەوە (ناوی مەلاکەشی وت بەڵام ڕاستی من لەبیرم نەماوەکێ وت). کوڕێکی هەبوو لەو کاتەدا هات دەستێکی خستەئەم لای دەرگاکەوە دەستەکەیتری خستە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئەو لایەوە. ئەوا مزگەوتەکەش پڕە لە خەڵک. بانگی کرد بابە! کەرەکە ئەگێت یا بیبەم بۆ لەوەڕ؟ بابیشی هیچ خۆی تێک نەدا وتی رۆڵە بیبە.

- کابرایەکی سمایلعوزەیری هەبوو لەو وڵاتی چەقز و قایکەندە دەرویش رەحیمی ناو بوو. ئیش و کاری هەر دزی بوو. شەوێک ئەچێ بۆ دزی و هیچی دەست ناکەوێ. کەرەکێکی پێ ئەبێ دایئەکەنێ ئەیداتەبن دەستی و دێتەوە. ژنەکەی ئەچی بە پیریەوە. کەرەکەی بۆ گرتمۆڵەکی لێ وەرئەگرێ. لای وائەبێ بوخچە جلی دزیەتییە هێناویەتەوە. کەسەیر ئەکا ئەما کەرەکەڵۆتی رەحیمە. ئەڵێ: رەحیم ئەوەچیت هێناوە؟ ئەڵێ: ئەوە کەرەکە. ئەڵێ: ماڵ ویران ئەوە کەرکەکەی خۆتە. ئەڵێ: ئافرەت دەنگ مەکە ئەگەر بەدەستی خالی بهاتمایەوە کسمەکەم لێ تێک ئەچوو، ئەوەم لەخۆمان دزیوە تا بەدەستی خالی نەگەڕێمەوە.

- مەحمووئاغا هەبوو لەو وڵاتی دیبوکریە. لەکاتی خۆیا دڵی چوو بوو لەژنێکی پشت ماڵە هێنابووی. کوڕێکی لێ بووبوو، کوڕ گەورە بوو و بوو بەکوڕێکی قۆز و جەحێل و لەراستیدا پیاوێکی پیاوانەی لێ دەرچوو بوو، بەڵام باوکی هەر لێی رازی نەبوو وە بەڵکوو هەموو جار هەر قسەی پێ ئەوت و لەوانەبوو لە گەڵ کوڕەکانی تریا -کە لە ژنێکی‌تر بوون- جیای ئەکردنەوە. کوڕە لە باریا نەما ئیتر رۆژێک وتی: تۆ ئەم هەموو قسەیە بە من ئەڵێی لەبەر ئەوەیە کە دایکم پشت ماڵەیە. ئەمەسووچی خۆت بوو با تۆزێ خۆتت بگرتایە بچوویتایە ژنێکی خانەدانت بهێنایە با کوڕێکی ببوایە وەکوو خۆت و براکانم پیاو بوایە.

مەحمووئاغا سەری داخست و وتی: رۆڵە! تۆ کوڕمیت من بە هەڵەدا چووم.

- ساڵێک دەستەیەکی کوڕ و کاڵی سولەیمانی بۆ سەیران ئەچن بۆ سەراوی سوبحاناغا. لە سەر کانیەکە رایەخی لێ رائەخەن و بەزمی خواردنەوە ئامادە ئەکەن. پیرەژنێکی جافی ئەو ناوە وا دیار بوو ئەو ساڵە لە عێل بەجێ مابوو. بەلایانا تێ ئەپەڕێ سەیر ئەکا ئەوانە شووشەو قاپیان داناوەو شتێک ئەخۆنەوە. بە لایانەوە رائەوەستێ و سەیریان ئەکا. لەپاشا ئەڵێ: ئەرێ برا ئەوە شەرووەتی شارییە ئەیخۆنەوە؟ ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ. ئەڵێ: ئا قومێکیش بدەن وەمن. ئەوانیش لەناو پەرداخێکا لەو شتە خۆشەکە بۆی تێ ئەکەن و ئەیدەنێ. ئەویش ئەینێ بەسەرەوە. کەئەیخواتەوە تۆزێ کەیف ئەیگرێ و بزەیەکی بۆ ئەکا. ئەڵێ: برا وەکەلام چکی تفتوو وەلێ فرەخۆش وو؛ ئا قومێکی‌تریشم پێ نادەن؟ ئەوانیش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قومێکی تری ئەدەنێ. پیرەژن بەتەواوی سەرخۆش ئەبێ و نەشئە ئەیگرێ. ئەڵێ: ئا تۆ دەنگ! ئەرێ کورەشاری ئا لەم شەروەتی ئێوە ژنەکانیشتان ئەیخۆنەوە؟ ئەڵێن: بەڵێ. ئەڵێ: دە سا وەو سەی‌ساقە هەرچێ ژنەکانتانە وەشەو و وەرۆژە هەر خەریکی مێخ وەنی کوزیانن. ئێوە کەستان باوکی خۆتان ناناسنەوە.

- کابرایەک کوڕێکی هەبوو هەر جارە ئامۆژگاری ئەکردو ئەیوت: رۆڵە هەموو جار پێت ئەڵێم: تۆ ئەبێ بۆ ژیانی پاشەڕۆژت شتێکت بەدەستەوە بێ بۆ ئەوە پێوە بژیت.
پێت ئەڵێم تەنافبازی فێر ببە. هونەری سەرمەقولات، جوێ سەگەوانی فێر ببە، قۆمەشکەنی فێر ببە، چەقەنەی مەلا سمایلی فێر ببە. لۆتیەتی فێر ببە، چاک مەیموون هەڵپەڕێنە. هەموو جار ئەمانەت پێ ئەڵێم هیچ بەگوێم ناکەی. ئەمە ئاخر جارە پێت ئەڵێم، ئیتر لە تاقەتما نەماوە، ئەگەر بەگوێم نەکەیت ئەتخەمەبەر خوێندنی مەلا بۆ ئەوە ببی بەعالم و زانا؛ ببی بەشاعرو دانا. ببی بەفەیلەسووفێکی توانا، ببی بەپارچەگەوهەرێکی درەخشان لە هەموو هونەرێکا. بەلام شێوی شەوت نەبێ بیخۆی و کەسیش پێت نەڵێ کەرت بەچەند.

- هێمنی شاعر بۆی گێڕامەوە وتی:
کوڕێکی زیرەک هەبوو لەو سەرە لە گەڵ دەستەیەکی رەفیقیا جارێک خەریکی شەراب خواردنەوەو کاغەزبازی بوون. خەبەریان بۆ هێنا وتیان باوکت مرد. وتی: هەموو کەس ئەمرێت. وتیان کەوتۆتە ناو بیری ناو حەوشەکەتانەوە، ترنجاوەتە ناویەوە دەرناچێت. وتی: ئەو بیرەی ماڵی ئێمە خۆم ئەیزانم شێریش بکەوێتە ناویەوە تیایا ئەترنجێ و ئەمرێ؛ ئێستە ئەو چۆن تیایا نامرێ؟ دەستیشی هەر بەکاغەزەکانەوەیەو کاغەز فڕێ ئەدا ئەڵێ: نایە کۆرەکە بەجێ بێلم.
وتیان بچۆ دەریکە. وتی: وەختی خۆی من نەمئەتوانی لە شوێنی خۆی بیجووڵێنم، ئێستە چۆن ئەتوانم کە ترنجاوەتە ئەو بیرەوە دەریکەم. وتیان باشە ئێمە دەری ئەکەین لەبیرەکە، بەلام لەگەڵمان وەرە بابچین کفن و دفنی کەین و بینێژین. وتی: مردووشۆر هەیەخۆ من نایشۆم، بچن بیهێنن ئەو ئەیشوا. ئەگەر زیڕ و زیویش بێ من بڕوا بە ئێوە ئەکەم بچن بینێژن منی ناوێ.

- حەمەبەگی حاجی رەسووڵ بەگ گێڕایەوە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەتاریەر عێل سەرەو ژوور ئەبوونەوە بۆ کوێستان، دوو سواری بناری هەڵەبجە بەوێدا تێ‌ئەپەڕن تەماشا ئەکەن وا دوو کوڕی عەشیرەتی کەماڵەیی چالێکیان هەڵکەندووە پیاوێکی ریش سپی خەریکە نان و ماست ئەخوا. کوڕەکانیش بەلایەوە قنیچکەیان کردووەو سەیری ئەکەن. سوارەکان ئەپرسن لەکوڕەکان ئەڵێن: ئەمەچییە؟ ئەوانیش وتیان:

برا ئەمە باوکمانە. پیر بووگە بۆمان ناگاتە کوێستان. عێل خرەی کرد چوو؛ ئێمە بەجێ ماگین وەلایەوە. نان و ماستمان بۆ دانیاگە بیخوا. ئەو چاڵەشمان بۆ هەڵکەندگە کەنان و ماستەکەی خوارد بیخەینە چاڵەکەوە داپۆشێن با قەل و داڵ لەم چۆڵەوانیەدا نەیخوا. خێرا ئێمەش بچین وەشوێن عێلدا بیانگەینێ.

پیاوەی هەژاریش واهەر خەریکە ملچەملچ نان و ماستی خۆی ئەخواردو بزەبز سەیریان ئەکا نازانێ دنیا چ باسە.

وتی: وتمان کورە هەی زۆڵینە ئەمە ئێوەچی ئەکەن؟ ئەوانمان دایە بەر قۆناخە تفەنگ دەرمانکردن و پیاوەکەمان خستە پاشکۆی خۆمان هێنامانەوە بەخێومان کرد تا عێل گەڕایەوە بۆ شارەزوور. هەتیوەکان باوکەکەیانمان پێ دانەوە هەتا چەند ساڵێ دوای ئەوە هەر ماو پاشان عەمری خوای کرد.

- ئەوڕەحمانی خامە لە سولەیمانی جارێک بۆ نوێژی نیوەڕۆ ئەچێتە مزگەوتی خومخانە بۆ نوێژکردن. ئەچێتە سەر ئاودەستەکەو دێتەدەرەوەو دەعباکەی ئەگرێ بەدەستیەوە لەبەر ئاودەستەکەدا ئەگەڕێ و ئەکۆکێ و هەر جارە ئەیسوێ بەدیوارەکەدا. ئەمە بە ڕاوێژی ئەو نوێژکەرانەکە پیر ئەبن ئەڵێن «استبرا».

وەستا گوروونیش هەر بۆ نوێژ ئەچێتەئەوێ. کەئەبینێ ئەوڕەحما ن وا ئەکا پێی ئەڵێ: کاکەئەوڕەحمان دیوارەکەت کون کرد، دە واز بێنە. ئەویش ئەڵێ:

وەستا گوروون بەو سەختی و رەپیە نەماوە کە تۆ چاوت پێ کەوتبوو.

- حاجی حسینی کانی کەوەیی هەبوو لە سولەیمانی ماڵەکەی نزیکی مزگەوتەکەی حاجی مەلا رەسووڵ بوو. قاپی حەوشەو بانی ئەو سەردەمەی سولەیمانی هەموو شەق و شڕ بوو. حاجی حسین هێشتا حەجی نەکردبوو. حاجی مەلا رەسوولیش مابوو. شەوێک دز دێت دەرگا شەق و شڕەکەی ماڵی حاجی حسین ئەدزێ. دەرگا بەکەڵکی هیچ نەدەهات، بەڵام لەبەر ئەوە دنیا زستان و سارد بوو بۆ سووتان باش بوو. ئەویش شەوی دوایی ئەچێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


دەرگای مزگەوتەکەی حاجی مەلا رەسووڵ ئەگرێ بەکۆڵەوەو ئەیهێنێ لەشوێن دەرگای حەوشەکەی خۆیانی دائەنێ. ماڵەکە راست بەرانبەری مزگەوتەکە بوو. بەیانی حاجی مەلا رەسووڵ ئەچێ بۆ مزگەوت سەیر ئەکا دەرگای مزگەوت نەماوەو وابە ماڵەکەی حاجی حسینەوە. ئەچێتە لای حاجی حسین ئەڵێ: بۆچ ئیشی وات کردووەو دەرگای ماڵی خوا چۆن ئەبەی؟. ئەویش ئەڵێ:

حاجی مەلا رەسووڵ دز قاپی حەوشەکەی منی دزیوە، خوا دزەکە ئەناسێ بیدا بە دەستمەوەو قاپی ماڵی خۆی بەریتەوە.

ئەحەی کڕنوو نەخۆش ئەکەوێ. ئەو سەردەمەحەکیمێک لەسولەیمانی ئەبێ ئەچێتەلای حەکیمەکە دەرمانێکی بداتێ و چارێکی بکا. حەکیمەکە لە پاش تەماشاکردنی ئەڵێ: خالەحەمەد تۆ لە دڵ خالیەتیەوە وات لێ هاتووە، ئەگەر دڵت تۆزێ هێزێکی تێکەوێتەوە چاک ئەبێتەوە.دەرمانەکەشی ئەوەیە بێنی تا سێ رۆژ هەر رۆژی دوو جار بەیانی و ئێوارە دوو فڕووجی سوورەوەکراو، دوو شلکێنە بە ڕۆن، چوار هێلکە بە مێخلەمە بخۆی و کاسەیە فڕنی بکەی بەسەریا.، پاشان هێلنج بدەی بڕشێتەوە تا سێ رۆژ ئەمە بکەی ئیتر چاک ئەبیتەوە. ئەحەی کڕنوو تۆزێک رائەمێنێ و ئەڵێ:

حەکیم باشی! ئەوەتۆ بەریشی خۆت پێئەکەنی یا بەریشی من؟ ئەوانەی تۆ ئەفەرموویت ئەگەر یەکێکی‌تر بیخواو بڕشێتەوە من سینەباز ئەیقۆزمەوە.

- مەلا حەسەنی قازی خۆی گێڕایەوە وتی:

ئەوا قازین لە چوارتا؛ ژنێک دەستی پیاوێکی گرتبوو هاتنەلام. ژنە وتی: قوربان جەنابی قازی! ئەم پیاوە مێردمە ئەمەوێ تەلاقم بدا و لە کۆڵم بێتەوە. وتم: دایکم تەلاق شتێکی باش نییە. بۆچ تەلاقی لێ وەرئەگری. پاش ئەوە ئەگەر تۆ داوای تەلاق بکەی هەموو حەق و حوقوقێکت ئەڕوا. ژنە وتی قەبوولمە. وتم: ئاخر لە بەرچی وا وەڕەز بوویت، نەفەقەت ناداتێ چییە؟ وتی: قوربان نەفەقەم ئەداتێ، بەلام... . وتم دەدایکم قسەبکە. ژنەوتی: قوربان شەرع شەرمی بۆ نییە، شەوێ دەدوانزە جار هەڵئەستێتە سەرم. من تاقەتی ئەوەم نییە.

وتی: ئەمەم بەلاوە سەیر بوو. پیاوەش هیچ دە نگ ناکا. وتی: رێکم خستن لەسەر ئەوە کە شەوێ پێنج جار ئیشی شەرعی بکەن و لەوەزیاتر نەبێ. ژنە رازی بوو. پیاوە هەڵیدایە وتی: قوربان پرسیاری لێ بکە ئەگەر پێویستم بە بەرکۆڵ و قەرز هەبوو ئەمداتێ؟ ژنە بەمەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


رازی بوو. لە پاش سێ ڕۆژ ژنە هاتەوە وتی: قوربان نەجاتم بدە لە دەستی. وتم: چی بووە؟ وتی: بە سێ شەو بەکۆڵ و قەرزی شەش شەوی لێ سەندگم. نایتوانم ئەم قەرزەی لەکوێ پێ ئەدرێتەوە.

**فەرهەنگی تەمەڵ :**

**حەکیم:** چەپەری مردن.

**چەهلی مورەکەب:** دوو سۆفی لەیەک شوێنا.

**دەوری بەرەحمەت:** لەفزی سێ تەلاقە

**بەدبەخت:** ئەو کەسەیە کە بە دەست کچەوە گیری خواردبێ.

**ماچ:** دەلالی ئەو شتەکە.

**خێرخوا:** ئەو کەسەیە کە پیرەژنێک بەوانێکێک بلاوێنێتەوە.

**رەسووڵ:** خێری خوای دوژمان.

**خاوەن پایە:** دوژمنی هەموو کەس.

**سەردار لەشکر:** پەتی گەسک.

**فەقێ:** هەر برسی.

**چەپەر:** خزمەتکاری خۆڕایی.

**پیاوی ئازا:** بە پیرمردنەوە چوو.

**داستان نووس:** پشیلەی ملاز لەکونی مشک گرتوو.

**نەخۆش:** سەرمایەی دوکتۆر.

**بەلاجەوی:** لۆتی نوێژکەر.

**واعز:** ئەوەی بیلێت و نەیکات.

**خۆشبەخت:** کەسێکە کە هەرگیز رووی حاکم و حەکیم نەبینێت.

**ژیری:** هەگبەی هەموو جۆرەباس و خواسێک.

**خاوەن ئەقل:** ئەو کەسەیە کە ئەقلی گوزەران و ژیانی نییە.

**خولام:** ژنی نەزۆک.

**دیوانە:** ڕێگر.

**مەلازادە:** کتێب فرۆشی بە هەرزان و تالان.

**ئەولاد:** خۆشی دڵ و ئازاری گیان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


**بێ مەزە:** وشکە مەعرەفەت.

**بێ خەم:** ئەو کەسەیە کە هەر بەکۆلانانا بە هیچ و پووچ ئەسووڕێتەوە.

**کەروێشک:** لەشکری شکاو.

**سەرگەردان:** لووسکەی بێ مشتەری.

**بەرتیل:** گێڕی ئۆتۆمۆبێل.

**هاوشاری:** کەسێکە کە هەر لە باوباپیریەوە عەیبی یەکێکی‌تر هەر لە باوباپیریەوە ئەزانێ.

**مورتەد:** برا لەماڵی خوشکدا.

**دڵتەنگ:** باوک لە ماڵی کچدا.

**ناچار:** قەرزار.

**ئەکابر:** بەنگکێشی پەنامەکی.

**هیچ:** وڵامی ئیشی خراپ.

**زستان:** ئاوی کەپوو.

**هاوین:** کێری درێژ.

**فاتحە:** سەرمایەی دەرۆزەکەر.

**بسمیللا:** ئەگەر تێری، مەخۆ.

**باوەحیر:** ئەو کەسەی لە نیشتمان هەڵدێت.

**ماچ:** دیسان بەر کۆڵی وانێکەکە.

**تەوبە:** پشتیوانی گومراهان.

**حافزی قورئان:** گویندەی خوا.

**شکات:** بێزاری لەدۆستە کۆنەکان.

**فەلاکەت:** ئەنجامی زانیاری.

**پیسی:** شتێکە لە هەنگوین شیرینتر بێ.

**پارەدار:** بێ ئیشتها.

**متوکل:** چاو لەدەرگا.

**داخدار:** باوکێ بە ناوی کوڕەوە ناو دەرکا.

**مردووشۆر:** ئەو کەسەیە کە کێریک ئەشوا هەڵناستێ.

**هەر بەرۆژوو:** وانێکی پیرەژن.

**خوانی یەغما:** ئەو کوڕەیە کە ئەکەوێتە بەر پەلێ ئاغەگەلێ هەتیوباز.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- خەلیفەحەمەسالح هەبوو لەسولەیمانی خەلیفەی مالی شێخ بوو. رۆژێک خۆی کۆ ئەکاتەوەو ئەچێ بۆ زیارەتی مالی شێخ. شەوێ ئەچێتەدیێ تەرەمارو ئەچێتەمزگەوت. بە رێکەوت بەچکەدەروێشێکی جوانکەلەش لەوێ ئەبێ. خەلیفەحەمەسالح مرخی لێ خۆش ئەکا.

فەقێکان هەست بەمەئەکەن. لە نیوەشەوا ئەچن بە هێواشی بەچکەدەرویش لەشوێنەکەی خۆی هەلئەگرن ئەیگوێزنەوەبۆ لایەکی تر. مجەورێکی گژن لەوێ ئەبێ کە رقیان لێ ئەبێ ئەو ئەخەنە شوێنەکەی. خەلیفەحەمەسالحیش ئاگای لەمە نییە. لەپاش نیوەشەو ئەچێتەلای کابرا و لێی توند ئەکا. کابرا هاوار ئەکا یاغەوسی گەیلانی! خەلیفەحەمەسالح رائەچەنێ و ئەلێ: من یاغەوسی گەیلانی، لەقوزی دایکی ئەو کەسە بەم تۆی خستۆتە شوێنی ئەو.

- شێروان عەلی ئەمین گێرایەوە وتی:

لەم سەردەمانەی دواییەدا تەنەکەچیەک هەبوو لەسولەیمانی وەستا فەتحوللای ناو بوو. رۆژێک کابرایەکی عەرەب ئەچێتە لای داوای لەوحی لێ ئەکا. ئەویش هیچی لێ تێ ناگا. لە عەرەبیشدا تەنها وشەی «یابە» ئەزانێ و یچی‌تر. کابرای عەرەبیش لە وشەی «کاکە»وە بەولاوە هیچی‌تر نازانێ. کەچی هیچیان لە هیچیان تێناگەن. لەئەنجاما وەستا فەتحوللا دەستی بەرز ئەکاتەوە دەست ئەکا بەپلتۆک لێدان و بە دەمیش ئەلێ: «یابە هەی لنگ لنگ و دنگ دنگ هەیە دنگ دنگ».

کابرای عەرەبیش نە لە لنگ‌لنگ و دنگ‌دنگ تێ‌ئەگا نە لە پلتۆک لێدانەکەی پێی ئەلێ: «شتگول». ئەویش وەکوو بە رِوی لەدەما هەلتوقێبێ بەکوردی پیا دێت ئەلێ: لەوحەکان دوو جۆرن جۆرێکیان تەنکن کە پلتۆکی لێ ئەدەی دەنگەکەی دەنگ ئەداتەوەو زینگەی لێوەدێ ئەلێ: لنگ لنگ لنگ؛ جۆرەکەی‌تریشی ئەستوورە کە پلتۆکی لێ ئەدەی دەنگەکەی ئەلێ: دنگ‌دنگ‌دنگ؛ جا جەنابت کامیانت ئەوێ؟

کابرای عەرەب لەم فەرمایشانە سەری سڕ ئەمێنێ و دەمی ئەبێ بەتەلەی تەقیوەو لێ ئەدا ئەڕوا؛ چونکە لە هەوەلەوە لە لنگ و دنگ تێ‌نەئەگەیشت. ئێستە ئەم ڕیس و گوریسەشی هاتەسەر هەر بەتەواوی سەری لێ تێکچوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- محەمەد ئەردەڵان حاکم بوو لە هەڵەبجە. لەو سەردەمە ژنی هێنابوو لەپشوودا بوو. میرزا غەفوور هەبوو هەر لەو سەردەمەدا و هەر لە هەڵەبجەدا، پیاوێکی کوردی جافی لابوو ناوی «براحەمە» ئەبێ، ئەینێرێ بۆ بازاڕ نازانم چی بۆ بکڕێ. کەچی لەبەر ئەوە کە زۆر کەس لە ئەهلی بازاڕ لەو وەختەدا لە بانگیشتنی ئاهەنگەکەی محەمەد ئەردەڵان ئەبن دوکان کەمتر هەبوو. براحەمە شتەکەی بۆ ناکڕێ بەدەستی خالی ئەگەڕێتەوەو ئەڵێ:

بازاڕ چۆڵ بوو حوکومەت ژن دێنێ.

- پیاوێکی خوا بیامەرز هەبوو لەسەردەمی حوکومەتی عوسمانیدا کار بەدەستێکی تۆزێ گەورە بوو. حوکومەتی عێرا ق دامەزرا پلەیەک لەئیشەکەی هاتەخوارەوە. هەر چەند ساڵێ پلەیەکی‌تر ئەهاتە خوارەوە، هەتا هاتەسەر میرزا «کاتب»، بە ئیستلاحی ئەم دەورەیە. چووە لای شێخ سەلامی شاعیر پێی وت تۆ کەین و بەینت لەگەڵ ئەمین‌زەکی‌بەگدا هەیەو ئەویش ئێستە وەزیرەو لە سەر ئیشە، بەڵکوو بمبەی بۆ لای پێی بڵێیت پلەیەک سەرم خەن و لەسەر ئەم کاتبیە لام دەن.

شێخ سەلامیش ئەڵێ باشەو لەگەڵ خۆی هەڵیئەگرێ ئەیبات بۆی لای ئەمین زەکی بەگ. ئەچن و دائەنیشن و پاشان بە ئەمین زەکی بەگ ئەڵێ: قوربان! ئەمە فلانە کەسەو دراوسێی خۆمانە. هەر لە کۆنەوە کاربەدەست بووە. هەر ڕۆژەنا ڕۆژێک پلەیەک هێناویانەتە دواوە. ئێستە هاتۆتە لای من کە بیهێنم بۆ خزمەتت بۆ ئەوە بە هەر جۆر بووە بەڵکوو ئیشێکی وا بکەن پلەیەکی‌تر بیهێننە خوارەوەو بیکەن بەفەڕاش.

کاکی خوا بیامەرز کەگوێی لەمە بوو هەر لەوێدا بەربووە جنێودان و قسە وتن بەشێخ سەلام: هەی ناجسن! من تۆم بۆ ئەوە هێناوە کە بمکەی بە فەڕاش یا سەرم خەی؟

شێخ سەلامیش تێی بەربوو وتی: هەی ناجسنی ماڵ وێران! تۆ ئەوەیتە هەر وەکوو میزی حوشتر هەر بەرەو دوا ئەگەڕێیتەوە، تازە ئەتەوێ سەرکەویتەوە؟ هیچ شتێکی‌تر نەماوە بتکەن بەوە تەنها فەڕاشی نەبێ. من وتم بتکەن بەفەڕاش و ئیتر دوای ئەوە هیچی‌تر نامێنێتەوە کە بتکەن بەوە بۆ خۆت ڕزگارت ئەبێ.

ئەمین زەکی بەگیش بەم کارەساتە پێکەنین ئەیگرێ و لام وایە ئیشێکی بۆ خوابیامەرز کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لەگوندی «وەرتی» لەو خۆشناوەتییە خەڵکەکە کۆ بوونەوە وتیان بچین بۆ لای میر بۆ دیدەنی و ئەبێ دیاریشی بۆ بەرین. هاتنە سەر ئەوە کە «نێری»یەکی بۆ بەرن. بەڵام «حەچە» بەبێ دەستنوێژ بچێتە خزمەتی میر نابێ. هێنایان خستیانە حەوزێکەوەو لە ئاوەکەیان هەڵئەکێشا. هەرکە دەریان ئەهێنایەوە «نێری»خۆی رائەوەشان بۆ ئەوەی ئاوەکە لە خۆی بتەکێنێ ترێکی ئەکەند. ئەیانوت: پەککو دەستنوێژەکەی شکا. بە هەر جۆر بوو دەستنوێژیان پێ گرت و ترکەندن دوایی هات. بردیان بۆ میر و میریش سەرو جووت کەوشی سووری بە خەڵات دانێ و گەڕانەوە.

لەگەڕانەوەدا هەموو لەسەر تاشەبەردێک دانیشتن و قاچیان شۆڕ کردەوە سەیری کەوشەکانیان ئەکرد. پاشان سەریان لێ تێکچوو نەیانزانی کامەقاچی کامیانە تا هەڵیکێشنەوە هەروا رەپ لەوێ مانەوەو رۆژ درەنگ بوو. لەئاوایی چاوەڕیان ئەکردن. لەئەنجاما هاتن بە دەنگیانەوە سەیریان کرد هەموو لەوێ وشک دانیشتبوون و قاچیان راکێشاووە. ئەوانیش سەریان لێ تێکچوو نەیانزانی چۆنیان هەڵسێنن.

ئەمجا «مامۆتک» هات دارێکی هەڵگرت یەکەیەکە ئەیدا بەقاچیان، دیارەئێشی پێ‌ئەگا قاچی ئەجووڵانەوە. مامۆتک ئەیگرت و بەخاوەن قاچی ئەوت: ئەوە قاچی تۆ. ئەویش هەڵێ ئەکێشایەوەو ئەڕۆیشت. کە هەموو رۆیشتن وتیان: «ئەگەر مامۆتک نەبوایە ئێمە لێرەدا هەموو ورچ و دەعبا ئەیخواردین».

- هەر لەگوندی «وەرتی» دوو کەس هەڵئەستن ئەچن بۆ راوەمێش. «مەگەز»گەلێک ئەسووڕێنەوە هیچیان دەست ناکەوێ. لەئاخرا لەسەر کانیەک دائەنیشن، کوتوپڕ مێشێک ئەنیشێ بەناو چەوانی یەکێکیانەوە. ئەوەی کە مێشەکەی بەناوچاوەوە نیشتۆتەوە بەبێ ئەوە قسە بکا «فیتۆیەک» بۆ کابرای هاوڕێی دائەهێڵێ و بە پەنجە ئیشارە ئەکا بۆ ناوچەوانی خۆی و ئەڵێ: ئەوە مێشێکە بیکوژە.

کابرای هاوڕێی فیشەک ئەخاتە بەر تفەنگ و تەقەگوللەیەک ئەنێ بەناو چەوانی کابراوەو ئەیکوژێ. دیارە لەو وەختەدا کابرا دەم و لێوی لێک ئەبێتەوەو ددانی دەرئەکەوێ. ئەمجا ئەویتر پێی ئەڵێ: ما گرەکەی ئەکەی؟ ما لێم نەدایە؟ یانێ بۆچ پێ‌ئەکەنێ؟ بۆچی لێم نەداوە؟

- لە «وەرتی» ئەڵێن: هەموو شت ئەچێنرێ چما خوێ ناچێنرێ؟ چەند کەسێک ئەچن خوێ ئەبەن ئەیپرژێنن بۆ ئەوە بڕوێ. پاش ماوەیەک ئەچنەوە بزانن شین نەبووە. دیارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هیچی دیار نییە. یەکێکیان بەردێک لەناو وەردەکە هەڵئەگرێ بۆ ئەوە بزانێ خوێکە چەکەرەی کردووە یان نە؟ بە ڕێکەوت دووپشکێک لەژێر بەردەکەدا ئەبێ، بەچەکەرەی ئەزانێ. هەڵیئەگرێ و ئەیبا بۆ دەمی بۆ ئەوەبیچێژێ. دووپشک ئەدا بەسەری زمانیەوە ئەڵێ:

پەککو ماشەڵلا چەند سوێر و تیژە! چ بڕان ناخورێ.

## لەبارەی حاجی مەلاڕەحمانی شەرەفکەندیەوە

هەژاری شاعیر گێڕایەوە وتی:

جارێک سۆفیەک لە حاجی مەلاڕەحمان ئەپرسێ قوربان ریش هێشتننەوە لە شەرعا خێری زۆرترە؟ ئەویش ئەڵێ: جا سۆفی چی لەوە خێری زۆرترە؟ بەخوا لەو ڕۆژەوە من ریشم بەر داوەتەوە قوونم حەساوەتەوە. جاران ئەگەر جنێویان پێ بدامایە ئەیان وت: های لەقوونی بەم، ئێستە هەر دەڵێن های لەبن ریشی بەم.

- مەلا کەرەمی گوڵ -کە سووخۆرێکی بەناوبانگ بوو- مردبوو. لەخانەقای شێخی بورهان ناشتبوویان. کەس و کارەکەی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە حوجرەی شێخ محەمەد دانیشتبوون. حاجی مەلاڕەحمانیش لەوێ بوو. شێخ محەمەد داینا وتی: قوربان باوکم وەسیەتی کردووە ئەم کەوڵە بۆ جەنابت بێ. منیش وا ئێستا هێناومەتە خزمەتت. شێخیش لەبەر ئەوەکە مەلاکەریمی ئەناسی و ئەیزانی ئەم کەوڵە لە پارەی سوو پێکەوە نراوە بەحەرامی ئەزانێ، نەیویست. وتی: ڕۆڵە من پیر بووم و تاقەتی کەوڵ لەبەر کردنم نەماوە. لەبەر ئەوەنامەوێ.

کوڕو کەس و کاری مەلاکەریم وتیان قوربان یا ئەبێ لێمان وەربگری یا ئەبێ بمانکوژی؛ نابێ وەسیەتی ڕەحمەتی بشکێ. شێخیش وتی: باشە وەری ئەگرم. ها حاجی مەلا ڕەحمان با بۆ تۆ بێ. ئەویش وتی: بێنە قوربان باشە با بۆ من بێ، میراتی کەر بۆ کەمتیارە. ئیتر کەس نەما لە بەر پێکەنین تەنانەت کەس و کاری مردووەکەش.

- شای ئێران عەسایەکی بەخەڵات دابوو بەحاجی بابەشێخی جەمیان کە سەرەکەی جەواهرات بوو. شەوێک دز ئەچێتە ماڵی حاجی بابەشێخ گەلێ شت ئەدزن. لەگەڵ شتەکانا سەرەعەساکەش ئەدزن. ئەو شەوەش حاجی مەلاڕەحمان لەجەمیان ئەبێ. بەیانی ئەگەڕێتەوە بۆ «قەرەگوێز» لێی ئەپرسن ئەرێ حاجی مامۆستا ماڵی بابەشێخیان زۆر دزی بوو؟ ئەویش ئەڵێ: «ئەرێ وەڵلا بابەلێ سەرەعەساکەشیان لێ بردبوو».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- رۆژێک ئەحمەد ئاغای قاقلاوا (کەسەگە نێریشیان پێ ئەوت) لە زەمبیل ئەبێ. حاجی مەلاڕەحمانی شەرەفکەندی لێی ئەپرسێ: ئەرێ ئاغا بیستوومە ئەتەوێ قاقلاوا بفرۆشی و بچێتەناو گەورکان؟ خۆ قاقلاوا زۆر خۆشە بۆ ئەوەئەکەی؟ ئەویش ئەڵێ: بەخوا قوربان فێری ناو چۆم و ئاو نەبووم و لێی نازیم.

حاجی مەلاش وتی: جارێک کابرایەک بەناو بازاڕی عەتارەکانا ئەڕوا، لەپڕ ئەکەوێ و لە هۆش خۆی ئەچێ. حەکیمێکی بۆ دێنن. حەکیم هەر چەندەخەریکی ئەبێ کابرا چاک نابێتەوە. پاشان ئەپرسێ: ئەم کابرایە ئیشی چی بووە؟ ئەڵێن: لەدەباغخانەئیش ئەکا. ئەویش هەر گورج دەرپێکەی دائەکەنێ تەپێ گوو لەبەر لووتی کابرا دائەکا. کابرا هەر بۆگەنەکە ئەچێ بە لووتیا پژمەیەک ئەدا و راست ئەبێتەوە. بەڵێ پیاو کە فێری شتێک بوو زۆر سەغڵەتە دەستی لێ هەڵگرێ.

- حاجی سەعیدی مەلاحەسەنی عەلاف بۆی گێڕامەوە وتی:

لە گەڵ مەلاحەمەمینەشێتە لە سولەیمانی بڕیارمان دا کە حەمووشاغا بچێت دایکی خۆی لێی مارەکا. حەمووشاغا ئێمەی هەڵگرت و چوینەلای مەلا حەمەمین پێی وت:

مەلاحەمەمین من دایکم هەر چەندە پیرە بەڵام جوانە. ژنێک دێنێ ئەمەوێ لێتی مارەکەم؛ چونکەلام وایە شتی شەرعی ئەوێ. ژنێکیش کە ئەوەی ویست بەشەرع دروست نییە لە ماڵا بمێنێتەوە. تۆیش خۆت ئەزانی ئەمە بۆ نان نییە چونکە من دەوڵەمەندم و نانم زۆرە. بۆ نان بەدەست دایکمەوە دانەماوم، بەڵکوو -شەرع شەرمی بۆ نییە- بۆ گانە.

مەلاحەمەمینیش وتی: باشە، مادام شتەکە بە ئەمری شەرعە منیش سەرم لەبەر دەمیایە. حەمووشاغا وتی: ئاخر وانابێ ئەبێ قەوڵ و قەرارێک هەبێ لەبەینا. مەلا حەمەمین وتی: قەوڵ و قەراری چی؟ حەمووشاغا وتی: حەفتەی چەند جار ئەو ئیشە شەرعییە ئەبێت؟ مەلا حەمەمین وتی: حەفتەیەک جارێک. حمووشاغا وتی: کەمە. مەلا حەمەمین وتی: بابە حەفتەیە دوو جار.

مەسەلە لەسەر ئەمە بڕایەوەو پێنج دینار بەیعمان لە مەلاحەمەمین وەرگرت. لەوە زیاتری پێ نەبوو. حەمووشاغا وتی: ئەمە نابێ، من کەفیلم ئەوێ. ئەگەر حەفتەیە دوو جار نەبوو من چی جوابی دایکم بدەمەوە؟ قەرارمان دابچینەلای حاجی برایماغای خەفاف ئەو ببێ بەکەفیل. مەلاحەمەمینیش رازی بوو وتی: باشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabar.org

چووین بۆ لای حاجی برایماغا و کارەساتەکەمان بۆ گێڕایەوە، وتمان ئەوا هاتوین جەنابت ببی بەکەفیلی مەلاحەمەمین. حاجی برایماغا وتی زۆر باشە، بەلام با مەلاحەمەمین ئەوەبزانێ کە مەعنای کەفالەت ئەوەیە ئەگەر ئەو ئەو ئیشەی پێ نەکرا ئەبێ من بیکەم.

لێرەدا مەلا حەمەمین تووڕەبوو دەستی کرد بەجنێودان بە هەموومان وتی: ئێوە ئەتانەوێ بە هەمووتانەوە شەرەفی من بشکێنن و عەرزەو نامووسم لەناو بەرن. من ئەمەناکەم هەر خۆم ئەبم بە کەفیلی خۆم. حەمووشاغا وتی: دە سا وەللا مەلاحەمەمین من بەبێ کەفیل شتی واناکەم و ناتکەم بەزاواى باوکم؛ بڕۆ خوات لەگەڵ.

– حەمووشاغا ئەکەوێتە بیریکەوە. حاجی حەسەنی خەفاف دەری دێنێ. پاش ئەوە ئیتر هەموو جار ئەیکوتایەوە بەچاویا. ئاخری رۆژێک پێی ئەڵێ: حاجی حەسەن کەم بیکوتەوە بە چاوما، وەرەتۆ بچۆ خۆت بخەرە بیریکەوە، نان و کەبابێک ئەکڕم بۆ قادراغای عەبدولفەتاح بێت دەرتبێنێ. ئەو وەختە هیچمان لە هیچ. تەنها ئەوە نەبێ تۆ نان و کەبابێک قەرزار ئەمێنیتەوە.

– عەبەی حەمەخەیات لەگەڵ حەمووشاغا وەختی خۆی لای حاجی عەبدولوەفا بوون. پاشان عەبەخەیات بوو بەحاجی و دەولەمەند بوو. رۆژێک ئەچنەلای حەمەسەعید خەفاف، حەمووشاغا بەحەمەسەعیاغا ئەڵێ: ئاغا بۆی بنووسە یەکێ لەحەجەکانیم بۆ حەواڵە بکا بەلام حەجی دووهەم و سێیەم نەبێ، چونکەپارەی ئەوانەی بە مووشێن پەیدا کردووە.

– لەقسەی هاوچەرخان:

– بەگەمیران هەبوو رۆژێک لە هەولێر لەگەڵ «معلم»ێکدا ئەبێ بە شەڕیان و شەڕەکە زل ئەبێ. پاشان بە موعەلمەکە ئەڵێ: سەگباب! تۆ کوو لەگەڵ من شەڕ ئەکەی؟ من ژنەکەم موعەلمە هەموو شەوێ جارێک سواری ئەبم.

– محەمەد شەریف بۆی گێڕامەوە وتی:

لەو ولاتە دوو برا هەبوون، پیرداود و پیرمەم. پیرداودیان وا دیار بوو هەر سەرەتاوە دەعباکەی ئیشی نەئەکرد. بەکوردی هەڵنەئەستا. لەم رووەوە دائمەن ماتەمبار و بە پەژارەبوو، ناهەقیشی نەبوو چونکە بێبەش بوو لە بەشێکی زۆر گەورەی ژیان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەویک دنیا زۆر سارد بوو بەڵکوو بەفر و کڕیوە بوو. هەردووکیان پێکەوە لە باخەڵی یەکا نووستبوون. لە نیوەشەودا پیرداود دەستی بەدەعبا کەوت سەیری کرد –بلامانێ– ڕاست بووەتەوە، گرتی و بەدەستەکەی‌تری دەستێکی ژەند بە پیر مەمی برایەوە وتی: برام خوا کردوویەتی وا دەعباکەم ڕاست بووەتەوە بەڵکوو بە هەر جۆر بووە بە پەلە یەکێکم بۆ پەیدا بکەی بچمە لای تا هەلم ل ەدەست دەرنەچووە بەڵکوو ئەم تلیسمە بشکێ و ڕزگارم بێت لەو دەردە نەفسییەو بۆ خۆم لە پاشا ژنێک بێنم و ببم بەخاوەنی ماڵ و منداڵێک. پیرمەم وتی:

برام ئەمە قسەیە تۆ ئەیکەی؟ جارێ ئێستە ئەم تۆفەیە ماڵەو ماڵ هەر ناکرێ. ئەوا کراش بەدەم و دەستە تا تۆ کێرت نەنیشتۆتەوە من ئەم یەکەم لەکوێ بۆ پەیدا ئەکرێ؟ سێیەم ئەو شتە کە تۆ گرتۆتەو بە هی خۆتی ئەزانی ئەوە هی برای خۆتە گرتۆتە.

– ڕوپیە لە عێراق باوی هەبوو، دینار هات بەسەریا. کابرایەکی برین‌پێچ هەبوو لە هەولێر، پیاوێکی بەدیمەن و کەلەگەت بوو. هەموو سەرشان و بەرۆکی خۆیشی پڕ کردبوو لەنیشان و جوققە. لە هەر شوێنێک دائەنیشت ئەو شوێنە چاخانە وەیا چێشتخانە بوایە پارەی دانیشتوەکان هەموو ئەو ئەیدا. لەم ڕووەوە حەماغایەک بوو بۆی خۆی.

جا لێیان ئەپرسێ کاکی خۆم، تۆ ئەم پیاوەتی و بەخشندەییە ئەکەی مانگانەکەت چەندەوا بەم جۆرەئەکەی؟ ئەویش خۆی نەئەشکان ئەیوت: من و ڕەئیسی سحە پەنجا و پێنج دینار مانگانەکەمانە. بە مەرجێ مانگانەکەی ڕەئیسی سحە پەنجا دینار بوو، هی ئەو پێنج دینار بوو. بەڵام وای بەلاوە گەورەیی بوو کە خۆی بخاتەپاڵ ئەو.

– مەلا جەمیل گێڕایەوە وتی:

ئەوا لە کەرکووک دوو ژن نیشتوونەتە سەرو بەچکی یەک و یەکتریان کەلەلا کردووە. لەو وەختەدا ئەوان بەو جۆرە لە شەڕدان ژنێکی لای ئێمە –ڕۆژبەیان– »کۆلێ کنگری پێ ئەبێ ئەچێ بەلایانەوە ئەڵێ: خوشکم کنگر ناکڕن؟

– مەلا تۆفیقی حاجی برایم ناردی بۆ ڕشتە وتی:

لەو دەشتی بازیانە لە گوندێ کابرایەکی سەپان ژنێکی جوان و جحێلی ئەبێ لەگەڵ دایکێکی پیرا. ئەم ژنە دۆستێکی ئەبێ. بە دۆستە ئەڵێ: شەو کە هاتی لەو دیوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەپەرەکەوە گوێ هەڵخە. ئەگەر ئامۆژگاریم کردی بەو پێیە برۆ بەرێوە؛ ئەینا بگەڕێوە. شەوێک وا ڕێ کەوت مێردەکەی چوو بۆ سەر خەرمان. کاتێ کە دۆستەکەی دێ و دەنگی پێی دێت بەم جۆرە ئامۆژگاری ئەکات. بێشکەکە ڕائەژەنێ و ئەڵێت:

ڕۆڵەلای لایە، ڕۆڵەلای لایە باوکت هەستاوە چوەتە چیایە
پێخەفی بردووەو ئەم شەوەنایە تا بەیان ئەڕوا هیچ دەنگی نایە
ئەو سەگەی ماڵمان ناوی زەنگینە خەسووشم تۆزێ گوێچکەی سەنگینە
وا لەلای چەپم بۆ خۆی خەفتینە بێشکەی کۆرپەکەش لای سەر کەفتینە
کە هاتیە ژوورەو کۆڵەکەی ماڵە تۆزێ لەم لاتر تەنوورەو چاڵە
خۆت لادە لێیان بێرە لای ڕاستم دەست بکەرە ملم هیچ مەکە باسم
ڕۆڵە لای لایە، ڕۆڵەلای لایە دەردت لەگیانم بۆچ خەوت نایە

بەم جۆرەو لەسەر ئەم نیشانانە کاورای دۆستی ئەچێتە لای ڕاستیەوەو تابەیانی بۆ خۆیان پێکەوە ڕائەبوێرن.

- بۆیان گێڕامەوەکەلەسولەیمانی لەگەڕەکی سەرچیمەن مەلاکەرەم وەیس ناوێک هاتووە ئەوێ پیشەی هەر کتێب گرتنەوە بوو لە گەڵ نووشتە نووسینا. ژنێکی زۆر ناشیرین و ناقۆڵای هەبوو ناوی خاحەنیف بوو. مەلا ئارەزووی لێ نەئەجوولا لەبەر ناشیرینی. ڕۆژی مەلا ئەچێ بۆ کتێب گرتنەوە لە کاتی نیوەڕۆدا دێتەوە بۆ ماڵەوە پاڵ بەدەرگاوە ئەنێ و ئەڵێت حەنیف خێرا دایکەنە لە ماڵی پاشچاوەش ڕەقم کردووە هەتا نەنیشتۆتەوە.

حەنیف ئەڵێ: جارێ دەستم لە هەویردایە. مەلا ئەڵێ: کچێ! کە نیشتەوە ماڵی پاشچاوەشێکیترم لە کوێ دەس ئەکەوێ ڕەقی کەمەوە؟

- دوو دێ هەیە لەو موکریانە، یەکێکیان «سەراو»ی ناوە، ئەویکەیان «بناو»ی ناوە. حەمەی یۆسۆجان هەبوو پیاوێکی ئازا و بەدەسەلات و لەجافەکان بوو. شکاتیان بردەلای حاجی برایماغای عەنبار بۆ ئەوە بۆیان ساغ کاتەوە.

. ئەویش وتی: بیخەنە حەوزەکەی بۆکانەوە، ئەگەر کەوتە سەرئاوەکە ئەوە هی سەراویەکانە، ئەگەر کەوتە بن ئاوەکە هی بناویەکانە. حەمەی یۆسوجانیش وتی: بەراستی ئاغا حوکمێکی چاکت کرد. لە هەر دوو بارا من ئەخنکێم و تۆیش بەئاقڵ دەرئەچی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- محەمەدمەلاشەریف بۆی گێڕامەوەوتی: لەگوندی «گۆمەشین» لەو خۆشناوەتیە مام ئەولا کچێکی هەشت سالانی هەبوو ناوی خەجەبوو. کوڕێکی برازاشی هەبوو داوای خەجەی ئەکرد کە مامی بیداتێ. خەجەش ڕاوەستا بوو مام ئەولاش ئەیوت: کوڕم زۆر منالە چۆن ئەبێ؟ خەجە لەو ناوەدا هەلّیدایە وتی: بەخودای بابە هیچ پەک لەمن ناکەوێ. مام ئەولای هەژار دەمی بوو بەتەلّەی تەقیوەوە ناچار دایەو ڕاستیش بوو خەجە هیچ پەکی نەکەوت.

- مەلاکەی گوندی «هێرۆ» کتێبێکی تەفسیری لەبەردەستا بوو موتالای ئەکرد. کتێبەکە دەستنووس بوو، بە خەتی گەورەو حاشیەی ورد و سور نووسرابووەوە. سۆفی شەریفێک بەلایەوە دانیشتبوو ئەویش سەری شۆڕ کردەوە بە سەر کتێبەکەدا و پەنجەی خستەسەر خەتە دروشتەکان وتی: مامۆستا ئەمانە ئەخوێنیتەوە؟ مامۆستا وتی: ئا. سۆفی شەریف وتی: ئای سەگ مەلا، ئەمجا پەنجەی خستەسەر خەتەوردەکان وتی: ئەم وردانەش ئەخوێنیتەوە؟ مامۆستا وتی: ئا، سۆفی وتی: ئای بەراز مەلا. وتی: ئەی ئەو سوورانە؟ وتی: ئا. وتی: ئای نێرەکەر مەلا. مەلاش وتی: بەسەبەسە سۆفی هەمووی ئەخوێنمەوەئیتر هیچ نەماوە.

- ئەحەی چاو جارێک زستان ئەبێ ئەچێ بۆ حەمامی مفتی لەسولەیمانی. کە دێتە دەرەوە لە دەرگای حەمام دەرئەچێ «با» لێی ئەدا یەکێ لە هێلکەگونەکانی چرچ ئەبێ و ئەچێ بەناوا. ئەمیش ئەگەڕێ بەشوێنیا و ئەگەڕێتەوە بۆ حەمامەکە.

فەرەجی حەمامچی لێی ئەپرسێ ئەوەبۆ گەڕایتەوە؟ ئەلّێ: ئەم حەمامەدزی تێدایە، یەکێ لە هێلکەگونەکانمیان دزیوە. لەم قسانەدا ئەبن هەوای گەرم لێی ئەدا هێلکەگون شۆڕ ئەبێتەوەو دێتەوە شوێنی خۆی.

مامەحەمەد هەست بەقورساییەک ئەکا و دەست بۆ ناو لنگی خۆی درێژ ئەکا سەیر ئەکا هێلکەگون لەشوێنی خۆیەتی. ئەلّێ: فەرەج دۆزیمەوە شتێک کە دەستی دزی لێ نەکەوێ هەر ئەدۆزێتەوە.

- حاجی محەمەدی عەنبەر یەکێک بوو لەنوکتەبێژەکانی سولەیمانی و لەو کەسانە کە قسەی نەستەقیان هەبوو، پێکەنینیش نەبوو. ئێوارەیەک کاتی نوێژی شێوان بوو لەمزگەوتی شێخ جەلال لەسولەیمانی. *ئەو وەختە ترومپایەک لەبەر سەکۆی مزگەوتەکەدا بوو ئەم ئاوی*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بە لۆعەو مەلۆعەیە دانەهاتبوو. شێخ جەلال لەناو محرابی سەر سەکۆکە قامەتی بۆ کرابوو هی نوێژی شێوان. خەڵکەکەش هەموو لەپشتیەوە راوەستابوون.

نیەت دابەستراو نەبەسترا کابرایەکی چەتەولی خەڵکی ئەو شارەزووره هەر لەدوورەوە هات تینوی بوو چووەسەر ترومپاکە ئاو بخواتەوە. هەر چەند بەدەوریا هەڵسوورا نەیزانی چۆن ئەکەویتە گەڕ. حاجی‌محەمەد لە سەفی پێشەوە لە نیوەی نیەتا بوو هەر خێرا دەرپەڕی بازی دایە خوارەوە چووە سەر ترومپاکەو بەکابرای وت: باوکم تینووتە؟ وتی: ئا، برا. وتی: دەدەم بنێ بە لوولەکەیەوە. دەمی نا بەلوولەی ترومپاکەوە دەستی دایە دەسکەکەی و خستیە جوولە. تا ئەم ئەمەی کرد خەڵکەکە هەموو نوێژیان دابەست.

کە ئەو دەستی نا بەدەسکی ترومپادا ئاو باسقەنەی بەست، لە لووت و گوێی کابراوە ئاو دەرپەڕی. کابراش دەمی گیر بووە لە لوولەی ترومپاکە، هەر چەندە مل با ئەدا دەمی بەر نابێ. حاجی‌محەمەدیش هەر خێراخێرا دەسکی ترومپا بائەدا و ئاو هەر زیاد ئەکا و ئەڵێ: دەباوکم تێر بخۆرەوە.

خەڵکەکەلەناو نوێژەکەدا دەستیان کرد بە هیلکە هیلک و پێکەنین و هەموو نوێژیان بڕی. لەو لاشەوە کابرا بەلادا هات. چەند کەسێک چوون دەسکی ترومپاکەیان لەدەستی حاجی محەمەد سەند ئاو وەستایەوە. بە هەر جۆر بوو دەمی کابرایان لە لوولەی ترومپاکە بەرەلا کرد، دەستیان بەسکی کابرادا هێنا ئاوەکەیان لە سکی دەرکرد و کابرا بە هەر جۆر بوو هاتەوە هۆش خۆی.

حاجی محەمەد وازی نەهێنا چوو بەلایەوە پێی وت: باوکم تێرت خواردەوە؟ کابرا وتی: هەی دەویت باوک! ئەمە کەتن بوو تۆ وەمنت گێڕا! وتی: برا چی بووە ئاوم دایت. یەکێ چووە شارەوە لوولە کەواوی خوارد ئەی نابێ ئاو بخواتەوە؟ کابرا وتی: هەی بچۆ دەویت باوکەی شارییە! ریامەگۆڕ باوکتانا! شەرت وێ وەشەرتی خوا چوومەوە قسنەکەی سەی ساق بگرم بالانتەرانتان بۆ بنێرێ هەزار شەقتان تێهەڵدات و گشتان گول بکا. بۆچی وا ئەزانن ئێمە عەشیرەتین. کابرا رۆیشت و ئەوانیش نوێژیان دابەستەوە.

- مزگەوتی حاجی مەلا رەسووڵ هەبوو لەسولەیمانی. بەینی نیوەڕو و عەسر بوو، کابرایەکی شارەزووری هاتبوو بۆ شار. لە بازاڕ کەوایەکی کڕیبوو چوەسەر تاتەبەردەکانی مزگەوتی حاجی مەلا رەسووڵ. کەوا شڕەکەی خۆی داکەندو ئەو کەوا تازەیە لە بەر ئەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کەوا بەو تازەییە هەر چەندی ئەکرد ناوقەدەکەی نەئەهاتەوە یەک. توندتوند رایئەکێشا و هەر ئەیوت: «یا غەوس! بکەم وەفنگ دایکتەوە وەسای خەیات بۆ کەوایەک پێت داگم».

ئەوەندە بە توندی لێ ئەنەوی زۆری لێکرد، کەوا شیرەیەکی لێوەهات و درا. لەو وەختەدا کابرا ئەوەندە بەتین ئەینەوی لە ئەم لاو ئەو لای کەواکە خۆیشی ترێکی کەند. گوێم لێ بوو وتی: ترو شیرەی وەگوڕ باوک خەیاتەکە! ئەم شارییە دەویت باوکانە ئێژی چوونە «بیسەلمێن» لادێی وەکافر ئەزانن. وەشیرە رازی ناون، ترێشیان گەرەکە.

- سەردەمی دەسەلاتی شێخ مەحموودی حەفید لە سولەیمانی، [شێخ] لە حاجی مستەفا پاشای یاملکی توورە ئەبێ و ئەمر ئەکا بیگرن. حاجی مستەفا پاشا کە ئەزانێ ئیش زۆر خەتەرەو ئەگەر لەو وەختەدا بیبە نەلای، شێخ مەحموود ئەیکوژێ، دیتەسەر ئەوە خۆی بشارێتەوە. هیچ پەنایەک نادۆزێتەوە ئەوە نەبێ کە پەلاماری قورئانێک بدات و بچێت بۆ گردی سەیوان.

بەپەلەپڕوزێ قورئانێک هەڵئەگرێ و ئەچێ بۆ گردی سەیوان. لەو کاتەدا پیاوەکانی شێخ مەحموود ئەیبینن و هەرا ئەکەن بەشوێنیا. ئەویش گورج لەسەر قەبرێک دائەنیشێ و دەست ئەکا بەقورئان خوێندن. پیاوەکان دێن ئەیگرن و ئەیبەن بۆ لای شێخ مەحموود.

شێخ دەست ئەکا بەقسەکردن و پێی ئەڵێ: تۆ ئیشی نابەجێ ئەکەی و قۆمیتەت لەدژی من کردووە. ئەویش ئەڵێ: یا شێخ! بە قەبری دایکم من ئاگام لە هیچ نییەو بەتەواوی تەرکی هەموو شتێکم کردووە. ئەوە لەو پیاوانە بپرسە بزانە منیان لەکوێ هێنا؟ من لەسەر قەبری دایکم بووم قورئانم بۆ ئەخوێند، حەقی زۆر بەسەرمەوەیە.

شێخ ئەم قسەیەی بەلاوەسەیر ئەبێ، چونکە ئەزانێ درۆ ئەکا. دایکی چی و قورئانی چی! لە گەڵ ئەمانەشا ئەڵێ: برۆ با خاتری قەبرە درۆزنەکەی دایکت بێ.

لەراستیشدا قەبری دایک نەبوو، هەروا چوو بوو لەسەر قەبرێک دانیشتبوو بۆ ئەو رۆژە کردبووی بەدایکی خۆی.

- عەزەشووکێ هەبوو جارێک رێی ئەکەوێتە ئەو ناو دزەیایەتیە ئەچێتە ماڵی حاجی سەلیم. ماڵی حاجی ساواریان ئەبێت. حاجی و عەزە پێکەوە دائەنیشن، حاجی ژن ساواری لێ نابوو چوو بوو بۆ کانی ژنان بۆ ئاو. عەزەش بە پەلە بوو ئەیەویست بروا. حاجی کوڕێکی لە ماڵ بوو وتی: رۆڵە هەستە لۆی تێکەو لۆی چەورکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


عەزەم عەزەبوو هەر هەستا لووس و باریک ڕۆیشت. حاجی سەلیم وتی بۆ کوێ؟ عەزەش وتی: نە ئەم نانە ئەخۆم و نە بیشمگێن، لۆی چەورکەمەعنای چییە؟

- کابرایەکی دەوری شاخەپیسکە ژنێکی خۆشناوی هێنابوو. ژنەکە ئەوەڵ شەو - بلامانێ- یەکێکی پیا هێنا. زۆر تەریق بووەوە. مێردەکەی دڵی دایەوە وتی: قەیدی نییە شتی وا نیشانەی ئەوەیە کە ساڵەکەی خۆش ئەبێت. ژنە تۆزێ کرایەوەو شەرمی شکا وتی: پیاوەکە! کەواتە با یەکێکیتریش بکەنم. پیاوە وتی: ئافرەت نا مەکە، عەمارەکە جێی هیچی تری تێدا نابێتەوە.

**بەبنچەو باوک و دایک نییە:**

پیاوێک هەبوو لە شار دوو کوڕی هەبوو. پیاوەکە خۆی زۆر بەدین بوو، کوڕەکانی گەورەکەیان کە ئەتوت دەنکی هەنارە لە پیاوەکە خۆی بەدینتر بوو. هەموو دەم هەر لەمزگەوتا بوو، سەری بڕۆیشتایە نوێژی نەئەڕۆیشت. بچووکەکەشیان دائمەن لەکۆڕی قومار و لەگۆشەی دوکانی عەرەق فرۆشەکانا بوو. کوڕە زیاد لەمە، حیزیش بوو.

هەر لەشار پیاوێکی‌تر هەبوو هەرچی خوا حەزی لێی نەکردایە ئەو ئەوەی ئەکرد؛ کەچی کوڕێکی هەبوو بە پێچەوانەی ئەو نوێژت لەسەر داوێنی بکردایە. بەراستی کوڕە وەلیەک بوو بۆ خۆی.

- کابرایەکی سیبیان ژنێکی هێنابوو، شەوێ کە ئەچێتە لای ژن تەماشا ئەکا ژنەبەری خۆی پاک نەکردۆتەوە. پێی ئەڵێ: ئافرەت ئەوا من مێرد و مەحرەمتم قەیناکا، بەڵام ئەگەر بەم حاڵەچوویتەلای یەکێکی نامەحرەم و بێگانە هیچ خەجاڵەتی ناکێشی و ناڵێیت عەیبە؟

- ڕەحمەتیەکە ئەیفەرموو:

ڕووڕەش: ئەو کەسەیە کە تووشی یارەکەی بێ و جێگا چۆڵ بێ کێری هەڵنەستێ.

هەروەها ئەیفەرموو خێرخوا: ئەو کەسەیە کە پیرەژنێک بەگانێک بلاوێنێتەوە.

- شێخ هادی پشدەری ناردی بۆ ڕشتە وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کوڕێک لە دووز چوو بۆ زوبەیر. ئەم کوڕە ئاشێکیان هەبوو لە دووز دایکی ولامی بۆ نارد کوڕم وەرەوە. ئاو هاتوەسەر کاری ئاشەکە بکە با بکەوێتەوە گەڕ نانێکی لێ بخۆین. کوڕەش ولامی بۆ ناردەوە وتی: دایە سمتێک لە زوبەیر بۆ نان خواردن هەزار ئاشی دووز دێنێت.

- عەزیز بەگ هەرچەندە چاوی نەمابوو، بەلام ئەوەی خوارەوەی هەر لەکارا بوو. ڕۆژێک لەو دەشتی لای کانی ماسییە ماکەرێکی ئەگا، ماکەر ئەتڕی و ئەو شوکری ئەکرد. نەشی ئەزانی کە خەلک دیارە؛ چونکەچاوی نەمابوو.

خەلکەکەچوون بەسەریا و وتیان: ها عەزیز بەگ خێرەوا شوکری ئەکەی؟ ئەویش زانی ئیشەکەی لێ دەرکەوتووە هەیچی بۆ نەمایەوە وتی:

چۆن شوکر نەکەم؟ بەعومرێکی هەشتا سالیەوە کەر ئەتڕێنم. کێری وا شوکری ناوێ؟

- مەلا سمایلی کانیسکان لەو سەرەئەبێ بەمیوانی مالێک. پیاویان لە مالەوە نابێ هەر ژنەکە ئەبێ. ژنە منالێکی ئەبێ زۆر ئەگری، هەر چەندە لە گەلی خەریک ئەبێ ژیر نابێتەوە. مەلاسمایل توورە ئەبێ و منالەکە وەرئەگرێ. ئەویش لە گەلی خەریک ئەبێ هەر ژیر نابێتەوە. دەستێک ئەدا بەسەر پشتیاو ئەلێ: ژیر ئەبێتەوە ژیر ببەوە، ژیر نابێتەوە دەسا وەللا دایکت ئەگێم. ژنەش ئەلێ: دەسا مامۆستا ئەم منالە لاسارە خۆم ئەیناسم، ژیر نابێتەوە تا ئەوەی ئەیلێیت بەچاوی خۆی نەیبینێ.

- هەر مەلا سمایل گێڕایەوە وتی:

لەو ولاتی بۆلی و بابۆلییە ڕێم کەوتە هۆبەیەک. بەشتێکیان ئەزانیم. کچێکیان هەبوو مارەیان ئەکرد. ڕووم کردە کچەکە وتم: کچم بەلای مەزهەبی ئێمەوە -کەشافعین- باوک بۆی هەیەکچی خۆی مارە بکا لە هەر کەس کە ئەیکا. ئێستە تۆ کچیت با باوکت مارەت بکا؟ وتی: مامۆستا کچ بووم خوا عافووم بکا.

- پیاوێک هەبوو لەسولەیمانی تووشی داوی ژنێک بوو بوو. پارەیەکی زۆری تیا خەرج ئەکرد. هەموو کەسیش ئەیزانی وایە. من ئەیناسم، لام وایەتۆیش ئەیناسی. پێیان ئەوت: بۆچ هەر یەکجار نایهێنی و تووشی ئەو مەساریفە زۆرەش نابیت؟ ئەویش ئەیوت: بەلێ ڕاستە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلام لەزەتی ئەوەم لەدەست دەر ئەچێ کە هەر جارە بە دزەدزە بۆی بچم و ئەویش وەعدەم بداتێ و درۆم لەگەڵ بکا.

- کابرایەکی فەقیرۆکە هەبووە لە «زیویە» ئەچێتە لای مەلا سمایلی کانیسکان؛ کە مەلای ئەوێ ئەبێ. ئەڵێ: مامۆستا شەرع شەرمی بۆ نییە من لەگەڵ خێزانەکەما هەر وەخت کە ئەچمە لای لە وەختی ئیشی شەرعیدا هەر ئەڵێ: دەلاچۆکوشتمت بچۆ بەولاوە. منیش سەرم لێ تێک ئەچێ و نازانم چی ئەکەم. ئەترسم لەبەر ئەوە تووشی قەتلێک ببم. ئێستە چارم چییە؟ مەلا سمایلیش ئەڵێ: باوکم بچۆ بەو دەردەوە بیکوژە خوێنی لەسەر من. کابرا ئەڵێ: خوا دەوامی عومرت بدا.

- محەمەدی مەلا کەریم بۆی گێڕامەوە وتی: کابرایەکی روغزایی ئەحمەدی شاسواری ناوبوو، ژنێکی «ئەحمەدبڕنە»یی هێنابوو. کابرا ژنێکی تریشی هەبوو. کە ژنی تازە ئەگاتە مالی مێردەکەی، هەویکەی بەم جۆرەبەخێرهاتنی ئەکا:

بەخێرهاتی، بەخۆش هاتی بەسەر پێنج و دوو شەش هاتی
بەشەرمەوەو روو رەش هاتی لەلای خۆتان کێر بوو قاتی
من لێرە بووم تۆ بۆ هاتی؟

ئەویش وەلامی ئەداتەوە ئەڵێ:

بێفەڕ خازە، دەنگت وازە پۆپت چەرموگ وەک کلکە سەگ
حەپەت خراوتر لە دێڵەسەگ من کە هاتم بۆ تۆ هاتم
با بیزانی من کێم؟ فاتم ئەترەتێنم تا ئەو خوارە
ئاوات ئەکەم لە ئاوبارە جوانی من بوو دەنگی داوە
گشت روغزایی هاتنەو ناوە بەرزیان کردۆ شانی خۆیان
منیان کردەتاجی سەریان کە هاتم من لە ولاتی خۆم
بۆ دیقی تۆو ا کەوتمەخۆم

- حەمەسەعید بەگی جاف گێڕایەوە وتی:
لەو دەشتی «کەلار»ە پیاوێک هەبوو حەمەعەلی ناو، برایەکیشی هەبوو حەمەی ناو بوو. حەمە تۆزێ شێتۆکە بوو. گوێدرێژێکیان هەبوو، حەمەعەلی بەحەمە ئەڵێ: حەمەنەکەی تەماع بکەیتە گوێدرێژەکە. حەمەش ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاکە من چۆن شتی وائەکەم. من ئەو کەرە بە دایکی خۆم ئەزانم، پیاو چۆن مرخی ئەپەڕێتەسەر دایکی خۆی.

- شێخ محەمەدی بالیسانی وتی مەلا مەجیدی شەقلاوا گێڕایەوە وتی:
مەلا مەحموودی مەزناوا لە وەختی خۆیا لەگەڵ چەند کەسێکا بەکاروان ئەچن بۆ شوێنێک، ڕێگاکە نازانن. دەروێشێک هەبوو لەگەڵ خۆیانی ئەبەن بۆ شارەزایی. دەرویش هیچی نەخواردووەو ناخوا؛ وای لێ دێ لەبرسانا پەکی ئەکەوێ. هەر چەندە لە گەڵی خەریک ئەبن هیچ ناخوا. ئەڵێن: بۆچ ناخۆی؟ ئەڵێ: شێخ فەرموویەتی ل ەکسمی دەستی خۆت نەبێ نابێ شت بخۆی. ئەوانیش سەیر ئەکەن وا کابرا بەلادا دێ و ئەمانیش لەو ڕێگا چۆڵەدا پەکیان ئەکەوێ.
مەلا مەحموود ئەڵێ: باوکم وەرە مادام وایە بەکرێت ئەگرین بە دوو نان بچۆ ئەو کەرە بگێ. کابرا ڕازی ئەبێ بەڵام لەبەر برسێتی ناتوانێ بچێ بەلای کەرەکەوە. هەڵیئەگرن و ئەیبەن بە لای کەرەکەوە، وانێکەکەی ئەخەنەدوابراوی کەرەکەوە. ئەویش ەیچ هۆشی لەخۆی نییە. لەپاش بەینێک کە گەرمای ئەگاتێ و تۆزێ هەستی پیا دێتەوە ئەڵێ:
واز بێنن خێرتان بنووسێ، ئیتر خۆم خەریک ئەبم.

- ڕەحمەتیەکە ئەیفەرموو دوو شت زۆر خۆشە: مووچەی ئەوەڵجار. گانی ئەوەڵ شەو.

- شێخ محەمەدی شێخ عومەر (شێخ محەمەدی خەتیب) گێڕایەوە وتی:
مەلایەک شەوێ مێوانی ماڵە پۆلیسێک بوو. پۆلیسەکە سەرێوارە خەفەر ئەبێ و لەماڵ نابێ. ژنەکەشی جوان و ڕووەو بازاڕی ئەبێ. مەلا تەماع ئەکاتە ژنەکەو خۆی بۆ شەوێ حازر ئەکا و جێگاکەی دیاری ئەکا. شەوێ پۆلیسەکە دێتەوەو ئاگاشی لە هیچ نییە، بەڵام بێ جوان نابێ ژنەکەی بکەوێتە نێوانی ئەو و مەلاوە. بەژنەکەی ئەڵێ: جێگاکەی بگوێزێتەوەو خۆی لە شوێنەکەی ئەو ڕائەکشێ. مەلاش ئاگای لێ نییە.
لەنیوە شەوا مەلا ئەچێتەسەر جێگا، سەیر ئەکا ئەمە لە باتی ژنە پیاوێکەو هیچ دەرەتانیش نەماوە. پیاوەئەیگرێ و ئەڵێ: ئەوە چی ئەکەی و بۆچی هاتووی؟
مەلا ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


مەیکە بە هەرا من خرووم هەیە، هاتووم بمگێیت. کابرا ئەڵێ: باوکم بچۆ بەو لاوە، من تا ئێستە ئەم جۆرە ئیشانەم نەکردووە؛ ناتوانم. مەلا بەم جۆرەخۆی دەرباز ئەکا.

## کلێشەی رژدی

- کابرایەکی چەرداوەڕوو هەبوو هێزەیە ڕۆنی هەڵواسیبوو هەموو جار کە نانی ئەخوارد پاروەکەی هەڵئەگرت ئەیسوو بە هێزەکەدا و ئەیوت: ئەم نانەبەو ڕۆنە.
کابرا مردوو کوڕێکی لەشوێن بەجێ ما. کوڕەکە لە پاش ماوەیەک لە دایکی پرسی ئەو هێزە ڕۆنە چییە هەڵواسراوە؟ دایکی ئەڵێ: رۆڵە ئەوە ڕۆنە. ڕەحمەتیەکەی باوکت هەموو جار پارووی هەڵئەگرت و ئەیسوو بە هێزەکەدا ئەیوت ئەم نانەبەو ڕۆنە. کوڕەکەش وتی: جا دایە نەئەترسا هێزەکە کونی تێ ببێ. من نانەکە هەڵئەگرم و هەر لە دوورەوە ئەڵێم: ئەم نانەبەو ڕۆنە. دایکی وتی:
ئۆخەی ڕۆڵە! باوکت شوکر وەجاخی ڕوونە. ئەگەر قنگلاشک بەدەم باوەبێ وەجاخی باوک کوێرەوە نابێ.

- کابرایەک هەبوو لەسولەیمانی پێیان ئەوت: «ئەحەچەقەڵ». ڕۆژێک هات بەسەریا ئەلی درەم گۆشتی کڕی لە «ئەمین چیتر». گۆشتی نایەسەر ئاگرو نەینا پێیان وت لەگەڕەکی هۆلی مەولوودییە. هەر خێرا گۆشتەکەی لە مەنجەڵەکە دەرکرد و بردیەوە بۆ ئەمین چیتر. تۆزێکیش کەمی کردبوو. پارەکەی هەر لێسەندەوە. جا ئەمین چیتر گۆشتەکەی بە دەستەوە گرتبوو بانگی ئەکرد: «خەڵکینە! وەرن ئەمە گۆشتی ئەحەچەقەڵە بیکڕن».

- کابرایەک هەبوو لە سنە «سواولەسەن»ی ناو بوو. تۆزی ڕۆنی کردبووە کەڵە شاخێکەوە هەر وەخت کە ئەچووە دەرەوە نیوەی چەوریەسانێک لە ڕۆنەکەی ئەهێنا بەدەست و پەل و دەم و سمێڵیا لەناو خەڵکا خۆی پێوە هەڵئەکێشا ئەیوت: بەخوا ئیمڕۆ چێشتەکەمان زۆر چەور بوو.
ڕۆژێک کوتوپڕ پشیلەیەک کەڵەشاخەکە ئەفڕێنێ. کچێکی هەبوو هەڕای کرد بۆ لای باوکی -کەلەمزگەوت لە ناو خەڵکەکەدا دانیشتبوو- هاواری کرد: بابە هینەکەکتک بردی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتی: ڕۆڵە هینەکە چەس؟ هیچ بیری لای کەڵەشاخەکەدا نەڕۆیشت؛ چونکە وا بەقایمی هەڵیگرتبوو شەیتانیش نەیئەدۆزیەوە. وتی: بابە ئەوەی سمێڵەکانت پێی چەور ئەکرد.

- وتی ئەوا سەیر ئەکەم دوو کابرا شەڕیانەو بەر بوونەتە سەر و گویلاکی یەک. وتم: ئەوە چیتانە؟ بۆچ بەیەکا هەڵزناون؟ یەکێکیان وتی:

کورە من میوانم هاتبوو چووم مریشکێکم بۆ سەربڕی. قاچەکانم هێنا هەڵمواسی بەسەر دەرگاکەی خۆمانا بۆ ئەوە خەڵک بزانن کە من مریشکم کوشتۆتەوە. کەچی ئەم کابرایە هاتووە قاچە مریشکەکەی لەسەر دەرگاکەی من لابردووەو بەسەر قاپی حەوشەکەی خۆیەوە هەڵیواسیوە بۆ ئەوە شانازی پێوەبکا و خەڵک وابزانن کەئەو مریشکی کوشتۆتەوە.

- کابرایەک لەو دەوروبەری دزەییە ژنێکی هەبوو «گوستە»ی ناو بوو؛ تۆزێ پیویان هەڵواسیبوو. هەر وەخت کە گوستە شیویکی لێ بنایە پیوەکەی ئەهێنا لەباتی تامەچێشت جارێک ئەیکرد بەمەنجەڵەشێوەکەدا و خێرا دەری ئەهێنایەوە.

ڕۆژێک میوانیان هاتبوو گوستە ساواری لێنابوو هێنای داینا. پیاوە وتی: ژنەکە شیوەکە هیچ چەور نییە. ژنە ساوارەکەی کردەوە مەنجەڵەکەو چوو جارێکیکە پیوەکەی تێهەڵسووڕان و وتی:

تۆ بەزەیت بەخۆتا نایەتەوە ئەو برامە لۆ چ نەخۆش بکەوێ؟ دەبا سکتان بچێ. پاشان نەرێی گوستە سووچی تۆ بوو.

- خواجەیاقۆ هەبوو لەسولەیمانی دوکانی هەبوو لەبازاڕ. هەموو جار نیوەڕۆان کە کولێرەی ئەکڕی، ئەچوو ناوە نەبرژاوەکەی دەرئەهێنا ئەیکرد بە پێخۆری ئەویتری. لێیان ئەپرسی خواجەیاقۆ ئەوە چی ئەخۆی؟ ئەیوت: نان وەناوەکەی.

- کەلای مراد ڕەقیتەی کردبوو، کوڕەکانی هەر چەندە داو و دەرمان و حەکیمیان بۆ هێنابوو هیچ کەڵکی نەبوو. چوونە لای شێخ مراد نووشتەی بۆ بکا. شێخ مراد ئەیناسی و چاکی ئەناسی وتی: پێم بووشن چاوی سۆما کەت؟

وتیان: ئا. وتی: نووشتە نەتوات بچن نانێک لە ماڵی خۆی بەرن وەبەر چاویەوە بخوەنەی ئەرەق کاتەوەو رزگار ئەوت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- کابرایەکی دەرزەکەر کچێکی هەبوو هەرکەس داوای ئەکرد نەیئەدایەو ئەیوت ئەیدەم بە یەکێک بتوانێ نان پەیدا بکا و لە خۆم ئازاتر بێ. ئەو کابراشە بێجگە لەوە کە سەرکەردەی سوالکەرەکان و زۆر دەوڵەمەندیش بوو، چۆلەکە ڕیزەوڵی لە مالیا نەئەبینی. بەم جۆرە ئەم کچەی هەر مایەوەو کەسی وا نەبوو بیداتێ.

ڕۆژێک کابرایەکی سوالکەر هات داوای لێی کرد. ئەویش هەر وای جواب دایەوە. ئەمیش وتی: چلۆن لەخۆت سوالکەرتر بێ؟ ئەگەر توانی شتێکی لەمن سەند ئەوە لە خۆم ئازاترە. کابرا هات خۆی لێی گۆڕی و چەند ساڵێک شوێنی کەوت نەیتوانی هیچی لێی بەستێتەوە.

ڕۆژێک باوکی کچە چوو بۆ حەمام ئەمیش بەشوێنیا چوو. لە ژووری حەمامەکە بەرۆکی گرت وتی: ئاغەبۆ خاتری خوا شتێکم بدەرێ. ئەویش وتی: بڕۆ سەگباب! لێرەچیت بدەمێ؟ چی هەیە تا لێمی بستێنی. ئەم هەر لێی نەبوەوە. ئاخری کابرا بەری ئەتاشی، پێی وت: ئەگەر تەلێ لە مووی بەری خۆیشتم بدەیتێ من هەر پێ ڕازیم، بۆ ئەوە بە ناهومێدی نەگەڕێمەوەدواوە. کابرا دەستی برد وتی:

ها سەگباب! ئەوە تەلێ مووی بەرم. دەبچو بیکە بە پەلکەی دایکت. بزانم مووی بەرت بۆ چییە؟ کابرا مووەکەی وەرگرت و ئینجا خۆی لێ ئاشکرا کرد و وتی: گرەومان بردەوەیان نە؟ کابرا وتی: ئەشەدوبیللا لە من ئازاترو پیاوتری. کە هاتنە دەرەوە ئیتر کچەکەی لێ مارەکرد.

- ڕۆژێک دوو سێ فەقێ «بیبانی» ئەچنەماڵی کۆنەکوێخاکەی بیبانی. ئەم کابرایەش زۆر چرووک ئەبێ و لە مالیش نابێ. لە پاشا کە دێتەوە چاوی پێیان ئەکەوێ ئەڵێ: یارەبی چبکەم؟ من خۆم نانم پێ ناخورێ ئێستە ئەمانەش هاتن بوون بەسەربار. ئەکەوێتە ئەم دەلیای فیکرەوە.

یەکێ لەفەقێکان چاوی پێ ئەکەوێ ئەڵێ: فەرموو خالە. کابرا ئیتر خۆی بۆ ناشاردێتەوە دێت دائەنیشێ. لەگەل دانیشتن ئەڵێ:

ئەرێ فەقێنە ئاگرتان پێ نییە؟ یەکێک لەفەقێکان ژیر ئەبێ ئەڵێ: کوڕینە هەڵسن با بڕۆین، ئەم کابرایە دەم و دوویەکی باشی نییەو شتی‌تر ئەقەومێ. بەم جۆرەکابرا لەکۆڵیان ئەکاتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- سەردەمی درەم بوو، چوار کەسی مووسڵی چوونە بازاڕ هەشت درەم گۆشتیان کڕی. هێنایان هەر یەکە پەتێکیان بەست بە بەشەکەی خۆیانەوەو خستیانە مەنجەڵێکەوەو خستیانە سەر ئاگر. هەر کەسە سەرەپەتی خۆی بەدەستەوە گرتووە. پاش ئەوە کەکوڵا، هەر یەکە پەتی خۆی ڕاکێشاو بەشە گۆشتی خۆی هێناو خواردی. ئەمجا ئاوەکەشیان بەشەریکی خوارد.

- هەژار وتی:

سوارێک ڕادەبرد لەکوێرە دێیک — پیسکەیەک گوتی ببەمیوانم
گورجێ دابەزیو پرسی ئەسپەکەم — لەکوێ گرێدەم ماڵت نازانم؟
گوتی نەمزانی گوێت هێندەسووکە — من پەشیمانم بیخەرە زمانم

- شێخ بەشیری ئەترووشی گێڕایەوە وتی:
عەبدولباری هەبوو لەمووسڵ بازرگانێکی زۆر گەورەبوو. «خواجەدانیال»یش هەبوو لەبەغدا. عەبدولباری چەلەبی و خواجەدانیال تجارەتیان لەگەڵ یەک هەبوو، شتومەکی مووسڵ و بەغدایان بۆ یەک ئەنارد. زۆر بەدرەنگیش یەکتریان ئەبینی؛ چونکە ئەو سەردەمە هاتوچوو لەبەینی شارەکانا کەم بوو. ساڵێک عەبدولباری چەلەبی لە هاوینا ڕێی ئەکەوێتە بەغدا لە حوجرەکەی خواجە دانیالا لە خانی سەفافیر دائەنیشن. ئەو سەردەمە باوەشێنە پووشە خورماکان هەبوو. پیاوەگەورەکان ئەیانکڕێ و باوەشێنی خۆیانیان پێ ئەکرد. لەو کاتەدا باوەشێن فرۆش بەوێدا تێپەڕێ، چەلەبی و دانیال هەر یەکە باوەشێنێک ئەکڕن.
چەلەبی ئیشی تەواو ئەبێ و ئەگەڕێتەوە بۆ مووسڵو باوەشێنەکەی خۆی لەگەڵ خۆی ئەبا. لەپاش سێ چوار ساڵ دیسان ئیشی بەغدای ئەبێ و ئەچێتەوە بۆ بەغدا و لەسەر سەکۆی حوجرەکەی خواجە دانیال دائەنیشن. چەلەبی مووسڵی تەماشا ئەکا باوەشێنەکەی دانیاڵ جوو کۆن بووە. لێی ئەپرسێ: بڕوا ئەکەی باوەشێنەکەی ئەو ساڵەپێکەوە کڕیمان ئەڵێی کۆنت کردووە؟ دانیالیش ئەڵێ: باوەشێنی ئەو ساڵەی چێ؟ لەو وەختەوە تا ئێستە هەموو ساڵی باوەشێنێکم کڕیوە، ئەمە هی ئیمساڵە واتو بەکۆنی ئەزانێ.
چەلەبی مووسڵی ئەڵێ: بۆ چی تۆ چی لێ ئەکەی واکۆن بووەو کۆن ئەبێ؟ دانیاڵ ئەڵێ: چی لێ ئەکەم؟ ئەیگرم بەدەستەوە باوەشێنی خۆمی پێ ئەکەم. چەلەبی ئەڵێ: ماڵ کاول

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabart.org

چۆن وا ئەبێ؟ دەسا هینەکەی من هەر ئەوەی ئەو ساڵەیەو هێشتا هەر تازەشە. دانیال ئەڵێ: بۆچی تۆ چی لێ ئەکەی؟. چەلەبی مووسڵی ئەڵێ: من باوەشێنەکە لە سەر دەسکەکەی قیت دائەنێم و بە دەست ئەیگرم. سەرم بەبەریا هاتوچوو پێ ئەکەم وەکوو یەکێ «حی الله» بکا. ئێوەی جوولەکە مردووتان مرێ نازانن چۆن ئەژین و چۆن پارە خەرج ئەکەن.

- کابرایەک هەبوو لە «نەغدە» کەڵەشێرێکی هەبوو هەر چەندە ماڵ و منالەکەی پێیان ئەوت با سەری ببڕین، ئەو هەر ئەیوت: ئیمڕۆ نا سبەینێ. کەڵەشێر بەم جۆرەچەند ساڵێکی رابوارد. وای لێ هات لەبەر پیری ئیتر هێزی تیا نەما، نەیئەتوانی چینە بکا و شتێک بۆ خۆی پەیدا بکا. کابرای خاوەنیشی هیچی نەئەدایە لە تاوانا وشک هەڵگەڕا بوو.

ڕۆژێک کەڵەشێر هاتەمردار بوونەوە، کابرای خاوەنی خێرا فریای کەوت و سەری بڕی. ئەمجا خستیانەناو مەنجەڵ و خستیانەسەر ئاگر. ماڵ و منال لە خۆشیانا کەوتنەسەما بەدەوری مەنجەڵی گۆشتی کەڵەبابا.

ئەو ڕۆژە هەر لەبەیانیەوە تا ئێوارێ کوڵا و دایانگرت. سەیر ئەکەن لەبەر پیری وەکوو ئاگری هەر نەدیبێ وابوو. ئاوەکەیان ئەو شەوە بە نانەوە خواردو ڕۆژی دوایی سەر لەنوێ خستیانەوە سەر ئاگر. لەئێوارەدا دایئەگرن و سەیر ئەکەن هەر وەکوو دوێنێ وایە نەکوڵاوە. ئەو شەوەش ئاوەکەیان خوارد و گۆشتەکەیان هەڵگرتەوە بۆ بەیانی.

دراوسێکیان هەبوو لە نیوەشەوا میوانیان هات دەستیان بە هیچ لایەکدا نەگەیشت بە کوڕەکەی خۆی وت: ئا ڕۆڵە بچۆرە ماڵی مامت پێی بڵێ باوکم ئەڵێ میوانمان هاتووەو دەستمان بە هیچ ناگا، کەڵەشێرەکەمان بۆ بنێری تۆزێ ئەیخەینە سەر ئاگر میوانەکەی پێ ڕازی ئەکەین و سبەینێ بۆیان ئەنێرینەوە.

- کابرایە هەبوو زۆر رژد و چرووک بوو. زیاتر لەحەفتا ساڵ عومری کردبوو، دەولەتێکی زۆری پێکەوەنابوو. هیچ کەس دەرگای ماڵی نەدیبوو. تەنانەت مێروولە بەئاوات بوو تۆزێ وردە نانی لەماڵیا دەستکەوێ، بەو داخەوە مردوو هیچی دەست نەکەوت.

ڕۆژێک کۆمەڵێ سواڵکەر کۆ بوونەوە سەرگوزەشتی خۆیان ئەگێڕایەوە، هاتنە سەر ئەو کابرایە. هەموویان وتیان تا ئێستە هیچمان لێ نەدیوە. یەکێکیان ڕاست بووەوە وتی: کێ گرەوم لەگەڵ ئەکا؟ یەکێکیان وتی: من لەسەر دوو سەد قەران گرەوت لەگەڵ ئەکەم ئەگەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


هەر لە ئێستەوە تا ساڵێکی‌تر تاقە پووڵێکت لێ سەند من دوو سەد قەرانت بدەمێ. لەسەر ئەمە لێک جیابوونەوە.

کابرای سواڵکەر هەستا چووەسەر دوکانی بازرگان وتی: لەرێی خودا شتێکم بدەرێ. وتی: خوا بتداتێ و دوکانی هەڵگرت و چووەوە بۆ ماڵەوەو ئەمیش شوێنی کەوت.

ئەو چووە ژوورەوەو قاپی داخست. لە پاش تۆزێک هاتەدەرەوە چوو بۆ مزگەوت. دیسان داوای لێ کردەوە ئەویش هەر وتی: خوا بتداتێ. ئەو شەوە ئەو دەرگایە بەجێ‌نەهێشت.

بەیانی کابرا کە هات بچێ بۆ دووکان سەری رێگای پێ گرتەوەو وتی: لەرێی خودا شتێکم بدەرێ، ئەویش هەر وەکوو جاران وتی: خوابتداتێ.

سەرت نەیەشێنم لێی نەبووەوە، حەیشی پێی تاڵ کرد. بەیانی و نیوەرۆ و ئێوارە هەر هیچی نەدایە، وتی: باشە ئێستە هیچم نادەیتێ، نامدەیتێ بەڵام قسەیەکم بدەرێ کە فلانە وەخت شتێکت ئەدەمێ. چەند رۆژێکیش بەم جۆرەرایانبوارد. وای لێ هات ماڵ و منالی وەڕەس بوون. وتیان: پیاوەکە ئێستە چیت لێ کەم ئەبێتەوە ئەگەر بڵێیت لەپاش ئەوەندە وەخت شتێکت ئەدەمێ؟ و ئەو وەختەش نەیدەیتێ و ئێستەش لەکۆڵ خۆتت کردبێتەوە. کابرا هەر رازی نەبوو. ئەمیش وەکوو کێچ هەر لێی نەبوەوە. بۆ بازاڕ ئەچوو، بۆ مزگەوت ئەچوو، بۆ ماڵ ئەچوو هەر بەشوێنیەوە بوو. ئاخری کابرای کردە کون چاری نەما وتی: بڕۆ سەگباب لەپاش ساڵێکی‌تر وەرەوە پووڵێکت ئەدەمێ. ئەویش وتی: خوا لێت بەزیاد کا و رۆیشت.

لەپاش سەعاتێک چوو بۆ ماڵەکەی و تەقەی دا لەقاپی. وتیان کێیە؟ وتی: منم سواڵکەرەکەم. عەرزی ئاغا بکەن ئەوە لە ساڵەکە سەعاتێکی رۆیشت. ئەمەی وت و لێی دا رۆیشت. سەعاتێکی‌تری پێچوو دیسان چووەوەو تەقەی دایەوە لە قاپی. وتیان کێیە؟ وتی: منم سواڵکەرەکەم، عەرزی ئاغا بکەن ئەوا لەساڵەکە دوو سەعاتی رۆیشت و لێی دا رۆیشت.

بەکورتی بەمجۆرە دنیای لەکابرا کردە پێستی چۆلەکە. هەر سەعاتێ نە سەعاتێ هەڵی‌ئەکوتایە سەری ئەیوت: عەرزی ئاغا بکەن لە ساڵەکە ئەوەندە سەعاتی بەسەرچوو.

لەپاش چەند رۆژ کابرای دەوڵەمەند ئیتر لەتوانایا نەما بانگی کرد وەرەسەگباب ئەوە پووڵەکەت و وازم لێ بێنە. ئەوی تۆ بە منت کرد تا ئێستە عومرم بەم عومرە گەیشتووە کەس پێ نەکردووم. سواڵکەر پووڵ لێی وەرگرت و بەمجۆرە گرەوەکەی بردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کابرایەک لەو کوێستانە زۆر برسی بوو، رووی کردە ماڵێکی زۆر گەورە. کوڕێک هاتە دەرەوە. کابرا لێی پرسی خاوەنی ئەم ماڵە لەکوێیە؟ کوڕەکە وتی: تا پاروویێک نانم نەدەیتێ پێت ناڵێم.

کابرا بێ قسە لێ دا ڕۆیشت.

- کابرایەکی خۆشناو جووتێ پێلاوی تازەی هەبوو، چوو بۆ کاروان بۆ ئەو دەشتی «بێتوێن»ە، تووشی چڕودڕک و داڵێک بوو پێلاوەکانی داکەند و بەپێی پێخاوەس نایە مل دڕک و داڵەکە. کوتوپڕ چقڵێک ئەچەقێ بە ژێر پێیدا لە سەر پێوە دەرئەچێ. لەو کاتەدا کە چقڵەکەیان لە پێ دەرئەهێنا ئەیوت: یارەبێ شوکر! هەر باش بوو پێلاوەکانم لەپێ دا نەبوو ئەگینا کونیان تێ ئەبوو.

- کابرایەک هەبوو -منیش ئەیناسم وەڵڵا سا تۆیش ئەیناسی- ئەیوت: ئەم ئاوە جوانە هەبێ پیاو نان بە دۆوە بۆچ بخوا.

منیش هەزار ساڵ عومرم بێ، پانکە شرێک لە مزگەوتەکەما هەبوو لە بەغدا لەگەڵ ئەوەشا کە خەرج و باجی لەسەر من نەبوو نەم ئەکردەوە. دنیاش گەرم بوو ئەیانوت: بۆچ نایکەیتەوە؟. ئەموت: ئەم با جوانە هەبێ پیاو بای پانکەی بۆ چییە؟ لە گەڵ ئەوەشا با هەر نەبوو. بەسەری تۆ هەزار ساڵیش عومرم نابێ؛ کەواتە بڵێ بەرەحمەت بێ.

- خاڵە مەحموو جارێک بە رەشەی کوڕی ئەڵێ: رۆڵە هەندێ نانم بۆ بێنەو دەرگاکە داخە. ئەویش ئەڵێ: بابە حەق ئەوەیە دەرگاکە داخەم، ئەمجا نانەکە بێنم. باوکیشی ئەڵێ: بەڵێ بەراستی رۆڵە چە کوڕی منیت و تۆ لە من ئاقڵتریت.

- هەزار گێڕایەوە وتی:

لەو سەرە پاشایەک هات بەسەریا کە یاسایەک دابنێ لە یاسای پادشاکانی پێش خۆی نەچێ و ئەمیش بەداهێنانی ئەم یاسایە ناوێک بۆ خۆی دەرکا. فەرمانی دەرکرد کەئەبێ لە قەڵەمڕەوی ئەودا شەو ببێ بەرۆژ و رۆژ ببێ بە شەو؛ واتە ئەو ئیشانەی کە بەرۆژ ئەکرێن ئەبێ بەشەو بکرێن، بەرۆژیش خەڵک بۆ خۆی بنوێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


رۆژێک -کە شەوی ئەوە- هەستا چووە بازاڕ بزانێ مەردم فەرمانەکەیان لەگوێ گرتووە؟ کە چوو سەیری کرد وا پینەچییەک مۆمێکی داگیرساندوەو لە بەری دانیشتووە پینەچێتی ئەکا. وتی: کابرا ئەوە تۆ ئەو مۆمەت بۆ داگیرساندووە؟ کابرا وتی: قوربان ئەگەر شەو کاری بەدەمەوە نەکەم بە ئیشەکەی رۆژم پێوە بەڕێوە ناچم.

- هۆلاکۆ پەلاماری بەغدای دا. «موستەعسەم» ئاخر خەلیفەی عەباسی بوو، هۆلاکۆ ویستی بیکوژێ، پیاوانی ئایینی وایان بلاو کردبووەوە کە ئەگەر خەلیفەکانی عەباسی نەمێنن دنیا ئاخر ئەبێ. ئەم قسەیە بە جۆری بلاو بووەوە تەنانەت بەرگوێی هۆلاکۆیش کەوتبوو. وەبوو بەترسێک لەدلیا.

لەپاش گەلێ سێ و دوو کردن لەم بابەتەوە ئاخر قسەی هاتەسەر ئەوە وتی: «موستەعسەم» بگرن و بیخەنە ناو لبادێک و بیسوونەوە. ئەگەر تەم و مژ و نیشانەی دنیا ئاخر بوون پەیدا بوو ئەوا بەرەلای کەن و منیش واز لەم فیکرەیە دێنم؛ ئەگەر خۆ هیچیش رووی نەدا ئیتر بەجارێ بیکوژن.

لەراستیدا هێنایان وەکوو ئەو وتی وایان لێ کرد، سەیریان کرد هیچ نیشانەیەکی دنیا ئاخر بوون پەیدا نەبوو. ئینجا هێنایان لە ١٢٤٢ ی میلادی کوشتیان و بنەماڵەی عەباسی بەدەست هۆلاکۆوە بە تەواوی دوایی هات.

- ئەزانی «شاییەکەی بناویلە»چییە؟.

بناویلە دێیەکی بچووکە لە بناری سولەیمانی. لە سەردەمی خۆیدا هەر حەوت ماڵ بووە. «شایی»یەکیان کردوهو بووکێکیان لەناو خۆیانا گوێزاوەتەوە. دەنگی ئەم شاییە گەیشتۆتە سولەیمانی و کۆیەو هەڵەبجەو قەلاچوالان. هەر دەهۆڵ و زوڕناژەنێک لەو ولاتانەدا هەبووە هەموویان کشاون بۆ بناویلە. تەنانەت لە ولاتی سنەیشەوە هەر بۆی هاتوون. کە شایی گەرم بوو و کۆڕی هەڵپەڕکێ بەستراوە، سەیریان کردوە دەهۆڵ و زوڕناژەنەکان لەدەستەی هەڵپەرکێکەر گەلێ زۆرتر بوون. ئەمە بە مەرجێ کە مەحموودی سەلیم ئاغا و مستەفاغای برای کە مودیری سرۆچک بوو و ئەحمەدبەگی سیاگوێزیش هەر چووبوون بۆ ئەو شاییە. ئەگەر کۆڕی هەڵپەرکێ حەو کەس بوو بێت. دەستەی زوڕناژەن بیست کەس بوون.

ئەمەبوو شایی بناویلە          خەجەو مەجەو فاتیلە

خلەو بلەو قەویلە          کۆپانەشرەی تەویلە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەرمیان کردبوو بەچۆپی — قریوە ئەگەیشتە پۆپی
زورنا و دەهۆڵ بەتۆپی — پێ ئەکەنێ بە پۆپی
پیرەژنی سەد ساڵە — هیچ نەیئەما چ ناڵە
ئەیوت هەر وا ئەم حاڵە — بابمێنێ لەم ماڵە

- فەقێ محەمەدی هەمەوەند هەبوو لە وڵاتی سولەیمانی، لەسەردەمی ئینگلیزەکانا مودیری ناحیەی بازیان بوو؛ وەکوو ئەمین بەگی قامیش قائمقامی چوارتا بوو.

ئەم فەقێ محەمەدە کوڕێکی هەبوو مەحموودی ناو بوو. کە مەکتەب داهات مەحموود تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندبوو. ئەمەبۆ ئەو سەردەمە زۆر بوو. مەحموودیش خۆی لەخۆیا کوڕێکی بەجەربەزەو زیرەک و زماندار بوو. هەر لەپاش ١٩٣٠ سەر بزێوی ئەکرد و لەوانەبوو کە گەلێ جار بە هۆی زمان و جەربەزەییەکەیەوە ناوی کەوتبووە بەر دەمی کاربەدەستانی میری.

مەجید یەعقوبی موتەسەرڕفی سولەیمانی ئەبێ، ئەنێرێ بەشوێن فەقێ محەمەدا پێی ئەڵێ: نەختێ ئامۆژگاری ئەم کوڕەت بکە با ئەوەندە سەر بزێوی نەکا. فەقێ محەمەدیش ئەڵێ: جەنابی موتەسەرڕف پێنج شەش هەزار روپییەم لە مەحموودا خەرج کردووە لە مەکتەبدا تا بووە بەم مەحموودە. ئێستە پێنج شەش هەزار روپیەی‌ترتان ئەدەمێ مەحموودەکەی جارانم پێ بدەنەوە.

- کابرایەک هەبوو لەو بەر کێوە، مام ئەوڵای ناو بوو. هەر چەند لێیان ئەپرسی مام ئەوڵا عومرت چەندە؟ ئەیوت پەنجا و پێنج ساڵە. وا رێ کەوت لەپاش دەپانزە ساڵی‌تر لێیان پرسیوەتەوە مام ئەوڵا عومرت چەندە؟ هەر وتویە پەنجا و پێنج ساڵ. ئەیانوت ئاخر چۆن ئەبێ پێش دەپانزەساڵ پەنجا و پێنج و ئێستەش هەر پەنجا و پێنج؟ ئەویش ئەیوت: برام پیاو ئەبێ لەسەر قسەی خۆێ بێ؛ نابێ هەر رۆژێ قسەیەک بکا.

- کابرایەک لە «دۆڵ پەموو» فێر بووبوو بەحوجرەی فەقێیەکان، هەموو رۆژێ لەکاتی نان خواردندا ئەچوو دائەنیشت و ئەبوو بەشەریکیان و ئەیوت: ئای نەسیب. بەم جۆرە فەقێیەکانی بۆژەکردبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێک لەسەر شێوەی جاران چووەوە. فەقێیەک لە فەقێکان زۆر داخ لەدڵ بوو لێی. کابرا هەرکە دانیشت فەقێکە هەستاو هاتەوێزەی شل و کوتی کردو وتی: ئای ئەجەل. ئیتر کابرا بیرای نەچووەوە بەوێدا.

- مەلاحەمەمینی شانەزەری شاتری هەبوو، عێل سەرەو ژوور ئەبێتەوە بۆ کوێستان، ئەم لە شارەزوور ئەچێ بۆ ئاش. گا بارەکەی ئەمرێت و پەکی ئەکەوێ. ماڵەگەورە «مەحموو پاشای جاف» لە دواوانی زێی زلم و تانجەڕۆ خستوویەتی. هەڵئەستێ ئەچێ بۆ لای مەحموو پاشا و ئەڵێ: تۆ کێیت؟ پاشاش ئەڵێ: تۆ کێیت؟ ئەڵێ:

من حەمەمین شانەزەرم سەگی قاپی شا عومەرم
عێل سەرەو ژوور بۆ کوێسان من ماگمەسەو دەسەو سان
گیرم خواردگە لە ئاشا هاوارم برد بۆ پاشا
چارم بکا لەم دەردە گا باریکم بۆ بەردە
باری لێ نێم ڕووەو عێل با پێم نەیژن تووتکی خێل

پاشاش دوو گاباری ئەداتێ و ئەڕوا.

- لە ولاتی ئەردەلان منالان بەتەنیشت یەکەوە دائەنیشن و قاچ ڕائەکێشن و بەم جۆرە هەلوور بلوور ئەکەن ئەڵێن:

هەتۆل مەتۆل، سەگی گەڕۆل/ ئاردەکێ، ئاردانەکێ/ مێخم کوتا مێخ هەڵبەزی، تیکەی چەپم لێ نەبەزی/ بەن سوور بام دا، عایلەمەنەی خوام دا/ کاسەی ماس پڕ لەپووش، خوا دای هەڵیلووش.

هەڵیلووش: بەر هەر قاچێک کەوت ئەوەیان ئەو قاچەی هەڵئەکێشێت و دیسان لەقاچی تەنیشت ئەوەوە دەست ئەکەنەوە بە یاری تا هەموو قاچەکان هەڵئەکێشرێنەوە.

- کەری ئاقڵ:

لەو سەنگاوەلە دێ «درۆزنە» پیاوێک هەبوو ناوی ئەوڕەحمان بوو. ئەم ئەوڕەحمانە جووت و گا و فەلایی ئەکرد. ساڵێکیان گەنمی کردبووە چاڵ و بۆ ساڵی دوایی چاڵەکەی لێ ون بووبوو. هەر چەندە بۆی گەڕا، نەیدۆزیەوە. گوێدرێژێکی هەبوو کە ساڵی پار گەنمەکەی لەسەر خەرمان بۆ بردبوو بۆ سەر چاڵەکەو هێنای لەسەر جێگا خەرمانەکەی پار

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtari.org

باری گەنمی نا لەگوێدرێژەکەو بەرەڵای کردو خۆی شوێنی کەوت. کەر ڕۆیشت تا گەیشتەسەر چاڵەکەو لەوێدا وەستا. کە دیانەوە سەیریان کرد ئەمە چاڵەگەنمەکەیە. بەو جۆرەئەوڕەحمان چاڵەکەی دیەوە.

- شێخ سەعیدی حاجی شێخ عەلی گێڕایەوەبۆ ڕشنەوتی:

لەو سەرە عالمێکی گەورە -کەناوبانگی پیاوچاکیشی دەرکردبوو- ڕێی ئەکەوێتە ئەشکەوتێک. تەماشا ئەکا سێ چوار پارچە ئاڵتوون لە شکڵی چوار گۆشەدا دانراوە. ئەویش لە دڵی خۆیا ئەڵێ وا چاکە هەڵیان بگرم؛ بۆچی بەخۆڕایی لێرەدا بکەون، ئەیاندەم بە هەژارێکی داماو ئەو کەڵکیان لێوەر ئەگرێ. هەڵیان ئەگرێت و دێتەوە دەرەوە.

لە ڕێگادا تووشی کابرایەکی پیری کۆماوە ئەبێ خەریکی کۆکردنەوەی چیلکەو چەواڵە. لێی ئەپرسێ ئەرێ مامە خەریکی چیت؟ ئەڵێ: قوربانی سەرت بم! ئەم چیلکەو چەواڵانە کۆ ئەکەمەوە ئەیبەم بۆ شار ئەیدەم بە سێ چوار کولێرە بۆ منداڵەکانم.

عالمەکە لە دڵی خۆیا ئەڵێ بەخوا لەمە هەژارترم دەست ناکەوێ کە ئاڵتوونەکانی بدەمێ. لێی ئەپرسێ: مامە ناوت چییە؟. وتی: بەقوربانت بم! سۆفی پیرۆت. ئەمجا دەستی کرد بە گیرفانیا ئاڵتوونەکانی دەرهێناو وتی: سۆفی پیرۆت بچۆ ئەم ئاڵتوونانە بفرۆشە بیدە بە شتومەک بۆ منداڵەکانت.

سۆفی پیرۆت کەتەماشای ئاڵتوونەکانی کرد وتی: ئای بەقوربانت بم! ئەمە هی ئەشکەوتەکە نەبێ؟ وتی: بەڵێ. وتی: بەساقەی سەرت بم! ئەگەر لە هەڵگرتنی بوومایە دەساڵ بوو هەڵم گرتبوو. خۆم تووشی ئەو گوناحە ناکەم. چیلکەو چەواڵەکەی خۆم بەبێ منەت ئەیفرۆشم و ئەیدەم بەنان بۆ مناڵەکانم.

- لەو دەشتی دزەیی و گەردییە لە گوندی «گێژی» ڕۆژێک دەنگ بڵاو بووەوە کە لە گوندی «گڕاوێ» بزنێک دەستی خستۆتە بنا گوێ و حەیرانان ئەڵێ.

ئەم دەنگەگوندەکەی شڵەژان. سەید عەزیز هەبوو وتی: ئا وڵاغم بۆ بێنن بچم بۆ گڕاوێ بزانم وایە؟ وتی سوار بووم لە کاتی عەسرا گەیشتمە ئەوێ. پێش هەموو شتێ پەلەی نوێژەکەم بوو، چووم بۆ مزگەفتێ ئەوەندەم زانی خەرکی پێشیان لێی گرتم وتیان ئەرێ سەید عەزیز ڕاستە دەرێن لە گێژی بزنێک دەستی خستۆتەبنا گوێ و حەیرانان دەرێ. وتی: کە ئەمەم زانی خێرا نوێژەکەم کرد و گەڕامەوە لۆ گێژی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


- دەستەیەکی جەردەتووشی کاروانێک ئەبن. کاروانەکە رووت ئەکەنەوە. لەکاروانەکەدا ئافرەتێک ئەبێت، ئافرەت جلوبەرگێکی جوانی لەبەرا ئەبێت. یەکێ لە جەردەکان مرخی خۆی لە جلوبەرگی ئافرەتەکە خۆش ئەکا. ئەڵێ ئەمانە بۆ ژنەکەی من باشە. ئافرەت ئەکێشێتە لاوە ئەڵێ: رووتەوەبە. ئافرەت ئەڵێ: پیاوی چاک بە من ژنم تۆ چۆن وێژدانت هەڵیئەگرێ من رووتەوەکەی؟ کابرا ئەڵێ: من ئەمانە نازانم رووتەوە بە. ئافرەت زۆر ئەڵێ و ئەم کەم ئەچێ بەگوێچکەیا.

ئافرەت رووت ئەکاتەوە تەنها دەرپێکەی لە پێیا ئەمێنێ، سەیر ئەکا دەرپێکەشی جوانە، ئەڵێ: ئەویش داکەنە. ژنە ئەڵێ: پیاوی چاک بە من ماومەتەوە ئەم دەرپێیە. ئاخر چۆن ئەویش بدەم بە تۆ هەموو لەشم ئەکەوێتە دەرەوە. تۆ هیچ غیرەتی پیاوەتیت نییە؟

کابرای جەردە ئەڵێ: من ئەمانە نازانم ئەبێ دایکەنی.

لەو کاتەدا پیاوێکی ریش سپی نووارانی دەر ئەکەوێ، ژنە ئەڵێ: ئەو پیاوە بکەین بەحەکەم و ناوجی و پرسی پێ بکەین ئەگەر ئەو وتی دایکەنەو بیدەرێ ئەوا ئەتدەمێ، ئەگەر خۆ نەشیوت ئەوا هیچ. کابرای جەردە وتی باشە.

پیاوەی پیر هات و ژنەش وا خۆی گرتمۆڵەکردووەو دانیشتووە، رووی کردە پیاوەکەو پێی وت: خاڵە ریش سپی! ئەم پیاوە منی رووت کردۆتەوە بەم جۆرەی لێ کردووم کە ئەمبینی. ئێستا ماوەتەوە سەر دەرپێکەم ئەڵێ ئەویشم بۆ داکەنەو بمدەرێ. تۆ ئەڵێی چی؟ پیاوەکەوتی: دایکەنەو بیدەرێ. کابرای جەردە ئیتر قسەی سوار بوو. ژنە چارناچار دەرپێکەی داکەند و ئەویشی دایەو خۆی گولۆلەبوو دانیشت.

کابرای جەردە هەموو جلەکانی پێچایەوە دای بە شانیا و رۆیشت. زۆر دوور نەکەوتبووە کوتوپڕ بروسکەیەک لەسەرەوە هات دای بەتەوقی سەری لەخواریەوە دەرچوو و کوشتی و جلوبەرگ لەو ناوەدا بڵاو بووەوە. ژنە بە هەر جۆر بوو خۆی گەیاندە جلەکانی و لەبەری کردنەوەو رووی کردە خاڵەی ریش سپی وتی: تۆ بۆچ وات کرد؟ خۆ من هانام هێنایەبەر تۆ. خاڵەریش سپی وتی:

رۆڵە من خدری زیندەم. بۆیە وام پێ وتی بۆ ئەوە کاسەپڕ ببێ. ئەگەر دەرپێکەت پێنەدایە کاسەکە پڕ نەئەبوو. زوڵم و ستەم کە گەیشتە حەدی خۆی، ئیتر ئەبێ سەرەو لێژ بێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## - پاقلەی میسر

لەداستانی کوردی ئەڵێ: لەسەردەمی خۆیا، واتە لە سەردەمی فیرعەونەکانا لەمیسر ئەو «ئەهرامانە»ی کەئێستە هەن،- دروستکراون. هەموویشی بەدەست و شانی خەڵکی میسر کراون و ئەو خەڵکە وەکوو «قول»وە بەڵکوو هەر بەندەبوون لەبەر دەستی فیرعەونەکانا.

ئەکەویتەسەردەمی «دارم» کە یەکێک بووە لە فیرعەونەکانی میسر. دەنگەدەنگێک لەناو خەڵکا پەیدا ئەبێ کە ئێمە بۆچ بەم جۆرە بچەوسێنرینەوە؟ ئەم ئەهرامە زلزلانە لە سەر شانی ئێمە دروستبکرێ؟

ئەم دەنگ و باسە ئەگاتەوە بەرگوێ دارم. دارم لەگەڵ وەزیرەکانیا ئەکەوێتە راوێژ کردن. وەزیرێکی ژیری ئەبێ ئەڵێ: ماوەیەک واز بێنە لە ئەهرام دروستکردن و چاری بخەرە ئەستۆی من. دارم ئەڵێ: باشە.

ئەمجا وەزیر فەرمان ئەدا کە لە هەموو ولاتی میسرا دەست بکەن بەپاقلەچاندن. خەڵک ئەکەونە چاندنی پاقلەو پاقلەخواردن. چوار پێنج ساڵێک بەسەر ئەمەدا تێئەپەڕێ. رۆژێک لە رۆژان دوو کوڕی دروادسێ -کە ماڵەکەیان بەرانبەری یەک ئەبێ- ئەبێ بەشەڕیان و شکات ئەگاتە لای وەزیر. وەزیرە بانگیان ئەکا و لێیان ئەپرسێ کە چییە؟

یەکێک لە کوڕەکان ئەڵێ: ئەو کوڕەی دراوسێم لە بەر دەرگای خانوەکەی خۆیا سنگێکی داکوتاوە؛ من قایل نابم بەوە. لەویکەیان پرسی بۆچ ئەو سنگەت داکوتاوە؟ ئەڵێ: رۆژێک لە رۆژان ئەگەر پارەم هەبوو ئەسپێک ئەکڕم و لەوێدا ئەیبەستمەوە. لەوی‌تر ئەپرسی ئەی باشەتۆ بۆچ نایەڵێ؟ ئەویش ئەڵێ: منیش ئەگەر رۆژی لەرۆژان پارەم هەبوو ژن دێنم. کە ژنم هێنا منالم ئەبێ، منالەکانم ئەچن بەوێدا ئەسپەکە لەقەیان لێ ئەدا ئەمرن. لەبەر ئەوە نایەڵم سنگەکە داکوتێ.

وەزیر هەڵئەستێ ئەچێتەوە بۆ لای دارم ئەڵێ: خەڵکەکە پێگەیشتوون، دەستبکەرەوە بە ئەهرام دروستکردن.

- لەداستانی کوردییە ئەڵێ:

لەو سەرە لە ئەشکەوتێکا پیاوێکی «عابد»و خواناس تەرکی دنیای کردبوو، هەر خەریکی عبادەت بوو. رۆژێک کوتوپڕ لەناو بەدەلانەکانا پارچەیەک قیر ئەدۆزێتەوە ئەکەوێتەوە بیر کردنەوە کە ئەم قیرە چۆن کەوتۆتە ئێرە؟ ئەمە ئەبێ خوا بۆ منی ناردبێ بۆ ئەوە ئیشێکی پێ بکەم. بەخولیای ئەم بیرەدا ئەبێ لە ئەنجاما دێتە سەر ئەوە ئەڵێ:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


من لەم شوێنەدا عبادەت ئەکەم و تەرکی دنیام کردووە؛ عبادەتیش هەتا چەوسانەوەی زیاتر تیا بێ خێری زۆرترە. من دوو چاوم هەیە؛ دوو چاو ئیسرافە. دووم بۆچییە؟ بە یەک چاو ئەتوانم کار و باری خۆم بەرم بەرێوە. خواش ئەم قیرەی هەر بۆ ئەوە ناردووە. قیرەکە هەڵئەگری و ئەیخاتە سەر چاوێکی و بەقیرەکە چاوێکی ئەبەستێ.

ماوەیەکی زۆر بەم جۆرەنوێژ و عبادەت ئەکا. رۆژێک لە رۆژان عالمێک بەناوبانگیەوە ئەچێ بۆ زیارەتی. سەیر ئەکا چاوێکی بەقیر بەستووە. لێی ئەپرسێ ئەوە بۆچ قیرت ناوە بە چاوتەوە؟ ئەڵێ: وەڵلا ئیسرافە من کە تەرکی دنیام کردووەو عبادەت ئەکەم تاقەچاوێک ئیشی من ئەبا بەرێوە؛ ئیتر دووم بۆ چییە؟ ئەڵێ: چەند ساڵە وات کردووە؟ ئەڵێ: پانزەساڵە. ئەڵێ: دەسا ئەبێ نوێژی پانزە ساڵت بگێرێتەوە؛ چونکەچاوت تەڕ نەبووەو ئاوی لێ نەکەوتووە

- لەو سەرە مەلا وەیسی «جفار» هەبوو بە هۆی رەمل و جەفرەوە دەستی بۆ عەرش و فورش درێژ ئەکردو پاشەرۆژی هەموو شتێکی لێک ئەدایەوەو ئەیدا بەدەستەوە. رۆژێک کابرایەک ئەچێتەلای پێی ئەڵێ: تۆ ئەم هەموو شتە ئەزانی و ئەم هەموو نهێنیانە ئاشکرا ئەکەی کەچی ئاگات لێ نییە ژنەکەت لە ماڵەکەی خۆتا ماڵەکەتی کردووە بە ماڵی باجی زەمزەمەوە؛ چوار ئەڕوا و هەشت ئەچێ.

مەلا وەیسی کە ئەمە ئەبیستێ شێت و هار ئەبێ. شیرو خەنجەرو دەمانچە هەڵئەگرێ بە پەلە ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە ژنەکەی بکوژێ. کە نزیکی ماڵ ئەبێتەوە ئەکەوێتەوە بیری کەئەو هیچ ژنی نییە.

- لەداستانی کوردییە ئەڵێ:

لە سەردەمی خۆیا پادشایەکی زۆر بەدەسەلات هەبوو تووشی نەخۆشیەکی زۆر ناهەموار بووبوو. هەر چەندی ئەکرد بوی چار نەئەکرا، هەموو پزیشک و حەکیمەکانی ولات سەریان لەم نەخۆشییە سووڕمابوو، بۆیان دەرمان نەئەکرا. هەر دەرمانێکیان ئەدایەپادشا رۆژ بەرۆژ خراپتر ئەبوو. لە ئەنجاما پزیشکێکیان لەولاتی چینەوە هێناو ئەو لەپاش ئەوە کە سەیری پادشای کرد وتی: پادشا چاک ئەبێتەوە بەو مەرجە ئەو دەرمانەی من داوای ئەکەم دەستکەوێ. پادشاو هەموو وەزیر و پزیشکەکان بەم خەبەرە بە تەواوی گەشانەوەو وتیان هەر بەو مەرجە پادشا چاک بێتەوە دەرمان ئەگەر لە بنی ئەرزیشا بێت پەیدای ئەکەین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتی: دەرمانی ئەم دەردەی پادشا، خوێنی منالێکی سوورکاری موو زەردی چاو ڕەشی گۆنا پانی حەو ساڵانە کە بدرێ لە لەشی و پێی بهەنووێ تا سێ جار، ئیتر چاک ئەبێتەوەو ئازار لەلەشیا نامێنێ.

ئەمجا کەوتنەقەلەمڕەوی پادشا بۆ دۆزینەوەی منالێکی وەها. هەر چەندە گەڕان منالێکی بەو تەرحەیان دەست نەکەوت. کەلێن و قوژبن نەما، شار نەما، دێ نەما، کەلکی نەبوو. لە ئەنجاما وتیان لەم ولاتە پان و درێژەدا تەنها ئاشێک ماوە کە ئاشەوانێکی لێیەو نەگەڕابین؛ ئەگینا شوێن نەماوە نەمانپشکنیبێ. وتیان با بچین بۆ ئەو ئاشەش بزانین هیچ هەیە؟ کە چوونە ئاسیاوەکە سەیریان کرد تەنها ژن و پیاوێک و منالێکەو هیچی‌تر. کە سەیری منالەکەیان کرد تەماشایان کرد ئەو شتانەی کە پزیشکەکە وتونی هەموو لەم منالەدا هەیە. بەژن و پیاوەکەیان وت: ئەم منالە چیتانە؟ وتیان تاقە کوڕمانەو لەمەزیاتر هیچی‌ترمان نییە.

ئیتر پیاوەکان دەنگیان نەکرد و هاتنەوە خەبەریان هێنایەوە بۆ پادشا کە منالێکی بەو جۆرەمان لە ئاشەکۆنێکا دۆزیوەتەوە. پادشاو وەزیر و پزیشکەکان لەم خەبەرە وەکوو دنیایان سەر لەنوێ پێ درابێتەوە چ خۆشیەک ئەکەن بەو جۆرەیان بەسەر هات.

ئەمجا پادشا ناردی ئاشەوان و منالەکەو دایکەکەیان هێنا، منالەکەیان بردە لای پزیشکی چینی چاوی پێی کەوت وتی: ئەو منالە کە من ئەیلێم و دەرمانی دەردی پادشایە ئەمەیە. ئیتر کەوتنەسەر ئەوە کە چۆن ئەم منالە لەو دایک و باوکەی بستێنن؟

عالم و وەزیر و پزیشک هەموو چوونە بن دەست باوک و دایکەکەیەوە کە پادشای مەملەکەت نەخۆش کەوتووەو بەو نەخۆشییە ئەمرێ. ئەگەر خوێنی منالێکی وا نەدرێ لە لەشی؛ وەمردنی پادشایش مردنی هەموو مەملەکەتە. ئێستە ئێوە بێنن ئەم منالە بدەن بەپادشا و بیکەن بەقەزاوەگێڕی ئەو. پادشا بە گرانی منالەکە زێڕ و زیوتان ئەداتێ. باوک و دایک کە گوێیان لەم قسەیە بوو هەناویان هاتەخوارەوەو وتیان شتی وا نابێت.

بەرەبەرەخەلکی‌تر سەریان کردە سەریان و وتیان سەلامەتی پادشا لەماڵ و ئەولاد واجبترە لەسەر هەموو کەسێک. ئێستە ئێوەش تازە لە بەهاری جوانی دان منالی‌ترتان ئەبێت. وا بزانن ئەم منالەتان هەر نەبووە. ئەوەندەخەلک سەری کردە سەریان و ئەوەندەیان چرپاند بە گوێچکەیانا رازی بوون.

منالیان لێ سەندن و بەسەنگی منالەکەزێڕ و زیویان دانێ و منالیان برد بۆ لای پادشا. پادشا وتی بیبەن بۆ لای قازی. قازیش وتی بۆ سەلامەتی سەری پادشا رشتنی خوێنی بێ گوناحێک واجبترە لەوە کە پادشا بمرێت. پادشا خوای سەر زەوییە، لە نەمانی ئەو زۆر و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ستەم پەیدا ئەبێت و بلاو ئەبێتەوە. لە نەمانی یەکێک لە ئەهلی مەملەکەت هیچ روونادا. کەواتە شەرع رێ ئەدا بۆ سەر برینی ئەم منالە.

بەم جۆرە لە هەموو لایەکەوە بریار لەسەر سەر برینی منالەکە درا، بەپادشا خۆیشیەوە، چونکە خوێنی ئەم منالە بۆ چاک بوونەوەی ئەو بوو. ئەمجا پادشا فەرمانی دا بەسەر برین. جەلاد بەخۆی و کێردیەوە هاتە مەیدان. تەشتێکی لەو لاوەدانا بۆ ئەمە کاتێ کە منالەکە سەر ئەبرێ خوێنەکەی هەمووی بچێتەناو تەشتەکەو هیچی لێی لە کیس نەچێ. دەستی منالەکەی گرت و هێنایەسەر پەقرەجەکە. پادشا و وەزیر و پزیشک هەموو لەو لاوە دانیشتبوون سەیری ئەم دیمەنەئەکەن.

کاتێ کە جەلادەکە منالەکەی هێنا، منالەکە چاوی بەجەلادو کێردی دەستی و تەشت کەوت دەستی کرد بەگریان و سەرێکی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و چەند جارێک لێوی بەیەکا داو زەردەخەنەیەکیش گرتی. ئەم دیمەنە بەم جۆرە سەرنجی پادشای راکێشاو بانگی کرد لە جەلادەکە منالەکەم بۆ بێنە پێش ئەوەسەری ببرێ. جەلاد پەلی منالەکەی گرت و بردیە بەردەمی پادشا. پادشا منالەکەی دانا و لێی پرسی رۆلە ئەم گریان و لێو بەیەکا دان و زەردەخەنەیەت چی بوو لەم وەختەدا؟ منال وەکوو کانیاوی ئیلهامی خوایی رژابێ بەسەریا زمانی کرایەوەو وتی: پادشاهم هیچ؛ ئیشی خۆت بکە. پادشا وتی: رۆلە ئەبێ هەر پێم بلێیت. منالەکە وتی: هەروا؟ پادشا وتی: بەلێ ئەبێ بیلێیت. ئەمجا کورەوتی:

دلسۆزتر کەس و میهرەبانتر کەس بەچاو ئەولادەوە باوک و دایکە. باوک و دایکی من بە پارە منیان لەدەست کردەوەو دامیان بەدەست خەنجەری جەلادەوە کە سەرم ببرێ. رەنگ بێ ئێستە خۆیشیان لە گۆشەیەکەوە سەیری ئەم دیمەنە بکەن. ئەوا دەستم لەباوک و دایک برا.

یەکێ ئەگەر ستەمێکی لێ بکرێ ئەچێت بۆ لای قازی دەردی زولم لێکراوی خۆی بەو ئەلێ بۆ ئەوە بەپێی شەرع و قانوون حوکمی بۆ بکا و نەیەلێ ئەو زولمەی لێ بکرێ. کە ئیشی من کەوتە بەردەمی قازی، قازی فتوای دا کە بۆ سەلامەتی سەری پادشا خوێنێکی ناهەق برێژرێ دروستە. دەستم لەویش برا.

پاش ئەوە کە ئەگەر یەکێ ئیشەکەی کەس نەیپرسی شکات ئەباتە لای پادشا بۆ ئەوە ئەو دادی بپرسێ و بە هانایەوە بێت. من ئیشم کەوتە لای پادشا و پادشاش وتی: ئەمە بۆ ساغ و سەلامەتی منە، ئەویش فەرمانی دا بەکوشتنم؛ بەکوشتنی منێکی بێ گوناح.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئیتر کەسم بۆ نەمایەوە. سەرم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، حەقمە بگریم چونکە سەرم ئەبڕن و نەمامی ژیانم لە ریشە هەڵئەکێشن. زەردەخەنەش لەو کاتە ناهەموارەدا گرتمی وتم خوایە ئیشەکانت زۆر سەیرە، لێویشم کە بەیەکادا وتم خوایە کەسم بۆ نەماوەتەوە تەنها تۆ نەبێ.

پادشا کە گوێ لەم قسانەبوو سەری شۆڕ کردەوە بە بەردەمی خۆیا و پاشان هۆنەهۆن فرمێسک هاتەخوارەوە بەچاویا. دەستی برد منالەکەی هەڵگرت خستیە سەر کۆشی خۆی و ماچی کردەوەو دەستی هێنا بەسەریا و وتی: رۆڵە! مانەوەی ژیانی من لە رشتنی خوێنی بێ گوناحێکی وەکوو تۆ پێک بێت من ئەو ژیانەم ناوێ. وە تۆ ئێستە بەدواوە ئیتر کوڕ و جێنشینێ منیت. فەرمانی دا بە جەلاد کەکێرد و تەشتی خۆت لابە. ئەڵێ کەپادشا ئەم میهرەبانیە نواند بەرەبەرە ئازارەکەشی لە کۆڵ کەوت و ئەلەمی تێدا نەما.

- قەزا و قەدەر هەیە. ئەمە شتێکە راستەو بینراوە.

لەو نزیکی خۆشناوەتییە پیاوێک کوڕێکی سێ چوار سالانی خۆی لەگەڵ ئەبێ ئەچێتە دەرەوە بۆ سەر رەز و باخ. ئەگاتەسەر رەزەکە لە پاش هەندێک کوڕەکەی خەوی لێ ئەکەوێ. هەڵیئەگرێ لەبن دارێکا دایئەنێ، جامەدانەکەی خۆی ئەدا بەسەریا و خۆی ئەچێتەوە بە لای بێلکاریەکەی خۆیەوە. خەریکی بێلکاری ئەبێ کوتوپڕ بەدەم بێلەکەیەوە دووپشکێکی گەورە دەر ئەپەڕێ و روو ئەکاتە منالەکە کە نووستووە.

کابرا بەبێلەکەیەوە هەڕا ئەکا بەشوێنیا هەر چەندە ئەکا نایگاتێ. کابرا ئەیوت ئەوا تەکان ئەدەم لە خۆم کە بیگەمێ کەچی وەکوو یەکێ لەدواوە پێی گرتبم هەر چەندم ئەکرد نەئەڕۆیشتم. وتی: دووپشک لە دەستم دەرچوو راست رووی کردە کوڕەکەو چووە ژێر جامەدانەکەو پاش تۆزێک هاتەوە دەرەوەو ملی رێی گرت و بەشوێنەکەی خۆیا گەڕایەوە.

وتی: من لەتاو کوڕە ئاگام لە دووپشک بڕا. چوومە سەر کوڕەو جامەدانەکەم لادا سەیرم کرد مارێک قەفی خواردووەبەدەورەی کوڕەکەدا و سەری نزیکی بن ملی کوڕەکەکردۆتەوە، لەو کاتەدا دووپشکەکە گەیشتووە چووە داویە بە تەپلی سەری مارەکەوە. مار هەر لەجێی خۆی رەق بووەو ئیتر راست گەڕاوەتەوە.

وتی: کەئەوەم دی چاوم بە دووپشکەکەش کەوت لە گەڕانەوەکەیا وە منیش ئیتر گورج بوومەوە ئەمتوانی بیگەمێ، بەلام کە ئەو کارەساتەم دی نەچووم بەشوێنیا وازم لێ هێنا تا چووەوە کونەکەی خۆی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لە هەولێر خدر بەگی ئەحمەد پاشا پرسەی هەبوو. لە گەڵ شێخ بەشیر ئەترووشی و شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی لە رۆژی ١٩٧٦/١٢/١٢چووین بۆ ئەو پرسەیە. قسەی مردن هاتە ناوەوە خدربەگ گێڕایەوە وتی:

ساڵێک لە گوندی «قازی خانە» لە دیواخانی حسینی مەلادا دانیشتبووین. زۆر بووین باسی مردنی مەڕ هاتە گۆڕێ کە ئەو ساڵە مەڕقڕانی کردووە. یەکێ وتی: من بیست سەرم مردووە. یەکێ وتی: من سی سەرم مردووە. یەکێ وتی: من پەنجا سەر. هەر یەکە شتێکی وت. یەکێ وتی: ئەوە مەڕ چۆن ئەمرێ بەم جۆرە؟ کابرایەک هەبوو «مستەفا بۆر»ی ناو بوو، ساغ و سەلیم لە ئێمە ساغتر. هەر هەڵسا لەناوەڕاستی دیواخانەکەدا لەبەر چاوی ئێمەوە راکشا و وتی: وا ئەمرێ. دەستی کرد بەدەست و قاچ وەشاندن و لرخەلرخ کردن، ئیتر هەڵنەستایەوە. کە لێ کۆ بووینەوە سەیر ئەکەین مردووە.

- لەو ناوچەی «ئامێدی»یە ساڵێک دنیایەکی زۆر تووش و سارد بوو، لەوانە بوو قڕان ببێت. بەفر هەموو دنیای داگیر کردووە. پیاوێکی «هەراس» ناو لەگوند دەرئەچێ بۆ ڕاو کردن. کەڵەگایەک لە گوندەکەدا شێت بووبوو چاوی سوور کردبوو، ڕاوی خەڵکی ئەنا و کەس نەیئەوێرا بەرچاوی کەوێ. وا دیار بوو بۆشیان ڕێ نەکەوتبوو بیکوژن. ئەو گایە کە چاوی بە کابرا ئەکەوێ لەو چۆڵەوانیەدا شوێنی ئەکەوێ. کابراش هیچ چەکێکی پێ نییەو گایەکەش ئەناسێ. هیچ چاری نامێنێ ئەشکەوتێک لە نزیکیەوە ئەبێ بەهەر جۆر بێ خۆی ئەکا بەکونی ئەشکەوتەکەدا.

گایەکەشوێنی ئەکەوێ، ئەو ناچێ بەکونی ئەشکەوتەکەدا. گەلێک خەریک ئەبێ هیچی بۆ ناکرێ. ئەمجا دێنێ لەبەر کونی ئەشکەوتەکەدا ئەکەوێ و پاڵ ئەدا بەکونەکەوەو کون ئەگرێو کابراش وا بە ژووریەوە.

کابرا لەژوورەوە لە سووچێکەوەکڕنووش دائەدا و لەفیکر کردنەوەدا ئەبێ. تۆزێ بەرچاوی ڕووناک ئەبێتەوە تەماشا ئەکاو ا ڕەشەمارێک لەو بەریەوە پەپکەی خواردووەو نیوەی شوێنەکەی داگیر کردوە. کابرا بەجارێ هەناوی دێتەخوارەوە. لەدەرەوە گایەکە بەر کونەکەی لێ گرتووە، لە ژوورەوە ئەم مارە لە بەرانبەریەوە. لە ڕاستیدا دنیای لێ ئەبێ بەچەرمی چۆڵەکە.

لەم فیکرانەدا بوو تەماشای کرد وا لە تەنیشتیەوە دووپشکێک بە ئەندازەی بستێک ڕوو بەڕووی هات، هاتەسەر کەلەموستی پێ و بەلەشیا هەڵگەڕا و چووە تەوقەسەری و بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوێنەکەی خۆیا گەڕایەوەو رووی کردە مارەکە. چوەسەر پشتی مارەکە گەڕا، گەڕا چووە سەر تەپلی سەری دای بەکەللەی سەریەوەو ئەمجا لەسەری لاچوو رووی کردە دەرگای ئەشکەوتەکە (وا ئەمیش هەر چاوی لێیە). گایەکە بەر کونەکەی گرتبوو دای بەگاوە، گا بۆرەیەکی لێ هەستاو لەشوێنەکەی خۆی جوولا تۆزێ چوو بەو لاوە کەوت و بەر کونە بەرەڵا بوو. دووپشک دیسان گەڕایەوە هاتەوە بۆ لای «هەراس». وەکوو جاری یەکەم گەشتێکی بە لەشیا کرد و پاشان دابەزی لەو شوێنەوە کە هاتبوو لەو شوێنەوە لە چاو ون بوو.

هەراس وتی: پاشان کە هەستام چووم بەلای مارەکەوە دارم تێوەژەند تەماشا ئەکەم تۆپیوە. هاتمە دەرەوە پێش ئەوە لە کونەکە دەرچم سەیرم کرد گایەکە لەو لاوە کەوتووەو هەر چوار پەلی راکێشاوە. زانیم کە نەماوە. چوومەسەری تەماشا ئەکەم مردا ربوەتەوە.

ئەم باسە شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی گێڕایەوە.

- لە داستانی کوردییەوە ئەگێڕنەوە ئەڵێن:

دوو پادشای بەدەسەلات و ئامۆزای یەک بوون. ئاقاری قەڵەمڕەوی هەر دووکیان پێکەوەبوو. کابرایەکی دەرۆزەکەر هەبوو لە ولاتی یەکێکیانا دوو کچی شۆخ و شەنگی هەبوو؛ خەرامانی ئەرمەن و پەلک سەوزی داستان هاوتایی نەئەکردن. ناوبانگی نازداریان لە هەموو ولاتا دەنگی دابووەوە. جوانی ئەمانە بەرگوێ هەر دوو پادشا کەوتبووەوە. هاتنەسەر ئەوە کە هەریەکە یەکێکیان مارە کەن. نسیب یەکی خستن. دوو نەمامی داستان بوون بە هاوسەری دوو شازادەی جیهان. ئەم دوو کچە لە گەڕانی بەر دەروازانەوە کەوتنە ناو تەلاری شاهی و مێرگ و مێرغوزاری شادیەوە. نانی جۆ رەشکەی بەر دەرمالان بوو بەگەنمی بەهارەو شیر و شەکری ناو مالان. مەگەر خوا بیزانێ کەوتنە چ خۆشیەکەوە.

رۆژێ بەرێکەوت یەکێ لەو دوو پادشایە چووەوە بۆ ژووری حەرەمسەرا سەیری کرد وا ژنەکەی لەهەر تاقێکی ژوورەکەیا کەرتە نانی رەقی داناوەو کەس لە ژوورەکەدا نییە، بە بەر تاقەکانا ئەسوورێتەوە دەستی راگرتووە ئەڵێ:

خوا لەدەستتان نەبڕێ پەنجەیە نانم بدەنێ.

بەدەستەکەی‌تری تۆزێ نانەڕەق ئەخاتە ئەو دەستیەوە. توورەکەیەک لە ملیایە ئەیخاتە ناو توورەکەکەو ئەڵێ: خوا لێیتان نەبڕێ. ئەچێتەبەر تاقێکی‌تر هەروەها، تا هەموو تاقەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو جۆرە هەموو ئەگەڕێ. پاشان ئەڕوا ئەو جلە شڕانە کە لەبەریایە دایئەکەنێ. جلی خانمانە لەبەر ئەکا و ئەچێ لەسەر دۆشەک دائەنیشێ.

پادشا لەمە زۆر سەری سڕما. چووە ژوورەوە لە تەنیشتیەوە دانیشت و پێی وت: بانوو تۆ شتی وا بۆ ئەکەی؟ خانم لەپێشا نەچووە ژێری. پادشا وتی: خۆم بەچاوی خۆم دیم. خانم سەیری کرد هیچ چاری نییە وتی:

راستی پادشاهم! من وام لەناو هەموو ناز و نیعمەتێکا. لە هیچ شتێک ناتەواویم نییە، نە لە خواردن، نە لەبەر کردن، نە لە کەنیزەک و خولامان؛ بەڵام کرمێک لەسەرما جووڵەی ئەکرد وەختە بوو شێتم بکا. شەو و رۆژ بەوەوە ئەتلامەوە. لە ئەنجاما تێگەیشتم کە ئەمە ئیشی چییە. من سەرەتا بە دەرۆزەو بە سوالکردن فێر بووم، ئێستەئەوەم لێ بڕاوە، هیچ چارێکم نەدیوە ئەوە نەبێ کە بەو جۆرەخۆم شڕەبار بکەم و بەبەر تاقەکانا بسووڕێمەوە داوای نانە ڕەقە لە تاقەکان بکەم. بەو جۆرەئێتر حەسامەوەو هیچ دەردێکم نەما.

ئەمجا پادشاکەی‌تریش رۆژی کە چووە ژوورەوە سەیری کرد ژنەی پادشاکەی‌تر بە بەر تاقەکانا ئەسووڕێتەوە داوای پارچە نانەرەقیان لێ ئەکا و لەپاش تەواو کردنیان خۆی ئەکاتەوە بە خانمەکەی جاران.

پادشا لێی ئەپرسی بۆچ وائەکەی؟ ژنەوتی: پادشاهم: من سەرەتا سوالکەر و گەدا بووم. بەو جۆرە کە تۆ منت بینی لەبەر مالانا گەداییم ئەکرد. ئێستەکەوتوومەتە سەر ئەم ناز و نیعمەتە. هەر جارەنەجارێک دێنم وەکوو پێشوو بە بەر تاقەکانا ئەسووڕێمەوەو ئەو تاقانە بە ماڵەکان دائەنێم کە سواڵم لێی ئەکردن. ئەمجا خۆم بەخۆم ئەڵێم تۆ سەرەتا وابوویت، خۆتت لێ نەگۆڕێ. پادشا ناوچەوانی ماچ کردو وتی:

نەجابەت بەزاتە، نەک بەئەسڵ و نەسەب.

- لەداستانی گوێ ئاگردانی کوردییە ئەڵێ:

جارێک خدری زیندە لە دەشتێکا تووشی کابرایەکی ریش سپی پیس و پۆخڵ، چاو دادڕاو و دەمخوار بوو. چوار کەری بە بارەوە دابوە پێش، لۆکەلۆک ئەڕۆیشت. لێی پرسی تۆ شەیتان نیت؟ وتی: بەریوەڵلا هەوم یا خدری زیندە. وتی: بۆ کوێ ئەچی؟ وتی: بۆ کەسابەت ئەچم شتێک پەیدا کەم بۆ منالەکانم. وتی: باری گوێدرێژەکانت چین؟ وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rafari.org

ئەوەیان جەور و ستەمە. وتی: بەکێ ئەفرۆشی؟ وتی: بەپادشاهان. ئەوەی دووهەمیشیان حەسادەتە. وتی: بەکێی ئەفرۆشی؟ وتی: بە عالمەکان. وتی: ئەوەی سێهەمیان خیانەتەو گزی کردنە. وتی: بەکێ ئەفرۆشی؟ وتی: بە تجارو بازرگانەکان. ئەوەی چوارەمیش حیلەو فێلە. وتی: بەکێ ئەفرۆشی؟ وتی: لە ژنان بەو لاوەکەسی‌تر نییە.

وتی: جا ئەم کڕیارانەت دەست ئەکەوێ؟ وتی: یا خدری زیندە! ئەگەر ئێوە لێم بگەڕێن و واز لە خەڵکەکە بێنن هەمووی بەرۆژێک ساغ ئەکەمەوە.

- لەداستانی رابردووە ئەڵێ:

ناسری عەباسی(٥٧٥-٦٢٢ هیجری) کاتێ کە خەزنەو سامانی «عازیدی فاتمی»(٥٥٥-٥٦٧ هجری) کەوتە بەر دەست و داگیری کرد، تەپڵێک لە ژوورەکەی عازدا بوو ئەویشیان هێنا. کابرا تەپڵەکەی هەڵگرتوو دەستی کرد بە لێدانی. کابرا کەوتە تڕکەندن. خەڵکەکە دەستیان کرد بە پێکەنین پێی. یەکێکی‌تر هەڵیگرت کە لێی‌دا ئەویش کەوتە تڕکەندن.

خەڵکەکە لەمە تووڕە بوون و تەپڵەکەیان دڕی. لە پاشا پیاوی شارەزا هات پێی وتن ئەم تەپڵە هی تڕکەندن نەبووە، بەڵکوو چاکەی ئەم تەپڵە ئەوە بووە کە لە نزیکی هەر کەسێکەوە بوایە ئەو کەسە کۆلنجی نەئەکرد. عازد نەخۆشی کۆلنجی هەبوو ئەو تەپڵەیان بۆ هێنابوو لە ژوور سەری خۆیەوە دایئەنا ئیتر ببڕای ببڕای کۆلنجی نەئەکرد. خەڵکەکە لە دڕانەکەی زۆر پەشیمان بوونەوە، بەڵام تازە بێ کەڵک بوو.

- لەداستانی کوردییە ئەڵێ:

جارێک کابرایەکی بابی چووە لای مەلایەک وتی: ئێوە هەر ئەڵێن ئیشەکانی خوا جێگای رەخنە نییەو کەس ناتوانێ رەخنە لە کاری بگرێ. من سێ رەخنەم لە ئیشی خوا گرتووە، بزانم تۆ ئەیسەلمێنێ یان نا؟ مەلا وتی: فەرموو بیانڵێ. کابرا وتی: خوا شەیتان بە ئاگری جەحەنەم ئەترسێنێ لەکاتێکا کە خوا شەیتانی لە ئاگر دروستکردووە. یەکێک لە شتێک دروستکرابێ چۆن لەو شتە ئەترسێ؟

دووهەم بەلای ئێوەی ئیسلامەکانەوە وایە کە خێر و شەڕ هەمووی لە خواوەیە، هەرچی خوا نەیکرد نابێ. کەچی ئەگەر یەکێ ئیشێکی نابەجێ لەگەڵ یەکێکا بکا تۆڵە لەو کەسە ئەکەنەوەو ئەو بەگوناحبار دائەنێن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سێیەم ئەڵێن: خوا لە هەموو شوێنێک هەیە، جێگا نییە ئەوی تێدا نەبێ. یەکێک لە هەموو جێگایەک بێ، ئەبێ هیچ نەڵێ؛ ئەبێ جارێک ببینرێ بۆ ئەوە قسەکە بچێتەسەر؛ کەچی ئەوەتی دنیا دنیایە هەتا ئێستە نەبیسراوە یەکێک خوای چاو پێکەوتبێت.

مەلا وتی: راستەقسەکانت، تۆزێ وەرە پێشترەوە تا وەڵامت بدەمەوە. بابی چووە پێشەوە. مەلا نەیکردە نامەردی خشتێکی کاڵ لە بەر دەمیا بوو، خشتی هەڵگرت و دای بەسەر کابرادا سەری شکاند و خوێن فیچقەی کرد. وتی: ئەوە وەڵامەکەتە.

کابرا کە ئەمەی دی چوو بۆ لای قازی شکاتی کرد. قازی ناردی مەلاکەیان هێنا و وتی: تۆ سەری ئەم کابرایەت شکاندووە؟ وتی: بەڵێ. وتی: بۆچی؟ مەلا وتی: ئەم کابرایە ئەڵێ: شەیتان لەئاگر دروستکراوە بۆچ ئەبێ لەئاگر بترسێ؟ کەخوا بە ئاگر ئەیترسێنێ. ئێمەش لە خاک دروستکراوین بۆچ ئەبێ لێی بترسین و سەرمان بەخاک بشکێت؟

دووهەم ئەڵێ: ئێمە ئەڵێن خێر وشەڕ لە دەست خودایە. سەرەتا چارەنووس چی بێ ئەبێ بێتەجێ. ئینسان دەسەلاتی قەدەری خوای نییە. من بەئیرادەی خوا سەرم شکاندووە هیچ دەسەلاتێکی منی تێدا نییە؛ بچێ ملی خوا بگرێت و داوای تۆڵە لەو بکاتەوە، من چیم.

سێیەم ئەڵێ: ئێمە ئەڵێن خوا لە هەموو جێگایەک هەیە، ئەو ئەڵێ: ئەگەر هەبێت ئەبێ هیچ نەبێ جارێک ببینرێ. ئێستە بچێ بە هەر جۆر بووە بەڵکوو خوا بدۆزێتەوەو داوای خۆی لەگەڵ ئەوا بکا. یەکێ دەعوا لەسەر یەکێک دروست ئەکا ئەبێ یەکەکە دیار بێ، دەعوا لە سەر کەسی نادیار و نەبینراو قەید ناکرێ. لەسەر قسەی خۆی من مودەعی ئەو نیم چی داوە لە من؟

قازی روو ئەکاتە کابرای بابی ئەڵێ: ئەمانەت وتوە؟ ئەڵێ: بەڵێ وتوومە، بەڵام بۆ ئەوەم نەوتوە سەرم بشکێنن. قازی ئەڵێ: باوکم حەقت بەسەریەوە نییە برۆ. کابرا ئەڵێ: رازی بووم، بەڵام شەرت بێ لەمەو دوا منیش دایکی ئەو کەسانە لەکەر بکێشم کەئەم جۆرەقسانە ئەکەن و منیان فێری ئەم بەزمە کردووە.

– لەداستانی گوێ ئاگردانی کوردییە ئەڵێ:

جارێک مام ریوی پێش مەلا بانگدانی بەیانی لە ماڵ دەرچوو. سەیری کرد وا کەڵەشێرێک بە دەنگەجوانەکەی لەسەر دارێک قووقەقووق ئەخوێنێ. چوو بەلایەوە وتی: ئەوەبانگەکەت دا، وەرەخوارەوە با نوێژەکەمان بەجەماعەت بکەین. ئەویش وتی: ئاخر ئیمام هێشتا نووستوە، با هەستێت ئەو وەختە منیش دێم قامەتی بۆ ئەکەم. مام رێوی وتی: لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کوییە تا بچم خەبەری کەمەوە. درەنگە ئەترسم نوێژەکەمان بڕوا. کەڵەشێرەکە وتی: ئەوەتە لە پاڵ ئەو دارەدا نووستوە بچۆ خەبەری کەوە خێرت ئەگا. مام ڕێوی چوو سەیری کرد وا تانجیەک لەوێ نووستوە، هەر چاوی بەتانجی کەوت لە ترسانا دەستی کرد بەتڕکەندن و بۆی دەرچوو. کەڵەشێرەکە وتی: ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ وەرەبا جەماعەتەکەمان بکەین. مام ڕێوی وتی: دەستنوێژەکەم شکا. ئەچم ئەیشۆمەوەو دێمەوە.

- سەیری ئەم رزق و بەشکردنەکە:

گورگ ڕێوی ئەگرێ و ئەیخوا. ڕێوی ژیشک ئەگرێ و ئەیخوا. ژیشک مار ئەگرێ و ئەیخوا. مار چۆلەکەئەگرێ و ئەیخوا. چۆلەکە کولە ئەگرێ و ئەیخوا. کولە زەردەواڵە ئەگرێ و ئەیخوا. زەردەواڵە هەنگ ئەگرێ و ئەیخوا. هەنگ مێش ئەگرێ و ئەیخوا. مێش مێشوولە ئەگرێ و ئەیخوا. مێشوولە مێروولە ئەگرێ و ئەیخوا. مێروولە هەر شتێکی بەرپەل کەوێ تێئەرووکێ و ئەیخوا.

- لەداستانی کوردییە ئەڵێ:

جارێک پەڕەسێلکەیەک لەسەر کۆشکەکەی سلیمانی پێغەمبەر نیشتبووەوە لەو بەریەوە پەڕەسێلکەیەکی تر هەبوو رووی تێکرد وتی: ئەبێ مێردم پێ بکەی. ئەویش ملی نەئەهێنایە بەر. ئەمیش باڵێکی ڕاوەشاند و وتی: دە سا وەڵلا ئەگەر مێردم پێ نەکەی ئێستەئەم کۆشکە ژێرەو ژوور ئەکەم؛ بۆت سووتاوم!

سلیمانی پێغەمبەر گوێ ی لەم قسەیە بوو بانگی کرد پێی وت: ئەوە تۆ چیت وا قسەی وا ئەکەی؟ وتی: یا پێغەمبەری خوا قسەی عاشق هیچ لۆمەیەکی لەسە ر نییە.

**- گیسکەکەی هەیاس**

ئەزانی داستانی گیسکەکەی هەیاس چۆن بووە؟

لەداستانی کوردییە ئەڵێ:

هەیاسی خاس جارێک لە سوڵتان مەحموود لە سەر کارەساتێک تۆراو خۆی لێ ون کرد. چوو لە دێیەک لە لای پیاوێکی دەم سپی ئەو دێیە بوو بەسەپان. سوڵتان مەحموود ڕایسپارد هەرچی کەلێن و قوژبنی مەملەکەت هەبوو گەڕان ڕێکیان لە هەیاسەوە بەدی نەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سوڵتان بە تەواوی کەوتە پەرۆشەوەو کارو باری وڵاتەکەی لەبەر نەبوونی هەیاس بەتەواوی ئاڵۆزا. ئەمجا کەوتەسەر ئەوەکە بەڵکوو بەفێڵ بیدۆزێتەوە. جاڕی دا بەوڵاتا کە هەر کەس مەڕدار و شوانکارەیە، وە هەر کەس پیاو ماقووڵ و کاربەدەستە ئەبێ لە فلانە رۆژدا هەموو لەبارەگای سوڵتان حازر بن و کەس دوا نەکەوێ. بۆ ئەو رۆژی ئەوانەی کەسوڵتان ئەمری دابوو هەموو حازر بوون. سوڵتان هێنای هەر یەکە گیسکێکی دانێ، وتی: ئەمەی هەر لە ئێستەوە تا چل رۆژیتر هەر یەکە گیسکی خۆی برد، لە دوای چل رۆژە بیهێنێتەوە، ئەم گیسکە زیاد بکا ئەدەم لەسەری، کەم بکا هەر ئەدەم لە سەری.

یەکێک لەو کەسانە کە لەناو ئەم حەشامەتەدا بوو ئەو کوێخاکەبوو کە هەیاس لەلایەوە بوو بوو بەسەپان. عالەم هەر یەکە گیسکی خۆی وەر گرت و رۆیشت. کوێخای لای هەیاسیش یەکێک بوو لەوانە. ئەم عالەمە بە جاڕێ هەر یەکە لەعاستی خۆی کەوتە ترس و لەرزەوەو رێی ئەم ئیشەی بۆ بەدی نەکرا. گیسک ئەگەر شتی نادەیتێ مردار ئەبێتەوە، ئەگەر ئەیدەیتێ زیاد ئەک.، ئەگەر ژەم ژەم ئەیدەیتێ هەر وەکوو خۆی نامێنێتەوە. ئەمەش ئەنجامەکەی سەرفەوتانی تێدایە.

کوێخای لای هەیاس لە هەموو کەس زیاتر کەوتە پەرۆشەوە. چونکە مەڕو ماڵاتێکی زۆری هەیەو لە مەڕداریدا بە پسپۆڕ ناسراوە، کەچی لەئەنجاما هیچی بۆ ناکرێ و ئەبێ سەری خۆشی تیابدۆڕێنێ. هەر بە تەواوی کەوتە پەرۆشەوە. دنیای رووناکی لێ بوو بەشەوی تاریک. هەیاس پرسی کوێخا ئەوەچییە وا خواردن و خواردنەوەت لێ هەڵگیراوە؟ وتی: رۆڵە، ئەمە کارەساتەکەیە. هەیاس وتی: ئەگەر راستم لێ نالێیت من ئەم ئیشەت بۆ چار ئەکەم. وتی: کوڕم من ئەمە بایسی سەرمە. تۆ ئەگەر ئەمەم بۆ بکەی سەرم ئەستێنیتەوە، چۆن راستت لێ ئەڵێم؟

هەیاس وتی: هەر چەندە بڕواش ناکەم بەڵام نمەکم کردوی. ئەمەت هەر بۆ ئەکەم و رزگارت ئەکەم. بێنە بێچوە گورگێکم بۆ پەیداکەو ئیتر تۆ ئیشت نەبێ.

کوێخا چوو بێچوە گورگێکی پەیدا کرد و هێنای دای بە هەیاس. ئەمجا هەیاس کەوتە ئیش. جاڕێ هێنای پێش هەموو شتێک ددانەکانی پێچوەگورگی هەڵکەند و ئەمجا بەستیەوە. هێنای گیسکی گرتەجۆو قەرسیل تێری ئەخوارد و قونەی ئەکرد. کە ئەکەوتە ئێوارە ئەیبرد بەلای پێچوە گورگەکەوە. گورگ کەچاوی پێ ئەکەوت پەلاماری ئەدا بەڵام بەسترابووەوە هیچی پێ نەئەکرا. گیسکیش کە چاوی بەگورگ ئەکەوت هەناوی ئەکەوتەخوارەوە. ئەوی خواردبووی بەترس دایئەنایەوە. ئەیبردەوە تێری ئەکردەوە، بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی

بەیانیش دیسان وای لێ ئەکردەوە. گیسکی بەستەزمان ئەوی ئەیخوارد بەترس دایئەنایەوە. تا ماوەی چل رۆژ هەیاس ئەمە کاری بوو لە گەڵ ئەو گیسک و گورگەدا. پاش چل رۆژە وتی بەکوێخا بیبەوە بۆ سوڵتان.

کوێخا گیسکی برد و چوو. عالەمی تریش هەر یەکە بە خۆیان و گیسکی لای خۆیانەوە هاتنەوە. سوڵتان سەنگ و ترازووی هێنایەوە مەیدانەوە. دەستیان کرد بەگیسک کێشان. سەیریان کرد هەمووی زیادی کردوە، گیسکی واش بوو هەر ئێسقانەکەی مابوو کەمی کردبوو. سەرە هاتەسەر گیسکی لای کوێخا. کە کێشایان سەیریان کرد لە گەڵ سەنگ و بەردی هەوەڵا هەر وەکوو یەک وایە؛ نەزیادی کردووەو نەکەم، لەگەڵ ئەوەشا هیچ نەخۆشیەکی نییە.

سوڵتان کە ئەمەی دەستکەوت لە خەڵکەکەی‌تریش خۆشبوو وتی بڕۆن من هەر مەبەستم ئەمەبوو وا دەستم کەوت.

ئینجا کوێخای هێنایە ژێر پرس و جوابەوە کە چۆن ئەم گیسکەت وا نەهێشتۆتەوە؟ ئەویش بەسەرهاتی گیسک و گورگی بۆ گێڕایەوە. وتی: کێ ئەم تەگبیرەی بۆ کردووی. وتی: کەس، هەر خۆم کردوومە. سوڵتان وتی: من ئەمانە نازانم یا ئەبێ پێم بڵێت یا ئەتکوژم. خستیە ژێر ئەشکەنجەوە. لەولاشەوە بە هەیاسی وتوە کە دەنگ نەکا و راستی پێ نەڵێ. کە ئیش گەیشتە ئەشکەنجەو شکەنجەکاری و سەر تیاچوون وتی: شاهم بەسە پێت ئەڵێم. وتی: کوڕێکی سەپانم لایە ئەم تەگبیرە، تەگبیری ئەوە.

سوڵتان ئەوا هەیاسی بە ئەقڵی خۆی دۆزیەوە. ئەمجا ناردی هێنایانەوەو ئاشتی کردەوە. کوێخاشی خەڵات کرد و ناردیەوە بۆ ماڵی خۆی بەخۆی و بەگیسکیەوە.

- لەقسەی گوێی ئاگردانی کوردییە ئەڵێ:

رۆژێک سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس بەناو بازاڕا ئەڕۆیشتن، تەماشایان کرد پیاوێکی ریش سپی سێ کۆمەڵە خۆڵی لەبەر دەمایە، هاوار ئەکا ئەڵێ: ئەم کۆمەڵە خۆڵانە هەر یەکە گەوهەرێکیان لەناوایە، ئەیانفرۆشم. کێ ئەیەوێ بێت بیانکرێ. سوڵتان مەحموود گوێی لە قسەی کابرا بوو وتی: ئەم کابرایە چەند گەوجە؛ ئەگەر گەوهەریان لە ناوایە بۆچ خۆی گەوهەرەکان هەڵناگرێ؟ هەیاس وتی: ئێستە من ئەچم بەلایەوە بزانم چییە.

چوو وتی: مامەی ریش سپی چۆنی ئەفرۆشی؟ وتی: کۆمەڵێک بەلیرەیەک. سوڵتان مەحموود وتی: ئەمە قسەیە چۆن گەوهەرێک بەلیرەیەک ئەفرۆشرێ؟ هەیاس وتی: من

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەیکرم. وتی: مامە ئەمە لیرەیەک و کۆمەڵێکم پێ بفرۆشە. وتی: دانیشە. دانیشت، مامە چێوێکی گرت بەدەستەوە نایەسەر کۆمەڵێک وتی: ئەگەر نهێنیەکت هەبوو بەلای ژنەکەتو نەیلێ. هەیاس وتی: یەکێکی‌ترم پێ بفرۆشە. وتی: بێنە لیرەکە. لیرەی دایەو وتی:

هەر گیز پشت بە زالم مەبەستەو رووی خۆشی حاکم هەڵت نەخلەتێنێ و ئەو کۆمەڵەشی تێکدا. مایەوەکۆمەڵێکی‌تر. وتی: ئەوەشم پێ بفرۆشە. وتی: بێنە لیرەیەک. لیرەی دایەو وتی: هەرگیز خزم بە بێگانە نەدەیت. ئەو کۆمەڵەشی تێکدا. هەیاس وتی: مامە بۆچی خۆڵەکەت بلاو کردەوە؟ وتی: ئەوە یانێ ئەم خۆڵەبەسەر ئەو کەسە کە بە گوێی ئەم ئامۆژگاریانەی من نەکات.

هەیاس لەگەڵ سوڵتان مەحموودا رۆیشتن. سوڵتان وتی بە هەیاس بۆم دەرکەوت تۆ لەو پیاوە بێ‌ئەقلترو گەوجتریت. هەیاس وتی: باشە.

سوڵتان «خوشمێ»یەکی هەبوو زۆری خۆش ئەویست. خوشمیش ئەوەندە جوان بوو هەموو کەس هەر خۆشی ئەویست بۆ خۆی بەئارەزووی خۆی سەری بە هەموو ماڵ و دوکانێکا ئەکرد، کەس نەبوو رێگای لێ بگرێ. لەبەر ئەوە کە بەبێ سەرو بەر بە هەموولایەکدا ئەگەڕا وا قەڵەو بوو بووەوە هەر نەبێتەوە.

رۆژێک سەری کرد بەماڵی هەیاسا. هەیاس ژنەکەی لەماڵ نەبوو. چوو خوشمێ بردە ژوورێکی ژێر زەویەوە شاردیەوە. مێیێکی هەر وەکوو ئەوی هێنایەحەوشەکەوە. لەو وەختەدا ژنەکەی هاتەوە. وتی: ئافرەت ئەمە خوشمێ سوڵتانە، زۆر چاخە، خوا ناردوویە؛ قاپیەکە داخە سەری ئەبرین با کەس پێ نەزانێ بۆ خۆمان ئەیخوین. تۆیش دەنگ مەکە. ژنە قاپی داخست و هەیاس مەڕی سەر بڕی. گروویان خستیانە دیزەو هەڵیانگرت.

یەک دوو رۆژ کە خوشمێ دیار نەبوو سوڵتان پیاوی خستە ناو شار کە بیدۆزنەوە. هەر دیار نەبوو. وتی: هەر کەس ئەم خوشمێیەی منی لەناودا بردبێ سەری ئەبڕم. ئەم هەڕەشەشی کرد ئیتر سۆراخی خوشمێ بەتەواوی براو سوڵتانیش زۆر بۆی بێ‌تاقەت بوو.

رۆژێک هەیاس لەسەر شتێکی هیچ لەگەڵ ژنەکەیا بوو بەدەمەقالیان. ژنە وتی: تۆ ئەوە نیت کە خوشمێ سوڵتانت سەربڕی و لەناوت دا؟ هەر ئێستە ئەچم خەبەرت لێ ئەدەم. هەیاس وتی: ئافرەت! ئافرەتی چاک بە، من کردم تۆ نەتکردبێ. ئەگەر ئێستەتۆ بچیت خەبەر بدەی، سوڵتان سەرم ئەبڕی. ژنەوتی: من ئەمانە نازانم. عەزیەتی زۆرمت داوە ئەچم هەقی خۆمت لێ ئەکەمەوە. هەرچەندە هەیاس دەستەودامانی بوو بێ کەڵک بوو. چوو بۆ لای سوڵتان و وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەم هەیاسە کە تۆ بەیەکەم دلسۆزی خۆتت ئەزانی، ئەوەتا ئەو خوشمێکەتی لەبەر چاو منەوە سەربڕی. هەرچەندە هاوارم لێکرد شتی وا نەکەی بەگوێی نەکردم، وتی: هەر ئەبێ داخێک بەرمە دلی سولتانەوە.

سولتان چووە دەریای غەزەبەوە، وتی: ئادەی هەیاسم بە بالبەستە بۆ بێنن. هەر ئەبێ ئێستەخوێنی ئەویش بەرمە لای خوێنی خوشمێوە. هەیاسیان بەقۆلبەستەیی هێنایە حوزوور. سولتان رووی تێکردو وتی: ئەمە هەموو نمەکەکەت بوو کە ئەتزانی من ئەو خوشمێیەم چەند خۆش ئەویست تۆ بچیت سەری ببڕی و بەو جۆرە من تووشی خەفەتی ئەو بکەی؟ ئادەی جەلاد سەری لە لەشی جیا کەرەوە.

سولتان بەرگی غەزەبی پۆشیبوو، هەرچەندە هەیاس وتی: پادشاهم من شتی وام نەکردووە، بێ‌کەلک بوو. وتی: لە ژنی خۆت بەو لاوە کەسی‌تر هەیە کە بەو جۆرە لێتەوە نزیک بێ؟ ئەو هاتووە خەبەری لێ داوی. گوایە ئەو درۆ ئەکا و تۆ راست ئەکەی.

لەبەر ئەوەکەسولتان چووبوو بە غەزەبا ئەو هەموو دۆست و ناسراوە کە هەیا س هەیبوو لێی کشانەوەو وتیان: یەکێ ئەوەندە بەدنمەک بێ هەر کوشتنی باشە. دەستی خۆش بێ سولتان با بیکوژێ.

هەندێ خزمی رووتەلەو هەژارو فەقیری هەیاس هەبوون، کە بیستیان وا سولتان مەحموود هەیاس ئەکوژێ هەر یەکە چی بەرپەل کەوت لە دارو تێلا کۆ بوونەوەو بە هەراهەرا و دەنگەدەنگ بەر بارەگای سولتانیان گرت وتیان: یا ئەمەیە ئەبێ ئێمەش سەر بڕی یا ئەبێ لە خوێنی هەیاس خۆش ببی.

سولتان مەحمووديش چووەتە بەرگی غەزەبەوەو لەقسەی خۆی نایەتەخوارەوە، ئەلێ: هەر ئەبێ بکوژرێ. خزمەکانیشی ئەلێن: ئەبێ لە پێشا ئێمە بکوژی ئەو وەختە هەیاس بکوژە.

ئیش کە گەیشتە ئێرە هەیاس بانگی کرد: پادشاهم! مەمکوژە خوشمێت ئەوا لە ژووری ژێر زەوی مالەکەی منایە بنێرە بیهێننەوە. سولتان زۆر سەری سوڕما. لەراستیدا ناردی هێنایان سەیری کرد، راستە خوشمێیەکەی خۆیەتی. هەستا دەستی کردە مل هەیاس، ماچی کردەوەو داوای لێبوردنی لێکرد. هەیاس وتی: پادشاهم من و تۆ تازە پێکمانەوە نامانکرێ. بەلام ئەمە ئەو سێ کۆگاخۆلەکە بوو کە لە مامەی ریش سپیم کریو تۆ وتت تۆ لەو گەوجتریت. من ویستم هەر سێکت بخەمەبەر چاو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من بەدنمەک نیم. رۆژێک خوشمێ هاتە ماڵی ئێمە، من بردم شاردمەوە مەرێکی ترم هێناو بە ژنەکەمم وت ئەمەخوشمێی سوڵتانە، سەری ئەبڕین و دەنگ مەکە. ئەگەر سوڵتان پێی بزانێ سەرم ئەبڕێ. ژنەکەم ئەو نهێنیەی ڕانەگرت و هاتەلای تۆ ئەوەی وتی، وتی.

دووهەم من دۆست و خەڵکێکی زۆرم بە دەورەوە بوو کە چاکەم بۆ هەموویان بووبوو، کە هاتە وەختی تەنگ و چەڵەمەی ناخۆشی هەموویان پشتیان تێهەڵکردم و لێم تەکینەوە. ئەوەی کە هات بە هانامەوە تەنیا خزمە هەژارەکانی خۆم بوون کە هیچ چاکەیەکیشم بۆیان نەبوو بوو. وەبەڵکوو هەموو دەم هەر لێیان دوور ئەکەوتمەوە.

سێیەم ئەوە بوو وتی: بەقسەی خۆشی پادشا هەڵنەخەڵەتیت؛ ڕاست بوو ئەم هەموو لوتف و میهرەبانیەی کە تۆ لەگەڵ منت هەبوو هەمووت بەمەرێک گۆڕایەوە.

ویستم سێ گەوهەرەکەی مامەی ریش سپیت سووراوسوور پیشان بدەم و خۆت بەچاوی خۆت بیانبینی.

هەیاس ئەمانەی وت و لێی دا ڕۆیشت تۆرا. سوڵتان مەحموود گەلێ بەشوێنیا گەڕا نەیدۆزیەوە تا بە هۆی کارەساتی گیسکەکەوە دۆزیەوەو ئاشتی کردەوە. هەیاسیش ئیتر لەو وەختە بە دواوەخزمەکانی خۆی لەخۆی کۆ کردەوە، ئەو پشتەی کە جاران بەخەڵکی ئەبەست بەوانی بەست.

- ئەمە کارەساتێک بووە کە بە داستانی گوێی ئاگردان لەناو کورددا ئەیگێڕنەوە، لە وێنەی ئەمە کارەساتێک کە رووی داوەو داستان نییە هەر لەڕاستیدا رووی داوە ئەمەش بۆ رووداوی مێژوو ئەگێڕمەوە:

زستانی ساڵێ ١٩١٩ زستانێکی سەخت و تووش بوو. گرانی گەورەش هێشتا پاشەلەقەی مابوو. بێ حوکومەتی و بێ ئارامی خێوەتی رەشی خۆی بەسەر وڵاتا هەڵدابوو.

میرزا سەیفوڵلا هەبوو لە سنە پیاوێک بوو خۆی بەخۆی پێگەیشتبوو، دەوڵەمەند بوو بوو. بووبوو بەخاوەن پارە. ماڵەکەی تۆزێ کەوتبووە قەراخ شارەوە، هەر خۆی و ژنەکەی بوو لەو ماڵە گەورەدا، ژێر ماڵەکەیشیان هەبوو.

ژێر ماڵە ئەوە بوو کە ئەهلی لادێکان لە بەر لێشاوی عرووس و لەبەر فەلاکەتی گرانی روویان ئەکردە شارەکە. ئەو ماڵەی کە تۆزێ حاڵی باش بوایە ژێرخانێکی ئەدا بەیەکێ لەوانە بەبێ ئەوە پارەی لێ وەربگرێ. ئەوانیش خزمەتی ماڵەکەیان ئەکرد؛ لەبان ماڵین، لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

نان کردن و حاجەت شتن. دیسان خاوەن مالیش یارمەتی خواردەمەنی و جلوبەرگی کۆنەشی ئەدان. بەمانەیان ئەوت: «ژێرماڵە».

میرزا سەیفوللا ژێر ماڵەیەکی وای خەلکی دێ «خرۆسە»ی لەماڵا هەبوو. ئەم ژێر ماڵەیەش هەر خۆی و ژنەکەی بوو. شارەزای هەموو سووچێکی ماڵەکە بووبوو. تەنانەت ئەیزانی سندۆقی پارەکەی میرزا سەیفوللاو دەمانچەکەشی لەکوێیە.

ئەم کابرای ژێرماڵە لە گەل سێ کەسی تری خەلکی دەرەوەدا قسەئەکا بەیەک کە شەو لە ناوێک بێن، ئەم قاپی حەوشیان بۆ بکاتەوە میرزا سەیفوللا خانەبگیر بکەن.

خانەبگیر ئەوە بووە کە بەشەو دەستەیەک ئەچنەسەر ماڵێک بەبێ تەقەو هەرا ئەچنە ژوورەوە. خاوەن ماڵ ئەگرن و ئەیکوژن. نەختینەو شتیتر کە بە وەزن سووک و بەقیمەت گرانە ئەیبەن و ئەڕۆن. حوکومەت و شتەش نییە تا شوێنیان کەوێ. ئەو هەژارە هەم سەری ئەڕوا هەم ماڵی.

شەوێکی تۆف و بەفرو تاریک سێ کەسەکە دێن -کە پێشتر ژوانیان گرتبوو- کابرای ژێرماڵە قاپی حەوشەیان بۆ ئەکاتەوەو قاپی لەو دیوەوە دائەخەن. میرزا سەیفوللاو ژنەکەشی نووستون. پێش هەموو شتێ ئەچن دەمانچەکە لە ژێر سەریا دەرئەکەن. ئەمجا چرا هەلئەکەن و بەر دەماخ ئەدەن. میرزا سەیفوللا هەلئەستێنن و بەر ئەبنەسەر و پۆتەلاکی. یەکێکیان دەست ئەگرێ بەسەر دەمیا نایەلێ دەنگیشی دەرچێ. ژنەکەشی سەرینێک ئەخەنە سەر دەمی و ژنی کابرای ژێرماڵەی بەلاوە دائەنێن تا خەفە ئەبێ.

میرزا سەیفوللا هەر چەندە ئەپاڕێتەوەو هاوار ئەکا بێکەلک ئەبێ. ژێرماڵەکەی خۆی ئەناسێتەوە ئەلێ: کورە ئەمە پیاوەتی نییە تۆ ئەیکەی ئەتناسم. چیم هەیە بیبەن مەمکوژن. ژێرماڵەکە ئەزانێ ناسیویەتەوە چەقۆیەک دێنێ بەملیا سەری ئەبڕێ. بیرێک لە حەوشەکەدا ئەبێ لاشەکەی ئەخەنە بیرەکەوە.

ئەمجا بە شێنەیی سندوقە پارەو زێڕ و زیو و نەختینەیتر چی ئەبێ -کە کابرای ژێرماڵە شارەزای هەموویەتی- ئەیهێنن لەسەر کورسیەک بەشی ئەکەن و هەرکەسە بەشی خۆی ئەخاتە تەنکەی باخەلی و لێ ئەدەن ئەڕۆن. ژێرماڵەش قاپیان لەسەر دائەخاتەوەو ئەویش لە گەل ژنەی خۆیدا ئەخەوێ. بەیانی هەرا پەیدا ئەبێ کە ماڵی میرزاسەیفوللا خانەبگیر کراوە. ژێر ماڵەش ئەلێ من ئاگام لە هیچ نییە.

بەشوێنی چۆڕاوگەی خوێنەکەدا لەشەکە لە بیرەکە ئەدۆزنەوە دەری ئەکەن و ئەینێژن. ڕێکەوت چۆن ئەبێ، خزمێکی میرزا سەیفوللا ئەبێ «ئاغەباوا»ی ناو ئەبێ، دوکانی عەتاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەبێ لە لای مزگەوتی حاجیەولەسەن. ئەو شەوە کە میرزا سەیفوڵڵا ئەکوژرێ یەکێ لە دزەکان لە بەیانیدا ئەچێتە لای ئاغەباوا شت بکڕێ کیسەو یەنمۆرەکەی میرزا سەیفوڵڵا لای ئەو ئەبێ. کیسەو یەنمۆرەکەی دەردێنێ و پارە دەر ئەکا. ئاغەباوا چاوی پێ ئەکەوێ ئەیناسێتەوە کە ئەمە هی میرزا سەیفوڵڵایە، بەڵام هێشتا خەبەری کوشتنی ئەوی نەبیستووە.

کابرا ئەڕوا لەپاشا کوشتنی میرزا سەیفوڵڵا بڵاو ئەبێتەوە. ئاغەباوا خۆی ئەیگێڕایەوە ئەیوت: لەترسی ئەوە کە نەوەک ئەو دزانە بڵێن ئەویشمان لەگەڵ بووە، هەر دەنگم نەکرد چونکە دنیاکە زۆر بێسەر و بەر بوو. لەوانە بوو حوکومەتە پووچەڵەی ئەو وەختە منیان بگرتایەو دزیش لەو لاوە بۆ خۆی دەربچوایە.

لەپاش یەک دوو رۆژ ژێرماڵەکەش لەماڵی میرزا سەیفوڵڵا بار ئەکا و ئەڕوا. ئەو کەسانە کە ئەو ئیشەیان کردبوو هەموو هیچ و پوچ و نەدارا بوون. گەلێ لە خەڵکی شارەکە ئەیانناسین کە هەژار و لاتن؛ چونکە ئەچوون قوڕەکایان ئەکرد رۆژی بەقەرانێ یا قەران و نیوێک. ئەو پارەیە بە کولەمەرگی بەشی ئەکردن. چونکە تا رۆژی عەمەلەییان دەست ئەکەوت چوار رۆژ دەستیان نەئەکەوت. کەچی لەدوای ئەو کارەساتە بە بێڕەحمانە پارەیان خەرج ئەکرد و ئەیانخوارد. خەڵکەکە ئەمەیان ئەزانی، بەڵام قەت دڵیان بەلای ئەوەدا نەئەچوو کە ئەمانە تاوانێکی وایان کردووە. حوکومەتێکی رێک و پێکیش لە ناوا نەبوو تا لەئیش بکۆڵێتەوە.

لەپاش ماوەیەک لەسەردەمی حوکومەتی «شەریفودەولە»دا ژنی کابرای ژێرماڵە لە گەڵ مێردەکەیا ئەبێ بەشەڕیان. ژنە سێ و دووی لێ ناکا ئەچێتە لای شەریفودەولە ئەڵێ: مێردەکەی من لە گەڵ سێ کەسیتر میرزا سەیفوڵڵایان کوشتووە.

شەریفودەولە ناو و نیشانی کابرا وەرئەگرێ و ژنەلای خۆی گل ئەداتەوە، دەم و دەست ئەنێرێ کابرا ئەگرن. کابرا ئەخاتە ژێر شکەنجەوە راستی سێ کەسەیتریشی پێ ئەڵێ و ناو نیشانی ئەوانیش لەو وەرئەگرێ. سێ کەسەکە یەکێکیان هەر لە ناو شار مابوو. دووەکەیتر چوو بوونە دەرەوە. ئەنێرێ ئەوانیتریش پەیدا ئەکەن و ئەیانگرن. هەموو دان ئەنێن بەوەدا کە ئەوان میرزا سەیفوڵڵایان کوشتووە.

شەریفودەولە لە ئەنجاما هەر سێکیان تیرباران ئەکا و ژنەکەش بەحەپسێکی درێژ حەپس ئەکا.

ئەم کارەساتی خانەبگیر کردنی میرزا سەیفوڵڵایە لە سەردەمێکا بوو کە ئەبولحەسەن خان، «سەردار محی رشتی» سنە بووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



- لەداستانی کوردەوارییە ئەڵێ:

جارێک پادشای شارێک مرد و یەکێکی‌تر بەبێ قسە هات نیشتە شوێنەکەی و خۆی کرد بە پادشا. هەر شتێکی کرد -لە چاکەیا خراپە- کردی و دریغی نەکرد. پادشاکەی پێشوو وەزیرێکی زۆری هەبوو، یەکەیەکە بانگی کردنە لای خۆی و ئەم پرسیارەی لێ ئەکردن کە: «ئایا من خوا هێناومی یا خۆم هاتووم؟»

ئەو کەسەی کە ئەیوت خوا هێناوتی ئەیدا لە ملی ئەیپەڕاند. ئەو کەسەش کەئەیوت خۆت هاتووی و بەئازایەتی خۆت بوویت بەپادشا ئەیدا لە ملی ئەویش؛ ئەویشی هەر ئەکوشت.

ئەمە بوو بە بەلایەکی گەورەی بەسەر ولاتەکەوە. هەر کەس هەر شتێکی ئەوت لە کوشتن بەولاوە هەیچی‌تری دەست نەئەکەوت. ئەمجا سەرە هاتەسەر خەلکی‌تر. ئەنجامی ئەوانیش وەکوو ئەنجامی وەزیرەکان بوو. پیاوێکی پیر مابوو، سەرە هاتە سەر ئەو. پیاوە هەر سەرەی گەیشتە سەر بەجارێ هەناسەی لێ بڕا، چونکە ئەیزانی بەشی ئەویش وەکوو بەشی ئەوانی‌ترە.

کوڕێکی منالکاری هەبوو کوڕە وتی: باوە من بنێرە جوابی ئەدەمەوە. باوکەکە وتی: ڕۆڵە ئەم هەموو عالەمە نەیانتوانیوە جوابی بدەنەوە ئێستە تۆ چۆن جوابت پێ ئەدرێتەوە؟ جوابەکەی تۆیش هەر جوابی ئەوانەو ئەنجامیشت وەکوو ئەنجامی ئەوانە.

نەوەڵڵا کە ئەنجام کوشتنە با هەر خۆم بچم. ئەو دڵەم نییە کە تۆ لە بەرچاومەوە سەر ببڕن. کوڕە وتی: هەر ئەبێ بمنێریت یا جواب ئەدەمەوە یان منیش وەکوو ئەو عالەمە. بەهەر جۆر بوو باوکی ڕازی کرد. باوک وتی: باشەبڕۆ.

کوڕە هەستا چوو بۆ بارەگای پادشا. حوشترێک و بزنێکی لە گەڵ خۆی برد. لەبەر بارەگای پادشادا بەستنیەوەو خەبەریان نارد بۆ پادشا کە یەکێک هاتووە بۆ ولام دانەوە. پادشا وتی با بێتە ژوورەوە. کوڕە چووە ژوورەوە.

پادشا منالێکی بەرچاو کەوت، وتی: ئەوە کەسێکی لە تۆ گەورەتر نەبوو بێت؟ کوڕەوتی: بەڵێ هەیە. هاتە دەرەوە هەوساری حوشتری گرت و بردیە ژوورەوە. پادشا زۆری بەلاوە سەیر بوو وتی کوڕم یەکێک کە ریشێکی هەبێت و دنیای دیبێت. کوڕە دیسان هاتە دەرەوە ریشی بزنەکەی گرت و بردیە ژوورەوە. کوڕەوتی: پادشاهم ریشدارت ئەوێ ئەمە ریش؛ چاوت لێیە چ ریشێکی هەیە. پادشا ئەوەندەی‌تر لێی بە ڕەقا چوو. لە دڵی خۆیا وتی: ئێستە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


بۆ بیکوژم پرسیارەکەی لێ ئەکەم جواب ناداتەوە ئەو وەختە ئەیکوژم. وتی: باشە رۆڵە، باشە. کورە وتی: پادشام پرسیارت بکە. پادشا وتی: من خوا هێناومی یا خۆم هاتووم؟ کورە وتی:

پادشاهم نەخوا هێناوتی نەخۆیشت هاتویت. پادشا وتی: ئەی کێ منی هێناوە؟ کورە وتی: کردەوەی ئێمە. ئەگەر ئێمە باش بووینایە تۆش باش ئەبوویت. پادشا وڵامی کوڕەکەی زۆر بەدڵ بوو. کوڕەی گرت و ماچی کردەوە. ناردی باوکیان هێنا و کردی بەوەزیری خۆی. ئەو زوڵم و ستەمەش کە هەیبوو هەمووی لابرد. عالەم هەموو کەوتنە خۆشیەوە. پاش بەینێک بە کوڕەکەی وت: چاوت لێیە کە چەند چاک بووم؟ کورە وتی: پادشاهم ئەوە ئێمە چاک بوین بۆیە تۆیش چاک بوویت. پادشا ئەوەندەیتر قسەکەی پێخۆش بوو.

- ئەڵێن لە وەختی خۆیا لە ئەستەموول جوولەکەیەک هاتەسەر ئەوە کە موسڵمان ببێ. چوون خەبەریان بە سەدری ئەعزەم دا (شێخوئیسلامیش بوو). ئەویش ئەوەی پێویست بوو لە ئاهەنگ و زەماوەند بۆی جێ بەجێ کرد و لە کۆبوونەوەیەکی رەسمیدا تەلقینی جوولەکەی دادا و شایەت ئیمانی پێ هێنا و جووە موسڵمان بوو. هەر کە شایەت ئیمانی هێنا سەدری ئەعزەم وتی بیکوژن. ئەم فەرمانە بوو بە شتێکی سەیرو دەنگی دایەوە. هەر چەندە عالەم کۆششیان کرد کەڵکی نەبوو. فەرمانی سەدری ئەعزەم گێڕانەوەی نییە.

خەڵکەکە پەنایان بردەبەر سوڵتان کە بەڵکوو ئەو چارێک بکا. چۆن ئەبێ جوولەکەیەک لە بەر ئەوە موسڵمان بووە سەدری ئەعزەم فەرمان بدا بەکوشتنی؟

سوڵتان وتی: فەرمانی شەرعەو شێخولئیسلام داویەتی من ناتوانم بیگێڕمەوە. خەڵکەکە هەر وازیان نەهێنا؛ چونکە ئیشەکە زۆر نابەجێ بوو؛ جوولەکە موسڵمان ببێت و لەسەر موسڵمانیەتیەکەی بکوژرێ، ئەمە هەر نەبووە. سوڵتانیش لە دلا بەلایەوە ئیشێکی ناهەموار بوو، بەڵام شێخولئیسلام بەفەرمانی شەرعی فتوای داوە ئەم ناتوانێ لەم رووەوە هەڵیوەشێنێتەوە. شێخولئیسلامیش لەسەر قسەی خۆی نەئەهاتە خوارەوە.

لە ئەنجاما شێخولئیسلامی بانگی کردو وتی: فەرمانی شەرع گێڕانەوەی نییە، بەڵام چ من و چ ئەم خەڵکە ئەمانەوێ لەمەتێبگەین کە چۆن ئەبێ غەیرە دینێک کە موسڵمان ئەبێ لە[...][17]

١٧- بەداخەوە هەم ئەم بەسەرهاتەو هەم بەسەرهاتی دوایی ناتەواون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabtari.org



[. . .] بکەوێ لە کەوچک دەست بکەن بە جنێوان بەمن و بلێن خوا بتگرێ مامەولا بۆ کچێک بەخێوت کردووە. با بۆ خۆی لە مالا داکەوێ کەلکی مێردی نییە. وتیان مامەولا ئەو عەیبە چییە وا تۆ باوکیت دانی پێ دا ئەنی؟. هیچ باوک و دایکێک نییە دان بەعەیبی منالی خۆیانا بنێن؛ بەتایبەتی کچ کە هەر ئەبێ مێرد بکا و بروا.

مامەولا وتی: باوکم کچەکەم بێ فیکرە، کەلکی مێردی نییە، شتی زوو لەبیر ئەچێتەوە. بکەوێتە لای هەرکەس لە پاش چوار رۆژ تووشی دیق ئەبێ و ئەیداتەوە بە سەرما. نەوەللا با دۆستایەتی بمێنێ و کەسمان لەکەسمان عاجز نەبین.

هەر چەند ئەوان وتیان مامەولا ئەمە شتێکی وا نییە ئێمە بە هەموو شتێکەوە قەبوولمانە، مامەولا دەستی نەهێنایەپێشەوە. جەماعەت ناچار رۆیشتن و وازیان هێنا. کچەش گوێی لەئەم هەموو حیکایەت و کارەساتەبوو، هەناسەیەکی ساردی هەلکێشا.

کە ئەوان رۆیشتن کچە خرتەخرت کەوتە خۆی. کە ئیشێکیان پێ ئەوت وەکوو کێچ رائەپەری؛ کە باوکی پێ ئەوت ئیش و دەنگی زەنگی کلێسە هەر لە مێشکیا ئەمایەوە، شتێک نەبوو کەدوو جار پێی بوترێ. هەر شتێک کە مامەولا یەکەمجار پێی وت هەر ئەوە بوو؛ دووبارەی نەبوو. تەنانەت ئەو ئامۆژگاریانە کە پێش چەند سال باوکی ئەیکرد هەمووی هێنایەوە بیری خۆی و هەرگیز ئیتر رێک نەکەوت جارێک ئیشێکی پێ بوترێ و بۆ جاری دووهەم بلێ لە بیرم نەبوو. هەتا ماوەیەکی باشی پێچوو مامەولا زۆر حەسایەوەو پاشان دای بەمێردو لە دلی خۆیا وتی: ئاوا چارت ئەکەم، ئای کچ.

- جاران لەو خوارە داواکردنی پێغەمبەری باوێکی زۆری هەبوو. هەر کەس هەلئەستا داوای پێغەمبەری ئەکرد.

لەسالی ٣٢٥ هیجری کابرایەک راست بووەوە وتی من پێغەمبەرم. وتیان پەرجۆت (موعجیزە) چییە؟ وتی: هەر کەسە کچێکی جوان یا خوشک یا ژنێکی هەبێ بۆم بێنێ من خێرا سکی پڕ ئەکەم، هەر ئەو کاتە کوڕێکی جوانی ئەبێ لە باوکی کچە یا مێردی ژنە یا برای خوشکەکە ئەکا. کە ئیش ئەگەیشتە ئێرە زۆر کەس ئەیانوت ئەشەنوبیللا تۆ پێغەمبەریت.

جارێک گرتیان و بردیانە لای پادشا. هەر چەشنی قسەی ئەکرد. پیاوێک راست بووەوە وتی: یا پێغەمبەری خوا! من نەکچم هەیە، نەژنم هەیەو نەخوشک. بزنێکم هەیە بۆت دێنم ئاوسی کە. پێغەمبەر هەر هەستا راست بووەوەو ویستی بڕوا. وتیان بۆ کوێ ئەچی؟ وتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەچم بۆ لای جبرەئیل پێی ئەڵێم ئەمانە «تەگە»یان ئەوێ؛ ئیشێکیان بەپێغەمبەر نییە. دەستیان کرد بەپێکەنین و بەرەلایان کرد.

– سەردەمی پێشوو هێشتا ئەم هەتیو هووتە دانەهاتبوو بۆ دوکتۆری و حەکیمی، واتە ئەم شتومەکە زۆرە کە دوکتۆر بە هۆی ئەوانەوە نەخۆشی، نەخۆشی بۆ دەرئەکەوی، وەئەبێ لە نەخۆشەکەش بپرسی کە چیتە. گوایە ئەمە ئەوە کلیلێک بێ بۆ دەرکەوتنی نەخۆشیەکە. ئەگەر یەکێکیش بلێ بابە ئەم پرس و خواسەی بۆچییە، دوکتۆر ئەبێ خۆی نەخۆشی بزانێ و بناسێ. ئەگەر یەکێ ئەم قسەیە کرد ئەیکەن بەکێوا. ئەڵێن ئەی دوکتۆر لە نەخۆش نەپرسێ؟ ئەمە چ قسەیەکە تۆ ئەیکەی.

بابە با وابێ. بۆ پشتیوانی قسەکەی تۆ جاران حەکیمەکان دوو شتیان هەبوو بۆ ناسینی نەخۆش. یەکێ ئەهات نەبزی دەستی ئەگرت، یەکێ ئەیوت زمانت دەرکە بزانم باری زمانت چۆنە؟ لەم دوو رێگاوە حەکیم بۆی دەرئەکەوت کە نەخۆشی ئەو نەخۆشە چییەو دەرمانی بۆ دەستنیشان ئەکرد. ئەمە بیرو رای حەکیمەکانی پێشوو بوو.

ئەڵێ حەکیمێک هەر جارە کە ئەچووە سەر نەخۆش، هەرکە نەبزی ئەگرت نەخۆشیەکەی بۆ دەرئەکەوت، دەرمانی بۆ دەستنیشان ئەکرد و چاک ئەبووەوە. زۆر کەس بروایان بەمە نەئەکرد. دوژمنەکانی ئەم ناوەیان بۆ بلاوکردەوەو گەیاندیانە لای پادشا کە ئەمە درۆیە. پادشا وتی ئەبێ تاقی بکەینەوە، ئەگەر درۆ بوو لە سەری ئەدەین.

پیاوی ناردەلای حەکیم کە کچی پادشا نەخۆشەو ئەبێ بێت بۆ چاوپێکەوتنی. ئەویش هات وتی بیهێننن با چاوم پێ بکەوێ و نەبزی بگرم. وتیان کچی پادشا هەتاو سیبەری سەری نەبینیوە، ئێستەچۆن ئەبێ تۆ دەستی بگری و نەبزی بگری؟ وتی: باشە لە ژوورێکی تر دایبنێن دەزوێک ببەستن بە دەستیەوە من لەم دیوەوە سەری دەزوەکە ئەگرم، بەو جۆرەش ئەتوانم نەخۆشیەکەیم بۆ دەرکەوێ. وتیان باشە.

ئەمجا چوون پشیلەیەکی نەخۆشیان هێنا لە ژوورێکا دایاننا، دەزوێکیان بەست بە دەستیەوە، سەری دەزوەکەیان هێنایە ژوورەکەی‌تر پادشا و پیاوماقوولانی هەموو لەوێ بوون. حەکیمەکەش دانیشتبوو ئاگای لە هیچ نییە. سەری دەزوەکەیان دابە دەستیەوە. حەکیم دەزووی گرت تۆزێ واقی ورما دەزووی بەرەلا کرد و دیسان گرتیەوە. دوو سێ جار ئەمەی کردو هەر زۆرتر سەری سڕ ئەما و دەنگیشی نەئەکرد. پاشان لێیان پرسی چییە بۆچ دەنگ ناکەی؟ وتی: نازانم بلێم چی، منیش زۆر سەرم سوڕ ماوە. ئەم نەخۆشە دەرمانەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆشتی مشکە. لەوە زیاترم بۆ دەرناکەوێ. پادشا و پیاو ماقوولان هەموو ئافەرینیان کرد و وتیان راستە تۆ حەکیمیت. پادشا ویستی تۆ تاقی بکاتەوە، ئەوەی کە دەزووەکەی بەستراوە بە دەستەوە پشیلەیەو عینسان نییە.

## ژیانی عەلائەدین سەجادی



عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی حیسامەدین لە بنەماڵەی سەجادی، لە ساڵی ١٩٠٧ دا لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە چاوی کردەوە بە سەر دونیای ڕەنگاورەنگی پڕ لە کارەساتدا. بە سوختەیی خوێندنی دەست پێکردووەو بە فەقێتی گەلی شارو دێی کوردەواری گەڕاوەو بنەو بارگەی لە سلێمانی خستووە. لە ساڵی ١٩٣٨ ئیجازەی زانستە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی وەرگرتووەو دواجار بۆ مەلایەتی و پێشنوێژی لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون ڕووی کردۆتە بەغداو هەر لەوێ ماوەتەوە.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا خێی داوەتە ڕۆژنامەوانی و گۆڤاری «گەلاوێژ»و «نزار»ی بەڕێوە بردووە. لە ١٩٥٩دا بۆتە مامۆستای زانکۆی بەغدا لە کۆلێژی زمانی کوردیداو تا ساڵی ١٩٧٤ لە سەر ئەم ئیشە ماوەتەوە. لە ١٩٧٠ دەبێتە وەزیری ئەوقاف. لە ١٩٧٧دا خانەنشین دەکرێ.

پاش خانەنشین بوونی هەموو هێزو توانی دەخاتە سەر کار لە سەر بابەتی ئەدەبی کوردی؛ بەڵام کوژرانی کوڕی گەورەی لە شەڕیی ئێران و ئێراق (١٩٨٠-١٩٨٨)دا وزەی دەبڕێ و پشتی دەشکێنێ. تا لە ساڵی ١٩٨٤دا روو لە شاری خامۆشان دەنێ و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەسپەردە دەکرێ.

09183738028